# بارزانی مستەفا و دۆزی کورد لە عێراق

1975 - 1931

ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان

سەنتەرێ بێشکجی بۆ ڤەکولینێن مرۆڤایەتی

سەنتەرێ ڤەکولینێن جینوسایدێ

زنجیره پەرتوکێن ٦٠ سالیا شۆرەشا ئەیلوولێ (١٩٦١ - ١٩٧٥)

# (10)

کۆنفرانسێ زانستیێ نیڤدەولەتیێ

شۆرەشا ئەیلولێ وەرچەرخانەك د دیرۆکا سیاسی یا کوردی دا

١٩٧٥/٣/٦ - ١٩٦١/٩/١١

# بارزانی مستەفا
# و دۆزی کورد لە عێراق
## 1931 - 1975

نڤیسین:

د. عەبدولخالق ناسڕ ئەلعامری

وەرگێران:

ئەرکان شارباژێڕی

دهۆك - 2021

- **ناڤ و نیشانێ پەرتووکێ:** بارزانی مستەفا و دۆزی کورد لە عێراق (١٩٣١ ـ ١٩٧٥)
- **نڤیسەر:** عەبدولخالق ناسرٍ ئەلعامری
- **وەرگێران ژ عەرەبیێ:** ئەرکان شارباژێڕی
- **پێداچوونا زمانی:** بۆردی ڕاوێژکارانی دەستەی ئێنسکلۆپیدیای پارتی دیموکرات کوردستان
- **دەرهێنانا هونەری:** خالد توفیق ئامێدی
- **دەرهێنانا هونەری یا بەرگی:** ناسر منبەری
- **وەشانگەر:** ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان و زانکۆیا دهۆك
- **ژمارا سپاردنێ:** ل پەرتووکخانێت پارێزگەها دهۆکێ(D/٢٤٧٠/٢١) ل ٢٠٢١/٧/٢٦

مافێن چاپ © و بەلاڤکرنێ بۆ بۆ زانکۆیا دهۆك و ئینسکلۆپیدیا پارتی دیموکراتی کوردستان دپاراستینە

uod.ac/besikci-center
besikci.center.uod.ac
Besikci center for humanities studies BCHS
+964 750 736 27 97

سەنتەرێ بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی / زانکۆیا دهۆك -کومەلگەها زانکۆیێ -
جادا زاخۆ ٣٨ - ئاڤاهیێ پەرتوکخانا مەلبەندی - قاتێ سیێ

# پێشکەشە

بەو کەسەی لە چێ گیڤارای شۆڕشگێڕ، ئاڵاهەڵگری ڕزگاریخوازی لە ئەمریکای لاتین، ئیلهامی کاریزمای سەرۆکایەتی و، لە ماوتسی تۆنگ، ڕزگاریخواز و دامەزرێنەری کۆمەڵەی گەلایەتیی چین، ئارامگری و پشوودرێژی، هەروەها لە هۆشی مینەی ڕێبەری شۆڕشی ڤێتنام و، لە حوسەینی شەهیدیشەوە، فێری شۆڕشگێڕیی بوو، بە مەلا مستەفای بارزانیی نەمر، ڕێبەری شۆڕشی کوردی، بە ڕێزەوە لە بەرامبەر ناوی نەمریدا ئەم توێژینەوە خاکەڕایانە پێشکەش دەکەم.

نووسەر

## پێڕست


**پێشەکی** ........ ١١
**بەشی ڕێخۆشکردن** ........ ١٣
**کورد:جوگرافیا و مێژوو** ........ ١٣
جوگرافیا ........ ١٣
زمان........ ١٥
ئاین ........ ١٨
دانیشتووان ........ ٢٠
مێژوو ........ ٢٣
پاش شەڕی چاڵدێران ........ ٢٨
گرنگترین ئەو شۆڕشانەی لە سەدەی نۆزدەدا لە کوردستان هەڵگیرسان ........ ٣١
هۆیەکانی شکستهێنانی شۆڕشە کوردییەکان ........ ٣١
جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتر........ ٣٣
کێشەی موسڵ ........ ٣٨
ناجێگیریی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کوردستان ........ ٤٣
شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید ........ ٤٦
بارزانییەکان ........ ٥٢
مەلا مستەفای بارزانی ... دەرکەوتن و سەرهەڵدان ........ ٥٨
**بەشی یەکەم** ........ ٥٩
**مەلا مستەفا و ڕووداوەکانی ساڵانی (١٩٣١ ـ ١٩٥٨)** ........ ٥٩
شۆڕشی یەکەمی بارزان ١٩٣١ ........ ٥٩
کورد و کودەتای بەکر سدقی ١٩٣٦ ........ ٦٧
پەیمانی سەعدئاباد ١٩٣٧ ........ ٧٤
جەنگی دووەمی جیهانی و کاریگەرییەکانی لەسەر کورد ١٩٣٩ ـ ١٩٤٥ ........ ٧٥
قەیرانی ئابووری و جەنگ لە کوردستان ........ ٧٩
شۆڕشی دووەمی بارزان ١٩٤٣ ـ ١٩٤٥ ........ ٨٣
کۆماری کوردستان لە مەهاباد (ئێران) ........ ٩٨
هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی بارزانیی لە مەهاباد ........ ١٠٨
پارت و کۆمەڵە ڕامیارییەکان ........ ١١١
گرنگترین پارت و کۆمەڵە کوردییەکان ........ ١١١
کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد ........ ١١١
کۆمەڵەی کوردستان........ ١١٢
دەستەی نیشتمانی ........ ١١٢



هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵەی زانست ........ ١١٢
دەستەی رامیاری ........ ١١٢
کۆمەڵەی لاوان ........ ١١٣
کۆمەڵی فیدائی وەتەن ........ ١١٣
کۆمەڵەی هێڤیی نوێ ١٩٣٩ (هیوا) ........ ١١٤
حزبی شۆڕش ........ ١١٧
پارتی دیموکراتی کوردستان ........ ١٢٥
رووداوە رامیارییەکانی عێراق تا شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ و رۆڵی کورد تێیاندا ........ ١٢٨
وەسبەی کانونی دووەمی ١٩٤٨ ........ ١٢٨
پەیمانی بەغدا ........ ١٣١
بەرەی یەکێتیی نیشتمانی ........ ١٣٣
**بەشی دووەم** ........ ١٣٧
**مەلا مستەفا و کێشەی کورد لە سەردەمی کۆماریدا ١٩٥٨ـ١٩٦٨** ........ ١٣٧
شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و هەڵوێستی کورد تێیدا ........ ١٣٧
بزووتنەوەی شەواف ........ ١٤٦
رووداوەکانی کەرکووک ........ ١٤٩
ناکۆکییەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسم و کورد ........ ١٥٠
هۆکارەکانی شۆڕش چی بوون ؟ ........ ١٧١
کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ........ ١٧٥
شکستهێنانی دانوستانەکان و دەستپێکردنەوەی شەڕ ........ ١٨٩
کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ ........ ١٩٦
ماوەی عەبدولسەلام عارف ........ ١٩٦
رێککەوتنی ئاگربەست واژۆ کرا ........ ٢٠٠
سەردەمی عەبدولرەحمان عارف و کورد ........ ٢١٧
شەڕی هەندرێن ........ ٢٢٠
بەندەکانی رێککەوتننامەی (بەیانی حوزەیران) ........ ٢٢٥
**بەشی سێیەم** ........ ٢٣٧
**مەلا مستەفا و دۆزی کورد لە سایەی فەرمانڕەوایی بەعسدا ١٩٦٨ـ١٩٧٥** ........ ٢٣٧
کودەتای تەموز و کورد ١٩٦٨ ........ ٢٣٧
بەیاننامەی ١١ی ئادار ........ ٢٤٦
پاش ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ........ ٢٥٧
بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز ........ ٢٧٢
رێککەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥ ........ ٢٨٢
کێشەی کەرکووک ........ ٢٩٣
**بەشی چوارەم** ........ ٣٠٠

**مەلا مستەفای بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان** ........ ٣٠٠
پارتی دیموکراتی کوردستان ........ ٣٠٠
دروستبوون و ئامانجەکان ........ ٣٠٠
پارتی و شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ ........ ٣١٠
کۆنگرەی چوارەم ........ ٣١٤
چالاکییە ئاشکراکانی حزب ........ ٣١٤
کۆنگرەی پێنجەم ........ ٣١٦
کەرتبوون و جیابوونەوە ........ ٣١٩
کۆنگرەی شەشەم ........ ٣٢٢
کۆنگرەی حەوتەم ........ ٣٣١
کۆنگرەی جودابووەکان لە کەلار ........ ٣٣٣
کودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ و پارتی ........ ٣٣٣
کۆنگرەی هەشتەم ........ ٣٣٤
پارتی و یاسای حوکمی زاتی ........ ٣٣٦
پەیوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پارتە نیشتمانیەکانەوە لە عێراقدا ........ ٣٣٨
پەیوەندیی پارتی بە حزبی شیوعی عێراقەوە ........ ٣٣٨
پەیوەندی لەگەڵ حزبە نەتەوەپەرستەکاندا ........ ٣٦٧
حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی ........ ٣٦٧
هەڵوێستی بەعس بەرامبەر بە شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ ........ ٣٧٣
پەیوەندی لەگەڵ پارتە نەتەوەییەکاندا ........ ٣٧٦
حزبی عەرەبی ئیشتراکی ........ ٣٧٨
بزووتنەوەی نەژادپەرستانی عەرەب ........ ٣٧٨
بەرەی یەکێتی نیشتمانی ........ ٣٨١
پارتی نیشتمانی دیموکراتی ........ ٣٨٢
هەڵوێستی پارتی نیشتمانی لەسەر دۆزی کورد ........ ٣٨٣
حزبی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز ........ ٣٨٧
پارتی کۆماری ........ ٣٨٨
حزبی یەکێتی نیشتمانی ........ ٣٨٩
پارتی ئازادیخواز ........ ٣٨٩
حزبی ئیسلامیی عێراق ........ ٣٩٠
پارتی گەل ........ ٣٩٠

**بەشی پێنجەم** ........ ٣٩٢
**پەیوەندییە دەرەکییەکان** ........ ٣٩٢
پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی: تورکیا و ئێران بە نموونە ........ ٣٩٢

| | |
|---|---|
| تورکیا | ٣٩٢ |
| ئێران | ٣٩٧ |
| پەیوەندی لەگەڵ میسر | ٤٠٣ |
| پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیێتدا | ٤١٤ |
| پەیوەندییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا | ٢٢٥ |
| پەیوەندی لەگەڵ بەریتانیادا | ٤٣٣ |
| جوولەکە و ئیسرائیل | ٤٣٩ |
| کێشەی کورد و پەرەسەندنی نەتەوەیی عەرەب | ٤٤٣ |
| پەیوەندیی کورد بە عەرەبەوە | ٤٤٣ |
| پەیوەندیی دەوڵەتە عەرەبییەکان بە کێشەی کوردەوە | ٤٤٤ |
| بیری نەتەوەیی و کێشەی کورد | ٤٤٦ |
| هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە هەوڵەکانی عەرەب بۆ یەکپارچەیی | ٤٥٣ |
| **دواگوتە** | ٤٥٦ |
| **سەرچاوە و ژێدەرەکان** | ٤٦٢ |


هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١، هەبوونی چەندین کێشەی ئاڵۆز، لەو دیاردانەن کە دەرهاوێشتەی واقیعی عێراقین و چارەسەرکردنیان بە شێوەیەکی دیموکراسی و ئاشتییانەی هاوچەرخ پشتگوێ خراوە، بگرە لە قۆناغەکانی ڕابردوودا، بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە پەنا بۆ شێوازی جیاکاری، ستەم و توندوتیژی، هەروەها سیاسەتی نەژادپەرستی و شەڕی مەزهەبی براوە، کە پتر کێشەکانیان ئاڵۆزاندووە و کردوویانن بە چەندین مینی چێندراو تا هەڕەشە لە قەوارە و سەقامگیریی عێراق بکەن. کێشەی نەتەوەیی لە سەرووی هەموو کێشەکانەوەیە، هەڵبەت بەر لە هەموویشیان دۆزی نەتەوەی کورد.

دۆزی کورد، لە نێو ئەم هەموو کێشانەدا بەوە جیا دەبێتەوە کە تەنیا لە سنوری جوگرافیایی عێراقدا کورت نابێتەوە، بەڵکە پەل دەهاوێژێت بۆ دەوڵەتانی دراوسێیش (تورکیا، ئێران، سوریا)، بە شێوەیەک ملیۆنان هاووڵاتی کە لە نەژادی کوردەوە شۆڕ بوونەتەوە، تێیدا ژیان دەگوزەرێنن. تێکڕایان لە ڕەوشێکی دژوار و بێبەشکردنی وەهادا ژیاون و دەژین هیچی کەمتر نییە لە بارودۆخی کوردی عێراق، لە جیاکاری، پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی و دیاریکردنی مافی چارەنووس، سەرباری ستەم و چەوساندنەوە، تەنانەت هەڵگرتنی پاسپۆرت و ناسنامەی ئەم وڵاتانە، هەر دەبێت بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە عێراق کاریگەری و کارلێکی لەگەڵ هاوشێوەکانیدا لە وڵاتانی دراوسێدا هەبێت.

ئەو سەختی و نەهامەتییانەی بە درێژایی مێژوو بەسەر کورددا هاتوون، وایان لێ کردووە هەردەم لە شۆڕش و بەرخۆداندا بێت. یەک لە هۆنراوە دێرینەکان، کە باس لە چارەنووسی کورد دەکات، دەڵێت:

**"قەدەری تاکی کورد وەهایە هەزار ئاخ هەڵکێشێت، هەزار فرمێسک بڕێژێت، هەزار شۆڕش بەرپا بکات و هەزار هیوا دابگیرسێنێت".**

لە ماوەی هەموو قۆناغەکانی خەباتی کوردی عێراقدا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی، لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی تری عێراقدا بۆ چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسی لە وڵاتدا، کورد وەک پێکهاتەکانی دیکەی عێراق قوربانیی گەورەی داوە، بە هۆی سرووشتی ملهوڕییەوە کە بەسەر عێراقییەکاندا زاڵە، هەروەها ئەو تاوانانەی ڕەنگە گشت پێوەرەکانی تاوانیان تێپەڕاندبێت لەلایەن خۆسەپێن و ستەمکارانەوە، ڕووداوەکانی وڵاتانی دراوسێ ئەوەندەی تر بەرەو ئاڵۆزی چوون.

لە نێو قەپاڵی ئەم ململانێ تاڵەدا، دەستەبژێرە نەتەوەییە کوردییەکان لە عێراق، لە هەوڵی گەڵاڵەکردنی سیاسەتێکدا بوون کە لە خزمەتی نەهێشتنی ستەمی نەتەوەییدا بێت لە وڵاتدا، هێزە دیموکراسییە عێراقییەکانیش، کە کێشەی نەتەوایەتییان بە بەشێک لە خەبات لە پێناو چەسپاندنی سیستەمی دیموکراسیدا هەژمار دەکرد، لەم مەیدانەدا بەشدار بوون، جا سەیر نییە لە میانەی ئەم ڕێگە

دووروودرێژەدا، هێزە نەتەوەییەکان لە ڕێبازدا تێ بکەون، یان دەرهەق بە عێراقییەکان و دۆزی کورد هەڵەیان لێ بوەشێتەوە. ئەو دەستەبژێرەیش کە نوێنەرایەتیی کوردی دەکرد، بە سرووشتی خێڵایەتی و تێڕوانینی تەسک بۆ بەشێک لە کوردستان دەناسرایەوە، بەبێ ئەوەی تێکرای کوردی عێراقی لە دەور خۆ بووبێتەوە، تا ئەوەی مەلا مستەفای بارزانی، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە هەموو هێزییەوە بەدیار کەوت.

لە نێوان سەرجەم پیاوان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیدا، بارزانی پێگەیەکی مەزنی لە دڵی کورددا هەیە، بە دەگمەن ماڵی کورد و خەڵکی ئاسایی لە تورکیا و سوریا و ئێراندا پەیدا دەبێت وێنەی بارزانیی تێدا هەڵنەواسرابێت. ژیانی چەشنی ئەفسانەیە، پاڵەوانییەکانی لە بەرەکانی شەڕدا یەکێکە لە سەرچاوە کەموێنەکانی شانازیی کورد، (لە هەر شوێنێک کوردێک هەبێت، قارەمانێتییەکانی بارزانی بۆ نەوەکانی دەگێڕێتەوە).

ئەو هەموو ستەمەی لە خۆی و گەلەکەی کران، پاڵنەری نەبوون جەنگاوەرانی بۆ ڕەوشتی تۆڵەسێنی هان بدات، ڕۆژێک لە ڕۆژان خەڵکی سڤیلی نەکردە قەڵغان و پارێزەری خۆی، بەڵکە جەنگەکانی لەسەر لووتکەی کێوان و نێو شیو و پێدەشتەکاندا بوون، دوور لە کۆمەڵگە نیشتەنییەکان، کەچی تەنانەت کوێرەدێکانیش لە بۆردومانی هەڕەمەکیی فرۆکە و تۆپهاوێژان بێوەی نەبوون.

ماوەی چەندین دەیەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، ناوی مەلا مستەفا بارزانی بیانوویەک بوو بۆ جووڵاندنی سوپا و هەڵمەتی سەربازیی وشکانی و ئاوی و ئاسمانی، بە درێژایی چەندین ساڵی بەدوای یەکداهاتنی حکوومەتەکان، لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیی عێراق ئامادەییەکی بەردەوامی هەبوو.

بێگومان مێژووی کورد بابەتییانە و بە ویژدانەوە نەنووسراوەتەوە، چونکە نووسراوە فەرمیەکان لەبارەی داواکارییە ڕەواکانی گەلی کوردەوە، لە دەوری ڕاستییە گەوهەرییەکان دەخولانەوە، ئەمەیش یان لەبەر هۆکارگەلی سیاسی و ئایدۆلۆژی، یان برێک جاریش هۆکاری ڕەگەزپەرستی کە خزمەتیان بە ڕیشەی برایەتیی نێوان کورد و عەرەب نەدەکرد. هەروەها نووسراوە کوردییەکان پڕ بوون لە هەست و سۆز.

بە کورتی کورد بە دەگمەن نەبێت بە ویژدانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکراوە، تاکو ئێستا وەک نەتەوەکانی تر دەرفەتێکی سیاسی و ویستی سەربەخۆیان نەبووە، هەر ئەمەیش پاڵنەری پێشکەشکردنی ئەم توێژینەوەیە بوو.

لە بەشی (شوێنی نیشتەجێبوونی کورد)دا، ڕوونی دەکەینەوە کە چۆن ناوچەکانی باکووری عێراق و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، کە تۆپۆگرافیایەکی سەخت و شاخاوییان هەیە و، کاریگەرییان هەبووە لە شۆڕشی بەردەوامدا دژ بە دەسەڵاتداران، لە سەرکەوتنەکانی کورددا بەسەر دەسەڵاتدارانی ناوەندا یاریدەدەر بوون، هەروەک لە هەمان بەشدا مێژووی کورد دژ بە ڕژێمی شا و قۆناغەکانی ئەو مێژووە ڕوون دەکەینەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی ڕێخۆشکردن

## کورد:جوگرافیا و مێژوو

### جوگرافیا

کوردستان ئەو خاکەیە کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن، بە شێوەیەک ژمارەیان گەلێک لە ژمارەی کەمینەکانی نێوانیان زیاترە[1]. کوردستان بە واتا فراوانەکەی واتە نیشتمانی کورد، بەو پێیەی کۆمەڵگەیەکن خاوەن یەکێتییەکی گونجاوی نەتەوەیین، ئەم ناوچە کوردییە سنوورێکی سیاسی نییە، لە نێوان تورکیا، عێراق و ئێراندا دابەش کراوە، سەرباری چەند وردە بەشێک لە سوریا[2].

ناوی کوردستان بۆ یەکەمجار لە سەدەی سیازدە لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا ناسرا[3]. وشەی کوردستان لە بنچینەدا فارسییە، لە دوو برگە پێک هاتووە، کورد ـ ستان، یەکەمیان بە مانای بوێر، دووەمیشیان وڵات، واتە وڵاتی بوێران[4].

کوردستان دەکەوێتە کیشوەری ئاسیاوە، نێوان هێڵی درێژیی ٣٠ ـ ٤٠ ی ڕۆژهەڵات و، هێڵی پانیی ٣٧ ـ ٤٨ ی باکوور. وڵاتێکی شاخاوییە و ئاووهەوای لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت. کوردستان هەر چیاکانی بڵند نین، بەڵکە تێکڕای وڵاتەکە بە ڕێژەی ١٠٠ ـ ١٥٠٠ مەتر لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە[5].

سنوری کوردستان لە باکوورەوە بریتییە لە چیاکانی ئارارات و دەڤەری کەرج، لە باشوورەوە ویلایەتی بەغدا (واتە چیای حەمرین) و دەوروبەری، لە ڕۆژهەڵاتەوە ئێران، لە ڕۆژئاوایشەوە عێراق و سوریا و تورکیا[6]. درێژایی کوردستان ٩٠٠ کیلۆمەتر دووجایە، پانییەکەیشی ٢٠٠ کم، ڕووبەرەکەی بە ٤٠٩،٦٥٠ کم$^2$ مەزەندە دەکرێت[7]. ڕووی زەویی کوردستان لێک دابراوە و چەندین زنجیرە چیا و ڕووبارێکی زۆر کە لە کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن، دابەشیان کردووە[8]. شاخەکانی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەرزترینن، هەروەها ناوچە شاخاوییەکان لە عێراق بەشێکن لە چیاکانی هەکاری و زاگرۆس[9].

---

(1)Edmonds، J.C. kurds Turks، and Arabs، London، p28 kenein، derk، the kurds and Kurdistan. P. 1.

(٢)الموسوعة العربية الميسرة، القاهرة، دار العلم للملايين، ص ١٤٥.

(٣) باسيلي نيكيتين، الكرد، دراسة سوسيولوجية وتاريخية، ترجمة عن الفرنسية نوري طالباني، ط٢، بيروت، دار الساقي، ص٢٥.

(٤) منذر الموصلي، الحياة الساسية في كردستان، لندن، رياض ريس، ١٩٩١، ص٣٤.

(٥) محمد أمين زكي، الكرد وكردستان، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان من أقدم العصور التاريخية، ترجمة محمد علي عوني، القاهرة، مطبعة السعادة، ١٩٣٦، ص ٥.

(٦) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في تركيا، القاهرة، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٢، ص١١.

(٧) جوناثان راندل، أمة في شقاق "دروب كردستان كما سلكتها"، ترجمة نادي حمود، ط٢، بيروت، دار النهار، ١٩٩٧، ص٢٧.

(٨) محمود الدرة، القضية الكردية والقومية العربية في المعركة العراق، بيروت، دار الطليعة، ١٩٦٦.

(٩) منذر الموصلي، عرب وأكراد، ط١، بيروت، دار الغصون، ١٩٨٦، ص٤٧.

کۆمەڵە چیایەکی تر هەن بەرزییەکەیان لەنێوان ٣٥٠٠ – ٥٠٠٠ مەتردایە. هەرچی باشووری ڕۆژئاوایشە لە چەند دەشت و بانێک پێکدێت کە سەرچاوەی ئاویان تێدا هەڵدەقوڵێت و ڕووبارەکان پاراویان دەکەنەوە[1]، خراپیی چیاکان لەوەدایە کوردستانیان دابەش کردووە و هاتوچۆی نێوان بەشەکانیان دژوار کردووە[2].

کەواتە وشەی کوردستان بەو ناوچەیە دەگوترێت کە ئەمڕۆ کوردی لەسەر دەژی. دەکرێت کوردستان بەو ناوچە شاخاوییە دەستنیشان بکەین کە دەکەوێتە باشووری چیاکانی ئارارات لە ئەرمینیای سۆڤێتی. ئەم ناوچەیە لە نیوەی ڕووبەری نێوان دەریای قەزوین و دەریای ڕەشەوە دەست پێدەکات، بە نێو ئازەربایجانی ئێران و کۆماری ئەرمینیای سۆڤێت و بەشێکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا درێژ دەبێتەوە، پاشان بەرەو کەنارەکانی باکووری دوورگەی عەرەب شۆڕ دەبێتەوە، واتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ڕۆژئاوای ئێران[3]، لە باشوورەوە بە هێڵێکی خەیاڵی کە لە مەندەلیی عێراقەوە بۆ کرماشانی ئێران درێژ دەبێتەوە، کۆتایی دێت.

کشتوکاڵ لە کوردستانی باشوور پشت بە باران و ڕووبارەکان دەبەستێت، ناوچەکانی باشوور و باشووری ڕۆژهەڵات سوود لە حەوزەکانی دیجلە و فورات، زێی گەورە، زێی بچووک و خاپوور وەردەگرن[4].

بەپێی نەخشەکان، کوردی عێراق لە نێو کەوانەیەکدا دەژین کە بە درێژی لەگەڵ سنوورەکانی ئێران و تورکیا تا دەگاتە سوریا درێژ دەبێتەوە، لەوپەڕی گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتیەوە و لەسەر سنوری هاوبەشی نێوان تورکیا و سوریا کوردی تێدا دەژی. هەرچی تورکیایە کورد لە باشووری ڕۆژئاوای وڵاتەکە، لە چوارچێوەی ئەو ناوچەیەدا کە بە سنوورەکانی ئێران و ڕوسیادا درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ڕۆژئاوای باشووری فورات، نیشتەجێن. بەڵام لە ئێران، لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوا خڕ بوونەتەوە[5]. بە کورتی،

---

(١) أحمد تاج الدين، تاريخ شعب وقضية وطن، القاهرة، الدار الثقافية للنشر، ٢٠٠١، ص٩.

(٢) عبدالمنعم المراكبي، حرب الخليج الثانية والتكامل الوطني في العراق، القاهرة، معهد البحوث والدراسات العربية، ٢٠٠١، ص ٥٩.

(٣) هەروەها فایەق سامەڕایی، سیاسەتوان و سکرتێری حزبی ئیستقلال، یەکەم باڵوێزی عێراق دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ لە قاهیرە، لە ڕاپۆرتە تێروتەسەلەکەیدا لەبارەی دۆزی کوردەوە، دەڵێت :

کوردستان بە فراوانترین مانای ئەو وڵاتەیە کە کورد وەك کۆمەڵێك خەڵکی یەکگرتووی تەبا لەسەری نیشتەجێن، ئەم وڵاتە لەنێوان عێراق، تورکیا، ئێران، سووریا و چەند ناوچەیەکی یەکێتیی سۆڤیەتدا دابەش بووە، سنوورەکەی لە باکوورەوە نزیکەی بە ناوچەکانی بەروان، ئەرزنجان، ئەرزڕۆم، ئەرزنجان و ئازەربایجاندا تێپەڕ دەبێت، بە شێوەی کەوانەیی ڕووەو حەلەب... لە باشووری ڕۆژئاواوە بە قەدپاڵی گردەکاندا دەڕوات تا دەگاتە ڕووباری دیجلە، پاشان بە ڕۆژهەڵاتی دیجلەدا بەرەو خوار دەکشێت، ئەمجار بەرەو باکوور لەگەڵ خەتی چیای حەمریندا تاکو مەندەلی لە سنوری عێراق - ئێران هەڵدەکشێت، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە لە ئێران خەتی کوردی ڕووەو باشووری ڕۆژهەڵاتی بەروان دەڕوات تاکو بۆ ناوچەکانی ماکۆ و بەشێك لە باشووری ورمێ و مەهاباد و سکینەر تا کرماشان دابەش دەبێت، ڕێگەی نێوان کرماشان و کرنە و ڕاستەڕێگەی بەرەو مەندەلی، بە هێڵی دابەشکەری نێوان کوردە ڕەسەنەکان دادەنرێت.

(٤) أحمد تاج الدين، تاريخ شعب وقضية وطن، مصدر سابق، ص٦.

(٥) جوناثان راندل، أمة في الشقاق، مصدر سابق، ص٢٧.

وشەی کوردستان لە زاراوەدا هەردوو واتای جوگرافیایی و زمانەوانی دەگەیەنێت، زەوییەکی دیاریکراو، نیشتمان، کە هی گەلێکی دیاریکراوە، چەنای چەند ساڵە لەسەری نیشتەجێن، ئیتر گرنگ نییە ئایا ئەم نیشتمانە دەوڵەتێکی نەتەوەیی سیاسی پێک دەهێنێت یاخود چەند دەوڵەتێک، یان چەند هەرێمێکی دابەشکراوی سەربە دەوڵەتانی تر.

## زمان

شارەزا و مێژوونووسان لەسەر بنچینەی زمانی کوردی ناکۆکن، ئایا بە ئەسڵ ئێرانییە یان نا؟ سیدین سمیسی ڕۆژهەڵاتناس ڕەتیدەکاتەوە زمانی کوردی لە ئێرانییەوە سەرچاوەی گرتبێت[1]، ئەحمەد فەوزییش پێی وایە زمانەکانی کوردی و فارسی، هەرچەند پەیوەندییان پێکەوە هەیە، بەڵام لە وشە و دەربڕین و دارشتنی ڕستەدا لە یەکتر جودان[2]. لە کاتێکدا کەسانی تر زمانی کوردی دەگەڕێننەوە بۆ کۆمەڵەی زمانە ئێرانییەکان، کە لقێکە لە خێزانە زمانی هیندۆئەورووپایی و، زمانەکانی کوردی، فارسی، ئەفگانی و تاجیکی لەخۆ دەگرێت[3]. بە کورتی، زمانی کوردی داتاشراوەی فارسی نییە، بەڵکە زمانێکی پاکە کە تایبەتمەندی و گەشەسەندنی مێژوویی خۆی هەیە. بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئیسلام و چوونە نێو کوردستانی موسوڵمانانەوە بوو کە کورد لە نووسینی زمانەکەیدا ئەلفبێی عەرەبی بەکار برد، چونکە زمانی قورئان بوو، تا ئەمڕۆیش لە عێراق و ئێران پێی دەنووسرێت. پێشتر ئەلفبێیەکی سەربەخۆی نزیک لە هی ئاشووری و ئەرمەنییەکان، کە لە چەپەوە بۆ ڕاست دەنووسرا، بەکار دەبرا. بەڵام کوردی تورکیا و سوریا بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسن[4].

سەختیی ڕووی زەویی کوردستان و، دژواریی پەیوەندییەکان و دانیشتووانیان کردووەتە چەند خێڵێکی پەرتەوازە و لەیەکدوور، ئەمەیش بووەتە هۆی جیاوازییەکی گەورە لە شێوەزارەکاندا. بە تێپەڕبوونی کاتیش شێوەزارەکان لە دەڤەرێکەوە بۆ یەکێکی تر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، هەربۆیە شێوەزارەکانی زمانی کوردی فرەن، بەگشتی ئەمانەن: لوڕ ـ کەلهوڕ، سۆران و گۆران، کرمانجی. دوو شێوەزارە سەرەکییەکە بریتین لە:

١. کرمانجی: شێوەزاری زۆرینەی کوردە، لە ڕووی ماناوە هاوواتای کوردییە، زۆربەی کوردی تورکیا و کوردی سوریا، سێیەکی کوردی عێراق (دەڤەری بادینان)، هەروەها بەشێک لە کوردی ئێران و کوردی کۆماری یەکێتی سۆڤێتی جاران، پێی دەپەیڤن.

---

(١) أحمد تاج الدين، تاريخ شعب وقضية وطن، مصدر سابق، ص٥٧.

(٢) أحمد فوزي، قاسم والأكراد، خناجر وجبال، ط١، بيروت، ١٩٦١، ص١٢.

(٣) تێزی دکتۆرا، زانکۆی لەندەن Mackenzie D.N. Kurdish Dialect studies. Oxford. University press، 1961. P3

(٤) جلال الطالباني، كوردستان والحركة القومية الكردية، بيروت، دار الطليعة، ١٩٧١.

٢. سۆرانی: زۆربەی کوردی عێراق (ناوچەی سۆران) و کوردی ئێران پێی دەئاخێون.

لە دوای ئەم دوو شێوەزارەوە لەهجەیەکی تر دێت ئەویش زازایە، کە هەندێک لە کوردی تورکیا قسەی پێ دەکەن[١]، لە کاتێکدا ئەدمۆندس شێوەزارە کوردییەکانی ئێستا لە چوار دانەی سەرەکیدا کورت دەکاتەوە کە بریتین لە: کرمانجی، جۆزانی، کەلهوڕی و سۆرانی[٢]. شەرەفخانی بەدلیسی خاوەنی شەرەفنامەیش کە خۆی کورد بووە، ئەم دابەشکردنەی پشتڕاست کردووەتەوە، محەمەد عەلی عەونییش کە وەری گێڕاوە بۆ عەرەبی هەر کورد بووە.

شێوەزاری کرمانجی لە ناوچەکانی باکووری عێراق بۆ نووسین و خوێندنەوە بەکار دەبرێت، خۆیشی دوو لەهجەی لاوەکیی تری لێ دەبێتەوە: زێل و میل[٣]، بەڵام ناوچەکانی باشووری کوردستان دوو جۆر شێوەزاری تێدان:

١. بەشی موکری: واتە شێوەزاری خێڵەکانی موکری و سۆران.

٢. بەشی سلێمانی: واتە بەشی سلێمانی و ئەردەڵان.

بەڵام کەمال مەزهەر کە ڕۆشنبیرێکی کوردە پێی وایە زمانی کوردی وەک زمانە ئارییە ڕۆژهەڵاتییەکانی تر، لە پەهلەوی و سانسکریتی و میدیاییەوە هاتووە[٤].

لای هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان، تیۆرییەک هەیە بنەچەی کورد دەباتەوە سەر کلدانییەکان، تیۆرییەکە ئاماژە بە کتێبێکی سەردەمی زوو دەکات، گوایە کلدانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوون، مارکۆ پۆلۆیش ئەم زانیارییەی پشتڕاست کردووەتەوە[٥]، بەڵام توێژینەوە نوێیەکان لە زمانناسیی بەراوردکاریدا گریمانەی گلۆربوونەوەی زمانی کوردی لە زمانی کلدانییەوە دەپووچێننەوە و پەیوەندیی بە زمانی فارسیی نوێ و زمانی زەندییەوە، کە زمانێکی هاوبەشی نێوانیانە، دەردەخەن، بەتوندی زمانی کوردی بە کۆمەڵەی زمانە ئێرانییەکانەوە دەبەستنەوە[٦].

هەندێکی تر وای دەبینن یەکێتیەکی گەوهەری لە زمانی کوردیدا هەبێت، لە بوونی تاکە زمانێکی مەحەکییەوە سەرچاوەی گرتبێت، ژمارەیەکی گرنگ و زۆر لە مرۆڤ پێی دەدوێن، هەرچەند زمانناسی ناسراو دی ئێن ماکینزی ڕەخنەی لەم بیردۆزە گرتووە و گوتوویەتی چەند تایبەتمەندییەکی زمانەوانیی

(١) صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، القاهرة، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٦، ص١١٥.

(2)Edmonds :Ibid :p17& p11.

(٣) طه الهاشمي، جغرافية العراق، بغداد، مطبعة المعارف، ١٩٣٦، ص٨٩.

(٤) الأكراد منذ فجر التاريخ، کۆڕێکی مامۆستا ڕەفیق حیلمی بۆ خوێندکارانی قوتابخانەی ناوەندی لە موسڵ، لە کتێبەکەی ئەحمەد تاجەدین، (نقلا عن :الأكراد، تاريخ شعب وقضية وطن، القاهرة، الدار الثقافية للنشر، ص٥٩).

(5)http ://nnas.com/Apticle/Htomi/166brzi.

(٦) باسیلی نیکیتین، مصدر سابق، صص٤٣ ـ ٤٤.

هاوبەشی کەم هەن، لە لایەکەوە شێوەزارە کوردییەکان کۆبکەنەوە، لەولایشەوە لە زمانە ئێرانییەکانی جودا بکەنەوە[1].

شێوەزارە هەمەجۆرەکانی زمانی کوردی، لە ڕوانگەی واژەوە کاریگەریی زۆری زمانە فەرمیەکانی ئەو وڵاتانەیان لەسەر بووە. نەتەوەپەروەرانی کوردیش هەستیان بەم کەرتبوونە فەرهەنگییە کردووە، بۆیە ئامانجیان بریتی بووە لە دیاریکردنی مافی چارەنووس بە هەر شێوەیەک بێت، ئەم ئامانجەیش وەک ڕوونە پێویستی بە یەکبوونە. نەتەوەپەروەران زۆرجار ترسیان لەوە بووە حکوومەتانی تورکیا، عێراق و ئێران، جیاوازییەکان لە نێوان کورددا زەقتر بکەنەوە.

جا بۆ وێنە، هەردوو حکوومەتی شاهەنشای ئێران و کۆماریی عێراق، بە چەند شێوەزارێک بەرنامەگەلی کوردییان لە ڕادیۆکانیانەوە پەخش دەکرد، کورد ئەم کارەی بە هەوڵدان بۆ نانەوەی دووبەرەکی و ڕێگریی لە سەرهەڵدانی زمانێکی ستانداردی یەکگرتووی کوردی لە قەڵەم دەدا[2]، جیاوازیی شوێن و ئەو حکوومەتانەی کوردیان بەڕێوە دەبرد بووە هۆی پەرتبوونی زمانی کوردی و بوونی بە چەندین شێوەزار. هاوکات هەوراز و نشێوی زەوییەکەیشی، کە پەیوەندییەکانیان دژوار کردبوو، لەم پەرتبوونەدا هاوکار بوون. تاکی کورد زمانی فەرمی دەوڵەتی (تورکی، عەرەبی یان فارسی)ی بەکار دەهێنا، نەک زمانی گوندەکەی. دەکرێت بڵێین حاڵی کوردی باشوور (کوردی عێراق) لە براکانیان لە کوردی پارچەکانی تر باشتر بوو، کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی توانیان بڕێکی کەم لە مافی فەرهەنگیان بەدەست بخەن، هەندێک ڕۆژنامەیان دەرکرد و لە چەند قۆناغێکی خوێندندا زمانەکەیان دەخوێندرا، بەڵام تورکیا، سیاسەتی تواندنەوەی بەرامبەر هاووڵاتییە کوردەکانی پیادە کرد. چونکە زمان لەوە زیاترە تەنیا ئامرازێکی پەیوەندیی بێت، حکوومەتی کەمالییەکان لەسەر سڕینەوەی زمانی کوردی کە بە زمانێکی کۆن و دواکەوتووی وەسف دەکرد، پێداگر بوو، کەمال ئەتاتورک ساڵی ١٩٢٤ بڕیاری قەدەغەکردنی سەرجەم فێرگە و ڕێکخراوەکان و خوێندنی کوردیی دەرکرد[3].

حکوومەتی ئێرانیش هەمان ڕێبازی تورکیای لە تواندنەوەی کورددا گرتەبەر، یەکەم دەستووری فارسی ساڵی ١٩٠٦ ڕایگەیاند کە فارسی تاکە زمانی فەرمیە لە ئیمپراتۆرییەکەدا، هەروەها لە سەروبەندی کودەتاکەی ڕەزا خاندا، گشتاندنێک کە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندن لە ساڵی ١٩٢٣ دەری کرد، بەکارهێنانی

(١) مارتن فان برونيسن، الثقافة الكردية والأثنية الكردية، المجتمع العراقي، حفريات سوسيولوجية، بيروت ـ بغداد، معهد الدراسات الاستراتيجية، الفرات للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦. ص٢٤٠.

(٢) نفس المصدر، ص٢٤٥.

(٣) جويس بلاو، اللغة والثقافة في تكوين الهوية، الأثنية والدولة، الفصل السادس، ترجمة عبدالاله النعيمي، بغداد، معهد الدراسات الاستراتيجية، ٢٠٠٦، ص ٢٥١.

زمانی کوردیی لە قوتابخانەکاندا قەدەغە کرد و چاپەمەنییە کوردییەکانی داخست، تەنیا گرتنی کتێبێکی کوردی بە کەسێکەوە بەس بوو بۆ ئەوەی حەوت ساڵ بیخاتە زیندانەوە.

هەرچی ئەدەبی کوردییشە، ئەدەبێک بوو لەژێر گەمارۆ یان چاودێریدا، چونکە جموجوڵی نووسین لە سایەی نەهێشتنی پەخشکردندا، هەروەها بە هۆی چاودێرییەوە لەسەر چاپکراوە کوردییەکان کە بەسەر هەر بیرێکی کوردیدا، بە مەبەستی خرۆشاندنی هاواری نەتەوەیی سەپێندرابوو، زۆری نەمابوو بخنکێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا شاعیرانی داهێنەری کورد پارێزگارییان لە زمانی دایکیان کرد و، یەکەمین شاکارە ئەدەبیە بەناوبانگەکان، کە زمانی کوردییان کردە سیمبۆلی شوناسی کۆمەڵەیی، لەدایک بوون. لە سەدەی شازدە و کۆتایی سەدەی حەڤدەیەمدا، شاعیر و فەیلەسوف ئەحمەدی خانی، لە داستانی "مەم و زین"دا ئەو بیرۆکەیەی خستە بەردەست کە دەڵێت کورد گەلێکی جیاوازە. ئەم داستانە پڕ لە وێنەی شعرییە ناوی خانیی لای کورد بە زیندوویی هێشتەوە، وەکچۆن فیردەوسی لای فارس و هۆمیرۆس لای گریک نەمرن[1].

پاش پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە بواری گەیاندن و پەیوەندییەکان و هۆشیاریی فەرهەنگیدا، بە هۆی زۆربوونی چاپکراوە و نووسین بە زمانی کوردی، جیاوازیی شێوەزارەکان رووی لە کاڵبوونەوە کرد.

## ئاین

ئاینی سەرەکیی کورد ئیسلامە. دوای ئەوەی ئاینیان لە زەردەشتییەوە بۆ ئیسلام گۆڕی، ئیسلام لە پێکهێنانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا پشکی شێری هەبوو. کورد خزمەتی باشیان بە ئیسلام کردووە، هەروەها دوو مەزهەب بوونیان هەیە، مەزهەبی سوننی، کە لە رووی وردەکاریی رێنماییە ئاینییەکانەوە دەچنەوە سەر رێبازی شافیعی، لەگەڵ مەزهەبی شیعی (دوازدە ئیمامی)[2].

هەروەک سۆفیگەری بە رادەیەکی زۆر لەنێو کورددا بڵاوە و، نزاگەل و رێورەسمی تایبەت پیادە دەکەن[3] و ئامادەی حەڵقەکانی زیکر دەبن. بە سۆفی دەگوترێت "دەروێش" و تەکیەگەلی زۆر لەنێو کوردا هەن، وەکو نەقشبەندی و قادری، هەڵبەت سەرگەورەی ئەم رێبازانەیش لە گەورەپیرانن[4].

دەکرێ بەم شێوەیە دابەشبوونی جوگرافیایی مەزهەبەکانیش کورت بکەینەوە: کوردی عێراق و ئێران و نزیکەی دوو لەسەر سێی کوردی تورکیا سوننە مەزهەبن، ئەوانی تر شیعە مەزهەبن، هەندێکیان شوناس

---

(١) جویس بلاو المصدر السابق ، ص ١٦٢.

(٢) أحمد تاج الدين، تاريخ شعب وقضية وطن، المرجع السابق، ص٧.

(٣) طه الهاشمي، جغرافية العراق، المرجع السابق، ص ٩٠.

(٤) هادي العلوي، الجذور التاريخية للطائفية، مجلة الثقافة الجديدة، العدد ٢٧٥، ص ٦١.

و شێوەزاری بنەچەیی جیاوازی خۆیان هەن، نموونەی ئەمانەیش کوردی فەیلی لە ناوچەی خەنەقین و کوردی زازا لە باشووری کوردستانی ئێرانن.

ئاینزای تری چەشنی عەلیئیلاهی یان دینی ئەهلی حەق، کە کاکەییان پێ دەگوترێت، هەن[١]. ئەمانە پێیان وایە عەلی کوری ئەبو تالیب گیانێکی خودای لەبەردایە، هەروەک یەزیدییەکان یان شەیتانپەرستان هەن، کە تیرەیەکن لە کورد، پەیرەویی لە ئاینێکی تایبەت دەکەن و ڕێورەسمەکانی جێبەجێ دەکەن. ئەمانە لە قەزای شێخانی قەدپاڵی چیای شەنگال کۆبوونەتەوە، هەندێکیشیان لە دیاربەکری تورکیا و حەلەبی سوریا و لە ئەرمینیای سۆڤێت پەرت و بڵاون[٢].

هەروەها عەلەوییەکانیش هەن، کە گەرچی ئیمامی عەلی لایان پیرۆزە، کەچی بە فەرز و بیروباوەڕە سەرەکییەکانی ئیسلام قایل نین. ڕێورەسمیان لە هیی شیعە و سوننە[٣] جیاوازە، لەسەر باوەڕەکەیان چەقبەستوون و باوەڕی تەواویان بە عەقیدەکەیان هەیە. لە عێراقدا کەمینەن، بنکەیان لە باشووری ئەنادۆڵە لە تورکیا (زازا عەلەوییەکان)[٤].

سەبارەت بە مەسیحییەکان، تایەفەکانیان کە لە کڵێسای سەرەکی جودان، بەردەوام لە کێوەکان ماونەتەوە و پارێزگارییان لە ڕێورەسم و زمانە دێرینەکان کردووە. تیرەی نەستووری لە جیهانی کۆندا بڵاوبوون، بە تایبەت لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتیی فارسیدا، بەڵام لەژێر گورزی ئەرسۆدۆکسییە بێزەنتییەکاندا بەرەو لاوازی چوون، تەنیا برێکی کەمیان لە چیاکانی کوردستان ماونەتەوە.

بەڵام ڕێبازی کاسۆلیکی، بەشێک لەو تیرانەیان کە ئێستا بە (کلدانییەکان) ناودێر دەکرێن، خستە بازنەی وەلائەوە بۆ کڵێسای کاسۆلیکیی ڕۆمانی. ئەم دیانانە، بە چەند تیرەیەکی جوولەکەی کوردیشەوە، بە شێوەزارەکانی ئارامی دەدوان، زۆرێکیشیان کوردییان دەزانی[٥].

ئەم تیرە ئاینییانە پێکەوە دەژیان، ژیانێکی تا ڕادەیەکی زۆر ئاشتییانە، پەیوەندیی تەقلیدی، پلەبەندی، خزمەتکاری و پاسەوانی، چەشنی پەیوەندیی مەلا سوننەییەکان و جووتیارە فەلەکان، یاخود پێگەی جوولەکە لە دابەشکردنی کار لە شارەکاندا، پێکەوەیان گرێ دەدان. جاروبارێش ململانێکان سەریان هەڵدەدا، لەگەڵ بەریەککەوتن و شەڕی فراواندا، وەک مشتومڕەکانی نێوان شیعە و سوننە، کە لە ململانێکانی نێوان عوسمانییەکان و فارسەوە سەرچاوەیان گرتبوو. جوگرافیا و بەرزونزمی ڕووی زەویی

---

(١) سامي الفلوجي، سكان العراق، دراسة ديمغرافية، بيروت، دار الشروق للنشر، ١٩٦٩، ص٦٥.

(٢) عبدالرزاق الحسني، اليزيدون في حاضرهم و ماضيهم، صيدا، مطبعة الفرقان ١٩٥٣؛

Edgar, Balance، Ibid, p 23

(٣) محمود إسماعيل، فرق الشيعة بين التفكير السياسي والنفسي، القاهرة، دار ابن سينا، ١٩٩٥، ص ٤٧.

(4) Remaks، on the Romanized Kurdish Alphabet, journal of the royal Asiatic soriety. 195، 1933, p 643.

(٥) سامي زبيدة، الأثنية والدولة، الأكراد في العراق و تركيا و إيران، الفصل الخامس، مصدر سابق، ص ١٤٦.

ناوچەکە کە بە سەختیی چیاکان جیا دەکرێتەوە، لە بڵاوبوونەوەی تیرەی ناکۆک لەگەڵ دەسەڵاتدا و بێزراو لەوانی تر، هاوکار بووە.

## دانیشتووان

کورد بە سیستەمی خێڵێتی و گیانی تیرەگەری دەناسرێنەوە. سرووشتی شاخاوی کاریگەریی گەورەی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی و مامەڵەیان لەگەڵ ئەوانی تردا هەبووە. بە هۆی ئەم سروو شتەوە بە چەند کۆمەڵەیەکی دوور لە کۆمەڵگەکانی دەوروبەریان دەژین و، بە درێژایی سەدەکان ژیانی ئاسایی خۆیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ یان نیوچە سەربەخۆ گوزەراندووە.

کورد، لە بەشی رۆژهەڵاتی تورکیا، هەروەک لە باکووری عێراق، نیشتەجێن، زۆربەیان دەکەونە سلێمانی، هەولێر، کەرکووک، دهۆک، قەزاکانی موسڵ، هەروەها قەزاکانی زاخۆ، عەقرە، خانەقین، مەندەلی و دیالە، هەروەک دەکەونە باکووری رۆژئاوای ئێرانەوە، بە تایبەت دەریاچەی ورمێ، سنە و مەهاباد، هەروەها لە باکووری خۆرهەڵاتی سوریا بوونیان هەیە[1].

هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و، لە عێراقدا بە تایبەتی، دابەش دەبێت بۆ:

١. نەوەی شارەکان[2].
٢. خێڵەکان.
٣. سەرۆک و ئاغاکان.
٤. فێرخوازان.

هەروەها کۆمەڵگەی کوردی لە دەرەوەی شارەکان بە سرووشتی خێڵگەری دەناسرێتەوە، هەر خێڵێکیش چەندین لق و پۆپی لێ دەبێتەوە، خێڵیش هەن لە رەشماڵی دروستکراو لە تووکی بزنی رەشدا دادەنیش و، لەگەڵ مەڕوماڵاتەکەیاندا گەرمیان و کوێستان دەکەن[3].

لە هەر خێڵێکدا خێزانێکی بەدەسەڵات هەیە، تاکەکانی نازناوی ئاغا یان بەگیان هەیە، بەهێزترین عەشیرەتەکانی کوردستان ئەمانەن[4]:

---

(1)Edmonds، J.C. op.cit. P 2.

(٢) طه الهاشمي، جغرافية العراق، مصدر سابق، ص ٨٨ .
(٣) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٦٧، ص ٤٨.
(٤) أحمد فوزي، قاسم والأكراد، مصدر سابق، ص ٤١ ؛ نووسەر ئەم زانیارییانەی لەم سەرچاوەیەوە بە هەڵە وەرگرتووە و پێی وایە ئەم ناوانە هەموویان خێڵن، بۆیە بە پێویستی دەزانین کە زانیارییەکان وەها ڕاست بکەینەوە :جاف کە بە خۆیان دەڵێن عێل نەك عەشیرەت، لە ڕاستیدا کۆنفیدراسیۆنی خێڵن و لە ژمارەیەکی زۆر خێڵ و هۆز و تیرە پێك هاتوون، بارزان لە بنەڕەتدا ناوی گوندێکە، ئەوانەش کە بە بارزانی دەناسرێن بریتین لە چەند خێڵێك کە موریدی شێخەکانی بارزانن، واتە دەتوانرێ بگوترێ کە بارزانیش کۆنفیدراسیۆنێکە لە خێڵەکانی بەڕۆژی، نزاری، شێروانی،

هەمەوەند:زیاتر لە ناوچەی چەمچەماڵن.

جاف:لە شارەزوور و هەڵەبجە و خورماڵن.

بارزان:لە قەزای زێباری باکووری زێی گەورە و باشووری چیای شیرین نیشتەجێن.

بەرزنجە:لە کەرکووک و خانەقین جێگیرن.

شیروان و برادۆست:لەوپەڕی ڕەواندز هەن.

بابان:دەوروبەری سلێمانی.

هەرکی:باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر، سێگۆشەی تورکیا ـ عێراق ـ ئێران.

تاڵەبانی:نێوان کەرکووک و خانەقین.

پشدەر:نزیکی قەڵادزە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراق لە سلێمانی.

زەنگەنە:باشووری کەرکووک و کفری[1].

کاکەیی:لە کەرکووک و سلێمانی.

یەزیدییەکان:باکووری ڕۆژئاوای موسڵ، لە چیای شەنگال.

دەلۆ:باشووری کەرکووک.

سورچی:ڕۆژهەڵاتی موسڵ.

باجەلان:نزیک خانەقین.

شەمزینان:باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان[2].

ڕێبەر و سەرکردە و شۆڕشگێڕان لەنێو ئەم عەشیرەتانەوە هەڵکەوتوون، عەشیرەتەکان بە هۆی دەمارگیریی خێڵایەتی و ژنخوازی و هەستی ئاینییەوە پەیوەندییان پێکەوە هەیە.

سەبارەت بە ژمارەی کورد، لە هیچیەک لەو وڵاتانەی تێیدا نیشتەجێن سەرژمێریی باوەڕپێکراو نییە. ئەمەیش هۆکاری خۆی هەیە، بڕێکیان پەیوەندییان بە سیاسەتی حکوومەتەکانەوە هەیە، چونکە حکوومەتی پەیوەندیدار گرنگیی بە تەواوکاریی نەتەوەیی دەدات، بۆیە هەرگیز گرووپە زمانی و ئاینییەکانی چوارچێوەی سنوورەکانی خۆی سەرژمێری ناکات، گەر بیشیکات ئەنجامی سەرژمێرییەکە ڕاناگەیەنێت. هۆکارێکی تر ئەوەیە کە دەرخستنی کوردبوون بە بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی باوەوە

---

دۆلەمەری، مزوری، گەردی و هەرکیی بنەجێ، بەرزنجە ناوی ناحیەیەکە لە ناوچەی شارەزوور، بابان ناوی بنەماڵەیەکی فەرمانڕەوا و دامەزرێنەری شاری سلێمانییە، تاڵەبان گوندێکە لە ناوچەی کۆیە، پشدەر ناوی ناوچەیەکە و ئەمڕۆ بە ئیدارەی ڕاپەڕین ناسراوە، کاکەیی و یەزیدییەکانیش دوو دینی کوردین کە ڕیشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئاینە کۆنەکانی کوردستان و شەمزینانیش ناوی ناوچەیەکە لە باکووری کوردستان. تێبینی بۆردی ڕاوێژکارانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پ.د.ك

(١) چەند شوێنێکی نیشتەجێبوونی بەناوبانگترین خێڵە کوردییەکانی سەر نەخشەن (پاشکۆی ١).

(٢) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، القاهرة، مكتبة مدبولي، ١٩٩٢، ص١١.

هەواڵنامەی کتێب

بەندە[1]، سەرەڕای ئەوەی سەرژمێرییە فەرمیەکان لەو وڵاتانەدا قریان بەسەر ڕاستییەوە نییە، چونکە هەندێک لە دەوڵەتان نکۆڵی لە مافەکانی کورد یان تەنانەت بوونیان وەک نەتەوەیەک لەو وڵاتەدا دەکەن. بۆ نموونە سەرژمێریی کورد لە تورکیا کارێکی گەلێک سەختە، چونکە حکوومەت بە تورکی چیایی ناویان دەبات نەک بە کورد[2]. ئێرانیش تا هەنووکە دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا نانێت و بەم واتایە لە هیچ سەرژمێرییەکی فەرمیدا ئاماژەیان پێ ناکات. هەروەها عەشیرەت و جووتیاران هەن لە ترسی سەربازگری و باجەکان، خۆیان لە سەرژمێرییە فەرمیەکاندا ناونووس ناکەن[3].

بەڵام لە عێراق، سەرژمێرییەکانی حکوومەت لە مەزندەکانی کورد خۆیانەوە بۆ ژمارەیان نێزیکن، چونکە عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەئاینە، نەتەوەی سەرەکیی تێیدا عەرەبە، دوای ئەوان کورد دێت، کە یەکەمیان نزیکەی ٨٠٪ی دانیشتووانەکەی پێک دەهێنێت، دووەمیشیان نزیکەی ١٧٪[4].

ژمارەی کورد لە کوردستانی عێراق (لە ماوەی کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا) بە دوو ملیۆن و نیو مەزەندە دەکران[5]. بەڵام کوردی ئێران لە هەمان کاتدا بەپێی مەزەندەکانی عەبدولڕەحمان قاسملو بە ٥،٩٥٠٠٠ بوون[6]. کوردی تورکیایش هێندەی کوردی عێراق و ئێران دەبوون[7].

ڕۆژنامەی حەیاتی لەندەنی لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بڵاو کردەوە، تێیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەپێی دوایین سەرژمێریی ژمارەی تەواوی کوردان دەگاتە ٤٠ ملیۆن کەس کە لەسەر زەویی کوردستان دەژین ، کە ڕووبەرەکەی ٤٠٩،٦٥٠ کم٢ دەبێت، هەندێکیشیان کۆچیان کردووە و لە دەرەوەن[8].

بەگشتی کورد لە ڕووی ژمارەوە بە چوارەم نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، دوای عەرەب، فارس و تورک، هەژمار دەکرێن[9].

ساڵ لە دوای ساڵ جیاوازییەکان، بە تایبەت جیاوازییە فەرهەنگییەکان، لە نێوان تاکەکانی میللەتی کورددا، بە هۆی کۆچکردنی فراوان و شارستانییەتەوە زۆرێک لە گرنگییان لەدەست داوە. لەم چەند دەیەی

---

(١) مارتن فان بروینسن، مصدر سابق، ص ٢٣٥.

(2)Edmonds, Ibid. p 3.

(٣) جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٣٩.

(٤) محمد سلمان حسن، التطور الاقتصادي في العراق، التجارة الخارجية والتطور الاقتصادي ١٨٦٤ ـ ١٩٥٨، ج١، بيروت، صيدا، المكتبة العصرية للطباعة والنشر، ١٩٦٥.

(٥) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ٤٠.

(٦) عبدالرحمن قاسملو، كردستان والأكراد دراسة سياسية، اقتصادية، بيروت، المؤسسة اللبنانية للنشر، ص١٢٥.

(٧) أدمونز، س. ج، كرد وترك وعرب، ترجمة جرجيس فتح الله، بغداد، مطبعة التايمز، ١٩٧١، ص ٨٠.

(٨) جريدة الحياة اللندنية، في ٢٠٠٠/١/٢٩.

(9)Robert olson :Turky – Syria Relation sine the Gulf war :kurds and water، middle East policy، vol، VI، No.2، May.1997. p.168.

ڕابردوودا و، لە ژینگەی شارە گەورەکاندا، بەلای کەسەوە گرنگ نەبوو ئاخۆ باپیرانی ئاغا بوون یان جووتیارێکی بچووک، یان لە ماڵی خۆیدا بە چ زمانێک قسە دەکات؟ ئەمەیش بووە هۆی زیادبوونی هۆشیاریی بە ڕەچەڵەکی هاوبەشی کورد لە نێوان تاقمە جۆراوجۆرەکاندا کە لە جێگەیەکی تری هەمان وڵاتەوە هاتبوون. گەرچی هەر ئەمەیش بوو وای کرد کەلێنی فەرهەنگیی نێوان کوردی تورکیا و عێراق و ئێران فراوانتر ببێت. هەروەها خوێندنی زۆرەملێ و خزمەتی ناچاریی سەربازی، سەرباری جۆرەکانی ڕاگردنەوەی سیاسییە جیاوازەکان (هەڵبژاردن، خۆپیشاندانی جەماوەری) و پەرەسەندنە ئابوورییەکان و کۆچی ناوخۆیی، هەروەها کاریگەریی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی نەتەوەیی، هەموو ئەمانە کاریان لەسەر ئەوە دەکرد تەنانەت دوورترین گوندیش تێکەڵ بە ژیانی نەتەوەیی ئەم وڵاتانە بکەن.

## مێژوو

گەرچی کورد ڕۆژێک لە ڕۆژان لە شانۆی ڕووداوە مێژووییەکان کەنارخراو یان دوورەپەرێز نەبوون، کەچی نەویستانە یان بەویست ناڕوونی لێیان ئاڵاوە و دیرۆکیان بە تێکەڵوپێکەڵی دەورە دراوە، بە ڕادەیەک زۆربەی ڕێگەکان بە ڕووی توێژەرانی مێژووی کورددا داخراون یان ئاڵۆزکاون، ئیتر یان لەبەر کەمیی گەڕان لە دوای شوێنەوارە دێرینەکان، یان نەبوونی کتێب و سەرچاوە و پشتگیرییەکان، وێڕای نەبوونی لایەنێک شان بداتە ژێر ئەم ئەرکە، بۆیە ڕاستییەکان ناڕوونن[1].

توێژەران پێیان وایە جوگرافیای کوردستان و بارودۆخە سرووشتییەکەی بۆ دامەزراندنی شارستانییەت لەبارن، هەربۆیە چەند دەوڵەتێکی دێرین لە ڕۆژهەڵاتی کۆندا هاوشێوەی دەوڵەتی کووت هاتوونەتە دامەزراندن[2]. هەروەها هەبوونی مادەکان لەسەر ئەم زەوییە و سەرکەوتنیان بەسەر ئاشوورییەکاندا لە کۆتایی سەدەی حەوتی پێش مێژوو[3].

سەرەڕای هەڵکەوتەی ستراتیژیی کوردستان، کە پردێکی لەبار لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا پێکدەهێنێت و ئەڵقەیەکی گەیەنەرە، کە هەر دەبێت بۆ گەیشتن بە دۆڵی دووئاوان پێیدا تێپەڕ ببێت، هەموو ئەمانە وایان کردووە ببێتە شانۆی جەنگەکان و شوێنی ململانێی داگیرکاران، بۆ کردنی بە بنکەی هەژموون و فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان[4].

---

(١) باسيل نيكيتين، مصدر سابق، ص ١٣٩.

(٢) مصطفى جواد، دليل الجمهورية العراقية لعام ١٩٦٠، بغداد، وزارة الإرشاد ١٩٦٠، ص ١٣٤.

(٣) درية عوني، عرب وأكراد، القاهرة، دار الهلال، ١٩٩٣، ص ٢٤.

(٤) عبدالفتاح علي يحيى، مجلة كاروان (المسيرة)، مجلة ثقافية شهرية تصدرها الأمانة العامة للثقافة والشباب بالعربية والكردية، أربيل، ص ١٤٣.

توێژەران لەبارەی نەژادی کوردەوە، ئاخۆ لە چ ڕەچەڵەکێکەوە شۆڕ بوونەتەوە، ناتەبان. گەلێک تیۆریش لەم بارەوە هەن. وادیارە تاریکیی ڕەچەڵەکی کورد، بۆ دێرینیی بنەچەیان لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە، کە پێش هەزاران ساڵ بوونیان هەبووە، بە تێپەڕبوونی کاتیش خێڵ و نەتەوە تازە هاتووەکانی تر لەگەڵ میللەتی کوردی ئێستادا تێکەڵ بوونە و لەم کوورەیەدا تواونەتەوە[١].

زۆرینەی توێژەران لەسەر ئەوە تەبان کە ڕەچەڵەکی کورد دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵەی ئارییەکان. هەروەک بەپێی بۆچوونی زانای ڕوسیایی ن. ج. مار، کورد دانیشتووانی ڕەسەنی چیاکانی ئاسیای بچووکن، لە کاتێکدا ئەم زانایە، لە ڕۆنانی بیردۆزەکەیدا پشت بە نەریت و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کورد دەبەستێت و، نەژادی کورد بە گەلێکەوە دەبەستێتەوە کە لە نووسراوە دێرینەکاندا بە "کاردۆخییەکان" ناویان هاتووە[٢].

هەندێک لە توێژەرانیش وای دەبینن بنەچەی کورد لە عەرەبەوەیە، بەڵام ئەم بۆچوونە لەلایەن زۆرینەی توێژەرانەوە ڕەت کراوەتەوە. دکتۆر مستەفا جەواد دوای ئەوەی ئەم بانگەشانە دەپووچێنێتەوە دەڵێت: گومان لەوەدا نییە لکاندنی بنەڕەتی کورد بە ڕەچەڵەکی عەرەبەوە لای شارەزایان و زۆربی تێکەڵاویی نێوان کورد و عەرەب شتێکی ناقۆڵایە، بە شێوەیەک لەسەر کورد گرانە کە لە ئەسڵێکی عەرەبیی نەبێت، نەژاددانەران ئەم نیسبەتەیان دروست کردووە[٣].

هۆکارەکانی ونبوونی ڕەچەڵەکی کورد لە نێوان نەتەوەکانی دراوسێیاندا زۆرن. بۆ وێنە هەندێک لە کورد بوون بە تورک. محەمەد ئەمین زەکی پێی وایە "تاکە هۆکاری بانگەشەی هەندێک لە کورد بەوەی تورکن، تەنیا خۆپاڵدانە بە لای ڕەگەزی دەسەڵاتداران، بۆ بەهرەبردن لە دەستکەوتە زۆر و زەوەندەکان بەتایبەت دەستەی دەسەڵاتدار. لە سایەی ئەم بانگەشەیەوە زۆرێک لە دانیشتووانی هەردوو شاری وان و ئەرزڕۆم لە ستەم و تەنگپێهەڵچنین ڕزگاریان بووە"[٤]. هەروەها هەردوو زانا نۆڵکە و هارتمان بە پشتبەستن بە بەڵگە زمانەوانییەکان، پێیان وایە کورد کۆمەڵەی ئارییین. ئەم بیردۆزە کورد بە گۆتییەوە دەبەستێتەوە، گوایە وشەی کیرتی (kyrtii) گۆڕاوە بۆ وشەی کاردو (kardu)، پاشان بۆ وشەی کاردۆچی (kardouchi)[٥].

شاکر خەسباکی توێژەریش لەبارەی کاردۆخییەکانەوە دەڵێت "بێگومان بەپێی هەموو بەڵگەکان و تێکڕای بۆچوونەکان، ئەوانە باپیرانی کوردی ئێستاکەن"[٦].

---

(١) جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٨.

(٢) باسيلي نيكيتين، الأكراد، مصدر سابق، ص ٢١.

(٣) مصطفى جواد، مصدر سابق، ص ١٣٥.

(٤) محمد أمين زكي، الكرد وكردستان، مصدر سابق، ص ١٣.

(5)Driver، G.R (the Kurd and it ethological connexons) journal of royal Asian society، part 111، 1923.

(٦) شاكر خصباك، الكرد والمسألة الكردية، بغداد، مطبعة الثقافة الجديدة، ١٩٥٩، ص ٣١.

لە کاتێکدا زۆرێک لە لێکۆڵەران پێیان وایە کورد دەگەڕێنەوە سەر کۆمەڵەی ئارییەکان، ئەوانیش دەگەڕێنەوە سەر مادەکان[١]. هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان کورد دەبەنەوە سەر کۆمەڵەی زاگرۆس، گوایە لە ڕەگەزی قەوقازییەکانن، هەروەها مێژوویان لەگەڵ سەرهەڵدانی سۆمەری و ئەکەدییەکاندا دەست پێدەکات و ڕۆڵێکی سەرەکییان لە دەرکەوتنی ئاشوورییە کۆنەکاندا هەبووە[٢]. عەدنان ڕەشید، مامۆستا لە زانکۆی مەلیک سعود، کۆلێژی زمانە بیانییەکان، لە گوتارێکیدا لە ڕۆژنامەی حەیات، بە ناونیشانی "هەڵسەنگاندنی ئەو گوتەیەی دەڵێت سۆمەرییەکان کوردن"، ئەم ڕایە بە درۆ دەخاتەوە، ئەمەیش بە پشتبەستن بە ڕەنگی پێستیان، چونکە کورد سپیپێستن، بەڵام سۆمەری مەیلەو ئەسمەرن[٣].

ئەوانی تر بیردۆزێک دادەنێن کە دەڵێت کورد لە چەند ڕەگەزێکی ئاری یان هیندۆئەورووپایین، پێش سێ هەزار ساڵ پێش زایین "بەرەو زاگرۆس ئەمجار بۆ ڕۆژهەڵاتی کۆچیان کردووە و لەگەڵ پاشماوەکانی خەڵکی زاگرۆس و کوردستانی بنەڕەتیدا تێکەڵ بوون"[٤].

بەڵام ڕۆژهەڵاتناس دراوەر لە کتێبەکەیدا، "پەیوەندیی زمانەوانیی ناوەکانی کورد"، دەڵێت "کاردا، کاردۆخین، کورتوخی، گووری، کارداک، سیرتی، گوردیای، گرودوتە، کاردۆ، کارداویە، کاردایە، کارتاریە و کوردایا، هەموویان ناوی جیاوازن بۆ تاکە میللەتێک ئەویش میللەتی کۆنی کوردە"[٥]. هەروەها مێجەرسۆن دەبێژێت: کە گەلان کۆچیان کرد، کوردیش بەرەو چیاکانی ئێستای کوردستان کشان و تێیدا نیشتەجێ بوون.

زەینەفۆن، سەرکردەی یۆنانی ئەم گەلە بوێر و نەبەزەی ناو لێنا "کاردۆخوی"، چونکە لە چیاکانی ئەنتی توروس، کە هەنووکە کوردستانی ناوەندی پێ دەگوترێت، چاونەترسی و بەرگری سەرسەختی زۆری لێیان بینی[٦].

نیکتین، ڕۆژهەڵاتناسی ڕوسیایی پێی وایە بنەچەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ کاردۆخییەکان، کە مێژوونووسی یۆنانی ئەکزێنفۆن چاوی پێ کەوتوون و، باپیرانی کوردی ئێستان. دەڵێت ئەکزێنفۆن گەلێکی دیوە بە ناوی "قەردۆخا"، نیکتین بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە واژەی کورد و قەردۆخا لەیەکەوە نێزیکن و ئەم گەلە باپیرانی کوردی ئێستاکەن[٧]. ئەوانی تر پێیان وایە کورد نەوەی کلدانن[٨]، زۆرێک لە خاوەنانی

---

(١) منيورسكي، مجلة المجمع العلمي الكردي، ترجمة كمال المظهر، العدد الأول، سنة ١٩٧٣، ص ١٣.

(٢) مصطفى جواد، دليل الجمهورية العراقية، مصدر سابق، ص ٤٢٠.

(٣) جريدة الحياة اللندنية، ١٩٩٥/٣/٩.

(٤) أحمد تاج الدين، تاريخ شعب وقضية وطن، مصدر سابق، ص ١٧.

(٥) نفس المصدر، ص ١٨.

(٦) نفس المصدر، ص ٢١.

(٧) باسيلي نيكيتين، مصدر سابق، ص٣٧.

(8)http;//hnas.comArticle/Hotmai/16brzihtm.

ئەم تیۆرییە پشت بە گوتەکەی مارکۆپۆلۆی گەشتیار دەبەستێ کە دەڵێت "گەلێکی کوردی مەسیحی هەن لە چیای موسڵ نیشتەجێن"[١]، هەندێکی تر دەڵێن لە کێوی تۆرانییەوە هاتوون، برێک لە زانایانیش دەبێژن ئەوان دەچنەوە سەر تیرەکانی گۆتۆ کە ئاشوورییەکان بە ناوی گەردۆ یان کەردۆ باسیان کردوون، کە لە چیاکانی باکووری وڵاتانی ئاشوور دەژیان، کاتێک نەینەوا بە دەستی مادەکان رووخا و دەوڵەتی ئاشوور نەما، ئەو تیرانە بەرەبەرە تێکەڵ بە مادەکان بوون و تیایاندا توانەوە، ئیتر سیفەتی ئارییەکان بەسەریاندا زاڵ بوو و بوون بەشێک لە گەلانی ئاری[٢].

کورد لای سۆمەرییەکان بە ناوەکانی "گووتی، جووتی، جوودی" ناسراون، لای ئاشوورییە ئارامییەکان بە ناوەکانی "کوریتوی، سیرتی کوردراها" ناسراون. بەپێی بەرگی دووەمی مێژووی گشتی مێژوونووسانیش مامۆستا سایس دەڵێت گەلی ماد چەند تیرەیەکی کوردی نیشتەجێی رۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشوورییەکان بوون، کە سنوورەکانی شوێنی نیشتەجێبوونیان تا باشووری دەریای قەزوین درێژ دەبووەوە، ئەم گەلە لە رووی زمان و قسەکردنەوە لقێک بوون لە گەلانی هیندۆ ـ ئەوروپایی، لە رووی خوێنیشەوە لە رەگەزی ئارییەکان بوون. هەروەک هەندێک لە رۆژهەڵاتناس و پسپۆڕان دەڵێن: زمانی مادەکان هەمان یان هیچ نەبێت بناغەی زمانی کوردی ئێستا بووە. هەروەک لە کتێبی فارسیی "ئێرانی کۆن"دا کە موشیرودەولە دایناوە، هاتووە[٣].

هەروەها سیدنی سمیس پێی وایە گەلی کورد یەکێکە لە نەتەوەکانی هیندۆ ئێرانی[٤]، کاتێک مادەکان هاتوونەتە میدیا و ئێرانییەکان هاتوونەتە ئێران، ئەوانیش بۆ کوردستان هاتوون[٥].

بە درێژایی مێژوو، ئیمپراتۆرییەتەکانی دراوسێ و داگیرکاران چاویان بڕیوەتە کوردستان، میللەتی کوردیش لە بنیاتنانی یەکێتی خۆیدا سەرکەوتوو نەبوو، تا لە نێوان دەوڵەتانی دەوروبەریدا دابەش کرا و

---

(١) أحمد فوزي، قاسم والأكراد، مصدر سابق، ص٢٠.

(٢) طه الهاشمي، جغرافية العراق، مصدر سابق، ص ٨٨.

(٣) بڕوانە :حامد محمود عيسى، القضية الكردية في تركيا، مصدر سابق، ص ١٨.

(٤) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٢٧.

(٥) پێم وایە بێکەڵك نییە ئەو بڕگەیەی پێوەستە بەم باسەوە، لە ئینسکلۆپیدیای بریتانی، بەشی کوردستان، مێژوو، لەبەر گرنگییەکەی لێرەدا دابنێم:

'دیاریکردنی بنچینەی کورد بەوردی تا ئێستا کردەنی نییە، کۆنترین تۆمارکراوە سۆمەرییەکان، گومانیان لەوەدا نەهێشتووەتەوە کە گەلێك بە ناوی گۆتۆ، یان کوتی، دواتر لای ئاشوورییەکان کراوە بە کتری، دەوروبەری ساڵی ٢٠٠٠ی پ. ز. لە ناوچەی ناوەڕاستی دیجلە، لە بۆتانی دەوروپشتی چیای گۆدی، عەرەب پێی دەڵێت جودی، لە بێزابدە (جەزیرەی بۆتان)، بەرەو چیای شەنگال لە رۆژئاواوە، زنجیرە چیای زاگرۆسیش لە رۆژهەڵاتەوە، کۆمەڵەیەکی تر بە ناوی کاشییەکان گلۆر بوونەتەوە، لە هەمان گەل بوون، یاخود پێوەندییان پێیانەوە هەبووە، لە گردەکانی باشووری زاگرۆس، ئەکەدییەکان ماوەی شەش سەدە (١٨٠٠ ـ ١٢٠٠ پ. ز) حوکمی بابلیان کرد، وادیارە ئەم خێڵانە کوردی رەسەن بوون، رەنگیشە لە رەگەزی پاکی ئاری بن، کە یەك لە کۆنترین گەلە رەسەنەکانی ئەو ناوچە شاخاوییانە بوون.



هەواڵنامەی کتێب

بووە شانۆی پشێوی و ئاژاوە[1]، لەگەڵ ئەوەیشدا کورد پێگەکانی خۆیان لەسەر چیاکان لە داگیرکاریی دەرەکی پاراست. ئەمە لەو هۆکارانە بوو کە وای کرد تایبەتمەندیی خۆیان هەبێت وەک گەلێکی شاخەوان، بەهێز، بەزەبر، دەمارگیر بۆ نەتەوەکەیان[2].

گرنگ ئەوەیە باپیرانی ڕەسەنی کورد، بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەلانەی دەکەونە ناوچەکانی زاگرۆس، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە لە کرماشان و هەمەدانەوە درێژ دەبنەوە بەرەو باکووری سوریا و چیاکانی تۆرۆس لە ئەنادۆڵ کە ڕۆژئاوایەتی، هەروەها لە باکووریشەوە لە کەنارەکانی دەریای خەزەرەوە تاکو باکووری ئەستێلی زێی گەورە لە باشوور[3].

مێژوونووسان دیرۆکی کورد بۆ سێ قۆناغ دابەش دەکەن:

قۆناغی یەکەم: لە سەرهەڵدانەوە تا شەڕی چاڵدێران لەنێوان فارس و تورکدا.

قۆناغی دووەم: لە شەڕی چاڵدێرانەوە تاکو جەنگی یەکەمی جیهانی.

قۆناغی سێیەم: لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تاکو ئەمڕۆ.

**قۆناغی یەکەم:**

هەواڵنامەی کتێب

گرنگترین ئەو دەوڵەتانەی بەسەر کوردستاندا زاڵ بوون:

١. سلوکییەکان، لە ساڵی ٣٣١ پ.ز ـ ١٢٩پ.ز.

٢. پارتەکان تاکو ساڵی ٣٢٦ز.

٣. ساسانییەکان تاکو ساڵی ٦٣٦ز[4].

لەم قۆناغەدا، شێوازەکانی ژیانی تیرەگەری و داب و نەریتەکانیان بەسەریاندا زاڵ بوون، بەڵام هەڵکەوتەی جوگرافیایان خستبوونیە نێوان چنگاڵی هێزە مەزنەکانەوە، ئیمپراتۆریەتیی ئێرانی لەلایەک، ئیمپراتۆریەتیی ڕۆمانییش لەلایەکی ترەوە، پاشان ئیمپراتۆریای تازەدروستبووی عەرەبیی ئیسلامییش لەولاوە[5].

دوای سەرکەوتنی موسوڵمانان لە شەڕی قادسیەدا ساڵی ١٥ی کۆچی بەسەر فارسەکاندا، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس سێ سوپای بۆ ڕزگارکردنی کوردستان بەڕێ کرد. مەبەستی عومەری کوڕی خەتتاب

---

(١) علاء موسى نورس، الصراع العثماني الفارسي وأثره على العراق في القرن الثاني عشر، رسالة دكتوراه، جامعة القاهرة ١٩٧٨، ص ٢٥٦.

(٢) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج٣، بغداد، دار الرفدين للطباعة والنشر، ٢٠٠٨، ص ٢٧٩.

(٣) أحمد تاج الدين، تاريخ شعب وقضية وطن، مصدر سابق، ص ٢٢.

(٤) المصدر السابق، ص ٣٤.

(٥) منذر الموصلي، عرب وأكراد، مصدر سابق، ص ٦٧.

لەمەدا سەرباری بڵاوکردنەوەی ئیسلام، ڕێگریکردن بوو لە هەڕەشەکانی ڕۆمان بۆ سەر سوریا لە ڕێگەی جەزیرەوە.

خێڵە کوردەکان، پەیتاپەیتا هاتنە نێو ئیسلامەوە، لە زۆرێک لە قۆناغەکانی فتوحاتی ئیسلامیدا سەرۆک خێڵە کوردەکان لە ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی فتوحاتدا بەشدار بوون. نموونەی ئەبو موسلیمی خوراسانییان تێدا هەڵکەوت، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسیدا گێڕا، هەروەها ئەبو شوجاع کە لەسەر خەلیفەی کردەوە و دژی ئالی بووەییە وەستایەوە[1]، هەروەها سەڵاحەدینی ئەیوبی، فەرماندەی سوپا دژ بە خاچپەرستان. کوردستان بە بەشێک لە دەوڵەتی ئیسلامی مایەوە، تا لە کۆتایی سەردەمی عەباسییەکاندا دەوڵەت بەرەو لاوازی چوو، کوردستان بوو بە میرنشینێکی سەربەخۆ[2].

خێڵە تورکەکان، لە هەمبەر گرتنی دەشتەکانی ئاسیای ناوەڕاست بەرەو ئەنادۆڵ لەلایەن مەغۆلەوە لە سەدەی سیازدەدا بەرگرییان کرد، دوای کەوتنی بەغدا لە ساڵی ١٢٥٨ز، پەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیی کورد بە عوسمانییەکانەوە دەست پێدەکات، ئیتر کوردستان بوو بە مەیدانی پشێوی و کارەساتەکان، زۆرجاریش کاربەدەستانی کورد هەڵیان دەکوتایە سەر یەکتر، ئەوەی دەدۆڕا هەڵدەهات و پەنای دەبردە بەر فارس لە ڕاست یاخود تورکیا لە چەپ وەک پەنابەر[3].

## قۆناغی دووەم:
## پاش شەڕی چاڵدێران:

کێشەی کورد لەو کاتەوە بە ڕوونی دەستی پێکرد، کە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی ساڵی ١٥١٤، لە شەڕی چاڵدێراندا تێک گیران، کە شەڕێکی گەورە و چاوەڕواننەکراو بوو و بە کردەوە دابەشکردنی کوردستانی لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویدا لێ کەوتەوە.

عوسمانییەکان بە سەرۆکایەتی سوڵتان سلێمانی قانونی ساڵی ١٥٣٤ عێراق و کوردستانیان داگیر کرد و لە ئێرانیان سەندەوە. لە ساڵی ١٦٣٩یشدا، هەردوو ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی و فارسی سنوورەکانیان کێشا و کوردستانیان دابەش کرد[4]، بەم شێوەیە تا کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ساڵی ١٩١٨ مایەوە[5]، ئیتر بۆ هەمیشە هەولێر و موسڵ و دیاربەکر لە ئێران دابڕان، ئەو ئێرانەیش لە

---

(١) سعيد عبدالفتاح عاشور، مصر والشام في عصر الأيوبيين والمماليك، القاهرة، دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٩٩، ص ١٠.

(٢) محمد أمين زكي، الكرد وكردستان، مصدر سابق، ص ١٥٦.

(٣) علاء موسى كاظم نورس، الصراع العثماني الفارسي، مصدر سابق، ص ٢٥٦.

(٤) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في تركيا، مصدر سابق، ص ٣٥.

(٥) منذر الموصلي، عرب وأكراد، دار الغصون، بيروت، ط ١، ١٩٨٦، ص٦٩.

قەدپاڵەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی چیاکانی زاگرۆسدا دەژیان، کە ئێستایش ناوچە کوردییەکانی ئێرانن، لەژێر قەڵەمڕەوی ئێراندا مانەوە. گەر کوردی ئێران هاوکارییان کردبا، عوسمانییەکان نەیاندەتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن و تەرازووی شەڕەکە دەگۆڕا.

کاتێک سوڵتان سەلیم، لە ماوەی شەڕەکەیدا دژ بە ئیسماعیلی سەفەوی[1]، دەستی بەسەر کوردستاندا گرت، تێبینیی ئەوەی کرد کە کورد، بە هۆی ناکۆکیی مەزهەبییەوە، خۆشیان لە دەسەڵاتی سەفەوی نایەت، ئیتر دەمارگیرییە زاڵەکانی وەک خۆیان هێشتەوە، کاربەدەستانی گەڕاندەوە بۆ حکوومەتەکانیان لە چوارچێوەی پاشکۆیەتی بۆ سوڵتانی عوسمانیدا[2]. عوسمانییەکان ١٦ میرنشینیان دامەزراند کە خاوەنی بەڕێوەبردنی خۆیەتی بوون. میرنشینەکان دەبوایە لە کاتی پێویستدا سەرباز بنێرن، سەرانە وەربگرن، بە لایەنی کەمەوە ئاسایشی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریای عوسمانی بپارێزن[3].

ساڵی ١٥١٥، دوای ئەوەی شێخ ئیدریسی بەدلیسی لەلایەن سوڵتانەوە ڕاسپێردرا، ڕێککەوتنێکی لەگەڵ میرە کوردەکاندا بەست، کە تێیدا دەوڵەتی عوسمانی دانی بە دەسەڵاتی میرنشینەکان و مانەوەی دەسەڵاتی پشتاوپشت تێیاندا نا[4].

پەیوەندییەکانی کورد بە هەردوو دەوڵەتەکەوە، بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی کورد و مامەڵە سیاسییەکانی هەریەکەیان بەرامبەر بە کورد، بە تایبەت لە پرسی باجەکاندا، لە هەڵکشان و داکشاندا بوون، جا هەرکات بە هۆی باجەکانەوە لە ئێران، یان بەهۆی سەربازگریی ناچاریی و کاری قورسەوە لە تورکیا، تەنگیان بە کورد هەڵدەچنی، کوردیش پەنای بۆ یاخیبوون و شۆڕشکردن دەبرد، هەرکە هەستیشی بە مەترسی دەکرد، ئاودیوی سنوورە هەردەمکراوەکانی وڵاتەکەی تر دەبوو[5].

پەیوەندیی نێوان عوسمانییەکان و کورد و میرنشینەکان زۆری نەخایاند، کوردستان وردە وردە لە ژێر بەڕێوەبردنی ڕاستەوخۆدا هەرەسیهێنا، بریکار و کاربەدەستانی سوڵتانیش لە باج سەندندا تا دەهات هەڵسوکەوتیان زبرتر دەبوو، کوردستان بۆ شەڕی عوسمانییەکان لە ئەوروپا یان دژ بە ڕوسەکان بووبووە سووتەمەنی، خزمەتی ناچاری و باجەکانیش لەسەر شانی گەلی کورد بووبوونە بارێکی گران و پرووکێنەر[6]، هاوکات میرنشینە کوردییەکان بەردەوام بوون، سرووشتی شاخاویی کوردستان لە تێکبەربوونیاندا هاوکار

(١) أحمد تاج الدين، تاريخ شعب وقضية وطن، مصدر سابق، ص ٨٦.
(٢) عبدالعزيز سليمان نوار، تاريخ العراق الحديث من نهاية حكم داود باشا إلى نهاية حكم مدحت باشا، القاهرة، دار الكاتب العربي للطباعة، ١٩٩٨، ص ١١٩.
(٣) جوناثان راندل، أمة في شقاق، مصدر سابق، ص ١٥٤.
(٤) عبدالله محمد علي العلياوي، الكرد، دروب التاريخ الوعرة، الدوحة، شبكة الجزيرة، البحوث والدراسات، يونيو ٢٠٠٦.
(٥) منذر الموصلي، عرب وأكراد، مصدر سابق، ص ٧٧.
(٦) دانا آدمز شميدت، رحلة إلى رجال شجعان في كردستان، بيروت، ١٩٧٢.

بوو، هەریەکەیان لە هەوڵی قووتدانی ئەوی تردا بوو، ئەمەیش بووە هۆی دارمانی دۆخی سەربازی و ئابووریی وڵات[1].

گرنگترین ئەو میرنشینانەی کە کوردستان لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا بە خۆیەوەی بینین ئەمانە بوون[2]:

١. میرنشینی بابان لە سلێمانی.
٢. میرنشینی سۆران لە هاودیان، پاشان لە حەریر دواجاریش لە ڕەواندز.
٣. میرنشینی بۆتان لە جەزیرەی ئیبن عومەر.

میری میرنشینەکان کە لە دەرەبەگەکان بوون، لە سەدەی نۆزدەدا، لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا ڕۆڵیان هەبوو. لە واقیعدا نوێنەرانی دەستەیەک بوون بە ڕواڵەت عەشایەر بوو، بەڵام تۆوی سەرمایەداریی لە هەناودا هەڵگرتبوو، ئەمە سەرەڕای چەوساندنەوەی نەتەوەیی لەلایەن فارس و تورکەکانەوە، کە پاڵی پێوە نان بۆ مەیدانی بەرخودان دژ بە داگیرکارە بیانییەکان، هەروەها هەوڵەکانی سەپاندنی ناوەندێتی بەسەریاندا هەرەشەی تیاچوونی لە بەرژەوەندی و میرنشینەکانیان دەکرد[3]. لەگەڵ ئەوەیشدا نابێت وابزانین سەرجەم ئامانجەکانی ئەم سەرکردایەتیە عەشایەرە نەتەوەیی بوون، بێگومان زۆرجار میری دەرەبەگ، کە ڕەوتی ڕووداوەکان بەرژەوەندییە تایبەتەکانی تێدەپەڕاند، خێرا لە یارمەتیدانی بزووتنەوەی نیشتمانی دەوەستا و ڕووی دەکردە سازشکردن بۆ حکوومەتی ناوەندی. بەڵام ئەوە جووتیاران بوون هێزی سەرەکیی تەواوی شۆڕشەکان بوون، هاندەریشیان بۆ تێکۆشان پێش هەموو شتێک بێدەرەتانی و هەژارییان بوو. هەرچەندە شۆڕشەکان لە ژێر سەرۆکایەتیەکی خێڵەکی و بەڕێوەبردنێکی خێڵایەتی یان ئاینیدا بوون، بەڵام بە هەر حاڵ سەرجەم میرنشینەکانی دەگرتەوە و دژ بە چەوسانەوەی دەرەکی بوون[4]. سەرباری سیفەتە خێڵایەتییەکەی، کورد وەک زنجیرەیەکی درێژی شەڕە نیشتمانیەکان، کە لە چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەوە دەستیان پێ کردبوو، لێیان دەڕوانی[5]، جگە لەم شۆڕشانەیش، هاوکاریکردنی کورد بۆ ئەم یان ئەو لایەنی بیانی، لە هۆکارە ناوەکییەکانی پەرتەوازەیی کورد بوو، کە کاری لە داهاتووی ئەم وڵاتە کرد. هۆکارێکی ڕاستەوخۆیش بوو بۆ هەڵنەکەوتنی هەلێکی لەبار بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێک، یان تۆوی دەوڵەتێک، ئەمەیش بەرئەنجام و کاریگەریی نەرێنیی لەسەر ڕەوشی

---

(١) عبدالعزیز سلیمان نوار، مصدر سابق، ص ١٢.
(٢) نفس المصدر، ص١٥.
(٣) جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٨١.
(٤) عبدالرحمن قاسملو، مصدر سابق، ص ١٠٣.

(5)Adamson - David.Ibid. p13.

کوردستان و کیانە ناوخۆییەکەی هەبوو و، پتر بووە هۆی پەرتبوونی کوردستان و دابەشکردنی وەلائی گەلی کورد، هەروەها بەهێزکردنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی و پەکخستنی توانستە هزری و عەقڵییەکان[1].

لەگەڵ ئەوەیشدا سەدەی نۆزدە سەرەتایەکی بڵاوبوونەوەی نەتەوەیی کوردی و هۆشیاریی نەتەوەیی بە واتا نوێیەکەی لە کوردستان بە خۆیەوە بینی.

ئەو کشانە سەرکەوتووەی ئیبراهیم پاشا لە ڕێگەی شامەوە تا دەروازەکانی قوستەنتینیە دژ بە عوسمانییەکان، لەسەر سوپای میسر، ئەنجامیدا، حەزی سەربەخۆیی تەواوی لە ناخی ڕێبەرانی کورددا ورووژاند[2]. بێگومان بزاوتەکانی بەرایی سەدەی نۆزدە، وەک بزاوتەکەی محەمەد پاشای ڕواندز، ڕەنگدانەوەی ئەم بۆچوونانە بوون، کە نوێژی لەگەڵ ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی حاکمی میسر و شامدا دابەست، لەگەڵ ئەنجامدانی کردەوە هاوبەشەکان دژ بە ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی، لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجەدا[3].

## گرنگترین ئەو شۆڕشانەی لە سەدەی نۆزدەدا لە کوردستان هەڵگیرسان:

شۆڕشی عەبدولڕەحمان پاشا ساڵی ١٨٠٦، شۆڕشی بڵباسەکان ١٨١٨، شۆڕشی یەزدانشێر (عیزەدین شێر) ١٨٥٣ ـ ١٨٥٥، هەروەها شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری ١٨٧٨ ـ ١٨٨٣.

گەرچی سەرپاکی ئەم جووڵانەوانە شکستیان هێنا، هاوکات بێکەڵکیش نەبوون، چونکە پشکۆی حەماسەتی نیشتمانی لە ناخی کورددا، لە گشت جێگەکانی کوردستاندا، دەگەشاندەوە[4].

### هۆیەکانی شکستهێنانی شۆڕشەکانی کورد

١. ناتەبایی و کینەبەریی ناوخۆ، ئەمە وای کرد دوڵەتانی فارس و عوسمانی، میرەکانی کورد بە گژ یەکتردا بدەن و، بە ئاسانی جووڵانەوەکان بوەستێنن[5].

٢. شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدە پێش وادەی خۆیان هەڵگیرسان، گەلی کورد بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە ئامادە نەبووبوو، هەروەها پێشکەوتنی زانستی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی بە خۆیەوە نەدیبوو.[6]

---

(١) سید عزیز عبدالله البنمزیبی، الحرکة التحرریة للشعب الکردي، رسالة دکتوراه في موسکو، کوردستان، ١٩٩٦، ص ٢٥.

(٢) عبدالعزیز سلیمان نوار، مصدر سابق، ص ١٩٦.

(٣) عبدالرحمن قاسملو، مصدر سابق، ص ٤٦.

(٤) بلەج شیرکوه، القضیة الکردیة، ماضي الکرد وحاضرها، مصر، مطبعة السعادة، ١٩٣٠، ص ٤٨.

(٥) محمود الدرة، القضیة الکردیة، مصدر سابق، ص ٩٣.

(٦) امین سامي الغمراوي، قضیة الأکراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٢٥٩.

٣. کێبەرکێی ڕوسیا و بەریتانیا ڕۆڵێکی گەورەیان لە بەهێزکردنی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیادا گێڕا و، بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشەکان هەرچییان پێویست بوایە پێیان دەدان[١].

هەروەها سەرکردایەتی شۆڕشەکان خێڵایەتیی ڕاسترۆ بوون، لە سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردیدا بەرەو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی سەرکەوتوو نەبوون، چونکە مەیلیان لە سازشکردن و پشتکردنە شۆڕش و ورەبەردان بوو[٢]. هەروەک حزبی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باوەڕی وەهایە.

بە درێژایی سەدەی نۆزدە شۆڕشی کورد دژ بە دەوڵەتی عوسمانی نەبڕایەوە[٣]، سوڵتان عەبدولحەمید هەوڵیدا بە یەکجاری ئەم شۆڕشانە و ئەوانەی ئەرمەنییەکانیش بنەبڕ بکات، بۆیە دوای ئەوەی ڕیشسپییەکانی هەمەوەندی بۆ ئەزمیر و لیبیا دوور خستەوە، پەنای بۆ پێکهێنانی "سوارەی حەمیدییە" برد[٤]، کە بۆ هەر دەرچوویەک لە ڕژێم و دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی گورزی کوشندە بوو. شۆڕشەکانی کورد لە سەدەی نۆزدەدا بەم شێوەیە تێپەڕین.

دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، ئەمینداریی گشتیی کۆڕی زانیاریی کوردی، دەڵێت سەرەتای دەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە، هاوڕێ لەگەڵ هێزی ڕزگاریخوازی و تێکەڵبوونی کوردستان بە بازاڕی سەرمایەداریی لەو ماوەیەدا[٥]، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمیشدا، یەکەمین کۆمەڵە و ڕێکخراوە سیاسی و فەرهەنگییە کوردییەکان، کە بەرەبەرە جێپێی خۆیان لە ژیانی سیاسیی کورددا دەکردەوە، بە ئاشکرا و نهێنی، هاتنە دامەزراندن[٦].

شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کورد دژ بە ستەم و پاشکۆیەتی و تالانکردنی خێروبێری وڵات بوون، چونکە ئەو شۆڕشانەی لە سەدەی نۆزدەدا بەرپابوون، کاردانەوەی کردەوەکانی دوو دەوڵەتی فارسی و عوسمانی بوون بۆ تەختکردنی میرنشینە نیوچە سەربەخۆکان و، سەپاندنی بەڕێوەبردنی بیانی و پیادەکردنی سیاسەتی سەرکوتکردن و چەوساندنەوە دژ بە گەلی کورد و دژایەتیکردنی کولتوری کوردی و تێکدانی سەرچاوە ئابوورییەکانی کوردستان. هەربۆیە کردەوەی گورزوەشاندن لە میرنشینە دەرەبەگایەتییەکان، ڕهزامەندیی جەماوەری کوردی بەدەست نەهێنا، چونکە چەوساندنەوەکە گشتگیربوو، ئیتر جەماوەر، بەتایبەت ئەوانەیان لە زۆربەی بوارە ئابوورییەکاندا لە هەردوو دەوڵەت ڕۆچووبوون، لە دژی وەستانەوە، لابردنی میرنشینەکان بۆ ڕیشەداکوتانی سەرمایەداری نەکرایە ئامانج،

(١) مكرم الطالباني، حزب هيوا، مخطوط.

(٢) حول الحركة التحررية للشعب الكردي في العراق من وثائق الاتحاد الوطني الكردستاني، ص ٥٣.

(٣) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ١٥٠.

(٤) منذر الموصلي، الحياة السياسية والحزبية في كردستان، رياض الريس، لندن ١٩٩١، ص ٨١.

(٥) نبيل زكي، الأكراد، الأساطير والثورات والحروب، القاهرة، مطبوعات كتاب اليوم، العدد ٨ سنة ١٩٩١، ص ٤٠.

(٦) لقاء مكي، الكرد و دروب التاريخ الوعرة، شبكة الجزيرة، يونيو ٢٠٠٦، الدوحة.

بگرە بۆ شکاندنی سنوری نێوان میرنشینەکان بۆ ئاسانکردنی ڕیشەداکوتانی سەرمایەداری، کە زۆربەیان بیانی بوون.

جا چونکە ستەم هەر ستەمە، لە دەوڵەتێکی دوورەوە هاتبێت یان نزیک، بۆیە بەرهەڵستیکردنی ئەو ستەمە بەرگێکی ڕزگاریخوازیی پۆشی، هەرچەندە ڕاپەڕینەکان بە سەرکردایەتی دەرەبەگ و پیاوانی ئاینی بوون.

پوختەی توێژینەوەکەمان بۆ کوردستان لە ڕووی جوگرافیا و مێژووەوە، لە بەرەبەیانی سەرهەڵدانی کوردەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی، پیشانمان دەدا کە جوگرافیا زوڵمی لە کورد کردووە، چونکە لە زەمانێکدا کە پەیوەندی و ڕێژەی دەرەبەگایەتی بە سەریاندا زاڵ بوو، لە چیاکانیان پارێزراو بوون و هەموو پێداویستییەکیان پێ بوو، بۆیە خواستی فراوانخوازییان بۆ شوێنەکانی تر لەلا دروست نەبوو. پێچەوانەی گەلانی تری چەشنی عەرەب. بەڵام کێشەکە ئەوە بوو، کورد دەرکی بە گۆڕانکارییە مێژووییەکانی سەدەی شازدە نەکرد و ئاگاداری داڕووخانی دەرەبەگایەتی و بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و ئەو هەژمونە داگیرکارییەی بەدوای خۆیدا هێنا، نەبوون. هەروەها ئاگایان لە گۆڕانکارییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان و دامەزرانی واقیعی جوگرافیایی نوێ نەبوو.

بۆیە لە دەرچەی زەریا دوور بوون، تا جوگرافیا و مێژوو دەستیان وەردا و کوردیان کردە قوربانیی مشتومڕی عوسمانی ـ سەفەوی. یەکەمین ڕەنگدانەوەکانی ئەم مشتومڕەیش لەسەر کورد، لە شەڕی چاڵدێرانی ساڵی ١٥١٤دا ڕوویدا.

لە ڕابردوودا و پێش هەرەسهێنانی دەوڵەتی عەرەبیی ئیسلامی، کورد هیچ کێشەیەکی نەبوو، چونکە ئەم دەوڵەتە دەستی لە کاروباریان وەرنەدەدا و سەربەخۆییەکی تاڕادەیەک تەواویان هەبوو، جگە لە باجدان و سەربازگری، بەڵام کورد مافە نەتەوایەتییەکانیان لە زمان و کولتوردا پیادە دەکرد.

## قۆناغی سێیەم:

## جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتر

کە شەڕی یەکەمی جیهانی ساڵی ١٩١٤ هەڵگیرسا، هیچ قازانجێکی بۆ کورد تێدا نەبوو، چونکە دەوڵەتێکی تایبەتیان نەبوو تا بەرگریی لێ بکەن، بەرژەوەندیگەلی نەتەوەییش نەبوون بیانکەن بە لایەنێک لە کێشەکە، بەڵام ڕووداوەکان بۆ بەشداریکردن لە شەڕەکەدا ڕایانکێشان. کورد لایەنی تورکیای

گرت[١]. بە شێوەیەک تورکەکان توانیان بۆ شەڕی ئاسوری و ئەرمەنە مەسیحییەکان، کە لەگەڵ دەوڵەتانی ڕێککەوتننامەکە هاوپەیمان بوون، ئاراستەیان بکەن[٢]. کوردیش وەک گەلانی تر زیانی گەورەی لێکەوت.

هێزە هاوبەشەکانی تر دبنیان پێویستە کورد بە هەند سەیر بکرێن، هەربۆیە کرێگرتەکانی ڕوسیا لە باکووری کوردستان، هاوشێوەی بەکرێگیراوانی بەریتانیا و ئەڵمان لە باشوور، کەوتنە چالاکی.

بەڵام شەڕەکە بە کۆتا نەگەیشت تا کورد بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بەئاگا هاتەوە، بێگومان پێشێلکردنی یاسای ئیسلام، هەروەها نەهێشتنی خیلافەت و نکۆڵیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی کوردیان لەلایەن تورکیاوە کرد بە بیانوو[٣]، کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دەوڵەتە نوێیەکە لە هەناوی ئیمپراتۆریەتیی هەڵوەشاوە و داتەپیوی عوسمانییەی لەدایک بوو، بە چاوێک سەیری کورد دەکرا کە پاڵیوراوی ئاسایین بۆ بەدەستهێنانی دەوڵەتێک. سێر ئارنۆڵد ویڵسۆن، ئەفسەری پەیوەندییە سیاسییەکان لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا دەڵێت "بێگومان بیرۆکەی کوردستان بۆ کورد، بە کردەوە برەوی سەندبوو، سەرلەبەری کورد خەمیان بۆ برینی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا دەخوارد، لە باشووری کوردستان لە هەر پێنج کەسێک چواریان پشتگیریی بیرۆکەی شێخ مەحمودی حەفیدی ڕێبەری کوردیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەکرد"[٤]، پەیوەندییە بەراییەکانی کورد بە ئینگلیزەوە لە ٧ی نیسانی ١٩١٨هوە دەستیان پێکرد، کاتێک شێخ مەحمود لەگەڵ هێزی کشاوی بەریتانیا بۆ سەر کەرکووکدا نامەی گۆڕییەوە[٥]. لەو کاتەوە کورد دەستی بە جووڵانەوە و دامەزراندنی کۆمەڵە سیاسییە نهێنییەکان کرد، دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕوسیای سۆسیالیستی، بەریتانیا لە بڵاوبوونەوەی بیری شۆڕشگێڕانە لە کوردستان دەترسا[٦]. مێجەر سۆن بۆ ویڵسۆن، بریکاری حاکمی گشتیی پاشایەتی دەنووسێت[٧]:

---

(١) كاظم حيدر، الأكراد من هم؟ وإلى أين؟ بيروت، منشورات الفكر، ١٩٥٩، ص٢٨.

(٢) رياض رشيد الحيدري، الآثوريون في العراق، رسالة ماجستير، القاهرة، جامعة عين الشمس، ١٩٧٣، ص٥١ .

(٣) كارل بروكلمان، تاريخ الشعوب الإسلامية، ترجمة نبيه أمين فارس وآخرون، ج٤، بيروت، دار العلم للملايين، ١٩٥٠، ص١٤.

(٤) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص٦٢.

(٥) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ٢١٣.

(٦) لە ئامانجەکانی گرنگیدانی دووهێندەی ئینگلیزەکان بە کورد دوای داگیرکردنی بەغدا بە شێوەیەکی تایبەت کاریگەریی (دەرچوونی ڕوسیا لە گەمەکە)، ئەوە بوو هەر لە یەکەم ڕۆژی کانوونی دووەمی ١٩١٨، دەستیان کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی کوردی لە بەغدا بە ناوی تێگەیشتنی ڕاستی، هەڵبەت ناکرێت دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیە لەو شەڕە فراوانەی پڕوپاگەندە بترازێنین کە هاوڕێی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو (كمال مظهر أحمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، ترجمة محمد الملا عبد الكريم، بغداد، ٢٠١١ منشورات المجمع العلمي الكردي، ص ٧٦).

(٧) ئارنۆڵد ویڵسۆن، کە یەکەم بریکاری حاکمی سیاسی بوو لە عێراق، ڕووی قسەی لە مێجەر سۆن دەکات و بە شێوەیەکی تایبەت باس لە خزمەتەکانی دەکات لە ناوچە کوردییەکان، کە زۆر بە گرنگیان دەزانێت بۆ کاری سوپای بەریتانیا لە ناوچانە، لە بارەی ویڵسۆنەوە دەڵێت "سۆن یەکێک بوو لە کەسایەتییە دیارانەی کە بەخت یاوەرم بوو ناسیم، ڕمانزانێکی بێوێنە بوو، ئاکە کەسێک بوو توانی بە سەرکەوتوویی بڕی، خۆی وەک فارس نیشان دەدا، کوتومت وەک خۆیان بوو.)

"گومان لەوەدا نییە کاریگەریی درێژخایەن لە ڕێکخستنی ئاشتیی لەگەڵ تورکیادا، ئێستا بیر و هۆشی خەڵکی لە کوردستانی باشوور سەرقاڵ کردووە، بۆ نەگبەتی لە سایەی ڕۆژنامەی کەرکووکەوە بە پلەی یەکەم، ناوی بەلشەفیزم و ڕێنماییەکانی لای خەڵک ناسراون[1].

ڕاستییەکەی کورد، بە پێی پێناسەکەی نێڵسۆن لە چواردە بەندەکەیدا، (بەندی دوازدەیەم) بە بەریانەوە هەبوو وەک میللەتێک ئامادەبن، کە دەڵێت:"هەرێمە تورکییەکان بەڕێوەبەرییەکی تورکییان بۆ دیاری دەکرێت بەبێ هیچ ڕەخنەگرتنێک، بەڵام میللەتانی تری ژێر دەسەڵاتی تورکیا، قەوارەی سەلامەتی خۆیان دەبێت و بۆیان هەیە بۆ سەربەخۆیی هەنگاو بنێن بەبێ بەرهەڵستی[2]، کەچی نەتەوەپەرستانی کورد لەوە لاوازتر بوون لە کۆتایی شەڕی جیهانیی یەکەمدا داواکارییەکانیان بسەلمێنن.

پاش بەستنی پەیمانی سێڤر لە ئابی ١٩٢٠دا[3]، ئەو پەیماننامەیەی تایبەت بوو بە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی و، لە بەندەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ دا ئاوڕی لە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دایەوە[4]، کە دەکرا هەموو ویلایەتی موسڵ بگرێتەوە[5]، بزاوتی یاخیبووی نەتەوەیی کورد کەمێک هیوای مابوو، بەڵام پەیماننامەکە بە مردوویی لەدایک بوو.

بەریتانیا یاریی کرد بە بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە ژێر چاودێریی خۆیدا، ئەمەیش لەبەر چەند هۆکارێک:

١. هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی لە باکوورەوە بەرەو ناوچەی ستراتیژی دەوروبەری قەوقاز دەدا، بۆ بەگژداچوونەوەی یەکێتی سۆڤێت، کە لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧وە بووبوو بە دوژمنی یەکەمی بەریتانیا.
٢. دەکرا پشتگیریکردنی خەونەکانی کورد بکرێتە کارتێکی گوشار لەسەر تورکیای کەمالی و، زەبروەشاندن لە هەر بانگەشەیەکی تورکیا بۆ ولایەتی موسڵی دەوڵەمەند بە نەوت[6]
٣. کردنی کوردستان بە ئامرازێکی گوشار لەسەر عێراق و بزووتنەوەی سەربەخۆیی عەرەبی، تا ناچار ببێت جارێکی دی داوای یارمەتی لە بەریتانیا بکات[7].

---

A.T.Wilson، loyalities Mesopotamia. Pp. 168 ـ 169.

(١) مکرم الطالباني، حزب هیوا، مخطوط.

(٢) جبرالله خیرالله، معضی الشرق، الأقطار العربیة المحررة، سوریا، العراق، لبنان بالفرنسیة بقلة للعربیة عارف السکري، مطبعة جریدة الحضیضیة، ص ١٥٧.

(٣) محمد عزة دروزة، ترکیا الحدیثة، بیروت. مکتبة الکشاف، ١٩٤٦، ص ٣٧.

(٤) دەقی بڕگەکانی پەیمانی سێڤر لە پاشکۆی ٢.

(٥) عزیز الحاج، القضیة الکردیة في العشرینات، ط٢، بغداد، مطبعة الانتصار، ١٩٨٥ ص٣٦.

(٦) جورج لنشوفسکي، الشرق الأوسط في الشؤون العالمیة، ترجمة جعفر خیاط، ج٢، بغداد، دار المثنی، ١٩٦٥ ص٦.

(٧) الثورة العربیة، مجلة، المجلد الثاني، السنة الثانیة ١٩٦٩.

٤. بەدەستهێنانی لایەنگر بۆ بەریتانیا لە کوردستان و زاڵبوون بەسەریدا، دوای ئەوەی ڕەوشەکە ئەم حکوومەتە کوردییە ناچار دەکات بۆ هاوسۆزیی و نزیکبوونەوە لە بەریتانیا بۆ پاراستنی بوونی خۆی بە تایبەت لە مەترسیی تورکیا، دەقی مادەی شازدە لە لیستەی ڕاسپاردنی بەریتانیا لەسەر عێراق دەڵێت:

"لەم ڕاسپاردنەدا هیچ ڕێگرێک نییە لە دامەزرانی حکوومەتێکی سەربەخۆ لە ڕووی ئیدارییەوە لە بەشە کوردییەکاندا هەرچۆنێک بۆی لوا".

بە کاریگەریی ئەم مادەیە نێردەی باڵای بەریتانیا بڵاوکراوەیەکی دەرکرد و تێیدا گوتی:

"نێردەی باڵا بە گرنگییەوە دەڕوانێتە ئەو ڕێکارانەی پێویستە لە پاشەڕۆژدا دەرحەق بە ئیدارەی ناوچە کوردییەکان لە عێراق بگیرێنە بەر".

نێردەی باڵا لە کاتی دامەزرانی حکوومەتەکەدا خۆی سەرپەرشتیی ناوچە کوردییەکانی کرد[١]، لە کۆنگرەی قاهیرەیشدا بڕیار بە ڕاسپاردنی نێردەی باڵا درا بە گرتنەبەری هەنگاوە پێویستەکان بۆ دەستنیشانکردنی خەونەکانی کورد[٢]، کە خەریک بوون چرۆیان دەکرد و دیارخەری خواستی کورد بوون بۆ سەربەخۆیی لە ڕێگەی لاوازیی بەشداریکردنیانەوە لە هەڵبژاردنی فەیسەڵدا وەک شای عێراق، کە سلێمانی بەشداریی نەکرد، شارەکانی تریش بە سستییەوە بەشدار بوون و پارێزیان پێوە دیار بوو، دانیشتووانیان داوای جۆرێک لە لامەرکەزییان دەکرد[٣]. لێرەوە دەرکەوت کە ئەنجامی دەنگەکانی ڕاپرسییەکە لە ناوچە کوردییەکەدا دابەش بووبوو بۆ "دەنگنەدەر"، "نابەدڵ"، "پارێزکار".

لە ئاهەنگی تاجگوزارییەکەدا لە ١٩٢١/٨/٢٣، نوێنەرانی سەرجەم لایەنەکان لە گشت لیواکانی عێراقەوە ئامادە بوون، جگە لە هەردوو لیوای کوردیی سلێمانی و کەرکووک. کە بە گشتی کورد ڕایان لە پاڵاوتنی فەیسەڵ نەبوو و بەو کۆت و پێوەندانەی دەسەڵات بە سەریدا سەپاندبوون و هەستکردنیان بەوەی بە توندی بە بەغداوە بەستراونەتەوە و قەبووڵکردنی ناوەندێک سەربە شانشینی عەرەبی بێت[٤]، دڵیان تەنگ بووبوو، هەربۆیە کورد داوای حکوومەتێکی کوردیی دەکرد.

ساڵی ١٩٢٢، عێراق و بەریتانیا پێیان نایە دەی ئۆکتۆبەرەوە و پەیمانی یەکەمی عێراق ـ بەریتانیا و ڕێککەوتنی سەربازیی باسی کوردی تێدا کرا، لەوەدا کە بەریتانیا بەڵێنیدا لە ڕووی سەربازییەوە هاوکاریی عێراق بکات بۆ پارێزگاریی لە سنوورەکانی[٥]، پاشان هاریکاریی لە سەرکوتکردنی پشێوییە ناوخۆییە

(١) فاضل حسين، مشكلة الموصل، دراسة في الدبلوماسية العراقية والأنكليزية والتركية. ط٣، بغداد، ١٩٧٧، ص ١٤.
(٢) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في تركيا، مصدر سابق، ص ٩٦.
(٣) غسان العطية، العراق :نشأة الدولة ١٩٠٨ ـ ١٩٢١ ـ ترجمة عطا عبدالوهاب، لندن، دار اللام، ١٩٨٨، ص ٥٠٠.
(٤) عبدالرحيم ذوالنون، العراق في الحرب العالمية الثانية ١٩٣٩ ـ ١٩٤٥، رسالة ماجستير، جامعة القاهرة، ١٩٧٨، ص ٣٧.
(٥) فاروق صالح العمر، المعاهدات العراقية ـ البريطانية، رسالة دكتوراه، القاهرة، جامعة عين شمس، ١٩٧٥، ص ٩٥.

خێڵایەتییەکان و هیتریش. هەڵبەت مەبەست لە شۆڕشەکانی کورد بوو، کە ئەو کاتە مافی خوێندن بە کەمینەکان درابوو بە زمانی خۆیان(١).

لە ٢٢ی کانونی یەکەمی ١٩٢٢دا، بەیانێکی هاوبەشی عێراقی بەریتانی بە ناوی "بەیانی کریسماس"(٢) دەرچوو، تێیدا دان بەوەدا نرابوو کە گەلی کورد مافی خۆیەتی حکوومەتێکی کوردی لە چوارچێوەی سنوری عێراقدا دامەزرێنێت.

پاش جێگیربوونی پەیوەندییەکانی عێراق و بەریتانیا، بە واژوووی پەیمانی ئۆکتۆبەری ١٩٢٢ و پرۆتۆکۆلی ئەپریلی ١٩٢٣، بەریتانیا بە یەکجاری هێشتنەوەی سلێمانیی لەژێر دەسەڵاتی نێردەی باڵای بەریتانیادا هەموار کردەوە(٣)، ئیتر بوو بە لیوایەک وەک لیواکانی تری عێراق لەلایەنی وەزارەتی ناوخۆوە بەڕێوە دەبرا(٤).

ئەمەیش لەبەر ئەو بەڵێنانەی کە حکوومەتی عێراق دابوونی لە جەختکردنەوە لەسەر نیازپاکیی عێراق بەرامبەر بە کورد، بۆ ئەوەی کورد بە ئاشکرا بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەنجوومەنی دامەزرێنەران نەکەن(٥).

لە تەموزی ١٩٢٣، ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق داتبشنێکی لەبارەی ڕەوشی ناوچە کوردییەکانەوە کرد، تێیدا ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

١. حکوومەت بە نیاز نییە جگە لە فەرمانبەرە هونەرییەکان، هیچ فەرمانبەرێکی عەرەب لە قەزا کوردییەکاندا دابمەزرێنێت.
٢. حکوومەت دانیشتووانی قەزا کوردییەکان ناچار ناکات لە سەردانکردنە فەرمیەکاندا بە عەرەبی قسە بکەن.
٣. حکوومەت وەک پێویست پارێزگاریی لە مافەکانی دانیشتووان و میللەتە جیاوازەکانی ئەو قەزایانە دەکات(٦).

---

(١) عبدالرحمن البزاز، العراق من الإحتلال حتى الاستقلال، لندن، دار الوراق، ١٩٩٧، ص ١٨٦.

(٢) دەقی بەیانەکەی کریسماس: حکومەتی شکۆداری بریتانی و حکومەتی عێراقی دان بە مافی ئەو کوردانەدا دەنێن کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی عێراقدا نیشتەجێن لە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردیدا لە چوارچێوەی ئەو سنوورانەدا، هەردووکیان هیواخوازن لایەنە کوردییە جیاوازەکان بەم زووانە لەسەر شێوەی حکومەتە چاوەڕوانکراوەکە و سنوورەکانی لە نێوان خۆیاندا بگەنە ڕێککەوتن و کوردان نوێنەری بەرپرس نە خۆیان بۆ تاوتوێکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان لەگەڵ حکومەتی خاوەنشکۆ و حکومەتی عێراقدا بنێرن. اصلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، مصدر سابق، ص٨٠)

(٣) نێردەی باڵا هەر لە دامەزرانی حکومەتی عێراقەوە خۆ سەرپەرشتیی سلێمانیی کرد و ملی بۆ حکومەتی عێراق کەچ نەکرد.

(٤) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج٣، مصدر سابق، ص١٨٧.

(٥) م.ج.و :سجلات البلاط الملكي، ملف رقم ٢/٦/٥ سير الانتخابات للمجلس التأسيسي في ١٩٢٣/٦/٩.

(٦) قرارات مجلس الوزراء يوليو/سبتمبر ١٩٢٣، جلسة ١١ يوليو، سنة ١٩٢٣ ص٢٧.

ڕێنماییەکان دران بە دەسەڵاتەکانی حکوومەت و بەرپرسانی بەریتانیا لە کوردستان، بۆ هەوڵدان بۆ قایلکردنی کورد تا لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بن، بە تایبەت لە هەولێر و کەرکووک. دیارە کورد سەرقاڵی پرسی چارەنووسیان بوون، هەوڵەکان لە بەشداریکردنی کورددا لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی دامەزرێنەراندا سەرکەوتوو بوون[1].

لەم ماوەیەدا کێشەی موسڵ لە نێوان عێراقی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا و تورکیادا (لە ژێر دەسەڵاتی مستەفا کەمال ئەتاتورکدا) خەریک بوو سەری هەڵدەدا[2].

## کێشەی موسڵ

ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور)[3]، کە پاش ئاگربەستی (مودروس) لە ١٩١٨/١٠/٣٠ کە لە بەرژەوەندیی هاوپەیمانان بوو، بەریتانیا داگیری کرد، تێیدا چەند خەتێک تێک ئاڵابوون. بەریتانیا بەم ولایەتە دژ بە داواکارییەکانی تورکیا، پاشان داواکارییەکانی فەڕەنسا بەپێی ڕێککەوتنی سایکس بیکۆ (ئایاری ١٩١٦) وەستایەوە، گوایە دوای ئاگربەستەکە داگیر کراوە. ئیتر ئەوەی پێی دەگوترێت کێشەی موسڵ سەریهەڵدا. لە هەموو ئەمانە گرنگتر، داواکارییەکانی کورد بە پاڵپشتی ڕاپەڕینی چەکدار بۆ جەختکردنەوە لە شوناسی نەتەوەیی ویلایەتەکە[4].

ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٢٤/٩/٣٠ بڕیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی سێقۆڵیی دەرکرد، بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی موسڵ لەسەر سرووشت، دوای ئەوەی دانوستانەکان بۆ چارەسەرکردنی لە نێوان بەریتانیا و تورکیادا گەیشتنە بنبەست، لێکۆڵینەوەی لیژنەکە کرا بە ڕاپۆرتێک و لە ١٩٢٥/٧/١٦ بەرزکرایەوە بۆ کۆمەڵەی گەلان[5].

لیژنەکە پێشنیاری کرد لە حاڵەتی وەرگرتنی لایەنە ڕەگەزییەکاندا پێویستە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دابمەزرێت. بەڵام گەر لایەنە ئابوورییەکان بەهەند وەرگیران، لیژنەکە پێشنیاری کرد موسڵ بە عێراقەوە بلکێندرێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ. عێراق بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بمێنێتەوە.

ب. ڕەچاوکردنی خواستەکانی کورد لە دامەزراندنی فەرمانبەری کورددا بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتیان.

---

(١) أدمونز، مصدر سابق، ص ٢٧٤.

(2)Bullard, Britain and the middle East.p110.

(٣) زاراوەیەکی جوگرافی و سیاسییە بە زۆربەی حاکی ویلایەتی موسڵ دەگوترێت، لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیایشدا هەر بەم شێوەیە هاتووە.

(٤) فاضل حسین، مشكلة موصل، مصدر سابق، ص٣٨؛ جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، تاريخ السياسي١٩٠٠ ـ ١٩٢٥، أربيل، ٢٠٠٢، ص٢٦٣.

(٥) عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، مصدر سابق، ص٣٦.

ج.   هەرچی ڕێککەوتنی نێوان تورکیا و عێراق و بەریتانیا بوو تێیدا هاتبوو کە:

- دیاریکردنی هێڵی برۆکسل لە نێوان تورکیا و عێراقدا وەک هێڵی سنوور.
- هاریکاریی هاوبەش بۆ لێدان لە بزاوتە بەرهەڵستەکانی هەریەک لە تورکیا و عێراق، کە بێگومان مەبەست لە کورد بوو[1].

بەپێی ڕاپۆرتەکە "پێنج لەسەر هەشتی دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ کورد بوون، بە تورکمان و یەزیدییەکانەوە دەگەیشتە حەوت لەسەر هەشت".

هەروەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە عێراقی عەرەبی لە باکوورەوە لە هیت ـ تکریت یان ناوچەی چیای حەمرین تێناپەڕێت، هەروەها لە سەرجەم سەرچاوە جوگرافیاییەکاندا هاتووە لە فەتحی عەرەبییەوە تا بەرواری لێکۆڵینەوەی لێژنەکە لە ١٩٢٥، ڕۆژێک لە ڕۆژان زەوییە کێشەلەسەرەکان وەک بەشێک لە عێراق هەژمار نەکراون[2].

لە ڕابردوویشدا لای دانیشتووانی ویلایەتی موسڵ ناوی عێراق وەک ناوێک بۆ وڵاتەکەیان ناسراو نەبووە، شاری کەرکووکیش لەلایەن کوردەوە ئاوەدان کراوەتەوە[3].

تەنیا برێکی کەم لە ڕێککەوتن و بڕیارەکان جێبەجێ کران، زمانی کوردی تەنیا لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنگەکانی سلێمانی و چەند جێگەیەکی هەولێردا دەخوێندرا، کۆمەڵەی گەلان لەسەر عێراقی پێویست کرد ڕێز لە تایبەتمەندیی نەتەوەیی بگرێت.

عەبدولموحسین ئەلسەعدونی سەرۆکوەزیرانی دەستلەکارکێشاوەی عێراق بێزار بوو، بۆ هۆشداریی گوتی "دەبێت پەند لە ڕووداوەکانی تورکیا وەربگرین... پێویستە هەموو مافێکی کورد بدەین"، بەڵام کەس گوێی بۆ ئەم ئامۆژگارییە نەگرت، دەسەڵاتەکانی عێراق هیچ دەرسێکیان لە ڕاپەڕینە یەک لەدوای یەکەکانی کورد وەرنەگرت[4].

دوای تەواوبوونی گرێبەستی کۆمەڵەی گەلان، پەیماننامەیەک لە نێوان حکوومەتی عێراق و بەریتانیا و تورکیادا بەسترا، ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە ٢٩ی ئۆکتۆبەردا هێڵی برۆکسلی چەسپاند[5]، بەپێی دەقی مادەی ٣٠ی پەیمانی لۆزان، ئەو هاووڵاتییە تورکانەی نیشتەجێی ئەو زەوییانەن کە لە تورکیا دابڕاون، دەبنە هاووڵاتیی ئەو دەوڵەتەی زەوییەکانی بەرکەوتووە. ڕێککەوتنەکە چەند بەندێکیشی لە

(١) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني إلى الغزو الأمريكي ١٩١٤ ـ ٢٠٠٤، القاهرة، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٥، ص ٩٤.

(٢) حامد محمود عيسى، محاضرة في ملتقى الحوار العربي الكردي في القاهرة عام ١٩٩٨، القاهرة، مكتبة مدبولي، ١٩٩٩، ص٧٢.

(٣) رضا هلال، صص ٥٨ ـ ٦١: محمود السيد دغيم. نفط كركوك، جريدة الحياة العدد ١٤٦٣٣ في ١٧ أبريل ٢٠٠٣، ص١١.

(٤) جوناثان راندل، أمة في الشقاق، مصدر سابق، ص ١٦٤.

(٥) فاضل حسين، مشكلة الموصل، ص ١٨٤.

ڕووبەڕووبوونەوەی "کردەوە ڕێگری و تاڵانییەکانی سەرسنوور" لەخۆ گرتبوو، ئەمەیش بەپێی مادەی نۆیەم دەربڕینی ڕووکەشی بوو بۆ کار و چالاکیی کوردە چەکدارەکانی ئەمبەر و ئەوبەری سنوور[1]. مادەی شەشەم دەڵێت "هەردوولا بڕیار دەدەن بە هەموو ئامرازێک دژایەتیی کردەوەکانی تاک و گرووپە چەکدارەکان بکەن".

لەو کاتەدا کە ئەم "گرێبەستە"ی تێدا واژووو دەکرا، هێزەکانی حکوومەتی عێراق و بەریتانیا بە هاوکاریی حکوومەتی ئێران، مشتەکۆڵەیان ئامادە کردبوو بۆ لێدان لە هەر داواکارییەکی کورد و جەختکردنەوە لە مافە نەتەوەییەکانیان[2].

لە ساڵی ١٩٢٦یشدا عێراق و بەریتانیا پەیمانێکیان بە ناوی "پەیمانی ١٩٢٦" مۆر کرد، کە درێژەپێدەری پەیمانە سەرەکییەکەی ساڵی ١٩٢٢ بوو و هیچ لە دەقەکەی نەگۆڕابوو[3]. هەربۆیە پەیمانە نوێیەکە هەموو ئەو دەستەبەرییانەی بە کورد درابوو، لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە مامەڵە فەرمیەکاندا و ڕێزگرتن لە نەریت و ئاینیان، بەخشییەوە[4]، هەروەک سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ئەنجوومەنی نوێنەران لە (١٩٢٦/١/٢١) لە بەیانێکدا گوتی دەبێت حکوومەتی عێراق مافەکانی کورد بدات، دەبێت فەرمانبەرەکانیان لە خۆیان بن و زمانیان کوردی بێت[5].

کە لە ئاياری ١٩٢٨ هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران بەڕێوە چوون، گشت ناوچە کوردییەکان بەشدارییان کرد و، ١٦ کورسییان لە کورسییەکانی نوێنەران، کە لە کانونی دووەمی ١٩٢٩ ژمارەیان گەیشتبووە ٨٨ کورسی، بەدەستهێنا. شەش لە نوێنەرانی کورد داخوازنامەیەکیان خستە بەردەم سەرۆکوەزیران، تێیدا سکاڵایان لە چەند شتێک کردبوو کە تایبەت بوون بە جێبەجێنەکردنی ڕاسپێردەکانی کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان لەلایەن حکوومەتەوە، ئەم چەند داواکارییەیان لە حکوومەت کردبوو[6]:

١. زیادکردنی بووجەی زانست و پەروەردە (مەعاریف) لە کوردستان.

---

(١) دەقی ڕێککەوتننامەکە پاشکۆی ٣؛ (لە هەر شوێنێکی پەراوێزەکاندا باسی گەڕانەوە بۆ پاشکۆیەك کرابێت، ئەوا ئاماژە بۆ پاشکۆکانی کتێبی "مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية" و خوێنەر لە کاتی پێویستدا دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ هەموو بەرگەکانی ئەو سەرچاوەیە، بەڵام نووسەر ئاماژەی بەم کارە نەداوە. (بۆردی ڕاوێژکارانی دەستەی ئینسکلۆپێدیای پ.د.ك)

(٢) وليد حمدي. الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، دراسة تاريخية وثائقية، لندن، ١٩٩١، ص ١٩٩.

(٣) فاروق صالح العمر. المعاهدات العراقية البريطانية، مصدر سابق، ص ١٨٩.

(٤) جلال يحيى، العالم العربي الحديث، المشرق العربي بين الحربين، القاهرة، دار المعارف، ١٩٦٥، ص ١٨٢.

(٥) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص١٧٦.

(٦) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج٣، مصدر سابق، ج٣ ص٢٩٠.

٢. پێکهێنانی یەکەیەکی بەڕێوەبردنی کوردی لە لیواکانی سلێمانی، هەولێر، کەرکووک و لیوایەکی نوێی تر لە قەزاکانی تر لە لیوای موسڵ، هەروەها کاروباری ئەم یەکە ئیدارییە بە پشکنەرێکی گشتیی کورد بسپێردرێت، ببێتە پەیوەندیی نێوان ئەو ناوچانە و حکوومەتی بەغدا.

٣. زیادکردنی بووجەی بەرژەوەندییە گشتییەکان لە ناوچە کوردییەکان.

نێردەی باڵای بەریتانیا لە نامەکەیدا بۆ سەرۆکوەزیرانی عێراق، جەختی لەوە کردەوە کە جگە لە خاڵی دووەم، لەگەڵ داواکارییەکانی تردا تەبایە، دیار بوو بەریتانیا ترسی لەگیسچوونی نەوتی موسڵ و کەرکووکی هەبوو کە دەکەوتنە زەوییەکانی کوردستانەوە[1]، دواجار نوری سەعیدی سەرۆکوەزیران پاش گۆڕینی وەزارەت لەگەڵ نێردەی باڵای بەریتانیادا ڕێککەوتن لەسەر ڕەتکردنەوەی داواکارییەکان[2]، بۆ نەهێشتنی هۆکاری سکالاش، حکوومەت یاسایەکی دانا بە کردنی زمانی کوردی بە زمانی فەرمی لەو قەزایانەدا کە زۆربەی زۆری کوردن[3]، ڕای گشتیی کورد بەمە قایل نەبوو.

لە ١٩٣٠/٦/٣٠ پەیماننامەیەکی تر بەناوی "پەیماننامەی ١٩٣٠" لەگەڵ بەریتانیادا مۆر کرا، ئیتر ڕەوشی کوردستان بەسەختی شڵەژا، یەک لە نوێنەرە باوەڕپێکراوەکانی کورد لە کانونی دووەمی ١٩٣٠ لە نێردەی باڵای پرسی بوو، ئاخۆ ئەم پەیماننامەیەی بە نیازە ببەسترێت ئەو مافانە مسۆگەر دەکات کە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە بڕیاری هێشتنەوەی موسڵدا بۆ عێراق ئاماژەی پێ کردبوون؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی ئەم پەیماننامەیە هاوشێوەی سوێندخواردنێکە، بەڵام بۆ جەختکردنەوە لە خواستەکانی کورد، کابینەی یەکەمی نوری سەعید لە ١٠ی نیساندا بەیانێکی ڕەسمیی بڵاوکردەوە، تێیدا گوتی وەزارەت بڕیاری ئامادەکردنی لیستەیەکی یاسایی داوە بۆ پێشاندانی بە ئەنجوومەنی گەل لە کۆبوونەوەی داهاتوودا بۆ بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە ناوچە کوردییەکاندا، حکوومەتیش سوورە لەسەر گرتنەبەری پلانێک بەسەر گیانی بەڵێنەکانی پێشوودا کە لە عێراقدا بە کورد دراون بچەسپێت[4].

واژووکردنی پەیماننامەکە لە نێوان بەریتانیا و عێراقدا لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠، دوودڵی لای کورد وروووژاند. ئەوەی دوودڵییەکەی پتر کردبوو پەیماننامەکە هیچ ئاماژەیەکی بۆ کورد و پاراستنی ئیمتیازەکانی کورد نەکردبوو[5]، تاقمێک لە سەرۆک و ڕێبەرانی کورد، سەربەخۆیی عێراقیان بە هۆی پەیماننامەکە و نەمانی ئینتیدابی بەریتانیایان لەسەر عێراق و بوون بە ئەندامی لە کۆمەڵی نەتەوەکاندا بە مەترسییەک لەسەر خواستەکانی کورد دەزانی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس[6] و دامەزراندنی

---

(1)For 31/13759. The residency. Baghdad. 20 April - 1929 to sdir abdulmuhsin Ben Al Sadun.

(٢) عبدالرحيم ذوالنون، العراق في الحرب العالمية الثانية، مصدر سابق، ص ٢٦٦.

(٣) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج٣، مصدر سابق ج٣، ص ٢٩٠.

(٤) نفس المصدر، ص ٢٩١.

(٥) سيتون وليمز، بريطانيا والدول العربية، بيروت، دار الشرق، ١٩٥٧، ص٣٨.

(٦) محمود الدرة، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ١٥٩.

حکوومەتی کوردی لە عێراقدا[١]، بۆیە وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر پەیماننامەکە داوای مانگرتنی گشتی کرا. دەستەیەک لە ڕێبەرانی کورد داخوازینامە و بروسکەیان بۆ مەلیک فەیسەڵ و نێردەی باڵای بەریتانیا نارد و تێیدا ڕەخنەیان لە بەستنی پەیماننامەکە گرتبوو، سەرباری چەندین ڕاپۆرت بۆ سکرتاریەتی کۆمەڵەی گەلان[٢]، کە تێیاندا داوای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پێشتری کۆمەڵەیان کرد، بە تایبەت دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی[٣].

دوای ڕاگەیاندنی مانگرتن لە سلێمانی لە ١٩٣٠/٩/٦، دۆخەکە تەقییەوە[٤]، بە شێوەیەک قوتابخانە و بازاڕەکان داخران. ئەم مانگرتنە گشتییە بوو بە خۆپیشاندانێکی گەورەی کوردی و گشت پیشەگەرەکانی کۆکردەوە. یەکەمجار بوو لە مێژووی نوێی کوردا جووڵانەوەیەکی نیشتمانی لەسەر دەستی پیشەگەر و خوێندکار و کرێکار و بازرگانی کورد ڕوو بدات. بۆ یەکەمجاریش ڕۆشنبیر و پیشەگەرانی کورد، لەجیاتی میر و پیاوانی ئاینی جووڵەیەکی نەتەوەییان دەست پێکرد[٥].

بە کاریگەریی ئەم خۆپیشاندانە، سەرۆکوەزیران و نێردەی باڵای بەریتانیا سەردانی لیوا کوردییەکانیان کرد، تا سیاسەتی هەردوو حکوومەتی عێراق و بەریتانیا بەرامبەر بە کورد و ڕەوشی کورد لە سەربەخۆییدا ڕابگەیەنن و، جەخت لەوە بکەنەوە کە حکوومەتی بەغدا و ئینگلیز پێکەوە دژ بە حوکمی زاتی کوردن. سەردانەکە، بە تایبەت لە سلێمانی، خۆپیشاندانی تری بەدوای خۆیدا هێنا[٦].

ساڵی ١٩٣٢ عێراق بۆ چوونە نێو کۆمەڵەی گەلان چووە پێشەوە و، حکوومەتی عێراق لە ١٩٣٢/٣/٣٠ بەیانێکی فەرمی دەرکرد کە پێبەندییە نێودەوڵەتییەکانی وەک پێبەندیگەلی ئاشکرا بۆ وەرگرتنی عێراق بە ئەندامێک لە کۆمەڵەی گەلاندا، لەخۆگرتبوو[٧].

مادەی نۆیەم ئەو دەستەبەرییانەی دەرخست کە تایبەت بوون بە مافی کورد و بە هەر سێ بڕگەکەیەوە دڵنیای کردنەوە، کە دەقەکەی ئەمە بوو "حکوومەتی عێراق دان بەوەدا دەنێت زمانی کوردی هاوشانی عەرەبی زمانی فەرمی ئەو لیوایانە بێت کە کورد تێیاندا ڕەگەزی باڵادەستە، (موسڵ، هەولێر

---

(١) بانگهێشتکردنی کورد بۆ مانگرتن بە بۆنەی واژۆکردنی پەیمانی ١٩٣٠، پاشکۆی ٣.

(٢) کورد لە ڕێگەی نوێنەرانییەوە چەند داخوازینامەیەکیان ئەیاندە کۆمەڵەی گەلان، کە یەکیان داخوازینامەی سەرۆکایەتیی عەشیرەتی داودە و یەکێکی تر هی شێخ مەحمودی بەرزنجی بوون، لەگەڵ سێ سەرۆک عەشیرەتی پشدەر. (حامد محمود عیسی، المشكلة الكردية في الشرق، مصدر سابق، صص ٥٢ ـ ٥٣.)

(٣) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج٣، مصدر سابق، ص ٩٩.

(٤) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١١٢.

(٥) عبدالأمير العكام، عبد الأمير العكام، تطور الحركة الوطنية في العراق ١٩٢١-١٩٣٣، النجف، مطبعة الآداب، ١٩٧٥، ص ٢٩٥.

(٦)عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج٣، مصدر سابق، ص ٩٩.

(٧) محمد الطاهر محمد، القضية الكردية وحق تقرير المصير، القاهرة، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٦، ص١٢٨.

کەرکووک، سلێمانی)[1]، بەڵام قەزاکانی کفری و کەرکووک کە ڕێژەیەکی زۆر تورکمانیان تێدان، زمانی فەرمی جگە لە عەرەبی یان تورکی یان کوردی دەبێت، سەبارەت بە فەرمانبەرانیش لەو قەزایانە، دەبێت بە گوێرەی پێویست کوردی و تورکمانی بزانن[2].

گرنگترین مەرجە داواکراوەکان لە عێراق بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە ۱۹۳۲/۱/۲۸ هەروەک لە مادەی چوارەمدا هاتووە "سیستەمی هەڵبژاردنەکان نوێنەرایەتییەکی دادگەرانەی کەمە نەتەوایەتی و ئاینی و زمانییەکانی عێراق لەخۆدەگرێت"[3]، لە مادەی پێنجەمیشدا هاتووە کە "کەمە نەتەوەیی و ئاینی و زمانییەکانی عێراق لە ڕووی یاسایی و کردارییەوە هەمان دادگەری و ئاساییشیان وەک ئەو دوای گەلی عێراق دەبێت"[4].

## ناجێگیریی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کوردستان

لە کانونی یەکەمی ۱۹۲۲دا، بەریتانیا لە بەیانێکی هاوبەش لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا، کە لە ژێر ئیتیدابی ئەوکاتی بەریتانیادا بوو، پشتگیریی خۆی بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی کوردی ڕاگەیاند[5]، بۆ وەستان لە ڕووی تورکەکاندا. بەرلەمەیش سیاسەتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە پەیمانی سێڤردا لە ۱۹۲۰/۸/۱۰دا گەڵاڵە کرابوو، بەڵام دەقی ڕێککەوتنەکە بە هۆی گۆڕانی دۆخی نێودەوڵەتییەوە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە، پاشان لە ساڵی ۱۹۲۳، ئەم پرۆژەیەی هەموار کردەوە و پەیمانی لۆزانی لەگەڵ تورکیادا ئیمزا کرد کە پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە تەواوی پشتگوێ خستبوو. بەریتانیا لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە چاوی لە پرسی سەربەخۆیی کورد و دەستخستنی حوکمی خۆیەتی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی پۆشی[6]:

١. سەرباری گۆڕانی بارودۆخی نێودەوڵەتی و نەرمی بەریتانیا بۆ گونجان لەگەڵ ڕەوشە جیاوازەکاندا، متمانە نەبوونی سیاسەتی ئیمپراتۆریەت، بە کوردێکی خاوەن دەسەڵات لە پاسەوانیی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیادا لە کوردستانی دەوڵەمەند بە پێترۆڵدا، کە پشتی پێ ببەسترێت[7].

---

(١) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٧٢ ـ ٧٤.

(٢) أحمد رفيق البرقاوي، تطور العراق السياسي ١٩٣٢ ـ ١٩٤١، جامعة القاهرة، رسالة دكتوراه، ١٩٨١، ص٢٦.

(٣) دەقی تەواوی مەرجەکان لە م. ج. هەروەها تۆمارەکانی دەربارى پاشایەتی :فایلەکانی وەزارەتی دەرەوە، فایلی ٢/٨/٥دا، هاتووە.

(٤) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ١٣٥.

(٥) ألبرت منستر شيفيلي، العراق في السنوات الانتداب البريطانية، ترجمة هاشم صالح تكريتي، بغداد، مديرية مطبعة جامعة بغداد، ١٩٧٨، ص ٣٣٢.

(٦) أحمد عبدالرحيم مصطفى، في أصول التاريخ العثماني، القاهرة، ١٩٨٢، ص ٣٠.

(٧) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص٢١٢.

٢. "میساقی میللی" تورکی کە ساڵی ١٩٢٠ دانرا، داوای بەڕێوەبردنی موسڵی کرد، ئینگلیزیش لەوە ترسا دامەزرانی دەوڵەتی کوردی ببێتە هۆی دنەدانی تورکەکان بۆ داخوازیی دەوڵەتێکی نوێ، ئەمەیش کاریگەریی لەسەر دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق هەبێت و بەریتانیا سەرچاوەکانی نەوتی لە کیس بچن.

٣. دامەزرانی ئەم دەوڵەتە دەشێت ببێتە هەڕەشەی تەقینەوە و تێکدانی هاوسەنگی و سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوین، بە شێوەیەک لە کۆتاییدا یەکێتی سۆڤیێت زیاتر لە هەر لایەنێکی تر لێی بەهرەمەند ببێت.

٤. بەریتانیا لە هەوڵی دەستخستنی ڕای گشتی عەرەبدا بوو، دەیزانی قورسە لە سەری پشتگیری ئەو پلانانە بکات کە دەشێت ببنە هۆی تەسککردنەوەی ئەو پارچە زەوییەی عەرەب لێی دەخوازێت[١].

٥. بەریتانیا بۆی دەرکەوت دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ڕێی تێ ناچێت، چونکە مستەفا کەمال ئەتاتورک ڕێگەی بە کوردی تورکیا نەدەدا بەشداری لە وەها دەوڵەتێکدا بکەن و، ناچاری کردبوون لە چوارچێوەی سنوورەکانی تورکیای نوێدا بمێننەوە[٢].

٦. کورد خۆیان یەکڕیز نەبوون و بە بەریتانیایان سەلماند ناکرێت لە دامەزراندنی دەوڵەتێکدا کە پارێزگاریی لە هەژمون و ئامانجەکانی بەریتانیا بکات، پشتیان پێ ببەسترێت.

٧. عەرەب داوای ئەوەیان دەکرد موسڵ ببێتە بەشێک لە عێراق، چونکە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا عەرەب دژ بە تورکیا لایەنی بەریتانیای گرت، لە کاتێکدا کورد لایەنی تورکیایان گرتبوو دژ بە ئینگلیز، بۆیە چاوەڕوان نەدەکرا لە وەها ڕەوشێکدا بەریتانیا داخوازییەکانی کورد جێبەجێ بکات[٣].

٨. دواجاریش ئەوەی کردە بیانوو گەر دەوڵەتیش دامەزرا، زیان بە ژیانی ئابووریی کورد دەگات، چونکە بازاڕی ئابوورییان عێراقە، سەرباری خراپی پەیوەندییەکان و شڵەژانی پەتی ئاسایشی نێوان تیرە کوردییەکان[٤].

ساڵی ١٩٣٠ ماوەی ئینتیدابی بەریتانیا بە کۆتا گەیشت، کەچی دۆخەکە بۆ کورد هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات، کە دەیزانی حوکمی پاشایەتی تەنیا جێبەجێکاری فەرمانەکانی لەندەنە، بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندییە پێترۆڵی و ستراتیژییەکانی، کورد باوەڕی بەوە هێنا کە تا ئەم ڕژێمە نەگۆڕێت بە ڕژێمی دیموکراسی لە بەغدا، بەدیهاتنی مافەکانی نیوچە ئەستەمە.

---

(١) جورج لنشوفسكي، الشرق الأوسط في الشؤون العالمية، ترجمة جعفر خياط، ج٢، بغداد، دار المثنى، بغداد، ١٩٦٥. ص ٦.

(٢) جلال يحيى، العالم العربي الحديث، مصدر سابق، ص ١٤٩.

(3)Admonson، David، The Kurdstan war.p.19.

(٤) عبدالله فياض، الثورة العراقية الكبرى سنة ١٩٢٠، بغداد، مطبعة الإرشاد، ١٩٦٣، ص١٧٦.

لەو کاتەدا بەریتانیا وەک تاکە گەلێک، کە شوناسی نەتەوەیی خۆی هەیە، لە کوردی نەدەڕوانی، هەروەک لەگەڵ بزووتنەوەی عەرەبی مامەڵەی دەکرد، بەڵکە وەک چەند دەستەیەکی پەرتەوازەی خاوەن چەندین بەرژەوەندیی، پێوەست بە سەرۆکە کوردییە دابەشبووەکانی ناوچە کوردییەکان، بە سووکی تەماشای دەکردن. وا دیاربوو بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی، لە ماوەی ڕێککردنەوەی کۆتایی شوێنەوار و دووکەڵی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، ڕوانینێکیان بۆ دۆزی کورد هەبوو لە نێوان هەڵخەڵەتاندن و پشتگوێخستن و بێدەنگیدا، ڕوانینێکی کاتی و بەڕێکردن و چارەسەری قرتاو، نەک ڕوانینێکی وردی دادگەرانە بۆ گەلێکی پەرتوبڵاو، کە جیهان پشتگوێی خستووە و گوێ بە هەوڵ و تێکۆشانی لەپێناو دیاریکردنی چارەنووسی و سەلماندنی کەسێتیی نەتەوەییدا، نادات.

بە کورتی، دوای هەڵوەشانەوە و کەوتنی دەوڵەتی عوسمانی پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، عەرەب لەدوو دەوڵەت دەگەڕان و، سەرەتاکانی بیری نەتەوەیی عەرەب دەرکەوت. پێش ئەوەی بگۆڕێن بۆ چەندین حزب و ڕەوت و شۆڕش و هاوپەیمانێتی. لە تورکیایش دۆخەکە هەروا بوو، لە ڕێگەی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیییەوە، هەروەها ڕەوتی تۆرانی، بەڵام هاوسێ کوردە دابەشبووەکەی نێوان هەردوو جەمسەرەکە، بە شێوەیەکی کاریگەر ئاگاداری ڕووداوەکان نەبوو. لای هەندێک لە ڕۆشنبیرەکانی چەند بیروبۆچوونێک هەبوون، بەڵام سەرکردایەتیە چالاکەکەی ئەوکات هێشتا لە ژێر بنمیچی تەنگی دەرەبەگایەتیدا کۆبووبووەوە و گەلێکی لەگەڵ بوو کە جوگرافیای سەخت پەرتەوازەی کردبوون. تەنانەت کورد هەستی بەو ساتە مێژووییە نەکرد، ساتی ڕووخانی جیهانێک و پێکهاتنی جیهانی نوێ، ساتی گۆڕانی جیهان لە چاخی دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەردەمی سەرمایەداری، هەروەها ساتی هەڵوەشانی ئیمپراتۆرییەکان و دەستپێکردنی سەردەمی دەوڵەتی نوێ.

گەرچی کورد خۆی بەهۆی ململانێ بەردەوامەکانی ناوخۆوە کە لەسەر بنەمایەکی تیرەگەری و دەربەگایەتی و ڕێگەدان بەوانی تر بە ئیستغلالکردنیان دامەزرابوون، کاریگەریی ئەمانە کەمتر نەبوو لە هەڵوێستی بیانییەکان، بە تایبەت تورکیای کەمالی، هەروەها ستەمی سرووشتەکەی کە لە هەلی دەوڵەتی کوردیدا لە ساتێکی مێژوویی کەموێنەدا، پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و، بەستنی پەیمانی سێڤر ١٩٢٠، پەرتی کردبوو، ڕاستە کورد چەند هەوڵێکی بە خەرجدا، لە ڕێگەی هەوڵەکانی دیبلۆماتکاری کورد شەریف پاشا پەیوەندی بە دەوڵەتانی سەرکەوتووەوە کرد و لە کۆنگرەی ئاشتەواییدا لە پاریس ئامادە بوو، بەڵام ئەم هەوڵانە بەس نەبوون، کە کورد هێلکەی لە سەبەتەی بەریتانیادا بوو کە ناپاکیی لێ کرد. لەگەڵ ئەوەیشدا کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، وەک کێشەیەکی نەتەوەیی دەرکەوت. لە ڕەوشی ڕابوونێکی نەتەوەیی ئەو نەتەوانەی لەژێر دەسەڵاتی حوکمی تۆتۆکراتی عوسمانی و شاهەنشایی ئێرانیدا چەوسابوونەوە. ئامانجی دەوڵەتە داگیرکارە براوەکان ڕزگارکردنی گەلان لەوانە

گەلی کورد و کوردستان نەبوو، بەڵکە سەرلەنوێ دابەشکردنی ئەو دەستکەوتانە لە نێوان دەوڵەتە براوەکاندا بوو.

## شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، شێخ مەحمودی حەفید کە تاکە تیرەگەری باڵادەست بوو لە ناوچەی سلێمانیدا، بەنیاز بوو دۆخە نوێیەکە بقۆزێتەوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلەکەی، بۆیە پەیوەندیی لەگەڵ گرووپە کوردییەکانی تردا بەست کە هەمان ئامانجیان هەبوو. دوای گەیشتنی سوپای بەریتانیا بە شاری کفری، شێخ مەحمود شاندێکی ڕەوانەی کفری کرد، پەیامێکی لە شێخەوە بۆ سەرکردایەتی سوپای بەریتانیا پێ بوو، تێیدا داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی کردبوو لە ژێر سەرپەرشتیی ئینتیدابی بەریتانیادا[1]. پاش ئاڵوگۆڕی نێوان سەرکردەی سوپا و مەندوبی سامی لە بەغدا، مەندوبی سامی فەرمانی بە مێجەر نۆئێل، سەرکردەی سوپا لە کفری کرد تا بڕواتە سلێمانی و چاوی بە شێخ مەحمود بکەوێت[2].

مێجەر نۆئێل، کۆڕێکی گشتیی لە سلێمانی بەست، گوتارێکی پێشکەش کرد و تێیدا کردنی شێخ مەحمودی بە حاکمی کوردستان ڕاگەیاند، لە هەمان ڕۆژدا لە ماڵەکەی شێخ مەحمود ئاهەنگێک بۆ ڕێوڕەسمی حاکمدار ساز درا[3]، دوای ئەوە ویلسۆنی مەندوبی سامی گەیشتە سلێمانی و بەزارەکی ڕەزامەندیی خۆی لەسەر پێکهاتەی سیاسیی (حکوومەتەکەی شێخ مەحمود) ڕاگەیاند. سنوری ئەو حکوومەتە لە جەلەولا و خانەقینەوە تا زێی گەورە و زەوییەکانی دەوروبەری بوو[4].

بەریتانیا دەرکی بە پێگەی شێخ مەحمود کرد، بۆیە پەنای بردە بەر شێوازی ئیداری و، پەیوەندیی بە سەرۆکی خێڵەکانەوە کرد کە لە ژێر چاودێریی ئەفسەرانی بەریتانیادا بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەکان دەستنیشان بکەن، شێخ مەحمودیش کرا بە حاکمی سلێمانی.

میس بێڵ بەهێزەوە ئەم ڕژێمە پەسن دەدات و دەڵێت: "دەزگا نوێیەکە لە ڕووی کردارییەوە دەرەبەگایەتی بوو، هەر سەرۆکێکی کردبوو بە بەرپرسی خێڵێک. بەپێی ئەم ڕژێمە حاکمی گشتیی

---

(١) یادەوەرییەکانی ڕەفیق حیلمی، وەرگیراوە لە :حامد محمود عیسی، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٤٩.

(٢) مێجەر نۆئێل ئەفسەرێکی چالاک بوو، شارەزاییەکی فراوانی هەبوو، زمانی فارسیی دەزانی، پاش ئەوەی ناخی خێڵەکانی کوردستان و سەرۆکەکانیان تێگەیشتبوو، سەرەتا لە نێوان خێڵەکانی بەختیاریدا کاری دەکرد، توانیی خەڵکی ئەو ناوچانە دژ بە ئەڵمان هەڵبستێنێت، لە دوا ساڵەکانی شەڕیشدا توانیی پەیوەندیی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆکخێڵ و کەسایەتییە دیارەکانی کوردستاندا گرێ بدات، ئەناتەت خەریک بوو فێری کوردی دەبوو. (کمال مظهر، کوردستان في سنوات، مصدر سابق، ص ١٦٨).

(٣) صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٨١.

(٤) من محاضرة للسيد صلاح الدين الحفيد، في ملتقى الحوار العربي الكردي في القاهرة، في مايو ١٩٩٨، القاهرة، من منشورات مكتبة مدبولي، ١٩٩٩، ص ٩٤.

پاشایەتی بەڵێننامەیەکی واژوو کرد تێیدا هاتبوو هەریەک لەو خێڵانەی لە وڵاتدا نیشتەجێن، بۆیان هەیە بەوپەڕی ئازادییەوە پێشەوایەتیی شێخ مەحمود قەبووڵ بکەن، ئێمەیش پشتگیریی مەعنەویی شێخی ناوبراو دەکەین"[١].

دەسەڵاتی شێخ مەحمود لە سەرەتادا تەنیا لە ناوخۆی سلێمانیدا گیری تەخوارد، بەڵکە لە کاتی بوون بەحاکمیدا سەرۆک عەشیرەتەکان پەیمانی دڵسۆزی و هاریکارییان پێدا، گەر ببێت بە حاکمی کوردستان ئەوا پشتگیری دەکەن[٢] دەوڵەتەکەیشی لە ناوچەکانی زێی گەورەوە تا ڕووباری دیالە درێژ دەبووەوە[٣].

کاتێک شێخ مەحمود بوو بە حاکمی کوردستان، کەوتە هەڵوێستێکی ناخۆشەوە، هێشتا بە ئەزموونی ڕێکخستن و پلانی حکوومەتداریدا تێنەپەڕیبوو، کەسێک نەبوو کاروباری سیاسیی بۆ ڕێکبهێنێت، بۆیە زۆری نەخایاند ئەستێرەی بەختی ڕووی لە کزی کرد، چونکە گرنگیی بە جێگیرکردنی پایەکانی حکوومەتە ساواکەی نەدا، نە پلانێکی ئیداریی ڕێکوپێکی هەبوو، نە یاسادانان و دامەزراوەکان[٤]. زۆرێک لە کەسایەتییەکانی کورد کە زۆربەیان لە ئەفسەران بوون، سەردانی سلێمانییان کرد، بەڵام وادیاربوو شێخ مەحمود دڵی بەو ڕووناکبیرانە نەدەکرایەوە.

ئامانجی شێخ مەحمود یەکخستنی کوردستانی باشوور بوو، بە کەرکووکیشەوە، بەڵام ئینگلیز ڕایان لێ نەبوو، بۆیە زۆری نەبرد پەیوەندییەکانی شێخ مەحمود بەرەو خراپی چوو، ئەمەیش چەند هۆکارێکی هەبوون:

١. تێکگیرانی ئامانجەکانی کورد و ئینگلیز، چونکە شێخ مەحمود خەمی سەربەخۆیی کوردی هەبوو، ئینگلیزیش هێورکردنەوەی دۆخەکەی بە لاوە گرنگ بوو.
٢. بەسەربازکردنی هەندێک لە گرووپە ئەرمەنی و ئاسورییەکان لەلایەن ئینگلیزەوە و، بەکارهێنانیان لە ئاسایش و ڕژێمدا، واتە لە سەرکوتکردنی کورددا[٥].
٣. هەستکردنی شێخ مەحمود بەوەی دەسەڵاتەکانی ئینگلیز دەکۆشن دەسەڵاتی ئەم لەنێو خێڵە کوردەکاندا کەم بکەنەوە.
٤. متمانەی شێخ مەحمود بەوەی گەر دژ بە هەژمونی بەریتانیا بوەستێتەوە زۆرینەی کوردی عێراق پشتی دەگرن.[6]

---

(١) المس بيل، مذاكرات، ج٢، ترجمة جعفر الخياط، الدار العربية للموسوعات، ٢٠٠٣، ص ٤٨٧.

(٢) رفيق صالح، كتابات في المسألة الكردية، السليمانية، مطبعة شفان، ٢٠٠٨، ص ١٠٠.

(٣) ديليوجي، سنتان في كردستان، ص ١٩٨؛نقلا عن حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٢١٠.

(٤) المس بيل، مذكرات، ج٢، مصدر سابق، ص ٩٥.

(٥) جلال يحيى، العالم العربي بين الحربين، مصدر سابق، ص١٣٦.

(6) عبدالرزاق الحسني، العراق في دوري الانتداب والأحتلال، بيروت، دار الرافدين، ٢٠١٣، ص٣٠٠.

بەڵام بەریتانیا دوای جێگیربوونی لە کوردستان، خێڵەکانی ناسی و ناوەندەکەیانی مسۆگەر کرد، وای بە باش زانی وردە وردە هەژمون و دەسەڵاتی شێخ مەحمود سنووردار بکات[1]، هەربۆیە مێجەر سۆن پێشنیاری کرد ڕێکاری پێویست بگیرێتە بەر بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی شێخ مەحمود لەو ناوچانەی کە پێویست ناکات دەسەڵاتی تێیاندا هەبێت.

هەروەها میس بێڵ دەڵێت: "شێخ مەحمود ئامادە نەبوو بە سنووردارکردنی دەسەڵاتەکەی قایل ببێت، هەروەک پێشتریش عەبدولسەلام بارزانی لەگەڵ تورکەکاندا وەهای کرد، بۆیە مێس بێڵ پێی وایە پێویستە ئەو دێوەی لە سلێمانی بەرەڵا کرا بگەڕێندرێتەوە نێو کوپەڵەکەی و تێیدا بەند بکرێت"[2].

تێبینی دەکرێت بەریتانیا دەیویست چەند دۆکێک بۆ ئیدارەی کوردستان بە سەرپەرشتیی خۆی دروست بکات، شێخ مەحمودیش تەنیا ڕاجایەکی (حاکمی ویلایەت) کورد بێت لە دەڤەری سلێمانی.

پاش ئەوەی شێخ مەحمود پێگەی بەهێز بوو و خۆی بە حاکمی گشتیی سەرپاکی کوردستان ناساند، نازناوی پاشای کوردستانی بۆ خۆی دانا و ئاڵای کوردستانی هەڵ کرد. ئاڵاکە هیلالێکی سووری تێدابوو لە ناوەڕاست زەوییەکی سەوزدا، لەگەڵ تاجێکی ڕازاوەدا. حاکمی بەریتانی لە بەغداوە بڕیاریدا حکوومەتی سلێمانی ڕاستەخۆ لە بەغداوە بەڕێوە ببرێت[3].

شێخ مەحمود هەستی کرد دەسەڵاتەکانی بەریتانیا دەیانەوێت دووری بخەنەوە، بە تایبەت دوای گۆڕانی مێجەر نۆئێل بە مێجەر سۆن، کە بە هاتنی ئەم لە هەموو شایستەییەکانی دادەماڵرێت[4]، بۆیە شێخ کە لە بەریەککەوتنی نێوان خۆی و دەسەڵاتەکانی بەریتانیا دڵنیا بووەوە، کاتی بە فیڕۆ نەدا و دەستپێشخەریی ڕێکخستنی شۆڕشێکی کرد کە گشت ئەندامانی خێزانی بەرزنجە[5] و خێڵە کوردەکانی کوردستانی ئێران، سەرباری خێڵەکانی کوردستانی عێراق[6]، هەروەها چەندین خێڵی ئەودیوی سنوورەکانیش تێیدا بەشدار بوون[7]. لە ١٩١٩/٥/٢١ بۆ چەند کاتژمێرێک دەستی بەسەر شاری سلێمانیدا گرت، ئاڵا نیشتمانیەکەی[8] بە پشتگیری عەشیرەتەکان هەڵ کرد. هاوشانی جووتیاران، بەڵام ئەوانە تەنیا چاوەڕێی ڕزگاریی نەتەوەیی سیاسییان نەدەکرد، بەڵکە سەرەدەرەیان بوو بۆ باشکردنی دۆخی کۆمەڵایەتییان[9]. گومان لەوەدا نییە پێشەوایەتیی ئاینیی شێخ مەحمود ڕۆڵێکی گرنگی نمایش کرد. لەم

---

(١) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، مصدر سابق، ص ٢٨٥.

(٢) أرنولد ويلسون، الثورة العراقية، تعريب جعفر الخياط، بيروت، دار الرافدين، ١٩٧١، ص ١١٦.

(٣) مذكرات رفيق حلمي، نقلا عن حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٤٣.

(٤) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٩٩.

(٥) عبدالأمير الحكام، تطور الحركة الوطنية، مصدر سابق، ص٢١.

(٦) أدموندز، سي.ج، كرد وترك وعرب، مصدر سابق، ص ٣٤.

(٧) نفس المصدر.

(٨) عباس ياسر الزبيدي، الثورة الكبرى سنة ١٩٢٠، رسالة ماجستير، القاهرة، جامعة عين شمس، ص ١٦٩.

(٩) عبد الرحمن قاسملو، مصدر سابق، ص ٨٥.

ساتەوەختانەدا سەرۆکی شەمزینان پشتی شێخ مەحمودی بەردا[1] و ڕووی کردە بەغدا، چاوی بە ویڵسۆن کەوت و چەند پێشنیارێکی خستە بەردەست. لەوانە بەریتانیا کار بکات بۆ دروستکردنی چەند ئیدارەیەکی کوردی خاوەن حوکمی خۆیەتی. بە کاریگەریی ئەم ئەنجامانە، بەریتانیا هێزێکی سەربازیی ڕەوانەی سلێمانی کرد، لەگەڵ هێزەکەی شێخ مەحمووددا بەریەک کەوتن، لە ئەنجامدا ئینگلیزەکان شکستیان هێنا، تا ناچار بوون هەڵمەتێکی فراوانی سەربازی دەست پێ بکەن. دواجار لە شەڕی بازیاندا بەسەر هێزە کوردییەکاندا سەرکەوتن و شێخ مەحمود بە دیل گیرا[2] و ڕەوانەی بەغدا کرا. هێزەکانی بەریتانیا چوونە سلێمانی، شێخ مەحمود دادگایی کرا و حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، کە گۆڕا بە زیندانی هەمیشەیی و دوور خستنەوەی بۆ هندستان[3]. ویڵسۆن باسی کوردستانی ساڵانی ١٩١٩ ـ ١٩٢٠ دەکات و دەڵێت "شێخ مەحمود لابرا، کە **ڕۆڵی بارۆنی لاسار و پیاوێکی ئاینی کۆ** کردبووەوە، ئیدی لە ماوەی ساڵی ١٩٢٠دا ئارامی بەرپا بوو"[4].

ساڵی ١٩٢١، نیشتمانپەروەرانی کورد سەرلەنوێ داوای حوکمێکی سەربەخۆی کوردییان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمودی حەفید کرد، کە لە چەند دەستەبەرەیەکی بچووکی کوردی لە ڕووناکبیرانی شارە کوردییەکان پێکهاتبوو[5].

لەو سەروبەندەدا، تورکیا دوای سەرکەوتنەکانی بەسەر یۆناندا، ناکۆکییەکانی نێوان کورد و بەریتانیای قۆستەوە و ساڵی ١٩٢٢ هێزەکانی لەسەر سنوور بڵاوە پێکرد. بۆیە بەریتانیا بۆ بەرگرتن لە مەترسییەکانی تورکیا، ڕێگەی خۆنزیککردنەوەی لە بزاوتی نیشتمانی کوردی گرتەبەر[6]. شێخ قادری برای شێخ مەحمودیش بە هەلی زانی و لەسەر داوای گەڕاندنەوەی شێخ مەحمود لە بەریتانیایەکان پێداگر بوو، ئەوانیش ڕەزامەندییان نیشان دا و لەگەڵ شێخ مەحمووددا لە تاراوگەکەی لە هندستان لەسەر گەڕانەوەی بۆ سلێمانی ڕێککەوتن، تا ئەو بۆشاییەی دروست بووە پڕی بکاتەوە.

لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٢دا، لە سلێمانیی پایتەختی کوردستان، ڕاگەیندراوێک دەرچوو، بۆ پێکهاتنی ئەنجوومەنێک لە هەشت وەزیر بە سەرۆکایەتی شێخ قادری برای شێخ مەحمود، هەروەها

---

(١) یەکێک بوو لە سەرکردەکانی کورد کە داوای مافەکانی کوردی دەکرد بە پاڵپشتی ئینگلیز لەو کاتەدا. (جلال الطالباني، مصدر سابق، ص٢٠٥).

(٢) أرنولد ويلسون، الثورة العراقية، مصدر سابق، ص١٢٠؛ عباس ياسر الزبيدي، ثورة الكري، مصدر سابق، ص١٧٠.

(٣) عبدالرزاق مطلك الفهد، الأحزاب السياسية في العراق ١٩٤٦ ـ ١٩٥٨ رسالة ماجستير، جامعة القاهرة، ١٩٧٥، ص٢١٣؛ الفلاحيين، ثورتنا، صص ٤٢ ـ ٤٣.

(٤) أرنولد ويلسون، الثورة العراقية، مصدر سابق، ص ١٢١.

(٥) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ٢١٦.

(٦) أدمونز، مصدر سابق، ص ١١٣.

چەند هێزێکی کوردی بە ناوی "سوپای نیشتمانی کورد" هاتە دامەزراندن، سلێمانییش بە پایتەختی حکوومەتەکە دیاری کرا.

لە ٢٠ی کانونی دووەمی ١٩٢٢، حکوومەتی بەریتانیا بەیانێکی دەرکرد، تێیدا لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا لە دامەزراندنی حکوومەتێکی کوردی لە کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا دانیان بە مافی کورددا نابوو. هەردوو حکوومەت ڕایانگەیاند کە هیواخوازن ڕەگەزە کوردییە جیاوازەکان، بەم زووانە لە نێوان خۆیاندا، بەو شێوەیەی حکوومەتەکەیان دەخوازێت بگەنە ڕێککەوتن[١].

ژمارەیەک ئەفسەر و ڕووناکبیری کورد ڕوویان لە سلێمانی کرد، خزمەتەکانیان خستە بەردەستی شێخ مەحمود، کەچی نەیتوانی کەڵکیان لێ وەربگرێت و، ڕێزی سەرگەورەی کەم ئەزموونی خێڵەکانی بەسەریاندا، بەمەیش بەڕێوەبردنی لە حوکمدا بەرەو هەڵدێر چوو.

شێخ مەحمود دەستی کرد بەوەی ناوچەکانی تر، بە تایبەت کەرکووک، بخاتە پاڵ قەڵەمڕەوییەکەی. بەمەیش ئینگلیز بەرهەڵستی کرد و پەیوەندییەکانی هەردوولا بەرەو گرژی چوون. شێخ مەحمود بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە زۆرینەی دانیشتوانی کەرکووک کوردن داوای ئەنجامدانی ڕاپرسی کرد، بەڵام ئینگلیزەکان کە پێشتر دەیانزانی خەڵکی کەرکووک دەخوازن بچنە پاڵ سلێمانی، لە داواکارییەکە ترسان[٢].

شێخ مەحمود دەستی کرد بە خرۆشاندنی هەستی دژە بەریتانیا لە کەرکووک، هەروەها لەجیاتی دژایەتیکردنی تورکیا، وەک ئینگلیز چاوەڕێی دەکرد. باخیبوونی شێخ مەحمود لە بەریتانیا بە ئاشکرا دەرکەوت. شێخ هەوڵیدا پەیوەندیی دۆستایەتی لەگەڵ مستەفا کەمال ئەتاتورکدا دروست بکات[٣]، هەروەک چاوی لە ڕوسیای سۆڤێتی بوو هاریکاریی بکات و پەیوەندیی دۆستایەتی دروست بکات[٤].

ئەم هەڵوێستانەی شێخ مەحمود بوونە هۆی بێزارکردنی بەرپرسانی بەریتانیا، ئەوانەی لە هەلێک دەگەڕان بۆ خستنی و جێگیرکردنی شێوەی کۆتایی دامەزراو لەسەر پاشکۆیەتیی کوردستانی عێراق و پاکتاوکردنی حکوومەتەکەی شێخ مەحمود[٥]. شێخ بۆی دەرکەوت کە بەریەککەوتن لەگەڵ بەریتانیا هەر ڕوو دەدات، ئیتر ڕێگە بۆ دەستپێکردنی کردەوە سەربازییەکان لەلایەن هەردوولاوە هەموار بوو.

(١) عبدالرحمن قاسملو، مصدر سابق، ص ٩١.
(٢) أدمونز، مصدر سابق، ص ٢٧٥.
(٣) شێخ مەحمود پێش جەنگی یەکەمی جیهانی چەند جارێک پەیوەندیی بە ڕوسیاوە کردبوو، پەیوەندیی بە ئەدۆڵف باڵوێزی گشتیی ڕوسیا لە بەغدا و کیرسانۆف باڵیۆزی ڕوسیا لە شاری موسڵ کرد. (کمال مظهر، وثائق وحقائق جديدة عن حركات الشيخ محمود، جريدة التآخي، ١٩٧٣/١٠/٨).
(٤) دەقی نامەکەی شێخ مەحمود بۆ سۆڤێت، پاشکۆی ٤.
(٥) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٠٠.

له ٤ی ئاداری ١٩٢٣دا، فڕۆکەکانی بەریتانیا بۆمبارانی سلێمانییان کرد و هێزەکانی چوونە ناویەوە[1]، بەڵام حکوومەتی عێراق لە سەردەمی وەزارەتی یەکەمی هاشمیدا، لە ١٩٢٤/٨/٤ ڕایگەیاند کە بەیەکجاری کۆتایی بە پەرگیری شێخ مەحمود نەهێندراوە، یان دەستگیر نەکراوە، هەروەک وەزارەتەکەی عەبدولموحسین سەعدونی پێی وابوو سیاسەتی گرژی و ستەم ئەنجامێکی دەبێت[2]، بۆیە بەریتانیا پەنای بردە بەر گفتوگۆ، لە تشرینی یەکەمی ١٩٢٦دا نوێنەریان لەگەڵ شێخ مەحمود کۆ بووەوە و داوای خۆڕادەستکردنی لێ کرد[3]. ئەویش لە بەرامبەر هێز و هەڕەشەدا بە ڕێککەوتن لەسەر ئەم خاڵانە ڕازی بوو:

١. بەبێ پرسی حکوومەت نە شێخ و نە چەند کەسێکی دیاریکراو لە خزمانی نەیەنە نێو خاکی عێراقەوە.
٢. شێخ بڕیار بدات بە دەستوەرنەدان لە کاروباری حکوومەتی عێراق.
٣. لێخۆشبوونی حکوومەت لە شێخ، کاریگەریی نابێت لەسەر سکاڵای کەسانی تر لە شێخ مەحمود[4].

بەمەیش جووڵانەوەی دووەمی شێخ مەحمود لە ١٩٢٧ بە کۆتا گەیشت.

زۆری نەخایاند دوای بەستنی پەیمانی نێوان بەریتانیا و عێراق ساڵی ١٩٣٠، بە بۆنەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە، شێخ دەستی بە جووڵانەوەکانی کردەوە و دوای ئەوەی توانیبووی هەڵبێت، لە ئێرانەوە هاتەوە سنوری سلێمانی، بەمەیش ڕێککەوتننامەکەی پێشووی هەڵوەشاندەوە و شۆڕشی بەرپا کردەوە. داوای لە مەندوبی سامیی بەریتانی لە بەغدا کرد کە حکوومەتی عێراق تێکڕای ناوچەی کوردستان لە زاخۆوە تا خانەقین چۆڵ بکات و حکوومەتێکی کوردی لە ژێر ئینتیدابی بەریتانیادا دابمەزرێت، تا کۆمەڵەی گەلان بڕیاری تایبەت بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی عێراق دەردەکات[5].

شێخ مەحمود نامەیەکی بۆ کۆمەڵەی گەلان نارد، کە تێیدا ڕاشکاوانە داواکارییەکانی گەلی کوردی خستەڕوو[6]. دەسەڵاتەکانی عێراقیش ئاگاداریان کردەوە کە دەبێت دەست لەم جۆرە جووڵانە هەڵبگرێت کە زیان بە سەروەریی عێراق دەگەیەنن. ئەمیش لە بەرامبەردا بەردەوام هانی یاخیبوونی دەدا دژ بە دەسەڵات[7].

---

(١) مصدر سابق، ص ٢٢٣.
(٢) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، مصدر سابق، ص ٦٩.
(٣) أحمد فوزي، خناجر وجبال، مصدر سابق، ص ٨٧.
(٤) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، مصدر سابق، ص ٢٨٩.
(٥) محمود الدرة القضية الكوردية، مصدر سابق، ص ١٥٧.
(٦) منذر موصلي، الحياة السياسية والحزبية في كردستان، رياض الريس، لندن ١٩٩١ ص١٤٦.
(٧) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، مصدر سابق، ص ١٠٣.

حکوومەتی عێراق هێزی پێویستی بۆ بەگژداچوونەوەی جووڵە تازەکەی شێخ مەحمود خستەگەڕ، هێزەکانی بەریتانیایش هاوشانی هێزەکانی عێراق لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جووڵەیەدا بەشدار بوون[1].

هێزەکانی بەریتانیا لە پەرتکردنی هێزەکانی شێخدا سەرکەوتن و نەیانهێشت هەڵبێت، بۆیە لە گەڕانەوە بۆ پێنجوێنی بارەگای سەرکردایەتیەکەی زیاتر چاری نەما. هێزەکانی عێراق توانیان بیگرن و دیلی بکەن، بەم جۆرە جووڵانەوەی سێیەمیشی لەناو برا[2].

بە گوێرەی بۆمان ڕوون بووەوە کە شێخ مەحمودی حەفید بە نیازی دامەزراندنی مەملەکەتی کوردستان بوو کە سلێمانی پایتەختی بێت، بەڵام شێخ مەحمود لە گەڵاڵەکردنی سیاسەتێکی دەرەکیی ڕووندا، کە پاڵپشتیی دەرەکیی لێوە دەست بخات، سەرکەوتوو نەبوو، بە شێوەیەک جارێک بۆلای تورکەکان دەرۆیشت و جارێکی تر دۆستایەتی بۆ ئێران هەبوو، هەڵسوکەوتێکی باشی لەگەڵ بەریتانیادا، کە لە کرۆکی خاکەکەیدا بوون، لە دانانی وێنەیەکی نوێی نەخشەی ناوچەکە بە هاوکاریی و تەبایی لەگەڵ فەرەنسادا ئەنجام نەدا.

وا دیارە شێخ مەحمود زیاتر لە هەر شتێک تێڕوانینە ئیسلامییەکان بەسەریدا زاڵ بوون، بۆیە بەڵێنەکانی هاوپەیمانانی بەهەند نەگرت.

## بارزانییەکان

بارزان گوندێکی بچووکە لە قەدپاڵی چیای شیریندا، لە ڕۆژهەڵاتی زێی گەورە. لە گوندەکانی قەزای زێباری سەر بە لیوای موسڵە کە دراوسێی لیوای هەولێرە و ماوەی ٢٥ کم دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری ئاکرێوە[3]. لەم گوندە گچکەیەدا، خێڵی بارزان نیشتەجێن، کە باوەڕی تەواویان بە بنەماڵەی شێخی بارزان هەیە و، لە شێخدا پیرۆزێتیی ئاینی و گیانیی دەبینن، سەرەڕای دەسەڵاتی ئەوکاتی بەسەریاندا.

سەبارەت بە زاراوەی بارزان، ڕۆڵی بارزانییەکان کە لە مێژووی نەتەوایەتیی کورددا ڕیشەی بۆ زیاتر لە سەدەیەک دەگەڕێتەوە، کۆی کەڵەپووری تێکۆشان و ئەزموونی خەبات لە سەرکەوتن و شکستهێنان دەگرێتەوە، هەروەها نیشانە تایبەت و گشتییەکانی بنەماڵەی بارزان، نەریتی شێخ و سەرکردەکانیان، مامەڵەکردنیان بەرامبەر گەل و نیشتمان، کاریگەرییان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتوریی گەلی کورددا، هەڵوێستیان لە هەمبەر ئاین و ئاینزا و ڕەچەڵەکەکانی تری کوردستان، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئیدارەی داگیرکاری بەریتانی و حکوومەتەکانی عێراقی دوای سەربەخۆییدا،

---

(١) المصدر السابق، ص ٢٩٢.

(٢) جلال الطالباني، المصدر نفسه، ص ٢٢٣.

(٣) محمد أمين زكي، الكرد وكردستان، مصدر سابق، ص١٥٦.

ڕۆڵیان لە هۆشیاریی نەتەوەیی و گەشەسەندنی بزاوتی نەتەوەیی و شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا و چۆنێتیی بەڕێوەبردنی پەیوەندییە نەتەوەییەکان لە نێوان بەشەکانی تری کوردستاندا. لەبارەی بنچینەی وشەی بارزانەوە، مەسعود بارزانی دەڵێت "خێڵی بارزان بە ناوی گوندی بارزانەوە ناو نراوە، کە ناوەندی شێخایەتی بووە. شێخەکانی بارزان دەچنەوە سەر بنەچەی میرەکانی ئامێدی (میرنشینی بادینان)، کە مەسعودی باپیریان بەرەو گوندی (هەڤنگا)ی نزیک بارزان هاتووە و لەوێ جێگیر بووە و کچی لە لادێکە خواستووە و کوڕێکی بە ناوی سەعید بووە، سەعید هەر لەوێ ماوەتەوە، تا شێخ تاجەدینی باپیری کۆچی کردووە، کە باپیری زانایەکی ئاینی گەورە بووە، ژمارەیەکی زۆر موریدی لەدەور بوونە و تەکیەیەکی لە بارزان دامەزراندووە و تێیدا ژیاوە"[1].

بەڵام جیاوک، توێژەری ناسراوی کوردی عێراقی، لە لێکدانەوەی وشەی بارزاندا لە کتێبەکەیدا، بارزانی ستەملێکراو، دەڵێت پێم وایە وشەی بارزان لە خێڵی (بەرزای)یەوە هاتووە، یاخود ناوی باپیرەگەورەیانە و بە مانای (خاوەن حەق) یان (حەقناس) دێت، یاخود هەڵگەڕاوەی (بارسال)ە واتە دەروێش، یاخود (بارزان) واتە برایانی سەفا. هەرچۆنێک بێت ناوی خێڵێکی گەورەی باکووری عێراقە، پاشان باسی بنەچەی شێخەکانی بارزان دەکات و ئەو ڕایە پەسەند دەکات کەوا شێخەکانی ئێستا نەوەی شێخ تاجەدینی نەقشبەندیی خالیدین[2]، کە بنەماڵەکەی لە بادینان بە گشتی و لە زێبار بە تایبەتی ناسراو بووە، بەمەیش لەگەڵ مەسعود بارزانیدا لە دیاریکردنی باپیرەگەورەی شێخەکانی بارزاندا یەک دەگرنەوە[3].

بنەماڵەی بارزان لە پیاوانی ئاینیی کە دەرەبەگ نەبوون پێکهاتبوو، هەمزە عەبدوڵا دەڵێت تەنیا ئەوان شێخ (پیاوانی ئاینی) بوون و دەرەبەگ نەبوون.

بەڵام نیکتین لە کتێبەکەیدا دەبێژێت: شێخەکانی بارزان وەک جووتیارەکان سادە بوون، باخێکی گچکەیان هەبوو. دوای پشکنینی ناوچەکەیش نیکتین دەڵێ: خاوەنی پارچە زەوییەکیش نەبوون، لە ساڵی١٩٣٠دا، بۆ چاندنی دووبەرەکی لە خێڵەکەیدا و لادانی لە ڕاپەڕین و بزووتنەوە، حکوومەت هەوڵیدا بەرتیل بە شێخ ئەحمەد بدات، هەربۆیە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ناوچەکەی کرد بە ناوییەوە، بەڵام شێخ ئەحمەد داوای کرد بە ناوی جووتیارانەوە بکرێن[4].

محەمەد بریفکانی، مێژوونووسی کوردی عێراقی، لە کتێبەکەیدا چەند ڕاستییەکی مێژوویی لەبارەی کێشەی بارزانی، چەند زانیارییەکی تر لەبارەی زاراوەی بارزان و چۆنێتیی بڵاوبوونەوەی تەریقەتی

---

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج١، ط٢، بيروت، كاوا للثقافة الكردية، ١٩٩٧. ص ٢٣.

(٢) متى عقراوي، العراق الحديث، ج١، بغداد، مطبعة العهد، ص ٧٥.

(3)http ://allker.yoo7comtt76.

(٤) كاوس قفطان، عرض موجز عن عشيرة بارزان في سلسلة (٢) عن منشورات اللجنة العليا لإحيا مئوية البارزاني، أربيل، ٢٠٠٣، ص٩٣٥.

نەقشبەندی تێیدا، دەخاتەڕوو، زۆرکەس وادەزانن بارزان خێڵێکە وەک ئەو دوای خێڵەکانی دی بەو ناوە ناونراوە، بەڵکە بارزان گوندێکە لە قەزای زێبار، بە خەڵکەکەی دەگوترێت بەڕۆژییەکان، بە عەرەبی واتە "مقابل الشمس"، شێخەکانی نەقشبەندی لە زووەوە نیشتەجێی ئەوێ بوونە، ناوی دانەپاڵ بۆ ئەم نازناوە نوێیە زیادی کردووە، ئیتر بە شیخەکانی گوتراوە شێخ فلانی بارزانی[1].

ئەم خێڵە لە سایەی سەرۆکایەتی شێخەکانەوە، چەند جارێک لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا هەوڵیداوە دەسەڵاتی خۆی بە سەر ناوچەکانی دەوروپشتیدا بسەپێنێت، بە کاریگەریی ئەنجامدانی ئەو ڕاپەڕین و بزووتنەوە نیشتمانیە زۆرانەی لەلایەن دانیشتووانەکەیەوە، کە بە سەربەخۆیی و ملکەچنەکردن ناسراون، گوندی بارزان لە دنیای سیاسەتدا ناسراو و بەناوبانگ بووە.

گوندەکە لەو کاتەوە مستەفای باپیرەگەورە تێیدا نیشتەجێ بوو ناوبانگی پەیدا کرد، کە لە شاری ئامێدیی پایتەختی میرنشینی بادینانەوە هاتبوو، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا تەکیەیەکی بۆ تەریقەتی نەقشبەندی دروست کرد، دواتر بنەماڵەکەی بە ناوی گوندەکەوە بە "بنەماڵەی شێخەکانی بارزان" ناسران[2]. بە تێپەڕبوونی کات (بارزان) بوو بە نازناوێکی گشتگیر بۆ تێکڕای ئەو تاک و کۆمەڵانەی لەژێر گوێڕایەڵیی شێخانی خەباتگێڕی ڕێی ڕزگاریخوازیدا بوون.

لە دێڕەکانی سەرەوەدا بۆمان ڕوون بووەوە لە ڕاستیدا بارزانییەکان عەشیرەت نەبوون، بەڵکە یەکێتیەکی خێڵەکی بوون، پەیوەندیی دۆستایەتیی بۆ بنەماڵەی شێخەکانی بارزان کۆی کردبوونەوە[3].

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، پیاوێکی ئاینی، بە ناوی محەمەد، کە لە شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندی بوو، دەرکەوت. وەک نیسبەتێکیش بۆ گوندی بارزان، ناوی بارزانیی هەڵبژارد. شێخ عەبدولسەلام جێگەی شێخ محەمەدی گرتەوە[4]، چوار برای هەبوو: شێخ ئەحمەد، مەلا مستەفا، شێخ سدیق و محەمەد بابۆ. پاشان بنەماڵەکە دەسەڵاتی بەسەر ناوچەی بارزان و دەوروبەریدا گرت.

شێخ عەبدولسەلام دوای کۆچی باوکی ١٨٧٤ ـ ١٩١٤ بووە مەرجەعی بارزان، پەیوەندیی بە تورکەکانەوە تێکچوو، بە ناوی کوردەوە چەند داخوازییەکی لە حکوومەتی عوسمانی کرد، لەوانە:

١. کوردی لەپاڵ تورکیدا زمانی فەرمی بێت.

٢. زمانی کوردی لە گوتنەوەی وانەکانی فێرگەدا بەکار بهێنرێت.

٣. دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد کە لە ناوچە کوردییەکاندا بە کوردی بدوێن.

---

(١) محمد البريفكاني، حقائق تاريخية عن القضية البارزانية، أربيل، ص١١.

(٢) مصطفى جواد، دليل الجمهورية العراقية، مصدر سابق، ص١٣٧.

(٣) عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى البارزاني قائد الثورة الكردية وملهما، جامعة دهوك، دهوك، مركز الأبحاث العلمية والدراسات الكوردية، ٢٠١٢، ص ١٠.

(٤) محمود الدرة، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ١٩٤.

٤. دامەزراندنی موفتی و قازیباتی شافیعی مەزهەب لە کوردستان.
٥. باجەکان بە گوێرەی شەریعەت لە خەڵکی وەربگیرێن و لە چاککردنی ڕێگەوباندا خەرج بکرێن[١].

عوسمانییەکان ئەم داخوازییانەیان ڕەت کردەوە، کە شێخ عەبدولسەلام ڕێگەی لە ناردنی شوێنکەتووانی خۆبەخشی بۆ ناو سوپای عوسمانی گرت و وازی لە باجدان هێنا و لە شاری ئاکرێ لێیان یاخیبوو[٢]. پەیوەندییەکان بەرەو ئاڵۆزی چوون، لەو سەروبەندەدا ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور) تا ڕادەیەک ئاسایشی لەدەست دابوو و ئاژاوەی تێدا دروست بووبوو[٣]. ئەم بارودۆخە شێواوە وای لە شێخ عەبدولسەلام کرد بڵێت[٤]:"لەم کاتەدا حکوومەتێک نەماوە تا یەکگرتوو بین و کێمان ویست بەرزی بکەینەوە".

هەربۆیە شێخ عەبدولسەلام ڕاپەڕینی دژ بە عوسمانییەکان ڕاگەیاند، لەو کاتەدا، پێش هەڵگیرسانی جەنگ، بارودۆخی بادینان تێک چووبوو، خەڵکی تەواو ئامادە بوون دژ بە عوسمانییەکان چەک هەڵ بگرن، بۆیە خەڵک لە دەوری شێخ عەبدولسەلام کە خەریکی هاندانی سەرۆک خێڵەکان بوو بۆ یەکگرتن و گوشارخستنە سەر ئاستانە بۆ وازهێنان لە سیاسەتی کەنارخستنی ناوچەکە، خڕ بوونەوە.

سەدیق ئەلدەمەلۆجی، بریکاری قایمقامی ئامێدی، دەڵێت، لەگەڵ شێخ عەبدولسەلامی بارزانیدا لە پەیوەندیدا بووە و لە گفتوگۆیەکدا لەنێوانیاندا شێخ عەبدولسەلام پرسیویەتی "ئایا حکوومەتی (ئیتیحادی) لێ گەڕاوە خۆمان بۆ پەخشکردنی زانست تەرخان بکەین و میللەت لە نەزانی قوتار بکەین، ئێمە پێویستمان بەوەیە گوندەکانمان ئاوەدان بکەینەوە کە بە هۆی شەڕوشۆڕەوە وێران بوون؟" ئەلدەمەلۆجی لە وەڵامدا دەڵێت "پێویست بوو لەگەڵ حکوومەتدا گوتوبێژ بکەن و دیمەنی شێواوی خۆتان لە زەینیدا بسڕنەوە".

شێخ عەبدولسەلام گوتی "ڕێگەکە بە ڕووماندا بەستراوە، کەسێک نییە داکۆکیمان لێ بکات، گەر کەسێکیش بەرگریمان لێ بکات، ئەوا لەبەر خوا نایکات و هەموویان خاوەن بەرژەوەندین"[٥].

لەم گوتوبێژەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە شێخ عەبدولسەلام چەندە لە سەر مافی هەموو کورد پێداگر بووە، دوور لەو ڕوانگە تەسکەی کە بنەماڵەی خێڵی بارزانی پێ تۆمەتبار دەکرێت.

---

(١) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ١٥٣.
(٢) دەقی نامەگۆڕینەوەی دیپلۆماتکارانی بەریتانیا لەبارەی شەڕەوە لە بارزان، لە نێوان شێخ عەبدولسەلام و عوسمانییەکاندا، پاشکۆی ٥.
(٣) عامر بلو إسماعيل، الموصل سنة ١٩١٣ وفقا لتقارير البريطانية في الموصل، إضاءات موصلية (مجلة) العدد (٣٠) حزيران/يونيو٢٠٠٩.
(٤) ڕەفیق حیلمی، ص٣٠ ـ ٣١.
(٥) صديق الدملوجي، إمارة بهدينان الكردية، أو إمارة العمادية، الموصل، ١٩٥٣، ص ٥٢.

ڕاپەڕینەکەی شێخ عەبدولسەلام ترسێکی گەورەی هاوێشتە دڵی کاربەدەستانی ئیتیحادییەوە، چونکە دەیانزانی عەبدولسەلام لە توانایدا هەیە ژمارەیەکی زۆر لە خێڵەکانی کوردی عێراق و ئێران لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، لێ ئەوەی ئیشی ئیتیحادییەکانی ئاسان کردبوو نەبوونی یەکێتی و پەیوەندیی نێوان ڕاپەڕینەکانی کورد بوون، لەو کاتەدا ناوچەکە شەپۆلێکی گرانیی بە خۆیەوە بینی کە پێشتر وێنەی نەدیترابوو[1].

شێخ عەبدولسەلام و هێزەکانی (لە بارزانییەکان) لە ١١ و ١٢ی ئابی ١٩٠٨، لە ناوچەی ئاکرێ، لەگەڵ سوپای عوسمانیی پڕچەک بە تۆپهاوێژ [2]وکۆمەڵێک لە خەڵکی ڕەمەکدا بە سەرکردایەتی والیی موسڵ (فەریق محەمەد فازڵ داغستانی) تێکگیران[3]. هێزەکانی شێخ عەبدولسەلام تێکشکان و زیاتر لە نیوەیان کوژران و لە زێی گەورەدا نوقم بوون. پاشان هێرشێکی تر کرایە سەر (بارزان)ی ناوەندی بزووتنەوەکە و کاول کرا و خەڵکەکەی توشی هێرشی دڕندانە بوونەوە. شێخ و براکانی هەڵهاتن، شێخ خۆی حەشاردا و دواجار دەستگیر کرا[4]. برایە ئەنجوومەنی عورفیی سەربازی و، بە بڕیاری والی لە کانونی دووەمی ١٩١٤دا، لەگەڵ سێ کەس لە پشتیوانانی[5] بە لەسێدارەدان حوکم دران[6]. هێزەکانی عوسمانییش توانیان سەرپاکی بنەماڵەی شێخ عەبدولسەلام دیل بکەن، لە ناویشیاندا مەلا مستەفای منداڵ، کە لە شاری موسڵ بەندیان کرد[7].

لەم دۆخە سەخت و ناهەموار و نائاساییەدا و، لە ژینگەیەکی پڕ لە بیرە سیاسی و چاکسازی و شۆڕشییەکاندا، مەلا مستەفا پەروەردە و گەورە بوو، بیری نەتەوەیی و خۆشویستنی ئازادی و ڕزگاری لە باب و باپیرانییەوە بۆ مایەوە. بە لەشولارێکی بەهێزەوە لە چیاکان، لە نێوان سەدەی نۆزدە و بیستدا، لە جەرگەی ئەو ستەمە کەڵەکەبووەی لە خێزان و گەلەکەی کرابوو، پێ گەیشت.

---

(١) سەرژمێرییەکی ورد لەبارەی دۆخی هەژاری و ڕیانەکانی ناوچە کوردییەکانی ئەو کات لەبەردەستدا نییە، بەڵام خۆ دەکرێت بە چاوگێڕانێک بە ڕیانەکانی حوودی تورکیادا بیرۆکەیەکی ڕوون پێک بهێنرێت، گەر ژمارەی ئاژەڵ ساڵی ١٩٠٨ گەیشتبێتە نزیکەی ٤٠ ملیۆن سەر، ئەوە پێش جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ ١٩ ملیۆن دابەزی، زەویی کشتوکاڵییش لە ڕووبەری ئیمپراتۆریی لە ٦٤ ملیۆن دۆنمەوە بۆ ٢٥ ملیۆن داکشا، کە بووە هۆی دابەزینی بەرهەمی توتن و لۆکە و میوەجات.

(٢) ڕاپەڕینەکەی شێخ عبدالسلام یەکەم جووڵانەوەی چەکدارانەی سەدەی بیستەم بوو، کە ئامانجێکی سیاسی ڕوونی هەبوو، داواکارییەکانی بەڕوونی گەیاندە حکومەت و بۆنی داواکاریی سیاسیی ڕێکخراو و بەرنامەبۆدارێژراوی لێ دەهات.

(٣) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٤٠١.

(٤) نفس المصدر.

(٥) صديق الدملوجي، إمارة بهدينان، مصدر سابق، ص ٥٩.

(٦) ستيفن لونكريك، أربعة قرون في تاريخ العراق، ترجمة جعفر الخياط، بيروت، دار الكشاف، ١٩٤٩ ص ٨٩.

(٧) اليرت. عسبنا ميفيلي، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمة هاشم صالح التكريتي، بغداد، مديرية مطبعة جامعة بغداد، ١٩٧٨، ص ٣٣٢.

شێخ عەبدولسەلام ساڵی ١٩١٤ شێخ ئەحمەدی برای جێهێشت، ئەویش لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بووە شێخی بارزان[1] و بە درێژایی جەنگی یەکەمی جیهانی بە هێوری مایەوە. پاش کۆتاهاتنی جەنگ لە سەر شانۆی سیاسی دەرکەوت و لە کوشتنی مستەر بێل حاکمی سیاسیی بەریتانی و کاپتن سکوتی یاریدەدەریدا، لە هێرشێکدا بۆ سەر ئاکرێ ساڵی ١٩٢٠، بەشداریی بە زێبارییەکان کرد، پاشان لە پەلامارێکی تردا بۆ سەر ئامێدی ساڵی ١٩٢٢ بەشداریی بە خێڵەکانی تر کرد.

لە ٣١ی ئاداری ١٩٢٨، مێجەر ویڵسۆن پشکنەری ئیداریی لیوای موسڵ چاوی بە شێخ ئەحمەد کەوت، داواکارییەکانی شێخ بە پلەی یەکەم خێڵەکی بوون، لە بابەتی مافی سەرپەرشتیکردن و چاودێریی گوندەکانی سەر بە قەزای ڕەواندز. ویلسۆن پێی ڕاگەیاند کە حکوومەتی عێراق وەڵامی داخوازییەکان ناداتەوە، هەر زوو بزووتنەوەکەی شێخ ئەحمەد دەستی بە نوێبوونەوە کردەوە.

ناوچەی بارزان بۆ تاکە ڕۆژێکیش بە کرداریی ئارام نەبووەوە. شێخ ئەحمەدی بارزان ١٨٩٢ ـ ١٩٦٩، کە شێخ عەبدولسەلام دایnabوو، گیانێکی ڕێکخستنی بە بزووتنەوە نیشتمانی بەخشی بوو[2].

کە ساڵی ١٩١٨ ئاگربەست ڕاگەیەندرا، بارزانییەکان بە هەلیان زانی دەسەڵاتیان بەسەر خێڵەکانی دەوروبەردا بسەپێنن و بۆیشیان چووە سەر[3]، دەسەڵاتی ڕۆحی و عەشایەریی شێخ ئەحمەد زیادی کرد، توانستە سەربازییەکانی مەلا مستەفای برای دەرکەوتن و، بوو بە کەسێتیی میحوەریی لە سەکردایەتیی سیاسی و سەربازیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

دوای کۆتاهاتنی شەڕ ساڵی ١٩١٨، شێخ ئەحمەد مەلا مستەفای بۆ باکووری کوردستان ڕەوانە کرد، تا لەوێ چاوی بە کەسایەتییە کوردییەکان بکەوێت و پرسی سەربەخۆیی کوردستان تاوتوێ بکەن، ماوەیەک دواتر بارزانی لە سەروو جەنگاوەرانییەوە ڕۆیشت بۆ پشتگیریی بزاوتەکەی شێخ مەحمودی حەفید، دژ بە هێزە داگیرکارەکانی بەریتانیا.

دوای پێکهاتنی حوکمی نیشتمانی لە عێراق، بارزانییەکان هەوڵیاندا دەسەڵاتیان فراوانتر بکەن، کەچی بڕێک لە سەرۆک خێڵەکانی کورد بوونە ملۆزمیان، نموونەی شێخ ڕەشید لۆلانی لایەنگری حکوومەت[4]. ئەمەیش بووە هۆی گرژیی بەردەوام لەنێوان بارزانییەکان و شێروانییەکاندا و بارزانییەکان توانیان شێروان داگیر بکەن[5].

---

(١) محمود الدرة، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ١٩٥.

(٢) البرت. ميشا فيفيلي. العراق في سنوات الانتداب البريطاني، مصدر سابق، ص ٣٣٢.

(٣) عبدالرزاق الهلالي، معجم العراق، بغداد، مطبعة النجاح، ١٩٥٣، ص ١٣١.

(٤) المصدر نفسه.

(٥) محمود الدرة، القضية الكردية، مصدر سابق، صص ١٢٤ ـ ١٢٥.

بەریتانیا و حکوومەتی عێراق بە دڵەڕاوکێوە لە هەژموونی زیادبووی شێخ ئەحمەدیان دەڕوانی، بە تایبەت دوای پەیوەندییەکانی بە شێخ مەحمودەوە، ئەمەش بوو هۆکاری هێرشەکەی بەریتانیا ساڵی ١٩١٩ ـ ١٩٢٢ بۆ سەر ناوچەی بارزان و کاولکردنی زۆرێک لە گوندەکانی(١).

شۆڕشەکانی پێشتر کە نەیاندەهێشت بارزانییەکان سەرکردایەتی بکەن، بە سەرکردایەتی میر و سەرۆک خێڵەکان و ڕێبەرانی ئایینی کوردەوە هەڵدەگیرسان، سەرجەمیان بە هۆی نەبوونی ڕێکخستن و پلانی سیاسییەوە شکستیان دەهێنا، ئامانجی هەموویشیان دەستگرتن بوو بەسەر ناوچە کوردییەکاندا.

ئەو شۆڕشانەی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا بەرپا بوون، ڕێگەخۆشکەر بوون تا لە نێوان پیاوانی بیری شۆڕشگێڕانەدا مانای نوێ و نادووبارە بێننە ئاراوە، لەوانە پشتنەبەستن بە ناوەندێتیی خێڵەکی، بە واتای پشتنەبەستن بە پێشەوایانی خێڵەکی یان ئاینی بە شێوازە کۆنەکەیان، هەروەها گەڕان لە دوو ژمارەیەک کادری شۆڕشگێڕی نوێ کە پڕچەک بن بە بەها هزری و ئایدۆلۆژییە نەتەوەییەکان، هەربۆیە لە سەرەتای سەدەی بیستدا بیری شۆڕشگێڕانە هاوشانی شۆڕشە سەربازییەکان خەریک بوو سەری هەڵ دەدا.

لەم کەش و هەوایەدا ئەستێرەی بنەماڵەی بارزانی دەستی بە درەوشانەوە کرد، جەماوەریش لە دەوری کۆ دەبوونەوە، بەتایبەت دوای شکستی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفیدی بەرزنجی، شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفای بارزانی خۆیان بۆ سەرکردایەتی جەماوەر تەیار کرد.

## مەلا مستەفای بارزانی ... دەرکەوتن و سەرهەڵدان

مستەفا بارزانی، لە ١٤ی ئاداری ١٩٠٣، لە گوندی بارزانی سەر بە پارێزگای هەولێر هاتووەتە دنیاوە. هێشتا سێ ساڵی پڕ نەکردبووەوە لەگەڵ دایکیدا لە شاری موسڵ زینداني کران، دوای ئەوەی هێزەکانی عوسمانی بنەماڵەی بارزانيی دیل کردن و خستنيە کونجی بەندیخانەوە.

ساڵی ١٩١٩، کە سەرکردایەتی سێسەد جەنگاوەری بارزانیی دەکرد، بە مەبەستی یارمەتیدانی شێخ مەحمودی حەفید بەرەو سلێمانی کەوتە ڕێ، جارێکی تریش بە فەرمانی شێخ ئەحمەدی بارزانی بۆ یارمەتیدانی شێخ سەعیدی پیران لە تورکیا، کە دژ بە تورکە عوسمانییەکان لە شۆڕشدا بوو، چووە شاری دەرسیم. لە ساڵی ١٩٢٠ ـ ١٩٢١یشدا کە سەرکردایەتی هێزێکی چەکداری دەکرد بۆ هاوکاریی (ئەندرانیک)ی پاشای ئەرمەنستان ڕۆیشت، هەر لەو ساڵانەدا، گەڕایەوە دژ بە هێرشەکانی دەوڵەتی عێراق بۆ سەر کوردستان، کە بە توندی بە عێراقەوە گرێدرابوو، وەستایەوە.

---

(١) حامد محمود عيسى، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ٢١٣.

# بەشی یەکەم

# مەلا مستەفا و ڕووداوەکانی ساڵانی (١٩٣١ ـ ١٩٥٨)

## شۆڕشی یەکەمی بارزان ١٩٣١

حکوومەتی عێراق پابەند نەبوو بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلان بەرامبەر بە کورد و لەو دیاردە و بڕیارانەیش ئەمانە بوون:

١. دامودەزگا فەرمیەکانی کوردستان ڕێژەیەکی زۆری نەتەوەی جیاواز لە کوردی تێدابوو، ڕێژەیان لە فەرمانبەرانی کورد زیاتر بوو، ژمارەی کورد لە دامودەزگاکاندا ٣٢٤ فەرمانبەر بوو، لە هەمان کاتدا ژمارەی فەرمانبەرانی تر ٤٠٧ فەرمانبەر بوون کە لە نەتەوە جیاوازەکان بوون[1].

٢. نەبوونی هیچ بەڕێوەبەرایەتییەکی توێژینەوەی کوردیی یەکگرتوو لە هەر چوار ویلایەتەکەدا، هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، موسڵ (جگە لە ناوەندی موسڵی "عەرەبی").

٣. نەبوونی قوتابخانەی ناوەندیی تایبەت بە قوتابیانی کورد.

بۆیە نوێنەری سامی بەریتانی داوای یەکخستنی سیستەمی فێرکاری لە کوردستانی عێراق و پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی فێرکاری لە ناوچەکەدا بە سەرپەرشتی فەرمانبەرانی کورد کرد، هەروەها داوای دانانی بەرنامەیەکی تەواوی بۆ کۆرسی خوێندنی ناوەندی لە هەولێر و سلێمانی کرد، هەروەها داوای خستنە بەرنامەی هەموو ئەو بابەتانەی ئاماژە بە کورد دەکەن لە زانستی عێراقیدا کرد[2].

لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٣٠دا، شا فەیسەڵی یەکەم و نوێنەری سامیی بەریتانیا کۆبوونەوە[3] بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی کورد لە عێراق بە ئامانجی هاندانی شا بۆ باشترکردنی مامەڵەی لەگەڵ کورددا[4]. شا وەڵامی دایەوە، ئەو لە کاتێکدا پشتگیری لێ دەکات، حکوومەت ڕێگەی بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی دابێت. جگە لەوەیش ئەو دڵنیا نییە لە کار و چالاکییەکانی هەندێک لە کۆمەڵە ڕامیارییەکانی کورد، بوونی ئەوانە لە عێراقدا، پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا تووشی شەرمەزاری دەکات. نوێنەری سامیی بەریتانیا وتی دەبێت مامەڵە لەگەڵ کورددا وەک مامەڵە لەگەڵ ئینگلیز بێت بەرامبەر سکۆتلەندییەکان لە بەریتانیا، ڕێزگرتنی مافی سکۆتلەندییەکان و پاراستنی شوناس

(1) FO 371/14521 Note of interview between the High commissioner for Iraq and king Faisal on 20 mag 1930.

(2) Fo 371/14521، The Residency، Baghdad 23 April 1930 to the secretary of state for colonies.

(3) Fo371/14521 Not of interview between the High commissioner for Iraq and King Faisal.

(٤) دار الكتب والوثائق (بغداد) د.ك. و(بغداد) ٣١١/١١٩٣، القضايا الكوردية، تقرير من المستشار البريطاني لوزارة الداخلية إلى وزير داخلية العراقي والمؤخر في ١٨ حزيران/يونيو ١٩٣٠.

و دابونەریتیان ئەوەبوو پاڵی بەم گەلەوە نا بۆ یەکێتی و ئاوڕدانەوە لە ئینگلتەرا. نوێنەری سامیی ئەو ڕێوشوێنانەی کە دەزگاکەی پێی هەستاوە بۆ ئێوە باس کرد، بۆ ڕێگیریکردن لە عێراق و بەشداریکردنی لە کۆنگرە نەتەوەییە کوردییەکاندا کە ئامانجیان ئاراستەی وڵاتانی دراوسێیە، بە هەمان شێوە ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا یاداشتێکی تێروتەسەلی لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٣٠ ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کرد، کە بە هۆیەوە ئامۆژگاری و هۆشداری لە چۆنێتیی گرتنەوەی داواکارییەکانی پێشکەش کرد.

دەستەیەک لە شاری سلێمانی بە پەلە کەوتنە ناردنی بروسکە بۆ وەزیری داگیرکارییەکانی بەریتانیا و تێیدا داوای مافەکانی کوردیان بۆ نێو چوارچێوەی پەیمانی عێراقی ـ بەریتانی کرد[١]، شڵەژان و بارگرژی لە سلێمانی هەڵگیرسا[٢]. عێراق لەو ماوەیەدا لە ژێر پاڵەپەستۆی ترسی لایەنی تورکیدا بوو، ئەوەی دژی عێراق بوو بە بەخشینی هەر مافێک یان هەر سەرکەوتنێک و هاندانی داواکاریەکانی نەتەوەی کورد، لە ترسی ئەوەی کار بکاتە سەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و کوردستانی تورکیا، لە هەمان کاتدا نوری سەعید و جەعفەر عەسکەری هاتنە لای کورد، بە ئامانجی هاندانی کورد و بەرهەڵستییان بو درێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵاتی بەریتانیا لە عێراق.

لە ٣ی ئابدا، جەماوەری شاری سلێمانی هەستان بە ناردنی بروسکەیەکی ناڕەزایی بۆ جێگری نوێنەری سامی و گەیاندنی بروسکەکەیان بە کۆمەڵەی گەلان، کە لە نێویدا داوای دامەزراندنی حکومەتێکی کوردییان کردبوو لەژێر سەرپەرشتیی کۆمەڵەی گەلاندا[٣].

لە ئەنجامی ئەو کارەی کە سوپا دژی کورد ئەنجامیدا، لەو کارە ناڕەوا و دژ بە مرۆڤایەتییەی پێی هەستابوون، شێخ محمود بە نامەیەکی ناڕەزایی لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٣٠دا، ئاگاداری و هۆشیاریدا، تێیدا ناڕەزایی بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتانە دەربڕی کە قەسابخانەیەکی دژ بە مرۆڤایەتییان دژ بە کورد ئەنجام دابوو، شێخ مەحمود گوتارێکی ئاراستەی نوێنەری سامی کرد و گوتی:

"ڕوون و ئاشکرا بووەوە، وەک بەڵگەیەک کە لاتان مەحاڵە پێکەوە ژیانی کورد و عەرەب لە دوای ئەمەوە"، کۆتایی نامەکە بەم گوتەیە تەواو دەکات:"بە ناوی ئەم گەلە ئارییەوە، سەرجەم کورد داوای جیابوونەوە لە عەرەب و دانانیان لە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیادا دەکەن"[٤]. نوێنەری سامییش کۆپییەکی لەم نامەیە بۆ نوری سەعید نارد.

---

(١) دار الكتب والوثائق :د.ك. و (بغداد) ٣١١/١١٩٣ القضايا الكردية، مجلس وزراء (سري) الكتاب رقم ١١١١ في نيسان/ابريل ١٩٣٠.

(2)Fo 371/14521 telegram from the Note bles of sulaimania to the secretary of state for the colonies 10July.

(3)Fo 371/14721 telegram from the Acting High commissioner for Iraq to the secretary of state for the colonies Augus 1930.

(4)Fo 371/14523, secret No.P.O.225 the Residency Baghdad 8 october 1930 to Nuri pasha al saied.

کۆمەڵەی گەلان لە بڕیارێکیدا کە لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٣١ دەرچوو، داواکاریی کەسایەتییە کوردەکانی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی کوردی بە سەرپەرشتی کۆمەڵەی گەلان، ڕەتکردەوە[١].

شێخ مەحمود ئەم بارودۆخە شڵۆق و پێکدادانە خوێناوییانەی کە لە سلێمانی ڕوویاندا، قۆستەوە و هێزەکەی ڕێکخستەوە و گورزێکی توندی لە هێزەکانی حکوومەتدا و، هێزەکەی چەند سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا.

لەم چوارچێوەیەشدا، لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣١، شێخ ئەحمەدی بارزان دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگاکانی حکوومەتی عێراقی لە بارزان، بەڵام هەوڵە هاوبەشەکانی عێراق لەگەڵ هێزی ئاسمانی بەریتانیادا، کە بریتی بوو لە بەکارهێنانی هێزی ئاسمانی بەریتانی دەستی پێکرد و (ئەمەش پێچەوانەی دەقەکانی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ بوو، ئەوەی لە دەقەکەیدا هاتووە لەسەر بەکارهێنانی تەنها بۆ بەرگریکردن لە عێراق دژبە هەر دوژمنێکی دەرەکی).

لە مانگی چواردا، حکوومەتی عێراق بڕیاریدا هێرشی سەربازی بۆ ناوچەی بارزان ئەنجام بدات[٢]، بەڵام بەر لەوە حکوومەت ویستی سەرنجی شێخ ئەحمەدی بارزان، براگەورەی مەلا مستەفا ڕابکێشێت، بە ئامادەبوونی قایمقامی زێبار، بۆ ئاشکراکردنی چوونەپاڵ حکوومەت[٣]، بەڵام ئەم فێڵەیان بۆ نەچووە سەر، چونکە زانیاریی تەواوی هەبوو بەرامبەر بە نیازەکانی حکوومەت. جەنگاوەرەکانی ئامادەکرد و دابەشی کردن بۆ سێ بەش، کە هێزی سەرەکیی مەلا مستەفا سەرکردایەتی دەکرد. بارزانییەکان لەم جەنگەدا گورزێکی کوشندەیان وەشاند و زیانێکی زۆریان گەیاندە حکوومەت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هێزی شاهانەی بەریتانی بەشداری بکات.

هەر بەزوویی شانەی تەرازوو لە بەرژەوەندیی هێزی حکوومەت بەهێز کرا و بە هێڵی ئاسمانی بەریتانیا لاسەنگ بووەوە، شێخ ئەحمەد پەی بەوە بردبوو، بەڵام باوەڕی بە کێشەکەی و متمانەی بە دۆزی گەلی کورد، ئەم دووانە پاڵیان پێوە نا بۆ بەرەکانی جەنگ، سەرباری نایەکسانی لە ڕووی هێزی سەربازییەوە، ئەو دەڵێت:

"باش دەزانم ئەم جەنگە لە توانای خێڵێکی بچووکی وەک خێڵەکەی ئێمەدا نییە، بەرگری بەرامبەر هێزی بەریتانی و جەور و ستەمی، بەڵام ژیان هەڵوێستەیەکی ئابڕوومەندانەیە، دەمەوێت خودا و ویژدانم

(١) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص١٥٥.
(٢) م.ح.و :صفات البلاط الملكي، ملف رقم ٤٣ د ٤/٧. كتاب وزراء الدفاع إلى مجلس وزراء في ١٩٣١/١/٣٠.
(٣) ملف وزراء الداخلية المرقم ٢٧/م ل١ المؤرخ في ١٣نيسان/أبريل ١٩٣٢.

قایل بکەم، دەمەوێ مێژوو ئەوە تۆمار بکات کە ئێمە بەو توانا کەمەی هەمانە بەرامبەر بە داگیرکاری بەریتانیا و بەکرێگیراوانی جەنگاوین و، کرتوشمان بۆ نەبردوون"[1].

شۆڕشی یەکەمی بارزان بە لەدایکبوونی کۆکردنەوەی گەلی کورد دادەنرێت، ئەوەیش ئەزمونێکی زیندوو بوو بۆ دەرکەوتنی توانا سەربازییەکانی مەلا مستەفا لە دەیەکانی دواتردا.

لە ڕوانگەی درەوشانەوەی ئەستێرەی گەشی و، ڕۆڵی بارزانییەکان، حکوومەت داوای لێکتێگەیشتن و کۆبوونەوەی لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزاندا کرد، شێخ ئەحمەد، مەلا مستەفای برای لە ٢٨ ئەیلوولی ١٩٣١دا نارد بۆ موسڵ. لەوێ لە یانەی سەربازگە دابەزی، هەریەك لە جێگری موتەسەریف، ماجد مستەفای قایمقامی ئامێدی، سەرکردەی ناوچەی باکوور عەقید بەرقی سدقی (برای بەکر سدقی) سەردانیان کرد، پاش گوتوبێژ و ئاڵوگۆر لەبارەی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی بارگرژی و نائارامی، مەلا مستەفا ئەوێی جێهێشت و بە هاوڕێیەتیی ژمارەیەک لە بارزانییەکان بۆ بەغدا چوو[2].

مەلا مستەفا چەند ڕۆژێک لە بەغدا مایەوە، گفتوگۆ لەسەر هیچ شتێک بە ڕێوە نەچوو، مەلا مستەفا لە ١٠ تشرینی یەکەمی ١٩٣١دا گەڕایەوە بۆ بارزان، دوای چەند ڕۆژێک شۆڕشی یەکەمی بارزان بەرپا بوو.

لەم ماوەیەدا کێشە و ئاڵۆزییەکانی نێوان شێخ ئەحمەدی بارزان و شێخ ڕەشیدی لۆلان توندتر بوون، شێخی خێڵی شێروانییەکان بووە لایەنگری حکوومەت، بە هۆی فراوانبوونی دەسەڵاتی شێخ ئەحمەدی بارزانەوە، ئەمەیش بووە هۆی بەریەککەوتنی هەمیشەیی لەنێوان بارزانییەکان و شێروانییەکاندا. ئەم کێشە و جیاوازییە قابیلی تەقینەوە بوو[3]، کێشەکان ئاڵۆزتر بوون بە تایبەت دوای ئەوەی شێخ ڕەشید، جیهادی دژ بە شێخ ئەحمەد ڕاگەیاند و حکوومەتیش هەوڵیدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتەی نێوانیان لە ڕێگەی لێژنەیەکی دادوەرییەوە کە لەمانە پێک دەهات:

١. موتەسەڕیفی موسڵ و هەولێر.
٢. قایمقامی ڕواندز و زێبار.
٣. نوێنەری هەریەک لە شێخ ئەحمەد و شێخ ڕەشیدی لۆلان.

(١) عثمان علي، الحركة الكردية المعاصرة، دراسات في الحركة الكردية المعاصرة، ١٩٣٣ ـ ١٩٤٦، أربيل، مكتب التفسير ٢٠٠٣، ص ٥٩٠.

(٢) عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى البارزاني، مصدر سابق، ص ١٧.

(٣) محمود الدرة، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ١٩٧ ؛ ئەم زانیارییانەی کە نووسەر لەم سەرچاوەیەوە وەری گرتون هەڵەیان تێدایە، چونکە شێخ ڕەشید سەرۆکخێڵی برادۆستییەکان بووە نەك هی شێروانییەکان و بەم جۆرەیش بەریەککەوتنەکە لە نێوان بارزانییەکان و برادۆستییەکاندا بووە نەك شێروانییەکان کە خۆیان بەشێکن لە بارزانییەکان. ( بۆردی ڕاوێژکارانی دەستەی ئینسکلۆپیدیا).

لێژنەکە لە سەرەتاکانی تشرینی دووەمی ١٩٣١دا، لە ئاکرێ کۆبوونەوە، بە ئامادەبوونی مەلا مستەفا بارزانی، وەک نوێنەری شێخ ئەحمەدی برای، ئەمە یەکەم کار بوو کە مەلا مستەفا لەسەر ئاستی ڕامیاری ئەنجامی بدات، بەڵام هەردوولا نەگەیشتنە ڕێککەوتن، بۆیە گەڕانەوە بۆ جێی خۆیان[١].

بەهۆی سەرنەکەوتنی کاری ئەم لێژنەی ناوبژییەوە، شێخ ئەحمەد، مەلا مستەفای برای، لەگەڵ نزیکەی ٦٠٠ چەکدار لە شوێنکەوتووانی نارد[٢]، بۆ هێرشکردنە سەر گوندەکانی شێخ ڕەشیدی لۆلان لە برادۆست، کە حەوت لە گوندەکانی سوتاند[٣]. مەلا مستەفا بۆ یەکەمجار وەک سەرکردەیەکی جەنگی لە ساڵی ١٩٣١ ناوبانگی دەرکرد کە لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا بوو[٤].

لە کۆتاییەکانی ئەم ساڵەدا، مەلا مستەفا ڕێگەی لە قایمقامی زێبار گرت و لەگەڵ هەشت پۆلیسی ئەسپ سواردا دەستگیری کرد[٥]، حکوومەت دڵنیابووەوە کە هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ناوچەیەدا و دامەزراندنی ئیدارەیەکی مەدەنی تێیدا، جگە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی سەربازیی فراوان[٦]، بۆیە حکوومەت لە ١٢ کانونی دووەمی ١٩٣٢ بڕیاریدا، بە جووڵانەوەی سەربازی بۆ سەر ئەم ناوچەیە بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئاسایش تێیدا، هەروەها بۆ گرتنی ڕێگا لە بەرامبەر هەڵهاتنی بارزانییەکان بۆ تورکیا، حکوومەت داوای لە تورکیا کرد کە لەکاتی پەنابردنیاندا بۆ تورکیا، نە شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا، نە لایەنگرانیشیان وەرنەگرێت[٧]. ئیتر پەیمانی ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦ لە نێوان تورکیا ـ بەریتانیا ـ عێراقدا بەسترا.

وەزارەتی بەرگری داخوازییەکانی ئاراستەی سەرکردەی ناوچەی موسڵ، محەمەد بەرقی شەوقی وەیس (برای فەریق بەکر سدقی) کرد، کە تێیدا فەرمانی بە جێبەجێکردن و ئەنجامدانی ئەم کارە دەرکرد، بەڵام ئەم ئەفسەرە لە باتی ئەوەی هێرشی لەناکاو بکاتە سەر شێخ ئەحمەد، ئاگادارکردنەوەیەکی بۆ نارد، تێیدا داوای خۆ بەدەستەوەدانی لێ کردبوو. شێخ ئەحمەدیش ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ ئەوەی چەکدارەکانی کۆبکاتەوە و هێرش بکاتە سەر ئەو یەکە سەربازییەیانە، ژمارەیەک لە خێڵەکان چوونە پاڵ شێخ ئەحمەد لەوانە (مزورییەکان، ئۆرەمارییەکان، گەردییەکان و هەندێ لە هەرکییەکان)[٨].

---

(١) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٢٠٢.

(٢) حسن مصطفى، البارزانيون وحركات بارزان ١٩٣٢ ـ ١٩٤٧، بغداد، ١٩٨٣، ص ٢٨.

(٣) حامد محمود عيسى، مصدر سابق، ص ١٥٨.

(٤) دانا آدمز شميدث، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ١٤٥.

(٥) محمود الدرة، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ١٩٧.

(٦) امين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ١٩٨؛ وليام ايجلتن، جمهورية مهاباد، لندن ١٩٦٣، ص ٩٥.

(٧) محمود الدرة، مصدر سابق، ص ١٩٧.

(٨) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٢٠٥.

لە ١٠ی مارسی ١٩٣٢، وەزیری ناوخۆی عێراق نووسراوێکی بۆ شێخ ئەحمەد نارد. لە نووسراوەکەدا باسی پێدانی مافی بە هاونیشتمانیە چاکەخوازەکانی کورد کردبوو و پێویستە لەسەری لەبەرامبەر قایمقامی زێبار لە (بلە)، بەر لە خۆرئاوابوونی ڕۆژی ١٩٣٢/٣/١٤ ئامادە بێت، بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی خۆی بۆ حکوومەت ئاشکرا بکات[1]. بەڵام شێخ ئەحمەد لە کاتی دیاریکراودا ئامادە نەبوو، ئەم پێشنیارانەی حکوومەتی ڕەتکردەوە، بە هەرحاڵ وەزارەتی ناوخۆ، لەگەڵ وەزارەتی بەرگری ڕێککەوتن لەسەر پێویستی هەڵمەتی کاولکاری دژی شێخ ئەحمەد لە ١٩٣٢/٣/٢٥[2].

حکوومەت هێزێکی سەربازی عێراقی ڕەوانەی برادۆست کرد لە ١٩٣٢/٣/١٥ و شکستی هێنا. پاشان هێزێکی تری عێراقی نارد، بەڵام بە هەمان چارەنووس گەیشت[3]. حکوومەت بۆردومانی ئاسمانیی بەگڕهێنا، هێزی ئاسمانی بەریتانیاش بۆ هاوبەشیکردن گەیشتنە سنوری بارزان، ئەم فڕۆکانە گوندە کوردییەکانیان کاول کرد[4].

لە ١٨ی مارسی ١٩٣٢، هێزەکانی حکوومەت گوندی بارزانیان گرت، ئەمەش کاتێك بوو کە نیوەی یەکەمی مانگی حوزەیرانی ١٩٣٢ هێشتا دانەهاتبوو. شێخ ئەحمەد زیانێکی زۆری بەرکەوت، جگە لە کەسە نزیکەکانی کەسی لەگەڵ نەما[5]. شێخ ئەحمەد بۆ سنوورەکانی نێوان عێراق و تورکیا پاشەکشەی کرد. هێزی عێراق زۆر بە توندی هێرشی کردە سەری، تا شێخ ئەحمەد و براکانی، واتە مەلا مستەفا و شێخ سدیق لەگەڵ نزیکەی سەد لە شوێنکەوتووانی و لایەنگرانیان ناچاربوون[6] پەنا بەرنە نێو سنوورەکانی تورکیا[7]. حکوومەتی تورکیا دەسگیری کردن و دوای ڕاگەیاندنی لێبوردنی گشتی بۆیان لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٣٤، ڕادەستی حکوومەتی عێراقی کردنەوە[8].

بەم شێوەیە ئەوەی کە ناوی هێزی سەربازی عێراقی، توێ بوو کۆتایی بە بزووتنەوەی یەکەمی بارزان هێنا.

حکوومەتی عێراق ڕێگەیدا بە گەڕانەوەی خێڵی بارزان بۆ گوندەکانیان[9]، جگە لە شێخ ئەحمەد و براکانی. یەکەمجار لە موسڵ نیشتەجێ بوون، پاشان ناسرییە و حیللـە و دیوانییە پاشان بۆ سلێمانی کە

---

(١) محمود الدرة، مصدر سابق، ص ١٩٩.

(٢) عبدالرحيم ذوالنون، العراق في الحرب العالمية الثانية، مصدر سابق، ص ٢٦٦.

(٣) مظفرالدين إبراهيم، حركات بارزان، المجلة العسكرية للجيش العراقي. العدد الأول، السنة العاشرة ١٩٣٣.

(٤) دانا أدمز شميدث، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ١٤٦.

(٥) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٢٠٧.

(٦) هوریدەکان خەڵکی جیاوازی خێڵەکان بوون، سوێندیان بۆ شێخ ئەحمەد خواردبوو دڵسۆز بن و لەپێناویدا بمرن.

(٧) حامد محمود عيسى، مصدر سابق، ص ١٦١.

(٨) یاسای لێبوردنی گشتی ساڵی ١٩٣٣، پاشکۆی ٦.

(٩) فاضل البراك، مصطفى البارزاني، الأسطورة والحقيقة، بغداد، ١٩٨٩، ص ٨٢؛ أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٢٠٧.

پایەختی ڕۆحیی نیشتمانی کورد بوو، هەتا هەستانی بزووتنەوەی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٤٣[١]. سەرباری ئەوەی شێخ ئەحمەدی بارزان و شوێنکەوتووانی لە بزووتنەوەی یەکەمیاندا بە ئامانجیان نەگەیشتن، بەڵام ئارەزووی ئامانجیان زاڵ بوو بەسەریاندا بۆ سووربوون لە شۆڕش و بەرخودان دژ بە حکوومەت لە پێناو ئازادیی کورددا.

لەگەڵ ئەوەی بزووتنەوەی بارزان وا دانرا کە لە ڕۆژی ٥ تەموزی ١٩٣٢ کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام دواهاتەکانی بەردوام بوون تا ساڵی دواتر. لەم ماوەیەدا پێکدادان و بارگرژی لەم ناوچەیە نەبڕا، زۆرێک لە کورد بە سەرکردایەتی وەلی بەگ[٢] و خەلیل خۆشەوی[٣] لە نزیک سنوورەکان مانەوە، کە چالاکی خۆبەختکارانەیان ڕێکدەخست و پاشان دەگەڕانەوە بۆ تورکیا[٤]. شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفای برای لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٣ تا نیوەی ساڵی ١٩٤٣ بەردەوام بوون لە زیانگەیاندن بە دەسەڵات و ڕێوشوێنی پاڵپەستۆ بەسەر حکوومەتدا[٥]، بارودۆخی دیاریکراو لەو ماوەیەدا هەلی بۆ بارزانییەکان ڕەخساند بۆ قۆستنەوەی دۆخەکە لە بەرژەوەندیی شۆڕشدا، کۆمەڵە گۆڕانکارییەکی دیار ڕوویاندا، دیارترینیان ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٣٣ بوو، لە ناوچەیەکی نزیک لە موسڵ، هەروەها کودەتاکەی بەکر سدقی لە ١٩٣٦/١٠/٢٩.

دوای سەرکەوتن بەسەر بزووتنەوەی بارزانییەکاندا لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٣٢، حکوومەتی عێراق بڕیاری ڕاگەیاندنی پارێزگاریی لە کەمە نەتەوایەتییەکان لە عێراقدا دەرکرد[٦]، ئەمەیش بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەنجوومەن بوو هەروەها مانەوەی ئەو مەرجانەی کە لە کۆمەڵەی گەلان بۆ ڕازیبوونی لە ئەندامێتیی عێراق دابووی بۆ سەربەخۆی لە ئەندامبوونیدا. لە مادەی یەکەمی بەشی یەکەمی ڕاگەیاندنەکەدا بە دەق هاتووە کە پێویستە پارێزگاریی لە کەمە نەتەوایەتییەکان بکرێت، هەروەها لە مادەی چواردەیەمی ڕاگەیاندنەکەدا هاتووە:

١. سەرجەم عێراقییەکان لە بەردەم یاسادا یەکسانن.
٢. پێویستە جیاوازیی زمان و ڕەگەز و ئاین نەبێتە هۆی لێدان لە مافی هەر هاونیشتمانیەکی عێراقی.
٣. یاسای هەڵبژاردنی نوێنەران یەکسان بێت بۆ سەرجەم کەمە نەتەوایەتی و ئاینییەکان.

(١) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٣، ط٤، بيروت، مطبعة دار الكتب، ١٩٧٨، ص ١٩٨.
(٢) دانا أدامز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ١٤٦.
(٣) محمود الدرة، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٠٧.
(٤) نووسراوی وەزارەتی دەرەوە بۆ سەرۆکوەزیران لەبارەی چالاکیی بارزانییەکان لەسەر سنوورەکانی تورکیا پاشکۆی ٧.
(5)Eagletan William-J-R- The Kurdish Republic of Mahabad 1946 I bid.
(6)Fo 371/52702،Appendix (A) Darf Declaration by Iraq Government Fo.22 March 1946.

٤. پێویستە هیچ کۆتوبەندێک نەبێت بۆ هەر هاونیشتمانیەکی عێراقی بۆ ئەو زمانەی کە بەکاری دەهێنێت لە مامەڵە تایبەتەکاندا.

٥. سەرباری دیاریکردنی زمانی عەرەبی لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە وەک زمانێکی فەرمی، هەروەها سەرەڕای ئەو ڕێوشوێنە تایبەتانەی کە حکوومەتی عێراقی گرتوونیەتە بەر، بە پشتبەستن بە مادەی نۆیەم تا ئەم ڕاگەیاندنە لەبارەی بەکارهێنانی زمانی کوردی و تورکییەوە، جگە لەوەی پێویستە ئاسانکاری بدرێتە سەرجەم ئەو هاونیشتمانیە عێراقییانەی کە زمانی دایکیان زمانی فەرمی نییە، بۆ ئەوەی بەکاری بهێنن، بە شێوەیەکی زارەکی بێت یان بە نووسراو لەبەرامبەر دادگەکاندا.

پاش چوونی عێراق بۆ ناو کۆمەڵەی گەلان، هەندێک دەسکەوتی ڕامیاریی بۆ دەوڵەتی عێراق هەبوو، ئەگەر قوربانییەکیش هەبێت بۆ ئەو ڕێوشوێنە ڕامیارییەی کە بە پەلەپرووزێ ئەنجام درا، ئەوە لە سەرووی لیستەکەوە کورد دادەنرێت[1]، هەربۆیە پشکۆی بزاوتی نەتەوەیی کورد هەر بە گەشی لە ژێر خۆڵەمێشدا مایەوە، زۆر زبات ناوناوێک پریشکەکەی دادەگیرسێت، پاش ئەوەی کورد بێئومێد بوو لە بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی، کە خۆی لە دامەزراندنی "خۆبەڕێوەبەرییەکی ڕاستەقینەدا دەبینیەوە، پاش ئەوەی هەردوو حکوومەتی عێراقی و بەریتانی بە هاوکاری لەگەڵ هەردوو حکوومەتی تورکی و ئێرانیدا ئاسایشی کوردیان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و یەکێتییان تێکشکاند، بە بەڕێوەچوونی دیبلۆماسی و زیانگەیاندن بە ڕیزەکانی کورد و ستەم و جەور بەرامبەریان بە هێزی چەک.

کەوایە تێبینی ئەوەمان کرد لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەمدا، لەو کاتەدا درەوشانەوەی شێخ مەحموود خامۆش بوو، ناوچەی بارزان چالاک بوو، کاری چەکداری بە سەرکردایەتی خانەوادەی بارزانی، ئەگەر بزووتنەوەی کورد لە بیستەکانی سەدەی بیستدا لە بنچینەدا وابەستەی شێخ مەحموود بووبێت، ئەوە لە دوای ئەوەوە بارزان جێگەی گرتەوە و سەرکردەکەشی هەردوو برا، شیخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بوون، پاشان لە چلەکان و دوای ئەو ماوەیە، بە ناوی مەلا مستەفای بارزانییەوە جێگەی پڕ بووەوە[2].

دوای مردنی شا فەیسەڵی یەکەم، عێراق ململانێی نێوان هێزەکانی لەسەر دەسەڵات و ڕاپەڕینی ئاشوورییەکانی لە ساڵی ١٩٣٣، کودەتای بەکر سدقی، کە بە یەکەم کودەتای سەربازی لە نیشتمانی عەرەبیدا دادەنرێت لە ساڵی ١٩٣٦دا بەخۆیەوە بینی، کە گومان سەرەڕای شکستی بارزان لە ساڵی ١٩٣٢دا، بەڵام دەرهاویشتەکانی هەر بەردەوام بوون.

---

(١) غانم محمد الحفو وعبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٨٥، دمشق، دار الزمان، ٢٠٠٨، ص ٥٨.

(٢) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، ص ٢٦٦.

لە ئابی ١٩٣٥، حکوومەتی یاسین هاشمی ژمارەیەکی زۆری بنکەی پۆلیسی لەو ناوچانەی کە بارەگای بارزانییەکانی لێ بوو لە قەزای زێبار، دامەزراند. ئەمەش بە ئاماژەی کۆتاییپێهێنان و سەرکەوتن بەسەر کارەکانی پێشووی ئەوانەی لەم ناوچەیەدا چالاکییان ئەنجام دەدا و ڕەوشی دانیشتووانیان تێکدابوو[١].

حکوومەتەکەی هاشمی ئاشکرای کرد یاسا سەربازییەکان بۆ پاککردنەوەی ئەم ناوچەیەیە لەو کارانەی دەبنە هۆی تێکدانی ئاسایش وەک ناوی دەبەن. بۆیە هێزەکانی لە ساڵی ١٩٣٥ بەڕێکەوت بۆ کۆتاییهێنان بە هۆکارەکانی[٢]. حکوومەت سەرکەوتوو بوو لە هاتنە نێو ناوچە کوردییەکاندا.

دەبوو مەلا مستەفا و ئەو لایەنگرانەی دوور خرابوونەوە، دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی ١٩٣٢، کە بەدەست قورسی و گرانی مادییەوە دەیانناڵاند، ڕۆڵێکی دیار بگێڕن لە ڕووداوەکانی داهاتوودا. ئەوان لە ژێر چاودێریی توندی دەسەڵاتی عێراقیدا بوون، زۆر جار دەسەڵات شوێنی دوورخستنەوەیانی دەگۆڕی[٣] بۆ موسڵ و ناسرییە و باشوری وڵات و سلێمانی.

## کورد و کودەتای بەکر سدقی ١٩٣٦

لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦، کودەتایەکی سەربازیی کە بەکر سدقی ڕێبەرایەتیی دەکرد (سەرۆکی فرقەی دوو و جیگری سەرۆک ئەرکانی سوپا)، حکوومەتەکەی یاسین هاشمیی هەژاند.

کودەتاچییە نوێیەکان، حکوومەتە شکستپێهێنراوەکەیان، بە کپکردنی دەنگی سیاسییە بەرهەڵستکارەکان، داخستنی ڕۆژنامە و هەژمونی ڕەها بەسەر پەرلەمانەوە و سەپاندنی چاودێریی توند بەسەر دەرباری پاشا و ڕۆژنامەکانەوە تۆمەتبار دەکرد.

سەرەتا کودەتاکە پێشوازیی باشی لێ کرا، بە پشتگیرییەکی نەتەوەیی باڵا دەستی پێکرد وەک بڵێی بزووتنەوەیەکی نەتەوەییە. بەکر سدقی و دەستە سەربازییەکەی کۆڵەکەی سەرۆکوەزیرانی ئینقلابەکە بوون[٤]، ئەوەی مەبەستمانە لێرە، هەڵوێست و چالاکیی کوردە سیاسییەکانە، لە ماوەی فەرمانڕەوایی کودەتاکەدا، کە لە دە مانگ زیاتری نەخایاند، دوای ئەوەی هەندێک گومانی ڕامیاری لەبارەی ئەوەی بەکر سدقی بە بێدەنگی و شاراوەیی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی کار دەکات، چونکە ئەو

(١) أحمد فوزي، قاسم والأكراد، ص ٩٥.

(٢) أحمد رفيق البرقاوي، تطور العراق السياسي، مصدر سابق، ص ١٢٧.

(٣) لە موسڵ و لە کاتی مانەوەی ناچاریی مەلا مستەفادا ساڵانی ١٩٣٤ ـ ١٩٣٦، مەلا مستەفا ئەم هەوڵەی خۆسەوە بۆ دریژەدان بە خوێندن، کە لە مزگەوتی بارزان دەستی پێ کردبوو، بە هۆی چالاکییە سیاسییەکانییەوە موتەسەریفی هەولێردا بە بیانی خۆوەی زەهراوی لێی ڕزگار ببێت، بەڵام بارزانی کە دوو هەفتە بێهۆش بوو، بە موعجیزە ڕزگاری بوو. (عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى البارزاني، مصدر سابق، ل١٧).

(٤) صفاء عبدالوهاب المبارك، انقلاب ١٩٣٦ في العراق، ممهداته، أحداثه و نتائجه، رسالة ماجستير (غير منشورة) جامعة بغداد، ١٩٧٣.

کوردێکی بە بنەچە نەتەوەیی بوو[١]، لە ڕاستیدا ئەوەندەی کارەکە پێوەندیی بە کوردەوە هەیە، تێبینی نەکرا و بە چالاکی ئاشکرا هەستان بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لەو کاتەدا، کێشەکە وا دیارە وەک ئەوەی بەکر سدقی ئەم بیروباوەڕەی **دروست کردبێت، پاڵپشتی لێ** دەکات بە ئاشکرا و دیاریکراو[٢]، ئەوەی دەکرێت پیاوانی نەژادپەرست بە هاوکاری لەگەڵ هێزە ڕامیارییە پیشەگەرەکاندا کە کودەتاکەیان تێکشکاند، بەرامبەر چالاکیی نەتەوایەتیی کوردی وەک بەشێک لە پڕوپاگەندە سیاسییەکان بۆ لەناوبردنی حکوومەتی کودەتاچیان و بەکر سدقی، ستوونی سەربازیی گەرەنتی ئەم حکوومەتەیە.

بەکر سدقی لە گوتار و چالاکییە سیاسییەکانیدا تێڕوانینە سیاسییە نەتەوەییە کوردییەکانی بە شێوەیەکی ڕوون دەرنەدەبڕین[٣]، لەگەڵ ئەمەیشدا بۆچوونی سەرجەم نەژادپەرستە عەرەبەکان وابوو کە (ئارەزووی بەلای کورددا هەبووە).

جگە لەوە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەوەی ئارەزووی بە لای گەلێکدا هەبێت بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ ئەو کەسەی لە ڕیزەکانیدا کار بکات لە ئاراستە ڕامیارییەکان ڕێکخراوەکان وەک لە پارتێکی سیاسی یان دەستەیەکی دیاریکراو، ئەوان دەیانەوێ مافی ڕادەربڕین و بیرکردنەوە تاقیبکەنەوە لەو کاتەدا مافی یەکپارچەیی و یەکێتیان هەبوو، بە تەنها لەگەڵ شێوازی فەرمی حکوومەتدا بڕۆن، بەوەی قسە لەبارەی عەرەبایەتی و نەتەوەی عەرەب بکەن، لە بەرامبەر گوتوبێژ لەبارەی نەتەوەی کورد ئاشکرا دەبێت لەو زەوتکراوانەی کە لێی بێبەش بوون، ئەمە ئەوەبوو بە تەنیا کودەتاکەی هێنایە کایەوە.

تەها هاشمی سەرۆکی ئەرکانی سوپا، کە حکوومەتی کودەتا خانەنشینی کرد، پێی وابوو بەکر ئارەزووی بە لای کوردی سیاسیدا هەبوو، لەبارەی بەکر دەڵێت "بەکر خووڕەوشتی خراپ بوو، هەڵگری هەستێکی باش نەبوو بەرامبەر وڵات". دەگوترێت ئەو هەڵگری "بیری کوردایەتی" بوو[٤]، بەڵام سەڵاحەدین سەباغ لەبارەی ئارەزووی بەکر بۆ کورد دەدوێت و، لەبارەی بەڵگە نیشتمانیەکانەوە دەڵێت بەکر ڕقی لە داگیرکاران بوو، ڕەخنەی لە ئینگلیز و تاوانەکانیان دەگرت، هەروەها دەڵێت "عەرەبچێتی" گرێی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی پاڵ بە بەکرەوە بنێن تا باجێکی گران بدات ئەویش بە تیرۆرکردنی لە ١١ی ئابی ١٩٣٧دا لە

---

(١) كمال مظهر أحمد، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، دراسة تحليلية. بغداد، منشورات مكتب البدليسي، ١٩٨٧.

(٢) دکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد لە توێژینەوە بەپێزەکەیدا (بەکر سدقی و دۆزی کورد) هەوڵی داوە ئەو گومانانە بە درۆ بخاتەوە و بە کۆمەڵێک بانگەشەی بێبنەمایان دابنێت، بۆیە بە بۆچوونی ئەو بەکر سدقی پیاوێکی چاوچنۆک بووە و پێیەیەکی هەڵبژاردەی سیاسیی کاربەدەست بووە، پەیوەندیی بە بزاوتی نەتەوەیی کوردەوە نەبووە. پێی وایە باشتر وابوو هەڵوێستی بزاوتی کوردی لەبارەی کودەتاوە و کەسایەتیی بەکر سدقی و ئەو بانگەشانەی بۆی کراون گوایە بە نیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بووە، لەیەکتر 'جودا' بکرێنەوە. بێگومان بزاوتی نەتەوەیی کورد هەموو کات داواکارییەکانی خۆی دەربڕیوە، لە کاتی هەر ڕووداوێکی گرنگیشدا لە عێراق ڕەنگدانەوەی خۆی بەسەر 'دۆخی سیاسیدا' هەبووە، نەک تەنیا لە ماوەی کودەتاکەدا.

(٣) طه الهاشمي، مذكرات طه الهاشمي ١٩١٩ ـ ١٩٤٣ ج١، بيروت، دار الطليعة، ١٩٦٧، ص ١٥٢.

(٤) طه الهاشمي، مذكرات طه الهاشمي، مصدر سبق، ج١، ص ١٥٢.

موسڵ. دەیشڵێت "بەڵام ئەو نکۆڵیی لە ئاین دەکرد و دانی بە عەرەبێتیی عێراقدا نەدەنا، لەبەر ئەوە ئەم شەیدابوون و بیرۆکراتییە سەریان لە هەڵدێرەوە دەرکرد، بۆ پارێزگاریکردن لە عەرەبایەتیی عێراق"[1].

بەڵام توێژەری فەرەنسی فێرنێ دەڵێت "بەکر سدقی پشتگیریی ئەفسەرە عەرەبەکانی بەدەستهێنا، ئەوانەی دەمێک بوو ئارەزووی دروستکردنی دیکتاتۆرییەتێکی دەکرد وەک ڕژێمەکەی ڕەزا شای پەهلەوی لە ئێران یان کەمال ئەتاتورک لە تورکیا، وەک هۆیەک بۆ هاتنەدیی خەونی یەکپارچەیی عەرەب، بەڵام ئەوانەی دوای سەرکەوتنی کودەتا بەرهەڵستییان دەکرد بەهۆی تەبەنیکردنی کێشەی کورد دژ بە بەرژەوەندییەکانی عەرەب"[2]، بەڵام ئەو ڕوونی ناکاتەوە بۆمان چۆن بەکر سدقی کێشەی کوردی دروست کردووەتەوە بە شێوەیەکی فراوان و قایلکەر.

بەڵام حازم موفتی ئەفسەری یەدەگی پشتگیر لە بەرەی ئەفسەرە نەتەوایەتییەکان، بە سەرۆکایەتی سەلاحەدین، دەڵێت "بەکر دەستەبەرەیەکی سەربازیی لە ساڵی ١٩٣٢دا پێکهێنا کە تێکەڵەیەکی لە ئەفسەرە بیر و ئارەزوو جیاوازەکان لەخۆ دەگرت، داوای هەرێمایەتییان دەکرد و دوژمن و نەیاری بەرەی ئەفسەرە نەژادپەرستەکان بوون"[3].

وا دەردەکەوێت کە هۆکاری تر هەیە بۆ ئەم هەرێمایەتییە ئاشکرا و شاراوە لەنێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبدا لە کاتی ڕوودانیدا سەرجەم هێزە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان هاوکاری کودەتا بوون، لە نێویشیاندا کورد. کارەکە لە کاتی خۆیدا وەک ئەوەی بڵێیت سەرکەوتنی "باوەڕی گەل" و "دیموکراسی" بوو بەسەر "دیکتاتۆرێتیدا و "کتوپڕ سەرکردەکان شاردیانەوە و گوتیان کێشەی کەمە نەتەوەییەکان لە کورد و شیعە و سوننە بەر لەوانیش جوولەکە، هاوکاریی بەغدایان کرد ـ واتە کودەتایان کرد، بیروباوەڕی جەماوەر وابوو کارەکە سنوورێک بۆ نەهامەتییەکانیان دادەنێت[4]، ئەمە لەو بەیاننامانەدا کە هێزە گەلیی و نەتەوەییەکان دەریان دەکردن بە ڕوونی دیار بوو، کە داوایان دەکرد ستەم و هەژاری نەمێنن و ئازادیی بەرقەرا بێت و، بەیەکسانی مافی هەموو عێراقییەکان بدرێت.

بەدڵنیاییەوە ئەمەیش ڕەگەزە پاڵنەرەکانی لە بازنەی نەتەوەیی کوردیدا هاندا کە چاوەڕێی باشە لەم کودەتایە بکات، وای دەزانی گەیشتنی بەکر سدقیی (بەبنەچە کورد) بە لووتکەی دەسەڵات، هەلێکە تا گەلی کورد بە مافە نەتەوەییەکانی شاد ببێت. ناجی ئەسیل (وەزیری دەرەوە لە حکوومەتی کودەتا)، لە

(١) صلاح الدين الصباغ، المذكرات (من رواد العروبة في العراق)، ط٢، بغداد، دار الحرية للطباعة، ١٩٨٣، ص ١٥٢.

(٢) عبدالفتاح البوتاني وغانم محمود الحفو، الكورد وأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي، جامعة دهوك، دار الزمان، ٢٠٠٧، ص٦٦.

(٣) حازم المفتي، العراق بين عهدي ياسين الهاشمي وبكر صدقي، بغداد، ١٩٩٠، صص ١٦٢ ـ ١٦٣.

(٤) ، عبد الفتاح البوتاني وغانم محمود الحفو، الكورد وأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي، مصدر سابق، ص ٦٦.

لێدوانێکیدا لەبارەی "بەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان تاکەکانی گەلدا عەرەب یاخود کورد یان تورکمان بن" جەختی لەمە کردووەتەوە[١].

لە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییە نوێیەدا کە لە کاتی کودەتاکەدا، بە تایبەت ماوەی سەرەتای، سەرجەم هێزە سیاسییە دیموکراسییەکانی لەیەک دوورخستەوە، چالاکییەکی کەمی ڕەگەزە نەتەوەییە کوردییەکان دەرکەوت. بێگومان کوردە چەپەکان لە هەموان زیاتر پێشوازییان لێ کرد، کە لە ڕیزەکانی خەڵکدا کاریان دەکرد و لە بزاوتەکەدا پاریدەریان بوون، کوردە زیادەڕۆکان وایان دەزانی گەیشتنی بەکر سدقی بە لووتکەی دەسەڵات هەلێکە بۆ شادبوونی کورد بە مافە نەتەوەییەکانی، ئەم دۆخە سیاسەتی کوردی بۆ هەوڵدان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی هاندا.

هەربۆیە ئەو بڵاوکراوانە دەردەچوون کە داوای جیابوونەوەی یەکجارییان لە عێراق دەکرد[٢]. کەمال مەزهەر پێی وایە بەکر بەرامبەر بە جووڵانەوەکانی ناوەندی نەتەوەیی کورد، بە تایبەت دەستەی ڕووناکبیران، وریایی و پارێزی دەکرد، لە ترسی ئەوەی دووژمنانی دژ بە ئەم بەکاریان بهێنن[٣].

ڕاستییەکەی پێش کودەتاکە، جۆرێک لە هەستیاریی دژ بە کورد سەری هەڵدا، لە ئەنجامی هەست و سۆزی کورد لە سەرەتاوە بۆ بەکر سدقی بەوپێیەی کوردە، سەرەڕای ئەوەی وایان دەزانی گەر پشتگیریی کودەتا و حکوومەتەکەی بکەن مافە ڕەواکانیان پارێزراو دەبن، ئەمەیش ڕقی نەتەوەپەرستانی عەرەبی هەستاند، کاتێک حکوومەت لە ١٩٣٧/٧/٨ بەشداری پەیمانی سەعد ئاباد بوو لە نێوان تورکیا و ئێران و ئەفگانستان و عێراقدا، ئەم هەستیارییە لە نێوان عەرەبەکان و حکوومەتی کودەتاکەدا پتر بوو. خۆی دەبوو مۆرکردنی پەیمانەکە پێش عەرەب، کورد بورووژێنێت، چونکە بە فەرمی دژ بە بزاوتی ڕزگاریخوازیی کورد بوو و لە مادەکانیدا هاتبوو کە پەیماندەران بەڵێن دەدەن هەریەکە لە ناوخۆی سنوورەکانی خۆیدا بوار نادەن بە دامەزراندنی دەستە و گرووپە چەکدارەکان و هەر ڕێکخستنێک ئامانجی هەڵگێڕانەوەی دامەزراوەکان بێت و پشێوی بنێتەوە! ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە بەکر سدقی و حکوومەتەکەی لەژێر کاریگەریی پاڵنەری نەتەوەیی کورددا نەبوون[٤].

ئەوەی ڕاستی بێت ڕەگەزپەرستانی عەرەب زیاد لە پێویست بیرۆکەی لایەنگریی بەکریان بۆلای کورد یان پێکهێنانی حکوومەتێک بۆ کورد گەورە کردەوە، ئەم زیادەڕۆییە کە لە سەر بەکر سدقی وەک کەسایەتییەکی کورد کۆبووەوە، دەبێت لە لووتکەی دەسەڵات لابرێت، نەوەک ئەم ئاسایشە کوردییانە لە دەست دەربچن و ببنە واقیعێکی هەستپێکراو. لەگەڵ ئەوەیشدا یەکێک لە فەرماندە سەربازییەکانی کورد،

---

(١) المصدر نفسه، ص ٦٧.

(2) Khaddary، magid - independent Iraq - P - L08

(٣) كمال مظهر، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، مصدر سابق، ص ١٢٥.

(4) http ://www.gilgamish.oralviewartcle.php?id=studies - 20091124 - 22786

کە لە سوپای عێراقدا ژمارەیان زۆر بوو، پشتی بەکر سدقیی نەگرت، چونکە کوردە یان پشتگیری و هاوکاریی بزاوتێکی نەتەوەیی کوردیی کردووە، جگە لە چەند ئەفسەرێکی دوودڵ، بگرە دووان لە ئەفسەرەکانی کورد، لە پلانی نهێنیی کوشتنەکەیدا بەشدار بوون، ئەوانیش موقەدەم عەبدولعەزیز یامولکی (سەرۆکی یانەی ئەفسەران لە موسڵ) و ڕەئیسی یەکەمی سوارە محەمەد خورشید[١]، هەروەک کوشتنەکەی کاریگەریی لەسەر هەستی کورد دانەنا، کە چالاکیی سیاسیان چڕ بووبووەوە. لە ماوەی دە مانگی حوکمی ئینقلابەکەدا عەرەبایەتی نەک هەر زیانی بەر نەکەوت، بگرە بزاوتی نەتەوەیی عەرەب پێشکەوتنێکی بەرچاویشی بەخۆوە بینی، چونکە سیاسەتی ناوخۆی حکوومەتەکە باوەڕی بە جیاکاریی نەتەوەیی نەبوو و، وەزارەت تێکەڵەیەک بوو لە سەرجەم نەتەوەکانی عێراق[٢]. سەرۆکوەزیران مەیلی بۆ تورک هەبوو، جەعفەر ئەبو تمەنی وەزیری دارایی شیعە بوو، کامیل چادرچی سوننی بوو، هەروەها کەس باسی ئەوەی نەکردووە کە بەکر کاری بۆ دوورخستنەوەی ڕەگەزی عەرەب لە سوپا کردبێت، بەڵکە بە جوانی هەوڵیدەدا بەدەستیان بهێنێت[٣]. هەروەک بەڵگەنامەیەک نییە بیسەلمێنێت کاری بۆ ئامانجێکی نەتەوەیی کورد کردبێت[٤]. هەروەها زۆرینەی خەڵکی عێراق کە عەرەب بوون، بە هەردوو مەزهەبی "شیعە و سوننە"وە گوزەرانیان وەک خۆی مایەوە، کەواتە مەبەست لەم مقۆمقۆیە لابردنی ڕەگەزی غەیرە عەرەب بوو لە لووتکەی دەسەڵات لە عێراقدا[٥].

بەکر سدقی کە لە لێدوان و هەڵسوکەوتەکانیدا زۆر وریا بوو لە پلانی ژێربەژێر دوور نەبوو. ئەمە ئەو پرسیارەمان لا دەوروژێنێت ئاخۆ گێڕانەوەکەی دکتۆر فرێنتەر گرۆبا (وەزیری سەرپشکی ئەڵمانیا لە بەغدا) و هاوڕێی بەکر، کە ئاشکرای کردووە ڕۆژێک بەکر بەنهێنی پێی گوتووە کە کوردە و چاوی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە، درۆیەکی دیبلۆماسییانەی ئەڵمانی بوو؟[٦]

گرۆب دەڵێت باسی پلانەکانی بۆ بەرگری لە کوردستان لەلا درکاندووە و بە نهێنی هەواڵی پێ داوە کە کوردە و ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە کە کوردی تورکیا و عێراق و ئێران لەخۆ بگرێت، هەروەها گوتوویەتی ئەم پرسە گرنگە بۆی و لە دڵیدایە[٧].

---

(١) عبدالفتاح البوتاني وغانم محمود الحفو، الكورد وأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي، جامعة دهوك، دار الزمان، ٢٠٠٧، ص ٧٥.

(٢) جريدة المصري، القاهرة، ٥ نوفمبر ١٩٣٦.

(٣) محمود الدرة، الحرب العراقية البريطانية، القاهرة، دار المعرفة، ١٩٨٢، ص٧٢.

(٤) أحمد الزيدي، البناء المعنوي للقوات المسلحة العراقية، بيروت، دار الروضة، ١٩٩٠، ص١٩٣.

(٥) سامي عبدالحافظ القيسي، ياسين الهاشمي الدورة في سياسة العراقية بين عامي ١٩٢٢ ـ ١٩٣٦، ج٢، بغداد، مطبعة العاني، ١٩٧٥، صص ١٩٦ ـ ١٩٨.

(٦) جريدة المصري، القاهرة، ٥ نوفمبر ١٩٣٦.

(٧) نجدة فتحي صفوت، العراق في مذكرات الدبلوماسيين الأجانب، بغداد، مطبعة المحرير، ١٩٨٤، ص ٨٧.

میر بەسرییش لەم بارەوە دەڵێت "دراوەتە پاڵ بەکر سدقی گوایە مەبەستی لابردنی مەلیک غازی و زەوتکردنی تەختەکەی بووە، هەروەها پەرتەوازەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و ڕۆژئاوای ئێران و باکووری عێراق لەژێر ئاڵای خۆیدا یەکبخاتەوە"[1]، ئەم بۆچوونەیش پێچەوانەی ئەو پەیوەندییە ڕێزداری و دۆستانەی نێوان مەلیک غازی و بەکرە، تەنانەت هەندێک کەس مەلیک غازییان بەوە تۆمەتبار کردووە کە لەپشت کودەتاکەوە بووە بۆ دەستگرتن بەسەر وەزارەتەکەی هاشمیدا[2].

پرسیارێك کە لێرەدا دێتە پێشەوە ئەوەیە ئایا کەسە نەتەوەییە عەرەبییەکان لە عێراق و دەرەوەی عێراقدا، کاتێک بە دوژمنی سەرسەخت و "ڕەگەزپەرست" و "جوداخواز" و خاوەن بیرۆکەی مەترسیدار دژ بە وڵات و دوژمن بە "عەرەبایەتی" وەسفیان کرد، درۆیان بۆ هەڵبەست؟ هەروەها وا باوە کە بەکر گوتوویەتی حەزدەکەم ئەفسەرێکی ئەڵمانی بهێنمە پێشەوە و ئەرکی دانانی پیلانێکی بۆ بەرگری لە کوردستان پێ بسپێرم گەر هاتوو ئینگلیز بەغدای داگیر کرد[3].

شیاوی باسە هەر عەرەبی عێراق نەبوون ڕقیان لە بەکر بوو و پیلانیان دژ دەگێڕا، لە دەرەوەی سنوری عێراقیش، شانشینی عەرەبیی سعودیە، خەریکی پیلانگێڕی بوو دژ بە کودەتاکە، یان لای کەم برەوی بەو گومانانە دەدا. مەلیک عەبدولعەزیز بن سعود نوێنەری خۆی، واتە شێخ کامیل خەتیبی نارد بۆ پەیوەندیکردن بە یاسین هاشمی، سەرۆکوەزیرانی دەستلەکارکێشاوەوە لە تاراوگەکەی لە لوبنان، تا پێی ڕابگەیەنێت یارمەتیی دەدات و نایەوێت کورد و شیعە لە عێراقدا دەسەڵات بگرنە دەست[4]، بەڵام هاشمی ئەم دەسپێشخەرییەی مەلیکی سعودیەی بە هەلپەرستی لەقەڵەمدا[5].

ڕاستییەکەی بەکر لە عەرەبەوە نزیکتر بوو تا لە کورد، ئەو سەرکەشێکی چاوچنۆک بوو ئەوەندە ئازا نەبوو بیر لە وەها پرۆژەگەلێکی قورسی سیاسیی بکاتەوە. حوکمی بەکر لە چاو بزاوتی نەتەوەیی کورددا تەنیا ڕووداوێکی کورت و زووتێپەڕ بوو، هەروەک هەندێک چالاکیی بەرچاویی ڕووناکبیرانی کورد، لە ماوەی حوکمی ئینقلابەکەدا، بە مەبەستی گەیاندنی دۆزی کورد بوو بە گوێی ڕای گشتی و ناساندنی، گرنگ ئەوەیە بزاوتی نەتەوایەتیی کورد لەسەر هەمان ڕێگە لە دەربڕینی داواکاریی و مافە ڕەواکانی گەلی کورددا بەردەوام بوو.

تۆفیق سوەیدی، یەکێک لە سەرۆکوەزیرانەکانی سییەکان و چلەکانی سەدەی بیست، پێی وایە ئەو هەموو دژایەتیکردنەی بەکر چەند هۆکارێکی هەبوو لەوانە، سیاسەتەکەی ئاراستەیەکی دووری لە

---

(١) مير بصري، إعلام السياسة في العراق الحديث، لندن، دار الحكمة، ٢٠٠٥، ص ٢١٧.

(٢) عبدالكريم فرحان، حصاد ثورة، مصدر سابق، ص ١٥٥.

(٣) نجدة فتحي صفوت، مصدر سابق، ص ١٢٥.

(٤) عبدالفتاح البوتاني وغانم محمود الحفو، الكورد وأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي، مصدر السابق، ص٧٢.

(٥) یاداشتە ڕۆژانەکانی کە تەحە هاشمی نووسیویەتی، بە مێژووی ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٣٧، لە :طه الهاشمي، مصدر سابق، ج١، ص ١٨٧.

سیاسەتی عەرەبی هەبوو، هەروەها لە کاروباری دەوڵەتدا حوکمێکی دڕندانەی دەکرد، ڕژێمەکەی گەندەڵ و تۆقێنەر بوو[1]، هەروەها بەلای خەونە کوردییەکانیدا لە دامەزراندنی قەوارەیەکی کوردی نەچوو.

بۆ نەهێشتنی ئەو تۆمەت و ناوزڕاندنەی لە سایەی هەستیاریی ڕادەبەدەرەوە بۆ کورد کرابوون، کە وایان لە عەرەب کرد وا هەست بکەن کورد سۆزداری بەکر سدقین، هەندێک لە کورد دەستیان دایە چاککردنەوەی ناوبانگی کورد. لەوانە تۆفیق وەهبی، کە کەسایەتییەکی دیاری کورد بوو، بەیاننامەیەکی بە ناونیشانی "بۆ برا بەڕێزە عەرەبەکانم" بڵاو کردەوە، تێیدا گوتی "ئەوەی بە ناوی کوردەوە گوتراوە، تەنیا درۆودەلەسەی پاشکۆکانی وەزارەتی پێشوون، مەبەستیان دووبەرەکیی نێوان نەوەکانی یەک نیشتمان بووە"، پاشان لە کۆتایی بەیاننامەکەدا گوتی "ئێمە هەموومان عێراقین، جیاوازی نییە عەرەبین یان کورد، بژی عێراقی یەک گەل و یەکگرتوو"[2]. هەروەک ساڵی ١٩٣٧ نامەیەک لەسەر شێوەی نامیلکەیەك بە ناونیشانی "کورد و عەرەب، دەستەیەک لە گەنجانی کورد" بڵاو کرایەوە، کە دەگوترێت نووسەرەکەی ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری پارتی بووە. تێیدا هاتووە "بێگومان گەلی کورد هاوشێوەی گەلی عەرەب، پەرت و لێکدابڕاون ... هەروەها شۆڕشەکانی کورد وەک شۆڕشەکانی عەرەبی بەرهەمی هەستی گشتیی میللەتێکی زیندوون، کە داوای ژیانێکی ئازاد و بەختەوەر یان مردنێکی شەرافەتمەندانە دەکات". هەروەها دەڵێت "ئێمە دەمانەوێت بە یەکسانی مامەڵەمان لەگەڵدا بکرێت، نە دەمانەوێت سەردار بین نە ژێردەستە.. کورد هاوشێوەی برا عەرەبەکانیان دەیانەوێت لە کۆتی سەرشۆڕی و ژێردەستەیی قوتار بن، دەیانەوێت دەست بە زمان و کولتور و ڕەگەز و نەتەوەیانەوە بگرن، ئەمەی زیان لە بەرژەوەندیی هیچ گەلێک نادات، بگرە لە قازانجیدایە"[3].

بە کورتی دوای ئەو ساردییەی تووشی بزاوتی نەتەوایەتیی کورد هات لە عێراق، پێش کودەتاکەی بەکر سدقی لە ساڵی ١٩٣٦ هەستانەوەیەکی نوێی بەخۆیەوە بینی. سەرەڕای ئەوەیش، حوکمەکەی بەکر سدقی تەنیا نمایشکردنی ڕووداوێکی کورت و تێپەڕی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردە، هەروەک هەندێک چالاکیی ڕۆشنبیرانی کورد لە ماوەی کودەتاکەدا بۆ گەیاندنی دۆزی کورد بە گوێی ڕای گشتی و ناساندنی.

---

(١) توفيق السويدي، مذكراتي، نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، لندن، دار الحكمة، ط٣، ٢٠٠١، ص ٢٦٨.
(٢) جريدة البلاد، العدد ٧١٧، في ٨ تشرين الثاني/نوفمبر ١٩٣٦.
(٣) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج٤، صص ٣٠٢ ـ ٣٠٣.

## پەیمانی سەعدئاباد ١٩٣٧

لە ٨ ی تەموزی ١٩٣٧، نوێنەری هەریەک لە وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستان ئیمزایان کرد و بە فەرمانی وڵاتە داگیرکارەکانی ڕۆژئاوا ناو نرا "پەیمانی سەعدئاباد".

ئەم پەیمانە بێزاری و ناڕەزایی کوردە نەتەوەییەکانی وروژاند، چونکە پێان وابوو هەندێک لە بەندەکانی بە تەواوی دژ بە کوردن، بە تایبەتی ئەوەی لە "بەندەکانی ٢ و ٧"دا هاتووە. لە دەقی بەندی دووی ڕێککەوتنەکەدا هاتووە "هەموو دەستەیەک لە پەیماندەران پەیمان دەدەن چاودێریی سنوری هاوبەشیان بکەن"، لە کاتێکدا بەندی ٧ جەخت لەوە دەکاتەوە "هەموویان پەیمان دەدەن لە سنوری وڵاتانی خۆیاندا بە نەدانی بوار بە دروستبونی دەستەی چەکداری و کۆڕ و کۆمەڵ یان هەموو کردەوەیەك کە ئامانجیان تێکدانی دامەزراوەکانە، یان ئەنجامدانی هەر کردەوەیەك بە مەبەستی تێکدانی سیستەم و ئاسایشی گشتی لە هەر بەشێک لە وڵاتە هاوپەیمانەکەی تر، جا جیاوازیی نییە لە ناوچە سنورییەکان بێت یان جگە لەو ناوچانە یان تێکدانی سیستەمی فەرمانڕەوایی باو لە وڵاتی هاوپەیمانەکەی تر[1].

لەو دوو مادەیەی لەم ڕێککەوتنەدا هەیە، وا تێبینی دەکرێت ئەم دوو بەندە بە شێوەیەکی تایبەتی جەختیان لەسەر کێشەی کورد کردووەتەوە، بە تایبەت سنوورە هاوبەشەکانی عێراق و ئێران و تورکیا، ناوچەیەک کە کورد تێیدا نیشتەجێیە. یەکێک لە کەسایەتییە سیاسیەکانی کورد کە کاری لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا کردووە، لێرەدا وای دادەنێت ئامانجی سەرەکیی ئەم پەیمانە "لێدان بوو لە بزووتنەوەی کورد و دامرکانەوەی لەم سێ وڵاتەدا"[2]. ئەمەیش یەکێک لە توێژەران جەختی لێ کردووەتەوە و دەڵێت "کورد بەشێوەیەکی تایبەتی ئامانج و مەبەست بوو لەم پەیمانەدا"، ئەوەیشی زیاد کردووە کە "ئەوان وەکو دوژمنێکن لە مەسەلەی بابەتی هەژمونی نێودەوڵەتیدا"[3]. بێگومان یەکێک لە ڕێکخراوە ڕامیارییە کوردییەکان، ئەویش کۆمەڵەی ئازادی کورد بوو، لە کاتی خۆیدا بە توندی ڕەخنە و ناڕەزایی لەم پەیمانە دەربڕیبوو.

---

(١) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج٣، مصدر سابق، ص٣٣٥.

(٢) نوري شاويس، من مذكراتي، ط١، أربيل، من منشورات حزب الشعب الديموقراطي الكردستاني، ١٩٨٥، ص ١٢.

(3)Rossi،opcit, pp136,

نقلا عن غانم محمد الحفو وعبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٨٥، مصدر سابق، ص ٧٣

## جەنگی دووەمی جیهانی و کاریگەرییەکانی لەسەر کورد ١٩٣٩ ـ ١٩٤٥

کاتێک مەلا مستەفا لە ماوەی نێوان ١٩٣٩ ـ ١٩٤٣ شۆڕشی ڕاگەیاند، کۆمەڵگەی کوردی لە عێراق گۆڕانکاریی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری بە خۆوەبینی. کە کۆمەڵێک ڕۆشنبیری فێرکراو لە قوتابخانەکاندا دەرکەوتن، دەرچووی فێرگەکانی بەغدا بوون، هەروەها بوونی سەدان کورد لە سوپای عێراقی وەک ئەفسەر و پلەباڵا و پۆلیس[١] نیشانەی گەشەکردنی هۆشیاری ڕامیاری لای کورد بوو، ئەو کارە ڕێگەیدا بە دەرکەوتنی هێز و کۆمەڵی ڕامیاری کوردی لەسەر بیروباوەڕ و ڕێکخراوەی پارتی ناسراو وەستابوو، پەیڕە و پرۆگرامی بیری یەکپارچەیی ناوچەکانی لە عێراق و ئێران و تورکیا لە دەوڵەتێکدا لەخۆ گرتبوو، ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانیە دوورەکان، بووبوونە یەکگرتنەوەی سەرجەم بەشەکانی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، بەڵام ئامانجە نزیک و کاتییەکان پێکهێنانی ئیدارەیەکی خۆبەڕێوبەری بوو بۆ ناوچە کوردییەکان[٢]. بە هەمان شێوە ئەم ماوەیە قەیرانی ئابووریی خنکێنەری بە خۆیەوە بینی کە بەرۆکی بە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان لە ئەوڕووپا گرتبوو، ئەوانیش بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە پەنایان بردە بەر دەوڵەتە داگیرکراوەکانی شوێنکەوتووانیان، کە کوردستانیشی گرتەوە. بەشێک لەم هەوڵە قورس و سەختە، ئەو کارەی کە کاریگەریی هەبوو لەسەر سەرجەم چین و دەستەکان بووە هۆی وشککردن لە بازاڕەکاندا[٣].

لەم ماوەیەدا، مەلا مستەفا وەک سەرکردەیەک دەرکەوت، کەسایەتییەکی ئاشکرا و جیهانبینێکی باش بوو، بۆیە بووە سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و شوێنکەوتووانی لە دەوری کۆبوونەوە، بەمەش بووە کاریگەر و کارخواز لەسەر سەرکردەی خێڵەکان و حکوومەت[٤].

لەم کەش و بارودۆخەدا کە بە قورس و هەستیاریی تەواو بۆ بارودۆخی نەتەوەی کورد جیا دەکرێتەوە، مەلا مستەفا دەرکەوت. سەرباری جەنگی دووەمی جیهانی و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر کوردستان، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە خودی خۆیدا، لە بارودۆخێکی شڵۆق و لێکهەڵوەشاو، پەرشوبڵاویی ڕامیاری و ڕۆشنبیریدا دەژیا، سەرەڕای فراوانبوونی لە ڕووی ئاسۆییەوە و دەرکەوتنی ڕێکخراو و کۆمەڵی سیاسی و ڕۆشنبیری لە ڕیزەکانیدا.

لە ڕاستیدا لەسەر ئاستی پەیوەندیدا، ڕەوتە نەتەوەییەکانی کورد لە نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا بە ئاڵۆزییەکی گەورە جیا دەکرێتەوە. بەریتانییەکان، تورکەکان و عێراقیەکان دوودڵ نەبوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی کورد بە ئاگر و ئاسن، لە کاتێکدا کۆمەڵەی گەلان دەستەوسان بوو لە هەوڵدان بۆ

(١) أحمد فوزي قاسم والأكراد، خناجر وجبال، مصدر سابق، ص ٢٩٨.

(٢) نوري شاوي، من مذكراتي، مصدر سابق، ص ٨.

(٣) David _Adamson _ Kurdish war _p.21 .

(٤) وليام ايجلتن، جمهورية مهاباد، مصدر سابق، ص ٩٩.

دروستکردنی قەوارەیەکی نەتەوەیی. سەرکوتکردنی کورد هەر تەنیا لە ڕووی سیاسی و کولتورییەوە نەبوو، بەڵکو هەڵمەتی سەربازیی ڕاستەوخۆ بوو[1]، سەرەڕای ئەوەی کوردستان بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە ماوەی ساڵەکانی یەکەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئارام مایەوە. جگە لەوە بیری گەیشتن و بەدەستهێنانی خۆبەڕێوبەری لای کورد سەری هەڵدایەوە. ئەویش لە لایەک بۆ گەشەی نەتەوایەتی کورد و لەلایەکی تریشەوە زۆرێک لە وڵاتان پڕوپاگەندەی زۆریان بۆ دانانی نەخشە و ڕێبازی سەربەخۆیی بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئەنجام دەدا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاشکرای کرد کە ئەو هەوڵ و هاوکاری بۆ بەخشینی خۆبەڕێوبەری بە کوردستان دەدات لە ژێر فەرمانڕەوایەتی تورکیادا[2]. ئەڵمانیای هیتلەرییش بەڵێنیدا هاوکار بێت بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی[3]. بەڵام بەریتانیا خۆی لە کورد نزیک خستەوە و بە تایبەت لە بزووتنەوەی ڕەشید عەلی گەیلانی لە ساڵی ١٩٤١دا، چاوێکی بەخشینی سەربەخۆیی بە کورددا گێڕا[4].

شێخ مەحمود، بزووتنەوەی ڕەشید عالیی قۆستەوە و هەڵهات بۆ سلێمانی و پێشنیاری بەڕێوبردنی ناوچە کوردییەکانی خستەڕوو، هەروەها داوای دروستکردنی لیژنەیەکی ناوخۆی کرد بۆ دروستکردنی هێزی خۆبەخش بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئاسایش، حکوومەت داواکارییەکانی شێخ مەحمودی ڕەتکردەوە و هۆشداریدا بە دوورکەوتنەوە لەم جۆرە کارانە و خۆڕادەستکردنی بە حکوومەت، چونکە حکوومەت لە ئارەزووەکانی شێخ مەحمود وای بینی هەنگاوێکە بەرەو خۆبەڕێوبەری[5]. حکوومەت داوایەکی ئاراستەی کورد کرد بۆ هەوڵ و تێکۆشان و خزمەتی نیشتمان و سوودی گشتی[6].

ڕاوێژکاری بەریتانیا لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق س. ج. ئەدمۆنز داوای ئەنجامدانی بە پەلەی گفتوگۆی حکوومەتی کرد لەگەڵ شێخ مەحموددا[7]، ژمارەیەک لە سەربازە کوردەکان لە ڕیزی شێخ مەحمود بوون، بە هەمان شێوە دەیان پۆلیس لە سلێمانی هۆشداریان دابوو کە ڕوو دەکەنە کۆنسوڵخانەی ئێران لە شارەکەدا، بە هۆی هەڵوێستەکانی ئێران بەرامبەر ئەو کوردانەی کە لە عێراق هەڵهاتبوون[8]، بە تێڕوانین بە کەمی لایەنگرانی، شێخ مەحمود پەی بەوە برد کە دەکەوێتە بارودۆخێکی ناخۆشەوە. ئەوەش کارەکەی

---

(١) سامي شورش، كردستان والأكراد والحركة القومية والزعامة السياسية، ادريس بارزاني نموذجا، أربيل، دار آراس، ص ٦٥.

(٢) إسماعيل أحمد باغي، تطورات الحركة لوطنية العراقية ١٩٤١ ـ ١٩٥٢ رسالة دكتوراه، جامعة القاهرة، ١٩٧٦، ص ٢٥٢.

(3)Harris. Gorge Iraq its people. its society. its culture p98.

(٤) عبدالرحيم دولمون، العراق في الحرب العالمية الثانيةمصدر سابق، ص ٢٦٦.

(٥) م.ح.و :ملفات البلاط الملكي، شرطة العراق، المحققات الجنائية، جريدة الأستخبارات السياسية، العدد ٢٤ في ١٩٤١/٦/١٤.

(٦) م.ح.و :ملف ح ٧/٢ قرار مجلس وزراء في ١٩٤١/٧/١٣.

(7)Fo371/22078 Baghdad. No.185.11 July 1941 to ibid No 825.4 july.

(٨) م.ح.و :ملفات البلاط الملكي، شرطة العراقية. شعبة التحقيقات الجنائية، جريدة الاستخبارات السياسية، لعدد ٢٤ في ١٩٤١/٦/١٤.

لەسەر عەقید مەحمود نورەدین ئاسانتر کرد، کۆنابییەیتانی باخیبوونی شێخ بوو لە ڕێگەی گفتوگۆوە. شێخ مەحمود قایل بوو بە مەرجەکانی حکوومەت بە مانەوەی لە ناوچەی (داری کەلی) و ڕێگە بە شێخ بدرێت هەموو ڕۆژانێکی هەینی سەردانی سلێمانی بکات[1].

جەنگی دووەمی جیهانی بە ڕووداوە گەردەلوولاوی و ئالۆزەکەیەوە هات و جارێکی تر داواکارییە ڕەواکانی کورد سەریان هەڵدایەوە. کورد ڕووداوەکانی ئەم جەنگە و کاردانەوەکانی لەسەر کوردستان نەقۆستەوە، هەندێک وای شی دەکەنەوە و دەڵێن بەڵکو هەلی تر هەبوو بۆ دەستنیشانکردنی نیازەکانی حکوومەتی عێراق بەرامبەر داواکارییەکانی کورد. چەند هۆکارێک هەبوون کاریان کردە سەر بەئاگاهێنانەوەی هەستی نەتەوایەتیی کورد لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا لەوانە: بزووتنەوەی مایسی ١٩٤١، ئەوەی  لەم شکستە یارمەتیدا داگیرکەری سەربازی بەریتانی بوو بۆ عێراق، هەروەها تەنگژەی ئابووری خنکێنەر، کە تەنیا کاریگەریی لەسەر عێراق نەبوو، بەڵکو لەسەر کوردستانی عێراقیش هەیبوو[2]. هەروەها ڕوسیای داگیرکەر لە باکووری ئێران کاریگەری کارای لە ناوەندەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردی لە عێراقدا هەبوو، شانبەشانی ئەو هەستیارییەی بەرامبەر نەتەوەی عەرەب هەیبوو[3]، کە هاوکاری نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبی خستە ژێر هەڕەشەوە، ئەمەیش بە فەرامۆشکردنی داواکارییەکانی کورد. بەڵام سەبارەت بە بزووتنەوەی مایس، لە نێو کورددا هەبوو بە چاوی قایلبوون و ئاسودەییەوە لەم بزووتنەوەی نەڕوانی، بە تایبەتیش کە بینییان ئەڵمانیا ئەم بزووتنەوەی قۆستووەتەوە و دژی بەریتانیا بەکاری دەهێنێت. نوری شاوەیس کە یەکێکە لە چالاکوانانی کورد لەسەر ئەوە دەڵێت "ئێمەی کورد ئەوەمان دەزانی، لەبەر ئەوەی لە نێوان دوو چاڵدا بووین، ئێمە لەگەڵ هیچ کام لەم دوو نەتەوە شۆڤێنییەدا نەبووین، چونکە زانیمان بیر و هۆشیان بەرامبەر کورد خراپە، دەشڵێت ئەوان هەڵگری بیرێکی نەتەوەیی مرۆڤدۆستانە نەبوون تا مافی نەتەوەکانی تر بپارێزن و ڕێزی بگرن، لە بیری نازییەوە نزیک بوون"[4].

هەروەک هەندێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەکە لە نێوانیشیاندا سەلاحەدین سەباغ خاوەنی بیری خراپ بوون لە بەرامبەر ئەفسەرە کوردە نەتەوەییەکاندا ـ هەروەك ئەو بیرەی بەرامبەر بەکر سدقی هەیانبوو[5] ـ و بە "دەمارگیر" و نەبوونی خاوەنی ڕەوتێک کە بتوانێ بیرە نەتەوایەتییە ڕامیارییەکانیان ئاراستە بکات، وەسفیان دەکردن.

---

(١) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٦، ط٢، صيدا، مطبعة العرفان، ص ٣٧.

(٢) أ ـ من لجيد نشكنو، العراق في النضال من أجل الاستقلال، موسكو، ١٩٧١، ص ٩٤.

(٣) موسى السيد علي، القضية الكردية في العراق من الاستنزاف إلى التهديد الجغرافية السياسية، مركز الامارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، العدد ٤٦، ص ٣٩.

(٤) نوري شويس، من مذكراتي، مصدر سابق، ص ٣٦.

(٥) محمود الدرة، حيات العراقي من وراء البوابة السوداء، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٦، ص ١٢٧

ئەگەر ئەفسەرە کوردەکان دەمارگیر بن بۆ نەتەوەکەیان، ئەوا حاڵیان وەک حاڵی ئەفسەرە عەرەبەکان دەبێت، ئایا دەکرێت کورد نکوڵی لە نەتەوەکەی خۆی بکات، تا شوناسی تورکی هەڵبگرێت لە ئەفسەرانی عەرەب، تا پێیان بگوترێت کە دەمارگیر نین؟ ئەم هاوکێشە نەتەوەییە بەس نییە پاڵنەرەکەی شۆڤێنیزمیە.

ئەی لە ڕووی ئابوورییەوە؟ گەلی کورد لەو کاتەدا لە تەنگژەی ئابووری و ڕۆشنبیری و تەندروستی ترسناکدا دەیناڵاند[1]، ئەم ئەنجامەیش بەهۆی فەرامۆشکردنی حکوومەتی عێراقییەوە بوو کە وابەستە بوو بە بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاوە. پێویست بوو لەسەر کورد بارودۆخێکی ناوخۆی و نێودەوڵەتی بۆ خستنەڕووی داواکارییە نەتەوەییەکانی بهێنێتە بەرهەم. بەریتانییەکان لە ماوەی ڕۆژەکانی بزووتنەوەی مایسەوە هەوڵیاندا کێشەی کورد وەک کارتێک بۆ جێبەجێکردنی ئارەزوو و ئامانجەکانیان بقۆزنەوە، کاتێک لەم هەوڵەیاندا سەرنەکەوتن. بۆ نموونە قایلکردنی مەلا مستەفا، کە لەو کاتەدا دوورخرابووەوە بۆ سلێمانی، بە ئەنجامدان و کردنی کارێك دژ بە حکوومەتی گەیلانی، لە بەرامبەر ئامادەیی حکوومەتی بەریتانیادا بە دانپێدانان بە سەربەخۆی دەوڵەتی کوردستان، بەڵام مەلا مستەفا ئەم پێشنیارەی ڕەتکردەوە، بەو پێیەی بەریتانیا پابەند نەبووە بە بەڵێنەکانییەوە. ئەم ڕەتکردنەوەیەش مانای ئەوە نییە بارزانی پشتی گەیلانی و بزووتنەوەکەی گرتبێت[2]، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەروەها پێشنیارێکی حکوومەتی گەیلانیشی ڕەت کردەوە کە پێشنیاری جوڵانەوەی دژ بە بەریتانییەکان تێدابوو[3].

---

(١) م.ف ـ فيد نتسكو، العراق في النضال من أجل الاستقلال، موسكو، ١٩٧١، ص ٩٤.

(٢) حکومەتەکەی گەیلانی پیلانێکی دانا بۆ کشانەوە بۆ کوردستان لە حاڵەتی هێرشکردنی بەریتانیادا بۆ سەر عێراق، کوردستانی کردبوو بە بنکەی درێژەدان بە شەڕ و بەرگریکردن، بەڵام ئەم پیلانە هەڵچوونییە جێبەجێ نەکرا، بەڵکە کاتی نزیکبوونەوەی داگیرکردنی بەغداد لەلایەن بەریتانیاوە، حکومەتی گەیلانی هەر ئەوەندەی بۆ کرا شا فەیسەڵی دووەم و خێزانەکەی بۆ کوردستان بگوازێتەوە و لە ماڵی (مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی)دا، کە دەوڵەمەندێکی کورد بوو، نیشتەجێیان بکات. کۆدیتاچییەکانیش بەرەو ئێران هەڵهاتن. (طارق ابراهيم شريف، شخصيات تتذكر، ج١، ط١، أربيل، مطبعه الثقافه والشباب، ١٩٨٨، ص ٤٦ ـ ٥٣، ومير بصري، اعلام السياسة في العراق، مصدر سابق، ص٣٤.

(٣) عزيز حسن البارزاني، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق ١٩٣٩ ـ ١٩٤٥، أربيل، ٢٠٠٢، ص ١١٥.

## قەیرانی ئابووری و جەنگ لە کوردستان

کوردستانی عێراق ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی ئابووریی گەورە بووەوە، بە تایبەت لە ساڵەکانی کۆتایی جەنگدا. هۆکارگەلێکیش لە دروستکردنی ئەم دیاردە سەختەدا ڕۆڵیان گێڕا، لەوانە[1] لاوازیی جووڵەی بازرگانی عێراق لە پەیوەستبوونیەوە بە دراوی ئیستەرلینییەوە[2]، خراپی وەرزی کشتوکاڵ و قۆرخکاریی کاڵاکان و دەگمەنی و کەمی و خراپی دابەشکردنیان. پاشان فراوانبی لایەنی جەنگ و ڕۆچوون لە ئاڵوگۆڕی شتومەکی جەنگیدا، هەروەها هەڵئاوسانی دراو کە بوونی هێزێکی زۆری داگیرکاری بەریتانی لە عێراق لە سەرهەڵدانیدا هاوکار بوو، هەروەها هاریکار بوو لە خراپتربوونی قەیرانەکەدا. ئەمە جگە لە دەرکەوتنی دیاردەی دزی و تاڵانی و بازاڕی ڕەش[3]، پاشان فەرامۆشکردنی چاودێریی حکوومەت و لاوازیی دامودەزگای کارگێڕی و بڵاوبوونەوەی دیاردەی بەرتیل[4]، بەڵام گەل زۆر توند و تووڕەبوو بەهۆی نەبوونی چاودێریی حکوومەت لەسەر نرخی مادە خۆراکییەکان و پێویستییەکانی تریان[5]. ئەم کارکەرانە بە گشتی بوونە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی شەپۆلێکی توندی بەرزبوونەوەی نرخی مادە خۆراکی و بەکاربردنەکان و تێچوونەکانی ژیان، پاشان ڕەنگدانەوەی دەستکەوتە خراپەکانی بە شێوەیەکی تایبەتی لەسەر دانیشتووانی شار و گوندەکان لە کرێکار، جووتیار، فەرمانبەر و خاوەنانی داهاتی کەم[6]. کوردستانی عێراقیش بووە قوربانیی ئەم قەیرانە[7] و سەرەڕای دەوڵەمەندیی کوردستان بە سامانی سرووشتی، هێشتا بە دەست ئەم کێشە ئابوورییانەوە دەیناڵاند. هۆکاری ئەم بارگرانییەش ئەو جیاکارییە بوو کە لە لایەنی سیاسەتەوە جێبەجێ دەکرا و ڕەنگدانەوەی شوێنەوارەکانی بە توندی لەسەر خانەوادەی بارزانییەکان لە ماوەی مانەوەی ناچارییان لە سلێمانی ڕەنگی دایەوە[8].

باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا وەها ئەم قەیرانە ئابوورییەی شیکردووەتەوە و هۆشداریی داوەتە حکوومەتی عێراق لە ترسناکییەکەی، کە لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانیدا دەڵێت لە زۆرێک لە دۆڵەکان و

(١) سيد عزيز الشمزيني، الحركة التحررية للشعب الكردي، مصدر سابق، ص ١٤٠.

(٢) إبراهيم كبه، هذا طريق ١٤ تموز، ط١، بيروت، ١٩٦٩، ص ٣٣ ـ ٣٤.

(٣) من وثائق الحزب الشيوعي العراقي، مؤلفات الرفيق فهد، قضايا الوطنية، بغداد، مطبعة الشعب، ١٩٧٣، ص ٢١.

(٤) محاضر مجلس نواب العراقي :الجلسات (٢) في ٣ يناير ١٩٤٤، ص ٤٦ و (٢٠) في ١٠ مايس ١٩٤٤، ص ١٢٧ في ١٥ مايس ١٩٤٤، ص ٢٨٢.

(٥) شرطة العراق، جريدة الاستخبارات السياسة، سري للغاية.

(6)P.R.O.F.O.371/35012. E2597.Cornwallis to Eden. Baghdad. Sep 29.1943.FO.145392. No.15.E608 Cornwallis to Eden Baghdad.Jan26.1945.

(٧) ئەم حاڵەتە بەک جار لەسەر کوردستان بگرە لەسەر مەلا مستەفا و هاوەڵانی ڕەنگی دابووەوە، کە بە ڕاستی باری داراییان خراپ بوو.

(٨) ماجد عبدالرضا، القضية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، بغداد، ١٩٧٨، ص ٩٦؛ لو مازور :خفايا و ملابسات المسألة الكردية، مطبعة لينوغراف، بيروت، ٧٤، ص ٥٦.

گردەکاندا لە باکوور و سنوورەکانی باکووری ڕۆژهەڵات ـ کە مەبەست لێی کوردستانە ـ ڕێژەیەکی کەم لە دانەوێڵە دەچێنرا، دورینەوە خراپ بوو، ئەم دیاردەیە لەلای گوندنشینەکان شوێنەواری جێهێشت، بە شێوەیەک کەوتبوونە دۆخێکی دژوارەوە. سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ هۆشدارییاندا بۆ ئەوەی لەگەڵ موتەسەریفەکاندا کۆ ببنەوە بە مەبەستی وتوێژ لەسەر وەرزی دروێنە، ئەوەی دەکرێ بکرێتە بەردەست بۆ خواردەمەنی ئەوان[1].

خراپیی ئەم قەیرانە ئابوورییە کە کوردستان بە دەستییەوە دەیناڵاند، پاشان دەرکەوتنی هەندێک بارودۆخی خراپ، کاریگەرییان هەبوو لەسەر ئاسایش لە نێو دانیشتووانی کورددا[2]، وەک دەرکەوتنی ڕێگر و شەقاوە کە پشێوییان لە ناوچەکەدا بڵاودەکردەوە[3].

باڵیۆزی بەریتانیا، لە ڕاپۆرتێکی تردا ئەم بارودۆخە دیاری دەکات و گوزارشت لە ئابووریی کوردستان دەکات لە نێوان مانگی نیسان و حوزەیرانی ١٩٤٣دا. ئەو دەڵێت "بێزاری و ناقایلی لە ویلایەتەکانی موسڵ و هەولێر و سلێمانی بڵاو بووبووتەوە، زۆرێک لە لادێکان بە دەست کەمی خۆراکەوە دەیانناڵاند"[4]. وادیارە ئەم قەیرانە ئابوورییە کە بەسەر کوردستاندا هات، ئەو مۆرکە دەبەخشێ کە جۆرێک لە پشتگوێخستن و گەمارۆی ئابووری هەبووە و لەو ناوچەیەدا سەپێندراوە، وەک جلوبەرگی جەنگی بە تایبەت هێزی ڕوسی لە کوردستانی ئێران و وروژاندنی لەسەر هەستی نەتەوەی کورد، هەموویان کەشێکی هاوکاریان بەخشی تا شۆڕش سەر هەڵبداتەوە[5].

سەرەڕای ئەوەی جەنگی دووەمی جیهانی بە بای گۆڕانکاری قووڵەوە، بەرۆکی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرت (ئەو ناوچەیەی کوردستانی تیایە)، ئەوەش لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگ، دەرگایەکی فراوانی واڵا کرد لە بەرامبەر پاڵپێوەنانی بیر و هزری سۆسیالیزم و شیوعی و چەپڕەویدا بۆ ناوچەکە[6]. هەروەک هەلێکی نوێی بۆ ڕیشەداکوتانی هەژمونی ڕۆژئاوا و هزر و پیشەسازی و بەرهەم و کولتورەکانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕەخساند[7]، هەموو ئەمانەیش لەسەر کولتور و فیکر و سیاسەتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە کوردیشەوە ڕەنگیان دایەوە. بەڵام شەڕەکە جگە لەم کاریگەرییە باشانە، شوێنەوارێکی زۆری

---

(1)P.R.O. 371/345012، E797/489189 Confidential. No.337.

(٢) سید عزیز الشمزیني، الحركة التحررية للشعب الكردي، مصدر سابق، ص ١٤.

(٣) بارودۆخی ئەمنیی لە نێوان دانیشتووانی دهۆکدا خراپ بوو، دیاردەی چەتەیی سەری هەڵدابوو، سەرباری هەوڵەکانی هێزەکانی پۆلیس بۆ دانانی سنوورێک بۆ ئەو دیاردەکانی قەیرانی ئابووریی لە کوردستان. (غانم محمد الحفو وعبد الفتاح علي البوتاني، الكورد والأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٨٥، مصدر سابق، ص ٩١.)

(4)P.R.O.Foo.371/602. E3585، No.195 Cornwallis to F.o.Baghdad.5June 1943

(٥) غانم محمد الحفو وعبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٨٥، مصدر سابق، ص ٩١.

(٦) ماجد عبدالرضا، القضية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ٦٩.

(٧) عادل غفوري خليل، أحزاب المعارضة العلنية في العراق ١٩٤٦ ـ ١٩٥٤، بغداد، ١٩٨٤، ص ٦٩.

نەرێنیشی لەسەر ئەم گەلانە بە جێهێشت[1]، گرنگترین ئەو خاڵە نەرێنییانە سەبارەت بەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە، خێرا پڕچەککردنی ئەو دەوڵەتانە بوو، هەروەها بووە هۆی پاساودانی پێداگریی لەسەر نەبوونی دیموکراتی و پتربوونی سەرکوتکردن و بەرفراوانبوونی هەڵمەتەکان دژ بە نەتەوە بەرهەڵستکارەکان، چەشنی پرۆژەی نەتەوایەتیی کورد، یان ئاشوری و ئەرمەنی، ئەمە سەرەڕای ڕەخساندنی کەشەکە لەبەردەم ململانییە دەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، لە چوارچێوەی ڕژێمی دووجەمسەریدا[2].

ئەوەی کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە شەڕەکەدا لەسەر بزاوتی نەتەوایەتیی کورد پتر کردبوو، بڵاوبوونەوەی سوپای بەریتانیا بوو لە ئابی ١٩٤١ لە بەشی باشووری کوردستان.

ڕاستییەکەی ڕەنگدانەوە هاودژەکانی شەڕ لەسەر ڕەوشی کوردستان جێی سەرنجن، چونکە جگە لە خۆگیریی دەسەڵاتی ناوەندی بە دوورخستنەوەی بارزانییەکان، هەر ئەم دەسەڵاتانە خەریک بوون پاشگەز دەبوونەوە لەو بەڵێنانەی بە کوردیان دابوو بە پێدانی مافە کولتوری و زمانییە سنووردارەکان، ئەوانەی جاڕنامەی سەربەخۆیی عێراق کە کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٣٢ دەری کربوون، لەخۆی گرتبوون. هەروەها بەرەبەرە بوونی سەربازییان لە کوردستان چڕتر و مافە ئیداری و کولتورییەکانی کوردیان کەمتر دەکردەوە[3].

بەڵام تەنیا هۆکارە دەرەکییەکان پاڵنەر نەبوون بۆ بووژانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەو ناوچەیەدا، بەڵکو ڕاپەڕینەکەی ١٩٤٣ ڕۆڵێکی گەورەی لە دەمەزەردکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەییدا گێڕا، نەک هەر لە نێو کوردی کوردستانی عێراقدا، بگرە بەرەو کوردستانی ئێرانیش تێپەڕی، ئەمەیش لە دەستپێشخەرییەکەی کۆمەڵەی (ژ. ک)دا[4]، کە تێیدا ناوی بارزانییان بە ڕێبەری کوردستان هێنابوو، دیارە[5]. بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی نوێگەریی ڕۆژئاوا و طبوعی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، کاریگەریی هەبوو لە سەر چالاکبوونەوەی تێگەیشتنی ڕووناکبیری و مەعریفی لەناو لاوی کورددا. ئەم فەرهەنگە داوای ئازادی و دیموکراسیی دەکرد، ئەمە وێڕای بەرفراوانبوونی دەوڵەت لە ڕۆنانی دامەزراوە فێرکارییەکان و خوێندنگە و ڕێگا قیرتاوکراوەکان و دیمەنەکانی ژیانی سەردەمییانە لە شارە گەورەکاندا. هەرچەندە لە کوردستان،

---

(١) اسماعيل شكور رسول، أربيل، دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩ ـ ١٩٥٨، رسالة دكتوراه، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٩، ص ١٩٢.

(٢) محمد سلمان حسن، دراسات في الاقتصاد العراقي، ط١، بيروت، ١٩٦٦، ص ٢٤.

(٣) سعي خوري، كردستان والأكراد، مصدر سابق، ص ٦٨.

(٤) کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە هەوینی ١٩٤٢ لە مەهاباد دامەزرا.

(٥) بدران احمد حبيب، بارزان و جمهورية مهاباد، برنامج تاريخي في ذكرى جمهورية الكردية بثتة القناة الفضائية لتلفزيون كوردستان، الأول من مارس ١٩٨٨.

بە بەراورد بە شوێنەکانی تری عێراق ژمارەیان کەمتر بوو[1]، بەڵام ئەو کێشەیەی ڕووی لە بارزانی کرد ئەوە بوو خۆی و خێزان و خێڵەکەی دوور خرابوونەوە بۆ سلێمانی، بۆ قۆتارکردنی بزاوتی نەتەوایەتیی گەلەکەی لە پاشەکشە و دۆخە ناهەموارەکەی و دووبارە دەستکردنەوە بە بزووتن لە قۆناغی نوێدا تێدەکۆشا، کە بەڕاستی ئەم بزاوتە یەکێک لە گرنگترین وێستگەکانی ژیانی سیاسیی کوردی لە ڕووی بەرنامە سیاسییەکانی و پێکهاتە ناوەکییە ڕێکوپێک و داخوازییە نەتەوەییە ڕوونەکانی پێکهێنا[2].

بە کورتی دەکرێت دیمەنە سەرەکییەکانی هەڵسوکەوتی کورد لەگەڵ شەڕەکە و ئەنجامەکانیدا لە چەند مەیدانێکدا هەست پێ بکەین:

یەکەم: قراوانبوونی چالاکیی ڕێکخراوە سیاسییەکان لە نێو کورددا و دەرکەوتنی زنجیرەیەک کۆمەڵە و حزب لە شێوەی پێشکەوتووتر و سەردەمیانەتردا لە پاش شەڕەکە، چونکە کورد لە پێشکەوتنە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دابڕاو نەبوو، بۆیە بزاوتی دیموکراسی زیادی کرد، بیری پێشکەوتنخوازی لە جیهان و کوردستاندا تەشەنەی کرد[3].

دووەم: دەرچوونی کۆمەڵێک گۆڤار و چاپکراوەی ڕووناکبیری، لەوانە گۆڤاری نیشتمان لە مەهاباد و گەلاوێژ لە بەغدا.

سێیەم: هەڵگیرسانی ڕاپەڕینە چەکدارییەکان لە چەند جێگەیەکی کوردستانی عێراق و تورکیا و ئێران، لە هەموویشیان بەهێزتر لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ڕێکخستنەوە ڕاپەڕینەکەی ١٩٤٣ ـ ١٩٤٥ بوو لە کوردستانی عێراق.

چوارەم: دامەزرانی کۆماری مەهاباد لە کوردستانی ئێران ساڵی ١٩٤٦ و کۆبوونەوەی کوردی عێراق لە دەوری[4].

جێی سەرنجە مەلا مستەفا بارزانی لەو ماوەیەدا لە چەشنی بزوێنەر بوو لە ئیدارەکردنی زۆربەی ئەو گۆڕانکاری و ڕووداوە سیاسی و سەربازییانەدا، بە تایبەت لە سیان لە وێستگەکانیدا: ڕاپەڕینی ١٩٤٣ ـ ١٩٤٥، کۆماری کوردستان لە مەهاباد و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان[5].

---

(١) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات، ج٦، مصدر سابق، صص ٣١٣ ـ ٣١٦

(٢) عبدالفتاح علي يحيى، التطورات السياسية الداخلية في العراق، ١٤ تموز ١٩٥٨ ـ ٨ شباط ١٩٦٣، رسالة دكتوراه، غير منشورة، كلية الآداب جامعة الموصل، ١٩٩٥، ص ٢.

(٣) عبدالجبار عبد مصطفى، تجربة العمل الجبهوي في العراق ١٩٢٣ ـ ١٩٥٨، رسالة ماجستير (غير منشورة)، كلية الآداب، جامعة بغداد، ١٩٧٧، ص ١٣٣.

(٤) سامي شورش، كردستان والأكراد، مصدر سابق، ص ٦٣.

(٥) جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، مصدر سابق، صص ٢٦٩ ـ ٢٧٠.

## شۆڕشی دووەمی بارزان ١٩٤٣ ـ ١٩٤٥

عێراقییەکان لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا تاڵاوی زۆریان چەشت، ئازادی نەما و حوکمە عورفییەکان ڕاگەیەندران، هەروەها ئەو سیستەمانەی ئازادیی تاکەکەسی و ڕۆژنامەنووسییان سنووردار دەکرد، سەریان هەڵدا، نرخەکان بەرزبوونەوە و باری ئابووری و گوزەرانی خەڵک شێوا[1]. سەرەڕای تێکچوونی هاوسەنگیی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا[2]. لە کوردستانیش باری کۆمەڵایەتی و ئابووری داتەپی، بەرئەنجامەکانی سیاسەتی حکوومەتی عێراق لە کوردستان، لە سەرجەم بوارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ژیانی گەلی کورددا کارەساتبار بوون[3]، دۆخی کوردستان بە تایبەت لە بارزان گەیشتە ڕادەی برسێتی[4]، ئەمەیش پاڵی بە مەلا مستەفاوە نا[5] داوای کۆمەک لە حکوومەت بۆ برسییەکان بکات، بەڵام بێسوود بوو. ناچار لە حوزەیرانی ١٩٤٣ لە سلێمانی هەڵهات[6] و توانیی لە سنوورەکانی ئێرانەوە دزە بکات و بگەڕێتەوە بارزان کە چەوسانەوەی سیاسی و کولتوری ئەوێی تەنی بوو. بینی هەلومەرجەکە بۆ دەستکردنەوە بە خەباتی چەکداری بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی گەلی کورد لەبارە[7]. پێچەوانەی ئەو سەرکردە کوردانەی لایەنگری حکوومەت بوون و دەیانویست بیگێڕنەوە بۆ سلێمانی، کوردێکی زۆری لە دەور خڕبوونەوە، هەروەک پێشوازیی کرد لە ئەفسەرانی دڵگەرم و ئەندامانی بزووتنەوەی نیشتمانی یەکگرتوو بۆ دەسەڵات، کە حەزیان دەکرد پەیوەندیی پێو بکەن[8]، هەروەها شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفیدیش هاتە پاڵی، بەم شێوەیە مەلا مستەفای بارزانی بوو بە پێشەوای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد[9].

---

(١) محمد سلمان حسن، دراسات في الاقتصاد العراق، مصدر سابق، ص ٢٤.

(٢) ماجد عبدالرضا، القضية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ٦٩.

(٣) ف.فيد نشنكو، العراق في النضال، مصدر سابق، ص ٩٤.

(٤) أدمونز، مصدر سابق، ص ٢١.

(٥) جەلیلی جەلیل دەڵێت ساڵانی دوای ئەو بارە و داراییانە هێندەی تر بەرەو کەمی چوون، نرخی مادە بەرووبوومەکان بەرزبوونەوەیەکی زۆری بە خۆیەوە بینی، بە بەراورد بە پێش شەڕەکە نزیکەی ٧٠٪ زیادی کرد. لە کوردستان دۆخی خەڵک خراپتر بوو، نرخی نان لە کەرکوک چوار ئەوەندەی بەغدا زۆر بوو. (جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ترجمة عبدي حاجي، معهد الاستشراق موسكو، بيروت، ١٩٦٢، ص١٨٧؛ هەروەها جریدة القاعیدة، ڕۆژنامەی حزبی شیوعیی عێراق، ژمارە ٨ لە ٢ی نیسانی ١٩٤٢.

(٦) لە ڕاپۆرتێکی مستەر ئۆمندا، بەڕێوەبەری کاروباری باڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغداد، بۆ مستەر ئەیدن وەزیری دەرەوە، ژمارە ٣٣٧ لە ١٢ی ئەیلولی١٩٤٣، ئەمە هاتووە :" ئەو ڕووداوانەی لە سلێمانی ڕوویان دا سیاوی تۆمارکردنی، یەکەمیان ڕاکردنی مستەفای برای ئەحمەد بارزانی، کە پاش ئەوەی بوونی کردەوەکانی بارزانی ساڵی ١٩٣١ دوور خرابووەوە بۆ سلێمانی، توانیی لە چاودێریی پۆلیس ڕزگار بێت و لە ١٣ی تەموز بگەڕێتەوە ناوچە شاخاوییەکان".
(35012 – P.R.o ـ F.O 317)

(٧) أحمد فوزي. قاسم والأكراد، مصدر سابق، ص ٢٩٨.

(٨) وليام ايجلتن، جمهورية مهاباد، مصدر سابق، ص ٩٩.

(٩) کریم زەندی، مصدر سابق، ص ٣٩، نقلا عن حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق مصدر سابق، ص ٢٦٦.

که مەلا مستەفا گەیشتە بارزان لە سێ تفەنگ زیاتری پێ نەبوو، پارەی کڕینی ئازووقەیشی لا نەبوو، ئەمە ناچاری کرد شاند بۆلای خێڵەکان بنێرێت تا بێنە پاڵی[1]، ئەوەبوو پەیوەندیی بە سەرۆک خێڵەکانی سورچی، زێبار، هەرکی، خۆشناو، دزەیی و هی ترەوە کرد[2]، سەرەتا بزاوتەکەی مەلا مستەفا ئامانجەگەلی نەتەوەیی گشتیی کوردی هەڵنەگرتبوو، بەڵکە ئامانجی لابردنی بارە گرانەکانی سەر بارزانییەکان بوو، بەڵام نەتەوەپەرستانی کورد بە بزاوتێکی دادگەری دژ بە چەوسانەوەی نەتەوەییان لەقەڵەمدا، بۆیە پشتگیرییان کرد و هەوڵیان دا پەرەی پێبدەن بۆ بزاوتێک داواکارییەکانی کوردی هەڵگرتبێت و چاوەڕوان بوون ببێتە شۆڕشێکی نەتەوەیی کوردی نوێ و سەراپای کوردستانی عێراق بگرێتەوە[3]. هاتنەپاڵی ئەفسەرانی نیشتمانیی کورد کە ژمارەیان ١٢ ئەفسەر بوو[4]، ڕەگەزێکی نوێی پێکهێنا و کاریگەریی لەسەر گۆڕانی بزاوتە نیشتمانییەکە و چەمکەکانی هەبوو[5]. ئەمانە کاریان کرد بۆ گۆڕینی ڕێنمایی بزاوتەکە بە ئاراستەی نیشتمانی و بوون بە بزاوتی گشتی کوردی دژ بە دەسەڵات، نەک جووڵانەوەیەکی ناوچەگەریی خێڵەکی[6].

دوای هەڵهاتنی مەلا مستەفا لە سلێمانییەوە بۆ بارزان، حکوومەت شێخ ئەحمەدی برای بۆ حیللە دوور خستەوە و خۆی بۆ بەگژداچوونەوەی بزاوتەکە ئامادە کرد[7].

وادیارە بژاردەی سەربازی لەلای زۆر گرنگ نەبوو، هێندەی قایلکردنی بەغدا بە چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد.

پاش گەیشتنی بە ناوچەی بارزان، دەسپێشخەریی کرد تا لە ڕێگەی بەڕێوبەری ناحیەی مێرگەسۆرەوە پەیوەندی بە حکوومەتەوە بەرقەرار بکات و پێشنیاری گەڕان لە دوو چارەسەری ئاشتییانەی بۆ کێشەی

---

(١) إسماعيل باقي، تطور الحركة الوطنية، مصدر سابق، ص ٢٥٥.

(٢) نموونەی نامەیەک لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی دزەییەوە بۆ مەلا مستەفا، لە ١٩٤٥/٣/١٠.

بۆ برای گرانقەدر و نازیزمان ـ جەنابی مەلا مستەفای بەڕێز، پاش ڕێز و سڵاو، ئەگەر لە حاڵی ئێمە دەپرسی ئەوە سوپاس بۆ خوا ئێمە باشین و لە خوای باڵادەست دەخوازین لەشساغ و سەرکەوتوو بی. برای ئازیز، نامەکەی جەنابی شێخ ئەحمەدی براگەورەمان پێ گەیشت و بە ناوەڕۆکەکەی تێگەیشتین، گەلێک دڵخۆشی کردین. بڕ گیان، وەک لاتان ڕانراوە گەلی کورد زۆر ستەمدیدە و چەوساوەیە، بۆیە دەخوازێت بە هەموو ئامرازێک لە پێناو نیشتیمانی دایکماندا تێ بکۆشین، هەوڵی ئێوە لەپێش چاوە.. ئێمەیش چەند بوانین ئامادەی تێکۆشانین و بەگەرمی دەستی جەنابی شێخ ئەحمەد دەگوشین. نوا و سڵاوماز هەیە بۆ برایان (م) و (ع) و (ح) و ئەوانی تر، سپاردەی خوا بن. براتان سێمان رسول.. براتان محەمەد کاکە خان.. براتان عەلی خورشید ئاغا.. براتان خدر ئەحمەد پاشا.. براتان سلێمان حەجی. (مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج١، مصدر سابق).

(٣) جلال الطالباني، الحركة القومية للشعب الكردي، ص١٤٢.

(4) By :abbas kelider. London، 1979، p. 173. Sa'ad N.jawad، The problem kural in irak، the intergration of modern iraq. E dited by :abbas keliaer d. (London، 1979، p.173.

(٥) اسماعيل باقي، مصدر سابق، ص ٢٦٤.

(٦) محمود الدرة، مصدر سابق، ص ٢٠٥.

(٧) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٢٦٧.

کورد لێی کرد. بارزانیی بە بڕیارێکی تاکەکەسی پەنای بۆ بژاردەی سەربازی نەبرد، بەڵکە لەگەڵ حزبی هیوا و چەند کەسایەتییەک ڕاوێژی کرد، کە سوودی نەبوو[١].

مەلا مستەفا دەستی پێش خست و هێرشی کرد، جەنگاوەرانی لە بنکەکانی پۆلیسەوە دەستیان پێکرد و توانییان دەست بەسەر بیست و یەک بنکە و فەوجێک لە هێزی گەڕۆکدا بگرن.

لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٣، حکوومەت تیپێکی سوپای بۆ هێرشکردنە سەر حەشارگەکانی مەلا مستەفا ڕەوانە کرد، بەڵام توانی سوپا تێکبشکێنێت[٢]، بەمەیش ترسی دەسەڵات نەك هەر لە پێشچاوی ئەو سەرۆک خێڵانەی پەیمانیان پێدابوو، بەڵکە لای هەموو کورد، ڕەوییەوە[٣]. شکۆی مەلا مستەفا گەورەتر بوو و دەستکەوتە جەنگییەکانیش زیاتر بوون، بە شێوەیەک نەدەکرا بە هەڵمەتێکی تەنبێکردن ملکەچی بازنەیەکی تەسک بکرێت[٤].

باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا ترسی خۆی لەو سەرکەوتنە سەربازییانەی ناوچەکە، بە هۆی زاڵبوونی هێزەکانی مەلا مستەفا بەسەر سوپادا، دەربڕی[٥].

ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی پەرەسەندنی بزاوتی نیشتمانی کورد و ڕەنگێکی نوێیان پێدا، مەلا مستەفا بوو بە ڕێبەرێکی نەتەوەیی[٦]. داواکارییەکان لە کاروباری بنەماڵەییەوە بۆ داواکاریی فراوان و خاوەن سرووشتی نەتەوەیی کوردی گۆڕان[٧]. لۆمەکردنی ناوەندە سیاسییەکان لە سەر ڕووداوەکانی کوردستان سەریهەڵدا، و لە بەغدا بڵاوکردنەوەی نهێنی بڵاو دەکرایەوە کە داوایان دەکرد شەڕ و هێرشکردنە سەر مەلا مستەفا ڕابگیرێت و مافەکانی کورد، لە هەبوونی ئیدارەی سەربەخۆ، دابین بکرێت. ئەم بڵاوکراوانە هەردوو حکوومەتی عێراقی و بەریتانیایان ئاگادار دەکردەوە. هەربۆیە کۆرنوالیس، باڵیۆزی بەریتانیا کە

(١) سعی فورش، كردستان والأكراد، مصدر سابق، ص ٧٠.

(٢) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٢٩٥.

(٣) محمود الدرة، مصدر سابق، ص ٢٠٥.

(٤) حکومەت، موفەددەم نورەدین مەحمود، بەڕێوەبەری جووڵەکانی لە وەزارەتی بەرگری نارد تا هۆکارەکانی شکستی سوپا بەرانبەر بزاوتەکە بزانێت، ئەویش لە ڕاپۆرتێکدا ڕوونی کردەوە کە ئەفسەر و سەربازەکان سۆزیان بۆ بزاوتەکە هەبووە، پێشنیار کراوە لەگەڵ سەرکردایەتیی بزاوتەکەدا، موکەڕەم تاڵەبانیی حزبی هیوادا بە دانوستان چارەسەری کێشەکە بکرێت، دەگێڕێت کونەکەی ئەمیر عەوج موفەددەم ئەمین ڕواندزیی کە لە بەرەدەم نوری سەعیددا کردی گرفت و داواکارییە ڕەواکانی کورد پێ بزانێ، کە گوتی: جەنابی سەرۆکوەزیران، ئێمە چەندین ساڵە گوێمان لەم هەڕەشانە دەبێت، بەڵام ئەمانیست ڕۆژێک حکومەت گرنگی بە داواکارییەکانی کوردی سەمەدیدە بدات، ئێمەی سەرباز لەپێناو عێراقدا جەنگاوەرانمان بێزار دەکرد، چونکە ئەوانە داواکاریی گەلی کوردن، گەر حکومەت گرنگییان پێ بدات و جێبەجێیان بکات، ئێمەین دڵسۆزی ئەم وڵاتەین، بەڵام گەر حکومەت لەسەر سیاسەتە کۆنەکەی بەردەوام بێت، جیمان بوێت دەیکەین.

(5)F.O. 371/35013، from Baghdad to for sir K. Corlnwallis No، 1201، 16، Desember 1943.

(٦) عزيز الحاج، القضية الكردية في العراق، التاريخ والآفاق، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٤٤، ص ١٩.

(٧) صلاح الخرسان، المشرف العربي المعاصر، ص ٣٢٢.

پێی باش بوو کێشەکە بە نەرمی چارەسەر بکرێت[١]. ئامۆژگاری هەریەکە لە عەبدولئیلاهی وەلیعەهد و نوری سەعیدی سەرۆکوەزیران کرد کە تا کار لە کار نەترازاوە پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەکانی کورددا بکرێت و هەوڵەکان بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانە بخرێنە گەڕ[٢]. هەروەک باڵیۆز کۆناریشی خستە سەر لایەنی کوردی و، لەگەڵ مەلا مستەفا کۆبووەوە، داوای لێ کرد کردەوە گێرەشوێنییەکان ڕابگرێت و بە پێشنیاری ئاشتەوایی ڕازی بێت، چونکە کردەوەکان شڵەژانی هەوڵە جەنگییەکانی بەریتانیا دەخرۆشێنێت و، بەریتانیا وادەزانێت ئەم چالاکییانە دژ بە ئەو ئەنجام دراون، ئەمەیش هۆکاری سەرەکییە بۆ دەستێوەردانی بەریتانیا بۆ ڕاگرتنی شەڕ نەک لە خۆشەویستی کورد و دانان بە مافەکانیاندا، بەڵکە لە ترسی پەرتەوازەبوونی هێزەکانیان، کە لەگەڵ دەوڵەتەکانی میحوەردا لە شەڕدان، بۆیە ویستیان بەرەی کورد بوەستێنن تا کۆتاییهاتنی شەڕیان لەگەڵ ئەڵماندا. باڵیۆز ئەو پەیامەیشی بە مەلا مستەفا گەیاند کە بڕوا بە بەڵێنەکانی حکوومەت نەکات، چونکە دەیەوێت خیانەت لە کورد بکات، ئەوەتا لە کاتی داواکردنی سوڵحدا خەریکی پەخشکردنی چەکە بەسەر لایەنگران و کرێگرتەکانیدا[٣].

هەوڵی حکوومەت بۆ ڕێککردنەوەی ناکۆکییەکان بە ئاشتییانە ئەوە بوو، پێشنیاری چۆڵکردنی زەوییەکانی عێراق و پەڕینەوە بۆ ئێرانی لەلایەن مەلا مستەفا و خێڵەکەیەوە کرد، پێشنیارەکە هاوکات هەڕەشەی باڵیۆزی بەریتانیاشی بە هاوکاریکردنی حکوومەت لە گێڕانەوەی ڕژێم بۆ باکووری عێراق لەگەڵدا بوو. بەڵام مەلا مستەفا پێشنیارەکەی بە هەموو شێوەیەک ڕەتکردەوە[٤]. باڵیۆز پێشنیاری کرد حکوومەت ژمارەیەک کورد لە ئەنجوومەنی پیاوماقوڵان دابمەزرێنێت و داوای لە عەبدولئیلاه کرد سەردانی ناوچە کوردییەکان بکات[٥].

مەلا مستەفا بە پاڵپشتیی ڕێکخراوە دیموکراسی و نەتەوەییەکان لە لایەک و حزبی هیوا و شۆڕش و یەکێتیی تێکوشین و هی تر، کردەوە سەربازییەکانی ئەنجامدا. ئەم ڕێکخراوانە نامە و ڕوونکردنەوەیان بۆ حکوومەتی دەوڵەتە گەورەکان و باڵیۆزەکانیان لە بەغدا دەنارد[٦]. حکوومەتی عێراقی چەندین هێزی گەورەی سەربازی ڕەوانەی شوێنی شەڕەکە کرد، بەڵام شۆڕشگێڕان هەموویان تێکشکاندن.

هەڕەشەکانی باڵیۆزی بەریتانیا و حکوومەت، مەلا مستەفا و شۆڕشگێڕانیان لە بڕیاری جەنگ سارد نەکردەوە، بزاوتی کوردی لەو کاتەدا کە ڕێگەی مافە نەتەوەییەکانی گرتبووە بەر، بەرگێکی جیدی

---

(١) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٦، مصدر سابق، ص ٢٨٧.

(2)F.O. 371/40041. (E.1113/37/391، Sir K.Cornto mr. Eden. February. 1944.

(3)F.O. 371، 40038، (E، 2347126193) Mulla mostafa Barzani to sir k. corn to mr. Eden Desember 25،1943.

(٤) ئیسماعیل باغي، تطور الحركة الوطنية، مصدر سابق، ص ١٥٦.

(5)F.O. 37، 035013، (E، 8045/489/93) sir k. corn to mr. Eden Desember 23،1943

(٦) كمال مظهر، الحركة القومية التحررية في كردستان العراق، مصدر سابق، ص ٤١٣.

پۆشی(١)، حکوومەت داخوازی لە وەزیری دەوڵەت (ماجد مستەفا) کرد ئەرکی گفتوگۆ لەگەڵ مەلا مستەفا بگرێتە ئەستۆ(٢)، ماجد مستەفا لە سەرەتای کانونی دووەمی ساڵی ١٩٤٤ ڕووی کردە کوردستان، پێشتریش سەردانی تاراوگەی شێخ ئەحمەدی لە حیللـە کرد و تکای لێ کرد بە ناردنی یەکێک لە کوڕانی بۆ لای مەلا مستەفا بۆ هاندانی بۆ وەڵامدانەوەی حکوومەت، ئەویش محەمەد خالدی کوڕی نارد و دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ مامی، گەڕایەوە بۆ بەغدا و ڕازیبوونی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ماجد مستەفادا لە ئاکرێی کوردستان پێ بوو. ماجد لە ١٩٤٤/١/٧ گەیشتە مێرگەسۆر.

گفتوگۆکانی نێوان وەزیر و مەلا مستەفا ئەم داواکارییانەی لێ بەرهەم هاتن:

١. پێکهێنانی ویلایەتێکی کوردی کە کەرکووک، سلێمانی، هەولێر، قەزاکانی موسڵ (دهۆک، زاخۆ، ئاکرێ، شەنگال، شێخان) و خانەقین لەخۆ بگرێت.
٢. ویلایەتە کوردییەکە لە پرسە فەرهەنگی و ئابووری و کشتوکاڵییەکاندا سەربەخۆ بێت.
٣. دانانی زمانی کوردی بە زمانی فەرمی ویلایەتە کوردییەکە.
٤. دامەزراندنی بریکاری وەزارەتێکی کوردی بۆ هەر وەزارەتێک لە بەغدا.
٥. گەڕانەوەی شێخ ئەحمەد و لایەنگرە بارزانییەکانی بۆ بارزان.
٦. خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوانی ناوچەی بارزان و دابینکردنی خۆراک بۆیان.
٧. باشکردنی بەڕێوەبردنی مەدەنی لە ناوچەکە(٣).
٨. لابردن و گواستنەوەی ئەو فەرمانبەرانەی بە وەرگرتنی بەرتیل و ناشیرینکردنی دەسەڵات ناسراون(٤).
٩. فەرمانبەرانی هەڵبژێراوی کورد، وەک ئەفسەرانی پەیوەندی لەو ناوچانەی هێشتا ئارام نەبوونەتەوە، کار بکەن و بنکەکانی پۆلیس بە مەرجی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی عێراق دووبارە دابنێرنەوە(٥).

مەرجەکانی حکوومەتی عێراقیش لەم خاڵانەدا چڕ دەبوونەوە:

١. مەلا مستەفا دوور لە ناوچەکە دابنیشێت و بپەڕێتەوە بۆ سنوری ئێران.
٢. لایەنگرانی چەکەکانیان ڕادەست بکەنەوە.

---

(١) فيد تشنكو، العراق في النضال، مصدر سابق، ص ٩٦.

(٢) یەکەم پەیوەندیی نێوان حکومەت و بارزانی لە ١٩٤٣/١١/٢٩ بوو، کاتێک حکومەت یەکێک لە کوردەکانی لایەنگری خۆی ڕاسپارد، کە نوری باویل ئاغای ڕواندزی بوو، چاوپێکەوتنێکی تر ئەنجام درا بە بەشداریی سدیق تەهای ئەهری کە ئەندام پەرلەمان بوو، هەروەها موکەڕەم تاڵەبانیی حزبی هیوا.

(٣) أمين سامي الغمراوي، مصدر سابق، ص ٢١٠.

(٤) إسماعيل ياغي، تطورات الحركة الوطنية، مصدر سابق، ص ٢٦٦.

(٥) سيمون وليمز، بريطانيا والدول لعربية، مصدر سابق، ص٣٩.

٣. دامەزراندنی بنکەی پۆلیس لەسەر سنوورەکان و لەو ناوچە و گوندانەی بە حەشارگەی شۆڕشگێڕان دانراون[١].

دانیشتنەکە بە ڕێککەوتن لەسەر ڕەزامەندیی لایەنی عێراقی بە داواکارییەکانی مەلا مستەفا کۆتاییهات. حکوومەت بەڵێنی گەڕانەوەی شێخ ئەحمەد و هەڤاڵانی بۆ بارزاندا، لەگەڵ دابینکردنی خۆراک و کووتاڵ بۆیان[٢].

لەسەر بنەمای ئەم ڕێککەوتنە، ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە ١٩٤٤/١/١٥دا بڕیارێکی دەرکرد و دەسپێشخەریی دامەزراندنی ئیدارەیەکی سەربەخۆی تایبەتی لە ناوچە کوردییەکان لەخۆ گرتبوو[٣]، بە سەرپەرشتیی چەند فەرمانبەرێکی مەدەنی و ئەنجامدانی چەند چاکسازییەک، وەک ڕێگەوبان، بنکەکانی پۆلیس، خوێندنگە و نەخۆشخانەکان[٤]. هەروەها دوورخستنەوەی پشێوی لە بارزان و گەڕاندنەوەی شێخە دوورخراوەکانی بارزان بۆ شوێنەکانیان، گەڕاندنەوەی چەکەکان بۆ حکوومەت و لێخۆشبوون لە بارزانییەکان جگە لە ئەفسەران[٥]، بەڵام ماجد مستەفا توانیی ئەفسەرە کوردەکان قایل بکات بەوەی وەک ئەفسەرانی پەیوەندی لە ئیدارەی کوردی کار بکەن[٦].

مەلا مستەفا چووە بەغدا و چاوی بە وەسیی و باڵیۆزی بەریتانیا کەوت، کە دڵنیایان کردەوە لەوەی حکوومەت ڕێکارە چاکسازییەکان لە کوردستان دەگرێتە بەر[٧]، مەلا مستەفا لە یەکەم دانوستانی ڕاستەقینەی لەگەڵ حکوومەتدا توانستی خۆی لە هونەری دانوستاندا دەرخست.

سەردانەکەی بارزانی بۆ بەغدا بەلای هەندێک لە سیاسەتمەدارانەوە گران بوو، ڕەخنەی توند ئاراستەی ئەو ڕککەوتنە کرا و، مەرجەکانی بە ئەنجامی لاوازی حکوومەت لێکدرایەوە، تەنانەت وەسی خۆیشی چووە پاڵ ناڕەزاکانەوە[٨].

بەرهەڵستکاران ناوەرۆکی ڕێککەوتنەکەیان بە سەقامگیریی ناچاری لە کوردستان لێکدایەوە، هەروەها بەوەی بەغدا بەم ڕێککەوتنە ڕازی دەبێت دەست لە بەشێک دەسەڵاتەکەی بۆ ئەوانە هەڵبگرێت بۆ ئەوانەی کە خۆیان بە خاوەن کێشەی کورد دادەنێن[٩].

---

(١) وليام ايجلتن، جمهورية مهاباد، مصدر سابق، ص ١٠٣

(٢) عبدالرحيم ذوالنون، العراق في الحرب العالمية الثانية، مصدر سابق، ص ١٧١.

(٣) م.ح.و :ملف ج/١/٢/ قرارات مجلس الوزراء مؤرخ في ١٩٤٤/١/١٥ برقم ٣٦، ص ٦٦.

(٤) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ص ٥٧.

(٥) م.ح.و :ملف ج/١/٢/ قرارات مجلس الوزراء مؤرخ في ١٩٤٤/١/١٥.

(٦) اسماعي باشي، تطورات الحركة الوطنية، مصدر سابق، ص ٢٦٠.

(٧) نفس المصدر، ص ٢٦٠.

(8)F.O. 371، 40042، (E، 3640140193) sir k. corn to mr. Eden jan 21،1944.

(٩) وليام ايجلتن، جمهورية مهاباد، مصدر سابق، ص ٥٠.

لە سەروبەندی گەڕانەوەی مەلا مستەفادا بۆ کوردستان، سەرلەنوێ دۆخەکە شڵەژا و دیسان هەڕەشەی هەڵگیرسانی بارگرژی کرابەوە، سەرەڕای دۆخی دژایەتیکردنی ڕێککەوتنەکە لە بەغدا، ئەفسەرە کوردەکانیش لە کوردستان کاریان بۆ بانگەشەکردن بۆ بارزانی دەکرد، ئیتر حکوومەت هەستی بە مەترسی کرد و ئەفسەرەکانی گەڕاندەوە بۆ سوپا، بەڵام زۆربەیان بە باشیان زانی لەگەڵ بارزانی بمێننەوە. حکوومەت پارێزکاریی سوپای لە کوردستان زیادکردبوو ئەمەیش ببووە مایەی دڵەڕاوکێی کورد.

لەم سەروبەندەدا خێڵ و گرووپە کوردییەکان خەریک بوون یەکیان دەگرت، ئاشتەوایی لە نێوان بارزانییەکان و زێبارییەکاندا کرا، کە بەردەوام لە ململانێدا بوون، و حکوومەت دەیقۆستنەوە. ئەم ئاشتەواییەش بووە هۆی ژن و ژنخوازی لە نێوان مەلا مستەفا و مەحمود ئاغای زێباریدا.

باڵیۆزی بەریتانیا، وەسیی هاندا بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی باکوور. مەلا مستەفایش نامەیەکی بۆ باڵیۆزی بەریتانیا نارد و سکاڵای لە بەجێنەگەیاندی بەڵێنەکانی حکوومەت کرد، هەمان نامەیشی بۆ ماجد مستەفای وەزیر نارد.

سەفیری بەریتانیا مەلا مستەفای لە ئاکامی دەستێوەردان لە سیاسەت ئاگادار کردەوە، سەرنجی سەرۆک وەزیرانیشی بۆ پەیبردن بە هەڵگیرسانی شەڕ و شۆڕی نوێ ڕاکێشا[1].

لە ئاياری ١٩٤٤دا، نوری سەعید سەردانی کوردستانی کرد و چاوی بە سەرکردە کوردەکان کەوت، جگە لە بارزانی. بەڵێنی زۆریدا، بەڵام هیچی ئەرێنی لێ سەوز نەبوو. نوری سەعید ڕای لەوە بوو هەندێک لە خاڵەکان جێبەجێ بکات، بۆیە پرۆژەیەکی سیاسیی هەڵگرت بەتایبەت بە بەخشینی جۆرێک لە لامەرکەزی بە کوردستان[2]، بەڵام هەوڵەکانی بە توندی لەلایەن وەسی و هەندێ لە وەزیرەکان و ئەندامانی پەرلەمانەوە بەرهەڵستی کران، بێگومان هەر ئەمە بوو هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەی لە ٦ی حوزەیرانی[3] ١٩٤٤[4].

وەزارەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی حەمدی پاچەچی پێکهێنرا، هەوڵیدا چارەسەری قەیرانی کورد بکات و تۆفیق وەهبیی وەزیری ئابووریی کوردی بۆ بەڕێوەبردنی دانوستانەکان دەستنیشان کرد[5].

---

(1)F.O. 370، 40038، (E، 2317/26123) sir k. corn to mr. Eden april 15،1944.

(٢) وليام ايجلتن، جمهورية مهاباد، مصدر سابق، ص ١٠٢.

(٣) جعفر عباس حميدي، التطورات السياسية في العراق، مصدر سابق، ص ١٣١.

(٤) بۆچوونی نوری سەعید لە هەڵسوکەوت لەگەڵ بزووتنەوەی کوردیدا لە ڕەوشی ساڵی ١٩٤٤، هەروەک لە ڕاپۆرتەکەیدا هاتووە: "بێگومان ئێمە بە دۆخێکی نائاساییدا تێدەپەڕین، پێویستە لەسەر بەرپرسان لەڕادەبەدەر وریا بن، لەو ڕووداوانە دوور بکەونەوە کە دەشێت ببنە هۆی بواردان بە چاوچنۆکان بە قۆستنەوەی دۆخە نائاساییەکە. من کاتێک داوای چوونەدەرێی تایبەت لە ناوچەکانی باکوور و دەستپێشخەریی بۆ چاکسازیی دەکەم، ڕەوشە دەگمەنەکەی ئێستە وا دەخوازێت". لەم ڕاپۆرتەوە بۆمان دەردەکەوێت نوری سەعید دووان لە گرنگترین داواکارییەکانی بارزانی پەسەند دەکات، ئەوانەیش خۆبەڕێوەبەری و بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە کوردستان. (عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٦، ل ١٨٨ ـ ١٩٣، هەردوو دەقی یاداشتەکەی نوری سەعید، پاشکۆی ژمارە ٨).

(٥) اسماعيل عارف، مصدر سابق، ص ٢٦٤؛ عبد الرزاق مطلك الفهد، الحركة العمالية في العراق، رسالة دكتوراه، جامعة القاهرة، ص ٧٠.

کورد سوور بوو لەسەر جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی پێشووی نوری سەعید، هەروەک بارزانی نامەیەکی بۆ وەزیری ناوخۆ نارد، تێیدا باسی لە داخوازییە نەتەوەییەکانی و ئازادکردنی زیندانییەکان و دامەزراندنی نوێنەرانی کورد لە بەغدا کردبوو[1].

بەریتانییەکان کەوتنە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکە، چونکە بەردەوامبوونی کاریگەری لەسەر شەڕەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە دادەنا، هەر بۆیە باڵیۆزی بەریتانیا حکوومەتی ئامۆژگاری کرد سیاسەتێکی دۆستانە لەگەڵ کورد پیادە بکات، پێویستە لەو خاڵەوە کە نوری سەعید وازی هێناوە دەست بە چاکسازییەکان بکرێتەوە[2].

بەریتانییەکان لای کوردیش دەستوەردانیان کرد و کەمێک نەرمی نوێنرا، باڵیۆز لە نامەیەکیدا کە بۆ حکوومەتەکەی خۆی ناردبوو هێرشی کردە سەر بارزانی و بەوە وەسفی کرد کە گەشەکردنی کورد بە لایەوە گرنگ نییە، ئاگاداریشی کردەوە کە ئەگەر بەردەوام بێت لە دروستکردنی دەردەسەری، ئەوە هیچ پاساوێک نامێنێت بۆ حکوومەتی عێراق بۆ گرتنەبەری لێپێچینەوەی سەربازی[3]. بەڵام ئەم هەڕەشانە ڕێگر نەبوون لە بەردەم بارزانیدا بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی کورد[4]. لە حوزەیرانی ١٩٤٤دا، کورد بە سەرۆکایەتیی بارزانی، "لێژنەی ئازادی"ی لە بارزان پێکهێنا، بۆ یەکخستن و ڕێکخستنی هەوڵە نیشتمانییەکان و هۆشیارکردنەوەی جەماوەری کورد. لێژنەکە دەستی کرد بە پەیوەندیکردن بە حزب و کۆمەڵە کوردییەکانەوە[5].

لەمەوە مەلا مستەفا بوو بە پێشەوای بێڕکابەری کوردستان، گشت ڕەوتەکانی بەرخودانی کوردی لە دەوری کۆبوونەوە، ژمارەیەک ئەفسەری عێراق لە کورد پەیوەندییان پێوە کرد، لێژنەکە بەرنامە نیشتمانییەکانی ئاشکرا کرد:

١. ئازادکردنی کوردستان و ڕزگارکردنی لە ستەم و چەوسانەوە.
٢. پێکهێنانی چەند باڵێکی چەکدار لە سەرتاپای کوردستان بۆ بەرگریکردن لێی.
٣. هاندانی گەلی کورد بۆ شۆڕش و بەرپاکردنی ئاشتەوایی نێوان خێڵەکان.

---

(١) عبدالرحيم ذوالنون، العراق في الحرب العالمية الثانية، مصدر سابق، ص ٢٧٢.

(٢) المصدر نفسه.

(3)F.O. 370، 45302، (E، 608/195/93) sir k. corn to mr. Eden january 26،1945.

(٤) بریتانییەکان بارزانییان ئاگادار کردەوە و هەڕەشەنامەیەکیان بۆ نارد، لە ٢٩ی یولیو ١٩٤٥دا، ڕاوێژکاری سەربازیی هێزەکانی بەریتانیا لە موسڵ بۆ بارزانیی نووسی: "بێگومان جەنابی باڵوێزی بەریتانیا فەرمانی پێ کردووم پێت ڕابگەیەنم کە هەڵسوکەوتەکانت ماندووکەر بوون، پێویستە بەڵێنەکەت بەجێ بهێنیت و دەست لە جووڵانەوەکانت، کە دەبنە هۆی لێپێچینەوەی حکومەتی عێراق لە دژت، هەڵبگریت، حەز دەکەم ئەوەیشت بۆ ڕوون بکەمەوە کە ئەمە دوایین جارە باڵوێزخانەی بەریتانیا هۆشداریت دەداتێ". (فاضل براك، مصطفى البارزاني، مصدر سابق، ص ١٠٤).

(٥) حسن مصطفى، البارزانيون وحركات بارزان، مصدر سابق، ص ٦٦.

٤. توندوتۆڵکردنەوەی پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراو و حزبە کوردییەکاندا لە سەرپاکی هەرێمە کوردییەکاندا.

٥. گەیاندنی دەنگی گەلی کورد و ڕێکخراوەکانی بە ڕای گشتی عێراق و نێودەوڵەتی و پێشکەشکردنی یاداشت بە باڵیۆزخانەکانی دەوڵەتە مەزنەکان لە بەغدا.

٦. چاککردنی ڕاگەیاندنی حزبی و ڕیسواکردنی سیاسەتی حکوومەت لە شکاندنی بەڵێنەکانی ساڵی ١٩٤٣[١].

بەرامبەر پەلهاوێشتنی فراوانی جەماوەر، کە بارزانی و لێژنەی باڵا بەدەستیان هێنا، هەروەها دوورکەوتنەوەی حزبی هیوا لە جەماوەر، ڕەفیق حیلمی، سەرۆکی حزب نامەیەکی بۆ مەلا مستەفا نارد کە ئەمە ناوەرۆکەکەی بوو:

١. ئاگاداری دۆخی جووڵانەوەی یەکتر بین و ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەین.

٢. کارکردن لە پێناو یەکگرتنی هەردوو ڕێکخستنی حزبی هیوا و لێژنەی ئازادی، ناوەندی سەرکردایەتیش لە بارزان بێ.

بارزانییش وەڵامی نامەکەی دایەوە، کە ناوەرۆکەکەی ئەمانە بوون:

١. گواستنەوەی بارەگای حزبی هیوا بۆ بارزان گونجاو نییە.

٢. تکای کرد لقەکانی حزب سەرنج و زانیارییەکان بە بارزانی بگەیەنن.

٣. داوای کرد ئاسانکاریی گەیاندنی خۆبەخشەکان بۆ شۆڕش بکرێت تاکو دەسبەجێ پەیوەندییان پێوە بکەن.

٤. داوای کرد هەواڵ و داتاکانی شۆڕش لە شارەکانی کوردستان پەخش بکرێن.

٥. داوای هەندێک ئامێری چەشتی ئامێری چاپکردنی کرد.

٦. جەختی لەوە کردەوە مامەڵە لەگەڵ هەرکەسێکدا کە بانگەشەی نوێنەرایەتیی شۆڕش دەکات، نەکرێت.

٧. ڕەتدانەوەی پڕوپاگەندەکانی حکوومەت.

لێژنەی ئازادی دەستی کرد بە سەرکردایەتی خەباتی چەکدار و کارکردن بۆ فراوانکردنی ناوچەی شۆڕش و ڕێکخستنی بزاوتە چەکدارییەکان گەر شەڕ دەستی پێ کردەوە، هەروەک مەلا مستەفا پەیوەندیی بە زۆرێک لە سەرۆک خێڵەکانەوە کرد[٢]. لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوکارانیدا سەردانی چەند جێگەیەکی کوردستانی کرد، لەوانە قەزاکانی زێبار، دهۆک، ئامێدی و ڕەواندز، بە مەبەستی[٣]:

---

(١) مسعود بارزاني والحركة التحررية الكردية.

(٢) جلال الطالباني، كوردستان والحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١٤٢.

(٣) امين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٢١٦.

١. دەرخستنی دەسەڵاتەکەی لە نێوان خێڵەکاندا.
٢. پەخشکردنی پڕۆپاگەندە دژ بە حکوومەت و لاوازکردنی دەسەڵات.
٣. داواکردنی گەڕانەوە لەو سەرۆکانەی چووبوونە پاڵ حکوومەت.
٤. دەستخستنی لایەنگری نوێ.

هەروەک سەرقاڵی پەیوەندیی و نامەگۆڕینەوە بوو لەگەڵ فەرمانبەرانی حکوومەت و پیاوانی سوپا و باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا، بۆ داواکردنی سەربەخۆیی. باڵیۆزخانەی بەریتانیا بە پلانێکی داڕێژراو بۆ خرۆشاندنی پەرۆشیی کورد بە مەودایەکی فراوان ئاماژەی بە ئامانجەکانی بارزانی کرد لە سەردانەکانیدا[1].

ئەو سەردانانە بەڵگە بوون لەسەر گەورەیی پێگەی بارزانی لە ناو کورددا[2]، ئەوانی تریش سۆزیان بۆی دەجووڵا. بارزانی توانیی ژمارەیەک سەرۆک خێڵ کە هاوکار و هاوپەیمانی حکوومەت بوون بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەمەیش چەند هاوپەیمانێکی نوێی بۆ شەڕە چاوەڕوانکراوەکەی دەست کەوت[3].

لە سێپتەمبەری ١٩٤٤دا، وەک ئەنجامێک بۆ سیاسەتی گرژی لە پەیوەندییەکانی کورد بە حکوومەتەوە، کردەوە چەکدارییەکان دەستیان پێکردەوە، کردەوەکان لە مەودایەکی تەسکدا بوون و هێشتا پەیوەندی لەگەڵ بەغدا بە کراوەیی مابوویەوە، لە بەرامبەریشدا حکوومەت ناچاربوو لە مارسی ١٩٤٥ بڕیاری لێبوردنی گشتی بۆ بارزانی و ئەوانی تر دەربکات[4]. هەندێک لە نوێنەران لە بەغدا بەمە قەڵس بوون[5].

پەیوەندییەکانی نێوان بارزانی و حکوومەت ئەرێنی نەبوون و هەردەبوو بەریەککەوتن ڕوو بدات، هەر بۆیە لە بەهاری ١٩٤٥دا بارزانی دەستی کرد بە کۆکردنەوەی هێزەکانی تاکو بە سوودوەرگرتن لەو هۆکارانەی هاندەری بوون شۆڕش دژ بە حکوومەت دەست پێبکاتەوە، هۆکارەکانیش ئەمانە بوون[6]:

١. دەرکردنی یاسای لێبوردنی گشتی بۆ بارزانییەکان لەلایەن حکوومەتەوە، چونکە بووە هۆی هەستکردنی بارزانییەکان بە سەرکەوتن.
٢. کۆمەڵێک ئەفسەری کورد پەیوەندییان پێوە کرد و بزاوتەکەیان بۆ پەخشکردنی نەعرەتەی نەتەوەیی و گۆڕینی لە بزاوتێکی دەرەبەگایەتییەوە بۆ بزاوتێکی نەتەوەیی، قۆستەوە[7].

(1)F.O. 371/ ـ 1 bad.

(٢) عبدالرزاق الهلالي، معجم العراق، مصدر سابق، ص ١٣١.
(٣) اسماعيل باغي، مصدر سابق، ص ٢٦٥.
(٤) جريدة الوقائع العراقية، العدد ٢٢٧٦، ٢٥ نيسان ١٩٤٥، رقم القانون ١٨ لسنة ١٩٤٥.
(٥) عبدالرحيم ذوالنون، العراق في الحرب العالمية الثانية، مصدر سابق، ص ٢٧٣.
(٦) عبدالرحمن قاسملو، مصدر سابق، ص ٩٨.
(٧) جلال الطالباني، كوردستان والحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١٤٢.

٣. سەردانەکانی بارزانی لە کوردستان، کە تێیاندا دەسەڵاتی خۆی لە نێوان خێڵەکاندا پیشان دا و، هاوکاریی نوێی بۆ شەڕی داهاتوو دەست کەوت[١].

لە ئاکامی تێکچوونی هەلومەرجی نێوان حکوومەت و حزبە کوردییەکاندا مەلا مستەفا ڕێنماییەکانی خۆی بۆ مستەفا خۆشناوی فەرماندەی بەرە دەرکرد بەوەی ڕێگری لە یەکەکانی سوپا بکات لە پێشڕەویکردن. لێژنەی برزاوتیش نامەیەکی بۆ سەرکردایەتی حزبی هیوا نارد کە ئەم خاڵانەی لە خۆ گرتبوو:

١. سەرپشککردنی حزبی هیوا لە دەرکردنی هەر بەیاننامەیەک کە بە شیاوی دەزانێت.
٢. پەیوەندیکردن بە نوێنەرانی دەوڵەتانی بیانییەوە بۆ ڕوونکردنەوەی کێشەی گەلی کورد.
٣. ناردنی نوێنەران لە لقەکانی حزبی هیوا بۆ بارزان بۆ هاوئاهەنگیکردن.
٤. کاتی هەڵگیرسانی شۆڕش دەبێت بەیاننامەکانی لێژنەکە لە سەرتاپای عێراقدا بڵاو بکرێنەوە.
٥. گەیاندنی هەواڵەکانی شۆڕش بە هەمووان، بە تایبەت قوتابیان.
٦. ئامادەسازی بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانی نارەزایی.
٧. بڕینی هێڵەکانی تەلەفۆن و وێرانکردنی ڕێگاکان.
٨. وەشاندنی گورزی توند لە بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆمپانیانەی لەگەڵ حکوومەتدا کاردەکەن
٩. پلاندانان بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرکووک و ڕێکخستنی کاروباری بە وردی.

ئەم نامەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سەرکردایەتی کردارییی هی مەلا مستەفا بوو، ئەگینا (سەرپشککردن) مانای چییە؟ سوپا ڕێکاری دژایەتیی گرتە بەر بۆ ڕەتدانەوەی کردەوەکانی بارزانییەکان. بێگومان حکوومەت هەلی خۆی بۆ ئەنجامدانی کردەوەی سەربازی بە مەودایەکی فراوان دژ بە بارزانییەکان دۆزییەوە[٢]، بەو بۆنەیەوە لە ١٨ی ئابی ١٩٤٥دا بڕیاری داگیرکردنی ناوچەی زێبار و بارزانی لە ڕووی سەربازییەوە بە زووترین کات دەرکرد، تا بتوانێت ئاسایش و سەقامگیریی بۆ ناوچەکە بگەڕێنێتەوە[٣]. هەروەک ئەنجوومەنێکی عورفیی بۆ چاوگێڕان بە کێشەی ناوچە کوردییەکاندا پێکهێنا و، بەیانێکیشی

---

(١) عبدالرحیم ذوالنون، العراق في الحرب العالمیة الثانیة، مصدر سابق، ص ٢٧٢.
(٢) دانا أدمز شمیدث، رحلة الی رجال شجعان، مصدر سابق، ص ١٤٩.
(٣) م.ج.و. وثائق البلاط الملكي، ملف رقم ح/٨/٢ قرار مجلس الوزراء في ١٩٤٥/٨/٨، قرار رقم ٣٥٠، تسلسل ٥٦٦ و.ع.

دەرکرد تێیدا هۆکاری هێرشەکەی سەر کوردی تێدا بۆ ڕای گشتی ڕوون کردەوە[1]. بەیانەکە باسی لە کردەوەکانی مەلا مستەفایش کردبوو و بە تاوانی هەژمار کردبوون[2].

سەرباری ئەمەیش ئەنجوومەنی وەزیران لە ١٩ی ئابی ١٩٤٥دا، ئیدارەی عورفی لە لیوای موسڵ و هەولێر و زێبار ڕاگەیاند، فەرماندەی سوپایشی لە داخوازییەکانی هەر بارودۆخێک سەرپشک کرد[3]. هێزەکانی عێراق بە هاوکاریی هێزی ئاسمانی بەریتانیا لە کوردستان دەستیان بە پێشڕەوی کرد[4]، لە دووی ئەیلوولی ١٩٤٥یشدا، بارزانی ناچار بوو پاشەکشە بکات بۆ ئەو ناوچانەی سەر سنوور کە زیاتر ئەمن بوون. بارەگای لە نزیک سنوری ئێران دانا، بە تایبەتی کوردی مەهاباد لە ناوچەیەکدا کە نە هێزی ئێرانی تیابوو نە هی سۆڤێت خەریکی جووڵانەوە بوون[5]. بێگومان سوپای عێراق بە هۆی ئەو زیانانەی کە بەری کەوت و هیلاکبوونی بەهۆی سەختی شوێنە شاخاوییەکانەوە ناڵاندی.

لە ئەیلوولدا گوشاری سەر مەلا مستەفا و شوێنکەوتووانی لە ڕۆژهەڵات و باشوورەوە زیادی کرد، بۆی دەرکەوت کە لە هەموو لایەکەوە گوشارەکانی سەری پتر دەبن و لەوە دڵنیا بووەوە کە کەوتۆتە داوەوە، ویستی پێش تێپەڕبوونی کات ئەو قاوغە بشکێنێت[6]، بۆیە شەوی ٢٥ی ئەیلوول خۆی و هەڤاڵانی بەرەو ڕۆژهەڵات واتە سنوورەکانی ئێران جووڵان و لە ڕێگەی کێلەشین ـ مەرگەڤەوەر سوپای عێراقیان تێپەڕاند[7]، دیاربوو ئاراستەی هێزەکانی بارزانییەکان لە مەهابادە بۆ دوورکەوتنەوە لە هێزەکانی ئێران و سۆڤێت لەو

---

(١) لە بەیاننامەکەی حکومەتی پاچەچیدا هاتبوو کە "پاش ئاگاداربوون لە ناوەرۆکی ئەو ڕاپۆرتانەی باسیان لە پشێویی ناوچەی بارزان کردبوو، بە هۆی ئەو تاوانانەوە کە مەلا مستەفا و هاوەڵانی ئەنجامیان داون، چونکە پێویستە ئاسایش و ئارامیی بگەڕێندرێنەوە و ڕێگری لە تاوانکردن بگیرێت، بڕیار درا بە داگیرکردنی ناوچەی بارزان بە داگیرکردنێکی سەربازی و دەستگیرکردنی تاوانکاران و ڕاکێشانیان بۆ بەردەم دادگا، وەزیری بەرگری بە گرتنەبەری ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکە ڕادەسپێردرێت". هەروەک سەعید قەزاز موتەسەڕیفی لیوای هەولێر هۆشدارییەکی ئاراستەی مەلا مستەفا کرد و داوای کرد خۆی ڕادەستی دەسەڵاتە عێراقییەکان بکات.

"هۆشدارییەک بۆ مەلا مستەفا :

لە سۆنگەی ئەو تاوانانەوە لە کوردستان لەلایەن ئێوەوە ئەنجام دران و بوونە مایەی تێکدانی شیرازەی ئاسایشی گشتی، حکومەت بڕیاریدا بە گەڕاندنەوەی ئارامی بۆ ناوچەکە و بنبڕکردنی تاوان لەوێ، پێویستە ئاگادار بیت و لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە کاتی وەرگرتنی ئەم هۆشدارییەوە خۆت و تاوانبارە بارزانییەکان ڕادەستی حکومەت بکەن، لە باری ملکەچ نەکردندا حکومەت لێپێچینەوەی پێویست دەکات، ئیتر خۆتان لە هەر ڕووداو و زیانێکی گیانی و ماڵی بەرپرسن. موتەسەڕیفی لیوای هەولێر سەعید قەزاز ١٩٤٥/٨/١٢".

(٢) جريدة الزمان، العدد ٤٢، في ١٩٤٥/٨/١٤.

(٣) م.ج.و. وثائق البلاط الملكي، ملف رقم ج/٨/٢ قرار مجلس الوزراء في ١٩٤٥/٨/١٩، تسلسل ٥٦٦ و.ع. دەقی بڕیارەکە پاشکۆی ٩.

(٤) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٤٣.

(٥) المصدر نفسه.

(٦) سيفن لونكريك، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ ـ ١٩٥٠ (تاريخ سياسي، اجتماعي واقتصادي)، ترجمة سليم طه التكريتي، ج٢، بغداد، ١٩٨٨، ص ٣٢٧.

(٧) خليل جندي، حركة التحرر الوطني الكردستاني في كردستان الجنوبي ١٩٣٩ ـ ١٩٦٨، ستوكهولم، ١٩٤٤، ص ٧٠.

ناوچانە، نزیکەی ٩٠٠٠ کەس لە بارزانییەکان و خێزانەکانیان لە پاشەکشەکەی بارزانیدا لەگەڵی بوون، نزیکەی سێ هەزار چەکداریان تێدابوو[(١)]، هەرکە گەیشتنە کوردستانی ئێران بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازییان لێ کرا و چەندە کرا هاوکاریی کران، قازی محەمەد[(٢)] فەرمانی بە سەرجەم ڕێکخستنەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران کرد کە دەبێت هەموو هاوکارییەکیان پێشکەش بکرێت[(٣)].

ڕاستییەکەی ئەو خێڵە کوردانەی هەواداری حکوومەت بوون ڕۆڵی گرنگ و سەرەکییان گێڕا لە لێدانی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد بە سەرۆکایەتی بارزانییەکان. حکوومەت چەک و ئازوقە و پارەی دەدانێ، ئەوانیش توانیان چنگ لە بینەقاقای کورد گیر بکەن و لە هەموو لایەکەوە گوشاریان بخەنە سەر، تا وای لێ هات بارزانییەکان کەوتنە ڕەوشێکی دژوارەوە. ڕەشیدی لۆلان و مەحمود خەلیفە و هەردوو کوڕەکەی سەید تەها، یارمەتیی هێزەکانی حکوومەتیاندا بۆ کردنەوەی ڕێگای هاتوچۆی نێوان بنکەی قەزای ڕەواندز و ناحیەی برادۆست لە ڕێگەی کردەوەی سەربازییەوە[(٤)]. بە جۆرێ کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا سەرۆکی ئەم خێڵانە مەدالیای رافیدەینیان پێ بدرێت.

لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٤٥دا، بەڕێوبەری گشتیی پڕۆپاگەندەکان هەواڵی داگیرکردنی ناوچەی شێروانی لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە و هەڵهاتنی (بارزانی و هەڤاڵانی) بەرەو سنوورەکانی ئێران بڵاوکردەوە و، دەرچوونی مەلا مستەفا و پشتیوانانی بە کۆتایی ئەم بزاوتە سەربازییە هەژمار کرد[(٥)].

---

(١) حسن جندي، البارزانيون وحركات بارزان، ص ١١٠.

(٢) دەقی ئاراستەکردنی سەرکردەکانی مەهاباد بۆ پێشوازیکردن لە بارزانی، پاشکۆی ١٠.

(٣) عبدالرحمن قاسملو، اربعون عاما في الكفاح من أجل الحرية، ترجمة عزالدين مصطفى رسول، ج١، أربيل، ١٩٩١، ص٣٠.

(٤) ئەو خێڵانەی کە لەو ماوەیەدا دژ بە مەلا مستەفا وەستانەوە:

عەشیرەتی زیباری، لە دیارترین سەرۆکیشیان قادر ئاغای شۆش، جەواد، خالید، ئەحمەد، سمکۆ فارس، شەوکەت ئەحمەد، نوعمان کەلحی ئاغای سەرۆک عەشیرەتی ڕێکان و ڕەشیدی بری و شوینکەوتوانی، محەمەد ئەمین ئاغا برازای کەلحی و براکانی تۆفیق و سدیق ئاغا و سیبۆ و سالح ئاغا.

سالح ئاغای دزەیە سەرۆکی عەشیرەتی نیروە و شوینکەوتووانی.

حسێنی هەرکی و ڕەشیدی برای ئەحمەدی حاجی ڕەشید لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی بەرواری باڵا، چەند کەسێکی تر لەگەڵیدا تمونەی محەمەدی شێخ تەها ژمارەیەک لە ئاسورییەکان لە بەرواری باڵا لەوانە :مەتران بۆڵاها، ئەسخەریا حەجۆ، ئیشۆ ددروینشی ئاسوری لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی براواری ژێری، فەریق ئاغای حاجی ئاغای هەمراوی میرخان ئاغا و حاجی شەعبان ئاغا و سەعیدی کوری، لە مزورییەکانیش :شێخ جەلال بریفکانی، حاجی حەسەنی ئەتروشی، شێخ وریکی وەجید عەرەب ئاغا، لە شیخانیش عەبدوڵا ئاغای شەرەفانی.

هەروەها شێخەکانی سورچی :ڕەقیب، ئەحمەد، تۆفیق، کەجۆ، شەفیق.

شێخ بەهادینی نەقشبەندی لە قەزای ئامێدی، گوندی بامەڕنی و چەند کەسێکی تر لە ژمارەیەک لە عەشیرەتەکان. (نووسراوی متصرفیة لواء الموصل الی وزارة الداخلية، الرقم س/٨،٧، لە ١٩٤٥/١١/٨).

(٥) المركز الوطني لحفظ الوثائق :م.ح.و. وثائق البلاط الملكي، ملف رقم ج/١٠/٢ قرار مجلس الوزراء نوفمبر ١٩٤٥، تسلسل ٥٦٨/ و٤٠.

پاش پەڕینەوەی بارزانییەکان بۆ ئێران، حکوومەتی عێراق داوای لە ئێران کرد کوردە هەڵهاتووەکان ڕادەست بکەنەوە، بەڵام سوودی نەبوو، چونکە حکوومەتی ئێران خۆیشی دەسەڵاتی بەسەر ئەو کوردانەدا نەدەشکا، بەڵکو سەرکردەی گشتیی سەربازیی ئێران هەر بەوەندە وازی هێنا کە داوای لە فەرماندەی هێزە پارێزەرەکانی ئێران لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کرد کە مەلا مستەفا لە ڕووی دادگەرییەوە بە ڕاکرد و هەژمار بکرێت و دەبێت خۆی و گرووپەکەی چەک دابنێن[1].

حکوومەتی عێراق دادگەیەکی سەربازیی بۆ ڕێبەرانی بارزان پێکهێنا[2]، لە یەکی کانونی یەکەمی ١٩٤٥دا، ئەنجوومەنی عورفی سەربازیی بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ ٣٥ کەس، کە مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد و سیان لە ئەفسەرانی سوپا و سی کەس لە شوێنکەوتووانیشیانی تێدابوو، دەرکرد. هەروەها بڕیاری زیندانیی هەمیشەیی بۆ ٧٠ کەسی تر دەرکرد[3]. بەم شێوەیە پەردە بەسەر ئەم بزاوتەدا درایەوە، کە **تواناکانی سوپای پرۆکاند و بودجەی دەوڵەتی بەهەدەر دا و ژیانی سیاسیی لە عێراق دووچاری پشێوی** کرد[4]. لە جیاتی ئەمەدا دەکرا هەموو خاوەنمافێک مافەکەی پێ بدرێتەوە و دان بە ماف و شوناسی هەمووواندا بنرێت. ڕاپەڕینەکە لە ڕووی ڕواڵەتەوە ناوچەیی بوو، لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە نەتەوەیی و دیموکراسی بوو کە بە هەڵگیرساتی **کوردستان هەژاد** ڕێکخراوەکان کەوتنە پشتگیریکردنی و لای جەماوەری کوردیش خۆشەویست بوو[5]. بە دیارنەمانی مەلا مستەفا لە گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستانی عێراق لە ماوەی نێوان ١٩٤٦ ـ ١٩٥٨، بزاوتی نەتەوەیی کوردی دووچاری شەلەل و مەنگبوون هات.

**بە کورتی:** بزاوتەکەی مەلا مستەفا گەر بخرێتە جوغزی مێژووی خۆیەوە، بە تەواوی مانا شۆڕش بوو، ئەوەیش لەبەر ئەم هۆکارانە:

١. شۆڕشەکە دژ بە **داگیرکاریی بەریتانیا و حکوومەتی** دواکەوتووی پاشایەتی هەڵگیرسا کە لەسەر **پاکتاوکردنی بزاوتی کوردی پێداگیر بوون**، سەرباری ئەوەی بە نوێنەرایەتیی بارزانی و حزبی هیوا، پەیوەندیی بە هێزە سیاسییە کوردییەکانی ئێرانەوە کرد، هەروەها لە ڕێگەی ئەفسەرانی سیاسییەوە پەیوەندیی بە هێزە سۆسیالیستەکان لە **کوردستانی ئێران و سۆڤیێت کرد**، سەرەڕای سیفەتە نەتەوەییە تایبەتەکانی کاتێک کەسایەتییەکی خێڵەکی ئاینیی وەک مەلا مستەفای بارزانی سەرۆکایەتیی دەکرد، سەرکردایەتی لیژنەی ئازادییش ئەفسەرە نیشتمانیەکان، واتە ئەوانەی بیری پێشکەوتنخوازییان هەڵگرتبوو، لەخۆ دەگرت.

(1)F.O. 371/4531، from Tehran to، Fo،NO 1151، 18، October 1945.

(٢) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية ج٦، مصد سابق، ص ٣٧.

(٣) اسماعيل باغي، تطور الحركة الوطنية، مصدر سابق، ص ٢٦٨.

(٤) عبدالرحيم ذوالنون، العراق في الحرب العالمية الثانية، مصدر سابق، ص ٢٧٤.

(٥) صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٨٥.

٢. له پشتی مەلا مستەفاوە حزبێکی سیاسی هەبوو، سەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەخۆ گرتبوو، کەواتە یاخیبوونێکی خێڵەکی نەبوو.

٣. شۆڕشەکە پێچەوانەی ڕاپەڕینە ناوچەییەکانی پێشوو، ئامانجەکەی نەتەوەیی ڕوونی هەبوو، لە داخوازییەکانی شار و گوندەکانی کوردستاندا ڕەنگیان دابووەوە. شۆڕشەکەی مەلا مستەفا کەموکورتییەکانی سەرکردایەتی حزبی هیوای دەرخست و دووڕوویی نێوان ئەندامەکانی ئاشکرا کرد، بۆیە هەر زوو دوای شۆڕش هەرەسیهێنا و خۆی هەڵوەشاندەوە.

٤. ڕاپەرینەکە توانی بزاوتی کورد لە چوارچێوەیەکی سەربازییەوە بەرەو چالاکیی سیاسیی ڕێکخراو و پێکەوەیی ببات، باشترین بەڵگەیش بۆ ئەمە پێکهێنانی لێژنەی ئازادی بوو لە ساڵی یەکەمی ڕاپەڕینەکەدا. هەروەها ڕاپەڕینەکە شێوازێکی نوێی بەڕیوەبردنی داهێنا، کە لە کردەوە جەنگییەکاندا پشتی بە دابەشکردنی جەنگاوەران دەبەست لە شێوەی چەند کۆمەڵەیەکی بچووکدا.

هەروەک شۆڕش لە میانەی لێپێچینەوەکانیدا و شکاندنی بەڵێنەکانیدا دەریخست حکوومەت پرسی نەتەوەیی کورد پشتگوێ دەخات و مافە نەتەوەییەکان پێشێل دەکات.

ئەوەی لە شۆڕشەکەدا نوێ بوو پێکهێنانی چەندین دەستەی چەکدار بوو لە سەراپای کوردستاندا، نەک تەنیا پشت بە پشتگیریی سەرۆک خێڵەکان ببەستن، بە شێوەیەک هەتدبیکبان بۆ شۆڕش ڕێکخست و هەندێکی تریان لە بەرژەوەندی تایبەتی دەکشاندەوە.

شۆڕشەکە سەلماندی سیاسەتی بەریتانیا هەمەچەشنە و دووفاقییە (نێوەندگیری، بێلایەنی، دواجاریش لایەنگری)، بۆیە دوژمنایەتیی بەریتانیا گەیشتبووە ڕادەیەک کە سەرۆکی نێردراوە سەربازییەکانی بەریتانیا لە عێراق و پشکنەری گشتی سوپای عێراق، بەسەرۆک وەزیران و وەزیری بەرگریی عێراقیان ڕاگەیاند کە چاوەڕوانی یارمەتی سەربازیی بەریتانیا نەکەن، مەگەر دوای گۆڕینی پلانی سەربازی حکوومەت و وەڵامدانەوەی ئامۆژگارییەکانی بەریتانیا کە دەیویست هێرشەکە بۆ داگیرکردنی ناوچەی بارزان بێت کە بنکەی شۆڕش بوو.

## کۆماری کوردستان لە مەهاباد (ئێران)

لە ٢٠ی ئابی ١٩٤١دا، هێزەکانی هاوپەیمانان ئێرانیان داگیرکرد و ڕەزا شایان دەرپەڕاند، کە دۆستی دەوڵەتانی دەورووبەر بوو. گەرچی ئامانجەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمانان سەبارەت بە ئێران و گەلانی جیاوازی نیشتەجێ تێیدا، دژیەک و هەلپەرستی بوو، بەرامبەر خەونەکانی ئەو گەلانە و لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە ئابورییە پترۆڵییەکان و ستراتیژە جیۆپۆلەتیکیەکەی، بێگومان مەشخەڵی ئەو هەڵوێستانە لە قووڵبوونەوەی شەڕەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕوونبوونەوە و دەرکەوتن.

سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر پرسی کورد لە ئێران، وای دەخواست لە کاتی جەنگەکەدا دەستوەردان لە نێوان حکوومەتی ئێران و کورددا نەکرێت، ئەمەیش لە ترسی هاندانی کورد لە ڕێگەی خەباتیان لە پێناو جێبەجێکردنی داواکارییە نەتەوەییەکانیان[١].

کاتێک بەریتانیا هەستی بە شکستی سیاسەتەکەی کرد لە گێڕانەوەی ئارامی بۆ کوردستانی ئێران، بە توندی دەستی لە حکوومەتی ئێران وەردا کە چەند لێپێچینەوەیەک ئەنجام بدات، بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانی کورد و دوورخستنەوەی مەترسی ڕۆچوونی سۆڤێت لە ئێراندا.

ویستی بەریتانیا بۆ هێشتنەوەی ئێران وەک دەوڵەتێک لە نێوان سۆڤێت و کەنداوی عەرەب و عێراقدا، کارێکی کرد حکوومەتی ئێران حکوومەتێکی ناوەندی و بەهێز بێت[٢].

ساڵی ١٩٤٣، لە تاران کۆنگرەیەک بۆ ڕێبەرانی دەوڵەتانی هاوپەیمان گیرا، بڕیار درا یەکپارچەیی ئێران بپارێزرێت و دوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی بکشێنەوە و یەک هێزی بیانی لە ئێراندا نەمێنێت.

داگیرکردنی باکووری ئێران لەلایەن ڕوسیاوە، خەونە نیشتمانیەکانی کوردی بێدار کردەوە، چونکە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لە ناوچەکە کەم بووەوە[٣] و کورد توانی دەست بەسەر ئەو چەکانەدا بگرێت کە سوپای ئێران جێی هێشتبوون، هەروەها گەڕانەوەی ئەو شێخە کوردانەی لە تاران دەستبەسەر بوون بۆ ناو خێڵەکانیان، باوەڕی لەسەرهەقبوونی خۆیان بە مافی سەربەخۆیی لایان چەسپاند. ئەمەیش لەدایکبوونی "کۆماری کوردستان لە مەهاباد" بوو[٤]، کە بۆ بڵاوبوونەوەی مژدەی هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو کورددا و بڕیاری خۆبەڕێوەبردنیان ڕێخۆشکەر بوون.

---

(١) وليد حمدي، الكرد وكردستان، مصدر سابق، صص ٤٠٠ ـ ٤٠٦.

(٢) المصدر نفسه، ص ٤٠٦.

(3)Alan Guerreau et Anita Guerreau - Jalabert, L'Irak developpement et contradiction. (Paris 1978), p37.

(٤) ثناء فؤاد عبدالله، أكراد إيران بين الصراع الذاتي وصيغة التوازنات الاقليمية، مجلة السياسة الدولية، الأهرام، القاهرة، العدد ١٣٥، الكانون الثاني، ١٩٩٩، ص ١٠٤.

پاش سەردانە یەک بەدوا یەکەکانی قازی محمد بۆ کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیێتی و چاوپێکەوتنە زۆرەکانی لەگەڵ ئەفسەرە سیاسییەکاندا لە کەرتە پەخشبووەکانی باکووری ئێران، هەروەها لە ئەنجامی نەبوونی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران، دۆخێکی گونجاو گەشەی کرد بۆ دامەزراندنی حزبێکی نوێ، لەسەر ئەو بنەمایانەی دەوڵەتانی هاوپەیمانی سەرکەوتووی جەنگی دووەمی جیهانی ڕایگەیاندبوو، لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٥، حزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران، بە سەرۆکایەتی قازی محمد دامەزرا[١]، کە گرنگترین ئامانجە ئاشکراکانی حزب ئەمانە بوون:

١. دامەزرانی کوردستانێک کە مافی خۆبەڕێوەبردنی هەبێت لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا.
٢. بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە و بەڕێوەبەرایەتییە فەرمیەکاندا لە کوردستان.
٣. هەڵبژاردنە ڕاستەوخۆکان بۆ ئەنجوومەنەکانی شارەوانی لە کوردستان، بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروبارە کۆمەڵایەتی و حکوومییەکان.
٤. هەڵبژاردنی فەرمانبەرانی حکوومەت لە خەڵکی کوردستان.
٥. دانانی یاساگەلێک بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان خاوەن زەوی و جووتیاران.
٦. هاریکاریی لەگەڵ میللەتانی تری وڵاتدا بۆ بەرقەرارکردنی بناغەکانی هاوکاری و برایەتی.
٧. بەکارهێنانی سەرچاوە سرووشتییەکانی کوردستان بۆ خزمەتکردن بە گەلەکەی[٢].

زۆرێک لە سەرۆک خێڵەکان پارێزی خۆیان لە دامەزراندنی حزب ڕاگەیاند، چونکە دەترسان بکەوێتە ژێر کاریگەریی بیرە سۆسیالیستی و چەپەکانەوە، ئەمەیش بووە هۆی دروستبوونی بەرهەڵستییەک زۆری نەمابوو پایەکانی دەسەڵاتی قازی محەمەد لە ناو حزبدا بهەژێنێت. لەم کاتانەدا بوو کە مەلا مستەفا پەنای بۆ کوردستانی ئێران برد.

بەریتانییەکان چاودێریی جووڵەی مەلا مستەفا و جەنگاوەرانیان دەکرد هەر لە عێراقەوە تاکو گەیشتنی بە ئێران[٣]. گەیشتنی بارزانی بە ئێران دڵەڕاوکێی زۆری لای دەسەڵاتەکانی عێراق دروست کرد، بە جۆرێ وای لێ هات پرسی دەستگیرکردن و ڕادەستکردنەوەی ببووە کاری دیپلۆماتکارانی عێراق لە تاران، هەروەها ئاگادارییەکی زۆریش بە وەزیری دەرەوەی ئێران درا.

---

(١) دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد لەسەر داڕوپەردوی بزووتنەوەیەکی سیاسیی کوردی بە ناوی کۆمەڵەی [ژیانەوەی] کورد بوو.

(٢) ولید حمدي، الكرد وكردستان، مصدر سابق، ص ٢١٩.

(٣) ئەمە لەو بروسکەیەوە ڕوون دەبێتەوە کە سێر ڕید بولارد لە تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیای نارد، بە ژمارە ١٥ لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ :

سەرکردەی ئێرانی ئەم بەیانییە هەواڵی پێ دام کە مەلا مستەفا بارزانی بە هاوڕێیەتیی ژمارەیەک چەکدار گەیشتنە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، وا دیارە هێزەکانی سۆڤیەت ڕێگەیان پێ داوە لە گوندێک کە ١٥ کم لە ورمێوە دوورە بارگە بخات. (E7861 ـ F.O. 371/45341).

ئێرانییەکان بە دیپلۆماتکارانی عێراقیان ڕاگەیاند کە دۆخەکەیان لەم کاتەدا بۆ دەستگیرکردنی مەلا مستەفا لەبار نییە[١]، بۆیە وەزیری کۆمیسیاری عێراقی لە تاران پێشنیاری بۆ وەزارەتی دەرەوە لە بەغدا کرد، تا سۆڤێت بە هۆی ئەو پێوەندییە دۆستایەتییەوە کە لە نێوانیاندایە بۆ هاندانیان بۆ دەرکردنی بارزانی لە ناوچەی دەسەڵاتیان و، دەستگیرکردن و ڕادەستکردنەوەی بە دەسەڵاتەکانی عێراق دەستوەردان بکات، لە پێشنیارێکی تردا وەزیری کۆمیسیار داوای کرد سەرپشک بکرێت باسەکە لەگەڵ باڵیۆزی سوڤێتیدا بکاتەوە بۆ هەمان مەبەست[٢].

دوای ئەوەی مەلا مستەفا لە مەهاباد بارگەی خست، شانبەشانی قازی محەمەد وەستا، وەستانەکەی بووە هۆی بێدەنگبوونی بەرهەڵستکارانی قازی محەمەد و بەهێزبوونی پێگەی، هەروەک بارزانییەکان وەک هێزێکی سەربازی کە تەرازووی قازیی قورس کردبوو، دەرکەوتن[٣]. ئەم کارەی بارزانی سەرباری هەبوونی تاکە ئامانجی هاوبەش، وەڵامدانەوەی چاکەی قازی بوو، کە کاتی هەڵهاتنی لە عێراق پەنای ئەویدا.ئ

لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەی لە ناو کورددا و سووربوونیان لەسەر بڕیاری خۆبەڕێوبەری، لە ٢١ ی کانونی دووەمی ١٩٤٦دا، لە مزگەوتی گەورەی مەهاباد ژمارەیەک لە بارزانییەکان بۆ تاوتوێکردنی خۆبەڕێوەبەری، کۆبوونەوە[٤]. کۆبوونەوەکە بە نهێنی ئەنجام درا و بیست کەس زیاتر ئاگاداری وردەکارییەکانی نەبوون. کۆبوونەوەکە بووە هۆی کۆبوونەوەیەکی تر لە مەیدانی چوارچرا لە ١٩٤٦/١/٢٢[٥]دا، شار بە ئاڵای **نیشتمانیی کوردی ڕازێندرابەوە** و دروشمە نەتەوەییەکان بەرز کرانەوە[٦]، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شار کۆبوونەوە بە ئامادەبوونی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخستنی کۆمەڵە، کە زۆربەیان لە لاوان و نوێنەری خێڵەکان بوون. قازی محەمەد چووە سەر دوانگە بۆ ئەوەی بە پشتبەستن بە مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا، دامەزراندنی **کۆماری دیموکراتی کوردستان لە** چوارچێوەی قەوارەی گشتیی ئێراندا، ڕابگەیەنێت[٧]. باسی لەو بناغە و پاڵنەرانە کرد کە پاساوی ڕاگەیاندنی دەوڵەتن، کە کورد وەک گەلێکی سەربەخۆ، کە لەسەر خاکی خۆیەتی و لەگەڵ گەلانی تردا بۆ مافی چارەی خۆنووسین بەشدارە.

---

(١) **د.ك.و. الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف** ٥/٢/٥ التسلسل ٤٩٥٣ **تقرير المفوضية الملكية العراقية في طهران** الى وزارة الخارجية المرقم ٢/٢/أ/١٢٩٧ والمؤرخ في ١٩٤٥/١١/١١ الوثيقة ٣٥، ص ٢٣٢.

(٢) **د.ك.و. الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملحق** ٥/٢/٥ التسلسل ٤٩٥٣ **تقرير المفوضية الملكية العراقية في طهران** الى وزارة الخارجية المرقم ٢/٢/أ/١٥٢٩ والمؤرخ في ١٩٤٥/١١/٥ الوثيقة ٨، ص ٣٢٧.

(٣) وليد حمدي، الكرد وكردستان، ص ٢٣٥ ـ ٢٣٦.

(4)O.Ballance، Edgar. Ibid.p50.

(٥) **حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، مدبولي، ص** ٣٩٨.

(٦) **أحمد فوزي. قاسم والأكراد، مصدر سابق، ص** ٩٩.

(٧) **جلال الطالباني، مصدر سابق، ص** ٢٥٨.

له ١١ی شوباتدا ، پێکهاتنی حکوومەت ڕاگەیەندرا و له ڕۆژنامەی کوردستاندا، قازی محەمەد وەک سەرۆکی کۆمارەکه لەگەڵ وەزیراندا سوێندی دڵسۆزییان بۆ کۆمارەکه خوارد. بێگومان هەوڵی زۆر درا تا حکوومەتە کوردییەکە فراوان بکرێت و نوێنەری کوردی تورکیا و عێراقیش بێن، بەڵام سەریان نەگرت و زۆربەی ئەندامانی حکوومەت له مەهاباد و ناوچەی کوردی ژێر دەسەڵاتی ڕوسیا دیاری کران(١).

حکوومەت بەم شێوەیەی خوارەوە پێکهات:

١. حاجی بابەشێخ (سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران)
٢. محەمەد حوسێن سەیفی قازی (جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری بەرگری)
٣. مەناف کەریمی (جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری ڕۆشنبیری)
٤. سەید محەمەد ئەیوبیان (وەزیری تەندروستی)
٥. عەبدولڕەحمان ئیلخانی زادە (وەزیری دەرەوە)
٦. ئیسماعیل ئاغای ئیلخانی زادە (وەزیری پەیوەندییەکان)
٧. ئەحمەد ئیلاهی (وەزیری ئابووری)
٨. خەلیل خوسرەوی (وەزیری کار)
٩. کەریم ئەحمەد بان (وەزیری کاروباری تێلگراف)
١٠. محەمەد ئەمین موعین (وەزیری ناوخۆ)
١١. مەلا حەسەن مەجیدی (وەزیری داد)
١٢. مەحمود وەلی زادە (وەزیری کشتوکاڵ)(٢).

ئیدارەیەکی نیشتمانیی کوردی له سەرتاپای وڵاتدا سەپێنرا، قوتابخانەکان کرانەوە، خوێندن بوو بە زمانی کوردی، هەروەک خانەیەکی چاپ دامەزرا و ڕۆژنامەی کوردستان دەرچوو تا ببێتە زمانحاڵی حکوومەت، هەروەها حکوومەت کێشەی خۆراک و هەناردن و هاوردنی چارە کرد و بازاڕەکانی بە مادەی خۆراکی و دەرمان ئامادە کرد، له ناوچە دوورەدەستەکانی کوردستان بنکەی تەندروستیی دامەزراند. حکوومەت دەستوری کۆمارەکەی دەرکرد که دەقی تێدا بوو لەسەر پاراستنی کرێکاران و دامەزراندنی سەندیکاکان، یەکسانیی نێوان ژن و پیاوی له ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییدا ڕاگەیاند(٣). کورد ئەو وەزیفانەی پڕ کردەوە که پێشتر فارسیان تێدابوو. مەلا مستەفا پلەی ژەنەڕاڵی پێ بەخشرا(٤)، هێزەکانی بەسەر سێ فەوجدا دابەش کرد، پلانی ڕاهێنانی نوێیان بۆ دانرا و چەکیان بەسەردا دابەش کرا. هێزێکی

---

(١) حامد محمود عيسى، مصدر سابق، ص ٣٩٩.

(2)O.Ballance، Edgar. Ibid.p5.

(٣) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٢٦.

(٤) عبدالله أحمد بلبدي، مذكراتي، ص ٤٦ ـ ٤٧.

یەدەگیش کە لە حەوتسەد چەکداری بارزانی پێکهاتبوو لە مەهابادی پایتەخت مایەوە[1]. هەروەها (ئەی ڕقیب) کرا بە سروودی نیشتمانیی حکوومەت:

ئەی ڕەقیب، هەرماوە قەومی کورد زمان

نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان

کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە

زیندووە، قەت نانەوێ ئاڵاکەمان.

ئاڵاکە لە سێ ڕەنگ پێکهاتبوو، سوور و سپی و سەوز، کە خۆرێکی زەرد و گوڵە گەنمی لەسەر بوو[2].

قازی محەمەد ڕێبەری شۆڕش لە هەوڵی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی شۆڕشدا بوو لە کۆمارەکەیدا، لەو ئامانجانەیش:

١. بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ئیدارەی فەرمی و قوتابخانەکاندا.
٢. دەرکردنی چەند بڵاوکراوەیەک، لەوانە گۆڤارێک بۆ منداڵان و ڕێکخستنی شانۆیەکی کوردی.
٣. ژنی کورد ڕۆڵی گرنگی خۆی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا وەرگرت.
٤. پێکهێنانی سوپایەکی کوردی بەناوی "پێشمەرگە"، کە ئەوە یەکەمجار بوو ئەو زاراوەیە بەکار بێت[3].

گەرچی هەندێک کەسایەتیی کورد هەبوون لە دەرەوەی کوردستانی ئێران بوون و دەسەڵاتی گەورەیان لە دەوڵەتە نوێیەکەدا هەبوو، بەڵام ناتوانرێت بگوترێت دەوڵەتەکە زمانحاڵی کوردستانی گەورە بوو[4]، کەچی قازی محەمەد هەمیشە دووپاتی دەکردەوە کە ئەو بەناوی هەموو کوردەوە دەدوێت.

پێش دامەزرانی سەیفی قازی بە وەزیری بەرگری، هەنگاوە پێویستەکان بۆ ڕێکخستنی سوپایەکی کوردی جگە لە جەنگاوەرانی پیاوانی خێڵ گیرانە بەر. لە کۆتایی ئاداری ١٩٤٦دا، چوار ژەنەڕاڵ لە سەرکردایەتی سوپای مەهاباد هاتنە دامەزراندن، کە ئەمانە بوون: محەمەد حوسێن سەیفی قازی، عومەر خانی شکاک، حەمەڕەشید خان و مەلا مستەفا بارزانی.

مەلا مستەفا لە سیانەکەی تر بەهێزتر بوو، چونکە لە توانایدا هەبوو لەگەڵ هێزێکدا کە لە ١٢٠٠ جەنگاوەر زیاتر بوو و ڕاهاتوو لەسەر ڕێکوپێکی و گوێڕایەڵی دابەزێتە مەیدان. هەروەها ١٢ ئەفسەری کورد کە هاوڕێی مەلا مستەفا بوون و پێشتر لە سوپای عێراقدا ئەفسەر بوون هاتنە دامەزراندن، عەقید

---

(١) ابوحسن تفرشيان، بارزاني من مهاباد الدامية ألى شفف آراس، ترجمة عن الكوردية نيلي أمين، دهوك، ١٩٩٧، صص ٣٥ ـ ٣٦.

(٢) جواد ملا، كردستان والكرد، وطن مقسم وأمة بلا دولة، لندن، دار الحكمة، ٢٠٠٠، ص٧١.

(٣) عبدالرحمن قاسملو، كوردستان ايران، ترجمة غزال اوغلو، دمشق، ١٩٩٩.

(4)O.Ballance، Edgar. Ibid.p14

مستەفا خۆشناو و محەمەد مەحمود قودسی لێهاتووی و کارامەیی خۆیان لە کاروباری ڕاهێناندا سەلماند، ئەوانەیش کران بەسەرکردەی هێزە کوردییەکانی تر لە باشوور[1].

هەر لە دامەزراندنی کۆماری مەهابادەوە بارزانییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی و بەرچاویان گێڕا، کە هێزە نیزامییەکانی ئێران بەرەو شاری سەقز هاتن، بارزانییەکان بە هێز و بوێرانە بەرگرییان لە شارەکە کرد[2].

سۆڤێت لە پاراستنی کۆماری مەهاباددا ڕۆڵی هەبوو، پێش ڕێکخستنی هێزەکانی بەرگری کۆمارەکە، زۆرجار هێزەکانی ئێران هەوڵیاندا سنورەکانی کۆماری مەهاباد ببەزێنن، بەڵام سۆڤێت ڕێگریی دەکرد[3].

پێش کەوتنی بەرلین لەسەر دەستی هێزەکانی سۆڤێت، ئەمریکا بە پێی بەندەکانی کۆنگرەی تارانی ١٩٤٣، هێزەکانی لە ئێران کشاندەوە، بۆ ئەوەی هیچ پاساوێک بەدەست سۆڤێتەوە بۆ هێشتنی هێزەکانی لە ئێران نەمێنێتەوە، بۆیە ئەمریکا و بەریتانیا دەستیان بە گوشار کرد بۆ سەر سۆڤێت بۆ کشاندنەوە، بەڵام یەکێتیی سۆڤێت ساڵێ و نیوێک هێزەکانی هێشتەوە، کە کۆماری مەهاباد لەو کاتەدا دامەزرا. تەنانەت پاش کشانەوەیش سۆڤێت کەرەستەیەکی زۆری جەنگی بەکارنەهاتووی بەجێهێشت بۆ بەرگریی لە کۆمارە کوردییەکە[4].

بەرژەوەندیی دەوڵەتە مەزنەکان خەونەکانی کوردیان زیندەبەچاڵ کرد، سۆڤێت پێی وابوو ناچار کراوە بۆ کشانەوە، لە کاتێکدا ئەوروپایی و ئەمریکاییەکان وای بۆچوون سۆڤێت پشتی لە کۆماری مەهاباد کرد، کاتێک چەند بەڵێنێکیان لە حکوومەتی ناوەندیی ئێرانەوە پێ درابوو بە پێدانی ئیمتیازی گەڕان لە دووی نەوت و قۆستنەوەی کێڵگە سرووشتییەکان لە باکووری ئێران[5].

سوپای سۆڤێت لە ١٩٤٦/٥/١٩ لە ناوچەکانی باکووری ئێران کشابەوە، بە هۆی گوشاری ڕاستەوخۆی ئەمریکا و بەریتانیا و هەڕەشەکانیانەوە لە حاڵەتی جێبەجێنەکردنی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی تارانی ١٩٤٣دا، کە بڕیار درا دەست بۆ یەکپارچەیی ئێران نەبرێت، سەرەڕای هەڵسەنگاندنی سەرکردایەتی سۆڤێت[6].

پاش لاچوونی ئەو پەردەیەی سێبەری بۆ کۆماری مەهاباد کردبوو، بە کشانەوەی سوپای سۆڤێت لە باکووری ئێران، هێزەکانی ئێران هێرشیان بۆ سەر کوردستان دەست پێ کردەوە، لەو کاتەدا مەلا مستەفا

---

(١) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ٢٦٢.

(٢) عيفان عارف يادي، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٦٣، بيروت، الدار العربية للموسوعات، ٢٠٠٦، ص ٣٧.

(٣) زنار سلوبي، في سبيل كردستان، (مذكرات)، بيروت، ١٩٨٧، ص ٢٣٥.

(٤) نوري شاويس، من مذكراتي، مصدر سابق، صص ٤٩ ـ ٥٠.

(٥) وليام ايجلتين، جمهورية مهاباد، مصدر سابق؛ نقلا عن مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج١، مصدر سابق، ص ٣٢ ـ ٣٣؛ رينيه موريس، كردستان أو الموت، مصدر سابق، ص ٤٧.

(٦) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٢، ط٢، بيروت، كاوا للثقافة الكردية، ١٩٩٧، ص ٤٤.

چووە مەهاباد و کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ قازی محەمەد و بەرپرسەکانی تردا کرد بۆ تاوتوێکردنی ئەوەی لە کاتی ڕووداوی چاوەڕواننەکراودا چی بکرێت. بۆی دەرکەوت بەرپرسانی مەهاباد هیچ نیازێکیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای ئێراندا نییە، هەروەها دواجار تەسلیم دەبن و کەوتنی مەهاباد پرسی ڕۆژە.

جگە لە بارزانییەکان کەس نەبوو بەرگری لە پایتەخت بکات، بارزانییەکان تەنانەت دوای ئەوەی خێڵەکانی کوردستانی ئێران پشتی کۆماریان بەردا هەر داکۆکییان لە کۆمارەکە کرد[1]. لە ١٥ی کانونی یەکەم ١٩٤٦، هێزەکانی ئێران هاتنە ناو شاری مەهابادەوە و قازی و هەڤاڵانی خۆیان ڕادەست کرد.

پاش ئەوەی هێزەکانی ئێران چوونە ناو مەهابادەوە، ژەنەڕاڵ هومایونی لە مەهابادەوە نامەیەکی لەلایەن مەلا مستەفاوە پێ گەیشت کە داوای چاوپێکەوتنی کردبوو، بارزانییەکان لەو کاتەدا کلیلی کێشە گەورەکە بوون. فرێدانی چەک، یاخود دەستەویەخەبوون لەگەڵ هێزەکانی ئێراندا[2]، هەربۆیە عەقید غەفاری نوێنەری حکوومەتی ئێران ناردی بە شوێن بارزانییەکاندا بە تایبەت شێخ ئەحمەد بۆ دانوستان، کە بڕیار درا مەلا مستەفا بنێردرێت بۆ تاران بۆ دانوستان لەگەڵ ئەحمەد قەوام سەڵتەنەی سەرۆکوەزیرانی ئێراندا[3].

گفتوگۆکانی مەلا مستەفا لە تاران ماوەی مانگێکی خایاند، بەبێ ئەوەی بگەنە هیچ ڕێککەوتنێکی کۆتایی، ئێرانییەکان پێشنیاریان کرد بارزانییەکان لە ناوچەکانی سنورەوە بۆ چیای ئەڵوەند بگوازرێنەوە و ئەوانیش بۆ ماوی شەش مانگ بژێوییان دابین دەکەن، بارزانییش پێشنیاری کرد ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە عێراق بە مەرجێک ئەمریکا و بەریتانیا سەلامەتیی بارزانییەکان مسۆگەر بکەن، پەیوەندیی بە باڵیۆزی بەریتانیاوە کرا و بەریتانیا ڕەتیکردەوە، بۆیە ئێرانییەکانیش ڕەتیان کردەوە[4].

بارزانی گەڕایەوە تا بۆچوونی بارزانییەکان لە بارەی پێشنیاری ئێرانەوە بە نیشتەجێکردنیان بزانێت، بەڵام شێخ ئەحمەد بڕیارەکەی ڕەتکردەوە. عەقید غەفاری هات بۆ چاوپێکەوتنی مەلا مستەفا و لێکۆڵینەوە لە هەڵوێستی بارزانییەکان، بەڵام بۆی دەرکەوت کە بارزانییەکان لە جیاتی چۆڵکردنی ناوچەکە شەڕ هەڵدەبژێرن. پاشان ژەنەڕاڵ هومایونی لەگەڵ عەقید غەفاریدا، لە ١٩ی شوباتی ١٩٤٧ هاتنەوە بۆ گوتبێژکردن لەگەڵ شێخ ئەحمەددا لەبارەی ئەم باسەوە، شێخ ئەحمەد بۆیانی ڕوون کردەوە کە بارزانییەکان گەرچی پاراستنی بەریتانیایش بەدەست نەهێنن هەر دەڕۆنەوە بۆ زێدی خۆیان و کار دەکەن

---

(١) جوناثان راندل، أمة في شقاق، مصدر سابق، ص ١٧٥؛ وحامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٩٢.

(٢) وليام ايجلتن، جمهورية مهاباد، مصدر سابق، ص ٢٠١.

(٣) كريم زندي، حركتا آذربايجان وكردستان التحرريتان، ص ١٠٦.

(4)O.Ballance، Edgar. Kurdish pevoit of 1961. P.55.

لە بەهاردا و کاتی بارینی بەفر بە زۆر ناوچەکانیان دەگرنەوە، بەڵام ژەنەڕاڵ همایونی بەم دواخستنە ڕازی نەبوو، لە بەرامبەریشدا سێ بژاردەی پێشنیار کرد:

أ. هەر ئێستا بارزانییەکان دەتوانن ئێران جێبهێڵن و بگەڕێنەوە عێراق.

ب. ڕێگەیان پێ دەدرێت لە وەرامین کە سی میل دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی تارانەوە، بمێننەوە، بە شێوەیەک پارچەیەک زەوی و تۆوی گەنمەشامییان بەخۆڕایی پێ دەدرێت، لەگەڵ هاوکاریی تراد بۆ وەرزی یەکەمی چاندن.

ج. شەڕ دەکرێت و هیچ جێگرەوەیەکی تر نییە[١].

حکوومەتی ئێران هێزێکی گەورەی سەربازیی بە پاڵپشتیی هێزی ئاسمانی ئامادە کرد، کە مەلا مستەفای لە ناوچەی دەسەڵاتی خۆی دوور خستەوە و، هێزەکە لە ٢٢ی شوباتی ١٩٤٧ هاتە ئەم ناوچەیە.

شەڕی نێوان بارزانییەکان و ئێرانییەکان بەردەوام بوو، بارزانییەکان سەلماندیان کە نەیارێکی سەرسەختن، لە هەلومەرجێکی هاوشێوەی کوردستانی عێراقدا دەجەنگان و زۆرجاریش ئەوان کاتی شەڕیان هەڵدەبژارد. بەڵام ئەوەی ترسی خستە نێو دڵی کوردەوە ئەوە بوو ئێرانییەکان لەو گوندانەیان دەدا کە پاڵپشتیی خۆراکیی بارزانییەکانیان دەکرد. دانیشتووان گوندەکانیان چۆڵ کرد و ئێران توانی ئابڵووقەی ئابووری بخاتە سەریان[٢]، لە بەرامبەریشدا گوشاری سەر مەلا مستەفا بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق زیادی کرد. بۆ قوتاربوون لە سوپای ئێران و ڕاوەدوونانی فڕۆکەکانیان و نەبوونی خۆراک. ئەفسەرە عێراقییەکان لەوانە بوون پشتگیریی گەڕانەوەیان دەکرد، کەمینەیەکیش داوای خۆڕاگرییان دەکرد لە ڕووی ئێرانییەکاندا، بارزانی لەگەڵ ئەماندا بوو، بەڵام دۆخی شەڕ گوشارێکی زیاتری لەسەر خێزانەکانی کورد دروست کردبوو، هەر بۆیە بارزانییەکان دوای ڕادەستکردنەوەی دیلە ئێرانییەکان بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەد بەرەو سنوورەکانی عێراق پاشەکشەیان کرد.

ئیگلتن دەڵێت شێخ ئەحمەد بەڵێنی لێبوردن لە بارزانییەکانی لە بەرپرسانی عێراقییەوە بەدەست خست[٣]. لە ١٩٤٧/٤/١٣دا دەسەڵاتەکانی ئێران لەوە دڵنیا بوونەوە کە بارزانییەکان ڕووباری گادەریان تێپەڕاندووە بەرەو عێراق[٤]، بەڵام بارزانی و هەندێک لە شوێنکەوتووانی بە سەرۆکایەتیی هێزێکی گچکە چووە ناوچەی باکووری بارزان و خۆی ڕادەست نەکرد[٥].

---

(1) O.Ballance، Edgar. Ibid. p.55.

(٢) كريم زندي، مصدر سابق، ص ٢٥ ـ ٢٧.

(3) Eagleton، William. Ibid. p. 121.

(4)F.O. 371/61986. Secret، from Tehran to fo، 7، 18 February 1947.

(٥) محمود الدرة، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ٢١٥.

پاش گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ عێراق، لە ٩ی نیسانی ١٩٤٧، لە ناوچەی چیای قوین داغ، هێزەکانی عێراق دەوریان گرتن، ئەوانیش ڕێگەیان نەما و کەوتنە نێوان هێزەکانی ئێران و عێراقەوە، هێزە ئاسمانییەکانی ئێران بە هاریکاریی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق بارزانییە گەڕاوەکانیان بۆردوومان کرد(١). ١٥٥٠ پیاو لە بارزانییەکان کە شێخ ئەحمەدی بارزانیشان تێدابوو و ١٦٨٦ ژن و ١٣٢٩ منداڵ ناچاربوون خۆیان ڕادەست بکەن و برانە ئەو بنکانەی بۆ پێشوازیی ئامادە کرابوون(٢).

بەڵام بارزانی و هاوڕێکانی سوور بوون لەسەر ئەوەی خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتەکانی عێراق نەکەن، حکوومەت پەنای بردە بەر ڕاگەیاندنی حوکمە عورفییەکان. بارزانییەکان چاریان نەما چیایان جێ هێشت و ڕوویان کردە تورکیا، لەوێیشەوە جارێکی تر بۆ ئێران بە ڕێگەیەکی دژواردا(٣). شا سوپاسی سەرکردەکانی سوپای کرد و مەدالیای پێ بەخشین و پاش ڕۆیشتنی بارزانییەکان سەرۆکوەزیران سەردانی ناوچە کوردییەکانی کرد.

شێخ ئەحمەد و ژمارەیەکی زۆر لە بارزانییەکان ١٢ ساڵ کەوتنە زیندانەوە، سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧یش چوار لە ئەفسەرانی سوپا کە شانبەشانی بارزانی جەنگان، لە سێدارە دران(٤). حوکمی ئیعدامیش بۆ شێخ ئەحمەد دەرچوو، بەڵام لەبەر گەورەیی تەمەنی گۆڕا بە زیندانیی هەمیشەیی، تاکو هەڵگیرسانی شۆڕشی١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ئازاد نەکران(٥).

دوای ئەوەی بارزانی و هاوەڵە چەکدارەکانی لە عێراق دەرچوون، لە ٢٧ی ئایاری ١٩٤٧دا، ڕوویان کردە تورکیا. بەڵام کاتێک هێزە تورکییەکان ڕێیان پێ گرتن، چوونە سنوری ئێران و هەژدە میل مابوو بگەنە سنوری سۆڤێت(٦).

لە ١٩٤٧/٥/٣٠ ئێرانییەکان بۆیان دەرکەوت بارزانییەکان بەرەو یەکێتیی سۆڤێت دەڕۆن، بۆیە دەستەی ئەرکانی ئێران فەرمانیدا بە ڕێ لێگرتنیان، بەڵام بارزانییەکان توانییان دزە بکەن و لە فەوجەکانی سوپای ئێران قوتار بن، بەبێ ئەوەی کەس هەستیان پێ بکات، پەنایان بردە بەر یەکێتیی سۆڤێت(٧).

(1)F.O. Secret، from Tehran to fo، 13aperl 1947.

(2)F.O. Secret، from baghdad to fo، no. 376/22 aperl 1947

(٣) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٢٢٨.

(٤) زهير عبدالملك، الأكراد بلادهم كردستان بين سؤال وجواب. السويد، ١٩٩٩، ص ١٠١.

(٥) دانا آدمز شميدث، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ١٦٢

(٦) كريم زندي، مصدر سابق، ص ٢٨

(٧) ايجلتين، مصدر سابق، ص ١٢٦.

بارزانی و هەڤاڵانی توانییان بە مەلەکردن لە ڕووباری ئاراس بپەڕنەوە و لە ١٩٤٧/٦/١٨دا بچنە نێو خاکی سۆڤێتەوە، کە ژمارەیان ٨٠٠[١] چەکدار بوو[٢]، پێشتریش سۆڤێت بەڵێنی پێدابوون ئەم چارەنووسە باشترە لەوەی بکەونە دەستی عێراقییەکانەوە[٣].

شێوازی کشانەوەی بارزانی لە خاکی مەهاباد و پاشانیش لە خاکی عێراق، بەرەو یەکێتیی سۆڤێت، لە ڕووی ستراتیژی و تاکتیکی سەربازییەوە نموونەی ئەوپەڕی ئەزموون و سەرکردایەتیەکی سەرکەوتوو و دەگمەنی ئەم پیاوەیە، نەک تەنیا لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لە ڕووی سەربازیشەوە. بڕیاری کشانەوەکە لە هۆشیارییەوە سەرچاوەی گرتبوو، بڕیارە واقعییەکانی تری ئەوکاتیش لە زمانی سەربازیدا پێی دەگوترێت ڕێزگرتن لە هەڵوێستی سەربازیی سەرکەوتوو، لە ئاکامی گەلەکۆمەکیی ئێران و عێراق و تورکیا دەورەدانیان بۆ لەناوبردنیان، بەم شێوەیە بڕیاری کشانەوەکە بە سەفەرێک لە سەفەرەکانی شەڕە مێژووییەکان دادەنرێت، کە بە ڕێکوپێکی و پیادە، بە ڕێگەیەکی سەخت و دووردا کە زیاتر بوو لە پەنجا ڕۆژ، بەرەو سنوورەکانی ئێران ـ سۆڤێت و، پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس. بێگومان کشانەوەکە هیچ زیانێکی مرۆیی بەدوادا نەهات، لە سەرووبەندی ڕۆیشتندا بەرەو سنوری یەکێتیی سۆڤێت، یەکێک لە جەنگاوەران هات کە بڵێ: ئەزبەنی، لە هەر چوار لاوە دەورە دراوین، وەڵامی دایەوە نەخێر، ئاسمان کراوەیە، تەنیا دوو بژاردەیان لەبەردەمدا بوو، یان تەسلیمبوون یان پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس بە مەلەکردن، کە دووەمیان هەڵبژارد[٤].

بەڕاستی بارزانی و هەڤاڵانی لە غوربەت بە دەست دوو شتەوە دەیانناڵاند، دووری لە نیشتمان و تەنگپێهەڵچنینی ئەو حکوومەتانەی لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤێتدا بوون. سەرەتا هەڵسوکەوتەکان زۆر زبر بوون لەگەڵیاندا، چونکە دابەشکرابوون بۆ چەند کۆمەڵەیەکی لێکدوور، هەروەها داواکردنی حکوومەتەکانی عێراق و ئێران بە گەڕاندنەوەیان بە مەبەستی پاکتاوکردنیان، بەڵام هەموو ئەم هەوڵانە

---

(١) ئەم زانیارییە هەڵەیە و لە ڕاستیدا ژمارەی ئەو هەڤاڵانە سەروی ٥٠٠ کەس بوون، بەڵام نزیکەی٨٠٠ کەسەکە بریتین لە زۆرینەی هەڤاڵانی بارزانی و خێزان و منداڵەکانیان کە پاش ١٢ ساڵ لە ڕێکەوتی یەکی نیسانی ١٩٥٩ لە ئاوی ئۆدێسادا سواری کەشتیی گرۆزیا بوون. گرۆزیا ٤٦٠ پیاو و ١٠٨ ژن و ٢٢٥ منداڵی لەخۆی گرتبوو کە لە ١٦ی نیسانی ١٩٥٩دا گەیشتە بەندەری بەسرە و لەوێ لەنگەری گرت. (بۆردی ڕاوێژکارانی دەستەی ئێنسکلۆپێدیای پ.د.ك)

(٢) أدمونز، مصدر سابق، ص ١٧.

(٣) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٢٩٣.

(٤) ئەم ڕێپێوانە مێژووییەی بارزانی ناونرا بە گەشتی ٧٠٠ میل، کە لە خاڵی شێروان مەزن لە کوردستانی عێراقەوە دەستی پێ کرد تا خاکی یەکێتیی سۆڤێت.

شکستیان هێنا. ئەم هەوڵانە بەردەوامبوون تا کاتێک ستالین[1] پێشوازیی لە مەلا مستەفا کرد و داوای لێبوردنی لێ کرد لەسەر هەموو ئەو ناخۆشییانەی هاتنە ڕێیان و هەرچیان پێویست بوو پێشکەشی کردن.

لە ٢٩ی کانونی دووەمی ١٩٤٨دا، کۆنگرەیەک لە باکۆی پایتەختی کۆماری ئازەربایجان بەسترا و چەند شاندێکی کوردستان ئامادەبوون. بارزانی گوتارێکی گرنگی پێشکەش کرد و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی کوردستانی تێدا ڕوخنە کرد. ئامادەبووانی کۆنگرەکە بە سەرۆکی بزاوتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد هەڵیان بژارد[2].

بارزانی لە کۆماری ئەرمینیای سۆڤێت سەردانی نەوەکانی گەلەکەی و گوندەکانی کردن، بۆ یەکترناسین و گوێگرتن لە ڕووناکبیرانیان، لە کاتی بینینی منداڵانی کورددا لە یەکێک لە گوندەکان گوتی: ئای کە ڕوومەتگەلێکی جوانن، بەڵام حەیف نیشتمانێکیان نییە، هەر گەلێک نیشتمانی نەبێت وەک چۆلەکەی لانەواز وەهایە[3].

## هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی بارزانیی لە مەهاباد

وجودی بارزانییەکان لە مەهاباد، حەماسەتی نەتەوەیی کوردی لە کوردستانی ئێران و عێراق بێدار کردەوە. توێژەری ئەمریکایی ئەرچی ڕۆزڤێلت[4] جەخت لەوە دەکاتەوە کە "بوونی بارزانی لە مەهاباد لەگەڵ جەنگاوەرانیدا، ڕۆڵێکی سەرەکیی لە هاندانی کوردی ئێراندا ئێرا بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری مەهاباد لە ٢٢ی کانونی دووەمی ١٩٤٦، ڕاستییەکەی کوردی عێراق تاڵییەکی زۆریان لە ناخیاندا هەڵگرتبوو بە هۆی سەرنەکەوتنی ئەزموونەکانی پێشوویانەوە (وەک حکوومەتەکەی شێخ مەحمودی حەفید)، بۆیە بە چاوێکی پڕ لە ئومێد دەیانڕوانییە سەرکەوتنی قەوارەی مەهاباد لە گەڕاندنەوەی بەدیهێنانی هیوا کۆنەکەیاندا"[5]. هەر لەبەر گرنگیی دەوری بارزانی و هەڤاڵانی لە مەهاباد، قەوام سەڵتەنەی سەرۆکوەزیرانی ئێران لە تاران، بۆ یەکەمجار چاوی بە قازی محەمەد کەوت، لەسەر ئەوە پێداگر بوو، وەک مەرجێک بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی مەهاباد و کۆماری ئازەربایجاندا، پێویستە (کوردی بیانی) دوور بخرێنەوە. ئەو کوردە

(١) لە ڕاستیدا سەرۆك مستەفا بارزانی لەلایەن ستالینەوە پێشوازی لێ نەکراوە، بەڵکو بە پشتبەستن بە ڕای سەرۆك مەسعود بارزانی کتێبی "بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد" ئەوە خرۆشۆڤ بووە کە پێشوازی لە مستەفا بارزانی کردووە نەك ستالین. (بۆردی ڕاوێژکارانی دەستەی ئینسکلۆپێدیای پ.د.ک)

(٢) عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى البارزاني، مصدر سابق، ص ٢٣.

(٣) مجموعة أبحاث لمؤلفين الكورد والروس، البارزاني وشهادة التاريخ، ترجمة باقي نازي وعيدي حاجي، أربيل، ٢٠٠٥، ص ٤٨.

(٤) نقلا عن سمي شورش، مصدر سابق، ص ٧٧.

(٥) من مآثر البارزاني التاريخية ١٩٤٥ ـ ١٩٥٨، المسيرة التاريخية الى الاتحاد السوفيتي، من منشورات قسم الاعلام في المكتب السياسي للحزب الديموقراطي الكردستاني ـ العراق، ١٩٨٢، ص ١٤.

بیانییانەیش تەنیا مەبەست لێیان بارزانی و هەڤاڵانی بوو، کە لە کوردستانی عێراقەوە هاتبوون. ئەمەیش واتە بارزانی و هەڤاڵانی ڕەگەزێکی گرنگییان لە دیمەنی سیاسی و سەربازیدا، لە کوردستانی ئێران پێکهێنابوو، کە لە مێژووی نوێی کورددا ڕەنگێکی تایبەتی وەرگرت[1]. هەبوونی مەلا مستەفا تەنیا مەترسی نەبوو بۆ سەر ئێران، بەڵکە حکوومەتی عێراقیش شڵەژابوو، بۆیە جووڵانەوە نەتەوەییەکانی خرانە ژێر وردبینەوە، هیچ وردەکارییەکی هەواڵەکانی مەلا مستەفا و هەڤاڵانی نەما لە مەهاباد لەلایەن دیپلۆماتکارانی عێراقییەوە گرنگی پێ نەدرێت، ئەمەیش نەک تەنیا لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە، بگرە وردترین زانیاریی ژیان و شێوازی گوزەرانیشی گرتنەوە.

لە ڕاپۆرتی کۆنسوڵخانەی عێراق لە کرماشاندا، زانیاریی زیاتر لەسەر بارودۆخی بارزانییەکان هاتووە. بۆ نموونە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە مەلا مستەفا لە بارێکی زۆر خراپدا بووە، چونکە نەخۆشیی تیفۆئید لە نێو هەڤاڵانیدا بڵاو بووبووەوە و زۆر پێویستیان بە خۆراک و ئازووقە هەبوو. هەروەها لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بەشێک لە شوێنکەوتووانی بارزانی حەزیان لە گەڕانەوە بووە بۆ زێدی خۆیان، هەرچەند هەستیان بە ئارامییش کردبوو[2]. هەروەها لە بارەی قۆناغی ئامادەیی بارزانییەوە لە مەهاباد، ڕۆژنامەوانی بەریتانی دەیڤید ئەدامسن[3] دەڵێت:

"مەزنییەکەی لە جۆری بوێری و چاونەترسی دێرین بوو، تا ڕادەیەک مرۆڤ سەیری لێ دێت لە ژیانی کەسێک تا ژیا سەرکردەی شۆڕش بوو لە مەهاباد، لە ئێرانیش خۆی لە تاراوگەدا بینییەوە لە دەوڵەتێکدا سوپایەکی نەبوو پارێزگاریی لێ بکات، هەر بۆیە بارودۆخ وایان لێ کرد هەمیشە سەرکردە بێت"[4].

بە کورتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ئێران بۆشایی سیاسیی ئەو وڵاتەی پاش داگیرکردنی لەلایەن هاوپەیمانان (یەکێتی سۆڤێت و بەریتانیا و ئەمریکا)وە قۆستەوە. پارێزگا کوردییەکان بەشی یەکێتیی سۆڤێتی بوون، ئەمەش وای کرد بوار بۆ هێزە دیموکراسی و چەپە کوردییەکان بڕەخسێت بە ئازادیی زیاترەوە چالاکی بنوێنن، بەڵام دەستەبژێرە سیاسییە نەتەوەییەکە جوان لە واقیعەکە نەگەیشت تا زیاتر

---

(١) منشور عن مؤتمر الذكرى المئوية لميلاد البارزاني، من منشورات اللجنة العليا لاحياء مئوية البارزاني سلسلة (٢)، أربيل ٢٠٠٣، ص ٨٥.

(٢) د.ك.و. الوحدة الوثائقية، ملفات البلاط الملكي، الملف ٤٧٢، التسلسل ٤٩٩٣، ڕاپۆرتی باڵوێزخانەی شاهانەی عێراقی لە کرماشان بۆ وەزارەتی دەرەوە، ژمارە س/٨٢/٩١/٢، بەرواری ١٩٤٦/٦/٢٢، بەڵگەنامەی ژمارە ١١٩ ل ١٥٣.

(٣) دیڤید ادامسن، topic_701m.org/6242.http://cudi

(٤) مەسعود بارزانی دەڵێت "باوکم پێی گوتم کە لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا، لەگەڵ شێخ ئەحمەددا بڕیارماندا بڕۆین بۆ ڕۆژهەڵات، دیارە لەوێ پێشوازییەکی باشیان لێ کراوە بە تایبەت لە نزیك سنور و لە مەهاباد. بە بڕیاری قازی محەمەد وەك ڕێزێك خانووەکانی مەهاباد لەگەڵ بارزانییەکاندا دابەش کران، لە بەرانبەریشدا بارزانی وەك سەربازێك لە کۆماری کوردستاندا خۆی ناساند". مەسعود بارزانی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت "کە قازی محەمەد برایە دادگا، داکۆکیی لە مەلا مستەفا کرد و ئاڵایەکی کوردستانی بۆ نارد و گوتی ئەمە ئەمانەت بێت لەلات". گوتاری مەسعود بارزانی بە بۆنەی یادی شەست و شەش ساڵەی دامەزراندنی کۆماری مەهابادەوە، لە ١٥ی کانونی یەکەمی ٢٠١٢، هەولێر.

پەرە بەم دەستکەوتانە بدات و بە هۆی هەڵەی ترەوە ئەزموونەکەیان لەبار برد. هێزە نەتەوەییە کوردییەکان لە داهاتووی هەڵوێستی یارمەتیدەری دەرەکی (ئامادەیی سەربازیی سۆڤێت)یان نەکۆڵییەوە و، ئاگاداری کرۆکی ڕێککەوتنی نێوان هاوپەیمانان نەبوون، چونکە دوای ساڵێک لە کەوتنی نازیزم و فاشیزم، هاوپەیمانان بڕیارياندا هێزەکانیان لە ئێران بکشێننەوە، ئەمەیش واتە نەمانی پەردەی یاریدەدەری سۆڤێت لەسەر قەوارە نەتەوەییە کوردی و ئازەرییەکان، کە نەیاندەتوانی بە کردەوە لەو کاتەدا هەڵبسنەوە، بۆیە هەر بە کشانەوەی هێزەکانی سۆڤێت، بەرەو لە ژێر پێیان دەرهێندرا و ڕووخان.

سەرکردایەتی سۆڤێتیش دیسان لەم کارە بەرپرسە، چونکە حەقیقەتی کارەکەی بۆ سەرکردایەتی نەتەوەکانی سنوورەکانی و ژێر دەسەڵاتی نەدرکاند، کە کاتێک ئەمریکا بۆمبی ئەتۆمیی دژ بە ژاپۆن بەکارهێنا، مەترسییان لەسەر بوو.

بێگومان ئەنجامنەدانی خوێندنەوەی ورد بۆ دۆخی نێودەوڵەتی و هەرێمی و پشتبەستنی ڕەها بە هاوکاریی دەرەکی، گشت دەستکەوتەکانی کوردستانی ئێرانی لەناو برد، ئیتر کێشەی کورد بوو بە مایەی ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی. پێشتر پێشەوا قازی محەمەد کە لە ١٩٤٦/١/٢٢ قەوارەی کوردیی ڕاگەیاند، جەختی لەوە کردەوە ئەم قەوارەیە (حکوومەتێکی خۆیەتی) لەخۆ دەگرێت، لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی شاهەنشاهی ئێرانیدا، ملکەچی مادەکانی دەستوری ئێرانە و قەوارەیەکی دابڕاو نییە، بەڵام سەرکردایەتی کورد زنجیرەیەک پلانی سەیر و سەمەرەی ڕێکخست کە نەیانتوانی پارێزگاریی لێ بکەن، کە بە کردەوە هەموو پەیوەندییەکی بە دەوڵەتی ناوەندییەوە بڕی، ڕاستە دابڕانەکەی مافێکی ڕەوا بوو، بەڵام هێشتا ڕەگەزەکانی بەدیهاتنی بەردەست نەبووبوو، نە لەسەر ئاستی دەرەوە، نە لەسەر ئاستی ناوخۆ، دژیەکییەک هەبوو لەنێوان ڕاگەیاندنی کۆمارێک لە وڵاتێکدا کە ڕژێمەکەی پاشایەتی بوو، نەک کۆماری! سەرکردایەتی نەتەوەیی کورد ئاگاداری ئەم تێکگیران و دژیەکییە نەبوون، واتە لە نێوان خۆبەستنەوە بە یەکپارچەیی دەوڵەتی پاشایەتی و نێوان ڕاگەیاندنی کۆمارێک لەسەر بەشێک لە خاکی نێو ئەو دەوڵەتەدا.

هەروەک سەرکردایەتی کورد زنجیرەیەک ڕێکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و یاسایی ڕیشەیی گرتنەبەر و کۆمەڵێک دامەزراوەی سەربازی و ئەمنیی دامەزراند کە لەگەڵ دەستوری ئێراندا ناکۆک بوون. لەگەڵ ئەوەیشدا دەستی کرد بە پشکنینی سنوورە جوگرافییەکانی کورد و لە کێشە جوگرافییەکانی نەتەوەکانی تری ئێراندا ڕۆچوو، ئازەربایجانی هاوپەیمانی لە کیس خۆیدا، داواکارییە سنورییەکانی بوونە هۆی تێکبەربوونی بێسوودی نێوان سەلاموڵڵا جاویدی پارێزگاری ئازەربایجان و قازی محەمەد لەسەر سنوورە جوگرافییەکان، کە بووە مایەی لاوازکردنی هەردوولا، سەرەڕای دانانی هێزەکەی بارزانی و هەڤاڵانی لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری مەهاباددا، کە خاوەنی خۆبەڕێوەبەری بوو لە ئێراندا، لە وروژاندنی دەستوەردانی دەوڵەتانی دراوسێدا، کە هەموویان بەشداربوون لە سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ئەم ئەزمونەدا و سەرکوتکردنی و

شکستپێهێنانی. ڕەنگە دیارترین هەڵە کە بزاوتی نەتەوایەتیی کورد تێی کەوتبێت، پشتبەستنی تەواو بووبێ بە یارمەتیی دەرەکی، واتە یەکێتی سۆڤێتی ئەوکات، لە بەردەوامبوون و سەرکەوتنی ئەزموونەکەیدا.

## پارت و کۆمەڵە ڕامیارییەکان

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا هۆشیاریی کورد گەشەی کرد، سەرباری زۆریی ڕەوت و سەرکردەی خێڵەکی و دەرەبەگی، بەسەر بزووتنەوە کوردییەکاندا، بەشێک لە کورد پشکێک لە خوێندنی فێرگەکانی قوستەنتینیە و پاشان تاراوگە لە سویسرا و فەڕەنسایان بەدەستهێنا و هەلی ڕەوتە نوێیەکانی تورکیایان دوای بزووتنەوەی نوێی تورکیا لەساڵی ١٩٠٨ قۆستەوە[١].

سەرکردایەتیکردنی ئەم پارت و کۆمەڵانە سنووردار بوو لە دەستەی باڵای کۆمەڵگەی کوردی و لەسەر هەندێک لە ناوەند و دەستە ناوەندییەکانی وەک ئەفسەران و مامۆستایان، واتە گەلیی یان جەماوەری نەبوون و ئامانجەکانیان ڕامیاریی ڕووت بوون[٢]. ئەم پارتانە لە ڕووی پەیڕەو و پرۆگرامی حزبییەوە لاواز و هەژار بوون، ئەم کۆمەڵانە زانست و زانیارییان بڵاو دەکردەوە، کۆمەڵەی هێڤی، کۆمەڵەی قوتابیان بوو، کۆمەڵەی خۆیبوون سەرجەمیان لە ڕۆشنبیرانی کورد بوون، ئەوەی بووە هۆی لاوازیی ئەم پارتانە و هاوکار بوو بۆ لاوازی ئەم کۆمەڵانە، ئەوە بوو کە لەناو خۆیاندا ناتەبا بوون و هەریەکەیان سەربەخۆ کاریان دەکرد. هاوپەیمانان پێیان وابوو ئەم پارت و کۆمەڵانە پاڵپشتی یەکتر نین بۆ هێز، تاکە هێزی کوردی ئەوەیە کە لە لایەن شێخ مەحمود بەرزنجی یان بارزانییەکانەوە پێشەوایەتی دەکرێت[٣].

## گرنگترین پارت و کۆمەڵە کوردییەکانیش ئەمانە بوون:

### کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کورد

یەکەم کۆمەڵەی ڕامیاریی گەورەی کوردە لە ساڵی ١٩٠٨، لە ئاستانە دامەزرا، دامەزرێنەرە دیارەکانی (ئەمیر ئەمین عەلی بەدرخان، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا، سەید عەبدولقادر عەلی، شێخ عوبەیدوڵای نەهری، دووان لە میرانی بابان لە سلێمانی) ئەم کۆمەڵە پەنای بردە بەر کاری نهێنی و وەرگرتنی ڕێوشوێنی شاراوە[٤]، داوای خۆبەڕێوبەری بۆ کوردستان دەکرد، ئەوەی پاڵی نا بە ئەندامانیەوە بۆ کاری نهێنی[٥]، لەبەر ئەوەی

(١) رفيق حلمي مذكراتي، ج١، ص ٦٣.

(٢) جلال الطالباني، كوردستان والحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٦٨.

(3)O. Balance، Edgar،ibid.P.46

(٤) محمد امين زكي، تاريخ كرد وكردستان، مصدر سابق، ص ٣٤٩؛ رفيق حلمي، مذكرات ج١، ص ٥٧؛ وليام ايجلتن، جمهورية مهاباد، مصدر سابق، ص ٢٣.

(٥) رفيق حلمي مذكرات، ج١، ص ٥٧.

ئیتیحاد و تەرەقی تورک ئاشکرای کرد ئەو ئازادییەی مەبەستیانە مانای مۆڵەتدان نییە بەو بزووتنەوانەی ئامانجیان بەدیهێنانی جیابوونەوەیە.

ئەم کۆمەڵە بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاریی کورد بوو، کۆمەڵەیەکی ئەدەبی تەواو بوو، لە ئاستانە دامەزرا و کرایەوە بۆ فێرکردنی منداڵانی کورد[1].

## کۆمەڵەی کوردستان

ئەم کۆمەڵەیە لە کۆبوونەوەیەکدا دامەزرا کە لە ڕێکەوتی ٢١ی تەموزی ١٩٢٢ بەسترا، لە مزگەوتی سەید حەسەن لە سلێمانی بە سەرۆکایەتی مستەفا پاشای یامولکی وەزیری پەروەردە لە حکوومەتەکەی شێخ مەحمود. ئامانجی ئەم کۆمەڵە پاڵپشتیکردن بوو لە حکوومەتەکەی شێخ لە سلێمانی[2]، بەڵام بە هۆی کۆتاییهێنان بە حکوومەتەکەی شێخ مەحمود لە سلێمانی تەمەنی کۆمەڵەکە زۆری نەخایاند. بیری یەکسانیی لەبارەی گرنگیی کردنی حکوومەتەکەی شێخ مەحمود بە حکوومەتێکی نیشتمانی و دوورکەوتنەوەی لە داڕشتنی خێڵەکی، بڵاو دەکردەوە.

## دەستەی نیشتمانی

تۆفیق وەهبی بەگ دوای ئەوەی بووە پارێزگاری شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٠ دایمەزراند، ئەم کۆمەڵە لە پێناو سەربەخۆیی کورد کاری دەکرد[3].

## کۆمەڵەی زانست

لە ساڵی ١٩٢٦ لە سلێمانی دامەزرا، کار و چالاکییەکانی لە چوارچێوەی مەبەستەکانی ئەدەب و پەروەردەیی و بڵاوکردنەوەی فێرکارییدا خۆی دەبینییەوە.

## دەستەی ڕامیاری

بە سەرۆکایەتیی شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود بەرزنجی لە ساڵی ١٩٣٨ لە سلێمانی دامەزرا، ئامانجی کارکردن بوو لە پێناو کوردستاندا.

---

(١) محمد أمين زكي، الكرد وكردستان، مصدر سابق، ص ١٣٩.

(٢) عبدالجبار حسن الجبوري، الأحزاب والجمعيات في العراق ١٩٠٨ ـ ١٩٥٨، بغداد، دار الحرية، ١٩٧٧، ص ٨٤.

(٣) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ١٤٠.

## کۆمەڵەی لاوان

گوزارشتە لە ڕابیتەیەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و خێرخوازی لە ساڵی ١٩٣٠ بۆ قوتابیانی کورد دامەزرا[١]. دامەزرێنەرەکەشی مێژوونووسی کورد ئەمین زەکی بەگ بوو. سەرەتای دەرکەوتنی لە کۆبوونەوەی قوتابیانی کورد و داواکاریان بە ئازادکردنی شێخ مەحمودی حەفید[٢]، بیر و هزری شۆڕشگێڕییان لە ڕێگەی هۆنراوەوە پەخش کرد، ئەم کۆمەڵەیە هاریکار بوو بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی لە نێوان ڕیزەکانی مامۆستایان و پیشەوەران و پیاوانی ئایینی لە شار و گوندەکاندا. ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی ١٩٣٣ یەکەم ژمارەی گۆڤاری یادگاری لاوانی دەرکرد[٣]، بە هەمان شێوە ئیبراهیم ئەحمەد و عەلائەدین سەجادی گۆڤاری گەلاوێژیان دەرکرد، کە سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئاوڕیان لێ دایەوە، بەبێ گوێدانە ئارەزوو و بیروباوەڕە ڕامیارییەکان[٤].

## کۆمەڵی فیدائی وەتەن[٥]

ئەم کۆمەڵەیە بە سەرۆکایەتیی حەمە ئاغا خان، لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥ ـ ١٩٣٦ دامەزرا. سەرەتای دەرکەوتنی لە کۆبوونەوەی قوتابیان و داواکاریان بۆ ئازادکردنی شێخ مەحمودی حەفید دەگەڕێتەوە[٦].

هەروەها لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥ ـ ١٩٣٦دا کۆمەڵەی ئازادی کورد دامەزرا بە سەرۆکایەتیی مەحمود ئازادی و لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥ ـ ١٩٣٧یشدا، لاوانی ڕۆشنبیری کورد کاریگەر بوون بە هزری پێشکەوتوو و دیموکراتی، هەندێک لە ڕۆشنبیرانی کورد لە نێوانیاندا ئیبراهیم ئەحمەد، هەمزە عەبدوڵا، ڕەشید عارف، عەبدولسەمەد محەمەد و حەسەن تاڵەبانی، پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ کۆمەڵەی ئەهالی بەغدادا بەست[٧]، ئەم کۆمەڵە یەکەم ژمارەی گۆڤاری یادگاری لە ساڵی ١٩٣٧ دەرکرد[٨].

---

(١) عبدالجبار حسن الجبوري، الأحزاب والجمعيات السياسية في العراق، مصدر سابق، ص ٢٢٨.

(٢) عبدالرزاق مطلك الفهد، الأحزاب السياسية في العراق، مصدر سابق، ص ٢١٧؛ عبدالجبار حسن الجبوري، الأحزاب والجمعيات السياسية في العراق، مصدر سابق، ص ٢٢٨.

(٣) جلال الطالباني كردستان والحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١١٧

(٤) سيد عزيز عبدالله الشمزيني، الحركة التحررية القومية للشعب الكردي، مصدر سابق، ص ١٣١.

(٥) عبدالفتاح علي يحيى، الحياة الحزبية في الموصل (١٩٢٦ ـ ١٩٥٨) رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة الموصل، أكتوبر ١٩٩٠، ص ٢٥٧.

(٦) جعفر عباس حميدي، التطورات السياسية في العراق ١٩٤١ ـ ١٩٥٣، النجف الأشرف، مطبعة النعمان، ١٩٧٦، ص ٤١٦.

(٧) عبدالرزاق مطلك الفهد، الأحزاب السياسية في العراق، مصدر سابق، ص ٢٢٨.

(٨) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١١٧.

## کۆمەڵەی هێڤیی نوێ[1] ١٩٣٩ (هیوا)

لە دامەزرێنەرە پێشینەکانی ئەم پارتە، مستەفا عوزێری، یونس ڕەئوف، جەلال قادر، موسا عەبدولسەمەد، ئیحسان حاجی ئەحمەد، ڕەفیق حیلمی، میر حاجی ئەحمەد و چەند کەسێکی تر بوون، کە ڕەفیق حیلمی بووە سەرۆکی پارتەکە[2]. ژمارەیەک لە فەرمانبەران و ئەفسەرانی سوپا هاتنە پاڵ ئەم پارتە، کە لە کۆمەڵەی دارکەرەوە دروست بووە و لە دایک بووە[3]، ئەوەی ژمارەیەک لە قوتابیانی ناوەندیی کەرکووک دایانمەزراند، ئامانجی گەیشتن بوو بە خۆبەڕێوبەری لە چوارچێوەی عێراقدا و، خاوەن باڵی چەپڕەوی بوو، ئەندامانی لە بەغدا، ڕۆژنامەی ئازادی‌یان دامەزراند[4]، ئەوەی خاوەنی ئاراستەیەکی سۆسیالستی بوو. زۆر بە پەلە پارتی هیوا ناوبانگێکی فراوانی لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستانی عێراقدا بەدەستهێنا، ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیی دیموکراتخواز و پێشکەوتنخواز، ژمارەیەک ئەفسەر و ئەفسەرانی ڕیز و سەربازی ڕۆشنبیر لەژێر فەرمانیدا کۆبوونەوە. ئەم پارتە نەک تەنیا لە عێراق، بەڵکە لە ئێران و سوریا و تورکیایش کاروباری گەورەی ئەنجامدا[5]. لە ساڵی ١٩٤٢ ئەم پارتە شاندێکی دوو کەسیی لە ئەندامانی وەک نوێنەری خۆی نارد بۆ هاوکاری لەگەڵ سەرکردەی بزووتنەوەی کوردی لە ئێران و گۆڕینەوەی بیروبۆچوون لەلایەنی کاری هاوبەشەوە. پارتی هێڤی پەیوەندیی بە مەلا مستەفاوە هەبوو و بە پێدانی زانیاری یارمەتی بزاڤەکەیی دەدا، ئەم پارتە بە ئومێدی هاتنە ناوەوەی مەلا مستەفا بوو بۆ ڕیزەکانی. ئەم پارتە بە نارۆشنی لە ئامانجەکانیدا لەلایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە جیا دەکرێتەوە و بە پشنگوێخستنی تێروانینی زانستی و بیروبۆچوونی دیموکراتییانە، هەروەها خاوەنی سەرکردایەتیکردنێکی تاکڕەوانە بوو کە بیروبۆچوونی ڕێبەرایەتیکردنێکی بارگاوی بە چەمکی "ڕێبەری سەرکردە" بەڕێوەی دەبرد، هەربۆیە ئەم جیاوازییە زیادەڕۆییانە ڕۆڵیان گێڕا لە پووکانەوەیدا[6]. سەرەڕای ئەوەیش لە ڕووی جەماوەرییەوە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و فراوانکردنی پرەنسیپی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردیدا.

پارتی هێڤی (هیوا)، لە ساڵی ١٩٤٣ بوو بە بەهێزترین پارتی ڕامیاریی کوردی و زۆر ڕێخراوەی تێیدا، کتوپڕ ئاڵۆزی لە نێوان ڕیزەکانیدا کەوتەوە و بووە هۆی کەرتبوونی، ئەم پارتە دووباڵی لەخۆ دەگرت:

أ. باڵی چەپڕۆ.

---

(١) بەو پێیەی حزبە کۆنەکە ساڵی ١٩١٠ لە ئاستانە دامەزرا، بەڵام بە هۆی سیاسەتی حزبی ئیتیحاد و تەرەقییەوە دەسەڵاتی نەبوو.

(٢) عبدالرحمن جليلي، سياسة الإعمار في العراق، بيروت، ١٩٦٨، ص ٢٣.

(٣) عبدالرزاق مطلك الفهد، الأحزاب السياسية في العراق، مصدر سابق، ص ٢١٨.

(٤) حمدي حسن عليوي، الأحزاب السياسية في العراق، السرية والعلنية، لندن، رياض الريس، ٢٠٠١، ص ١٣٨.

(٥) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٨٨.

(٦) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٢١.

ب. باڵی ڕاسترِۆ (کە سەرۆکی پارتەکە یەکێک بوو لە ئەندامەکانی)[1].

بەڵام باڵی چەپ لە پێشکەوتووخوزانی نیشتمانی بوون لە ئەفسەران و سەربازان و لاوان[2].

ناکۆکیی ئەم دووباڵە لە دوو خاڵدا دەسووڕایەوە:

أ. لە هەریەکە لە ڕێبازە ڕامیارییەکانی پێویستە لەسەر کۆشش و بەرخودانی ئازادی بڕوات و، لەسەر دۆزە نەتەوەییەکەی ئایا پێویستە پشت بە یەکێتیی سۆڤێت و کامپی سۆسیالیستی یان بەریتانیا و کامپی ڕۆژئاوایی ببەسترێت؟

ب. ئایا پێویستە لەسەر پارت بە هەموو شێوەیەک کە لە بەردەستیدایە هاوکار بێت و هەموو هۆکارێک یەکبخات و بەشدارییان پێ بکات بەشدارییەکی کارا لە شۆڕشی کوردییدا، ئەوەی مەلا مستەفا پێشەوایەتی و ئاراستەی دەکات؟ یان بە پێچەوانەوە، هەڵوێستێکی خراپ وەردەگرێت؟ باڵی ڕاسترِۆ لە سەرووی هەمووشیانەوە ڕەفیق حیلمی داوای بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی حزبی بە بەریتانیاوە دەکرد بەو پێیەی ئەو بەهێزە و سۆڤێت دوورن لە کوردستانەوە. ئەم باڵە بە گرنگی دەزانی بێلایەنیی خۆی بپارێزێت لە کاتی شۆڕشی مەلا مستەفادا، بەڵام باڵی چەپ، بە پێچەوانەوە دەیبینی، واتە پەیوەندیکردن لەگەڵ سۆڤێت و بەشداریکردن لە شۆڕشدا.

هەموو ئومێدی حزب و ئەندامانی ئەوەبوو مەلا مستەفا بچێتە ڕیزەکانیەوە. مەلا مستەفایش وای دەبینی کار و چالاکییەکانی بهێنێتەوە لە بەغدا، تا ببێتە پەنجەرەیەک کورد لێی بڕوانێت و بچێتە دەرەوە. ئەمە لە کاتێکدا بوو خۆیشی لە بزووتنەوەکەدا بەو جۆرە بهێنێتەوە کە سەنگینی سەربازیی بکەوێتە سەر [3]. ئەم هەڵوێستەی مەلا مستەفا کاتێک گەیشت لەبەر ئەوەی سەرکردایەتی حزب کۆتایی بە پاڵپشتی ڕاگەیاندن و شاراوە بۆ شۆڕش هێنابوو، بە شێوەیەک ئاگاداری حکوومەت بەلای خۆیدا ڕاناکێشێت و بەریتانیایش بێزار ناکات. لە کاتێکدا لێژنەی ئازادی بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا[4]، هەموو ترس و کارەکانی جەنگی خستە ئەستۆی خۆی. حکوومەتیش ئەم دژیەکییەی قۆستەوە لە نێوان سەرکردایەتی حزب و سەرکردایەتی شۆڕشدا، توانیی ئەم شۆڕشە لەبار ببات و لە چوارچێوەی جەنگە سەختەکاندا بەو جۆرەی کە حکوومەت هێرشی کردە سەر ناوچەکانی بارزان و بەرەکانی تر.

سەرکردایەتی حزبی هیوا کەوتنە ژێر گوشارەکانی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بۆ ئەوەی کارێک بکەن تا گەمارۆدان و گوشار لەسەر ناوچەی بارزان هێور بکەنەوە، ئەویش بە کردنەوەی بەرەیەکی تر دژی

---

(١) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية ١٩٥٨ ـ ١٩٧٠، لندن، دار السلام، ١٩٩٠، ص ٢٢.

(٢) عبدالرزاق عطلك، مصدر سابق، ص ٢١٩.

(٣) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في لعراق، مصدر سابق، ص ١٤٣.

(٤) سعد ناجي جواد، مصدر سابق، ص ٢٥.

حکوومەت، لە پێناو فراوانکردنی نەخشەی شۆڕشدا، بەڵام حزب تەنیا بە دەرکردنی بەیاننامەیەك لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەکەیەوە لە بەغدا، پاڵپشتی لە شۆڕش کرد[1]، ئەویش پێشکەشکردنی یاداشتێک بوو بە باڵیۆزخانەی پێنج دەوڵەتە گەورەکە لە بەغدا، کە تێیدا ڕاستی کێشەی کورد و ئەو گرفتانەی کە توشی کورد هاتوون شیدەکاتەوە، لە ئەنجامی ئەو هاریکارییانەی نێوانیان کە لەپشت ئەوانەوە ڕوویان داوە بۆ دابەشکردنی کوردستان لەلایەن ئێران و تورکیا و عێراق، ئەم یاداشتە داوای زیندووکردنەوەی ئەو بەندانەی کە لە ڕێککەوتننامەی سێڤردا لە بارەی داهاتووی کوردستانەوە هاتوون، دەکرد. دکتۆر شەمزینی دەڵێت:"سەرباری ئەو ناکۆکییەی لەبارەی هاوکاریی شۆڕشەوە هەبوو، لاوازیی پاڵەپەستۆ لە سەرەتای شۆڕشەوە، باڵی ڕاستی ناچار کرد بۆ ملکەچبوون و قایلبوون بە ئارەزووەکانی و هاوکاریکردنی شۆڕش بە پارە و و هاریکاریکردنی بە بانگەشە و جگە لەوە ئەم ناکۆکییە هەر وا مایەوە و یەکلایی نەبووەوە[2]، لە بەستنی کۆنگرە لە کەلار لە کەرکووک، کۆنگرە ئاشکرای کرد باڵی ڕاسترۆ دەستەوسان بوو لە کردنەوەی بەرەیەک بۆ فراوانکردنی ڕووبەری شۆڕش وەک مەلا مستەفا داوای کرد، بە پیشکەشکردنی هەندێ هاوکاری دارایی و ڕاگەیاندنی بۆ شۆڕش کرد، هەروەها نەیتوانی گوندەکانی کوردستان بجوڵێنی و دەستەوەسان بوو لە ئاست ئەنجامدانی هەر کارێک کە شایانی باس بێت تەنانەت لە شارەکانیشدا[3]. هەربۆیە ناکۆکییەکان لە نێوان هەردوو باڵەکەدا لەسەر دوو کێشەکە زۆرتر بوو و ئەم ناکۆکییەش گەیشتە ئەو ئاستەی هەردوو باڵەکە لە یەکتر جیا ببنەوە[4].

بە کورتی، ئەو شۆڕشەی لە کوردستانی باشوور (عێراق) لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣ ـ ١٩٤٥دا هەڵگیرسا، هەڵسەنگاندنێك بۆ تواناکانی حزبی هیوا لە سەرکردایەتیکردنی کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە و تواناکانی لە درێژەپێدان و بەڕێوەبردنیدا. بەڵام نەیتوانی سەرکەوتوو بێت لە جوڵاندنی جەماوەردا کە خاوەنی نفوزێکی زۆر بوون لە شارەکاندا بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان و مانگرتن بۆ هاوکاریکردنی شۆڕشی چەکداری، هیچ پەیوەندییەکی بەرخودان و شۆڕشیش بە بزووتنەوەی نیشتمانییەوە لە سەرجەم ناوچەکانی عێراق نەبەسترا.

پارتی هیوا وەک هەر پارتێکی تری بۆرژوازی، لە ڕیزەکانیدا، سەرەڕای نوێنەرانی دەرەبەگ و جوتیاران، توێژی ڕۆشنبیرانیشی لە خۆی گرتبوو، ئەو توێژەی کە لە ناوەندە جیاجیاکاندا گەشەی کردبوو. ئەوان کاریگەربوون بەو بیروبۆچوونە هزری و ڕامیارییانەی لە نێو ئاستی ناوخۆیی لە عێراق و لەسەر ئاستی جیهانیش لە بەربەرەکانێدا بوون، هەر بۆیە ئەم ململانێیە گواسترایەوە نێو حزب. لە ماوەی ساڵانی

---

(١) دەقی بەیاننامەکەی حزبی هیوا لەبارەی ڕ پەڕینی بارزانەوە، پاشکۆی ١١.

(٢) سید عزیز الشمزیني، مصدر سابق، ص ١٣٥.

(٣) مکرم الطالباني، حزب هیوا.

(٤) أحمد فوزي، قاسم والأكراد، مصدر سابق، ص ١٠٠.

بەرخودانی چەکداری لە ساڵانی ١٩٤٣ ـ ١٩٤٥دا ئەم بەربەرەکانێیە خۆی لە دەرکەوتنی دوو ناوەندی جیای سەرکردایەتیکردنی لە ڕەوتی هزری و ڕامیاریدا بینیەوە، ئەم دوو ڕەوتە لایەنگری خۆیان هەبوو تا بووە هۆی جیابوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی لە کۆتاییدا.

پاش پووکانەوەی حزب، ڕۆڵی سەرکردەکانیش پووکایەوە گۆڕەپانی سیاسییان وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی جێهێشت، هەندێکییان چوونە پاڵ ئەو هێزانەی کە لە پاش ئەوەوە دەرکەوتن و هەندێکی تریان کاری حزبییان واز لێ هێناو، چەپەکان کە لە پێشوودا جیابووبوونەوە لێی و ئەوانەشی هێشتا مابوونەوە چوونە پاڵ هێز و ڕێکخراوە مارکسییەکان ئەوەی کە چەند ڕەوتێک بوون[١].

**دوای هیوا چەند ڕێکخستنێک دەرکەوتن لەوانە:**

کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) لە سلێمانی، لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ ـ ١٩٤٧ چالاک بوو، ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە سکرتێری. پاشان گروپی ڕێی ڕاست لە سلێمانی[٢] و هەروەک چەند ڕەوتێکی کوردیی مارکسی دەرکەوتن لەوانە یەکێتی تێکۆشین.

ئەم پێشکەوتنە کارایە لە ڕێکخستنە نەتەوەییە کوردییەکاندا لە کاتێکدا ڕویدا کە جەنگی دووەمی جیهانی لە تەواوبووندا بوو و، کاتی بانگەوازکردن بوو بۆ ژیانی دیموکراسی و فرەحزبی لە عێراقدا کە لە ناوەڕاستی چلەکاندا زۆر حزب و ڕێکخراوی نیشتمانی و ڕۆژنامەی ئۆپۆزسیۆن دەرچوون.

هەر لە بەغدا قوتابیانی کورد تێکەڵ بە هاوڕێ پێشکەوتنخوازە عەرەبەکانیان بوون کە خەمخۆری دۆزی خۆیان بوون و بە چالاکیی سیاسی و هزرییان کاریگەر بوون، زۆرێک لە ڕۆژنامە بەرهەڵستکارەکانی حکوومەتیان دەرکرد لەوانە الشعب، صوت الأهالي، الاتحاد، الرأي العام و لواء الاستقلال. هەروەها چەند حزبێکی نەتەوەیی و دیموکراتییش دامەزران و دەستیان کرد بە چالاکیی ئاشکرا، لەوانە حزب الشعب، حزب الاتحاد الوطني، الحزب الوطني الديمقراطي و حزب الاستقلال. هەروەها حزبە نهێنییەکانی وەك حزبی شیوعی و نیوچە ئاشکرای وەك التحرر الوطني کەوتنە چالاکی.

## حزبی شۆڕش

لەو هۆکارانەی بوونە هۆی لەدایکبوونی حزبی شیوعی (کوردی)، واتە (شۆڕش)، سووربوونی حزبی شیوعی عێراق بوو لەسەر باشترکردن و فراوانترکردنەکانی لە کوردستاندا، بەڵام سیاسییەکانی کورد بە جیاوازی بیروڕا و ئارەزوویانەوە، زۆر کەیفیان بە شیوعیەکان نەدەهات، ناکۆکی و بەریەککەوتن لەنێوان هەردووکیاندا ڕوویدا.

---

(١) کورتەیەک لەبارەی حزبی هیوا، لە بڵاوکراوەیەکی ئینتیەوە وەرگیراوە ١٢.
(٢) جعفر عباس حميد، مصدر سابق، ص ٢١٨.

زۆرێک لە کورد، شیوعییەکانی عێراقیان تۆمەتبار کرد بە نکۆڵیکردنیان لە بوونی نەتەوەی کورد، لەو لایەنەوە ئەوان پێڕەوییان لە ئامۆژگارییەکانی سەرکردەی شیوعیی عێراق و دامەزرێنەری حزبی شیوعیی عێراق، یوسف سەلمان یوسف (فەهد) نەکرد[1]. ئەوەی بەر لە لەسێدارەدانی هاوسۆزیی خۆی بە شێوەیەکی ڕوون بۆ خەونەکانی نەتەوەی کورد پیشاندا، سەرەڕای بوونی بەندێک لە پەیڕەوی حزبی شیوعیدا کە کورد لە "کۆمەڵە نەتەوەیی و ڕەگەزییە بچوکەکان" هەژمار دەکات، لەبەر ئەوەی حزبی شیوعیی عێراق لەلایەن سیاسییەکانی تری کوردەوە تێکچووە، بۆیە شیوعیەکانی کورد بیریان لە حزبی شیوعی تایبەت بەخۆیان کردەوە لە کوردستان، بەڵام حزبی شیوعیی عێراق نکوڵیی لە مافی دامەزراندنی حزبی شیوعی کورد کرد و، سوور بوو لەسەر ئەوەی یەک حزبی شیوعی کۆیان بکاتەوە، ئەویش حزبی شیوعی عێراقە.

کاتێک حزبی شیوعی عێراقی کۆنگرەی نیشتمانی لە بەغدا لە شوباتی ١٩٤٤دا بەست، ئەو کوردە شیوعیانەی کە سەر بە گروپی (وحدة النضال ) بوون، بەشدار نەبوون لەگەڵ حزبی شیوعیدا، بەڵکە باڵباڵێن کرا بۆ دامەزراندنی حزبێکی سیاسی[2]. لە ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٤٥، قوتابییە کوردە چەپەکانی کۆلێژەکان لە بەغدا کۆبوونەوە[3] و بڕیاری دامەزراندنی حزبی شیوعییان لەژێر کاریگەریی سۆڤێتدا دا و ئەم حزبە بە حزبی شۆڕش[4] ناونرا.

لە بەندی یەکی پرۆگرامی شۆڕشدا هاتووە، بانگەشەی ئاڵوگۆڕی لێکتێگەیشتن و بەهێزکردنی پەیوەندیی برایەتیی نێوان کورد و عەرەبی دەکرد، لەسەر بنچینەی ئازادی هەردوو گەل و، لێکنزیکبوونەوەی لەگەڵ عەرەبە ئازادیخوازەکان و ڕێکخراوە حزبییەکاندا لە پێناو هەوڵ و تێکۆشان لە ڕێگەی خۆشگوزەرانی و ڕزگاری گەلان وەک لە بەرنامەی دۆزی چاکسازی کشتوکاڵییدا لە کوردستان باس کراوە و هاتووە[5]. لە دەقی بەندی سێشدا هاتووە، هاوکاریکردن لە خەباتدا لە پێناو دامەزراندنی حکوومەتێک لە سەر بنچینەی دیموکراسی و لە بەرژەوەندیی گەل کار بکات[6]. هەروەها پارتی شۆڕش لە چوارچێوەی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردی ساڵی ١٩٤٣، لە عێراقدا هاوکار بوو.

لە ئابی ١٩٤٦دا، لە کۆنگرەی حزب لە بەغدا، حزبی شۆڕش تووشی پەرتبوون بوو، ساڵح حەیدەری لەگەڵیاندا نافیع یونس، حەمید عوسمان، جەمال حەیدەری و عەلی مەکتەبە جیابوونەوە و حزبی شیوعی

---

(١) فهد والقضية الكردية ١٩٤٥، موقف الفهد من القضية الكردية، پاشکۆی ژمارە ٦٣.

(٢) أحمد فوزي قاسم والأكراد، ص ١٠١ _ ١٠٢.

(٣) الشرطة العامة، التحقيقات الجنائية، موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي، ج١ _ ١٩٤٩، ص ٥٣.

(٤) کۆمیتە ناوەندییەکە پێک هات لە ساڵح حەیدەری، وەک سکرتێری کۆمیتە، عەلی عەبدوڵا، ڕەشید عەبدولقادر، عەبدولسەمەد محەمەد عەلی، نافیع یونوس، کەریم تۆفیق و نوری محەمەد أمین. (جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٣٣).

(٥) دانا أدامز شميدت، رحلة إلى رجال شجعان في كردستان، مصدر سابق، ص ١٧٥. عبدالرزاق مطلك الفهد، الأحزاب السياسية في العراق، مصدر سابق، ص ٢٢١.

(٦) مصدر سابق، ص ٢٢١.

عێراقیان هەڵبژارد بە سەرکردایەتی فەهد، بەڵام بەڕێزان عەلی عەبدوڵا، کەریم تۆفیق، عەبدولسەمەد محەمەد، نوری محەمەد ئەمین، محەمەد ئەمین مەعروف و ڕەشید عەبدولقادر چوونەپاڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی تازە لەدایکبوویان بە باش زانی[1]، ئەو پارتەی کە خاوەنی ئامانجی پێشکەوتنخوازانە بوو. ئەو کەسانە ئاشکرایان کرد هۆکاری چوونە پاڵ پارتی دیموکرات و وازهێنانیان لە شیوعی، ئەوەیە ئەگەر نەچوونایەتە پاڵ پارتی دیموکراتی کوردستان[2] دەبووە هۆی بوواردان بە لایەنگرانی نەتەوەیی ڕاستڕەوی ئارەزومەند بۆ سازشکردن بە ئاراستەدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی و هەست بە سۆزی نەتەوەیی و لایەنی هەڵە و کوشندەی زیانگەیاندن بوو بە بەرژەوەندییەکانی کورد و عەرەب پێکەوە. لە ساڵی ١٩٤٦دا، بە پشتبەستن بەو بیرۆکەی لەو کاتەدا گەشەی کرد، ئەویش بیری بونیاتنانی بەرەیەکی نیشتمانی کوردی بە یەکگرتوویی لە یەک حزبی سیاسیدا، پارتی شۆڕش بەر لە کۆنگرەی یەکەمی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆی هەڵوەشاندەوە.

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، حزبی شۆڕش بەیانێکی لە ژێر دوو درووشمدا بڵاو کردەوە، ئەوانیش:

"یەک بگرن بۆ دامەزراندنی حزبی ڕزگاریی کورد"، "خەبات بکەن بۆ هاڕین و لەناوبردنی نەخشە داگیرکارییە کۆنەپارێزەکان"، کە ئەمانەی خوارەوەی تێدا هاتووە[3]:

"لەم ڕۆژانەدا کە جەنگ تێیدا کۆتایی هاتووە بە سەرکەوتنی بیروباوەڕە ئازادیخوازەکان و خەریکبوو هەرەس بهێنێت، هێزە داگیرکارە کۆنەپارێزەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دامەزران، لەبەر ئەوەی نەتەوە بچووک و دوورەدەستەکان لە جیهاندا، چاودێری و داواکاری سەربەخۆیی و مافە نەتەوایەتییەکانیان دەکرد.

نەتەوەی کورد بەشێک بوو لە نەخشە چاوچنۆکی داگیرکەرەکانی، پێویستە لەسەرمان خەبات بکەین لە ڕێگەی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ڕزگاری یەکجاری کوردستان هەمووی".

لەم ڕۆژگارەدا حزبی ڕزگاری کورد لە زۆرێک لە دەستە ڕامیارییە کوردییە عێراقییە بچووکەکان پێکدێت لە ئەنجامی هەوڵەکانی حزبی شیوعی کوردستانی عێراق و نیشتمانپەروەرانی دی، بۆ ئەوەی هەوڵەکانی بخرێتەگەڕ لەسەر داواکارییەکانی کورد و سوودمەندبوون لە سەرجەم هێزە کوردییەکانی ئەوانەی ئامادەی کارکردنن.

(١) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٤٦
(٢) المصدر نفسه.
(٣) دەقی بەیاننامەکە پاشکۆی ١٣.

لە هەڵسەنگاندنی حزبی شۆڕشدا عەبدولڕەزاق ئەلحسەینی دەڵێت:"حزبی شۆڕش سەرجەم ڕێکخراوە کوردستانییەکانی پێشووی عێراقی تێپەڕاند، لە هزر و ڕێکخراوەییدا، بۆنموونە بارودۆخی ڕاگوزەری گرنگی بەرەو باشتر برد"[1].

حزبی شۆڕش ئامانجی جەمسەرگیری سەرجەم هێزە چەپەکان و، وابەستەکردنیان بوو بە هاتنەپاڵ بزووتنەوەی نیشتمانی کوردی، لەبەرئەوە کاری کرد لە پێکهێنانی حزب بە لەخۆگرتنی سەرجەم کوردە نیشتمانپەروەرەکان، ئیتر شیوعی بن یان نا، بۆ ئەوەی هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ لەسەر داواکارییەکانی کورد، هەندێک لە نیشتمانپەروەرانی کورد و هەندێک لە ئەندامانی پارتی هیوا و هەندێک لە سەربەخۆکان هاوکار بوون لەگەڵیدا[2]، یان بەرەی ڕزگاری نیشتمانی کوردی یان ڕزگاری کورد، مەبەست لێی بەرەیەکی نیشتمانی بوو پێویستیی قۆناغەکە دروستی کرد، زۆرێک لە سەرکردەکانی حزبی هێڤی کە لە ساڵی ١٩٤٥ کۆتایی پێ هاتبوو، چوونە ناو ئەم بەرەیەوە، هەروەک لقێک لە (کۆمەڵە) لە عێراقدا چوونە نێو ئەم بەرەیەوە، لە سەروو هەمووشیەوە ئیبراهیم ئەحمەدی پارێزەر، هەروەها سەرجەم کۆمەڵە کوردییەکانی تر جگە لە حزبی شیوعی کورد چوونە پاڵی[3]، بەڵام ئەندامانی شۆڕش دەستیان کرد بە داڕشتنەوەی بنەما سەرەکییەکانی ڕزگاری و ئاراستەکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کە لەژێر درووشمگەلێکی خاوەن زمانێکی شیوعیدا بەڕێدا بڕۆن بە تایبەت لە کاروبارە دەرەکییەکاندا[4].

پاش ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی حزب، دەستەی دامەزرێنەران بەیاننامەیەکی بە ناوی "بەیاننامەی نیشتمانی حزبی ڕزگاریی کورد" دەرکرد، کە هاوشێوەی پەیمان و پرۆگرامێکی نیشتمانی بوو، لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە حزب بۆ یەکخستن و ڕزگارکردنی کوردستانی گەورە دامەزراوە[5]، هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە:

"یەکخستنی کوردستانی گەورە، بەوەی کە ناوەندی شەڕەکە کوردستانی عێراقە، بۆیە ئێمە خەبات دەکەین تا عێراق لە هەژموونی داگیرکار و حکوومەتە دوواکەوتووەکان ڕزگار بکەین بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کورد، هەروەها هەوڵدان بۆ باشترکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ پارت و ناوەندە کوردییەکانی دەرەوەی عێراق"[6].

---

(١) عبدالرزاق الحسيني، تاريخ الأحزاب السياسية العراقية، ط١، بيروت، ١٩٨٣، ص ٣١٨.
(٢) محمد شيرزاد، نضال الأكراد، القاهرة، مطبعة المقدم، ١٩٤٦، ص ٢٥.
(٣) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٢٣٣.
(4) Eagleton،eilliam ـ ibid،p.50
(٥) جلال الطالباني، ص ١٣٧: دەقی بەیاننامەکە پاشکۆی ١٤.
(٦) عبدالجبار الجبوري، الأحزاب والجمعيات، مصدر سابق، ص ١٨٥.

- لە شیکاریی عەبدولسەتار تاهیر شەریفدا بۆ بەیاننامەکەی حزب دەڵێت کە بەیاننامەکە لەبنیاو لەدایکبوونی حیزبێکی نەتەوەیی دیموکراتی نوێی کوردیدا کاری دەکرد، کە بڕوای بە هاوخەباتیی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب هەبێت، تاکو لە قۆناغی ڕزگاریخوازیی گەلاندا پاش جەنگی دووەمی جیهانی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی

جێدەستی ئەندامانی حزبی شۆڕش ئەوانەی کاریان لەسەر بیروباوەڕە بنچینەییەکانی ڕزگاری و ئاراستەکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی دەکرد ڕوون و ئاشکرایە، بۆ ئەوەی لەسەر ئەم دروشمە بڕوات، شێوەی شیوعیانە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کاروباری دەرەوە هەیە[1].

**ئامانجی دووری حزبی هیوا بریتی بوو لە:**

١. ڕزگارکردن و یەکپارچەیی کوردستان، **بەڵام ئامانجی قۆناغی شۆڕش بەرخودان بوو بۆ ڕزگارکردنی** عێراق لە داگیرکەران و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و خۆبەڕێوبەری بۆ **کوردستانی عێراق لە** چوارچێوەی یەکپارچەیی عێراقدا[2].

٢. هەوڵدان **بۆ باشترکردن و** بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ هێز و کۆمەڵە کوردییەکانی دەرەوەی عێراق و یەکخستنی ڕیزەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکە، کە دیاریکردنی مافی چارەنووسە بۆ گەلی کورد.

٣. هەوڵدان بۆ **چاکسازیی گشتگیر بۆ کێشە** ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، بە زیادکردنی مافی دیموکراتی و برەودان بە کشتوکاڵ و کارگەکان و بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و زیندوکردنەوەی مێژوو و ئەدەبی کوردی، بەکارهێنانی زمانی کوردی لەسەرجەم فەرمانگە و قوتابخانەکانی کوردستاندا.

٤. کارکردن بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی کێشەی کورد لە بەرامبەر وڵاتانی جیهاندا بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی سۆسیالستی بۆ لەناوبردنی نەخشەی داگیرکەرە کۆنەپارێزەکان و بەکرێگیراوانیان[3].

**لەژێر کاریگەری ڕزگاری کورد و شۆڕشدا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کورد بیروهۆشی** پێشکەوتنخوازی ئیشتراکیی پێگەیشت، بووە باشترین فەلسەفە بۆ لاوانی کوردی ڕۆشنبیر لە کوردستانی عێراقدا[4].

---

**گەلی کورد بە ئافەریکی دروستدا ئاراستە بکات. (عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والأحزاب الكردية** في نصف قرن من ١٩٠٨ ـ ١٩٥٨، بغداد، ١٩٨٩، ص ١١٠).

(1)Eagleton، William ـ ibid.P.50

(٢) **مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية**، ج١، مصدر سابق، ص ٥٥.

(٣) **عبدالرزاق مطلك الفهد، الأحزاب السياسية في العراق، مصدر سابق، ص** ٢٢٢.

(٤) **جلال الطالباني، مصدر سابق، ص** ١٣٩.

ناوەندە ڕۆژئاواییەکان بە جۆرێک لە شیوعی جیهانی گوزارشتیان لە بزووتنەوەکە دەکرد، لەبەر ئەوە داوای دەرکردنی فتوایان لە پیاوانی ئاینی دەکرد بۆ قەدەغەکردنی بزووتنەوەکە[١]، ڕزگاری، ڕۆژنامەی ڕزگاری دەرکرد کە لە کوردستان چاپ دەکرا[٢].

ڕزگاریی کورد، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە بزووتنەوەی نیشتمانی کوردی و بەرزکردنەوەیدا و یاداشتێکی بۆ دەستە نێودەوڵەتی و کۆنگرەکان نارد بۆ باشترکردنی مافەکانی کورد، هەروەها یاداشتێکی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بەرزکردەوە کە لە لەندەن بەسترا، کە تێیدا کێشەی کوردی بە شێوەیەکی گشتگیر شیکردەوە و پاڵپشت بە دیکۆمێنتی فەرمی و بەڵگەی زیندوو[٣]، پاشان یاداشتەکە ڕوونی کردبووەوە کە ئاشتی و سەقامگیر نابێت تا عێراقایەتی لە ترسی جەنگەکان ڕزگاری نەبێت. لە کاتێکدا دەوڵەتانی داگیرکەر بوونیان هەیە، ئازادی گەلان پێشێل دەکەن، لە کاتێکیشدا گەلانێک هەن کاروباری خۆیان بەدەست نەهێناوە. یاداشتەکە جەختی لەوەیش کردبووەوە کە ئاشتی بەرقەرار نابێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا کورد سەربەخۆ و ئازاد نەبێت[٤].

هەروەها حزب یاداشتێکی ئاراستەی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوە کرد کە لە مۆسکۆ بەسترابوو لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا[٥]، باسی بارودۆخی کوردی بەدەست دەوڵەتانی ئێران و تورکیا و عێراقەوە کردبوو، حزب پاڵپشتی لە خەباتی ڕێگەی سەربەخۆیی کورد کرد، لەبارەی هەڵوێستی تورکیا کە بە فاشیست و دیکتاتۆر بەرامبەر بە کورد باسی کردبوو لە وڵاتەکەیدا، پاشان باسی بارودۆخی کوردی لە عێراق و دامرکانەوەی شۆڕشی بارزان لەلایەن حکوومەتەوە کردبوو. یاداشتەکە بەم وتەیە کۆتایی هاتووە:

"بەدەستهێنانی داواکارییەکانی کورد لە عێراقدا نایەتە دی تا کۆتایی بە داگیرکاری و بزووتنەوە کۆنەپارێزەکان و گۆڕینیان بە دیموکراتی ڕوونەدات، بە شێوەیەک گەرەنتی پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی کوردی عێراق بدرێت"[٦].

هەروەک یاداشتێکیشی ئاراستەی میسر کرد، پشتگیریی بزووتنەوەی نیشتمانی ڕزگاریخوازی میسر لە ساڵی ١٩٤٦ و ڕاپەڕینیان لە ڕووی داگیرکەری بەریتانیدا کرد.

حزبی ڕزگاری کورد لە ئەنجامی هاوکاری حزبی شۆڕش و ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرە پێشکەوتنخوازەکان و کەسایەتییە نەتەوەییەکان دامەزرا، کە پێشتر لە حزبی هیوا بوون، لەپێناو فراوانکردنی بنچینەی لەنێو

---

(١) محمد شیرزاد، نضال الأكراد، مصدر سابق، ص ٢٩.
(٢) أحمد فوزي، خناجر وجبال، مصدر سابق، ص ٩٩.
(٣) المصدر السابق، ص ١١٤.
(٤) الشرطة العامة، التحقيقات الجنائية، موسوعة سرية، ج٢، سنة ١٩٤٩، بغداد، ص ٣٢٦.
(٥) دەقی یاداشتەکەی ڕزگاری بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و سۆڤیەت و ئەمەریکا لە مۆسکۆ پاشکۆی ١٤.
(٦) محمد شیرزاد، نضال الأكراد، مصدر سابق، ص ٣٢.

جەماوەری کوردیدا، کۆکردنەوەی سیاسییە نەتەوەییەکان لە ژێر ئاڵاکەیاندا[١]، سکرتێری ڕزگاری دان بەوەدا دەنێت، کە پارتی ڕزگاری ڕوویەکی نەتەوەیی حزبی شۆڕش بوو[٢].

پارتی ڕزگاری کورد بە بەهێزتر و ڕێکتر لە شۆڕش دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتیەکەی لە حەوت کەسایەتی پێکدەهات[٣]، دووانیان لە حزبی شۆڕش و ئەوانی تر لە دەستەکانی پێشکەوتنخوازی تر بوون[٤].

لە سەرجەم چین و توێژەکانی گەلی کورد ئەم پارتە هاوسۆزییەکی زۆری بە خۆیەوە بینی، تا بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەران و سەربازان و کەسانی ڕەمەک لە گەلی کورد و ڕۆشنبیرانی چەکداری لە ناوچەی بارزان بێنە ڕیزەکانیەوە[٥].

ئەم پارتە بڕوای بە یەکێتی تێکۆشانی کورد و عەرەب و کەمینەکان هەبوو لەیەک ڕیز و بەرەدا، چەند دروشم و داواکارییەکی هەڵگرتبوو لەوانە:

"سەربەخۆیی بەڕێوەبردنی کوردستان هەنگاوێکی گەورەیە بۆ دیاریکردنی چارەنووس". "لەناوبردنی فاشیزم لە کوردستان"، چەندین داواکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بۆ باشترکردنی بارودۆخی کوردی عێراق.

پارتی ڕزگاری هەڵوێستی وڵاتە زلهێزەکانی لە ڕێگەی دەرکردنی بەیاننامەیەکەوە شی کردەوە:

"سەرجەم ڕێگەکان بۆ خستنەڕووی کێشەکانیان لەبەردەم کورد داخراوە بۆ کۆنگرە جیهانییەکان. هیچ ڕێگەیەکیان جگە لەو ڕێگەیەی کە گەلانی ئازادی زەوتکراو، ماف زەوتکراو، ئەویش ڕێگەی قوربانیدانە".

پارتی ڕزگاریی کورد تا ناوەڕاستی ئابی ١٩٤٦ کار و چالاکییەکانی بەردەوام بوون. لە سەرەتاکانی ئەم مانگەدا کۆنگرەیەک بەسترا کە تێیدا بە کۆی دەنگ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی و دامەزراندنی حزبێکی نوێی لەجێی ئەو بە ناوی پارتی دیموکراتی کورددا. ئەم بیرۆکەیە لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەوە بوو کە بەسەر حزبی "ژیانی کوردستان"[٦] لە کوردستانی ئێران هات کە گۆڕا بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان[٧].

---

(١) إسماعيل شكر رسول، أربيل، مصدر سابق، ص ١٣٣.

(٢) عيفان عارف بادي، الحركة القومية التحررية في كردستان، مصدر سابق، ص ٢٩.

(٣) لێژنەی هەڵبژێردراوی حزب هەریەک لەمانەی گرتە خۆ: سالح حەیدەری، فائیق یونس، دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم، نوری شاوەیس، نوری محمد ئەمین، ڕەشید باجەلان، تەها محیدین مەعروف، (عبدالستار طاهر شریف، مصدر سابق، صص ١١٤ ـ ١٢٧).

(٤) جلال الطالباني، مصدر السابق، ص ١٣٧.

(٥) لە داتاکانی حزب، پاشکۆی ١٥.

(٦) لە زۆربەی شوێنەکانی ئەم کتێبەدا بە چەند ناوی جیاوازەوە وەك "کۆمەڵەی ژیانی کوردستان" و "ژیانی کورد" بە هەڵە باس لە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك)" کراوە. (بۆردی ڕاوێژکارانی دەستەی ئێنسکلۆپێدیای پ.د.ك)

(٧) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر السابق، ص ١٧٩.

ئەو بارودۆخەی کوردستان لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانییدا پێیدا تێدەپەڕی کە بە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی جیا دەکرایەوە، پارتێکی سیاسیی بەهێز و تەواوی دەخواست، تا سەرکردایەتی و دیاریکردنی ئامانجە هەنووکەیی و ستراتیژییەکانی بگرێتە دەست. کاتێک هێزە دیموکراتییەکان بەسەر فاشییەکاندا سەرکەوتن، کاریگەریی خستەسەر هەست و سۆزی نەوەی نوێ بەرەو ڕزگاریی فکری[1]، بە هەمان شێوە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد[2]. هەموولایەک کۆک بوون لەسەر گەڕان بە دوای دەریچەیەکدا بۆ بزووتنەوەی کوردی و ڕزگارکردنی لە سەرکردە و هێزە تەقلیدییەکان کە لە ئاستی ڕووداوەکاندا نەبوون، لێرەوە دەکرێت ئەو هۆکار و بارودۆخە ناوخۆییانەی کە یارمەتیدەر بوون بۆ پەیدابوونی پارتی دیموکراتی کوردستان دیاری بکەین:

١. ستەم و پەراوێزخستنی بەردەوام، گەلی کورد بینیی کە ستەمی لێ دەکرێت و پەراوێز دەخرێت لەلایەن حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانەوە[3].
٢. چەوسانەوەی نەتەوەیی، لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە گەلی کورد بەدەست چەوساندنەوەی نەتەوەییەوە دەیناڵاند لەلایەن ئەو دەسەڵاتە توندڕەوە عەرەبییەی کە نەخشەی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی دادەڕشت، ناکۆکی و جیاوازییەکان لە قۆناغەکانی دامەزراندنی حزبەوە دەرکەوت و ئاراستەی دامەزرێنەران بەسەر سێ ئاراستەی هزریدا دەڕۆیشت، بەڵام بە کارامەیی و سووربوونی مەلا مستەفا، سەرکەوت بەسەر بارودۆخ و دەستەکاندا ئەوەی هاوکار بوون بە دامەزراندنی ئەم پارتە ئەمانە بوون:

**یەکەم:** باڵی عەشایەری کە خۆی لە مەلا مستەفا، شێخ لەتیفی شێخ مەحمود و کاکەزیاددا دەبینیەوە، بە شێوەیەک شێخ لەتیف و کاکە زیاد بە دەرەبەگ دادەنرێن(٤).

ناکۆکی و دووبەرەکی گەورەیش ڕوویدا بە هۆی سەپاندنی ئەم دوو ناوە و چەند هۆکارێکی تر، لەوانە:

١. ئەو پارتانەی لە حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان خڕبووتەوە و لەژێر فەرمانیدا بوون، چەپ و ڕاستی ڕێبازی تێدابوو کە لە ژێر فەرمانی پارتی پێشەنگدا بوون.
٢. کەسایەتییە سیاسییەکان کە خاوەن ڕێبازێکی چەپ و ئیشتراکی بوون، تێڕوانینی خۆیان هەبوو کە دەرەبەگەکان هۆکاری نەگبەتی گەلی کوردن بۆیە پێویستە ڕێگیری لە بوونیان بە سەرکردە

---

(١) عثمان علي، الحركة الكردية المعاصرة، مصدر سابق، ص ٥١.
(٢) إسماعيل باغي، مصدر السابق، ص ٢٧٦.
(٣) رفيق صالح، كتابات في المسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٧١.
(٤) عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكوردية، مصدر سابق، ص ١٤٤.

بگیرێت. بەڵام مەلا مستەفا وایبینی لە بارەی ئەم دوو کەسایەتییەوە، پشت بەو جەماوەرە گەورەیان کە لە سلێمانی و هەولێرن دەبەستن و ئەوان بیر و بۆچوونیان بیستراوە[١].

**دووەم:** ڕەوتی چەپی مارکسی، خۆی لە پارتی شۆڕشدا دەبینیەوە کە باڵێکی حزبی شیوعی عێراقی و[٢] سەرکردایەتیەکەی[٣] بوو لە کوردستاندا.

**سێیەم:** ڕەوتێک لەوانە پێکدەهات کە هەڵگری بیری دیموکراتی بوون و بڕوایان بە عێراقی دیموکراتی لەگەڵ پێدانی مافە نەتەوەییەکان بە گەلی کورد هەبوو، ئەم ڕەوتە خۆی لە پارتی ڕزگاریدا دەبینیەوە، ئەمان بە هەمان مەودا لە باڵی ڕاست و چەپی حزبی هیوای پووکاوە دوور بوون[٤].

ئەمە پاشخانی سیاسی و ڕەگوڕیشە کۆمەڵایەتیی کادیرانی پارتی بوو، بەڵام پرۆگرامی سیاسی، جێدەستی بەرە چەپەکانی کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە کۆمیتەی ناوەندی حزبدا هەبوو، ئاشکرایە و ڕوونە، جگە لەوەیش پەیڕەو و پرۆگرامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان جیاواز نەبوو لە زۆرێک لە نەخشە گشتییەکانی بەرنامەی هێزە دیموکراتی و نیشتمانیەکانی تر[٥].

## پارتی دیموکراتی کوردستان

دەستەی دامەزرێنەرانی پارتی لە شاری مەهاباد لە زستانی ١٩٤٦، بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی گەشەی کرد و سەرکردایەتیەکەی ئەمانەی لەخۆ دەگرت: هەمزە عەبدوڵا، میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، مستەفا خۆشناو، محەمەد مەحمود قودسی، خەیروڵا عەبدولکەریم، عیزەت عەبدولعەزیز، ئەمانە جگە لە هەمزە عەبدوڵا، لەو ئەفسەرانە بوون کە پارتی هیوایان جێ هێشتبوو و چووبوونە پاڵ شۆڕشگێڕانی بارزان و ناوی خۆیان نابوو لێژنەی ئازادی.

دامەزرێنەران پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆییان بۆ حزب دانا لەژێر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە لەو کاتەدا لە کوردستانی عێراق باو بوو[٦].

کوردی عێراق لە ئێران بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا، هەمزە عەبدوڵایان لەگەڵ پەیامێکدا نارد بۆ عێراق، کە تێیدا بانگهێشتی سەرجەم دەستە و هێزە کوردییەکانی دەکرد[٧]، پەیوەندییان کرد بەساڵح

(١) عبدالرحمن كريم درويش، الفكر السياسي للأحزاب السياسية الكردستانية في العراق، رسالة ماجيستر في علوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠٠٩، ص ٧٨.

(٢) ئەمانە بوون :ساڵح حەیدەری، عەلی عەبدوڵا، نافیع یونس و هەمزە عەبدوڵا.

(٣) كاظم حبيب، لمحات من نضال حركة التحرر الوطني للشعب الكوردي، أربيل، ٢٠٠٥، ص ٧٨.

(٤) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديموقراطي لكردستاني في العراق، دهوك، حەبات، ١٩٩٨، ص ٤٣.

(٥) عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكوردية، مصدر سابق، ص ١٥٨.

(٦) کورتەی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، پاشکۆی ١٢.

(٧) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديموقراطي لكردستاني في العراق، مصدر سابق، ص ٧٣.

حەیدەری و عەلی عەبدوڵا لە حزبی شۆڕش و، ئیبراهیم ئەحمەد لە لقی کۆمەڵە لە عێراق و دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم و پارێزەر ڕەشید باجەڵان لە پارتی ڕزگاریی کورد[١].

ئەم پەیوەندییانە دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانی ناسراو بە پارتی لێ کەوتەوە[٢]. لە ئابی ١٩٤٦دا، پارتی ڕزگاری کورد بەگشتی چوونە باڵ حزبی نوێ و بڕیاریاندا لە نێوان ڕێکخستنەکانیدا بن، لە هەمان کاتدا پارتی شۆڕش دوای پاشەکشەی سکرتێرەکەی ساڵح حەیدەری لەگەڵ نافیع یونس و حەمید عوسمان بڕیاری چوونە نێو پارتییاندا[٣]، کۆنگرەی حزب بڕیاری هەڵبژاردنی مەلا مستەفا بە سەرۆک دا و شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بە جێگری یەکەمی سەرۆک و کاکەزیاد بە جێگری دووەمی سەرۆک و هەمزە عەبدوڵای بە سکرتێر هەڵبژارد[٤] و، هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی لە هەریەکە لە میرحاج ئەحمەد، جەعفەر محەمەد کەریم، عەلی عەبدوڵا، ساڵح یوسفی، عبدالكريم توفيق، ڕەشید عبدالقادر، ڕەشید باجەڵان، مەلا سەید حەکیم خانەقینی، عەونی یوسف، تەها محێدین مەعروف و عەبدولسەمەد محەمەدیش وەك ئەندامی یەدەگ.

کۆمیتەی ناوەندی بڕیاری هەڵبژاردنی هەمزە عەبدوڵا و جەعفەر کەریم و عەلی عەبدوڵا و عەبدولکەریم تۆفیق و ڕەشید عەبدولقادری دا وەک ئەندامانی مەکتەبی سیاسی[٥]، بە هەمان شێوە بڕیاریدا ڕۆژنامەی ڕزگاری (کە زمانحاڵی پارتی ڕزگاری کورد بوو) ببێتە ڕۆژنامەی فەرمی حزبی نوێ، بە تێڕوانین بۆ ئەوەی جەماوەرێکی فراوانی لە نێو گەلی کورددا هەیە و هەروەها ڕادەستکردنی سەرۆکایەتی و سامانی حزبی شۆڕش و ڕزگاری بە سەرکردایەتیە هەڵبژێراوەکە دا و بڕیار درا کە ناوەندی سەرکردایەتی لە بەغدا بێت. ناوی حزب بووە "پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق"[٦]، پەیڕەو و پرۆگرامی حزب بەوە جیادەکرایەوە، وردبینییەکی ڕێکخراو و بەهێزی هەبوو بۆ ئەو بارودۆخە شاراوانەی کە حزب کاری لەسەر دەکردن[٧]. دامەزراندنی حزب لە عێراق بوو، بە وەرگرتن و کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە هاوشێوەکەی لە ئێران، پەیوەندیی هەردوو بزووتنەوەکە لە عێراق و ئێران، لە قۆناغی دامەزراندندا پتەو بوو.

---

(١) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ٢٦٩.

(٢)وشەی (پارتی)ی لاتینی لەبری (حزب)ی عەرەبی بەکار برا، لەبەر نامۆیی و نارەوایی وشەکە لە ناوەندەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا، دواتر بە پارتی ناسرا، کە دەگوترێت پارتی، مەبەست لە پارتی دیموکراتیی کوردستانە، بەم جۆرە پارتی بووە بەدیلی حزب و بەڵگە لەسەری. (جلال الطالباني، مصدر سابق، ص١٥٠)

(٣) وليام ايجلتن، جمهورية مهاباد، مصدر سابق، ص ٧٨.

(٤) دانا آدمز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ١٧٥.

(٥) الشرطة العامة، التحقيقات الجنائية، موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي، بغداد، مطبعة حكومة، ج١، ص ٥٨.

(٦) ڕاستییەکەی "پارتی دیموکراتی کورد"ە نەك "پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق". ( بڕوانە ڕاوێژکارانی دەستەی ئێنسکلۆپێدیای پ.د.ك)

(٧) ايجلتن، جمهورية مهاباد، مصدر سابق، ص ٧٨.

پارتی وەک هێزێکی پێشکەوتنخواز دامەزرا، بە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی ئامانج و ئاواتە نەتەوەییەکان و کارکردن بۆ ئازادی و دادپەروەری و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵایەتی، حزب لەپێناو بەرژەوەندیی گەلی کورددا بەرپا بووە، سەرەڕای پەیڕەوکردنی بنەما مارکسی و لێنینییەکان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی گرنگیی بە کێشەی نەتەوەیی دەدا و دانانی ئەم کێشەیە لە سەروو هەموو شتێکەوە جا ناوخۆیی بێت یان نێودەوڵەتی، ئەویش پارتێکی نیشتمانی دیموکراتییە، تا ڕادەیەکی زۆر خاوەن مۆرکێکی بۆرژوازی بچووک بوو لە ڕووی پێکهاتە و کادرەکانییەوە[1]، کە بانگەشەی دەکرد بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی گەلی لە عێراقدا و، خۆبەڕێوبەری لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فرەنەتەوەدا بۆ کورد، هەروەها بانگەشەی وەستان شانبەشانی بەرەی ئیشتراکی دژی بەرەی داگیرکاری دەکرد و بێلایەنیی ڕەت کردەوە، هەروەک داوای ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنەکان لەگەڵ بەریتانیا و ڕووخانی شانشینی پادشای لە عێراقدا دەکرد[2]. ئارەزووی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکەی لە بەرنامەیدا هەبوو، لە چوارچێوەی یەکێتیەکی نیشتمانیدا[3]، هەروەها لە پێڕەوبیدا چاکسازی زیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە خۆگرتبوو. حزب داوای خۆماڵیکردنی کانزا و سەروەتەکانی زەویی دەکرد. وەك وەبەرهێنانی نەوت لەلایەن دەوڵەتەوە، بەرگریکردن لە قۆرخکاری و خۆماڵیکردنی بانکەکان لەگەڵ گرنگیدان بە کۆمەڵە و ڕێکخراوە هاریکارییە کشتوکاڵییەکان، باشترکردنی کێڵگە مرۆییەکان و هاوکاری بەرەوپێشبردنی کشتوکاڵ[4]. هەروەها لە بەرنامەکەیدا، تایبەت بە زەوی و جوتیاران هاتووە کە:

١. دارستانەکان سامانی دەوڵەتن.
٢. گشتاندنی کشتوکاڵی ئامێرەکی.
٣. گۆڕینی مەرجی گرێبەستەکانی بەکرێدان لە نێوان خاوەن موڵک و جووتیارەکاندا بە شێوەیەکی دادپەروەرانەتر و لابردنی لایەنی پاشکۆ لە بەرهەمی کێڵگەکاندا.
٤. سەروەتی تاک لە زەوییە کشتوکاڵییەکاندا پارێزراو بێت[5].

حزب بووە خاوەن دەستکەوت لە دەرەوەی کوردستان و دەرەوەی عێراق، لە فەڕەنسا، نەمسا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، هۆڵەندا، سویسرا، شانشینی یەکگرتوو و ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەندام بوون لە حزب

---

(١) الحزب الديمقراطي الكردستاني، العراق، طريق الحركة التحررية الكردية، تقييم ثورة أيلول والبرنامج الجديد للحزب الديمقراطي الكردستاني، أقره المؤتمر التاسع للحزب المنعقد في تشرين الثاني، نوفمبر ١٩٧٩، ص ٣٢.

(٢) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٦٧.

(٣) رياض رشيد الحيدري، الحركة العراقية في العراق ١٩٤٨ ـ ١٩٥٨، رسالة دكتوراه، القاهرة، جامعة عين شمس، ١٩٩٧، ص ٣٧.

(٤) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ٢٧١.

(٥) عبدالرزاق مطلك الفهد، الأحزاب السياسية في العراق، مصدر سابق، ص ٢٨.

بۆ هەموو کورد بەردەست بوو، دوای ئەوە دەستی کرد بە دامەزرندنی لقی نهێنی حزب لە ویلایەتە کوردییەکانی عێراق و دەستی کرد بە دابەشکردنی بڵاوکراوە و بانگەشەی بۆ نەتەوەی کورد دەکرد.

حزب لە بواری جەماوەری و تێکۆشانی لەم بوارەدا خەباتی کرد، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی ئافرەتان و یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٣ دامەزران(١). هەروەها پارتی ژمارەیەک گۆڤاری دەرکرد لەوانە مرۆڤ، پێشڕەو، هەواڵی کوردستان، ڕزگاریی کوردستان، تیشک و دەنگی پێشمەرگە(٢).

## ڕووداوە ڕامیارییەکانی عێراق تا شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ و ڕۆڵی کورد تێیاندا

ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردبوو و لەگەڵ شێخ ئەحمەد گەڕانەوە، بەڵێنیان لە دەسەڵاتەکانی حکوومەت وەرگرتبوو کاریان بەسەریانەوە نەبێت، بەڵام ئەم دەسەڵاتانە پابەند نەبوون بە بەڵێنەکانیانەوە، بە تایبەت کە دادگای سەربازی لە هەولێر پێشتر بە نا ئامادەیی حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەرکردبوون. پێش لە سێدارەدانی ئەم ئەفسەرانە، ئەندامانی پارتی خۆپیشاندانێکی گەورەیان لە سلێمانی ڕێکخست کە بێزاری و نارەزایی خۆیان دەربڕی لەسەر بڕیاری لەسێدارەدانیان(٣).

هەروەها حزب لەو کاتەدا پەیامێکی ئاراستەی گەلی کورد کرد، لە ڕێگەیەوە ڕایگەیاند مەبەستی حکوومەتی بەغدا و داگیرکەران لە گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێنانە ئامرازێک بوو بۆ هاندانی خێڵەکان بۆ ئەنجامدانی بزووتنەوەی چەکداریی، بە ئامانجی گرتنەبەری بەڵگەیەک بۆ لێدان لە دوایین هێز لە کوردستان، پارتی هەڵوێستێکی بەرهەڵستی نواند لەو هەڵبژاردنەی کە حکوومەتی نوری سەعید لە ١٩٤٦/١٠/٢١ ئەنجامیدا، ڕۆژنامەی ڕزگاری لە ژمارە ١٣ی مانگی سێپتەمبەری ١٩٤٧دا بڵاوی کردەوە کە:

"هەڵبژاردنەکان فروفێڵ و گزییان تێدا کراوە، گەل نوێنەری هەڵنەبژاردووە، بەڵکە نوری سەعید دیاری کردوون و دایمەزراندوون(٤).

## وەسبەی کانونی دووەمی ١٩٤٨

کەسایەتییە نیشتمانی و نەتەوەییە کوردییەکان ڕۆڵێکی کارایان گێڕا لە ڕاپەڕینەکانی ئەم وەسبە و بەرگری لە پەیمانی پورتسمۆس، گۆڕانێکی نوێ لە خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب لە ڕۆژانی وەسبەدا

(١) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٦٧.

(٢) المصدر السابق، ص ٢٧٣.

(٣) ئەمانە بوون :ڕائید ڕوکن عیزەت عەبدولعەزیز، ڕائید مستەفا خۆشناو، ئەقیب خەیروڵا عەبدولکەریم و مولازم محەمەد مەحمود قودسی. (قيس عبدالحسين الياسري، الصحافة العراقية والحركة الوطنية من نهاية الحرب العالمية الثانية حتى ١٤ تموز ١٩٥٨، دار الحرية، ١٩٨٧، ص ٣٣.

(٤) عدنان سامي نذير، عبدالجبار جومرد ونشاطة الثقافي ودوره السياسي، بغداد، دار المعرفة، ١٩٩١، ص ١٤٦.

هاته کایەوە، کورد چووە نێو ڕووداوەکانیەوە، کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی هەبوو بە شێوەیەک لەوەو پێش وێنەی نەبوو و بووە دروشمی برایەتیی کورد و عەرەب یەکێک بوو لە دروشمەکانی وەسبە بە درێژایی و بە پانیی عێراق. ئەمەش لە سایەی ئەو یەکگرتنە نیشتمانیەی نێوان شیوعی و پارتیەوە بوو، ئەو دوو هێزە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە جوڵاندنی شەقامدا، بەتایبەت لە کوردستان و بەغدا و، بە ڕێژەیەکی جیاجیا لە سەرجەم شارە کوردییەکاندا[1]. پارتی لە لێژنەی قوتابیانی کۆلێژ و پەیمانگەکاندا بەشداربوو و بووە ئەندامی "لێژنەی نهێنیی هاوکاریی نیشتمانی"[2]. نوێنەری پارتی لەم لێژنەیەدا ڕەشید عەبدولقادر بوو، لێژنەکە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا لە بزووتنەوەی نیشتمانی دژ بە پەیماننامەکە[3]، هەروەک پارتی لەگەڵ حزبی شیوعیدا لە چەند لێژنەیەکی دیکەدا بەشدار بوو، سەرەڕای بەغدا، لە هەریەکە لە سلێمانی و هەولێر و موسڵ و نەجەف کەربەلا و بەسرە، هەمووان لەسەر ناوەرۆکی دروشمەکانی خۆپیشاندان تەبا بوون[4].

دوای نەهێشتنی ڕێککەوتننامەی پۆرتسمۆس[5] و کەوتنی حکوومەتی ساڵح جەبر، حکوومەتێک بە سەرۆکایەتی محەمەد سەدر لە ٢٩ی کانونی دووەم بۆ ٦ حوزەیرانی ١٩٤٨ پێکهێنرا، لەو کاتەدا پارتی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا ئاشکرای کرد کە وەسبەی کانونی دووەم، سەرکەوتنێک بوو بۆ گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە، کە خوێنیان تێکەڵ بەیەک بوو، هەروەها بەیاننامەکە ئاماژەی بە حکوومەتی سەدریش کردبوو، داواکاریی هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم پەیماننامەکانی نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و ئەردەن هەروەها دادگایکردنی نوری سەعید و ساڵح جەبر و جەمال بابان لە حکوومەت کردبوو، بەڵام حکوومەتی سەدر[6] بە دادگا سەربازییە عورفییەکان دادگایی کردن و لایەنگرانی پارتیش پشکی گەورەیان لەم قوربانییە بەرکەوت، بە شێوەیەک کە هەریەک لە هەمزە عەبدوڵای سکرتێری حزب، ڕەشید عبدالقادر[7] و ئیبراهیم ئەحمەد دەستگیر کران، بەر لەوەیش حکوومەت کەمە نەتەوایەتییە کوردەکانی بۆ باشووری وڵات دوور خستەوە و[8] سەرجەم گۆڤارە کوردییەکانی قەدەغە کرد.

---

(١) ستيفن لونكريك، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ ـ ١٩٥٠، مصدر سابق، ص ٥٦٧.

(٢) نوري شاويس، من مذكراتي، مصدر سابق، ص ٥١.

(٣) الشرطة العامة، موسوعة سرية عن حزب الشيوعي، ج٢، بغداد، ١٩٤٩، ص ٢٩٢.

(٤) نوري شاويس، من مذكراتي، مصدر سابق، ص ٥٥.

(٥) پەیمانی پۆرتسمۆس، ئەو پەیمانە بوو کە وەزارەتەکەی ساڵح جەبر لەگەڵ بەریتانیادا بەستی، ئامانج ئەوە بوو ببێتە جێگرەوەی پەیمانی ١٩٣٠ و زنجیرەیەک پەیماننامە کە پەیوەندییەکانی بەریتانیا بە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتەوە ڕێکدەخەن، بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا، ئەم پەیمانە هێرشێکی جەماوەریی بەرفراوانی کرایە سەر، پێش هەموویشیان قوتابیانی کۆلێژی یاسا و پەیمانگە و قوتابخانە دواناوەندییەکانی بەغدا، هێزە سیاسییەکان لەپشت ئەو خۆپیشاندانانەوە بوون، کە سەرپاکی عێراقیان گرتەوە، کوردیش ڕۆڵی کاریگەری تێیاندا هەبوو

(٦) فیرکو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني وحركة التحرر القومية الكردية في العراق ١٩٤٦-١٩٧٠، ترجمة عن البلغارية علي الشيخ مصطفى، السليمانية، ٢٠٠٤.ص ١١٤.

(٧) إبراهيم خليل احمد، تاريخ العراق المعاصر، الموصل، دار الكتب، ١٩٨٩، ص ١٥٩.

(٨) جعفر عباس حميدي، التطورات السياسية في العراق ١٩٤١ ـ ١٩٥٣، مصدر سابق، ص ٥٦.

هەڵوێستی گوندی (قازی خانە) گۆڕا بۆ بڵێسە و ئاگری خۆڕاگیری هەڵگیرساند، کە بووە هۆی ئەوەی پاڵ بە جووتیارانی دەیان گوندەوە لە قەزای مەخمور بنێن بۆ بزووتنەوە و سەرهەڵدان لە ٢٢ی نیساندا کە تا ١٤ ئایاری ١٩٥٣ بەردەوام بوون(١). ڕاپەڕینەکە بۆ سێسەد گوندی قەزای مەخموور و کویە تەشەنەی کرد. هەروەها حزب رۆڵێکی گرنگی گێڕا لە پاڵپشتیکردنی ڕاپەڕینی جووتیارانی (هۆرێن شێخان)(٢)، بە پاڵپشتی لەگەڵ کورد. ڕۆژنامەی ئەهالی حزبی نیشتمانی دیموکرات، لە ڕۆژی ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٥٣ گوتارێکی بڵاوکردەوە و تێیدا پشتگیری لە یاداشتەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد. لە هەڵوێستە نیشتمانیەکانی کوردیش ئەوە بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیری لە مانگرتنی کرێکارانی نەوت لە بەسرە کرد کە دژی حکوومەتی فازڵ جەمالی وەستانەوە، بەڵام حکوومەت ڕێوشوێنی زۆر توندی گرتەبەر دژ بە مانگرتووان، بۆ ئەم مەبەستە پارتی لە ١٩٥٣/١١/١٦دا بەیانێکی دەرکرد و تێیدا خەباتی چینی کرێکار و گوزارشتلێکردنیانی بە پێشەنگی گەل دانا لە جەنگی ڕزگاریی گەورەدا(٣)، هەروەها مانگرتنی کرێکارانی وا باس کرد کە سەرەتای کۆتاییهاتنی حوکمی کۆنەپارێز و ئیمپریالیزمە(٤).

هەروەها پارتی دژی دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنی ١٩٥٤ (٥)، لەم ماوەیەدا بزووتنەوەی نیشتمانی کوردی هەوڵیدا بۆ قایلکردنی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەییەکان بە گرنگیپێدانی تەواو بە کێشەی کورد وەک بەشێک لە تەنگژە ڕامیارییەکان، لەم مەیدانەیشدا سەرکەوتنی باشی بەدەستهێنا، بە تێکەڵکردنی ئەم پرسە بە خشتەی کاری نیشتمانی هەندێک لە هێزە سیاسییە سەرەکییەکان(٦).

لە ئایاری ١٩٥٦دا، لێژنەی کورد لە ئەوروپا "بانگەوازێک بۆ کوردان"ی ئاراستە کرد و داوای بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی کوردیی گشتیی بۆ دانانی سیاسەتێکی یەکگرتووی کوردی کرد کە تێیدا هاتووە:

"پێگەی کوردستان و سامانە سرووشتییەکەی لەلایەک و، بەهێزیی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەیوەندییە مێژوییەکەی لەلایەکی ترەوە، وای لێ کرد ببێتە ئەوپەڕی گرنگیپێدان".

لە بەیاننامەکەدا هاتووە "ئیمپریالیزم دەستی وەرداوەتە نێو سەروەت و سامانە سرووشتییەکەی وڵات و، پێگەکەی بۆ پلانگێڕە سووک و ڕیسواکان بەکار دەهێنێت، ئێمەی کۆمەڵەی کوردان کە نیشتەجێی ئەورووپاین و هیوامان بە توانستەکانی گەلەکەمان و هاوکاریی دراوسێکانییەوە گرێ داوە، داوای بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی کوردی دەکەین کە تێڕوانینی نەتەوەیی و بۆچوونی سەرجەم ڕێکخراوە

---

(١) جعفر عباس حميدي، التطورات والاتجاهات السياسية في العراق ١٩٥٣ ـ ١٩٥٨، ط١، بغداد، ١٩٨٠، ص ٤٠.

(٢) غانم محمد الحفو وعبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٨٥، مصدر سابق، ص ١١٣.

(٣) رفيق صالح، كتابات في المسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١١٧.

(٤) جعفر عباس حميدي، التطورات والاتجاهات السياسية في العراق ١٩٥٣ ـ ١٩٥٨، مصدر سابق، ص ١١٧.

(٥) المصدر السابق، ص ١١٩.

(٦) طارق إبراهيم شريف، شخصيات تتذكر، ج١، أربيل، مطبعة الثقافة والشباب، ١٩٨٨، ص ٤٦.

نەتەوەییەکانی کورد لە خۆ بگرێت"[١]. هەروەها لیژنەکە نامەیەکی ئاراستەی مەلا مستەفا کرد، کە لە مۆسکۆ پەنابەر بوو، دارا توفیق بۆ ئاگادارکردنەوەی لە چەند لایەنێکی چالاکییەکانی بۆی نارد[٢].

## پەیمانی بەغدا

ڕێوشوێنەکانی پێکەوەبەستنی عێراق بە پەیمانە بەرگرییەکانی خۆرئاواوە، لەناو هێزە نیشتمانییەکانی عێراقدا بە کوردیشەوە دەنگێکی کاریگەری دایەوە.

لە سەرەتای کانونی دووەمی ١٩٥٥دا، سەرۆکی حکوومەتی تورکیا عەدنان مەندەرەس، بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق نوری سەعید سەردانی بەغدای کرد و لە ١٢ی کانونی دووەمیشدا لە بەغدا بەیانێکی هاوبەش بڵاوکرایەوە، کە تێیدا هاتووە: هەردوولا بڕیاری هاوپەیمانییەکی ئاسایشییان لە نێوانیاندا ئیمزا کرد، لە ٢٤ی شوباتی ١٩٥٥دا، ڕێککەوتنی هەردوولا لەبارەی هاریکاریی یەکتر لە نێوان عێراق و تورکیادا بەڕێوە چوو، کە بە پەیمانی بەغدا ناسرا. بەپێی بەندی یەکەمی پەیمانەکە، چاو بە توانای ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلی نوێدا خشێنرابەوە بە تایبەتیش لەبارەی هاوکاریکردن بۆ لەناوبردنی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە گەشەکردووەکان، بە خەباتی کوردیشەوە لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانیدا. لە ساڵی ١٩٥٥یشدا هەریەکە لە ئێران، پاکستان و بەریتانیا چوونە ناو ڕێککەوتنەکەوە و دەستەی ڕێکخستنەکەی چەند لیژنەیەکی پێکهێنا کە ئەوەی بەلای کوردەوە کاریگەر و گرنگ بوو، لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی چالاکییە تێکدەرییەکان (لیژنەی ئەمن و لیژنەی پۆلیسی) بوو کە لە دەزگای پۆلیسی و هەواڵگری لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی ڕێککەوتنەکەوە پێک هێنرابوو[٣].

دەتوانین لە هەموو ئەو شتانەی ڕابردووەوە بگەین بەو ئەنجامەی کە لە کاتی بەستنی پەیمانی بەغداوە کێشەی کورد بە هەند وەرگیراوە، دەسەڵاتدارانی تورکیا و ئێران و عێراق لە حاڵەتی نکۆڵیکردنی بەردەوامدا بوون، کەسایەتییە دیارەکانی کورد چەندین جار لە کار و نامەکانیاندا بۆ دەستەی گەلان و دەستە نێودەوڵەتییەکانی تریش ئاماژەیان پێ کردووە، کە مۆرکی پەیمانی بەغدا لەنێوان تورکیا و ئێران[٤] دژ بە کورد بووە. عیسمەت شەریف وانلی دەڵێت:

"دەتوانم بیسەلمێنم کە هۆکاری سەرەکیی بەستنی پەیمانی بەغدا لە نێوان تورکیا و ئێراندا پرسی کورد بوو کە یەکیان گرت بۆ بەگژداچوونەوەی هەموو بزووتنەوە کوردییەکان هەروەک ئینگلتەرا جەنگا

---

(١) جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، مصدر سابق، ص ٢١٧.

(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، أربيل، ٢٠٠٢.

(٣) جليلي جليل، الحركة الكردية في العصر الحديث، مصدر سابق، ص ٢١١.

(٤) من محاضرة السيد رجائي فايد في الملتقى العربي لكردي في القاهرة في مايو ١٩٨٨، منشورات مكتبة مدبولي، ١٩٩٩، ص ١٣١.

دژی بزووتنەوە کوردییەکان، لەبەر ئەوەی ئارەزووی گۆڕانکاریی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی نوێی لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەدەکرد، قوربانیدەری سەرەکی بۆ ئەو بارودۆخە ڕامیارییەی کە هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گەلی کورد بوو".

لە ئازاری ١٩٥٥دا، ڕۆژنامەی "تەلەگراف"ی لەندەنی ئاشکرای کرد، کە چووە ناو پەیمانی بەغداوە و **پرۆتۆکۆلی نهێنیی عێراقی** - تورکی، ڕێگەیدا بە بەکارهێنانی فڕۆکەخانەکان و مافی چوونە نێو وڵاتانی لایەنی تر بە هێزەوە بۆ خاکی لایەنەکەی تر[١].

ئیمزاکردنی پەیمانی بەغدا، دەنگدانەوەیەکی کاریگەری لە ناوەندی هێزە نیشتمانییەکانی عێراقدا لێ کەوتەوە، لە ناویشیاندا کورد، خۆپیشاندانیان لە شارەکانیاندا ئەنجامدا[٢] و ئەمەش ژمارەیەک شەهیدی لە خۆپیشاندانەکانی سلێمانی و شارەکانی تردا لێ کەوتەوە[٣]. ڕۆژنامەی خەباتی کوردستان، ڕۆژنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ژمارەی یەکەمیدا لە کانونی دووەمی ١٩٥٧دا، کەموکورتیی ئەم ڕێککەوتنانەی لە ڕێگەی وتارێکەوە بە ناونیشانی "گەلی کورد و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" خستەڕوو و تێیدا جەختی لەوە کردەوە کە پەیمانی بەغدا کردنە ئامانجی بزووتنەوە نەتەوەییە کوردییەکانە لە عێراق و تورکیا و ئێران، سەرباری هەڕەشە لە ئاسایشی سەربەخۆیی گەلان[٤]. لە ئەنجامە خراپەکانی ئەم ڕێککەوتنە لەسەر کورد ئەوە بوو کە تورکیا بۆ یەکەمین جار دەستی وەردایە ناو کاروباریی ناوخۆیی عێراق، ئەویش لە ڕێگەی ئامۆژگارییەکانییەوە بۆ حکوومەتی عێراق، بەمەش حکوومەتی عێراق خوێندن بە زمانی کوردیی هەڵوەشاندەوە، بەهەمان شێوە خوێندنی سرودە نیشتمانیە کوردییەکانی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا قەدەغە کرد[٥].

بەڵام هەڵوێستی **پارتی دیموکراتی کوردستان لە** ڕووداوە نیشتمانیەکانی تر ئەوە بوو کە پشتگیری لەو مانگرتنانە کرد کە قەساب و بازرگانانی مەڕوماڵات لە ساڵی ١٩٥٦دا لە موسڵ بەڕێوەیان برد و بووە هۆی ئەوەی حکوومەت ژمارەیەک لە مانگرتووان دەستگیر بکات و بیانگوازێتەوە بۆ زیندانەکانی نوگرە سەلمان[٦]، مانگرتنەکەش تا لەخۆگرتنی پیشەوەرانی تر هەر بەردەوام بوو[٧].

---

(١) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في تركيا، مصدر سابق، ص ٢٤٥.
(٢) قيس عبدالحسين الياسري، الصحافة العراقية والحركة الوطنية، مصدر سابق، ص ٣١٢.
(٣) فكرت نامق عبدالفتاح، سياسة العراق الخارجية في المنطقة العربية ١٩٥٣ ـ ١٩٥٨، بغداد، دار الحرية ١٩٧٨، ص ٣١٤.
(٤) جعفر عباس حميدي، التطورات والاتجاهات السياسية في العراق ١٩٥٣ ـ ١٩٥٨، مصدر سابق، ص ٢٢٩.
(٥) سعاد خيري، مصدر سابق، ص ٢٧٤.
(٦) نوگرە سەلمان، ئەو بەندیخانەیەیە کە حکومەتی عێراق، بۆ زیندانییە سیاسییەکان دروستی کرد: دەکەوێتە بیابانی باشووری ڕۆژهەڵاتی عێراقەوە لەسەر سنووری سعودیە، بە ترسناکترین و سەختترین بەندیخانەی ئەو کاتە دادەنرا.
(٧) موسوعة الموصل الحضارية، المجلد الخامس ط١، موصل، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، ١٩٩٢، صص ٩٩ ـ ١٠٠.

## بەرەی یەکێتیی نیشتمانی

هێزە بەرهەڵستکارەکان هەوڵیاندا بۆ یەکخستنی هەوڵی هێزە نیشتمانیەکان، پەیماننامەیەکیان خستە بەردەم بەرەکە تا لەلایەن هێز و ڕێکخراو و پارت و کەسایەتییە نیشتمانیەکانەوە تاوتوێ بکرێت. حزبی شیوعی و بە دوای ئەویشدا پارتی دیموکراتی کوردستان دەقی بیرکردنەوەکانی خۆیان لەبارەی ئەم بەرەیەوە دەربڕی. دەقەکان کۆکرانەوە لەسەر: دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی کە کار بکات بۆ پێکهێنانی وەزارەتێکی هاوبەش، بەجۆرێك سەرجەم ئەو هێز و پارتانە لەخۆ دەگرێت کە لەژێر ڕۆشنایی ئەم بەرەیەدایە، بە هەمان شێوە گەرەنتی ئازادی و دیموکراتی وەک مەرجێکی گرنگ بکات، هەروەها ئاماژەیشی بە وەستانی سیاسەتی دیکتاتۆری و نیروو و چۆلکردنی ڕێگەی هەموو ڕۆشنبیران و ئازادکردنی زیندانە سیاسییەکان و گەڕانەوەیان بۆ سەر کارەکانیان کردبوو[1].

لە شوباتی ١٩٥٧دا، بەرەیەکی نیشتمانی بەرهەڵستیی یەکگرتووی نهێنی پێکهێنرا، کە بە (بەرەی یەکێتی نیشتمانی) ناوبرا، ژمارەیەک پارتی لەخۆی گرت کە بریتی بوون لە: نیشتمانی دیموکراتی، سەربەخۆیی، بەعس، شیوعی و ژمارەیەک لە کەسانی سەربەخۆ[2].

پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری نەکرد لەم بەرەیەدا، بەڵکو لە دەرەوەی چوارچێوەیدا مایەوە بووە هۆی ئیفلیجبوونی ئەم بەرەیە لە کار و چالاکییەکانی لە کوردستانی عێراق، بە هۆی نەبوونی ڕێکخراوەی حزبی لەوێ، جگە لە حزبی شیوعی[3]، هۆکاری سەرەکیی لە بەشدارینەکردنی لەم بەرەیەدا بەرهەڵستی پارتە نەژادپەرستە عەرەبییەکان بوو[4]، وەک پارتی ئیستقلال و حزبی بەعس. لەم ڕوانگەیەوە خالید علی ساڵح ئەندامی سەرکردایەتی بەعس ناقایل بوو، بەعس و ئیستقلال ناڕازی بوون لەسەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بچێتە ناو بەرەکەوە، لەو کاتەدا عەلی ساڵح سەعدی جەختی کردەوە کە:

"حزبی بەعسی ئیشتراکی ڕەتیدەکاتەوە پارتی دیموکراتی کوردستان بچێتە ناو بەرەکەوە، بەهۆی مۆرکی خێڵەکی سەرکردایەتیەکەی[5]، بەڵام محەمەد حەدید (نوێنەری حزبی نیشتیمانی دیموکراتی لە لێژنەی باڵای بەرەکەدا)، گوزارشتی لە هۆکاری ڕەتکردنەوەی چوونە نێو ئەم بەرەیە کرد، ڕێکخستنەکانی پارتی هەموو عێراقی نەدەگرتەوە، بەڵکە تەنیا لە کوردستانی عێراق کورت دەبووەوە، سەرەڕای هەبوونی هەستیاری لای هەندێک لە دەستە نەژادپەرستەکان، لەو کاتەدا ساڵح حەیدەری (بەرپرسی لقی شیوعی

---

(١) شیرکۆ فتح الله عمر، الحزب الدیمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ٢٠٧.

(٢) الجادرجي، مصدر سابق، ص ٦٧٥: جعفر عباس حمیدي، التطورات والاتجاهات السياسية في العراق ١٩٥٣ ـ ١٩٥٨، مصدر سابق، ص ٢٣٦.

(٣) جعفر عباس حمیدي، التطورات والاتجاهات السياسية في العراق ١٩٥٣ ـ ١٩٥٨، مصدر سابق، ٢٣٠ ـ ٢٣١.

(٤) حنا بطاطو، الكتاب الثالث، ص ٧١.

(٥) سیف الدین الدوري، علي صالح السعدي و سلطة البعث الأولى، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠١٠، ص ٤٦.

له کوردستان) لۆمەی بەشێک له سەرکردایەتی پارتیی کرد له ناویاندا ئیبراهیم ئەحمەد به شێوەیەک ئەو ئارەزووی بەستنی بەرەیەکی لەگەڵ حزبی شیوعی لەو قۆناغەدا نەبووهێ[1]، بەڵام پارتی ئەم پڕۆپاگەندانەی بەدرۆ خستنەوە و بۆچوونی خۆی لەبارەی کێشەکەوە پێشکەش کرد، که دەکرێت له چەند خاڵێکدا کۆ بکرێتەوە:

١. سەرکردایەتی پارتی ئارەزووی چوونە پاڵ ئەم بەرەی هەبوو.
٢. داواکارییە سیاسییەکانی ئەم بەرەیە بەس نەبوون له قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی دیموکراتیدا.
٣. ئەو داواکارییانەی ئەم بەرەیە بەرزی کردبوونەوە دوور بوون له دروشمەکانی پارتی، لەوانە ڕووخاندنی دەسەڵاتی پادشایی و دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتی نیشتمانی.
٤. داواکارییەکانی ئەم بەرەیە بەتاڵ بوون له ئاماژەکانی ڕێگەدان به گەلی کورد، له مافە نەتەوەییەکان که خۆی له خۆبەڕێوبەری کوردستانی عێراقدا دەبینییەوە.
٥. ڕێزنەگرتنی ئەم پارتانەوە بۆ بزووتنەوە نەتەوەییە کوردییەکان بۆ لکاندنی پارتی بەم بەرەیەوە.
٦. ئەو پەیوەندییە وشکەی نێوان حزبی شیوعی و حزبی پارتی به پارێزبەندی حزبی بەعس ڕوویدا[2]، لێرەدا دەردەکەوێت که پارتی پێی وابوو داواکارییەکانی ئەم بەرەیە کەم و کورت و ناتەواوە، هەروەها بێئاگا بوو له کێشەی نەتەوەیی کورد[3]، له ماوەی ئەم ڕووداوانەدا که بەسەر عێراقدا تێپەڕین، له نێویشیدا بەسەر کورددا، بارزانی له تاراوگەوە چاودێریی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی کوردستانی عێراقی دەکرد، ئەو کاریگەرییەی لەسەر یەکخستنی پارتی و ئاراستەی ڕووداوەکان هەبوو، لەو کاتەدا ئاستی جەماوەری به کورد و عەرەبەوە زیادی دەکرد، لەلای هێزە سیاسییەکانیش ئەو تەنیا به سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان نەمایەوە، بەڵکو به سەرۆکی کورد و خاوەن ڕێزی سەرجەم خەڵکی مایەوە، بەڵام ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەردەوام بوون له دەستپێوەگرتنی و مانەوەی به سەرۆکی حزب، وایان لێ کرد ڕازی بێت بەو پێشنیارانەی پێشکەشی کراون[4].

به کورتی، بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی له کوردستان له ماوەی پادشایەتیدا له نێوان (١٩٢١ ـ ١٩٥٨)، بەشێک بوو له بارودۆخی عێراق به شێوەیەکی گشتی[5]، دەسەڵاتی دەرەبەگەکان بەسەر زەوییەکاندا، گرنگینەدان به پیشەسازی[6]، ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری به دواکەوتوویی جیا دەکرایەوە،

(١) جعفر عباس حميدي، التطورات والاتجاهات السياسية في العراق ١٩٥٣ ـ ١٩٥٨، مصدر سابق، ص ٢٣١.
(٢) المصدر السابق، ص ٢٣٢.
(٣) نوري شاويس من مذكراتي، مصدر سابق، ص ٦٧، و مسعود البارزاني ج٢، ص ٢٨.
(٤) كمال غمبار، البارزاني الخالد، فائد لضرورة التاريخية، أربيل، ٢٠٠٧، ص ٩٨.
(٥) فؤاد ساكو، لأسس القانونية لحق الشعب الكوردي في تقرير المصير ادیترويت ١٩٨٧)، ص ١٤٧.
(٦) ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، بيروت، الحقيقة برس، ١٩٨٧، ص ٦١ ـ ٦٣.

جا لە شار بوونایە یا لە گوند[1]، بۆیە کوردستان بە دەست دواکەوتووییەکی زۆرەوە دەینالاند لە سەرجەم بوارەکاندا، لە خزمەتگوزاری و تەندروستی و جگە لەمانەیش، ڕێژەی نەخوێندەواری بەرز بوو[2]، ئەمەیش بۆ ئەو سیاسەتە جیاکارییەی کە حکوومەتی عێراقی لە سەردەمی پاشاییەوە پەیڕەوی دەکرد دەگەڕایەوە. مافپەروەر و سەرۆکوەزیرانی عێراق عەبدولڕەحمان بەزاز[3]، لەبارەی دانیشتووانی کورد لە کۆتایی سەردەمی پادشاییدا دەڵێت:"هەژاری لە ڕووی گوندنشینە کوردییەکانەوە ئاشکرابوو، ئەو پۆشاکانەی کە خۆیان پێ دادەپۆشی نیشانەی بەلەنگازییەکی توندی ئەوانە، هەروەها ئەو ئامێرە سەرەتاییانەی جوتیاران کە بەکاری دەهێنن چاخە کۆنەکان وەبیر دەهێنێتەوە[4]".

بەڵام دەکرێت دەسەڵاتی بیرۆکراتی پادشایی شۆڤێنی نەبێت، هێندەی مامەڵەی لەگەڵ کورددا خراپتر بوو لە سەرجەم عێراقییەکان بە توندوتیژی و چەوساندنەوە، هەرچەندە کورد زیاتر لە غەیری خۆیان لە سێکتەرەکانی کۆمەڵگەی عێراقی بێبەش بوون لە سەرجەم مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکان، لەگەڵ ئەوەیشدا دەستە باڵاکان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بوونە بەشێک لە دامەزراوە فەرمانڕەواییەکانی عێراق، نوێنەریان هەبوو، ئامادەییان لە دەزگای بیرۆکراتی ئیداری وڵاتدا، پێکهاتەی شاهانەی، دەستە سیاسی و ئاغاییەکانی لە ئامێز گرتبوو، گەورە فەرمانبەرانی کورد ئەوانەی ئارەزووی ئیستعماریان دەکرد.

بزووتنەوە نەتەوەییە کوردییەکان ئارامی بە خۆوە نەدی، دوای بە پاشکۆکردنی کوردستانی باشوور بە عێراق، ئەم بزووتنەوە گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، دۆزی کورد بە شێوەیەکی نوێ جارێکی تر بە کۆمەڵە هۆکارێکەوە دەرکەوتەوە، ڕەچاونەکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە، کە کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری لەسەر دابوون، ئاوات وابوو کە ئەم ئامۆژگارییانەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لەبارەی کورد لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٦ جێبەجێ بکرێت بەڵام ئەوە ڕووی نەدا.

هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوەییە کوردییەکان لە کوردستان نەکشبێتەوە، پاش ئەوەی لەندەن و بەغدا بەڵێنەکانیان پێشێل کرد، کوردیش بە زنجیرەیەک شۆڕش و ڕاپەڕین دژ بە حکوومەتی عێراق وەڵامی دایەوە. لە سلێمانی شێخ مەحمود بەرزنجی یاخی بوو، مەلا مستەفایش بە هەمان شێوە، بەر لەویش براکەی شێخ ئەحمەد لە ناوچەی شاخاویی بارزان، لە هەردوو حاڵەتدا هاریکاری دەرەکی بۆ یاخیبوونەکان سنووردار بوون، تەنیا کوردی ئێران و تورکیا هاوکار بوون. هەوڵی جیددی نەدرا بۆ دەستخستنی هێزی

(١) هاشم جواد، مقدمة في كيان العراق الاجتماعي (بغداد ١٩٤٦)، ص ٢٧؛ دورين و ايز، الإصلاح الزراعي والإنماء في الشرق الأوسط، دراسة على الأوضاع في مصر وسوريا والعراق، ترجمة خيري حماد، القاهرة، ١٩٦٣، ص ١٣٩.

(٢) كاوس قفطان، الحركة القومية التحررية الكردية في كردستان العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٦٤.

(٣) ماجد عبدالرضا، القضية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ٦٣؛ إسماعيل شكر رسول، أربيل، مصدر سابق، ص ٦٧.

(٤) عبدالرحمن البزاز، صفحات من الأمس القريب، بيروت، ١٩٦٠، ص ١٤١ وكاظم حبيب، لمحات عن نضال حركات التحرر الوطني للشعب الكردي في كردستان العراق، مصدر سابق، ص ١٩٩.

دەرەکی بۆ بزاوتە کوردییەکە لە عێراق، جگە لە یەکێتی سۆڤێت، ئەویش بە دابینکردنی پشگیریی مەعنەوی و میدیایی و سیاسی، بەتایبەت لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا.

# بەشی دووەم

## مەلا مستەفا و کێشەی کورد لە سەردەمی کۆماریدا ١٩٥٨-١٩٦٨

### شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و هەڵوێستی کورد تێیدا

دوای ڕوودانی شۆڕشی١٤ی تەموزی ١٩٥٨، بزووتنەوەی کوردی و گەلی کورد هاریکار بوون لەگەڵ سەرجەم هێزە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە پاڵپشتیکردنی ئەم شۆڕشەدا، ڕاستەوخۆ لە کاتی هەڵگیرسانیدا، گەلی کورد ئومێدی خێری بەم گۆڕانکارییە نوێیانە هەبوو، بەو هیوایەی بگات بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی.

لە ڕۆژی یەکەمی شۆڕشدا جەماوەری کورد و ئەندامانی پارتی لەگەڵ سەرجەم هێزە نیشتمانیەکانی تردا بەشداربوون لە خۆپیشاندانەکان بۆ پشتگیریکردن لەم شۆڕشەدا[1]، پارتی لە ١٦ی تەموز لە کۆبونەوەیەکی نائاساییدا لە کەرکووک بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، بەیاننامەکە ئاراستەی گەلی کورد کرا، بۆ پشتگیریی لەم کۆمارە نوێیە[2]، تێیدا هاتووە کە:

"پارتی دیموکراتی کوردستان پێشەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بە ڕاشکاوی ئاشکرای کرد گەورەبوونی هێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەب و سەرکەوتنەکانی و ڕزگارکردنی عێراق لە دەسەڵاتی پادشایی دیکتاتۆریی بێزراو، پێکهێنانی دەسەڵاتێکی کۆماریی ڕزگاریخواز و پاشەکشەکردنی عێراق لە پەیمانی بەغداد کە دڵی کوردی پێکابوو، هەموو ئەمانە تۆکمەترین بنچینەن بۆ ڕۆنانی تەلاری ژیانێکی پڕ لە بەختەوری و ئازادی و یەکسانی بۆ هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب،" هەروەها لە بەیاننامەکەدا هاتووە "حزب بڕیاری داوە بە هەموو توانایەکیەوە خەبات بکات بۆ بەرگری کردن لە کۆمارەکە و گەشەپێدانی، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە سەرجەم ئەندامانی و لایەنگرانی وەک خۆبەختکار لەم کۆمارەدا دادەنێت هەروەها بە گژ هەموو پیلانگێڕییەکی داگیرکەر و پاشکۆکانیدا دەچێتەوە"[3].

پارتی دیموکراتی کوردستان چەند شاندێکی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان پێکهێنا بۆ ئامادەبوونیان لە بەغدا، بۆ پێشکەشکردنی پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی شۆڕش و دەربڕینی پشتگیری ڕۆڵەکانی کوردستان بۆیان. بەغدا لە ١٧ تەموزی ١٩٥٨دا کۆمەڵێکی زۆری لە کورد بەخۆیەوە دی، لە پێشوازیکردنی سەرکردایەتی شۆڕش لە شاندە گەورەکانی کوردستان بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی،

---

(١) غانم محمد الحفو وعبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والأحداث الوطنية في لعراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٨٥، مصدر سابق، ص٩٣٢.

(٢) طارق إبراهيم شريف، شخصيات تتذكر، مصدر سابق، ص١٩٠.

(٣) عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكوردية، مصدر سابق، ص٩٩؛ مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص٤١.

سەرۆکی شاندەکە گوتارێکی گرنگیدا پەیوەندی کورد و عەرەبی خستەڕوو لە دەرکەوتنی ئیسلامەوە، جەختی لە بەشداریی کورد بۆ عەرەب لە هەوڵ و تێکۆشانیان دژ بە پادشایی کردەوە و ڕایگەیاند کە ئەوان شایستەن سوودمەند بن لە دەستکەوتەکانی شۆڕش، هەروەها لە گوتارەکەیدا ئاماژەی بە چەند خاڵێک کرد کە کۆسپن لەبەردەم پێشکەوتنی کورددا و گوتیشی: "دەسەڵاتی پاشایی دەستەیەک لە بەکرێگیراوان و خیانەتکارانی لەخۆ گرتبوو و قایلی کردبوون، بەڵام گەلی کوردی پشتگوێ خستووە، هەروەک هەوڵی داوە بۆ بەکارنەهێنانی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە فەرمانگەکاندا، هەروەها ناوی کوردستانی گۆڕیبوە بۆ "باکوور" و کوردیش بۆ "باکوورییەکان"، ڕژێمی پادشایی مافی کوردی پێشێل کردووە لەڕووی دامەزراندنی فەرمی و ناردنی قوتابیان بۆ دەرەوەی وڵات، هەروەها وەرنەگرتنی قوتابی لە کۆلێژی سەربازی بەشێوەیەکی دیاریکراو نەبێت، سەرباری ئەوەیش مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕووی سیاسییەوە نەدرا"[1].

عەبدولکەریم قاسم لە وتووێژ لەگەڵ شاندی کورددا دڵنیایی داوە لە گرنگی برایەتی کورد و عەرەب، دانی نا بە مافەکانی کورد بێ ئاماژەدان بەو مافەی کە حکوومەتەکەی بەنیازە دانی پێدا بنێت، ئەم دانپێدانانە لە دەستوردا هاتووە نەک لەسەر زمانی، جارێکی تر داوا لە مەلا مستەفا کرایەوە بگەڕێتەوە بۆ عێراق، جگە لەوەش لەسەر زاری ئەوەوە مافی حوکمی خۆبەڕێوبەری بۆ کورد باس نەکراوە، لەسەرەتادا وا دانرابوو کە قاسم کەسایەتییەکە مەیلی بۆ کورد هەیە، بە شێوەیەک بیر و بۆچوونەکانی نارەزایی هاوڕێ نەژادپەرستە عەرەبەکانی لێ کەوتەوە، ئەوانەی بڕیاری نارەزاییاندا لە گەڕاندنەوەی مەلا مستەفا لەسەرووی هەمووشیانەوە عەبدولسەلام عارف، ژمارەیەک لە گەورە ئەفسەرانی سوپا ئاشکرایان کرد کە کۆمار هێشتا سەقامگیر نەبووە بە شێوەیەکی پتەو، دوژمنانی زۆرن لە کوردستان، کە دژی کۆمار دەوەستنەوە لە حاڵەتی گەڕانەوەیدا، قاسم بێزاربوو بە وتەیەك کۆتایی بە قسە کردن هێنا لەبارەی ئەم کێشەیەوە و گوتی:"بارزانییەکان زۆریان چەشت و بەس نییە ئەم هەموو بارگرانییە لە تاراوگە و لەژێر سایەی ڕژێمی کۆن، پێویستە زۆر ئارام بین لەگەڵیاندا[2].

لە پاش ئەوە عەبدولسەلام عارف گوتی: ئەگەر بڕیار لە دەستی مندا دەبوو پێم دەگوت "بڕۆ ... بڕۆ". لە وەختی سەردانکردنەوەی شاندەکەیش بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری پارتی، بۆ وەرگرتنی پاسپۆرت بە شاندە کوردییەکە بۆ ڕۆشتن و گەڕاندنەوەی مەلا مستەفا، عارف بە هەڕەشەوە بە شاندەکەی

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٢، مصدر سابق، ص٤٧ ـ ٥٣؛ جلال الطالباني، ص ٢٧٩ ـ ٢٨٤.
(٢) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص٣٧.

گوت:"سەردەمی کۆماری وەک سەردەمی پادشایی نییە، هۆشدارییێدان لە ئەنجامدانی هەر جووڵانەوە و (یاخیبوون)ێک ئەوا (پیاز لە گوێیاندا دەبرژێنێت) ئەگەر وەک سەردەمی پادشایی بجووڵێنەوە[1].

لەبارەی گەڕاندنەوەی مەلا مستەفا، سام فۆلی سکرتێری ڕۆژهەڵاتی لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا لە ڕاپۆرتێکیدا بە ژمارە: ١٠١٣/١٦٦٥٨ لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ لەبارەی شەنشەلی وەزیری ئیرشادەوە لە حکوومەتی قاسم، ناردوویەتی، دەڵێ شەنشەل لە ماڵەکەیدا بە فولی گوتووە: لەبارەی کورد گوزارشتی لە دووداڵی خۆی نەکرد، پێی وابوو ئەوان دەتوانن هاریکار بن لەگەڵ حکوومەتی عێراقی، بەرگری لە بڕیاری گەڕاندنەوەی مەلا مستەفای بارزانییش کرد. جارێکی تر پێی وابوو کە ئەو هیچ کێشەیەک دروست ناکات، بەڵام پێی وابوو کە ئەوە قورسە ڕێگە نەدرێت بە پەنابەرێکی لەم جۆرە بە گەڕاندنەوەی بۆ نیشتمانەکەی، بەڵام ئەم جۆرە بڕیارە نارەزایی نێوان کوردی لێ دەکەوێتەوە[2].

لە کاتی هەڵسەنگاندنی حکوومەتی عەبدولکەریم قاسمدا بۆ بارودۆخی کورد لە عێراقدا ڕوون بووەوە کە گەلی کورد، قایل نەبوون لە بارودۆخی ئەو کاتەیان و، پێویست بوو بە دوای ڕێگەچارەگەلی ئیجابیدا بۆ کێشەکانی کورد بگەڕێ، کە لەگەڵ شۆڕشی نوێدا بگونجێن، قاسم جەختی کردەوە کە یەکێتی کورد و عەرەبی، بەردی گۆشەی دەوڵەتی عێراقە، یەکێک لە دۆزە فەرمیەکانی وڵات بەدیهێنانی داواکاریی نەتەوەیی کوردە، بەڵام بەدڵنیاییەوە بە تەواوی لە ئارەزووی کەسەکیی قاسمدا ڕەنگی نەدایەوە، لە مەبدەئی نەخشەی سیاسی ئەفسەرە ڕزگاریخوازەکانی کە لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا بوون، بەڵکە لە ئەنجامی ئەو کاریگەرییە ڕامیارییانەی کە کورد لە ڕێگەی خەباتی جەماوەریدا بە دەستی هێنابوو و سووربوونی لە شێوەیەکی توندی لەو ئاڕاستەدا، تا کۆتایی، لەبەر ئەوە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم ناچاربوو لە گرتنەبەری هەندێک ڕێوشوێن بە شێوەیەکی کرداری بۆ چارەسەری کێشەی کورد[3].

یەکەم دەسکەوتی حکوومەتی شۆڕش، دانانی دەستوری کاتی و مافەکانی کورد بوو، تێیدا هاتبوو کە ئارەزووی حکوومەت بۆ جێگیرکردنی بنەماکانی حوکمە و ڕێکخستن و ماف و ئەرکە بۆ سەرجەم هاونیشتمانیان، دەستوری کاتی لە ٢٧ی تەموزی ١٩٥٨ خرایەڕوو، کە ٣٠ بەندی لەخۆ دەگرت، دابەش کرابوو بەسەر چوار بەش و پێشەکییەکدا[4].

---

(١) شیرزاد زکریا، الحركة القومية الكردية في كردستان العراق، ٨ شباط ١٩٦٣ ــ ١٧ تموز ١٩٥٨، أربيل، مطبعة وزارة التربية، ص١٤٦.

(2)http ://almdapaper.net\\popup.php?action=printnews&id.1375

(٣) فؤاد ساكو، الأسس القانونية لحق الشعب الكردي في تقرير المصير، أطروحة دكتوراه في القانون الدولي، الولايات المتحدة، ص١٨٧.

(٤) عبدالفتاح علي يحيى، التطورات السياسية، ص١٤١.

لێژنەیەک کە لە حوسێن جەمیل و عەبدولئەسیر عوتەیلی و حوسێن محێدین پێکدەهات بەشدار بوون لە داڕشتنەوەی دەستوردا[1].

لە بەندی سێیدا هاتووە:"هەموو قەوارەکانی عێراق لەسەر بنچینەی هاوکاری لە نێوان هاونیشتمانیاندا بە ڕێزگرتن لە مافەکانیان و پارێزگاریکردن لە ئازادییان، گوزارشت لە هاوبەشی کورد و عەرەب لەم نیشتمانەدا دەکات، ئەم دەستورە ددان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا لە چوارچێوەی یەکپارچەیی عێراقدا دەنێت"[2]. ئەم بەندە واتای یەک نیشتمانێتیی بەهێز کرد، بەڵام لە سنورێکی بەرتەسکدا نەبێت لە واقیعدا بەرجەستە نەبوو و بڕگەکانی بەدرێژایی ماوەی حوکمی عەبدولکەریم قاسم بە نەرمی مانەوە[3]. لە مادەی نۆ، لە بەشی دووەمیدا هاتووە کە هاونیشتمانیان لە بەرامبەر یاسادا و لە ماف و ئەرکی گشتیدا وەک یەکن، نابێت جیاوازی لە نێوانیاندا هەبێت، بە هۆی ڕەگەز و بنچینە و زمان و ئاین و بیروباوەڕەوە[4].

پاشان عەبدولکەریم قاسم قایل بوو بە گەڕاندنەوەی مەلا مستەفا[5] و، لەبارەی ئەو کارانەی لە ماوەی نێوان ١٩٤٥ بۆ ١٩٤٧ ئەنجامی دابوون یاسایەکی لێبوردنی گشتی بۆ بارزانیی دەرکرد، مەلا مستەفا و هەڤاڵانی گرتەوە، بڕیارەکە بەم شێوەیە بوو:

"دوای ئاگاداربوون لە دەستوری کاتی و بە پشتبەستن لەسەر ئەوەی وەزیری داد خستوویەتەڕوو و ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندیی پیشان داوە لەسەری ئەم یاسا دەرچوو:بەندی یەکەم: لێبوردنێکی گشتی بۆ هەموو ئەو تاوانانەی کە لە مادەی یازدەی نووسراوی ئیدارەی عورفیدا ژمارە ١٨ی ساڵی ١٩٣٥ و، مادەی ٨٠ لە یاسای سزادانی بەغدادی کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٥ـ١٩٤٧ درابوونە پاڵ شێخ ئەحمەدی بارزان و مەلا مستەفا و هەڤاڵانیان[6]."

ڕۆژنامە عێراقییەکان پێشوازییان لەم ڕێوشوێنانە کرد، ڕۆژنامەی کۆماری بەغدادی لە ١٩٥٨/٧/١٩دا گوتارێکی بڵاو کردەوە و تێیدا هاتووە:

"ئەو کوردانەی بەشداربوون لە پێشکەشکردنی یەکسانی لەگەڵ عەرەبدا بۆ خەبات لەپێناو ئازادی عێراق و سەربەخۆییدا، دەشێ باوەڕیان بەوە هەبێت کە بارودۆخیان بە بەردەوامی دەگونجێ لەگەڵ دانیشتوانی عەرەبدا"[7]. لە ٢٩ی ئابی ١٩٥٨دا مەلا مستەفا لە پراگەوە بروسکەیەکی نارد بۆ عەبدولکەریم قاسم کە تێیدا هاتبوو: "شۆڕشی ١٤ی تەموز کۆتایی بە داگیرکاری نەفرەتی و پادشایی دیکتاتۆر هێنا و

---

(١) ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤تموز في العراق، ط٢٠، بغداد، ١٩٨١، ص ٢٢٦.

(٢) الوقائع العراقية (جريدة)، العدد ٢، في ٢٨ يوليو ١٩٥٨.

(٣) حسين جميل، العراق الجديد بيروت، ١٩٥٨، ص٦٠.

(٤) صبحي عبدالحميد، أسرار ثورة ١٤تموز ١٩٥٨، بغداد، مطبعة الأديب، ص٧٣.

(5)Chaliand،Gerald،Les Kurds et le Kurdistan،P.246،Paris 1981

(٦) نوري العاني وآخرون، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري، ج١، بغداد، ٢٠٠٠، ص٢٠٧.

(٧) جريدة الجمهورية البغدادية، بغداد، ١٩٥٨\٧\١٩.

گەلی عێراقی بە کورد و عەرەبەوە لە زەبوونی و ستەم و کۆیلایەتی ئازاد کرد" قاسمیش بەم شێوەیە وەڵامی بروسکەکەی مەلا مستەفای دایەوە: "بروسکە و نامەکانتم بە خۆشحاڵییەوە بەدەست گەیشتن، ئێمە بەخێرهاتنەوەتان دەکەین بە گەڕانەوە بۆ عێراقی خۆشەویست، سەرجەم ڕێوشوێنەکانمان گرتووەتە بەر بۆ دەرچووتی لێبوردن و ئاسانکاری گەشتەکەتان لە ئێوە و میرحاج و ئەسعەد خۆشەوی و ئەوەی لەگەڵتاندایە لە هاونیشتمانیانماندا"[1]

هەڵوێستی باشی عەبدولکەریم قاسم بەرامبەر گەڕاندنەوەی مەلا مستەفا، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ویستی قاسمەوە وەک سەرکردەیەک لە هەوڵی بەدەستخستنی خۆشەویستی گەلدا بێت بە کورد و عەرەب و سەرجەم کەمە نەتەوەییەکانی ترەوە بۆ پاڵپشتی دەسەڵاتەکەی بە شێوەیەکی گشتی و گەلی کورد بە شێوەیەکی تایبەتی سەرچاوەی گرتبوو، یان لە ترسی ئەوە بوو کە کورد هەڵوێستێکی دوژمنکاری دژ بە کۆمارە نوێیەکە بگرێتەبەر گەر بێت و نارازی بێت بە گەڕانەوەی مەلا مستەفا[2].

پشتگیریکردنی کورد و مەلا مستەفا لە شۆڕش و سەرکردایەتیەکەی کە خۆی لە عەبدولکەریمدا دەبینییەوە، لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی بوو: یەکەمیان ئەو کارەسات و ستەمەی کە لە سەردەمی پادشاییدا بە پاڵپشتیی بەریتانیا بە ئاشکرا و نهێنی لە کورد کرابوو و، هیوابوون بەوەی لەو بارودۆخە نوێیەدا چارەسەر بن، دووەمیان بڕوابوونی بارزانی بەوەی سەرکردەی شۆڕش لە چارەسەری کێشەی کورددا جیددییە، بە گرتنەبەری هەموو ڕێگە و هۆکارە ڕامیاری و ئاشتییەکان، سیاسەتی بەغدا هەر لە دامەزرانییەوە تێڕوانینی باش و ڕاستی و واقیعی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بە ڕێگەی وتووێژ و لێکتێگەیشتن نەبوو.

پاش سەرکەوتنی شۆڕش، یەکەم حکوومەتی کۆماری دامەزرا، کورد بە دوو وەزیر بەشداربوو، ئەنجوومەنی دەسەڵات پێکهێنرا، لە سێ کەسایەتی پێکدەهات کە لە جێی سەرۆک کۆمار بوون، نوێنەری کورد لەم ئەنجوومەنە خالید نەقیشبەندی بوو[3]، بە چوونەپاڵی نەقشبەندی بۆ ئەنجوومەنەکە حکوومەت ئامادەیی دەربڕی بۆ ددانپێدانان بە مافی نەتەوەیی کورد لە کۆماری عێراقدا. بارزانی پاش تێپەڕبوونی بە قاهیرە و چاوپێکەوتنی سەرۆک جەمال عەبدولناسر گەیشتە بەغدا، ئاشکراکردنی پاڵپشتی بۆ شۆڕشی تەموز[4]، ئێوارەی ڕۆژی ١٩٥٨/١٠/٦ بە پێشوازییەکی فەرمی و میللی خەیاڵییەوە گەیشتە بەغدا، دەیان هەزار لە ڕۆڵەکانی گەلی عێراقی بە کورد و عەرەب و کەمینەکانی ترەوە، گەیشتنە فڕۆکەخانەی موسەننا،

---

(١) وليد محمد سعيد الأعظمي، ثورة ١٤تموز وعبدالكريم قاسم في لوثائق البريطانية السرية، بغداد، المكتبة العالمية، ١٩٨٩ ص٥١.

(٢) عبدالفتاح علي يحيى، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، ملاحظات تاريخية ودراسات أولية، أربيل، ٢٠٠١، ص ٦٩.

(٣) جليل جليلي وآخرون، الحركة الكردية، بيروت، دار الرازي، ١٩٩٢، ص١٨٧.

(٤) وليد سعيد لأعظمي، المرجع السابق، ص٥١.

پێشوازییەکی پاڵەوانانەی لێ کرا، هەموو پارتەکان بەشداربوون لە پێشوازییەکەدا[١]. لە باڵەخانەی یەکێک لە سەرکردەکانی سەردەمی پادشاییدا نیشتەجێ کرا، لە ڕۆژی دووەمی گەیشتنیدا، قاسم لە نوسینگەی خۆی پێشوازیی لێ کرد، مەلا مستەفا سوپاس و پێزانینی بۆ سەرۆک دەربڕی، قاسمیش سەدان چەکی پێشکەش کرد. مەلا مستەفا لە چاوپێکەوتنەکەیدا گوتی: "ئەو خۆی بە ئەفسەرێک لە ئەفسەرانی شۆڕشی تەموزی ژێر فەرمانی سەرۆک دەزانێت"[٢]. بە گەیشتنی بارزانی بۆ عێراق، سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب لە سایەی دەسەڵاتی قاسمدا دەستی پێ کرد[٣]. مەلا مستەفا سەرکەوتووانە گەڕایەوە و پشتگیریکردنی حزبی شیوعی عێراق و یەکێتی سۆڤێتی بەدەستهێنا. ڕەنگە مۆسکۆ پێی وابووبێ بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردی نزیک لەمە، سەرباری هەژمونی بەهێزی حزبی شیوعی لەو کاتەدا، دەشێت هەموو ئەمانە لە شەڕی سارددا لە عێراق ببنە کارتی گوشار، بەڵام ئەمە لە واقیعی حاڵدا جێبەجێ نابێت، سەبارەت بەم بابەتە یەکێک لە شایەتحاڵان کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەوکاتەدا، دەڵێت:"دیاربوو جیاوازییەک لە نێوان بۆچوون و تێڕوانینەکانی من لەبارەی زۆرێک لە پرس و کاروبارە ڕامیاری و حزبییەکان و نێوان بیروبۆچوون و تێڕوانینی هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندییەوە بوونی هەبوو، کە پەیوەست بوون بە ئاراستەی چەپ کە زۆر بە زەقی لە کوردستان و لە عێراقدا بە گشتی دەرکەوتبوو[٤].

گرنگ ئەوە بوو دەرهاوێشتەکانی شۆڕش کاریگەرییەکی باشیان هەبوو لە ئاوڕدانەوەی کورد لە ڕێکخراوە دیموکراتی و کۆمەڵایەتییەکان لەبارەی سیستەمی نیشتمانی لە خەبات لەپێناو نوێکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەویش لە ڕێگەی بەدەستهێنانی خۆبەڕێوبەرییەوە.

لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨دا، بەرنامە و پرۆگرامی بەرەی یەکێتی نیشتمانی، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە بەغدا ڕاگەیەندرا:"بەرەی یەکبوونی نیشتمانی وای دەبینێ کە بوونی عێراق خۆی بەندە لەسەر بنچینەی هاوکاری هاونیشتمانیان و ڕێزگرتن لە مافەکانیان و پارێزگاری لە سەربەستییان، هەروەها کورد و عەرەب هاوبەش و یەکسانن لە نیشتمانێکدا و لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتوودا دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنرێت"[٥].

لەم کەشوهەوایەدا گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا بڵاو دەکرانەوە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بە ئازادی لە سەرجەم ناوچەکانی وڵاتدا چالاکیی دەنواند. بەڕێوەبەرایەتیی زانست

(١) نفس المرجع، ص ٥١.
(٢) هنري موريس وجون بلوخ، لا أصدقاء سوى الجبال، ترجمة راج آل محمد، مراجعة وتقديم هادي العلوي، بيروت، ١٩٩٦، صص ١١١ _ ١١٢ و مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، مصدر سابق، ص١٦٥ _ ١٧٢.
(٣) إبراهيم الشريف :الشرق الأوسط، بغداد، دار الجمهورية، ١٩٦٥، ص٣٩.
(٤) علي سنجاري، الحركة التحررية الكردية، مواقف وآراء، دهوك، مطبعة خەبات، ١٩٩٧، ص٣٨.
(5)Drek Kinhane، the kards and kardistan، London، N.Y.1964.p.26

و زانیاری (مەعاریف) بۆ ڕێکخستنی کاری فێرکردن لە کوردستان دامەزرا و، بڕیاری دا زمانی کوردی لەم ناوچانەدا بخوێندرێت[١].

جەماوەری کوردستان لە سەختترین بارودۆخەکاندا، هاوکاری کۆماریان کرد، پارتی دیموکراتی کوردستان چالاکیی گەورەی لە ڕێکخستن و بەرگری لە دەستکەوتەکانی شۆڕش ئەنجام دا و کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان بروسکەیەکی بۆ ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان نارد، کە تێیدا هاتووە:

"گەلی کورد پاڵپشتیی شۆڕشی تەموز دەکات. پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامانجی دانانی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم ناوەندە داگیرکارییەکاندا ئەم ڕێگەیەی گرتەبەر لە قۆستنەوەی ئەو پابەندییانەی کە کۆمەڵەی نەتەوەکان لەکاتی خۆیدا لەبارەی ڕێزگرتن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد پەیمانی دابوو بۆ مەبەستە داگیرکارییەکانی".

ڕۆژنامەی خەباتی زمانحاڵی پارتی نووسیبوویەتی "ئێمە بڕوامان وایە چەسپاندنی پایەکانی سیستەمی دیموکراتی ڕێبازی ڕامیاری ڕاستە لە پێناو دانان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، کە ناوچە کوردییەکان لەژێر قەڵەمڕەویی ئەودان"[٢].

لە ١٦ی ئەپریلی ١٩٥٩، کەشتیی "گروزیا" یان "جۆرجیا" گەیشتە بەندەری بەسرە، کە بارزانییە گەڕاوەکانی لە یەکێتی سۆڤێتی هەڵگرتبوو کە ژمارەیان ٧٨٤ کەس بوو، لە نێوانیاندا منداڵ و ئافرەتیش هەبوون. پێشوازییەکی گەورەیان لێ کرا، نوێنەرانی حکوومەت و هێزە سیاسییەکان بەشدارییان کرد، هەروەها دەسەڵاتدارانی سوپایش. مەلا مستەفا لەسەروی پێشوازیکارانەوە بوو.

هەندێک لە توێژەران هۆکاری ئەم دۆستایەتییەی قاسم بۆ مەلا مستەفا و کورد دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی قاسم، دوای ناکۆکییەکانی لەگەڵ تەوژمی نەژادپەرستی عەرەبیدا، لە نێو ڕیزەکانی ئەو ئەفسەرانەی پێشەوایەتی شۆڕشیان کرد لەگەڵیدا لە شۆڕشی تەموزدا، پێویستی بە هاوپەیمانێک بوو[٣]. هەندێکی تر ئەم هەڵسوکەوتەی قاسم وادەبینن کە بەشێک بێت لەو ئامانج و وەفادارییەی بەرامبەر ئەوانەی کە زیانیان پێگەیشتبوو لە فەرمانڕەوایی پێشوو، چونکە ئەو شۆڕشی لە پێناوی هەموو ئەوانەدا کردووە کە ستەمیان لێ کراوە و پەراوێز خراون لە سەردەمی پادشاییدا.

بەڵام هەڵوێستی باشی کورد بەرامبەر بە قاسم و شۆڕش، لە ئەنجامی ئەو بەخشین و ڕێوشوێنانەوە بوو کە شۆڕش گرتیەبەر بۆ بەرژەوەندی عێراق بە گشتی و بۆ کورد بە شێوەیەکی تایبەت لەوانەیش[٤]:

---

(١) أدموند غريب، الحركة القومية الكردية، بيروت، دار النهار للنشر، ١٩٧٣، ص ٣٩.

(٢) جريدة خەبات، بغداد، العدد ٢٦٨.

(٣) شاكر خصباك، مصدر سابق، مصدر، ص٩.

(٤) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٢، مصدر سابق، ص ٦٤.

شۆڕش یاسای چاکسازی کشتوکاڵی دەرکرد بۆ دیاریکردنی موڵکی خاوەن زەوییە گەورەکان، ئامانجی ئەم یاسایە تێکشکان و لەناوبردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بوو لە دەستی دەرەبەگ و گەورە پیاواندا، چونکە کێشەی کشتوکاڵ یەکێک لە کێشە بنچینەییەکان بوو لە بەردەم شۆڕشدا. سیاسەتی کشتوکاڵی لەسەر ئاستێکی یەکسان دەڕۆیشت، کە لە بەرژەوەندیی جوتیارانی کورد و عەرەب بێت، کە ٧٠٪ی دانیشتووانی وڵاتیان پێکدەهێنا. کێشەی کشتوکاڵ لە کوردستان هەروەک ناوچەکانی تری عێراق مۆرکێکی توندی هەبوو.

بە هەمان شێوە حکوومەتی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ هەوڵیدا بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی گەورە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا، ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی چەند هەنگاوێکەوە. لە ٢٨ی تەموزی ١٩٥٨یشدا ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یاسای سیستەمی شارستانی و سزایی دەعوا خێڵەکییەکان و پاشکۆکانیشیدا[1]. هەڵوەشاندنەوەی ئەم یاسایە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو کە هاریکار بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەژمونی دەرەبەگ و شێخەکان بەسەر تاکەکانی خێڵدا[2].

لەو هۆکارانەی تر بۆ هاوسۆزی کورد لەگەڵ شۆڕشدا، پاشەکشەی عێراق بوو بە شێوەیەکی فەرمی لە پەیمانی بەغدا[3] لە ٢٤ی نیسانی ١٩٥٩دا، ئەو کارەی کە بە هەنگاوێکی گرنگ هەژمار دەکرا لەسەر ڕێگەی سەربەخۆیی وڵاتدا لە ڕووی سیاسییەوە[4]. بە هەمان شێوە مۆڵەتدان بە ڕۆژنامەی کوردی کە خۆی لە دەرچوونی ئاشکرای ڕۆژنامەی خەبات زمانحاڵی پارتیدا دەبینیەوە لە٤ی نیسانی ١٩٥٩دا. هەروەها زمانیی کوردی کردە زمانی فەرمی و کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی زانست و زانیاریی کوردی[5]، قاسم فەرمانی بە ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوە کرد بە دروستکردنی شارێکی نیشتەجێبوون بۆ سەرجەم ئەوانەی گەڕاونەتەوە لە بارزان کە ژمارەیان ٧٥٥ کەس بوو، هەروەها حکوومەت مووچەی بۆ سەرجەم ئەو

---

(١) سیستەمی شارستانی و سزایی دەعوا خێڵەکییەکان کە لە بەرواری ٢٨ی تەموزی ١٩١٨ لە شێوەی بەیاننامەیەکدا لەلایەن فەرماندەی گشتیی هێزەکانی بەریتانیاوە لە عێراق دەرچووە و، بەپێی ئەم یاسایە حوکم لەسەر بنەمای دابونەریتی نێوان خێڵەکان بەڕێوە دەچێت، لە کاتی دەرچوونی یاساکەدا لە ١٩٢٥ هێزی یاسای تەشریعیی پێ دراو، دواتر یاساکە چەندین جار هەموار کرایەوە تا لەگەڵ پێشکەوتنە سەرەکی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا کە وڵاتیان پێدا تێدەپەڕێت بگونجێت. بڕوانە :فاضل عوني، شرح نظام دعاوي العشائر المدنية والجزائية لسنة ١٩١٨ وتعديلاته، بغداد، ١٩٥٥.

(٢) جيلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، مصدر سابق، ص٢٢٤.

(٣) پەیمانی بەغداد ساڵی ١٩٥٥ مۆر کرا، یەکێک لە ئامانجەکانی دروستکردنی پشتێنێک بوو لە باکوور دژ بە هەر فراوانخوازییەکی شیوعیی سۆڤیەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، یەکێکی دی لە ئامانجەکانی بریتی بوو لە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و بچووککردنەوەی ئاوەکەی پاش دەرچوونی عێراق لێی بەرەو پەیمانی سەنتۆ.

(٤) قحطان أحمد سليمان، السياسة الخارجية العراقية من ١٤ تموز ١٩٥٨ إلى ٨ شباط ١٩٦٣، رسالة ماجستير جامعة بغداد، ١٩٧٨، ص٥٥٢؛ مجلة أبحاث كلية التعليم، جامعة الموصل، المجلد ١ العدد (١): العلاقات الراعقية السوفياتية عن خلال الصحافة العراقية ١٤ تموز ١٩٥٨ ـ ٨ شباط ١٩٦٣، الموصل، ديسمبر، ٢٠٠٣، ص٢٠٢.

(٥) ماجد عبدالرضا، القضية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص٨٣.

بارزانییانەی کە هاتونەتەوە تەرخان کرد[١]. لە دوای شۆڕشەوە دوو بەرە دەرکەوتن، لیبراڵی نێوەندگیر، بە سەرۆکایەتی قاسم، دووەمیشیان نەژادپەرستە ڕاسترەوە کۆنەپارێزەکان بەسەرکردایەتی عەبدولسەلام عارف. هێزەکانی دژە شۆڕش هەوڵیاندا کەشێکی وا دروست بکەن لە نەمانی متمانە لەنێوان قاسم و بارزانیدا و دەزگا هەواڵگیرییەکانی تورکیا و ئێرانیش چالاکییەکانیان لە کوردستانی عێراقدا فراوانتر کرد.

لە کانونی دووەمی ١٩٥٩دا، پێکدادانێکی ئیستفزازی لە نێوان تورکمان و کورددا لە ئاڵتون کۆپری لە کەرکووک ڕوویدا و شیوعیەکان شانبەشانی پارتی دیموکراتی کوردستان دژ بە تورکمان بەشدارییان کرد.

هەروەها لە هەڵوێستە هاوسۆزییەکانی کورد بەرامبەر سەرکردایەتی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، دامرکاندنەوەی ئەو بزوتنەوانە بوو کە دوژمنی شۆڕشەکە بوون، لە نێویشیاندا بزووتنەوەی شێخ ڕەشیدی لۆلان[٢] هەبوو. ڕەشید لۆلان هەروەک سەرۆکخێڵە دەرەبەگەکانی کوردستان لایەنگری پاشایەتی بوو و لە هەڵگیرساندنی شۆڕشی تەموزدا دەبووایە جیاکارییەکی بکردایە لە نێوان سیستەمی نوێ و ئەوانەدا بەتایبەت دوای ئاشکراکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی[٣].

ڕەشید لۆلان بە یەکەم کەس دادەنرێت کە دژ بە چاکسازی کشتوکاڵی وەستایەوە و دژایەتیی هەژمونی بارزانییەکانی لە ناوچەکەدا کرد. بەهۆی ئەو دوژمنداریيە کۆنەی بەرامبەریان هەیبوو، هەروەک خاوەنی پەیوەندییەکی پتەو بوو لەگەڵ ئێران و تورکیادا[٤]. هەردوو حکوومەتی ئێرانی و تورکیایش هاوکاریی دارایی و مەعنەوییان پێشکەشی شوێنکەوتوانی شێخ کرد و هاندانیاندا بۆ ئەنجامدانی بزووتنەوەی دژ بە شۆڕش.

لە ١ی ئاداری ١٩٥٩دا، شوێنکەوتووانی شێخ گەمارۆی ناوەندی (سیدەکان)یان دا و سەرجەم بەرگریکارانی گەل "المقاومة الشعبية"یان دەستبەسەر کرد و ڕێگەی (سەری بەردی)یشان گرت بۆ ڕێگری لە گەیشتنی فریاگوزاری.

قاسم داوای لە مەلا مستەفا کرد بارودۆخەکە یەکلایی بکاتەوە. مەلا مستەفایش توانی هێزێکی گەورە پێکبهێنێت و لە ماوەی دوو ڕۆژدا بەسەر ئەو بزووتنەوەیەدا سەرکەوت و شێخ ڕەشیدی لۆلانیش هەڵات بۆ ئێران[٥].

---

(١) لە بەڵگەنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ئەیلول)، ل٥.

(٢) ڕەشـید لۆلان لە ناوچەی برادۆسـتی هەولێر لەدایک بووە و شـێخی تەریقەتی سۆفیگەری بووە لەو ناوچەیەدا. لە کوردسـتانی ئێران لایەنگرێکی زۆری هەبوو، لە ١٩٥٩ بە دارایی ئێران یاخیبوونێکی دژ بە قاسـم ئەنجام دا و بەرەو ئێران هەڵهات و تا ساڵی ١٩٦١ مایەوە، دواتر قاسم ئەبی حۆشی بوو دژ بە بارزانی بەکاریهێنا. دانا آدمز شميدت، رحلة إلى رجال شجعان في كردستان، مصدر سابق، ص ١٢٨.

(٣) عزيز الحاج، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص٣٠.

(٤) ش. ج. أشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـ العراق ١٩٦١ ـ ١٩٦٨، ترجمة ولاتو، بيروت، ١٩٧٨، ص٧٢.

(٥) ماجد عبدالرضا، القضية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـــ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١٠٥؛ ديفيد أدمس و جرجيس فتح الله، الحرب الكردية وانشقاق ١٩٦٤، ط٢، أربيل، ١٩٩٩، ص٢٠١.

له ١١ی شوباتی ١٩٥٩ دیدارێک لەنێوان قاسم و مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەددا بەڕێوە چوو. لە چاوپێکەوتنەکەدا هەردوو سەرکردە کوردییەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرایان کرد سەرجەم هێزە نیشتمانیەکان لە کوردستان پشتگیری و پارێزگاری لە بیری ڕێبازی سیاسی و ئامانجەکانی شۆڕشی ١٩٥٨ دەکەن.

لە ئاداری ١٩٥٩یشدا، حکوومەت بڕیاریدا بە گێڕانەوەی بایەخ و شکۆ بۆ ئەو چوار پاڵەوانەی شۆڕشی کوردیی ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ کە حکوومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٤٧دا لەسێدارەی دابوون[١].

## بزووتنەوەی شەواف

حزبی شیوعی عێراقی لە ٦ی ئاداری ١٩٥٩دا بڕیاری ئەنجامدانی فێستیڤاڵێکی لە شاری موسڵ بۆ لایەنگرانی ئاشتیدا، ڕەفعەت حاجی بەڕێوبەری هەواڵگریی سەربازی دژی بەستنی ئەم فێستیڤاڵە بوو و هۆشداریی لەبارەی ئەنجامەکانییەوەدا، بە هەمان شێوە عەبدلوەهاب شەواف، بڕیاردەری شاری موسڵ لەڕووی سەربازییەوە، لە ئەنجامدانی ئەم فێستیڤاڵە هۆشدارییدا و پەیوەندی بە ژمارەیەک لە ئەفسەرانەوە کرد بۆ دەستەبەرکردنی پاڵپشتی[٢].

بە هاتنی ٥ی مارس، لایەنگرانی ئاشتی لە شار دەرپەڕین، ئامادەکارییە کردارییەکان بۆ ئەنجامدانی بزووتنەوەی سەربازی لەلایەن شەوافەوە دژ بە قاسم دەستی پێکرد، شەواف لیوای پێنجی خستە ئامادەباشییەوە لە ڕۆژی بەستنی کۆنگرەکەدا کە ژمارەیەک پێکدادان لە نێوان خەڵک و کۆمەڵاندا ڕوویدا. بارودۆخ لە ڕۆژی دووەمدا تێکچوو، شەواف دەستی کرد بە جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیەی کە ئامادەی کردبوو بۆ بزووتنەوەکەی، چەند یەکەیەکی نارد بۆ کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندانەکان و هاتوچۆی قەدەغەکرد، نەژادپەرستانی خەڵکی شار بانگ کران بۆ سەربازگەی غەزلانی بۆ وەرگرتنی چەک[٣].

ڕۆژی یەک شەممە ٨ی مارسی ١٩٥٩، بەیاننامەی یەکەمی بزووتنەوەکە لە سوریاوە دەرچوو، بەرپەرچدانەوەی قاسم زۆر توند و بەپەلە بوو، زنجیرە بڕیارێکی دەرکرد کە سەرکردە سەربازییەکانی شڵەژاند[٤]. شەواف خۆی لە پەراوێزیدا لەو یەکە سەربازییانەدا بینییەوە کە دەستیان کرد بە ڕەتکردنەوەی بڕیارەکان، قاسمیش فڕۆکەی نارد بۆ بۆردومانی بارەگەکانی شەواف[٥].

(١) سعد محمود عیسی، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٣١٣؛ شيرزاد محمد، الحركة القومية الكوردية في كردستان العراق، ٨ شباط ١٩٦٣ ـ ١٧ تموز ١٩٦٨، دهوك، ٢٠٠٦، دار سبيريز، ص٣٤.

(٢) عبدالكريم فرحان، حصاد ثورة، مصدر سابق، ص٢٤.

(٣) سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، ج٢، ص٦٧.

(٤) خليل إبراهيم حسين، موسوعة ١٤تموز، ج٤، ص١٩٧.

(٥) إسماعيل عارف، أسرار الثورة١٤تموز وتأسيس الجمهورية العراقية، لندن، ١٩٨٦، ص ٣٨٢.

کورد لە دامرکانەوەی بزووتنەوەی شەواف‌دا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا, نزیکەی پێنج هەزار چەکداری کورد بۆ پاڵپشتیی لە کۆمار و قاسم وەدەرکەوتن[1]. سەرکەوتن بەسەر قاسم لەوکاتەدا لە بەرژەوەندی کورد و عەرەبیشدا نەبوو، جەماوەری کورد بەرگرییان لە قاسم کرد، هەروەک ئەفسەران و سەربازانی کورد ڕۆڵیان لە دامرکاندنەوەی جووڵانەوەکەدا هەبوو[2].

لە ئەنجامی ئەو ڕۆڵەی کە خۆی لە پشتگیریی بارزانیدا بۆ قاسم دەبینییەوە، یەکێک لە گەورە پیاوانی ئاسایش لە بەغدا لەو کاتەدا پێشنیاری مانەوەی بارزانی بە هەمیشەیی لە سەرووی هێزەکەیەوە کرد بۆ لێدانی هەر هەوڵێک کە بەرهەڵستکاران دژ بە دەسەڵات ئەنجامی بدەن[3]، لە هەمان کاتدا لە بەرژەوەندی دەسەڵات بوو بارزانی دوور لە کوردستان بمێنێتەوە[4]. لەم کەشانەدا، ناوەندە فەرمانڕەواییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران لە پڕۆپاگەندەیەکی فراوانی دروستکراودا بوون لەبارەی یەکخستنی کوردستانی عێراق و ئێران لە ژێرفەرمانڕەوایی شادا[5].

بە هەمان شێوە بەریتانیا لە چوارچێوەی هۆکارەکانی وەستانەوە بە ڕووی شۆڕشی ١٤ی تەموزدا بیری لە بەکارهێنانی کورد بۆ بەرژەوەندییەکانی کردەوە، لە حاڵەتی بەکارهێنانیان و بیرکردنەوە و بە خۆبەڕێوبەری لەو شوێنەی ناودەبرێ بە کوردستانی عێراق. باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەستەنبوڵ دەڵێت: لە حاڵەتی ڕوودانی ئەوەدا بێگومان دەبێتە هۆی دروستکردنی دوودڵی لای هەردوو حکوومەتی تورکی و ئێرانی لە ئەنجامی ئەم کارە و ئەنجامەکانی لەسەر کوردستانی تورکیا و ئێران، هەروەها دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی بیری نەتەوایەتیی کورد، بە دووریشی نازانین حکوومەتی تورکیا لەو کاتەدا ئەو ویلایەتانەی سنوری تورکیا داگیر بکات، بۆ ڕێگریکردن لە بەدیهاتن و ڕوودانی سەربەخۆیی کورد، تورکەکان ڕەنگە کارێکی وا بکەن و فراوانکردنی داواکارییەکانیان کە کەرکووک و کێڵگە نەوتییەکانی ئەوانەی دانیشتووانەکەی بە زمانی تورکی دەدوێن بگرێتەوە. باڵیۆزی بەریتانیا لە ڕاپۆرتەکەیدا جەختی لەوەیش کردووەتەوە، ئەگەر بارودۆخ لە عێراقدا ئارام بووەوە، پێویست بە بیرکردنەوە لەوەی سەرەوە ناکات، ڕوودانی ئەم گۆڕانکارییانە سەختە، بەڵام ئەگەر بارودۆخەکان خراپتر بوو، ئەوا تورکیا بە باشی دەزانێت دەست بەسەر بیرە نەوتەکانی باکووردا بگرێت و عەبدوناسر لەو سەروەت و سامانە بەنرخانە بێبەش بکات[6].

---

(١) ميفان عرف بادي، الحركة القومية الكردية لتحرية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص٧٥.

(٢) عبدالفتاح علي البوتاني، من كان وراء حوادث الموصل وكركوك الدامية، ٢٠٠٤، ص٦.

(٣) تقارير عن الأوضــاع الســياســية في العراق، تقارير مديرية الأمن العامة من ٢١ نوفمبر ١٩٥٨، نقلا عن عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة الكوردية، مصدر سابق، ص٣٨٣.

(٤) المصدر السابق، ص ٣٨٤.

(٥) جريدة اتحاد الشعب، لسان حزب الشيوعي العراقي، بغداد، في ١٩٥٩/٣/١٨.

(6)Ibid. secret British embassy residence .Istanbul jyly18 _ 1958

سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا هەمفری تریفلیا، تایبەت بە پەیوەندیی نێوان مەلا مستەفا و قاسم لە نامەیەکدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانی لە ٢٣ شوباتی١٩٦٠ پاش دیداری لەگەڵ مەلا مستەفادا دەڵێت:

"ڕەنگدانەوەی یەکەمی ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ چاوگێڕانم بە بەرنامەی پارتە کوردییەکەدا، ئەوە بوو مانگی هەنگوینیی نێوان مەلا مستەفا و قاسم لەسەر بنچینەیەکی زۆر پتەو دانەمەزرابوو."[١]

مەکینە پڕوپاگەندەییەکانی خۆرئاوا کاریان کرد بۆ وروووژاندنی پڕوپاگەندەی مەترسیی ساختەی حزبی شیوعی عێراق و جیابوونەوەی کورد، هەموو ئەوانە بە ڕادەیەکی زۆر کاریگەرییان هەبوو لە سیاسەتی حکوومەتی قاسمدا[٢]. ڕووداوەکانی کەرکووکیش زیاتر بارودۆخەکەیان قورس و گران کرد. حکوومەتی قاسم لە پاشەکشەدا بوو لە جێبەجێکردنی گۆڕانکارییەکانی پەرەسەندن، لەوانە ڕێگەدان بە کورد بۆ خۆبەڕێوبەریی ناوخۆیی. قاسم و حکوومەتەکەی زیاتر و زیاتر دەستیان بە بنەمای ڕەهای یەکێتی نەتەوەیی عێراقەوە دەگرت، لە ڕوانگەیەکەوە تێیدا باسی مافی نەتەوەیی کوردی نەکرد، سەرۆکوەزیران و ئەندامانی حکوومەت کۆماری عێراقیان لە گوتار و گفتوگۆکانیاندا بە کۆماری عەرەبی ناو دەبرد، نەک کۆماری عەرەب و کورد و، نەژادی کوردیان دەگێڕایەوە بۆ "عەرەبی باکوور".

سەرباری ئەوەی مادەی سێی دەستووری کاتی پاڵپشتیی لە یەکێتی نیشتمان دەکرد، کەچی تەنیا لە سنوورێکی ڕواڵەتیی بەرتەسکدا جێبەجێ کرا. حوسێن جەمیل[٣] کە بەکارایی لە نووسینەوەی دەستوردا بەشدار بوو دەڵێت:"لای من بەشداریکردن بە مانای یاسا دەهات"[٤]، واتە ئەم بەشداریکردنە وەک هەر بەشداریکردنێکی دی سەرەتا و کۆتاییەکی هەبوو، گەر بەرژەوەندیی یەک لە لایەنەکان مەترسیی لەسەر بووایە[٥]، هاوبەش واتە ئەوەی ئەرکی لەسەرە و ئەو مافانەیشی هەیە کە بەرامبەرەکەی هەیەتی، کورد هەستی کرد چەند ئەرکێکیان لەسەرە دەبێت ئەنجامی بدەن، کەچی حکوومەت پابەند نەبوو بە پێدانی مافەکانیانەوە[٦].

---

(1)F.O371\149668 British Embassy،Baghdad، February،23،1960. Tofo

(٢) جيلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، مصدر سابق، ص ٢٢٨.

(٣) ئەحمەد موسای ڕۆژنامەی الأهالي، ساڵی ١٩٤٦ بەشداری کردووە لە دامەزراندنی پارتی نیشتمانیی دیموکراتیدا و بووەتە سکرتێری گشتیی پرتەکە، پاشان لە ساڵانی ١٩٤٩ ـــ ١٩٥٠ بووەتە وەزیری ئیرشاد و لە ١٩٧٥ بووەتە نەقیبی پارێزەران و لە پاش شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨یشەوە جارێکی تر بووتەوە وەزیری ئیرشاد.

(٤) عبدالفتاح علي اليوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، ملاحظات تاريخية ودراسات أولية، أربيل، ٢٠٠١، ص ١١٨.

(٥) محمد العباسي، من زاخو الى كربلا، قصة المؤامرة على الثورة الشعبية، القاهرة، ١٩٩٢، ص ١٨١.

(٦) زهير كاظم عبود، أكراد العراق، أرضية للشراكة الدائمة، السليمانية، ٢٠٠٤، ص ١٥.

## ڕووداوەکانی کەرکووک

تورکمان دەمێک بوو هەستیان بە گرنگی و پێگەکەیەکی باڵاتر لە هیی کورد کردبوو لە شارەکەدا، بەڵام هەر زوو دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ململانێکە شێوازێکی سیاسیی وەرگرت(١). دەسەڵات لە بەغدا محمد عەزیزی یاریدەری لێکۆڵینەوەی بەشی تاوانی نارد بۆ وەستان لەسەر بارودۆخەکە. لە ڕاپۆرتەکەیدا هاتووە:

"پرۆپاگەندەگەلی داگیرکاری لە کەرکووک هەن، ڕق و کینە و جیاکاری لە نێو ڕۆڵەکانی گەلدا دەژێننەوە. هەروەها دامەزراوە ئینگلیزی و ئەمریکییەکان، دەستیان واڵا کردووە لە پەخشکردنی ئەو پروپاگەندانەدا، بەتایبەت کۆنسوڵخانەی بەریتانیا هیچ نەبوو جگە لە مۆڵگەیەکی سیخوڕیکردن، هەروەها هەبوونی چەند سەرچاوەیەکی تریش کە پەخش و بانگەشەی جیاکاری دەکەن، ئەویش کۆمپانیاکانی نەوت بوون(٢). لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ئەو ناکۆکییەی بوونی هەیە، بوونێکی ئاشکرایە لە نێوان کورد و ئەو تورکمانانەی کە خۆشەویستییەکی گەورەیان بۆ کۆماری تورکیا هەیە.(٣)

بەریەککەوتنی کورد و تورکمان بۆ یەکەم جار لە ٢٦ی ئوکتۆبەری ١٩٥٨دا ڕوویدا، لە کاتی سەردانی مەلا مستەفادا بۆ شارەکە، کاتێک ئەفسەرێکی تورکمانی کە بە هیدایەت ئەرسەلان ناو دەبرا، هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفای دا. ناوبراو بۆمبێکی چێنراوی لەو هەلیکۆپتەرەی کە بارزانی دەگواستەوە، دانا، بەڵام ئەم پیلانە شکستیهێنا، دوای ئەوەی یەکێک لە ئەفسەرانی کورد پێی زانی. ئەم ڕووداوە لە کەرکوکدا بە خێرایی بڵاو بووەوە، هەندێک پێکدادان ڕوویاندا، کە خەریک بوو کارەساتێکی خوێناوی لێ بکەوێتەوە، بەڵام مەلا مستەفا توانی بەسەر بارەکەدا زاڵ بێت(٤).

زەعیم نازم تەبەقچەلی، فەرماندەی فیرقەی دوو، هەوڵی داخستنی باڵیۆزخانەکانی بەریتانیا و تورکیا و ناوەندە پرسگەییەکانی ئەمریکای لە هەریەکە لە موسڵ و کەرکووک و سلێمانیدادا، چونکە کەشێکی تەماویی و ناهەموارییان دروست کردبوو و لە هەموو پێوەرە دیپلۆماسییەکان دەرچووبوون(٥). ڕێك وەك ئەوەی کە باڵیۆزی ئەمریکا لە کەرکووک لەگەڵ هەندێک لە خۆپیشاندەراندا دەبینرا و ئەمریکییەکان ژمارەیەک لە خەڵکییات پڕ چەک و تەقەمەنی کرد و لەگەڵیاندا کەوتنە ناو وتووێژی سیاسییەوە(٦).

---

(١) التقارير السرية عن تفتيش لواء كركوك في د.ك.و.و. وزارة الداخلية الملف (٦٩٣) التي تؤكد وجود صراع و عداء بين التركمان والكورد في المدينة، حنا بطاطو، الكتاب الثالث، مصدر سابق، ص٢٢٣.

(٢) م.أ.ح، القضية الكردية، الملف (١٣\٢٢) كتاب مديرية شرطة بغداد (القلم السري)، العدد (٤٥٦٥)، ٢٩ أيلول ١٩٥٨.

(٣) المصدر السابق.

(٤) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج١، مصدر سابق، ص ١٢٦.

(٥) م.أ.ح، القضية الكردية، الملف (١٣\٢٢)، مصدر سابق.

(٦) المصدر نفسه.

بە ڕوودانی جوڵانەوەی شەواف، بارودۆخ لە کەرکووک تێکچوو، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری ناردنی شاندێکی بە سەرۆکایەتی فوئاد عارفی وەزیری دەوڵەتدا بۆ کوردستان بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە. ئەویش لێکۆڵینەوەی خۆی کرد و ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە عەبدولکەریم قاسم کرد کە هۆکارەکانی ئەم بارگرژی و ئاڵۆزییەی لەخۆ گرتبوو، لەوانە:

نەمانی هەژمونی دەوڵەت لە بەردەم پارتەکاندا، بە تایبەت حزبی شیوعی و سەرکردە سەربازییەکان، ئەوانەی سەر بە خۆی بوون، وەکو داود جەنابیی سەرکردەی نوێی فیرقەی دوو[1].

ڕووداوەکانی کوشتن و دوژمنکارییەکانی نێوان کورد و تورکمان، بوونە هۆی ئیفلیجکردنی سەرجەم پەیوەندییەکان لە شارەکەدا. لە ٦ی مارسدا، تورکمانییەک بەناوی سەلاح شاکر کوژرا و تەرمەکەی لەلایەن ١٠٠٠ کەسەوە ئەسپەردە کرا و خەڵکەکە ئەم دروشمانەیان دەگوتەوە:(کەرکووک تورکمانییە، بڕوخێ پارتی. تورکمانی و عەرەبیە برووخێ پارتی، مردن بۆ پارتی و شیوعی)، لە هەمان ڕۆژدا کوردێک بەناوی ئەحمەد حوسێن پێکرا و یەکێکی دی بە ناوی عبدالقادر عوسمان بابان کوژرا، تەرمەکەی لەژێر هاتوهاواردا بەخاک سپێردرا، دەیانگوت (بەرە بەرەی نیشتمانیە، بژی کوردستان).

بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکووک لە گێڕانەوەکەیدا لەبارەی ڕووداوەکانی ڕۆژی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩وە، واتە لە ساڵیادی یەکەمی شۆڕشدا، دەڵێ: "لیژنەی کەرکووک ئاهەنگێڕانی دیاری کرد بۆ بۆنەکە، کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩، وەک کاتی دەستپێکردنی ڕێپێوانەکە بۆ ڕێکخراوەکانی بە شەقامە سەرەکییەکانی شارەکەدا، لە دەوروبەری کاتژمێر حەوت لە گەیشتنی ڕێپێوانەکە بە پردی کۆن لە ڕێگەیاندا بەرەو لای قەڵا، خۆپیشاندەرانی تورکمانی بە ئۆتۆمبیلەکانی سوپادا سەردەکەوتن (جیاکارییەک لە نێوان هەردوولا)، ڕێپێوانەکە بەرەو پێش ڕۆیشت، لە سەرووی هەمووویانەوە لە چوونەناوەمان بۆ شەقامی ئیستیقلال، سوپایەکی گەورە کە نزیکەی ٦٠ سەرباز دەبوون حەبلیان پێ بوو بە ئاراستەی پێچەوانە دەڕۆیشتن، بە پشتبەستن بە فەرمانەکانم، پیاوانی پۆلیسم بە دەوری شەقامی لای بەڕێوەبەرایەتی زانست و زانیاریدا بڵاوە پێکرد، کاتێک ڕێپێوانەکە پێشڕەوی کرد بۆ پێشەوە بۆ شەقامی ١٤ی تەموز، ئەوەی تورکمانەکان بە بەرپەرچدانەوەیاندا لەسەری، دەنگی گولەم بیست، نەدەکرا شوناسی ئەو کەسەی تەقەی کردووە دیاری بکرێت، بەڵام خۆپیشاندەران هێرشیان کردە سەر قاوەخانەکە و لە ئەنجامی ئەوەشدا جەنگ ڕوویدا وەڵامدانەوە و تەقەکردنی ئەفسەران و پیاوانی گەل و بەرگریکاران کتوپڕ بوو. بیست تورکمانی کوژران، لاشەکانیان لە شەقامەکاندا کەوتبوون، ئەم کارانە هەمووی ئەفسەران و پیاوانی شەعب و بەرگیکاران ئەنجامیاندا[2]، لە ئاکامدا کوژرانی ٣١ کەسی لێ کەوتەوە، کە لە ڕاپۆرتی فەرمیدا تۆمار کراون،

---

(١) جرجیس فتح الله، لعراق في عهد قاسم، آراء وخواطر ( ١٩٥٨ـ١٩٨٨)، ج٢، السويد، ١٩٨٩، ص ٧٢١.

(٢) م.أ.ج، حوادث كركوك، كتاب مديرية الأمن العامة، العدد (٥٠٠٥)، ١٨ تموز ١٩٥٩، العدد (٥٠٩٣)، ٢١ تموز ١٩٥٩، وجريدة الثورة، العدد (٩٢٠)، ١٥ حزيران ١٩٦٢.

تیایاندا سێ کورد هەبوون و ئەوانی تر تورکمان بوون، بەڵام بریندارەکان گەیشتنە ١٣٠ کەس، دادگا لە ئەنجامدا بڕیاری کوشتنی بۆ ٢٨ تۆمەتبار دەرکرد[١]، لە ڕووداوەکانی کەرکووکدا.

هیچ ڕێککەوتنێک نەبوو لەسەر ئەوەی کێ دەستی بەم توندوتیژییە کردووە[٢]. بەتاتو پێی وایە ئەو ڕووداوانە دەشێ ببنە هۆی حاڵەتێکی توندوتیژییەکی سەخت، واتە ئەوەی کە عێراق لە سایەی نەبوونی سەقامگیری سیاسی و تۆمەڵایەتیدا، لەو کاتەدا بەخۆیەوە بینی[٣].

بەڵام شیوعیەکان دەستبەجێ ئەوانەیان تۆمەتبار دەکرد کە بە (کرێگیراوان)ی سەر بە هاوپەیمانی ناوەندی (سەنتۆ)ن و کۆمپانیای نەوتی عێراقی بە بەجۆشدان و خۆشکردنی ئەو ڕووداوانە تۆمەتبار کرد، بەڵام ئەوان لە ١٨ی تەموزی ١٩٥٩دا گەڕانەوە تا سەرزەنشتی نەژادپەرستە عەرەبەکان بکەن[٤].

حزبی بەعس ئەو ڕووداوانەی موسڵ و کەرکوکی بە بەشێک لە سیاسەتی تیرۆریستی خوێناوی هەژمار کرد، کە یەکێکە لە سیفەتەکانی فەرمانڕەوایی عەبدولکەریم قاسم[٥].

پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، ئەم ڕووداوە نا ئاشتییانەی دایە پاڵ سیاسەتەکانی عەبدولکەریم قاسم، لەبەر ئەوەی ڕاستەوخۆ دوای شۆڕش نازم تەبەقچەلیی وەک فەرماندەی فیرقەی دووە دامەزراند، ئەوەی ئارەزووی بۆ نەژادپەرستان هەبوو. پاشان دەستگیرکردنی بەهۆی بەشداریکردنی لە جوڵانەوەی موسڵ، دامەزراندنی داود جەنابی لە شوێنی ئەویش هاوکاری شیوعیەکان بوو. بووە هۆی دروستبوونی دوو دەستەی توندڕەو لە کەرکووک، ڕێککەوتن لە نێوانیاندا قورس بوو[٦].

ڕۆژنامەی الثورة پاڵپشتی لەمە کرد و لە سەرنجێکیدا بە ناونیشانی "فاتیحەی ماوەی ڕاگوزەری" نووسی: ئەو کوشتارگەیەی کەرکووک بە هۆی هەڵەی هێزە سەربازییەکانەوە بوو کە لە حزبەکانەوە فەرمانیان وەردەگرت و ئەرکەکانیان پشتگوێ خستبوو، کە مەبەستی داود جەنابییە[٧]، لە ڕاستیدا هەموو لایەک بێ جیاوازی لایەنێک ئەم بەرپرسیاریەتییەی لەسەر شانە[٨]. پارتی لەبارەی ڕووداوەکانی کەرکووکەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد و یەکەم پارتی سیاسی بوو ئەو کارانەی ئیدانە کرد، داوای بە سزاگەیاندنی

---

(١) عبدالفتاح علي البوتاني، العراق في دراسة في التطور لسياسية الداخلية ١٤تموز ١٩٥٨ ـــ ٨ شباط ١٩٦٣، دمشق، دار الزمان، ٢٠٠٨، ص ٢٢٥.

(٢) دان أوريل، العراق في عهد قاسم، تاريخ سياسي ١٩٥٨ ـ ١٩٦٣، ترجمة جرجيس فتح الله محامي، السويد ١٩٨٩، ص٢٨٢.

(٣) حنا بطاطو. الكتاب الثالث، ٢٢٣، الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية، العهد العثماني، حتى قيام جمهورية، ترجمة عفيف الرزاز، بيروت، مؤسسة الأبحاث العربية، ١٩٩٢.

(٤) د.ك.و، وزارة العدل الملف (٩١١١١\٤٢٦، ٤٢١)، رئاسة محكمة استئناف كركوك، العدد (١٧٢٦\٢٥)، ٢٩ آب ١٩٥٩، مذكرة عبدالجبار بيروخان ورفاقه.

(٥) نضال البعث، ج٧، ص ٥٨.

(٦) عبدالفتاح علي البوتاني، العرق في الدراسة التطورات السياسية، مصدر سابق، ص٢٢٧.

(٧) نفس المصدر، ص ١٨١.

(٨) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٢، مصدر سابق، ص ١٢٦.

تۆمەتباران و تاڵانچییانی کرد و بە هۆی ئەو ڕووداوانەوە پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ حزبی شیوعیدا خراپتر بوو[1].

عەبدولسەتار تاهیر شەریف دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە پێناو ڕێگریکردن لە خەڵکی لە بەشداریکردن لەم کوشتارگەدا تێکۆشا و هەوڵیدا، بەڵام ژمارەیەک لە ئەندامانی و لایەنگرانی لەو ڕووداوانەدا بەشدارییان کرد[2].

بەڵام تورکمانەکان پێیان وابوو ئەم کوشتارگە تاڵ بوو و لە نێو جێبەجێکارانیدا سەرۆکی یەکێتی لاوانی دیموکراتی و یەکەم سەرۆکی خانەنشینکراو فاتح داود جەباری هەبوون[3]، بێ ئەوەی ئاماژە بە بوونی ئەو کەسایەتییانە بکات کە لە دەرەوەی سنوورەوە هاتوون و لە پشت ڕووداوەکانەوە بوون. ئەوەی ڕۆشناییەکی نوێی خستە سەر شیکردنەوەی ڕووداوەکان، بۆ نموونە یەکێک لە بەشداربووانی ئەو ڕێپێوانە نووسیویەتی[4]، لە دەرەوەی ڕێپێوانەکەوە کەسێکی نەناسراو تەقەی لێ کردن.

لە نووسراوێکی زۆر نهێنیدا لە بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی کەرکووک، بە (ژمارە س٩٨٥٧) لە ١٨ی ئەیلوولی ١٩٥٩ هاتووە: لە ڕووداوە نەخوازراوەکانی کەرکووکەوە دەرکەوت، ئێرانییەکان بە دزییەوە بەبێ پاسپۆرت هاتوونەتە نێو خاکی عێراق، بەکردار بەشداری ڕووداوی ناوبراویان کرد، لەو ئێرانییانەیش (سیف الله کەریم) (تۆفیق مستەفا)[5] بوون. بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی گشتیش زیاد لە جارێک هۆشداریی دابووە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس و کاربەدەستانی سەربازی لە هەبوونی ژمارەیەک ئێرانی کە دزەیان کردووە و دەستیان لە خۆپیشاندان و ناڕەزاییەکاندا هەیە، ئەوان بوونەتە هۆی دروستکردنی ئاژاوەگێڕی. بەڕێوەبەرایەتییەکە جەختی لە بەگرنگزانینی چاودێریی سنوورەکان و پشکنین بۆ ئەوانەی دزەیان کردووە، کردەوە. بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگری سەربازی، نووسیویەتی هەزار چەکی ڕەشاش لە سنوورەکانی ئێرانەوە هاتووەتە عێراقەوە[6].

ڕۆڵی تورکیایش لە هاندانی تورکمانەکاندا دژ بە حکوومەتەکەی قاسم لە ڕۆڵی ئێران کەمتر نەبوو، چونکە ڕۆژنامە تورکییەکان چەشنی حوڕییەت، یەنی سەباح و دونیا دەگەیشتنە کەرکووك، داوای لە تورکمانەکان دەکرد داوای مافە نەتەوایەتییەکانیان بکەن، چونکە عێراق تەنیا نیشتمانی عەرەب و کورد

---

(١) المصدر السابق، ص ٣٥٦.

(٢) عبدالستار طاهر شريف، مذكراتي، مصدر سابق، ص ١٠٥.

(٣) صلاح الدين صديق، دماء بريئة، بغداد، ١٩٦٣، ص ٢٧.

(٤) مصطفى نريمان، ذكريات حياتي، أربيل، ١٩٩٤، ص ٤١.

(٥) و.م.ن/ الأقامة والأجانب، الملف (٢٠١٢٨).

(٦) كتاب مديرية الشرطة العامة، الحركات، التخطيط والتدريب، سري وشخصي ـ على فور العدد: (٥٥٠٦) ٢ آب /أغسطس ١٩٥٩.

نیيه[١]، ڕۆژنامەی حوڕییەت پێی وابوو سەرجەم دانیشتووانی عێراق تورکن[٢]، هەروەك ئاشکرا بوو کە حکوومەتی تورکیا ٥٠٠ پارچە چەکی بۆ هەندێك لە گرووپەکانی عێراق ناردبوو بۆ یاخیبوون و ئاژاوەگێڕیی دژ بە حکوومەتی شۆڕش، ئەمەش لە چەند مانگی سەرەتای پێکهاتنی حکوومەتەکەدا بوو[٣].

بەڵام بۆچی قاسم ئاوڕی لە دەستوەردانی هەردوو حکوومەتی ئێران و تورکیا نەدایەوە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دابڕانی لە زۆربەی ناوچە عەرەبییەکان و گۆشەگیرییە عەرەبییەکەی.

سەبارەت بە حزبی شیوعیی عێراق، دووان لە کەسایەتییە کوردییە کەرکووکییە هاوچەرخەکان موکەڕەم جەمال تاڵەبانی و مارف خەزنەدار لەبارەی ڕووداوەکەوە بەم جۆرە دواون: موکەڕەم تاڵەبانی دەڵێت: ڕووداوەکانی کەرکووك لەلایەن حزبی شیوعیی عێراقەوە ڕێك نەخرابوون، چونکە ڕێپێوانی جەماوەری هاوشێوەی ڕێپێوانەکانی تری شارەکانی عێراق، بۆ یادی شۆڕش، ئاشتییانە و نا چەکدار بوو، هەروەك لیژنەی ناوچەیی حزبی شیوعی لە کەرکووك ژمارەیەکی زۆر تورکمانی تێدابوو، هەروەها ژمارەیەك لەوانەی حوکمدران و لە سێدارە دران لەو تورکمانانە بوون کە شیوعی نەبوون[٤].

مارف خەزنەداریش لەبارەی پاشخانی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان کورد و تورکمانەوە لە شارەکەدا دەڵێت: تورکمانەکان لە لیژنەکانی بەرگری لە کۆماردا بەشدارییان نەدەکرد، کاتێکیش شێخ ئەحمەدی بارزان لە ١٠ی ئابی ١٩٥٨دا سەردانی شارەکەی کرد، لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعیەوە پێشوازیی لێ کرا، بەڵام تورکمانەکان گوێیان پێ نەدا ئەمەش هەڵوێستێکی تایبەتی لای کورد بەرامبەر تورکمان دروست کرد. تورکمانەکان بە ئاشکرا دژ بە شۆڕش و لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی تورکیدا بوون، نووسینێکی پشکنەری ئیدارەی کەرکووك، محەمەد عەلی شەریف پاش ساڵێك لە هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١دا ئەم دابڕانەی نێوان کورد و تورکمان پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت: "لەم شارەدا ململانێیەکی کۆن لە نێوان کورد و تورکماندا هەیە، ئەم ململانێیە هۆکاری ڕووداوەکانی کەرکووك بوو، بەڵام ئەم ململانێیە وای لە هەردوولا کردووە لەگەڵ دەسەڵاتدا ئاتەبا بن"[٥].

---

(١) وريا جاف، كركوك، دراسة سياسية واجتماعية، أربيل، ١٩٩٨، ص٨٩.

(٢) د.ك.و\ مجلس السيادة، سفارة الجمهورية العراقية في أنقرة، تقرير السفارة العراقية العام لشهر تشرين الأول أكتوبر ١٩٥٨، كتاب وزارة الخارجية، الدائرة السياسية الرقم (٦٠٠\٥٥٥\٥٥٥)، ١٣ تشرين الأول ١٩٥٨.

(٣) و.م.ن. الأمن العام من لواء الموصل ، صورة تقرير مدير ناحية نيروا وريكان في تشرين الثاني ١٩٥٨ كتاب قائممقامية قضاء العمادية، العدد (١٨\٢\١٢٦) تشرين الثاني ١٩٥٨.

(٤) عبدالفتاح علي البوتاني، العراق دراسة في تطورات السياسة الداخلية، مصدر سابق، ص٤٢٢.

(٥) د.ك. والتقارير السرية عن تفتيش كركوك، الملف ١٤٢\٥٠٠\١٦٣ الداخلية، تقرير المفتش الإداري محمد علي شريف، في ١٩٦٢\١٠\١١.

پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتارگەکە و لێکەوتەکانی، قاسم خۆی لە شیوعیەکان دوورخستەوە و لە کاتی کردنەوەی کڵێسای ماریوسفی کلدانیەکاندا لە بەغدا، باسی لەو دەمارگیرییە کوێرانەیە کرد کە تێکەڵ بە ڕووداوەکانی کەرکووك بوو، لە گوتارەکەیدا گوتی:

"ئاژاوەگێڕان کە ڕق و کینەیان سنوری تێپەڕاندووە، لەم ڕووداوانە بەرپرسن، ئێمەیش ئەو هێزەمان هەیە هەر ڕەگەزێکی ئاژاوەگێڕی کە هەڕەشە لە گەل بکات لە ناو ببەین"[1]. قاسم بانگی لە سەرباز و ئەفسەران کرد گوێڕایەڵی ئەو فەرمانانە بن کە لە سەرکردایەتی باڵاوە دەردەچن، لەو کاتەوە مانگی هەنگوینی لە نێوان شیوعیەکان و قاسمدا دەستی بە ئاوابوون کرد و بە بڕیاری عەبدولکەریم قاسم خۆیشی سەدان کەس لە شیوعیەکان و شوێنکەوتووانیان دەستگیر کران[2].

لە ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩دا، پاش خوێندنەوەی ڕاپۆرتی هەواڵگرانی، قاسم تا ڕادەیەك دەستی لە تۆمەتبارکردن هەڵگرت و لەم مێژووەدا ڕایگەیاند و گوتی:

"ئەوانەی گەلەکۆمەیان لێ کردووین کەسانێکی ناپاکن و لە دەرەوەی سنوورەوە پشتگیری لێ کراون، بەڵگەمان لە بەردەستدایە کە پێنج گروپ لە پێنج لانەدا لە کەرکووك کاریان دەکرد، لەوانە بەعس و چەند گروپێکی بەرگری لە چەپڕۆ یان ڕاستڕۆیان، کە دەمارگیریی کوێرانە بەسەریاندا زاڵە، هەروەها کێبەرکێی کۆن لەپشت ڕووداوەکانی کەرکووکەوەیە"[3].

لەبارەی ئەو زلکردنەوەیەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هێزە ڕاستڕۆکانی سەربە وڵاتانی دراوسێیش لەسەر ڕووداوەکانی کەرکوك، قاسم لە ٢٩ی تەموزی ١٩٦٠دا گوتی:

"پڕۆپاگەندەکان هێشتا باس لە ڕووداوەکانی کەرکووك و موسڵ دەکەن، ئێستا ڕووداوەکانی کەرکووك بۆ هەر دۆخێکی شۆڕشگێڕانە بە هیچ هەژمار ناکرێت"[4].

گرنگ ئەوەیە قاسم لە تەموزی ١٩٥٩دا، چەپەکانی بەوە تۆمەتبار کرد گوایە لە پشت ڕووداوەکانەوەن، بەڵام پاش لێکۆڵینەوە لە تۆمەتەکانی پاشگەز بووەوە.

ئایا کۆمپانیای نەوت لە کەرکووك ڕۆڵی لە ڕووداوەکاندا هەبوو؟

ڕاستییەکەی کۆمپانیای نەوتی کەرکووك چالاکییەکی فراوانی هەبوو، لە یادەوەری یەکەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٩دا، تیشك دەخاتە سەر ڕووداوەکانی کەرکووك، زۆربەی بەرپرسەکان و کەسایەتییە کوردی و تورکمانییەکان بە ڕێکوپێکی و بەم شێوەیەی خوارەوە مووچەیان وەردەگرت:

(١) أوريل دان، العراق في عهد قاسم، تاريخ سياسي ١٩٥٨ ـ ١٩٦٣، ترجمة جرجيس فتح الله المحامي، سويد، ١٩٨٩، ص٢٨٢.
(٢) أديت وايف، بنيروز، ص٣٧٣: أوريل دان، العراق في عهد قاسم، مصدر سابق، ص ٢٦٩.
(٣) جريدة اتحاد الشعب، العدد ٢٦٧ في ٣ كانون الأول\ديسمبر ١٩٥٩، (مؤتمر صحفي).
(٤) جريدة الاستقلال، العدد ٥٠٠ في ٣٠ تموز ١٩٦٠\حديث عبدالكريم قاسم مع الصحفيين.

١. کەسەکە ئۆتۆمبیلە تایبەتییەکەی لای بەڕێوەبەرایەتیی گواستنەوەی کۆمپانیا تۆمار دەکرد، وەك بڵێی کۆمپانیا بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی خۆی بە کرێی گرتووە، بەڵام ئۆتۆمبیلەکە لە دەستی خاوەنەکەیدا دەمایەوە و کرێی مانگانەکەیشی وەردەگرت.
٢. کۆمپانیا لە ڕێگەی بەڕێوەبەری کارەکانیەوە لە بۆنە ئاینییەکاندا هاوکاریی دارایی پێشکەش بە پیاوانی ئاینی دەکرد.
٣. بنەماڵە ئەرستۆکراتییە کوردی و تورکمانییەکان لە بەرامبەر پاسەوانیکردنی بیرە نەوتییەکاندا لە زەوییەکانی خۆیان مووچەیەکی زۆریان وەردەگرت.
٤. کۆمپانیا بە دامەزراندنی کرێکار خۆی لە کەمینەکان: تورکمان، کلدان، ئەرمەن و ئاسوری نزیك دەکردەوە[١].

## ناکۆکییەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسم و کورد

ڕۆژنامەنووسێکی عێراقی ڕۆژانی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی مەلا مستەفا بۆ بەغدا و مۆڵەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەك مانگی هەنگوینی نێوان دوو دەسگیران وەسف دەکات، بەڵام ئەم هاوسەرگیرییە دەگمەنە هەروا بە ئاسانی جێبەجێ نەبوو، بەڵکە ئاستەنگی زۆر هاتنە بەردەمی.

پاش گەڕانەوەی مەلا مستەفا تەرازووی هێز بە ئاشکرا لە بەرژەوەندیی کورد شکایەوە، ژمارەی ئەندامانی حزبەکەی گەیشتە ٢٠٠٠٠ ئەندام، لەگەڵ ئەوەیشدا حکوومەت هەنگاوی پێویستی بۆ باشکردنی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان نەگرتەبەر، ئەمەیش بووە مایەی بێهیوابوونی کورد[٢]. ئەو سیاسەتە ئابوورییەی حکوومەت پیادەی دەکرد ئەنجامەکانی خراپ بوون[٣]. لە پلانە پێنج بەشییەکەی (١٩٥٩ـ١٩٦٣) دا هیچ پڕۆژەیەکی بە بایەخی بە کوردستانەوە تایبەت نەکرد، تەنانەت پڕۆژەی کارگەی شەکر لە سلێمانی و کارگەی ڕستنی لە هەولێر، گواستەوە بۆ شارەکانی کووت و دیوانییە لە ناوەڕاستی عێراق[٤].

گەرچی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی لە ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٥٨دا دەرچوو، گورزێکی بەهێزی لە موڵکایەتییە گەورەکان وەشاند، کەچی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە دۆخی جوتیارانی کورد نەهێنایە کایەوە،

(١) عبدالفتاح علي البوتاني، دراسة في التطورات السياسية الداخلية، مصدر سابق، ص ٤٢٢.
(٢) مجيد خدوري، العراق الجمهوري، واشنطن، دار المتحدة، ١٩٧٤، ص ٢١٣.
(٣) جواد كاظم البيضاني، موقف الأحزاب السياسية في العراق من القضية الكوردية ١٩٥٨ ـ ١٩٦٨، بغداد، دار العباد، ٢٠٠٤، ص ٤٩.
(٤) كاوس قفطان، مصدر سابق، ص٦٢: عزيز الحاج القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ٩٩٤، ص ١٣.

چونکە یاساکە تایبەتمەندیی ڕەوشی کشتوکاڵی لە کوردستان لەبەرچاو نەگرتبوو[١]، بەو پێیەی ڕووبەری فراوان لە کوردستاندا بوونی نییە، هەزار دۆنم لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق لە موڵکە مامناوەندییەکان هەژمار دەکرێت کەچی لە کوردستان بە موڵکێکی گەورە دادەنرێت[٢]، سەرباری خراپیی ئەو یاسایە حکوومەتیش لە ناوچە کوردییەکان جێبەجێی نەکرد، ئەمەیش لە پێناو ڕاکێشانی ئاغاکانی کورد بۆلای خۆی، تاکو لە بەرهەڵستی بزاوتی نەتەوایەتیی کورددا سوودیان لێ وەربگرێت[٣].

لە کاتێکدا باری ئابووریی کوردستان خراپ بوو، حکوومەت دەستی کرد بە دانانی باجی نوێ بۆ زەوییەکان[٤]، ئەم باجدانە جووتیارانی کوردی ورووژاند، چونکە دەردەسەریی جووتیارانی قووڵتر کردەوە[٥]. پارتی، داوای هەڵوەشاندنەوەی یاساکەی کرد، چونکە بووبووە مایەی گرفت بۆ جووتیاران، حزبی شیوعیش هەمان هەڵوێستی نواند[٦]، هەروەها قاسم شاندی خێڵەکانی بۆ گفتوگۆ لەبارەی باجەکان و یاسای چاکسازیی کشتوکاڵییەوە ڕەتکردەوە. بەمەیش ئەو باوەڕەیان لا دروست بوو کە حکوومەت لە چاکسازییە ئابووری و ڕامیارییەکاندا جددی نییە[٧]. وەفدەکە گەڕایەوە کوردستان و باجدانی ڕەت کردەوە. ڕێگەیان بە حکوومەت نەدا چاکسازیی کشتوکاڵی جێبەجێ بکات، ئەوەش دۆخی ئابووریی بەرەو خراپتر بردبوو پێداگیریی حکوومەت بوو لەسەر سەرکوتکردنی ناڕازییانی کورد. ئەوەبوو شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ هەڵگیرسا، کە پشکی شێری لە دارایی دەوڵەت لووشدا، چونکە تێچوونەکانی شەڕ لە کوردستان ئەوکات بە نزیکەی ٢٥ ملیۆن دیناری ساڵانە، مەزەندە دەکرا[٨].

لە ڕووی ڕووناکبیری و خوێندنیشەوە ئەو کوردانەی لە سەردەمی پادشایەتیدا لە مافی خوێندن بێبەش بووبوون، دوای شۆڕشیش هەر لەسەر باری خۆیان مانەوە، ژمارەی قوتابخانەکان هەروەك خۆی بوو، جگە لە قوتابخانە سەرەتاییەکان لە سلێمانی و لەوانی تردا خوێندن هەر بە زمانی عەرەبی بوو، کوردستان هەر بێبەش بوو لە کۆڕێکی زانیاری تایبەت و زانکۆیەکی کوردی، پشکی قوتابیانی نێردراو بۆ دەرەوە لە نیوەی نێردراوان کەمتر بوو[٩]. سیاسەتی حکوومەت بەرامبەر بە ڕۆشنبیریی کورد لە بڕیارەکانی سەندیکای

(١) ش. ج. آشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـ العراق، مصدر سابق، ص ٤٩.

(٢) جمال الحيدري، الشيوعيون، طليعة النضال لحل قضية كردستان ونوال الشعب الكردي حقه في تقرير المصير والحرية والوحدة القومية في الحزب الشيوعي العراقي موقفه عن المسألة القومية الكردية، وثائق برنامجية، بغداد، ١٩٧٣، ص ٣٥.

(٣) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكوردية، ج٢، ص٨٤.

(٤) أوريل دان، العراق في عهد قاسم، مصدر سابق، ص٧٣.

(٥) عزيز الحاج، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٣١.

(٦) ماجد عبدالرضا، القضية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١١٤.

(٧) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٥٩.

(٨) ماجد عبدالرضا، القضية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١٣٨.

(٩) كاوس قفطان، مصدر سابق، ص ٦٨.

مامۆستایاندا له کۆنگرەی سێیدا له ١٩٦٢ ڕەنگی دایەوە، کە کۆنگرە ڕایسپارد وشەی کوردستان له کتێبەکاندا بسڕێتەوە و هانی مامۆستا و نووسەرانی کورد بدرێت بە عەرەبی بنووسن، پێویست کرا وانەگوتنەوە بە عەرەبی بێت و بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنە کوردییەکان هەڵوەشێنرایەوە لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەیەکی کردنەوەی کۆلێژی پەروەردە له کوردستان، سەرباری دروستکردنی لەمپەڕ لە بەردەم بەشی کۆنگرەیەکی ناوچەیی بۆ مامۆستایانی کورد[١]. بۆ مێژوو، قاسم دەسەڵاتی بەسەر سەندیکای مامۆستایان لەو کۆنگرەیەدا نەدەشکا، چونکە براوەکان بریتی بوون لە (بەرەی یەکگرتووی فێرکردن) کە لە هاوپەیمانیی نەتەوەپەرست و بەعسییەکان پێکهاتبوو.

لەگەڵ دەستپێکی ساڵی ١٩٦٠دا ساردوسڕی باڵی بەسەر پەیوەندیی نێوان عەبدولکەریم قاسم و سەرکردایەتی کورددا کێشا، بە شێوەیەك داواکارییەکانی کورد توندتر و هەڵوێستەکانی حکوومەتیش زبرتر بوونەوە. پاش سەرکەوتنی قاسم لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی حزبی شیوعی کە وای لێ کرد هەست بە توانا و هێزی خۆی بکات، لەسەر ئەنجامدانی هەمان کار لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە بە هەر هۆکارێك هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پارتی دەدا، بەرەبەرە گرنگییەکی کەمتری بە سەرۆکی حزب، واتە مەلا مستەفا دەدا، کەچی ڕێزێکی زۆری لە ئاغا و دەرەبەگەکان دەگرت[٢] . قاسم بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی باس بکات بڕیاریدا کۆنگرەی مامۆستایانی کورد کە بڕیاربوو لە شوباتی ١٩٦٠ لە شەقڵاوە ببەسرێت، هەڵبوەشێنرێتەوە.

هەروەك لە ٧ی ئایاری ١٩٦٠ کاتێك بارزانی خەریکی بەستنی کۆنگرەی پێنج بوو لە بەغدا، قاسم پێشوازیی لە شاندێکی خێڵەکی کرد کە دوژمنانی سەرسەختی بزووتنەوەی کوردیان تێدابوو[٣]، هەروەها چەك و پارەی بەسەر ئەو خێڵانەدا بەخشییەوە کە دژ بەسەرکردایەتی پارتی بوون[٤]، وەك خێڵەکانی: ڕێکانی، زێباری و بەرواریيەکان[٥].

لە بەرامبەریشدا پارتی هەر بە خۆڕاگری و بەدەسەڵات مایەوە، بەردەوام داوای چاکسازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کوردستاندا دەکرد، یاخود داوی پێویستیی جێبەجێکردنی مادەی سێ لە دەستوری کاتی دەکرد، ئەویش بە پێدانی مافە نەتەوایەتییەکان و هەڵوەشاندنەوەی حوکمە عورفییەکان و کۆتاییهێنان بە قۆناغی ڕاگوزەری[٦].

---

(١) المصدر السابق، ص ٦٩.

(٢) عبدالفتاح علي يحيى، التطورات السياسية، مصدر سابق، ص٢٢٢.

(٣) طالب عبدالجبار حيدر، المسألة الكردية في الوثائق العراقية، المشكلة، الحل، النتيجة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية القانون، جامعة بغداد، ١٩٨٢، ص ٢٣.

(4)Edgar balance the Kurdish Revolt 1961 - 1970 london 1973p.p70 - 71

(٥) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٥١.

(٦) دانا آدمز شميدث، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ١٠٦

قاسم پێی وابوو گەر کورد لە حاڵەتی ململانێی نێوخۆیدا بمێننەوە، ئەوە هەرگیز سوپا دەستوەردان ناکات، هەربۆیە قاسم وەڵامی داواکارییەکانی مەلا مستەفای بە دەرکردنی زێبارییەکان یان دەستگیرکردنی تاوەنبارەکانیان و ئەوانەی تاوانیان ئەنجام دابوو نەدایەوە، بەڵام سەرکەوتنی بارزانییەکان لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی خێڵە دوژمنەکانی بزووتنەوەی کورددا، قاسمی خستە بەردەم ئەمری واقیع[1].

لە ٢١ی شوباتی ١٩٦٠دا باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا سەردانی بارزانیی کرد بۆ پیرۆزباییکردن لە وەرگرتنی مۆڵەتی پارتی، بارزانییش لە ٢٨ی شوباتدا بۆی سەندەوە و سەردانی کرد. باڵیۆزی ئەوکاتی بەریتانیا لە بارەی ئەم دوو سەردانەوە دەڵێت:"بەریتانیا هەوڵی دا دۆستایەتی و پشتگیری بارزانی بکات و ڕابردوو لە بیر بکات"، هەروەها باڵیۆزی بەریتانیا ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە بارزانی لەماوەی گوتوبێژەکەدا ناوی قاسمی نەبرد و دڵسۆز بوو بۆ قاسم و حکوومەتی عێراق. هەروەها لە وەڵامی بارزانیدا بۆ دڵنیاکردنەوەی نیازپاکیی بەریتانیا بەرامبەر بە دۆزی کورد گوتی: "ئێمە پێمان وایە پەیوەندیی نوێ دێتە ئاراوە، بەڵام تەنیا لە ڕێگەی حکوومەتی عێراقەوە"[2].

کاتێك هەواڵی ئەم پەیوەندییانە بە قاسم گەیشت، بۆی دەرکەوت کە پەیوهندیی نێوان هەردوولا گەیشتووەتە ڕادەی یەکلاییبوونەوە. لە هەردوو ڕۆژنامەی الثورة و بەغدا کە لایەنگری حکوومەت بوون، زنجیرە گوتارێك دەرچوون کە داوای توانەوەی کوردیان دەکرد[3]. ڕۆژنامە کوردییەکانی وەک خەبات و صوت الأکرادیش بەتوندی وەڵامی ئەم گوتارانەیان دایەوە.

ڕۆژنامەی خەبات لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠دا گوتارێکی بە قەڵەمی ئیبراهیم ئەحمەد بە ناونیشانی "میللـەتی کورد و مادەی دووی دەستوری کاتی عێراق" بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتووە: "بەپێی مادەی دووی دەستوری کاتی، عێراق بەشێکە لە ئومەتی عەرەبی، ئەم گوتەیە زیاتر عاتیفییە وەك لەوەی کرداری و مەنتیقی بێت، چونکە عێراق ئێستا وەك هەمووان دەزانین یەکێك لەم دوو واتایە دێت، یەکەمیان بە واتای وڵاتێك لە ڕووی مێژوو و جوگرافیاوە گەلێك لە عێراقی هەنووکە گچکەترە، دووەمیان بە واتای زاراوەیەکی سیاسی مەبەست لێی وڵاتێکە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی دروست بووە، بە یەکگرتنی بەشێکی گەورە لە عێراقی مێژوویی لەگەڵ بەشێك لە باشووری کوردستان کە هەندێك جار پێی دەگوتریت "شارەزوور" یان "ویلایەتی موسڵ" بەپێی دابەشکردنە ئیدارییەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا".

---

(١) أحمد فوزي، قاسم والأكراد. مصدر سابق، ص١٣٣.

(٢) وليد حمدي، الكرد وكردستان، مصدر سابق، ص ٢٧٤.

(٣) عبدالمحسن خليل محمد، المسألة الكوردية، احداثها وتطوراتها، بحث مقدم إلى مجلس قيادة الثورة في بغداد بإشراف سعد ناجي جواد، القسم لناني، بغداد، ١٩٨٦، ص ٤٣٧.

پاشان دەڵێت: "بۆیە بەم حاڵەوە ناتوانرێت پێی بوترێت بەشێکە لە ئومەتی عەرەبی، نە بە واتای سیاسی واتە دەوڵەت، نە بە واتای جوگرافی ... کوردستان هەرگیز بەشێك نەبووە لە نیشتمانی عەرەبی"[1].

ئیبراهیم ئەحمەد لە بارەگای وەزارەتی بەرگرییەوە بانگهێشت کرا و لەلایەن حاکمی لێکۆڵینەوەوە کە سەر بە نووسینگەی حاکمی سەربازی بوو لە ٢٢ی تشرینی یەکەم، ڕووبەڕووی لێپرسینەوە کرایەوە و بە کەفالەتێکەوە پەیوەست کرا و بەردرا. ڕاستییەکەی ئەمە یەکەمین و دوایین جار بوو کە ئەنجوومەنی عورفی سەربازی لە ژیانیدا بنەما یاساییەکان پەیڕەو بکات، ئەوەبوو سێ کەسی شارەزای ڕاسپارد بۆ لێکۆڵینەوە لە گوتارەکە لەڕووی مێژووی و زانستییەوە و ڕوونکردنەوەی ئەوەی ئاخۆ زانیارییەکانی ناوەرۆکی گوتارەکە بارگرژی و لێکترازان دەورووژێنێت؟ لێژنەکە ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش کرد و حکوومەت وەری گرت[2]. بە دوایدا هەڵمەتێکی دژایەتیکردنی پارتی دەستی پێکرد، دەستبەسەرکردنی ئەندامی لێژنەی مەرکەزی، ساڵح یوسفی[3]یش ڕاگەیاندنی دەستپێکی ئەم هەڵمەتە بوو. بەڵگەنامەیەکی نهێنی کە لە ٢٢ی شوباتی ١٩٦١دا لە ئیدارەی ئەمنی گشتییەوە دەرچووە، ئاماژە بەوە دەکات کە حکوومەت بە نیازی هەڵوەشاندنەوەی پارتی بووە[4]، هەروەها لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠دا، حکوومەت ئەو دەرماڵەیەی بەسەر خێڵە دوژمنەکانی بارزانییەکاندا بەخشییەوە کە بۆ بارزانییە گەڕاوەکان لە یەکێتی سۆڤێت دانرابوو[5].

کاتێک مەلا مستەفا لە سەردانەکەی مۆسکۆی[6] لە ٢٣ کانونی دووەمی ١٩٦١ گەڕایەوە، بینی قاسم چەند هەنگاوێکی بۆ لاوازکردنی ئەم گرتووەتە بەر[7]. قاسم مەلا مستەفای بە کرێگرتەی پەیمانی سەنتۆ تۆمەتبار کرد، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە بارزانی لەسەر تریبۆنی شەرەف لە گۆڕەپانی سوور لە تەنیشت خرۆشۆف و سەرکردەکانی تری سۆڤێتەوە دەرکەوتبوو. بارزانی لە خەمخۆریی خۆیەوە بۆ داهاتووی

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، مصدر سابق، ص١٣٩؛ جرجيس فتح الله، مصدر سابق، ص ٨٤١ ـ ٨٤٢.

(٢) جرجيس فتح الله، مصدر سابق، ص ٨٤٣.

(٣) ساڵح یوسفی ساڵی ١٩١٧ لەدایک بووە، لە ١٩٤٢ کۆلێژی یاساکان و شەریعەی بەغدادی تەواو کردووە، لە ١٩٤١ سەر بە حزبی هیوا بوو، پاشان بوو بە ئەندامی حزبی ڕزگاری و لە ١٩٤٦ بوو بە ئەندامی پارتی، لە شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ ــ ١٩٧٥ ئەندامێکی چالاک بوو، چەندین پێگەی حزبی و حکومیی وەرگرتووە. حزبی سۆسیالیستی کوردستانی دامەزراند، دواتر لەسەر دەستی بەعس لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٨١ تیرۆر کرا. (عبدالسلام علي، صفحات من نضال الشهيد صالح يوسفي، ١٩٩٢، ص ١٣).

(٤) وزارة الداخلية، مديرية الأمن العامة. سري للغاية، العدد ٢٢\٢٦٧٨ فبراير ١٩٦١، الموضوع تقرير خاص، نقلا عن عادل تقي البلداوي، نضال الشعب الكردي، مصدر سابق، ص٤٤.

(٥) د.ک.و، بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران کە لە ٢٩ی ئابی ١٩٦٠ دراون، وەرگیراو لە عبدالفتاح علي يحيى، التطورات السياسية، مصدر سابق، ص ٢٢٥.

(٦) کاتێک مەلا مستەفا لە کوردستان نەبوو، قاسم دەرفەتی هێنا و یارمەتیی خێڵە کوردەکانی دوژمنی بارزانیی دەدا، هەروەک بە نیازی زەفەربردن بە کەسایەتیی مەلا مستەفا زنجیرەیەک ڕێکاری گرتەبەر.

(٧) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٢، مصدر سابق، ص ١٥٠.

پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکوومەت، هەوڵی لێکترازاندنی لەگەڵ قاسمدا و بەو بۆنەیەوە ئیسماعیل عارفی کردە ناوەندگیر کە وەزیری مەعاریف و لایەنگیری قاسم بوو، کەچی قاسم لە دوا چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ مەلا مستەفا لە مارسی ١٩٦١ لەسەر تۆمەتبارکردنی بە گەلەکۆمە و هاوکاریکردنی بەریتانیا سوور بوو، هەروەها هەڕەشەی لێکرد بەوەی شۆڕش دەتوانێت ڕەگەزە تێکدەرەکان تێك بشکێنێت و گوتی ئێمە دەمانەوێت هەرکەس سنوری خۆی بزانێت[١].

بارزانی لە پێناوی دابینکردنی ئاسایشی خۆی و بارەگای حزبدا، بە فەرمانی خۆی ژمارەیەك جەنگاوەری لە بارزانەوە بۆ بەغدا بە مەبەستی پاراستنیماڵەکەی و بارەگای حزب بانگهێشت کرد، دیارە ئەم کارەی پاساوی خۆی هەبوو، چونکە لە مانگی کانونی یەکەمدا، کرێکارە عەرەبەکان بە پاڵپشتی حکوومەت لەبەردەم ماڵەکەی بارزانیدا گردبوونەوە، کە هوتافی دژ بە کوردیان دەکێشا و داوای یەکێتیی عەرەبییان دەکرد، بەمەیش دوایین پردی گرێدانی کورد و عێراق لە سایەی فەرمانڕەوایی قاسمدا هەرەسیهێنا[٢].

حکوومەت تا دەهات چاودێریی سەر پارتی و سەرۆکەکەی توندتر دەکردەوە، لە ڕاپۆرتە نووسراوە فەرمیە نهێنییەکانی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکاندا، کە بۆ پێگە باڵاکان نێردراون هاتووە کە پارتی ئامادەسازیی دەکات بۆ ئەنجامدانی "یاخیبوون و لاساری دژ بە دەسەڵاتی کۆمار و پێکهێنانی حکوومەتێکی جودا"، تەنانەت ڕێکەوتەکانی یاخیبونیشی دیاری کردووە، لەوانە ئاداری ١٩٦١، ١٤ی تەموزی ١٩٦١، شەوی ١٢/١١ی ئەیلوولی ١٩٦١[٣].

بەم شێوەیە خەونی درەوشاوەی هۆشیاریی کە لە ١٩٥٨هوە دەستی پێکردبوو ڕەوییەوە و پاش بەهاری کوردی پایزێکی تاریك داهات. بارزانی دەیزانی ماوەیەکی سەهۆڵبەندانی پڕ لە ململانێ بە دوای ئەم قۆناغەدا دێت، بارزانی دەیزانی گومانەکانی قاسم گەیشتوونەتە ڕادەیەك لاچوونیان نییە و مانەوەی ئەم لە بەغدا بێسوودە، بگرە مەترسیدارە، بۆیە وەڵامی داواکەی مەکتەبی سیاسیی دایەوە و لە مارسی ١٩٦١[٤]دا ماڵەکەی خۆی لە بەغدا چۆڵ کرد و وازی لە هەموو ئەو خۆشگوزەرانییەی دەسەڵات لە بەغدا دابینی کردبوو وەك ماڵی ڕاقی و ئۆتۆمبێلی پادشا و مووچەی زۆری مانگانە هێنا و گەڕایەوە بۆ شاخ[٥]، چەند نووسراوێکی ئاگاداریشی پێشکەش بە قاسم کرد و پێی گوت[٦]: "کورد بۆ دەستخستنی مافەکانیان

(١) إسماعيل عارف، اسرار ثورة ١٤ تموز وتأسيس الجمهورية العراقية، مصدر سابق، ص ٣٦٩.

(٢) كونتر دشنر، أحفاد صلاح الدين الأيوبي، الكورد والشعب الذي يتعرض للخيانة والغدر، ترجمة عبدالسلام برواري، دهوك، ٢٠٠٠، ص٢٤٢.

(٣) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ملحق ١٦.

(٤) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص٣١٦.

(٥) دانا آدمز شميدث، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ١١٣.

(٦) F.O.371\149668،British Embassy،Baghdad، February،23،fo to 1960

ناچارن ڕێگەی گەلی جەزائیر بگرنە بەر، گەر سیاسەتی خۆی بەرامبەر بە کورد نەگۆڕێ"[١]، کاتێك قاسم بەڵێنەکانی خۆی نەبردە سەر، بارزانی ڕایگەیاند: "گەر سەرۆکوەزیران بەڵێنەکانی بشکێنێت، ئێمە سەرجەم ڕێوشوێنە پێویستەکان لە بەرژەوەندیی کورد دەگرینە بەر"[٢]. لە بەغدایش ڕۆژنامەوانی فەرمی زمانی بەرامبەر بە کورد و دۆزی کورد گۆڕی. ڕۆژنامەی الثورة لەو کاتەدا جەختی لەوە کردەوە کە هەر کەسێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بێت لە کورد و زنجی و ئەرمەنی، لەبەر ئەوەی لە دەوڵەتێکی عەرەبیدا دەژی بۆیە بە گوێرەی ئەو واقیعیەتەی کە هەیە بە عەرەب هەژمار دەکرێت"[٣]. پاش ڕۆیشتنی مەلا مستەفا لە بەغدا، هەڵمەتی دەستگیرکردن دەستی پێکرد و فەرمانی دەستگیرکردنی ئیبراهیم ئەحمەد بە تۆمەتی دەستهەبوونی لە کوشتنی سدیق میراندا، کە لایەنگری قاسم بوو، دەرچوو[٤].

ڕۆژنامەی حزب، خەبات، هێرشی کردە سەر بڕیارەکە و داوای هەڵوەشانەوەی حوکمە عورفییەکان و لابردنی باری نائاسایی و ئازادکردنی گیراوەکانی کرد.

لە ١٩٦٧/٢/٢٠دا، ڕۆژنامەی خەبات گوتی: "بێگومان گەلی کورد بانگەشەی تواندنەوەی کورد و پێکەوەبەستنی بە عەرەبەوە، کە دەبێتە مایەی لەناوبردنی کورد و کوردستان ڕەت دەکاتەوە، هەر بۆیە کورد یەکێتییەکیان ناوێ کە لە کۆیلایەتی و بێبەشکردن و پێشێلکردنی مافەکانیان و سڕینەوەی میللـەتیان بۆیان زیاتر هیچی تێدا نەبێت "[٥].

لە ٢٣ی ئاداردا، ڕۆژنامەی خەبات[٦] بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی گوتارێك کە باسی لە هەردوو مادەی دووەم و سێیەمی دەستوری کاتی کردووە، داخرا. بە هاتنی مانگی نیسان کورد هیچ ڕۆژنامەیەکی مۆڵەتپێدراوی فەرمی نەمایەوە، پاشان حزب دەستی کرد بە کاری نهێنی[٧]. پارتی دوو یاداشتیدا بە قاسم یەکەمیان لە ٨ی حوزەیرانی ١٩٦١، دووەمیشیان لە ٢٠ی تەموزی ١٩٦١[٨]دا کە چەند داواکارییەکی لەخۆ گرتبوو:

١. کشانەوەی ئەو هێزانەی بەم دواییانە بۆ چەند جێگەیەکی دیاریکراوی کوردستان هێنراون بۆ شوێنەکانی خۆیان.

---

(١) عادل تقي البلداوي، نضال الشعب الكردي وموقف البارزاني في الوثائق العراقية السرية، بغداد، ٢٠٠٣، ص ٣٦.

(٢) لە وەزارەتی ناوخۆوە وەرگیراوە .بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیس. گرووپی جووڵانەوەکان و هەواڵگرییە زۆر نهێنییەکان، العدد ٨٦٦، ١٣ی فەبرایەری ١٩٦١.

(٣) جريدة الثورة، بغداد، ١٩٦١\٢\١٧.

(٤) عزيز سباهي، عقود من تاريخ حزب الشيوعي العراقي، ج٢، دمشق، ٢٠٠٣، ص ٥٠٥.

(٥) جريدة خەبات، بغداد، ١٩٦١\٢\٢٠.

(٦) جبار جبري، تاريخ الصحافة الكردية في العراق، بغداد، ١٩٧٥، ص٦٥.

(٧) أدموند غريب، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص٤٨؛ دان اوريل، العراق في عهد قاسم، تاريخ سياسي ١٩٥٨ ـ ١٩٦٣، ترجمة جرجيس فتح الله، السويد، ١٩٨٩، ص ٢٣٥.

(٨) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٥٩، دەقی یاداشتەکە پاشکۆی ١٧.

٢. كشانەوەی سەرۆکەکانی ئیدارە و ئاسایش و پۆلیس و ئەو بەرپرسانەی دەستیان لە ڕووداوەکاندا هەیە.

٣. گێڕانەوەی فەرمانبەرە دوورخراوە و ڕاگوێزراوەکان لە کوردستان و ڕەهاکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان.

٤. کردنی زمانی کوردی بە زمانێکی فەرمی لە تێکڕای دامودەزگا فەرمیەکانی کوردستاندا.

٥. جێبەجێکردنی تەواوی مادەی سێیەم لە دەستوری کاتی و بەرپاکردنی یەکسانیی تەواوی نێوان عەرەب و کورد(١).

٦. دابینکردنی ئازادی بۆ گەلی کورد و گۆڕینی وڵات بۆ سیستەمێکی دیموکراسی.

٧. جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە ساڵی ١٩٦٠ بۆ پەرەدان بە ڕۆشنبیریی کورد.

٨. ئازادکردنی چاندنی تووتن لەو جێگایانەی بۆ چاندن دەشێت.

٩. هەموارکردنەوەی یاسای باجەکانی زەویوزار، بە شێوەیەك باری سەرشانی جوتیاران ئاسان بکات(٢).

١٠. کردنەوەی پڕۆژەکان لە کوردستان بۆ نەهێشتنی بێکاری(٣).

١١. نەهێشتنی گرانی و سزادانی ئەوانەی بازرگانی بە قووتی خەڵکەوە دەکەن.

لە هەمان مانگدا، شاندێك بۆ نوێنەرایەتیی ڕێکخراوە دیموکراسییە کوردییەکان پێکهات و بۆ تاوتوێکردنی هەندێك بابەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستان لەگەڵ قاسمدا چووە بەغدا، بەڵام سەرباری هەموو هەوڵەکان قاسم پێشوازیی لێ نەکرد(٤). لەم ماوەیەدا جموجووڵە سەربازییەکان لە کوردستاندا زیاتر بوون بە بیانووی ملکەچکردن بەو دەرەبەگ و ئاغا کوردانەی(٥) کە دەستیان بەسەر هەندێك لە قەزا و ناحییەکاندا گرتبوو(٦).

لە کۆتایی مانگی تەموزدا، دەسەڵاتەکانی حکوومەت بەنهێنی لێژنەیەکی ئەمنییان بۆ لێکۆڵینەوە لە دۆخەکە لە کوردستان و پێشکەشکردنی باشترین ڕێگەچارە بۆ لەناوبردنی چالاکیی پارتی و بارزانی سەرۆك و دەستگرتن بەسەر کوردستاندا، لێژنەکە لە ٢ی ئابی ١٩٦١ ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلی لەبارەی هۆکاری

---

(١) جلال الطالباني، مصدر سابق، صص ٢٨٨ ـ ٢٩٦؛ عبدالكريم فرحان، حصاد ثورة، مصدر سابق، ص ١٥٦.

(٢) ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤تموز في العراق، مصدر سابق، ص٢٥٣.

(3)http;\\kurdklib.com\modules\jurd.itemphp?itemid=6

(4)kenein.Drek;The kurds and kurdstan 1964.61

(٥) ئەو دەرەبەگانە پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و دەرچوونی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی بەرەو ئێران هەڵهاتن.

(٦) نوري شاويس، من مذكراتي، مصدر سابق، ص ٨٠.

پشێوییەکانی کوردستانەوە پێشکەش کرد و شیوعیەکانی بە دنەدانی یاخیبووان تۆمەتبار کرد. ڕاپۆرتەکە بە توندی هێرشی کردە سەر بارزانی و پێشنیاری بەکارهێنانی هێزی چەکداری کرد بەناردنی سوپا و لێدان لە ناوچەکە[١].

حکوومەت بەشێك لە هەنگاوەکانی بۆ دروستکردنی قەیران لە کوردستاندا گرتەبەر، ئەوەیش بە وەستاندنی بەڕێوەبەرایەتیی مەعاریفی گشتی بۆ توێژینەوە کوردییەکان و ڕێگەنەدان بە زمانی کوردی، تەنانەت لەو قوتابخانانەشدا کە زمانی کوردی تێیاندا فەرمی بوو[٢].

هەروەها حکوومەت دەستی کرد بە گۆڕینی تابلۆی ناوی قوتابخانە و دوکان و شەقامەکان، کە بە کوردی نووسرابوون و دانانی تابلۆی عەرەبی لە جێگەیاندا، تەنانەت وەزارەتی کشتوکاڵ ناوی جۆرێك لە گەنمی گۆڕی کە بە گەنمی کوردی ناسرابوو و کردی بە گەنمی باکوور[٣]، هەروەك زۆربەی فەرمانبەر و مامۆستا و کارمەندە کوردەکانی پۆلیسی بۆ خوارووی عێراق گواستەوە و هیی عەرەبی لە شوێنیان دانا[٤].

قاسم وەڵامی یاداشتەکەی سەرکردایەتی کوردی نەدایەوە، بەڵکو گەمارۆی بارەگای پارتی دیموکراتیدا و چەند کەسێکی بۆ هەڵکوتانە سەری هاندا، ئەمەیش بووە هۆی ئەوەی پارتی ٦ی ئەیلوولی ١٩٦١ داوای مانگرتنی گشتی بکات لە سەرتاسەری کوردستان[٥]. مانگرتن لە کەرکووك و هەولێر و سلێمانی و دهۆك و شارەکانی تر کرا[٦]، لە هەمان کاتدا ئاغا و دەرەبەگەکان بەهۆی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵییەوە یاخی بووبوون، کەچی هەموو ئەمانە کاریان لە هەڵوێستی قاسم نەکرد، بگرە لەسەر بڕیاری نەهێشتنی بەرهەڵستیی کورد بۆ ڕژێمەکەی سوورتر بوو[٧]. ڕاستییەکەی پارتی و سەرکردایەتیەکەی ئامادەی هەڵگیرساندنی شۆڕش و بەڕێوەبردنی نەبوون چ لە ڕووی مادییەوە چ لەڕووی پڕکردنەوەوە، هەربۆیە پارتی تەواو بەم دۆخە غافڵگیر بوو[٨].

لەم سەروبەندەدا سەدان چەکداری پارتی و ئەوانەیشی پارتی نەبوون بە شێوەی کۆمەڵ و گروپ بە کوردستاندا دەهاتن و دەچوون، نەیاندەزانی ڕوو لە کوێ بکەن، پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەوە دڵنیابوون کە جەماوەر چاوەڕێی شتێکیان بۆ بکات، بگرە هەستی بەوە دەکرد کە دەسەڵات و هەژمونی

---

(١) ڕاپۆرتێکی تایبەت لەبارەی دۆخی باکوورەوە بۆ حاکمی گشتیی سەربازی، العدد ٧٧٩٩، ١٢ی ئابی ١٩٦١.

(٢) اطريمان، أ.ح، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـ العراق، ص ٧٤.

(٣) بەیاننامەی یەکێتیی نیشتیمانی بۆ ڕێکخراوەکانی سەرجەم قوتابیانی کوردستان، یەکێتیی قوتابیانی کوردستانی عێراق، ٦ی فەبرایەری ١٩٦٢.

(٤) دانا أدمز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص١١١.

(٥) كاوس قفطان، مصدر سابق، ص ١٣٥.

(٦) د.ك.و/ الملف ٢٤، چەند ڕاپۆرتێکی تایبەت ١٩٦١ ـــــ ١٩٦٢، ڕاپۆرتێکی تایبەت لەبارەی دۆخی باکوورەوە بۆ حاکمی گشتیی سەربازی، العدد ٧٧٩٩، ١٢ی ئابی ١٩٦١.

(٧) شیرکو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص١٤٧.

(٨) ميشان عارف بادي، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص٩٣.

لەدەست دەدات گەر دەستبەکار نەبێت، لەپێناو لابردنی ئەو شتانەدا سەپێندرابوون و بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە کوردستان و قوتاربوون لەم دۆخە دژوارە، چەند پەداشتێکی بۆ قاسم بەرزکردەوە، لە هەمان کاتدا مەلا مستەفا لە ناوچەی بارزانەوە جەختی لەوە کردەوە کە دڵسۆزی ڕژێمەکەی قاسمە و نایەوێت دەست بداتە کاری چەکداری، بەڵام دەسەڵات پلانی خۆی بۆ لەناوبردنی بەرگریی کوردی داڕشتووە[١].

چاودێران و شارەزایان بە دۆزی کورد، لە دیاریکردنی ڕێکەوتی دەستپێکی شۆڕشدا نانەبان. هادی ڕەشید چاوشلی، بریکاری وەزیری ناوخۆی ئەوکات پێی وایە بزووتنەوەی کورد ئەوکاتە دەستی پێکرد کە مەلا مستەفا سەردانی سۆڤێتی دەکرد[٢].

بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، وای بۆ دەچێت کە کوژرانی سدیق میرانی لایەنگری قاسم لەسەر دەستی کۆمەڵێك لە پارتیەکان لە تشرینی دووەم ١٩٦١ و شکستهێنانی حکوومەت لە دەستگیرکردنی بکوژەکاندا، بە سەرکەوتنی یەکەم مەیدانخوێنیی گەورە لە دژی حکوومەت و سەرەتای شۆڕش دادەنرێت[٣].

هەرچی مەحمود دوڕەیە دەڵێت پێش ئەوەی بارزانی لە ٩ی ئەیلوولی ١٩٦١دا ئەو شۆڕشەی پارتی ئامادەسازی و پلاندارشتنی بۆ کردبوو ڕابگەیەنێت، بارودۆخی کوردستانی عێراق[٤] بۆ ڕاگەیاندنی شۆڕشی سەرتاسەری لەبار بوو[٥]. فەریق سەعید حەمۆ، فەرماندەی کەرتی سەربازی ئەوکاتی دهۆکیش، ڕۆژی ١٠ی ئەیلوولی ١٩٦١، بە کاتی دەستپێکی بزووتنەوەی کوردی دادەنێت، چونکە لەم ڕۆژەدا کە کەرتەکە سەرقاڵ بوو، هێرش کرایە سەری. هەموو بە ڕوونی دەڵێن: یاخیبووان شەوی ١٩٦١/٩/٩، لە شوێنی کۆبوونەوەیانەوە بە مەبەستی هەڵکوتانە سەر مۆڵگە و سەربازگەکان هاتنە پێشەوە، بەرەبەیانی ٩/١٠ بۆ کەرتەکان دەرکەوت کە یاخیبووان دەستیان بەسەر ستون و تەلبەندی دەوروپشتی سەربازگەکاندا گرتووە، ناچار دەست کرا بە دەستڕێژی گوللـە بۆ دوورخستنەوەیان، بەم شێوەیە جووڵانەوەکان لە باکووری نیشتمان دەستیان پێکرد[٦].

سەرجەم ئەم بۆچوونانە بیانووی هێرشکردنە سەر ناوچە کوردییەکان بوون لەلایەن حکوومەتەوە، چونکە مەلا مستەفا حەزی نەدەکرد لەگەڵ حکوومەتدا بجەنگێت، پارتی چەندە توانی هەوڵیدا پەیوەندییەکان لەگەڵ حکوومەتدا دۆستانە بن و دەستپێشخەر نەبێ بۆ شەڕ[٧]. لەم دۆخە نالەبارەی نێوان

---

(١) شیرزاد زکریا محمد وجرجیس فتح الله، زيارة للماضي القريب، ستوكهولم، ١٩٩٨، ط٣، ص٢٩.
(٢) طارق جمباز، هادي رشيد الجاويشلي والحركة التحررية الكوردية، أربيل، ١٩٩٥، ص١٢.
(٣) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٥٨.
(٤) لە بارەی دۆخی پێشووی باکووری عێراقەوە، بانگەوازی ژمارە ١٨.
(٥) محمود الدرة، القضية الكردية، مصدر سابق، ص١٦٣.
(٦) سعيد حمو، مذكرات من لواء المشاة، بغداد، ١٩٧٧، ص١١.
(٧) عبدالفتاح علي يحيى، وثائق الحركة، مصدر سابق، ص١٠٣.

بارزانییەکان و دەسەڵاتدا، دەرەبەگ و خێڵە دوژمنەکانی دەسەڵات، بە هۆی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی و یاسای نوێی باج و سەرانە[1] و بڕیارەکانی لابردنی باجی سەر جگەرە و بیرە و وێسکی و بەنزین، لە دەربەندیخان و دەروازەکانی دوکان و بازیان گرد بوونەوە، بەم شێوەیە هەستی پاکی نەتەوایەتی و بەرژەوەندیی دەرەبەگەکان یەکیان گرت، دەتوانرێت ئەوە بگوترێت کە پارتی زۆر دژی ئەم گردبوونەوە تێکەڵانە نەبوو، ئەوەندە نەبێ کە عومەر دەبابەی ئەندامی مەکتەبی سیاسی بە پەیامێکەوە نارد: "کە نابێت ئەم گرووپە خێڵەکییانە لە شەڕدا بەشدار بن و دەبێت لە یەکتر جیا ببنەوە". مەلا مستەفایش چاوی بە شاندێك کەوت لەو سەرۆك خێڵانە پێکهاتبوو کە یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی گرتبوونیەوە. بارزانی ئامۆژگاریی کردن کە شەڕ نەکەن، لەگەڵ ئەوەیشدا سەرۆك خێڵەکان هێزی خۆیان کۆکردبووەوە. پارتی دیموکرات لەوە ترسا ئەوانە کارێکی هەڵەشە ئەنجام بدەن، بۆیە شاندێکی بۆ کۆبوونەوە خێڵەکییەکان نارد و داوای لێ کردن شەڕ نەکەن[2].

حکوومەت هانی هەندێك لە خێڵە کوردە جاشەکانیدا هێرش بکەنە سەر بارەگای سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد لە بارزان، بەم شێوەیە لە هاوینی ١٩٦١ یەکەم پێکدادانی نێوان بزووتنەوەی کورد و خێڵە دوژمنەکانی ڕوویدا، کە بزاوتەکە لەگەڵ عەشیرەتی ڕێکاندا بە شەڕ هات[3] و مۆڵگەکانی وێران کردن و نزیکەی پێنجسەد کەسی لێیان بەرەو تورکیا دەرپەڕاند، هەروەها عەشیرەتی زێباریش هێرشی کردە سەر چەند گوندێکی بارزان[4].

بە هاتنی مانگی تەموز و ئابی ١٩٦١، زۆربەی ناوچەی بادینان کەوتنە دەست بزاوتی کوردییەوە[5]. پاش سەرکەوتنی بزاوتەکە بەسەر خێڵە دوژمنەکانیدا، لە ١ی ئەیلوولی ١٩٦١ دەستی کرد بە ئازادکرنی ئەو ناوچە کوردییانەی لە ژێر دەسەڵاتی سوپا و پۆلیسدا بوون و ڕووداوگەلی ترسناک لە سەرتاپای کوردستان، هەر لە زاخۆوە لە باکووری ڕۆژئاواوە، تاکو دەربەندیخان لە باشووری ڕۆژهەڵات ڕوویان دا[6].

---

(١) سعيد خديرة علو، العلاقات العراقية الإيرانية وأثرها على القضية الكردية في العراق ١٤ يوليو ١٩٥٨ ــــ ١٩٦٣، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الأداب، جامعة دهوك، ص١٦٠.

(٢) دانا أدمز شميدث، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص١٠٦؛ حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص٣٣٢.

(٣) مەلا مستەفا لاقرتێی بەوانە کرد کە چەکی حکومەتیان هەڵگرتبوو تا بە شۆڕشی گەلەکەیان و ناوی لی نان "جاش پۆلیس"، بە تێپەڕبوونی کات وشەکە کورت کرایەوە و بوو بە جاش، چەندینک جاریش بە (چەتە) ناوبراو دەکران. بڕوانە عبد الفتاح علي، وثائق الحركة، ص ٢٠٠٧.

(٤) قدري جميل باشا، مسألة كوردستان (٦٠ عاما من النضال المسلح للشعب الكردي ضد العبودية)، بيروت، ١٩٩٧، ص ٢٠٨.

(٥) ناهض جبر حسن الزوي، مفهوم السلطة في فكرة الأحزاب السياسية الكردية العراقية المعاصرة، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، ص٦٧.

(٦) جرجيس فتح الله، مصدر سابق، ص ٤١٩.

له ٩ی ئەیلوولی ١٩٦١، چەند یەکەیەکی سەربازی ویستیان لە دەربەندیخانەوە بەرەو سلێمانی بچن، لەپڕ ڕووبەڕووی بەرگریی کورد بوونەوە، کە عەباس مامەند ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆ فەرماندەی چەند هێزێکی خێڵەکی بوو، ڕێگەیان بە کاروانە سەربازییەکان گرت و دەیان کەسیان لێ کوشتن و بریندار کردن. قاسم ڕووداوەکەی بە ڕاگەیاندنی شەڕ لە قەڵەم دا، لە ١١ی ئەیلوولدا هەندێك لە ناوچە کوردییەکان بەر بۆردومانی توند کەوتن، ئەم ڕۆژە بە کردەوە بە ڕۆژی دەستپێکی شەڕی عێراق دژ بە کورد دادەنرێت.

لەبارەی دەستپێکی شەڕەوە ڕای جیاواز هەن، ئاخۆ هێزەکانی حکوومەت دەستپێشخەربوون یاخۆ هێزەکانی بەرگریی کورد، هەندێك پێیان وایە هێزی عەشیرەتەکان کەوتنە **گیانی سوپا، پیاوانی حزبیش** یارمەتییان دان، ئەوانی تر پێیان وایە ناردنی هێز بۆناوچەکان جۆرێك بوو لە ورووژاندن، مەبەست لێی **ڕاکێشانی کورد بوو بۆ هێرشکردن، تاکو بیانوی هەڵگیرسانی** شەڕ پەیدا ببێت.

گرنگ ئەوەیە لە ١٠ و ١١ و ١٢ی ئەیلوولی ١٩٦١دا، شەڕ هەڵگیرسا و تاکو ١٦ی مانگ کە هێزە ئاسمانییەکان دەستیان کرد بە بەردانەوەی بۆمبەکانیان بەسەریاندا، هێرش نەکرایە سەر بارزان. ئیبراهیم ئەحمەد ئەم کارەی بە هەڵە هەرەگەورەکەی قاسم دانا کە بووە هۆی ئەوەی مەلا مستەفا بڕیاری شەڕ بدات[١].

لە ١٩٦١/٩/١٦دا مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆبووەوە و بڕیاری خەباتی چەکدارییدا. ئەم بڕیارە لەوەدا ڕۆڵی هەبوو کە کۆتاییهێنا بە هەوڵی هێزە دەرەکییەکان بۆ قۆستنەوەی هەڵوێستیان[٢]، شەڕ لە نێوان کردەوەی بچووك و کەم تا کردەوەی گەورە بەردەوام بوو تاکو کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣[٣].

سەرەتا لە ڕاگەیاندنەوە شەڕەکە پەردەپۆش دەکرا، تاوەکو لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩٦١، ڕادیۆی بەغدا بۆ یەکەم جار دانی پێدا نا کە شەڕی چەکداری لە کوردستان هەڵگیرساوە و سوپا دایمرکاندووەتەوە[٤]. لە ٢٣ی مانگدا، قاسم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە بینای وەزارەتی بەرگری بەسترا سەرەتا و کۆتایی شەڕی لە کوردستان ڕاگەیاند و بەریتانیا و ئەمریکای بەوە تۆمەتبار کرد کە لە پشت شەڕەکەوە بوونە، گوتیشی: "سەرکەوتن بەسەر ئەم یاخیبووانەدا هاوشێوەی سەرکەوتنمانە لە شۆڕشی ١٤ی تەموزدا"[٥]. هەروەها گوتی: "لە حەوت ڕۆژدا یاخیبووانمان لەناو برد، لە زمانی منەوە بە نەوەکانی گەل ڕابگەیەنن کە بزووتنەوەی جیابوونەوە ئینگلیز و ئەمریکای لەپشتن، بەڵگەمان لایە دەیسەلمێنێت کێ لەپشت ئەم بزووتنەوەوەیە، بەم زووانە ڕێکاری سەلامەتی کۆمار دەگرینە بەر، کۆمپانیا بیانییەکانی نەوت تاوانبارن

(١) عيفان عارف بادي، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص ٩٧.
(٢) من وثائق حزب الديموقراطي الكردستاني، تقييم ثورة ايلول، ص٨.
(٣) دانا أدمز شميدث، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص١٢.
(٤) طالب شبيب، مذكرات سفير العراقي في تركيا، ج٢، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٨، ص ٣٤٨.
(٥) جريدة الثورة، بغداد، العدد (٧٠٧)، في٢٤ أيلول\ديسمبر ١٩٦١.

بەوەی هانی دەرەبەگە کوردەکانیان داوە بۆ گوشار خستنەسەر حکوومەت لە دانوستانەکانیدا لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا[1] و، داواکارانیان لە کوێت"[2]. هەروەها گوتی "یاخیبووان لەم کاتەدا شکاون و هەندێکیان بەرەو ئێران و تورکیا هەڵهاتوون"[3]، هەروەها پەککەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، بەو بەڵگەیەی نەیتوانیوە کۆنگرەی ساڵانەی ببەستێت[4].

لە دە ڕۆژی سەرەتای شەڕەوە قاسم توانی لە ڕێگەی کردەوە سەربازییەکانەوە، هێزەکانی پارتی (پێشمەرگە) بەرەو پاشەکشەکردن بۆ چیاکان ناچار بکات[5]، هەروەك حکوومەت بڕیاری گرتن یان کوشتنی دەرکرد بۆ ئەوانەی گومان دەکرا یارمەتی شۆڕش دەدەن[6].

لە تشرینی یەکەمی ١٩٦١دا، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە گوندی ساورەلان[7] لە سلێمانی کۆبوونەوە و ئەم بڕیارانەیان دەرکرد:

درێژەدان بە خەبات لە پێناو پاراستنی کۆمار و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەیدا لەسەر بناغەیەکی دیموکراسی کە بکرێت حوکمی زاتی بۆ کوردستان دەستەبەر بکات لە چوارچێوەی عێراقدا، هەروەها بڕیاریدا حزب دروشمی (دیموکراسی ئاکە ڕێگەیە بۆ مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی نیشتمان و پێشکەوتنی وڵات، بەڵام بەبێ ژیانێکی پەرلەمانییانە و ئازادییە گشتییەکان بۆ دۆزینەوەی چارەیەکی دادگەرانە بۆ پرسی کورد، دیموکراسی بە هیچ شێوەیەك بوونی نابێت) بەرز بکاتەوە[8].

هەمفرێی ترێڤێلیان، باڵیۆزی ئەوکاتی بەریتانیا لە بەغدا دەڵێت: "عەبدولکەریم قاسم هەمیشە لە گوێی وەزیرەکانی دەخوێند کە لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا بزاوتی کوردی دامرکاندووەتەوە، گەر ئەو گوێی بۆ بەریتانیا بگرتایە و پەیڕەویی لە پلانەکانی بکردایە، ئەم کردەوەیە ماوەی دوو ساڵی دەخایاند، لە ڕاستیدا نەیتوانی گرژییەکان بوەستێنێت و کورد هەر لە شاخ چاوەڕێی دەرفەتی گونجاو بوون". هەروەها

---

(١) ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤تموز في العراق، مصدر سابق، ص ٤٥٦.

(٢) ئەم هەڵمەتە میدیاییانەی قاسم دژ بە کورد لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانیش دەنگدانەوەیان هەبوو، بۆیە گۆڤاری ناوەندیی حزبە شیوعییەکان (پرسەکانی ئاشتی و سۆشیالیزم) لە گوتارێکدا هێرشی کردە سەر کورد، بە تایبەت ئەوانەی بە بۆرژوازە کوردەکان ناوی بردبوون، بەوەی حکومەتەکەی قاسم بە گشتی دژ بە ئیمپریالییە، گەرچی سیاسەتی ناوخۆی لە دیموکراسییەوە دوورە. (أدموند غريب، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص٦٣).

بەڵام حزبی شیوعیی عێراق سەربارەی ئەوەی لەو ماوەیەدا (ئەیلولی ١٩٦١) پەیوەندیی بە پارتییەوە بەهێز بوو، هەڵوێستێکی نێوەندگیرانەی وەرگرت و لە بڵاوکراوەکانیدا داوای چارەسەرێکی ئاشتییانەی بۆ کێشەی کورد کرد. (ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١٦٧.

(٣) محمود الدرة، مصدر سابق، ص١٧١؛ أحمدفوزي، قاسم والأكراد، ص١٨٢.

(٤) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٥٨؛ رينية موريس، كوردستان أو الموت، مصدر سابق، ص٤٨.

(٥) نجم الدين اليوسفي، ثورة ايلول المجيدة، دهوك، ١٩٩٤، ص ٤٥.

(٦) أحمد تاج الدين، تاريخ شعب وقضية وطن، مصدر سابق، ص ١٢٩.

(٧) گوندی عەواڵان (عەوداڵان) دروستە نەك ساورەلان. (بۆردی ڕاوێژکارانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای ب.د.ك)

(٨) شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٥١.

ترێڤێلیان دەڵێت: "لە ماوەی کارکردنمدا لە باڵیۆزخانە، قاسم ئێمەی وەك بەریتانیا بەوە تۆمەتبار کرد کە یارمەتیی شیوعیەکانمان داوە دژ بە ئەو و هانی کوردمان داوە، چەند تۆمەتێکی تریش کە باوەڕپێکردنیان ئاسانە"[1].

قاسم بڕیاری لەناوبردنی بزووتنەوەی کورد و بەچۆکداهێنانی بارزانیی دابوو[2]، گوایە سێ جار بە نهێنی پەیوەندیی پێوە کردووە، بەڵام چونکە لەو پەیوەندیانەدا لە لێبوردن و پێداگیریی لەسەر خۆبەدەستەوەدان زیاتر پێشنیاری هیچی نەکردبوو، بۆیە دانوستانەکان نەگەیشتنە هیچ ڕێککەوتنێك[3].

ڕاگەیاندنی فەرمی و ڕاپۆرتەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئەمن، لە سەرلێشێواندن و بەردەوامکردنی لەسەر ڕێچکەی خۆی ڕۆڵیان هەبوو، چونکە بۆیان دەگواستەوە کە:"حکوومەت زۆر گرنگی بە نەتەوەی کورد داوە، کە بووەتە هۆی زیادکردنی لەخۆباییبوون و زلکردنی فیزیان و، سەرکردایەتی بزووتنەوەکە چەتە و ڕێگر و تاوانکار و سەرلێشێواون"[4].

هەرچۆنێك بێت دۆخی ستراتیژی بۆ بزووتنەوەی چەکداری کوردی (شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١) جێگیر بوو، ئەم دۆخە تا کۆتایی دەسەڵاتی قاسم لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ هەروا هێڵدرایەوە، کە گوندەکانی کورد لە سنوری سوریاوە تاکو نزیك خانەقین، لە شێوەی هێڵێکدا بە درێژایی چوارسەد کیلۆمەتر و بەپانایی زیاتر لە سەد کیلۆمەتر لە دەستی شۆڕشی کوردیدا بوو[5]، بەگشتی سوپا دەسەڵاتیان لە شاردا هەبوو و ڕێگە سەرەکییەکان دووچاری هێرشی پێشمەرگە (گیانفیداکان) دەبوونەوە[6].

ئەم دۆخە لای هێزە دیموکراسییەکان کە خەمیان یەکڕیزیی نیشتمانی بوو دژ بە داگیرکەر مایەی دڵەڕاوکێ بوو، چونکە بارزانییەکان لای جەماوەری کورد و عەرەب ڕێز و خۆشەویستیان هەبوو[7].

گوشارەکان لەسەر بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بە ئاراستەی تەقینەوەی بەشێوەی سەربازی زۆر بوون، ئەم گوشارانە لە چەند سەرچاوەیەکی سەرەکییەوە دەهاتن:

یەکەم: حکوومەتی عێراق سەرچاوەیەکی سەرەکی گوشار بوو لەسەر بزووتنەوەی کورد، کە لە سەرجەم ئەو بەڵێنانەی بە کوردی دابوو لە پێدانی مافەکان، پاشەکشەی کرد.

دووەم: ئێران کاری دەکرد بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم حکوومەتەکەی قاسمدا بەمەبەستی زەفەر پێبردنی.

---

(1)Humphey Trevelyan، The middle East in Revolution، London 1970 ـ p.192

(٢) مجيد خدوري، الاتجاهات السياسية في العام العربي ودور الأفكار والمثل العليا في السياسة، بيروت، ١٩٧٢، ص ١٨٩.

(٣) جرجيس فتح الله، العراق في عهد قاسم، مصدر سابق، ص ٨٤٨.

(٤) م.أ.ج، محاولة أغتيال عبدالكريم قاسم، مديرية الأمن العامة، العدد (٤٨٨٦)، ٩ تموزا\يوليو، ١٩٦٢.

(٥) نمونەیەک لە ڕاپۆرتە ئەمنییەکان لەبارەی ڕەوشی کوردستان ساڵی ١٩٦١، پاشکۆی ١٨.

(٦) اوريل دان، العراق في عهد قاسم، مصدر سابق، ص ٤٢٣.

(7)http ://www.gilgamishorg\viewarticle.Php?Id=stadies ـ 20041122288 علاء عبدالخالق

سێیەم: ئەو حزب و ڕەوتە نەتەوەییە عەرەبانەی کە بە ڕواڵەت لەگەڵ قاسمدا بوون، بەڵام لە ژێرەوە کاریان دەکرد بۆ لەناوبردنی، کە هەندێکی سەر بە حزبی بەعس و نەژادپەرست و کەسی سەربازییان تێدابوو، کە حەزیان نەدەکرد کورد لە چوارچێوەی عێراقدا بە مافەکانی شاد بێت[1].

ئیسماعیل عارف، خزمی قاسم و وەزیری مەعاریف و ئامرازی پەیوەندیی نێوان قاسم و بارزانی، لە کتێبی نهێنییەکانی شۆڕشی ١٤ی تەموزدا باس لە لێکەوتەکانی قەیرانەکە دەکات و دەڵێت: "حکوومەت ڕێگەی بە کورددا بە ئاشکرا چالاکیی سیاسیی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەوەبوو مۆڵەت درا بە دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەروەها ڕێگە بە مامۆستایانی کورد درا یەکێتییەکی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن، ئەم کارانە هەڵەشە و چاوچنۆکەکانی قایل نەکرد، کە بەیەك جار هەموو شتێکیان دەویست، ئەوەیان لە بیر خۆیان بردبووەوە کە بازدان بەسەر قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژوودا کارێکی ئەستەمە، سەرباری ئەوەی سەرۆکی خێڵەکان دەستیان بەسەر بزووتنەوە کوردییەکاندا گرتبوو، ئەو سەرکردانە لەلایەن هێزگەلێکەوە کە شۆڕشی ١٤ی تەموزیان بە دوژمن سەیر دەکرد ئیستیغلال کرابوون، بۆیە دژایەتیی پرۆژە پێشکەوتووەکانی وەك چاکسازیی کشتوکاڵییان دەکرد. بەم شێوەیە دەستکەوتە کوردییەکان فراوان بوون، کورد پاش شۆڕشی ١٤ی تەموز نوێنەری فەرمی خۆیان لەناو دەسەڵاتدا هەبوو، کوردێك بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دامەزرابوو، لەگەڵ چەند وەزیرێکدا لە ئەنجوومەنی نوێنەران". هەروەها چیرۆکێکی تر دەگێڕێتەوە کە باس لە چاوپێکەوتنی نێوان قاسم و بارزانی دەکات، دەڵێت: "مەلا مستەفا پەیوەندیی پێوە کردم تا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سەرۆك قاسمدا بۆ ڕێکبخەم، بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی قەیراناویی ناوچە کوردییەکان، بارزانی گوتی: دۆخی کوردستان ترسناکە، بە ڕای من گەلەکۆمەکییەکی گەورە خەریکە دژ بە شۆڕشی ١٤ی تەموز دەکرێت، جا چونکە شۆڕش و بەتایبەت سەرۆك بۆ من و کورد باش بوون، بۆیە بە ئەرکی خۆمی دەزانم ڕەهەند و ئەنجامەکانی ئەم بارە ڕوون بکەمەوە. هەروەها مەلا مستەفا دەڵێت:گەر ئەمەش سەری نەگرت تکا دەکەم بە وەزیری ناوخۆ ڕابگەیەنن کە ڕەگەزنامەکەم لێ وەربگرێتەوە و کۆچ بکەم بۆ هیندستان و لە عێراق دەربچم، چونکە گوشارێکی زۆرم لەسەرە هەروەها شوێنکەوتووانم بەوە تۆمەتبارم دەکەن لە داکۆکیکردن لە مافەکانیان خەمساردیم نواندووە، منیش ناتوانم دەست بدەمە کارێك دژ بە شۆڕش. پاش دەرچوونی بارزانی لە دیمانەکەی لەگەڵ سەرۆکدا، قاسم گوتی: بارزانی دەیەوێ پاساوی ئەو شتانە بداتەوە کە دژ بە شۆڕش دەیانشارێتەوە، ئێمە دەزانین دروستکردنی کێشەی نێوان گەلی کورد و ئێمە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە"[2].

(١) مجید خدوري، العراق الجمهوري، مصدر سابق، ص٢٤٢.
(٢) اسماعیل عارف، أسرار ثورة ١٤ تموز وتأسیس الجمهوریة العراقیة، مصدر سابق.

عەمید حەسەن عەبود، ئامرلیوای پێنج و نۆیەنەری قاسم بۆ دانوستان لەگەڵ بارزانیدا، لەبارەی دۆخی ئەو ڕۆژگارەوە دەڵێت: "زۆر سەرسام بووم بەو ڕووخۆشی و نەرمونیانییەی کە بارزانی لە گفتوگۆکانیدا دەری دەبڕی کە گوتی من هیچم بۆ خۆم ناوێ، من ڕاکێشراومەتە نێو ئەم شەڕەوە، لە کاتێکدا هاوتەمەنەکانم لە نێو ماڵ و منداڵی خۆیاندا خۆش دەگوزەرێنن. هەروەها بارزانی گوتی: قاسم لەبەر هەر هۆکارێك حەزی لە چارەی من نییە لە عێراقدا، منیش ئامادەم گەر هەندێك نەك هەموو مافەکانی گەلی کورد دابین بکات بۆ هەر لایەك ئەو پێی خۆشە دەڕۆم و جێی دەهێڵم"[1].

پاش شەڕە قورسەکان، سەرەڕای ناوچەی بارزان کە گۆڕەپانی کردەوە سەربازییەکان بوو، ئارامی باڵی بەسەر گشت لایەکی کوردستاندا کێشابوو[2]، لەو کاتەدا شێخ ئەحمەد پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ مەلا مستەفادا وای بەباش زانی ڕاگرتنی شەڕ ڕابگەیەنن، بەڵام قاسم گوتی ڕازیبووتی من بە خۆبەدەستەوەدانی مەلا مستەفا و شوێنکەوتووانیەوە بەبێ مەرج بەندە، مەلا مستەفایش ئەم وەڵامەی بۆ نارد: "من نە داوای لێبوردنم لە تۆ کردووە، نە پێویستم بە داوای لێبوردنە، چەندە بتوانم درێژە بەبەرگری دەدەم و داکۆکی دەکەم، گەر کۆتا کەرەستە و ئامرازم تەواو بوون، وڵات جێ دەهێڵم"[3].

لە ٧ی ئاداری ١٩٦٢دا، قاسم لێبوردنێکی گشتیی بۆ شۆڕشگێڕان دەرکرد، بڕیارەکەی بە ژمارەیەك لە سەرۆك خێڵەکانی پشدەردا نارد[4]، وەڵامی بارزانی بۆ شاندەکە ئەوەبوو: "بە عەبدولکەریم قاسم بڵێن باسەکە لەوە فراوانترە کێشەیەکی کەسی نێوان من و ئەو بێ، پێویستە وەڵامی داخوازییەکانی کورد بداتەوە".

لە تەموزی ١٩٦٢دا، حکوومەت گەڕایەوە بۆ دانوستان، ئەمجارە دەسپێشخەرییەکە هی عەمید مەحمود عەبدولڕەزاق بوو، کە فەرماندەی فیرقەی سێ بوو، عەبدولوەهاب ئاغای جندیانیی ڕاسپارد پەیوەندیی بە بارزانییەوە بکات و نامەیەکی پێدا نارد ناوەرۆکەکەی ئەوە بوو کە سەرۆکوەزیران ئامادەیە بۆ دانوستان[5].

ڕەنگە هۆکاری ویستی قاسم بۆ دانوستان، گوشاری زۆری گەل بووبێ لەسەر حکوومەت، حزب و ڕێکخراوە گەلییەکان لەپێش هەموویشیانەوە حزبی شیوعی، چەندین یاداشتیان بۆ قاسم بەرزکردەوە و تێیاندا داوای دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانەیان بۆ دۆزی کورد کردبوو[6]. قاسم لە ٨ی شوباتی

---

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٥٠.
(٢) المصدر السابق، ص ٢٩ .
(٣) المصدر السابق، ص٣٠.
(٤) دەقی بڕیاری لێخۆشبوونە گشتییەکە لە پاشکۆی ژمارە ١٩.
(٥) دەقی نامەکە و وێنەکەی لە پاشکۆی ژمارە ٢٠.
(٦) نموونەیەک لە یاداشتەکان لە پاشکۆی ژمارە ٢١.

١٩٦٣دا كەوت. لە هۆکارەکانی کەوتنیشی شۆڕشی ئەیلوول بوو، کە لە ئەیلوولی ١٩٦١ەوە تا کەوتنی قاسم لە شوباتی ١٩٦٣ بەردەوام بوو.

### هۆکارەکانی شۆڕش چی بوون ؟

**دوو بۆچوون هەن:**

بۆچوونی فەرمی حکوومەت: لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان هاندەر و پلاندارێژەری شۆڕش نەبووە، بەڵکو چونکە ڕێکخستنێکی ئامادەبوو بۆ سەرهەڵدان و بزووتنەوە، لە سێ لاوە ئیستیغلال کرابوو:

١. چینی گەورە دەرەبەگ و ئاغاکان کە **یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی** گرتبوونیەوە، پاش شۆڕش بۆ ئێران هەڵهاتن، تارانیش بۆ کاریگەریدانان لەسەر ڕژێمە نوێیەکە بەکاری هێنان.

٢. بازنە داگیرکارییەکان: هاوشێوەی پەیمانی باکووری ئەتلەنتیک (ناتۆ) و هەردوو ئیدارەی بەریتانیایی و ئەمەریکایی، هەروەها کۆمپانیای نەوتی عێراق، ڕەنگە ئامانج سەرقاڵکردنی ئیدارەی عێراق بووبێت بە پرسی کوێتەوە.

٣. چەند خێڵ و تیرەیەکی کورد کە بە نەرێنی کاریگەر بوون بە شۆڕش.

یەکێك لە سەرکردە کوردییەکان، لە گوتارێکیدا لەبەردەم کۆمەڵەی قوتابیانی کورددا لەشاری هانۆڤەر لە ئەڵمانیا ساڵی ١٩٦٤، هۆیەکانی ئەم بزووتنەوەیە دەگێڕێتەوە بۆ چەند خاڵێك[1]:

١. **شڵەژاندنی باروودۆخی ناوخۆی وڵات و لاوازکردنی حکوومەتی** قاسم لە دانوستانەکانی نەوتدا، بە مەبەستی پاشەکشەکردن لە داخوازییەکانی عێراق.

٢. دووبارە جێبەجێکردنی **یاسای چاکسازیی** کشتوکاڵی لە باکووری عێراق، کە بووە هۆی زیانگەیاندن بە ئاغا و دەرەبەگەکان.

بەڵام لەکاتی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی ئەوکاتەدا، ئەم ڕاستییانەی خوارەوە دەبینین:

١. دانوستانەکانی نەوت، لەو کاتەدا لەنێوان حکوومەتی عێراق و کۆمپانیا بیانییەکاندا لەبارەی داخوازییەکانی عێراقەوە.

٢. داخوازییەکانی عێراق لە کوێت.

(1)http;\\kurdclub.com\madules\kurd.item.Php?Itmid=6

**بۆچوونی دووەم:**

بۆچوونەکە لە دیدگەی کورد خۆیاندا چڕ دەبێتەوە، ئەمەش لەو ١٣ داواکارییەدا خۆی دەبینێتەوە لە یاداشتەکەدا هاتبوون کە لە ٢٠ی تەموزی ١٩٦١ بۆ عەبدولکەریم قاسم نێردرابوو، هەموویشیان داواکاریی دۆزی کورد بوون.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا، سەرەتاکانی لاوازی و هەڵوەشانەوە لە ڕژێمەکەی قاسمدا بە دیار کەوتن، هیچ هێزێکی سیاسی تەما پشتگیری بکات، هەموویانی لەدەستدا، هۆکارەکەیشی ئەوەبوو لایەنگیری هیچیان نەبوو، بۆیە هەموویان دژایەتییان کرد[1].

چارەنووسی قاسم جێی مشتومڕ نەبوو، باسەکە ئەوەبوو کەی و کێ جێگەی دەگرێتەوە. سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان هەولێدا دەسەڵاتدارانی داهاتوو دەستنیشان بکات و پەیوەندییان پێوە بکات، شیوعی و هێزە نیشتمانیە دیموکراتییەکان لە دەرەوەی ئەم باسە بوون، چونکە شیوعیەکان سەرباری هەڵوێستی ڕەخنەگرانەیان، بەردەوام لە هەوڵی پاراستنی حوکمی قاسمدا بوون[2]. نیشتمانیەکانیش بەهۆی باڵباڵێنی نێوانیانەوە لەوە لاوازتربوون ئۆپۆزسیۆنێکی چالاک پێکبهێنن، بۆیە بەعسی و نەتەوەپەرستەکان بەختیان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لەوانی تر زیاتر بوو[3]. هەربۆیە عەقید تاهیر یەحیا[4]، لە ڕێگەی عەقید ڕوکن کەریم قەرەنی هاوڕێیەوە لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٢دا پەیوەندیی بە سەرکردایەتی بزاوتی کوردەوە کرد[5] و لەسەر بنەمای دانان بە مافە کولتوورییەکانی گەلی کورد ئامادەیی حزبەکەیی بۆ چارەسەری دۆزی کورد پێ گەیاندن[6]، هەروەها پێدانی حوکمی لامەرکەزی، بزووتنەوەی کوردیش ئامادەیی بۆ ڕاگرتنی شەڕ و بەشداریکردن لە حوکمی نوێ و ڕێگرتن لە هاتنی هەر هێزێکی سەربازی بۆ دژایەتیکردنی شۆڕش لە بەغدا پیشاندا.

تاهیر یەحیا لە نامەیەکیدا کە بۆ ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری پارتی ناردبوو داوای ناوی وەزیرە کوردەکانی کرد بۆ بەشداریکردن لە حکوومەتی نوێدا، بە جەختکردنەوە لە دامەزراندنی ڕژێمی نوێ لەسەر بنەمای حوکمی زاتی.

---

(١) مجيد خدوري، العراق الجمهوري، مصدر سابق، ص ٤٤٢؛ سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص٧٥.

(٢) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٥٨؛ أحمد فوزي، قسم والأكرد، مصدر سابق، ص ١٢٢.

(٣) اديث واثين ايف بنيروز، العراق دراسة علاقاته الخارجية وتطوراته الد حلية ١٩١٥ ـ ١٩٧٥، ترجمة عبدالمجيد حبيب، ج١، بيروت، ١٩٨٩، ص ٤٤٠.

(٤) يەکێک بوو لە بەرهەڵستکارانی قاسم و لە سەردەمی ئەودا پێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی هەبووە، دواتر بوو بە یەکێک لە سەرکردەکانی کودەتای ٨ی شوبات، وەک سەرۆکی ئەرکانی سوپا دەستنیشان کرا. حنا بطاطو، الكتاب الثالث، مصدر سابق، ص ٣٢٣.

(٥) هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة :تجربتي في حزب البعث العراقي، لندن، رياض الريس للكتب والنشر، ١٩٩٣، ص ٢٩٤.

(٦) على كريم سعيد، عراق ٨ شباط ١٩٦٣، من حوار المفاهيم إلى حوار الدم، مراجعات في ذاكرة طالب شبيب ١٩٩٩، ص ٢٤٨؛ دانا آدمز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ٣٥٦.

پاش ڕەزامەندیی بارزانی، وەڵامەکەی مەکتەبی سیاسی بۆ نامەکە ئەمە بوو:

**"دیموکراسی بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان**[1]. ئەمەیە دروشم و سیاسەتی حزبەکەمان، ناوەکانیش کە پێشنیازیان دەکەین ئەمانەن: بابا عەلی شێخ مەحمود، فواد عارف، بەکر عەبدولکەریم، عومەر مستەفا، جەلال تاڵەبانی، عەلی عەسکەری"، هەروەها عەلی ساڵح سەعدی لە کانونی دووەمی ۱۹٦۳دا چاوی بە ساڵح یوسفی و عەلی شەنگالی کەوت، کۆبوونەوەکە نیوچە ڕێککەوتنێکی لەسەر چارەسەری دۆزی کورد لێ کەوتەوە[2]. بەعس داوایان لە بارزانی کرد لە کاتی شکستهێنانی کودەتاکەدا ڕێگە بدات کودەتاچیان بێنە کوردستان[3]، هەروەها پەیمانی دابوو ڕێگری لە هەر هێزێکی سەربازی بۆ بەرگری لە بزووتنەوەی چاوەڕێکراو لە بەغدا بکات[4].

بەم شێوەیە کورد ڕاستەوخۆ لە دیاریکردنی چارەنووسی قاسمدا بەشداریی کرد، قاسم لە کاتی گورزوەشاندن لە هێزە نەتەوەییە عەرەبەکاندا (بەعسی و ناسری و وەحدەوییەکاندا) پشتی بە پشتگیری کورد و شیوعیەکان دەبەست، پاش دابڕانی پەیوەندیی بەم دوو لایەنەوە، بەکردەوە دەرکەوت لەبەردەم سەرجەم هێزە سیاسیەکاندا لاوازە، ئەمەیش زەفەرپێبردنی ئەوی لە شوباتی ۱۹٦۳دا ئاسان کرد، بۆیە قاسم بوو بە دەستکەوتێکی ئاسان بە دەستی کودەتا چییەکانەوە، زۆربەی سوپاکەی کە لە کوردستان و کەرتەکانی مورابەتە لە بەغدا جێگیر بوون، کەوتنە دەستی ئەفسەرە کودەتاچییەکانەوە[5].

قاسم کوژرا و لە بیست ئامانجەکەدا شۆڕشی تەموز حەڤدە ئامانجی بەدیهێنا و لە دەستخستنی ئەم سیانەیاندا شکستیهێنا:

١. ئامانجی پێنجەم کە تایبەت بوو بە بەدیهاتنی چارەسەریی دۆزی کوردەوە.
٢. ئامانجی شازدەیەم، تایبەت بە پێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش.
٣. ئامانجی نۆزدەیەم، تایبەت بە دیاریکردنی ماوەی ڕاگوزەری تا دەستوری هەمیشەیی بۆ بنووسێت.

هەندێك لە سەرکردەکانی کورد، هەڵوێستی بزووتنەوەی کوردیان بەرامبەر بە قاسم بە هەڵە داناوە. مەسعود بارزانی کوڕی سەرۆک مەلا مستەفا لەبارەی قاسمەوە دەڵێت: "سەرەڕای هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە پڕ ستەمەی دژ بە گەلی کورد، کە بووە هۆی ماڵوێرانی و نەهامەتی گەلی عەرەبیش، من لێرەدا

---

(١) سيف الدين الدوري، علي صالح السعدي، مصدر سابق، ص ٣٠٤.
(٢) طالب شبيب، مذكرات سفير العراقي في تركيا، مصدر سابق، ص ٢٤٨.
(٣) هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة، مصدر سابق، ص ٢٩٤.
(٤) شبلي العيسمي، تاريخ حزب البعث، المرحلة الصعبة ١٩٥٨ ـ ١٩٦٨، بغداد، ١٩٨٧، ص ٢٥٨
(5)Bernardverner،LIRKdaujourdhui، Paris1963، p362

دەڵێم هەواڵی کوشتنی هیچ دڵخۆشی نەکردم، بڕوام وایە وێڕای کردارە بەدەکانی زۆر لەوانە باشتر بوو کە کودەتای شوباتیان ئەنجام دا"[١].

هەروەها جاسم حەلوائی، ئەندامی لێژنەی مەرکەزیی حزبی شیوعی عێراق لە کتێبەکەیدا "چەند وێستگەیەك لە مێژووی حزبی شیوعی عێراق" دەڵێت: "لە گێژاوی ئەم دۆخە تێکچڕژاوەدا، تێکگیرانی چەکداریی لە کوردستان سەریهەڵدا، یان وەکو جەرجیس فەتحوڵای کادری پارتی دەڵێت: گرووپە چەکدارەکانی کورد دژ بە حکوومەت چەکیان هەڵگرتبوو، لە بنەڕەتدا گروپگەلی خێڵەکیی تووڕە بوون، سەرکردە گەلێك بەڕێوەیان دەبردن لە ڕووی بنەماوە هۆکارەکانیان هیچ پەیوەندیی بە ئامانجی ڕوونی نەتەوەییەوە نەبوو. حەلوائی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: کەچی قاسم دەستی پێشخست و هێزەکانی ڕەوانەی ناوچەکانی ئەم گروپانە کرد و فرۆکەکانی لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ بۆردومانی ئەو ناوچانەیان کرد، بەهەرحاڵ، قاسم و مەلا مستەفا هیچکامیان حەزیان لەشەڕ نەبوو. هەروەها حەلوائی دەڵێت: پریشکی شەڕەکە لە عەباسی مامەند ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی ئاکۆوە کەوتەوە، کە خۆی و عەشیرەتەکەی ڕێگەیان لە کاروانێکی سەربازی گرت کە بۆ سلێمانی دەچوو"[٢].

بە کورتی قاسم لە پێشبینییەکانیدا بۆ هێزی گەلی کورد لە ڕێکخستن و بەرگریدا بە هەڵەدا چووبوو، بێگومان شەڕەکە لاوازی کرد و کاریگەری لەسەر پلانە سیاسییەکەی دانا. قاسم لەبری ڕێگەچارەی ئاشتییانە پەنای بۆ ڕێگەچارەی سەربازی برد، هەروەها سەرکردایەتی کورد دەبوو زیاتر خۆیان بگرن و لە گفتوگۆ و هاوپەیمانێتی و بۆردومانکردنی هەندێ ناوچەی کوردستاندا وردتربووتایە، دوای ئەوەی شەڕ هەڵگیرسا، سەرکردایەتی کورد هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نەما، ئەوە نەبێ پەنا بۆ لایەنە دەرەکییەکان ببات، کە ئەوانیش بەرامبەر بە کورد نیازپاك نەبوون و چاکەی کوردیان نەدەویست. هەردوولا حکوومەت و پارتی، دۆزی کورد و عێراق، لەم ڕووبەڕووبونەوە چەکدارییەدا تێوەگلان و خوێندنەوەیەکی دووریان بۆ ململانێی نێوان هەردوو لایەنی شەڕی سارد نەکرد.

جەلال تاڵەبانی، لە گوتەیەکیدا لە بۆنەی چلەی شەمسەدین موفتیدا، کە یەکێ لە سیمبۆلەکانی کوردە، لە ٢٠١٢/١٠/١٠دا بەرهەڵستی پێشەوا بارزانیی بۆ شۆڕشی ئەیلوول کە لە شەستەکاندا هەڵگیرسا ئاشکرا کرد و گوتی: کە شۆڕش دەستی پێکرد، پێشبینیەکانمان هەڵە بوون، بەڵام ڕێگەیەکی ترمان نەبوو، بۆ مێژوو دەڵێم: مەلا مستەفا لەگەڵ شۆڕشدا نەبوو، تاڵەبانی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: بە نوێنەرایەتیی مەکتەبی سیاسی چوومە لای بارزانی، چونکە نێوان مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی حزب ناکۆك بوو، بارزانی لە بارزان پێی گوتم: کاتەکە گونجاو نییە بۆ شۆڕش، تاڵەبانی دەڵێت: بەڵام

---

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٨٢.

(2)http;\\www.sotaliraq.com\mobile _ iternphp?id _ 115720

بۆردومانکردنی ناوچەی بارزان لە ١٦ی ئەیلوول لەلایەن حکوومەتەوە بارزانیی ناچارکرد دەست بداتە شۆڕش[١].

وەك باسیشمان کرد چەند عەشیرەتێك بە هۆی خراپ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵییەوە دایانە پاڵ شۆڕشەوە، هەندێکی تریشیان کە بینیان عەشیرەتی دوژمنیان لای شۆڕشی گرتووە، هاتنە پاڵ شۆڕش. بڕێکی تریش بە هۆی باجی زەوییەکانەوە چاوەڕێ بوون قاسم وەڵامی داخوازییەکانیان بداتەوە، بەڵام هەندێکیان ڕاستگۆ و دڵسۆزبوون و ئامادەبوون بەبێ سنوور قوربانی بدەن.

سەرباری ئەوەی لەسەر شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ گوترا، شۆڕشەکە:

١. بزووتنەوەیەکی کوردی بوو، کە ئامانجی نیشتمانی دادگەرانەی هەبوون، تاکە ئامانجی دەستخستنی حوکمی زاتی بوو بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی کۆماری نوێدا.

٢. هەموو ئەو کوردانەی بەشداربوون تێیدا لەڕووی جوگرافیاوە سەر بە عێراق بوون، تەنیا مەبەستیشیان عێراق بوو، واتە بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ کوردەکانی تورکیا یان ئێراندا.

٣. شۆڕشەکە لە شێوازی ئەو چاکسازییانەدا کە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەخۆی گرتبوون، خاوەن ناوەرۆکێکی پێشکەوتوو بوو، لە سەرتاپای عێراقدا، بەتایبەت کوردستان و لە بەرژەوەندیی چینی کرێکاردا بوو.

٤. بزووتنەوەکە میللی و نەتەوەیی بوو، لەژێر چاودێریی سیاسی و سەربازیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا و بە سەرۆکایەتیی سەرکردایەتی حزب بوو.

٥. بزووتنەوەکە بە گشتی پلانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو. هەروەها بەشێوەی داکۆکیکردن لەخۆی دەستی پێکرد.

## کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣

کودەتاکە، کە لە هاوپەیمانی بەعسی و ناسرییەکان پێکهاتبوو، لە گرتنەدەستی دەسەڵات و کۆتاییهێنان بە حوکمی قاسمدا سەرکەوت دەسەڵاتی ڕاستەقینەی وڵاتی کەوتە دەست (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش)، کە بوو بە سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بە دەرکردنی یاساکان و دامەزراندن و دەرکردنی وەزیرەکانیشەوە، لە ڕۆژی ٩ی شوباتی ١٩٦٣ حکوومەتی نوێ پێکهات و عەبدولسەلام عارف بوو بە سەرۆك کۆمار[٢]. ئەندامی مەکتەبی سەربازیی حزبی بەعس دیاری کرا و ئەحمەد حەسەن بەکر کرا بە سەرۆکوەزیران، عەلی ساڵح سەعدی بوو بە ئەمینداری نهێنیی حزبی بەعس و جێگری

(1)http;\\www.sotaliraq.com\mobile.newsphp?id=74049

(٢) جريدة الحرية (بغداد)، العدد (١٦٦٧)، في شباط ١٩٦٣.

سەرۆکوەزیران و وەزیری ناوخۆ[1]، وەزارەت دوو کوردی لەخۆ گرتبوو ئەوانیش فواد عارف و بابا عەلی شێخ مەحمود بەرزنجی بوون[2]. سەرکردایەتی کودەتا چەند ڕۆژی سەرەتا خەریکی پاکتاوکردنی نەیارەکانی بوو، بەتایبەت شیوعیەکان و لایەنگرانی تری قاسم، کە ئەندامانی پاسەوانیی نەتەوەیی (الحرس القومي)یان تێکەڵ بوون[3].

بەم شێوەیە جێگیرکردنی ڕژێمەکە بەسەر کێشە گرنگەکانی تردا چەشنی کێشەی کورد بوو بە کارێکی لەپێشینە لە بیروهۆشی دەسەڵاتدارانی نوێدا[4]، کورد لە سەرەتاوە ئومێدی خێری بە کودەتاکە هەبوو، وای دەزانی دەبێتە هۆی لاچوونی قەیرانەکە و کۆتاییهاتن بەو بارودۆخە نائاساییەی بە دەستییەوە دەیناڵاند، هەروەها دەبێتە سەرەتای قۆناغێکی تازەی ئاسایش و سەقامگیری لە وڵاتدا، لەگەڵ دۆزینەوەی چارەیەکی ئاشتییانە بۆ دۆزی کورد، بەڵام هەر زوو هیوای کورد پوکایەوە[5]. چونکە هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی کودەتاچییان بەرامبەر بە کورد ڕوون نەبوو، سەرەڕای هەبوونی پەیوەندیی نێوان هەردوولایان پێش کودەتا، کەچی **کودەتاچییان کاتی کودەتایان بە** پارتی ڕانەگەیاند[6]، چونکە متمانەیان پێی نەبوو، هەروەك بەیاننامەی یەکەمی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش هیچ ئاماژەیەکی بە چارەسەکردنی کێشەی کورد لەسەر بنەمای حوکمی زاتی نەدابوو، وەك پێشتر لەسەری ڕێك کەوتبوون، بگرە تێیدا هاتبوو کە حکوومەتی شۆڕش کار بۆ بەدیهێنانی یەکێتیی نیشتمانی گەل دەکات، بەوەی دەیخوازێ لە تۆکمەکردنی برایەتیی نێوان کورد و عەرەب و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و بەهێزکردنی خەباتی هاوبەش دژ بە داگیرکەر و ڕێزگرتن لە مافی کەمینەکان[7].

سەرەڕای ئەمەیش ئەندامی لێژنەی مەرکەزی پارتی، ساڵح یوسفی و عەمیدی خانەنشین فواد عارف بروسکەیەکی پیرۆزباییان بەناوی پارتیەوە بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش نارد کە تێیدا هاتووە: "شۆڕشەکەتان لەگەڵ شۆڕشی مەزنی گەلی کورددا یەکی گرت، کورد بەو جووڵانەوەیەتان کە قاسمی لەناو برد سەرسامە و چاوەڕیی هەنگاوی کرداریتان لێ دەکات بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی

---

(١) جريدة الأيام (بغداد)، العدد (٢٥١) في شـباط ١٩٦٣؛ جعفر عباس حميدي وآخرون، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري ١٩٥٨ ـ ١٩٦٨ ـ ٨ شباط ـ ١٨ تشرين الثاني ١٩٦٣، ج٣، بغداد، ٢٠٠٢، ص ٣٧.

(٢) بەپێی ڕێککەوتنەکەی پێش کودێتا دەبوو ٦ وەزیری کورد دابمەزرێن.

(٣) بریتییە لە ڕێکخستنی چەکداری حزبی بەعس، لە ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ بەپێی یاسـای ژمارە ٣٥ کە (ئەنجومەنی نیشـتیمانیی سـەرکردایەتیی شـۆڕش) دەری کرد پێک هات، لە ڕاونان و دەسـتگیرکردن و ئەشـکەنجەدانی پارتی و شیوعییەکاندا ڕۆڵی هەبوو.

(٤) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ٧٩.

(٥) محسن دزەيي، أحداث عاصرتها ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، ج٢، أربيل، ٢٠٠٢، ص ٢٢.

(٦) دانا آدمز شميدث، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ٣٥٩.

(٧) نص البيان في جريدة لواء العروبة، بغداد العدد (١)، ٣٠، مارس، ١٩٦٣؛ محمود الدرة، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ٣٠٥.

کورد"[١]، کەچی سەرکردایەتی کودەتا وەڵامی بروسکەکەی نەدایەوە[٢] و هیچ نیازێکی باشی دەرنەبڕی[٣]. مەلا مستەفا و مەکتەبی سیاسی ڕەخنەیان لەو دووانە گرت کە پەلەیان کرد و پێش ڕوونبوونەوەی هەڵوێستی ڕژێمی نوێ بەرامبەر بە کورد بروسکەیان نارد، هەروەها ڕەزامەندی حزبیان وەرنەگرتبوو. بارزانی فواد عارفی ئاگادارکردەوە کە بە ناوی سەرکردایەتی شۆڕشەوە لێدوان نەدات، چونکە ئەو نوێنەری شۆڕش نییە[٤].

ساڵح یوسفی پاساوی ئەوەی هێنایەوە کە پاڵنەری بۆ خێراناردنی بروسکەکە، ترسانی بوو لە چارەنووسی کورد لە بەغدا و ناوچەکانی تر، بۆیە ویستویەتی بیانپارێزێت[٥].

ڕەخنەکەی بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی لە شێوەی بەیاننامەدا بوو، چونکە بروسکەکە کودەتای بەعسییەکانی خستبووە ئاستی شۆڕشی کورد[٦].

مەکتەبی سیاسیی پارتی ڕۆژی ٨ی شوبات بروسکەیەکی بۆ بارزانی سەرۆکی حزب نارد، بۆ ڕاوێژکردن لەبارەی بۆچوون و تێڕوانینی نێوان ئەندامان، داوای زەرووڕەتی دەستگرتنی بەسەر قەزا و ناحیە کوردییەکاندا دەکرد و وەدەرنانی سوپای عێراق تێیاندا، تاکو دانوستانەکان لەگەڵ حکوومەتدا لە پێگەیەکی بەهێزدا بن[٧]، بەڵام بارزانی ئەم بۆچوونەی پەسەند نەکرد و وای بەباش زانی مۆڵەت بە حکوومەتە نوێیەکە بدرێت، پارتی پابەندی ئەو بەڵێنە بوو کە بە کودەتاچیانی دابوو، بەپێی ڕێککەوتنەکە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا ڕاگرتنی شەڕی ڕاگەیاند[٨]، تاکو بوار بە حکوومەت بدات بۆ بردنەسەری بەڵێنەکانی. پارتی لە ١٠ی شوبات بروسکەیەکی بۆ سەرۆك کۆمار و سەرۆکوەزیران نارد و تێیدا دەستخۆشی لە لابردنی ڕژێمەکەی قاسم کرد. بروسکەکە هەنگاوەکانی یەکەمی بۆ دەستکردنەوە بە دانوستانەکان پێشنیار کردبوو، کە ڕاگەیاندنی ئاگربەست و ئازادکردنی گیراوەکان و زیندانیانی سیاسی بوو، هەروەها قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان و ڕۆنانەوەی گوندە وێرانەکان، دەستبەجێ ڕاگەیاندنی دانان بە مافی کورددا بە شێوەیەکی فەرمی بە هەبوونی مافە نەتەوەییە ڕەواکان

---

(١) دانا آدمز شمیدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص٣٦٠؛ علي كريم سعيد، عراق ٨ شباط، مصدر سابق، ص٢٠٥.

(٢) عەبدوسەلام لە مسەکانیدا لەگەڵ ساڵح یوسفی بە ئامادەبوونی بەکر و سەعدی ڕەخنەی لە ناوەڕۆکی بروسکە پیرۆزباییەکە گرت و داوای کرد ناوی پارتی دیموکرات و ڕاراوەی حوکمی زاتی نی دەربهێنرێت، گوایە ئەو ناوانە سەرکردەکانی کۆدێتا ناڕەحەت دەکەن. http ://ar.wikipedia.org/wiki.

(٣) کاوس قفطان، مصدر سابق، ص ٢١٤.

(٤) شیرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في العراق ٨ فبراير ١٩٦٣ ـــ ١٧ تموز ١٩٦٨، دهوك، دار سبيريز للطباعة، ٢٠٠٦، ص ٧٦.

(٥) محمود الدرة، القضية الكردية، مصدر سابق، ص٣٣٥.

(٦) عزيز الحاج، مع الأعوام، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٦٩، بيروت، ١٩٨٠، ص ١٤٩.

(٧) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في العراق، مصدر سابق، ص٧٨.

(٨) علي سنجاري، الحركة التحررية الكردية، مصدر سابق، ص٧٢.

له چوارچێوەی حوکمی زاتیدا[١]، بارزانی داوای له حکوومەت کرد پێویسته شاندێکی فەرمی حکوومەت بنێرێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر داواکارییەکانی کورد و وەستان لەسەریان[٢].

ڕاستییەکەی ئەو سیاسەتەی حکوومەتی کودەتا له ڕۆژانی یەکەمی دوای کودەتاوە پێڕەوی دەکرد، بەرامبەر چارەسەری کێشەی کورد لەسەر بنەمای حوکمی زاتی، ڕوون نەبوو، بەڵکو هەڵوێستی بە فریودان و خۆدزینەوە له وەڵامی پرسە ورووژێنراوەکان بەناوبانگ بوو[٣]، ئەمەیش له لێدوانی بەرپرسەکانیدا بە ڕوونی دیاربوو، کاتێك وەزیری دەرەوە، تاڵیب شەبیب، لەبارەی دۆزی کورد و دەستکردنەوە بە دانوستانەوە پرسیاری لێ کرا، له وەڵامدا گوتی: تۆقاندنی قاسم سەرجەم کەرت و دەستەکانی گەلی گرتبووەوە، بەشێکی زۆر له برا کوردەکانیشی تووش کردبوو، شۆڕشەکەی ئێمە کە سەردەمی دیکتاتۆریی بەکۆتا گەیاند، بەشێکی سەرەکی له داخوازییەکانی کورد و عەرەبی بەدیهێنا[٤]. ئەمەیش له لێدوانی بەرپرسەکاندا دیار بوو، بۆیە کاتێك عەلی ساڵح سەعدی ئەمین سڕی بەعس پرسیاری لێ کرا: ئێوە لەبەرامبەر کورد و دۆزی کورددا له عێراق چی دەکەن؟ له وەڵامدا گوتی: "لێتان ناشارمەوە ئێمە پێش شۆڕش پەیوەندیمان بە بزووتنەوەی کوردییەوە کرد، تاکو له کاتی ئەنجامدانی شۆڕشەکەماندا ئارامی بپارێزن و پشتگیری له شۆڕشەکەمان بکەن، ئێمەیش بەڵێنی خۆبەڕێوەبەریمان پێدان، ئێمە لەسەر بەجێگەیاندنی هەندێك له داواکارییەکان سوورین، ئەگەرنا ئێمە بەشێوەیەك کاروبارمان ڕێکدەخەین بتوانین له ماوەی دوو هەفتەدا بەسەر یاخیبوونیاندا زاڵ بین"[٥].

هەروەها ڕۆژنامەی جماهیر، زمانحاڵی بەعس له گوتارێکیدا نووسیبووی: "شۆڕشی ٨ی شوبات، بۆ ڕزگارکردنی عێراق و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی بوو، شۆڕش پەرەدان بە ژیانی هاووڵاتییانی باکووری لەبەر چاوە، گەلی عەرەب هەست بە مافی گوزارشتکردن له هەستی نەتەوەیی کورد دەکات، له گەشەپێدان بە توانستە فیکری و فەرهەنگییەکان. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو دۆخەی وڵاتی پێدا تێدەپەڕێ"، ڕۆژنامەکە داوای له کورد کرد بە یەکریزی دژ بە (دواکەوتوویی) بوەستنەوە، هەروەها داوای کرد بە بیانووی تۆکمەکردنی یەکێتیی نیشتمانییەوە، مافەکانی کورد دوا بخرێت، تاکاتێك دۆخی لەبار بۆ حکوومەت دەگەڕێتەوە"[٦].

بەم شێوەیە داواکارییەکانی کورد، بەپێی دەربڕینی ڕۆژنامەکە، بە بابەتی لاوەکی هەژمار کران، وەك بڵێیت کورد جگە له ڕووخاندنی ڕژێمەکەی قاسم و گۆڕینی بە ڕژێمێکی تر شۆڕشیان نەکردووە.

(١) ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١٤٦.
(٢) منشورات جريدة الثورة، بغداد، آراء في المسألة الكردية، بغداد،١٩٧٠، ص ٤٦.
(٣) ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١٤٨.
(٤) جريدة الجماهير، الناطقة بلسان حزب البعث العربي، بغداد، العدد ٤، في ١٥ شباط/فبراير ١٩٦٣.
(٥) جمال الأتاسي، في مقدمة لكتاب منذر الموصلي، الحياة السياسية والحزبية في كردستان، مصدر سابق، ص٣٨.
(٦) جريدة الجماهير، بغداد، العدد (٢)، في ١٣ شباط، ١٩٦٣.

دژایەتیکردنی زیاتری مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، کاتێك هەڵمەتی سەرکوتکردنی بەعسییەکانیش دەستی پێکرد، تەنیا شیوعیەکان و لایەنگرانی قاسمی نەگرتەوە، بەڵکو ئەندام و لایەنگرانی پارتیشی بە بەڵگەی ئینتیمایان بۆ شیوعیەکان گرتەوە. هەربۆیە حەبیب محەمەد کەریم و یەدوڵا عەبدولکەریمی ئەندامانی لێژنەی چاودێری و پشکنین لە ناو پارتیدا، یاداشتێکیان بۆ حکوومەت نووسی و ڕەخنەیان لە هەڵسوکەوتەکانی گرت[1].

پارتی ویستی باسەکە لەگەڵ حکوومەتدا ببڕێتەوە، ئەوەیش لە دەرکردنی بەیاننامەیەکدا لە ١٥ی شوباتی ١٩٦٣دا خۆی بینیەوە، تێیدا جەختی کردەوە کە پێویستە حکوومەتی نوێ وەڵامی داواکارییەکانی کورد بداتەوە، حکوومەتی لەوە ئاگەدار کردەوە پەند لە ڕژێمەکەی قاسم وەربگرێت[2]، حکوومەت لە ڕێگەی لێدوانی وەزیرەکانیەوە هەوڵیدا کورد هێور بکاتەوە، کە بەفەرمی ڕایانگەیاند دەخوازن لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانەدا بۆ دۆزی کورد دەست بە دانوستانەکان بکەنەوە[3]. نوێنەرانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیش بەوە ڕازی بوون و قۆناغێك لە دانوستانەکان لە نێوان هەردوولادا دەستی پێکردەوە.

حزبی بەعس لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا، بەبێ بوونی بەرنامەیەکی ئەرێنی بۆ کارکردن، دەسەڵاتی گرتە دەست، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردیش ئامادە نەبوو[4]، ئەو حکوومەتەی دروستیان کرد بۆ دوو بەرە دابەش بووبوو، ئەو بەرەیەی زۆرینەی سەرباز بوون، دژ بە بیرۆکەی دانوستان بوون و حەزیان لە شەڕ بوو، ئەو بەرەیەیش کە مەدەنی بوو پەیی بە لاوازییە سیاسییەکانی شەڕکردن لەگەڵ کورددا بردبوو و هانی دەدا بۆ دانبەخۆداگرتن[5]، لەگەڵ ئەوەیشدا حکوومەتی کودەتا لە ١٦ی شوبات بەرنامەی خۆی ڕاگەیاند و داوای کرد کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتییانە، بە ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا چارەسەر بکرێت. بۆیە لە ١٨ی شوبات شاندێکی کورد بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی و ئەندامێتی ساڵح یوسفی و لوقمانی مەلا مستەفا بارزانی، بۆ گفتوگۆی فەرمی گەیشتنە بەغدا[6].

جەلال تاڵەبانیی نوێنەری شۆڕشی کورد، وەك چارەیەك بۆ کێشەی کورد، لە ماوەی چاوپێکەوتنەکانیدا لە ١٩ی شوبات لەگەڵ سەرکردایەتی بەعسدا، لە سەرووی هەموویانەوە لەگەڵ عەلی ساڵح سەعدی

---

(١) جرجيس فتح الله، العراق في عهد القاسم، مصدر سابق، ص ٨٦١.

(٢) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في العراق، مصدر سابق، ص٨٦.

(٣) جريدة الجماهير، العدد (٥)، ٧ شباط ١٩٦٣.

(٤) جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، مصدر سابق، ص ٢٣٢.

(٥) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٨٩؛ عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق عن الحركة الكردية، مصدر سابق، ص٢٣٠.

(٦) جعفر عباس حميدي وآخرون، تاريخ الوزارات العراقية، مصدر سابق، ص١٣٠؛ شلومو نكديمون، الموساد في العراق و دول الجوار، ترجمة عن العبرية بدر عقيلي، بيروت، ١٩٩٨، ص ٨١.

جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری ناوخۆ، ساڵح مەهدی عەماشی و وەزیری بەرگری  هەروەها تاڵیب شەبیب وەزیری دەرەوە و حازم جەواد وەزیری دەوڵەت، چەمك یاخود بنەمای حوکمی زاتی خستە ڕوو[١].

بەرپرسی یەکەمی حزبی بەعسیش عەلی ساڵح سەعدی، لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کێشەی کورد لەسەر بنەڕەتی حوکمی زاتی چارەسەر بکرێت، پێی وابوو: بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکەدا پێویستە ڕژێم هەندێك لە داواکارییە فەرهەنگییەکانی کورد جێبەجێ بکات، بەڵام گەر کورد پاش وەرگرتنی ئەم مافانە هەر بە سەرسەختی مانەوە، ئەو کاتە پێویستە هێز لە دژیان بەکار بهێنرێت[٢].

ئەو حاڵەتی پشێوی و توندوتیژییەی لە کات و دوای کودەتادا هاتە ئاراوە، بووە هۆی ئەوەی کودەتاچییان بیر لە بەکارهێنانی هێز دژ بە کورد نەکەنەوە، ئەمەیش واتە حکوومەت بە نەرمی و ورياييەوە مامەڵەی دەکرد[٣]. بۆ پێدانی کاتێکی زیاتر بە هێزی سەربازی تاکو دووبارە هێزە چەکدارەکان خۆیان ڕێکبخەنەوە و ناوەندی دانوستانی حکوومەت بەهێز بکەن[٤]. هەربۆیە عەلی ساڵح سەعدی توانی هەڵوێستێکی نەرم بنوێنێ و شاندی کورد ڕازی بکات و هێوری بکاتەوە، پێی گوتن: "ئێوە نزیکترین کەسن لێمانەوە، چونکە خەمی نەتەوەییتان هەیە، وەك ئێمەیش خەمی نەتەوەییمان هەیە، کەواتە ئێمە و ئێوە بەش کراوین"[٥].

حزبی بەعس هەڵوێستێکی تاکتیکیی تری گرتەبەر، کاتێك سەرکردەکانی ڕایانگەیاند ئەوان قایلن بە پێدانی حوکمی زاتی بە کورد، بەڵام جەمال عەبدولناسر دواتر ڕازی نەدەبوو و بە ئاستەنگی ڕێی یەکێتیی عەرەبی هەژمار دەکرد، بەکر بە شاندەکەی گوت: "ئێمە ئامادەین حوکمی زاتیتان پێ بدەین، بەڵام ئایا عەبدولناسر بێدەنگ دەبێت بەبێ ئەوەی دژمان بەکاری بهێنێت؟ سەعدیش پشتگیری کرد و گوتی: بێگومان عەبدولناسر ملمان دەشکێنێت و دەڵێت بەعسییەکان عێراقیان دابەش کردووە". هەروەها جەلال تاڵەبانی سەرنجی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت[٦]:"ڕاستییەکەی لەمەوە تێگەیشتم ئەوان پێویستیان بە کات هەیە بۆ پاکتاوکردنی بەرهەڵستەکانیان لە شیوعیەکان و ئەوانی تر و بەهێزکردنی پێگەیان، لەبری ئەوەی ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵماندا جێبەجێ بکەن"[٧].

---

(١) صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة في ملفات الحركات والأحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦ ـ ٢٠٠١، بيروت، ص١٠٢.

(٢) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٨٩ ـ ٩٠.

(٣) علي كريم سعيد، مصدر سابق، ص٢٥٦.

(٤) عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، مصدر سابق، ص٢٣٠؛ سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص٩٠.

(٥) علي كريم سعيد. عراق ٨ شباط، مصدر سابق، ص ٢٤٩.

(٦) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في العراق، مصدر سابق، ص ٨٩.

(٧) مجيد خدوري، العراق الجمهوري، مصدر سابق، ص ٢٦٩

بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی سەرکردەکانی بەعس بۆی چووبوون، هەروەها ئاگادارکردنەوەی سەرۆکەکانی عەرەب لە داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد، بڕیاریاندا سەرۆکی وەفدی کورد، واتە تاڵەبانی، بۆ چاوپێکەوتنی شاندی فەرمی و میللی قاهیرە دەعوەت بکەن. تاڵەبانیش بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی بارزانی سەفەری کرد و لەوێ چاوی بە عەبدولناسر کەوت. عەبدولناسر گوێی بۆ هەڵوێست و کێشەی کورد گرت. عەبدولناسر جیابوونەوە لە عێراقی بە ڕەهایی ڕەتکردەوە و پشتگیری داواکارییە ڕەواکانی کوردی کرد، پێی وابوو خەباتی چەکداریی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان بێسوودە. گرنگ ئەوەبوو عەبدولناسر پاش چاوپێکەوتنی لەگەڵ تاڵەبانیدا لە قاهیرە و داواکاری حوکمی زاتی کوردی بەبێ جیابوونەوە لە عێراق پەسەند کرد، هەروەها پشتگیریی خۆی بۆ هەر ڕێککەوتنێکی نێوان هەردوولا بە دانوستان دەربڕی[1].

مەلا مستەفا داوای لە حکوومەتی بەغدا کرد تا یەکی ئاداری ١٩٦٣، بەیاننامەیەك دەربکات، تێیدا حکوومەت دان بە حوکمی زاتی کورددا بنێت. ئەمەش ئاماژە بوو بۆ ئەوەی گەر وا نەکات، بەم زووانە سەربەخۆیی کوردستان ڕادەگەیەنێ و دەست بە شەڕ دەکاتەوە[2]. لە یەکی ئاداردا وەك وەڵامێك بۆ بەیاننامەکەی بارزانی، حکوومەتی بەغدا گوتی: مافەکانی کورد دەستەبەر دەکەم. لە ٥ی هەمان مانگدا دانوستانەکانی نێوان حکوومەت و نوێنەرانی بارزانی دەستیان پێکردەوە. شاندی کورد هێندەی توانی داواکاریی قورس و تازەی هەڵگرت، وا دیاربوو مەلا مستەفا بەپەلە بوو لە سەپاندنی خواستەکانیدا، پێش ئەوەی چارەنوسی پەیوەندییەکانی عێراق و میسر و سوریا لەبارەی یەکگرتنی هەرسێکیانەوە ڕوون ببێتەوە[3]. گرنگترین داواکارییەکانی کوردیش بریتی بوون لەمانە:

١. داننانی خێرا بە حوکمی زاتی بۆ کورد لە عێراقدا، لەگەڵ ناردنی کۆپییەکیدا و ناردنی دەستوری نوێی عێراق بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان.
٢. سنووورە جوگرافییەکان لەگەڵ تورکیا لە باکوور و ئێران لە ڕۆژهەڵات و سوریا لە ڕۆژئاوا و چیای حەمرین لە باشوور دیاری بکرێت.
٣. کردنی زمانی کوردی بە زمانی فەرمی لە قوتابخانەی ناوچە کوردییەکاندا.
٤. حوکمی زاتی:

أ. حکوومەتێکی دیموکراسی پەرلەمانی بێ، بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆك، هەروەها حکوومەت و ئەنجوومەنێکی نیشتمانی کوردی، وەزارەتەکانی دەرەوە و بەرگری و دارایی لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدا بن.

---

(١) أدموند غريب، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٦٩؛ فؤاد عارف، مذكرات فؤاد عارف، تقديم وتعليق د. كمال مظهر، دهوك، ١٩٩٩، ص ٢٧٢.

(٢) المصدر السابق، ص ٧٠؛ دانا آدمز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ٩٦.

(٣) زبير سلطان، القضية الكردية من الضحاك إلى الملاذ، دير الزور، دار الكشاف، ١٩٩٥، ص ٩٩.

ب. کورد لە حکوومەتی نیشتمانیدا نوێنەری دەبێت و پشکی یەکسان دەبێت بە ڕێژەی کورد لە کۆی دانیشتووانی عێراق.

٥. سوپا:

أ. کورد لە سوپای عێراقدا خزمەت دەکات، بە ڕێژەیەك یەکسان بێ بە ڕێژەی کورد لە دانیشتووانی عێراق و چەند یەکەیەکی کوردی پێکدەهێنن.

ب. کورد لەسەرجەم لقەکانی هێزە چەکدارەکاندا خزمەت دەکات.

ج. پێکهێنانی دامەزراوە سەربازییەکان هاوشێوەی دامەزراوە سەربازییەکانی کۆماری عێراق دەبێت.

٦. بوودجە لە گومرگەکان پێکدێت و ڕێژەیەك کە کەمتر نەبێت لە سێیەکی داهاتی نەوتی کوردستان دەگرێتەوە. حکوومەتی عێراق ئەم داواکارییانەی ڕەتکردەوە، بەڵام دانوستانەکان کۆتاییان پێ نەهات[١].

پاش گەڕانەوی شاندی کورد بۆ بەغدا، خولێکی نوێی دانوستانەکان دەستی پێکردەوە، حازم جەوادی کە سەرۆکی شاندی حکوومەت بوو گوتی: ئەوان لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسیندان بۆ گەلی کورد، نەك تەنیا حوکمی زاتی، هەروەها ئاواتی خواست هەر ئەمڕۆ کۆماری سۆشیالیستی کوردستان دروست بێ، بەڵام دەبێ ماوەیەك چاوەڕێ بکەن و هەلومەرجی سەخت لەبەرچاو بگرن[٢]، تاڵەبانی لە وەڵامدا گوتی: ئێمە داوای سەربەخۆییمان نەکردووە، بەڵکو داوای نیوەی ئەوەمان کردووە کە باست کرد، ئەویش حوکمی زاتیە، ڕەنگە حازم جەواد زیاتر مەبەستی زمان لووسی بووبێ[٣].

ڕۆژی دواتر، شاندی کورد بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی بانگهێشت کرا، ساڵح مەهدی عەماش پێی گوتن: ئێمە لەسەر پێدانی حوکمی زاتی بە کورد ڕازین، داوای لە شاندەکە کرد دەستبەجێ شێوازی حوکمی زاتی بنووسن، هەرخۆی ڕەزامەندی و واژۆی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی وەردەگرێت، بە مەرجێك شاندی کورد، ماوەی چوار مانگ دەرفەتیان بدات بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی حوکمی زاتی. ئەندامانی شاندەکە بەم پێشنیارە غافڵگیر بوون، داوایان کرد بە تەنیا کۆ ببنەوە بۆ تاوتوێکردنی بابەتەکە، بەڵام تاکو پەیوەندی بە بارزانییەوە نەکەن هیچ بڕیارێك نادەن.

لە لێدوانە دژبەیەکەکانی عەلی ساڵح سەعدی و تاهیر یەحیا و حازم جەواد و تاڵیب شەبیب و عەماشەوە، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد هەستی بە مەرام و مەبەستەکانی حکوومەتی نوێ کرد، لەوەی بانگهێشتکردنیان بۆ دانوستان جیدی نییە، بەڵکو پلانێکی تاکتیکییە بۆ کات بەدەستهێنان و ئامادەسازیی

---

(١) مجيد خدوري، العراق الجمهوري، مصدر سابق، ص ٢٦٩.

(٢) غسان شربل، جلال الطالباني يتذكر، القسم الرابع والأخير، مجلة الوسط، لندن، العدد ٢٥٨ في ٧ ديسمبر ١٩٩٨.

(٣) المصدر السابق، ص ٣١.

بۆ شەڕ، چونکە سەربازە بەعسییەکان پێیان وابوو سەرکەوتن کارێکی شیاوە بێتەدی، بەڵگەیشیان ئەوە بوو قاسم بە جدییەوە لەگەڵ کورددا نەجەنگاوە[1]، بارزانیش باش ئەمەی دەزانی، بۆیە ویستی دەرفەت بە حکوومەت نەدات، بە بەڵگەی ئەوەی داوای لە سەرۆکی شاندەکە واتە تاڵەبانی کرد واژوو لەسەر هیچ شتێك نەکات و دەستبەجێ بگەڕێتەوە کوردستان[2].

کودەتاچییان هەستیان بە ناخۆشی مەوقیفەکە کرد، زانییان دەبێت بە ڕاگەیەندراوێك نیازپاکییان بسەلمێنن، بەم شێوەیە بە مەبەستی قریودانی ڕای گشتی، ڕۆژنامە لۆکاڵییەکان بەیاننامەیەکی حکوومەتیان بڵاوکردەوە کە بڕیاری ئازادکردنی ٢٠٠ گیراوی کوردی تێدابوو[3]. بەیاننامەکە ئەوەیشی ڕاگەیاندبوو دەست دەکرێتەوە بە گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی شۆڕشی کورددا[4]. هەروەها حکوومەت لە بەیاننامەیەکی تردا گوتی: "لە ڕوانگەی لۆژیکی شۆڕشەوە و بە باوەڕبوون بە ئازادی و ڕێزگرتن لە برایەتیی نێوان گەلی عەرەب و کورد، شۆڕش دەیەوێ شوێنەوارەکانی حوکمی قاسم نەهێڵێت و مافی برایانی کورد دەستەبەر بکات"[5].

بەیاننامەکە پوختەی هەڵوێستی حکوومەت بوو بەرامبەر بە کورد، بەیاننامەکە بە گەل یاخود میللەت ناوی نەبردبوون، بەڵکو بە برا و هاوڕێ وەسفی کردبوون، هەر بە هۆی ئەم برایەتییەشەوە حکوومەت بەڵێنیدا مافەکانیان دەستەبەر بکات نەك لەبەر هۆکاری نەتەوەیی. مەلا مستەفایش خێرا وەڵامی دایەوە لە لێدوانێکیدا بۆ یەکێك لە ڕۆژنامەنووسە بیانییەکان گوتبووی: مافەکانی ئێمە خێرپێکردن نییە و داوای جێبەجێکردنی بەپەلەی حوکمی زاتی کردبوو[6].

شاندێکی ڕەسمی بە سەرۆکایەتی تاهیر یەحیا سەرۆکی ئەرکانی سوپا و بە ئەندامێتی حەردان تکریتی و عەبدولفەتاح شاڵی و فواد عارف و بابا عەلی بەرەو بارزان کەوتنە ڕێ، شاندەکە باسی لە پرۆژەی حکوومەت بۆ چارەی کێشەی کورد کرد[7].

تاهیر یەحیا داوای لێبوردنی لە مەلا مستەفا کرد لەسەر دواکەوتنی ئەو بەڵێنەی پێش ڕووخانی قاسم بەعس بە مەلا مستەفای دابوو، ئەوەی کردە بیانوو کە گروپێکی سیاسی تر لە دەسەڵاتدا لەگەڵ بەعسدا

---

(١) غسان شربل، جلال الطالباني يتذكر، مصدر سابق، ص ٣٠.

(٢) علي كريم سعيد، عراق ٨ شباط، مصدر سابق، ص ٢٥٦؛ اديث واليس ايف بينروز، العراق دراسة علاقته الخارجية وتطوراته الداخلية، ج٢، مصدر سابق، ص ٢٢.

(٣) شلومو نكديمون، الموساد في العراق، مصدر سابق، ص٨٧.

(٤) جريدة المنار، بغداد، العدد (٢٥٤٨) في ١مارس ١٩٦٣.

(٥) عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى البارزاني، مصدر سابق، ص٨٠.

(٦) جريدة الجماهير، بغداد العدد ١٨، في٢ مارس ١٩٦٣.

(٧) فؤاد عارف، مذكرات فؤاد عارف، مصدر سابق، ص ٢٦٤.

بەشدارن، لە ترسی زیانکەوتن لە یەکێتیی نەتەوەی عەرەب ڕازی نابن کورد حوکمی زاتی وەربگرێت، بۆیە بەحیا سیستەمی لامەرکەزی لە بری حوکمی زاتی پێشنیار کرد(١).

مەلا مستەفا پرۆژەکەی ڕەتکردەوە، ئامۆژگاری حکوومەتی کرد بە ڕاگەیاندنی حوکمی زاتی، وەك پێشمەرجێك بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ(٢)، گوتی: "من ڕەشنووسی ئەم پرۆژەیە پەسەند ناکەم، من ڕاشکاوانە دەڵێم لە ڕوانگەی منەوە جیاوازی لە نێوان عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشووری و گاور و جوولەکە و مسوڵماندا نییە، گشتیان نەوەی عێراقن"، پاشان گوتی:"ڕاستییەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە، عەرەب و کورد بەردەوام ناکۆکن، بۆیە من ئامۆژگاریتان دەکەم بە ڕاگەیاندنی حوکمی زاتی وەك پێشمەرجێك بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ"(٣).

مەلا مستەفا هۆشیاریبیدا کە ئەگەر حکوومەت لە ماوەی سێ ڕۆژدا بنەمای حوکمی زاتی قەبووڵ نەکات، ئەوە کورد دەست دەکاتەوە بە شەڕ(٤)، حکوومەتیش لە ڕێگەی وەزیری دەرەوەوە وەڵامی دایەوە کە:" ئەگەر بارزانی سازشمان لەگەڵ نەکات، ئەوە ئێمە زۆر درێژە بە باسەکە نادەین و بەیەکجاری بزووتنەوەکەی لەناو دەبەین"(٥).

حکوومەت داواکارییەکانی بارزانیی بە داواکاریی "دەستەوسانکردن" دانا، سەرکردایەتی بەعس شاندێکی عیلمیی بۆ کوردستان نارد کە لەمانە پێکهاتبوو:

ڕێبەری بەرەی شەعبی محەمەد ڕەزا شەبیبی، جێگیری حزبی ئیستقلالی هەڵوەشاوە فایەق سامەڕایی، حوسێن جەمیل ئەندامی حزبی نیشتیمانی دیموکراتیی هەڵوەشاوە، فەیسەڵ حەبیب خەیرزان یەکێك لە جەمسەرەکانی ناو حزبی بەعس، عەبدولعەزیز دووری سەرۆکی زانکۆی بەغدا(٦)، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی داخوازییەکانی کوردەوە لەگەڵ بارزانی کۆبووەوە، گرنگ ئەوەبوو کورد سەرقاڵ بکەن و کات بەدەست بێنن تا سوپا تەواو خۆی ئامادە دەکات(٧).

شاندەکە لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا کۆبووەوە، هەردوولا گەیشتنە شێوازێکی ڕێککەوتن، ناوەڕۆکەکەی ئەمە بوو:

(دانان بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورددا لەسەر بناغەی (ئیدارەی سەربەخۆ)، ڕاگەیاندنی لێبوردنی گشتی لە کورد، دوورخستنەوەی هەندێك لە بەرپرسان کە لە کوردستان کاری نابەجێیان کردووە، هەڵگرتنی

(١) اديث وائيل ايف بينروز، العراق دراسة علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية، ج٢، مصدر سابق، ص ٢١.
(٢) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٩١.
(٣) المصدر السابق، ص٩٠.
(٤) أدموند غريب، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص٧٠.
(٥) علي كريم سعيد، سعيد، عراق ٨ شباط، مصدر سابق، ص ٢٥٥.
(٦) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٢٧٦؛ محمود الدرة، مصدر سابق، ص ٣٠٩.
(٧) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٩٢.

گەمارۆی ئابووری لەسەر کوردستان، هەڵوەشاندنەوەی فەرمانەکانی زەوتکردنی سامانی ئەوانەی لە شۆڕشدا بەشداربوون و کشانەوەی یەکەکانی سوپا لە کوردستان)[١]. حکوومەت بەشێك لەم داواکارییانەی جێبەجێ کرد، وەك کشاندنەوەی چەند کەرتێکی سەربازی و سوككردنی گوشاری ئابووریی سەر کوردستان[٢]، ئەنجوومەنی نیشتمانی ڕایگەیاند کە سوورە لەسەر بەخشینی مافە نەتەوەییەکانی کورد لەسەر بناغەی لامەرکەزی[٣]، ئەمەیش لە بەیانامەیەکدا هاتبوو کە لە ٩ی ئاداری ١٩٦٣ دەری کرد. تێیدا هاتبوو کە:

"مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر بناغەی لامەرکەزیی دانیان پێدا دەنرێت، ئەم بنەمایە دواتریش دەچێتە ناو دەستوری کاتی و هەمیشەییەوە لە کاتی نووسینەوەیاندا[٤]، پاش دەرکردنی (پرۆژەی ئیدارەی لامەرکەزی) درێژەییدا بە کاری گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی لە ناوچە کوردییە دەوڵەمەندەکان بە نەوت، وەك کەرکووك و خانەقین و شەنگال[٥]، هەروەها ئەنجوومەن بەیاننامەیەکی دەرکرد تێیدا لێخۆشبوونی گشتی لە سەرجەم ئەو کەسایەتییە کوردانەی لە ئەیلوولی ١٩٦١وە بەشداری شۆڕش بوون، ڕاگەیاند[٦].

کورد لە ڕووی بنەماوە پێشوازییان لە بڕیارەکانی حکوومەت کرد بە ئیعترافکردن بە مافەکانیان لەسەر بنەمای لامەرکەزی، بەڵام لە میانەی گفتوگۆکانی لەگەڵ بەرپرساندا بینیی ئەم پرۆژەی لامەرکەزییە[٧] لە ڕواڵەتدا لەگەڵ داواکارییەکانیاندا هاوئاهەنگ نییە، دەرکەوت پرۆژەکە لامەرکەزییەکی گشتییە و لەگەڵ هەموو بەشەکانی عێراقدا دەگونجێ و وەك کۆمەڵەیەکی جیاوازی وڵات مامەڵە لەگەڵ کورددا ناکات و هیچ قەوارە و تایبەتمەندییەك بە کورد نابەخشێت[٨]، هەروەك جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەو لامەرکەزییەدا کە حکوومەت ڕایگەیاند و حوکمی زاتیدا کە کورد داوای دەکرد، چونکە یەکەمیان سیستەمەکەی بۆ ڕێگەکانی بەڕێوەبردنی ناوچەییە لە ئەنجوومەنی شارەوانییەکاندا، لە کاتێکدا حوکمی زاتی زمان و کولتور و مافە سیاسی و نەتەوەییەکان دەگرێتەوە[٩].

---

(١) محمود الدرة، مصدر سابق، ٣١٠؛ أمين سامي غمراوي، مصدر سابق، ص ٢٧٦.

(٢) شيركو فتح الله، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٥٨.

(٣) محمد عزيز الهماوندي، الحكم الذاتي بكردستان العراق، رسالة دكتوراه، جامعة قاهرة، ١٩٨٦، ص٩٤.

(٤) جريدة الحرية، العدد ١٧٠٥، في ١٠آذار١٩٦٣؛ جريدة الأيام العدد ٢٦٧ في ١١ آذار ١٩٦٣؛ نديم الياسين، المسألة الكردية مواقف منجزات، بغداد، ١٩٧٥، ص ٣٤.

(٥) دشنر، مصدر سابق، ص ٢٥٧.

(٦) جريدة الوحدة، العدد (٨)، في ١٢ آذار ١٩٦٣؛ عبدالستار طاهر شريف، تاريخ الحزب الشيوعي الكردستاني، بغداد ١٩٧٨، ص ١٦١.

(٧) دەقی پرۆژەی لامەرکەزی، پاشکۆی ٢٤.

(٨) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٢٠٥؛ محمود عزيز الهماوندي، الحكم الذاتي الكردستاني العراقي، مصدر سابق، ص ٩٤.

(٩) شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٥٨.

پاش کودەتای بەعس لە سوریا لە ٨ی ئاداری ١٩٦٣، هەڵوێستی بەعس لە عێراق بەهێز بوو، ئەمەیش بە زیانی کورد شکایەوە لە دانوستانەکاندا، کە حکوومەت تا دەهات بەرامبەر کێشەی کورد توندتر دەبوو[1]، ئەمە لە کاتێکدا کە ئەنجوومەنی نیشتمانی پەیڕەوێکی قۆناغەکانی لە ١٥ی ئادارەوە دەرکرد، ڕوون بووەوە کە باسی لە پێدانی مافە نەتەوەییەکانی کورد نەکردبوو، تێیدا هاتبوو: شۆڕش زۆر لەسەر ئەوە پێداگرە سەرجەم کەمە نەتەوایەیی و ئاینییەکان بگرێتە خۆی، چونکە بەشێکی دانەبڕاون لە قەوارەی تاکە گەلێك.

هەروەك ئاماژەی بەوە کردبوو کە ئەنجوومەن لەسەر پاراستنی یەکێتی نیشتمانی سوورە، لەسەر ئەوانەی بازرگانی بە بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتەوە دەکەن پێویست دەکات ڕێزی شۆڕش بگرن[2].

پاش ئەم بەیاننامە و لێدوانانەی بەرپرسان و گۆڕانکارییە هەرێمییانە، پارتی و سەرۆکەکەی دەرکیان بەوە کرد کە گۆڕانکارییەك هاتووەتە ئاراوە، هەربۆیە بڕیاردرا سەرجەم چین و دەستەکانی گەلی کورد، لە دانوستانەکانی کۆتاییدا بەشدار بن، لە ١٨-٢٢ی ئادار کۆنگرەیەك لە کۆیە بەسترا، زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە سەراپای کوردستانەوە کە نوێنەرانی سەرلەبەری لایەنەکانی کۆمەڵگە بوون لە مەسیحی و مسوڵمان و یەزیدییەکان و گشت توێژەکان[3]، بێگومان بارزانی گرنگییەکی زۆری بە نوێنەری عەرەب و تورکماندا و، پێشوازیی لێ کردن و جەختی لە برایەتیی نێوان کورد و تورکمان و عەرەب کردەوە، هەروەها جەختی لە ڕێزگرتنی مافەکانی عەرەب و تورکمان لە کوردستان کردەوە[4].

گومان لەوەدا نییە بەستنی کۆنگرەکە هاوشێوەی داهێنانێکی گەورە بوو بۆ بزووتنەوەی کورد، یەکەم جار بوو لەژێر سایەیدا کۆنگرەیەکی گەورە ببەسترێت نوێنەری زۆربەی نەتەوەکانی کوردستانی عێراق لەخۆ بگرێت، بارزانی سەلماندی بڕیارێکی سیاسی ستراتیژییە، لە میانەی کۆنگرەکەدا هەوڵیدا ململانێکانی نێوان سەرۆك خێڵەکان و نێوان خۆیان و کادرانی حزب ڕێکبخاتەوە، هەلی نزیکبوونەوەی ڕۆحی قۆستەوە تا لەسەر بڕیارێك ڕێکبکەون دەقەکەی وابێت کە ئەو خێڵانەی هاوکاریی حکوومەت دەکەن، پێویستە هاوکاری سەرکردایەتی شۆڕش بکەن، یان هیچ نەبێت واز لە هاریکاری حکوومەت بهێنن[5].

ئەرکی کۆنگرەوانان ئەوەبوو لیژنەیەکی فراوانی دانوستان پێکبهێنن دەستکراوەیی خۆی لە کۆنگرە فرە لایەنەکەوە وەرگرتبێ، شاندەکە بە سەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی و بە ئەندامێتی ساڵح یوسفی،

---

(١) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٩٣.

(٢) جريدة الحرية، بغداد، العدد (١٧١١) في ١٧ آذار ١٩٦٣؛ جريدة العروة الوثقى، العدد (٧) ١٧ آذار ١٩٦٣.

(٣) فرهاد عوني، إنطباعات عن احتفاء أبناء كويسنجق بزيارة البارزاني لمدينتهم، مجلة كولان العربي، العدد ١٨، أربيل، ٢٥ تشرين الثاني، نوفمبر، ١٩٩٧.

(٤) كافي محمد النبوي، سيرة ودور العميد كافي محمد النبوي، مصدر سابق، ص ١٤٦.

(٥) شلومو نكديمون، الموساد في العراق و دول الجوار، مصدر سابق، ص٩٠.

مەسعود محەمەد، حوسێن خانەقینی، سەمەد محەمەد، حەبیب محەمەد کەریم، عەمید سدیق، شاخەوان نامیق و بابەکر ڕەسول و چەند کەسێکی تر هەڵبژێردرا[١].

شاندەکە لە ٣٠ی ئاداری ١٩٦٣ گەیشتە بەغدا[٢]، لە ٣١ی ئادار کۆبوونەوە بەسترا[٣]، لەم سەروبەندەدا لە ٤ی نیساندا حکوومەت یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرۆکایەتی شۆڕشی دانا کە یاسای ژمارە ٢٥ی ساڵی ١٩٦٣ بوو[٤]، لە جێی دەستور بوو، کەچی بە یاسا ناوبرا[٥]. گرنگ ئەوەیە هیچ ئاماژەیەکی بە کورد و مافەکانی کوردی لە عێراقدا تێدا نەبوو.

شاندەکە بۆی دەرکەوت کە حکوومەت حەزی لە چارەی وەفدەکە نییە و بە ئامانجی بەدەستخستنی کات ئاماژە بە شاندی گەل درا لە زانکۆی بەغدا دانوستان بکەن[٦]، جەلال تاڵەبانی هەڕەشەی کرد گەر دەستەیەکی حکوومی دیاری نەکرێت بۆ دانوستان لەگەڵیان دەگەڕێتەوە کوردستان، بۆیە عەماشی وەزیری بەرگری و ناجی تالیبی وەزیری پیشەسازی هاتنە نێو شاندەکە[٧]، لەگەڵ ئەوەیشدا دانوستانەکە لە شوێنی خۆیدا دەخولایەوە، چونکە حکوومەت ئامادە نەبوو داواکارییەکانی شۆڕشی کورد جێبەجێ بکات[٨]، شاندەکە نەیتوانی چاوی بە سەرۆکوەزیران (بەکر) بکەوێت، چونکە سەفەری کردبوو بۆ قاهیرە بۆ گوتوبێژ لەبارەی یەکێتییەوە.

گوتوبێژی یەکێتی ڕقی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی وروووژاند، چونکە لەبارەی دامەزراندنی یەکێتییەك لە نێوان عێراق و سوریا و کۆماری یەکگرتووی عەرەبیدا بەڕێوە دەچوو، لەسەر ئەم بنەمایە شاندی دانوستانکاری کورد دەسپێشخەریی کرد بۆ چاوخشاندنەوە بە داواکارییەکانی کورددا لە چوارچێوەی یەکێتیی عەرەبی داهاتوودا[٩].

---

(١) حبيب محمد كريم، تريخ الحزب الديموقراطي لكردستاني في العراق، مصدر سابق، ص ١٦.

(٢) مجيد خدوري، العراق الجمهوري، مصدر سابق، ص ٣٥٩.

(٣) ڕاسپێی کۆبوونەوەکان، پاشکۆی ژمارە ٢٢.

(٤) نص القانون في :رعد ناجي الجدة، التطورات الدستورية في العراق، بغداد، بيت الحكمة، ٢٠٠٤، صص ٣٧٩ ـ ٣٨٣.

(٥) أزهار عبدالكريم عبدالوهاب، الحقوق والحريات العامة في ظل الدساتير العراقية، رسالة ماجستير كلية قانون والسياسة، جامعة بغداد، ١٩٨٣، ص١٧.

(٦) صلاح الخرسان، التيارات السياسية، مصدر سابق، ص ١٠٩.

(٧) ناجی تالیب ساڵی ١٩١٧ لە شاری ناسرییە لەدایک بووە، لە ١٩٣٨ لە کۆلێژی سەربازی دەرچووە و بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە بەریتانیا، یەکێک بوو لەو ئەفسەرە ئازادانەی لە شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ بەشدار بوو، چەند پۆستێکی وەزارەتی وەرگرتووە تا لە ١٩٦٦ بوو بە سەرۆکوەزیران، بەرانبەر بە کورد گرنی لە دڵدا هەبوو، عەبدولفەتاح بۆتانی لە کتێبەکەیدا (العراق ـ دراسة في التطورات السياسية الداخلية ١٤ تموز ١٩٥٨ ـ ٨ شباط ١٩٦٣) باس لەوە دەکات کە لە ١٨ی شوباتی ١٩٩٤ چووە بە ناجی تالیب کەوتووە، لەسەر ئەوەی وشەی کوردستانی بە ڕاشکاوی و گوتوویەتی کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت، هەڵچووە و نەیویستووە درێژە بە چاوپێکەوتنەکە بدات.

(٨) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٩٤.

(٩) مجيد خدوري، العراق الجمهوري، مصدر سابق، ص ٣٥٩.

پاش واژۆکردنی پەیمانی یەکێتی سێکوچکەی عێراق و سوریا و کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە ١٧ی نیسانی ١٩٦٣، شاندی کوردی یادداشتێکی لەبارەی داواکارییەکانی کوردەوە پێشکەش کرد[١].

لە ٢٤ی نیسانیشدا، شاندی کورد پرۆژەی خۆبەڕێوەبەری کە لە کۆنگرەی گەلیی کۆیە ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو پێشکەش کرد[٢]، کە پێکهێنانی ئیدارەیەکی کوردی لە کوردستان لەخۆ گرتبوو لەوەی پێشتر کەمتر توند بوو.

حکوومەت پرۆژەکەی ڕەتکردەوە و بە داواکاریی سیاسی و هەرێمی و سەربازی دەستەوسانکردنی لە قەڵەمدا، کە هیچ حکوومەتێکی نیشتمانی لە توانایدا نییە قەبووڵی بکات، چونکە دەبێتە هۆی شەڕی براکوژی و داوای جیابونەوە دەکات[٣]، عەلی ساڵح سەعدی جێگری سەرۆکی وەزیران، پرۆژەکەی کوردی بەوە تۆمەتبار کرد گوایە بانگەوازێکی ئاشکرا و ڕوونە بۆ جیابوونەوە[٤].

هەروەها گوتەبێژی فەرمی[٥] وەزارەتی ئیرشاد بە جیاکاری و دامەزراندنی ئیسرائیلی دووەم لە باکووری عێراق وەسفی کرد[٦]، وەزیری دەرەوە تالیب شەبیب لە لێدوانێکیدا گوتی: "پێدانی حوکمی زاتی بە کورد ناچێتە عەقڵەوە"[٧]، لەولایشەوە شاندی فەرمی حکوومەت و شاندی گەل هەوڵیان دەدا کورد بە (پرۆژەی لامەرکەزی ئیداری) قایل بکەن، کە بڕیار دەدات بە دامەزراندنی پارێزگایەك لە سەرجەم کوردستان جگە لە کەرکوك، شاندی کورد ئەم پرۆژەیەی ڕەتکردەوە و لەسەر لیوای کەرکووك و قەزای خانەقین پێداگربوو[٨]، ئیتر کە کەرکووك هاتە ناو باسەکەوە دانیشتنەکان گەیشتنە بنبەست[٩].

(١) جسيم محمد حسين العدول وآخرون، تاريخ الوطن العربي المعاصر، الموصل، ص ٦٣٣ مع نص المذكرة التي وجهها الوفد الكوردي عن اجتماعات القاهرة في ملحق رقم (٧٢).

(٢) دەقی پرۆژەکە پاشکۆی ٢٣.

(٣) فاضل البراك، مصطفى البارزاني، مصدر سابق، ص ١٧٧.

(٤) جريدة الشعب العدد (٤٧)، بغداد ١١ حزيران/يوليو ١٩٦٣.

(٥) عەلی ساڵح سەعدی لەبارەی داواکارییەکانی کوردەوە گوتی "بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسیی ئەوکات لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە، هەروەها لەبەر نەبوونی دووڵایەنەی متمانە و وریاییکردن لە نێوان کورد و بەعسییەکاندا، حزبی بەعس و حوکمی بەعس و گەلی عێراق بە گوێرەی پێویست لە ڕووی سیاسی و دەروونییەوە ئامادە نەبوون داواکارییەکانی کورد، هەروەک شاندی دانوستانکاری کورد پێشکەشیان کرد لە پێدانی حوکمی زاتی بە کورد بەو شێوەیەی خۆیان لێی تێگەیشتبوون، قەبووڵ بکەن. (لە کتێبەکەی سەیفەدین دوری و عەلی ساڵح سەعدییەوە وەرگیراوە)، ل ٣٢٤.

(٦) جريدة الجماهير، بغداد، العدد، (١١٨)، في ٢٠ حزيران/يونيو ١٩٦٣.

(٧) شلومو نكديمون، الموساد في العراق ودول الجوار، مصدر سابق، ص٩٧.

(٨) محمود الدرة، مصدر سابق، ص ٣١٤.

(٩) عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى البارزاني، مصدر سابق، ص١٧؛ سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٩٤.

دوای ئەوەی نەتوانرا بگەنە چارەسەری کێشەی کورد، حکوومەت لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٣دا پرۆژەی لامەرکەزی لە عێراقدا ڕاگەیاند، بەپێی پرۆژەکە عێراق بۆ شەش پارێزگا دابەش بوو[١]، کوردستان چووە چوارچێوەی پارێزگای سلێمانیەوە، کە لە سلێمانی و هەولێر و قەزای چەمچەماڵی سەر بە کەرکووك و دهۆك و زاخۆ و ئامێدی و عەقرە و زێبار پێکدەهات، هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی کران بە زمانی ڕەسمی تێیدا، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی بە زمانی کوردی بوو، هەروەها دەسەڵاتی کرداری بە دەستی حکوومەتی ناوەندییەوە بوو[٢].

## شکستهێنانی دانوستانەکان و دەستپێکردنەوەی شەڕ

بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ڕوون بووەوە کە دانوستان لەگەڵ ڕژێمێکدا کە بە نیازی لێکتێگەیشتن نییە هیچ ئومێدێکی لێ ناکرێت، بەڵێنەکانی پێش کودەتایش بۆ ئەوەبوو شۆڕشی کورد لە کاتی کودەتاکەدا بێلایەن بێ[٣]. سەرکردە سەربازییەکانی حکوومەتی عێراق باوەڕیان بە دانوستان لەگەڵ کورددا نەبوو، بۆیە دەسەڵات لە کۆتاییهێنانی ململانێکانی کوردستاندا پەنای بۆ ئامرازی سەربازی برد[٤].

بە درێژایی ماوەی دانوستانەکان دەستدرێژییەکانی حکوومەت و پاسەوانی نەتەوەیی بۆ سەر کورد بەردەوام بوون بۆ دروستکردنی دۆخێك شەڕی تێدا ڕابگەیەنن[٥]، هەربۆیە لە ١٤ی شوباتی ١٩٦٣ کۆبوونەوەیەك لە بارەگای (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش) بەسترا، ژمارەیەك وەزیر و فەرماندەی فیرقەکان ئامادە بوون، چەند پرسێك تاوتوێ کران، لەوانە ئامادەسازیی بۆ دەستکردنەوە بە شەڕ لە کوردستان ئەگەر هاتو پێویستی کرد[٦]. لە ١٨ی ئاداری ١٩٦٣دا حکوومەت پشووی جەژنی نەورۆزی هەڵوەشاندەوە[٧]، هەروەها سەرکردەکانی کودەتا لە ١٠ی نیسانی ١٩٦٣ بەپەلە ئاڵای کۆماری عێراقیان گۆڕی بە ئاڵای کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، کە سێ ڕەنگ بوو (سوور و سپی و ڕەش)، لە ناوەڕاستیدا دوو ئەستێرە هەبوون ئاماژەبوون بۆ ئەندامیەتیی میسر و سوریا، ئەستیرەیەکیشیان زیاد کرد کە ئاماژەیەك بێ بۆ عێراق[٨].

---

(١) دەقی پرۆژەکە لە پاشکۆی ٢٤.

(٢) نسرکو صبح الله عمر، الحزب الدیمقراطي الكردستاني، مصدر سابق؛ جريدة الشعب، لعدد ٤٧، في ١١ يونيو ١٩٦٣؛ محمود الدرة، مصدر سابق، ص ٣٢٥.

(٣) مسعود البارزاني، لبارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص٩١.

(٤) جواد كاظم البيضاني، موقف الأحزاب السياسية في العراق من القضية الكوردية، مصدر سابق، ص ١٠٤.

(٥) كاوس قفطان، مصدر سابق، ص ٢٣٣.

(٦) عبدالكريم فرحان، حصاد ثورة، مصدر سابق، ص ٧٦.

(٧) جريدة الثورة، العدد ٢٣ في ١٩ آذار مارس ١٩٦٣.

(٨) جريدة الطليعة، العدد ١٧٣٣ في ١١أربيل/نيسان ١٩٦٣.

تایبەتمەندیی شارستانیەتیی عێراق لەبەرچاو نەگیرا[١]، هەروەها حکوومەت وەك بڕیاری دابوو سەرجەم گیراوە سیاسیەکانی کوردی ئازاد نەکرد. ئەم سیاسەتەی بەعس دانوستانەکانی لە هەموو مانا و ناوەرۆکێك بەتاڵ کردەوە[٢]، لە کاتێکدا دەسەڵاتەکان نیازپاکیی حکوومەتیان بۆ شاندی دانوستانکار دڵنیا کردەوە، هێرشەکانی خێڵە عەرەبەکان بۆ سەر ناوچەکانی دراوسێ بە پاڵپشتیی سوپا بەردەوام بوون کە بووە مایەی سوتاندنی چەند گوندێکی کورد[٣].

کاتێک حکوومەت کەوتە سەرپێی خۆی و جڵەوی کاروبارەکانی گرتە دەست، چەند هەنگاوێکی ئامادەسازیی بۆ بەگژداچوونەوەی شۆڕشی کورد گرتەبەر. کە هەواڵی ئامادەسازی سوپایش بڵاوبووەوە، جەلال تاڵەبانیی سەرۆکی شاندی دانوستانکار چووە لای سەرۆکوەزیران و ڕەخنەی لێ گرتن. بەکر بە هەموو شێوەیەك نیازی بەکارهێنانی هێزی لای دەسەڵاتەکان ڕەتکردەوە[٤]، بەکر گوتی: "سوێند دەخۆم بەم قورئانە هیچ نیازێکی خراپم لە دڵدا نییە"[٥]. تاڵەبانی بە بێزارییەوە وەڵامی دایەوە: "ڕەنگە سوێندەکەت دروست بێ، بەڵام نیازی سەرجەم حزبی بەعس بەرامبەر کورد خراپە"[٦]. لەم کاتەدا حکوومەت پەیوەندیی بە هەندێك لە سەرۆکخێڵە عەرەب و کوردەکانەوە کرد و لەو خێڵانە پێکهاتەی چەکداریی دروست کرد، ناوی کوردەکانی نا (سوارەکانی سەڵاحەدین) و ناوی عەرەبەکانی نا (سوارەکانی خالیدی کوڕی وەلید)(٧) .

لە ناوەڕاستی مانگی مارسدا هێزەکانی حکوومەت بەرەو کوردستان جووڵان، حکوومەت سیان لە فیرقە و هێزە سەربازییەکانی لە کوردستان جێگیر کرد[٨]، هەروەها لە ٢٠ی ئایاری ١٩٦٣دا فەرمانی دەرکرد بە سەپاندنی ئابڵوقەی ئابووری بەسەر کوردستاندا و بەپێی هەواڵەکان پاسەوانانی نەتەوەیی دەستیان کرد بە ڕووتاندنەوە و تاڵانکردنی گوندەکان[٩].

---

(١) بێگومان ئاڵای دەوڵەت گرنگترین سیمبولە کە دەبێت گوزارشت لە گەل بکات بە سەرجەم ڕەنگ و ڕەگەزەکانیەوە، بۆیە کاتێک کونوبێز لە نێوان عێراق و ئەردەندا بۆ پێکهێنانی یەکێتیی هاشمی دەکرا، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن ئاڵای عێراق دوو ئەستێرەکەی وەک ئاماژەیەک بۆ گەلی عەرەب و کورد تێدا بمێنی. (شیرزاد زکریا، الاتحاد العربي الهاشمي؛ موقف الكرد في العراق، دهوك، ص ٨٦).

(٢) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في العراق، مصدر سابق، ص ١٠٦.

(٣) كاوس قفطان، مصدر سابق، ص ٢٣٣ ـ ٢٣٤.

(٤) صلاح الخرسان، مصدر سابق، التيارات السياسية، ص ١١١.

(٥) دانا آدمز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص٣٨٠.

(٦) دانا آدمز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص٣٨٠؛ صلاح الخرسان، مصدر سابق، ص ١١١.

(٧) مەلا مستەفا ئاڵەی بە نەوانە کرد کە چەکی حکومەتیان هەڵگرتبوو دژ بە شۆڕشی گەلەکەیان و ناوی لێ نان "جاش پۆلیس"، بە تێپەڕبوونی کات وشەکە کورت کرایەوە و بوو بە "جاش". هەندێک جار بە مانای ڕێگریش دێت.

(٨) أدموند غريب، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص٧٧؛ عبدالفتاح علي البوتاني، ص ٢١٣.

(٩) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكوردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢١٣.

لەم قۆناغە دژوارەدا پارتی چەند هەنگاوێکی گرنگی بۆ دووركەوتنەوە لە ڕژانی خوێن گرتەبەر و بە هەر ڕێگەیەك هەوڵیدا پارێزگاریی لە ئاشتی بكات. كە تاڵەبانی سەرۆكی شاندی دانوستانكاری كورد لە ٢٥ی ئاداردا چاوی بە عەبدولناسر كەوت، عەبدولناسر پشتگیریی خۆی بۆ هەر چارەسەرێكی ئاشتییانەی دۆزی كورد دووپات كردەوە[١]، بەڵام حكوومەت لەسەر ڕێگەی خۆی بەردەوام بوو بۆ دانانی پلانی شەڕ لە كوردستان، لە ٢٧ی ئاداری ١٩٦٣دا كۆبوونەوەیەك لە بارەگای وەزارەتی بەرگری بەسترا بۆ تاوتوێكردنی ئاوارەكانی دانیشتووانی گوندەكان[٢]، واتە ئەوانەی حكوومەت ناچاری كردبوون ناوچەكان چۆڵ بكەن[٣]، لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣دا، شاندی كورد لە بەغدا خەریكبوو تەواو بێهیوا ببێ، ماوەیەكی زۆر بوو داوای مافەكانی كوردی دەكرد، بەڵام پیاوانی حكوومەت لە دانوستانی جیدی خۆیان دەدزییەوە و بیانوی جۆراوجۆریان دەهێنایەوە[٤]، ترسی كورد لە جێی خۆی بوو، كاتێك شاندەكە داوای لە حكوومەت كرد ڕێگەی بدات بگەڕێتەوە كوردستان بۆ تاوتوێكردنی بەیاننامەكەی حكوومەت لەبارەی لامەركەزییەوە لەگەڵ سەركردایەتی كورددا[٥]، حكوومەت ڕازی بوو، بەڵام لە ڕێگە دەستگیری كردن[٦]، گەڕاندنیەوە بۆ بەغدا و لە سەربازگەی ڕەشید ڕووبەڕووی ئازاردانی جۆراوجۆری كردنەوە.

سەركردایەتی كورد دڵنیابوو لە شكستهێنانی دانوستانەكانی لەگەڵ حكوومەتدا، بۆیە لە بەرامبەر ئامادەسازییەكانی حكوومەتدا ئەمیش خۆی بۆ بەرگریكردن ئامادە كرد[٧].

بێگومان هۆكاری سەرنەكەوتنی دانوستانەكانی ئەوە بوو حكوومەتی بەعس نیازی نەبوو داواكارییەكانی كورد جێبەجێ بكات، ئەو پڕۆژانەیش حكوومەت پێشنیاری دەكردن لە ڕاستیدا هیچ دەستپێشخەرییەكیان بۆ پێدانی مافە نەتەوەییەكان بە كورد تێدا نەبوو، لە لایەنی كوردیشەوە سیاسەتمەدارێك پێی وایە لاوازی حكوومەتی ناوەندی كە لە ٨ی شوبات دەسەڵاتی گرتە دەست و كەمی ئەزموونی سیاسەتكارانی كورد لە كاروباری دانوستاندا وای كرد كورد پرۆژەیەك پێشكەش بكات لەو قۆناغەدا جێبەجێكردنی ئەستەم بوو[٨]، هەروەها دانوستانكارانی كورد دەیانویست بە یەكجار سەرجەم

(١) جلال الطالباني، الدكتور الأناسي والقضية الكردية، دمشق ١٩٩٠، ص ٣٧ ـــ ٣٨ و شلومو نكديمون، الموساد في العراق، مصدر سابق، ص ٨٧.

(٢) عبدالكريم فرحان، حصاد ثورة، مصدر سابق، ص ٩٤.

(٣) پاشكۆی ژمارە ٢٥.

(٤) منذر الموصلي، القضية الكردية في العرق، البعث والأكراد، دمشق، دار المختار، ٢٠٠٠، ص ١٥٠.

(٥) ديفيد مكدول، تاريخ الأكراد الحديث، مصدر سابق، ص ١٢١.

(٦) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديموقراطي الكردستاني في العراق، مصدر سابق؛ رمزي محمد عسكو (صالح اليوسفي ـ مناضل كبير)، جريدة خەبات، العدد، ٨٣٧، أربيل ١٥ أغسطس ١٩٩٧.

(٧) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٩٢.

(٨) غسان شربل، جلال الطالباني يتذكر، مصدر سابق؛ شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية، مصدر سابق، ص ١١٤.

داواكارییەكان بەدەست بهێنن. بە چاوپۆشین لە ئەنجامی سەرجەم دانوستانەكان[1]، وای كرد حكوومەت بە فەرمی دان بە شۆڕشی كورددا بنێت و گومانەكانی بەعس بە درۆ بخاتەوە كە لە ئەدەبیاتی خۆیاندا بە (خێڵەكی و دواكەوتوو و جیاكاری) وەسفیان دەكرد، سەرەڕای ئەوەی شۆڕش لە ماوەی دانوستانەكاندا قازانجێكی زۆری هەبوو، وەك هەڵگرتنی ئابڵووقەی ئابووریی سەر كوردستان و ئازادكردنی ژمارەیەك لە گرتووەكان و بەدەستهێنانی پشتگیریی شیوعیەكان[2]، مەلا مستەفا توانی دووبارە هێزەكانی ڕێكبخاتەوە، كاتیش لە بەرژەوەندی ئەو تێدەپەڕی[3]، هەروەك حكوومەتی بەعس سوودی لە درێژكردنەوەی دانوستانەكان بینی بۆ مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدا، عەلیساڵح سەعدی خۆیشی پێی لێ نا و گوتی: "سەركەوتن و مانەوەیان لە دەسەڵاتدا موعجیزە بوو"[4]، چونكە ڕژێمە نوێیەكە لە ماوەی دانوستانەكاندا توانی دوژمنەكانی لەناو ببات و جێ پێی خۆی قایم بكات[5]، ئەوە لاوازیی ڕژێم بوو لە سەرەتاوە كە پاڵی پێوە نا هەوڵی وەستاندنی بەرهەڵستی هێزە كوردییەكان بە شێوەیەكی كاتی بدات[6].

حكوومەت كەڵكی لە ماوەی دانوستانەكان وەرگرت بۆ ڕێكخستنەوە و چەكداركردنی سوپا، هەروەك زانیاریی و هەواڵگریی لەبارەی هێزی كوردەوە دەست خست، هەروەها هەوڵیدا كات بەدەست بهێنێت بۆ تۆكمەكردنی پایەكانی دەسەڵاتی، تاكو هێرش بكاتە سەر كورد، هەروایش بوو پاش چوار مانگ لە كودەتاكەی ئەمە ڕوویدا[7].

حكوومەتی عێراق بەپێی پلانێك كە دەوڵەتانی دراوسێ تێیدا بەشدار بوون و بە پاڵپشتیی ڕۆژئاوا هێرشی كردە سەر شۆڕشی كورد.

ئەنجوومەنی نیشتمانی سەركردایەتی شۆڕش لە عێراق، لە ١٠ی حوزەیران ١٩٦٣ بەیاننامەیەكی درێژی دەركرد، لەبارەی نیازی حكوومەت بۆ لێدان لە شۆڕشی كورد، بەیاننامەكە كوردستانی بە ناوچەی جووڵانەوەی كرداری لە قەڵەم دابوو[8].

(١) ش. ج. أشیریان، الحركة الوطنیة الدیموقراطیة في كردستان ـــ العراق، مصدر سابق، ص٩٨؛ خلیل جندي، حركة التحرر الوطني الكردستاني في كردستان الجنوبیة، مصدر سابق.

(٢) عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفی البارزاني، مصدر سابق، ص ١٧.

(٣) عبدالكریم فرحان، حصاد ثورة، مصدر سابق، صص ١٥٧ ـ ١٥٨.

(٤) كاوس قفطان، مصدر سابق، ص ٢١٧.

(٥) عبدالكریم فرحان، حصاد ثورة، مصدر سابق، ص ١٥٨.

(٦) ش. ج. أشیریان، الحركة الوطنیة الدیموقراطیة في كردستان ـ العراق، مصدر سابق، ص ١٤٧؛ كاوس قفطان، مصدر سابق، ص ٢١٨.

(٧) خلیل جندي، حركة التحرر الوطني الكردستاني في كردستان الجنوبیة، مصدر سابق، ص ١٤٧.

(٨) دەقی بەیاننامەكە لە ڕۆژنامەی الطلیعةی بەغدادی، ژمارە ١٧٨٣، لە ١١ی یونیۆی ١٩٦٣، پاشكۆی ژمارە ٢٦.

پاشان بەیاننامەی ژمارە "چوار"ی دەرکرد، بەپێی ئەم بەیاننامەیە لە شارە کوردییەکانی وەك کەرکووك و هەولێر و سلێمانی هاتوچۆی قەدەغە کرد[١]، هەروەها سەرکردە سەربازییەکانی زیاتر دەستکراوە کرد، بە شێوەیەك مافی ئەوەی پێدان لە ناوچەکانی چالاکییان دادگەی سەربازی پێکبهێنێت. ئەمینداری گشتی حزبی بەعس عەلی سالح سەعدی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە ١٠ی حوزەیران ڕایگەیاند، کە لە ڕاستیدا کۆنگرەکە وەك ڕاگەیاندنی شەڕ بوو دژ بە کورد، کە دەستگیرکردنی بارزانیی چارەسەری هەموو کێشەکان دەکات، هەروەها ماوەی ٢٤ کاتژمێری بە شۆڕشگێڕاندا تا خۆیان بە دەستەوە بدەن[٢]، گوتیشی: کورد هاوسۆزی شۆڕشن و ڕەزامەندیی لەسەر چەند مەرجێك بە لاوازی لەیەك داوەتەوە، ئەوەتا خەریکن لەمپەر لە بەردەم حکوومەتدا دروست دەکەن. هەروەها گوتی: ئەو پرۆژەیەی کورد پێشکەشی کردبوو بانگەوازێکی ئاشکرا بوو بۆ جیابوونەوە[٣].

سوپای عێراق لە سێ قۆڵەوە لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەستی بە کردەوەی سەربازیی کرد، شۆڕشی کوردیش ناچاربوو بەرپەرچی هێرشەکە بداتەوە.

هاوینی ١٩٦٣ هاوینێکی سەخت و خوێناوی بوو، دژوارترین ماوە بوو لەسەر گەلی کورد، حکوومەت هەموو هێزەکانی بڵاوە پێکرد، بەغدایش هاوکارییەکی باشی لە دەسەڵاتەکانی ئێران و تورکیاوە، کە هەردووکیان ئەندامی پەیمانی ناوەندیی ناتۆ بوون پێ دەگەیشت، کە زانیاریی ئاسمانی و زەمینییان بە ڕژێمی عێراق دەدا[٤].

حکوومەت هەرچی هێزی سەربازیی شك دەبرد بەکاری هێنا و گەمارۆی سەپێندراوی سەر کوردستانی توندتر کردەوە[٥]، نزیکەی ٢٧٥ گوندی خاپور کرد، شۆڕشگێڕانی کورد لە ٣٠ی حوزەیراندا ئاشکرایان کرد کە لە ماوەی دوو هەفتەی سەرەتای شەڕدا ژمارەی کوژراوان گەیشتووەتە ٦٢٤ کەس و ١٣٠٩ی تریش بریندار بوونە، کە زۆربەیان مەدەنی بوون، لە نێوان قوربانیانیشدا ٣٧ منداڵ هەبووە[٦]، هەروەها حکوومەت ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی دەستگیر کرد و دانیشتووانی گوندەکانیش پاش کاولبوونی گوندەکانیان، چۆڵیان کردن[٧].

---

(١) جريدة الشعب، بغداد، العدد ١٧٨٣ في ١١ يونيو ١٩٦٣.

(٢) الحزب الديموقراطي الكردستاني، مكتب الدراسات والبحوث المركزي، موقف الأحزاب السياسية العراقية عن القضية الكردية ١٩٤٦ ـ ١٩٧٠، أربيل، ١٩٩٧، ص ١٢٦.

(٣) جريدة الجماهير، الناطقة بلسان البعث، بغداد، ١٩٦٣/٦/١٠.

(٤) نموونەیەک لە هاوکارییەکە، بروسکەیەکی دەزگای پەیوەندییەکانی کورد گرتوویەتی، پاشکۆی ژمارە ٧٠.

(٥) محسن دزەیی، أحداث عاصرتها، مصدر سابق، ص ٣٦؛ شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٤٦.

(6)Derk Kinnane، The Kurds and Kurdistan.

(٧) عەبدولکەریم بەرحان باس لە دیمەنە دڵتەزێنەکانی بۆمبارانی گوند و چیاکانی کوردستان دەکات و لە کتێبی "حصاد الثورة"دا دەڵێت: "لە سەردانێکمدا بۆ بارەگای ١٤ی لیوای کەرکووک دیمەنێکم بینی هەت بیرم ناچێتەوە، کە مایەی

بێگومان بێزاری و بێهیوابوونی بەعس بەرامبەر بە هێرشەکەی بۆ سەر کورد، وەحشیگەری و ئارەزووی دەمارگیری و نەژادپەرستی دەردەخات، ئەمە لەو شێوازەدا تەواو ڕوون بووەوە کە سوپای عێراق لە نیوەی دووەمی شەڕەکەدا گرتییەبەر[1].

عەلی ساڵح سەعدی ئەمینداری گشتیی حزبی بەعس، وای پێشبینی کرد لە ماوەی دوو یان سێ مانگدا کۆتایی بە بزووتنەوەی یاخیبوون دەهێنن[2]. بۆ ئەوەیش مۆرکێکی شەرعی و ئاینی بە دژایەتیکردنی کورد بدەن، هەندێك لە ڕۆژنامە عێراقییەکانی دۆستی دەسەڵات لەو کاتەدا، بانگەوازیان کرد بۆ جیهادکردن دژ بە شۆڕشگێڕانی کورد. ڕۆژنامەی" الکشکول"ی موسڵی گوتارێکی بڵاوکردەوە تێیدا هاتبوو: "هەموومان لە سەرمان پێویستە لەڕووی ئاین و نەریت و یاساوە، بە دڵانێکی پڕ لە باوەڕ بە خوا و بە ئومەت کە دژایەتی و بەرەنگاریی هەر ناپاکێك ببینەوە، بۆیە براکانم داواتان لێ دەکەین بچنە جیهاد[3].

بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و جێبەجێکردنیان وەك پێشتر لەسەری ڕێك کەوتبوون، سوریا لیوایەکی لە سوپاکەی بە سەرکردایەتی عەقید فەهد شاعیر، لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا[4] ڕەوانە کرد، عەبدولسەلام سەردانی کردن و لەگەڵ سەربازەکاندا قسەی کرد، لە میانەی قسەکانیدا گوتی: "سوورییەکان ئەرکی پیرۆزیان بەجێ دەگەیەنن و بەم زووانە ناپاك و یاخی و جیابووەکان لەناو دەبەن". سوریا هێرشێکی دژەئاراستەی کردە سەر کورد و بە براکانی جوولەکە ناوی بردن کە بە نیازن ئیسرائیلێکی تر دروست بکەن. وەك فەرماندەی سەربازیی عێراقی عەبدولکەریم فەرحان دەڵێت: ئامانجی هاتنی هێزەکان سیاسی بوو، ئەم هێزانە شارەزاییان لە شەڕی شاخدا نەبوو[5]. لە ١٨ی حوزەیرانیشدا دادوەری سەربازی ڕەشید موسڵیح ڕایگەیاند دەست بەسەر موڵك و ماڵی مەلا مستەفا و جەلال تاڵەبانیدا دەگرێت.

بەعس پشتگیریی لەو ڕاپۆرتە کرد کە کۆنگرەی باڵای پێنجی حزب کە لە بەغدا ماوەی (١٣ـ٢٤ی ئەیلوولی ١٩٦٣) دەری کرد، بۆ دژایەتیکردنی توندی وەحشیگەرییانەی شۆڕشی کورد و هاووڵاتییە

---

جنم و بەزاربەیە، دەیان پیر و منداڵ و ژن گەلوپەلیان بە کۆڵدا دابوو و چاویان ترس و خەم و بێزاریی لێ دەچۆڕا، هەروەها باس لەوە دەکات کە چۆن حکومەتی بەغداد سوودی لە دوژمنایەتیی نێوان خێڵە کوردەکان دیوە و، خێڵە دوژمنەکانی مەلا مستەفایش چۆن شانبەشانی حکومەت شەڕیان کردووە". فەرحان دەڵێت "یەکێک لە سەرۆکخێڵەکانی زێبار لە بارەگای فیرقە لە دۆڵی ئەملە هاتە لام، بوخچەیەکی بچووکی پێ بوو کردییەوە، بینیم ئەندامی لاشەی عوزقی تێدابوو، پاشان بەدڵخۆشییەوە گوتی ئەمە لووت و گوێی مەلا شێخی سەرکردەی شۆڕش و دوژمنی سەرسەختمە، لە حەشارگەکەی لە یەکێک لە ئەشکەوتەکان هەڵمکوتیە سەری، لە تۆڵەی ...یکی کوندا کوشتم و دڵم ئاوی خواردەوە". (عبد لكريم فرحان، حصاد نورة، مصدر سابق، ص ٩٥ ـ ١٩٧)

(١) دانا ئادمز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ٣٩٤؛ طه بابان، عالم الكرد والمرعب الكتاب الأول، السليمانية، ٢٠٠٢، ص ٨٧.

(٢) جريدة النهار/بيروت في ١٥ يونيو ١٩٦٣.

(٣) جريدة الكشكول، الموصل العدد (٣٠٠)، في ١٦ يوليو ١٩٦٣.

(٤) عبدالحميد درويش، أضواء على الحركة الكردية في سوريا، دمشق ٢٠٠٠، ص ٧١.

(٥) عبدالكريم فرحان، حصاد ثورة، مصدر سابق، ص ٩٠.

کوردەکان، کە بە کێشەی پارتی و جیابووەکان ناوی برد. تێیدا هاتبوو کە: "گەلەکۆمەکێی ئەم گرووپە و هەڵگرتنی چەکیان شتێکە بەڵگەی ناوێ، بۆیە پێویستە بە زووترین کات لە ناو ببرێت و ڕێگە نەدرێت کێشەکەیان کە کێشەی کوردە بە گشتی حسابی بۆ بکرێت".

هەروەك کۆنگرەکە ئەم ڕاسپاردانەیشی لەبارەی لەناوبردنی شۆڕی کوردەوە دەرکرد:

١. پاڵپشتیکردنی حکوومەت بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی یاخیبوونی چەکداری لە باکوور.

٢. پاراستنی سەرچاوەکانی نەوت و کارەبا و سنوورەکان کە دەکەونە ناوچەکانی باکوورەوە.

٣. وەستاندنی ئەو خێڵانەی دژ بە حکوومەت و شۆڕش چەکیان هەڵگرت لە ناوچەکانی باشوور[١]:

ڕاستییەکەی ورەی سوپای عێراق ڕووخا[٢]، زۆرێك لە ئەفسەران هەستیان بە ستەمی ئەم شەڕە ناڕەوایە کرد، لەم کاتەدا ناکۆکیی بۆچوونەکان لە نێوان بەعسییەکان و هاوبەشەکانیان لە دەسەڵاتدا لە بەغدا، لەبارەی شەڕی لە کوردستانەوە سەری هەڵدا، موتەسەڕیفی سلێمانی عەبدوڕەزاق سەید مەحمود پێی وابوو کە بەعسییەکان دەیانویست سوپا لە کوردستان سەرقاڵ بکەن تا کاتێك پاسەوانی نەتەوەیی دەست بەسەر وڵاتدا دەگرێت[٣].

لەگەڵ ئەمەیشدا پەیوەندییەکان بە شێوەیەکی نهێنی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا بەردەوام بوون، حکوومەت بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆی، پێی باش بوو لەگەڵ شەڕدا دانوستانەکان بەردەوام بن[٤].

بەعس تەنیا ٩مانگ و ١٠ ڕۆژ لە دەسەڵاتدا بەردەوام بوون، لە مانگی تشرینی دووەمدا کە هێشتا شەڕ لە کوردستان بەردەوام بوو، ناکۆکیی نێوان سەرکردایەتی بەعس سەری هەڵدا، ئەمە وای لە عارفی سەرۆك کۆمار کرد هەلەکە بقۆزێتەوە و بە هاوکاری ئەفسەرە ناسرییەکان[٥] توانی لە ١٨ی تشرینی دووەمدا ١٩٦٣ جڵەوی کارەکان بگرێتە دەست، بەعسییەکان بەوپەڕی دڕندەیی دژایەتی شۆڕشی کوردیان دەکرد، گرنگترین هۆکاری ڕووخانی حکوومەتی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ئەو قەیرانە ناوخۆییە بوو کە بە دەستییەوە گیرۆدە بوو[٦].

---

(١) جعفر عباس حميدي وآخرون، تاريخ الوزارات العراقية، ج٦، مصدر سابق، ص ٢٣٠.

(٢) عەبدولکەریم فەرحان، بەرپرسی سەربازیی لە شەڕی دژ بە کورد دەڵێت وەزیری بەرگیری داوای لێ کردم پەلە بکەم لە بەدیهێنانی یەکەم سەرکەوتنی گرنگی باکوور تاکو حکومەت ڕووی هەبێت سەرۆک جەمال عەبدوناسر بۆ عێراق بانگهێشت بکات.

(٣) عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، مصدر سابق ، ص ٣٨٠.

(٤) المصدر السابق، ص ٣٨١

(٥) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٠٣.

(٦) خليل جندي، مصدر سابق، ص١٥٧؛ حنا بطاطو، مصدر سابق، ص ٣٢٤.

**بەکورتی:**

بێگومان هاوپەیمانێتیی نێوان پارتی دیموکرات و بەعس لەسەر باوەڕی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشە نیشتمانیەکان و دۆزی کورد بە تایبەت دانەمەزرابوو، بەعس چونکە هۆکاری دژبەریی بوو دژ بە قاسم لەلایەك و مسۆگەرکردنی نەجووڵانی کورد دژ بە کودەتاکە گەر هاتوو دەسەڵاتی گرتە دەست لەلایەکی تر، بەعس پراگماتییانە دەیڕوانی، بەڵام لە کاتی سەرنەگرتنی کودەتاکەدا پەیوەندیی بە بزووتنەوەی کوردەوە هەلی دەرەخساند کودەتاچییان بەرەو باکوور هەڵبێن، بەعس و زۆربەی تەوژمە نەتەوەییەکان وا لە میللەتی کوردیان دەڕوانی کە میللەتێکی پارچە پارچەیە و بەرەو ناوچەی عەرەب هاتوون، هاتوون تاکو لە وڵاتی عەرەبدا ببنە میوان، لاسەنگی و هاودژییەکە لەوەدابوو سەرکردەکانی کودەتا، گوشاریان دەخستە سەر قاسم گوایە بە گوێرەی پێویست بزووتنەوەی کورد سەرکوت ناکات و بە بزووتنەوەیەکی داگیرکاری شێواویان لە قەڵەم دەدا، گەر شەڕەکانی سەردەمی قاسم بە ڕووداوەکانی دواتر بەراورد بکەین، دەبینین ئەمانەی دواتر توندوتیژ و خراپتر بوون لە ڕووداوەکانی پێشوو.

## کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣:

### ماوەی عەبدولسەلام عارف

عەبدولسەلام عارفی سەرۆك کۆمار توانی لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بە تەنیا دەسەڵات بگرێتە دەست[1]، بە هۆی ئەم کودەتایەوە دەسەڵات کەوتە دەستی گەورە ئەفسەرانی سوپا. عەبدولسەلام و هاوڕێکانی دەستیان بەسەر جومگە هەستیارەکانی (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش) و حکوومەتی نوێدا گرت[2].

کەسایەتیی عەبدولسەلام بە چاوچنۆکیی و مەزهەبچێتیی بێسنوور بەناوبانگ بوو، هودەیب حاجی حەمودی وەزیری کشتوکاڵ دەگێڕێتەوە کە عەبدولسەلام شەوی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بە یەکێك لە ئەفسەرە ئازادەکانی فەوجی خۆی گوتووە ئێمە شۆڕش دەبەینە سەر، دەبێت هەریەك لەو سێ کۆمەڵەیە (کورد و مەسیحی و شیعە) ڕیشەکێش بکرێن[3].

عەبدولسەلام بەوە ناسرابوو لەگەڵ دژایەتیکردنی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد بوو، زۆر ڕقی لە کورد بووە، پێش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ نەیهێشت ئەفسەرە کوردەکان بچنە ڕیزی

---

(١) ئەم کودەتایە لە ئەدەبیاتی بەعسدا بە گەڕانەوەی تشرین دەناسرێت.

(٢) علي جاسم العبيدي، مصدر سابق، ص ٢٨٧.

(٣) ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق، مصدر سابق، ص ٣٤٤.

ئەفسەرانی ئازادەوە[1]، تەنانەت ڕێگەی نەدەدا مندالەکانی لەگەڵ مندالانی ئەفسەرە کوردەکاندا یاریی بکەن[2].

بێگومان کەسایەتییەکی لەم شێوە تەسکبینە، ناتوانێت سەرۆکایەتیی دەوڵەتێك بکات کە بە فرەیی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی دەناسرێتەوە[3].

کاتێك حکوومەتی عێراق لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣ شەڕی دژ بە گەلی کورد ڕاگەیاند، عەبدولسلام گەلێك بە حەماسەت بوو بۆ شەڕکردن دژ بە کورد[4] و خەریکی ئامادەسازی بوو بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد[5].

سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی عارف لە لێداونەکانیدا دژ بە کورد ڕەنگی دابووەوە. لەبارەی سەردانەکەی عارفەوە بۆ ناحیەی شوانی لیوای کەرکووك، ڕۆژنامەی الشعب دەڵێت: "بەڕێز سەرۆکی کۆمار دەسخۆشیی لە فورسانەکانی خالید و هەوڵەکانیان و هەوڵی براکانیان لە فورسانەکانی سەلاحەدین لە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کورددا کرد"[6]. لە میانەی سەردانەکەیدا سوپا و جاشە کورد و عەرەبەکانی بۆ شەڕکردن دژ بە یاخیبووان (واتە شۆڕشگێڕانی کورد) هاندا و پێی گوتن: "سەر لە من و سامان لە ئێوە"[7]. عارف باوەڕی وابوو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ئامانجەکانیدا هاوشێوەی ڕژێمی زایۆنییە[8].

کاتێک عەبدولسەلام پاش ١٨ی تشرینی دووەم بوو بە کەسایەتیی هەرەبەهێز، زانی کە کۆتاییهێنان بە شەڕ لە کوردستان ڕژێمەکەی بەهێز دەکات، بۆیە هەڵوێستێکی تاکتیکیی بەرامبەر بە دۆزی کورد نواند، کە بە ئاشتەوایی ناسرا، بۆیە لە یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی دوای گرتنە دەستی دەسەلاتدا جەختی لەوە کردەوە کە حکوومەتەکەی ئامادەیە بۆ بەستنی ئاشتەوایی لەگەڵ کورددا[9]، لە کۆنگرەکەدا هاتبوو کە: "حکوومەت بەڕاستی بە نیازە سەرجەم توانستەکانی لە خزمەتی هاووڵاتییاندا دابنێت، بە چاوپۆشین

---

(١) حامد مصطفى مقصود، مصدر سابق، ص ٧٢.

(٢) عبدالفتاح علي البوتاني، مصدر سابق، ص ٣٥٢.

(٣) المصدرالسابق، ص ٣٥٨: محمد جمال باوت، حركة القومي العرب، النشأة، المطور، الدمشق، المنائر، ١٩٩٧، ص ٢٤٨.

(٤) علي كريم سعيد، عراق ٨ شباط، مصدر سابق، ص ٢٥٧.

(٥) ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە فازیل بەراکی بەڕێوەبەری هەواڵگریی سەدام لە هەشتاکاندا لە کتێبی (مستەفا بارزانی)دا باسی لێوە کردووە، کە دەڵێت: گوتراوە عەبدولسەلام لە کاتی خۆئامادەکردنید بۆ کودەتاکەی دژ بە بەعسی عەرەبیی سۆسیالیست، بە دزییەوە پەیوەندیی بە بارزانییەوە کردووە و داوای لێ کردووە خۆڕاگر بێت تا هەولی کەوتنی حزبی بەعس هەڵدەکەوێت. (فاضل براك، مصطفى البارزاني، مصدر سابق، ص ٥٠).

(٦) جريدة الشعب، بغداد، العدد ٤٩، في ١٩٦٣/٦/١٣.

(٧) جريدة خەبات العدد ٤٧٩، تموز ١٩٦٣.

(٨) عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، مصدر سابق، ص ٣٧٨.

(٩) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٠٣.

له نەتەوە و ئاین و مەزهەبیان، ئێمە لەگەڵ برایانی کورد وەك برا ژیاوین و خوا بیەوێ هەروا لەگەڵیاندا دەژین".[١]

پاش کودەتا حکوومەت چەند هەوڵێکیدا، هەروەها مەکتەبی سیاسیی پارتی نامەیەکی ئاراستەی سەرجەم لقەکانی کرد تێیدا ئاماژەی ئەوەی تێدابوو کە ئەگەری ئەوە هەیە دەست بکەینەوە بە دانوستان لەگەڵ حکوومەتی نوێدا[٢]، بەڵام هەموو سەرکردەکانی ڕژێمی نوێ لەگەڵ ئەوە نەبوون دۆزی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، تەنانەت لێدوانەکانی عارف خۆیشی بۆ خۆڵکردنەچاو بوو، چونکە خۆی لایەنگری بەکارهێنانی هێزبوو دژ بە کورد[٣]، دەیگوت "من کاکەکان بە کاکەکان لە ناو دەبەم"[٤]. واتە بە جاشە کوردەکان شۆڕشی کورد دەتوێنمەوە[٥].

عارف گوشاری خستە سەر سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بۆ دانانی چەك، لەپێناو ئەمەیشدا لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ بەیاننامەیەکی ئاراستەی گەلی کورد لە کوردستان کرد، تێیدا هاتبوو: "داوا لە هەموو ئەوانە دەکەین چەکیان دژ بە سوپا و حکوومەت هەڵگرتووە یان بوونەتە مایەی تێکدانی ئارامی و ئاسایش دەستبەجێ خۆیان و چەکەکانیان ڕادەستی دەسەڵاتەکانی حکوومەت بکەن، من بەڵێن دەدەم لێیان خۆش ببم"[٦].

کاتێك عارف وەڵامی هەڕەشەکانی وەرنەگرتەوە درێژەی بە شەڕدا، دەزگاکانی پڕوپاگەندەی حکوومەت بۆ لکاندنی دزێوترین تۆمەت بە شۆڕشی کوردییەوە کەوتنە چالاکی و خەڵەتاندنی دەروونلاوازان بە پارە و بەڵێنی درۆ[٧]، خۆیشی لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣دا سەردانی کوردستانی کرد و لە سلێمانی ڕایگەیاند "ڕێگە نادەین بە دامەزراندنی دەوڵەتی دووەمی زایۆنی لە خاکی عەرەبدا و ناهێڵین کورد حوکمی زاتی وەربگرێت".

عەبدولسەلام عارف باوەڕی بە ڕاگرتنی شەڕ نەبوو، بەڵام کە زانیی سوپا توانای لەناوبردنی پێشمەرگەی نییە، ناچاربوو هەڵوێستی لەبارەی شەڕەوە لە کوردستان بگۆڕێت[٨]، لەولایشەوە بنکەی

---

(١) جريدة البلد، بغداد، العدد ٦٨، في ١٩٦٣/١١/٢٥.

(٢) ديفيد آدامس وجرجيس فتح الله، الحرب الكردية وانشقاق ١٩٦٤، أربيل، ١٩٩٩، ص ٣٧.

(٣) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٠٤.

(٤) وشـــەی کاکە لە زمانی کوردیدا واتە برای گەورە یان بەڕێز، جا چونکە کورد لە کاتی قســـەکردن لە نێوان خۆیاندا یان تەنانەت لەگەڵ غەیری کوردیشدا ئەم وشەیە زۆر دووبارە دەکەنەوە، وشەکە لای عەرەب بە واتای کورد دێت، عارف مەبەستی ئەوە بوو بە پشتگیریکردنی جاشە کوردەکان شەڕەکە دەکەنە شەڕی براکوژیی کورد.

(٥) عبدالفتاح علي البوتاني، مصطفى البرزاني، مصدر سابق، ص ١٨.

(٦) جريدة المنار، العدد (٢٥٧٨)، في١ ديسمبر ١٩٦٣.

(٧) عبدالفتاح البوتاني، الحركة القومية، مصدر سابق، ص ٣٨٢.

(٨) لورانت شـابري، سياسـة وأقليات في الشرق الأدنى، الأسـباب المؤدية للانفجار، ترجمة د. ذوقان قرقوط، القاهرة، ١٩٩١، ص٦٣٠: عبد لفتاح علي البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، مصدر سـابق، ص ٣٨٢.

دەسەڵاتەکەی لاواز بوو، چونکە پشتی بە کەمینەیەکی زۆر کەم بەستبوو[١]، بۆیە لە ترسی ڕووخانی ڕژێمەکەی کە لەڕووی عێراق و عەرەبەوە لاواز بووبوو، ناچار لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورددا کەوتە دانوستان، سەرباری ئەوەی بارزانی ئاگاداری بیروباوەڕە شۆڤینییەکانی عارف بوو، کە بە ئاسانی بیروباوەڕی نەدەگۆڕا، تەنانەت پێی دەگوت "دوژمنی ئاشتی"[٢]، بەڵام بەهۆی هەلومەرجی خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتیی شۆڕشەوە و هەروەها سەرباری ئەوە پێشمەرگەیش پێویستیان بەوە بوو هەناسەیەك هەڵکێشن، بارزانی ڕازی بوو بە دانوستانکردن.

نامەگۆڕینەوە لە نێوان نێردەی حکوومەت و بارزانیدا کرا، بارزانی ڕازی بوو بە دانوستان، هەروەها داوای کرد بەرپرسان فەرمانی ڕاگرتنی هێزە چەکدارەکان دەربکەن، تاکو کەشێکی ئارام دروست ببێ، بارزانی داوایشی کرد سەرۆکوەزیران و وەزیری ناوخۆ ئامادەی دانوستان بن[٣]، بەڵام بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازی ئەمەی ڕەتکردەوە، چونکە پێی وابوو ئەو لە هەڵوێستێکی بەهێزدایە و وای لێ دەکات لە ئاست و هاوشانی حکوومەتدا بێ بۆ دانوستانکردن، هەروەها پێی وابوو حکوومەت لە هەڵوێستێکی ناخۆشدایە، بەشێوەیەك داوا دەکرێت کە سەرۆکوەزیران لەو شوێنەی خۆی هەڵیدەبژێرێ ئامادە بێ، هەروەك ئامادەبوونی بەرپرسێکی گەورە بۆ دانوستانی یاخیبووان ئەوەی لای خەڵکی ڕەمەك و جیهانیش دروست دەکات کە یاخیبووان هێشتا قورساییەکی زۆریان هەیە، هەروەها ڕوونی کردەوە کە کورد لە دۆخێکی ئابووریی دژواردان هەربۆیە بەڕێوەبەرایەتی داوای کرد پەلە لە دانوستان نەکرێت[٤].

وەك وەڵامێك بۆ فێڵ و تەڵەکەی حکوومەت و بۆچوونی هەواڵگیریی سەربازی، بارزانی لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦٣دا بروسکەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی و سوپای شۆڕشگێڕی کوردستان نارد، تێیدا هاتبوو "ئێمە واز ناهێنین و تاڵە موویەك دەستبەرداری داواکارییەکانمان نابین، کە خۆبەڕێوەبەریی کوردستانە لە چوارچێوەی یەکێتیی کۆماری عێراقدا".

وادیاربوو حکوومەت حەزی دەکرد دۆخەکە سەقامگیر ببێ، بۆیە لەبەر چەند هۆیەکی زانراو داوای لە بابا عەلی کوڕی شێخ مەحمودی حەفید کرد نێوەندگیریی بکات، ئەویش لە ٢١ی کانونی یەکەمی ١٩٦٣دا نامەیەکی لەلایەن خۆیەوە بۆ مەلا مستەفا نارد[٥] و پێی ڕاگەیاند کە حکوومەت دەیەوێ گفتوگۆی

---

(١) حنا بطاطو، مصدر سابق، ص ٣٤٦.

(٢) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في العراق، مصدر سابق، ص ٣٨٢.

(٣) بەڵگەنامەکانی نامەگۆڕینەوەی نێوان عەمید عەزیز جەبەلی، فەرماندەی هێزەکانی باکوور و شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفا لە پاشکۆی ٢٧.

(٤) نووسراوی سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپا، فەرمانگەی گشتیی ئەرکان، بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازی، ش٢/٤٥/٥/١٤٦٧٤، لە ١٩٦٣/١٢/٨ بۆ فەرمانگەی گشتیی ئەرکان، بابەت: یاخیبوون لە باکوور، پاشکۆی ٢٨.

(٥) دەقی نامەکەی شێخ بابا عەلی بۆ بارزانی و وەڵامی بارزانی، پاشکۆی ٢٩.

لەگەڵدا بکات[١]، بارزانییش ئامادەیی شۆڕشی بۆ دانوستان نیشاندا، لە وەڵامدا لە نامەیەکدا گوتی: "وەك دەزانن ئێمە هەمیشە دژ بە ڕشتنی خوێن و شەڕ بووین، هەمیشە ئاواتەخواز بووینە ئەم شەڕە سنوورێکی بۆ دابنرێت، بەم زووانە و ئامادەیی خۆمان بۆ دانوستان لەگەڵ شاندی فەرمی حکوومەتدا ڕادەگەیەنین"[٢]. هەوەها پێشنیاری کرد دانوستان لە ناوچەی ڕانیە و لە نێوان ١٧ـ٢٠ی کانونی یەکەمدا بێ، پەیوەندییە نهێنی و نیوچە نهێنییەکانی نێوان حکوومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، کە ماوەی دوو مانگ بەردەوام بوون، بوونە هۆی دەستکردنەوە بە دانوستان، بۆیە عارف، عەمید عەبدوڕەزاق مەحمودی دەستنیشان کرد وەك نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ سەرکردایەتی شاندی دانوستانکاری حکوومەت[٣]. شاندی کوردیش لەمانە پێك هاتبوو: شێخ لەتیف شێخ مەحمودی حەفید، جەلال تاڵەبانی، مەسعود محەمەد، عەباس مامەند، عەبدولکافی نەبەوی، نوری شاوەیس[٤]، بەڵام خولی دووەم لە ٥ی شوباتی ١٩٦٤دا دەستی پێکرد، لە سەرکردایەتی کورد جگە لە شێخ ئەحمەد، بە ١٥ کەسی ترەوە، لەوانە مەلا مستەفا، ئامادەی کۆبوونەوەکان بوون[٥].

عەبدوڕەزاق سەید مەحمود، نوێنەری حکوومەت لە دانوستانەکاندا، لەبارەی هەردوو خولەکەی دانوستانەکانەوە دەڵێت لە ماوەی ئەو دوو خولەدا بۆمان دەرکەوت کە کورد بە هیچ شێوەیەك متمانەیان بە حکوومەت نییە، هۆکاری ئەمانەیش دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەی خراپی حکوومەتی عێراق لەگەڵیاندا و جێبەجێنەکردنی پێبەندییەکانی کە خۆی بەڵێنی پێدابوون.

خولی سێیەم و چوارەم لە دانوستانەکان لە نێوان ٧ـ١٠ی شوباتدا بەستران، بە ئامادەبوونی شێخ لەتیف شێخ مەحمود، جەلال تاڵەبانی، عەبدولکافی نەبەوی و مەسعود محەمەد. کورتەی داواکارییەکانی کورد ئەوەبوو ئەوان داوای جیابوونەوە و سەربەخۆیی ناکەن، خۆبەڕێوەبەرییش دوا دەخرێت تا کاتی گەڕانەوەی ژیانی دەستوری بۆ وڵات، بەڵام سازشی لەسەر ناکەن[٦].

## ڕێککەوتنی ئاگربەست واژۆ کرا[٧]:

لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤دا بەیاننامەیەک دەرچوو[٨] کە ئەم خاڵانەی لەخۆی گرتبوو:

---

(١) أدموند غريب، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١١٣.
(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، صص ١٢٥ ـ ١٢٦.
(٣) المصدر السابق، ص ١٢٧.
(٤) عبدالفتاح علي اليوناني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، مصدر سابق، ص ٣٨٤.
(٥) المصدر السابق، ص ٣٨٤.
(٦) المصدر السابق، ص ٢٩١.
(٧) عبدالفتاح علي، مصدر سابق، ص ٣٨٤ ـ ٣٨٥.
(٨) دەقی بەیاننامەکە پاشکۆی ٣٠.

١. داننان به مافه نەتەوەییەکانی کورددا، له چوارچێوەی یەکێتییەکی نیشتمانی برایانەدا لەگەڵ جێگیرکردنی ئەمەیش له دەستوری کاتیدا.
٢. ئازادکردنی گیراو و زیندانییان، که به هۆی ڕووداوەکانی باکوورەوە گیراون، هەروەها دەرکردنی لێبوردنی گشتی و گەڕانەوەی زیندەماڵ و مردەماڵەکانی خەڵك که زەوت کرابوون.
٣. گەڕاندنەوەی ئیداره ناوچەییەکان بۆ ناوچەکانی باکوور.
٤. گەڕاندنەوەی فەرمانبەره لەکارلابراوەکان بۆ خزمەتکردن.
٥. لابردنی کۆت و پێوەنده سەپێنراوەکان لەسەر فرۆشتنی مادەکانی گوزەرانی ڕۆژانه.
٦. دەستکردنەوە به نۆژەنکردنەوەی ناوچەکانی باکوور و پێکهێناتی لیژنەی جیاواز بۆ نەهێشتنی لەمپەرەکان.
٧. قەرەبووکردنەوەی دادگەرانەی خاوەنی ئەو زەوییانەی به هۆی بەنداوی دوکان و دەربەندیخانەوە ژێرئاو کەوتن.
٨. گرتنەبەری هەنگاوەکانی مسۆگەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری بۆ ناوچەکانی باکوور.
٩. لەسەر سەرجەم وەزارەته پەیوەندیدارەکان پێویسته ڕێنمایی و فەرمانی پێویست دەربکەن بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی بەیاننامەکان[١].

بارزانیش بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە که تێیدا هاتبوو: "لەسەر خواستی سەرۆك کۆمار عەبدولسەلام عارف که جەختی لەسەر یەکریزیی نیشتماتی و پاراستنی خوێنی بێتاوان و کۆتاییهێنان به شەڕی براکوژی کردبووەوە، هەروەها بۆ سەلماندنی نیازپاکی حکوومەت، بڕیارماندا به وەستاندنی شەڕ، داوا له براکانم دەکەم بگەڕێنەوە شوێن و سەر کارەکانیان، بەمەیش بوار بۆ دەسەڵاتی نیشتمانی دەڕەخسێت دەستپێشخەری بکات بۆ گرتنەبەری ئەو ڕێگایانەی دەبنه هۆی گەڕاندنەوەی سەقامگیری و ئاسایش بۆ ناوچەکە"[٢].

له ڕاستیدا ڕێککەوتنەکه تەنیا فریودان بوو له هەردوولاوە بۆ دەستخستنی کات[٣]، چونکه عارف هەڵپەی بنیاتنانەوەی هێزه چەکدارەکانی هەبوو، شۆڕشی کوردیش پاش ئەو هەموو هێرشه دڕندانەی کرانه سەری پێویستی بەوە بوو پشوویەك بدات[٤]. بارزانییش گەرچی دەیزانی ئەندامه کۆن و نوێیەکان

(١) جريدة الفجر الجديد، العدد ٦٢٩، في ١١ فبراير ١٩٦٤؛ نديم أحمد الياسين، المسألة الكردية، مواقف ومجرات، بغداد، ١٩٧٥، ص ٤٠ ـ ٤١.
(٢) جريدة المنار، بغداد، العدد (٢٦٣٩) في ١١ فبراير ١٩٦٤؛ أمين سامي الغمراوي قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٣١٨؛ حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٠٩.
(٣) عارف موريس وجورج بلوج، لا أصدقاء سوى جبال، مصدر سابق، ص١١٩؛ عزيز الحاج، مع الأعوام، مصدر سابق، ص ١٨٩.
(٤) عبدالفتاح علي البوتاني، مصطفى البرزاني، مصدر سابق، ص ١٩.

لە ڕژێمی نوێدا، نیازیان نییە دان بە حوکمی زاتی کوردستاندا بنێن، بەڵام ویستی دەرفەتێکی تریان پێ بدات تا ببینێ چەندە کارڕاستن، هەروەها بۆ جیهان دەربکەوێت کە ئەو لەگەڵ چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی کورددایە[1] ،هەورەك بارزانی مەبەستی لە ئاگربەستەکە ئەوە بوو بوار بۆ ڕاگەیاندنی جیهانی بڕەخسێنێت حەقیقەتی دۆزی کورد بزانن[2]، ئەمە سەرباری گوشارە دەرەکییەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و یەکێتیی سۆڤێت و کۆماری یەکگرتووی عەرەبیی جەزائیر لەسەر حکوومەت و بارزانی بۆ ڕێککەوتن لەسەر ئاگربەست[3].

بارزانی دەیویست بە ئامادەبوونی بەرپرسێکی باڵا لە شوێنی دانوستانەکان، ئەوە بەڕای گشتی بڵێت، کە هێشتا "یاخیبووان" قورساییەکی زۆریان هەیە، ئەوەتا حکوومەت سەرۆکوەزیرانی خۆی ناردووە تا لەگەڵ ڕێبەرەکەیاندا دانوستان بکات[4].

لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەکەدا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ڕادیۆی دەنگی کوردستانی داخست، گەرچی بەیاننامەی ڕاگرتنی شەڕ لە ١٠ی شوباتدا گشتگیر نەبوو و لەگەڵ داخوازییە سەرەکییەکانی شۆڕشدا هاوئاهەنگ بوو[5]، بگرە وەک بارزانی گوتی ڕاگەیاندنی بەرایی بوو. ڕێککەوتنەکە بە دڵی هەموولایەك بوو[6]، جگە لە جاشە کوردەکان بە تایبەت هەندێك لە ئاغاکانی لیوای هەولێر، کە دژی وەستانەوە و کردیان بە هەرا.

پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤، حکوومەت چەند هەنگاوێکی نا، لەوانە پێدانی قەرەبووی زەویی جووتیاران کە لە بەنداوی دوکان و دەربەندیخان ژێرئاو کەوتبوون، ژمارەیەك گیراو لە هەردوولا ئازاد کران، شاندی کورد کە لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣وە دەستگیرکرابوون ئازاد کران[7]، هەروەها حکوومەت بەڵێنیدا بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوە نیوچە سەربازییەکان.

---

(١) خليل جندي، خليل جندي، حركة التحرر الوطني الكردستاني في كردستان الجنوبية، مصدر سابق، ص ١٥٩.

(٢) كاني محمد النبوي، سيرة ودور العميد كاني، مصدر سابق، ص ١٩٢.

(٣) ديفيد مكدول، تاريخ الأكراد الحديث، مصدر سابق، ص ٤٧٩؛ محمد إحسان، كردستان ودوامة الحرب، لندن، ٢٠٠٠، ص ٦٠.

(٤) مجلة متين، (من وثائق الحركة التحررية الكردية)، العدد ٥٩ في ١٩٩٦، ص ٦٩؛ نقلا عن عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى البارزاني، مصدر سابق، ص ٨٩.

(٥) عبدالفتاح علي البوتاني، مصدر سابق، ص ٣٨٤.

(٦) حسن خرفة، الأكراد دراسة سياسية تاريخية، ترجمة جوان جوهرد، دمشق، ٢٠٠١، ص ٢٦٦؛ جريدة الجديد، بغداد، العدد ٦٣٠، في ١٢ فبراير ١٩٦٤.

(٧) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ١٢٨ ـ ١٢٩.

ڕاستییەکەی حکوومەت بەنیاز نەبوو ئەم ڕێککەوتنە بکاتە مایەی کۆتاییهێنان بە کێشەکان، بەڵکو دەیویست کات بەدەست بهێنێت، ئەمەش لای مەلا مستەفا شاراوە نەبوو[١]، چونکە خۆیشی دەیویست جەنگاوەرانی پشوویەك بدەن[٢].

لە ڕاستیدا بەهێزترین بزووتنەوە یاخیبوونییەکان لە جیهاندا، لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا ناچاربوونە لەگەڵ دوژمنەکەیاندا دانوستان بکەن، ئەوە هەڵەیە مرۆڤ دانوستان ڕەت بکاتەوە بەو بیانووەی ناتوانێت سەرجەم ئامانجەکانی بەدەست بهێنێ، بارزانی متمانەی بە سەلام و حکوومەتەکەی نەبوو، بەڵام هەمیشە دەیگوت "من هیچ هیوایەکم بە دانوستان لەگەڵ عەبدولسەلامی شۆڤێنیدا نییە، باوەڕیش ناکەم مافەکانی گەلی کورد بدات، بەڵام بارمان لارە و هێزەکانمان ماندوون و ئازووقەشیمان کەمە". بەپێی ئەوانەی گوتمان، وادیارە ڕێککەوتنی ١٠ی شوبات تەنیا بۆ وەستاندنی شەڕ بوو، بە بەڵگەی لێدوانەکەی بارزانی بۆ ڕۆژنامەنووسان لە ٢٨ی شوباتی ١٩٦٤، تێیدا هاتووە کە "هەردوو بەیاننامەی بارزانی و سەرۆك کۆمار کە لە شەوی ١٠ی شوبات لە ڕادیۆی بەغداوە پەخش کران، ڕاگەیاندنی پێشەکی بوون، نەك تەواوی ڕێککەوتنەکە، هەروەها بارزانی چاوەڕوانی پێکهاتنی لیژنەیەك بوو بە سەرۆکایەتیی سەرۆکوەزیران تا بێنە کوردستان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان، بارزانی گوتیشی: دەرفەت بە حکوومەت دەدەین تا دەربکەوێ چی بۆ کورد دەکات، گەر بەڵێنەکانی نەبردە سەر ناچارین دووبارە دەست بدەینەوە چەك"[٣].

بۆ دڵنیایی لەوەی کە بەرژەوەندیی سیاسی لەپشت ڕێککەوتنەکەوە بووە، بۆچونی ناکۆك هاتە ئاراوە[٤]، عەبدولسەلام پێی وابوو کورد تەنیا دەیەوێت باکوور ئاوەدان ببێتەوە، هەوەها وای دەزانی بەشی زۆری کێشەکە لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کە پەنا بۆ "برایەتی ئیسلامی" ببرێت وەك بناغەیەك بۆ پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەب، بەپێی بۆچوونی ئەو ئیسلام جێی نەتەوەی کوردی گرتبووەوە[٥]، بەڵام لە ناو بزووتنەوەی کورددا دیسان جیاوازی لەبارەی ڕێککەوتنەکەوە سەری هەڵدا. ئیبراهیم ئەحمەد گوتی: "وامان دەزانی ڕاگرتنی شەڕ دانوستانی بەدوادا دێ، بەمەیش دەگەینە مەرجەکانی چەسپاندنی شۆڕش"[٦]،

---

(١) شیرزاد زکریا محمد، الحرکة القومیة الکوردیة في العراق، مصدر سابق، ص ١٦٨.

(٢) دانا آدمز شمیدث، رحلة الی رجال شجعان، مصدر سابق، ص ٤٢٠.

(٣) نفس المصدر، ص٤٢٠.

(٤) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الکردیة، مصدر سابق، ص١١٤؛ عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن الحرکة القومیة الکردیة التحرریة، مصدر سابق، ص ٢٩١.

(٥) المصدر السابق، ص ١١٥؛ دهام محمد دهام العزاوي، الأقلیات والأمن القومي العربي (دراسة في البعد الداخلي والإقلیمي والدولي، رسالة دکتوراه، غیر منشورة، کلیة العلوم السیاسیة، جامعة صدام، بغداد، ١٩٩٩، ص ١٥٨.

(٦) دیفید أدامسن و جرجیس فتح الله، ص ٣٨.

ئیبراهیم ئەحمەد پێی وابوو ڕێککەوتنەکە بەندی نهێنی لەخۆ گرتبوو، بەڵام عارف ڕەتی کردەوە شتێکی وا هەبێ[1].

ئەوەی گومانی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی زیاتر کردبوو، لێدوانەکانی بارزانی بوو، کە بە ئاژانسی دەنگوباسی عێراقی گوتبوو: "ڕێککەوتنی گەڕاندنەوەی ژیانی ئاسایی بۆ باکوور بەندی نهێنی تێدا نییە"[2]. هەروەك دەسەڵات خەریکی پەخشکردنی ئەو هەوڵەبوو گوایە بارزانی لە پێناو بەرژەوەندی و ئامانجە سیاسییەکانی وڵاتدا ئامادەیە حزبە سیاسییەکان هەڵبوەشێنێتەوە[3]. ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەم لێدوانانەیان بە هەوڵی بارزانی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پارتی لەیەك دایەوە. لەوەڵامی پڕوپاگەندەی هەڵوەشاندنەوەی پارتیدا مەلا مستەفا گوتی: "من خۆم پارتیم دامەزراندووە، چۆن خۆم دەیڕوخێنم؟"[4].

بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ڕێککەوتنەکە و ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکانەوە شاندێکی مەکتەبی سیاسی بەسەرۆکایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامێتیی عەزیز شەمزینی و عومەر مستەفا لە ١٧ی ئاداری ١٩٦٤دا سەردانی بارەگای بارزانییان لە سەنگەسەر کرد. شاندەکە هەوڵیدا مەلا مستەفا لە ڕێککەوتنامەکە پەشیمان بکەنەوە، چونکە داواکارییەکانی کورد جێبەجێ ناکات، هەروەها ڕوونی کردەوە کە لە دوای کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣وە دۆخی حکوومەت گەلێك دژوارە و لە هەردوو لایەنی سیاسی و سەربازییەوە لە مەوقیفێکی لاوازدایە، بۆیە لە بەرژەوەندیی کورددایە دەست بکرێتەوە بە شەڕ، چونکە کورد هەڵوێستی بەهێزە[5]، بەڵام بارزانی بە ڕاشکاوی گوتی ڕێککەوتنەکە تەنیا ئاگربەستە[6].

خاووخلیچکیی حکوومەت و هێشتنەوەی ژمارەیەکی زۆری گیراو لە زیندانەکاندا[7]، هەروەها بەردەوامی دەرەبەگە جاشە کوردەکان لەسەر کاری خۆیان، کوردیان تووشی دڵەڕاوکێ کرد. بۆیە سەکردایەتیی شۆڕش لە ١١ی ئاداری ١٩٦٤دا یاداشتێکی ئاراستەی حکوومەت کرد کە لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا تێگەیشتی خۆی لەبارەی مافەکانی کوردەوە ڕوون بکاتەوە[8].

---

(١) دانا آدمز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ٤١٨.
(٢) جريدة الفجر الجديد، بغداد، العددان ٦٣٧ و ٦٤٩ في ٢٣ فبراير و ٨ مارس ١٩٦٣.
(٣) المصدر نفسه، العدد ٦٣٧ في ٢٣ فبراير.
(٤) ديفيد ادامسن وجرجيس فتح الله، مصدر سابق، ص ٤٩.
(٥) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ١٣٤.
(٦) دانا آدامز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ٤٢٢.
(٧) عبدالفتاح يحيى البوتاني، مصدر سابق، ص ٣٥٤.
(٨) ش. ج. أشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـــ العراق، مصدر سابق، ص ١٢٢؛ حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديموقراطي الكردستاني في العراق، مصدر سابق، ص ٢٤٧.

دەسەڵات لەسەر سیاسەتی دوژمنکارانەی خۆی بەردەوام بوو، پشنگیری جاشەکانی دەکرد و کوردی لە گوندەکانی خۆیان دەردەکرد[1]. لە میانەی زنجیرە لێپێچینەوەیەکدا حکوومەت دانیشتووانی ٢٥ گوندی لیوای کەرکووکی ئاگادار کردەوە کە گوندەکانیان چۆڵ بکەن، بەبیانووی داگیرکردنی زەوییەکانیان بە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی. ڕاستییەکەی حکوومەت دەیویست خێڵە کۆچەرەکانی عەرەب لە جێگایان نیشتەجێ بکات.

ڕۆژنامەی فەرمی عێراقی الوقائع، لە ژمارەیەکیدا لە ئاداری ١٩٦٤دا بڕیارێکی حکوومەتی بڵاوکردەوە بە پێدانی "مەدالیای سەرکوتکردنی یاخیبوونی باکوور" بەو سەربازانەی بەشداریی جەنگی دژ بە شۆڕشی کوردیان کردبوو[2].

تا دەهات حکوومەت لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە دوور دەکەوتەوە[3]. عارف دیسان باسی یەکێتیی عەرەبی دەکرد و لە دەستوری نوێدا خستبوویە پێش دۆزی کوردەوە[4]، جەختیشی لەوە کردەوە ئەم دەستورە پاش تێڕامانێکی قووڵ لە واقیعیی مێژوویی و جوگرافیایی و شارستانیی گەلی عێراق نووسراوەتەوە[5]، ئەمەیش واتە کێشەی کورد و کوردستان لە واقیعی عێراقدا شتێکی بچووکە[6]. لە مادەی یەکی دەستورەکەدا هاتبوو: "گەلی عێراق بەشێکە لە ئوممەتی عەرەبی، ئامانجی یەکێتییەکی گشتگیرە". لە مادەی ١٩دا بە ئاستەم ئاماژە بە کورد کرابوو: "عێراقییەکان لە مافدا یەکسانن، لە ئەرك و مافدا وەك یەکن، جیاوازیی ڕەگەز و نەژاد و سیفەت و ئاین لە نێوانیاندا نییە"[7].

بارزانی ڕەخنەی لە دەستوری کاتی گرت و گوتی: "دانان بە مافەکانی کورددا جەوهەری ڕێککەوتنەکە بوو، حکوومەت بەهەڵە چارەسەری کرد، کە بووە هۆی کاردانەوەیەکی بەهێز و بێهیوابوونێکی تاڵ"[8].

سەرەڕای ئەمەیش مادەی سێی دەستور لە ٢٧ی تەموزی ١٩٥٨ کە دەیگوت "کورد و عەرەب لە نیشتمانی عێراقدا هاوبەشن"، سڕایەوە، هەروەها دەستوری نوێ دانی بەوەدا نەنا کە گەلی کورد هاوشێوەی گەلی عەرەب لە خاکی عێراقدایە و مافی نەتەوەیی خۆی هەیە[9]، هەروەها هەوڵی دەدا

---

(١) بڕوانە پاشکۆی ٣٥.

(٢) جريدة الوقائع، بغداد، العدد ٩٢٦ في ٢٢ مارس ١٩٦٤.

(٣) ش. ح. أشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـ العراق، مصدر سابق، ص ١٢٤.

(٤) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص١١٥؛ عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، مصدر سابق، ص٣٢٧.

(٥) أحمد فوزي، عبد السلام محمد عارف، سيرته.. محاكمته.. مصرعه. بغداد، مطابع الدار العربية، ١٩٨٩، ص ٥١.

(٦) منذر الموصلي، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ١٨١.

(٧) جريدة الوقائع العراقية، العدد ٩٤٩ في ١٠ مايو ١٩٦٤.

(٨) جريدة خەبات، العدد ٤٧٦ فبراير ١٩٦٥.

(٩) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١١٦.

ڕژێمی تاکحزبیی بسەپێنێت و حزبەکان لە سیاسەت دوور بخاتەوە یان هەڵیانبوەشێنێتەوە، لە ١٤ی تەموزی ١٩٦٤دا دامەزراندنی یەکێتیی سۆسیالیستیی عەرەبی لە عێراقدا ڕاگەیاند[١].

لە کاتێکدا کە حکوومەت پلانی دامەزراندنی ئەم حزبەی دادەنا، پەیوەندیی بە بارزانییەوە کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی پارتی و چوونە نێو یەکێتیی سۆسیالیستی عەرەبییەوە. عەبدوڕەزاق مەحمودی پارێزگاری سلێمانی کە داواکارییەکەی بۆ بارزانی گواستەوە، دەڵێت: "کە بارزانی داواکارییەکەی بیست پێکەنی و گوتی جا ئێمە چ شوێنێکمان لە یەکێتیی سۆسیالیستیی عەرەبیدا هەیە؟ توخوا گەر تۆ سەر بەم یەکێتیە بیت و منیش کورد بم نالێی مەلا مستەفا پێم پێدەکەنێت؟"[٢] کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی حزبەکان و ئاوێتەکردنیانی لە یەك حزبدا ڕەتکردەوە[٣] و لە ماوەی ٦ـ٩ی ئاداری ١٩٦٤دا لە کۆبوونەوەکاندا بڕیارێکی لەبارەوە دەرکرد. شتێکی ئاسایی بوو کە پارتی ڕەتیکردەوە بچێتە نێو ئەم حزبەوە، چونکە ئامانجی فەرمی ئاشکرا لە دامەزراندنی پەلەکردن بوو بۆ یەکێتییەکی عەرەبی، هەروەك هیچ توێژینەوە و بەڵگەنامەیەکی لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە دەرنەکرد[٤].

سرووشتی گوتوبێژەکانی نێوان حکوومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد، ئاماژەیە بۆ ئەوەی مەودایەکی فراوان لە نێوان هەردوولادا هەبوو[٥]، حکوومەت لەسەر هەڵنەوەشاندنەوەی پێکهاتە جاشەکان سووربوو، مەگەر لە بەرامبەر هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەدا نەبێ. دەیویست پارتی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی دەیویست شیوعیەکان خۆیان ڕادەستی بکەن یان لە عێراق وەدەریان بنێ، هەروەها هەموارنەکردنەوەی دەستور بە شێوەیەك مافەکانی کورد دەستەبەر بکات[٦].

سەرکردایەتی شۆڕشیش بە هەموو شێوەیەك داواکارییەکانی حکوومەتی ڕەتکردەوە، لەسەر هەڵوەشاندنەوەی گرووپە جاشەکان پێداگربوو، هەروەك بارزانی ڕەتیکردەوە هێزەکانی پێشمەرگە هەڵبوەشێنێتەوە، گوایە ئەم هێزانە لەبەر پێداویستیی نەتەوەیی و مێژوویی دروست بوون، هەروەها گوتی: "مانەوەی ئەم هێزانە یان هەڵوەشاندنەوەیان پێداویستییەکی سیاسییە و بەندە بە چارەسەرکردنی پرسی کوردەوە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە"، هەروەها بارزانی ڕازی نەبوو بەوەی لێبوردنی گشتی شیوعیەکان نەگرێتەوە. هەڵوێستەکانی بارزانی ڕقی حکوومەتیان هەستاند. ڕۆژنامەی الجمهورية کە بە

---

(١) وميض عمر نظمي، شفيق عبدالرزاق وغانم محمد صالح، التطور السياسي المعاصر في العراق، بغداد، ص ٣٦٤.

(٢) عبدالفتاح علي اليوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، مصدر سابق، ص ٣٨٥.

(٣) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في العراق، مصدر سابق، ص ٢٠٥.

(٤) مجلة أوراق موصلية، العدد ٦، الموصل، يوليو ٢٠٠٤، مقالة ذنون يونس الطائي، الاتحاد الاشتراكي العربي في الموصل ١٩٦٤ ـ ١٩٦٨.

(٥) ش. ح. أشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـ العراق، مصدر سابق، ص ٨٧.

(٦) عبدالفتاح علي اليوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، ملاحظات تاريخية ودراسات أولية، أربيل، ٢٠٠١، ص ٣٥٦.

ناوی حکوومەتەوە دەدوا لەم بارەوە گوتی[1] "ئەمە چ نەتەوەپەروەرییەکە کە پارتی لافی لێ دەدا، لە کاتێدا لایەنگرانی قاسم لە ڕیزەکانی پارتیدان".

لە تشرینی دووەمی ١٩٦٤دا بڕیار درا بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان[2] تاکو ببێتە دەسەڵاتی باڵای شۆڕش، هاوشێوەی دەسەڵاتی یاسادانان، ئەنجوومەن لە ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و سەرکردە سەربازییەکان و سەرۆک خێڵەکان و نوێنەری کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان پێکهات[3]. حزبی شیوعی عێراق نوێنەریان هەبوو[4]، بەڵام تورکمانەکان بە هۆی بارودۆخی تایبەتەوە و پیادەکردنی سیاسەتی نێوەندگیریی نێوان حکوومەت و کورد، لە ئەنجوومەندا نوێنەریان نەبوو. ئەنجوومەنەکە بارزانیی بە سەرۆکی خۆی هەڵبژارد[5] و ئەندامانی ئەنجوومەن دەنگیان بە پێڕەوی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا[6]. پێڕەوەکە ئاماژەی بە ناوچەی کوردیی عێراق کردبوو، کە بە ویلایەتی کوردستان ناو دەبرا و لەڕووی ئیدارییەوە بۆ پێنج لیوا دابەش بووبوو: دهۆک، هەولێر، سلێمانی، کەرکووک و خانەقین[7].

نووسینگەیەکی جێبەجێکردن لە ئەنجوومەندا دانرا کە یاسا پێویستییەکانی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروبارە سەربازی و دارایی و یاسایی و ئیدارییەکانی جێبەجێ دەکرد[8].

پێکهێنانی ئەنجوومەنەکە هەنگاوێکی گرنگ بوو لە ڕێگەی دامەزراندنی بونیادی ناوچەیی بەڕێوەبردندا لەسەر بناغەی حوکمی زاتی لە چوارچێوەی مافەکانی عێراقدا و جێبەجێکردنی مافەکانی گەلی کورد، گەرچی زۆربەی ئەندامەکانی لە سەرۆک خێڵەکان بوون، لەگەڵ ئەمەیشدا ئەم ئەنجوومەنە قۆناغێکی نوێی لە پێشکەوتنی خەباتی چەکداریی کورددا تۆمار کرد[9].

یەکەم هەنگاو کە ئەنجوومەن نای، پێشکەشکردنی یاداشتێک بوو لە ١١ تشرینی دووەمی ١٩٦٤ بە حکوومەت، بە ناوی "یاداشتی ڕوونکردنەوەی مافە نەتەوەییەکانی کورد"[10]، کە بارزانی ئیمزای کرد، بەوپێیەی سەرۆکی ئەنجوومەن و پارتی و فەرماندەی شۆڕشە. یاداشتەکە ڕاشکاوانە گوزارشتی لە ئامانجەکانی گەلی کورد کردبوو، ڕوونی کردبووەوە کە گەلی کورد لە سایەی سیاسەتی جیاکارییەوە دووچاری

---

(١) جريدة الجمهورية بغداد، العدد ٧٧٩ في ٨ أذار/مارس ١٩٦٦.

(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ١٤٩.

(٣) المصدر نفسه، ص ١٥٠.

(٤)حزب البعث العربي الاشتراكي، القيادة القومية، (المكتب الثقافي) ملف القضية الكردية، دراسات ووثائق، ص ٥٦.

(٥) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١١٤.

(٦) دەقی دەستوورەکە، پاشکۆی ٣١.

(٧) مجلس قيادة الثورة الكوردستاني ـ العراق، المكتب التنفيذي، الدستور والقوانين ١٩٦٤ ـ ١٩٦٥، ص ٧.

(٨) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص١٥٠.

(٩) شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٨١.

(١٠) دەقی نامەکە، پاشکۆی ٣٢.

چی بوونە و دەرگای پیشە مەدەنی و سەربازییەکان بە ڕووی کورددا داخراوە. ئاماژەیشی بە پێشێلکردنەکانی تری مافی کورد کردبوو، هەروەها ئاماژەی بەوە کردبوو کە حکوومەت ١٠٠ ملیۆن دیناری خەرج کردووە بۆ کاولکردنی کوردستان، لە کاتێکدا پڕۆپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە ساڵانە پێنج ملیۆن دیناری بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تەرخان کردووە. ئەم پارانەیش لە بنیاتنانی سەربازگە و بنکەکانی پۆلیسدا خەرج دەکران، یاداشتەکە ئاماژەی بە سیاسەتی عەرەباندن و دانانی خێڵە عەرەبەکان لەجێی کوردی کوردستان کردبوو[1].

گرنگترین شتێک لە ڕووی سیاسییەوە لە یاداشتەکەدا هاتبوو، بریتیبوو لە هەموارکردنەوەی بڕگەی کۆتایی مادەی (١٩)ی دەستوری کاتی، کە دەڵێت: "ئەم دەستورە لەسەر بناغەی حوکمی زاتی لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا دان بە مافەکانی تاکی کورددا دەنێت". هەروەها هەموار کردنەوەی مادەی یەکەم کە دەڵێت: "گەلی عێراق بەشێکە لە ئوممەتی عەرەبی". هەروەک یاداشتەکە باسی لەوەیش کردبوو کە لە حاڵەتی یەکگرتنی عێراق لەگەڵ هەر وڵاتێکی عەرەبی تردا، ویلایەتی کوردستان هەمان ئەو مافانەی دەبێت کە هەرێمەکان هەیانە و پێی دەگوترێت "هەرێمی کوردستان"[2].

تاهیر یەحیای سەرۆکوەزیران، لە وەڵامی یاداشتەکەدا ڕایگەیاند کە حکوومەت ناتوانێت حوکمی زاتی بە کورد ببەخشێت، چونکە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە لە وڵاتدا بوونی نییە، هەروەها داواکارییەکانی شۆڕشی کوردی لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی ١٠ی شوباتی ١٩٤٦دا بەوە وەسف کرد کە: "توندڕۆیانەن و لەبەردەم بەدیهێنانی یەکێتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ عەرەبدا دەبنە لەمپەر"[3].

سوبحی عەبدولحەمیدی وەزیری ناوخۆ لەبارەی یاداشتەکەوە گوتی: "حوکمی زاتی بۆ گەڕانەوەی ژیانی ئاسایی و دەستکردنەوە بە دانوستان هاوکار نییە و ناماقووڵ و قبووڵنەکراوە"[4].

پەیوەندییەکان ئەنجامیان نەبوو، بەڵام سوودی هەبوو و گۆڕا بە چەند ڕوانگەیەکی سەرەکی لە داڕشتنەوەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا.

حکوومەت لە ڕاگرتنی شەڕدا نیازی خراپ بوو، بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەت بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکەن کە دەزگا هەواڵگرییەکانی بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی نانەوەی ئاژاوە و ترازاندنی

---

(١) ديفيد ادامسن وجرجيس فتح الله، مصدر سابق، ص ٣٥٣.

(٢) ش. خ. أشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـ العراق، مصدر سابق، ص ١٢٨.

(٣) المصدر السابق، ص ١٢٨.

(٤) كونتر دشنر، احفاد صلاح الدين الأيوبي، الكورد الشعب الذي يتعرض للخيانة والغدر، ترجمة عبد السلام براوي، دهوك، ٢٠٠٠، ص ٢٦٨.

بەکرێیزیی کورددابوون. هەروەها ئەم دەزگایانە سەرکردایەتی کوردیان بە مامەڵەکردن لەگەل بەعسییەکانی سوریادا بۆ ئەنجامدانی کودەتا دژ بە ڕژێمەکەی عەبدولسەلام عارف تۆمەتبار دەکرد[1].

ئەم ڕاپۆرتە ئەمنییانە بوونە هۆی بارگرژیی نێوان حکوومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد. بارزانی لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤دا بروسکەیەکی بۆ سەرۆکوەزیران نارد، تێیدا داوای لێ کردبوو خێرا سنوورێک بۆ ئەم دۆخە قەیراناوییە دابنێت، نەوەک شتی تریان لێ بکەوێتەوە و زیان بە بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنن و ئاژاوەگێڕان هەلەکە بقۆزنەوە[2]. هەروەها بارزانی لە ١٣ و ١٤ی تشرینی دووەم دوو نامەی بۆ پارێزگاری سلێمانی نارد، جەختی لەوە کردەوە کە لە خەمی گەڕاندنەوەی ئاسایشدا بێت بۆ ناوچەکە، هەروەها داوای لە حکوومەت کرد لە پێبەندییەکانی چەشنی نیشتەجێکردنی خێڵە عەرەبەکان و یارمەتیدانی جاشەکاندا پابەند بێت[3].

لە ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤دا، تاهیر یەحیا دەستی لە کار کێشایەوە، لە هەمان ڕۆژدا بە ڕاسپاردن گەڕێندرایەوە. ئەم ڕاسپاردنە لە کاتێکدا بوو کە پەیوەندییەکانی نێوان شۆڕشی کورد و حکوومەت ئاڵۆز بوون[4]. ڕەنگە عارف ئەو کاتە پێشبینی خولێکی نوێی شەڕی لە کوردستان کردبێ[5]، بۆیە لە سەرەتای کانونی یەکەمی ١٩٦٤دا حکوومەت لە کۆشکی کۆماری کۆبوونەوەیەکی گرنگی بەست، کە ژمارەیەکی زۆر سەرکردەی سەربازی و مەدەنی ئامادەی بوون بۆ تاوتوێکردنی دۆزی کورد[6].

لە ٢٣ی کانونی یەکەمی ١٩٦٤دا بارزانی بەیاننامەیەکی دەرکرد تێیدا باسی لەوە کرد کە پێڕەویی ئاوەدانکردنەوەی باکوور وەهمییە و لەسەر کاغەز نەبێ بوونی نییە[7].

لەم قۆناغەدا ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستاندا، بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەرکرد لەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا بوون و، هەستا بە دامەزراندنی کادیرە ئیداری و دارایی و یاساییەکان لەو ناوچانە[8].

---

(١) م.د.م.ع.١ :الأمن في لواء الموصـــل ســـنة ١٩٦٤، و١٠ :٤/١٠٤/٢٠٤،٨٤ كتابة قيادة الغرفة الرقم ٩٤٩ في ١٩٦٤/٩/٧ الى متصرف لواء السليمانية، الموضوع عقد المؤتمر الدوري الثاني لضباط الاستخبارات.

(٢) م.د.م.،ع.١٠ :الأمن في لواء الموصل سنة ١٩٦٤ ـــ ١٩٦٥، و١٠ :٤/١١،١٢٥/٢٥، برقية البارزاني، طارئة، العدد ٦٤٨/ح في ١٩٦٤/١١/٥ إلى السيد رئيس الوزراء.

(٣) م.م.ش. كتاب متصرفية لواء السليمانية ـ القلم السري، سري للغاية، وشخصي إلى السيد وزير الداخلية الموضوع رسالتي مصطفى البارزاني.

(٤) جريدة الجمهورية/بغداد/العدد ٣٢٠ في ١٥ نوفمبر ١٩٦٤.

(٥) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١١٦.

(٦) عبدالكريم فرحان، حصاد ثورة، مصدر سابق، ص ١٥٩.

(٧) عبدالفتاح علي البوتاني، مصدر سابق، ص ٤٢٧.

(٨) جريدة (خەبات)، العدد ٤٧٥، ديسمبر ١٩٦٤.

لە ١٠ی کانونی دووەمی ١٩٦٥دا ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد شاندێکی بۆ بەغدا نارد[١]، لە بەرامبەر ئەو شاندەدا کە لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٦٤دا لە بەغداوە هاتبوو، شاندەکە تا ٢٤ی مانگ لە بەغدا مایەوە پێشنیاری نوێی خستە بەردەم حکوومەت[٢].

لە ماوەی نێوان تشرینی یەکەمی ١٩٦٤ تاکو ئاداری ١٩٦٥ یاداشت و نامەگۆڕینەوە لە نێوان هەردوولادا بەردەوام بوو. لە ١٩ی کانونی یەکەمی ١٩٦٤دا مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ عارف و تاهیر یەحیا و سوبحی عەبدولحەمید[٣] نارد و ڕووداوەکانی خانەقینی لە دەستگیرکردن و لێدانی هاووڵاتییان و گەمارۆی ئابووری ڕوون کردەوە[٤].

حکوومەت لە میانەی نامە و یاداشتەکاندا مەبەستی کات بەدەستهێنان بوو[٥]، ڕۆژنامەی خەبات باس لە دۆخی ئەوکاتی کوردستان دەکات و دەڵێت: "سەرلەنوێ دۆخەکە بەرەو شڵەژان و مەترسی دەچوو"[٦]. سەرباری یاداشت گۆڕینەوە و سازکردنی گفتوگۆکان، دۆخەکە زیاتر خراپ دەبوو. حکوومەت لەسەر سیاسەتی دژایەتیکردنی خواستەکانی کورد بەردەوام بوو، ڕۆژنامەی خەبات دەسەڵاتە حکومییەکانی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە پارە و دەرماڵەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەسەر جاشەکاندا دابەش دەکەن[٧]. لە پلانێکی تری حکوومەتدا کە خۆی سەرچاوەی بارگرژییەکە بوو، وەزیری ناوخۆ سوبحی عەبدولحەمید چەند فەرمانێکی دەرکرد بە ڕێگریکردن لە پێشمەرگە کە بچنە شارە کوردییەکانەوە، هەروەها فەرمانی دەرکرد لە حاڵەتی سەرپێچیکردن لەم فەرمانانەدا دەستگیر بکرێن[٨].

هەڵوێستی سستی حکوومەت لەلایەن پارتیەوە بەرهەڵستی کرا، هەربۆیە پارتی بە هۆی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئاگربەستدا، داوای مانگرتنی گشتیی لە کوردستان کرد[٩].

حکوومەت بەپەلە لەسەر مانگرتنی گشتی هاتە دەنگ. وەزیری ناوخۆ لە ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٥دا نامەیەکی وروووژاندنی ئاراستەی پارتی کرد و پێی ڕاگەیاندن کە حکوومەت دوو داواکارییە

---

(١) شاندەکە پێک هاتبوو لە حەبیب محەمەد کەریمی سکرتێری پارتی، هاشم عەقراوی و عەگید سدیق.

(٢) دەقی نامەکەی حبیب محمد کریم، پاشکۆی ٣٣.

(٣) دەقی نامەکەی وەزیری ناوخۆ و وەڵامەکەی بارزانی پاشــکۆی ژمارە ٣٤، هەروەها نامەکەی بارزانی بۆ تاهیر یەحیا پاشکۆی ٣٥.

(٤) عادل تقي البلداوي، نضال الشعب الكردي، مصدر سابق، ٧١.

(٥) عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٣٥٩.

(٦) جريدة خەبات، العدد ٤٧٥ ديسمبر ١٩٦٤.

(٧) المصدر نفسه.

(٨) م.د.م. ع.١ :الأمن في لواء الموصل، سنة ١٩٦٤ ـــ ١٩٦٥، ر. ١٠ :١٢٥/٤، ١٧٥/٣٧، كتاب وزارة الداخلية المخابرات السرية والسياسية، بغداد، سري، العدد ق. س. في١٩٦٤/١٢ إلى متصرفية لواء السليمانية، الموضوع دخول أشخاص مسلحين إلى حلبجة.

(٩) عبدالفتاح البوتاني، ص ٣٤٢؛ جريدة خەبات العدد ٤٧٦، فبراير ١٩٦٥.

سەرەکییەکەی پارتی کە حوکمی زاتی و هێشتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەیە، ڕەتدەکاتەوە، هەروەها دەبێت مل بۆ دەسەڵات کەچ بکەن[١].

سەرباری ئەم پیلانەیش سەرکردایەتی کورد هەوڵیدا دۆخەکە ئارام بکاتەوە، شەوکەت عەقراوی کە نوێنەری شۆڕشی کورد بوو لە قاهیرە، جەختی لەوە کردەوە کە کورد سوورن لەسەر ئەوەی دەست بە شەڕ نەکرێتەوە[٢]. بەڵام حکوومەت لەسەر سیاسەتی ورووژاندنی خۆی بەردەوام بوو. لە ٢٧ی شوباتی ١٩٦٥دا عارف پێشوازیی لە شاندێکی سەرۆک جاشە کوردەکان کرد[٣]و لەسەر لێدوانە ئاگرینەکانی بەردەوام بوو کە بۆنی شەڕیان لێ دەهات و، گوزارشتیان لەوە دەکرد کە حکوومەت باوەڕی بە چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی کورد نییە، هەروایش بوو. لە ٢ی نیسانی ١٩٦٥دا حکوومەت هێرشێکی گشتگیری بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد[٤].

سەرکردایەتی شۆڕشی کورد حەزی لەوە نەبوو دەست بە شەڕ بکرێتەوە، بەو مەبەستەی هەڵوێستی کورد بۆ ڕای گشتیی عێراقی و جیهانی ڕوون بکەنەوە. بارزانی لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی ستاندارد ئێڤینگ (*Standard Evening*)ی لەندەنیدا، ڕوونی کردەوە کە: "کورد و عەرەب دوو گەلی جیاوازن، ئێمە بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو لە قەوارەی تایبەتی خۆماندا ژیاوین، لەگەڵ ئەوەیشدا حکوومەتی عێراق ناهێڵێت وەکو کورد بژین، ڕێگرە لەوەی ڕۆڵەکانی کورد بە زمانی خۆیان بخوێنن و کورد لە گوندەکانی خۆیان ڕاو دەنێن و عەرەب لە جێیان نیشتەجێ دەکەن[٥]. گەر بە ڕاست براین، چۆن دەکرێت برایەک پێنج گوڵێرە بۆ خۆی ببات و دانەیەکیان بە برا برسییەکەی نەدات"[٦].

عەبدولسەلام هەوڵی دەدا هۆکاری هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد پێچەوانەی واقیع وێنا بکات، لە لێدوانێکدا گوتی: "ئەو بزووتنەوەیەی لە باکوور سەریهەڵداوە، بەشێکە لەو گەلەکۆمەکییەی کە داگیرکەر بە ڕێوەی دەبات"[٧].

پاش هەڵگیرسانی شەڕی نیسانی ١٩٦٥، حکوومەت هەوڵیدا ڕەگەزپەرستی شەڕەکە بشارێتەوە[٨]، بەڵام ڕادیۆی دەنگی کوردستان ڕاستەوخۆ هەواڵەکانی ئەو هێرشەی پەخش دەکرد و دەنگی کوردی بە

(١) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١١٧؛ محمود الدرة، مصدر سابق، ص ٣٨٤.
(٢) جريدة البلد، العدد ٢٣٤ في ١٩ فبراير ١٩٦٥.
(٣) جريدة الأنباء الجديدة، العدد ٨٣٦ في ٢٨ فبراير ١٩٦٥.
(٤) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني، ص ١٠٦.
(٥) لەبارەی ئەهامەتییەکانی کورد لە دەرکردن و نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگەیان، پاشکۆی ٣٥.
(٦) جريدة خەبات، العدد ٤٧٨، يونيو ١٩٦٥.
(٧) جريدة البلد، بغداد، العدد ٣٧٠، في ٨ ئاب.
(٨) لە یەکێک لە کۆنگرەکانی لوتکەی عەرەبیدا، حەبیب بورقیبەی سەرۆکی تونس هەواڵی باروودۆخی کوردستانی لە عەبدولسەلام پرسی، ئەویش لە وەڵامدا گوتی کۆمەڵێک، چەند گرووپێکی ئاژاوە گێڕن و بریتییان پێک هێناوە، بورقیبە

جیهان ڕادەگەیاند[1]، هەروەها ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە کوردستان لە ١٦ی نیسانی ١٩٦٥دا بەیاننامەیەکی دەرکرد، تێیدا داوای لە نەوەکانی گەلی کورد کرد بە ئەرکی داکۆکیکردن لە خاک و مافی زەوتکراویان هەستن[2]، هەروەها لەپێناو خرۆشاندنی دەمارگیری و دووبەرەکیی نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد، حکوومەت لە تەموزی ١٩٦٥دا لێژنەیەکی تایبەتی لە گەورە فەرماندەکانی سوپا پێکهێنا، بۆ قەناعەتکردن بە ژمارەیەک لە خێلە عەرەبەکان کە بێنە ڕیزی جاشەکانەوە بۆ دژایەتیکردنی شۆڕشی کورد.

بەرگریی بەهێزی کورد کە بەرگەی ئەو هێرشە سەربازییە دڕندانەی دەگرت، دوور لە دەستی هێز و نیازەکانی حکوومەت مایەوە، هەروەها بووە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکییەکی توند لەنێوان هێزە سەربازییەکانی ناو حکوومەتدا کە لە ململانێدا بوون[3]، ئەم ناکۆکییانەیش لە بارگرژیی سەرتاپای عێراقدا ڕۆڵیان هەبوو[4]، دواتریش پاڵیان بە تاهیر یەحیای سەرۆکوەزیرانەوە نا لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٦٥ داوای دەستلەکارکێشانەوە بکات.

لە ٦ی ئەیلوولی ١٩٦٥دا وەزارەتێک بە سەرۆکایەتی عارف عەبدوڕەزاق پێکهات[5] و حکوومەتی نوێ ڕووبەڕووی گرنگترین کێشە بووەوە کە دۆزی کورد بوو. لە هەوڵێکدا بۆ هێمنکردنەوەی دۆخەکە، هەموارکردنەوەیەکی لە مادەی (١٩)ی دەستوری کاتیدا ئەنجامدا کە دەڵێت: "عێراقییەکان لە ئەرک و مافدا یەکسانن بەبێ جیاوازیی ڕەگەز، نەژاد، زمان، ئاین یان هەر جیاوازییەکی تر، ئەم دەستوورە لە چوارچێوەی گەلی عێراقدا لە یەکێتیەکی نیشتمانی یەکگرتوودا، ددان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا دە-نێت"[6].

لە ٢١ی ئەیلوولدا، پاش لابردنی عارف عەبدوڕەزاق کە هەوڵی کودەتای دابوو، داوا لە عەبدولڕەحمان بەزاز کرا وەک یەکەم سەرۆکوەزیرانی مەدەنی دەستبەکار بێت[7].

---

عارفی ئامۆژگاری کرد و گوتی: کێشـــەکە لێرەدایە کە دان بەم گرووپەدا نانێین کە جیهان دەیبینێت. (حامد محمود عیسى، القضية الكردية في لعراق،مصدر سابق، ص ٣٤٦).

(١) ش. ج. أشيريان، لحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـــ العراق، مصدر سابق، ص ٣٣١، وشيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٨٤.

(٢) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٢٩.

(٣) عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، مصدر سابق، ص ٣٥٢.

(٤) شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي لكردستاني، مصدر سابق، ص ١٨٨؛ عبدالكريم فندي، فصول من ثورة أيلول كردستان العراق، دهوك، ١٩٩٥، ص ٨٥.

(٥) مجيد خدوري، العراق الجمهوري، مصدر سابق، ص ٣١٩.

(٦) جريدة الوقائع العراقية، العدد ١١٦٦، في ٩ سبتمبر ١٩٦٥.

(٧) جريدة الجمهورية، بغداد، العدد ٦١٦، في ٢٠ سبتمبر ١٩٦٥.

بەزاز بڕیاریدا سەرجەم کێشەکانی وڵات بە تایبەت کێشەی کورد چارەسەر بکات. پێی وا بوو کورد گەلێکی تایبەتن و مەرجەکانی نەتەوەیان تێدایە[1]، هەروەها دژ بە چارەسەری سەربازی بوو بۆ کێشەی کورد. لە یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: "ئێمە کە دژایەتیی برا کوردەکانمان لە باکوور دەکەین، دۆخەکە بە سادەیی ئەوەیە کە ژمارەیەک تێکدەر هەن لە دەرەوە پشتگیریی دارایی دەکرێن، پێمان وایە عەرەب و کورد دەکرێت بە ئاشتەوایی لە یەک وڵاتدا بژین، بەڵام پێمان وایە عێراق یەکە و دابەش ناکرێت، لە هەمان کاتیشدا پێمان وایە کورد نەتەوەیەکن مافی ڕەوای خۆیان هەیە"[2]. کەچی هەموو ئەمانە نەبوونە هۆی ڕاگرتنی شەڕ، بەڵکو تەرازووەکە لە بەرژەوەندیی کەسایەتییە سەربازییەکان قورستر دەبوو، بە تایبەت پاش ئەوەی لیوا ڕوکن عەبدولعەزیز وەزارەتی بەرگری گرتە دەست کە لە کاتی دامەزراندنیدا مەرجی ئەوە بوو هێرشی سەر شۆڕشی کورد توندتر بکرێت[3].

عەبدولسەلام عارف لە بیروبۆچوونەکانیدا دەربارەی چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ سەرۆکوەزیرانەکەیدا تەبا نەبوو، بەڵکو هەر زوو چەند هێڵێکی سووری لە بەردەم وەزارەتەکەی بەزازدا دانا، هەروەها هەموو فەرمانێکی بۆ دەستکردنەوە بە دانوستان و ڕاگرتنی شەڕ بڕی[4]. عارف شۆڕشگێڕانی کوردی بەوە تۆمەتبار کرد گوایە لەگەڵ داگیرکاراندا هاودەستن[5].

شیاوی باسە عارف لە هەموو کەس زیاتر حەزی لە شەڕ بوو دژ بە شۆڕشی کورد، بەپەرۆش بوو بۆ بەرزکردنەوەی ورەی هێزەکانی خۆیشی بەشدار بێت لە شەڕدا، بۆیە بیرۆکەیەکی سەیری پێشکەش کرد، کە بریتی بوو لەوەی خۆی لە داگیرکردنی مۆڵگەیەکی گرنگدا بە فڕۆکەی هێلیکۆپتەر بەشداری بکات[6].

حکوومەت لە سیاسەتی دوژمنکارانەی خۆی دژ بە هاووڵاتییانی کورد بەردەوام بوو، دەیان خێزانی لە دەڤەری زاخۆ شاربەدەر کرد، هەروەها لە ماوەی سێ ڕۆژدا حکوومەت و جاشەکان ئاگریان لە ٢٨ گوندی ناوچەی سلێڤانی سەر بە قەزای زاخۆ بەردا[7]، هەموو ئەم کردەوە ڕەگەزپەرستانانە ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان کە بڕیار بوو لە ١٤ی تەموزی ١٩٦٥دا بکرێت، لەجیاتی ساڵی ١٩٦٧، ئەوەیش تێپەڕاندنی مادەی (١٣)ی یاسای تۆمارکردنی باری مەدەنیی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٦٤ بوو کە بڕیاریدا هەر (١٠) ساڵ جارێ سەرژمێری ئەنجام بدرێت[8].

(١) عبدالرحمن البزاز، العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، مصدر سابق، ١٩٩٧، ص ٥١٢.

(٢) جريدة الجمهورية، بغداد، العدد ٦٢٠، ٢٤ سبتمبر ١٩٦٥.

(٣) عادل تقى البلداوي، مصدر سابق، ص ١١٨.

(٤) جريدة العرب، بغداد، العدد ٣٩٥، في ١٣ اوكتوبر ١٩٦٥.

(٥) جريدة البلد/بغداد، العدد ٤٦٨، في ٣٠ ديسمبر ١٩٦٥، وجريدة الجمهورية، العدد ٦٨٩، في ٤ ديسمبر ١٩٦٥.

(٦) عبدالكريم فرحان، حصاد ثورة، مصدر سابق، ص ١٦٠.

(٧) جريدة خەبات، العدد ٤٧٨ يونيو ١٩٦٥.

(٨) خليل اسماعيل محمد، إقليم كردستان العراق في التكوين القومي للسكان، أربيل، ١٩٩٨، ص ٣٤.

ژمارەی دانیشتووان بۆ ساڵی ١٩٦٥، دەستپێكێك بوو بۆ بڕیاری پێشخستنی كانەكەی، بە تێپەڕبوون بە ڕێگەكانی جێبەجێكردنیدا لە كۆتاییشدا بڵاوكردنەوەی لیستەكانی، هەوڵێك بوو بۆ بچووككردنەوەی ژمارەی دانیشتووانی كورد لە عێراقدا، هەر بۆیە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی كورد دانی بە شەرعییەتی سەرژمێرییەكە و ئەنجامەكانیدا نەنا[1].

دوای ئەوەی بەزاز پەیڕەوی وەزارەتەكەی ڕاگەیاند، سەرلەنوێ داوای كرد هەموو ناكۆكییەكان لەگەڵ شۆڕشدا لە ڕێگەی دانوستانەوە و دوور لە توندوتیژی چارەسەر بكرێن[2]، لە پەیڕەوی وەزارەتدا هاتووە، یاسای بەڕێوەبردنی ناوچەیی ئامرازێكی كردارییە بۆ دامەزراندنی ڕژێمێك گەل بتوانێت بە هۆیەوە خۆی بەڕێوە ببات[3]. هەروەها بەزاز ڕوونی كردەوە كە شەڕ لە بەرژەوەندیی حكوومەتدا نییە و هەر فیشەك یان بۆمبێك بە هەر بەشێك لە نیشتمانەوە دەنرێت، زیانێكی دووهێندەیە[4]، بەزاز لە هەمان كاتیشدا دەیویست ئەندامە نەتەوەییە توندڕۆكان دڵنیا بكاتەوە كە دانان بە مافە نەتەوەییەكان و جۆرێك لە سەربەخۆیی ئیداری بە كورد، بەو مانایە نایەت كە حوكمی زاتی بە كورد دراوە، هەروەها دەیویست بەمە توركیا و ئێرانیش دڵنیا بكاتەوە[5]. كەچی حكوومەتەكەی بەزاز بە كاریگەریی گەورە كەسانی سەربازی بە تایبەت عوقەیلیی وەزیری بەرگری لەسەر توندترین هێرشەكانی بۆ سەر كوردستان بەردەوام بوو. لە سەرەتای ئۆكتۆبەری ١٩٦٥دا حكوومەت پلانی وێرانكردنی سەرجەم گوندە كوردییەكانی جێبەجێ كرد و بۆمبی ناپاڵمی بەكارهێنا[6].

بە كوژرانی بەدرەدین عەلی مستەفای موتەسەڕیفی خانەنشینی هەولێر، گرژی و ئاڵۆزیی نێوان حكوومەتی عێراق و شۆڕشی كورد زیاتر بوو. ئەم پارێزگارە لە مامەڵەكردنیدا لەگەڵ كورد زۆر توند بوو، لەسەر دەستی (دەستەیەك لە لایەنگران) كوژرا كە لە كوردستانەوە بەرەو بەغدا چوو، بۆ ئەوەی كوشتنەكەیشی ببێتە پەند بۆ ئەوانەی پێگەكانیان بۆ دژایەتیی نەوەكانی گەل بەكار دەهێنن، هەروەك ڕۆژنامەی خەبات ئاماژەی پێ كردبوو[7].

---

(١) لێرەدا ضیاوی ئاماژە بۆ كردنە حربی بەعس ڕاتی بوو بەودی دانی پێدا نەنرێت و لە میانەی دانوستانەكان لەگەڵ سەركردایەتیی شۆڕشی كورددا لە ١٩٧٠ پشت بە سەرژمێریی ساڵی ١٩٦٥ ببەستێت. بڕیاریش درا سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ بنەڕەتی هەر سەرژمێرییەكی نوێیە پاش ڕاگەیاندنی ڕێككەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠.

(٢) محمد كريم مهدي المشهداني، عبدالرحمن البزاز دوره الفكري والسياسي في العراق حتى ثورة ١٧ تموز ١٩٦٨ بغداد، ٢٠٠٢، ص ١٥٧.

(٣) جريدة العرب، بغداد، العدد ٤٣ في ديسمبر ١٩٦٥؛ جريدة البلد، العدد ٤٦٦ في ديسمبر ١٩٦٥.

(٤) وزارة الثقافة والارشاد، الجمهورية العراقية، نص المؤتمر الصحفي الذي عقده الاستاذ عبدالرحمن البزاز رئيس الوزراء ووزير الخارجية، مساء يوم ١٢ يناير ١٩٦٦، بغداد، ص ٨.

(٥) عنذر الموصلي، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ١٨٩.

(٦) ش. ج. أشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـــ العراق، مصدر سابق، ص ١٣٤، اديث وائين ايف بنيروز، العراق دراسة علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية، ج٢، مصدر سابق، ص ٦٢.

(٧) خەبات، العدد، ٤٩٥، مارس ١٩٦٧.

حکوومەت ئەم ڕووداوەی قۆستەوە بۆ دەستکردن بە هەڵمەتی دەستگیرکردنی کورد لە بەغدا[1]، هێزەکانی حکوومەت لە دژایەتیکردنی شۆڕشی کورددا سیاسەتی (بە سووتمانکردن)یان بە مەودایەکی فراوان پیادە کرد، ئەمەیش وای لە کورد کرد درێژە بە شەڕ بدات[2].

لەم دۆخە نالەبارەی گەلی کورددا، شۆڕشی کورد هەڵمەتێکی ڕێکخست بۆ ڕوونکردنەوەی داواکارییە ڕەواکانی گەلی کورد لە ناوەندەکانی ڕای گشتیی جیهاندا[3]. بارزانی لە یەکی کانوونی دووەمی ١٩٦٦دا، یاداشتێکی ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد تێیدا داوای لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کرد بە ناردنی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ کوردستانی عێراق، بۆ هەڵوێستەکردن لەسەر پێشێلکارییەکانی حکوومەت، بەڵام یاداشتەکە لە لایەن ناوەندە بەرپرسەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتییەوە وەڵام نەدرایەوە[4]، لە بەرامبەر سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەکانی حکوومەتی عێراقدا، ئیزابیل یەلوم سەرۆکی لێژنەی جێبەجێکاری ئەنجوومەنی ئاشتیی جیهانی بروسکەیەکی بۆ دەستەی مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی نارد، داوای لێ کردن خێرا دەست وەربدەن بۆ ڕاگرتنی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دژ بە گەلی کورد، هەروەک بروسکەیەکیشی بۆ حکوومەتی عێراق نارد و تێیدا داوای لێ کرد کە:

"هەواڵگەلی ترسناک هەن باس لە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە لە شەڕەکەیدا دژ بە کورد دەکەن"[5]، هەروەها حکوومەت بۆ داپۆشینی شکستی هێزەکانی، پەنجەی تۆمەتی بۆ لایەنە دەرەکییەکان درێژ کرد گوایە ئەوان لە پشت سەرکەوتنەکانی کوردن. عەدنان پاچەچیی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە ڕەخنەی ئەوەی لە حکوومەتی ئێران گرت کە پاڵپشتیی گەورەی بزاوتی کورد دەکات[6]، هەروەک عوقەیلیی وەزیری بەرگری سۆڤیەتی بە پێدانی چەک بە شۆڕشگێڕان تاوانبار کرد.

بەزاز، لەژێر کاریگەریی گەورە کەسانی سەربازیدا لەگەڵ شۆڕشی کورددا کەوتە ئاڵۆزییەوە، لە ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦دا، لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند کە عێراق واز لە بستێک خاکی خۆی ناهێنێت، ڕوونیشی کردەوە کە شەڕی نێوان بزووتنەوەی کورد و هێزەکانی حکوومەت درێژەی دەبێت و مستەفا بارزانی ئەم شەڕەی هەڵگیرساندووە. باسی لەوەیش کرد کە بەپێی ڕۆژنامەی تاران جۆرناڵ (*Tehran Journal*) کە بە

---

(١) نەوزاد زکریا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٣٩.
(٢) گونتر دشنر، احفاد صلاح الدين الأيوبي، مصدر سابق، ص ٢٦٨؛ مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ١٥٧.
(٣) شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٨٦.
(٤) خليل جندي، ص ٢٧٩.
(٥) شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٨٧.
(٦) جريدة الثورة العربية، العدد ٤٦٥، في ٥ يناير ١٩٦٦.

زمانی ئینگلیزی دەردەچێت، بزووتنەوەی چەکداری کورد بەرەو کەرکووکی پڕ لە نەوت دەکشێت، ئەمەیش هەڕەشەیەکی مەترسیدارە بۆ سەر یەکێتی نیشتمان[1].

حکوومەتی عێراق، بە تایبەت ئەندامە سەربازییەکانی لەسەر لەناوبردنی شۆڕشی کورد پێداگر بوون، بۆیە خۆیان بۆ هێرشێکی نوێ بۆ سەر کوردستان ئامادە کرد. وەزیری بەرگری ڕاسپێردرا بە کێشانی نەخشەی کردەوە سەربازییەکان کە بە "توكلنا علی الله" ناسرا[2]. ڕۆژی ١٥ی نیسانی ١٩٦٦ بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکە دیاری کرا. وەزیری ناوخۆ ڕایگەیاند کە لە وەرزی بەهاردا حکوومەت کۆتایی بە "یاخیبوونی بارزانی لە باکوور" دەهێنێت[3]. حکوومەت بۆ دژایەتیکردنی شۆڕشی کورد سەرجەم ئامرازەکانی بەکارهێنا، لەوانە فەتوای ئاینی، کە عەبدولسەلام پەنای بردە بەر کۆمەڵێک لە مەرجەع و زانایان بۆ دەرکردنی فەتوایەک بە واجیبکردنی جیهاد دژ بە کورد، بەو پێیەی سنوریان بەزاندووە، مەرجەعیش بە هەڵماڵینی پەردە لەسەر ئەوەی ناوی نابوو "فیتنەی جیابوونەوە لە باکوور" فەتوایدا، بەڵام مەرجەعی شیعە موحسین حەکیم داواکەی حکوومەتی ڕەتکردەوە، کە شەڕی دژ بە کوردی بە پرۆژەیەکی ئاینی دانابوو[4]، بە هەمان شێوە محەمەد حوسەینی شیرازی ڕەتی کردەوە فەتوایەکی لەم جۆرە دەربکات. هەروەها عەبدولسەلام شاندێکی ئاینی لە پازدە ئەندام لە زانایانی ئاینی پێکهێنا، گوایە ئەم شاندە گوزارشت لە مەزهەبە ئاینی و نەتەوەییەکانی گەلی عێراق دەکات، کەچی شاندەکە لە ئەرکەکەی شکستیهێنا، مەلا مستەفا پێی گوتن: "وا باشترە لەجیاتیی ئەوەی دەرس بە من بڵێنەوە بچن سەرکردە عێراقییەکان فێر بکەن کە لەگەڵ بەڵێنەکانیاندا بەوەفا بن"[5]. هەروەها لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٦٥دا حکوومەت بە مەبەستی بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆی لە ڕووی شەرعییەوە و وەک هێرشێکی میدیایی دژ بە شۆڕشی کورد، کۆنگرەیەکی ئیسلامیی بەست.

هاوکات دەسەڵات لێپێچینەوەی توندی لەو هاووڵاتییانە کرد کە لە خزمەتی سەربازی دواکەوتوون و بڕیارەکانی پڕکردنەوە و ڕیزگەلی یەدەگی دەرکرد[6]، لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی شۆڕشی کورد توانی

---

(١) **محمد كريم مهدي المشهداني**، عبدالرحمن البزاز، مصدر سابق، ص ١٦٣.

(٢) **ناوی کردەوەکە گوزارشتە لەوەی ویستوویانە مۆرکێکی ئاینی بە دژایەتیکردنی شۆڕشی کورد بدەن و بە هەڵمەتێکی جیهادی وێنای بکەن، دواتر ئەم کارە زۆرجار دووبارە بووەوە، دیارترینیان لە بەهار و هاوینی** ١٩٨٨دا بوو، کە **جینۆسایدکردنی گەلی کورد ناو نرا بە کردەوەکانی ئەنفال. (ش. ج. أشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان** ـ العراق، مصدر سابق، ١٣٤؛ **مسعود بارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج**٣، ص ١٧٢.)

(٣) جريدة الثورة العربية، العدد ٥٠٦، في ٢٨ فبراير ١٩٦٦.

(٤) **فرهاد ابراهيم، الطائفية والسياسية في العالم العربي، نموذج الشيعة في العراق، رؤية في موضوع الدين والسياسة في المجتمع المعاصر، ترجمة عن الالمانية مركز دراسات التفاعل للثقافي والترجمة، القاهرة**، ١٩٦٥؛ حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية (١٩١٤ـ١٩٩٠)، مكتبة الصدر، ١٩٩١، ص ٣٥٣.

(٥) عادل تقي البلداوي، نضال الشعب الكردي، مصدر سابق، ص ١١٨.

(٦) جريدة الجمهورية، العدد ٧٧٧، في ٦ مارس ١٩٦٦.

زانیاری لەبارەی ئەو هێرشەی کە حکوومەت بە نیازی ئەنجامدانی بوو بەدەست خست و چەند ڕێوشوێنێکی گرتەبەر[1]، حکوومەتیش لای خۆیەوە زانیاریی لەبارەی چەند پلانێکی شۆڕشەوە بە پەرچدانەوەی هێزەکانی دەست خست، بۆ نموونە زانیاریی هەبوو لەبارەی هاتنەپاڵی شۆڕشی یەزیدییەکان و کردنەوەی بەرەی شەنگال[2]، عارفیش لە گوتارە ئاگرینەکانی دژ بە کورد بەردەوام بوو و دەیگوت: "دەسەڵات ئەو یاخیبووە سەرپێچکارانە تەنبێ دەکات کە خۆیشیان نازانن چییان دەوێت"[3].

عارف لە گوتارێکیدا جەختی لەوە کردەوە کە لە عێراقدا نە حەمە دەمێنێت نە حەنا، کە مەبەستی لە کورد و مەسیحییەکان بوو[4]، لە بەرامبەر ئەم چەلەحانێیەدا، بەزاز لە گەرمەی ئامادەکارییەکانی شەڕدا هەوڵی دەدا بە لێدوانە هێورکەرەوەکانی کورد سەرقاڵ بکات، لە هەوڵێکیدا بۆ لاوازکردنی پێگەی بارزانی لە شۆڕشی کورددا، ئاماژەی بە جودابووەکان لە پارتی و بەرهەڵستانی بارزانی کرد. لە ٢٥ی مارسی ١٩٦٦دا ئاماژەی بەوە کرد کە چەند پەیوەندییەکی ئیجابی لەگەڵ نوێنەرانی کورددا لە ناویشیاندا تاڵەبانی بەڕێوەن بۆ بەدیهێنانی یەکێتی نیشتمان[5].

کاروبارەکان وەک ئەوەی حکوومەت پلانی بۆ داڕشتبوون بەڕێوەنەچوون. جێبەجێکردنی پلانی سەربازیی "توکلنا علی الله" لە کوردستان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، بە هۆی مردنی سەرۆک کۆمارەوە لە ١٣ی نیسانی ١٩٦٦دا کە فڕۆکەکەی کەوتەخوارەوە، سەری نەگرت. بەمەیش قۆناغێکی نوێ لە مێژووی عێراق و بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەستی پێکرد.

## سەردەمی عەبدولڕەحمان عارف و کورد

عەبدولڕەحمان عارفی برای سەرۆکی پێشوو بۆ سەرۆک کۆماری هەڵبژێردرا. پێش بوونی بە حوکمڕان هەڵوێستی عەبدولڕەحمان بەرامبەر بە کورد کەمتر لە براکەی دوژمنکارانە بوو[6]، لەگەڵ ئەوەیشدا پشتگیریی سیاسەتی حکوومەتی دەکرد دژ بە دۆزی کورد، چونکە پێگە فەرمییەکانی وەردەگرت، دوایینیشیان سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا بوو. لە هەڕەشەکردن لە کورد دوودڵ نەبوو، لە ٤ی کانونی

---

(١) ش. ج. أشیریان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـــ العراق، مصدر سابق، ص ١٣٠. هەندێک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە یەکێتیی سۆڤیێت وردەکاریی پلانەکەی حکومەتی بۆ کورد گواستووەتەوە، بڕوانە :خلیل جندي، ص ١٧٠.

(٢) (م. د. م) ع١ :الطائفة اليزيدية ١٩٦٣ ــ ١٩٦٦، ١٠ :٤/ ٦٥، ٨٦/١٩، كتاب قيادة الفرقة الرابعة المرقم شمال ٦٣٨/٥/١ في ١٩٦٦/٤/١٠ إلى مديرية أمن لواء الموصل (عبدالفتاح علي البوتاني، ص ٤٤٥).

(٣) جريدة الثورة العربية، العدد ٥٠٨، في ٢ مارس ١٩٦٦.

(٤) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٥٠.

(٥) محمد كريم مهدي المشهداني، عبدالرحمن البزاز، مصدر سابق، ص ١٦٤.

(٦) اديث واي ايف بينروز، العراق دراسة علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية، ج٢، مصدر سابق، ص ٦٤.

دووەمی ١٩٦٦دا لە لێدوانێکدا گوتی:"کەرتە سەربازییەکان لە دەشت و بان و هەر جێیەکی بەشی باکووری خۆشەویستدا، ورەیەکی بەرزیان هەیە و سوورن لەسەر پاککردنەوەی باکووری نیشتمان لە هەر شوێنەوارێکی گرووپە ناپاکەکانی یاخیبوون[١].

عەبدولڕەحمان عارف پاش ئەوەی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار هەڵبژێردرا، لەگەڵ بەزازی سەرۆکوەزیرانیدا، پێداگریی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەربڕی بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان[٢]. لەولایشەوە بۆ دەستخستنی پشتگیریی ڕای گشتی، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بۆ ماوەی مانگێک، لە ١٧ی نیسانی ١٩٦٦ ئاگربەستی ڕاگەیاند، ئەمەیش بۆ پێدانی کاتی پێویست بە حکوومەتی نوێ تا چاو بە داواکارییەکانی کورددا بگێڕێتەوە[٣].

هەرچەند عارف و بەزاز لەسەر چارەسەری کێشەی کورد پێداگر بوون، بەڵام دیدگەیان بۆ پرسەکە جیاواز بوو، چونکە لەبارەی چۆنێتی چارەسەرکردنی کێشەکە ناکۆک بوون، کاتێک بەزاز چارەسەرێکی ئاشتییانەی دەویست، عارف لە سەرەتاوە دوودڵ بوو[٤]. لە یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا لە ١٨ی نیسانی ١٩٦٦دا گوتی: "من پێم وایە برا کوردەکان لەسەر ئازادی نیشتمانیان، بەم زووانە لەپێناو هاوشانی لەگەڵ برا عەرەبەکانیاندا وەڵامی بانگەوازەکە دەدەنەوە"[٥]. کەچی لە هەمان ڕۆژدا لە دیدارێکیدا لەگەڵ ئاژانسی دەنگوباسی الشرق الأوسط لە بەغدا لێدوانەکانی تێکەڵوپێکەڵ بوون، هێرشی کردە سەر سەرکردەی شۆڕشی کورد و گوتی: "ئێمە نکۆڵی لە نەتەوەی کورد ناکەین، ئەوانە برامانن و بڕوایان بە یەکپارچەیی هەیە، بەڵام بارزانی تاکە کوردی جوداخوازە، ئێمە بڕوامان بە چارەسەری کێشەی کورد هەیە لە ڕێگەی ئیدارەی ناوچەییەوە، کورد بە هیچ شێوەیەک چاوی بە حوکمی زاتی ناکەوێت، ئێمە سازش لەسەر وڵاتمان ناکەین"[٦].

وەک نەریتی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە هەڵنانی کورد دژ بە کورد، بە پشتبەستن بە سەرۆکخێڵەکانی دوژمنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و پاڵپشتیکردنیان بە پارە و چەک بۆ دژایەتیکردنی شۆڕش، عارف لە ١٩ی نیساندا چاوی بە ژمارەیەک لە سەرۆک جاشە کوردەکان کەوت و پێی گوتن: "حکوومەت بە هۆی نەتەوە و ڕەگەزەوە جیاوازی لە نێوان هاووڵاتییاندا ناکات، گشتیان لە خزمەتە گشتی و ئەرک و مافەکاندا یەکسانن". هەروەها گوتی: "بەرپرسان لە یاخیبوون لە باکووری وڵات لەلایەن دادگای

---

(١) جريدة الفجر الجديد، العدد ١١٩٣، في ٥ يناير ١٩٦٦.
(٢) سعد ناجي جواد، **العراق والمسألة الكردية**، مصدر سابق، ص ١٣٨.
(٣) أدموند غريب، **الحركة القومية الكردية**، مصدر سابق، ص ٩١؛ كنتر دشنر، ص ٢٧٠.
(٤) سعد ناجي جواد، **العراق والمسألة الكردية**، مصدر سابق، ص ١٢٧.
(٥) جريدة الجمهورية، بغداد، العدد ٨١٨، في ١٩ نيسان ١٩٦٦؛ جريدة الفجر الجديد، العدد ١٢٧٤، في ١٩ نيسان ١٩٦٦.
(٦) جريدة الثوره العربيه، العدد ٥٤٧، في ١٩ نيسان ١٩٦٦.

عێراقەوە داوا کراون تا لەسەر تاوانەکانیان لێپرسینەوەیان لێ بکرێت". گوتیشی: "هیچ پاساوێک بۆ یاخیبوون نییە، چونکە واقیعی کورد لە عێراق لە واقیعی کوردی وڵاتانی تر باشترە"[١].

پێدەچێت عارف ویستبێتی جاشەکان دڵنیا بکاتەوە کە حکوومەت بە نیازی دانوستان نییە لەگەڵ بارزانیدا و پێویستە خۆیان بۆ شەڕ ئامادە بکەن، بەڵام بەزاز پێی وابوو کورد گەلێکی تایبەتن و مەرجەکانی نەتەوەیان تێدایە و عێراق لە چەند نەتەوەیەکی جیاواز پێکهاتووە[٢]، بەزاز لە یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدا لە ٢٥ی نیسان جەختی لەسەر یەکپارچەیی عێراق کردەوە و ئاماژەی بەوە کرد کە کورد نایەوێت لە عێراق جودا ببێتەوە، مافی خۆیشیانە شانازی بە نەتەوەی خۆیانەوە بکەن و زمان و کەلەپووریان بپارێزن، هەر وەک بەزاز چارەسەرکردنی کێشەی کوردی بە دانانی یاسای پارێزگارەکانەوە پێوەست کرد، ڕوونی کردەوە کە ئەم یاسایە دەسەڵاتی بەرفراوانی هەر لیوا و پارێزگایەک لە بەڕێوەبردنی ناوچەیی و کەلەپوور و خوێندن و تەندروستی و کاروباری شارەوانی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەپارێزێت، هەروەها جەختی لەسەر ئاوەدانکردنەوەی باکوور کردەوە پاشان گەڕانەوەی ئاسایش بۆ ناوچەکە، لە کۆتایی لێدوانەکەیدا ئەوەی لە یاد نەکرد کە کورد وریا بکاتەوە لەوەی ئەم هەڵوێستەی لە لاوازییەوە سەرچاوەی نەگرتووە و سوپا بۆ پارێزگاری لە یەکپارچەیی عێراق ئامادەیە[٣]. ئاماژەکردن بە ڕۆڵی سوپا بە مەبەستی ڕازیکردنی بوو، هەروەها ڕەتدانەوەیەکیش بوو بۆ دیمەنەکانی بێزاری لە جووڵەکانی سوپادا[٤].

بە هەر حاڵ، وەڵامی ئەو سەرکردانەی بڕوایان بە ئەگەری سەرکەوتنی سەربازی هەبوو وەڵامێکی یەکلایی بوو، گوشاریان خستە سەر عەبدولڕەحمان درێژە بە شەڕ بدات و لە پیادەکردنی سیاسەتی بەزاز وریایان کردەوە[٥]، لە کۆتاییدا ملکەچی گوشاری ئەفسەرانی سوپا بوو، پاش سێ ڕۆژ لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی بەزاز ئاماژەی بە شۆڕش و داواکارییەکانی کورد کرد و گوتی: "ئێمە لە بستێک خاکی نیشتمان خۆش نابین و گام گار زەحمەتە، دەیکەین بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، حکوومەت بیری نەکردووەتەوە و نایشیکاتەوە لە ئەنجامدانی دانوستان لەگەڵ ڕەگەزە یاخیبووەکاندا، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە حکوومەت حوکمی زاتی بە کورد نادات"[٦].

---

(١) جريدة الجمهورية، ٨١٩؛ جريدة العرب، العدد ٥٥٣؛ جريدة المنار، العدد ٣٣٦٥؛ جريدة الثورة العربية، العدد ٥٤٨، في ٢٠ نيسان ١٩٦٦.

(٢) عبدالرحمن البزاز، العراق من الاحتلال الى الاستقلال، مصدر سابق، ص ٢١٢.

(٣) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٢٨؛ جريدة الجمهورية، العدد ٨٢٢، في ٢٤ نيسان ١٩٦٦.

(٤) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٢٨.

(٥) المصدر السابق، ص ١٢٩.

(٦) جريدة الثورة العربية، العدد ٥٥٣، في ٢٧ نيسان ١٩٦٦.

لەم لێدوانانەوە بە ڕوونی دەرکەوت کە عەبدولڕەحمان عارف تیشکی سەوزی بە کەسە سەربازییەکان هەڵکرد بۆ ئامادەسازی و دەستکردن بە هێرشی بەهاری. بۆیە بەزاز ناچار بوو مل بدات بەو واقیعەی کە هەبوو. ڕەنگە ملدانەکەیشی تاکتیکێک بووبێت دژ بە سەرکردەکانی سوپا، چونکە پێشبینیی کردبوو هەر کردەوەیەکی سەربازی شکست دەخوات و ئیتر ئەمیش دەستکراوەتر دەبێت[1].

## داستانی هەندرێن

هێزەکانی حکوومەت دەستیان بە فراوانترین و توندترین هێرشی ئاسمانی و زەمینی بۆ سەر ناوچەکە کرد، ماوەی مانگێکیشیان بۆ ئەم کردەوەیە دانابوو[2].

هێرشەکە شەوی یەک لەسەر دووی ئایاری ١٩٦٦ لەسەر چیای هەندرێن دەستی پێکرد[3]، بەڵام هێزە کوردییەکان دژە هێرشیان ئەنجامدا و توانیان تێکیان بشکێنن و ناچاریان بکەن بە گەڕانەوە و پاشەکشەکردن[4].

پێشمەرگە لە شەڕی هەندرێندا یەکێک لە ناوازەترین داستانەکانی شەڕی لە مێژووی خۆیدا نووسییەوە[5]، بە شێوەیەک کە ڕینێ مۆریسی ڕۆژنامەنووسی فەرەنسایی، کە بینەری شەڕەکە بوو بە "شەڕی فیردەون" ناوی برد[6].

داستانی هەندرێن دۆخی سیاسیی سەرەوژێر هەڵگەڕاندەوە[7] و توندڕۆیانی دەسەڵات لە شەرمەزاریدا سەریان نەوی کرد. بە بۆچوونی زۆربەی شارەزایان لە کاروباری شۆڕشی کورددا[8]، شەڕی هەندرێن بە گرنگترین سەرکەوتنی سەربازی دەژمێردرێت کە هێزەکانی شۆڕشی کورد لە ماوەی پێنج ساڵی

---

(١) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٢٨.

(٢) مسعود البرزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ١٧٤: حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني، ص ٢٣.

(٣) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني، ص ١٠٨.

(٤) شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٩٠: صلاح الخرسان، التيارات السياسية، مصدر سابق، ص ٤٢.

(٥) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ١٧٨.

(٦) شەڕی فیردەون بە یەکێک لە شەڕە یەکلاکەرەوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دادەنرێت، کە سوپای ئەڵمانیا لە حوزەیرانی ١٩١٦ هێرشی کردە سەر فەرەنسا. فەرەنسایییەکان لە قەڵای فیردەون بەرگرییان کرد و هێرشەکەیان تێکشکاند، پاشان دژە هێرشیان کرد و ئەڵمانیا شکا و فەرەنساییەکان ئەو ناوچانەیان ئازاد کردەوە کە سوپای ئەڵمانیا دەستی بەسەردا گرتبوون. ئیتر دوای ئەم شەڕە ئەڵمانیا لە سەرکەوتن نائومێد بوو. (بڕوانە: هـ. ا. ل. فشر، تاريخ اوروبا في العصر الحديث ١٧٨٩ ـ ١٩٥٠، ترجمة أحمد نجيب، القاهرة، ١٩٦٧، ص ٥١٢).

(٧) ش. ج. آشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـ العراق، مصدر سابق، ص ١٣٦.

(٨) رينيه موريس، كوردستان أوالموت، مصدر سابق، ص ١١٠.

خەباتی چەکداریدا بەدەستیان هێنابێت[١]، ئەمەیش وای کرد سەرکردایەتی سەربازی هاوسەنگیی خۆی لەدەست بدات و پەنا بۆ چەکی ئاسمانی ببات کە مرۆڤ و دار و بەرد و ئاژەڵ لەناو دەبات[٢].

پاش شکستی سوپا لە شەڕی سەربازیدا، پێگەی بەزاز لە جاران بەهێزتر بوو، بۆیە خێرا خواستی خۆی بۆ ئاشتەوایی نیشاندا[٣] و ڕایگەیاند حکوومەت و دۆزی کورد بە لایانەوە گرنگترین شتن، گوتیشی بەڵام نایشارمەوە گرنگترین ڕەگەزی ئەم هەوڵە لەم کاتەدا متمانەی دوولایەنەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا بەزاز ڕەتیکردەوە هێزێکی کوردیی سەربەخۆ لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە و بە جیابوونەوە ڕازی نەبوو[٤].

سەرکردایەتی شۆڕش وەڵامی لێدوانەکانی بەزازی دایەوە، ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە ڕاپۆرتێکدا گوزارشتی لێ کردووە کە دەڵێت: "بێگومان گفتوگۆی ڕێگەخۆشکردن بۆ دانوستان بە هەند وەرناگیرێت، گەر بەغدا سوور بێت لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، ئەمە خواستی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردە لەسەر هێشتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کوردستان"[٥].

وەک ڕێگەخۆشکردنێک بۆ چارەسەری کێشەی کورد، لە سەرەتای حوزەیرانی ١٩٦٦، بەزاز لەگەڵ (٢٥) کەسایەتیدا لە بەغدا گفتوگۆی کرد[٦] و بانگی کردن بۆ بەشداریکردن لە ئامادەکردنی یاسای هەڵبژاردنەکاندا و چوونە نێو ئەنجوومەنی نیشتمانیەوە. کوردیش نوێنەری خۆی دەبێت و لەگەڵ سەرجەم نەوەکانی عێراقدا مافی خۆیان وەردەگرن، ئەگەر نوێنەرانی کورد توانیان ئەنجوومەن و زۆرینە قەناعەت پێ بکەن هەرچییان بوێت بۆیان دەکرێت و حکوومەت لەسەریەتی جێبەجێی بکات[٧]، هەر وەک بەزاز دیدگەی خۆی لەبارەی کێشەی کورد دەربڕی و گوتی: "من وەک نەتەوەپەروەرێکی عەرەب، ڕێز لە مافی نەتەوەکانی تر دەگرم"[٨].

عارف بە شێوەیەکی تهێنی شاندێکی بۆ دانوستان نارده لای بارزانی، بەڵام بارزانی ڕەتیکردەوە پێش ئەوەی لانی کەمی دەستەبەرییەکان بەدەست بهێنێت، بچێتە نێو گفتوگۆوە[٩]. حکوومەت ناچار بوو شاندێک لە کەسایەتییە کوردییەکان لە بەغداوە بۆ کوردستان ڕەوانە بکات، بەزاز جەختی لە ئەندامانی

---

(١) شیرکو فتح الله عمر، الحزب الدیمقراطي الکردستاني، مصدر سابق، ص ١٩١، تفاصیل معرکة هندرین، ینظر جریدة خەبات، العدد ٤٨٧، في مایس ١٩٦٦.

(٢) بهاء الدین نوري، مذکرات بهاءالدین نوري، دار الحکمة، لندن، ٢٠٠١، ص ٣٣٧.

(٣) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الکردیة، مصدر سابق، ص ١٢٨.

(٤) جریدة البلد، العدد ٦٠١، في ١٩ مایو ١٩٦٦.

(٥) رینیه موریس، کوردستان أوالموت، مصدر سابق، ص ١١٩.

(٦) دیارترین ئەو کەسایەتییە کوردییانەی ئامادەی کۆنگرەکە بوون بریتی بوون لە بابا عەلی شێخ مەحمود، لیوا ئەحمەد کمال، ئیحسان شێرزاد، عادی چاوشلی و لیوای خانەنشین مەجید عەلی.

(٧) محمد کریم مهدي المشهداني، عبدالرحمن البزاز، مصدر سابق، صص ١٨ ــــ ١٩. طارق جمباز، عادی رشید الجاویشلي والحرکة التحرریة الکوردیة، مصدر سابق، ص ٥٩.

(٨) طارق جمباز، القانوني هادي الجاوشلي، مواقف کوردیة مجهولة ١٩٢٠ ـ ١٩٦٠، اربیل، ٢٠٠٥، ص ٥٩.

(٩) رینیه موریس، کوردستان أوالموت، مصدر سابق، ص ١٢٢.

شاندەکە کردەوە کە ئێوە "پەیامبەرانی ئاشتی"ن[1]. ئەندامانی شاندەکە لە ١٥ی حوزەیران لە گەڵاڵە چاویان بە بارزانی کەوت[2] و سەرۆکی شاندەکە ڕایگەیاند کە هێزەکانی حکوومەت فەرمانیان پێ دراوە هەموو جموجوڵێکی سەربازی ڕاگرن، پاشان نامەیەکی تایبەتی لە بەزازەوە پێشکەش کرد کە پێشنیاری ئاشتیی تێدا بوو، بارزانیش نامەکەی بۆ دەستکردنەوە بە دانوستان بە لەبار بینی[3].

بەڵام لەناو حکوومەتدا ناکۆکی لەبارەی پرۆژەی چارەسەری ئاشتییانەوە سەریهەڵدا. ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسان پرۆژەی بەرنامەی ئاشتییان ڕەتکردەوە و بە یەکێک لە دیمەنەکانی جیابوونەوەی کوردیان لە قەڵەمدا[4]. سەرباری ئەم بۆچوونانە حکوومەت تەنیا یەک ڕێگەی لە بەردەمدا بوو، ئەویش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی بوو[5]. لە ١٥ی حوزەیراندا بەزاز لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەوە دەرکەوت تاکو ئامادەیی خۆی بۆ دانانان بە مافی نەتەوایەتیی کورددا ڕابگەیەنێت، جەختیشی لەوە کردەوە کە حکوومەتەکەی چارەسەرێکی ئاشتییانەی بۆ کێشەی کورد ئامادە کردووە[6].

پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەردەوام بوون، لە ١٨ی حوزەیراندا شاندێکی میللی کە لە کەسایەتیی عەرەب و کورد و تورکمان پێک هاتبوون گەیشتە گەڵاڵە[7]، شاندەکە گوتی حکوومەت ئامادەیە بۆ دانوستان و گەیشتن بە چارەسەر.

لەم قۆناغەدا حکوومەت گفتوگۆیەکی لەگەڵ بەرهەڵستانی بارزانیدا ئەنجامدا، بە مەبەستی لاوازکردنی پێگەکەی و ئاماژەکردن بەوەی بارزانی تاکە نوێنەری گەلی کورد نییە، عارف لە ١٩ی حوزەیراندا پێشوازیی لە شاندێک کرد بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و حیلمی عەلی شەریف[8].

بارزانی لە میانەی پێشوازیکردنی حکوومەتەوە لە نەیارەکانی سەرکردایەتی شۆڕش، لە ناوەرۆکی نامەکەی حکوومەت بۆ ئاشتی تێگەیشت، هەر بۆیە ڕازی نەبوو لە دانوستانە ڕێخۆشکردنەکاندا بەردەوام بێت، بە حکوومەتی گوت: "جەلال تاڵەبانی لە دەستەی ناپاکانە، من ڕازی نابم ببێتە لایەنێک لە دانوستانی

---

(١) محمد كريم مهدي المشهداني، عبدالرحمن البزاز، مصدر سابق، ص ١٩٠.

(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ١٨٤.

(٣) رينيه موريس، كوردستان أو الموت، مصدر سابق، ص ١٥٣.

(٤) إبراهيم الراوي، من الثورة العربية الكبرى إلى العراق الحديث، ذكريات بيروت، ١٩٦٩، ص ٣٧٥.

(٥) ش. ج. أشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـ العراق، مصدر سابق، ص ١٤٣.

(٦) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٢٩، أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٤١٤.

(٧) شاندەکە پێک هاتبوو لە ئیبراهیم ڕاوی، لیوای خانەنشین، دکتۆر کازم شبر، عەلی حەیدەر سەلمانی وەزیری پێشوو، ئیحسان شیرزاد، ڕەئووف ئەحمەد، محەمەد سالح مەحموود، زەید ئەحمەد، زانای ئایینی نورەدین واعیز. (مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ١٨٤).

(٨) جريدة الجمهورية، العدد ٨٧٧، في ٢٠ حزيران ١٩٦٦، وجريدة الثورة العربية، العدد ٦٠٠، في ٢٠ حزيران ١٩٦٦.

ئاشتیدا"[١]، بۆیە بەزاز ئەوپەڕی هەوڵیدا بۆ پێدانی دەستەبەرییە پێویستەکان بە بارزانی[٢]، دوای ئەوەی بارزانی دڵنیاییە پێویستەکانی وەرگرت، لە ٢٢ی حوزەیراندا شاندێکی کورد بە سەرکردایەتی حەبیب محەمەد کەریم بەرەو بەغدا بەڕێ کەوت(٣) و هەر یەک لە عەبدولڕەحمان عارف و بەزاز پێشوازییان لە شاندەکە کرد، شاندەکەیش نامەیەکی لە بارزانییەوە پێدان[٤].

کاتێک وەفدەکە گەڕایەوە کوردستان، ئەندامانی ڕایانگەیاند کە عارف و بەزاز بە توندی دەیانەوێت بگەنە چارەسەر و ڕێککەوتن، هەردوکیان بە جدییەوە مەبەستیانە مەرجەکانی داماڵینی چەک لە جودابووەکان لە شۆڕشی کورد قەبووڵ بکەن[٥].

ڕاستییەکەی هەردوولا، حکوومەت بە سەرۆکایەتی بەزاز و شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی بارزانی، وەکو یەک سوور بوون لەسەر ئەوەی کەڵک لە دۆخەکە وەرگرن بۆ گەیشتن بە چارەسەر[٦].

بێگومان هۆکارگەلی دەرەکی و ناوەکی پاڵیان بە حکوومەتی عێراقەوە **تا وبسنی خۆی بۆ ئاشتی و** ئاگربەست دەرببڕێت، لەوانە شکستی سەربازیی هێزەکانی لە شەڕی هەندرێندا[٧]، هەر وەک بەزاز دەیویست سنوورێک بۆ تێهەڵچوونەکانی شەڕ، کە ببوونە بار بەسەر ئابوورییەوە، دابنێت[٨]، هەروەها حکوومەت بەنیاز بوو ناکۆکی لەنێوان ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا بچێنێت[٩].

هەرچی هۆکارە دەرەکییەکانیشە لە خواستی بەزازدا بۆ دانانی سنوورێک بۆ مەترسییەکانی ئێران چڕ دەبێتەوە[١٠]، خۆی گوتەنی: "گەر لە چارەسەری کێشەی کورد ببمەوە، دواتر لە پێگەیەکی بەهێزدا

---

(١) شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٧٦.

(٢) رينيه موريس، كوردستان أو الموت، مصدر سابق، ص ١٢٥.

(٣) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ١٨٤.

(٤) المصدر السابق، ص ١٨٤،

(٥) المصدر نفسه، ص ١٨٥.

(٦) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٢٩؛ سامي شورش، كردستان والأكراد، الحركة القومية والزعامة السياسية، إدريس بارزاني نموذجا، أربيل، ٢٠٠١، ص ٩٣.

(٧) س. ج. أدمونز، كرد وترك وعرب، مصدر سابق، ص ١٧؛ ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١٨٩.

(٨) أدموند غريب، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٩٢؛ كونتر دشنر، احفاد صلاح الدين الأيوبي، مصدر سابق، ص ٢٧٣.

(٩) ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١٨٨.

(١٠) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٢٩.

دانوستان لەگەڵ ئێراندا دەکەم"[١]. هەروەها بەزاز دەبوویست تاوبانگی شێواوی عێراق لەسەر ئاستی دەرەوە بەتایبەت لای یەکێتی سۆڤێت چاک بکاتەوە[٢].

بەڵام لایەنی کوردی پێداگر بوو لەسەر گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش[٣]، هەروەک دەیویست دەرفەتێکی تر بە عارف و بەزاز بدات بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان لە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکەدا[٤].

بەڵام جودابووەکان پێیان وابوو بارزانی بۆیە بە دانوستان ڕازی بووە، تاکو حساب و کتابیان لەگەڵدا بکات[٥]. گەر ئەم بانگەشەیە ڕاستیش بێت، ئەوە پاڵنەری سەرەکی نەبوو، چونکە بارزانی ڕایگەیاند "هیچ بژاردەیەکمان لە بەردەمدا نییە، خەڵک پێویستی بە پشوودان هەیە، بیرم لەو بەروبوومە کردەوە کە ناپاڵم سووتاندی"[٦].

حکوومەت لە کاتی دانوستانکردن لەگەڵ کورددا لەسەر لایەنێکی گرنگ سوور بوو، ئەویش ئەوە بوو کە خۆی وا پیشان دەدا لە پێگەیەکی بەهێزدایە. شاکر مەحموودی وەزیری بەرگری ڕۆژێک پێش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەکە گوتی: "هێزەکانمان نوێترین چەکیان بەدەست گەیشتووە"[٧].

گرنگ ئەوە بوو ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە کە بەزاز لە ٢٩ی حوزەیراندا لە ڕادیۆی عێراقییەوە لەسەر شێوەی بەیاننامە بڵاوی کردەوە و دواتر بە (بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران) ناسرا، لە (١٥) مادە پێکهاتبوو، کە سیانیان نهێنی بوون و پاش دانوستانی دووروودرێژ واژۆیان لەسەر کرا.

ڕێککەوتنەکە خاڵێکی وەرچەرخانی سەبارەت بە دۆزی کورد لە کوردستانی عێراقدا پێکهێنا، کە بۆ یەکەمجار دان بە دوونەتەوەیی دەوڵەتی عێراقدا نرا[٨].

---

(١) ئەو هەڵوێستەی سەرچەوەی بەزاز، بەراورد بە هەڵوێستەکانی حکومەتی بەعس، بە هەڵوێستێکی نیشتیمانیی بەرپرس هەژمار دەکرێت، کاتێک سەددام حوسێنی جێگری سەرۆک بەپێی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی مایسی ١٩٧٥ سازشی لەسەر خاک و ئاوی عێراق کرد بۆ ئێران، لەپێناو کۆتاییهێنان بە کێشەیەکی ناوخۆییدا کە کێشەی کورد بوو.

(٢) أدموند غريب، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٩٢.

(٣) موحسین دزەیی، ج٢، أحداث عاصرتها، أربيل، ٢٠٠٢، ص ١٣١.

(٤) فؤاد عارف، مذكرات فؤاد عارف، مصدر سابق، ص ٢٧٩.

(٥) رينيه موريس، كوردستان أو الموت، مصدر سابق، ص ١٢٦. س. ج. أدمونز، كرد وترك وعرب، مصدر سابق، ص ١٧.

(٦) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٧٨.

(٧) جريدة الجمهورية، العدد ٨٨٦، في ٢٩ يونيو ١٩٦٦.

(٨) شیاوی باسە بەزاز پاش دەستلەکارکێشانەوەی لە وەزارەت لای ئەوەی لێ دا کە ڕێککەوتنی ٢٩ی حوەیران تەنیا بریتیی بووە لە بەیاننامەیەک و بەشێک لە بەرنامەکانی وەزارەتەکەی، لەمەیش سەیرتر ئەوەبوو ڕەتی کردەوە سەبارەت بە ڕێککەوتنەکە لەگەڵ شۆڕشی کورددا دانوستانی کردبێت، هەروەها بەندە نهێنییەکانی ڕێککەوتنەکەیشی بە درۆ خستەوە. ڕۆژنامەی التآخي باسی لەم جەوانەکارییانەی بەزاز کرد و، جەختی لەسەر کردەوە کە بەیاننامەکە ڕێککەوتن بووە و شاندی کورد پێی ڕازی نەبووە. ڕۆژنامەکە جەختی لە هەبوونی سێ بەندی نهێنییش لە پاشکۆی ڕێککەوتننامەدا کرد کە دوو کۆپیی لێ کراوە، یەکیان لە فایلی حکومەتدا تایبەت بە بابەتەکە پارێزراوە، دووەمیشیان لای شاندی کورد بووە، ڕەنگە بەزاز ئەوکات، لەبەر بارودۆخی حکومەتەکەی و مەترسی

## بەندەکانی ڕێککەوتننامەی (بەیانی حوزەیران)

حکوومەتی عێراق دانی بە نەتەوەی کورددا نا وەک نەتەوەیەکی سەرەکی لە عێراقدا و بە هەبوونی یەکسانیی تەواو لە نێوان عەرەب و کورددا، حکوومەتیش لە ڕێگەی سیستەمی لامەرکەزییەوە ئەم یەکسانییە پیادە دەکات، هەر لیوایەک ئەندازەیەکی زیاتری لە حوکمی زاتی دەبێت، زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبیدا لە ناوچە کوردییەکان زمانی فەرمی دەبێت، کورد لە پەرلەمانی نوێدا نوێنەری خۆی دەبێت، نوێنەرایەتیی کورد بە هەماهەنگی دەبێت لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ڕێچکەی دیبلۆماسی و سەرکردایەتی سوپادا، هەر وەک بڕیار درا زانکۆی بەغدا گرنگییەکی تایبەت بە زمانی کوردی بدات، هەروەها ڕێگە بە کورد بدرێت چالاکیی ڕۆژنامەوانیی خۆی ئەنجام بدات، لێبوردنی گشتی بۆ سەرجەم شۆڕشگێران دەربچێت و ئەوانەی لە سوپا و پۆلیس دوور خراونەتەوە بگەڕێندرێنەوە، دواتر هێزەکانی کوردیش پەیوەندی بە حکوومەتەوە دەکەن تاکو ژیانی ئاسایی دەگەڕێتەوە، گەڕاندنەوەی جاشە کوردەکان بۆ شوێنی خۆیان، تایبەتکردنی دەرماڵە بۆ ئاوەدانکرنەوەی کوردستان، پاشان نیشتەجێکردنەوەی ئەو تاک و کۆمەڵانەی لە شوێنی خۆیان دەرکرابوون و گەڕانەوە بۆ دۆخی ئاسایی جاران، لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لێیان کەوتووە[1].

بەندە نهێنییەکانیش بریتی بوون لەمانە: یەکەم دامەزراندنی لیوای دهۆک کە ئەگەر خەڵکی ئەو ناوچانە بخوازن قەزاکانی لیوای موسڵ لە خۆ دەگرێت، دووەم تایبەت بوو بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەرکردنی لێخۆشبوونی گشتی لە سەرجەم زیندانییانی سیاسی، کۆتا بەندیش تایبەت بوو بە مۆڵەتی پارتییەوە تاکو چالاکییەکان بە شێوەیەکی یاسایی لە دەرکردنی یاسای کۆمەڵە نوێیەکاندا پیادە بکات[2].

ڕێککەوتنێکی زارەکییش کرا بۆ پێدانی مافی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە پارتی، وەک قەرەبوویەک بۆ داخستنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان[3]، هەرچەند بەیاننامەکە لە ڕوانگەی بارزانییەوە بە

لەسەر خۆی نەیویستبێت جەموو شتێکی وردەکارییەکان ئاشکرا بکات. (جريدة التآخي، العدد ٦٢، ٢ يوليو ١٩٦٧. شـيرزاد زكريا محمد وجرجيس فتح الله، زيارة للماضـي القريب، لماذا نفى الحقائق مكومة عن الشـعب الكردي، ستوكهولم، ١٩٩٨، ص ١٣٥).

(١) نص البيان وبنوده في جريدة الثورة العربية، العدد ٦١٠، في ٣٠ يونيو ١٩٦٦؛ جريدة الجمهورية، العدد ٨٨٧، في ٣٠ يونيو ١٩٦٦، ونص البيان العدد ٣٦.

(٢) جريدة التآخي العدد ٦٢، في ٢ يوليو ١٩٦٧؛ عبدالستار طاهر شريف، تاريخ الحزب الثوري، مصدر سابق، ص ١٨٣.

(٣) عبدالسلام علي، ص ٤٨، سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٣١.

ناڕوونی مایەوە[١]، بروسکەیەکی بۆ سەرۆک کۆمار و سەرۆکوەزیران نارد و گوزارشتی لە پشتگیریی خۆی بۆ ڕێککەوتنەکە کرد[٢].

بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران لە جەوهەردا لە یاسا و بڕیارەکانی پێشووی حکوومەتی عێراق لەبارەی مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کوردەوە دەرنەچوو، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت تەنیا ئاگربەستێک بوو بۆ بەدەستخستنی کات و ئامادەسازی بۆ شەڕێکی نوێ. ڕێککەوتنەکە چۆنێتیی پیادەکردنی مافەکانی کوردی ڕوون نەکردبووەوە، سنوری جوگرافیایی کوردستانیشی دیاری نەکردبوو[٣]، بە بەڵگەی ئەوەی حکوومەت لەسەر پاڵپشتیکردنی جودابووەکان و دانەماڵینی چەک لێیان و درێژەدان بە شەڕ تەنانەت دوای ڕێککەوتننامەکەیش بەردەوام بوو[٤].

ئەمانە وایان لە بارزانی کرد بڵێت: "من لەم بەیاننامەیە ڕازی نیم و بەیاننامەیەکی لاوازە، لە ڕاستیدا ئەمە ئاگربەستە نەک ڕێککەوتن"[٥].سەرباری هەموو تێبینییەکان، کورد بە بەیاننامەکە ڕازی بوو، ڕەنگە هۆکاری ئەمەیش چەند خاڵێک بێت:

**یەکەم:** کورد دەسەڵاتی باشی لە ناوچەکانی خۆیدا پێدەدرا و هەلی بۆ دەرەخسا بە تێکەڵبوونی سیاسی لەگەڵ عێراقدا،

**دووەم:** دەکرا سنوورێک بۆ ئەو شەڕە دابنرێت کە لە ١٩٦١وە هەڵگیرسابوو،

**سێیەم:** بەیاننامەکە هەنگاوێک بێت بەرەو کەمکردنەوەی دەستوەردانی ناوەند لە کاروباری پارێزگاکاندا[٦].

کاردانەوەکانی بەیاننامەکە جیاواز بوون، بەیاننامەکە دژ بە خواستی سەرکردەکانی سوپا بوو، سەرەڕای هەستکردنیان بە ئابڕووچوون هەستیان کرد بوونەتە جێی گزبەری و پێگەیان لای خەڵکی مەدەنی لە دەست دەدەن. بەزازیش لای خۆیەوە متمانەی بە خۆی زیادی کرد و بە ئاشکرا ڕەخنەی لە سەرکردە سەربازییەکان دەگرت[٧]. حزب و ڕێکخراوە عێراقییەکانیش هەڵوێستیان بەرامبەر ڕێککەوتنەکە جۆراوجۆر بوو، لە نێوان پشتگیریکردن و دوودڵی و ڕەتکردنەوەدا، هەندێک پێیاندا هەڵدەگوت، هەریەکەو بەپێی دیدگە و ئایدۆلۆژیای خۆی، لە کاتێکدا هێزە نەتەوەییەکان نکۆڵییان لێ کرد و بە

(١) رينيه موريس، كوردستان أو الموت، مصدر سابق، ص ١٢٦.
(٢) نديم أحمد الياسين، المسألة الكردية، ص ١٨٨؛ شيركۆ فتح الله عمر، ص ١٨٩.
(٣) ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـــ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١٨٨؛ شيركو فتح الله عمر، مصدر سابق، ص ١٨٩.
(٤) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ١٨٤.
(٥) المصدر السابق، ص ١٨٥.
(٦) فريد اسسرد، المسألة الكردية بعد قانون إدارة الدولة العراقية، السليمانية، ٢٠٠٤، ص ٣٠.
(٧) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٣١.

هەنگاوێک بەرەو جیابوونەوەیان لە قەڵەمدا[١]. شیوعیەکان و نیشتمانپەروەرە دیموکراسییەکان بە ڕێککەوتنێکی ناتەواو و ئاگربەستیان هەژمار کرد بۆ لێدان لە شۆڕشی کورد لە ناوەوە، گوایە بەیاننامەکە فریودەرە و هەندێک مادەی لاستیکی و لێپێچینەوەی لاوەکی و لاواز لە خۆ دەگرێت[٢].

سەبارەت بە شۆڕشی کورد، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان، ڕەزامەندیی خۆی لەسەر ڕێککەوتنەکە و پاڵپشتیکردنی ئەو هەنگاوانەی بازانی هەڵی گرتبوون، دەربڕی، بەو پێیەی شەڕ چارەسەری کێشەکە ناکات[٣]، بەڵام ئەوانەیشی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد جودا بووبوونەوە، سەرباری ئەوەی پێیان وابوو بارزانی بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئەوان یەکلایی بکاتەوە، بەڵام بە ڕێگەیەکیان دادەنا بەرەو کۆتاییهێنان بە شەڕی براکوژی[٤].

لەسەر ئاستی دەرەوەیش بەیاننامەکە لەلایەن عەرەب و دەوڵەتانەوە بە شێوەیەکی گشتی پێشوازیی لێکرا. جەماڵ عەبدولناسر پشتگیریی لێ کرد و خۆشحاڵیی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراق دەربڕی[٥]، هەروەها لە لایەن عەبدولخالیق حەسوونەی ئەمینداری گشتیی کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی و هەواری بومدینی سەرۆکی جەزائیرەوە پێشوازیی لێکرا[٦].

بەڵام بەعسی سوریا، لە بەیاننامەکە تووڕە بوون و سەرکردەکانیان وروژان و پڕۆژەکەیان بە سازش و گەلەکۆمەکی و جیابوونەوە هەژمار کرد، هەروەک کەوتنە ئازاردان و سەرکوتکردنی کوردی سوریا[٧].

ئێران هەڵوێستێکی دووفاقی بەرامبەر بە بەیاننامەکە نواند. حکوومەتی ئێران بە ئاشکرا پێشوازیی خۆی بۆ بەیاننامەکە ڕاگەیاند[٨]، بەڵام لە واقیعدا پەست بوو بەوەی کورد لەگەڵ حکوومەتدا دانوستان بکات. یەکێتی سۆڤێتیش دەستخۆشیی لەو هەنگاوانە کرد کە حکوومەتی عێراق بۆ ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ و چارەسەرکردنی ئاشتییانە دەربڕی[٩]، بۆ گەڕانەوە بۆ بەندەکانی بەیاننامەکە و جێبەجێکردنیان، لێژنەیەک لە بەرزترین ئاستدا پێکهێنرا کە بە (لێژنەی باڵای کاروباری باکوور) ناو برا.

---

(١) جريدة النهار، بيروت ١٩٦٦/٧/٣١.

(٢) حنا بطاطو، الكتاب الثالث، مصدر سابق، ص ٩١٥.

(٣) جريدة خەبات، العدد ٨٤٩ في آب ١٩٦٦.

(٤) جريدة النور، العددان ٣٣، ١٨ في نوفمبر ١٩٦٨ والعدد ٢٠٩ في ٢٩ يونيو ١٩٦٩.

(٥) جريدة الجمهورية، بغداد، العدد ٩٠٩، في ٣٠ يوليو ١٩٦٦.

(٦) جريدة صوت العرب، العدد ٢٨٤، في ٧ يوليو ١٩٦٦، بغداد.

(٧) بەیاننامەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا لەبارەی ئەو چەوساندنەوەی هاوڵاتییە کوردەکانی سوریا، لە ڕۆژنامەی خەباتەوە وەرگیراوە، العدد ٤٧٩، نيسان ١٩٦٧.

(٨) ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١٩١.

(٩) جريدة الجمهورية، بغداد، العدد ٩١٦، في ٣٠ يوليو ١٩٦٦.

پاش دەرچوونی بیاننامەکە، گەورە ئەفسەرانی سوپا زیاتر کەوتنە دژایەتیکردنی بەزاز، عارفیش ئاماژەی بە بەزاز کرد کە نیازی هەیە گۆڕانکارییەک لە وەزارەتدا بکات[١]. بەم شێوەیە پێش ئەوەی بەزاز بتوانێت هیچ یەکێک لە بەندەکانی بەیاننامەی حوزەیران جێبەجێ بکات، لە ٦ی ئابی ١٩٦٦دا، بە هۆکاری شکستهێنانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکردە سیاسییەکاندا، نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش کرد[٢].

لە ٩ی ئابی ١٩٦٦دا، ناجی تالیب وەزارەتی پێکهێنا[٣] و لە چوارچێوەی ئەو داواکارییانەدا کە سەرۆک **پێی ڕاسپاردبوو، دربژەدان بوو بە بەرنامەی گێڕانەوەی ئاسایش و ئاشتی بۆ (باکووری نیشتمان)**[٤].

لە کاتی پێکهێنانی وەزارەتدا، بارزانی نێردراوێکی بۆ بەغدا نارد بۆ دامەزراندنی دوو وەزیری کورد، بەڵام ناجی ڕەتیکردەوە و دەگوترێت وەک توانجێک گوتویەتی: "نامانەوێت عێراق بکەین بە لوبنان"[٥]. بەڵام وەزارەتەکەی سێ وەزیری کوردی لە خۆ گرت، کە هیچکامیان پەیوەندییان بە چالاکیی سیاسیی کورد یان بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردەوە نەبوو[٦]. بەڵام هەڵوێستی جودابووەکان بەرامبەر بەم وەزارەتە، جەلال تاڵەبانی گوزارشتی لێ کرد و گوتی: "بە حەماسەتەوە پشتگیریمان لەم حکوومەتە کرد، چونکە نیشتمانییە و دژ بە داگیرکەرە و ئەفسەرانی ئازاد بەڕێوەی دەبەن)[٧].

ناجی تالیب ئامادە نەبوو دان بە ڕێککەوتننامەی حوزەیراندا بنێت و پاش دوودڵی و بێدەنگییەک کە دوو هەفتەی خایاند، پێی ڕازی بوو[٨]. لە پەیڕەوی وەزارەتدا هاتبوو کە "وەزارەت پێبەندە بە پەیڕەوی

(١) مجيد خدوري، العراق الجمهوري، مصدر سابق، ص ٣٧١؛ سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص١٣٢.

(٢) أدموند غريب، مصدر سابق، ص ٩٤؛ سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٣٢.

(٣) جريدة البلد العدد ٦٧٠، في ١٠ آب ١٩٦٦. جريدة منار العدد ٣٤٧٢، في ١٠ آب ١٩٦٦.

(٤) عەبدولڕەحمان بەزاز لەبارەی ئەندازەی جدیەتی حکومەتەکەی ناجی تالیبەوە لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی تەموزی ١٩٦٦ دەڵێت: بە ناجی دەڵەوە عیوادام برا کوردەکانمان متمانە بە نیازەکانی حکومەتی ئێستا بکەن، بەڵام دەسەڵاتی ئەوەم نییە بپرسم ئاخۆ وەزارەتی ئێستا کە چەند وەزیرێکی ناسراوی لای کورد تێدایە ئەم متمانەیە بە دی دەهێنێت؟ یەکێکیان دژی ئەوە بوو زمانی کوردی تەنانەت لە قوتابخانە سەرەتاییەکانیشدا بەکار بهێنرێت، جگە لەوەی پشتگیری جیابوونەوە بکات. یەکێکی تریان پێش ئەوەی بەرپرسیاریی بکەوێتە ئەستۆ ڕایگەیاندبوو کە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران وەک بەڵێنی بەلفۆر، نیشتمانێکی نەتەوەیی نوێ لە ناخی نیشتمانی عەرەبدا دروست دەکات ناوێشی لێ نابوو ئیسرائیلی دووەم کە پاش ئیسرائیل بەسەر عەرەبدا دێت. (عبدالرحمن البزاز، مع الشعب، اعداد حسن بزاز، ٢٠٠٩، ص ٢٨١.

(٥) أدموند غريب، مصدر سابق، ص ٣٦؛ خليل جندي، مصدر سابق، ص ١٧٧.

(٦) رينيه موريس، كوردستان أو الموت، مصدر سابق، ص ٢٧.

(٧) غسان شربل، جلال الطالباني يتذكر، مصدر سابق، ص ٣٣.

(٨) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٣٢.

حکومەتەوە کە لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا، بە مەبەستی چەسپاندنی ئاشتی لە باکووری خۆشەویست و پەرەپێدانی و داننان بە مافەکانی برا کوردەکاندا لە چواچێوەی نیشتمانی عێراقدا، دەرچووە"[١].

پاش بوونی ناجی بە سەرۆکوەزیران، کارکردنەکانی پێچەوانەی دۆزی کورد بوو، چونکە ڕوانگەی سەرکردە سەربازییەکانی پیادە دەکرد، پێی وابوو کێشەی کورد تەنیا کێشەیەکی عێراقی نییە، بارزانییش نوێنەرایەتیی تێکڕای کورد ناکات، چونکە زۆر سەرکردەی کورد هەن بەرهەڵستیی دەکەن[٢]. سەرباری ڕێزگرتنی ناجی لە بەرنامەکانی پێشوو (بەیانی حوزەیران)، بەڵام لێدوانەکانی تەنیا بەڵێندان بوون[٣]. لە بەرامبەردا بارزانی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٦دا بروسکەیەکی بۆ عارف نارد، تێیدا داوای جێبەجێکردنی بەپەلەی بەیاننامەی حوزەیرانی کرد، حکوومەتیش زنجیرەیەک کۆبوونەوەی بەست، کە مەبەستی بەدەستهێنانی کات و قووڵکردنەوەی ناکۆکییەکان بوو لە بزووتنەوەی کورددا[٤]. ڕۆژنامەی خەبات داوای لە وەزارەتی نوێ کرد کە پێویستە بە (بەیاننامەی حوزەیران)هوە پابەند بێت و چارەسەری تەواوی کێشەکان بکات[٥].

ناجی تالیب سوور بوو لەسەر مۆڵەتنەدان بە هێزەکانی شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی بارزانی کە پشوو بدەن، بۆ ئەم مەبەستەیش هەوڵیدا کەڵک لە ناکۆکییەکانی ناوخۆی شۆڕشی کورد وەربگرێت و هانی جودابووەکانی دەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ جاشەکاندا هێرش بکەنە سەنگەرەکانی شۆڕشی کورد، بەم شێوەیە شەڕی ناوخۆ جێگەی شەڕی نێوان کورد و حکوومەتی گرتەوە[٦].

ئەم سیاسەتە بووە هۆی گرژی لە پەیوەندییەکانی حکوومەت بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە، بۆیە لەجیاتی ئەوەی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکات، وا هەڵسوکەتی کرد دەڵێیت بەیاننامەکەی ڕاگرتووە بۆیە زیندانییەکان بەپێی ڕێککەوتننامەکە ئازاد نەکران، سەرباری ئەوەی حکوومەت یارمەتیی جودابووەکانی دەدا[٧].

ئەم بارگرژییە بووە هۆی ئەوەی لە ئەیلوولی ١٩٦٦دا تێکگیران و بەریەککەوتن لە هێزەکانی شۆڕشی کورد لە لایەک و سوپای عێراق کە جاشەکان و لەڕیزجودابووەکان هاریکارییان دەکرد، ڕوو بدات[٨]. سەرۆکوەزیران هۆکاری بارگرژییەکەی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی متمانەی بە ئاشکرا لە نێوان حکوومەت و

(١) جريدة الفجر الجديد ١٣٧٦، في ٢٢ آب.

(٢) مجيد خدوري، العراق الجمهوري، مصدر سابق، ص ٣٦٥.

(٣) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٣٢.

(٤) عبدالكريم فندي، فصول من ثورة أيلول في كردستان العراق، مصدر سابق، ص ١١١.

(٥) خەبات ٤٩١، اكتوبر ١٩٦٦.

(٦) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٣٢.

(٧) خەبات ٤٩١، اكتوبر ١٩٦٦.

(٨) رينيه موريس، كوردستان أوالموت، مصدر سابق، ص ١٢٨.

شۆڕشگێڕانی کورددا[1]. بۆ هێمنکردنەوەی دۆخەکە عارف لە ٢٠ی ئەیلوولی ١٩٦٦دا لە لێدوانێکدا گوتی: "کورد و عەرەب برای یەکن، پێویستە هاووڵاتیی کورد لەوە تێبگات کە عەرەب دوژمنی ئەو نییە"[2]. بەڵام دۆخەکە سەقامگیر نەبوو، ئێستگەی دەنگی کوردستان ڕایگەیاند پێویستە درێژە بە خەبات بدەین تا حوکمی زاتی بەدەست دەهینین، بەغدایش لە وەڵامدا گوتی: "گەر شۆڕشگێڕانی کورد تاکو ٢٩ی تشرینی یەکەم چەکەکانیان دانەنێن، ئەوە یاسای لێخۆشبوون نایانگرێتەوە[3].

سەرباری پێداگریی سەرکردە سەربازییەکان لەسەر دەستکردنەوە بە شەڕ، ناجی تالیب دەیزانی شەر چارەسەر نییە[4]، بە ئاشکرا ململانێی ناوخۆی حکوومەت لە نێوان لایەنگرانی بەزازی سەرۆکوەزیرانی پێشوو و لایەنگرانی ناجی تالیبی سەرۆکوەزیران سەریهەڵدا، لایەنگرانی ناجی دەیانگوت دەبێت هێزەکانی میسر بێنە ناو عێراقەوە[5].

لە لایەنی کوردیشەوە، بارزانی لە دیدارێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی فەرەنسایی ڕینێ مۆریسدا ڕوونی کردەوە کە "چەک نە بۆ ئێمە چارەسەرە نە بۆ بەغدا"[6]. هاوکات عارف لە ناجی زیاتر پێداگربوو لەسەر ئەوەی دەست بە شەڕ نەکرێتەوە و بڕیاریدا سەردانی کوردستان بکات[7]، بەڵام بۆ ئەوەی سەردانەکەی وەک جۆرێک لە سازشکردن دەرنەکەوێت، ڕۆژنامەی الثورة بە عەرەبی گوتی: "ئەم سەردانەی سەرۆک بۆ ئاگاداربوونە لە بارودۆخی باکوور"[8]، عارف لە ناوچەی دیانا[9] چاوی بە بارزانی کەوت[10] و ئەو ڕۆژەیش کۆتاڕۆژی هۆشداربیەکەی کورد بوو بۆ دانانی چەک[11]. عارف گوتی "بارزانی وەکو داوی ئاوریشم وایە"، واتە بەهێز و نەرمونیانە، هەروەک عارف ڕازی بوو بەوەی مادەکانی ڕێککەوتننامەی حوزەیران بکات بە چەند یاسایەک بە مەبەستی جێبەجێکردنیان[12]، بەڵێنیشیدا ئاسانکاری بۆ ئەو خێڵە کوردانە بکرێت کە دەرکراون بگەڕێنەوە گوندەکانیان.

---

(١) جواد كاظم البيطاني، موقف الأحزاب السياسية في العراق من القضية الكوردية، مصدر سابق، ص ١٠٤.
(٢) جريدة الجمهورية، ٩٦٩، في ٢١ سيبتمبر، وجريدة منار ٣٥١٤، في ٢١ سيبتمبر ١٩٦٦.
(٣) رينيه موريس، كوردستان أوالموت، مصدر سابق، ص ١٢٨.
(٤) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٣٢.
(٥) صحيفة الحياة اللبنانية في ١٩٦٦/٩/٢٥.
(٦) رينيه موريس، كوردستان أوالموت، مصدر سابق، ص ١٣٤.
(٧) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٣٢.
(٨) جريدة الثورة العربية، ٧٢٢، في ٢٧ اكتوبر ١٩٦٦.
(٩) ناحیەیەکی سەر بە قەزای ڕواندزە لە هەولێر.
(١٠) خەبات ٤٩١، اكتوبر ١٩٦٦.
(١١) رينيه موريس، كوردستان أوالموت، مصدر سابق، ص ١٢٨.
(١٢) جريدة الثورة العربية، بغداد ٧٢٤، في ١٢ اكتوبر ١٩٦٦.

پاش گەڕانەوەی بۆ بەغدا، عارف گوتی: "کێشەی کورد بە هۆی هەڵە سیاسییەکان و خراپ بەڕێوەبردنەوە ئاڵۆز بووە"، بەڵام بەڵێنەکانی عارف بەرئەنجامیان نەبوو، چونکە دەسەڵاتی بەسەر سەرکردەکانی سوپادا نەدەشکا[1].

لەم کەش و هەوایەدا پارتی دیموکرات، لە ١٥ ـ ٢٠ی تشرینی دووەمدا لە گەلاڵە کۆنگرەی حەوتەمی بەست[2]. لە ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦دا بارزانی یاداشتێکی بۆ سەرۆک کۆمار و سەرۆکوەزیران بەرز کردەوە تێیدا هاتبوو کە: حکوومەت بەڵێنەکانی لەمەڕ جێبەجێکردنی بەیاننامەی حوزەیرانەوە نەبردە سەر، بەڵام کورد پەیمانەکانیان بردە سەر و دیلەکانیان ئازاد کرد و ڕێگەکان کرانەوە و ئێستگە پەخشی خۆی ڕاگرت، هەروەک بە گەڕانەوەی بەڕێوەبەری ناوچەیی ڕازی بوون[3]، کەچی حکوومەت جووڵەی نەکرد و یەک کاری نەکرد بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان[4].

دەبوو لەم کەش و هەوایەدا پارتی دەنگی خۆی بە جەماوەری گەلی عێراق بگەیەنێت، بەڵام چونکە پەخشی ڕادیۆی ڕاگرتبوو، پێویست بوو ئامرازێکی تر بدۆزێتەوە، بۆیە مەسعود بارزانی کوڕی مەلا مستەفا لە سەردانێکیدا بۆ بەغدا عەبدولڕەحمانی قایل کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە ناوی التآخي[5] و یەکەم ژمارەی لە ٢٩ی نیسانی ١٩٦٧ دەرچوو[6]. حکوومەتەکەی ناجی تالیب لەپاڵ کێشەی کورددا تووشی کێشەی تر هات، بۆیە ناچار بوو داوای دەستلەکارکێشانەوە بکات[7]. لە ١٠ی مایۆی ١٩٦٧دا وەزارەتێک بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان عارف پێکهات، کە لە پێڕەوەکەیدا باس لە پێویستیی گرنگیدان بە ئاوەدانکردنەوەی باکوور و گەڕاندنەوەی بۆ جاری جارانی کرابوو[8].

سەرنجی ڕۆژنامەی التآخي لەسەر پێکهاتنی وەزارەتە نوێیەکە ئەوە بوو کە نوێنەرانی ڕاستەقینەی هێزە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی لە خۆی نەگرتووە، جگە لە هەندێک ڕەگەزی سەربەخۆ[9]. لە سەردەمی

---

(١) محســـن دزەيي، أحداث عاصرتها، ج٢، مصـــدر ســـابق، ص ١٤١؛ ديفيد مكدول، تاريخ الأكراد الحديث، ترجمة راج ال محمد، بيروت، دار فارابي، ٢٠٠٣، ص ٤٨٥؛ ش. ج. أشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـ العراق، مصدر سابق، ص ١٥١.

(٢) گوتارەکەی مەلا مستەفا لە کۆنگرەکەدا. پاشکۆی ٣٧.

(٣) دەقی یاداشتەکە پاشکۆی ٣٨.

(٤) جريدة خەبات ٤٩٤ في يناير ١٩٦٣.

(٥) فرهاد عوني، بدايات صدور جريدة برايەتی لأول مرة في بغداد عام ١٩٦٧، مجلة گولان العربي، العدد ١٢ نيسان/ابريل، ٢٥ی مايو ١٩٦٧. هەروەها مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصـدر سـابق، ص١٨٩؛ سـعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٣٤.

(٦) جريدة التآخي العدد ١، في ٢٩ نيسان ١٩٦٧.

(٧) حنا بطاطو، مصدر سابق، ص ٣٨٠.

(٨) جريدة الجمهورية ١١٩١، في ١١ مايو ١٩٦٧.

(٩) جريدة التآخي العدد ١٣، في ١١ مايو ١٩٦٧.

ئەم وەزارەتەدا دۆخەکە بە هۆی هەڵوێستی ڕەقی سەرکردەکانی سوپاوە بەرەو ئاڵۆزی چوو[1]، پاش شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧، عارف پێویستی بە وەزارەتەکە نەما و تاهیر یەحیای ڕاسپارد لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٧دا وەزارەتێکی نوێ پێکبهێنێت[2].

کورد ڕازی نەبوو لە حکوومەتەکەی تاهیر یەحیادا بەشداری بکات، بارزانی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی التآخي هۆکاری ئەم بایکۆتکردنەی ڕوون کردەوە و گوتی: "ئەزموونە تاڵەکان فێریان کردین ئەو دەسەڵاتەی لە ڕیزەکانی گەلەوە هەڵنەقوڵێت بەرەو هەڵدێر دەچێت، هەر بۆیە تاکە ڕێگەچارە پێکهێنانی حکوومەتێکی نیشتمانییە کە سەرجەم دەستە و ڕوانگە جیاوازەکانی گەل لەخۆ بگرێت"[3]. هەروەها لە پەیڕەوی وەزارەتدا لەبارەی دۆزی کوردەوە هاتبوو: "ئەوپەڕی هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی ژیانی ئاسایی بۆ باکووری خۆشەویستمان لەسەر بنەمای دانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا لە چوارچێوەی نیشتمان و خاکی عێراقی هاوبەشدا"[4].

بەڵام پەیڕەوەکە هەر بە مۆری سەر کاغەز مایەوە و جێبەجێ نەکرا، ڕۆژنامەی التآخي زنجیرە گوتارێکی لەبارەی پابەندنەبوونی حکوومەت بە بەندەکانی بەیاننامەی حوزەیران بڵاو کردەوە[5]، هەروەها مەکتەبی سیاسی پارتی لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦٧دا بە بۆنەی شەشەمین ساڵیادی هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد، تییدا هاتبوو کە: "هەڵوێستی حکوومەتی عێراق، هەمان هەڵوێستی حکوومەتەکانی پێشووترە، کە وەڵامەکانی تەنیا زارەکین"[6].

تاهیر یەحیا دەیزانی کە حکوومەتەکەی لە توانایدا نییە دیسان بە گژ شۆڕشی کورددا بچێتەوە[7]، بۆیە سیاسەتی ڕازیکردنی لەگەڵ بارزانیدا گرتەبەر، لەگەڵ پشتگوێ نەخستنی کوتلە کوردییەکانی تردا کە دوژمنی بوون، ئەمەیش لە بەستنی کۆبوونەوەیەکدا خۆی نواند لەگەڵ سەرۆک جاشە کوردەکاندا لە موسڵ لە ١٣ی ئەیلوولی ١٩٦٧ و جەختکردنەوە لەسەر پابەندبوون بە بەیانی حوزەیران[8]، هەروەک لە ١٥ی ئەیلوول لە گەڵاڵە چاوی بە بارزانییش کەوت[9] و وا خۆی پیشاندا بەنیازە بەندەکانی بەیاننامەکە جێبەجێ بکات[10].

---

(١) سعد ناجي جواد، **العراق والمسألة الكردية**، مصدر سابق، ص ١٣٤.
(٢) المصدر السابق، ص ١٣٥.
(٣) جريدة التآخي العدد ٧١، في ١١ى يوليو ١٩٦٧.
(٤) جريدة خەبات ٤٨٤، في يونيو ١٩٦٨.
(٥) جريدة التآخي العدد ٨٧ في ٢٧ يوليو والعدد ١١٥ في ٢٤ى آب والعدد ١١٨ في ١٠ سيبتمبر ١٩٦٧.
(٦) **دەقی بەیاننامەکە پاشکۆی** ٣٩.
(٧) سعد ناجي جواد، **العراق والمسألة الكردية**، مصدر سابق، ص ١٣٥.
(٨) جريدة الجمهورية، ١٣١٦ في ١٤ سيبتمبر ١٩٦٧. التآخي ١٣٦ في ٤ سيبتمبر ١٩٦٧.
(٩) جريدة الجمهورية، ١٣١٨ في ١٤ سيبتمبر ١٩٦٧.
(١٠) عبدالكريم افندي، **فصول من ثورة أيلول كردستان العراق**، مصدر سابق، ص ١١٥.

بارزانی پشتگیریی لە هەوڵەکانی سەرۆکوەزیران بۆ خزمەتکردنی گەل کرد و جەختی لەوە کردەوە کە ئەرکی هەموومانە دەست بدەینە کاری بەرهەمدار بۆ ڕۆنانی وڵات[١]، لە چاوپێکەوتنەکەدا ڕێککەوتن لەسەر چەند خاڵێک کرا، لەوانە: دەستگرتن بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردەوە و دانانی پەنابردنە بەر شەڕ بە تاوان، گواستنەوەی خێڵە عەرەبەکان لەو گوندانەی داگیریان کردووە، گەڕاندنەوەی کورد بۆ گوندەکانیان و داماڵینی چەک لە جودابووەکان[٢].

چونکە بارزانی متمانەی بە حکومەت نەبوو، بۆیە بە حکوومەتی ڕاگەیاند هیچ مەرجێک جێبەجێ ناکرێت مەگەر دوای جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەی پێوەی پێوەستن. لەبارەی چاوپێکەوتنەکەوە ڕۆژنامەی التآخي دەڵێت "لەم کاتەدا ئێمە پشتگیری لە هەر هەنگاوێک دەکەین بۆ پێشەوە، هیواداریین لێدوانەکانی سەرۆکوەزیران کرداری و بەپەلە بن"[٣]، بێگومان لەڕیزجودابووەکان هەڵوێستێکی بەرهەڵستکارانەیان بەرامبەر بە ڕێککەوتننامەکە نواند[٤].

سەرۆکوەزیران بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە چەند هەنگاوێکی گرتەبەر، دەستپێشخەریی کرد بۆ پێکهێنانی لێژنەیەکی نوێ بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەندەکانی (بەیاننامەی حوزەیران)، وەزیرێکی تریشی لە حکوومەتدا زیاد کرد[٥]، هەروەها پێداگر بوو لەسەر ئەوەی خێڵە عەرەبەکان بگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی خۆیان[٦]، لەم کەشوهەوایەی نێوان بارزانی و حکوومەتدا، هێزە نەیارەکانی بارزانی لەگەڵ هەندێک لە سەرکردەکانی سوپادا دژ بە ئاراستەی بارزانی هاوئاهەنگییان کردبوو، پاش کوژرانی (٧) ئەندامی پارتی لەسەر دەستی جودابووەکان دۆخەکە لە سلێمانی خراپ بوو[٧]، کە بووە هۆی تووڕەبوونی بارزانی و تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتدا. بارزانی لەسەر داماڵینی چەک لە لەڕیزجودابووەکان پێداگر بوو و هێزەکانی بۆ هێرشکردنە سەریان لە ناوچەی بەکرەجۆ بڵاوە پێکرد[٨]. سەرۆکوەزیران داوای لێبوردنی لە بارزانی کرد کە سەرکردەکانی سوپا دژ بە داماڵینی چەکن لە لەڕیزدەرچووان، پاشان هەڵمەتی ڕەشەکوژیی ئەندامانی پارتی لە لایەن لەڕیزجودابووەکانەوە زیادی کرد[٩].

---

(١) جريدة الجمهورية، ١٣١٨ في ١٦ سيبتمبر ١٩٦٧.

(٢) شيرزاد زكريا محمد، مصدر سابق، ص ٣٢٦.

(٣) جريدة التآخي ١٣٩ في ١٧ سيبتمبر ١٩٦٧.

(٤) جريدة خەبات ٤٨٤ في يونيوى ١٩٦٨.

(٥) جريدة الجمهورية ١٣٢٠ في ٢٠ سيبتمبر ١٩٦٧.

(٦) عبدالكريم فرحان، حصاد ثورة، مصدر سابق، ص ٢١٠.

(٧) جريدة التآخي ١٣٩ في ١٧ سيبتمبر ١٩٦٧.

(٨) بەکرەجۆ نزیکی سلێمانییە، حکومەت لە ٢٩ی ئایاری ١٩٦٧ چەکدارانی لەڕیزدەرچووانی لە ڕانیە و قەڵادزێوە گواستەوە و لە ئەم ناوچەیە جێگیری کردن.

(٩) جريدة خەبات ٤٩٩، ديسمبر ١٩٦٧؛ مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ١٩٨.

نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨ بە نەبوونی متمانە لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکوومەتدا دەناسرێتەوە[١]، حکوومەت لە پارمەتیدانی جودابووەکان بەردەوام بوو، ئەمەیش وای لە پارتی کرد لە ٥ی ئاداری ١٩٦٨دا بەیاننامەیەک دەربکات و تێیدا هێرش بکاتە سەر هەڵسوکەوتی حکوومەت و جاشەکانی دەرهەق بە بزووتنەوەی کورد[٢]، سەرکردایەتی کورد بۆی دەرکەوت حکوومەت لاوازە و ناتوانێت دەست بە کردەوەی سەربازیی فراوان بکاتەوە، سەبارەت بە گرنگترین بەندی ڕێککەوتننامەی حوزەیرانیش کە ئاوەدانکردنەوەی باکوور بوو، لەسەر زەویی واقیع هیچی جێبەجێ نەکرا، دەرماڵەی پێویست تەرخان نەکرا و زۆربەی پڕۆژەکان بە وەستاوی مانەوە[٣]، هەروەها پڕۆژە نوێیەکان بە دادپەروەرانە دابەش نەکران و چەند جێگەیەکیان بۆ دیاری کران.

ئەوەی زیاتر پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەت و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی ئاڵۆزتر کردبوو، لێدوانەکانی عارف بوو کە ڕۆژنامەی الأنوار لوبنانی لە ١٢ی ئاياری ١٩٦٨دا بڵاوی کردنەوە کە گوتبووی:"دوو ڕێگە هەن بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم بابەتە، ڕێگەی سەربازی و کاری ئاشتییانە"، گوتیشی "کوردان لەناو خۆیاندا دابەش بوونە"، حکوومەت لە حوزەیرانی ١٩٦٨دا کەوتە هەڵوێستێکی ناخۆشەوە، کاتێک هەردوو وەزیری کورد عەبدولفەتاح شاڵی و ئیحسان شێرزاد دەستیان لە کار کێشایەوە[٤]، حکوومەت لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دووچاری گەلێک گرفت بووەوە، لەوانە تێکشکانی عەرەب لە شەڕی دژ بە ئیسرائیلدا[٥].

گرنگ ئەوە بوو لاوازیی حکوومەت وای لە هەندێک لە ناوەندەکانی ئۆپۆزسیۆن کرد بیر لەوە بکەنەوە دەست بەسەر حکوومەتدا بگرن، هەر ئەمەیش لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٦٨دا ڕووی دا، شۆڕش سوودی لەو ئارامییە کەمە بینی کە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دروستی کردبوو بۆ چەسپاندنی

---

(١) دۆخێکی نەبوونی متمانە لە نێوان حکومەت و کورددا هەبوو، کاتێک سەرۆک عەبدولڕەحمان عارف لە سەردانێکیدا بوو بۆ فەرەنسا لە ٥ی کانونی دووەمی ١٩٦٨، بە عەبەسی کرینی چەک بۆ سوپای عێراق، بارزانی بەپەلە بروسکەیەکی بۆ دیگۆلی سەرۆکی فەرەنسا نارد و داوای لێ کرد چەک بە سوپای عێراق نەفرۆشێت، چونکە لە شەڕی دژ بە کورددا بەکاری دەهێنێت، بۆیە فەرەنسا پاشەکشەی کرد لەوەی چەک بفرۆشێت. (خەبات، ٥٠٠ شوباط ١٩٦٨)

(٢) دەقی بەیاننامەکە پاشکۆی ٤٠.

(٣) (م. د. م) ع. ١ :ئاوەدانکردنەوەی باکوور، ١٠ :٤/١٠٠/١١٩/٢١٧، نووسراوی پارێزگای موسڵ، بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەیی خەزینە، ژمارە ١٤٨٢٨/٣٠/١٢/١٩٦٧ بۆ وەزارەتی پلاندانان ــ بەڕێوەبەرایەتیی بیناسازی، بابەت :داواکاریی زانیاریی لەبارەی چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی ـ هەمان فایل، ٣٤٥/١٢٨، نووسراوی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی باکوور ـ فەرمانگە و خۆیەتیی ژمارە ٣٢ لە ٩/١/١٩٦٨ بۆ پارێزگای هەولێر، پارێزگای موسڵ، پارێزگای کەرکوک، پارێزگای سلێمانی و پارێزگای دیالە.

(٤) جريدة الثورة، بغداد ١٦٧، في ٢٤ يونيو ١٩٦٨.

(٥) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٤٣ و مجيد خدوري، العراق الجمهوري، مصدر سابق، ص ٣٨١.

پایەکانی لە ڕووی سەربازی و حزبییەوە، کاتەکەی بۆ کردنەوەی خولی ڕاهێنانی سەربازی لە تۆپهاوێشتن و هەندەسەدا تاقیکردەوە.

**بەکورتی:**

ئەو حکوومەتەی پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ دروست بوو، خاوەنی سرووشتێکی سەربازی بوو و سەرکردە سەربازییەکان بەسەریدا زاڵ بوون، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات گرنگیی بە کاری سیاسی نەدەدا، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ سرووشتی ئەو بیروباوەڕەی سەرکردە سەربازییەکان بیریان لێ دەکردەوە، بە درێژایی ماوەی بەعس ١٩٦٣ و ماوەی هەردوو برا عەبدولسەلام و عەبدولڕەحمان عارف، هەڵوێستی دەسەڵات لە نێوان ئاگربەست و دانوستان و شەڕدا دەهات و دەچوو، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ:

١. زاڵبوونی سەرکردە سەربازییەکان بەسەر دەسەڵاتدا وەک پێشتر باس کرا، زۆربەیشیان لە شەڕی کوردستان لە ڕووی مادییەوە قازانجیان دەکرد، چارەسەرکردنی کێشەکە لە بازرگانییەکانیان بێبەشی دەکردن لەسەر حسێبی خوێنی عێراق بە عەرەب و کوردەوە.
٢. داواکارییەکانی کورد لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە جیابوونەوە بوو، هەروەها دەبوو دەسەڵاتی دەوڵەت بڕیار بدات.
٣. هەژمونی ئەو حزبانەی ڕوانگەیەکی عەرەبی توندڕۆیان هەبوو بەسەر دەسەڵاتدا، کە هەموو غەیرە عەرەبێکیان ڕەتدەکردەوە.
٤. لە ماوەی ١٩٦٣ تاکو ١٩٦٨ جگە لە بەزاز هیچ سەرۆکوەزیرانێکی مەدەنی حوکمی عێراقی نەکرد، تەنیا ئەویش بە کردەوە دەیویست چارەسەری کێشەی کورد بکات.

بەڵام سەبارەت بە کورد ئەو ماوەیە بەم خاڵانە جیا دەکرێتەوە:

١. خڕبوونەوەی سەرکردە کوردەکان لە دەوری بارزانی، چونکە جگە لەو هیچ سەرکردەیەکی سیاسی و سەربازی نەبوو کە مێژوویەکی درێژی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی کورددا هەبێت.
٢. سیاسەتی بارزانی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مافەکانی کورد بوو، بەڵام نەیتوانی لە بەرامبەر هێزێکی سەربازیدا خۆی ڕابگرێت، کە بەسەر دەسەڵات و داهاتی وڵاتدا باڵادەست بوو.
٣. سەبارەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان، بە هۆی کەرتبوونەوە لە ساڵی ١٩٦٤ بە سەختترین دۆخدا تێدەپەڕی، کە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لە ڕیزەکانی پارتی دەرچوون و شانبەشانی حکوومەت دژ بە بارزانی جەنگان.

# بەشی سێیەم

# مەلا مستەفا و دۆزی کورد لە سایەی فەرمانڕەوایی بەعسدا ١٩٦٨-١٩٧٥

## کودەتای تەموز و کورد ١٩٦٨

لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ جارێکی تر بەعس دەسەڵاتی گرتەدەست، دوای کودەتا عەبدوڕحمان عارف لەسەر کار لابرا.

یەکەم بەیاننامەی حکوومەتی نوێ، لە کێشەی کورد خاڵی نەبوو، بەیاننامەکە باسی لەوە کردبوو کە دەسەڵاتدارانی پێشوو بەویست، سەقامگیری و ئاسایشی ناوخۆی نیشتمانیان پشتگوێ خستبوو و، هیچ هەنگاوێکی ئەرێنیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد نەگرتبووە بەر، هەروەها گوتبووی کە شۆڕش لەسەر یەکپارچەیی نیشتمان و کۆتاییهێنان بە کێشەی باکوور بە ئازایی و داناییەوە پێداگرە، هەروەک حکوومەت بەڵێنیدا ڕێز لە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران بگرێت. لە 20ی تەموزی ١٩٦٨یشدا، سەرۆکوەزیرانی نوێ عەبدولڕەزاق نایف دەستپێشخەریی کرد بۆ پەیوەندیکردن بە بارزانییەوە و بە هاوڕێیەتی ساڵح یوسفی لە نامەیەکدا داوای ناوی دوو وەزیری کوردی بۆ بەشداریکردن لە حکوومەتدا کردبوو[١].

لە ڕاستیدا هەڵوێستی سەرکردایەتی کودەتا ناڕوون بوو[٢]. ئەم سەرکردایەتیە دەیویست پشت بەو باڵە ببەستێت کە لە شۆڕشی کورد بە سەرکردایەتی بارزانی جیا بووەتەوە. ئەم باڵە هەڵگری داواکاریی گەورە نەبوو وەک ئەو داواکارییانەی مەلا مستەفا خستبوونیەڕوو. لەبەر ئەوە سەرکردایەتی شۆڕش ڕەتیکردەوە دانوستان لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە کۆنە و نوێیەدا، بە تایبەت دوای سووربوونی کودەتاچییان بە هێنانی تەها محێدین مەعروف کە لە جیابووەکان بوو، بۆ ناو وەزارەت، سەرەڕای پاڵاوتنی موحسین دزەیی و ئیحسان شێرزاد لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە. شۆڕش بوونی تەهای ڕەتکردەوە و حکوومەتی لە نێوان پاشەکشەکردنی دوو وەزیرەکەی و لابردنی ئەودا سەرپشک کرد. کەچی حکوومەت، پارێزگاری لێکردنی بە باش زانی، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی شۆڕشی کوردی هەردوو نوێنەری خۆی لە حکوومەت بکشێنێتەوە[٣]. مەلا مستەفا گوتی، هەڵوێستمان بەرامبەر بە حکوومەت پشت بە سیاسەتەکەی دەبەستێت[٤]. ڕوونیشی کردەوە کە ڕێگەنەدانی بە بەشداریکردنی نوێنەری شۆڕش لە وەزارەتدا، واتای

---

(١) وێنەی نامەکە پاشکۆی ٤١.

(٢) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٤٤.

(٣) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٠٤.

(٤) خەبات، العدد ٦٠٥ تشرين الأول، ص ١٩٦٨.

وەستانەوەی دژی دەسەڵات نییە[1]. لە ١٢ی ئەیلوولی١٩٦٨دا، دەستوری کاتی پێشوو هەڵوەشایەوە، کە لەلایەن عارفەوە دەرچوو بوو. کودەتاچییەکان دەستورێکی کاتی نوێیان دەرکرد کە لە بەندی ٢١، بەشی سێیدا دەڵێت: عێراقییەکان لە ماف و ئەرک و لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن، جیاوازیی ڕەگەز یان زمان یان ئاین لە نێوانیاندا نییە. هاریکار دەبن بۆ پارێزگاری لە قەوارەیەکی نیشتمانی کە کورد و عەرەبی لەخۆ گرتووە، دەستور بڕیار لە مافە نەتەوەییەکانیان دەدات، لە چوارچێوەی نیشتمانێکدا، لە هەمان کاتدا دەستور سەرجەم پارتە سیاسیەکانی جگە لە حزبی بەعس قەدەغەکرد و باسی مافی کوردی لە خۆبەڕێوەبەریدا نەکردبوو. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٨دا، حەوتەمین کۆنگرەی باڵای حزبی بەعس بەسترا، بڕیارەکانی ئەم پارتە لە عورفی عێراقییەکاندا، یەکسانە بە دەقەکانی دەستور، لە بڕیارەکانیدا جەختی لە مافی کورد و بەخشینی مافە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی یەک گەل و نیشتمان و دەسەڵات و دەستوردا کردەوە. ڕایگەیاند کێشەی کورد پێویستە بە ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، تا هێزە دەرەکییەکان بۆ دەستوەردان لە کاروباری عێراق و فشار خستنەسەری بەکاری نەهێنن[2].

مەلا مستەفا متمانەی بە بەعسییەکان نەبوو. هەر ئەوان بوون هاوینی ساڵی ١٩٦٣ هەوڵی خاپوورکردنی کوردستانیان دەدا، ، بۆیە ورد و توند بوو لە مامەڵەکردن لەگەڵیان و لە خستنەڕووی داواکارییەکانی شۆڕشدا[3].

بەڵام بەعسییەکان پەندیان لە شکستی یەکەم ئەزموونیان لە ساڵی ١٩٦٣ وەرنەگرت و هەوڵی بەدەستهێنانی کاتیاندا. ئاگربەستیان لەگەڵ شۆڕشی کورددا کرد، لەبەر ئەوەی ئەوان تامەزرۆی جێگیرکردن و پتەوکردنی پێگە و لادانی دوژمنەکانیان لە سوپا و دەوڵەتدا بوون، لە ترسی کودەتای سەربازی لە دژیان. جگە لەوە حکوومەت لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٨دا، دانوستانی ڕواڵەتییانەی لە دوای کودەتاکەی ئەم دواییەوە لەگەڵ سەرکردایەتی کورددا دەستی پێ کرد و لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٨ و سەرەتای ١٩٦٩ نوێ بووەوە، وەستاند و کارە سەربازییەکانی حکوومەت لە کوردستان دەستیان پێکردەوە. ئەم جارە بەعس سیاسەتی زەوییە سووتاوەکەی پیادە کرد و لە سووتاندن و کاولکاری و وێرانکردندا هەموو ئەوانی تری تێپەڕاند. هەڕەشەی سڕینەوەی هەموو ئەو گوندانەی کرد کە هاوکاریی شۆڕشگێڕانیان دەکرد. لە ٢٢ی ئایاری ١٩٦٩دا، سوپا و جاشەکانی کورد لە ٢٢ی مارسی ١٩٦٩دا ئاگریان لە (٥٤٠) خانوو لە ناوچەی بنگرد لە سلێمانی بەردا، ژمارەی ئەو گوندانەی لە ماوەی چەند مانگێکدا سوتان گەیشتە ٢٩٠ گوند[4]. ئەفسەرە

(1)http://www.gilgamish.org/viewarticle.php?id=studies_2009.1220_23105

(٢) حامد محمود عیسی، القضیة الكردیة في العراق في الاحتلال، مصدر سابق، ص ٣٥٤.

(٣) راندل، أمة في الشقاق، مصدر سابق، ص ١١٨؛ هاري موریس وجون بلوج، لا اصدقاء سوى الجبال، مصدر سابق، ص ١٣١.

(٤) عبدالفتاح البوتاني، ملا مصطفى البرزاني قائد الثورة الكوردیة وملهمها، جامعة دهوك، ٢٠١٢، ص ٣٥.

توندڕۆکانی بۆ سەرکردایەتی فیرقە سەربازییەکان دادەمەزراند، لەوانەیش ئیسماعیل تایە نوعێمی، کە پەیکەری فەرماندەکەی لە دەروازەی سەربازگەی کەرکووکدا دانابوو و وێنەی سەربازێک بوو پێی لەسەر لوتکەی شاخێک دەکوتا، لەسەری نوسرابوو ئەمە خاکی منە و باوکیشم لێرەدا بووەتە قوربانی[1]. تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ جەنگ بەردەوام بوو. بە هۆی سەختیی ناوچە شاخاوییەکان و نەبەردیی کورد لە بەرگریکردن و هێرشی خۆبەختکار و بڕینی ڕێگەکاندا هێزە حکومییەکان تووشی زیانێکی زۆر بوون. هەربۆیە کورد لە ئاداری ١٩٦٩دا، لە هێرشکردنە سەر بیرە نەوتەکانی کەرکووک کە لەژێر پارێزگارییەکی توندی دەسەڵاتدا بوون سەرکەوتووبوو. بۆیە لێکەوتە و گۆڕانکارییەکان لە ئەنجامی چەند هۆکارێکەوە بوون، لەوانە:

١. لایەنگریی دەسەڵاتدارانی بەعس لە عێراقدا بۆ کامپی ڕۆژهەڵات: کورد هەستی کرد ئەم لایەنگرییە لەسەر حسێبی کێشەی کوردە، هەڵوێستەکانیان بەرامبەر ئێران گۆڕانکاریان بەسەردا هات و پەنایان بردە بەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ هاوکاری و پێویستییە سەربازی و داراییەکان.
٢. زیادبوونی ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و ئێران، لەسەر سنووری هاوبەشەکانیان لە کەنداوی عەرەب: تاران هەوڵیدا حکوومەتی عێراق لاواز بکات و ناچاری بکات هەوڵەکانی ڕوو بکاتە باکوور[2]. هێزە نیشتمانیەکان لەسەرووی هەمووشیانەوە حزبی شیوعی هۆشیاری دایە حکوومەت لەو ئەنجامانەی بە هۆی ئەو کارانەوە تووشی دەبێت. حزبی شیوعی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەبی بەیاننامەیەکی هاوبەشیان لە ١٩٦٩/٤/١٣[3] دەرکرد و سیاسەتی ترساندن و سەرکوتکردن لە عێراقدا و ڕێبازی قڕکردن و لەناوبردنی گشتی دژ بە کوردیان ئیدانە کرد.

سەبارەت بە پەرچدانەوەی بزووتنەوەی کورد، پارتیش چەند چالاکییەکی ئەنجامدا. سەرکردایەتیەکەی جارێکی تر دەستی کردەوە بە جێبەجێکردنی داواکارییەکانی بەیاننامەی ١٩٦٦/٦/٢٩، پاش سووربوونی حکوومەت لەسەر بەکارهێنانی هێز، پارتی پابەند بوو بە ڕێبازی بەرگریی چەکداری لە پێناو مافەکانی گەلی کورددا، جارێکی تر دروشمی سەرەکیی شۆڕشی بەرز کردەوە، دیموکراسی بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان[4]. شانبەشانی ئەوەیش دروشمی بەرخودانی بۆ داماڵینی دەسەڵاتی دیکتاتۆری بەرز کردەوە و داوای دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی و پێکهێنانی حکوومەتێکی زۆرینەی دەکرد. وەک وەڵامێک بۆ ئەو گەمارۆ ئابوورییەی بەسەر کوردستاندا سەپێنرابوو، سەرکردایەتی کوردی ناچار کرد بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا.

(١) عبدالفتاح علي البوتاني، مصدر سابق، ص ١٠٤.
(٢) محمد عزيز الهماوندي، الحكم الذاتي الكردستاني العراقي، مصدر سابق، ص ١٢١.
(٣) عزيز سباهي، عقود من تاريخ حزب الشيوعي العراقي، مصدر سابق، ص ٩٦.
(4) عبدالفتاح علي البوتاني، مصدر سابق، ص ٢٢.

لە ١٩٦٩/٤/١٥دا، پارتی بانگەوازێکی ئاراستەی گەلی عێراق کرد، باسی لە کێشەی گەلی کورد و ئەو بارودۆخە نوێیەی کوردستانی کردبوو کە لە ئەنجامی کردەوە وەحشیگەرییەکانی حکوومەتەوە هاتووەتە ئاراوە. لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٩دا، لەگەڵ گرنگی پێدانی میدیای ڕۆژئاوا بە کێشەی کورد[1]، کورد یاداشتنامەیەکی ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و تێیدا سکاڵای لەو جەنگ ڕەگەزپەرەستییەی دەسەڵاتدارانی عێراق کرد کە دژ بە گەلی کورد هەڵیانگیرساندبوو. یاداشتەکە فەرمانڕەواکانی بەعسی بە هەوڵدان بۆ قڕکردنی گەلی کورد و سڕینەوەی تەواوی گەلێک کە هەوڵی پارێزگاری لە زمان و کولتوور و پێکهاتە نەتەوەییەکانی دەدات تۆمەتبار کرد. یاداشتەکە هەندێک پاشکۆ و دەقی لەبارەی مافەکانی کوردی لەخۆ گرتبوو، لە پەیماننامەی سێڤری ١٩٢٠ و، لە پاشکۆی شەشدا ئەو هێرشە توندەی لەسەر ڕەوشی تەندروستی و فێرکاریدا لەخۆ گرتبوو، لە کوردستانی عێراق، پاشکۆی ئەو حەوت بەڵگەنامانەی لەبارەی ئەو بارودۆخە دژوار و نەخوازراوەی مەسیحییەکانی عێراقی لە سایەی فەرمانڕەوایی بەعسدا دەژیان لەخۆ گرتبوو[2]. هەروەها شاندەکانی پارتی لە کۆنگرە و ڕێکخراوە جیهانییەکاندا بەشدارییان کرد، سەرکردایەتی کورد لەساڵی ١٩٦٩ هەوڵەکانی خستەگەڕ، بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی مانگی سوری کوردی لە ئەوڕووپا بە ئامانجی کۆکردنەوەی بەخشین و هاوکارییەکان بۆ بزووتنەوەی کوردی. کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەوڕووپاش، ڕۆڵی هەبوو لە شیکردنەوەی کێشەی کورد و ئابڕوبردنی سیاسەتی شۆڤێنیی حکوومەتی عێراقدا. لەم قۆناغەدا کەرتی ئابووری لە چوونەوەیەکدا بوو، بارودۆخ بە ئاڵۆزی لە وڵاتدا مایەوە، ئەم بێمتمانەییەی نێوان گەل و حکوومەت قوڵ بووەوە هەروەها ناکۆکییەکانی نێو سەرکردایەتی بەعس زۆر توند بوو. بەربەرەکانێی نێوان بەعسییە مەدەنییەکان و سەربازییەکان پەرەی سەند[3] و ترسەکانی بەعس لە جەنگێکی دیکەی لەگەڵ کورد و دەستوەردانی ئێران تێیدا زیادی کرد. بە هەمان شێوە ترسی لە زیادبوونی هەژموونی هەرێمایەتی ئێرانی بەسەر کەنداودا زیادی کرد. بەعس دەیزانی ئێران هاوکاریی مەلا مستەفا دەکات بە تۆپ و کەرەستە سەربازییە پێشکەوتووەکان. بۆ لەناوبردنی پشتیوانیی نەتەوەیی بارزانی بەعس ڕایگەیاند کە بەنیازی جێبەجێکردنی بەندە گرنگەکانی بەیاننامەی بەزازە[4].

بەڵام مەلا مستەفا ئەم جۆرە لێدوانانەی فەرامۆش کرد. لە مانگی مارسدا بۆ دەرخستنی هێزە سەربازییەکانی، بە تۆپارانکردنی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک هێرشی کردە سەر هێزەکانی حکوومەت، ئەم هەڵوێستە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە بەعسی شەرمەزار کرد. ئەوەی ترسەکانی لەسەر حکوومەتی

(١) جلال يحيى ومحمد نصر مهنا، مشكلة الأقليات في الوطن العربي، القاهرة، دارالمعارف، ١٩٨٠، ص ٩٥.
(٢) شيركو فتح الله، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص٢١١.
(٣) أدموند غريب، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ٧٧.
(٤) غسان شربل، العراق من حرب الى حرب، صدام مر من هنا، بيروت، ٢٠١٠، ص ١٥١.

بەغدا زیاتر کرد، ئاشکراکردنی هەڵوەشاندنەوەی بەیاننامەی سنوری ساڵی ١٩٣٧ بوو لەلایەن ئێرانەوە بۆ کەنداوی عەرەب[١].

لە حوزەیراندا، میشێل عەفلەق ئاشکرای کرد حزب بۆی نییە بەرهەڵستی لەسەر مافی کوردەکان لە جۆری حوکمی زاتی دەربڕێت[٢]. ڕۆژنامەی حزبیش لە مانگی مارسی ١٩٦٩دا، پەسنی مەلا مستەفای بە نیوەندگیر کرد.

میشێل عەفلەق، پێشتر ترسی ئەم جیاکارییە کەمینە ناعەرەبییەیانە باس کردبوو، هاوبەشی و پێکەوەیی لە بیروباوەڕی بەعسدا بۆ کەمکردنەوەی ئەم پاکتاوکردنە، تێڕوانینەکانی و تێڕوانینی بەعسی بۆ کەمە نەتەوەیی و ئاینییەکان ڕوون کردەوە:"لە کاتێکدا داوای یەکسانی ئابووری و باشترکردنی هەوڵەکانی یەکسانی دەکەین، واتای ئەوەیە ئێمە کێشەی ئەم نەتەوەمان گەیاندووەتە خاوەنە ڕاستەقینەکانی گەل، کە لە ڕاستیدا یەک گەلە بەبێ جیاکاری لە نێوان موسوڵمان و مەسیحی و عەرەب و کورد و دەشتەکیدا. کورد چیی لە گەل دەوێت و ئاواتی چی دەخوازێ، جگە لە هەندێک لە سەرکردەکان کە خاوەنی بەرژەوەندی دەرەبەگایەتیین، زیاتر لە ژیانێکی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی، وەری دەگرن ئەوەی ئەوانی تر وەری دەگرن و دەیبەخشن، ئەو کەسایەتییانە زیاتر داوا ناکەن لەوەی عەرەب خۆیان داوای دەکەن"[٣].

لەم ڕوانگەیەوە بەعس وای بۆ دەچوو کێشەی کورد کێشەیەکی ئابورییە بە پلەی یەکەم، ئا لەم ڕوانگەیەوە بەعس کوردستانی عێراقی بە تەواوکردنی نیشتمانی عەرەبی دەبینی و پێی وابوو مافی چارەی خۆنووسینی کوردی مەحاڵە.

حکوومەتی بەعس پەیی بەوە برد چارەسەری سەربازی شتێکی نوێ ناهێنێتە کایەوە، چونکە کورد توانایان لە جەنگدا زیادی کردووە و لە جاران تۆکمەترن[٤]. لێرەوە سەدام حوسێن کە بووبووە ناوەندی سەرەکی بڕیاردان، لەبەردەم ئەو بارودۆخەی کە ئەنجامی شکستی سوپا بوو لە بەرەکانی جەنگدا لەلایەک و گەورەتربوونی تەنگژەکانی کەنداوی عەرەبی لەگەڵ ئێران لەلایەکی ترەوە، دوو بژاردەی لەبەر دەستدا بوو، سێیەمی نەبوو: یان بگاتە ڕێککەوتن لەگەڵ کورددا، یان کێشەکانی لەگەڵ ئێراندا چارەسەر بکات. بەڵام ڕەتکردنەوەی پێشنیارەکەی لەگەڵ شادا، هیچ ڕێگەیەکی تری لەبەردەمدا نەهێشتەوە جگە لە گەڕانەوە بۆ هەڵبژاردنی یەکەم.

---

(١) منذر الموصلي، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٢١٠.

(٢) ميشيل عفلق، نقطة البداية، المسألة الكردية والثورة العربية، أحاديث بعد الخامس من حزيران، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٧١، صص ١٠٥ ـ ١٠٨.

(٣) ميشيل عفلق، في سبيل البعث، بيروت، ١٩٧٤، ص ١٦٨.

(٤) ديفيد مكدول، تاريخ الأكراد الحديث، مصدر سابق، ص ٤٩٢.

له تشرینی یەکەمی ١٩٦٩دا، ڕۆژنامەی حزبی بەعس، الثورة، نوسیبووی: "حوکمی زاتی باشترین چارەسەرە بۆ پاداشتی مافە نەتەوەییەکانی کورد، بۆیە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بڕیاری ٦٧٧ی لە ٢٥ تشرین دووەمی ١٩٦٩دا دەرکرد، بە پێکهێنانی لێژنەیەک بە سەرۆکایەتی ساڵح مەهدی عەماش، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بۆ چاودێریکردنی جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو بڕیارانەی لە ئەنجوومەنەوە تایبەت بە کێشەی کورد دەرچوون، بە ئامانجی هێورکردنەوەی ئەم جەنگە توندوتیژە. حکوومەت چەند ڕێوشوێنێکی گرتەبەر و بۆ دەرخستنی نیازپاکی، لێبوردنێکی گشتگیری بۆ سەرجەم ئەو مەدەنی و سەربازییانەی بەشدار بوون لە کارە توندوتیژییەکاندا لە کوردستان دەرکرد. یاسای پارێزگاکانی کە خۆی لە لامەرکەزی ئیدارەی ناوچەیی دەبینیەوە دەرکرد. پێکهێنانی پارێزگای دهۆک و زانکۆی سلێمانی و، کۆڕی زانیاریی کورد و دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی، هەروەها ٢١ی مارس، واتە نەورۆزی کرد بە جەژنی نەتەوەیی کورد.

نووسینگەیەکی تایبەت بە کاروباری باکوور پێکهێنرا[١]، هەروەک پێویستی کرد کتێب و نووسراوە زانستی و ئەدەبی و سیاسییەکان کە گوزارشتیان لە ئاواتە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکرد بگشتێنرێن و ماف بە ئەدیبان و شاعیران و نووسەرانی کورد بدرێت بە دامەزراندنی یەکێتیەکی تایبەت بە خۆیان و چاپکردنی نووسراوەکانیان و دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی هەفتانە و گۆڤاری مانگانە بە زمانی کوردی و زیادکردنی بەرنامە کوردییەکان لە تەلەڤیزیۆنی کەرکووک[٢]. ئەم بڕیارانە بەڵێنەکانی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی پێشوو بوون.

لە تەموزی ١٩٦٩دا، سەعدون غەیدان ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە کوردستاندا گەڕا بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد و ئەنجامدانی دانوستانە سەرەتاییەکان. لە ئەیلوولی ١٩٦٩دا، شاندێک کە نوێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو، چەند پێشنیارێکی مورتەزا حەدیسیی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵگرتبوو، لەبارەی چەند تێڕوانینێک بۆ چارەسەری کێشەی کورد، سەردانی سەرکردایەتی کوردی کرد. گرنگترین خشتێک کە تێیدا بوو بەڵێنی جێبەجێکردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بوو. بەڵام سەرکردایەتی کورد شتیکی نەبینییەوە داوای دەستکردنەوە بە گفتوگۆ بکات و پێشنیارەکانی ڕەتکردەوە، چونکە سەردەمەکە گۆڕابوو و بەیاننامەی حوزەیران لەگەڵ پێشهاتەکان و ئەو قۆناغانەدا نەدەگونجا کە شۆڕش بڕیبوونی[٣].

لە ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٩دا یاسای سیستەمی ئیداریی نوێی کۆماری دەرچوو کە بریتی بوو لە دابەشکردنی عێراقی بۆ ١٦ پارێزگا لە جیاتی ١٤ پارێزگا، واتە بۆ جێبەجێکردنی یاسای ١٤ی تشرینی دووەم،

(١) المصدر السابق، ص ٤٩١.

(٢) صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٩٨.

(٣) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٢٥.

کە دوو یەکەی ئیداری ئەوانیش پارێزگای دهۆکی کوردستانی و پارێزگای موسەننا (سەماوە) لە باشوور دروست بوون. ڕۆژنامەی الجمهورية[1] لەبارەی ئەم بابەتە دەڵێ: سەبارەت بە دانانی ئەم یاسایەی حکوومەت گرتیەبەر بە لەبەرچاوگرتنی داواکارییە ڕەواکانی گەلی کورد کە پەیوەندییان بە ئیدارەی ناوخۆییەوە هەیە لەژێر ئاڵای نیشتماندا، بەڵام حکوومەت دیاریکردنی سنوری بەڕێوەبردنی ناوچەی کوردستانی ڕەتکردەوە، بەعس گەلی کوردی وا دەبینی کە بەشێکی بچووکن، بۆیە حکوومەت دانی بە سنوری ئیدارەی کورددا نەنا[2].

پەیوەندییەکانی دوای دەرچوونی یاسای ئیدارەی نوێ لە نێوان نوێنەری پارتی و حکوومەت بە هەلومەرجێکی نوێوە دەستی پێ کرد و مۆرکێکی چالاکتری لە کۆتایی ساڵدا وەرگرت. بەعس لەم ماوەیەدا ئەو کەسایەتییە ناسراوانەی کە خاوەن تێڕوانینی پێشکەوتوو بوون لە حکوومەتەکەیدا دامەزراند و دوو پۆستیشی بە کورد بەخشی.

لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٦٩دا، ڕۆژنامەی الثورة (ڕۆژنامەی حزبی بەعس لە عێراق) گوتارێکی بە ناونیشانی "چ ڕێگەیەک هەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد؟" دەرکرد، کە گوزارشتی لە بۆچوونی حزب و سەرکردایەتیەکەی لە دانپێدانانی بە مافە نەتەوەییە کوردییەکاندا دەکرد. ئەوان لەگەڵ نەتەوەی عەرەب دژ بە داگیرکارە زایۆنییەکان هاوپەیمان بوون. لە ١٩٦٩/١٢/٣١دا بەکر نامەیەکی بۆ بارزانی نارد و پیرۆزبایی لە گفتوگۆی ئاشتی لەنێوان هەردوولادا لێ کرد.[3]

لە دەستپێکی ساڵی ١٩٧٠دا، ئاڵۆزی و پشێوییەکان لە پێوەندیی نێوان کورد و حکوومەتدا کەم بووەوە و دانوستانەکان چوونە قۆناغێکی یەکلاکەرەوە. حکوومەت وەڵامی داواکاریی بارزانی بە بڕینی پێوەندیی بە کۆمەڵەی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەدەوە و پشتگیریکردنی سوارەکانی سەڵاحەدین (جاشەکان)ی دایەوە[4]. جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، سەدام حوسێن لە کانونی دووەمی ١٩٧٠دا گوتی: "لە ئێستادا، بە دیاریکراوی هەنووکە، وڵات گەیشتووەتە ئاستێک، بە شێوەیەکی کردارەکی شۆڕش هەمووی لە عێراقدا لەسەر چارەسەری کێشەی کورد وەستاوە"[5]، بارزانی بە پەیامنێری ڕۆژنامەی البراف‌ی

---

(١) جريدة الجمهورية، بغداد، في ١٩٦٩/١٠/١٥، العدد ٢٢٥.

(٢) جريدة الثورة العربية، جريدة داخلية لحزب البعث الاشتراكي، العدد ٥، ٦، السنه الثانيه بغداد ١٩٧٠، ص ٢٦٦.

(٣) دەقی نامەکە پاشکۆی ٤٢.

(٤) لە سەردەمای کارەوە دەسەڵات خۆی لە کۆمەڵەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی نزیک کردەوە، کە لە پارتی جودا بوونەوەوە. پارە و چەکی پێ دان، ئەمەیش بۆ دروستکردنی بەرەیەک بۆ لاوازکردنی ڕۆڵی مەلا مستەفا، ڕێگەی پێدان بە دەرکردنی ڕۆژنامەی النور.

(٥) شكر خدو محمود، المسألة الكوردية في العراق، ترجمة عيدي حاجي، دهوك، مطبعة خاني، ٢٠٠٨، ص ٣٦٤.

گووت: "چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێویستە ببێتە بەشێک لە کارە دیموکراسییە گشتییەکان لە کۆماری عێراقدا"(١).

ئەحمەد حەسەن بەکر، عەزیز شەریفی بۆ دانوستانکردن ناردە لای بارزانی کە یەکێک لە کەسایەتییە چەپەکانی عێراق بوو. لە هەمان کاتدا یەکێتیی سۆڤێت بە شێوەیەکی نافەرمی نێوەندگیری بۆ دۆزینەوەی شێوازێکی ڕێککەوتن لە نێوان دەسەڵات لە بەغدا و شۆڕشی کوردی کرد. ئەم نێوەندگیریانە کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لەسەر قایلکردنی مەلا مستەفا بۆ چوونە نێو بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ بەعسدا(٢).

لە ١٩٧٠/١/١دا، شاندی حوکمی بەسەرۆکایەتی حەماد شەهابی سەرۆکی ئەرکانی سوپا و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش گەیشت(٣). شاندەکە نامەیەکی ئەحمەد حەسەن بەکری(٤) بۆ بارزانی پێ بوو. لە ئەنجامی هاتنی ئەم شاندە، سەرکردایەتی کورد لە ١٩٧٠/١/٤ دەستی کرد بە کۆبوونەوەی چڕ، بۆ وتوویژ لەسەر ئەو خاڵانەی لەگەڵ شاندی حکوومەتدا باسیان لەسەر کرابوو، سەرەڕای پێکهێنانی شاندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی کورد، کە وەڵامی بارزانیی بۆ بەکر هەڵگرتبوو. شاندەکە لە مەحمود عوسمان، نافز جەلال، نوری شاوەیس، ساڵح یوسفی، محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان، موحسین دزەیی و دارا تۆفیق پێکهات و لە ١٩٧٠/١/٧ گەیشتنە بەغدا. شاندەکە ماوەی هەفتەیەک لەگەڵ شاندی حکوومەتدا خەریکی وتوویژ بوو.

لە ١٢ی هەمان مانگدا، سەدام حوسێن لەگەڵ شاندێکی فەرمیدا گەیشتە بارەگای بارزانی(٥). سەدام بەوە دەستی پێکرد: "هاتووم بۆ ئەوەی گوێبیستی باوکی ئیدریس بم، (مەبەستی بارزانی بوو) تا ئەویش گوێبیستی من بێت. من هاتووم بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێک ببەستین و تەنیا ڕاگرتنی جەنگ نەبێت هەروەک هەموو ئەوانەی پێش خۆمان"(٦). پاشان سەدام داوای کۆبوونەوەی دوو قۆڵی لە بارزانیی کرد. مەسعود بارزانی لەبارەی ئەم دیدارە کە بۆ ماوەی سێ کاتژمێر بەردەوام بوو دەڵێت: "مەلا مستەفا، لەبارەی ناوەرۆکی کۆبوونەوەکە بە کەسە تایبەتییەکانی گووت: سەدام حوسێن داوای لێ کردم ببمە پشتیوانی بۆ

(١) جريدة الراصد، نقلا عن شاكر خدو، المسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٣٦٥.

(٢) عزيز السيد جاسم، القضية الكردية ومنظومات الوحدة الوطنية المقدمية، بغداد، دار الحرية، ص ١٣.

(٣) شاندە فەرمییەکە پێک هاتبوو لە فەریق حەماد شەهاب سەرۆکی ئەرکانی سوپا، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش، هەروەها عەبدولخالق سامەرائی و فەریق سەعدون غەیدان و مورتەزا حەدیسی و سەمیر عەزیز نەجم کە هەموویان ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بوون، عەزیز شەریف و فواد عارفیشیان لەگەڵدا بوون.

(٤) دەقی نامەکە پاشکۆی ٤٣.

(٥) شاندەکە پێک هاتبوو لە سەعدون غەیدان، عیززەت مستەفا، عەمید ئیسماعیل تایەی فەرماندەی فیرقەی دوو، عەقید تاریق توفیق ئامیر لیوای دوو و بەرزان تکریتیی برای سەدام.

(٦) كمال محمد العبيدي، السلام وبيان آذار التاريخي، بغداد، ١٩٧١، ص ١٧.

بەهێزکردنی پێگەکەی لەناو سەرکردایەتی خۆیاندا[1]، ئەویش ئامادەیی نیشاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بنچینەی حوکمی زاتی، پەیمانیدا بە داماڵینی چەک لە سەرجەم بەکرێگیراوانی کورد بەبێ جیاوازی، هەروەها داوای کرد دوای داماڵینی چەک لێیان مامەڵەی خراپ لەگەڵ بەکرێگیراواندا نەکەین. گوتی ئێمە داوای ڕادەستکردنەوەی چەکە سووکەکانتان لێ ناکەین، بەڵکە ئامادەین بۆ پێدانی ئەوەی داوای دەکەن، جگە لەوە ئێمە چاوەڕێی ئەوەتان لێ دەکەین لە دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتن چەکە قورسەکان ڕادەست بکەنەوە. هەروەها بەڵێنیدا بەوەی پارێزگاری لە بەشێکی پێشمەرگە وەک پاسەوانی سنوور بکات"[2]. لە دوای ئەمەیش دانوستان لە نێوان هەردوولا دەستی پێکرد. سەدام حوسێن بە هۆیەوە جەختی لە ئامادەیی حکوومەتەکەی کردەوە بۆ سەرجەم ئەو ڕێککەوتنانەی لەوەوپێش بە هۆی وتووێژەوە گەیشتونەتە ڕێککەوتن و بە مەلا مستەفای گووت کە ئەو بەبێ ڕێککەوتن ناگەڕێتەوە بۆ بەغدا[3].

لە ٢٨ی کانونی دووەمی ١٩٧٠دا، شاندێکی تری فەرمی بە سەرۆکایەتی فەریق حەردان تکریتی هات. لە میانەی دانوستانەکان لەگەڵ بارزانیدا باس لە کێشەی کەرکووک کرا. عەبدوڵا سەلام ئەندامی شاندی دانوستانکار و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش گوتی: من دەڵێم کەرکووک کوردستانی نییە، کێ پێچەوانەی ئەوەم بۆ دەسەلمێنێ؟ بارزانی بەتوڕەییەوە وەڵامی دایەوە، من دەڵێم کەرکووک کوردستانییە، هۆشداریدا لە گوتنی کەرکووک کوردستانی نییە، بەڵکە بڵێ ئێمە داگیرمان کردووە، تا یەک کورد لە کەرکووک مابێت، هەر کوردستانییە، باش بزانە ئێمە هەرگیز دەستبەرداری کەرکووک نابین[4].

کەشی کۆبوونەوەکە کتوپڕ تاریک بوو، گفتوگۆکان نزیکەی دوو کاتژمێرێک وەستان، پاشان دەستیان پێ کردەوە و چوونەوە سەر وردەکارییەکان. خاڵەکان لەلایەن هەردوو شاندەکەوە خرانەڕوو، شاندەکە لە ٣٠ی مانگ گەڕایەوە بۆ بەغدا و بڕیار درا شاندی کورد بچێتە بەغدا. لە ٢٩ی کانونی دووەمدا یەڤگینی بریماکۆڤ گەیشتە لای بارزانی و نامەیەکی لە کرێملینەوە پێ بوو تایبەت بە پەیوەندییەکانی ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا. لەم چوارچێوەیشدا پێشمەرگە هێرشی کردە سەر جاش و جیابووەکان، کە ساردیی نێوان هەردوولای لێ کەوتەوە. سەدام حوسێن بروسکەیەکی ئاگاداریی ئاراستەی ئیدریس بارزانی کرد و تێیدا داوای وەستانی ئەو کارە سەربازییانەی دژی ئەو هێزە نا ڕێکخراوەی هاریکاری سوپا بوون،

---

(١) بەم نـــیتودیە جەخت لە ململانێی نێو کابینەی حکومەت لە بەغدا دەکاتەوە کە بووە هۆی لەناوبردنی هەندێکیان لەلایەنی ئەوانی ترەوە.

(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٣٥.

(٣) هارڤي موريس وجون بلوج، مصدر سابق، ص ١٢١.

(٤) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٣٩.

کرد. هەموو لایەک پێیان وابوو دانوستانەکان هەرەسیهێناوە، بەڵام کاروبارەکان گەڕانەوە بۆ ڕەوتی خۆیان و لە ڕۆژی ٩ی ئایاردا شاندێکی گەورە بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن گەیشتە کوردستان[١].

لە کۆبوونەوەکاندا ڕێککەوتن لەسەر هەموو شتێک کرا. یەکەم جار بوو لە مێژووی نوێدا بەڵگەنامەیەکی یاسایی لە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییەوە لەڕووی سیاسییەوە دان بنێت بە مافەکانی گەلی کورددا. ڕێککەوتنەکە چارەسەرێکی پێشکەوتووانە و یەکسان بوو بۆ کێشەی کورد، سەرکەوتنێکی گەورەیش بوو بۆ گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی. سەدام حوسێن دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە داوای کرد هەردوو کوڕی بارزانی، واتە ئیدریس و مەسعود هاوڕێیەتی بکەن و شاندێکی کوردیش لە ئاهەنگەکانی بەغدا لەگەڵیاندا بەشداربن[٢].

## ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار[٣]

ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠ بە گرنگترین دەسکەوتە مێژوویەکانی گەلی کورد هەژمار دەکرێت. بە ئامانجی تێگەیشتن لە واقیع و مەرجەکانی ڕێککەوتنەکە، پێویستە پاشخانی مێژووی و واقیعی و هەلومەرجەکانی و گرنگترین ئەو هۆکارانەی ڕێخۆشکەر بوون بۆ ئەم ڕێککەوتنە بناسین، کە ئەمانە بوون:

1. **هۆکارە دەرەکییەکان:**

لەسەر ئاستی دەرەکی، دەستوەردانەکانی یەکێتی سۆڤێت لەساڵی ١٩٦٩، لە هۆکارەکانی ئامادەسازی بوو بۆ ڕێککەوتنەکە، لەم ساڵەدا عەزیز شەریف، کەسایەتیی پێشکەوتنخوازی عێراقی سەردانی مۆسکۆی کرد و داوایان لێ کرد ڕۆڵی هەبێت لە چارەسەری کێشەی حکوومەتی عێراقی لەگەڵ کورد و کۆتایی پێهێنانی جەنگدا[٤].

ئێران لەگەڵ بەعسدا ناکۆک بوو، بە هۆی چەوساندنەوەی شیعەکان لە عێراق وەک دەڵێ، هەروەها بە هۆی چاوتێبڕینی لە کەنداوی عەرەبی و ئەو ڕق و کینە مێژووییەی لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەبوو. لە سەرەتاکانی نیسانی ١٩٦دا، هەڵوێستی ئێران بەردەوام بوو، لە کاتێکدا شا لاوازی و پەرتەوازەیی حزبی بەعس و کێشەی سوپاکەی لە کوردستان قۆستەوە و بە ئاشکرا ڕێککەوتننامەی ٤ی تەموزی ١٩٣٧ی نێوان عێراق و ئێرانی هەڵوەشاندنەوە[٥]، عێراقیش بە ڕاگواستنی کوردی فەیلیی شیعە بۆ ئێران بەرپەرچی

---

(١) شاندەکە پێکهاتبوو لە عەبدولخالیق ئەلسامەڕانی، ساڵح مەهدی عەماش، مورتەزا حەدیسی، تارق عەزیز، ئیسماعیل تایە نوعەیمی، محەمەد عەلی سەعید، عەزیز شەریف و فواد عارف.

(٢) شاندەکەی کورد پێکهاتبوو لە دکتۆر مەحمود عوسمان، ساڵح یوسفی، نوری سدیق شاوەیس، ئیدریس و مەسعود بارزانی، سامی عەبدولڕەحمان، موحسین دزەیی و دارا تۆفیق.

(٣) دەقی بەیاننامەکە پاشکۆی ٤٤.

(٤) گونتر دشنر، احفاد صلاح الدین الأیوبی، مصدر سابق، ص ٣٥٩.

(٥) عبدالخالق ناصر، الطائفیة السیاسیة في العراق ـ العهد الجمهوري، دار الحكمة، لندن، ٢٠١٣، ص ٢١٤.

دایەوە. ئێران وەک پەرچەکردارێک لەسەر ئەم ڕێوشوێنانە هاوکارییەکانی بۆ شۆڕشی کوردی زیاتر کرد کە وای لە بەرپرسانی بەعس کرد چاو بە سیاسەتەکانیان بەرامبەر کێشەی کورد بخشێننەوە[١]. پێوەندیی تورکیایش بە عێراقەوە باش نەبوو، ئەوەیش لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان پێکهاتەی تورکیا وەک ئەندامی ناتۆ و هۆکاری دووەم: تورکیا هەڵوێستی تەماشاکاری بەرامبەر عێراق بینی کاتێک هێرشی دەکردە سەر کورد، لە هەمان کاتدا عێراق چەندین جار داوای هاوکاری و داخستنی سنوری لە تورکیا کرد بۆ گوشار خستنەسەر بزووتنەوەی کورد[٢].

بەڵام لە سوریا، حزبی بەعسی سوری، واتە ئەو باڵەی دژی حزبی بەعسی فەرمانڕەوا بوو لە عێراق لە ساڵی ١٩٦٨ دەرکەوت، دژایەتی عێراقی دەکرد و پێچەوانەی خواستی ئەو کاری دەکرد.

**٢. هۆکارە ناوخۆییەکان:**

ئەو هێرشە فاشییانەی کە حکوومەتی عێراقی بە بەردەوامی دژی کورد بەکاری دەهێنا، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول بە درێژایی ساڵانی ١٩٦٩، بە هۆکارێکی ناوخۆی گرنگ بۆ ڕێککەوتن دادەنرێت. لەم ماوەیەدا سوپا ڕۆچووە چەند جەنگێکەوە و شکست بووە بەشی هێزی عێراقی. سەرکەوتنەکانی بارزانییش حکوومەتی ناچار و زەبوون کرد بۆ دانیشتن لەسەر مێزی دانوستان، بۆ چەندین جار و لەمانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٩دا، دەسەڵاتی عێراقی دەستی بە هێرشێکی فراوان بۆ سەر پارێزگاکانی باکوور کرد، ئەمە بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ بۆ جارێکی تر لە نێوان حکوومەتی ناوەندی و بارزانیدا بەشێوەیەکی ترسناک، جارێکی تر هێزی عێراقی پڕچەک بە پێشکەوتووترین ئامێرە سەربازییەکانەوە لە لەناوبردنی هێزەکانی پێشمەرگەدا شکستیهێنا[٣].

لە ٢٠ی کانونی دووەمی ١٩٧٠، کودەتای چەند ئەفسەرێکی سەربازی و سیاسی شکستی هێنا[٤]. سەرەڕای زیادبوونی ڕۆڵی بەرهەڵستکاران کە خۆی لە حزبی شیوعی و نەتەوەییە کوردییەکاندا دەبینیەوە، ئەمەش بووە هۆی پەلەکردن لە دۆزینەوەی ڕێگەیەکی ئاشتی لەگەڵ کورد.

لەم بارودۆخەدا بەغدا دەسپێشخەری کرد و پەیوەندی بە بارزانییەوە کرد، ئەویش وەک نەریتێکی ئەزموونەکانی پێشوی هەرگیز گفتوگۆی ڕەت نەکردۆتەوە. ڕابەری کورد خۆی چەندین گوشاری ناوخۆی و

---

(١) المصدر السابق، ص ٢٢٨.

(٢) يونان هرمز، أيمي في ثورة كردستان، أربيل، مطبعة التربية، ٢٠٠١، ص ١١.

(٣) أدموند غريب، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٧٩.

(٤) ئەو ئەفسەرانە عەبدولغەنی ڕاوی و عەبدولڕەزاق نایف سەرۆکوەزیری دەرکراو بوو کە مەسعود بارزانی دەڵێت ئەم دوو ئەفسەرە دوو جار هاتنە بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەران و داوای هاوکارییان لێ کرد لە جێبەجێکردنی کودەتای سەربازیی پلانبۆداڕێژراو، بەڵام بارزانی پرۆژەکەی ڕەت کردەوە، چونکە بۆی دەرکەوت ئەوان چارەسەرێکی مافوولیان بۆ کێشەی کورد پێ نەبوو. (مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٢٣).

هەرێمی لەسەر بوو، کەمترینەکەی شکستی هەوڵەکانی بۆ دەستەبەرکردنی هاریکاریی ئەمریکا بۆ بزووتنەوەکەی بوو، لە لایەکەوە و زیادبوونی ڕێژەی هاوکارییە سەربازییەکان لە نێوان هێزی عێراقی و بەرەی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانی لەلایەکی ترەوە بوو[1].

لەلایەکی تریشەوە هێزی عێراقی بە درێژایی ساڵانی ١٩٦٨ بۆ ١٩٦٩ لە جەنگیدا دژ بە جەنگاوەرانی کورد چەند شکستێکی خوارد، سەرباری گەلێک قوربانی و بارگرانیی سیاسی و ئابووری.

سەبارەت بە بارگرانییە ئابووریەکان کە لەو کاتەدا پاڵیان بە بەغداوە نا بۆ هەڵبژاردنی دانوستان لەگەڵ بزووتنەوەی کوردیدا، گۆڤاری نیومدل ئیستی بەریتانی توێژینەوەیەکی بڵاو کردەوە کە جەنگی عێراق دژی کورد نزیکەی ٣٠٪ی لە بودجەی عێراقی ١٩٦٩ تێچووە[2].

بەڵام لەلایەنی سیاسیەوە، بەغدا ترسی لە فراوانتربوون و گەورەتربوونی ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا هەبوو، بە تایبەت دوای ئاشکراکردنی ئەوەی سەرۆکی ئەمریکی نیکسۆن لە دوورگەی گوام لە زەریای هێمن لە تەموزی ١٩٦٩دا کردی بۆ دارشتنەوەی ئیدارەکەی لەسەر هاوکاری ئەو ڕێکخراوانەی پاڵپشتی وڵاتەکەی دەکەن، لەڕاستیدا بەغدا هەڵە نەبوو لە ڕاپۆرتەکەیدا چونکە ئێران لە پێشەنگی ئەو وڵاتانە بوو کە نیکسون مەبەستیەتی.

بەڵام کورد بە درێژایی دەیەی شەشەمی سەدەی بیستەم، ڕووبەڕووی زەرەر و زیانێکی مادی و دەروونی گەورە بووەوە بەهۆی بەرێوەچوونی چالاکی و ڕاپەڕینەکان، توێژەری بەریتانی ئەکداول ڕاپۆرتی ئەو لێژنەیەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەگوێزێتەوە، جەنگی کورد و عێراق لە ماوەی نێوان ١٩٦١ـ١٩٧٠ ڕووی دا، خاپووورکردنی هەزاران خانووی لە حەوت سەد گوندی کوردی و ئاوارەکردنی نزیکەی سێ سەد هەزار کەس لێ کەوتەوە، سەرەڕای کوشتن و بریندارکردنی شەست هەزار کەسی تر[3].

حەردان تکریتی، جێگری سەرۆک کۆمار و وەزیری بەرگری لە حکوومەتی بەعسدا لە ساڵی ١٩٦٨ لەبارەی بارودۆخی بەر لە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار دەڵێت: "لە ڕاستیدا کورد بە توانای خۆڕاگیرییان، پاڵەوانانە توانیان وا لە دەسەڵاتی بەغدا بکەن بە چۆکدا بێت، بە ڕادەیەک ئێمە دەترساین بەردەوامی جەنگ ببێتە هۆی ڕووخانی بەغدا، کۆی گشتی قوربانییەکانی سوپا بەر لە مانگەکانی ١١ی ئادار گەیشتە ٣٢٥ کەس هەفتانە لە نێوان کوژراو و بریندارردا"، حەردان دەڵێت: "مەبەست لە دانوستانەکان سازشکردن بوو لەسەر داخوازییەکانی مەلا مستەفا، بەو هیوایەی دەستەمۆی بکەین، بەڵام ئەو لەوە بەهێزتر و

(١) عبدالكريم مدي، البارزاني ومبدأ الحوار، مؤتمر ذكرى الستين لميلاد البارزاني الخالد، صلاح الدين ١٩٩٣/١١٧، مطبعة خەبات، کردستان، ١٩٩٧، ص ١٧٨.

(2)New middle East ،p25 ،London 1970

(٣) ديفيد مكدول، تاريخ الأكراد الحديث، مصدر سابق، ص ٩١.

زیرەکتر بوو، لەبەر ئەوە لە یەکێک لە بەندە نهێنییەکانی بەیاننامەکەدا مەرجی مانەوەی ٢٥ هەزار ئەفسەری لە پێشمەرگە لە چەکدا هەبوو، کە پێمان بەخشی"[١].

هەموو ئەم هۆکارانە پاڵیان بە سەدام حوسێنی بەهێزترین کەسایەتی لە دەسەڵاتی بەعسدا نا، لە ساڵی ١٩٦٨دا بە هەموو توانا و قورساییەکەوە لە پێناو گەیشتن بە چارەسەری ئەم کێشەیە.

ئێوارەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆک کۆمار و سەرۆکی سەرکردایەتی شۆڕش، بەشە ئاشکراکەی ڕێککەوتنەکەی بڵاو کردەوە و بە بەیاننامەی حوکمی زاتی ناسرا. ڕێککەوتنەکە لە پازدە بەند پێکدەهات کە دانپێدانانی بە نەتەوەی کوردی لەخۆ دەگرت و ڕێگەی دەدا بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە پەروەردە و فێرکردن و بەشداریکردنی کورد لە حکوومەتی ناوەندیدا بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتووان بەو مەرجەی جێگری سەرۆک کورد بێت[٢]، بەڵام کێشە بنچینەییەکان، کە جێی ناکۆکیی نێوان هەردوولا بوون، وەک گەڕانەوەی شاری کەرکووک و مەودای ناوچەی حوکمی ئۆتۆنۆمی، لە پاشکۆیەکی نهێنیدا باسی لێوە کرا، تا بەڕێوەچوونی سەرژمێریی دانیشتووان بۆ دیاریکردنی مەودا و سنوری حوکمی زاتی، بەو پێیەی ئەم ڕێککەوتنە لە قۆناغێکی ئەزمونیدا کە ماوەی چوار ساڵە جێبەجێ دەکرێت، لە کۆتایی ئەم قۆناغەدا دامەزراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەیەکجاری ئاشکرا دەکرێت[٣].

گرنگترین بەندی ڕێککەوتنهکە دانان بوو بە هەبوونی شەرعیی نەتەوەی کورددا لە بەندی دەیەمدا. هەروەها ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کرا چاکسازی لە دەستوری کاتیدا وەک ئەمەی خوارەوە بکرێت:

أ. گەلی عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت، کە نەتەوەی کورد و عەرەبن، ئەم دەستورە بڕیار لە مافە نەتەوەییەکانی کورد و مافی کەمینەکان بە تایبەت لە چوارچێوەی یەکپارچەیی عێراقدا دەدات.

ب. زیادکردنی بڕگەی (زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکاندا زمانی فەرمی دەبێت) لە مادەی چواری دەستوردا.

ج. جێبەجێکردنی هەرچیی لە دەستوری هەمیشەییدا هاتووە[٤].

هەروەها ڕێککەوتنەکە خوێندنی زمانی عەرەبیی لە سەرجەم قوتابخانە کوردییەکاندا هەروەک زمانی کوردی وەک زمانی دووەم لە سەرجەم ناوچەکانی عێراقدا لەخۆ دەگرت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کورد لە پێشوودا بێبەش بوون لە هەردوو لایەنی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری، پێویستە پلانێک بۆ چارەسەری ئەم بارودۆخە دابنرێت، لە ڕێگەی دەستوبردکردن لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

(١) جريدة الناس، بغداد، العدد في ٣١٢، ٢٠٠١/٨/١٦، من اوراق توما توماس.
(٢) بيان ١١ آذار ١٩٧٠، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد.
(٣) عبي السبجاري، القضية الكردية وحزب البعث الاشتراكي، العراق، دهوك، ٢٠٠٦، ص ١٨٧.
(٤) درية عوني، عرب وأكراد، مصدر سابق.

شۆڕشدا لەبارەی زمان و مافە ڕۆشنبیرییەکان بۆ گەلی کورد و کردنەوەی قوتابخانەی زیاتر لە ناوچە کوردییەکاندا و فراوانکردنی وەرگرتنی قوتابیانی کورد لە زانکۆ و کۆلێژە سەربازییەکان و توێژینەوەکاندا بە ڕێژەیەکی دادپەروەرانە، پێویستە دامەزراندنی کاربەدەستان و فەرمانبەران لەو یەکە ئیدارییانەی زۆرینەیان کوردن لە کورد یان ئەوانە بن کە بەباشی زمانی کوردی دەزانن[1]، بوژاندنەوەی ناوچە کوردییەکان لە هەموو بوارەکاندا و تەرخانکردنی بودجەیەک بۆ ئەو مەبەستە، دیاریکردنی نەخشەڕێگەیەکی ئابوری بۆ بەرەوپێشبردنێکی هاوسەنگی هەموو ناوچەکانی عێراق، هەروەک لە دەقی ڕێککەوتنەکەدا هاتووە، پەلەکردن لە جێبەجێکردنی چاکسازیی کشتوکاڵی لەگەڵ لێبوردنی جوتیاران لەو قەرزە کەڵەکەبووانەی لەسەریانە. هەروەها لە دەقی ڕێککەوتنەکەدا هاتووە لەسەر ئەوەی یەکێک لە جێگرانی سەرۆک کۆمار دەبێت کورد بێت، ڕێگە و ماف بە کورد بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی نەتەوەی دەدات، هاوشێوەی ڕێکخراوە عێراقییەکان و ڕێکخستنەوەی یاسای پارێزگاکان، تا لەگەڵ ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار ١٩٧٠دا بگونجێت. لە دەقەکەدا هاتووە لەسەر بەکارهێنانی سامانە سرووشتییەکانی ناوچەی حوکمی زاتی، لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا دەبێت و بەشی کوردی لە دەسەڵاتی یاساداناندا بە گوێرەی ڕێژەی ژمارەیان لە دانیشتوانی عێراق دەبێت.

بەیاننامەکە بە پابەندیی حکوومەت دادەنرێت بۆ هاتنەدی دوو ئامانج:

**یەکەم:** جێبەجێکردنی داواکارییەکانی کورد لەبارەی مافە نەتەوەیی و ڕەواکان، لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتوودا.

**دووەم:** سەپاندنی ناوەندێتی دەسەڵات، چەسپاندنی یەکگرتووی و یەکپارچەیی نیشتمان، لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نەتەوە فەرمیەکاندا.

ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتنە شکۆیەک بوو بۆ ئەو ڕووداوانەی نیشانە و بەڵگەی مێژویی هەبووە، پێشوازییەکی فەرمی و نەتەوەیی شاندی کوردی لە بەغدا لێکرا، بەکر لەبەردەم شاندەکەدا ئاشکرای کرد گەلەکەمان بە کورد و عەرەبەوە گەڕاوەتەوە بۆ یەکگرتووی و ئیدی پەیوەندییە برایەتیەکان لەسەر بنچینەگەلی پتەو دادەمەزرێن و ئەم یەکگرتنە پچڕانی بۆ نییە[2].

بەکر گوتیشی: چارەسەری کێشەی کورد لە پێشەنگی ئەو کێشە نیشتمانیانەوە دێت کە شۆڕش ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بەتایبەت نەبوونی توانای دەسەڵاتدارانی پێشوو لەسەر تێگەیشتن و نەبوونی ئارەزوویەکی ڕاستگۆیانە لە چارەسەرکردن و دانانی ڕێگەچارەی دروست بۆیان، هەردووکیان هاوڕێ لەگەڵ قۆستنەوەی داگیرکار و هاوکار و کرێگرتەکانی بوونە هۆی ئاڵۆزی زیاتر، تا وای لێهات بووە کێشەیەکی

---

(١) بیان ١١ آذار ١٩٧٠، وزارة الثقافة والاعلام، بغداد.

(٢) أدموند غريب، مصدر سابق، ص ٨٩.

نیوچە ئەستەم، بەتایبەت دوای ئەوەی توندوتیژی لە چارەسەرکردنیدا بۆ ماوەی چەند ساڵێک جێی گفتوگۆی دیموکراسییانەی گرتبووەوە[1]

لە گوتارێکی دەنگیدا لە هەمان ڕۆژی ئاشکراکردنی بەیاننامەکەدا، مەلا مستەفا لە کوردستانەوە **گوتارێکی** زیندووی پێشکەش کرد و باسی ئاسۆفراوانیی سەرکردە بەعسییەکانی تێدابوو[٢]، بروسکەیەکیشی بۆ بەکر نارد و هەوڵ و کۆششی بەعسی پیشاندا و جەختی لە هاوکاریی کارای گەلی کورد، بۆ بەرخودانی دادپەروەرییانەی گەلی عەرەب دژی دوژمنەکانی کردەوە. بۆ دڵنیاییدان لە نیازپاکی **شۆڕشگێرانی کوردیش، کورد** یەکیەرە کارگێڕییە کوردییەکانیان هەڵوەشاندەوە. جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان کە بووبووە هاوبەشی ڕاستەقینەی بەعس، حزبی بەعس ڕایگەیاند کە کێشەی کوردی لە ماوەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١، یەکێک بووە لە دیارترین ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی حکوومەتی عێراق بووەتەوە، جا چونکە بەعس لە کێشەکە تێدەگات، بۆیە دەسەڵات ڕاشکاوانە هاواری کرد کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەییە لە بنچینەدا، کە داگیرکەران و کۆنەپارێزان هەوڵی شێواندن و لاوازکردنیان داوە.

سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بە گەرموگوڕی و خۆشییەکی گەورەوە پێشوازییان کرد لە هەوڵی ڕێککەوتنەکە و سەرلەبەری عێراق بە درێژایی و بەپانی ئاهەنگیان گێڕا و بەیاننامەکە پشتگیرییەکی ناوخۆیی و جیهانی فراوانی لێکرا[٣]. سەرکردایەتی کورد نامە و بروسکەی پیرۆزباییان بەسەردا باری بە تایبەت لەلایەن بریجنێڤی سەرۆکی سۆڤیێتەوە[٤].

**حزبی شیوعی عێراق پیرۆزبایی** لە هەردوولا کرد، هەروەها سەرۆکی میسر عەبدوناسر نامەی پیرۆزبایی بەم بۆنەیەوە نارد. هەموو هێزەکان جەختیان لە پاڵپشتی ڕێککەوتنەکە کردەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا جەختیان لەوە کردەوە کە کێشەی نەتەوایەتیی کورد، بە سرووشتی حاڵ، چارەسەرێکی دیموکراسییانە دەخوازێت. بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە ڕێکخستنی سیاسی و دەسەڵاتی یاساداناني هەڵبژێردراوەوە هەیە. کۆنگرەی جیهانیی هێزەکانی ئاشتیش لە ٢٥-٣١ی تشرینی دووەمی ١٩٧٣دا لە مۆسکۆ بەسترا، بڕیارێکی دەرکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

"کۆنگرە پێشوازیی لە سیاسەتی حکوومەتی عێراقی بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە ئاشتییانە و دیموکراتییانە لەسەر بنچینەی خۆبەڕێوبەری کورد بەپێی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دەکات، کۆنگرە

---

(1) صحيفة الثورة، بغداد، في ١٩٧٠/٣/١١.

(٢) صحيفة الثورة، بغداد، في ١٩٧٠/٣/١٢.

(٣) چەند بەڵگەنامەیەکی جیهانیی هێزەکانی ئاشتی- مۆسکۆ، ڕاپۆرتی لیژنەی حەوتەم، لە عەلی سنجارییەوە وەرگیراوە: القضية الكردية، مصدر سابق، ص ١٩١.

(٤) دەقی نامەکەی بریجنێڤ و وەرگێڕدراوەکەی لە پاشکۆی ٤٥.

ئەم بەیاننامەیە وەک نموونەیەکی گونجاو ستایش دەکات تا لایەنەکانی دیکەی ناوچەکە چاوی لێ بکەن"[1].

ڕۆژنامەی التآخي زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستانیش گوتارێکی بڵاو کردەوە تێیدا هاتبوو کە: "چارەسەری کێشەی کورد بەرئەنجامی کۆششی هەردوو حزبی پێشکەوتنخواز و تەواوی هێزە پێشکەوتنخواز و دیموکراتەکانی تری وڵاتە، بە پشتبەستن بە باوەڕی هاوبەش بە بنەماکانی پێشکەوتن لە مافی چارەی خۆنووسیندا[2] و هەردوولا لە مانگی هەنگوینیدا ژیان دەگوزەرێنن"[3].

**لە ڕێککەوتنەکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە:**

١. ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، ئەنجامی ئەو بارودۆخە تایبەتە بوو کە پێوەست بوو بە کۆمەڵێک هۆکارەوە، ئەم هۆکارانەیش دروستکراوی ڕەوشە نێودەوڵەتییەکانی ناوچەکە بوو، بە هەمان شێوە ئاکامی بزوتنەوەی ناوخۆی عێراق و سرووشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و بەرخودانی کورد بوو لەو کاتەدا، واتە لە باوەڕەوە نەهاتبوو بەڵکە لەژێر گوشاری ئەو هۆکارانەدا بوو.

٢. ڕێککەوتنی ١١ی ئادار بە بەڵگەنامەیەکی سیاسی و دەستوری دادەنرێت. بگرە بە یەکەم بەڵگەنامەیش دادەنرێت کە بۆ یەکەم جار دانی بە بوونی نەتەوەی کورددا وەک بەشێک لە دەوڵەتی عێراق نا. لە چوارچێوەی ئەم بەڵگە نامەیشدا بۆ یەکەمجار دان بە مافە نەتەوەیی و کەلەپورییەکانی گەلی کورددا نرا.

٣. ڕێککەوتنەکە بە خاڵێکی گرنگ و بەڵگەیەک لەسەر زیرەکی و لێهاتوویی سەرکردایەتی بارزانی بەر لە چوونە ناو دانوستانەکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی دادەنرێت، لە کاتێکدا بە دەست ململانێ ناوخۆییەکانەوە دەیناڵاند. بەندەکانی ڕێککەوتنەکە لە ڕووی تیۆرییەوە باش بوون، بەڵام لەسەر ئاستی جێبەجێکردن و کارپێکردنیەوە کارەکە ڕەهەندیکی تری وەرگرت، ئەو بەندانە لە ناوەرۆک بەتاڵ کرانەوە، بەڵکە لە ماوەی یەکەمی قۆناغی ڕاگوزەری لە بەرێوەچوونی ڕێککەوتنەکە نیازەکان لەسەر ئەوە بینا دەکران بەیاننامەکە بکرێت بە بەیانێکی تەواو ڕواڵەتی.

هەر بۆ نموونە بەیاننامەی ١١ی ئادار ئەو ناوچانەی دیاریی نەکردبوو کە حوکمی زاتی دەیانگرێتەوە، بەڵکە ئەم دیاریکردنە وازی لێ هێنرابوو بۆ گوزارشتێکی تەماوی "ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکانی

---

(١) نقلا عن صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق. مصدر سابق، ص ٩٨.

(٢) جريدة التآخي، في ١٢ ايلول ١٩٧٠.

(٣) نمونەیەک لە پەیوەندیی دۆستانەی نێوان هەردوولا نامەیەکی بەکرە بۆ بارزانی بە بۆنەی یادی شۆڕشی ئەیلوولەوە، پاشکۆی ٤٦.

کوردن" بۆ دیاریکردنی ئەم زۆرینەیەیش دەبوو سەرژمێریی دانیشتوان ئەنجام بدرێت، کە هەرچەند کورد داوای کرد ئەم کارە ئەنجام نەدرا[1]. سەرباری ئەوەیش ئەو هەڵسوکەوت و ڕووداوانەی لەپاش ئەوەوە ڕوویاندا، وایان کرد تۆوی ئەو گومانانەی کە لە بنچینەدا هەبوون، پەرە بسێنن و گەشە بکەن، لەو ڕووداوانەیش هەوڵە شکستخواردووەکانی تیرۆرکردنی ئیدریس بارزانی و پاشان مەلا مستەفا خۆی، کە دەرکەوت دەزگا هەواڵگیرییەکانی عێراق بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستیان تێدا هەبوو.

گومان لە نیازەکانی حزبی بەعس بەرامبەر کورد[2]، یان هەر کەمینەیەکی تر بە هەوەنتە نایەت، بەڵکە لە ئەدەبیاتی حزب و لە پەیماننامەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەتا لە بەندی حەوتی دەستوری حزبی بەعسدا کە پیرۆزیەتییان پێ داوە، هاتووە "زەوییەکانی عەرەب لە چیاکانی تۆرۆس و چیاکانی حەبەشە و بیابانەکانی و ئۆقیانوسی ئەتڵەسی و دەریای ناوەڕاست و چیاکانی پشتکوێ و کەنداوی عەرەب و ئۆقیانوسی عەرەبی دیاری دەکات، ئەم ناوچانە جگە لە عەرەب کەسی تری تێدا نیشتەجێ نییە، ئەوەی لە چوارچێوەیشیدا بژی عەرەبە"، بەپێی ئەم پێناسەیە، دەستوری حزب دان بە هیچ کەمینەیەکی تر لەم ناوچانەدا و لە نێویشیاندا کوردستانی عێراق کە دانیشتووانەکەی کوردن، نانێت. ئەم تێڕوانینە تا دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئادار مایەوە، پاشان وەچەرخانێکی گشتگیر لە چەمکەکاندا ڕوویدا وەک ئەمەی کە لە خوارەوە هاتووە:

لە کۆنگرەی هەشتەمی حزبی بەعسدا کە لە کانونی دووەمیی ١٩٧٤دا بەسترا، پەیڕەوی حزب هەموار کرایەوە، بە شێوەیەک دان بە نەتەوەی کورددا نرا، لەسەر بنچینەی ئەوەی بەشێکە لە بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی. دەستوری کاتی عێراقیش هەموار کرایەوە و ئەوەش گوترا کە پێکهاتەی عێراقی لە دوو نەتەوەی سەرەکی ئەوانیش کورد و عەرەبن پێکدێت، کە بە گوێرەی یاسا مافی خۆبەڕێوەبەرییان هەیە[3].

---

(١) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق مصدر سابق، ص ٣٦٤.

(٢) گومان و نیازخراپیی نێوان هەردوولا گەیشـــتە ئەوەی بارزانی دڵنیا نەبوو لەوەی یەکێک لە کورەکانی بنێرێت بۆ بەغداد، ئەم نامەیەی خوارەوەیش کە بارزانی بۆ سەدامی نارد جەخت لەم گومانە دەکاتەوە... :

برای بەڕێز سەدام حسێن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش،

سڵاو و ڕێز

هیوادارم هەردەم پاش و تەنـدروســـت بن، کـاک مەحمود محەمەد هەواڵی پێ دام کە بەنیازن دووان لە برایانتان بنێرن بۆلامان تاکو مەســعودی کوڕم بنێرم بۆ چاوپێکەوتنتان لە بەغدا، ئێمە لای خۆمانەوە ئامادەین دڵسـۆزانە هاوکار بین بۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان و ئەوپەڕی کۆشش بکەین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی شیاو بۆ کێشـــەکان کە گەلی عێراق بە دەســـتیانەوە گیرۆدەن، گەر پێویســـت بە چاوپێکەوتن دەکات ئەوە ئێمە ئامادەیی تەواومـان هەیە بۆ وەڵامـدانەوە بۆی لە کـاتی گونجـاودا. دواتر کـاک محەمەد مەحمود بە شـــێوەیەکی زارەکی وردەکاریی زیاتر دەخاتە بەردەست، هەر سەرکەوتوو بن.

براتان مستەفا بارزانی

١٩٧٣/١/٢١

(٣) محاضرة الســـيد رجائي فايد في ملتقى الحوار العربي الكردي في القاهرة في مايو ١٩٩٨، القاهرة، من منشـــورات مدبولي، ١٩٩٩، ص ١٣٤.

بۆ دڵنیابوون لەو گومان و نیازە نادروستانەی بەر لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، حەردان تکریتی جێگری سەرۆک کۆمار دەڵێت: "بڕیارماندا ماوەی کۆتاییهاتنی جەنگ بۆ گرتنەخۆی لایەنگرانی کۆمەڵی جەلال تاڵەبانی دوژمنی هەمیشەیی مەلا مستەفا و کۆمەڵەکەی بقۆزینەوە، بۆ تیرۆرکردنی مەلا مستەفا، چونکە حزب نەیدەتوانی هەموو بەندەکانی بەیاننامەی ١١ی ئادار جێبەجێ بکات، چونکە ئەوە واتە بەخشینی گەورەترین کێڵگەکانی نەوتی عێراق، کە کێڵگەی کەرکووکە، بە کورد، بۆیە حزب بڕیاریدا یەکێك لەم دوو نەخشەیە جێبەجێ بکات:

١. ئاشکراکردنی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئادار لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی سەربازیی فراوانەوە کە هێزە عێراقییەکان ئەنجامی بدەن.
٢. نیشتەجێکردنی خێزانە عەرەبەکان لە ناوچە کوردییەکاندا بەر لە بەڕێوەچوونی سەرژمێری تێیاندا، ئەم کارە پێگەی حزب و مانەوەی فەرمانڕەوایی بە شێوەیەکی یاسایی لەو ناوچانەدا بەهێزتر دەکات[١].

کەواتە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ یاریکردن بوو بە کات، بۆ کۆتاییهێنان بە شۆڕش، ئەوەش بە هەوڵدان بۆ جیاکاری و دروستکردنی پارتی کوردی سەر بە خۆی و بەدەستهێنانی خاوەن کەسایەتییە لاوازەکان بە بەڵێن و فریودان. ئەمەش دوودڵی مەلا مستەفا بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠مان بۆ ڕوون دەکاتەوە[٢]، لەو گوتارەی بۆ ژمارەیەک لە سەرکردایەتی حزب پێشکەشی کرد. بارزانی لە دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکەوە گوتی: "باش بزانن بارودۆخی ئێستا لە پێشوو زۆر ترسناکترە، لە پێشودا ئەو فڕۆکە و تۆپهاوێژانەی بۆردوومانیان دەکردین دەمانبینین، بەڵام ئەمڕۆ تۆپبارانمان دەکەن بێ ئەوەی ببینین، بۆیە پێویستە زۆر هۆشیار بین و نەکەوینە داوی دەسەڵاتەوە و دڵخۆش نەبین و نەڵێین مافەکانمان بەدیهاتوون و هەموو شتێ کۆتاییهات، پێویستە لە هەموو کاتێکی ڕابردوو چاوکراوەتر بین بۆ زانینی نیازەکانی ڕژێم"[٣]. دکتۆر مەحمود عوسمان گەورە دانوستانکاری کورد دەڵێت: ڕێبەری کورد بارزانی ترسێکی زۆر دایگرت لە نیازی بەعسییەکان کاتی خوێندنەوەی دەقەکانی ڕێککەوتن، بەڵام لە کۆتاییدا لەسەر ڕەشنووسی ڕێککەوتنەکە قایل بوو، بەپێی بۆچوونی دکتۆر مەحمود عوسمان ڕەنگە بە هۆی سێ هۆکاری سەرەکییەوە بووبێت:

یەکەم: پێشکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد بۆ قۆناغێکی بەرخودانی باڵاتر پاش سەندنی دانپێدانانی فەرمی لە بەغدا بە مافی کورد لە چوارچێوەی حوکمی خۆبەڕێوەبەریدا.

---

(١) جريدة الناس/ بغداد، العدد ٣١٢ له ٢٠٠١/٨/١٦، من أوراق تۆما تۆماس.
(٢) عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى، مصدر سابق، ص ٣٧.
(٣) حامد يونس خالد، لقائاتي بالقائد الأب مصطفى البارزاني، مقابلة صحفية مع جريدة المدى البغدادية، العدد ٧٤٨، في ١٨ شوباط ٢٠١٠.

دووەم: لەناوبردنی ئەو هاوکارییەی لەنێوان تاڵەبانی و حکوومەتی عێراقدا هەیە.

سێیەم: جێگیرکردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد وەک هۆکارێکی سەرەکی لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا، نکوڵیکردنی ئەم ڕاستییە لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزەوە لەو کاتەدا، یەکێک بوو لە گەورەترین ئەو ئاستەنگە سیاسییانەی بەردەم دۆزینەوەی چارەسەری سیاسیی کێشەی کورد[1].

سەڵاح عومەر عەلی، سەرکردەی بەعسی و ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، گومانەکانی بارزانی لە نیازەکانی سەدام پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت: لەبەر تیشکی ڕووداوەکانی دواتردا، دەرکەوت سەدام حوسێن بە قەناعەتەوە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری واژۆ نەکردووە، ڕەنگە وای دانابێت کە بەرژەوەندیی خۆی و ڕژێم پێویستیان بە ئاگربەستێکە بۆ هەناسەهەڵکێشانێک. سەدام پێی گران بوو لەگەڵ پیاوێکی بەهێزدا (مەبەست لە بارزانییە) پێکەوە بژی، ئەمەیش لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە لەگەڵ بارزانی و بڕیارەکانی دوای ماوەیەکی کورت بۆ تیرۆرکردنی ڕوون دەبێتەوە، ئەوەبوو هەوڵە بەناوبانگەکە بۆ تیرۆرکردنی لە ئەیلوولی ١٩٧١ ڕووی دا[2].

مەلا مستەفا لە وەڵامی هەوڵی تیرۆرکردنەکەیدا بە گوزارشتێکی پێشبینیکارانەوە گوتی:

"عێراق دەوڵەتێکی پۆلیسییە و فەرمانڕەوایی لەلایەن سەدامەوە دەکرێت، کە شێتی گەورەییە و ئارەزوویەکی بێپایانی بۆ دەسەڵات هەیە، حەردان تکریتی و ساڵح مەهدی عەماشی کەنار خست و هەوڵی لابردنی منیشیدا، بەم زووانەیش ئەحمەد حەسەن بەکر لە سەرۆک کۆماری دوور دەخاتەوە"[3]، شۆڕشگێڕانی کورد لە توانایاندا بوو سەدام حوسێن بکوژن، لە کاتی سەردانیدا بۆ کوردستان، بەڵام شۆڕش ئەوەی نەکرد[4].

گرنگ ئەوە بوو بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، گرنگترین هەوڵی سیاسی بوو لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە لە بواری چارەسەری کێشەی کورددا، گرنگیی سیاسیی ئەم بەیاننامەیە لە ناوەڕۆکەکەیدا دەردەکەوێت، کە سێ لە دیارترین ڕاستییە سیاسییەکانی کە هەریەکەیان بەتوندی وابەستەی یەکترن، لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش بریتی بوون لە پارێزگاری لەسەر یەکێتی عێراق، جەختکردنەوە لە مافە نەتەوەییەکانی کورد و دانپێدانان بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا[5].

دەسەڵاتدارانی بەغدا ئامانجیان لە ڕێککەوتنی ئادار باشترکردنی مۆرکێکی پێشکەوتووانە لای یەکێتی سۆڤێت لە دەرەوە بوو، لە ڕووی ناوخۆییشەوە کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە مەیدانی عێراقدا،

(١) سامی شورش، كردستان والأكراد، مصدر سابق، ص ٩٦.

(٢) غسان شربل، العراق من حرب الى حرب، مصدر سابق، ص ١٦٤.

(٣) مجموعة أبحاث للمؤلفين الكرد والروس، البارزاني وشهادة التاريخ، مصدر سابق، ص٩٦

(٤) خالد يونس خالد، لقائي بالقائد الأب مصطفى البارزاني مصدر سابق، ص ١٠٧.

(٥) محمد عزيز الهماوندي، الحكم الذاتي الكردستاني العراقي، مصدر سابق، ص ١٣٥.

سەرەڕای بەدەستهێنانی کات و قەرەبووکردنەوەی زیانە ئابورییەکان و زیادکردنی پشتیوانیی جەماوەری و ئیفلیجکردنی ئەو هێزانەی بەرهەڵستیی دەسەڵات دەکەن لە شیوعیەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ بوونی ئارەزووی ئاژاوە و درز و بۆشایی لە پێکهاتەی هێزە سیاسییەکان و ڕاکێشانی لایەنە نێوەندگیرەکان[1].

حزبی بەعس وەک شێوازی هەمیشەیی خۆی، بۆ قوتاربوون لە مەلا مستەفا، هەوڵی تیرۆرکردنیدا، کەچی حکوومەت پاش ماوەیەک هەوڵەکانی دایە پاڵ نازم گزاری بەڕێوبەری ئاسایشی گشتیی عێراق[2]. لە هەمان کاتدا حزبی بەعس تەرکیزی لەسەر دوو کاری گرنگ کردەوە:

دۆزینەوەی گەورەترین درز و کەلێن لە بەرەی پارتی و دروستکردنی سەرکردە و پارتی کوردی کە بەرهەڵستیی پارتی بکەن، کۆچپێکردنی ژمارەیەکی زۆری عەرەب بۆ ناوچە کوردییە ئارامەکان، لەگەڵ دابینکردنی زەوی بۆ ماڵ و شوێنی نیشتەجێبوون بەخۆڕایی و بەخشینی پلە و پۆست پێیان بۆ بەردەوامییان لە خەوشدارکردنی پێکهاتەی دانیشتووان لە بەرژەوەندی عەرەب[3].

کورد هەستی کرد ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، تەنیا ئاگربەستێک بوو لە نێوان دوو خولی شەڕدا، پێشکەوتنەکانی ناوچەی کەنداو لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەمدا، بە شێوەیەکی کاریگەر ڕۆڵیان هەبوو لەوەی کێشەی کورد بچێتە قۆناغی ئەوپەڕی مەترسییەوە، چونکە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران، کە ئێران سێ دورگەی عێراقی (تونبی گەورە، تونبی بچووک و ئەبو موسا)ی داگیر کرد، گەیشتنە ترۆپک. ئەو بۆشاییەی کشانەوەی بەریتانیا لە ١٩٧١ دروستی کردبوو، بووە هۆی توندبوونەوەی ململانێی نێوان عێراق و ئێران بۆ سەپاندنی هەژمونی خۆیان بەسەر کەنداودا[4]، چونکە توانستە سەربازییەکانی شا لە سایەی پاڵپشتیکردنی ئەمریکادا، وایان لە سەدام حوسێن کرد بە دوای پشتیوانێکی بەهێزدا بگەڕێت و لە ڕکابەریی شادا بیهێڵێتەوە. ئەوە بوو ڕووی لە یەکێتی سۆڤێت کرد، کە لە ١٩٧٢ پەیماننامەی هاوکاری و دۆستایەتیی بۆ پێدانی چەک و شارەزایانی سەربازی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ مۆر کرد،[5].

---

(١) درية عوني، مصدر سابق، ص ٩١.

(٢) مەسعود بارزانی دەڵێت جەلال تاڵەبانی لە ١٩٨٣ پێی گوتم کاتێک لە بەغداد دانوسانم دەکرد، لە سەدام حسێنم بیست کە هەوڵی تیرۆرکردنی بارزانی بە ئاگاداریی ئەو بووە و پێی ناخۆش بووە کە کردەوەکە شکستی هێناوە و بارزانی تووش نەبووە، مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٦٠.

(٣) صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ١٠١.

(٤) اسامة الغزالي حرب، التطور التاريخي ودوافع الحرب، مجلة السياسة الدولية، عدد ٦٣، ١٩٨١، ص ٦٩.

(٥) روح الله رمضاني، سياسة الإيران الخارجية ١٩٤١ ـ ١٩٧٣، ترجمة علي حسين فياض وعبدالمجيد جودي، البصرة، ١٩٨٤، ص ٣٤٥.

## پاش ١١ی ئاداری ١٩٧٠

لە ماوەی مانگێک لە پاش واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە، حکوومەت لیژنەیەکی لە هەشت کەس، کە چوار کورد و چوار عەرەبی لەخۆ دەگرت بۆ جێبەجێکردنی پێکهێنا.

بەپێی مادەی دووەم بەکر دەستکارییەکی وەزارەتی کرد و پێنج کوردی ناسراوی دامەزراند، هەروەها بە گوێرەی مادەی ٤ و ١٣ ئەندامانی پارتی لە سەرۆکایەتی سلێمانی و هەولێر و دهۆک دامەزران، سەرای ژمارەیەکی زۆر پێگەی نزمتر[١]، لە کۆتایی مانگی نیساندا، وەک لە مادەی یەکەمدا هاتبوو، زمانی کوردی لە کوردستان بەکار دەهێندرا و ڕۆژنامەکان دەرکەوتن[٢]، یەکێتی نووسەران و کۆمەڵەیەکی ڕووناکبیری هاتنە دامەزراندن (مادەی ٣)، لەولایشەوە لە مانگی ئایاردا، وزە و پارە وەبەرهێندران بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و چەک لە جاشەکان سەندرایەوە.

حکوومەت ڕازی بوو مووچەی پێشمەرگە وەک پاسەوانانی سنوور بدات[٣]، پاشان وردە وردە مانگی هەنگوینی ڕووی لە ئاوابوون کرد. هێشتا شەش مانگ بەسەر واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکەدا تێنەپەڕیبوو چارەنووسێکی خراپ چاوەڕێی کوردی فەیلیی دەکرد[٤]. ئەوان ڕێگەیان پێ نەدرا لەدایکبووانیان لە لیستی تۆماری گشتیی ناسنامەدا تۆمار بکەن و چەند ڕێنماییەک دەرچوون کە فەرمانگەکانی تاپۆ ڕێگە نەدەن بە هەر کەسێک ناسنامەی عێراقی نەبێت موڵکی بۆ گوازرێتەوە، دواتر دەسەڵات دەستی کرد بە دوورخستنەوەی چەند کۆمەڵێک لێیان بۆ دەرەوەی سنوور، کە ژمارەیان دەگەیشتە پەنجا هەزار کەس، گەرچی بەڵگەنامەیەکیان شک نەدەبرد مۆڵەتی مانەوەیان پێبدات یان بیسەلمێنێت کە ئێرانین، هەروەک دەسەڵات هەزاران کوردی یەزیدیی ناچار کرد لە نزیک زاخۆ بەدوای پەناگەیەکدا بۆ خۆیان بگەڕێن، هەروەها جووتیارانی گوندی غبرە لە پارێزگای کەرکووک ناچار کران زەوییەکانیان بۆ خێڵێکی عەرەب چۆڵ بکەن[٥] و لە گوندەکە دەربچن، ئەو کاتە سەرەتای سیاسەتی کۆچپێکردن بوو.

لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧١دا، بەکر پێشنیاری کرد ئەنجوومەنێکی نیشتمانی لە سەد ئەندام پێکبهێنرێت کە هەڵبژاردنیان لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە بێت، بە نوێنەرایەتییەکی ڕێژەیی، لەسەر بنەمای پێشنیارە هاوبەشەکانی بەعس، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک بارزانی ئەم پێشنیارانەی ڕەتکردەوە و لەم مانگەدا ڕۆژنامەی التآخي، زەماتحاڵی پارتی گوتارێکی بڵاوکردەوە تێیدا هاتووە:

---

(١) جريدة الثورة، بغداد، في ١٩٧٠/٤/٨.

(٢) حامد محمود عيسى القضية الكردية في العراق من الاحتلال مصدر سابق، ص ٣٥٦؛ ودرية عوني، عرب وأكراد، مصدر سابق، ص ٩٠.

(٣) درية عوني، عرب وأكراد، مصدر سابق، ص ٩٠.

(٤) أدموند غريب، مصدر سابق، ص ١٠٦ ـ ١٠٧.

(٥) دەقی نامەکانی نێوان بارزانی و بەکر و سەدام حاڵەتی دڵەڕاوکێ دەربدەخەن لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداردا، پاشکۆی ٤٧.

"ئەوەی گەلی کورد داوای دەکات، بە کورتی لە جێبەجێکردنی لە دەق و ناوەرۆکی ڕێککەوتننامەی ئادار بەدەر نییە، بەشداریی تەواو لە فەرمانڕەوایی وڵات و دیاریکردنی ناوچەی کوردی، بەدەستهێنانی خۆبەڕێوبەری لە وادەی خۆیدا، بەرەوپێشبردنی ناوچەی کورد بە تەواوی وەک سەرجەم ناوچەکانی دی و پێکهێنانی ڕژێمێکی دیموکراسی لە چوارچێوەیدا دڵنیایی بداتە گەلی کورد لەسەر ئەو مافانەی وەدەست هاتوون کە جێگەی مشتومڕ نین، بەڵام بەدەستهێنانی ئەم ئاواتانە واتای جیاکردنەوەی نییە لە دانانی ئاستێک بۆ هەوڵی پەرت پەرتکردنی بزووتنەوەی نیشتمانی کورد و پاکتاوکردنی سەرکردایەتیەکەی[1].

لە کانونی یەکەمی ١٩٧١دا، ئیدریس بارزانی بۆ چاودێریی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار ڕووی کردە بەغدا و لەگەڵ سەرۆک کۆمار و جێگرەکەی و هەندێک لە بەرپرسان کۆبووەوە، کاتێک لە بەغدا بوو دووچاری پلانگێڕییەک بووەوە، بەڵام چارەنووس ڕزگاری کرد، بەپەلە لە بەغدا دەرچوو و شاندەکەی لە بەغدا بەجێهێشت و لە کاتی سەرکەوتنی ئۆتۆمبێلەکەی ئیدریس بارزانیدا دوچاری تەقەکردن بوونەوە، پلانگێڕان بە گەشتەکەی ئیدریس بارزانییان بۆ کوردستان نەزانی بوو، وایان گومان برد ئەوە ئۆتۆمبێلی تایبەتی خۆیەتی[2]، بێگومان ئەم پلانگێڕییە بەربەستێکی لە بەردەم جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنی ئاداردا دروست کرد، سەدام حوسێن نامەیەکی بۆ بارزانی نارد و خۆشحاڵی خۆی بۆ سەلامەتی ئیدریسی کوڕی دەربڕی[3].

کورد بۆی دەرکەوت کە بەعس لەپێناو بەدەستهێنانی کاتدا کار دەکات، ساڵی ١٩٧١ بێ متمانەییەکی لە نێوان هەردوولادا بەخۆیەوە بینی، کێشەی سەرەکی دیمۆگرافی بوو، ئەو سەرژمێرییەی لە دەقی مادەی ١٤دا بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان هاتووە کە لە مانگی کانونی یەکەمی ١٩٧٠ نەخشەی بۆ کێشرابوو، تا بەهار بە ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی دواخرا، بەڵام کاتێک بەهار هات، جارێکی تر بە شێوەیەکی یەکلایەنە بۆ کاتێکی نادیار دواخرا. مەلا مستەفا هاتە لای حکوومەت بۆ ئەوەی ئەو عەرەبانەی لە ناوچە کێشە لەسەرەکان لە کەرکووک و خانەقین و شەنگالن بیانگەڕێنێتەوە و بە حکوومەتی ڕاگەیاند ئەنجامی ئەو سەرژمێرییەی کە دەریخستووە زۆرینەیان عەرەبن، قەبووڵ ناکات[4]. هەروەها خستنەڕووی سەرژمێریی ١٩٦٥ی بەوپێیەی فرتوفێڵی تێدا کراوە ڕەتکردەوە، بەمەش پەیوەندیی نێوان هەردوولا تێکچوو[5] و نیازی خراپ جێگەی لێکتێگەیشتنی نێوان هەردوولای گرتەوە.

---

(١) جريدة التآخي، في ٢٢ تشرين الثاني ١٩٧٢.

(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٣٥٨.

(٣) دەقی نامەکە پاشکۆی ٤٨.

(٤) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ١٠٢.

(٥) نمونەیەک لە نیازخراپی و کەلەکۆمەکیی نێوان لایەنە سیاسییەکان لە بەغدا، نمونەی نامەکەی جەلال تاڵەبانی بۆ بارزانی لە ١٩٧٢/٦/٢٢ پاشکۆی ٤٩.

حکوومەت لە ئەیلوولی ١٩٧١دا، هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفای دا. شاندێك لە پیاوانی ئاینی (مەلا)[1] سەردانی مەلا مستەفایان کرد، بۆ ئەوەی بزانن ئەو ئامێرە تۆمارکردنانەی کە پێیان بوو پڕبوون لە تەقەمەنی و هەموویان کوژران، بەڵام مەلا مستەفا تووشی هیچ زیانێک نەبوو.

سەرکردایەتی حزب و شۆڕش کۆبووتەوە و هەندێکیان داوای پچڕاندنی پەیوەندیی ڕژێم و دەستپێکردنەوەی جەنگیان کرد، بەڵام بارزانی ناڕەزایی دەربڕی و گوتی: نا، ئەگەر دەستمان کردەوە بە جەنگ با لەپێناو کەرکووک و خانەقین و شەنگال بێت نەک بەهۆی منەوە[2].

لە ڕاستیدا ئەو کارە دوژمنکارییەی لە ٢٩ی ئەیلوولدا ڕوویدا، هەموو ئومێدێکی بۆ چارەسەری ئاشتی ڕەواندەوە و ڕوون بووەوە کیشەکە کێشەی کاتە و متمانەیش بە تەواوی نەما.

لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧١دا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کۆبوونەوە و بڕیاریاندا بە ناردنی یاداشتێک بۆ ڕژێم و داوای دیاریکردنی هەڵوێستێکی ڕوون و دیاریکراوی بە ئامانجیان کرد، ئاماژەیان بەوە کرد کە بارودۆخەکە نا ئاساییە و پەیوەندییەکان گەیشتوونەتە ئاستی سارد و سڕی و نیگەرانی کە پێویستە کارێکی ئەرێنی ئەنجام بدرێت[3].

لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٧١دا، دوو نێردراو لەلایەن سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکرەوە هاتنە لای بارزانی و نامەیەکی زارەکییان گواستەوە کە سکاڵای حاڵی خۆی لە پیاوانی دەسەڵات دەکرد، گوتی کاربەدەستان گوێبیستی ئەو نین و کار بە ئامۆژگارییەکانی ناکەن[4]. دوای ڕێککەوتنی هاوڕێیەتیی نێوان سۆڤێت و عێراق لە نیسانی ١٩٧٢، مەلا مستەفا هاوکاریی دەرەکی بینییەوە کە چاوی لێی بوو[5]، هاوکاریی زیاتری لەلایەن شاوە کە هەستی بە مەترسی کرد لە ڕێککەوتنەکە پێگەیشت، هەروەک ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بڕیاری دابوو[6]، پاڵپشتی ئێران بکات بۆ وەستانەوە لە ڕووی دەستوەردانی زیاتری سۆڤێت لە ناوچەکەدا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشتر خۆی دوورەپەرێز دەکرد لە هاوکاریکردنی کوردی عێراق، بە هۆی ئەو کاریگەرییە گەورەیەی ئەم کارە لەسەر تورکیا و ئێرانی هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتوەکان هەیبوو.

---

(١) ناوەکانیان :عەبدولجەبار ئەعرەجی، عەبدولوەهاب ئەعزەمی، عەبدولحسێن دەخیل، یاقی موزەفەر، ئیبراهیم خوزاعی، غازی دەیلەمی، ئەحمەد عەبدوڵا یاسین هیتی، نوری حسێنی، ئەحمەد محەمەد قاسم، دوو شۆفێرەکەیش:سلێمان کوخی و محەمەد کامیل ئیسماعیل، پاشکۆی ٥٠.

(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٦٥.

(٣) دەقی یاداشتەکە پاشکۆی ٣٨.

(٤) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٦٧.

(٥) أدموند غريب، القضية الكردية في العراق، ص ١٤٠.

(٦) ديفيد مكدول، تاريخ الأكراد الحديث، مصدر سابق، ص ١١٧.

هاوکاریی ئەمریکا و ئێران بۆ کوردی عێراق بە ئومێدی سوودوەرگرتن بوو لەو بارودۆخەی شیاوی چارەسەر نەبوو، ئەوەی عێراق لەسەر دەستی کورد بێهێز دەکات، کە سازشیان لە حوکمی خۆبەڕێوبەری نەدەکرد، نەک بیانەوێت بزووتنەوەی کورد سەربکەوێت و خزمەت بە داهاتووی کورد بکەن[1].

لەم سەروبەندەدا یەکێتی سۆڤێت، کە پێی خۆش نەبوو کورد ڕوو لە خۆرئاوا بکات، بۆ هێورکردنەوەی ترسەکانی لەبارەی پەیمانی هاوڕێیەتی لەگەڵ عێراق کۆششی کرد، بەڵام مەلا مستەفا پێی وابوو هاوپەیمانی و پاڵپشتیکردنی خۆرئاوا توانابەکی زۆر زیاتری دەوێت.

لە ۱۹۷۲/۹/۲۲دا سەرکردایەتی باڵای حزبی بەعس یاداشتێکی ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد و تێیدا باسی لە مێژووی پەیوەندییەکانی هەردوولا و گرنگترین کۆسپ و تەگەرەکان کردبوو، کە ئۆباڵی دۆخەکەی خستبووە گەردنی لایەنی کوردی، یاداشتەکە جەختی لەوە کردبووەوە کە بەعس لە کاتی دەستپێکردنی دانوستانەکان لەگەڵ کورد لە پێگەی لاوازییەوە نەبوو، پاشان یاداشتەکە هێرش دەکاتە سەر لایەنی کوردی و بە هەڵگیرسانی کێشەی وەک تەقاندنەوەی بۆرییە نەوتەکان تۆمەتباری دەکات، یاداشتەکە باسی لەو کارە باشانەی حکوومەت کە لە ۱۷ی تەموزی ۱۹٦۸ بۆ کورد هاتووەتە بەرهەم، کرد، وەک پێکهێناتی کۆڕی زانیاریی کورد و دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی و بەپارێزگابوونی دهۆک.

تایبەت بە جیابووەکان یاداشتەکە باسی لەوە کردبوو، کە بەعس ئارەزووی نێوەندگیری و چارەسەرکردنی کێشەکانی لەنێوان پارتی و ئەوانەی لێی جیابوونەتەوە هەبووە، بەڵام سەرکردایەتی پارتی تاکلایەنانە ئاشتەواییان لەگەڵ نەیارەکانیاندا کرد، ئەمەیش بەپێی بۆچوونی یاداشتەکە بەڵگەیە لەسەر خراپی نیازەکان، پاشان یاداشتەکە باسی بەرهەمەکانی ڕێککەوتننامەی ۱۱ی ئاداری کرد، پاشان یاداشتەکە دەست دەکات بە پێچلێدان، کاتێک دەست دەکات بە باسکردنی دامەزراندنی بەڕێوبەرەکانی ئاسایش و هەموارکردنەوەی یاسای پارێزگاکان و بەڕێوەچوونی سەرژمێری لە ناوچە جیاوازەکانیدا، پاشان یاداشتەکە پەیوەندیی سەرکردایەتی کورد و ئێران و گرنگترین جومگەکانی باس کردبوو. باسی لەوەیش کرد کە پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتی کورد و سەرکردایەتی بەعس لە عێراق گەیشتووەتە بنبەست[2].

یاداشتەکە ئاماژەی بەسەرهەڵدانی قەیرانی نێوان حکوومەت و بزووتنەوەی کورد کرد و لە چەند خاڵێکدا کورتی کردبووەوە لەوانە:

١. هەوڵی پارتی بۆ پێدانی مۆرکی سەرکەوتن و سەپاندنی چارەسەر بە چارەسەری ئاشتییانە، نەک مۆرکی تەبایی نیشتمانی و دیموکراسی.

---

(١) لە ڕاپۆرتی لیژنەی پایک بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، وەرگیراو لە ـ دیڤید مکدول، تاریخ الأكراد الحديث، مصدر سابق، ص ٤٩٩.

(٢) محمود الدرة، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ٣٣٨ ــ ٣٤٠؛ مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٣١٥.

٢. ناوچەی کوردستان بە ئاراستەیەکی دوور لە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی و ڕێبازەکەی بە تێڕوانین لە هەژمونی هێزی چەکداری سەر بە بزووتنەوەکەیدا هەنگاو دەنێت، یاداشتەکە دانی بە ڕوودانی هەڵە لەلایەن حکوومەتی عێراقییەوە نابوو، ئەوەیش لەبەر ئەوەی بەشێک لە دامودەزگا و ئیدارەیی و ئەمنییەکان کە مافی جێبەجێکردنی بەیاننامەی ١١ی ئاداریان لە ئەستۆدا بوو، دەرکیان بە ناوەرۆکی بەیانەکە و بەها سیاسی و یاساییەکەی نەکردبوو، بە پشتبەستن بەم تێگەیشتنە هەڵەیە دامودەزگاکان لە هەڵسوکەوت و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەوڵەت لە کوردستان دەرچوون[١].

هەوڵە پلانگێڕییەکان لەسەر ژیانی بارزانی و هەڤاڵانی لە ڕێگەی دانانی تەڵە و بۆسە و ناردنی تەقەمەنی زۆر و ژەهراویکردنەوە بەردەوام بوون. لە ١٠ی مانگی تەموزی ١٩٧٢دا، کورد یەکێک لە سەرکردەکانی لە دەستدا ئەویش نافز جەلال حەوێزیی وەزیری کشتوکاڵ بوو، کە بە پێکدادانی ئۆتۆمبیلەکەی لەگەڵ ئۆتۆمبیلێکی سەربازیدا کۆچی دوای کرد[٢]. لە ١٥ی تەموز، ئیبراهیم کاباری دەستگیر کرا، کە کوردێکی سوریایی بوو، جانتایەکی بۆمبرێژکراوی پێ بوو بەنیاز بوو لە کاتی دیداری لەگەڵ بارزانیدا بیتەقێنێتەوە[٣]. لە هەمان مانگدا حکوومەتی عێراق بڕیاریدا بە گواستنەوەی ٢٥٠٠ کرێکاری کوردی لە کۆمپانیای عێراقی بۆ کاروباری نەوت لە کەرکووک بۆ دەرەوەی پارێزگاکە.

لە کۆتایی تشرینی دووەمی ١٩٧٢دا، پارتی لە وەڵامەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە سەرجەم پلە و پۆستە گرنگەکان لە حکوومەت و هێزی چەکداریدا حزبەکەتان (حزبی بەعس) قۆرخی کردوون، لەگەڵ گرتنەبەری سیاسەتی ترسناکی تایبەت بە داهاتووی دەوڵەت بە ناوی گەلی عێراق و حکوومەتەکەیەوە، دوور لە چاوی حزبەکان و هێزە نیشتمانیەکانی تر لە عێراقدا، هەروەها کەمکردنەوەی ناوچەی کورد بۆ نزمترین ئاست، لەناوبردنی زۆرێک لە هێزە کوردییەکان، هەروەها بە ئاسانی پەنجەی تۆمەتی بۆ حزبی بەعس و نیازە خراپەکانی ڕاکێشا: سیاسەتی بەعەرەبکردن و دوورخستنەوەی کورد لە دەسەڵاتی یاسادانان و پلاندانانی دەوڵەت، هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا و ئەوانی تر، دروستکردنی لەمپەر و دواخستنی سەرژمێری، دەرکردنی کوردی فەیلی و بۆردومانکردنی هەندێک لە گوندە کوردییەکان، هەستانی دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت بە گرێدانی وەرگرتنی مافە نەتەوەییەکانی کورد بە چەند کۆت و مەرجێکەوە کە لە ڕێککەوتننامەی ئاذاردا نەهاتوون، وەک پێویستە باوەڕبوونی کورد بە عێراق وەک بەشێک لە نیشتمانی عەرەبی و گەلی عێراق بە کورد و عەرەبیەوە بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب. ئاماژەیشی بە هەندێک شتی ئەرێنی کردبوو کە کاری لەسەر کراوە، هەندێک لە بەندەکانی ڕێککەوتنەکە بەکرداری

---

(١) یاداشتی سەرکردایەتیی هەرێمی حزبی بەعسی ئیشتیراکی نێردراو بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٧٢/٩/٢٣، میسر ١٩٧٣.

(٢) منذر الموصلي، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٢٧٩.

(٣) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٦٩.

جێبەجێ کراون، بەڵام جێبەجێکردنی بەندەکانی ٨ ـ ١٤ شکستیهێناوە، بە تایبەت گەڕاندنەوەی گوندنشینەکانی کورد و بەعەرەبکردنی وەک جەنگێکی ئاشکرانەکراو لەسەر گەلی کورد دانا بوو[١].

لە ١٧، ١٨ و ١٩/١٠/١٩٧٢، ڕۆژنامەی الثورة زمانحاڵی حزبی بەعس، سێ گوتاری یەک لە دوای یەکی لەژێر یەک ناونیشاندا "لەپێناو بەهێزکردنی ئاشتی و چەسپاندنی یەکێتی نیشتماندا"[٢]، بڵاوکردەوە، گوزارشتی لە تێڕوانینی بەعس لە بارەی ناکۆکییەکان کردبوو، هەروەک چەندین ڕەخنەی دژ بە سەرکردایەتی پارتی لەخۆ گرتبوو. گوتارەکان ئاماژەیان بەو ئەرکانەی لەلایەن هەردوولاوە جێبەجێ کرابوون کردبوو. بەڵام لە دیدگەی بەعسەوە، تێیاندا هاتبوو کە "حکوومەت ٣٣ خاڵی جێبەجێ کردووە". لە گوتارەکاندا باس لەوە کرابوو کە پارتی بەتەواوی نوێنەرایەتیی گەلی کورد ناکات.

لە وەڵامدا، سەرکردایەتی پارتی لەسەر پەڕەکانی ڕۆژنامەی التآخي زمانحاڵی پارتی، هەڵوێستیان بەرامبەر تۆمەتەکانی بەعس ڕەخنەکانیان خستە ڕوو. لە ماوەی ٢٣ بۆ ٢٨/١٠/١٩٧٢ زنجیرەیەک گوتار بڵاو کرانەوە، لەژێر ناونیشانی "لەسەر ڕێگەی ئاشتی و یەکێتی نیشتمان و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئادار"[٣]، هۆشداری ئەوەی دابوو کە حکوومەت هێشتا سنوورەکانی حوکمی خۆبەڕێوبەریی دیاری نەکردووە، توانایەکی کارای بەرامبەر گەلی کورد نەخستووەتە گەڕ، بۆ بەشداری پێکردنی کورد لە پێکهێنانی وەزارەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا. گوتارەکان نەخشەڕێگەیەکی کارامەی بۆ وەلانانی ناکۆکییەکان لە نێوان هەردوولادا کێشابوو، باسیان لە بابەتی قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن بەعسەوە کردبوو، باسیشیان لەوە کردبوو کە بڵاوبوونەوەی دیموکراسی لە ژیانی سیاسیدا مەرجێکی گرنگە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئەرێنی بۆ کێشەی کورد، بە بەشداریکردنی سەرجەم هێزە نیشتمانیەکان.

گوتارەکان پشتیان بە کۆمەڵێک بەڵگەی بەهێز بەستبوو، بە نیازی ئەوەی بەعس لەو بیروباوەڕانەی کە لەو ماوەی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە ئاماژەی پێیان کردبوو پاشگەز ببێتەوە، هەروەها وەڵامی چەواشەکارییەکانی دەسەڵاتیان دایەوە، گوایە سەرکردایەتی کورد کۆسپ و تەگەرە لە پێش ژمارەی دانیشتووانددا بۆ دیاریکردنی ناوچەی حوکمی زاتی دادەنێت. هەردوو حزب، پارتی و بەعس لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانیانەوە، تۆمەتی کوشتن و فڕاندنەکانیان خستە ئەستۆی یەکتر.

ماوەی ئەو دیبەیت و وتوێژە ڕۆژنامەییانە، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە سیاسەتی حکوومەتدا بەرامبەر کێشەی کورد و پەیوەندییەکانی بەعس و پارتی.

---

(١) وەڵامی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ یاداشتەکەی حزبی بەعس لە ٢٨/١/١٩٧٢، الطليعة، میسر، چەند بەڵگەنامەیەکی بەخشکراو، ١٩٧٣.

(٢) جريدة الثورة ١٧ و ١٨ و ١٩ تشرين الأول، ١٩٧٢ بغداد.

(٣) التآخي، ڕۆژانی ٢٣ ـ ٢٨ی ١٠/١٩٧٢.

لە ماوەی مانگەکانی ساڵی ١٩٧٣دا، چاوخشانەوە بە پەیوەندییەکاندا بە لاوازی مایەوە، بەعس دەیویست هاوکاریی کورد بکات، بەڵام ئارەزووی بەشداری پێکردنیانی لە دەسەڵاتدا نەبوو، حکوومەت داوای لە پارتی کرد بچنە پاڵ بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، بەڵام کورد چوونەپاڵی بەستەوە بە ڕێککەوتن لەسەر سنوری جوگرافیا بۆ ڕێککەوتنی حوکمی خۆبەڕێوبەری و بەشداریکردنی کرداری لە دروستکردنی بڕیار لە حکوومەتدا و هەڵبژاردنێکی ئازاد بۆ هەموو عێراق لە ماوەی ساڵێکدا[1]. لەم کاتەدا بەڵگەی زۆر بەدەست هاتن لە گۆڕینی هاوسەنگیی نەتەوەییدا، بە شێوەیەک چەندین گوند بەتەواوی لە کەرکووک و شێخان و خانەقین بەزۆر چۆڵ کران[2].

ڕژێم پاش ماوەیەکی کورت لە ڕێککەوتنی ئادار توانی، ژمارەیەک لە کادیرانی پارتی و شۆڕش بە هەندێک لە سەرکردەکانیشەوە بە سەرباز بکات، لەوانە عەزیز عەقراویی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و هاشم عەقراویی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پارێزگاری دهۆک، لە پاڵ ژمارەیەک لە خزمەکانیاندا، سەرەڕای ئەوەیش ڕژێم توانی هەندێک لە خزمانی[3] بارزانی لە نێویاندا عوبەیدوڵای کوڕی بارزانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. سەرکردایەتی شۆڕشیش بەم ناوەرۆکەی لای خوارەوە هۆشدارییەکی توندی ئاراستەی کاربەدەستان لە بەغدا کرد:

"هەوڵدانتان بە قۆستنەوەی ناکۆکییە خانەوادەییەکان لە بنەماڵەی بارزانیدا، هاوشێوەی یاریکردنە بە ئاگر، ئاگادارین لە دووبارەبوونەوەی ئەمە"[4].

دەسەڵات هەوڵی بەکارهێنانی ئەوانەیدا. ئەوەبوو ئاماژەی بە عەزیز عەقراوی کرد بۆ پێکهێنانی پارتێک هەڵگری هەمان ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، هەروەها عەبدوستار تاهیر شەریفیشی ڕاسپارد کە یەکێک بوو لە جیابووەکانی ١٩٦٤، تا حزبی دووەم بە ناوی شۆڕشی کوردستان دابمەزرێنێت، پاشان هاتنەپاڵ بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز ڕابگەیەنن.

بەم شێوەیە دیمەنەکان بۆ هەرەسپێهێنانی تەواوی ڕێککەوتنەکە ئامادە کران، بەڵام بە خێرایی ڕووی نەدا، چونکە هەردولا هێشتا ئامادە نەبوون بۆ دەستپێکردنەوەی جەنگ[5].

بارزانی بەستنی کۆنگرەی بێلایەنی لە جەزائیر لە ئابی ١٩٧٣دا قۆستەوە و بروسکەیەکی بۆ کۆنگرەکە نارد تێیدا هاتبوو، لە ئێستادا لە کۆتاییهاتنی وادەی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی حوکمی زاتی نزیک دەبینەوە، لە کۆتایی نامەکەدا ئومێدی بەرامبەر کۆنگرەکە بەوەی هاوکارییەکانی بخاتە گەڕ بۆ

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٩١.
(٢) شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ٢٣٠.
(٣) عادل سجادي، مصدر سبق، ص ٥٧.
(٤) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٩٢.
(٥) أدموند غريب، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ١٢٠.

بەدەستهێنانی حوکمی زاتی شیکردەوە[١]. حکوومەت داوای لە سەرکردایەتی شۆڕشی کورد کرد تێڕوانینیان بۆ حوکمی زاتی بخەنەڕوو، سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیش توێژینەوەیەکی تێروتەسەلی لە بابەتەکە ئەنجامدا و یاداشتێکیان لەم بارەوە پێشکەش بە حکوومەت کرد، دەسەڵات وەڵامی یاداشتەکەی بە پێشکەشکردنی یاسای حوکمی زاتی دایەوە، کە کورد بە یاسایەکی شڕی دادەنا[٢].

حکوومەتی عێراقی وای دانا، ئەو هەموو ئەرکەکانی بە گوێرەی بەیانی ١١ی ئادار جێبەجێ کردووە، لە ڕووی گەڕانەوەی دوورخراوەکان، فێرکاری بە زمانی کوردی، پێدانی مووچەی تەسریحکراوەکان و تۆمارکردنی شەش هەزار کورد لە چوارچێوەی پاسەوانی سنووردا.

بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە مادەی پازدەوە هەیە لە بەیانی ١١ی ئاداردا، کە لە دەقەکەیدا گەلی کورد پشکی لە دەسەڵاتی یاساداناندا هەبێت، حکوومەت پاساوی پێک نەهاتنی ئەنجوومەنی نیشتمانی (دەسەڵاتی یاسادانان)ی بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەوە کردە بیانوو، دەسەڵاتی بەعسی فەرمانڕەوا جەختی لەوە کردەوە ماوەی نێوان دەرچوونی بەیانی ئادار و جێبەجێکردنی حوکمی زاتی دیاریکراوە کە چوار ساڵە[٣]، دواتریش (دەسەڵاتی شۆڕش) ڕووبەڕووی پابەندییەکی شۆڕشگێڕی لە بەرامبەر گەلی عێراقیدا دەبێتەوە ئەوەیش جێبەجێکردنی حوکمی ئۆتۆنۆمییە لە وادەی بڕیاردراودا، لە هەمان کاتدا بەعس پرۆژەکەی پارتی ڕەت کردەوە، گوایە "وەک بنچینەیەک بۆ وتووێژ ناشێت و لە ناوەرۆکیدا حوکمی زاتی نییە"[٤].

لە یەکی تەموزی ١٩٧٣دا، مەکتەبی سیاسی پارتی بەیاننامەیەکی لەبارەی سووربوونی دەسەڵاتی بەغدا لەسەر گۆڕانی واقیعی نەتەوەیی لە کوردستانی عێراق دەرکرد و چاودێرکردنیی ئەم سیاسەتە بەپێداگرییەوە، بەیاننامەکە ئەم سیاسەتەی بە سیاسەتێکی (ڕەگەزپەرستی و بێزراو) وەسف کرد، وەک یەکەم هەنگاو بۆ گۆڕانی واقیعی نەتەوەیی لە بەشە گرنگەکانی کوردستان لەوانە کەرکووک و خانەقین و شەنگال و هەندێک لە قەزاکانی موسڵ و دهۆک، بەیاننامەکە حکوومەتی عێراقی بە بەکارهێنانی چەند ڕێکارێک بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە تۆمەتبار کرد، لەوانە:

١. بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە خێڵە عەرەبەکانی سەر بە دەسەڵات لە پارێزگاکانی تر، بە ئامانجی نیشتەجێکردنیان لە کوردستان.
٢. دروستکردنی ڕق و کینە لە نێوان کورد و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی تر لە ناوخۆی کوردستاندا.

---

(١) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في لشرق الأوسط، مدبولي، القاهرة، ص ٢٢٨
(٢) دەقی یاسای حوکمی زاتی، پاشکۆی ٥٤.
(٣) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق من الاحتلال، مصدر سابق، ص ٣٦٤.
(٤) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ١٠٠.

٣. پیادەکردنی سیاسەتی ترساندن و شێوازی ئامرۆڤانە دژ بە کوردی ئەم ناوچانە و بەخشینەوەی پارە و چەک بەسەر بەشێک لە کوردەکاندا.
٤. کڕینەوەی ماڵ و موڵک و زەویوزار لە ئاغاکانی کورد لەسەر دەستی دەرەبەگەکانی عەرەب بە سەروەت و سامانی دەوڵەت.(١)

جیم هوگلاندی پەیامنێری ئەمەریکی کە چاوی بە مەلا مستەفا کەوتبوو دەڵێت: لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٣، مەلا مستەفا هەستی خۆی نەشاردەوە لەبارەی ئەوەی ململانێیەکی نوێ لە نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی عەرەب دەست پێدەکات، ئەو پێی وابوو ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، کە بەڵێنی حوکمی زاتی و پاراستنی بە کورددا، خەریکە هەرەس دەهێنێت، مەلا مستەفا دەستی بە ئامادەکردنی هێزی پێشمەرگە کردەوە، لە ڕێگەی نێردراوەکەشەوە ڕاستەوخۆ داوای بەدەستهێنانی هاوکاری ئەمریکای کرد(٢).

بەعس چەند کۆڕێکی لەگەڵ ناوەندە سیاسییە جیاوازەکاندا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژەکەی بەست، لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕکردن و وتوێژەکاندا بەرەی نیشتمانی گەیشتە ئەم پڕۆژەیە، ئەو وای دەبینی لەگەڵ مومارەسەی مافە نەتەوەییەکان و بەیاننامەی ١١ی ئاداردا دەگونجێت. بەرەکە پڕۆژەکەی قەبووڵ کرد و لە ١٢ی ئەیلوولدا پێشکەش بە پارتی کرد، دانوستانەکان لە نێوان بەعس و شیوعیەکاندا لەلایەک و پارتیش لەلایەکی ترەوە دەستیان پێ کردەوە. دانوستانەکان بە سەرنەکەوتوویی کۆتاییان هات(٣). بەعس گوتی ئەو سەرنجانەی لایەنی کوردی پێشکەشی کردوون بۆ پڕۆژەیەکی نوێ کە ئاڵۆزترە لە هەڵوێستەکانی پێشووی کورد، لایەنی کوردی لەسەر ئەو دەستەواژەیەی بۆ ناوچە کوردییەکان بەوەی بەشێکە جیا نییە لە زەویی عێراق و گەلەکەی، و بەشێکە جیا نییە لە گەلی عێراق بەرهەڵستی دەربڕی، دەستەواژەی یەکێتی هەڵبژاردنی بە باش زانی(٤).

بەیاننامەی ١١ی ئادار ئەوەی لەخۆ گرتبوو یەکێک لە جێگرانی سەرۆک کۆمار کورد بێت، کەچی لە دەقی پڕۆژەی نوێی کورددا دەڵێت دەبێت جێگری سەرۆک کۆمار کورد بێت، گرنگترین کێشە و ئاڵۆزترینیان دیاریکردنی ناوچەی حوکمی زاتی بوو(٥). ئەو ناوچانەی حوکمی زاتی تێیاندا دادەمەزرێت ئەو پارێزگا و یەکە ئیدارییانە دەبن کە زۆرینەی دانیشتوانەکەیان بە گوێرەی ئەو سەرژمێرییەی بەڕێوە دەچێت کوردن. پێشتر نوێنەرانی پارتی بەر لە بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و لە میانەی گفتوگۆکاندا ڕایانگەیاندبوو کە ئەوان دان بە ڕەوایەتیی ئەو سەرژمێرییەی لە ساڵی ١٩٦٥ بەڕێوە چوو، نانێن و

(١) أمين زكي، لأكراد، مصدر سابق، ص ١٢٧.
(٢) عبدالزهرة فيلي، لمناسبة الذكرى المئوية لميلاد البارزاني، من منشورات اللجنة العليا لاحياء مئوية البارزاني لخالد، ج٢، ص ٩١٥.
(٣) بهاءالدين نوري، مصدر سابق، ص ٤١٧.
(٤) عبدالفتاح علي البوتاني، الملامح الأساسية لشخصية مصطفى البارزاني القيادية الانسانية، دهوك، ١٩٩٦، ص ٢٩.
(٥) علي سنجاري، الحركة التحررية الكردية، مصدر سابق، ص ٥٨.

پێشنیاری سەرژمێری ۱۹۵۷یان کرد، کە ببێتە بنچینەی سەرژمێری، واتە دانپێدانەنانی بە هەر بوونێکی دانیشتوان لە ناوچە کوردییەکاندا لە دوای سەرژمێری ۱۹۵۷، لەبەر ئەوەی عەبدولکەریم قاسم دەیان هەزار عەرەبی عێراقی ڕاگواست و لە هەندێک لە ناوچە کوردییەکاندا نیشتەجێی کردن(۱). ئاڵۆزترینیان کێشەی ناوچەی کەرکووکی دەوڵەمەند بە نەوت بوو، کاتێ وتووێژەکان گەیشتنە ئەم ئاستە، بەعس سەرژمێرییەکەی بە بێ واتا و بێ پاساو دانا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیش بڕیاری سەرژمێریی بۆ کاتێکی تر دواخست(۲).

لە ۷ی تشرینی یەکەمی ۱۹۷۳دا، ڕۆژنامەی الثورة گوتارێکی سەروتاری بڵاوکردەوە، تێیدا گوتی: "نەگەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ بزووتنەوەی کورددا لەبارەی پرۆژەی حوکمی زاتی، کە لە دۆخی پاساداناندا بوو، بێگومان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی شەڕ"(۳). لە هەمان ڕۆژدا و لە ئاهەنگی یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆڤێتدا، تارق عەزیز سەرنووسەری ڕۆژنامەی الثورة، زمانحاڵی حزبی بەعس گوتی: "گومان لەوەدا نییە ناکۆکی لەبارەی پرۆژەکەوە سەر دەکێشێت بۆ هەڵگیرسانەوەی شەڕ"(٤).

بزووتنەوەی کورد هەوڵی گەیشتن بە چارەسەرێکی ناوەندیی بۆ پرۆژەکەدا، بە لابردنی کۆسپی یەکە ئیدارییە جیاوازەکان، لە ناویشیاندا کەرکووک، لە دیاریکردنی ناوچەی کوردستاندا، ئەوەیش کێشەی سەرەکی بوو، بە هەرحاڵ بزووتنەوە هەوڵی دوورەپەرێزیی دەدا لە جەنگ تەنانەت لە نەبوونی ڕێککەوتنیش لەگەڵ حکوومەتدا.

سەڵاح سەعدوڵا دەڵێت: پرسیارم لە مەلا مستەفا کرد، چی بکەین ئەگەر لەگەڵ حکوومەت ڕێک نەکەوتین؟ مەلا مستەفا وەڵامی دایەوە: هیچ شتێک ناکەین، لە شوێنی خۆمان دەمێنینەوە(٥).

دیداری تایبەتی محەمەد مەحمود عەبدولڕەحمان (سامی) لەگەڵ سەدام حوسێن لە ۱ و ١٦ی کانونی یەکەمی ۱۹۷۳دا بەڕێوە چوو. سامی دوو ڕاپۆرتی بۆ بارزانی کە کاروبارێکی زۆر گرنگییان لەخۆ گرتبوو نارد، بە تایبەت زمانە هەڕەشە ئامێزەکانی بە سازشکردن لەسەر نیوەی شەتولعەرەب(٦).

کۆبوونەوەکان لە نێوان دەسەڵات و شاندی کورددا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی حوکمی زاتی بەردەوام بوون. بەم بۆنەیەوە بارزانی نامەیەکی نووسی بۆ هاندانی دانوستانکاران هەرچیی زووترە بگەنە ئەنجامی ئەرێنی و دوورکەوتنەوە لە نەرێنییەکان(۷). شاندەکان لە نێوان گەڵاڵە و بەغدادا دەهاتن و دەچوون.

---

(۱) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ۱۰۲.

(۲) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، القاهرة، مدبولي، ۱۹۹۲، ص ٢٢٦.

(۳) جريدة الثورة ۷ اكتوبر ۱۹۷۳.

(٤) صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ۱۰٤.

(٥) المصدر السابق، ص ۱۰٤.

(٦) دەقی دوو ڕاپۆرتەکە پاشکۆی ٤٤.

(۷) دەق و وێنەی نامەکە پاشکۆی ٤٥.

بارزانی و سەدام دوو نامەیان لەسەر حوکمی زاتی [١]، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ئیدریس بارزانی بچێتە بەغدا بۆ وتووێژکردن. دەستبەجێ ئیدریس بارزانی بە سەرۆکایەتی شاندێک کە لەگەڵ سەدامدا کۆبووبوونەوە سەفەری کرد. شاندەکە بە ئیدریسیان گوت: لەگەڵ باوکت ڕێککەوتووین یاسای حوکمی زاتی پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ئاداردا دەربچێت و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەو پرۆژەیاسایەی بەم دواییانە **بۆمان ناردن بۆچوونی کۆتایی ئێمەیە**، پێمان خۆشە لەسەری ڕازی بن، دەمانەوێت بە **باوکت بڵێیت ناچارمان مەکەن سازش بۆ شای ئێران بکەین**، گەر قەوارەی عێراق بکەوێتە مەترسییەوە، ئەوکات بۆ نەهێشتنی مەترسییەکە واز لە کەنداوی عەرەب بۆ شا دەهێنین، ئەمەیش برینێکی قووڵ لە دڵماندا دروست دەکات، گەر ناچارمان بکەن بەم کارە بەرپرسیارییەکە لەسەر ئێوەیە و باجە قورسەکە دەدەن. ئیدریس لە وەڵامدا گوتی: باشتر وایە سازش بۆ گەلی خۆتان بکەن نەک شای ئێران، باشترە بە پێش دەستکردنەوە بە شەڕ بە ویژدانی خۆتاندا بچنەوە، ئەگەرنا متمانەی سەرجەم گەلی عێراق لەدەست دەدەن. پاشان چووەسەر کێشەی کەرکووک و گوتی[٢]: سازشکردن لەسەر کەرکووک و خانەقین و شەنگال کارێکی نەکردەنییە **و ناتوانین پێی قایل ببین. بۆ دوورکەوتنەوە** لە شەڕ تکاتان لێ دەکەم بیر لە چارەسەری کێشەکە بکەنەوە، ئەمەیش تێڕوانینی ئێمەیە:

**یەکەم:** دواخستنی ڕاگە**یاندنی یاسای حوکمی زاتی لە** کاتی دیاری کراوی خۆیدا کە بریتییە لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤، ماوەی شەش مانگ بۆ ساڵێک، کە لەو ماوەیەدا پێکەوە هەوڵ دەدەین دەرچەیەک بۆ کێشەکە بدۆزینەوە.

**دووەم:** ئاشکرا بکرێت ئەو ناوچانە سەر بە کوردستانن، بەڵام لەبەر هۆکاری ستراتیژی لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە حکوومەتی ناوەندی دەمێننەوە.

**سێیەم:** لیژنەیەکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی ئەم سێ ناوچەیە پێک بهێنرێت، کە دەست بکات بە سەرژماردنی دانیشتووان لەسەر بنەمای سەرژمێریی گشتیی لە ساڵی ١٩٥٧، بەو مەرجەی ئەو گزیکارییانەی تاکو ساڵی ١٩٦٣ کراون بەلاوە بنرێن.

**چوارەم:** گێڕانەوەی ئەو کوردانەی دەرکراون و ئاوارە **بوون بۆ شوێنی خۆیان، چونکە** دەچنە ڕێژەی دانیشتووانی ئەم ناوچانەوە.

**پێنجەم:** کارنەکردن بە سیستەمی یەکە ئیدارییەکانی پاش ڕێککەوتنی ١١ی ئادار کە ئامانجی کەمکردنەوەی مەودای ناوچە کوردییەکان بوو.

---

(١) دەقی هەردوو نامەکە پاشکۆی ٥١.

(٢) درية عوني، عرب وأكراد، مصدر سابق، ص ٩٢.

**شەشەم**: هەڵوەشاندنەوەی ئەو هەموارکردنەوانەی بۆ پێکهاتەی نەژادی دانیشتووان، بە هۆی سیاسەتی بەعەرەبکردنەوە کراون[١].

سەدام لە وەڵامدا گوتی: ئەم پێشنیارانە قەبووڵ ناکرێن و تاکە دەریچە لەبەردەمتاندا ڕازیبوونە بە حوکمی زاتی بەو شێوەیەی ئێمە دامانڕشتووە، ماوەی ١٥ ڕۆژ کاتتان هەیە، دواتر هەرکێ ڕەتی بکاتەوە **بە دوژمنی خۆماتی حسێب دەکەین**[٢].

بارزانی نامەیەکی بۆ سەرۆکەکانی دەوڵەتە ئیسلامییەکان نارد و بارودۆخی پەیوەندیی نێوان کورد و سەرکردایەتی عێراقی ڕوون کردەوە[٣].

لە ٩ی ئاداری ١٩٧٤دا ئیدریس لەگەڵ شاندەکەدا گەڕایەوە و مژدەی بەستنی کۆبوونەوەکانی پێدرا و بڕیاردرا هەڕەشەکەی ڕژێم ڕەت بکرێتەوە[٤]، بارزانی لەم بارەوە گوتی[٥]: "خودا شایەتە من ڕقم لە شەڕە، چونکە خراپترین ڕێگەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام بەعس هیچ بژاردەیەکی تری بۆ نەهێشتووینەوە، پێشنیارەکەیشیان هەر بە **واتای سازشکردن دێت لەسەر** کەرکووک و ناوچەکانی تر، کە شتی وا مەحاڵە، با پێشوازیی لە چارەنووس بکەین گەر دیاری کرابێت هەموومان پێکەوە تێدا بچین، چونکە حەز ناکەم کورد بێن و تف لە گۆڕەکەم بکەن **و بڵێن بۆچی کەرکووکت فرۆشت**؟".

بەکورتی هەردوولا بەرامبەر یەکتر نیازیان پاک نەبوو، شێوازی دەسەڵاتیش لەگەڵ کورددا مۆرکی **پلانگێڕیی و دووفاقیی پێوە** بوو و شێوەی فریودانی وەرگرتبوو، کەسە بەکرێگیراوەکانی بەکار دەهێنا، گرنگترین ڕەخنەکانی کورد لە دەسەڵات بریتی بوو لەمانە[٦]:

١. سەرجەم پێگە گرنگەکان لە دەوڵەت و هێزە چەکدارەکاندا لە لایەن بەعسەوە قۆرخ کرابوون[٧].

---

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٣٠٦ ـ ٣٠٩.

(٢) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٩٦.

(٣) دەقی نامەکە پاشکۆی ٥٢.

(٤) الأكراد وصدام حسين في الوثائق السرية الامريكية. جريدة الاتحاد الآخر، السبت،٢٠٠٢/١/٣٠ العدد ٩٣٠، ل ٢٤.

(٥) وريا جاف، مكانة كركوك عند البارزاني الخالد، من منشورات اللجنة العليا لاحياء مئوية البارزاني، هولير، كوردستان، ٢٠٠٣ ل ٩٢٣؛ فؤاد قاسم امير، العراق بين مطرقة صدام وسندان الولايات المتحدة، دار الملاك ٢٠٠٤.

(٦) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٢٧.

(٧) چونکە وەزیرە کوردەکان وەزارەتە لاوەکییەکانیان وەرگرت، وەک وەزارەتی گەشتوگوزار و نیشتەجێکردن و کاروباری کۆمەڵایەتی، چونکە دەسەڵاتەکان هەر لە دەستی پیاوانی بەعسدا بوون و هیچ کوردێک لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش کە سەرچاوەی سەرەکیی یاسادانان بوو وەرنەگیرا. بێگومان وەزیرێکی کورد کە ئامادەی کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بوو لە ئەوروپا ساڵی ١٩٧٣ دەستپێشخەری کرد کە گوتی هەرچەند من وەزیرم و پێگەیەکی باشم هەیە و مافی خۆمە ئۆتۆمبێلی حکومەت بەکار بهێنم، کەچی هیچ دەسەڵاتێکم نییە، تەنانەت بۆم نییە دەرگاوان یان گزگوزارێک دابمەزرێنم، هەروەها لە نێوان خوێندکارانی کۆلێژی سەربازی یاخود کۆلێژی ئەرکاندا لە بەغدا ژمارەیەکی کەمیان کورد بوون، سەرەڕای دامەزراندنی پارێزگاری کورد بۆ سێ پارێزگا کوردییەکان، بەڵام دەسەڵاتی کرداری هەر لای بەڕێوەبەرەکانی ئەمن بوو کە خەڵکی بەغدا بوون. کونتر دشنر، احفاد صلاح الدين الأيوبي، مصدر سابق، ص ٢٩٢.

٢. دامەزراندنی سوپایەکی شەعبی و پێدانی چەک و کەرەستەی جەنگی و سامانی دەوڵەت.
٣. دروستکردنی زیندان و گرتوخانەی تایبەت بە بەعس لە ناوەندەکانی حزب و شوێنە نهێنییەکان.
٤. دادگاییکردنی حزبیی هاووڵاتییان و دەرکردنی بڕیارەکانی لەسێدارەدان دژیان و جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە لە شێوەی تیرۆرکردندا دژ بە زۆرێکیان لە دەرەوە و ناوەوەی عێراق.
٥. دەرکردنی بڕیارە هەستیارەکانی تایبەت بە پاشەڕۆژی وڵات و پەخشکردنی بە ناوی گەلی عێراق و حکوومەتەکەیەوە دوور لە بۆچوونی حزب و وەزیرەکان.

بەیاننامەکە ئاماژەی بەوەیش کردبوو کە بەعس تاکلایەنانە پرۆژەی پەیمانی کاری نیشتمانی دەرکردووە و نەگەڕاوەتەوە بۆ پارتی دیموکرات وەک ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو، ئەوە بوو لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٧١ بە تەنیا بڵاوی کردەوە، لە کاتێکدا کورد دەیویست سەرجەم حزبەکان لەدارشتنەوەی ڕەشنووسەکەیدا بەشدار بن.

**سەبارەت بە دیدگەی بەعس:**

مەلا مستەفا دوابەدوای دەرچوونی بەیاننامەی ئادار، توانی لە سایەی ئەم ڕەوشەدا سەرجەم چالاکیی نەیارە سیاسییەکانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا سست بکاتەوە و بێدەنگیان بکات، بە شێوەیەک خۆی و شوێنکەوتووانی بوونە تاکە هێزێک کوردستانی عێراق و ئەمەش مایەی شانازیکردن بوو.

بەعسیش هەڵوێستی کۆتایی خۆی بەرامبەر بە کورد بەم شێوەیە دیاری کرد[١]:

١. جێبەجێکردنی بنەمایی سەروەریی یاسا و ڕێگرتن لە پیادەکرنی هەر دەسەڵاتێک لە دەرەوەی دامەزراوە دەستوورییەکان.
٢. پەیوەندیی نێوان بەعس و دەسەڵاتی شۆڕش لەلایەک و پارتی لەولاوە دەبێت لەژێر حوکمی بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی شۆڕش و هێزەکانیدا بێت.
٣. پێویستە پارتی بە بڕینی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێرانی کۆنەپارێزدا پابەند بێت.
٤. دەبێت پارتی پابەند بێت بە دژایەتی نەکردنی کەسە نیشتمانیەکانی ئێران و پەنابەرەکانیان ڕادەستی دەسەڵاتەکانی ئێرانیان نەکاتەوە.
٥. پابەندبوونی پارتی بە وازهێنان لە ڕەگەزە دواکەوتوو و شێوێندراوەکانی دوژمنی شۆڕش.
٦. دوورخستنەوەی ئەو سەرۆک خێڵانەی مایە مەترسین لەسەر ئاشتی لە ناوچەکانی باکوور.
٧. پابەندبوونی پارتی بە هەڵنەکوتانە سەر هێزە چەکدارەکان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا.

---

(١) نبيل زكي، الأكراد مصدر سابق، ص ١٢٠؛ حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، ص ٢٢٦.

٨. پابەندبوونی پارتی بە قۆرخ نەکردنی دەسەڵات لە ناوچەکانی باکوور لە کاتی چارەسەربوونی کێشەی کورددا. خۆش ئەوە بوو بەعس کە ڕەخنەی قۆرخکردنی دەسەڵاتی داهاتووی لە پارتی دەگرت، خۆی تەواوی دەسەڵاتی عێراقی قۆرخ کردبوو.

هەبوو پێی وابوو بارزانی لە ماوەی چوار ساڵی پاش دەرچوونی بەیانی ١١ی ئادار ١٩٧٠-١٩٧٤ ڕەوشی سیاسی و ژینگەی گشتیی کوردستان و هێشتنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا بە شڵەژاوی[١]، سەرجەم پێکهاتە سەربازییەکانی خۆی (پێشمەرگە) پاراستووە و دەستی بەسەر ناوەندی پارێزگا و قەزاکاندا گرتووە، بە دامەزراندنی شوێنکەوتووانی لەو شوێنانە، ڕۆژنامەی الثورة کوردی بەوە تۆمەتبار کرد کە هەڵوێستیکی ژیرانەیان لە گۆڕانکارییەکانی شۆڕشی عێراق وەرنەگرت[٢].

هۆکارەکانی ئەو پاشەکشەیەی نێوان کورد و دەسەڵاتی بەعس، بە شێوەیەک لە شێوەکان هەڵەی کورد بوون، گەرچی بە ڕێژەیەکی کەمتریش بێت، بۆ نموونە دانەخستنی سنوری نێوان کوردستان و ئێران وەک ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو، ئەو چەکە قورسانەیش کورد ڕادەستی حکوومەتی کردنەوە کۆمەڵێک چەکی بەکارهاتووی خراپ بوون، بە هامان شێوەی ئەو ئێستگەیەی کە ڕادەستی حکوومەت کرایەوە[٣].

نیشانەکانی دابڕان و ئامادەسازیی بۆ جەنگ خەریک بوون دەردەکەوتن[٤]. پاش ئاشکرابوونی پەیوەندییە نهێنییەکانی نێوان سەدام حوسێن و عوبەیدوڵای بارزانی، دەستوەردانی حکوومەت لە کاروباری ناوخۆی بارزان و یارمەتیدانی تەوژمی دژە بارزانی تێیدا، لایەنە ئەمنییەکان دەستیان کرد بە ناردنی تەقەمەنی بۆ هەندێک لە بارەگاکان لە کوردستان، پاش پێداگری حکوومەت لەسەر جێبەجێکردنی یاسای تایبەت بە حوکمی زاتی مامەڵەیان لەگەڵ کوردستان. ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە ١١ی ئاداردا بە ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٧٤ یاسای حوکمی زاتی دەرکرد، مەکتەبی سیاسیی پارتیش ڕوونکردنەوەیەکی بە ناونیشانی "پرسی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان" دەرکرد[٥]، تێیدا حزب، نهێنیی دانوستانەکانی، بە تایبەت هەڵوێستی هەردوولا لە پرسە گرنگەکاندا، کە ڕێککەوتنیان لەسەر نەکرا ئاشکرا کرد. گرنگترین ئەو پرسانەیش بریتی بوون لە دیاریکردنی ئەو زەوییانەی حوکمی زاتی دەیانگرێتەوە و کەرکووک و سیاسەتی بەعەرەبکردن، لەگەڵ ڕێژەی هەرێم لە کۆی دەرامەتەکان. ڕاپۆرتەکە جەختی لەوەیش کردەوە کە حکوومەت ڕازی نەبووە دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی پۆلیس بە هەرێم بدات، هەروەها ڕێککەوتن لەسەر چاودێریی دادوەری لەبارەی

---

(١) صدام حسين، شعب واحد ومصير واحد. بغداد، ١٩٧٩، ص ١٢٣.

(٢) جريدة الثورة، بغداد ١٩٧٤/٢/٤.

(٣) حبيب محمد كريم، تاريخ حزب الديمقراطي لكردستاني العراق، مصدر سابق، ص ١٣١.

(٤) حاڵەتی دابڕانی نێوان پێووەندییەوەی کورد و دەسەڵات لە نامەکەی سەدامدا بۆ بارزانی ڕوون دەبینەوە ١٩٧٤/٣/٧، دەقی نامەکە پاشکۆی ٥٣.

(٥) صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ١٠٤.

ڕۆیشتنی بڕیارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەستوریێتی یاساکان نەکراوە، چونکە حکوومەتی عێراق پێشنیاری کردووە چاودێریی بۆ دادگەی هەڵوەشاندنەوە بێت، چونکە سەرۆک و ئەندامانی ئەم دادگەیە لەلایەن حکوومەتەوە هەڵبژێردراون، لە کاتێکدا پارتی پێشنیاری کردبوو دەسەڵاتێکی تایبەتی دادوەریی چاودێری بکات.

هاوکات ڕادیۆی کورد رایگەیاند، خەباتکردن ڕاناوەستێت مەگەر دوای دەستەبەرکردنی تەواوی مافە نیشتمانیەکانی گەلی کورد. شەوی ١١ی مارس ١٩٧٤ پێنج وەزیرەکەی کورد دەستیان لەکار کێشایەوە و چوونەوە ڕیزی سەرکردایەتی کورد لە شاخ[١].

لەو مادانەی جێی ناکۆکی بوو مادەی سیازدە بوو لە یاسای ئۆتۆنۆمی ١٩٧٤، کە دەڵێت: سەرۆک کۆمار ئەندامانی ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی یاسادانان بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن دەستنیشان دەکات، هەروەک سەرۆک کۆمار بۆی هەیە سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن دەر بکات و لە هەر کاتێکدا جێگەی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن دەگرێتەوە. هەروەها مادەی حەڤدە کە دەڵێت: فەرمانگەکانی دەسەڵاتی ناوەندیی لە ناوچەکەدا ملکەچ دەبێت بۆ ئەو وەزارەتانەی سەر بە ئەون و لە ژێر چاودێریی گشتیی ئەواندا دەبن.

پارتی لە بەرامبەر هەڵسوکەوتەکانی دەسەڵاتدا دەستەپاچە نەبوو، دەستی کرد بە بەهێزکردنی توانستە سەربازییەکانی لە ناوخۆدا و هاوپەیمانییەکانی لە دەرەوە. پاش بێ هیوابوونیشی لە یەکێتی سۆڤێت هەوڵی دامەزراندنی پەیوەندیی لەگەڵ ئەمریکادا[٢]. پەیوەندیی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقدا کە لەم ماوەیەدا هاوپەیمانی بەعس بوو تێکچوو و کار گەیشتە پێکدادانی سەربازی لە نێوانیاندا، بەمەیش بارەگاکانی حزبی شیوعی لە کوردستان داخران[٣]. دۆخەکە بووە هۆی بارگرژیی نێوان عێراق و ئێران و هاوکاریی زیاتری سیاسی و ماددیی ئێران بۆ کورد. هاوکارییەکانی ئەمریکایش لە خاکی ئێرانەوە دەگەیشتنە کوردستان، ئەمریکا ڕازی بوو بە یارمەتیدانی کورد و بڕیاردرا جۆن کۆنالیی وەزیری دارایی بچێتە تاران و بە شا رابگەیەنێت کە هاوکاریی کورد بکات[٤].

کورد پەیی بەوە برد کە دەسەڵاتی بەغدا بە کەمترین مافەکانی ڕازیی نابێت، هەوڵەکانی سۆڤێتیش بۆ هیورکردنەوەی بارگرژییەکە سوودیان نەبوو، چونکە هەردوولا لە ڕووی سەربازی و دەروونییەوە ئامادەبوون بۆ شەڕکردن.

---

(١) حامد محمود عیسی، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٣٤.

(٢) حبيب محمد كريم، الحزب الديمقراطي لكردستاني، مصدر سابق، ص ١٣٢.

(٣) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٢٢.

(4)The pike report ،spoke sman books ،England ،1977 ،p ،16

پاش دەرکردنی **یاسای حوکمی زاتی لە** ١١ی ئاداری ١٩٧٤دا[١]، حکوومەتی بەغدا چەند لێپێچینەوەیەکی وروژاندنی بۆ جێبەجێکردنی یاساکە ئەنجامدا، بۆیە دەستکارییەکی وەزارەتی کرد و عوبەیدوڵای بارزانیی کوڕە گەورەی مەلا مستەفای کرد بە وەزیر. ئەمەشی کرد بە بەڵگەی ئەوەی کە کەسانێک لە بنەماڵەی بارزانی لە کوردستان بە سیاسەتەکەی ڕازین. هەروەها لە ٢١ی ئەپرێلی ١٩٧٤ دیپلۆماتکاری کورد تەها محێدین مەعروف باڵیۆزی ئەوکاتی عێراق لە ڕۆمانیا وەک جێگرێکی کوردی سەرۆک کۆمار دیاری کرا[٢].

هەروەها لە ٢٥ی ئەپریلی ١٩٧٤دا، بەیاننامەیەکی دەرکرد تێیدا جەختی لە شێوازی خۆی لە یاسای حوکمی زاتیدا کردەوە و ڕایگەیاند ئیتر دانوستان لەگەڵ مەلا مستەفادا ناکات، بەڵکو خۆی و گرووپەکەی ڕیشەکێش دەکات[٣]. هاوکات بەغدا پێشنیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی پەرەپێدان بە گوژمەی سەد هەزار دۆلاری ئەمەریکی ڕەت کردەوە[٤].

## بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز

ئەزموونەکانی دەسەڵات لە عێراق ئەوەیان سەلماندووە کە هەرکات بە قەیرانێکدا تێپەڕ ببێت پەنا بۆ لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەبات بۆ لێکتێگەیشت و داڕشتنەوەی هاوپەیمانییەکان لە نێوانیاندا. پاش کودەتای ١٩٦٨ بە سەرکردایەتی بەعس، جگە لە **بەعس خۆی، حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی** کوردستان و لایەنە نەتەوەییەکان لە مەیدانەکەدا بوون.

سەبارەت بە پەیوەندیی ڕژێم بە پارتیەوە حکوومەت ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ سەرکردایەتی کورددا بە نوێنەرایەتیی بارزانی بەست.

لە ١٠ی تەموزی ١٩٧٠، ڕۆژنامەی الثورەی زمانحاڵی بەعسی دەسەڵاتدار گوتارێکی بڵاوکردەوە، کە ژمارەیەک مەرجی لەخۆ گرتبوو، دەیگوت ئەمانە بۆ گرێدانی هەر بەرەیەکی یەکگرتوو پێویستن[٥]، لەوانە: لایەنە نیشتمانیەکان حزبی بەعس بە **حزبێکی شۆڕشگێڕی یەکێتیخوازی سۆشیالیستی دیموکراتی دابنێن** و بەعس داوای کرد کودەتای ١٧ی تەموز بە شۆڕش ناو ببەن و مەرجی ئەوەبوو دان بنرێت بە ڕۆڵی سەرکردایەتی حزبی بەعسدا لەسەر ئاستی حوکم و بەرە و ڕێکخراوەکان.

---

(١) **پرۆژەیاسای حوکمی زاتیی کوردستان و یاسای بڕیارەکە و تێبینییەکانی کورد لە پاشکۆی** ٥٤؛ بەندە جێبەجێکراوەکان پاشکۆی ٥٥ و نەخشەی کورد لەسەر ئۆتۆنۆمی پاشکۆی ٥٦.

(٢) جريدة الثورة، بغداد، في ١٩٧٤/٤/٢١.

(3)http://kurdclub.com/modules/kurd/item.php?itemid=6

(٤) سرعی شورش، کردستان والأکراد، مصدر سابق، ص ٩٧.

(٥) جريدة الثورة، بغداد، ١٩٧٠/٧/١٠.

لە ئابی ١٩٧٠ حزبی شیوعی عێراق لە ڕۆژنامەکەیدا (طریق الشعب) مەرجە دەستەوسانکارەکانی بەعسی بۆ بەرە بە درۆ خستەوە و گوتی ئەو مەرجانەی بەعس پێشکەشی کردوون پشتگیریی حزب یان هەر بەرەیەکی نیشتمانی تر لە لەعێراقدا بەدەست ناهێنن، تەناتەن پارتی دیموکراتیش کە لەسەر بنەمای ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەگەڵ بەعس هاوپەیمانیی دەبەستێت[1]، داوایشی کرد ئەو مەرجانە هەڵبوەشێنرێنەوە[2].

بە تێپەڕبوونی کات پەیوەندیی بەعس بە بارزانییەوە، سەرباری بوونی پێنج وەزیرە کوردەکە، لە سایەی سیاسەتی بەبەعسکردنەوە بە تایبەت لە کەرکووک، تا دەهات ئاڵۆزی تێدەکەوت.

لە ئەیلوولی ١٩٧١دا بەعس هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفای دای، کە شکستیهێنا و ئەوەندەی تر پەیوەندییەکان لەگەڵ پارتیدا تێکچوون[3]. بەعسییەکان ترسی ئەوەیان لێ نیشت سەرلەنوێ دۆخەکە لە کوردستان بتەقێتەوە، هەروەک شکستی سیاسەتی عەرەبی بەعس لە کێشەی فەلەستیندا قەیرانەکەی قووڵتر کرد و پێگەیان بەرامبەر بە دۆزی فەلەستین و ئەو فەلەستینییانەشی کە لە ئوردن لە ئەیلوولی ڕەشی ١٩٧١ دووچاری سەربڕین و خەنجەروەشاندن و هەڵمەتی ڕاگەیاندن لەگەڵ قاهیرە لەسەر پرۆژەی ڕۆجەرز بوونەوە، کەوتە مەترسییەوە[4].

لە لایەکی ترەوە وڵات بە دەست قەیرانی ئابوورییەوە دەیناڵاند، دەسەڵات بۆی دەرکەوت بەبێ هاوکاریی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزە نیشتمانیەکانی تر، ناتوانێت هیچ شەڕێکی سەرکەوتوو و چارەنووسساز لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت و دواتریش دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا بکات، بە تایبەت دوای ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا باش بوو، ڕژێم پەیی بەوەیش برد دەبێت دۆخی ناوخۆی وڵات باش بکات و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمپانیاکانی نەوتی ئامادە بکات[5].

لە ١٩٧١/١١/١٥دا، ئەحمەد حەسەن بەکر بە ناوی سەرکردایەتی شۆڕشەوە داوای پێکهێنانی بەرەیەکی نەتەوەیی لە ژێر سەرکردایەتیی بەعسدا کرد و پێشنیاری دروستکردنی ئەنجوومەنێکی نیشتمانی دە ئەندامی کرد کە تەنیا لەلایەن ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس دەستنیشان کرابن. کورد چەند مەرجێکی بۆ چوونە نێو ئەم بەرەیە دانا کە لە مەرجەکانی دەقی بەیاننامەی ١١ی ئادار تێنەدەپەڕین، لەوانە[6]:

---

(١) جريدة طريق الشعب، لسان حزب الشيوعي العراقي، ١٩٧٠/٨/١٥.
(٢) عزيز سباهي، عقود من تاريخ حزب الشيوعي العراقي، مصدر سابق، ص ١٠٨.
(٣) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٦١.
(٤) عزيز سباهي، عقود من تاريخ حزب الشيوعي العراقي، مصدر سابق، ص ١١٠.
(٥) أدموند غريب، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٦٨.
(6) درية عوني، مصدر سابق، ص ٩١.

١. دانانی دەستورێکی هەمیشەیی.

٢. هەڵبژاردنی یاسادانان بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی پەرلەمانی،

٣. جێبەجێکردنی یەکسانی لە نێوان هێزەکانی ئەم بەرەیەدا.

بەڵام حکوومەت ئەم داواکارییانەی ڕەتکردەوە.

لە شوباتی ١٩٧٢دا، سەدام حوسێن پیاوی دووەمی دەسەڵات و جێگیری ئەنجوومەنی شۆڕش، بە سەرۆکایەتی شاندێکی گەورەی حزبی و حوکمی گەورە سەردانێکیان بۆ یەکێتی سۆڤێت ئەنجامدا و، بەدوایدا ئەلیکسی کۆسیجین سەرۆکوەزیرانی یەکێتی سۆڤێت سەردانی بەغدای کرد، لەو ماوەیەدا پەیمانی هاوڕێیەتی و هاوکاری لە نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤێتدا لە نیسانی ١٩٧٢دا بەسترا[١].

بە بۆنەی ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتنەوە حزبی شیوعی عێراقی بەیاننامەیەکی دەرکرد و بە لایەنێکی گرنگ و گەورەی لە پەیوەندییەکانی هەردوو وڵات و هەردوو گەلی وەسف کرد. حزبی شیوعی ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریکردنی حزبی بەعسی نیشاندا[٢]. سەرکردایەتی بەعس داوای لە حزبی شیوعی کرد بە دوو کورسی بەشداری لە وەزارەتدا بکات و حزبی شیوعیش بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی دەرکرد کە تێیدا هاتووە: لێژنەی ناوەندیی کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی بۆ تاوتوێکردنی ئەم بابەتە بەست و بڕیاری وەرگرتنی هەڵوێستێکی ئەرێنیدا بۆ ئەم بانگهێشتکردنە و قایلبوونی لەسەر بەشداریکردنی لە وەزارەتدا، ئەوەیش بە هۆی ئەو ڕێکارە ئەرێنییانەوە بوو کە دەسەڵاتی بەعس گرتنیە بەر، لەوانە:

١. پێشکەشکردنی پرۆژە پەیمانێکی کارکردنی نیشتمانی بە ئامانجی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لەسەرجەم هێزە نیشتمانییە هاوچەرخەکاندا.

٢. بەستنی پەیمانی هاوڕێیەتی و هاریکاری لە نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤێتدا.

٣. بەنیشتمانیکردنی وەبەرهێنانی نەوت.

٤. دەسپێشخەریی حکوومەتی عێراق لەسەر بەدیهێنانی کرانەوەیەکی ڕێژەیی لە نێوان عێراق و کۆماری میسری عەرەبی و کۆماری سوریای عەرەبیدا[٣].

سەرکردایەتی حزبی شیوعی بەتایبەت ڕاسترۆکانیان بەم بڕیارە ڕازی بوون و ڕاپانگەیاند یەکگرتنیان لەگەڵ دەسەڵاتی بەعس بە قازانجی شیوعیەکان دەشکێتەوە و پێیان وابوو بۆ وەستاندن و هێورکردنەوەی ئەو هەڵمەتە زۆرداریيانەی بەرامبەر بە شیوعیەکان دەکرێت، وەرگرتنی هەڵوێستێکی نەرمونیان بۆ

---

(١) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٢٠.

(٢) جريدة طريق الشعب، بغداد ١٩٧٢/٥/١.

(٣) كونتر دسنر، احفاد صلاح الدين الأيوبي، مصدر سابق، ص ٣٦١.

ڕێگەخۆشکردن لە بەردەم لێکتێگەیشتن و هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتدا پێویستە[1]، ئەمە سەرباری گوشارەکانی سۆڤێت لەسەر شیوعیەکانی عێراق بۆ بەستنی ئەم هاوپەیمانیەتییە لەگەڵ بەعسدا.

دەسەڵاتی بەعس ئارەزووی چاوپێداخشانەوەی بە هەڵوێستەکانی بەرامبەر حزبی شیوعی هەبوو، لەبەر دوو هۆکار:

**یەکەم:** پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتیدا ئاڵۆزیی زیاتریان تێدەکەوت، بەتایبەت دوای هەوڵە شکستخواردووەکەی تیرۆرکردنی بارزانی.

**دووەم:** هەڵمەتە پۆلیسییەکەی دژ بە حزبی شیوعی بە ڕێژەیەکی زۆر ئامانجەکانی خۆی پێکابوو[2]، کە بووە هۆی لەناوبردنی زۆربەی ڕێکخستنەکانی ئەم حزبە لە وڵاتدا.

وتووێژەکان بە ڕێککەوتن لەسەر سڕینەوەی هەموو ئەو کێشانەی ڕێککەوتنیان لەسەر کرابوو کۆتاییان هات، لە ١٧ی تەموز ئیمزاکردنی بەیانێکی هاوبەش بۆ دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز ڕایگەیاندرا کە تێیدا هاتبوو:

وەڵامدانەوەیەکی زیندو و دڵسۆزانە بوو بۆ دڵنیایی داواکارییەکان بۆ چەسپاندنی یەکێتی نیشتمانی لە وڵاتدا و تەواوکردنی چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراسییانە بۆ کێشەی کورد بەگوێرەی بەیاننامەی ١١ی ئاداری مێژوویی.

سەبارەت بە هەڵوێستی پارتی و شیوعیەکان تایبەت بە بەرەکە، کەریم ئەحمەدی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق و ئەندامی شاندی دانوستانکار لەگەڵ پارتیدا لە بارەی پەیوەندییەکانی هەردوو حزب دەڵێت: کاری لەپێشینە و یەکەم گەیشتنە بە بەرنامەیەکی هاوبەش کە بە ڕوونی ئامانجە هاوبەشەکان دیاری بکات. هەردوو حزب ئەرکی ڕیککەوتن لەسەر پەیمانی کارکردنی نیشتمانیان بە شێواز و چەمک و ئامانجە هاوبەشەکانییەوە بە ئەنجام گەیاند و پێیان وابوو ئەم پەیمانە بەڵگەنامەیەکە گوزارشت لە ئامانجەکانی قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی دیموکراتی دەکات و لە کاتی جێبەجێکردنیدا بنکەی مادیی گۆڕانی بنیاتنانی سۆسیالیستی دروست دەکات[3].

زۆرێک پێیان وایە فراوانبوونی بەرەکە و لەخۆگرتنی لایەنە نیشتمانی و دیموکراسییەکان و قووڵبوونەوەی ڕۆڵی ئەم بەرەیە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کارێکی بەپەلە و لەپێشینەیە.

حزبی شیوعی پێی وابوو گرنگە بنکەی ئەم بەرەیە فراوان بکرێت و ئەم هاوپەیمانییە حزبیانە، هەتا ئەم بەرەیە پشت بە جەماوەرێکی فراوان لە هاوپەیمانیی شۆڕشگێڕیدا نەبەستێت لە نێوان کرێکاران و

---

(١) علي سنجاري، القضية الكردية وحزب البعث الاشتركي العراق، دهوك، ٢٠٠٦، ص ١٧١.
(٢) سامي شورش، كردستان والأكراد مصدر سابق، ص ١٨٦.
(٣) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ١٠٦.

جوتیاران و ڕەنجدەران و قوتابیان و ڕۆشنبیران و تاکو نیشتمانپەروەران و نەتەوەییە سەربەخۆکانی لەخۆ نەگرێت، بەردەوام گوزارشت لە هاوپەیمانیی نێوان پێشینە سیاسییەکان دەکات کە ڕێککەوتنێکە لەسەرەوە[1].

لە ئەیلوولی ١٩٧٢دا، حزبی بەعس یاداشتێکی بۆ پارتی نارد و تێیدا هەڵەکانی کە ژمارەیان (٢٣) دانە بوو، ڕوون کردەوە. مەلا مستەفا وەڵامی دایەوە بەوەی حکوومەت لە بەڵێنەکانیدا بە گوێرەی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بەئەمەک نەبووە[2]، لەوانە:

١. دەستگرتنی بەعس بەسەر سەرجەم پلە و پۆستە گرنگەکانی حکوومەت و هێزی چەکداریدا.
٢. بەردەوامیی سیاسەتی بەعەرەبکردن و دوورخستنەوەی کورد لە دەسەڵاتی یاساداناندا.
٣. هەوڵەکانی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا.
٤. دواخستنی سەرژمێری و دەرکردنی کوردی فەیلی.
٥. بۆردومانکردنی گوندە کوردییەکان.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧٣دا، بەرە بەشدارینەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەم بەرەیەدا ڕاگەیاند، سەرەڕای ئەو بارگرژییەیش هەردوولا بە ئاشکرا و شاراوە هەوڵی دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانیان دەدا، بەڵام لەم خاڵانەی خوارەوەدا ناکۆک بوون[3]:

١. سرووشتی خۆبەڕێوبەری.
٢. چارەنووسی شارەکانی کەرکووک و خانەقین و شەنگال.
٣. پشکی کوردستان لە داهاتەکانی نەوتدا.
٤. دیاریکردنی سنوری جوگرافیایی کوردستان.

بە شێوەیەک کارکردن لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتووان بۆ دیاریکردنی سنوری ناوچە کوردیەکان و ڕێژەی سوود و قازانجەکانی نەوت بەپێی ئەم ڕێژەیە، لە ناوەرۆکی ڕێککەوتنی ئادار بوو، کەچی حکوومەت هەموو شتێکی بەبێ پرسی کورد پاشەکشە پێ کرد و چەند ڕێکارێکی بێ گەڕانەوە و وەرگرتنی بۆچوونی کورد تێیدا گرتەبەر، لەوانە[4]:

١. ئەنجامدانی هەڵمەتی سەربازی بۆسەر شەنگال پاش کوژرانی قایمقامەکەی، تۆمەتبارکردنی پارتی و دەستگیرکردنی کاربەدەستی شەنگال (عەلی شەنگالی) و دادگایکردنی ژمارەیەک لە ئەندامانی حزب بە شێوەیەکی غیابی.

---

(١) جريدة طريق الشعب، بغداد، ١٩٧٢/٧/٥.

(٢) ديفيد مكدول، تاريخ الأكراد الحديث، مصدر سابق، ص ٥٠١.

(٣) علي سنجاري، مصدر سابق، ص ٥٧.

(٤) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٤٢.

٢. ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان بەبێ هیچ پاساوێک و دەستگرتن بەسەر ماڵ و سامانیاندا.

ئەوەی ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و بەعسی زیاتر کرد بڕیاری لێژنەی باڵای ئەم بەرەیە بوو بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانی، بەڵام ئەو تێڕوانینانەی خرابووە ڕوو لەبارەی ئەم ئەنجوومەنە پەرلەمانێکی ڕاستەقینەی لێ دروست نەدەکرد. لێرەوە ترسی پارتی سەری هەڵدا و گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دەسەڵات شکستیهێناوە لە بردنەسەر و جێبەجێکردنی پەیمانی ئاداردا[١]. لە کاتێکدا شیوعییەکان کە لایەنێکی ئەم بەرەیە بوون، وایان دەبینی دامەزراندنی دەستەی یاسادانان لە کوردستان و تەواوی عێراقدا تەنها بۆ سوودوەرگرتنە لە کات.

دوای ئەوەی حزبی شیوعی لەسەر پەیمانی هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ حزبی بەعسی فەرمانڕەوا ڕێککەوتن، پەیوەندیی شیوعیەکان لەگەڵ مەلا مستەفا و بزووتنەوەی چەکداریی کورددا بەرەو ئاڵۆزبوون چوو[٢]. لەبەر ئەوەی هەردوولا خاوەنی ڕۆژنامەی ئاشکرای ڕۆژانە بوون، ئەم ناکۆکییە تێکەڵ و ئاڵۆزانە زۆر بەزوویی بۆ جەنگێکی ئاشکرای توندی ڕۆژنامەیی و یەکتر تۆمەتبارکردن گۆڕا. سەرکردایەتی بەعسیش بەخۆشحاڵییەوە لەوەی دەڕوانی کە ڕوو دەدات. ئەم تێڕوانینە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو لاوازبوونی هەریەک لەم دوو لایەنە بە قازانجی ئەو دەشکایەوە، کورد شیوعیەکانیان بە پرچەککردنیان لەلایەن حکوومەتەوە بۆ هێرشکردنە سەر کورد تۆمەتبار کرد.

بەردەوام بارگرژییەکانی نێوان هەردوولا توندتر دەبوون، تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی بارزانی ئاماژە بە داماڵینی چەک لە دەستە خۆبەخشە شیوعیەکان بکات کە هێزێکی بچووک بوو لە چەند ناوچەیەکدا هەبوو و لەڕووی سەربازییەوە سەر بە مەلا مستەفا بوون[٣]، هەندێک جار پێکدادانی چەکداری لە نێوان هەردوولادا ڕووی دەدا، لە ئاکامدا شیوعیەکان ناچار بە پاشەکشە کران بەرەو ناوەندەکانی حکوومەت[٤].

**چوارچێوەی ڕێکخستنی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی هاوچەرخ لەمانە پێکدەهات:**

١. لێژنەی باڵای بەرەکە: بریتی بوو لە دەستەی سەرکردایەتی بەرە و بارەگاکەی لە بەغدا بوو، لە ١٦ ئەندام پێکدەهات لە نێویاندا سەرۆک. کاری ئەم لێژنەیە بەداواداچوون و تاوتوێکردن و بڕیاردان بوو لە سەرجەم پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییە جیاوازەکاندا، ئەمیش پێکدەهات لە:

أ. سەرۆکی لێژنەی باڵا، کە سکرتێری نهێنیی سەرکردایەتی حزبی بەعس یان جێگری سکرتێری نهێنی سەرکردایەتی هەرێمی بوو.

(١) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ١٠٧

(٢) عزيز سباهي، عقود من تاريخ حرب الشيوعي العراقي، مصدر سابق، ص ١٣١

(٣) بهاءالدين نوري، مصدر سابق، ص ٤٢٨.

(٤) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٢٢.

ب. ئەندامانی لێژنە لەمانە پێکدەهاتن:

- هەشت ئەندام نوێنەرایەتیی حزبی بەعسی ئیشتیراکی بکەن.
- سێ کەس نوێنەرایەتی حزبی شیوعی بکەن.
- سێ ئەندام نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن.
- یەک ئەندامیش نوێنەرایەتی دیموکراتییە سەربەخۆکان بکات.

٢. سکرتاریەتی لێژنەی باڵا بە دەزگای سەرەکی کارکردنی لێژنەی باڵا دادەنرێت، ئەم لێژنەیە خشتەی کار و کۆبوونەوەکان بۆ لێژنەی باڵا ئامادە دەکات و بەداواداچوون بۆ بابەتە جیاوازەکان و خستنەڕووی بۆ لێژنەی باڵا دەکات.

٣. لێژنەکانی ئەم بەرەیە لە پارێزگاکاندا دوای ئەو گۆڕانکارییەی لە بارودۆخەکانی نێوان بارزانی و بەعسدا تا ئاستی پچڕانی پەیوەندیی و دەستپێکردنەوەی جەنگ ڕوویدا[١]، عەزیز عەقراوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، واتە ئەوەی لەسەرکردایەتی بارزانی جیابووەوە و بەشداریکردنی لەم بەرەیە بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕاگەیاند[٢].

٤. دەستپێکردنەوەی جەنگ لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤دا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی بڕیاری لەسەر یاسای حوکمی خۆبەڕێوبەری کوردستاندا، ماوەی ئەو پازدە ڕۆژەی کە بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی دیاریی کردبوو بۆ بانگهێشتنکردنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆتاییهات. بۆ قایلبوون بە یاسای حوکمی خۆبەڕێوبەری و هاتنەناو بەرەی نیشتمانی و کارکردن لەپاڵ حزبی بەعس و حزبی شیوعیدا، دەرکەوت لە دیارترین خاڵە ناکۆکییەکان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا کێشەی سنوری ئیدارییە.

ناکۆکی لە دەستنیشانکردنی نەتەوەیی هەندێک لە ناوچەکاندا هەبوو، ئەوەیش شتێکی ئاساییە لە وڵاتێکدا کە بە درێژایی مێژوو چەند نەتەوەیەکی جیاوازی تێدا دەژی، بەڵام ئەو کۆسپەی کە هەموو هەوڵ و دانوستانەکانی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەناو برد، کەرکووک بوو.

پارتی بە گرنگییەوە لە لکاندنی کەرکووکی بە ناوچەی حوکمی زاتیەوە دەڕوانی، بەو پێیەی شارێکی مێژوویی و نەتەوەیی کوردە. ئەوەی لەوکاتەدا لە عێراق بە یەکەم ئەزموون لە جیهانی سێیەم ناودەبرا لە دەرەوەی دەوڵەتی ئیشتراکی بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کۆتایی هات.

دوو لایەن هەبوون، لایەنێک نکۆڵیی لە بوونی نەتەوەی کورد دەکرد و لە هەوڵی تواندنەوەیدا بوو، لایەنەکەی تر جەختی لەوە دەکردەوە کە ئاواتە گرێدراوەکان بە چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراسییانەی

---

(١) صحيفة الثأخي باصدارها الجديد، بغداد ١٩٧٤/٤/١١.

(٢) جبران شامية، سجل العلم العربي، بيروت، دار الابحاث والنشر، ١٩٧٤، ص ٢٤٢.

کێشەی کوردەوە، تەنیا خەیاڵ و دروسنکراوی فروفێڵە، هەموو ئەم هێزانە لەناو کەسە سەربازییەکاندا، ناچار لە بەردەم شەپۆلی پشتگیریکردنی بەیاننامەی ١١ی ئاداردا بۆ ماوەیەک سەریان نەوی کرد.

لە ٢٥ی نیسانی ١٩٧٤، حکوومەتی عێراق ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا جەختی لە میکانیزمی جێبەجێکردنی حوکمی زاتی کردەوە و ڕایگەیاند کە لەدوای ئەمەوە دانوستان لەگەڵ مەلا مستەفا ناکات، بەڵکو خۆی و کۆمەڵەکەی ڕیشەکێش دەکات.

بارزانی یاسای ژمارە ٣٣ی ساڵی ١٩٧٤ی ڕەتکردەوە، ڕادیۆی کورد ڕایگەیاند خەبات و بەرخودانی کورد تا بەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی گەلی کورد نەیەنە دی هەرگیز ڕاناوەستێت. مەکتەبی سیاسیی پارتی هێرشی کردە سەر بڕیاری حوکمی زاتی و گوتی: ئەو بڕیارە تاک لایەنە دەرچووە[1]، پێنج وەزیرەکەی کورد دەست لە کارکێشانەوەیان پێشکەش کرد[2]، ناکۆکیی چەکداری لە پەیوەندییەکانی هەردوولا دەستی پێکرد. زۆربەی زۆری پیاوان بە گەنج و پیرەوە بۆ گەیشتن و پەیوەندیکردن بە بزووتنەوەی چەکداریی کوردەوە بە سەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی شارەکانیان جێهێشت، کە لەو ماوەیەدا جەماوەری بارزانی گەیشتبووە لوتکە و نۆ خێڵی گەورە لە دەوری بوون و دیاردەی پاشەکشە لە شارەکان بە ئامانجی بەشداریکردن لە بزووتنەوە چەکداری دیاردەیەکی ئاسایی بوو[3]. بەهائەدین نوری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراقی دەڵێت: ئەوەی لەو کاتەدا لە سلێمانی بوو، تەنانەت ئافرەتان بە شێوەیەکی ئاشکرا لە شەقام و کۆڵانەکاندا ڕەخنەیان لەو پیاوانە دەگرت کە پەیوەندییان بە بزووتنەوەکەوە نەکردووە و گاڵتەیان پێ دەکردن. هەروەها دەڵێت: ئێمە وەک شیوعیەکان، لە دوورەپەرێزییەکی ڕاستەقینەدا بووین لە گەلی کورد، زۆرێک لە لایەنگر و هەڤاڵەکانی پێشوومان پەیوەندییان بە بزووتنەوەی نەتەوەیی چەکدارییەوە کرد[4].

لە ڕاستیدا دیاردەی جێهێشتنی ئەم ژمارە زۆرەی کورد لە شارەکاندا، بە ئامانجی پەیوەندیکردنیان بە بزووتنەوەی چەکدارییەوە، خاڵی لاوازی ئەم بزووتنەوەیەی پێشان دەدا و هەروەک بارێکی گران بوو لەسەر شانی سەرکردایەتی.

گرووپە چەکدارییەکانی مەلا مستەفا زۆر بوون، دەگوترا کە ژمارەیان ١٥٠ هەزار چەکدار زیاترە، دەستیان بەسەر سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا گرتبوو. جگە لە شارەکان دەسەڵات هیچ شوێنێکی بەدەستەوە نەمابوو، هێزەکانی حکوومەت دەبوو ڕێگە سەرەکییەکان بە جەنگێکی توند بگێڕنەوە، کە قوربانییەکی زۆری دەویست.

---

(1)http://kurdclub.com/modules/kord/item.php?itemid=6

(٢) صحيفة التآخي في ١٩٧٤/٤/١١

(٣) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٣٤.

(٤) بهاءالدين نوري، مصدر سابق، ص ٤٣١.

لە کۆتاییەکانی ئاداری ١٩٧٤دا، جەنگەکان بە شێوەیەکی توند دەستیان پێکردەوە، گەمارۆی ئابووری خرایە سەر ناوچە کوردییەکان و بۆردوومانی ئاسمانی بە شەو و ڕۆژ بەردەوام بوو. بارودۆخەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و ڕۆژنامەی التآخي بە ئیدارەیەکی نوێ و ئاراستەیەکی ترەوە گەڕایەوە. دەرچووان لە ڕیزی کورد لە یاداشتێکیاندا بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد، ٢٢ ڕەخنەیان لە سیاسەتی پارتی گرت[١]. عەزیز عەقراوی کە لە پارتی دەرچووبوو ڕایگەیاند حزب لە بەرەی نیشتمانیدا بەشدار دەبێت[٢].

لە نێوان سالآنی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥، جەنگەکان توندتر بوون، هێرشکردنەسەر بیرە نەوتەکان و ئاوارەبوون و کوژرانی هەزاران کەسی لێکەوتەوە و ژمارەی هەڵهاتووان بۆ ئێران گەیشتە ئاستێکی زۆر و دەگوترا ژمارەیان گەیشتووەتە نیو ملیۆن. لە توێژینەوەیەکی باڵیۆزخانەی ئەڵمانیادا لە تاران هاتووە، پەنابەران ٣٠٪ ئافرەت و ٦٠٪یان منداڵ بوون[٣]. بە هاتنی ئابی ١٩٧٤، جەنگی کورد و حکوومەت گەیشتە ئاستێک، لە ڕووی فراوانیی گۆڕەپانی جەنگ یان دڕندایەتییەوە، یاخود لە ڕووی ئەو جۆرە چەکانەی لە بەردەستی هەردوولادا بوون، لەوەوپێش پێی نەگەیشتبوو.

بارزانی لە بەرامبەر ڕەفتارەکانی دەسەڵات دەستەوئەژنۆ نەوەستا، بەڵکو دەستی بە بەهێزکردنی توانا سەربازییەکانی لە ناوەوە کرد و لە دەرەوەش دوای بێ ئومێدبونی لە یەکێتی سۆڤێت لە هەوڵی ئەنجامدانی پەیوەندی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوو. بەردەوامی ناکۆکییەکانی نێوان عێراق و ئێران بووە هۆی زیادکردنی هاریکارییەکانی ئێران لەڕووی ڕامیاری و داراییەوە، لە هەمان کاتدا هاوکارییەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی خاکی ئێرانەوە دەگەیشتنە کوردستان[٤].

لەو کاتەدا ئێران هانی کوردی دەدا بۆ بەرپەرچدانەوەی حکوومەتی عێراق، بەڵێنی هاوکاریکردنی کوردی بە هەموو جۆرێکدا بەشێوەیەک بەراورد ناکرێ لەگەڵ پێشوودا. لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بەرگریی لە کوردی (ئاری) دەکرد و هاوکارییە مادییەکان لە ئاستی بەڵێنەکانیدا بوو، بەڵام هاوکاری سەربازیی، نەخشە بۆ دانراو بوو، بەوەی نەیدەویست شۆڕش یان حکوومەتی عێراقی هیچیان سەرکەوتنێکی یەکلاییکەرەوە بەسەر ئەوی تریاندا بەدەست بهێنن، بەشێوەیەک بەعس شەکەت ببێت  و ئومێدی سەرکەوتنی نەمێنێت. بەڵگەگەلێکی زۆریش لەبارەی نەبوونی جددییەتی شا هەیە بۆ هاوکارییەکانی کورد. ئێران پێشوازیی لە هەزاران پەنابەری کورد لە پیر و منداڵ و ئافرەتان کرد، بەڵام گەنجە هەڵهاتووەکان بە سەرباز دەکران و بۆ شەڕکردن دژی هێزەکانی حکوومەت ڕادەهێندران[٥].

---

(١) صحيفة التآخي، بغداد ١٩٧٤/٣/١٣.

(٢) صحيفة التآخي، بغداد ١٩٧٤/٤/١١.

(٣) كونتر دشنر، احفاد صلاح الدين الأيوبي، مصدر سابق، ص ٣٦٢.

(٤) حبيب محمد كريم، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٣٢.

(٥) حامد مەحمود عيسى، القضية الكردية في العراق عن الاحتلال، مصدر سابق، ص ٣١٥.

پاش تێپەڕبوونی چوار مانگ بەسەر بەنگاربوونەوەی توند و بەردەوامدا، هیچ لایەک بەرەوپێشچوونێکی ئەوتۆیان لە ناوچەکەدا بەدەستنەهێنا، سەرباری ئەو زیانە گەورەی بە هەردوولا گەیشت. لە دوای ئەم ماوە لە جەنگ و توندوتیژی و پێشبینیی هەڵەی حکوومەتی عێراق لە پەلەکردندا بۆ (لەناوبردنی یاخیبووان) بە ڕوونی دەرکەوت.

مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان نارد و گوتی: توندترین هێرش لەسەر زەوی دەکرێتە سەر گەلی کورد لەلایەن حکوومەتەکەیەوە و داوای دەستوەردان دەکەم بۆ وەستاندنی ئەم جەنگی قڕکردنەی گەلی کوردستانی عێراق[1]، هەروەها چەند یاداشتێکی تری ئاراستەی ڕێکخراوی خاچی سوور و ڕێکخراوەکانی بەهاناوەچوونی مرۆڤایەتی کرد. بۆ ئەم مەبەستەیش پارتی شاندێکی بۆ ژمارەیەک لە دەوڵەتانی ئەوڕووپی نارد، بەڵام سەرجەم ئەم هەوڵ و تێکۆشانانە وەڵامدانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبوو، جگە لەوەی ئەم تاوانانە ویژدانی ژمارەیەک لە کەسایەتییە جیهانییەکانی جوڵاند، بە شێوەیەک لە لێدوانە بانگخوازییەکانیاندا سەرکۆنەی ئەم جەنگەیان دەکرد و داوای وەستانەوەیان لەپاڵ گەلی کورد دەکرد، لە نێوانیاندا ژان پۆل سارتەر و زانای ئەتۆمیی سۆڤێت زاخارۆف و سیمون دو بوڤوار و ڕۆجێ گارودی[2].

پاش ئەم کوشتارگەیە، کاتێک بارزانی لەلایەن نێردەی گۆڤاری "*news week*"ەوە لەبارەی هەلی گەیشتن بە چارەسەر لە ڕێگەی دانوستانەوە پرسیاری لێکرا، لە وەڵامدا گوتی: "پێم وانییە ئەوە بکرێت، چونکە ئەوان خەریکی ئەنجامدانی تاوانن"[3]. حکوومەت لە سەروبەندی شەڕکردنیدا لەگەڵ کورد، لەسەر ڕێکارەکانی بەردەوام بوو. ئەنجوومەنی یەکەمی یاسادانانی حوکمی زاتی پێکهێنا و، بڕیاری ناونانی ٦٩ ئەندام لە کۆی ٨٠ ئەندام دەرکرد و ناونانی بیستەکەی تر دواخرا بۆ دوای هێوربوونەوەی بارودۆخەکە[4]. بەڵام جەنگەکان بەردەوام بوون، کۆی زیانەکان گەیشتە ٦٠ هەزار قوربانی بە بریندار و کوژراوەوە[5]. لە ڕووی داراییشەوە جەنگ ڕۆژانە زیاتر لە پێنج ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی هەڵدەلووشی، سەرەڕای تووشبووانی جەنگەکە، بە تایبەت دانیشتووانی سڤیل باجە قورسەکەیان دەدا، ئەوانەی هەزارانیان ماڵیان جێهێشتبوو، بە هاتنی زستانیش زۆرێکیان بە دەست برسێتییەوە گرفتار بوون، بۆیە بارزانی گوتی: "سەدام حوسێن لەناو دەچێت و شکست دەهێنێت، لەبەر ئەوەی نە پەیمان دەزانێ نە ڕەوشت"[6].

ئەم زیانە زۆر و جەنگە توندانە وایان کرد بارزانی پەنا بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک ببات بۆ چاوخشانەوە بە داواکاریی حوکمی زاتیدا و دانانی ڕێنوشوێنێکی نوێ بۆ ئەم داواکارییانە کە گونجاو بێت لەگەڵ قەبارەی

---

(١) حبيب محمد كريم، الحرب الديمقراطي لكردستاني، مصدر سابق، ص ١٣٥.

(٢) كونتر دشنر، احفاد صلاح الدين الأيوبي، مصدر سابق، ص ٣٧١.

(٣) جبران شامية، سجل العالم العربي، مصدر سابق، ص ٢٤٢.

(٤) صحيفة الثورة، بغداد، ١٩٧٤/٧/٣١.

(٥) ڕاپۆرتی ناوەندیی کۆنگرەی ٩ی هەرێمیی حزبی بەعس، ١٩٨٢، ل ٦٠.

(6)http://www.imshiaa.com/vb/showthread _php?t=76221

قوربانییەکاندا. لێژنەکە لە حەبیب محەمەد کەریم، ئیبراهیم ئەحمەد، کامل عەتار، بایز عەبدوڵا پێکهات، جگە لەوانیش کەسانی پسپۆری بۆ جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە تێدا بوون، لێژنەکە ئەرکی خۆی جێبەجێ کرد و سەرکردایەتی ڕەزامەندیی لەسەر ئەم پرۆژەیە و پێشکەشکردنی وەک بنچینەیەک بۆ دانوستان لەگەڵ هەر حکوومەتێکی داهاتووی عێراقدا پێشاندا.

کورد ماوەی زستان و تا ڕادەیەک هێوربوونەوەی جەنگی بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی قۆستەوە، بەڵام لایەنی حکوومی، بە هۆی ئەو زیانە زۆرەی بەر پیاوان و توانا سەربازییەکانی کەوتبوو، نیشانەکانی پرووکان و ماندووبوونی لێ دەرکەوتن.

## ڕێککەوتننامەی جەزائیر ١٩٧٥

کاتێک جەنگەکانی نێوان کورد و دەسەڵاتی عێراقی لە ساڵی ١٩٧٤ توندوتیژی زیاتریان بەخۆیانەوە بینی، عێراق لەسەر بنچینەی ڕاگرتنی هاوکارییەکانی بۆ کورد، هەوڵی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ ئێراندادا. سەدام حوسێن دەستی کرد بە پەیوەندیکردن بەو وڵاتانەوە کە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەبوو، وەک میسر، ئوردن و شانشینی سعودی عەرەبی. لە کۆنگرەی لوتکەی عەرەبیدا لە ڕیبات، سەدام حوسێن پرسی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا خستەڕوو. کۆنگرەکە بڕیاریدا مەلیک حوسێن ڕۆڵی نێوەندگیری لە نێوان هەردوو وڵاتدا بگێڕێت، هەروەک میسر بە ئاشکرا کەوتە چالاکییەوە بۆ ناوبژیوانیکردن. پاش ئەم ڕێکەوتە لە ناوەڕاستی زستانی ١٩٧٤دا، شاندی ئێران و عێراق کۆبوونەوە. وەزیری دەرەوەی ئێران، بە نەخێر وەڵامی پرسیاری یەکێک لە ڕۆژنامەنووسانی دایەوە، ئاخۆ ڕێککەوتن لەگەڵ عێراقدا لەسەر حسێبی کورد دەبێت؟ گوتبشی ڕێککەوتنی دوولایەن لە سێلایەن بێگومان لایەنی سێیەم زەرەرمەند دەبێت[١].

لەم سەروبەندەدا سەرکردەکانی کورد لەگەڵ مەلا مستەفادا کۆبوونەوە و پرسیاریان لە بارەی توانستی لێکتێگەیشتنی ئێران لەگەڵ عێراقدا و دەستبەرداربوونی لە شۆڕشی کورد کرد، پاش گفتوگۆ بارزانی بەم گوتەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەکە هێنا: ئەگەر کارەکە بۆ ئێران بەجێ هێڵدرابێت ئەوا ئەو ڕێکدەکەوێت، بەڵام ئەوە لەو گەورەترە بوونی هەیە[٢]. بارزانی هیچ کاتێک بڕوای بە شا نەبووە و هەموو ساتێک پێشبینی ناپاکیی لێ دەکرد، هەندێک سەرکردە لە کۆبوونەوەکەدا هەبوون کە باوەڕیان وەها بوو ڕێککەوتنی ئێران لەگەڵ عێراقدا مەحاڵە.

---

(١) علي سنجاري، مصدر سابق، ص ١٨٥.

(٢) حبيب محمد كريم، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٣٨.

دوای ئەوەی دەزگا هەواڵگرییەکانی کورد ئەم زانیارییانەی لە دانوستانە نهێنییەکانی نێوان عێراق و ئێران گواستەوە، کورد بۆ زانینی ئامانجی ئەم نزیکبوونەوە چەند هەوڵێکیدا. نامەیەکیان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان نارد و ئەو زانیارییانەی لەخۆ دەگرت کە دەستیان بەسەردا گرتبوو، ئەمریکا ڕەتیکردەوە هیچ نزیکبوونەوەیەک یان خۆئامادەکردنێکی ڕامیاریی هەبێت کە زیان بە بەرخودانی کورد بگەیەنێت، باسی ئەوەیشی کرد کە ئەوان ئەرکی خۆیان بەجێهێناوە و ئەم زانیارییانەیان بۆ شا ناردووە و شایش لەلای خۆیەوە ڕۆڵی خۆی گێڕا و نامەیەکی دڵنیایی بۆ بارزانی نارد و تێیدا گوتبووی کە ئەو دەستبەرداری شۆڕش نابێت[1].

بارزانی نامەیەکی بۆ کیسینجەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا نارد و داوای ئاسانکاری بۆ سەردانکردنی ئەمریکای لێکرد تا لەگەڵ بەرپرساندا وتووێژ لەسەر ئەم پرسە بکات، بەڵام کیسینجەر قورسی ئەو کارەی بۆ ڕوون کردەوە، گوتی من ئامادەم پێشوازی لە نوێنەرێکت بکەم[2]. بارزانی بڕیاری ناردنی مەحمود عوسمان و ئیدریس بارزانیدا، بەڵام واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر کۆتایی بە هەوڵەکە هێنا.

هەڵەی بزووتنەوەی کورد ئەوەبوو متمانەی بە ئەمریکا و ئێران کرد. محەمەد حەسەنێن هەیکەل، لەبارەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕەزا شای پەهلەویدا دەڵێت لەبارەی کوردستانەوە پرسیارم لە شا کرد، شا گوتی سەد لە سەد ڕاشکاوانە پێت دەڵێم: "بێگومان ئێمە هاوکاریی شۆڕشی کوردمان کردووە، هەتا ئەم قۆناغەی دواییش، تەنیا ئێمە بووین هاوکاریمان دەکردن و کاتێک هاریکارییەکانمان وەستان، شۆڕش هەرەسیهێنا، ئەوەیش ڕوونە کە من ئارەزووی ژیاندنەوەی کێشەی کوردم نەکردووە و من شۆڕشی کوردم بەرهەم نەهێناوە و بەڵام کە بینیم هەیە وتم بۆ نەیقۆزمەوە و بەکاری نەهێنم!

---

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٣٤٤.

(٢) دەقی نامەکەی هینری کیسنجەر بۆ مەلا مستەفا:

ژەنەراڵی بەڕێز ١٩٧٥/٢/٢٢،

زۆر خۆشحاڵ بووم کە لە بەرواری ١٩٧٥/١/٢٢ نامەکەتانم پێ گەیشت، پێم خۆشە ڕێزی خۆمان بۆ ئێوە و گەلەکەتان و پاڵەوانییەکەتان دەرببڕم، بە ڕاستی ئەو کێشانەی دووچاری بوون زۆر گەورەن، ئەو شیکارییە سەربازی و سیاسییانەی لە نامەکەتاندا هاتبوون جێی دەستخۆشین، دڵنیا بن لەوەی نامەکەتان مایەی گرنگییەکی گەورەی حکومەتی ولایەتە یەکگرتووەکانە، چونکە ئەم بابەتە جێی بایەخە لامان ... ویستی ئێوە بۆ ناردنی کەسێکی باوەڕپێکراو بۆ واشینگتۆن تا زانیاریی زیاتر لەبارەی دۆخەکەوە بە ولایەتە یەکگرتووەکان بگەیەنێت خۆشحاڵ و گەورەمان دەکات و پێشوازیی لێ دەکەین، من دڵنیام لەوەی شاردنەوە و پەنهانی بابەتەکە هۆکارێکی ترە لەپاڵ ئەوەی تا ئێستا ئەنجاممان داوە، ئەم پەنهانییە سەرباری پێداگریمان لەسەر سەلامەتیی ئێوە هۆکاری ئەوەیە من دوودڵ بم لە پێشنیاری دیمانەی کەسەکی لەگەڵ ئێوە، چاوەڕوانی وەڵامتان دەبم. باشترین ڕێز و ئاواتم قەبووڵ بفەرموون، هینری کیسینجەر. (مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٣٤٥).

ڕێژەیەکی زۆری کوردیش لای ئێمە لە ئێران هەن، بەڵام ویستم حکوومەتی بەغدا لە ڕوویاندا بەهۆش بهێنمەوە، تێچووی کارەکانمان لە کوردستان ٣٠٠ ملیۆن دۆلارە، من هەوڵی شاردنەوەی هیچ شتێک نادەم، شای ئێران لەپشت هیچ کەسێکەوە خۆی حەشار نادات[١]".

ئەمریکا هاتە سەر خەت. کیسینجەر لەگەڵ نێردەی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبووەوە، هەروەها سەردانی بەغدای کرد و دوایین جێدەستی لە ڕێککەوتنامەی جەزائیر دانا. ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بریتیبوو لە پاراستنی ئاسایشی کەنداو و دوورخستنەوەی هەژمونی سۆڤێت و میانڕەویی عێراق لە دۆزی فەلەستیندا.

بەم شێوەیە عێراق بە سۆڤێت قوربانیدا، هاوکارییەکانی بۆ دۆزی فەلەستین کەم کردەوە و ئەمریکای هێنایە ناوچەکەوە، خاک و ئاوی بەنرخی عێراقی کردە قوربانی لە بەرامبەر دامرکاندنەوە و نوشستی بەشێک لە بەشەکانی گەلەکەیدا لەباتی ئەوەی مافەکانی پێبدات، بە ناڕاستەوخۆ سازش بۆ ئێران و ئەمریکا و ئیسرائیل نەکات.

جەدەلی پەیوەندییەکانی نێوان بزووتنەوەی کورد و ئەوانەی تری وەک ئێران و ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێت، بەپێی خواست و بەرژەوەندیی ئەم دەوڵەتانە بوو[٢]. کاتێک ئێران و ئەمریکا هاوکارییەکانیان پێشکەش بە بزووتنەوەی کورد دەکرد، لە ئەنجامی بیر و باوەڕیانەوە بە مافە نەتەوەییەکانی کوردەوە نەبوو، بەڵکو دوژمنی عێراق بوو، کە ئەو کاتە هاوپەیمانی سۆڤێت بوو[٣]. کاتێک گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی عێراقدا هات ئەم دەوڵەتانەیش ئاراستەیان گۆڕی.

ڕاستییەکەی گەمەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە چوارچێوەی هەلومەرجی جەنگی سارددا، لە توانای کورد بەدەر بوو. ئاڵۆزییەکان فراوانتربوون لە پەراوێزی تەسکی سیاسی لە بەردەمیاندا. لەبەرئەوە بەغدا هەرکە زانیی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە پاکتاوکردنی ڕاپەڕینی بارزانیدا سەرکەوتوو نابێت، دەستی پێش خست و چەند ئاماژەیەکی کرد بۆ چوونەدەرەوە لە هەژمونی سۆڤێت و سازشکردن بەرامبەر داواکارییەکانی ئێران لە سنوور و ئاودا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم کاتەدا پێویستی بە کارتی عێراق هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی ململانێی عەرەب و ئیسرائیل، بە تایبەت لە ڕەوتی سوریاوە، چونکە عێراق لە حاڵەتی نزیکبوونەوەی لە ئێران و دوورکەوتنەوەی لە دیمەشق ئەو فشارەی سەر ئیسرائیل، لەبەرەی سوریاوە کەم دەکاتەوە[٤].

---

(١) جريدة الأنوار اللبنانية، بيروت، ١٩٧٥/٩/٢.

(2)News hetter. 1981 .by vera boadin sapour &ismat cherif vanly

(٣) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ٢٣٦.

(٤) سعدي عثمان، كردستان والأكراد، مصدر سابق، ص ٢٠١.

سەبارەت بە ئێران، چاودێران پێیان وایە پەیمانی عێراق و سۆڤێت کە لە ١٩٧٢/٤/٩ بەسترا، گەلێک شای ئێرانی نیگەران کرد و پێی وابوو کە دژی ئێرانە، بۆیە هەوڵی ڕاکێشانی حکوومەتی عێراقیدا بۆلای خۆی، دواتریش بۆلای ئەمریکا و دوورخستنەوەی لە سۆڤێت، بە هۆی هاوکاریکردنی دژ بە ڕۆڵەکانی گەلەکەی خۆی لە کورد، لە لایەکی تریشەوە ویستی ڕقی خۆی لە بارزانی دابمرکێنێتەوە بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بەبێ ڕەزامەندیی ئەو.

ئەسەدوڵا عەلەم کە لە سەردەمی شادا وەزیری دیوانی پادشایی بوو لە ئێران، دەیگێڕێتەوە کە مەلا مستەفا دوابەدوای ڕێککەوتنامەی ١٩٧٥، وازی لە شۆڕشی کوردی هێنا. داوای چاوپێکەوتنی لە شا کرد، شا بە ویست و بە پلانێکی ئەنقەست چاوپێکەوتنەکەی بۆ ١١ی ئاداری ١٩٧٥ دواخست، تا لەگەڵ یادی پێنج ساڵەی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا هاوکات بێت، وەزیرەکە دەشڵێت، شا ڕێککەوتنی جەزائیری خستە ئەستۆی کورد، دەڵێت کورد خۆیان هەڵگری بەرپرسیارێتیی ڕێککەوتنی جەزائیرن، چونکە دوای ساڵێک لە دەستپێکردنەوەی جەنگ نەیانتوانی سەرکەوتوو بن لە خستنی سەدام حوسێن لە فەرمانڕەوایی. بەڵکو لەگەڵ ئەوەیشدا ناوچەگەلێکی فراوانیان لەدەستدا، بە ڕێژەیەک ڕزگارکردنیان کێشەی گەورەتری لە شەڕدا بۆ ئێران دروست دەکرد[1].

ژمارەیەک لە چاودێران وا دەبینن کیسینجەر تیۆردانەری سەرەکیی ڕێککەوتنەکە بوو، چونکە ویستی بە هەر نرخێک بێت ڕێککەوتن بکرێت، بۆ دوورخستنەوەی بەغدا لەو بەرەیەی دژایەتی ڕێککەوتنی میسر و ئیسرائیلی دەکرد، بەم دوورخستنەوەیش لە ڕێگەی هاوکاریکردنی بەغداوە دژ بە کورد، بەغدا لە هێرشکردنە سەر سیاسەتی ئاشتی کە ئەنوەر سادات گرتبوویە بەر دەوەستێنێت، ئەمەیش لەلایەن لێژنەی بەدواداچوونی ئەمریکاییدا لە ڕێگەی چالاکیەکانی CIA کە ڕاپۆرتەکەی بە ناونیشانی *Piko Report* پێشکەش کرد، جەختی لێ کراوەتەوە، هەروەها محەمەد حەسەنێن هەیکەلیش لە پەرتوکەکەیدا بەناوی جەنگی کەنداو ئاماژەی پێ کردووە[2].

کورد وای دەزانی هۆکاری هەرەسهێنانی شۆڕش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سەرکردایەتی کورد بڕیاری خۆکوشتنی دابوو، کە پەتی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئێران شل کرد، لە یەکەم تاقیکردنەوەی قورسدا شۆڕشەکە شکستیهێنا[3].

بزووتنەوەی چەکداریی کورد لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، یەکێک لە دوورەوە بیروانیبا وای دەزانی شەڕ هەر بەردەوام دەبێت و کۆتایی پێ نایەت. بەبێ ئەوەی دەسەڵات بتوانێت سەرکەوتنی تەواو بەدەست بهێنێت، بەڵام هەموو لایەک بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو تووشی شۆک بوون. ئەوەبوو لە ئاداری ١٩٧٥

---

(١) جريدة الناس، بغداد، ٢٠١٣/١/١٣.

(٢) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق من الاحتلال، مصدر سابق، ص ٣٧٧.

(٣) حول الحركة التحررية الكردية، عن وثائق الاتحاد الوطني الكردستاني، مصدر سابق، ص ٥.

هەموو شتێک شکستیهێنا، لەم ماوەیەدا چالاکییەکانی جەزائیر بە ئاراستەی نێوەندگیری لە نێوان عێراق و ئێراندا بۆ وەستاندنی شەڕ گەیشتە لوتکە و لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥، لە کاتی بەستنی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپیک)دا لە پایتەختی جەزائیر، ڕێککەوتن لە نێوان هەردوو حکوومەتی ئێران و عێراق ئیمزا کرا. سەدام حوسێن، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق[1] و محەمەد ڕەزای پەهلەویی شای ئێران ڕێککەوتنەکەیان ئیمزا کرد. لە دەقی ڕێککەوتنەکەدا چارەسەری کیشەکانی سنوور هاتووە، بە تایبەت دابەشکردنی شەتولعەرەب. بڕیاردرا ئێران بە پێشکەشنەکردنی هاوکارییەکانی بۆ کوردی عێراق لە باکوور و داخستنی سنوورەکانی بەڕووی هەر چالاکییەکی دوژمنکارانەی عێراق پابەند دەبێت، عێراقییەکان کەڵکیان لەم ئاشتەواییە وەرگرت و لە ٨ی ئاداری ١٩٧٥دا، هێرشێکی گەورەیان بۆسەر ناوچە کوردییەکان دەست پێکرد.

هەموو لایەک ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی ئەم ڕێککەوتنە، بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە ناکۆکیی نێوان عێراق و ئێران بەستراوە، لەبارەی دوو کێشەی سەرەکی ئەوانیش، ڕاگرتنی هاوکارییەکانی ئێران بۆ بزووتنەوەی چەکداریی کورد و دیاریکردنی سنوری وشکانی و ڕووباری لە نێوان هەردوولادا، هەروەها ڕازیبوون بە داواکاری و ئارەزووەکانی ئێران لەم بارەیەوە[2].

لەم کاتەدا کورد هەستی کرد شا وازی لە شۆڕشی کورد هێناوە، دوای سازشکردنی حکوومەتی عێراق لە چەند ناوچەیەکی ستراتیژیی خۆی بۆ دەوڵەتێکی بێگانەی وەک ئێران، لە بەرامبەر سەرکەوتنی بەسەر بەشێک لە ڕۆڵەکانی گەلەکەیدا، گەر بە پێچەوانەوە هەندێک لە داواکارییەکانی کوردی جێبەجێ بکردایە، عێراق لە ململانێی ناوخۆیی بەردەوام ڕزگاری دەبوو کە بووە هۆی زیانێکی زۆر لە ڕووی ئابووری و مرۆییەوە، بۆ پارێزگاریکردنی لە عێراق لە مافە سنورییەکانی بەبێ ئەوەی دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە لە دەستی بدات. شا بارزانیی بۆ تاران بانگهێشت کرد، دەرکەوت شا ئەوەی هیچ لەبیر ناکات و هەلی دۆزیەوە لە بوونی بارزانی بۆ ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی جەزائیر و لە ٦ی مارسی ١٩٧٥ تاکو دڵی ئاو بخواتەوە، بە گەیشتنی بارزانی بە تاران، ئەنقەست شا لە ڕۆژی ١١ی مارسدا پێشوازیی لێ کرد، ئەم ڕۆژە هاوکاتە لەگەڵ ڕێککەوتنەکەی بارزانی لەگەڵ سەدام حوسێن لەساڵی ١٩٧٠. لە دیدارەکەدا شا گوتی: من ناچاربووم بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕێککەوتنە و ئەگەر نەمکردایە ئەوا لەگەڵ بەعسییەکانی عێراق توشی جەنگێکی فراوان دەبوومەوە، سۆڤێتیش هەموو قورساییەکی دەخستە سەرمان، پاشان ڕێککەوتنەکە لەلایەکی تریشەوە بە تەواوی لە بەرژەوەندیی گەلی ئێران بوو، هەروەک ئێوە کە بینیتان ڕێککەوتنی ١١ی مارسی ١٩٧٠ لە بەرژەوەندیتانە[3].

---

(١) دەقی ڕێککەوتننامەی جەزائیر پاشکۆی ٥٧.

(٢) محمد عزيز الهماوندي، الحكم الذاتي الكردستاني العراقي، مصدر سابق، ص ١٨٢.

(٣) جوناثان راندل، أمة في شقاق، مصدر سابق، ص ٢٢٧.

دوای بڵاوبونەوەی هەواڵی ڕێککەوتنەکە و ئیمزاکردنی لە جەزائیر، دەرکەوت مەبەستی سەرەکی تێیدا لەناوبردنی شۆڕشی کوردی بوو. دوای ئەوەی شا کارتەکانی ئاشکرا کرد، بارزانی کە لەو کاتەدا لە تاران بوو، وای دەبینی، موحسین دزەیی بۆ سەرکردایەتی کورد لە کوردستان بنێرێت. بۆ خستنەڕووی گۆڕانکارییە نوێیەکان و بۆ گواستنەوەی بیر و هەڵوێست و ڕێگەچارەکانی ئەو پێشنیارانەی دەیخاتە ڕوو[1]. موحسین دزیی نامەیەکی لە دکتۆر مەحمود عوسمانەوە گەیاندە سەرکردایەتی کە تێیدا مەترسی ئەم بارودۆخە نوێیەی بۆ پوختە کردبوو[2]، پاش گەیشتنی نامەکەی بارزانی بە دەستی سەرکردایەتی کورد، نامەیەکیان بە موحسین دزەیدا ناردەوە کە بڕیارياندا بە درێژەدان بە شۆڕش، لە ترسی ئەوەی شای ئێران مەلا مستەفا و هەڤاڵانی وەک بارمتەیەک لەلای بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەی جەزائیر بەکار بهێنێت، داوایان لە مەلا مستەفا کرد بە هاوڕێیەتی شا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، لە ڕاستیدا شا لەبەر چەند هۆکارێک دەترسا مەلا مستەفا لای خۆی بهێڵێتەوە:

١. لە ترسی گواستنەوەی شۆڕشی کوردی بۆ کوردستانی ئێران.
٢. بێمتمانەیی بە نیازەکانی بەعسی فەرمانڕەوا بە تایبەت پابەندبوونی بە جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنی جەزائیر لە کاتی دەستبەرداربوونی لە شۆڕشی کوردی و سەرکردایەتیەکەی[3].

بارزانی گەڕایەوە کوردستانی عێراق و سەرکردایەتی کورد نامەیەکی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان نارد، تییدا داوایان لە ئیدارەی ئەمریکا کرد دەست وەربدات بۆ گوشار خستنەسەر ئێران کە هاریکاریی سەربازیی لەگەڵ عێراقدا نەکات[4]، پێشتر ئیسرائیل بەڵێنی دابوو هاوکارییەکانی نەوەستێنێت، تەنانەت گەر شا سنوورەکانیش بەڕووی شۆڕشی کوردیدا دابخات، ئەو لە ڕێگەی ئاسمانییەوە پێداویستییەکانی سوپای شۆڕشگێڕ دابین دەکات.

ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر نامەکەی سەرکردایەتی کورد وەڵامیان نەبوو، لە کاتێکدا کوبی، بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی ناوەندی ئەمریکا، بیری کیسینجەری خستەوە کە وەڵامی نامەکەی بارزانی نەداوەتەوە، کیسینجەر لە وەڵامدا گوتی: کاری دەزگای هەواڵگری موژدە بەخشینەوە و بانگەوازکردن بۆ ئاین نییە[5].

بەڵام ئیسرائیل وەڵامی دایەوە کە ناتوانێت بەئەمەک بێت بەرامبەر بە بەڵێنەکانی، چونکە هەندێک کێشەی هونەری ستراتیژیی ڕێگریی لێ دەکەن... بارزانی لە لێدوانێکیدا گوتی: "لە کۆبوونەوەی ئەوانەی

---

(١) محسن دزەیي، أحداث عاصرتها، مصدر سابق، ص ٢٧١.
(٢) نامە نەسڵییەکە و وەرگێڕانەکە پاشکۆی ٥٨.
(3)http://pilgamish.org/printarticle.php?id=21956
(٤) حبيب محمد كريم، ملاحظات حول ثورة أيلول، مجلة الكادر، العدد ٢٩، خەبات، دهوک ١٩٩٢، ص ٩.
(٥) عصمت رشيد وانلي، كردستان العراق، مصدر سابق، ص ٢٨١.

کە ویژدانیان نییە دەترسم بە تەنیا لە گۆڕەپانەکەدا بمێنینەوە و ئەمەیش ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە دۆزی کورد و لەناوبردنی گەلەکەمان، من خۆم چوومەتە تەمەنەوە، تەمەنم ڕێگەی جەنگی خێرا و شاخە و شاخ و شەو و ڕۆژ نادات، لەبەر ئەوە بینیم درێژەدان بە جەنگ لە بەرژەوەندیمان نییە، ئەگەر لە ئێستادا کەسێکی بەهێزتر هەیە بۆ سەرکردایەتی جەنگی بەرامبەر ئەوا من بە هەموو توانایەکمەوە ئامادەم هاوکاریی بکەم"[1].

لە ١٢ی ئاداردا، واتە پاش شەش ڕۆژ لە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی جەزائیر، ژەنەڕاڵی ئێرانی، مەنسوور پور گەیشتە ناوچەی حاجی ئۆمەرانی عێراق، بەشێوەیەک مەلا مستەفا لەبارەی کاری پێویستەوە کۆبوونەوەیەکی بە بەرپرسەکانی سەرکردایەتی کرد. ژەنەڕاڵە ئێرانییەکە بە بارزانی گوت دەبێت خۆتان بەدەست هێزە عێراقییەکانەوە یان هێزەکانی ئێمەوە بدەن، هیچ بژاردەیەکی ترتان نییە[2].

ڕاستییەکەی مەلا مستەفا دەبوو ئەو ڕێگەیەی شا بۆی دانابوو جێبەجێی بکات:

١. بەر لە کۆتاییهاتنی مانگەکە پێویستە سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە خۆیان ڕادەستی دەسەڵاتە عێراقییەکان بکەن بۆ سوودوەرگرتن لە لێبوردنی گشتی.
٢. یان ئەگەر ئارەزوویان بوو وەک پەنابەر لە ئێران بمێننەوە.
٣. ئەگەر بەردەوام بن لە شەڕ، بە گوێرەی پەیماننامە و ڕێککەوتنەکان سنوورەکان بە ڕوویاندا دادەخرێن، بەبێ هاوکاریی ئێران، بە پێچەوانەوە عێراق بە هاوکاریی ئێرانی بە گوێرەی ڕێککەوتنی پێشوو ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

ژەنەڕاڵ مەنسوور پوور، کە بە ڕەچەڵەک کوردی ئێران و هاوڕێی مەلا مستەفا بوو، بەتەنیا لەگەڵ بارزانی دانیشت و هەواڵی پێدا کە شا هاوکاریی سەربازی حکوومەتی بەعس دەکات لە دژتان، هەروەها بەڵێنیشی لە حکوومەتی تورکیا وەرگرتووە بۆ لێدانتان، هەروەها باڵیۆزی ئەمریکا بە بارزانیی ڕاگەیاند کە ڕێککەوتنی سێقۆڵی لە نێوان عێراق و ئێران و تورکیادا لە بواری سەربازیدا دژی کورد هەیە و درێژەدان بە شەڕ، کورد دووچاری ماڵوێرانی و کاولکاری دەکات، بارودۆخی نێودەوڵەتییش لە بەرژوەندیی بزووتنەوەی کورد نییە[3].

لێرەوە بڕیاری ڕاگرتنی جەنگ لەلایەن بارزانییەوە بەدڵنیاییە بێ وەیترینی نێوان دوو بژاردە خراپەکە بوو[4]. مەسعود بارزانی دەڵێت: "پاش ماوەیەک بۆمان دەرکەوت بڕیارەکەی بارزانی بڕیارێکی زرنگانە و

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٣٤٧.
(٢) جوناثان راندل، أمة في شقاق، مصدر سابق، ص ٢٢٧.
(3)http ://gilgamish.org.gilvmi
(٤) سامي شورش، كردستان، مصدر سابق، ص ١٠٢.

دروست بوو، سەرەڕای ئەوەی خۆی خستە ژێر ڕەحمەتی نەیارەکانیەوە، لەپێناو ئەمەیشدا، بڕیارێکی بوێرانەیدا، چونکە نەیدەتوانی بچێتە نێو پلانگێڕییەکەوە کە نەیدەزانی ئاکامەکانی چەندە ترسناکن"[1].

سەبارەت بە کشانەوەی مەلا مستەفا، هانی حەسەن، نێردەی شۆڕشی فەلەستین لە ئێران بە مەسعود بارزانی دەڵێت: "لە وەزارەتی دەرەوەی ئێران زانیاریم لەسەر بەڵگەنامە نهێنییە تایبەتەکان بەدەستخست، دڵنیا بووم لەوەی ئەم گەلەکۆمەکییەی دژ بە ئێوە ڕێکخراوە لەسەر چارەنووسی گەلەکەتان زۆر ترسناکە"[2]. لەبارەی کەشی دوای ڕێککەوتنەکەیشەوە، حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت لە هەوڵێکی نائومێدی مەکتەبی سیاسی حزبدا بۆ ڕزگارکردنی ئەوەی دەکرێ لە چنگی ئەم کارەساتە چاوچنۆکە ڕزگار بکرێت، پێشنیارمان بۆ بارزانی کرد تا بروسکەیەک بۆ حکوومەتی عێراق و حزبی بەعس بنێرێ و داوایان لێ بکەین بە گەڕانەوە بۆ دانوستان و لەدەستنەدانی مافی عێراق لە ئاوی کەنداوی عەرەبدا[3]، بەڵام مەلا مستەفا ئەم پێشنیارەی پێ باش نەبوو، چونکە بە بڕوای ئەو کات تێپەڕیوە، لەگەڵ ئەوەیشدا داوای ناردنی بروسکەیەکی بە ناوی مەکتەبی سیاسیەوە لێ کردین بە ناوەڕۆکی ئەو داواکارییانەی سەرەوە، کەچی وەک ئەوەی بارزانی پێشبینی دەکرد بە لێشاوێک لە جوێن و گوتەی ناشیرین وەڵامیان دایەوە[4].

هێشتاکە ڕۆژی ٢٢ی ئاداری ١٩٧٥ نەهاتبوو، بەرگریی کورد دەستی بە داڕمان کرد، بارزانی ڕایگەیاند جەنگ کۆتایی پێ هاتووە، ئێمە تەنیاین و بێدۆستین. ئەمریکا هیچ هاوکارییەکی پێشکەش نەکردین و چاوەڕێی ڕۆژگارێکی ڕەشین[5]. مەلا مستەفا خۆی ئامادە کرد بۆ پەڕینەوە بەرەو ئێران، ئێران مەرجەکانی ڕێککەوتنی ٦ی ئاداری لەگەڵ عێراقدا جێبەجێ کرد، هەرچەندە عێراقییەکان پێیان وانەبوو جێبەجێیان بکات و پابەند بێت بەو ڕێگایانەی کە گرتنیە بەر. چەند کاتژمێرێک دوای ڕێککەوتنی جەزائیر، کەلوپەلە جەنگییەکانی ئێران کە لە پێشتردا بۆ کوردی ناردبوو لە کوردستانەوە ئاراستەی سنوورەکانی ئێران کرانەوە، واتە ئەوانەی کە لە تۆپ و چەک و کەرەستە سەربازییانەدا خۆی دەبینیەوە.

لە مانگی ئادار تا نیسان، ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆکی عێراق، کۆتاییهاتنی یاخیبوونی کوردی ڕاگەیاند و ستایشی ئەو هەستە باشەی کرد کە ئێران پیشانیدا. لە ئایاری ١٩٧٥یشدا، بەغدا بە بۆنەی سەرکەوتنیان بەسەر کورددا ئاهەنگیان گێڕا. بەڵام سەبارەت بە کورد، لەلایەکی ترەوە شۆڕش لەڕووی

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٣٤٧.
(٢) نفس المصدر، ص ٣٤٨.
(٣) سەددام حسێن دوای گرتنەبەری سەرشۆڕکردنی لەگەڵ شادا بەوە پاساو دا گوایە سوپا پێویستی بە چەک و ئازووقە هەبووە و کۆگاکان خاڵی بوونە.
(٤) حبيب محمد كريم، الحزب الديمقراطي الكوردستاني، مصدر سابق، ص ١٤٠.
(٥) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق من الاحتلال، مصدر سابق، ص ٣٧٤.

سەربازییەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا، هەرچەندە هاوپەیمانی دەوڵەتان و لە نێویشیاندا دەوڵەتی ئەمریکای زلهێز بووە هۆی نسکۆی شۆڕش و هەڵویستی جیهانیش تەماشاکەر بوون.

نزیکەی ٣٠٠ هەزار کورد و لە نێویاندا ٣٥ هەزار جەنگاوەر پەنایان بردە بەر ئێران، سەدان هەزاریش گەڕانەوە بۆ عێراق. بەڵام لە سزا و تۆڵەی بەشدارییاندا لە شۆڕش حکوومەت بۆ باشووری عێراق ڕایگواستن، ژن و پیاو و منداڵ و دایکیان لەیەکتر جودا کردەوە و بە دامودەزگای سەرکوتکردن مافی هەڵسوکەوتکردنیان لەگەڵ ئەم جەماوەرەدا قۆرخ کرد. لە سەرەتادا هەڵهاتن و پەنابردنە بەر وڵاتان بە ئاراستەی سنوری تورکیا و سوریا بوو، بەڵام بە داخستنی سنوورەکانی تورکیا بە ڕووی پەنابەراندا و ڕێگریان لە چوونە نێو خاکەکەی و دەرچوونی بڕیاری دەسەڵاتدارانی سوریا بە دەرکردنی هەزاران پەنابەر کە چووبوونە نێو خاکەکەیەوە، لە کۆتاییدا بووە هۆی ئەوەی پەنا بەرنە بەر خاکی ئێران. دیمەنەکانی پاشەکشە و هەڵهاتن دڵتەزێن بوون، پێشمەرگە چەکەکانیان شکاند و چەکە قورسەکانیان خستە ناو بیر و گۆماوەکانەوە، ژمارەیەکیان خۆیان کوشت، بەم شێوەیە کورد بووە قوربانی ڕێککەوتنە نێوەدەوڵەتییەکان، وەک ئەوەی مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە، لە سەرەتای سەدەی بیستدا، تورکیا و بەریتانیا لەسەر لەناوبردنی کورد ڕێککەوتن لە بەرامبەر سازشکردنی لە ویلایەتی موسڵ بۆ بەریتانیا، لەم ڕێککەوتنەشدا عێراق لەسەر بەشێکی گرنگی ناوچەی کەنداوی عەرەبی سازشی کرد، لە بەرامبەر لێدان لە بزووتنەوەی کورد. پاڵنەری سەرەکیی ڕێککەوتنەکە پاراستنی ئاسایش بوو بە درێژایی سنوورە هاوبەشەکان و ڕێگریکردن لەو یاخیبووانەی دزە دەکەنە نێو وڵاتەوە. لە مادەی سێیەمی ڕێککەوتنامەی جەزائیردا هاتووە: "هەردوولا ئاسایش و دڵنیایی بە درێژایی سنوورەکانیان دەگێڕنەوە و پابەندی چاودێرییەکی توند و چالاکی سنوورە هاوبەشەکانی یەکتر دەبن، ئەوەیش لە پێناو کۆتاییهێنانی یەکجاریدا بە دزەکردنی وێرانکاران"[(١)].

ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد بۆ پلانی بەعس لە ڕێککەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥ بکرێت، مەبەستەکانی ڕوون و ئاشکران، چونکە بەرپرسێکی باڵا لە حزبی بەعس دوای ڕێککەوتنی جەزائیری١٩٧٥ ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: "ئێمە پێمان وابوو کە ئەوان (سۆڤێت و حزبی شیوعی و ئێران) دۆستانی بارزانی بن، بەڵام بەرلە جەنگ لە سۆڤێت و حزبی شیوعیمان جیاکردەوە و، لەگەڵ ئێراندا بۆ کاتێکی تر هێنشتمانەوە"، بە هەمان شێوە حەردان تکریتی جێگیری سەرۆک کۆمار گوتی: "ئەو ئامانجانەی کە بەعس لە ڕێککەوتنی ١٩٧٠ کۆششی بۆ دەکرد، لەناوبردن و هەڵوەشاندنەوەی شۆڕشی کورد بوو"[(٢)].

---

(١) جابر ابراهيم الراوي، إلغاء الاتفاقية العراقية الإيرانية لعام ١٩٧٥، في ضوء القانون الدولي، بغداد، وزارة الثقافة والاعلام، ١٩٨٠، ص ٩٠.

(٢) مؤتمر الذكرى السنوية لميلاد البرزاني الخالد، ممتاز حيدري، من منشورات اللجنة العليا لاحياء مئوية البارزاني الخالد (٢)، اربيل، ٢٠٠٣، ص ٢٥٧.

سەبارەت بە ئێران، لە ڕێککەوتنی جەزائیردا دەرکەوت شای ئێران ماوەیەکی زۆر بوو نەخشەی بۆ لاوازکردنی گەلی کورد کێشابوو تا ئەوەی دۆزی کورد لای شا وەک (بەلوعەیەکی ئاو وابوو کەی ویستی بیگرێتەوە و بیکاتەوە). لەپاڵ ئێراندا ویلایەتە یەکگرتووەکان نەخشە و پرۆتۆکۆلی بۆ عێراق و کورد دانابوو، ئەوەیش لە ڕێگەی یەکێک لە نامەکانی کیسینجەر لە ١٩٧٥/٢/١٨دا، ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو لە ڕێگەی شای ئێرانەوە دەیویست ڕێککەوتن لەگەڵ سەدام حوسێن ئەنجام بدرێت، ئەمەیش مەبەست و ئامانجەکانی شای ئێران ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "شای ئێران بە بوونی دەوڵەتی کوردی و حوکمی زاتی لەژێر فەرمانڕەوایی حکوومەتی عێراقدا ڕازی نەبوو، بە گورتی شای ئێران بۆ دروستکردنی جۆرێک لە لێکتێگەیشتن لەگەڵ عێراقدا هەوڵی دەدا، کە پەیوەندی بە کوردیشەوە هەبوو، سەرەڕای بوونی گومانێکی زۆر لەم بەیەکگەیشتنە، بەڵام بەبەردەوامی هاوکاری کورد دەکات"[1]، گرنگ ئەوەیە شا لە بەرژەوەندیی خۆی کاری بۆ گەشاندنەوەی ململانێ و پێکدادان و لێدانی لایەکیان بەوی تر دەکرد، بۆیە دەستوبردی کرد و لە ڕێککەوتنەکەدا هەوڵی لەناوبردنی شۆڕشی کوردیدا[2]، بەڵام دەوڵەتانی عەرەبی، وەك جەزائیر و میسر و ئوردن، یەک چالاکییان هەبوو لەگەڵ ئێران و تورکیادا، ئەم دەوڵەتانە لە بەرژەوەندیی ئێران و ئەمریکا کاریان دەکرد، سەردانەکانی شا بۆ جەزائیر و میسر و ئوردن لەپشت بارزانییەوە شێوە هاوپەیمانییەکی گەورەی وەرگرتبوو.

لە دواییشدا پاش کۆبوونەوەکانی هەردوو وڵاتی هەرێمیی عێراق ـ ئێران بەو شێوەیە، شای ئێران لە ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٦دا، خەنجەرێکی لە پشتی کورد وەشاند و دەسەڵاتدارانی ئەمریکایش پشتیان لە کورد کرد کە پاڵەوانی پلانگێڕییەکەیش هێنری کیسینجەر بوو[3].

بەعس بەرامبەر لەناوبردنی بزووتنەوەی کوردی بەسەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی لە مافەکانی عێراق لە کەنداوی عەرەبدا هەڵگرت. چاودێرانی سیاسی تێبینییان کردووە تاکە بەرەیەک وێرابێتی دەستبەرداری خاک و ئاو و مافی عێراقییەکان ببێت لەوەتەی دەوڵەتی نویی عێراق دروست بووە، حکوومەتەکانی بەعس بووە نەک بەعسییەکان، چونکە زۆربەیان بەم سازشکردنە قایل نەبوون. لە ساڵی ١٩٦٣دا بەبێ دیاریکردنی سنوور، کوەیت دانی پێدا نرا، لە ساڵی ١٩٧٥یشدا لە مافەکانیان لە شەتولعەرەب سازشیان کرد و لەدوای ئەوەیش بە گۆڕانی سنوور لەگەڵ کوەیت و ئەردەندا ڕازی بوون.

---

(١) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٨٧.

(٢) حبيب محمد كريم، ملاحظات عابرة حول ثورة ايلول، مجلة الكادر، العدد ٢٩ خەبات، دهوک ١٩٩٢، ص ٩.

(٣) نجفقلي پسيان، البارزاني إلى بسنسلم لأحد، ترجمة عن الكردية شاحوان كركوكي، ضمن كتاب من مهاباد إلى أراس، أربيل ٢٠٠٢، ص ٢١.

**پوختەی ڕێککەوتنی جەزائیری ١٩٧٥:**[١]

١. ئێران نیوەی کەنداوی عەرەب و زەینولقەوس و سەیف سەعدی دەست کەوت.
٢. ئەمریکا بەڵێنی لە ڕژێمی عێراق وەرگرت بە دەرچوونی لە بازنەی هەژمونی سۆڤێت و چوونەنێو بازنەی خۆرئاوا، نەخشەکێشی گەورەیش هێنری کیسینجەر بوو.
٣. شکستپێهێنانی بزووتنەوەی کورد.

**بەڵام پشتزەمینە نێودەوڵەتییەکانی ڕێککەوتنی جەزائیر[٢]، کە کوردیان تێدا کردە قۆچی قوربانی، ئەمانە بوون:**

١. پەیماننامەی نێودەوڵەتیی سۆڤێت کە لە ١٩٧٢/٤/٩ بەسترا، بووە هۆی ئەوەی شا نیگەران بێت و پێی وابوو لە دژ ئەوە.
٢. لە ساڵی ١٩٧٣، نۆکەندی سوێس لە میسر بووە هۆی بەرزکردنەوەی نرخی پێترۆڵ و ئەمەش قازانجێکی گەورەی بۆ عێراق تێدابوو.
٣. هێنری کیسینجەر بە هەر نرخێک دەیویست ڕێککەوتن و ئاگربەست لە نێوان میسر و ئیسرائیلدا ڕوو بدات، بەڵام سوریا بەرهەڵستیی ڕێککەوتنەکەی دەکرد، بۆیە کیسینجەر ویستی لە مەیدانی عەرەبی پەراوێزی بخات، هەروەها بەغدایش هەڕەشەی لەم ڕێککەوتنە دەکرد، هێنری کیسینجەر پێی وابوو ئەگەر ئەنوەر سادات هاوکاریی عێراق بکات بۆ ڕزگاربوونی لە مەترسیی کورد، ئەوا بەغدا واز لە هێرشکردنەکانی بۆ سەر ئەو شێوازە ئاشتییەی کە ئەنوەر سادات گرتبوویە بەر دەهێنێت، جەزائیریش لە هەر سەرکەوتنێکی کورد دەترسا، لەبەر بوونی بەربەرەکان لە ناوچەی قەبائیلدا، کە لەو کاتەدا داوای مافە ڕۆشنبیرییەکانیان دەکرد[٣].

لە ئەنجامەکانی ڕێککەوتنی جەزائیری ١٩٧٥دا، حکوومەتی عێراقی حوکمی زاتی لە ناوەرۆکەکەی بەتاڵ کردەوە، ئەوەیش لە دوای ئەو هەوڵانەی حکوومەت هات بۆ دانانی سنوورێکی یەکجاری بۆ یاخیبوونی چەکداری لە باکووری عێراق. سەرباری ئەمەیش حکوومەتی بەغدا لە دانانی کۆتاییپێهێنانی ئەم ناکۆکییە توندە ماوەیەکی کورت نەبێت سەرکەوتوو نەبوو[٤]، بارزانی گوتی: "چەشتمان، ناڵاندمان، بە هەموو چەکێکی کوشندە و سووتێنەر لێیان داین، شتێکیان نەهێشتەوە بەسەر ئێمەدا تاقی نەکەنەوە..، ئێمە دەرەقەتیان نەدەهاتین، کاتێک هێزە جیهانییەکان دژ بە بزووتنەوەی گەلێکی خەباتکار جووڵان، لە

---

(١) محمد طاهر محمد، القضية الكردية وحق تقرير المصير، القاهرة، مدبولي، ٢٠٠٨، ص ١٠٩.
(٢) صلاح الخرسان، مصدر سابق، ص ٢٣٧.
(٣) ممتاز حيدري، منشور مؤتمر الذكرى المئوية لميلاد البارزاني (٢) أربيل ٢٠٠٣، ص ٣٥٩.
(٤) عصمت شريف وانلي، كردستان العراق، بيروت، مؤسسة الدراسات الفلسطينية، ١٩٨٢، ص ٢٨٣.

خۆمم پرسی: تا کەی؟ با شۆڕش بوەستێت، سبەی شۆڕش بەهێزتر و توندتر نوێ دەبێتەوە، ئەمە ویستی گەلێکە کە هەرگیز نامرێت"[1].

لە جێگەیەکی تردا گوتی: "دوای رێککەوتنامەی جەزائیر و خامۆشبوونی ئاگری شۆڕش، لە شۆڕش و بەرخودان بەردەوام دەبین تا سەرکەوتن بەدەست دەهێنین. ئێمە لەگەڵ ئاشتی و دیموکراسیداین، بەڵام ئێمە پاشەکشەمان لە شۆڕش نەکردووە و دەگەڕێینەوە بۆ نیشتمان و ئەگەر خودا بیەوێت بە هێز و توانایەکی زیاترەوە لە خەبات بەردەوام دەبین"[2].

**بەکورتی:** هۆکاری سەرەکیی نسکۆی شۆڕش ئەوە بوو، مرۆڤ هەرچەند وریا و دووربین بێت، رۆژێک هەر رووداوەکان بەرەو نێو هەڵە پەلکێشی دەکەن، بەتایبەت گەر هێزی پاڵنەری رەوتی رووداوەکان بریتی بێت لە وڵاتە زلهێزەکان و ئەو تەوژمە سیاسییە نێودەوڵەتییانەی هەندێک کات خۆیان دەسەپێنن و دوای پلانی وڵاتە مەزنەکان دەکەون بەرژەوەندی و خەونی گەلە بچووکەکان لەناو دەبەن.

## کێشەی کەرکووک

ناوچەی کەرکووک دەکەوێتە نێوان چیاکانی زاگرۆس و زێی بچووک و دیجلە و زنجیرە چیاکانی حەمرین و رووباری سیروانەوە، بەشێکە لە جوگرافیا و مێژووی کوردستان.

لە سەدەی شازدەیەمدا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی حوکمی عوسمانیدا کەرکووک ناوەندی ویلایەتی شارەزوور بوو، سنوری ویلایەتەکە خاکەکانی ئەمڕۆی پارێزگاکانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێری لە خۆ دەگرت[3]. زانا و ئینسایکلۆپیدیاناس ئینقلیمس یوسف داود ١٨٢٩ ـ ١٩٠٧، لەناملیکەیەکی چاپکراوی کورت و بچووکدا کە ساڵی ١٨٦١ لە موسڵ چاپ کراوە، لە پەڕەی ٧٤دا باس لەوە دەکات کە: کەرکووک، بەدلیس، هەولێر و سێرت، لە شارە گەورەکانی کوردستانن[4].

بەڵام مێژووی تورکمان لە ناوچەکەدا، بۆ کاتی ململانێی نێوان عوسمانی و سەفەوی دەگەڕێتەوە، کە لە سەرەتای سەدەی شازدەوە دەستی پێکرد، کاتێ هەردوو لایەنی ململانێکار بۆ فەرمانڕەواییکردنیان لە

---

(١) دیمانەی رۆژنامەوانی لەگەڵ رۆژنامەنووسی میسری محەمەد حەسەنین هەیکەڵ، ٥ی ئەیلولی ١٩٧٥، (نقلا عن صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ١٠١).

(٢) جريدة الناس، بغداد، ٢٠١٢/١/١٣.

(٣) عبدالفتاح علي البوتاني، كركوك في السالنامات العثمانية، مجلة جامعة دهوك، العدد ٢، مجلد (٥) دهوك، ديسمبر ٢٠٠٢، ص ١ ـ ١٢.

(٤) كمال مظهر، كركوك وتوابعها، حكم التاريخ والضمير، دراسة وثائقية عن القضية الكردية في العراق، ج١، السليمانية، ٢٠٠٤، ص ٢.

ناوچەکەدا و پاراستنی پەیوەندییەکانی نێوان سەروەت و سامان و ناوەند فەرمانڕەوایکردنیان پەنایان بۆ بردن[١].

هەرچەندە عەبدوڕەزاق حوسنی دەڵێت ئەوان لەو سوپایەی سوڵتان مورادی چوارەم بوون کە لە ساڵی ١٦٣٨بەغدای لە دەستی سەفەوییەکان دەرهێنا، لەم ناوچانەدا مانەوە بۆ پارێزگاریکردن لەو هێڵە پەیوەندییەی وڵاتی ئەنادۆڵ بە عێراقەوە دەبەستێت[٢].

بەڵام عەباس عەزاوی پێی وایە ئەوان لەو هۆزە تورکییانەن کە لە ناوەڕاستی ئاسیا و بەدیاریکراوی لە مەنگۆلیا و وڵاتی تورکستانەوە نیشتەجێی خۆراسان بوون و لەوێشەوە دەستیان کرد بە کۆچ کردن[٣]. بارتۆڵد پێی وایە، ئەوان لە نەتەوەکانی غۆز و ئۆغۆزن، لە ناوچەکانی دەریای خەزەرەوە تا سنوری چین نیشتەجێ بوون، بە شەپۆل و لە کاتی جیاجیادا لە ناوەڕاستی ئاسیاوە کۆچیان کردووە بۆ عێراق[٤].

مستەفا جەواد پێی وایە تورکەکان پشگیرییان لە بانگەوازی عەباسییەکان کرد، لەگەڵ ئەبو موسلیمی خۆراسانیدا کشان کە لە سوپاکەی ئەودا بوون[٥]، ئاینی تورکمان ئیسلامە و ٥٥٪ سونە و ٤٥٪ شیعەن، بەنیرووز دەڵێت ماوەی سێ یان چوار سەدەیە بنەماڵە تورکمانەکان لە کەرکووکدان[٦]، عوسمانییە تورکەکان هانیان دەدان لە کەرکووددا نیشتەجێ بن.

لە سەردەمی پادشاییدا، لە ١٩٢١ـ١٩٥٨ دەسەڵاتدارانی داگیرکەری بەریتانیا هاوکاریی تورکمانیان دەکرد و هەوڵیان دەدا دەریان بخەن، بە ئامانجی یەکسانکردنیان لەگەڵ نفوزی کورددا لە کەرکووک، چونکە تورکمانە سونەکان بەلای حکوومەتی ناوەندییەوە بە هاوسەنگیی نەتەوەیی لە کوردستان و لە هەموو عێراقدا دادەنران و حکوومەت لە خزمەتەکانیان سوود مەند دەبوو.

سەبارەت بە د نیشتووانی کەرکووک عەبدوڕەزاق حەسەنی بەم شێوەیە باسی دەکات:

دانیشتوانی کەرکووک بەسەر سێ ڕەگەزدا دابەش دەبن: کورد، عەرەب و تورکمان. بەڵام زۆربەی زۆریان کوردن، چونکە زۆربەی هۆزەکان لیواکە کوردن، وەک شوان و تاڵەبان و داودی و ساڵحی وکاکەیی و.. هتد[٧]. ٦٥٪ی دانیشتوانی سەرجەم لیوای پارێزگای کەرکووک کوردن، بەڵام کورد لە ٥٢٪ ناو شاری کەرکووک پێکدەهێنێت.

---

(١) عزيز قادر الصمانچي، التاريخ السياسي لتركمان العراق، بيروت، ١٩٩٩، ص ٣٧.

(٢) عبدالرزاق الحسني، العراق قديما وحديثا، ط٣، بيروت، الرافدين، ٢٠١٣، ص ٤١.

(٣) عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين، بغداد، مطبعة الرشيد، ١٩٩٣، ص ٧٥.

(٤) بارتولد، تاريخ الترك في آسيا الوسطى، الموصل، دار نينوى، ١٩٧٣، ص ١٣٩.

(٥) ارغوس عزيز، التركمان وكركوك، الموصل، مطبعة نينوى، ١٩٩٥، ص ٣٥.

(٦) اديث وايي ايف بينروز، العراق دراسة علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية، ج١، مصدر سابق، ص ٣٧٠.

(٧) عبدالرزاق الحسني، العراق قديما وحديثا، ط٤، ص ٢٢٠.

سەرچاوەکانی سەردەم جەخت لەوە دەکەنەوە، لە ناو کەرکووکدا پێش شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ هیچ کێشەیەک لە نێوان کورد و تورکماندا نەبووە، هەروەها هیچ مشتومڕێک لەسەر شوناسی نەتەوەیی کورد لە شارەکەدا نەبووە، بەڵام دەوڵەتە هەرێمییەکان و بە تایبەت وڵاتانی پەیمانی بەغدا لە ڕۆژی یەکەمی هەڵگیرسانی شۆڕشەوە، بە سەرجەم ڕێکارەکانەوە، لەوانە تێکدانی ئاسایشی ناوخۆیی هەوڵی لەباربردنیاندا. بیرمان نەچێت کۆمپانیای نەوت ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە کاریگەری لەسەر هەندێک لەوانەی خەریکی نانەوەی کێشە بوون لە نێوان کورد و تورکماندا، بە پشتبەستن بە ئاراستە و هاندانی حکوومەتی تورکیا و ڕۆژنامەوانیی تورکی.

ڕۆژنامەکانی تورکیا لە جۆشدانی تورکمانەکانی عێراق لە دژی ڕژێمی کۆماری و کورد نەدەوەستان، هەروەک چۆن حکوومەت و ڕۆژنامە ئێرانییەکان ڕۆڵێکی هاوشێوەیان لە تێکدانی ئاسایشی عێراق و بە تایبەت لە کوردستان و شارە شیعەنشینەکاندا گێڕا[1]. هەژموونی شیوعیەکان لە یەکەم ساڵی شۆڕشەوە بەسەر شارەکەدا ئاشکرا و ڕوون بوو، تورکمان بە شێوەیەکی گشتی خواستیان بەلای ڕاستڕەویدا ئاراستەی گرتبوو، هاوسۆزییان بۆ تورکیا هەبوو و پێیان وابوو ئەو هێزە لە بەدیهێنانی ئەوەی کاری بۆ دەکەن هاوکاریان دەبێت، جیا لە تورکمانە شیعەکان کە خواستیان بەلای ئێراندا هەبوو[2].

لە ٢٦ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨دا، کاتێ مەلا مستەفا سەردانی شاری کەرکووکی کرد، بەکەم پێکدادان لە نێوان کورد و هەندێک لە تورکمانەکاندا ڕوویدا، مەلا مستەفا دووچاری هەوڵی تیرۆرکردن بووەوە، ئەویش بە دانانی بۆمبێکی چێندراو لەو فرۆکەیەی بارزانی دەگواستەوە، بەڵام پلانەکە شکستیهێنا. پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە، هەندێک پێکدادان کە خەریک بوو کارەساتێکی خوێناوی لێ بکەوێتەوە، ڕوویدا، بەڵام زوو دۆخەکە کۆنترۆڵ کرایەوە[3].

سەرۆکی فیرقەی دوو، فەرماندە ڕوکن نازم تەبەقچەلی، هەوڵی داخستنی باڵیۆزخانەکانی بەریتانیا، تورکیا و ناوەندی پەیوەندییەکانی ئەمریکای لە هەریەکە لە موسڵ، کەرکووک و سلێمانیدا، چونکە ئەوان کەشێکی نالەباریان دروست کردبوو و لە نەریتە دیپلۆماسییەکان دەرچووبوون[4]، بۆ نموونە باڵیۆزی ئەمریکا لەگەڵ ژمارەیەک لە خۆپیشاندەراندا بینرابوو، هەروەها ئەمریکاییەکان چەك و تەقەمەنییان بە

(١) وریا جاف، کرکوک دراسة سیاسیة واجتماعیة، أربیل، ١٩٩٨، ص ٨٩.

(٢) فاضل العزاوي، الروح الحیة، جیل الستینات في العراق، دمشق، ١٩٩٧، ص ٤١.

(٣) مسعود البارزاني، البارزاني والحرکة التحرریة الکردیة، ج٣، مصدر سابق، ص ١٢٦.

(٤) ڕاپۆرتە نهێنییەکان لەسەر پشکنینی لیوای کەرکوک لە د.ک.و، وەزارەتی ناوخۆ، فایلی ٦٩٣، کە جەخت لەسەر دووبەرەکی و دوژمنایەتیی کۆنی نێوان کورد و تورکمان لە شارەکەدا دەکەنەوە، هەروەها بڕوانە: حنا بطاطو، کتاب الثالث، مصدر سابق، ص ٢٢٣.

ژمارەیەک لە خەڵکی دابوو و هەوڵی خۆشکردنی مشتومڕ و بارگرژیی سیاسییان دەدا[1]. بە ڕوودانی بزووتنەوەی شەواف لە موسڵ، بارودۆخی کەرکووک تێکچوو، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری ناردنی شاندی وەزیری دەوڵەت فوئاد عارفیدا بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی کوردستان، لە ڕاپۆرتەکەیدا هاتووە، لایەنگری دەوڵەت لە بەرامبەر لایەنگری حزبەکاندا بە تایبەت حزبی شیوعی، کەمی کردووە[2]. لە یەکەم یادی شۆڕشی چواردەی تەموزدا، پێکدادانی خوێناوی لە نێوان کورد و تورکمانەکاندا بە هۆی ئەو دەستڕێژییانەوەی لە ڕێپێوانە ڕێکخراوەکەی یادەکە کرا، لە ئەنجامدا ٣١ کوژران، هەروەها لە ڕاپۆرتە فەرمیەکاندا هاتووە سیان لەوانە کورد و ئەوانی تر تورکمان بوون، بەڵام برینداران ژمارەیان گەیشتە (١٣٠) کەس و لە تۆمەتبارانی ڕووداوەکەدا، بڕیاری کوشتن بۆ (٢٨) تۆمەتبار کە چواریان تورکمان بوون، دەرچوو. بڕیارەکە لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا، دوای کەوتنی عەبدولکەریم قاسم جێبەجێ کرا[3].

دیار نییە کێ یەکەمجار پریشکی ئاژاوەکەی هەڵگیرساند[4]، بەتاتو پێی وایە، لە سایەی نەبوونی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە لەو کاتەدا عێراق بە خۆیەوە بینی بوو، ئەو حاڵەتی گرژی و توندوتیژییانە ڕوویاندا[5].

شیوعیەکان سەرەتا ئەوانەیان تۆمەتبار کرد کە بە (جاشی کرێگرتە) ناویان دەبردن کە سەر بە کۆمپانیای نەوتی عێراقی و سەنتۆ بوون، پاشان نەژادپەرستانی عەرەبیان تاوانبار کرد[6]، بەڵام بەعسییەکان، ئەوەی لە کەرکووک و موسڵ ڕوویدا، بە بەشێک لەو سیاسەتە تیرۆریيە خوێناوییەی سەردەمی حوکمی قاسمیان دانا[7]. کەچی پارتی دیموکرات کە کوردستانی عێراقی بە یەکگرتوویی ڕاگرتبوو، ئەو ڕووداوانەی بە سیاسەتی قاسم هەژمار کرد بە دامەزراندنی نازم تەبەقچەلی، سەرۆکی فیرقەی دوو، ئەوەی ئارەزووی بەلای نەژادپەرستەکاندا هەبوو[8]، ڕۆژنامەی الثورةیش، پاڵپشتیی لەم بۆچوونە کرد[9].

---

(١) م.م.ج، دۆزی کورد، فایلی (١٣/٢٢) نووسراوی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیســـی بەغدا، قەڵەمی نهێنی، ژمارە (٤٥٦٥) ٢٩ی ئەیلولی ١٩٥٨.

(٢) جرجيس فتح الله، العراق في عهد قاسم، مصدر سابق، ص ٧٢١.

(٣) عبدالفتاح علي البوتاني، العراق في التطورات السياسـية الداخلية، ١٤ تموز ١٩٥٨ ـــ شـباط ١٩٦٣، دار الزمان، دمشـق، ٢٠١٢، ص ٢٥٥.

(٤) دان اوريل، العراق في عهد قاسم، مصدر سابق، ص ٢٨٢.

(٥) حنا بطاطو، الكتاب الثالث، مصدر سابق، ص ٢٢٣.

(٦) د.ک.و، وەزارەتی داد، فایلی (٤٢١/٩١١١/٤٢٦) ســەرۆکایەتیی دادگەی تێهەڵچوونەوەی کەرکوک، ژمارە (١٧٢٩/٢٥)، ٢٩ی ئابی ١٩٥٩، یاداشتی عەبدولجەبار پەیروز خان و هاوڕێکانی.

(٧) نضال البعث، ج٧، ص ٥٨.

(٨) عبدالفتاح علي البوتاني، مصدر سابق، ص ٢٢٧.

(٩) جريدة الثورة، العدد ٣٥٣، ٨ يناير ١٩٦٠.

بەڵام تورکمانەکان پێیان وابوو ئەو کوشتارگەیەی کە ڕوویدا، لە نێوان جێبەجێکارانیدا سەرۆکی یەکێتی لاوانی دیموکرات و سەرۆکی خانەنشین فەتاح داوود جەباری بوون[1].

بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی کەرکووک ئەو ئێرانییانەی تاوانبار کرد کە بە شێوەیەکی نایاسایی هاتبوونە ناو خاکی عێراقەوە[2].

بەڵام تورکیا ڕۆڵی لە هاندانی تورکمانەکان دژی حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم لە ڕۆڵی ئێرانییەکان کەمتر نەبوو، ڕۆژنامە تورکییەکانی وەک حورییەت، یەنی سەباح و دونیا دەگەیشتنە کەرکووک و داوایان لە تورکمانەکان دەکرد داوای (مافە نەتەوەییەکان)یان بکەن، چونکە عێراق تەنیا نیشتمانی کورد و عەرەب نییە. ڕۆژنامەی حوڕییەت نوسیویەتی سەرجەم دانیشتووانی عێراق تورکن[3]. هەروەک ئاشکرا بوو کە حکوومەتی تورکیا ٥٠٠ پارچە چەکی بۆ ژمارەیەک لە گرووپەکانی عێراق ناردووە، بۆ یاخیبوون و ئەنجامدانی پێکدادان دژ بە حکوومەتی شۆڕش[4].

دوای کوژرانی قاسم لە کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣دا، دوای دەرکردنی ڕاگەیاندراوێک لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بە ناونیشانی "پرۆژەی ئیدارەی لامەرکەزی"، دەسەڵات دەستی کرد بە گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی لە ناوچە کوردییەکانی دەوڵەمەند بە نەوت لە کەرکووک و خانەقین و شەنگال[5].

لە ئایاری ١٩٦٣دا، دانوستانەکان لەسەر کێشەی کەرکووک گەیشتنە بنبەست، کە بارزانی سوور بوو لەسەر کوردبوونی کەرکووک، سووریش بوو لەسەر ئەوەی کوردستان لە سلێمانی، کەرکووک، هەولێر و قەزاکانی موسڵ (زاخۆ، ئامێدی، دهۆک، ئاکرێ، شێخان، شەنگال، و قەزاکانی خانەقین و مەندەلی) پێکدێت[6].

حکوومەتەکانی عێراق گۆڕانی دیمۆگرافیی شاری کەرکووکیان لەبیر کرد و ژمارەیەکی زۆر کوردییان لە کۆمپانیاکانی نەوت دەرکرد کە بۆ ناوچەکانی دەرەوەی کەرکووک گوازرانەوە[7]، هەروەها دەسەڵات ژمارەیەکی زۆری لە مامۆستایان و فەرمانبەرانی کوردی بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق گواستەوە[8]. ٤٠ هەزار کوردیشی دەرکرد و شوێنەکانیانی بە هۆزە عەرەبەکانی تردا. بە جێبەجێکردنی سیاسەتی بە

(١) صلاح الدین صدیق الهرمزي، دماء بريئة، مصدر سابق، ص ٢٧.
(٢) و.م.ن/ الاقامة والأجانب، الملف (٢٠/٢٨).
(٣) د.ک.و، ئەنجومەنی ســـەرکردایەتی/باڵوێزخانەی کۆماری عێراق لە ئەنکەرە، ئۆکتۆبەری ١٩٥٨/ نووسراوی وەزارەتی دەرەوە، فەرمانگەی سیاسی ژمارە (٦٠٠/٥٥٥/٥٥٥) ٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨.
(٤) و.م.ن. ئاسـایشـی گشـتی لیوای موسـڵ، وینەی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری ناحیەی ئێروە و ڕێکان، لە ١ی تشـرینی دووەمی ١٩٥٨، نووسراوی قایمقامیەتی قەزای ئامێدی، ژمارە (١٨/٢/٥٦)، ٨ی تشرینی دووەم ١٩٥٨.
(٥) کونتر دشنر، احقاد صلاح الدین الأیوبي، مصدر سابق، ص ٢٥٧.
(٦) نمونەیەک لە ڕاپۆرتە ئەمنییەکان لەسەر کەرکوک، پاشکۆی ٥٩.
(٧) صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ١٠٣.
(٨) نوري الطالباني، منطقه كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، لندن، ١٩٩٩، ص ٨١.

عەرەبکردنیش، دەسەڵاتداران بڕیاری گۆڕینی ناوە عەرەبییەکانی لە جێی ناوە کوردییەکاندا، هەروەها هۆزە عەرەبەکانی نیشتەجێی شارەکەی چەکدار کرد[1]. حکوومەتی بەعس لە دوای ساڵی ١٩٧٠وە فەرمانبەرە بەعسییەکانی دەوڵەتی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق فریودا و لە بەرامبەر پێدانی پارچەیەک زەوی و بڕی دە هەزار دیناردا بۆ خانووکردن گواستنیەوە کەرکووك. هەروەها قەزای چەمچەماڵی لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە خستە سەر پارێزگای سلێمانی، دوزخورماتووی گواستەوە سەر پارێزگای سەلاحەدینی نوێ و کفریشی خستە سەر پارێزگای دیالە، ئەمە لەکاتێکدا ئەم شارانە مۆرکی کوردبوونیان پێوەیە، بەوەیش کەرکووک لە کوردایەتی بەتاڵ بووەوە.

دوابەدوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ئاداری ١٩٧٠، لە ماوەی کارکردندا بۆ جێبەجێکردنی، پرسی گرتنەبەری ڕێکارەکان بۆ دیاریکردنی ئەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتووانیان کوردن هاتە پێشەوە، مورتەزا حەدیسی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆکی لێژنەی ئاشتیی ڕاسپێردراوی حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەکە، لەگەڵ مەلا مستەفادا کۆبووەوە، کاتێک وتووێژەکان هاتنە سەر بابەتی سەرژمێری، مەلا مستەفا گوتی من ئامادە نیم دان بە ئەنجامی ئەو سەرژمێرییانەدا بنێم، ئەگەر ئەم ئەنجامانە بیسەلمێنن چەند ناوچەیەک کە - خودی ئەو - پێی وایە کوردین، ئیدی کوردی نین! گوتیشی کەرکووک بەشێکە لە کوردستان و ئەگەر لە سەرژمێرییەکاندا زۆرینەیان کورد نەبوون، ئەوا من لە بەرامبەر کورددا بەرپرسیارێتیی دەستبەرداربوون لە کەرکووک کە ڕەنگە دوای مردنی من ڕوو بدات، هەڵناگرم[2]. کەرکووک پێگەی یەکەمی هەبوو لای بارزانی و کورد، بارزانی پاش گەڕانەوەی لە دەرەوە کە ماوەی ١٢ ساڵی خایاند، سەردانی کرد.

وادیارە مەلا مستەفا هەستی بە بوونی بڕیارێکی حوکمی پێشوەخت یان پلانێکی نهێنی پەیوەست بە کەرکووکەوە کردبوو، کاتێک کارەکە گەیشتە ئێرە بەعس سەرژمێرییەکەی بە بێ واتا و بێ بنەما دانا، لە چوارچێوەی گواستنەوەی کەژاوەی شاندەکان لە نێوان بەغدا و کوردستاندا، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا، بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠، لە سەرووی ئەم شاندانەیشەوە حەردان تکریتی جێگری سەرۆک کۆمار گەیشتە کوردستان. لە وتووێژەکانیدا هاتە سەر باسی کێشەی گەڕانەوەی کەرکووک، عەبدوڵا سەلوومی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش گوتی: من دەڵێم کەرکووک کوردستانی نییە کێ پێچەوانەی ئەوەم بۆ دەسەلمێنێت؟ بارزانی بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە: منیش دەڵێم کەرکووک کوردستانییە، ئاگات لەخۆت بێت کە دەڵێی کوردستانی نییە، بەڵکو بڵێ ئێمە داگیرمان کردووە، تا کوردێک لە کەرکووکدا مابێت کەرکووک کوردستانییە، باش بزانە ئێمە هەرگیز دەست لە کەرکووک هەڵناگرین[3].

---

(١) المصدر السابق، ص ٥٥.

(٢) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ١٠٢.

(٣) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٣٩.

کاتێک مەلا مستەفا دووچاری هەوڵی تیرۆرکردن بووەوە، پیاوەکانی داوابان لێ کرد ڕێگەیان بدات بە دەستپێکردنەوەی جەنگ، پێی گوتن: لەپێناو مندا شەڕ مەکەن، ئەگەر پێویست بکات جەنگ دەست پێ بکاتەوە، ئەوا لەپێناوی کەرکووکدا بجەنگن.

**بەکورتی:**

کەرکووک کێشەی سەرەکی نێوان حکوومەتی عێراقی و کورد بوو، ئەوەیش لەبەر ئەوەی هەڵکەوتەی کەرکووک دەکەوێتە سەر درێژبوونەوەی ئەو هێڵەی دانیشتوانی عێراق بە کورد و عەرەبەوە بەیەک دەگەن، هەروەها خاوەنی یەدەگێکی زۆری نەوت و پێگەیەکی ستراتیژییە، بۆیە حکوومەتی عێراق و کورد نەگەیشتنە ڕێککەوتنێک لەسەر لکاندنی کەرکووک بە ناوچەی حوکمی خۆبەڕێوبەرییەوە، ڕەنگە هەڵوێستی توندی سەرکردایەتی کورد و لە سەرووی هەمووشیانەوە بارزانی کە لەبارەی کەرکووک هەیانبوو، کە لە بنەڕەتدا کوردە، ترسیان بوو لە لەدەستدانی شەقامی کوردی، کە پێی وابوو کەرکووک "دڵی کوردستان"ە.

سەرژمێری دانیشتووانی عێراق لە ساڵی ١٩٥٧دا ئاماژە بەوە دەکات کە دانیشتووانی پارێزگای کەرکووک لە زۆرینە کورد پێکدێت، بە ٥٥٪، لە کاتێکدا ئێستاش ڕێژەی عەرەب ناگاتە ٣٠٪ تورکمانیش١٤٪.

سیاسەتی عەرەباندن ڕژێمی سەدام حوسێن بە درێژایی چەند دەیەیەک کاری بۆ ئەوە دەکرد زۆرینەی کورد لە شارەکەدا کەم بکاتەوە، بۆیە لەو سەرژمێرییەی کە لە ساڵی ١٩٧٧دا بەڕێوە چوو دەبینین، ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب لە پارێزگای کەرکووک گەیشتووەتە ٤٤٪ ڕێژەی کوردیش ٣٥٪ و تورکمان٣١٪.[١]

ئەم گۆڕانی دیموگرافیایە بە دەرکردن و کوشتنی زۆرێک لە کورد و نیشتەجێکردنی عەرەب لە شوێنەکانیاندا و یاریکردن بە سنوری پارێزگا هاتە دی، تەنانەت حکوومەتی عێراق ناوی پارێزگای کەرکووکی بە تەئمیم گۆڕی، بەڵکو لە ساڵی ١٩٧٢دا نەوت خۆماڵی بکرێت.

---

(١) نوري الطالباني، منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، مصدر سابق، ص ٨١.

# بەشی چوارەم

# مەلا مستەفای بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان

## پارتی دیموکراتی کوردستان[1]

### دروستبوون و ئامانجەکان

دوابەدوای بزووتنەوەی ڕەشید عالی گەیلانی لە ساڵی ١٩٤١ و گەڕانەوەی داگیرکەری بەریتانیا بۆ عێراق لە ژێر پەردەی پێویستییەکانی جەنگدا و، لەپێناو خەباتکردن بۆ دیموکراسی و سەربەخۆیی وڵاتدا، هێزە دیموکراسییەکان لە هەردوو باڵی نەتەوەیی و ئیشتراکییەوە توانیان بوونی خۆیان بسەلمێنن، شەقامەکانی سەرجەم شارەکان پڕ بوون لە دروشمی دژە داگیرکەر و کۆنەپارێزی بە خۆپیشاندانە پڕ لە هاتوهاوارەکانیەوە داوای ئازادی و دیموکراسییان دەکرد، هەروەک دامەزراوە خزمەتگوزاری و پیشەسازییەکان مانگرتنی کرێکارەکانیان بە خۆیانەوە بینی، بۆ داخوازیکردنی بە مافی چاودێری و باشکردنی بارودۆخ و بژێویی کرێکاران. گرتوخانە و زیندانەکان بە شۆڕشگێڕان بە بیروڕا و ئایدۆلۆژیای جیاوازەوە پڕکران. بزووتنەوەی نیشتمانی زۆرێک لە ئازادیی وەرگرت و پارتە نیشتمانیەکان لەدایک بوون، حزبی نیشتمانی دیموکراسی و حزبی سەربەخۆیی و پارتی گەل و حزبی یەکێتی نیشتمانی و پارتی ڕزگاریی نیشتمانی، هەروەها چەندین ڕۆژنامەی نیشتمانی دەرچوون[2].

لەم بارودۆخەدا حزبی هیوا دەرگای لەسەر خۆی داخست، بە پشێوی ناوخۆیی لە نێوان ململانێی بەرەی ڕاسترۆ و چەپڕۆی ناویەوە سەرقاڵ بوو. دکتۆر شەمزینی ئاماژە بە ڕۆڵی بەریتانیای داگیرکەر دەکات لە خۆشکردنی ئاگری ناکۆکییە ناوخۆییەکاندا بۆ لەناوبردنی باڵی چەپ لە حزبدا[3]، کاتێکیش ئامانج و ڕەوتی شۆڕشی نەتەوەیی خرایە بەر باس و توێژینەوە، شۆڕشی ١٩٤٥ بۆ مانەوە لەسەر ئەو خۆگرتنی پەشێوییە یان هەڵوەشانەوە بوو بە مەحەک، لێرەدا دوو بیرۆکە لەسەر دەرکەوتنی دوو ناوەندی ناکۆکی سەرکردایەتی لە حزب و لە شۆڕشدا لەدایک بوون، ناوەندی سەرکردایەتی ڕاسترۆ بەسەرکردایەتی سەرۆکی حزب ڕەفیق حیلمی و سەرکردایەتی چەپیش خۆی لە لێژنەی ئازادیدا دەبینیەوە کە پەیوەندیی

---

(١) وشەی لاتینیی (پارتی) لەبری (حزب)ی عەرەبی بەکارهێنرا لەبەر نامۆیی و تازەیی وشەی پارتی لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا، هەر بە پارتی ناسرا، کاتێک دەڵێین پارتی مەبەستمان پارتی دیموکراتی کوردستانە، بۆیە پارتی جێگەی حزبی گرتەوە و بوو بە ناوی حزبەکە.

(٢) رجائی فاید، أكراد العراق، بين الطموح والمستحيل، القاهرة، ٢٠٠٥، ص ١٥٦.

(٣) سید عزیز الشمزینی، مصدر سابق، ص ٣٦.

بە بزووتنەوەی دیموکراسییەوە لە کوردستانی ئێران و دامەزراندنی پەیوەندییەکی بەهێز بە یەکێتی سۆڤێتەوە هەبوو[1].

هەروەها بێ توانایی پارتە کۆنە کوردییەکان دەرکەوت و پێداویستی بە حزبێکی کوردی کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و پێشکەوتنیدا بگونجێت، زیادی کرد[2].

لەم ماوەیەدا حزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد لە ئێران دامەزرا. ئەو کوردە عێراقییانەیش کە لەگەڵ مەلا مستەفا و لە ڕیزەکانی کۆماری مەهاباددا کاریان دەکرد، بیریان لە گرنگیی دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی گشتگیر کردەوە، کە هەموو لایەنە دڵسۆزەکانی کورد لەخۆ بگرێت، لە نەتەوەییەکان و جگە لەوانیش، تا ڕێبەرایەتیی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا بکات.

بۆیە ئەو پێشکەوتن و گۆڕانەی بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی شۆڕشگێڕی لە کوردستاندا هات، وای لێ کرد ببێتە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕانە، دیموکراسی و پێشکەوتنخواز لە ڕووی ناوەڕۆکەوە و جەماوەری لە ڕووی پێکهاتەوە، کە پێشتر خێڵەکی بوو و بە ئاراستەی دەرەبەگایەتیدا دەڕۆیشت[3]. پاش ئەو ئەزموونەی لە دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران و ئەو وانانەی لە شۆڕشی بارزان لە ساڵی ١٩٤٣ بۆ ١٩٤٥ وەرگیرابوون، دەرکەوت ئەم قۆناغە مەترسیدارەی ئێستا، وەک پێویستییەکی مێژوویی، دامەزراندنی پارتێکی دیموکراتیی کوردیی لە عێراقدا دەخوازێت[4]. لەمەیشدا کوردی ئێران هاندەریان بوون[5].

لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦دا، مەلا مستەفا و هەڤاڵانی زنجیرەیەک کۆبوونەوەیان لە مهابادی ئێران بەست، بە ئامادەبوونی هەریەکە لە میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد، مستەفا خۆشناو، محەمەد قودسی، عیزەت عەبدولعەزیز، خەیروڵا عەبدولکەریم، هەمزە عەبدوڵا، کە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێ کەوتەوە. مەلا مستەفا بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا داوای لە سەرجەم نەتەوەپەروەران کرد بۆ هاتنە نێو ئەم پارتە. ئەوانە بوونە دەستەی دامەزرێنی حزب. دەستەی دامەزرێنەر گەلێک کۆششی کرد بە ئومێدی یەکخستنی ڕێکخراوە کوردییەکانی عێراق وەک شۆڕش و ڕزگاری و ژیانەوەی کوردستان، تا ببنە پایەی حزب. بارزانی، هەمزە عەبدوڵای بۆ عێراق نارد و سەرپشکی کرد لە دانوستان لەگەڵ

---

(1) مكرم الطالباني، حزب هيوا.

(2) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ٢٦٩.

(3) موسى السيد علي، القضية الكردية في العراق، من الاستنزاف الى تهديد الجغرافية السياسية، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، العدد ٤٦، ص ٣٠.

(4) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٢، مصدر سابق، ص ٢٩.

(5) اسماعيل باغي، تطورات الحركة الوطنية العراقية ١٩٤١ ـ ١٩٥٢، رسالة دكتوراه، جامعة القاهرة، ١٩٧٦، ص ٢٧٦.

سەرکردایەتی شۆڕش و ڕزگاری کورد و لقی (ژیانەوەی کورد)[1] لە سلێمانی و هاوکاری لەپێناو دامەزراندنی حزبە نوێیەکەدا[2]. مەلا مستەفا چوار ڕاسپاردەی بە هەمزە عەبدوڵادا ناردەوە کە لە نێویاندا دووانیان بریتی بوون لە:

١. دەستنیشانکردنی شێخ لەتیف وەک جێگیری یەکەمی سەرۆک و کاکە زیادیش وەک جێگیری دووەمی سەرۆک[3].

٢. مەلا مستەفا پێی گوتن (جگە لە گەلی کورد، هیچ حزبێک بوونی نییە)[4]، ئێوەیش ئازادن لە بیر و باوەڕتان بە هەر فیکرەیەک[5].

ئەم پارتە نوێیە یەکەم کۆنگرەی بە شێوەیەکی نهێنی لە ١٦ ئابی ١٩٤٦ لە بەغدا لە ماڵی سەعید فەهیم بەست و ٣٢ ئەندام ئامادەی کۆنگرەکە بوون کە هەندێک پێیان وایە ژمارەیان حەفتا ئەندام بووە[6] و سەرجەمیان لە حزبی شۆڕش و ڕزگاری کورد بوون. نوێنەری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سلێمانی، ئیبراهیم ئەحمەد بوو، کە بەهۆی ڕازینەبوونی بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکەی لە سلێمانی کۆنگرەکەی جێهێشت[7]، ئەمەیشی بە ڕەزامەندیی پارتیەکەی ئێران و قازی محەمەد خۆیەوە بەستەوە، شیاوی باسە ئەو خۆی و ڕێکخراوەکەی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٧دا، پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد پەیوەندییان بە حزبەوە کرد.

لە کۆنگرەکەدا پەیمان و پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی حزب تاوتوێ کرا و لە دوای وتووێژەکانەوە، هەندێک گۆڕانکاریی کورتی تێدا ئەنجام درا و، بڕیار لەسەر ڕەشنووسی کۆتایی درا.

ئامانجەکانی حزب بە پرۆگرام و پەیڕەوە نێوخۆییەکەیەوە خەباتکردن بوو لەپێناو ئازادکردنی عێراقدا لە داگیرکاری و دەرکردنی لە پەیمانە کۆنەپارێزەکان و دامەزراندنی کۆمارێکی پەرلەمانی و دیموکراتی، کە ئازادییەکانی گەلی عێراق دەستەبەر بکات و، حوکمێکی خۆبەڕێوەبەری بۆ کورد لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتووی (ئیتیحادیی فیدراڵی)دا لەخۆ بگرێت[8]، بەرنامەی حزب جەختی لە برایەتیی کورد و عەرەب

---

(١) کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، کە بە ژ.ک ناسراوە، ساڵی ١٩٤٢ لە کوردستانی ئێران دامەزراوە، لە سلێمانی لقی هەبووە، ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکایەتیی دەکرد، ئەم کۆمەڵەیە بوو کە دواتر لە ئێران حزبی دیموکراتی کوردستانی لێ پێک هات (عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨ ــــ ١٩٥٨، بغداد، شركة المعرفة للنشر والتوزيع المحدودة، ١٩٨٩، ص ٢١٥ ـ ٢٣٣).

(٢) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ٢٦٩.

(٣) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ج٢ ٢٩ ـ ٣٠.

(٤) دانا آدمز شمیدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ٢٩٢.

(٥) الحزب الديمقراطي الكردستاني، فرع الفرع الأول، لمحات من المسار السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني، دهوك، ٢٠٠٥، ١٠.

(٦) نوری شاویس، من مذاكراتي، مصدر سابق، ص ٤٢.

(٧) ميفان عارف بادي، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص ٣٣.

(٨) رياض رشيد الحيدري، الحركة الوطنية في العراق ١٩٤٨ ـ ١٩٥٨، رسالة دكتوراه، القاهرة، عين شمس، ١٩٧٧، ص ٣٧.

کردەوە و، داوای لە نەتەوەپەروەران کرد دژ بە دوژمنی هاوبەش بۆ ڕزگارکردنی عێراق تێبکۆشن. هەروەک حزب دروشمێکی بەرزکردەوە کە پاشتر بوو بە دروشمێکی بزووتنەوەی دیموکراتیی سەرجەم عێراقییەکان: "لەسەر تاشەبەردی یەکێتی کورد و عەرەب، پلانی داگیرکاران و هاوکارەکانیان تێکدەشکێت". هەروەها داوای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکانیان لەگەڵ بەریتانیا و ڕووخانی حوکمی پاشایی لە عێراقدا کرد[١].

بەڵام لە لایەنی ئابوورییەوە، حزب داوای خۆماڵیکردنی کانزاکان و نەوتی دەکرد، هەروەها جەختی لە بەکارهێنانی سەروەت و سامانەکان کردەوە لەلایەن دەوڵەتەوە. حزب داوای خۆماڵیکردنی پیشەسازییە گەورەکان، سەپاندنی باجی بەرزتر و خۆماڵیکردنی کەرتەکانی بانکی دەکرد. لە بواری خوێندنیشدا داوای نەهێشتنی نەخوێندەواریی و ئیلزامیکردنی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی دەکرد. هەروەها حزب لە ڕزگارکردنی ئافرەتی لە کۆت و بەندەکان و، گەرەنتیی یەکسانیی تەواوی لەگەڵ پیاودا، لە یاد نەکرد.

لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەکییش، حزب داوای پاڵپشتیی بزووتنەوەکانی ڕزگاریی گەلان و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی عێراق بە دەوڵەتانی عەرەبیی ئازادیخوازەوە دەکرد.

لە بواری کشتوکاڵیشدا، حزب دارستانەکانی بە موڵکی دەوڵەت دەزانی و داوای کشتاندنی کشتوکاڵ بە کەرەستە و گۆڕینی مەرج و گرێبەستەکانی کرێی نێوان خاوەن موڵک و جووتیارەکانی دەکرد بە مەرجگەلی دادپەروەرانەتر، خاوەندارێتیی تاک بۆ زەوییە کشتوکاڵیەکان پارێزراو بێت، هەروەها داوای باشترکردنی کرێی کرێکارانی کشتوکاڵی کرد بە شێوەیەک نزمترینیان بەس بێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی بژێویی[٢].

کارنامەی حزب تەرکیزی لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و ناوەندێتیی و ئازادی ڕەخنەی خۆیەتی و سەرکردایەتی بەکۆمەڵ کردەوە. بەڵام پێکهاتەی حزب جەماوەرییە، چونکە گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی جوتیار و کرێکار و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان دەکات[٣].

کۆنگرەی دامەزراندن، بە گوێرەی ڕاسپاردە ڕێکخراوی و سیاسییەکانی مەلا مستەفا، بە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەستی پێکرد[٤].

---

(١) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٦٧.

(٢) عبدالرزاق مطلک الفهد، الأحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ٢٨.

(٣) شيركو فتح الله عمر، حزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١١١.

(٤) هەندێک لە سەرکردە چەپەکانی شۆڕش بەرهەڵستیی ئامۆژگارییەکانی هەمزە عەبدوڵایان لە بارەی هێنانی دوو خاوەن موڵکی گەورەی کوردەوە بۆ ناو سەرکردایەتیی حزب کرد، ئەوانیش شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید و محەمەد کاکە زیاد بوون، هەروەها دژ بە هەڵوەشانەوەی حزبی شۆڕش بوون. خۆگری سەرەکیی ئەمانیش بۆ ناو ڕێکخستنە نوێیەکە، جیبوونەوەی ئەوژمێکی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە کۆنگرە، هەریەک لە ساڵح حەیدەری، نافع یونس، جەمال حەیدەری، سەبری ئەجیب ئەوروز، مەلا شەریف، حەمید عوسمان و چەند کەسێکی تر جودا بوونەوە و حزبی شیوعیی عێراقیان هەڵبژارد، بەڵام عەلی عەبدوڵا، کەریم تۆفیق، عەبدوسەمەد محەمەد، عەونی یوسف، تەها محێدین مەعروف و ڕەشید عەبدولقادر ئامۆژگارییەکانیان وەرگرت و بریاریان دا

مەلا مستەفا بە سەرۆکی حزب هەڵبژێردرا[١] و کۆنگرە لـیژنەیەکی ناوەندیی لە ١٥ ئەندام هەڵبژارد[٢].

بە بڕیارێکی کۆنگرە (شۆڕش) و (ڕزگاری) دەزگاکانی چاپەمەنی هەردوو حزبیان ڕادەستی پارتی کرد و، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ڕزگاری دەرچوو، تا ببتە زمانحاڵی پارتی[٣].

لەو ڕۆژەوە پارتی دەستی کرد بە ئەرکی خەباتگێڕی و، سەرکردایەتیکردنی جەماوەری کوردستان و نوشست و سەرکەوتنەکانی گەلی کوردی پێوە بەند بوون، بە واتایەکی تر چارەنووسی کورد لە کوردستانی باشوور بەند بوو بە پارتیەوە.

پارتی وەک حزبێکی پێشکەوتنخواز، کە گوزارشت لە خەونە نەتەوەییەکانی وەک ئازادی و داپەروەری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بکات، دامەزرا. بێگومان حزب لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی گەلی کوردەوە دەیڕوانی و ئەمەی لە سەرووی هەر بایەخێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە دانا، واتە حزبیکی نیشتمانی دیموکراسی بوو، لە ڕووی پێکهاتە و کادیرەکانیەوە تا ڕادەیەکی زۆر مۆرکێکی بۆرژوازی هەبوو[٤].

لە قۆناغەکانی دامەزراندنی حزبدا چەند ناکۆکییەک پەیدا بوون، دیدگەی دامەزرێنەران بۆ سێ ئاراستەی فیکری دابەش بوو، بەڵام بارزانی بە لێهاتوویی و پێداگریی خۆی بەسەر بارودۆخەکە و ئەو دەستانەی بەشداربوون لە دامەزراندنی حزبدا زاڵ بوو، ئەوانیش:

**یەکەم:** تەوژمێکی خێڵەکی کە خۆی لە مەلا مستەفای سەرۆکی حزب و شێخ لەتیف شێخ مەحمود و کاکە زیاددا دەبینیەوە، کە شێخ لەتیف و کاکە زیاد لە دەرەبەگەکان بوون[٥]، بە هۆی سەپاندنی ئەم دوو کەسایەتییەوە ناکۆکییەکی زۆر ڕوویدا، ئەویش لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە:

١. پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین حزبی بە چەپڕۆ و ڕاستڕۆیانەوە لەخۆ گرتبوو، ئەوەندە هەیە لە سایەی حزبێکی پێشڕەودا کۆبووبوونەوە.

---

بڕوانە ناو حزبە کوردییەکانی ئێران؛ مسعود البارزاني، ج٢، ل ٣٠، عەزیز شـەمزینی، ص ١٣٩، جلال الطالباني، ص ١٤٧، ایجلیتن، جمهورية مهاباد، ص ٧٨).

(١) بارزانی ئامادەی کۆنگرەی یەکەم نەبوو، لە کۆماری مەهاباد بوو، بەغیابی هەڵبژێردرا بە سەرۆکی حزب.

(٢) مسـتەفا بارزانی وەک سـەرۆک، شێخ لەتیف شێخ مەحمود جێگری یەکەم، کاکە زیاد ئاغا جێگری دووەمی سـەرۆک، حەمزە عەبدوڵا، میرحاج ئەحمەد، جەعفەر محەمەد کەریم، عەلی عەبدوڵا، سـاڵح یوسـفی، عەبدولکەریم توفیق، ڕەشید عەبدولقادر، ڕەشید باجەلان، مەلا حەکیم خانەقینی، عەونی یوسـف و تەها محێدین مەعروف. (عبدالستار طاهر، مصـدر سـابق، ص ١١٣؛ دانا آدامز شـميدت، رحلة الى رجال شـجعان، ص ١٧٥؛ الشرطة العامة، التحقيقات الجنائية، موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي، مطبعة الحكومة بغداد، ج١، ص ٥٨، سنة ١٩٤٩.)

(٣) ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەکە لە ئەیلولی ١٩٤٩ دەرچوو، تا سـاڵی ١٩٥٦ بەردەوام بوو لە دەرچوون. کە حیزب ڕۆژنامەی خەباتی کوردستانی دەرکرد، پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، حیزب ڕۆژنامەی خەباتی دەرکرد، کە ژمارەی یەکەمی بە ئاشـکرا لە ٤ی نیسـانی ١٩٥٩ و ئەیلووی ١٩٦١ دەرچوو، پاش هەڵگیرسـانەوەی شـەڕ لە باکووری عێراق، ئیدی خەبات بە نهێنی دەرنەدەچوو. (عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات و المنظمات والأحزاب الكردية، مصدر سابق، ص ١٥٥).

(٤) الحزب الديمقراطي الكردستاني، طريق الحركة التحررية الكردية، مصدر سابق، ص٣٢.

(٥) عثمان علي، الحركة الكردية المعاصرة، مصدر سابق، ص ٥١.

٢. ئەو کەسایەتییە سیاسییانەی خاوەن ڕێبازێکی چەپ و سۆسیالیستی بوون، پێیان وابوو دەرەبەگەکان هۆکاری نەگبەتی گەلی کوردن، بۆیە پێویستە هیچ مۆرکیکی سەرکردایەتیان پێ نەدرێت، بەڵام سەبارەت بەم دوو کەسایەتییە، مەلا مستەفا بۆیە پشتی پێ بەستن، چونکە لە سلێمانی و هەولێر دەسەڵاتیان هەبوو و قسەیان دەڕۆیشت(١).

**دووەم:** ڕەوتێکی چەپی مارکسی خۆی لە حزبی شۆڕشدا دەبینیەوە، کە باڵێکی حزبی شیوعی عێراق بوو لە کوردستان، سەرکردایەتیەکەیشی بریتی بوون لە ساڵح حەیدەری، عەلی عەبدوڵا، نافیع یونس و هەمزە عەبدوڵا[٢].

**سێیەم:** ڕەوتێکی تر کە هەڵگرانی بیری دیموکراسی و بڕوابوون بە عێراقێکی دیموکراتی لەگەڵ پێدانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی لەخۆ دەگرت، نوێنەری ئەم ڕەوتەیش حزبی ڕزگاری بوو، ئەمانیش بە هەمان مەودا لە باڵی چەپ و باڵی ڕاستڕۆی حزبی هیوای هەڵوەشاوە دوور بوون[٣].

ئەمە پاشخانی سیاسی و ڕەگوڕیشەی کۆمەڵایەتیی کادیرانی حزبە کوردستانییەکە بوو، سەبارەت بە بەرنامەی سیاسییش، بە ئاشکرا جێپەنجەی ئەو لایەنە کوردییانەی لەسەر دیاربوو کە ڕۆڵێکی دیاریان لە کۆمیتەی ناوەندیدا گێڕا[٤].

سیستەمی حزب بە وردبی ڕێکخستن و توندوتۆڵیی دەسەڵات لە کاتە گرنگەکاندا جیا دەکرێتەوە، بۆ ئەو بارودۆخە نهێنیانەی حزب کاری تێدا دەکرد[٥]، دواتر دەستی بە دامەزراندنی لقی نهێنی لە ناوچە کوردییەکانی عێراق کرد و دەستی کرد بە دابەشکردنی بڵاوکراوە کە داوای مافە نەتەوەییەکانی کوردی دەکرد. گۆڤاری گەلاوێژی دەرکرد و، لە دەرەوەی کوردستان و عێراقیش نووسەری هەبوو. لە فەڕەنسا، نەمسا، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، هۆڵەندا، سویسرا، بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان، بوون بە ئەندام لە حزبدا بۆ هەموو کوردێک هەبوو. لە حزبدا ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی وەك یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی قوتابیانی کوردستان دامەزران[٦]. هەروەها پارتی ژمارەیەک گۆڤاری دەرکرد لەوانە مرۆڤ، پێشڕەو، تیشک و دەنگی پێشمەرگە.

پارتی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەسەر ئاستی عێراق، هەروەک چووە ناو هاوپەیمانییە سیاسییەکانەوە لەپاڵ پارتەکانی تردا، بە تایبەت لەو ماوە توندەی مێژووی عێراقی بەر لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، کە

---

(١) عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات، مصدر سابق، ص ١٤٤.

(٢) عبدالرحمن كريم درويش، الفكر السياسي للأحزاب السياسية الكردستانية في العراق، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، ٢٠٠٩، ص ٧٨.

(٣) كاظم حبيب، لمحات من نضال الحركة التحرر الوطني للشعب الكردي، اربيل، ٢٠٠٥، ص ٨٧.

(٤) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديموقراطي الكردستاني في العراق، مصدر سابق، ص ٤٣.

(٥) ايجلتن، جمهورية مهاباد، مصدر سابق، ص ٧٨.

(٦) احمد فوزي، خناجر وجبال، مصدر سابق، ص ٩٧.

ماوەی دە ساڵ درێژەی کێشا، حزب لە قۆناغەکانی دامەزراندن و دوای دامەزراندندا پێیدا تێدەپەڕی، کە لەو کاتەیشدا عێراق لە دژی دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایەتییەکەی و سەرکێشییەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بیرە پێشکەوتنخوازەکان دەکوڵا[1]، سەرەڕای ئەوەیش هێزە ڕاستڕۆ و خێڵەکی و دەرەبەگییەکان بە چاوی نا ئاسوودەییەوە لە هێزە عێراقییەکانیان بە کوردی و عەرەبییەوە دەڕوانی، کە بیری پێشکەوتنخوازییان دەخستەڕوو، بانی داوای دیموکراسییان دەکرد. حزب بەشداریی خۆپیشاندانە گەرمەکانی دژ بە پەیماننامەی پۆرتسمۆسی کرد و لە لێژنەی هاوکاریدا بەشداری کرد و نوێنەری حزبیش لەم لێژنەیەدا، ڕەشید عەبدولقادر بوو، لە بزووتنەوە نیشتمانیەکانی دژ بەم ڕێککەوتنەدا لێژنەکە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا[2].

پارتی هەر لە دامەزراندنیەوە تۆوی دووبەرەکی هەڵگرتبوو، جا ئەم حزبە کە هێزە نەتەوەپەروەر و دیموکراسی و شیوعیەکانی لە خۆ گرتبوو، لە سەرکردایەتیەکەیشیدا گەورە خاوەن موڵکەکان هەبوون، ئاساییە ناکۆکی لە نێوان ئەم لایەنە نەگونجاوانەدا ڕوویدات[3]، هەربۆیە زۆرێک لە هێزە چەپەکان لە بەرامبەر ئەوەدا لە بیروڕاکانی حزب پاشەکشەیان کرد و پێیان وابوو پارتی حزبێکی بۆرژوازییە[4].

ماوەیەکی زۆر تێنەپەڕی پەرتبوونی گەورە ڕوویدا و بەسەر دوو باڵدا دابەش بوو، یەکێکیان بە سەرکردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و دووەمیان هەمزە عەبدوڵا. باڵی ئیبراهیم ئەحمەد بە (پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) ناو برا لە کاتێکدا هەمزە عەبدوڵا[5] "پێشکەوتنخواز"ی بۆ زیاد کردبوو.

ئیبراهیم ئەحمەد لە سەرەتای ژیانی سیاسییەوە ئارەزووی بەلای چەپدا هەبوو، بەڵام وردە وردە ئارەزووی بەلای بیری نەتەوەیی کورددا ڕۆیشت، لەلایەکی ترەوە هەمزە عەبدوڵا بەردەوام بوو لە ئارەزووی بەلای بیری چەپدا[6].

حکوومەت هەمزە عەبدوڵای سکرتێری گشتیی حزبی لە ساڵی ١٩٥٠ دەستگیر کرد[7]، پاش دەستگیرکردنەکەی کۆمەڵێک لە کۆیە کە بریتی بوون لە عەلی عەبدوڵا، بەکر ئیسماعیل، عەبدولکەریم

---

(١) عثمان علي، الحركة الكردية المعاصرة، مصدر سابق، ص ٥١.

(٢) الشرطة العامة، موسوعة سرية عن الحزب الشيوعي، بغداد ١٩٤٩، ج٢، ص ٢٩٢.

(٣) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٤٧.

(٤) عبدالرزاق مطلك الفهد، الأحزاب، مصدر سابق، ص ٢٢٦.

(٥) هەمزە عەبدوڵا ساڵی ١٩٠٤ لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە لە زاخۆ تەواو کردووە و دەرچووی بەشی یاسای بەغدایە لە ١٩٣٤. لە چوارچێوەی باڵی چەپی کۆمەڵەی ئەهالیدا کاری دەکرد. مارکسی بوو. بە هۆی داکۆکیکردنیەوە لە بارزانییەکان حکومەتی عێراق لە ١٩٣٨ ناسنامەی عێراقیی لێ وەرگرتەوە، لە ١٩٥٩ پێی درایەوە، بوو بە سکرتێری پارتی. بە هۆی پشتگیریکردنی لە شیوعییەکان پارتی لە کۆنگرەی چواریدا کە لە ١٩٥٩ بەسترا، دەری کرد. پاشان لە سیاسەت دوور کەوتەوە و لە بەغدا جێگیر بوو. لە ١٩٩٨ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

(٦) دانا آدمز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ١٨٠.

(٧) جعفر عباس حميدي، مصدر سابق، ص ٢٢٧.

تۆفیق، محەمەد ئەمین مەعروف، پارێزەر عومەر حەبیب بە هاوکاریی کاکە زیاد هەوڵی دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆمیتەیەکی ناوەندیی کاتی و ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی حزبیان دا، بەڵام لە جیاتیی ئەوە کۆنفرانسێکی حزب بەسترا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی بەغدا و سلێمانی. لە کۆنفرانسەکەدا کۆمیتەیەکی کاتی بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردرا کە پشتگیریی لێ نەکرا و نەیتوانی هیچ کارێکی بەسوود ئەنجام بدات، ئەوەیش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ بەستنی کۆنگرەی دووەمی حزب.

کۆنگرەی دووەمی حزب لە ساڵی ١٩٥١ لە بەغدا، لە ماڵی عەلی حەمدی بەسترا(١)، بەبێ بەشداریکردنی هەمزە عەبدوڵا کە لە تاراوگە بوو لە تورکیا و ئەوە بوو لە حوزەیرانی ١٩٥١ گەڕایەوە کە هەتا شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ هەر بە شاراوەیی مایەوە. لە کۆنگرەکەدا ٣٠ ئەندام کە نوێنەرایەتیی لقەکانی حزب و لێژنە ناوخۆییەکانیان لە سلێمانی و هەولێر و بەغدا دەکرد، ئامادە بوون.

کۆنگرە ڕەوشی ناوخۆ و بارودۆخی سیاسیی عێراقی تاوتوێ کرد. بڕیاریدا هیچ بەرپرسیارییەک بە کۆمیتەی ناوەندی نەسپێرێتەوە و کۆمیتەیەکی کاتی هەڵبژێرێت، تا کاتێک بارودۆخەکە بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی ناوەندیی نوێ لەبار دەبێت، پاشان ئەندامێتیی هەمزە عەبدوڵای لە ١٩٥١دا سڕ کرد. کۆمیتەی ناوەندیی کاتی لە ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، جەلیل هۆشیار، عومەر مستەفا، بەکر ئیسماعیل و ئەحمەد ئەمین مستەفا پێکدەهات.

هەمزە عەبدوڵا کە پابەندی بڕیارەکانی کۆنگرە و سەرکردایەتیە تازەکە نەبوو، دەستگیر کرا و بۆ دووەم جار بۆ تورکیا دوور خرایەوە، پاشان توانی بگەڕێتەوە بۆ موسڵ و لەوێشەوە بۆ سلێمانی. ئەو، توانی ڕێکخستنێکی جیا دروست بکات و هەریەکە لە موحەڕەم محەمەد ئەمین، شەهاب شێخ نوری، حەمە کەریم فەتحوڵا و بابا تاهیر شێخ جەلال لەژێر ناوی باڵی پێشکەوتنخوازی پارتی دیموکراتی کورددا کۆ بکاتەوە(٢).

لە ٢٦ی کانونی دووەمی ١٩٥٣دا، لە هەلومەرجێکی پڕ مەترسیدا حزب کۆنگرەی سێیەمی لە کەرکووک بەست، بە ئامادەبوونی ٣٥ ـ ٤٠ ئەندام، کە نوێنەری ڕێکخراوەکانی حزب و سەرکردایەتیە کۆن و نوێیەکان بوون و کۆنگرەکە بارودۆخی ناوخۆیی حزب و جیابوونەوەکانی تاوتوێ کرد و بڕیار درا:

١. ناوی حزب بکرێت بە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.
٢. حزب بیری مارکسی لینینی پێڕەو بکات.
٣. دەرکردنی هەمزە عەبدوڵای سکرتێری پارتی بە یەکجاری لە ڕیزەکانی حزب.

(١) عبدالرزاق مطلک الفهد، الأحزاب، مصدر سابق، ص ٢٢٩.
(٢) حبیب محمد کریم، تاریخ الحزب الدیمقراطي الکردستاني، مصدر سابق، ص ٤٦.

٤. هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی ناوەندیی نوێ بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی و هەڵبژاردنی ئیبراهیم ئەحمەد بە سکرتێری پارتی و کۆمیتەی ناوەندیی حزب[1]. هەروەها کۆنگرە بڕیاری پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیدا، هەروەها ناوی ڕۆژنامەی ناوەندیی حزبی لە "ڕزگاری"یەوە بۆ "خەبات" گۆڕی[2].

لە هەڵسەنگاندنی ئەم کۆنگرەیەدا چاودێران بۆچوونیان جیاواز بوو، هەندێکیان پێیان وابوو کۆنگرەیەکی سەرکەوتووە، هەندێکی تریان پێیان وابوو پشتبەستن بە مارکسیزمی لینینی لە کارنامەی حزبدا، پێچەوانەی باوەڕی نەتەوەپەروەریی حزبە و دژی ئارەزووی زۆرینەیە. ڕەنگە کێبەرکێکردنی حزبی شیوعی لە کوردستان، پاڵنەری سەرەکی ئەم گۆڕینە بووبێت، ئەمە جگە لە گۆڕینی ناوی ڕۆژنامەی ڕزگاری کە لای زۆرینە ناوێکی خۆشەویست بوو بۆ خەبات بەبێ هیچ پاساوێک.

حەبیب محەمەد کەریم ئەندامی سەرکردایەتی حزب پێی وابوو، ڕوودانی ئەم وەرچەرخانە ئایدۆلۆژییە بیرۆکەی ئیبراهیم ئەحمەدە، کە چەکێکی بۆ دژایەتیکردنی شیوعیەکان نەدۆزییەوە باشتر بێت لە بانگەشەی ئەوەی ئەو لەوان شیوعیترە[3].

هەندیک پێیان وایە حزب لە سەردەمی پاشایەتیدا چالاکییەکی دیاری لە پێناو مافە نەتەوەییەکانی کورد و، لێدان لە ڕژێمی پاشایەتیدا نەبوو، لەمەیش خراپتر بە دابەشبوونی ساڵی ١٩٥٣ی بوو بۆ دوو حزب و دەرکردنی هەمزە عەبدوڵای سکرتێر لە حزب، حزب نەیتوانی هیچ بزووتنەوەیەکی چەکداری دژی ڕژێم ڕێکبخات. بەهۆی هەژموونی سنورداری و لاوازیی ڕێکخستنەکانیشیەوە لەناو جەماوەردا، هێزە نەتەوەییە عەرەبییەکان لە ئەندامێتیی بەرەی یەکێتی نیشتمانی کە لە شوباتی ١٩٧٥ پێکهاتبوو، دووریان خستنەوە[4].

بە درێژایی فەرمانڕەوایی پاشایی، پارتی بەردەوام بوو لە کاری نهێنی. بۆیە دوای حەوت ساڵ لە بەستنی کۆنگرەی سێیەم کۆنگرەی چوارەمی بەست، لەم ماوەیەی نێوان هەردوو کۆنگرەکەدا ڕووداوی گەورە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و عەرەبی و عێراقی و لە ناوخۆی حزبیشدا ڕوویاندا[5]، جەنگی سارد هەبوو و ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٦ هەنگاریا، خۆبەدەستەوەدانی گەلانی دەوڵەتانی ئەوڕووپای ڕۆژهەڵات بە ڕژێمی سۆسیالیستی و ئەو دوژمنکارییە سێقۆڵییەی کرایە سەر میسر و هەڵوێستی پشتگیریکردنی کورد لە میسر، لە ئەنجامی ئەم دوژمنکارییەیشدا بزاڤێکی توندی نەتەوەیی بە سەرکردایەتی جەمال عەبدولناسر

---

(١) ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بریتی بوون لە: میرحاج ئەحمەد، جەعفەر محەمەد کەریم، ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵا، نوری ئەحمەد تەها، جلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا، عەلی ئەحمەد، ڕەشید عەبدولقادر، حەمەئەمین مەعروف و جەلیل هۆشیار.

(٢) علي عبدالله، تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني، ط٢، كوردستان، ١٩٩١، ص ٧٢.

(٣) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ٥١.

(٤) عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى البارزاني قائد الثورة الكردية وملهمها، مصدر سابق، ص ٢٣.

(٥) منذر الموصلي، البعث والأكراد. مصدر سابق.

سەرجەم جیهانی عەرەبیی گرتەوە، ئەمە جگە لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی مەلا مستەفا و هاوڕێکانی لە یەکێتی سۆڤێت[١].

لەو ماوەیەدا حزب لەسەر ئاستی دەرەوەدا چالاک بوو، لە ماوەی ساڵی ١٩٥٥دا، لە پێنجەمین کۆنگرەی جیهانیی لاواندا کە لە وارشۆی پایتەختی پۆڵۆنیا بەسترا، جەلال تاڵەبانی وەک نوینەری یەکێتی لاوانی کوردستان بەشداریی کرد. لە پاش کۆنگرەکە توانی سەردانی یەکێتی سۆڤێت بکات و لەوێ چاوی بە بارزانی کەوت و لە ناو ئەو ڕاسپاردانەی لە کاتی گەڕانەوەیدا لە بارزانییەوە هێنابووی، ئارەزوومەندیی بارزانی هەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی حزب لەگەڵ هەمزە عەبدوڵادا[٢]. داوای دانپێدانان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیش، بۆ نموونە لە تشرینی دووەمی ١٩٥٧، پارتی دۆزی کوردی لە بەردەم جەماوەرێکی زۆردا خستە ڕوو، کە لە پایتەختی یۆنان، کۆمەڵی گەلانی ئەفریکا لە خەباتیان دژی داگیرکاری ڕێکیان خستبوو، دوای مانگێک لەوەیش پارتی کێشەی کوردی لەبەردەم کۆنگرەی هاوڕییەتی گەلانی ئەفریکا و ئاسیایی خستەڕوو[٣].

پاش ڕاسپاردەکانی مەلا مستەفا بۆ چارەسەری کێشەی حزب لەگەڵ هەمزە عەبدوڵا، چەند پەیوەندییەکی پێوە کرا، کۆمەڵەکەی حەمزە بەیاننامەیەکی دەرکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی خۆی و گەڕانەوە بۆ حزب، بەم شێوەیە بارزانی لە تاراوگەیشەوە چاودێریی گۆڕانکاری و بارودۆخە سیاسییەکانی لە کوردستان دەکرد و کاریگەریی خۆی هەبوو لە یەکخستنی پارتیدا.

هەروەها دەستەیەک لە مارکسییەکانی کورد ئامادەیی خۆیان پێشاندا بۆ سازدانی وتووێژی سیاسییانە لەگەڵ سەرکردایەتی حزبدا، تا ڕێگە خۆش بکەن بۆ پەیوەندیکردن بە حزبەوە، دیارەکە پەیوەندیکردنی ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان، کەمال فوئاد و چەند کەسێکی تری لێکەوتەوە[٤]. دەستکارییەکی تر لە ناوی حزبدا و بوو بە پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراق، هەروەها کۆمیتەیەکی ناوەندیی کاتی لەمانە پێکهات[٥]:

١. مستەفا بارزانی: سەرۆک
٢. ئیبراهیم ئەحمەد: سکرتێر
٣. عەلی عەبدوڵا: ئەندام
٤. عومەر مستەفا: ئەندام

---

(١) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٥١.
(٢) مسعود البارزاني، ج٢، مصدر سابق، ص ٨١.
(٣) شيركو فتح الله عمر، مصدر سابق، ص ١١٨.
(٤) جعفر عباس حميدي، ص ٢٢٨؛ شيركو فتح الله، ص ١١٨.
(٥) حبيب محمد كريم، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ٥٧.

٥. جەلال تاڵەبانی: ئەندام

٦. نوری ئەحمەد تەها: ئەندام

٧. هەمزە عەبدوڵا: ئەندام

٨. حەبیب محەمەد کەریم: ئەندام

٩. خەسرەو تۆفیق: ئەندام

١٠. نزار ئەحمەد: ئەندام

### پارتی و شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨

کورد بە هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشە و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی خۆشحاڵ بوو. سکرتێری پارتی، ئیبراهیم ئەحمەد[١] نامەیەکی بۆ سەرکردایەتیەکەی نارد و دڵنیاییدانی حزبەکەی بۆ هاوکاریی شۆڕشەکە ڕاگەیاند، بەو هیوایەی ئەم کۆمارە نوێیە ببێتە کردنەوەی سەردەمێکی نوێ بۆ بنیاتنانی پەیڕەوێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی کورد و عەرەبدا[٢]. لە ١٦ی تەموز، پارتی دیموکراتی کوردستان بەیانێکی ئاراستەی گەلی کورد کرد، تێدا هاتووە کە:

"حزب بڕیاریدا بە هەموو هێز و توانایەکیەوە خەبات بکات لە پێناو بەرگریکردن لە کۆماری عێراق و گەشەپێکردنی و جێگیرکردنی بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەیش، هەموو هێز و توانایەکی لەژێر سەرپەرشتی سەرکردایەتی ئەم شۆڕشە شکۆمەندەدا دابنێت و، هەموو ئەندام و لایەنگرانی بەسەرباز بکات و وەک خۆبەخش بۆ کۆماری عێراق و دژایەتیکردنی داگیرکاری و پیلانگێڕییەکانی و بەکرێگیراوەکانی"

پاڵپشتیکردنی پارتی هەر بە دەرکردنی بروسکە و بەیاننامەوە نەوەستا، بەڵکو هەر لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشەوە دەستی بە چالاکی جەماوەریی بەرفراوان کرد، ئەویش بە ڕێکخستنی ئەندام و لایەنگرانی، تا ئەرکی بەرگری کردن لەم کۆمارە نوێیە لە ئەستۆ بگرن. ڕێکخستنەکانی حزب لە کوردستان و بەغدا، خۆپیشاندانی بەرفراوانیان بۆ هاوکاری شۆڕش و پاڵپشتیکردنی ڕێکخست[٣]، دوای شۆڕشیش پارتی دیموکراتی کوردستان یاداشتێکی دەرکرد کە بە شێوەیەکی فراوان پەخش کرا، تێیدا هاتبوو[٤]:

---

(١) ئیبراهیم ئەحمەد ساڵی ١٩١٤ لە سلێمانی لە دایک بووە، لە ١٩٣٧ کۆلێژی یاسای بەغدای تەواو کردووە، لە ١٩٣٩ گۆڤاری گەلاوێژی کوردیی دەرکردووە، لە شاری سلێمانی سەرۆکایەتیی لقی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کردووە، پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد لە ١٩٤٧ چووەتە ڕیزی پارتییەوە و بووەتە یەکێک لە دیارترین سەرکردەکانی، لە ١٩٩٩ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە.

(٢) عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات، مصدر سابق، ص ١٩٠.

(٣) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ٧٧.

(٤) دەقی یاداشتەکەی پارتی کە لە ١٩٥٨/٩/١١ بۆ قاسم و حزبە نیشتیمانییەکان نێردراوە، بڕوانە عزيز الحاج، القضية الكردية في العراق، التاريخ والرفاق، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٩٤، ص ٢٩.

"بە بڕوای ئێمە جیابوونەوە شتێکی دامالراو نییە لەو هەلومەرجە ناوخۆی و دەرەکییەی کە بتوانرێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ تاوتوێ بکرێت، بە چاوپۆشین لە ئەنجامەکانی کە پێوەستە بە بەهێزکردن یان لاوازکردنی لایەنە جیاوازەکانەوە لە جیهاندا، جیابوونەوەی هەر گەلێک لە گەلێکی تر لە هەر ولاتێک لە ولاتەکانی جیهان، بە بڕوای ئێمە پێویستە لە لایەکی دیاریکراوەوە سەیر بکرێت، ئەویش ئەوەیە ئایا ئەم جیابوونەوە دەبێتە هۆی لاوازکردنی هەژمونی داگیرکەر و جێلەقکردنی و بەهێزکردنی بەرەی گەل و سەرکەوتنەکانی لە خەباتکردنی لەپێناو ئاشتی و ڕزگاری و دیموکراسیدا، ئەگەر وەلامەکە نەرێنی بوو، واتە ببێتە بەهێزکردنی داگیرکەر و جێگیرکردنی جێپێ و لاوازکردنی بەرەی گەل و دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە لە خەباتیدا، ئەوا جیابوونەوە شەڕ و نەگبەتییە نەک تەنیا هەر لەو دەولەتەی جیابوونەوەی تێدا ڕوو دەدات، بەلکو بەنسبەت ئەو گەلە خۆیشی کە داوای جیابوونەوە دەکات لەم حالەدا، پێویستە ڕێگە لە جیابوونەوە بگیرێت".

بەم شێوەیە پارتی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق خزمەتی داگیرکەر دەکات و دەبێتە هۆی بێهێزکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوزیی گەلانی ناوچەکە بە گشتی و لە نێویشیاندا گەلی کورد، بەلام کەی؟ کاتێک دەولەتان لە ڕژێمێکی دیموکراتیدا دەژین، هەمووان بە چاوپۆشین لە ئینتیمایان لەڕووی ڕەگەز و ئاینەوە یەکسان بن، کەی تەرازووی دادگەری لاسەنگ بوو کەمایەتییە ئاینی و نەتەوەییەکان لە مافەکانیان بێبەش دەکرێن، بۆیان هەیە لەم کیانە جودا ببنەوە.

لێرەوە حزب سوور بوو لەسەر ئەوەی کە عێراق کۆماری کورد و عەرەبە و، عێراق یەکییەتیەکی هەلبژێردراوی برایەتییە لەنێوان هەردوو نەتەوەدا و مافی جیابوونەوەی کوردی نەرێ کردەوە[1].

زۆربەی حزبە عێراقییەکان کاریگەر بوون بەو کەشە نالەبارەی لە دوای شۆڕشەوە لە بارەی شێوەی یەکێتی لەگەل کۆماری عەرەبیی یەکگرتوودا سەریهەلدا، ئایا کتوپڕ یەک دەگرن وەک ئەوەی عەبدولسەلام عارف داوای دەکرد و حزبی سەربەخۆ و حزبی بەعس و بزووتنەوە نەتەوەییەکانی عەرەب ناسرییەکان پشتگیریان دەکرد، یان فیدرالی دەبێت، وەک لایەنگرانی قاسم، هاوشێوەی شیوعیەکان و پارتی و هاوپەیمانیی چەپ داوایان دەکرد[2].

لای خۆیشیەوە پارتی بەو حالەتی جەمسەرگیرییە کاریگەر بوو، بەلام لە ناوخۆدا، بە شێوەیەک کاریگەریی لەسەر دەستەکانی سەرکردایەتی کە دوو بالی لەخۆ دەگرت، دروست کرد، یەکەمیان بە سەرکردایەتی هەمزە عەبدولا و کۆمەلە مارکسییەکەی کە دەستی بەسەر مەکتەبی سیاسی و پاشکۆکانی حزبی شیوعیدا گرتبوو.

(1) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ٧٨.

(2) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٥٥.

دووەمیان بە سەرکردایەتی ئیبراهیم ئەحمەد، کە لەلایەن زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندییەوە پاڵپشتی دەکرا، ئەم باڵە لە هەڵوێستەکانیدا لە هێزە نەتەوەییەکانەوە نزیک بوو، باڵی یەکەم ئەم باڵەی بە ڕاستڕۆ و شوێنکەوتنی بۆرژوازیی عەرەبی تۆمەتبار کرد، ئەوەیش بە هۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە نەتەوەییە عەرەبییەکان، کە مۆرکێکی هاوپەیمانی وەرگرتبوو، لە سەردانکردنی شاندێکی پارتیدا بۆلای فوئاد ڕیکابی ئەمینداری حزبی بەعس، دوای وەرگرتنی پۆستی وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە یەکەم پێکهاتەی وەزارەتی دوای شۆڕشدا ڕەنگیدایەوە، بە هەمان شێوە لەو سەردانەی تردا کە ئیبراهیم ئەحمەد بۆلای میشێل عەفلەقی ئەمینداری گشتیی حزبی بەعس ئەنجامیدا لە ڕۆژی ٢٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە شوێنی نیشتەجێبوونی لە ئوتێل بەغدا و، بە دوایدا کۆڕێکی هاوبەشی تەلەفزیۆنی بەسترا کە وەزارەتی ئیرشاد لەنێوان ئیبراهیم ئەحمەد و میشێل عەفلەقدا ڕێکیخستبوو[١].

سەرباری ناکۆکی لە ڕیزەکانی سەرکردایەتیدا، پارتی، پارێزگاری لە یەکێتی ڕێکخستنی خۆی کرد، کاتێک داواکارانی یەکگرتنی خێرا لەگەڵ کۆماری یەکگرتووی عەرەبیدا لە بەدیهێنانی ئامانجەکەیان سەرکەوتوو نەبوون، ئیبراهیم ئەحمەد جێلەق بوو، کاتێکیش ویستی لەگەڵ حزبی شیوعیدا هەڵوێستێک وەربگرێت و لە ئەیلوولی ١٩٥٩دا پەیمانێک بۆ هاوکاری ببەستێت، ڕەحنەگران بە ڕێککەوتن بە مەرجگەلی نایەکسان تۆمەتباریان کرد[٢]. بۆیە هەڵمەتێکی فراوان بۆ سەر ئیبراهیم ئەحمەد دەستی پێکرد، ئەو هەڵمەتەیش لەگەڵ باڵەکەی هەمزە عەبدوڵادا هاوئاهەنگ بوو، کە دوای گەڕانەوەی خۆی و کۆمەڵەکەی بۆ حزب بەهێز بوون و پاش پەیوەندیکردنی شیوعیە کوردەکانی وەک ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان و چەند کەسێکی تر بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەهێزتر بوو، کە بووە هۆی توندبوونی ململانێ ناوخۆییەکانی پارتی. ئەمەش پاڵی بە مەلا مستەفاوە نا بێتە ناوەوە و هەڵوێستی لە بەرژەوەندی دەستەی هەمزە عەبدوڵا بوو، بە تایبەت مەلا مستەفا دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیێت هەستی بە بێزاریی قاسم لە ئیبراهیم ئەحمەد کرد. تەنانەت لە دیدارێکی نێوانیاندا لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ قاسم ئامۆژگاریی مەلا مستەفای کرد، کە وریا بێت بەرامبەر بە نیازەکانی ئیبراهیم ئەحمەد[٣].

باڵی هەمزە عەبدوڵا بەسەر پارتیدا زاڵ بوو، ئەم زاڵبوونەیشی بۆ دەرکردن و سڕکردنی هەندێک لە کەسایەتییەکانی باڵی دژ بە ڕێبازەکەی قۆستەوە، لەوانەیش ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی. لە کانونی دووەمی ١٩٥٩دا، بە پاڵپشتی مەلا مستەفا مەکتەبێکی سیاسیی پێکهێنا، کە هەریەکە لەمانەی لەخۆ دەگرت:

١. هەمزە عەبدوڵا: سکرتێر.

---

(١) صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، مصدر سابق، ص ٧٥.

(٢) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٤٠.

(٣) صلاح الخرسان، التيارات السياسية في كردستان العراق، مصدر سابق، ص ٧٩.

٢. سالّح حەیدەری.

٣. حەمید عوسمان.

٤. خەسرەو تۆفیق[١]

هەمزە عەبدوڵا لەگەڵ شیوعیەکان و بەرە چەپەکانی تردا (بەرەی یەکێتی نیشتمانی) بەست. هەمزە عەبدوڵا هەر بەوەشەوە نەوەستا، پێشنیارێکی بۆ کۆمیتەی ناوەندیی کرد، تا ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی حزب لە لاوان و ئافرەتان و جووتیاران لەگەڵ هاوشێوەکانیان لە حزبی شیوعیدا یەکبخەن. ئەوەیش کاردانەوەی توندی لێکەوتەوە و پێیان وابوو ئەوەی هەمزە عەبدوڵا ئەنجامی دەدات، پلانێکە بۆ تواندنەوەی پارتی و، ڕۆژنامەی خەبات خەریکە ڕێبازی شیوعی دەگرێتەبەر(٢). ناکۆکییەکان گەیشتنە ڕادەیەک، نەک هەر سەرکردایەتی، بەڵکو هەڕەشەیان لە بنکەیش دەکرد. لەو کاتەدا مەلا مستەفا دەستی وەردا و بڕیاریدا سنوورێک بۆ ئەم دۆخە دابنێت، بەتایبەت ئاگای لەوە بوو کە هەڵوێستی قاسم بەرامبەر بە شیوعیەکان چۆنە و پشتی لێ کردوون، ئەوە بوو کۆمیتەی ناوەندیی پارتی لە ٣٠ حوزەیرانی ١٩٥٩دا کۆبووەوە، هەوڵدرا بۆ ڕازیکردنی هەمزە عەبدوڵا و هەڤاڵانی بۆ بەشداریکردن لە کۆبونەوەکەدا، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە و هەمزە عەبدوڵا نامەیەکی بۆ مەلا مستەفا نووسی و لە ئیبراهیم ئەحمەد و دەستەکەی ئاگەداری کردەوە و بە ڕاستڕۆیی و دڵسۆزنەبووتی بۆ پارتی و بەرزانی تاوانباری کردن. پاشان بەم دەستەواژەیە کۆتایی بە نامەکەی هێنا "من بۆ تۆ ڕێنموونیکارێکی دڵسۆزم"[٣].

کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەکەیدا چەند بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیدا، لەوانە سڕکردنی ئەندامێتیی هەمزە عەبدوڵا، سالّح حەیدەری، خەسرەو تۆفیق، نەژاد ئەحمەد، سالّح ڕوشدی و حەمید عوسمان، بەرپرسیارێتیی سەرپەرشتیکردنی ڕۆژنامەی خەباتیشی بە جەلال تاڵەبانی سپارد[٤]. لە ڕۆژی دواتری کۆبوونەوەکەدا، ژمارەیەک کادیری نارد بۆ بارەگای حزب لە بەغدا، هەروەها سەرجەم لایەنگرانی باڵەکەی هەمزە عەبدوڵایان بە هێز دەرکرد[٥]. لە ئەنجامدا لێژنەی ئامادەکاری ناوەندی پێکهات، تا کاری هەڵبژاردنەکان لە ئەستۆ بگرێت[٦]، بۆ ماوەی دوو مانگ حزب بەبێ سکرتێر مایەوە، لەم ماوەیەدا دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد دەستی بە ئامادەکاریی کرد تا لە کۆنگرەی داهاتوودا بگەڕێتەوە بۆ پێگەکەی جارانی[٧].

---

(١) حبیب محمد کریم، صفحات من نضال لشعب الكردي، تاريخ مؤتمرات الحزب، أربيل، ١٩٩٦، ص ٨.

(٢) علي سنجاري، الحركة التحررية الكردية، مصدر سابق، ص ٣٩.

(٣) جريدة خەبات، العدد ٧٩١، في ١٩ يولو ١٩٩٦؛ مسعود البارزاني، ج٢، مصدر سابق.

(٤) صالح حيدري، مذكرات وملحات من تاريخ الحركة الوطنية والقومية في كردستان العراق ١٩٤٤ ـ ١٩٦٣، ص ٩٧.

(٥) حبيب محمد كريم. تاريخ الحزب الديموقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ٨٢.

(٦) عبدالرزاق مطلك الفهد، لأحزاب السياسية في العراق، مصدر سابق، ص ٣٠٢.

(٧) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٤٠ ـ ٤١.

## کۆنگرەی چوارەم

کۆنگرەی چوارەم لە ماوەی ٤ـ١٩٥٩/١٠/٧ لە ماڵی کاکە زیاد لە بەغدا بەسترا. لە سەرووی ئامادەبووانیشەوە مەلا مستەفای بارزانی ئامادە بوو. ئەوە یەکەم کۆنگرە بوو کە سەرۆکی حزب لە دامەزراندنیەوە ئامادەی بێت. لە گرنگترین ئەو بڕیارانەی لەم کۆنگرەدا دەرچوون دەرکردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و پشتیوانیبان بوو لە حزب، کە بریتی بوون لە هەمزە عەبدوڵا، حەمید عوسمان، ساڵح حەیدەری، نەژاد ئەحمەد عەزیز، خەسرەو تۆفیق، حەمە کەریم و ساڵح ڕوشدی و چەند کەسێکی تر[١]. هەروەها بڕیار لە گەڕاندنەوەی ناوە پێشووەکەی حزب درا (پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق)، هەروەها گۆڕینی دەستەواژەی "پەیڕەوکردن لە بۆچوونە مارکسییە لینینیەکان" لە پڕۆگرامدا بۆ سوودوەرگرتن لەو بۆچوونانە. بە کۆی دەنگیش بڕیاری هەڵبژاردنی مەلا مستەفا بە سەرۆک درا، بەڵام مەلا مستەفا کە هەستی بە باڵانسی جەماوەریی کورد و عەرەبی لای پارتە سیاسییەکان کردبوو، نەیدەویست تەنیا بە سەرۆکی پارتی دیموکرات بمێنێتەوە، بەڵکو ڕێبەرێکی کوردی بێت کە هەمووان ڕێزی بگرن، بەڵام ئەندامانی مەکتەبی سیاسی سووربوون لەسەر مانەوەی وەک سەرۆکی حزب و وایان لێ کرد قایل بێت بە ویستی گەلەوە[٢]. کۆنگرەیش ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژارد[٣].

## چالاکییە ئاشکراکانی حزب

لە ٩ی کانونی دووەمدا دەستەی دامەزرێنەر[٤] داوایەکی پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرد بۆ ڕازیبوون لەسەر دامەزراندنی حزبێک بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، عەبدولکەریم قاسم بە شێوەیەکی نافەرمی پێشنیاری هەندێک گۆڕانکاری لە پێڕەویدا بکرێت، تا مۆڵەتپێدانی حزبەکە

(١) جعفر عباس حميدي، التطورات والاتجاهات السياسية الداخلية في العراق، مصدر سابق، ص ٢٢٨.

(٢) كمال غمبار، البارزاني الخالد، مصدر سابق، ص ٩٨.

(٣) ئەوانیش :ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵا، عومەر مستەفا، جەلال عەبدولڕەحمان، ئەحمەد عەبدوڵا ئامێدی، عەونی یوسف، سەید عەزیز شەمزینی، نوری ئەحمەد تەها، دکتۆر موراد. مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل و حبیب محمد کریم بوون.

(٤) دەستەی دامەزرێنەرن ئەمانەی لەخۆ گرتبوو :مەلا مستەفا، ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵا، عومەر مستەفا، حیلمی عەلی شەریف، ئەحمەد عەبدوڵا ئامێدی، عەونی یوسف، سەید عەزیز شەمزینی، نوری ئەحمەد تەها، دکتۆر موراد، ئیسماعیل عارف، حیلمی عەلی شەریف، شەمسەدین موفتی، مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل و حەبیب محەمەد کەریم (جريدة الزمان، بغداد، العدد ٦٧٢٦ في ١٢ يناير ١٩٦٠).

دوانەخرێت، بۆ نموونە سڕینەوەی وشەی (یەکگرتوو)، کە گشتگیرە، هەروەها وشەی (کوردستان) کە هەرێمییە لە ناوی حزب بسڕێتەوە و بکرێت بە پارتی دیموکراتی کوردی.

مەلا مستەفا ئامادەیی نیشاندا بۆ لابردنی وشەی یەکگرتوو، بەڵام سوور بوو لەسەر وشەی (کوردستان)، عەبدولکەریم قاسم (پارتی دیموکراتی کوردستان)ی وەک چارەسەرێکی ناوەند پێشنیار کرد، ئەوەبوو پێشنیارەکە قەبووڵ کرا[1]. قاسم بە ئیبراهیم ئەحمەدی گوت کە ئەو هاوسۆزە لەگەڵ مافەکانی کورد لە حوکمی زاتیدا، بەڵام نەیدەویست ئەم مافە لە پێڕەوەکەدا دەربکەوێت[2]، کە ڕەنگە دوژمنەکانی لە دژی بەکاری بهێنن یان ڕەنگە پێی نەکرێت هەموو لایەنگرانی لەسەر ئەم خاڵە کۆبکاتەوە، بە تایبەت سەرکردەکانی سوپا، هەروەک مادەکانی ٣ و ٢٣ی ڕەتکردەوە و وشەی گەلی کورد جێی کورد یان نەتەوەی کوردی گرتەوە[3].

**حزب ئامانجەکانی لە پرۆگرامێکی ٢٢ خاڵیدا دیاری کرد، لەوانە:**

١. خەباتکردن لە پێناو پارێزگاریکردن لە کۆماری عێراق و چەسپاندنیدا، هەروەها فراوانکردن و قووڵکردنەوەی ئاراستە دیموکراسییەکانی لەسەر بنچینەی دیموکراسیی ئاراستەکراو، کە ئازادییە گشتییەکانی تاک لەخۆ دەگرێت.
٢. وەستانەوەی توند دژ بە نەیارانی کۆمار و بەهێزکردنی هێزە چەکدارە نیشتمانیەکان.
٣. خەباتکردن لە پێناو پاراستنی ئاشتی و پێڕەوکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی (باندونگ) و پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان.
٤. خەباتکردن لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندیی برایەتی و دۆستایەتی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب و سەرجەم کەمە نەتەوەکانی وەک ئاشوری، تورکمان، ئەرمەن و ئەوانی تر، هەروەها بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی.
٥. کارکردن لەسەر بنچینەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەناو یەکێتی عێراقدا.
٦. حزب لە خەباتی سیاسیدا سوود لە بیردۆزی مارکسیی لینینی وەردەگرێت.

وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی بە حزبدا و بە کارنامەکەی ڕازیبوو، حزبیش ڕۆژنامەی "خەبات"ی ڕۆژانەی دەرکرد تا ببێتە زمانحاڵی. دواتر وەزارەتی ناوخۆ، پارتی بە لەخۆگرتنی چەند ئەندامێکی شاراوەی شیوعی

---

([1]) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٤٢؛ عبدالفتاح علي يحيى، التطورات، مصدر سابق، ص ٢٢١.

([2]) اديث وائين ايف بنيروز، العراق دراسة علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية، مصدر سابق، ١٩٨٩، ص ٢٥٣.

([3]) جريدة اتحاد الشعب، العدد ٢٦٩، في ١١ يناير ١٩٦٠؛ توريل دان، ص ٣٧٥ ـ ٣٧٦.

کە ڕەوتی حزبەکەیان گۆڕی بوو، تۆمەتبار کرد. بارزانی دەستپێشخەریی کرد و پاککردنەوەی حزب و دەرکردنی هەندێک لە ئەندامانی ڕایگەیاند، بۆ پاساودانی هەڵوێستی لە ڕووی قاسمدا[1].

### کۆنگرەی پێنجەم

ماوەی نێوان کۆنگرەی چوارەم و پێنجەمی حزب کە لە هەشت مانگ تێپەڕی نەکردبوو، بە کەمترین ماوەی نێوان کۆنگرەکانی حزب دادەنرێت. کۆنگرەکە لە ئاداری ١٩٦٠دا بەسترا. قەومانی ڕووداوگەلی گرنگ پاڵنەر نەبوو بۆ بەستنی ئەم کۆنگرەیە، بەڵکو تاکە هۆکاری بریتی بوو لە دەرچوونی یاسای کۆمەڵەکان لەلایەن حکوومەتی قاسمەوە، کە پێویستی کرد ئەو پارتانەی دەخوازن بە شێوەیەکی یاسایی و ئاشکرا کار بکەن، داواکارییەکانیان پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکەن، بۆ سەیرکردن لە ڕەوایی ئەم داواکارییانە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی مۆڵەتی ڕەسمی و بنچینەیی.

کۆنگرەکە لە سەرەتای ئاداری ١٩٦٠دا، لەو بارەگایەی حزب کە کەوتبووەوە ناوچەی سەعدون لە بەغدا بەسترا. بە کۆی دەنگ بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی مەلا مستەفا درا بە سەرۆکی حزب، سەرەڕای هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی کە لە ئیبراهیم ئەحمەد، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵا، عومەر مستەفا، ساڵح یوسفی، عەونی یوسف، ناهیدە شێخ سەلام، جەلال عەبدولڕەحمان، ئەحمەد عەبدوڵا ئامێدی، هاشم عەقراوی، مەلا عەبدوڵا ئیسماعیل، سەید عەزیز شەمزینی، نوری ئەحمەد تەها و جەلال تاڵەبانی پێکدەهات. یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی ئەم کۆنگرە، دەرکەوتنی حزب بوو بە شێوەیەکی ئاشکرا[2]. ژمارەیەک چاکسازی لە پێڕەوی حزبدا کرا، هەموو ئەوانەی کە عەبدولکەریم قاسم سڕیبوویەوە گەڕایەوە، جگە لەو بەشەی ئاماژەی بە مارکسیزمی لینینی دەکرد، لە کاتی بەستنی کۆنگرەدا، قاسم پێشوازیی لە شاندێکی خێڵەکانی کورد کرد کە دوژمنە تەقلیدییەکانی مەلا مستەفای لەخۆ گرتبوو، گوایە بۆ تازەکردنەوەی لایەنگرییان بۆ قاسم هاتوون بۆ بەغدا[3]، قاسم هەوڵی جیاکردنەوەی پارتیدا لە بارزانی و بە پێچەوانەوە، قاسم بۆ جەختکردنەوە لە زاڵبوونی بەسەر پارتیدا، دەیویست ئەو هەستە لای سەرکردایەتی پارتی دروست بکات کە ئەگەر لە پێناو بارزانیدا نەبوایە، مۆڵەتی بە دامەزراندنی پارتی نەدەدا[4].

(١) علاني حسن عليوي، الأحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ١٤٥.
(٢) علي سنجاري، الحركة التحررية الكردية، مصدر سابق، ص ٤٠؛ عبدالأمير الركابي، مصدر سابق، ص ٧٢.
(٣) جريدة الثورة، بغداد، العدد ٤٦٦ في ٨ مارس ١٩٦٠؛ اوريل دان، ص ٣٧٧.
(٤) عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق، مصدر سابق، ص٧٠؛ علي سنجاري، الحركة التحررية الكردية، مصدر سابق، ص ٤٣.

مانگی هەنگوینی لە نێوان بزووتنەوەی کورد و عەبدولکەریم قاسمدا بەرەو ئاوابوون چوو[١]، لە ٣٠ی تەموزی ١٩٦١دا حزب یاداشتێکی لە بارەی مەترسیی باروودۆخی کوردستان بۆ قاسم بەرز کردەوە کە داوای ئەنجامدانی هەندێک ڕێوشوێنی کرد، بەڵام قاسم یاداشتەکەی ڕەت کردەوە[٢].

لە ئەیلوولی ١٩٦١دا، ڕۆژنامەی ناوەندیی حزب، خەبات، بابەتێکی لەبارەی دەستور و پێگەی کورد لە عێراقدا نووسی[٣]، هەروەک چەند گوتارێکی بە ناونیشانی "لەبارەی سیاسەتی دەرەوەمان" نووسی و تێیدا ئەوەی ڕوون کردەوە، سیاسەتی دەرەوەی عێراق پێویستە لەسەر بنەمای هاوبەشی لە نێوان کورد و عەرەبدا بێت، هەروەها عێراق هاوکاریی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی عەرەب لە فەلەستین و جەزائیر بکات، لە بەرامبەر ئەوەیشدا پێویستە لەسەری هاریکاری کێشەکانی کورد لە هەریەکە لە ئێران و تورکیا بکات، ئەم بیر و بۆچوونانە کاریگەرییان لەسەر جەماوەری کورد هەبوو[٤].

لەگەڵ ئەوەیشدا پارتی هەر بە لایەنگری قاسم و پشتگیریکردنی ئەو ڕێوشوێنە نیشتمانیانەی کە قاسم ئەنجامی دەدان، مایەوە. پاش دەرکردنی بڕیاری ژمارە ٨٠ لە ساڵی ١٩٦١دا لەلایەن حکوومەتی قاسمەوە، پارتی کارنامەی ناوخۆیی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە کە:

"کۆمیتەی ناوەندیی حزب پێی وایە وەرگرتنەوەی مافەکان لە چنگی کۆمپانیا داگیرکارییە قۆرخکارەکان پێویستی بە سیاسەتی یەکێتیەکی نیشتمانی هەیە تا ڕێز لە ماف و ئازادیی پارتەکان و ڕۆژنامە نیشتمانیەکان بگرێت و، پشتی بە هاوکاریی تۆکمەی نێوان گەل و حکوومەت قایم بێت. پارتەکەمان دژ بە کۆمپانیاکانی داگیرکاران پشتگیری سەرجەم هەڵوێستەکانی کردوە و دەیکات، پێویستە حکوومەت بوار بە سەرجەم پارتە نیشتمانیەکان بدات بۆ سازدانێکی بەهێزی نەتەوەیی دژ بە داگیرکەر و هاوبەشەکانی و مەرامەکانی"[٥]. بەڵام تێکچوونی پەیوەندیی نێوان قاسم و بزووتنەوەی کورد زیادی کرد، وەزیری ناوخۆ لە لێدوانیدا بۆ ڕۆژنامەی العهد الجدید گوتی: چونکە کارەکانی حزبی ناوبراو، لەگەڵ بڕیارەکانی یاسای ڕێکخراوەکاندا نایەتەوە، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادەی ٢٣ی لە یاسای کۆمەڵەکان، وەزارەتەکەمان بڕیاریدا بە داخستنی حزب و لقەکانی و ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی هەر چالاکییەکی سیاسی[٦].

هەروەها پارێزگای لیوای بەغدا ئاگادار کرایەوە، بۆ پێشکەشکردنی بەڵگەی تەواو لە هەڵسوکەوتەکانی حزب و دەرچوونی لە ئامانجەکانی، بۆ گەڕانەوەی بۆ دادگای بەرایی تایبەت بەپێی یاسا، دادوەری سەربازی

---

([١]) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، مصدر سابق، ص ٥١.

([٢]) دانا آدمز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ١٨١؛ اسماعيل عارف، مصدر سابق، ص ٢٥١.

([٣]) فائق بطي، صحافة تموز وتطور العراق السياسي، بغداد، ١٩٧٠، ص ١٠٧.

([4])The kurdias paese Amsterdam September، October، 1961، p8 _ 10

([٥]) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في العراق، مصدر سابق، ص ٢٥.

([٦]) جريدة العهد الجديد، بغداد، في ١٩٦١/٩/٩.

بڕیارگەلێکی دەرکرد بە دەستگیرکردن و گرتنی ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەر و هاونیشتمانی کورد لە ئەندامانی حزب، لە دوای هێرشکردنی چەکدارییەکان لە ١٠ی ئەیلوولی ١٩٦١ بۆ سەر گوند و کۆمەڵگەکان، حزب دروشمی "ڕوخاندنی حوکمی دیکتاتۆریی قاسم"ی بەرز کردەوە[١]، هەموو لایەک پەیوەندییان کرد بە چیاکانەوە، دەسەڵات ڕۆژنامەی "خەبات"ی پارتی خستە بەردەم ئەنجوومەنی عورفی[٢] و، ساڵح یوسفیی سەرنووسەری بەند کرد. پاش ماوەیەک ناکۆکییە ناوخۆییەکانی حزب لە بۆچوونەکاندا سەریان هەڵدایەوە، حزب دەیویست شۆڕشێک لەسەر بنەمایەکی هەڵبژاردەیی و لە سەرووی چەند باڵێکی حزبەوە ڕێکبخات[٣]، لە کاتێکدا مەلا مستەفا لەسەر بەشداریکردنی هەموو کوردێک خاوەنی هەر ڕۆڵ و هەڵوێستێک بێت پێداگر بوو[٤].

**بەکورتی:**

دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق، حزب قورساییەکی بەرچاوی لە سیاسەتی عێراقدا پەیدا کرد، هەروەک بووە نوێنەری باوەڕپێکراوی بزووتنەوەی کورد بە هەموو حزب و هێزە سیاسییەکانیەوە گفتوگۆی لەگەڵ دەکرا. دیدارەکان لەگەڵ نوێنەرە ڕێپێدراوەکانیدا بەڕێوە دەچوون، دروشمی چەسپاندنی حوکمی زاتی بۆ کوردستان بەرز کردەوە، لەو کاتەوە بارزانی بۆ عێراق گەڕابووەوە، سەرکردارییەتی لە چالاکیدا بوون بۆ ڕاگەیاندنی لەدایکبوونی ئاشکرای حزب، بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا، واتە بە سەرکردایەتی ئەو کەسایەتییە درەوشاوە و خاوەنهێز و ناوبانگە مێژووییەی کە لەو کاتەدا لایەنگیریەکی باشی لەناو گەلدا هەبوو.

یەکەم دەستەی دامەزراندنی حزب لە دوای ڕاگەیاندنی بە شێوەیەکی ڕەسمی، لە نۆ کەس پێکهات، دواتر ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕەوتی بزووتنەوەی کوردیدا گێڕا، لە سەرووی هەمووشیانەوە مەلا مستەفای سەرۆک. تێبینی کرا ئەوە یەکەم جار بوو بزووتنەوەی کوردی سەرکردایەتی حزبێکی فرەئەدگار بەخۆوە ببینێت، هەندێکیان ڕۆشنبیرییەکی بەرز و ئەزموونێکی نوێیان لە ڕێکخستنی حزب و بڵاوکردنەوەیدا هەبوو، ئەوەیش ڕوونە کە ئەم کەسایەتییە سەرکردانە، هەموویان بۆ چینە بۆرژوازییەکان دەگەڕێنەوە.

---

(١) هدي حسن عليوي وآخرون. المسألة الكردية والحكم الذاتي، بغداد، ١٩٧٥، ص ٣٣ ـ ٣٩.
(٢) جريدة البلاد، العدد ٦٤٦/ في ١٥ مارس ١٩٦١.
(٣) عبدالمحسن خليل محمد، المسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٩٨.
(٤) جريدة الحياة البيروتية، تحقيق صحفي ٥٦٢١/ في ٧ آب ١٩٦٤.

## کەرتبوون و جیابوونەوە

مێژووی هیچ گەل و نەتەوەیەک کە توقمی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بوبێت، بێبەش نییە لە پێکانی بزووتنەوەکەی بە هەندێک دیاردەی وەک کەرتبوون و جیابوونەوە، بۆیە نامۆ نییە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیش دووچاری ئەم جیابوونەوە و لێکترازانە بووبێت. بە هۆی تێکچڕژانی هۆکارەکانی کاریگەریی هەرێمایەتی لەلایەک و هەمەچەشنی بارودۆخەکانی کوردستان، دەرهاویشتەکانی ئەم تێکچڕژانەی نێوان هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، لە دەرکەوتنی بەرزبوونەوە و چاوگێڕان و هەندێک دیمەنی خۆخۆری، ئەم جیابوونەوە کاریگەریی لەسەر ڕەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نەبوو، بەڵکو بە شێوەیەک لە شێوەکان کورد لە خەبات بەردەوام بوو[1].

دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لە نێوان لایەنەکاندا کە پێیان وابوو پێشکەوتنخوازە و لە نێوان سەرکردایەتی بارزانیدا کە بە کلاسیکی و خێڵەکی وەسفیان دەکرد، ڕێکەوتی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤، ئاگری قەیرانەکانی هەڵگیرساند، ناکۆکییەکان لەو کاتەوە دروست نەبوون، بەڵکو بۆ پێکهاتەی حزب خۆی و ئاڵۆزبوونەوە چینایەتییەکەی دەگەڕانەوە، لەبەرئەوەی پارتێکی نەتەوەییە و لە پێناو مافەکانی گەلی چەوساوەدا خەبات دەکات، بەپێی پێگە نەتەوەییەکەی، هەندێک لایەنی خێڵەکی و دەرەبەگی و کرێکاران و جووتیاران و ڕۆشنبیران و بۆرژوا و کوردی نیشتمانپەروەری لەخۆ گرتبوو[2].

پارتی دوو دەستەی جیای لەبیر و ئاراستەدا لەخۆ گرتبوو: بارزانی و مێژووی درێژی بەرخۆدان لە خێزانی شێخەکانی ناوچەی بارزان، نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەی کۆنی کوردی دەکرد بە هەموو لایەنەکانیەوە، بارزانی وەک دامەزرێنەر لەپشت ئەم مێژووە دوور و درێژەوە وەستابوو، بووبووە ڕەمزی تەواوی بەرخودانی گەلی کورد. پێی وابوو کێشەی کورد هەر تەنیا کێشەی حزب و ناوچەیەک نییە، بەڵکو کێشەی گەلێکە، بگرە کێشەی سەرلەبەری میللەتێکە[3].

دەستەی دووەم بە پێشکەوتوو و لیبراڵ، بە سەرکردایەتی سکرتێری حزب ئیبراهیم ئەحمەد ناو دەبرا، کە ئارەزووی تایبەتی خۆی هەر لە دامەزراندنی پارتیەوە پاڵی پێوە نا تا ببێتە کەسی یەکەم تێیدا. ئەم دەستەیە پێی وابوو دەرکەوتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە بەرامبەر جیهانی دەرەوەدا بە شێوەیەک بزووتنەوەی سەربەخۆیی کە سەرکردەیەکی خێڵەکی پێشەوایەتی بکات لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا

---

(1) عبدالقادر البريفكاني، الحركة القومية الكردية المعاصرة من مصطفى البارزاني إلى مسعود البارزاني (وثائق ومستندات)، القاهرة، ١٩٩٨، ص ٣٤٥.

(2) الحزب الديمقراطي الكردستاني، اللجنة التحضيرية، تقييم مسيرة الثورة الكردية، وانهيارها والدروس والعبر المستخلصة ١٩٧٧، ص ١٧؛ خليل جندي، مصدر سابق، ص ١٦٥.

(3) الحزب الديمقراطي الكردستاني العراق، مصدر سابق، ص ٤٣.

نیبە[1]، پێشەوایانی ئەم دەستەیە پێیان وابوو لە داهاتوودا کۆمەڵگەی کوردی پێویستیی بە چاکسازی کۆمەڵایەتی دەبێت، بۆیە بارزانی لەو ئاستە فیکرییەدا نییە پێشەوایەتی کۆمەڵگەی کوردی بکات[2]. لە لایەنی مێژووییەوە، کە بنچینەی ناکۆکییەکانی نێوان بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد بوو[3]، کە ئیبراهیم ئەحمەد لە ١٦ ئابی ١٩٤٦ پەیوەندیی بە پارتیەوە ڕەت کردەوە، گوایە بەرپرسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە لە کوردستانی عێراق[4] و تا پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد پەیوەندیی بە حزبەوە نەکرد[5]، لە ساڵی ١٩٥٣ دوای دوورخستنەوەی ڕکابەرەکەی هەمزە عەبدوڵا لە سکرتێری، توانی ببێتە سکرتێری حزب[6]، دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا لە یەکێتی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٥٨، ئیبراهیم ئەحمەد هیچ چارەیەکی تری نەبوو جگە لە ڕادەستکردنەوەی سەرکردایەتی حزب بە بارزانی[7].

لە ڕاستیدا پارتی لە غیابی مەلا مستەفادا، پارتێکی لاواز بوو، هیچ کاریگەرییەکی لە ژیانی سیاسیی کورد و عێراقدا نەبوو. پارتی چالاکییەکی دیار و ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینی، دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا، توانی پەیوەندییەکانی بە سەرجەم پارتە نیشتمانیەکانی عێراقەوە بەهێز بکات[8]. لە ئەنجامی ئەو ململانێیانەی کە لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزەوە عێراق بەخۆیەوەیانی بینی، لە نێوان چەپ و نەژادپەرستەکاندا، ئەمە لەسەر سەرکردایەتی پارتی ڕەنگی دایەوە، ئیبراهیم ئەحمەد ئارەزووی بەلای نەژادپەرستەکان و هەمزە عەبدوڵایش ئارەزووی بەلای چەپدا هەبوو.

کاتێک شۆڕشی کورد لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١دا هەڵگیرسا، ئیبراهیم ئەحمەد بڕیاری بەشدارینەکردنیدا. بۆیە لە بەغداوە چوو بۆ کوردستان[9] تا لەگەڵ ئەوەیشدا ئیبراهیم ئەحمەد ناچار بوو لە کانونی یەکەمی ١٩٦١دا پەیوەندی پێوە بکات.

---

(١) أديث واي ايف بيروز، العراق، دراسة في علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية، ج٢، مصدر سابق، ص ٥٠.

(٢) سعدون محمد الدليمي، الأكراد عنصر الاضطراب في منطقة الخليج، ١٩٩٢، ص ١٦٣.

(٣) وەک دیارە پێکهاتەی کەسایەتیی مەلا مستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد بە ڕادەیەک جیاواز بوون دەتوانین ئەو هۆکارە قووڵانە ببینینەوە کە وایان کردووە حزب زیاد لە جارێک سەرسەم بدات و بە هۆی دابەشبوونەوە پیاوە پێشەکانی لەدەست بدات. وادیارە ئیبراهیم ئەحمەد پێش جودابوونەوەیشی جۆرێک لە ڕقی لە بارزانی هەڵگرتبوو، دەگێڕنەوە کاتێک حکومەت هەواڵی درۆی دەستگیرکردنی بارزانی بڵاو کردەوە، بە ئامادەیی سەلیم فەخری و محەمەد مەحمود عەبدوڕەحمان و دارا تۆفیق چەند کەسێکی تر هاواری کرد "دە یا بیحوات!"، مەبەستی بارزانی بوو. (مسعود البارزاني، ص ١١١).

(٤) عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات، مصدر سابق، ص ١٤٧ ـ ١٤٨.

(٥) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٢٥.

(٦) عبدالفتاح علي يحيى، وثائق عن الحركة، مصدر سابق،ص ٢٤٣.

(٧) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٠٨.

(٨) عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن الحركة، مصدر سابق، ص ٢٤٣.

(٩) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٦٠: سەرجەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ هەڵوێستەکەی ئیبراهیم ئەحمەددا نەبوون، بۆ وێنە جەلال تاڵەبانی لە هەمووان زیاتر داوای بانگەشەی شۆڕشی چەکداریی دەکرد. بڕوانە سعد ناجي، ص ٦١.

مەکتەبی سیاسی بارەگاکەی لە ماوەتی باکووری خۆرئاوای سلێمانی بوو، دوور لە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕش و بارەگای بارزانی، ئەمەش بووە هۆی قورسی پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوولادا.

لە ڕاستیدا ناکۆکییەکانی هەردوولا، بەر لە دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ هەبوون، ئەم دژیەکییە لە نێوان هەردوولادا خەریک بوو بە شێوەیەکی ئاشکرا لە دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دەربکەوێت، ئەگەر ئەو هێرشە توندوتیژە نەبوایە کە حکوومەتی بەعس لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣دا بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد، بووە هۆی ئەوەی جیابوونەوە ئەگەر بۆ کاتێکی تریش بێت، دوا بکەوێت[١].

بەعس هاوکار بوو بۆ خۆشکردنی ئەم ئاگری ناکۆکییە، ئیبراهیم ئەحمەد گوێی بە بانگەوازەکەی مەلا مستەفا نەدا بۆ کردنەوەی بەرەی دووەم لە جەنگ بۆ سووککردنی بەرەکەی خۆی[٢]، هەروەها مەکتەبی سیاسی ڕێگەی بەو پێشمەرگانەی خۆی نەدا کە بەشداری جەنگ بکەن لەگەڵ بارزانی. ئیبراهیم ئەحمەد بیانووی هێنایەوە بەوەی ئەوان پێویستیان بەو جەنگاوەرانە هەیە، ئەمەیش شوێنەوارێکی قووڵی لەلای بارزانی دروست کرد و گومانی ئەوەی لا دروست بوو مەکتەبی سیاسی یان بەشێک لە ئەندامانی پەیوەندییان بە حکوومەتەوە هەیە[٣].

ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤، شوێنەوارێکی گەورەی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بە شێوەیەکی گشتی و پارتی بە شێوەیەکی تایبەتی جێ هێشت[٤]. ڕێککەوتنەکە بووە هۆی ڕوودانی قەیرانی ناوخۆیی لە ڕیزەکانی پارتیدا و زۆرێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی لە سەرووی هەمووشیانەوە ئیبراهیم ئەحمەد دژی ڕێککەوتنەکە وەستانەوە، بەو پێیەی لەگەڵ کەمترین ئارەزوو و داواکارییەکانی کورددا ناگونجێت و بارزانی ڕێککەوتنەکە بۆ حەق و حسابی لەگەڵ نەیارەکانیدا دەقۆزێتەوە[٥]. بەرهەڵستکاران گومانیان لە مادەی سێی بەیاننامەکەی حکومەت کرد کە جەخت لەسەر گەڕانەوەی بەڕێوەبردنی مەدەنی بۆ کوردستان دەکاتەوە و پێیان وابوو ناپاکی و وەشاندنی خەنجەرە لە پشتی شۆڕش[٦]. لە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حزبدا لە ٩ی مارسی ١٩٦٤ هاتووە: "هەڵوێستی بارزانی لە ڕێککەوتنی لەگەڵ حکوومەتدا و ناوەرۆکی ئەو بەیانەی کە پێشتر لەم ڕێککەوتنە دەرچووبوو، دژی پێڕەوی حزب و ئامانجەکانی شۆڕشە".

---

(١) شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١٦٦.
(٢) مسعود البارزاني، ج٣، صدر سابق، ص ١١٨.
(٣) المصدر السابق، ص ١١٨.
(٤) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، مصدر سابق، ص ١٠٦.
(٥) شیرزاد زکریا محمد، ص ١٦٧.
(٦) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، مصدر سابق، ص ١١٠.

**شیکردنەوەکان لەبارەی هۆکارەکانی جیابوونەوە جیاوازن:**

مەحمود عوسمانی سیاسەتمەداری کورد دەڵێت: گروپی مەکتەبی سیاسی، لە سەرەتادا لەگەڵ بەستنی ئەم ڕێککەوتنەدا نەبوون، بۆ ئەوەی دواتر بیکەنە بیانوویەک بۆ دژایەتیکردنی بارزانی، بەو پێیەی ڕێککەوتنەکە لاوازە و لە ئاستی خەون و ئامانجەکانی گەلی کورددا نییە[1].

عیسمەت شەریف وانلی[2] سیاسەتمەدار هۆکەی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە ڕاستییەکی دیار هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەو هێزە کوردییانەی بەشداریی شۆڕشیان کرد، لە ڕووی بیرکردنەوە و بەرژەوەندی و بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانیانەوە جیاواز بوون[3]، سەرۆک ئەرکانی سوپا و باڵیۆزی پێشووی ئێران، حەسەن عەرەفە پێی وایە هۆکاری ئەم پەرتبوونە ئەوەیە، جودابووەکان ڕاستیی هەلومەرجی دژواری شۆڕشگێڕاتی کوردیان دەزانی، بەڵام دەیانویست ئەم هەلە بقۆزنەوە بۆ ڕزگاربوون لە بارزانی لە ڕێگەی بەدناوکردنیەوە[4].

بەڵام نەیاری ئیبراهیم ئەحمەد، هەمزە عەبدوڵای سکرتێری پێشوو دەڵێت: ڕاستە بارزانیم خۆش ناوێت، بەڵام پێویستە هەمیشە لەپاڵیدا بین، چونکە ئەو تاکە کەسە بتوانێت پشتگیریی سەرجەم دەستە و لایەنەکانی گەلی کورد بۆ شۆڕش دەستبخات[5]. بەڵام جەلال تاڵەبانی جەخت لەوە دەکاتەوە کە شتێکی تر هەیە پێویستە بیڵێین، ئەویش ئەوەیە مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو کاتەدا کەوتنە هەڵەوە، کە پێیان وابوو بارزانی پاشەکشەی کردووە و شۆڕشەکەی و پارتی هەڵدەوەشێنێتەوە[6].

**کۆنگرەی شەشەم**

کۆنگرەی شەشەمی حزب لە سەرەتای تەموزی ١٩٦٤دا لە شاری قەڵادزێ بەسترا. واتە دوای چوار ساڵ لە کۆنگرەی پێنجەم. ئەو ماوەیە پڕ بوو لە گۆڕانکاری، گرنگترینیان بریتی بوو لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١، پاشان کەوتنی قاسم و هاتنی بەعس و عەبدولسەلام عارف بۆ سەر دەسەڵات و دەستپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵیاندا، پاشان ڕووخانی بەعس و هاتنە سەر دەسەڵاتی عەبدولسەلام عارف[7].

---

(١) شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١٧٤.

(٢) سیاسەتمەدار و مێژوونووس و ڕووناکبیرێکی کوردستانی باکوورە، ماوەیەکی زۆر نوێنەری شۆڕشی ئەیلولی کورد بوو لە دەرەوە.

(٣) جريدة خەبات، العدد ٤٧٤ نوفمبر ١٩٦٤.

(٤) حسن عرفة، الأكراد دراسة سياسية تاريخية، ترجمة جوان جومرد، دمشق، ٢٠٠١، ص ٢٦٨.

(٥) شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١٧٥.

(٦) المصدر السابق، ص ١٧٧.

(٧) شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٨٠.

ڕێککەوتن لە تێوان شاندێکی شۆڕش کە لە مەلا مستەفا و هەردوو نوێنەری مەکتەبی سیاسی جەلال تاڵەبانی و نوری شاوەیس پێکهاتبوو، لەگەل شاندێکی حکوومەتدا لە پارێزگاری سلێمانی و ژمارەیەک لە ئەفسەراندا ئەنجامدرا. ئەم وتووێژانە ڕێککەوتنی هەردوولای لێ کەوتەوە و، لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤دا بڵاوکرایەوە. کاتێکیش جەلال تاڵەبانی و نوری شاوەیس کە هەردووکیان ڕازی بووبوون بە ئەنجامدانی ئەم ڕێککەوتنە، گەڕانەوە بۆ ناوچەی ماوەت کە بارەگای مەکتەبی سیاسی لێ بوو، مەکتەبی سیاسی بەتوندی لە دژی ئەم ڕێککەوتنە وەستانەوە و لەم ناڕازیبوونەشدا جەلال تاڵەبانی چووە پاڵیان، بەو بیانووەی ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ داواکارییە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا نییە[1]. مەکتەبی سیاسی هەر بەم ناڕەزاییەوە نەوەستا، بەڵکو لە ڕێی دەرکردنی بەیاننامەیەکەوە هێرشی کردە سەر ڕێککەوتنەکە و تۆمەتبارکردنی بارزانیش، بە خۆبەدەستەوەدانی بۆ حکوومەتی عێراقی، لەگەڵ بەخشینەوەی هەندێک تۆمەتی نامەنتیقی، وەک بارزانی شۆڕش و پارتی بە بڕی چارەکە ملیۆنێک دینار فرۆشتووە[2]، ئەو پەڕی سنوریشیان تێپەڕاند کاتێک مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوەیێکی بۆ حزب لە ماوەت بەست[3]، لە سەرەتاکانی هەمان ساڵدا، بە شێوەیەکی نیمچە نهێنی. کۆنفرانس بڕیاری لادانی دەسەڵاتەکانی بارزانیدا وەک سەرۆک حزب، ئەمەش بووە هۆی بارێکی نەخوازراو و دابەشبوون و هەرا لە ڕیزەکانی حزب و پێشمەرگە و جەماوەردا بە شێوەیەکی گشتی[4]، جۆرێک لە بێزاری و ورەڕووخان باڵی بەسەر کەشی سیاسیدا کێشا[5].

هەروەها مەکتەبی سیاسی هەڵوێستێکی نەگونجاوی وەرگرت، خۆی لە بانگەوازکردن بۆ بەردەوامیدان بە جەنگ و شکاندنی ئاشتیدا دەبینیەوە، گەرچی ئەوان خاوەنی ڕۆشنبیری و توانابەکی سیاسی بوون، بەڵام توانای کۆکردنەوەی جەماوەریان نەبوو بۆ شەڕکردن دژ بە حکوومەت[6]، ئەوەی جێی تێڕامانە، هەڵوێستی بە کرێگیراوان (فرسان سەلاحەدین) وەک ڕەشید لۆلان و مەحمود خەلیفە چەند کەسێکی تر، لەگەڵ هەڵوێستی دەستەی مەکتەبی سیاسیدا تەبا بوو، کە دژی ڕێککەوتنی ئاگربەست وەستانەوە.

---

(١) دیفید مکدول، مصدر سابق، ص ١٧٩.

(٢) عەبدولڕەزاق سەید مەحمود، دانوسانەکانی حکومەت لە دانوسانەکانی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤دا دەڵێت :بڕی ٣٠ هەزار دینارم گەیاندە بارزانی و بەسەر دانیشتووانیدا لە سەرکردەکانی پێشمەرگە دابەشم کرد، فەرمانی پێ کردن بیدەن بە هەژاران. (بڕوانە :عبدالفتاح علي البوتاني، الملامح الأساسية، ص ٢٠).

(٣) شـــیاوی باســـە ژمارەیەک لە ئەندامان بە هۆکاری جیاواز ئامادەی کۆنفرانســـەکە نەبوون، ئەوانیش جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا، سالم یوسفی، شەمسەدین موفتی، عەبدولحسێن ئەمینی، هاشم عەقراوی، ئامیدە شێخ سەلام بوون. (دیفید ادامسن، ص ٤٣).

(٤) شیرکو فتح الله عمر، الحزب الدیمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٨٢.

(٥) مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، مصدر سابق، ص ١٤٠.

(٦) جواد كاظم البیضائي، مصدر سابق، ص ٩٩.

لێژنەی باڵا بۆ چاودێری و پشکنین پێشنیاری بەستنی کۆنگرەی شەشی کرد. بارزانی بەوە ڕازی بوو، کەچی مەکتەبی سیاسی نارازی بوون بەرامبەر ئەم بیرۆکەیە، لە بەرامبەر ئەم نارەزاییەشدا بارزانی ناچاربوو ئاماژە بە پێکهێنانی لێژنە ئامادەکارییەکان بکات بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە[1].

کۆنگرە لە سەرەتای مانگی تەموزی ١٩٦٤دا بەسترا و بەر لەوەی دەست بە کارەکانی بکات، بارزانی هەندێک لە نوێنەرانی نارد بۆلای مەکتەبی سیاسی لە ماوەت، بۆ بانگهێشتکردنی خۆیان و پشتیوانییان بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرە لە قەڵادزێ و خستەڕووی تێڕوانینەکانیان، کەچی ئەوان سوور بوون لەسەر ڕەتکردنەوەی[2]، کەچی ڕۆژی کردنەوەی کۆنگرە دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی کە هەریەکە لە عەلی عەبدوڵا و سەید عەزیزی شەمزینی بوون ئامادەی کۆنگرەکە بوون، بەڵام هەردوکیان دەستگیرکران، بۆ ئەوەی کاریگەرییان نەبێت لەسەر کەشی کۆنگرە، لە هەمان ڕۆژدا ئازاد کران، بەڵام ڕێگیرییان لێ کرا لە جێهێشتنی قەڵادزێ[3].

کۆنگرە بەبێ جیابووەکان بەسترا، لەناو بڕیارەکانیشیدا، دەرکردنی سەرکردایەتی پێشوو لە حزب و بە کۆی دەنگ هەڵبژاردنی بارزانی بە سەرۆکی حزب و هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی ناوەندیی نوێ[4]، کۆنگرە بڕیاری دەرکردنی ١٤ ئەندامدا، لەنێویاندا ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی، نوری شاوەیس، نوری ئەحمەد تەها، عەلی عەبدوڵا، عەلی حەمدی و چەند کەسێکی تر هەبوون.

دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرە سەرکردایەتی نوێ داوای ڕادەستکردنەوەی سەروەت و سامان و چەکەکانی حزبی کردەوە کە لای ئەوان بوون، بەڵام ئەوان وەڵامیان نەداوە[5]. ئیبراهیم ئەحمەد نامەیەکی هەڕەشەئامێزی بۆ بارزانی نارد: "ئەگەر ناکۆکییەکانی بۆ جەنگ بگۆڕدرێت ئەوا دەیکەمە جەنگی نێوان سۆران و بادینان"، بارزانییش وەڵامێکی توندی دایەوە و گوتی: "ئەمە بەڵێنێکە لە منەوە کە هەر بە کوڕانی دڵسۆزی سۆران خۆت و پاشکۆکانت نەنبێ دەکەم"[6].

---

(١) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الحرب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ص ٩٠ ــ ٩١؛ وصلاح الخرسان، مصدر سابق، ص ١٢٨.

(٢) شيرزاد زكريا، مصدر سابق، ص ٢٤١.

(٣) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ج٣، ص ١٤٣ ـ ١٤٤.

(٤) ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی :حەبیب محەمەد کەریم، مەحمود عوسمان، سالح یوسفی، عەزیز عەقراوی، فواد جەلال، عەبدوڵا کەریم، عەلی سنجاری، نوعمان عیسا، ئیسماعیل عارف، هاشم عەقراوی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، شێخ محەمەد هەرسینی، عەگید سدیق، باباتاهیر شێخ، مستەفا قەرەداغی، محەمەد ئەمین محەمەد عەلی، عومەر غەریب و ڕەمەزان عەقراوی. مەکتەبی سیاسییش پێکهاتبوون لە :حەبیب محەمەد کەریم سکرتێر، مەحمود عوسمان، مستەفا قەرەداغی، ئیسماعیل عارف و هاشم عەقراوی. (ڕوژان یوسفی ـ صالح یوسفی، ص ٩٨).

(٥) طالب عبدالجبار حيدر، المسألة الكردية في الوثائق العراقية. المشكلة ـــ الحل ـــ النتيجة، ص ٢٩٦؛ سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١١١.

(٦) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ١٤٣.

لە هەمبەر ئەم بارودۆخەدا بیست کەسایەتیی دیاری کورد لە بەغدا شاندێکیان بۆ نێوەندگیریی هەردوولادا پێکهێنا[١].

نێوەندگیریی ئەم کەسایەتییە کوردییانە دامودەزگاکانی ئاسایشی حکوومەتی وروژاند. لە یەکێک لە لێکۆڵینەوەکاندا، لەبارەی هەڵوێستی ئەم کەسایەتییانە دەردەکەوێت کە لە بەغدا گوزەرانێکی شایستە و موچەیەکی خانەنشینیی ناوازەیان هەیە، لە بێکاری بێزار بوون و هەلێکیان بۆ بەستنی کۆبوونەوە و نانەوەی ئاژاوە و ناردنی نێردراو دۆزیوەتەوە، ئامانجیشیان گەیشتنە بە کورسی[٢].

لە هەوڵێکیتردا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جیابوونەوە و یەکخستنی هەڵوێستەکان، ئەندامانی پارتی لە وڵاتانی عەرەبی و بیانیدا کۆبونەوەیەکیان لە شاری لۆزانی سویسرا لە ١٥ی مایۆی ١٩٦٤ بەست و شاندێکیان بە سەرۆکایەتی شەوکەت عەقراوی نارد بۆ کوردستان بۆ هەوڵدان بۆ نزیککردنەوەی تێڕوانینەکان لە نێوان هەردوولادا، لە بەیانێکی دەرچووی بەشداربووانی کۆبوونەوەکەدا هاتووە، داوا لە شۆڕشگێڕانی کورد و هەموو ئەو پارتیانەی کە لە ڕێگای شەرەف و نیشتماندا چەکیان هەڵگرتووە و بە گژ حکوومەتدا چوونەتەوە، دەکەین، کە هەڵوێستیان یەک بخەن[٣].

نێوەندگیرییەکە سەرکەوتوو نەبوو، جیابووەکان لە خانەقین یاخی بوون و، پێشمەرگە ناچار بوو ڕێوشوێن بگرێتە بەر و هێرشیان کردە سەریان و ناچار کران لە ناوچەکە هەڵبێن و پەنا بۆ خاکی ئێران ببەن[٤]. هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی جیا بوونەوە و پەنابردنە بەر ئێرانیان ڕەتکردەوە، لەوانە جەلال تاڵەبانی، بۆ ئاڵۆزنەبوونی زیاتر پێشنیازی ڕۆیشتنی بۆ بارزان کرد تا کاتی هێوربوونەوەی دۆخەکە[٥].

بارزانی دەرکردنی ئیبراهیم ئەحمەد و گرووپەکەی لە بەیانێکدا کە کۆنگرە دەری کرد، بەم هۆکارانەی خوارەوە پاساو دا[٦]:

---

(١) علي كمال عبدالرحمن، مذكرات علي كمال عبدالرحمن ١٩٠٠ ـــ ١٩٩٨، تقديم وتحقيق جمال بابان، بغداد، ٢٠٠١، ص ١٤٠.

(٢) (م.م.ئ) سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سلێمانی لەسەر کۆبوونەوەی مەلا مستەفای بارزانی لەگەڵ هەندێک لە کەسایەتییەکانی کوردەکانی ڕانیە لە ئاداری ١٩٦٤، شێرزاد زكريا محمد، الحركة الشوعية الكردية، مصدر سابق، ص ١٨١.

(٣) سەرچاوەی پێشوو و نووسراوی بارێدەری ئاسایشی خانەقین، ن/٣٧٩ لە ١٩٦٤/٥/٢٧، بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی دیالە، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی خانەقین، فەرماندەی فەوجی دووی لیوای ١٩، بەبەت چەند زانیارییەک لەسەر کۆبوونەوەی پارتی.

(٤) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق من الاحتلال، مصدر سابق، ص ١٦١.

(٥) غسان شربل، جلال الطالباني يتذكر، مصدر سابق، ص ٣٣.

(٦) شيرزاد زكريا، مصدر سابق، ص ٢٤٤.

١. هەوڵە (سووکەکانیان) بۆ پەرتکردنی یەکێتی حزب و یەکەکانی پشتیوانانی نیشتمانی، سەرەتاکەی (کۆنگرەی ماوەت)ی نایاسایی بوو، بە هۆی ئامادەنەبوونی زۆرێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و سەرۆکەکەیەوە.
٢. ئەنجامدانی کاری زیانگەیاندن لە بەرژوەندیی حزب و شۆڕش، کە لەگەڵ سادەترین بەهای نیشتمانیدا یەکیان نەدەگرتەوە، وەک خزمەتکردنی بیانی لە بەرامبەر بڕێکی کەمدا، پەیوەندییان بە جاشەکانەوە بۆ هاریکاری لەگەڵیان دژ بە شۆڕش و سەرکردە مەلا مستەفا.
٣. دروستکردنی بارگرژی و کاری تێکدەرانە لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان، وەک ناردنی بەشێک لە ئاژاوەگێران، بۆ هێرشکردنە سەر بەشەکانی لایەنە نیشتمانیەکان و هەوڵەکانیان بۆ هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی براکوژی لە نێوان پشتیوانانندا.
٤. دەرکردنی هەندێک بەیاننامە کە هێرشیان دەکردە سەر یەکەکانی لایەنگران و سەرکردە خەباتگێڕەکانی، هەروەها حزب و سەرکردەکەیشی، ئەم بەیاننامانە ئامانجیان تێکدانی ڕیزەکان و لاوازکردنی حزب بوو[١].

بەم شێوەیە مەلا مستەفا بەسەر توندڕۆکاندا سەرکەوت، کۆنگرەی (ماوەت)ی پووچاندەوە و ئەو کۆنگرەیەی کە مەلا مستەفا خۆی بەستبووی، کۆنگرەی شەش بوو.

لە لایەکی ترەوە، هەنگاوی نەیارەکانی مەلا مستەفا زۆر بەپەلە بوو و ژیرانە نەبوو، هەموو پردێکی پەیوەندییان بۆ دیداری مەلا مستەفا بڕی بوو، هۆکاری ململانێکانیان هێندە قووڵ کردبووەوە، کە نەتوانرێت هیچ چارەسەرێک بکرێن، یان کۆتایی بە ڕۆڵی سەرکردایەتیەکەی لەسەر حسابیان بهێنن[٢]، ئەم هەڵسوکەوتەبشیان دۆستانی شۆڕش و حزبی لە ئاغا و جاشەکان خۆشحاڵ کرد.

هەندێک لایەن و هۆکار بەشداربوون لە ڕوودانی جیابوونەوە، لەوانە:

١. **چەند هۆکارێکی ناوخۆیی:**

کە بریتی بوون لە نەبوونی متمانەیەکی تەواو لە نێوان بارزانی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، هەروەها ئاواتی کەسەکی و ئارەزووی سەرکردایەتیکردن و، کێ شۆڕش و د هاتووی کوردستان بەڕێوە دەبات[٣]، کە بارزانی خۆی بە سەرۆکی کورد دادەنا، بەڵام ئیبراهیم ئەحمەد، هەوڵی بەرەوپێشچوونی دەدا لە کاری سیاسیدا، هەروەها کەسە نزیکەکان لە هەردوو سەرکردە و شوێنکەوتووانی هەردوولا ڕۆڵێکی خراپیان لەم جیابوونەوەدا گێڕا، بە شێوەیەک هەواڵی ناڕاستیان بۆیان دەگواستەوە[٤].

---

(١) شیرکو فتح الله عمر، الحزب الدیمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٩٣.

(٢) شیرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١٦٩.

(٣) المصدر السابق، ص ١٨٧.

(٤) شیرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١٨٧.

### ٢. حکوومەتی عێراق:

ئاساییە حکوومەتی عێراقی کار بۆ لاوازکردنی شۆڕشی کورد و کۆتاییپێهێنانی بکات، بەکێک لە هۆکارەکان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، کە بروسکەیەکی پارێزگاری سلێمانی عەبدوڕەزاق سەید مەحمود بۆ بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگری سەربازی جەختی لێ دەکاتەوە، تێیدا هاتووە: "بڕوانە ئەم ناکۆکییە دەبێتە هۆی پەرتبوونێکی گەورە لە نێوان هەردوو دەستەکەدا و گومانی تێدا نییە ئەمەیش لە داهاتوویەکی نزیکدا هاوکارە بۆ کۆتاییهاتنی کێشەکە"[١].

### ٣. جاشە کوردەکان:

سەرۆک خێڵەکان ئەوانەیان کە بە (فرسان سەڵاحەدین) ناو دەبران، ڕۆڵێکی بەرچاویان لەم جیابوونەوەیەدا گێڕا، بێگومان ئەوان دژی ئاگربەست بوون، چونکە ئەوە بە واتای پچڕانی شایستە داراییەکان دەهات.

### ٤. حکوومەتی ئێران:

ئێران ڕۆڵی بەرچاوی لەم جیابوونەوەدا هەبوو، ئەو بە ڕێککەوتنی وەستانی جەنگ لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ ڕازی نەبوو[٢]، لەبەر ئەوەی ئارەزووی هێورکردنەوە و ئاشتەوایی نەبوو، هەڵوێستی ئێران لەگەڵ هەڵوێستی ئەو جیابووانەی ناڕەزاییان بەرامبەر ڕێککەوتنەکە دەربڕی، یەکسان بوو[٣].

### ٥. حزبی شیوعی عێراق:

حزبی شیوعی ڕۆڵێکی ناسەرەکیی لە دووکەرتبوونی پارتیدا لە ساڵی ١٩٦٤دا گێڕا[٤]، بە شێوەیەک حزب بە هۆی ناکۆکییە کۆنەکان و هەڵوێستی ئیبراهیم ئەحمەدەوە بەرامبەر ئەو شیوعیانەی لە دوای کودەتای ١٩٦٣ پەنایان بۆ کوردستان هێنابوو، هەوڵی تۆڵەسەندنەوەی لە ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمەڵەکەی دەدا، بەڵام عەزیز محەمەد سکرتێری گشتیی شیوعی ئەم قسانە ڕەتدەکاتەوە.

لە کۆتاییدا ئەو لێکترازانەی ساڵی ١٩٦٤ لە ڕیزەکانی پارتیدا ڕوویدا، زۆرترین ڕووداوی گرنگ و مەترسیداری لێکەوتەوە، لە دوای ئەم لێکترازانە لەو نوشوستە پێشوەختەی کە حزب و شۆڕش دووچاری بوونەوە، کاری لەسەر گەشەی ڕێکخستنی حزب کرد.

دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ٢ی نیسانی ١٩٦٥، هۆکاری هاندان و یەکخستنی کورد بوو، ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و ڕۆشنبیران و خاوەنانی بیروبۆچوون لە ناوەوە و دەرەوە لە بەرژەوەندیی گروپی ئیبراهیم

---

(١) (م.م.ش): نووسراوی پارێزگاری سلێمانی، بێنەلی زۆر نهێنی، ژمارە ١٦٣ لە ١٩٦٤/١/٢١ بۆ ق ق م/ هەواڵگریی سەربازی، (عبدالفتاح علي يحيى، ص ٣٢٣).

(٢) ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١٧٤.

(٣) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١٩٢.

(٤) المصدر السابق، ص ١٩٢.

ئەحمەد نێوەندگیریان لای بارزانی کرد، تا بارزانی لێیان خۆشبێت و ڕێگەیان بدات بگەڕێنەوە کوردستان، بارزانی بینیی ئەوە لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکدایە و بەبێ هیچ مەرجێک لێیان خۆش بوو. نامە لە نێوان هەردوولادا ئاڵوگۆڕ کرا، پاشان شاندێک بۆ گێڕانەوەیان ڕووی لە تاران کرد[١]. ئەوەبوو زۆرێک لەوانەی کە لە پارتی و شۆڕشی کوردی جیا بووبوونەوە، لە ئابی ١٩٦٥دا بڕیاری گەڕانەوەیاندا لە ئێرانەوە بۆ کوردستان[٢] و، لەگەڵ لایەنە چەکدارەکانیان پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد[٣]. بە شێوەیەک هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی گەڕانەوە بۆ کوردستان جگە لە ئیبراهیم ئەحمەد[٤]، بەڵام سەرکردایەتی شۆڕش هیچ کاروبارێکی حزبی و سەربازیی پێ نەسپاردن و، بڕیاری مانەوەی دان لە دۆڵە ڕەقە[٥]. بڕیار درا تا کاتی بەستنی کۆنگرەی حەوتی پارتی قسەیان لەسەر نەکرێت[٦]، شیاوی باسە ئێران ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا لە گێڕانەوەی سەرکردە جیابووەکان و پشتگیریکردنی ئەوانەی کە لە خاکەکەیدا بوون بۆ کوردستان، چونکە بەهێزبوونی ڕیزەکانی شۆڕشی کورد لە دژی ئاراستەکانی عەبدولسەلام عارف لە بەرژەوەندیی ئێران بوو[٧]، سەرەڕای نێوەندگیریی حزبی شیوعی عێراق لە لابردنی ئاستەنگەکانی گەڕانەوەیان بۆ لای بارزانی[٨]، بەڵام کەشەکە بۆ جاری دووەم شێوا. لەو هەلومەرجە دژوار و گرژاوییەی کە شۆڕشی کورد بە دیاریکراوی لە کۆتایی کانونی دووەمی ١٩٦٦ پێیدا تێپەڕی، ژمارەیەک لە ئەندامانی (مەکتەبی سیاسیی کۆنی پارتی) ئەو ناوچانەیان جێهێشت کە لە ژێر ڕێکخستنی شۆڕشی کوردیدا بوو و، بەنهێنی پەنایان بۆ ئەو ناوچانە برد کە لە ژێر دەستی حکوومەتی عێراقدا بوون. لە بەهاری ١٩٦٦، دوای بەردەوامبوونی جەنگ لە نێوان سوپای عێراق و کورد لەسەر چیای هەندرێن، گۆڕانکاریی مەترسیدار لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردیدا ڕوویدا، بە شێوەیەک کۆمەڵێک لە بەرپەرسە سەربازییەکان پشتگیرییان لە جیابووەکان کرد. هێزی

---

(١) شاندەکە پێک هاتبوو لە عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوەیس و نوری ئەحمەد تەها، ئەمانە ئەندامانی کۆنی مەکتەبی سیاسی بوون بەڵام لە کۆتاییدا لەگەڵ بارزانی مانەوە.

(٢) شیرکو فتح الله عمر، الحرب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٨٨.

(٣) پاش گەڕانەوەیان بۆ عێراق لێکترازانی پێشوویان نەما، بەمەیش لەم قۆناغەدا پێیان دەگوترێت (مەکتەبی سیاسیی کۆن)، تا کاتی تێکەڵبوونیان لە حکومەت لە کانونی دووەمی ١٩٦٦ بەردەوام دەبێت، دیسان دەبنەوە جودابووەکان، شیاوی باسە لە ئابی ١٩٦٤ هەوڵ درا بۆ گەڕانەوەی ئەندامانی جودابووەکان لە ئێرانەوە بۆ کوردستان، مەلا مستەفا ڕازی بوو بەڵام بە چەند مەرجێک :گەڕانەوەیان بەبێ مەرج و سیاسییەکانیان بخرێنە ژێر چاودێرییەوە لە جێگەیەک کە پێشتر دەستنیشان کرابوو، سەبارەت بە جەنگاوەرانیان یان تێکەڵ بە هێزەکانی شۆڕش دەبن، یان چەکیان لێ دەسێنرێتەوە و خانەنشین دەکرێن، وادیارە جودابووەکان بەم مەرجانە ڕازی نەبوون. (م.م.ش)، نووسراوی پارێزگاری کەرکووک (بێتەلی بچڕاو) ژمارە ٢٦٩٥، ١٩٦٤/٨/٥ بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ زانیارییەکان، پارێزگاری سلێمانی، فیرقەی دوو.

(٤) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ١٦٦.

(٥) گوندێکی سەر بە ناحیەی چوارقورنەیە لە قەزای ڕانیەی سەر بە پارێزگای سلێمانی.

(٦) شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٣٠.

(٧) المصدر السابق، ص ٢٣١.

(٨) المصدر السابق، ص ٢٣١.

قەرەداخ بە سەرۆکایەتی کەمال موفتی و هێزی کاوە بە سەرکردایەتی محەمەد ئەمین فەرەج لە شۆڕش یاخیبوون، بە هەمان شێوەیش کۆمەڵێک لە هێزی ڕزگاری پەیوەندییان بە حکوومەتەوە کرد و هێرشیان کردە سەر بنکەکانی شۆڕشی کورد، بەڵام شۆڕشگێڕانی کورد بەرپەرچی یاخیبووەکانی دایەوە[١].

سەبارەت بە جیابوونەوەی (مەکتەبی سیاسیی کۆن) بۆ جاری دووەم، جیابووەکان و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکەن.

لەبارەی ڕوانگەی سەرکردایەتی پارتیەوە، مەسعود بارزانی دەڵێت: "دەرکەوت متمانەی بارزانی بە جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵانی کە لە دۆڵە ڕەقە نیشتەجێبوون لە شوێنی خۆیدا نەبوو، سەرەڕای ئەو نیازە پاکەی بارزانی بەرامبەریان هەیبوو، بەڵام ئەوان ڕاستگۆ نەبوون لەگەڵیدا، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەیشەوە، دەرکەوت ئەوان هەوڵ بۆ پەیوەندیکردن دەدەن لەگەڵ ڕژێمدا، بە مەبەستی شەڕکردن و وەستانەوە دژ بە بارزانی، هەر ئەمەیش هۆکاری مانەوەی ئیبراهیم ئەحمەد بوو لە تاران"[٢].

هەروەها مەسعود بارزانی دەڵێت: "سەرۆکی خێڵی ئاکۆ، عەباس مامەند ئاغا، لە کۆتاییەکانی ١٩٦٥دا بروسکەیەکی بۆ بارزانی نارد و پێی ڕاگەیاند جەماعەتی (مەکتەبی سیاسی کۆن) پەیوەندییان لەگەڵ بەغدا هەیە، بەرژەوەندی لەوەدایە لە دۆڵی ڕەقەوە بۆ گەلاڵە بگوازرێنەوە، لە هەمان کاتیشدا عەباس مامەند ئاغا، سەرکردایەتی جودابووەکانی بە نیازی بارزانی بە کوشتنیان ئاگادار کردبووەوە[٣].

بەم شێوەیە هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی، عومەر مستەفا دەبابە، عەلی عەسکەری و حیلمی عەلی شەریف، پەیوەندییان بە ناوچەکانی ژێر دەستی حکوومەتەوە کرد و بوونە بەشێک لەو کوردانەی ئارەزوویان بەلای حکوومەتەوە هەبوو[٤].

سەبارەت بە دید و بۆچوونی ئەوانەی پەیوەندییان بە حکوومەتەوە کرد و پشتیوانەکانیشیان، وەک خۆیان دەڵێن بارزانی متمانەی پێیان نەبووە و هەوڵی سڕکردنی کار و چالاکییە سیاسیەکانی داون، هەروەها بارزانی داوای لێ کردون دان بەو هەڵوێستە هەڵەدا بنێن کە بەرامبەر بە ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ نواندیان و ناڕەوایەتی لە کۆنگرەی ماوەتیش[٥].

جەلال تاڵەبانی کە یەکێک بوو لە دیارترین سەرکردەکانی جیابوونەوە، لەم بارەیەوە دەنووسێت: "بارزانی لە یەکی کانونی دووەمی ١٩٦٦دا، بڕیاری ئەوەی دابوو سەرکردایەتی (مەکتەبی سیاسیی کۆن) لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، لە ترسی داهاتوویشیان، خۆی و عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری و حیلمی شەریف

(١) شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٨٩؛ مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ١٨٢.
(٢) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ج٣، ص ١٧١.
(٣) المصدر السابق، ص ١٧١.
(٤) المصدر السابق، ص ١٧١؛ جريدة خەبات العدد ٤٨٦ في فبراير ١٩٦٦.
(٥) جريدة خەبات العدد ٤٧٤ فبراير ١٩٦٦.

بڕیارياندا خۆيان ڕادەستی بارزانی نەکەن، ئەوەيش بە هەڵهاتن بوو بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەت لە شارەکاندا"[1].

بەڵام مەسعود بارزانی بە درۆی دەخاتەوە کە باوکی هەوڵی لەناوبردنيانی دابێت و دەڵێت: "هەرگيز نەبينراوە بارزانی پەيمانێکی دابێت و شکاندبێتی".

لە لايەکی تريشەوە مەحمود عوسمانی سياسەتمەداری کورد پێی وايە دوای گەڕانەوەی جودابووەکان لە ئێران لە ساڵی ١٩٦٥، کار و چالاکی و بەرپرسيارێتی بە پێشمەرگە و کاديرە سەربازييەکان درا، بەڵام کاديرە سياسييەکان بڕيار بوو لە بەستنی کۆنگرەی حەوتی پارتی و بارودۆخيان بکۆڵرێتەوە و بڕيار لە پاشەڕۆژيان بدرێت، ئەوەبوو بەستنی کۆنگرە دواکەوت و سەرکردايەتی کۆمەڵەکەيش نيگەران بوون[2].

حيلمی عەلی شەريف دەڵێت: "بەزاز پەيوەنديی ئاشکرای لەگەڵ سەرکردايەتی شۆڕش و نهێنيشی لەگەڵ ئەندامانی (مەکتەبی سياسی کۆن)، لە سەرووی هەمووشيانەوە جەلال تاڵەبانی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەيەکی ئاشتيیانە ئەنجام داوە، سەرەڕای دەرکەوتنی چالاکی لايەنگرانی (مەکتەبی سياسی کۆن) لە ڕيزەکانی پارتيدا، لەبەر ئەم هۆکارانەيش بارزانی داوای گواستنەوەی ئەندامانی (مەکتەبی سياسی کۆن)ی کرد بۆ گەڵاڵە[3].

لە ڕاستيدا ئەم هەنگاوە واتە گەيشتنيان بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقی و پەيوەنديکردنيان بە حکوومەتەوە لەگەڵ شەڕکردنيان شانبەشانی جاشەکان لە دژی شۆڕشی کورد[4].

دوای تێپەڕبوونی ٣٢ ساڵ، تاڵەبانی لە هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکاندا دەڵێت: "هەڵسەنگاندنی من بۆ ئەو ماوەيە ئەوەيە کە من پێم وايە ئێمە دوو هەڵەی گەورەمان ئەنجامدا، پشتگيريکردنی حکوومەت خراپ نييە، بەڵام پێويستە لەسەرمان واز لە کاری چەکداريی بارزانی بهێنين و تەرکيز لەسەر کاری سياسيی بکەين، بارزانی دەستی بە ڕادەستکردنەوەی هاوکارييەکانی ئێران کرد، ئێمەيش جگە لە حکوومەتی عێراق هيچمان نەما"[5].

گومان لەوەدا نييە لە لايەنی سەربازی و سياسييەوە پەيوەنديکردنی سەرکردە جيابووەکان بە حکوومەتەوە زيانێکی گەورەی بە شۆڕشی کوردی گەياند، کۆسپێکی گەورەشی لە بەردەم شۆڕشی کورديدا دانا، کە خۆی لە شەڕکردن شانبەشانی حکوومەت و دژ بە شۆڕشی کوردی بينيەوە تا ساڵی ١٩٧٠، گرنگ

(١) بڕوانە پاشکۆی ٦٠؛ شيرزاد زکريا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٤٣.
(٢) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٤٤.
(٣) عبدالفتاح علي اليوتاني، ملا مصطفى، مصدر سابق، ص ١٠٣.
(٤) ديفيد مكدول، تاريخ الأكراد الحديث، مصدر سابق، ص ٢٨٤.
(٥) غسان شربل، مصدر سابق، جلال الطالباني يتذكر، مصدر سابق، ص ٣٣.

ئەوەیە ئەو کارەی سەرکردە جیابووەکان کردیان، یەکەم و کۆتایی بوو لە بەرژەوەندیی حکوومەت، کە هەوڵی سوودوەرگرتنی لەم ڕووداوانەوەیدا بۆ لێدانی گورزێکی کوشندە لە شۆڕشی کورد[1].

جیابووەکان لە ٢٨ی ئاب بۆ ٢ی ئەیلوول لە گوندی تیمار، کۆنفراسێکی حزبییان بەست. بەشداربووان تێیدا پشتگیرییان بۆ "بەیاننامەی حوزەیران"[2] ڕاگەیاند، هەموویان سوور بوون لەسەر ئەوەی پشتگیریی لەو هەڵوێستانە بکەن کە سەرکردایەتیان بۆ بەرهەڵستیکردنی پارتی دەیانگرێتە بەر، ئەوەیش هەر لە کۆنفرانسی ماوەتی ٤ ـ ٩ ی نیسانی ١٩٦٤، خۆیان بە نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی پارتی دادەنا، بەوەی کە کۆنگرەی شەشی پارتی کە لە ماوەی نێوان ١ ـ ٩ تەموزی ١٩٦٤ لە قەڵادزێ بەسترا ڕەوایەتیی نییە. ئەوان، بارزانییان بە بەکرێگیراوی ئێران تۆمەتبار کرد و جەختیان لە شەڕکردن لەگەڵی و دوورخستنەوە و دەرکردنی لە کوردستان کردەوە. کۆنفرانسەکە ستایشی حکوومەتی کرد و پشتگیری و هاوکارییان بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نوێ لەگەڵیدا دووپات کردەوە. هەروەها لە کۆنفرانسەکەدا بەشداربووان داوایان کرد ڕێککەوتن لەگەڵ بارزانیدا بکرێت و سازشی بۆ بکرێت لەپێناو گەیشتن بە کۆتاییهێنانی کێشەی هەردوولا، بەڵام زۆرینەی ئەندامانی کۆنفرانس ڕووبەڕووی ئەم بۆچوونە بوونەوە و ڕەتیان کردەوە[3].

سەرەڕای ئەوەی جیابووەکان و بەرهەڵستکاران کاریگەرییان لەسەر شۆڕشی کوردی دانەنا[4]، بەڵام گرێدانی کۆنفرانسی تیمار بارزانی تووڕە کرد. ئەوە بوو لە ئەیلوولی ١٩٦٦دا یاداشتێکی ناڕەزایی بۆ عارف نارد، تێیدا ئاماژەی بە پشتگیریی حکوومەت بۆ جیابووەکان و هاوکاریکردنیان بە چەک و دارایی کرد.

## کۆنگرەی حەوتەم

کۆنگرەکە لە ماوەی ١٥ ـ ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٦ لە گەلاڵە بەسترا، واتە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دووساڵ و نیو بەسەر کۆنگرەی شەشدا و ٢٤٥ نوێنەر ئامادەی بوون[5]. لە کەشێکی ئاساییدا و دوای گەیشتن بە ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ بەسترا. دەستپێکردنەوەی جەنگ لە ساڵی ١٩٦٥ و مردنی عەبدولسەلام عارف لە گرنگترین ئەو ڕووداوانە بوون لە دوای کۆنگرەی شەش ڕوویاندا، سەرباری پەیوەندیکردنی (مەکتەبی سیاسی کۆن) بە دەسەڵاتی حکوومەتەوە. جێی سەرنجە بیانووی ئەوان لە سەرەتادا بۆ وەستانەوە لە ڕووی بارزانیدا، ئەوەبوو بارزانی خۆی ڕادەستی حکوومەت کردووە و نایەوێت شەڕی لەگەڵ بکات، کەچی کاتێک شەڕ بە کردار لە نێوان حکوومەت و شۆڕشی کوردیدا هەڵگیرسا،

---

(1) شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٨٨.

(2) عبدالستار طاهر شريف، تاريخ الحزب الثوري، ص ١٦٧.

(3) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٩٩.

(4) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٢٣٣.

(5) مسعود البارزاني ج٣، مصدر سابق، ص ١٨٧؛ خليل جندي، مصدر سابق، ص ١٧٧.

پەیوەندییان بە دەسەڵاتەوە کرد، بەر لە کۆنگرەیش ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان دامەزرا[١].

کۆنگرە چەند بڕیارێکی دەرکرد و لەبارەی بارودۆخی ناوخۆییشەوە، کۆنگرەکە ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

سەرەڕای ئەوەی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران بە بەندە ئاشکرا و شاراوەکانیەوە، و ئامانجی شۆڕشی کوردی لە حوکمی خۆبەڕێوبەریدا نەپێکا، بەڵام بەرقەراربوونی ئاسایش و ئاشتی لە وڵاتدا ئارەزووی ئێمەیە، بۆ نەڕشتنی خوێنی برایەتیی کورد و عەرەب، کۆنگرەکە ڕەزامەندیی لەسەر بەیاننامەکە نیشاندا و داوای جێبەجێکردنی بە دەق و ناوەڕۆکەوە کرد[٢].

هەروەها کۆنگرە داوای لە کۆمیتەی ناوەندی کرد بۆ هەوڵدان لە پێناو دروستکردنی بەرەیەکی نیشتمانیدا بۆ هەموو هێزە چاکەخوازەکانی عێراق لە ڕێگەی سیستەمی دیموکراتیدا[٣].

کۆنگرە بڕیاری سەرکۆنەکردنی جیابووەکانیدا، ئەوانەی درێژەیان بە جیابوونەوەدا و هاوکاریی حکوومەتیان کرد بە (ناپاکیی گەورە)، هەروەها هەندێک لەوانەی لە کۆنگرەی شەشدا دەرکرابوون گەڕێندرانەوە، لەوانە عەلی عەبدوڵا و نوری شاوەیس کە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرانەوە و جارێکی تریش بارزانی بە سەرۆکی حزب هەڵبژێردرایەوە[٤]. کۆنگرە کۆمیتەیەکی ناوەندیی هەڵبژارد[٥] و، سکرتێری حزب ڕاپۆرتێکی سیاسیی لەبارەی جیابووەکان پێشکەش کرد.[٦]

کۆنگرە لەلایەنی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ناوچە ڕزگارکراوەکانەوە گەیشتە هەندێک بڕیاری گرنگ کە هەنگاوی چاکسازیی کۆمەڵایەتی جوانی لەخۆ گرتبوو، لەوانە قەدەغەکردنی هاوسەرگیری ناڕەزامەند و (گەورە بە بچووک). هەروەها هەندێک بڕیاری لە بواری تەندروستی و پەروەردە دەرکرد، بە دابەشکردنی کادرە تایبەتمەندەکان لەم دوو بوارەدا بە (فەرمانبەری تەندروستی و فێرکاری) بەسەر گوند و کۆمەڵگا لادێیەکاندا بەبێ جیاوازی، کردنەوەی خول بۆ ئامادەکردنی کادر، کۆنگرە بڕیاریدا سەرۆک

---

(١) شیرزاد زکریا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٥١.

(٢) عبدالفتاح علي البوتاني، مصدر سابق، ص ١٠٢.

(٣) جريدة خەبات العدد ٤٩٣، ديسمبر ١٩٦٦.

(٤) مسعود البارزاني ج٣، ص ١٨٨؛ محسن دزەيي، أحداث عاصرتها، ج٢، مصدر سابق، ص ١٤٤.

(٥) ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی : حەبیب محەمەد کریم، مەحمود عوسمان، ساڵح یوسفی، عەزیز عەقراوی، فواد جەلال، یەدوڵا کەریم، مەجید ئەتروشی، محەمەد مەحمود عەبدوڕەحمان (سامی)، عەلی سنجاری، نوعمان عیسا، ئیسماعیل عارف، هاشم عەقراوی، ئیسماعیل مەلا عەزیز، مەکتەبی سیاسییش لەمانە هەلبژێردران :حەبیب محەمەد کریم وەک سکرتێر، مەحمود عوسمان، ساڵح یوسفی، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵا، سامی عەبدوڕەحمان، عەزیز عەقراوی، بۆ یەکەمجا هەردوو کوڕی مەلا مستەفا ئیدریس و مسعود بارزانی ئامادەی کۆنگرە بوون.

(٦) دەقی ڕاپۆرتە سیاسییەکە، پاشکۆی ٦١.

یاداشتێک ئاراستەی سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکوەزیران بکات و داوای جێبەجێکردنی بەیاننامەی حوزەیرانی ١٩٦٦ بکات.

## کۆنگرەی جودابووەکان لە کەلار

لە ٢٢ ـ ٢٧ی مارسی ١٩٦٧، جودابووەکان لە پارتی، کۆنگرەی شەشیان بۆ ڕێکخستنی خۆیان[١] لە شاری کەلار[٢] بەست. کۆنگرەکە ئاشکرای کرد لە داهاتوودا کار دەکات بۆ پاراستن و بەرەوپێشبردنی ڕژێمی کۆماری لە عێراقدا و پێکهێنانی حکوومەتێک لەسەر بنەمای دیموکراسیی شۆڕشگێڕی کە مافی گەلی عێراق بە نەتەوەی کورد و عەرەبییەوە دەستەبەر بکات، هەروەها جەختی لەوە کردەوە حزب لەپێناو دروستکردنی ڕژێمی ئیشتیراکی لە عێراقدا خەبات دەکات[٣]، هەروەها کۆنگرە بڕیارەکانی کۆنفرانسی ماوەتی ١٩٦٤ی پەسەند کرد و، هێرشی کردە سەر کەسایەتیی مەلا مستەفا[٤].

## کودەتای ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ و پارتی

ئاسایی بوو جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد پێشوازیی لەم ڕژێمە نوێیە بکەن، لەبەر ئەوەی هەردووکیان زیاتر لە جاران هەستیان بە ئاسوودەییەکی ئایدۆلۆژی دەکرد لەگەڵ بەعسدا و هەردووکیان بڕوایان بە بنەماکانی سۆسیالیزم و نەتەوەپەرستی هەبوو. بێگومان ئەمە دەرفەتیکی بێوێنە بوو بۆ کەنارخستنی مەلا مستەفا وەک نوێنەری خەونەکانی گەلی کورد، بە هەمان شێوە لە حکوومەتی عێراقییەوە پلەیان بۆ هێزەکەیان وەرگرت. ئەوەی پیاوانی مەلا مستەفا بە "جاشەکانی ٦٦" ناویان دەبردن، لە بەغدایش ڕێگەیان پێدرا ڕۆژنامەی النور دەربکەن، کە تێڕوانینی تایبەتیانی هەڵگرتبوو. تاڵەبانی لەبارەی بەعسەوە نووسیویەتی: "یەکەم حزبی سیاسیی فەرمانڕەوایە بە دڵسۆزییەکی پڕ لە ئومێدەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستی بۆ کورد درێژ کردبێت و، یەکەم حزبیشە دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا بنێت"[٥]. تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد سیاسەتی بەعسیان جێگیر کرد، بەڵام بۆ پتەوکردنی، سازشیان کرد لەسەر متمانە و بڕوای خۆیان لای کورد، بەپێی دەربڕینەکەی مەلا مستەفا: "تاڵەبانی و ئەحمەد بوونە

---

(١) ئەم کۆمەڵە دانیان بە کۆنگرەوەکانی شەش و حەوتدا نەنا کە بە سەرۆکایەتیی بارزانی لە تەمموزی ١٩٦٤ و تشرینی دووەمی ١٩٦٦ بە دوای یەکدا بەستیان.

(٢) ناوەندی قەزاکە سەر بە سلێمانییە، لەژێر دەسەڵاتی حکومەتدا بوو.

(٣) جريدة خەبات. ٤٧٩ ابرل ١٩٦٧.

(٤) عبدالستار طاهر شريف، تاريخ الحزب الثوري، مصدر سابق، ص ١٨١.

(٥) جريدة النور، بغداد، العدد في ١٩، نوفمبر ١٩٦٨.

داردەستی هەرکەسێک بیوەشێنێت"[1]. ئەوەیش سەرنجێکە، بە تێڕوانیان لە پەیوەندییەکانیان بە عارف و بەعسەوە، بۆ گاڵتەپێکردنیانە.

مەلا مستەفا بە شێوەیەکی ئاشکرا حزبی بەعسی ڕەت نەکردەوە، بەڵام سوور بوو لەسەر ئەوەی هاریکاری دەبێت بۆ قوتاربوون لە تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد. کاتێکیش داواکەی جێبەجێ نەکرا، نوێنەرەکانی لە ئەنجوومەنی وەزیران کشاندەوە. بە هاتنی پاییز چەند بەریەککەوتنێکی سووک لە نێوان هێزەکانی بارزانی و هێزەکانی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد ڕوویاندا، لە هەموویاندا مەلا مستەفا لەڕووی کارامەیی و چەندایەتییشەوە سەرکەوتو بوو. لە ماوەی دانوستانەکانی نێوان حکوومەتی بەغدا و بارزانیدا، سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری ئامادەکردنی نەخشەیەکی سەربازیی فراواندا بۆ پاککردنەوەی ناوچەکان لە جیابووەکان و ڕاگرتنی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم.

لە شەوی ٢٣ ـ ٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٧٠دا، دەست بە جێبەجێکردنی ئەو پلانە کرا کە کۆتایی بە چەکدارە جیابووەکان هێنا. عەلی عەسکەری، یەکێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لە جیابووەکان بروسکەیەکی بەم گوزارشتە بۆ مەکتەبی سیاسی نارد: "قوربانیی زۆرماندا لە هاوکاریکردنی حکوومەتدا، کەچی وەک تێچیرێک بۆ گورگ جێیهێشتین. کارەکە چارەسەر بکەن، بارودۆخەکە زۆر خراپ بووە و بە تەواوی لە دەستی ئێمە دەرچووە"[2].

### کۆنگرەی هەشتەم

پاش ڕێککەوتنی ئادار، کاروبارەکانی ڕێکخستنەوە لە مەیدانەکەدا نوێ بوونەوە و، بارودۆخەکە پێویستی چاوخشاندنەوە بە پرۆگرام پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکرات هەبوو لەپێناو ئامانجەکانی داهاتوودا، ئەوەش بە داواکردنی بەستنی کۆنگرەی گشتی حزب نەبێت، نەدەکرا، کە تێیدا سەرکردایەتیەکی نوێ هەڵبژێردرێت و لەو شتە نوێیانە بڕوانرێت تا لەبەر ڕۆشناییاندا گۆڕانکاریی پێویست بەپێی بارودۆخە نوێیەکە ئەنجام بدرێت[3].

کۆنگرەکە لە ڕۆژی ١٩٧٠/٧/١، دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە چوار ساڵ بەسەر کۆنگرەی حەوتی حزب و نزیکەی چوار مانگ بەسەر ڕاگەیاندنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا، لە ناوپردان بەسترا، کۆنگرەکە بە کۆنگرەی ئاشتی و یەکێتی نیشتمانی ناسرا[4].

---

(١) أدموند غريب، في القضية الكردية، مصدر سابق، ص ٧٥؛ ديفيد مكدول، تاريخ الأكراد الحديث، مصدر سابق، ص ٢٩٧.
(٢) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ٢٣٨.
(٣) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ج٣، ص ٢٥٣.
(٤) امين زكى، الأكراد، مصدر سابق، ص ١٢٩.

لە ماوەی نێوان کۆنگرەی حەوت و هەشتدا ڕووداوگەلی زۆر ڕوویاندا، لەوانە، دانانی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦دا لەلایەن ئەفسەرانی دەسەڵاتەوە، کە بووە هۆی لابردنی عەبدولڕەحمان بەزاز لە سەرۆکایەتی وەزیران و ڕاسپاردنی تاهیر یەحیا، هەروەها ئەم ئەفسەرانە جەماعەتی سەرکردایەتی پێشوویان کە لە بەغدا نیشتەجێبوون بەکارهێنا، ئەمەیش بە پرچەککردنی شوێنکەوتووانیان بۆ دروستکردنی ناوەند و بارەگا بۆیان لە هەندێک لەو ناوچانەی هێزی پێشمەرگەی لێ بوو[١]. ئەمە وێڕای ڕووداوی ترسناکترین ڕووداوی عەرەبی و نێودەوڵەتی لەم کاتەدا کە بریتیبوو لە جەنگی ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٧ و، ئەنجامە سەیرەکانی لە سەرتاسەری جیهانی عەرەبیدا. لەو ڕووداوە گرنگانەی تر ئەنجامدانی کودەتای دووەمی بەعسییەکان بوو لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ و ڕووخانی حکوومەتی عەبدولڕەحمان عارف[٢].

دەسەڵاتە نوێیەکە بەردەوام بوو لە پشتگیریکردنی سەرکردایەتیە کۆنەکە، کە لە ئەنجامدا دەستپێکردنەوەی جەنگ و پاشان ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ی بە دوادا هات. ئا لەو هەلومەرجە مێژوویی و ئەرێنییەدا کۆنگرەی حزب بەسترا، بە ئامادەبوونی ٤٨٨ نوێنەر کە نوێنەرایەتیی دەیان هەزار ئەندامی حزبیان دەکرد. حزبە نیشتمانییە عێراقییەکان و ڕێکخراوە نەتەوەییەکان ئامادەی کۆنگرەکە بوون[٣]. کۆنگرە هەندێک چاکسازیی لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی حزبدا کرد، بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئەو بارودۆخە سیاسییە نوێیە و بەرەوپێشبردنی ژیانی ناوخۆیی حزبدا بگونجێنێت. کۆنگرە سەرکردایەتیەکی نوێی هەڵبژارد[٤] و بە کۆی دەنگ مەلا مستەفا بە سەرۆکی حزب هەڵبژێردرایەوە.

هەرچی جودابووەکانیش بوون کۆنگرەی حەوتەمی خۆیان لە بەغدا بەست، زۆربەی کادیرە پێشکەوتووەکان ئامادەی بوون. لە کۆنگرەکەدا گفتوگۆ لەسەر بابەتی گەڕانەوە و پەیوەندیکردن بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (بە سەرۆکایەتی بارزانی) کرا. زۆرینە گەیشتنە ئەو بڕیارەی داوای هەڵوەشاندنەوەی حزبەکەیان بکەن و پەیوەندیی بکەنەوە بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. جەلال تاڵەبانی و کۆمەڵەکەی محەمەد عەزیزیان نارد تا ئارەزووی گەڕانەوەیان بۆ باوەشی شۆڕش بە بارزانی ڕابگەیەنێت بە ئومێدی لێخۆشبوون لێیان[٥]. مەلا مستەفا دوای ڕاوێژکردن بە مەکتەبی سیاسی، کە

---

(١) منذر الموصلي، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ١٩٢.

(٢) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٣٧٢.

(٣) عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى، مصدر سابق، ص ١٣٨.

(٤) ئەوانیش :حەبیب محەمەد کەریم، مەحموود عوسمان، ساڵح یوسفی، عەزیز عەقراوی، فواد جەلال، یەدوڵا کەریم، عەبدولوەهاب ئەتروشی، سامی عەبدولڕەحمان، عەلی سنجری، نوعمان عیسا، ئیسماعیل عزیز، هاشم عەقراوی، مەحموود عوسمان، ساڵح یوسفی، نوری شاوەیس، عەلی عەبدوڵا، هاشم عەقراوی، ئیدریس بارزانی، مسعود البارزاني، دارا توفیق، عەبدوڵ سوڕن، سدیق ئەفەندی و زەکیە ئیسماعیل حەقی بوون.

(٥) صلاح الخرسان، مصدر سابق، ص ١٨٦.

پشتگیری بۆچوونەکەی بارزانییان کرد، ڕازی بوو. هەروەها ڕۆژنامەی التآخي پشتگیریی لەم یەکگرتنەوەیە کرد و دوای یەکگرتنەوە بنکەی جەماوەریی حزب فراوان بوو و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێز و پارتە نیشتمانییە عێراقییەکاندا توندوتۆڵ بوون[1].

لە ٧ی ئابی ١٩٧٠دا، جەلال تاڵەبانی چووە حاجی ئۆمەران، چاوی بە بارزانی کەوت و دوای ئەوەی لەلایەن مەلا مستەفاوە ئەرخەیان کرا، گەڕایەوە بۆلای کۆمەڵەکەی[2]. لە ١٠ی ئابدا جیابووەکان کۆنگرەیەکیان بەست و تێیدا بڕیاری وازهێنانیان لە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان دا، ئەوەی خۆیانیان پێ ناو دەبرد، بڕیاریاندا بیگۆڕن بە پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان، پاشان بەیاننامەیەکیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی حزبەکەیان و پەیوەندیکردنی یەکبەیەکیان بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەرکرد[3].

لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠دا، پاش جەلال تاڵەبانی هەریەکە لە ئیبراهیم ئەحمەد، عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری و شوێنکەوتوانیشیان گەڕانەوە. دوای جیابوونەوەی ١٩٦٤ بۆ یەکەمجار ئیبراهیم ئەحمەد چاوی بە بارزانی کەوت[4]، پڕ بەدەنگ ڕووی لە بارزانی کرد و گوتی:"گەڕامەوە بۆ سەنگەری نیشتمان و ئەوەیشی بیەوێت خزمەتی کورد و کوردستان بکات پێویستە لەگەڵ تۆ بێت، ئێمە هەڵەمان کرد"[5].

## پارتی و یاسای حوکمی زاتی

ئەو کاتەی مەلا مستەفا و پارتی یاسای حوکمی زاتیان ڕەت کردەوە، ئەوانی تر هەستیان کرد ناتوانن لەگەڵیدا بڕۆن، سیان لە ئەندامە دیارەکانی پارتی ئەوانیش هاشم عەقراوی و مەلا عەزیز لە کۆمیتەی ناوەندی و عەزیز عەقراوی لە مەکتەبی سیاسی ناڕەزاییان دەربڕی و، هەرسێکیان یاداشتێکیان بۆ بارزانی نارد و بە وشەی توند هێرشیان کردە سەری و بە دیکتاتۆر و قۆرخکردنی سەرجەم دەسەڵاتەکان و هاندانی دەزگای پاراستن، کە دەزگایەکی هەواڵگریی کوردییە، بۆ لاوازکردنی حزب تۆمەتباریان کرد. جەختیان لەوە کردەوە سیاسەتی مەلا مستەفا لە ئامانجە نەتەوەییە شکۆمەندەکان دوور کەوتووەتەوە و چووەتە نێو لایەنە بیانییەکان بە بیانووی پاڵپشتی بزووتنەوەی کورد[6].

---

(1) شیرکو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ٢٢١.

(2) منذر الموصلي، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ١٨٩.

(3) بەیاننامەکە کە بەم بۆنەیەوە دەرچوو و سەرنجی مەکتەبی سیاسیی پارتی لەسەر بەیاننامەکە ع هەنگاو لە پاشکۆی ٦٢.

(4) مسعود البارزاني، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٥٦.

(5) المصدر السابق، ص ١٤٠.

(6) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ١٣٥.

دیارە ئەم سێ سەرکردە کوردە بڕیاری جێبەجێکردنی هەڵوێستی حزبی بەعسی فەرمانڕەوایان دابوو، کە وا دەردەکەوت دوور نەبوو لە جوڵاندنی ئەو سەرکردانە[1].

گرنگیی یاداشتی ئەو سێ کەسە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕۆشنایی خستبووە سەر ئەو هەلومەرجەی دەوروبەری سەرکردایەتی بارزانیی دابوو و قسەکردن لەسەر کەسایەتی بارزانی خۆی، کە ١٢ ساڵ لە تاراوگە ژیانی بەسەر برد و، لە تێڕوانینی زۆربەی خەڵکەوە بووبووە سەرکردەیەکی ئەفسانەیی[2]. لیستی ئەو تۆمەتانەیش کە ڕووبەڕووی بارزانی کرابوونەوە بریتی بوون لە[3]:

١. هەوڵە بێپایانەکەی بۆ جیاکردنەوەی کێشەی کورد لە بزووتنەوە نیشتمانییە عێراقییەکان، بەتایبەتی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتوخواز، لە پشت هەموو ئەم تۆمەتانەشەوە حزبی بەعس توانی هەموویان بخاتە ڕیزەکانیەوە.

٢. بەربەرەکانێکردنی هەموو شێوەکانی ڕژێم و هاندان بۆ دەرچوون لە سەروەری یاسا.

٣. گوێ پێنەدان و فەرامۆشکردنی کەمەنەتەوەیی و ئایینییەکانی تر، ئەوانەی هاوسۆزی کورد و کوردستان بوون لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بارزانیدا. ئەم کەمینانە دووچاری دەردی سەری و ناخۆشی بوونەوە، وەک ئەوەی بەسەر مەسیحییەکاندا هات.

**بەکورتی:**

بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بەر لەوەی بارزانی جڵەوی بگرێتە دەست، بۆ چەند باڵ و پارت و کۆمەڵەیەکی، کە چاویان لە یەکێتی بوو، دابەش بووبوو، چونکە ئەوان پارتگەلی قۆناغەکی بوون، بارزانی بە دامەزراندنی **پارتی دیموکراتی کوردستان لە** ١٦ی ئابی ١٩٤٦دا یەکیخستن. لەدایکبوونی پارتی نیشانەی لەدایکبوونی پارتێکی جەماوەریی یەکگرتووی نەتەوەیی کورد بوو بە سەرۆکایەتی ڕێبەرە هەڵکەوتووەکە، کە جەماوەری کوردی لە دەور خڕبوونەوە درێژەدانی بە بەرخۆدانی کوردی گرتە ئەستۆ.

پارتی خاوەنی تاکە بیردۆزێکی کۆمەڵایەتی نەبوو، گەرچی ڕایگەیاندبوو کە لە مارکسیزم و فەرهەنگەکەی بەهرە دەبات، پارتی ڕەنگدانەوەیەکی دەستپاکانەی نەخشەی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی چینایەتیی کوردستان بوو، ئەمەیش نەخشەیەکە هێشتا گوزارشت لە سەروەریی بارودۆخی خێڵەکی دەکات بەسەر گوندەکان و درێژبوونەوەی بە شارەکاندا، بە تێڕوانین لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی **نێوان بۆرژوازیی شارستانیی کوردی و** نێوان گوندی ملکەچی شێوە خێڵەکییە ڕیشەداکوتاوەکان، بۆیە

---

(١) سامي شورش، مصدر سابق، ص ٢١٤.

(٢) شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ٢٦١.

(٣) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ١٤٠.

سەرکردایەتیەکەی تێکەڵەیەک بوو لە ئەمپەڕی ڕاست بۆ ئەوپەڕی چەپ، مەلا مستەفای سەرۆکی حزبیش لەو نێوەندەدا هەوڵی ڕاگرتنی هاوسەنگیی لە نێوانیاندا دەدا.

## پەیوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پارتە نیشتمانییەکانەوە لە عێراقدا

پەیوەندیی و هەڵوێستی پارتە عێراقییەکان بەرامبەر بە دۆزی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان، بەپێی تێڕوانینە هزرییەکانیان جیاوازن.

هێزە نەتەوەییە عەرەبییەکان بە شێوەیەکی گشتی زۆر لە ئاڵۆزکردنی کێشەی کورد و بەرنامە و گوتاری سیاسییاندا ڕۆنەچوون، بە تایبەت پێش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، بە پێچەوانەی حزبی شیوعی عێراقەوە، کە ڕۆڵی یەکەمی لە برەودان بە کیشەی کورددا بینیوە، چونکە لە لایەکەوە یەکەم پارت بوو کورد و عەرەب و کەمە نەتەوەییەکان لەخۆ بگرێت، لە لایەکی ترەوە بە هۆی پێکهاتە ئایدۆلۆژییەکەیەوە.

بەڵام پارتە لیبراڵییەکان هەڵوێستیان بەرامبەر کێشەی کورد جیاواز بوو، پارتی نیشتماتی دیموکراتی بەرنامەکەی جەختی لەوە دەکردەوە کە "نیشتمانی عێراق گۆڕەپانی هاوکاریی ئازادی نێوان کورد و عەرەب و هەموو ئەو ڕەگەزانەیە کە عێراقییەکانیان لێ پێکهاتبوون"[١].

بەڵام حزبی یەکێتی نیشتمانی و پارتی گەل، یەکسانی عەرەب و کوردی لەخۆ گرتبوو بەبێ زیانگەیاندن بە ئاشتی و یەکێتی عێراق[٢].

### پەیوەندیی پارتی بە حزبی شیوعی عێراقەوە

حزبی شیوعی عێراقی لە ساڵی ١٩٣٤ دامەزرا و دەستی بە چالاکیی کرد، لەبەر ئەوە ئەم حزبە بە پارتێکی نیشتمانی دێرین هەژمار دەکرێت، بزووتنەوەی نشتیمانی عێراقی بە هەندێک لە کادیر و بیردۆزی بەسوودی سیاسیی بەرەو پێش برد کە ناکرێت لە ڕۆڵی کەم بکرێتەوە[٣].

ئێمە بەبێ تێگەیشتن لە شێوەی پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی کوردی و حزبی شیوعی ناتوانین لە خەباتی نیشتمانی کورد تێبگەین. حزبی شیوعی ڕۆڵی تایبەتی سەبارەت بە کێشەی کوردەوە گێڕا، جیاوازە لە ڕۆڵی سەرجەم پارتە عێراقییەکانی تر. ڕێبازی مارکسیی لە نێوان ڕۆشنبیرانی کورددا بڵاو کردەوە، بە چاوکردن لە ڕۆشنبیرانی عەرەب، هەروەک ژمارەیەک لە سەرکردەکانی لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بوون،

---

(١) جعفر عباس حميدي، التطورات السياسية في العراق ١٩٤٨ ـ ١٩٥٣، مصدر سابق، ص ٢٥٧.

(٢) المصدر السابق، ص ٢٩٧.

(٣) عزيز السيد جسم، القضية الكردية، ومنظورات الوحدة الوطنية المتقدمية، بغداد، ١٩٥٩، ص ٨٧.

زۆرێک لە کورد گەیشتنە ناوەندە باڵاکانی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق[1]. وێڕای ئەوەی لە ڕیزەکانیدا زیاتر لە هەر پارتێکی تر کوردی لەخۆ گرتبوو[2]. لەبەرئەوە ئاساییە ببێتە پێشەنگی ئەو حزبانەی لە ڕووی ڕێکخستن و بیروباوەڕەوە گرنگیی بە دۆزی کورد دەدەن، پەیڕەوی حزب ئاماژەی بە کەمینەکانی عێراق کردبوو، باسی ئەوەیشی کردبوو لە پێناو بەدیهێنانی یەکسانیی ڕاستەقینە لە مافەکانی کەمینەی کورددا خەبات دەکات، لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافی کۆمەڵە نەتەوەییەکانی تری وەک تورکمان و ئەرمەن[3] و یەزیدییەکان. حزب یاداشتێکی بۆ حکوومەت و سەرجەم سەرۆکەکانی گەشتە دیپلۆماسییەکانی عێراق نارد و تێیدا داوای پێدانی مافە دەستورییەکانی کورد و ڕۆشنبیرکردنی و نەهێشتنی گیتی دوژمنایەتیی نێوان کورد و عەرەبی کرد[4]. هۆشداریشی لە بڵاوبوونەوەی جیاکاریی نێوان نەتەوەکانی عێراقیدا، بەوپێیەی دەبێتە هۆی لاوازکردنی پەیوەندیی نیشتمانی، جەختی لەوەیش کردەوە سەربەخۆیی تەواو جێگیرکردنی یەکێتی نیشتمان دەخوازێت.

لە ساڵی ١٩٣٥دا، حزبی شیوعی لە سەردێری ڕۆژنامەکەی دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی دانا، لە ساڵی ١٩٤٤، لقی کوردیی حزب بە سەرۆکایەتی مەلا شەریفی هەولێریی ڕۆژنامەی ئازادی دەرکرد.

حزبی شیوعی لە هەڵوێستەکانی پارتی هیوا کە پشتی لە شۆڕش لە کوردستان کردبوو بێزار بوو، ڕۆژنامەی قاعیدەی زمانحاڵی حزبی شیوعی لەو کاتەدا لە بابەتێکی دەستپێکیدا بە ناونیشانی "گەلی کورد پێویستی بە حزبی کارە نەک هیوا"، تێیدا گوتی: "ئەم حزبە دەیان هەزار لاوی خوێنگەرمی کوردی، لە بەشداریکردن لە هەر چالاکییەکی سیاسیدا، لەپێناو ئەو ئازادییە دیموکراسییەکاندا کە لە سایەیدا گەلی کورد دەتوانێت گوزارشت لە بۆچوونی خۆی بکات و چارەنووسی دیاری بکات بگرێتە بەر، دەستەوسان کردووە"[5]، هەروەها فەهد لە ڕۆژنامەی قاعیدەدا گوتارێکی بە ناونیشانی "گەلی کورد لە نێوان حانە و مانەدا" نووسی، تێیدا ئەوەی ئاشکرا کرد پرسی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە ڕۆیشتن بە دوای سەرۆکی حزب و ماجد مستەفای وەزیری دەوڵەتدا دووچاری لەناوچوون دەبێتەوە[6].

لە سەروبەندی شۆڕش و ملململانێی نێوان سوپا و بارزانییەکاندا ساڵی ١٩٤٤، لە سەردەمی حکوومەتی پاچەچیدا، حزبی شیوعی لە ٢٩ی ئابی ١٩٤٤ بەیاننامەیەکی دوورودرێژی ئاراستەی گەل کرد و هێرشی هێزەکانی حکوومەتی بۆ سەر خێڵەکانی بارزان و هێزە کوردییەکانی سەرکۆنە کرد و داوای ئەمانەی خوارەوەی کرد:

---

(1) الحزب الديمقراطي الكردستاني، العراق، طريق الحركة التحررية الكردية، مصدر سابق، ص ٤٨.

(2) عبدالرزاق مطلك الفهد، الأحزاب، مصدر سابق، ص ٢٥.

(3) يوسف سلمان يوسف (فهد)، قضيتنا الوطنية، بغداد، ١٩٤٥، ص ١٨.

(4) عبدالرزاق مطلك الفهد، مصدر سابق، ص ٩٩.

(5) مكرم الطالباني، حزب هيوا.

(6) جريدة القاعدة، الناطقة بلسان الحزب الشيوعي العراقي، العدد ٥ في السنة الخامسة اب ١٩٤٧.

١. وەستاندنی جووڵە سەربازییەکانی دژ بە خێڵەکانی بارزان و هێزە کوردییەکان.

٢. هەڵوەشاندنەوەی حوکمە عورفییەکان.

٣. ئازادکردنی ئەوانەی بە هۆی ئەم ڕووداوانەوە دەستگیر کراون.

٤. لێکۆڵینەوەیەکی پاک لە هۆکارەکانی پشتوبی و دادگاییکردنی تاوانباران، بە شێوەیەکی ئاشکرا و لەبەردەم دادگایەکی سڤیلدا.

٥. هەڵوەشاندنەوەی یاسا دەگمەنەکان.

٦. لێدان لەو دەستانەی پڕوپاگەندەی درۆ بڵاودەکەنەوە[١].

هەروەها حزبی شیوعی حکوومەتی بە چەوساندنەوەی کورد و هەموو کەمینەکانی تری لە عێراقدا وەسف کرد[٢].

سکرتێری گشتیی حزبی شیوعی یوسف سەلمان (فەهد) لە ساڵی ١٩٤٥ نووسیویەتی[٣]:"حزبی شیوعیمان حزبی کرێکاران و جوتیارانە، حزبی هەموو جەماوەری گەلی عێراقمانە، لە پێناوی ئازادیی گشتیدا خەبات دەکات، بەمەیش گەرەنتیی ڕێکخراوە دیموکراسییە پێویستەکان بۆ گەلی کورد و جەماوەرە ڕەنجدەرەکەی دەکات، کە بە هۆیانەوە هەر کاتێک عێراق لە چنگی داگیرکەر ئازاد بوو یان لە بارودۆخێکدا لەگەڵ گەلی کورددا بگونجێت و لە بەرژەوەندیی جەماوەرە ڕەنجدەرەکەیدا بێت دەتوانن بیروباوەڕیان لە مانەوەی خۆویستانە یان جیابوونەوە دەرببڕن"[٤].

بەڵام هەڵوێستی شیوعیەکان لەبارەی مەهابادەوە ئەوەیە کە ئەگەر ڕاست بێت یەکێتی سۆڤێت و شیوعیەکان لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ پشتیان لە کوردەکان کرد، ئەوەیش ڕاستە کە تەنیا یەکێتی سۆڤێت و شیوعیەکان بوون لەو ماوەیەی سەربەخۆییدا لە مەهاباد هاوکاری کورد بوون[٥].

لە ڕاستیدا حزبی شیوعی لەو ماوەیەدا وەک بەشێک لە دەسەڵاتی سیاسی عێراق لە بزووتنەوەی کوردی دەڕوانی.

حزبی شیوعی ماڤی خۆی بوو وەک حزبێکی عێراقی، دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا وەک گشت، لە کێشەی کورد گرنگتر بێت بەلایەوە، بەڵام ڕەخنە لە قوربانیدان بە کێشەی کورد لەسەر حسێبی دەسەڵاتی

---

(١) عبدالرحمن كريم درويش، الفكر السياسي للأحزاب لسياسية الكردستانية في العراق، رسالة ماجستير في العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠٠٩، ص ١٤١.

(٢) جريدة القاعدة السرية، لسان حال حزب الشيوعي العراقي، لعدد ٥ آب ١٩٤٧.

(٣) فهد والقضية الكردية، پاشكۆی ٦٣.

(٤) يوسف سلمان يوسف (فهد) قضيمنا الوطنية، ص ٢٥.

(٥) دانا آدمز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ١٧٥.

سیاسی ناوەندی دەگیرێت، کاتێک حزبی شیوعی هەڵوێستێکی ئەرێنی و چاکسازی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات، هەندێک پێیان وایە ئەوە دووڕوویيە لە حزبی شیوعیەوە[١].

دوای بەستنی کۆنگرەی حزبی شیوعی لە ساڵی ١٩٤٤، هەموو دەستە شیوعیەکان لەژێر خێمەی حزبی شیوعی عێراق و سکرتێرە گشتیەکەی (فەهد)دا کۆبوونەوە، جگە لە لقی کورد کە ساڵح حەیدەری سەرۆکایەتی دەکرد، ڕازی نەبوو پەیوەندیی پێوە بکات، بەڵکە ڕۆژنامەیەکی بە زمانی کوردی دەرکرد، بە ڕۆنیۆ چاپ دەکرا، ناویشی شۆڕش بوو[٢]، فەهد بەرهەڵستی نەکرد، بەڵکو لە گوتارێکیدا لە ساڵی ١٩٤٥، بانگی لە نیشتمانپەروەرانی کورد کرد بۆ پێکهێنانی وەها پارتێکی پێشەنگ و دیموکرات[٣].

لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا، کورد بە سەرۆکایەتی حەیدەری دامەزراندنی حزبی شیوعی کورد (شۆڕش)ی ڕاگەیاند[٤].

جەلال تاڵەبانی، یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد لەبارەی حزبی شیوعی کورد دەڵێت: "بوونی لقی حزبی شیوعی لە کوردستان، داهێنراوێکی جیاوازە لە ڕێکخراوە شیوعیەکان لە یەکێتی سۆڤێت یان لە چیکۆسلۆڤاکیا، بە شێوەیەک هەر گەلێک حزبی شیوعی هەبێت، بەشێکە لە حزبی شیوعی ناو یەک دەوڵەت[٥].

گەرچی "پەیمانی نیشتمانی" کە یەکەم کۆنگرەی گشتیی حزبی شیوعی دەری کردووە، داواکارییەکانی حوکمی زاتی لە دەقەکەیدا نەبوو، بەڵکو کوردی ترنجاندبووە نێو کەمینە نەتەوەییەکانەوە"[٦]، شیوعیەکانی عێراق پێیان وابوو حزبی شیوعی عێراق پێشەوای بەرخودانی گەلی عێراقە بە کورد و عەرەبەوە، هەروەک ماوەیەکی زۆر بەرهەڵستی و دژایەتیی بوونی ڕێکخراوە دیموکراسییە کوردستانیەکانی لاوان و قوتابیان و ئافرەتانیان کرد[٧].

پەیوەندییەکانی حزبی شیوعی عێراقی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەندێک جار خراپ و هەندێک جاریش باش بوون[٨]، ناکۆکیی نێوان هەردوو حزب، بەتایبەت دوای هەڵوەشاندنەوەی حزبی

---

(١) طريق الحركة التحررية الكردية، من وثائق الحزب الديمقراطي الكردستاني، صص ٤٨ ـ ٤٩.

(٢) الشرطة العامة، موسوعة الخاصة بالحزب الشيوعي، مصدر سابق، ص ٤٧.

(٣) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٥٢.

(٤) دانا آدمز شميدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ١٧٥.

(٥) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٥٦.

(٦) وثائق الحزب الشيوعي نقلا عن عزيز الحاج، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ٣٨.

(٧) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٦٠.

(٨) المصدر السابق، ص ١٦٠.

شیوعی کورد (شۆڕش) و کە هەندێکیان چوونە ناو پارتی و ئەوانی دی چوونە ناو حزبی شیوعی عێراقەوە، دەرکەوت [1].

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٧دا هەردوولا بەشداریان لە (لێژنەی هاوکاریی) دژ بە پەیمانی پۆرتسمۆس و حکوومەتی ساڵح جەبر کرد، شانبەشانی پارتی گەل و باڵی چەپ لە پارتی نیشتمانی دیموکراتی. لێژنەکە لە عەبدوڕەحیم شەریفی پارێزەری پارتی گەل و ڕەشید عەبدولقادر پارێزەری پارتی نشتیمانیی دیموکراتی پێکهات[2].

پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حزبی شیوعی لە لیژنەی تریشدا وێڕای بەغدای پایتەخت بەشدار بوون، لە هەریەکە لە هەولێر، سلێمانی، موسڵ، نەجەف، کەربەلا و بەسرە، لەسەر ناوەڕۆکی ئەو دروشمانەی کە لە خۆپیشاندانەکاندا بەرزکرانەوە، ڕێککەوتن کرا، سەرەڕای ئەوەی هەندێک پێیان باش بوو هەر پارتە و دروشمی تایبەت بە خۆی بەرز بکاتەوە[3]. بێگومان پارتی دیموکراتی کوردستان توانی چەند دروشمێکی حزبی بەرز بکاتەوە کە بانگەواز بن بۆ ژیانی کوردستان و سەرکردەکەی مەلا مستەفا و داخوازیی ئازادکردنی بارزانییەکانیان. پاش ئەوەی بەهائەدین نوری (باسم)ی (کورد) گەیشتە پلەی سکرتێری گشتی حزبی شیوعی عێراق لە ساڵ ١٩٥٢ ـ ١٩٥٣، ئەوە بووە هۆی کۆتاییهێنان بەو بارگرژی و کەشە چەقبەستووەی نێوان کورد و حزبی شیوعی. حزبی شیوعی پەیماننامەیەکی نوێی دەرکرد و جەختی لەسەر مافی چارەی خۆنووسینی کورد کردەوە. هێرشی کردە سەر هەڵوێستی فەهد و مافی پێکهێنانی دەوڵەتێکی جیای لە کوردستان بە کورددا[4]. لە دەقی پەیڕەوی گشتیدا باس لە بەهێزکردنی برایەتی و یەکێتی خەباتی نێوان نەتەوەی کورد و عەرەب و سەرجەم کەمە نەتەوەییەکاندا دژ بە ڕەگەزپەرستە داگیرکەرەکان دەکات، بۆ کۆتاییهێنان بە حوکمی داگیرکاریی کۆنەپارێز لە عێراقدا[5] و پاراستنی یەکسانیی ڕاستەقینە لە ماف و کۆمەڵە نەتەوەییەکانی تردا[6].

ئەم هەڵوێستە نوێیەی حزبی شیوعی بووە هۆی جیابوونەوەی کۆمەڵێک لێی، کە ناویان لە خۆیان نا (راية الشغيلة). ئەمانە پێیان وابوو پێکهێنانی دەوڵەتێکی جیا لە کوردستاندا جگە لە بانگەشە و پڕوپاگەندەیەکی داگیرکەرانە بۆ لەناوبردنی یەکڕیزیی خەباتی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب هیچی

---

(1) عبدالرزاق مطلک، ص ٢٢٧؛ سعاد خيري، من تاريخ الحركة الثورية المعاصرة في العراق ١٩٢٠ ـــ ١٩٨٠ ج١ ط٢، بغداد، دار الرواد للطباعة، ١٩٧٨، ص ٢٧٨. جعفر عباس حميدي، مصدر سابق، ص ٢٣٢.

(2) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٦٤.

(3) نوري شاويس، من مذكراتي، مصدر سابق، ص ٥٥.

(4) سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق ١٩٣٤ ـ ١٩٥٨، بيروت، دار المرصاد، ١٩٧٩، ص ١٢٩.

(5) صلاح سعدالله، كردستان والحركة الوطنية الكردية، مصدر سابق، ص ٥٤.

(6) عبدالرزاق مطلک، ص ٦١. چەند بڕگەیەک لە پەیمانەکە، پاشکۆی ٦٤.

تر نییە، ئەوەیش واتە لادانی چەپ و ڕەنگدانەوە و قۆستنەوەی ئەو پڕوپاگەندانە، لە کۆتاییدا ئەم کۆمەڵە ئاماژەیان بەوە کرد کێشەی ڕزگاریی کورد بەشێکە لە کێشەی ڕزگاریی عێراق لە دەستی داگیرکەر[١].

لە ٢٩ی کانونی یەکەمی ١٩٥٥دا، **پارێزگاری سلێمانی نووسراوێکی ئاراستەی** بەڕێوبەرایەتیی ڕۆشنبیریی سلێمانی کرد و جەختی لە بەردەوامیی خوێندن لە هەموو قوتابخانە جیاوازەکان بە زمانی عەرەبی کردەوە، هەروەها بڕیاری ڕێگەگرتنی لە سروودە کوردییە نەتەوەییەکان دەرکرد. ڕۆژنامەی القاعدەی حزبی شیوعی عێراقی، لە مارسی ١٩٥٦ بابەتێکی لەسەر ئەم باسە بڵاوکردەوە، سیاسەتی حکوومەتی نوری سەعیدی بە سیاسەتێکی گەمژە وەسف کرد و پاشان دەڵێت: "ئەم سیاسەتە لە کاتی خۆیدا بێزارییەکی توندی لە ناوەندە فراوانەکانی سلێمانی دروست کرد، ئەم ناوەندانەیش بەشێوەیەکی ئاشکرا دەیانزانی کە خەبات بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەیی پەیوەندییەکی پتەوی بە خەباتی هەموو گەلەوە هەیە دژ بە داگیرکەر و پەیمانی بەغدا و ئەو سیاسەتە شوێنکەوتنەی داگیرکەر کە فەرمانڕەوایانی عێراق جێبەجێی دەکەن"[٢].

هەروەها حزبی شیوعی لە بەرنامەی سیاسییدا لە ئەیلوولی ١٩٥٦ چەند بەندێکی تایبەت بە دۆزی کورد بڵاو کردەوە[٣] جەختی لەسەر دانانی کوردیی بە زمانی فەرمی لە هەموو قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان کردەوە، هەروەها داوای لە دامەزراندنی کۆلێژەکانی کرد بۆ وەرگرتنی سەرجەم قوتابیانی کورد، ژیاندنەوەی مێژووی کورد و ئەدەب و شکۆمەندییە نەتەوەییەکەی و ڕێزگرتن لە سەرجەم مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، لەوانە (سەربەخۆیی زاتی). هەروەها هێز و یەکێتی عێراقی بەستەوە بە هاوکاری و برایەتی هاوبەشی نێوان هەردوو گەلی گەورە و برای کورد و عەرەب، جەختیشی لەسەر گەڕانەوەی کۆچکردووەکان بۆ نیشتمانەکانیان و قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی پێیان گەیشتووە، لە ماوەی (هەڵمەتەکانی لەناوبردن)دا و بەخشینی مافە یاساییەکانی کە تایبەتن بە کاروباری بەڕێوەبردنەوە[٤].

لە ساڵی ١٩٥٦، کاتێک کۆنگرەی دووی حزب بەسترا، لێکتێگەیشتنێکی گەورەی بۆ کێشەی کورد نیشاندا و ڕاگەیەندراوێکی بە ناونیشانی "هەنگاوە سیاسییەکانمان لە ڕێگەی **ڕزگاری نیشتمانی و نەتەوەیی** بۆ ساڵی ١٩٥٦"[٥] دەرکرد، حزب لە بیری جیابوونەوەی کورد و دروستکردنی دەوڵەتێکی تایبەت بەخۆیان

---

(١) عبدالرزاق مطلك الفهد، مصدر سابق، ص ١٠٦.

(٢) سعاد خيري، من تاريخ الحركة الثورية المعاصرة في مصدر سابق، ص ١٦٢.

(٣) بڕگەی (و) لە مادەی ٥ و مادەی ٦ لە پەیڕەوی باسکراو (سعاد خيري، من تاريخ الحركة الثورية المعاصرة في العراق، مصدر سابق، ص ٢٤٣ _ ٢٤٧).

(٤) غانم محمد الحفو وعبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٨٥، مصدر سابق، ص ١٢١.

(٥) بەیاننامەی حزبی شیوعی، کۆنگرەی ١٩٥٦ پاشکۆی ٦٥.

له چوارچێوەی یەکپارچەیی عێراقدا بنیات بنێن، پاشگەز بووەوە[١]. هەروەها سەربەخۆیی زاتی بە گوێرەی یەکێتیەکی ئارەزوومەندانەی برایەتی، ڕێگەیەکە پێوەستە بە بارودۆخەکەیەوە، کە بەرژوەندیی هەردوو گەلی کورد و عەرەب دەیخوازێت، ناکرێ ببێتە جێگرەوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس[٢]. ململانێی فیکریی نێوان حزبی شیوعی و پارتی بە سەرکەوتنی بیرە نەتەوەییەکانی کورد کۆتاییهات، بە شێوەیەک حزبی شیوعی عێراقی ئەوەی چەسپاند، پێکهاتەی کورد نەتەوەیەکە و بۆیان هەیە مافی دیاریکردنی مافە نەتەوەییەکانیان بەدەست بهێنن[٣].

سەرباری هەموو ناکۆکییەکانی نێوانیان، حزبی شیوعی عێراق و پارتی بە نزیکترین دوو ڕێکخراو لە کوردستان مانەوە، لە دروشم و چەمکە سیاسی و ئامانجە قۆناغییەکاندا، ئەوەیش پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ پارتی دروست کردبوو[٤]، بەتایبەت پارتی ئامانجێکی زۆر لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقدا کۆی دەکردەوە، چونکە ئەویش داوای گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە کۆمەڵگەدا دەکرد، بەڵام لەگەڵ گەرەنتی و بەهێزبوونی کەسایەتیی کورد، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی کە باڵێکی لە کوردستان هەبوو شتێکی ئاسایی بوو، سەرباری ئەوەی ئەو دوودڵ بوو، هەندێک جاریش بەرهەڵستی ئەو دامەزراو و ڕێکخراوانەی دەکرد کە خاوەن مۆرکێکی کوردی بوون[٥].

سەرەڕای وێستگەکانی جیابوونەوەی نێوان هەردوو حزب لە ساڵانی چل و پەنجادا، هێزی ڕاکێشانی یەکتر تا ڕادەیەک بەهێز بوو کە هاوپەیمانی شیوعی کوردی بووە هۆی گۆڕانی سەرکردە شیوعیەکان لە ناوچەی کورددا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان[٦]، لەناوەڕاستی پەنجاکانیشدا، حزبی شیوعی دەستی کرد بە خستنەڕووی دۆزی کورد و پشتگیریکردنی سەرۆک مەلا مستەفا[٧].

---

(١) جريدة اتحاد الشعب، جريدة الحزب الشيوعي العراقي، بغداد ١٩٥٩/١/٣.

(٢) مجلة الثقافة الجديدة، العدد ١٠، كانونى الثانى ١٩٧٠.

(٣) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٥٧.

(٤) المصدر السابق، ص ١٦٠.

(٥) طريق الحركة التحررية الكردية، من وثائق الحزب الديمقراطي الكردستاني، ص ٧٠.

(٦) كونتر دشنر، احفاد صلاح الدين الأيوبي، مصدر سابق، ص ٢٢٩. شەوکەت خەزنەدا کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی شیوعی لە شەستەکاندا، دەڵێت :"حزب ئوانی ژۆرێک لە شیوعییە کوردەکان بتێرێتە ڕیزەکانی پارتییەوە، چونکە دەبوو لەناو پارتیدا کەسانی چەپی پاک و نیکەیشتوو هەبن لەپاڵ بارزانیدا بن، چونکە سەرکردایەتیی پارتی ڕاستڕۆی زۆری تیدابوو". بۆیە شەوکەت دەڵێت "پارتی دەستی هەبووە لە کەرتبوونی حزبی شیوعیدا لە ساڵی ١٩٦٧، وەک تۆڵەیەک بۆ ئەو هەڵسوکەوتەی حزب کە باس کرا". http ://www.aliaspaper.com/inp.asp?id=12959

(٧) عزيز الحاج، مع الأعوام، مصدر سابق، ص ٢٦٢.

**بەکورتی:**

پەیوەندیی شیوعیەکانی عێراق بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، لە ساڵانی چل و پەنجادا تا شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، بە وێستگەکانی جیابوونەوە و بەیەکگەیشتنەوە بە زیاتر لە جومگە و وێستگەیەکی مێژوییدا تێپەڕیوە، سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووس، ململانێی فیکریی نێوان حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم شێوازەی خوارەوەی وەرگرتبوو[1]:

١. لە جەدەلدا لەبارەی بوونی نەتەوەی کورد بە واتای نوێی نەتەوە، حزبی شیوعی نکۆڵی لێ دەکرد، ئەمەیش لە دەقی پەیماننامەکەی فەهددا لە ساڵی ١٩٤٥ هاتووە.
٢. سەبارەت بە گرنگیی بوونی پارتێکی پێشەنگی کوردستانی، بە هەمان شێوە بوونی ڕێکخراوگەلی دیموکراتی کوردستانی، حزبی شیوعی عێراق نکۆڵی و دژایەتیی بوونی ئەم ڕێکخراوە دیموکراسییانەی کرد، بەتایبەت (لاوان و قوتابیان و ئافرەتان).
٣. شیوعیەکان پێیان وابوو پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی بۆرژوازییە و ناتوانێت خزمەت بە جەماوەر بکات، لە کاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان سوور بوو لەسەر ئەوەی کە حزبێکی پێشکەوتنخواز و دیموکراتە و نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی جووتیاران و ڕەنجدەران و پیشەوەران و ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان دەکات[2].

سەرەڕای ئەم ناکۆکییانەیش، پەیوەندییەکانی نێوانیان هەر بە بەهێزی مانەوە، هۆکاری سەرکییش دەگەڕێتەوە بۆ:

١. بوونی بنکەیەکی فراوانی شیوعیەکان لە کوردستان[3]، شیوعیەکان لەوە دەترسان ئەگەر ئەم ململانێکردنەیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام بێت ئەو بنکانە لەدەست بدەن.
٢. گەیشتنی سەرکردەکانی کورد بە کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی و هاوسۆزییان لەگەڵ کورد.
٣. زیندانیکردنی زۆرێک لە سەرکردەکانی حزبی شیوعی عێراق و لەسێدارەدانی پێشەوا سیاسییەکانی نموونەی فەهد، محەمەد حوسێن شەبیبی، زەکی بەسیم[4].

لە دوای شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨، پەیوەندییە گیانی بە گیانییەکانی هەردوو حزب زیادی کرد، دواتر حزبی شیوعی عێراق کاتی گەڕانەوەی بارزانی و بارزانییەکانی کرد بە بۆنەیەک بۆ دەربڕینی خۆشحاڵیی زۆریان.

---

(١) عبدالستار طاهر شريف، مصدر سابق، ص ١٥٩.
(٢) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٥٥.
(٣) مسعود البارزاني، ج٢، مصدر سابق، ص ٩٣.
(٤) صلاح الخرسان، مصدر سابق، ص ٥٦.

مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی، هەڵمەتێکی بەخێرهێنانەوەی پێشکەش بە بارزانییەکان کرد و، لەم بوارەیشدا ڕۆژنامە ئاشکراکەی اتحاد الشعب، کە ڕۆژنامەیەکی ناوەندیی حزبی شیوعی عێراقە، ڕاپۆرتێکی دیکەی لەبارەی پێشوازی لە بارزانییەکان لە بەسرە و بە ناونیشانی دیار بڵاوکردەوە، بارزانیی بە (تێکۆشەر) و شوێنکەوتووانیشی بە هەڵۆ و تێکۆشەر و ئازادیخواز ناو برد[1].

دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق لە ٣ی ئەیلوولی ١٩٥٨، لەبارەی ئەو یەکگرتن و یەکێتییەی هەردوو گەلی کورد و عەرەب، نیگەرانیی گەلی کورد کە بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی ستەم و زۆرداری خوێنی ڕۆڵەکانی تێکەڵ بە خوێنی ڕۆڵەکانی عەرەب بووە، ترسی دامودەزگا بیانییەکان زیادی کرد[2]، ئەوەی ئەم ترسانەی بەرەو هەڵکشان برد ئەو شێوازە پەڕگیرانە بوو کە هەردوو حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان گرتبوویانە بەر، هەردوو حزب ڕەخنەیان لە چاکسازی کشتوکاڵیی ناتەواو گرت و پێشنیازی ڕادیکاڵانەتریان لەبارەی ئەم کێشەیەوە پێشکەش کرد.

لەو کاتەدا هەردوو حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان و باڵی چەپ لە پارتی نیشتمانی دیموکراتی و جگە لەوانیش ڕێکخراوە پێشکەوتووەکان کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر سیاسەتی حکوومەت هەبوو، بەڵام ئەم جۆرە پێشکەوتن و کاریگەرییانە لەگەڵ ئامانجی هێزە ڕاسترۆکانی عێراق دژیەک بوون.

هەر لە تشرینی دووەمی ١٩٥٨ەوە، حزبی شیوعی عێراقی داوای ژیانەوەی بەرەی یەکێتی نیشتمانی دەکرد، بۆیە پێویستیی دیاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هێزی شیوعی و پارتی و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان دەرکەوت و لە ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨دا پەیمانی هاریکارییان مۆر کرد[3]، پەیوەندییە تایبەتەکانی نێوانیان دیاری کردن. پارتی سەرکردایەتیکردنی شیوعیەکانی لەو کاروبارانەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە کوردەوە نەبوو قایل بوو، بەو مەرجەی ئەم هەڵوێستە تووشی کێشەی نەکات لەگەڵ قسمدا، حزبی شیوعیش لەلای خۆیەوە مافی قسەکردنی لە کاروبارە تایبەتییەکانی کورد بە پارتی بەخشی و، لێشاوێک وەسف و ستایشی مافی کوردی لە بەرەوپێشبردن و وەبەرهێنانی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانیان بە هاوبەشیکردنێکی یەکسان لەگەڵ عەرەبدا، تا مافی دیاریکردنی چارەنووس، لەنێویشیدا مافی جیابوونەوە و سەربەخۆیی کرد[4].

---

(1) اتحاد الشعب، جريدة الحزب الشيوعي العراقي العدد ٧١، في ٢٠ ابريل ١٩٥٩.

(2) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ٧٨.

(3) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٢١٣.

(4) اوريل دان، مصدر سابق، ص ١٧٧.

له ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨ و دوای دانوستان لەلایەن کۆمیتەی ناوەندیی هەردوو حزبەوە، هەردوو حزب پەیمانێکیان بە ناوی (پەیمانی هاریکاری) ئیمزا کرد، لە گرنگترین ئەو خاڵانەی لەبارەی کێشەی کوردەوە هاتوون ئەمانەن:

١. پێویستە ئەو پەیمانانە هەڵبوەشێنرێتەوە کە مۆرکێکی ئیمپریالییان هەیە و دەرچوونی عێراق لە ناوچەی ئیستەرلینی و بەستنی هاوپەیمانی لەپێناو پاڵنانی چەرخی ڕزگاریخوازی عەرەب بۆ پێشەوە.
٢. دانان بە مافی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسدا، هەروەها عێراق هیی کورد و عەرەبە و پێویستە دەقێک لەسەر ئەم هاوبەشییە هەبێت.
٣. کوردستانی عێراق بەو پێیەی هەرێمێکە، پێویستە لەلایەن کوردەوە بەڕێوە ببرێت لەگەڵ پاراستنی مافە یەکسانەکان بۆ کەمینەکانی تر لەوانە تورکمان و ئاشورییەکان.
٤. سەربەخۆیی هەردوولا لە ئازادیی کار و چالاکیدا، هەریەکە لە بواری ئایدۆلۆژیای خۆیدا لە فراوانکردنی ڕێکخراوەکانیدا و گەشەپێدانیان، لەپاڵ مافی هەردوولا لە ڕەخنەگرتن بە گیانێکی برایەتی و پشتبەستن بە لێبوردەیی و نەرمی نواندن لە چارەسەری ناکۆکییەکاندا.
٥. ئەنجوومەنێکی باڵا سەرپەرشتی چالاکییە هاوبەشەکانی هەردوولا و لایەنە هاوکارەکانی تر دەکات، چەند لێژنەیەکیشی تێیدا هەڵدەبژێرێن بۆ نوێنەرایەتیکردنی کەمینەکان[١].

لەم پەیمانەوە دەردەکەوێت، دانوستانکاران بەتەواوی پشتیان بە بنەمای سازشکردن بۆ یەکتر بەستووە. کەچی دواتر سەرکردایەتی حزبی شیوعی پاشگەزبوونەوە و ڕەتیان کردەوە ئیمزا لەسەر ڕەشنووسەکە بکەن و سووربوون لەسەر لابردنی ئەو ڕستەیەی تایبەت بوو بە مافی کورد لە (دیاریکردنی چارەنووس)دا و سڕینەوەی ڕستەی (کوردستانی عێراق وەک هەرێمێک)، پارتی بە بۆچوونی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی قایل بوو، لەلایەن دانوستانکارە سەرەکییەکانەوە ئیمزا لەسەر ڕەشنووسە هەموارکراوەکە کرا، یەکەم بەیاننامەی لە ٥ی شوباتی ١٩٥٩دا دەرکرد، کە تێیدا هاتووە:

"ئەی ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلی کوردستان، ئەی تێکۆشەران لە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشگێڕە سەربەخۆکان، یەکێتیەکەتان پتەوتر بکەن، هێزەکانتان ڕێک بخەنەوە و، لە هەموو شوێنێک دەستپێشخەریی پێکهێنانی لێژنەی هاوکاری بکەن، هیچ بوارێک بۆ جیابوونەوە و هاتنەناوەی دوژمن بۆ ڕیزەکانتان مەهێڵنەوە، دەست لەناو دەستی یەکتر بنێن، لە بەرامبەر ناپاک و دوژمنانی گەلدا بوەستنەوە"[٢]. کاتێک ململانێی قاسم و عەبدولسەلام عارف لە سەر دەسەڵات پەرەی

(١) میشان عارف بادی، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص ١٤٢.
(٢) سعاد خيري، من تاريخ الحركة الثورية في العراق، مصدر سابق، ص ١٨٠.

سەند، ئەو ململانێیەی کە لە سەر باسی پەیوەندی لەگەڵ کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو (میسر و سوریا)[١]، دەستی پێکرد، لەسەر بەرەی یەکێتی نیشتمانی، کە دوای هەموارکردنەوەی پێکهاتەکەی لە ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨ پارتی بوو بە ئەندام تێیدا ڕەنگی دایەوە[٢]. پارتی لەپاڵ حزبی شیوعی عێراق و حزبی نیشتمانی دیموکراتدا، لە پشتگیریکردنی قاسمدا کە لەگەڵ یەکێتی فیدراڵیدا بوو وەستا، لە کاتێکدا هێزە نەژادپەرستەکان لە سەرووی هەمووشیانەوە حزبی بەعس و حزبی ئیستیقلال لە پاڵ عەبدولسەلام عارفی نەیاریدا وەستانەوە.

حزبی شیوعی ستایشی ڕۆڵی مەلا مستەفا و کوردی لە دامرکاندنەوەی یاخیبووانی شەوافدا لە موسڵ کرد و گوتی: "بوونی بارزانیی شۆڕشگێڕ لە کاتی ڕوودانی یاخیبوونی یاخیبووە ناپاکەکان لە کوردستان، واتە دەستەی شەواف، کاریگەرییەکی گەورەی لە بەرگری کردنی کوردەکان بۆ هاوکاری لە دامرکاندنەوەی یاخیبووەکاندا بینی"[٣].

ئەم دۆستایەتییە گیانی بەگیانییەیش دوای گەڕانەوەی هەمزە عەبدوڵا بۆ سکرتاریەتیی پارتی و پێکهێنانەوەی مەکتەبی سیاسی نوێ و لەخۆگرتنی ساڵح حەیدەری، حەمید عوسمان و خەسرەو تۆفیقەوە هات[٤].

پارتی بە تەواوی هێز و پێکهاتەی سەرکردایەتیە نوێیەکەیەوە پشتی حزبی شیوعی عێراقی گرت، لەگەڵ حزبی شیوعی و باڵی چەپی حزبی نیشتمانی دیموکرات و ژمارەیەک لە سەندیکا پیشەوەرییەکان، لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٥٩، پەیماننامەی (بەرەی یەکێتی نیشتمان)یان ئیمزا کرد، قاسم خۆی لە بەرامبەر نەیارێکی نوێی کتوپڕدا بینیەوە، کە لە کۆمەڵێک هێزی سیاسی و ڕێکخراوی ژێردەستی شیوعی پێکهاتبوو، بۆیە نارازیبوونی خۆی لە بەرەکە ڕاگەیاند[٥].

دوای ڕووداوەکانی کەرکووکی ١٩٥٩، حکوومەتی قاسم دەستی کرد بە دوورکەوتنەوە لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی گۆڕانکاریی پەرەپێدان، لەوانە پێدانی خۆبەڕێوەبردنی ناوخۆیی بە کورد، تا دەهات ئاسۆکانی پێدانی حوکمی خۆبەڕێوبەری بە کورد متمانەیان لەدەست دەدا، لەبەر ئەوەی وابەستەیی ئەندامێتی بە چارەنووسی هاوبەشی بزووتنەوە دیموکراسییەکانی هەموو وڵاتەوە هەبوو. لە بەڵگەنامەیەکی بەرنامەی حزبی شیوعی عێراقدا لەبارەی کێشەی کورد ئاماژە بەوە کراوە: "دۆزی میللەتی کورد وابەستەییەکی ئەندامێتیی بە کێشەی دیموکراسیی گەلی عێراقەوە هەیە، پەیوەندیی ئەندامێتیی

---

(١) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٣٨.

(٢) عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق، مصدر سابق، ص ٢٢.

(٣) صحيفة اتحاد الشعب، بغداد ١٩٥٩/٣/١٨.

(٤) حبيب محمد كريم، صفحات من نضال الشعب الكردي، مصدر سابق، ص ٨.

(٥) اوريل دان، العراق في عهد قاسم، مصدر سابق.

نێوان هەردوو کێشەکە لە دەوڵەتێکی وەک عێراقدا پتەوە، بە شێوەیەک ناکرێت کێشەیەکیان بە پەراوێزخستنی ئەوی تر چارەسەر بکرێت، چونکە کارەسات و کۆستی گەلی کورد بەشێکە لە کارەساتی هەموو عێراق".

پاش ئاڵۆزبوونی پەیوەندیی نێوان قاسم و شیوعیەکان دوای ڕووداوەکانی کەرکووک، حزبی شیوعی سەرزەنشتی پارتی کرد، گوایە، کاتێک قاسم دوای ساڵی ١٩٥٩ نکوڵی لە شیوعیەکان کرد، پارتی پشتگیریی شیوعیەکانی نەکردووە و چووەتە پاڵ قاسم، حزبی شیوعی بیری کورد دەهێنێتەوە کە خەریک بووە حزب لەو کاتەدا بپێتە تاکە حزب لەو حزبانەی کە هەر لە زووەوە هەڵوێستی پشتگیریان لە دۆزی کورد و بەرزکردنەوەی درووشمی مافی چارەنووس لە دەیەی سییەکانەوە بەرز کردبووەوە. جاسم حەلوائی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی لە پەرتوکەکەیدا "چەند وێستگەیەک لە مێژووی حزبی شیوعی عێراق" ئاماژە بەمانەی خوارەوە دەکات:

کاتێک قاسم دەستی کرد بە سیاسەتی تەنگپێهەڵچنین بۆ سەر حزبی شیوعی، هەندێک کەس لە پەنای پارتیدا هەمان ئەو هەڵوێستەی هەندێک لەلایەنە بۆرژوازییە دیموکراتە عەرەبەکانیان هەبوو، بەتایبەت پاش ئەوەی پارتی مۆڵەتی یاسایی کارکردنی پێدرا، ڕۆژنامەکەشیان خەبات پشتگیریی قاسمی کرد دژ بە شیوعیەکان[1]. دوای دوور خستنەوەی هەمزە عەبدوڵا و گەڕانەوەی ئیبراهیم ئەحمەد لە کۆنگرەی چوار لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ بۆ سکرتاریەتیی پارتی، پەیوەندیی هەردوو حزب دووچاری پچڕان بووەوە. لە ئەنجامی ئەوەیشدا بەربەرەکانی حزبی شیوعی و پارتی دیموکرات، کە کوردستانی عێراقی یەکخستبوو زیاتر پەرەی سەند، تا ئەوەی مەلا مستەفا ژمارەیەک سکاڵای لەبارەی پێشێلکاری شیوعیەکان لە باکوور بۆ قاسم نارد، قاسمیش دەستی کرد بە بەکارهێنانی سکاڵاکانی بارزانی بۆ بەرژەوەندییە دوژمنکارییەکەی دژ بە شیوعیەکان، کە پاش ئەوەی حزبی شیوعی لە یەکی ئایاری ١٩٥٩ داوای بەشداریکردنی لە حوکمڕانیدا کرد، ئەو هەڵمەتانە دەستیان پێکردبوو[2]، پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ حزبی شیوعی، بە هۆی هەوڵی حزبی شیوعی بۆ کردنی پارتی بە ڕووکەشی خۆی و وەستانەوەی لە هەندێک هەڵوێستیدا دژ بە نەتەوەیی کورد بە ئاڵۆزی مانەوە[3]، پاشتریش ڕێکارەکانی بارزانی بەرامبەر شیوعیەکان پشتگیریی تەواوی خێڵەکانی بەدەستهێنا.

---

(1) http ://www.sotaliraq.com/mobileitem.php?id115720

(2) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٥٢ ـ ٥٣.

(3) صالح حيدري، مذكرات ومحات من تاريخ الحركة الوطنية القومية في كردستان العراق ١٩٤٤ ـــ ١٩٦٣، ج١ مخطوط، ص ٨١.

هەمفری ترێڤلیان، باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا، دوای ئەوەی لە بارەگای خۆی بە بۆنەی دامەزراندنی پارتیەوە بە شێوەیەکی ڕەسمی لە ٢١ی شوباتی ١٩٦٠، چاوی بە مەلا مستەفا کەوت[١]، دەڵێت: مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەدی برای لە دیدارەکەدا پێیان گوتم هەموو کورد، یان زۆربەیان شیوعیان پێ باشترە، لە شیکردنەوەی ئەوەیشدا مەلا مستەفا گوتی:

١. کاتێک پێشنیاری دۆستایەتییان بۆ کرا بەکردەوە دانیان پێدا نا.

٢. نقومبوو دەست بۆ چڵەپوشێک دەبات".

لەگەڵ ساردوسڕیی پەیوەندییەکانیشدا، حزبی شیوعی هەر بە هاوسۆزی بۆ کێشەکانی کورد مایەوە، کە جارێکیان قاسم سەرنجی لەسەر وشەی کورد دەربڕی گوایە واتای نەتەوەیی هەڵناگیرێت و کوردستان ناوێکە داگیرکەر دایهێناوە[٢]، بۆ پشتگیرکردنی ئەوەیش، زنجیرەیەک گوتار لە ئابی ١٩٦٠ و شوباتی ١٩٦١ لە ڕۆژنامەی بغداد و الثورة دەرچوون، کە تێڕوانینەکانی حکوومەتیان بەرجەستە دەکرد و ڕاشکاوانە داوایان دەکرد گەلی کورد پاکتاو بکرێت و دان بە مافەکانیدا نەنرێت[٣].

زەکی خەیری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی لە گوتارێکیدا پێی وایە[٤]، بانگەشەی تواندنەوەی نەتەوەکان، بانگەشەیەکی نازییانەیە و ئامانجی تێکدانی ڕیزەکانی گەلە بە کورد و عەرەب و هەموو کەمینەکانەوە، کاری ئەم بانگەشانەیش تەنیا زیانگەیاندنە بە خەباتی هاوبەش و سەربەخۆیی نیشتمانی وڵات. دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا لە مۆسکۆ لە ٣ی کانونی دووەمی ١٩٦١، لە میانەی بەشداریکردنیدا لە ئاهەنگەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ زەکی خەیری کرد، کە ئەوکات کارەکانی سکرتێری یەکەمی حزبی شیوعی بەڕێوە دەبرد، زەکی لەبارەی ئەم دیدارەوە دەڵێت: "مەلا مستەفا خۆی دوای گەڕانەوەی لە مۆسکۆ داوای دیداری لەگەڵ من کردبوو، لەگەڵ عەزیز محەمەد چووم بۆ ماڵی نوری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی، کاتێک لە هۆڵەکەدا چاوەڕێ بووین، مەلا مستەفا دوای هاتنەژوورەوەی داوای لە هەمووان کرد ژوورەکە بەجێبهێڵن تا بە تەنیا بمێنینەوە، دەستی بە وتووێژ کرد لەگەڵم، دەیویست بزانێت ئاخۆ حزبی شیوعی چی دەکات ئەگەر کارەکان لە نێوان کورد و عەبدولکەریم قاسمدا گەیشتنە شەڕی چەکداری؟ منیش وەک ڕەوشتی ئاشکرای خۆم لە قسەکردندا ڕوونم کردەوە حزبەکەمان دژی هەر پێکدادانی چەکدارییە لەگەڵ حکوومەتی قاسمدا، بەڵام ئێمە پشتگیریی هەموو مافە نەتەوەیی و هەرێمییە ڕەواکانی گەلی کورد دەکەین و لەگەڵ خەباتی

---

(١)FO371/149668،British Embassy Baghdad February 23،1960 to fo

(٢) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٥٦.

(٣) عبدالفتاح علي يحيى، مصدر سابق، ص ٣١.

(٤) زەکی خەیری لە ١٩١١ لە بغداد لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە بەشداریی چالاکیی سیاسیی کردووە، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی حزبی شیوعیی عێراق و بووە بە یەکەم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزب، لە نیسانی ١٩٩٥ کۆچی دوایی کردووە.

جەماوەری ئاشتییانەین بۆ بەدیهێنانی خەباتی جەماوەری بێچەک لەسەر بنچینەی بەرەیەکی نیشتمانی لە توانایدا بێت داواکارییە گرنگەکان لە چوارچێوەی دیموکراتی و لە نێوانیشیاندا حوکمی زاتی بۆ کوردستان لە حکوومەتەکەی قاسم وەربگرێت"[1].

دوای تێکچوونی پەیوەندی نێوان کورد و قاسم، شیوعیەکان ناوبەناو داوای چارەسەری ئاشتییانەیان دەکرد، لە ٣٠ی ئایاری ١٩٦١ حزبی شیوعی عێراق لەبارەی ناوچە کوردییەکان بەیاننامەیەکی دەرکرد، کە تێیدا هاتووە: "ڕووداوەکانی تیرۆرکردن و دەستدرێژی و دانانی تەقەمەنی لەلایەن باند و دەستەکانی ئاسایش بە شێوەیەکی ئاشکرا و ئیستفزازی دەرەبەگەکان، لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا گەیشتووەتە قۆناغێکی نوێ و بە تەواوی هەڕەشە لە نانەوەی کێشە و ئاژاوە و جەنگ لە نێوان ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە خۆشەویستەمان دەکات"[2].

بەیاننامەکە ئاماژەیشی بە چالاکیی بەکرێگیراوانی کورد دەکات هەروەک لە سلێمانی بە ناوی دامەزراندنی حکوومەتی کوردی ناوی دەبەن، کە ئێران و ئینگیلتەرا و وڵاتە یەکگرتووەکان لە پشتیانەوە بوون و دژایەتیکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، هەوڵی پشتگیری دەرەبەگەکانی بۆ فراوانکردنی گورزەکانیان لە هاونیشتمانیانی بارزانی، پاشان دەستوەردانی دەسەڵاتی چەکداریی حکوومەت. لە ٢٢ی ئابی ١٩٦١دا، حزب بەیاننامەیەکی تری دەرکرد، تێیدا ئامادەکاری و جوڵانی سەربازیی دژ بە بارزانییەکان شەرمەزار کرد و هۆشداریی لەم جۆرە سیاسەتانەدا، بە جۆرێ تێیدا هاتووە: "داگیرکارانی ئینگلیز، ئەمریکا، کۆمپانیای نەوتییەکانیان و پشتیوانیان لەگەڵ فەرمانڕەوایانی ئێران و تورکیا بە پشتبەستن بە کرێگیراوانی ناوخۆ، هەوڵە فراوانەکانیان بۆ قۆستنەوەی ئەم بارودۆخە خستووەتە گەڕ".

بەر لە بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلول بە دوو هەفتە یان کەمتر، ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی بە ئاگاداریی مەلا مستەفا داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرکردایەتی حزبی شیوعی کرد، بۆ وەستانەوەیان بەرامبەر هەڵگرتنی چەک دژی حکوومەتی قاسم، حزبی شیوعی زۆر بە توندی لە دژی ئەوە وەستایەوە. کۆمیتەی لقی کوردستانی حزبی شیوعی کە محەمەد حوسێن ئەبولعەیس سەرۆکایەتی دەکرد، لە بنەڕەتەوە دژی بزووتنەوەی چەکداریی کوردی وەستایەوە، کاتێک فڕۆکە عێراقییەکان گوندی بارزانیان بۆردومان کرد، حزبی شیوعی بەیاننامەیەکی ناڕەزایی دژ بە حکوومەت دەرکرد[3].

لە کاتێکدا لقەکەی کوردستانی لە کۆتاییەکانی تشرینی یەکەمدا بەیاننامەیەکی دەرکرد، تێیدا هێرشی کردە سەر شۆڕش و ئەنجامدەرانی بە کۆمەڵێک لە تێکدەر و دەرەبەگ و هەلپەرست ناو برد، گوایە ئەوان

---

(1) زکی خیري، صدى السنين في ذاكرة شيوعي عراقي مخضرم، ستوكهولم، ١٩٩٤، ص ٢٢٩.
(2) عزيز الحاج، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ٤١.
(3) زكي خيري، صدى السنين، مصدر سابق، ص ٢٣٠.

دژ به حکوومەتێکی نیشتمانی نەیاری داگیرکەر وەستاونەتەوە[١]. شیوعیەکان هێشتا بروایان وابوو حوکمی قاسم لە بنچینەدا نیشتمانییە و تۆمەتەکانی پارتی دژ بە قاسمیان ڕەت کردەوە، پێیان وابوو قاسم بەرپرس نییە لەو جەنگانەی لە کوردستان ڕوو دەدەن، بە مەرجێک حزبی شیوعی پێشتر هەمیشە سەرکۆنەی قاسمی دەکرد بە دەستپێکردن بە شەڕ و ڕانەگرتنی[٢].

کاتێک شۆڕشی ئەیلوول دەستی پێکرد، حزبی شیوعی خۆی لە دۆخێکی شلۆقدا بینییەوە، کەوتە نێوان دوو بەرداشەوە، نەیدەتوانی لەگەڵ هیچ لایەکیاندا بوەستێت، وای بۆ دەچوو شۆڕشی کورد دەبێتە هۆی لاوازکردنی هەوڵە کۆمەڵەییەکان (دژ بە ئیمپریالیزم) لەلایەکی تریشەوە، ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لە نێوان کورد و بزووتنەوەی شیوعیەکان هەبوو، بە شێوەیەک بوو ڕێگەی نەدەدا هەڵوێستێکی خراپ وەربگرێت. لە پێناو دۆزینەوەی دەریچەیەکدا بۆ ئەم تەنگوچەڵەمەیە و لە ترسی لەناوچوونی لقەکەی لە کوردستان و، لە بەرامبەر تورەیی کورد و پشتیوانانی ڕەهایان لە شۆڕشدا[٣]، لەپێناو ئەوەیشدا، دوای ئاشکرابوونی ئامانجەکانی شۆڕش حزبی شیوعی عێراق چارەسەرێکی ناوەندیی بڵاوکردەوە، ئیدی پروپاگەندەی شیوعیەکان ئەوەی هێزەکانی حکوومەتی عێراقی بە توندی دژ بە "گوندنشینە بێتاوانەکان"(٤)، ئەنجامی دەدان بەکاری بەربەری دانا[٥]، هەروەها داوای لە حکوومەت کرد دەستپێشخەر بێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتییانە، تێیدا مافە نەتەوەییەکانی کورد لەسەر بنچینەی یەکێتی عێراق لەخۆ بگرێت، لە ئەدەبیاتیشدا ئەوەی بڵاودەکردەوە، کە هەریەکە لە قاسم و نەتەوەییە کوردەکان تا ڕادەیەک نیشتمانپەروەرن، ئەم ململانێ درێژەیش جگە لە لاوازکردنی ئەم دوو هێزە نیشتمانپەروەرە و بەهێزکردنی دوژمنی هاوبەش نابێتە هۆی هیچی تر، ئەم هەڵوێستەی حزبی شیوعی بەلای حکوومەتەوە ئەرێنی بوو، دیارە شیوعیەکان هێشتا پێیان وابوو مانەوەی قاسم لە حوکمدا، تاکە ئومێدیانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان[٦].

شیوعیەکان کۆک بوون لەسەر ئەو ڕێککەوتنانەی داوای ئاشتی دەکرد لە کوردستان، لە تشرینی دووەمی ١٩٦١دا، کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی کۆبوونەوەیەکی بەست و تێیدا بارودۆخی کوردستان تاوتوێ کرا، لە ئاکامدا هەڵوێستێکی تر لەسەر دۆزی کورد تۆمار کرا:

"حزبی شیوعی دان بە گەلی کورددا لە عێراق لە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسیندا دەنێت، بە مافی جیابوونەوە و یەکگرتنیشەوە لەگەڵ بەشەکانی تری کوردستاندا گەر هاتوو ڕزگار کران، هەرکاتێ

---

(١) میفان عارف بادي، الحركة القومية الكردية المحررية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص ١٤٤.

(٢) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٦٥.

(٣) سمير عبدالكريم، مصدر سابق، ص ٢٣٦.

(٤) سعاد خيري، من تاريخ الحركة. مصدر سابق، ص ١٨٤.

(٥) الحزب الشيوعي العراقي، الانهيار، نيقوسيا، ١٩٨٥، ص ٨٥.

(٦) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٦٥.

ئەم جیابوونەوە ڕوویدا ئەوە یەکێتیەکە خزمەتی چینی کارکەر دەکات و بەرژەوەندیی گەلی کورد، لەگەڵ بەرژەوەندیی جیهانی و خەباتی هاوبەشە دژی داگیرکەر. لە ڕوانگەی ئەم چەمکەیشەوە حزبەکەمان لە ئێستا و لەم قۆناغەدا کار بۆ جیابوونەوەی کوردستان ناکات، بە پێچەوانەوە ئەو گەلی کورد بەئاگا دێنێتەوە تا بە گیانێکی یەکێتیەوە لەگەڵ گەلی عەرەب و نەتەوەکانی تری عێراق بەیەکەوە کار بکەن"[1]. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦١دا، جەمال حەیدەری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی توێژینەوەیەکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان پێشکەش کرد. توێژینەوەکە هەڵوێستی حزبی شیوعی هەر لە دامەزراندنیەوە تایبەت بە مافە نەتەوەییەکانی کوردی لەخۆ گرتبوو، حەیدەری بە توندی هێرشی کردە سەر بۆرژوازی عەرەبی کە دان بە ناوی کوردستاندا نانێت و بەم هەرێمە دەڵێن "باکووری عێراق"، هەروەها ڕەخنەی لە سیاسەتی قاسم گرت بەوەی پشتگیریی بانگەشەکان دەکات بۆ پاکتاوکردنی کورد، لەسەرووی هەموشیانەوە ئەوەی پێی وایە بنچینەی کورد عەرەبە[2]. حەیدەری هەڵوێستی حزبی بەرامبەر بە دۆزی کورد بەم شێوەیەی خوارەوە کورت کردەوە: "گەلی کورد لە عێراقدا بەشێکی دانەبڕاوە لە میللەتی کورد، ئەوە داگیرکەرە کوردستانی جیا کردۆتەوە و بەبێ دروستکرنی دەوڵەتی کوردی، پێویستە جەماوەری عەرەبی لە عێراق و دەرەوەی عێراقیش هۆشیار بکەینەوە بە گیانێکی میللییانە و گیانی برایەتی لەگەڵ گەلی کورددا ڕەوتار بکەن و، کار بکەین بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق، بە گوێرەی یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە لەسەر بنچینەی خەباتی هاوبەش و برایەتی. ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت چارەسەرێکی ڕیشەیی نییە بۆ کێشەی نەتەوەیی کورد و ناکرێت ببێتە جێگرەوە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلی کورد"[3].

دوای تێکچوونی پەیوەندیی نێوان قاسم و شیوعیەکان، ئێستگە نهێنیەکانی حزبی شیوعی دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە بۆ شۆڕشی کوردی، هەروەها هەواڵی سەرکەوتنەکانی کوردی بەسەر هێزەکانی حکوومەتدا بڵاو دەکردەوە. سەلام عادل، سکرتێری حزبی شیوعی عێراق بانگەوازێکی بەپەلەی بۆ سەرجەم پارتە شیوعیەکانی جیهان نارد و تێیدا داوای پشتگیری بەهێزی لەگەڵ گەلی کورد لێ کردن لە خەباتیان لەپێناو مافە نەتەوەییە ڕەواکانیاندا[4]. حزبی شیوعی هەڵمەتێکی بانگەشەی فراوانی لەژێر

---

([1]) الحزب الشيوعي العراقي، سياستنا وطريقنا لحل المسألة القومية الكردية في العراق حلا ديمقراطيا عادلا، بغداد، مطبعة الشعب، ص ٤٧ ـ ٥٠.

([2]) جمال الحيدري، الشيوعيون طليعة النضال لحل قضية كردستان، مصدر سابق، ص ٤٥.

([3]) المصدر نفسه؛ بهاء الدين نوري، مذكرات، مصدر سابق، ص ٢٢١.

([4]) اوريل دان، مصدر سابق، ص ٤٣٤؛ هەروەها بڕوانە نامەکەی سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی (سەلام عادل) بۆ حزبە شیوعییەکانی تر لەبارەی هەستیاریی دۆخی کوردستان :ليث عبدالحسين زبيدي، ثورة ١٤ تموز، مصدر سابق، ص ٢٥٩.

ناونیشانی چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراسییانە بۆ کێشەی کورد ڕێکخست و لەم ئاراستەیەشدا خۆپیشاندانی زۆری ساز کرد.

سیاسەتی حزبی شیوعی هەر بە دەستگرتن بە سیاسەتی (خەبات و پشتگیری) بەرامبەر (بۆرژوازی نیشتمانی) و حکوومەتەکەی (واتە حکوومەتی قاسم) مایەوە، ئەمەیش دەنگدانەوەی هەڵوێستی یەکێتی سۆڤێت و بزووتنەوە شیوعیە جیهانییەکان بوو، کە هەڵوێستی جیاکردنەوەی هەردوو سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەیان بۆ حکوومەتە نیشتمانیەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا داهێنا.

لە ساڵی ١٩٦٢، مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی بۆ تاوتوێکردنی کێشەی کورد لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەزمونە تاڵ و خەباتە چەکدارییەدا کۆبووەوە، زەکی خەیری ڕاپۆرتێکی تیروتەسەلی بۆ مەکتەبی سیاسی پێشنبار کرد و یوختی کردەوە کە: "شەڕی ناوخۆ لە کوردستان ئەنجامێکی خراپی گۆنایهێنانی باروذۆخی دیموکراسی شۆڕشگێرییە، کە لە ساڵی یەکەمی شۆڕشی ١٤ی تەموزەوە بەسەر عێراقدا زاڵە، هەروەها گۆنایهاتی باروذۆخی شۆڕش بە دیکتاتۆرییەکی تایبەتی سەربازی لە جێی ڕژێمێکی دیموکراسی، گەلی کورد لە سایەیدا مافی نەتەوەیی و هەرێمیی هەبێت، ئەوەیە کە کێشە تایبەتەکەی دوور لە کێشە هاوبەشەکە ورووژاندووە، دوای ئەوەی نەتەوەپەروەرانی کورد ڕەتیان کردەوە هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی شیوعی ببەستن بۆ گۆنایهێنانی بەم ماوە کەم وێنەیە"[1].

دوای ناکۆکی لە تێڕوانینی نێوان زەکی خەیری و جەمال حەیدەریدا، حزب توانی بگاتە ئەنجامی ڕاپۆرتێکی هاوبەش کە بۆچوونەکانی حەیدەری بە شێوەیەکی کەم لەخۆ گرت، داڕشتنی زەکی خەیری، خۆی لە چارەسەرکردنی دۆزی کورد لەسەر بنچینەی حوکمی زاتی هەرێمیدا دەبینیەوە[2]، بە ئەنجوومەنێکی یاسادانانی هەڵبژێردراو لە گەلەوە و ئەنجوومەنێکی جێبەجێکار لە خۆیان، ڕاپۆرتەکە لە ئاداری ١٩٦٢دا لە بەردەم کۆمیتەی ناوەندیدا خرایەڕوو. حزب لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانینەکانی خەیریدا بەرنامەکانی خۆی بۆ چارەسەری دۆزی کورد بەو پێیەی بەشێکە و جیانابێتەوە لە دۆزی دیموکراسی لە عێراق دەرکرد و ناوی لێ نا "سیاسەت و هەنگاوەکانمان لە چارەسەرکردنێکی دیموکراسییانە و دادپەروەرانە بۆ کێشەی نەتەوەیی کورد لە عێراق"[3].

کارنامەکەی حزب ئەو لایەنە مێژوویی و تیۆرییانەی کە تایبەت بوون بە گەشە و پێشکەوتنی دۆزی کورد لە عێراق لەخۆ گرتبوو، هەروەها سەرجەم هەڵوێستەکانی حزبی لەمەڕ دۆزی کوردەوە تێیدا بوو[4]،

---

(١) زكي خيري، مصدر سابق، ص ٢٣٠.

(٢) دانا آدمز، مصدر سابق، ص ١٢.

(٣) محمد كاظم علي، العراق في عهد عبدالكريم قاسم، دراسة مع القوى السياسية والصراع الايديولوجي ١٩٥٨ ـــ ١٩٦٣، بغداد، مكتب اليقظة العربية ١٩٨٩، ص ٢٠٦.

(٤) ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١١١.

کارنامەکە پشتی بە بنەماکەی مارکس لە ئازادیی دیاریکردنی چارەنووسدا بەستبوو، واتە سەربەخۆیی وەک دەوڵەتێک و دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی[١]، هەروەها ئەم هەڵوێستە تۆمار کرا:

"کۆمیتەی ناوەندی پێی وایە چارەسەری ڕیشەیی دۆزی نەتەوەیی کورد لەسەر دەستی چینی کرێکار نەبێت نایەتە دی، پێشی وایە کێشەکەی وەرگرتنی مافە نەتەوەوییە ڕەواکانی گەلی کورد، لە نێوانیشیاندا قەوارەیەکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی یەکپارچەیی عێراقدا، بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی تاکڕەوی و چەسپاندنی پایەکانی حوکمڕانی لەسەر بنچینەی دیموکراسیی نیشتمانی نەبێت نایەتە دی"[٢].

لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٢دا، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد پێشنیارێکی پێشکەش بە حزبی شیوعی عێراق کرد بۆ کارکردنی پێکەوەیی دژ بە قاسم و پێی گوتن ئەگەر هێزەکانمان یەک بخەین ئەوا دەتوانین دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرین، بەڵام شیوعیەکان پێیان وانەبوو یەکگرتنێکی لەم چەشنە پاوانی هێز لە بەرژەوەندیی ئەوان لاسەنگ دەکات و، پێشنیارەکەیان ڕەت کردەوە.

سەرباری ئەو خاڵە نەرێنییە زۆرانەی کە لە پەیوەندییەکانی حزبی شیوعی و پارتیدا لەبارەی دۆزی کورد هەبوون و، سەرەڕای ئەو ململانێ فیکریەی نێوانیان، حزبی شیوعی لە زۆرێک لە پارتەکانی تری عێراق هەر بە نزیکی لە پارتی و گەلی کورد مایەوە و لە هێزە عەرەبییەکانی تر زیاتر شارەزای بارودۆخی کوردستان بوو[٣].

حزبی شیوعی بەردەوام بوو لە بەرهەڵستیکردنی شەڕ لە کوردستان، هەڵمەتێکی فراوانی هەمەچەشن و شێوازی لە ساڵی ١٩٦٢ ڕێکخست، هەروەها هەڵمەتێکی ئیمزا کۆکردنەوەی لەسەر ئەو یاداشتەی داوای ڕاگرتنی کارە سەربازییەکان دەکات، ڕێکخست[٤] و زیاد لە ١٠٠٠ کەسایەتیی نیشتمانی و دیموکراسی بەشدارییان تێدا کرد[٥]، بۆ ئیمزاکردن لەسەر یاداشتێکی هاوشێوە و لە ئەنجامی ئەوەیشدا نزیکەی ١٢٠ هەزار ئیمزای کۆ کردەوە[٦]. شاندی نەتەوەیی ئەم ئیمزایانەی گەیاندە لایەنی بەرپرس لە حکوومەتی قاسمدا[٧]. بە هەمان شێوە شیوعیەکان کەژاوەکانی حوسەینییەیان لە یادی شەهیدکردنی ئیمام حوسێندا

---

(١)http :www.gilgamish.orgviwarticle.php?id=stdies2009 ـ 11222788

(٢) ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی عێراق (سیاسـتنا وطريقتنا لحل المسـألة لكردية في العراق حلا ديمقراطيا عادلا)، بغداد، ١٩٦٣.

(٣) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ٩٨.

(٤) جريدة الثورة، العددان (٩٣٠ ـ ٩٣١) في ٢٧ ـ ٢٨ حزيران ١٩٦٢.

(٥) فایلی (١٦٢٥) ناونیشـان سـەنیە داود جەباری، ئەنجومەنی دووەمی عورفی، ١٩٦٢/٤/٢، بەیاننامەکە بە ناونیشـانی (دەسـپێکردنەوەی هێرشـی سـەربازی بۆسـەر کوردسـتان یەکێتیی کۆمار دەخاتە مەترسـییەوە، بلاوکراوەتەوە، ١٩٦٢/٤/٢٢ بڵاوکراوەکە بە ناونیشانی "ئاشتی لە کوردستان" پەخش کراوە.

(٦) عزيز سباهي، عقود من تاريخ حزب الشيوعي العراقي، مصدر سابق، ص ٥١٢.

(٧) جريدة البلاد، العددان ٦٤٠٨ ـ ٦٤٠٩، في ٧ و ٨ مارس ١٩٦٢.

قۆستەوە و دروشمیان دژ بەم جەنگە بەرزکردەوە، لەو دروشمانە: سوپای باشور بە هێزی خۆی لە باکوور دەدات ـ کوا دادپەروەری؟

لەجیاتی پێشوازیکردنی حکوومەت لەم جۆرە شاندانە، بە شێوازی سەرکوتکردن پێشوازیی لێ کردن(١)، هەروەها حزب ژمارەیەک خۆپیشاندان و مانگرتنی لە بەغدا و شارەکانی کوردستان ڕێکخست، بەڵام قاسم لە هەڵوێستی دژایەتیکردنی بۆ چارەسەری دۆزی کورد بە شێوەیەکی فەرمی بەردەوام بوو[٢].

لە ڕاستیدا دروشمی "ئاشتیی لە کوردستاندا" کە حزبی شیوعی بەرامبەر بزاوتی نەتەوەیی کورد بەرزی کردبووەوە، شڵەژان و بەربەستی بۆ کوردە پێشکەوتنخوازەکان و لە ناویشیاندا بە تایبەت شیوعیەکان دروست کردبوو. بزووتنەوەی چەکداریی کورد بەپەرچی ئەو ڕێوشوێنە تاکلایەنە و سەرکوتکردنەی دژ بە گەلی کورد و هێزە پێشکەوتنخوازەکەیان دایەوە، کە خۆی لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەبینییەوە، کە لەلایەن دەزگاکانی دەسەڵاتەوە گیرابوونە بەر، بەرهەڵستی دژی ئەو ڕێوشوێنانە کارێکی سرووشتییە، بزووتنەوەکە گوزارشتی لە ئاراستەی دیموکراسی لای کورد کرد. دڵ و هۆشی سەرجەم شیوعیەکان تا ڕادەیەک هاوسۆزییەکی قوڵیان لەگەڵ بزووتنەوەی کوردا هەبوو، بەڵام لەجیاتی ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشکرا، حزبی شیوعی پشتگیری خۆیان بۆ بزووتنەوەی کوردی ڕابگەیەنن، دروشمی "ئاشتیی لە کوردستان"یان بەرز کردبووەوە، بۆ هێشتنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ قاسمدا و تووڕەنەکردنی.

لە هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ١٤ی تەموزدا، بەگوێرەی ئەدەبیاتی حزبی شیوعی، پەیوەندیی بەهێزی ئەم حزبە و پارتی و نێوان قاسم، کەمتر لە ساڵێک نەبێت بەردەوام نەبوو، بە شێوەیەک ئەمەی دواییان دەستی بە هێرشی ڕێکخراو کرد دژ بە سۆسیالیزم و، پشتی لە بەڵێنەکانی لەبارەی پێدانی مافەکانی کورد کرد، ئەوەیش هۆکاری سەرەکی بوو بۆ گەڕانەوەی شەڕ لە باکووری عێراق و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١[٣].

دوای کەوتنی قاسم و دەسەڵات گرتنەدەستی بەعسیەکان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و، پشتگیریکردنی پارتی لێی، ئەو بروسکەیەی ساڵح یوسفیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی بۆ کودەتاچییەکانی نارد، تووڕەیی حزبی شیوعی لێکەوتەوە. لەبەرئەوەی کودەتاکەی بە شۆڕش ناوبردبوو، لە کاتێکدا هەڵمەتی پاکتاوکردن دژ بە شیوعیەکان دەستی پێکردبوو، بە شێوەیەک لە ماوەی دوو ڕۆژدا نزیکەی پێنج هەزار شیوعی لە بەغدا و پارێزگاکانی تر کوژران[٤]. هەروەک سەلام عادلی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی ڕەخنەی لە هاوکاری پارتی گرت بۆ ئەم ڕژێمە نوێیە، کە گوتی: "ئەم سیاسەتە بەڵگەیە لەسەر

---

(١) ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١٢١.

(٢) عزيز سباهي، عقود من تاريخ حزب الشيوعي العراقي، مصدر سابق، ص ٥١٣.

(٣) الحزب الشيوعي العراقي، برامج المؤتمر الوطني الرابع عام ١٩٧٠، بغداد، منشورات الحزب الشيوعي، ١٩٧٠، ص ٥٠٣.

(٤) عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى قائد الثورة، مصدر سابق، ص ٣١.

ئاسۆ تەنگیی نەتەوەیی و کورتبینی بۆرژوازی، ئەوان دژ بە دوژمنێکی دڕندەتر لە قاسم شەڕ دەکەن، خواستەکانی گەلی کورد، بەتەواوی دژی ئامانجەکانی کودەتاکەن"[١]. بە هۆی هەڵمەتی (پاکتاو و تیرۆرەوە) کە دەزگاکانی ئاسایش و حزب گرتیانەبەر، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزبی شیوعی ناچار بوون بۆ ڕزگارکردنی خۆیان پەنا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشی کورد لە کوردستان، ببەن[٢]، بەڵام ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی لە سەرووی هەمووشیانەوە ئیبراهیم ئەحمەد، ڕەتیانکردەوە لەخۆیان بگرن، بەڵکو دەستگیریان کردن و لە چەک داماڵران و ژمارەیەکیشی لێ کوشتن[٣]. شیوعیەکان باس لەوە دەکەن مەکتەبی سیاسی پارتی، بەوانەی پەیوەندییان بە شۆڕشی کوردییەوە کردووە، سیفەتی (پەنابەریان) داوەتە پاڵ لەگەڵ ئەوەی زۆرێک لەوان کورد بوون و لە دانیشتووانی کوردستان بوون، لەگەڵ ئەوەیشدا بە جۆرێک هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرا دوور لەو سیفەتەی پێیان دەوتن[٤].

بەڵام جەلال تاڵەبانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی دەڵێت: "لەو ڕۆژگارانەدا هاوڕێیەتیمان لەگەڵ حزبی شیوعیدا هەبوو، دەستمان بە گواستنەوەی ئەندامانی کرد لە ڕێگەی کوردستانەوە، من دوو سەیارەم هەبوو پشکنین نەدەکران، یەکیانم بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێنا، لەوانەی ڕزگارم کردن خوالێخۆشبوو سەلیم فەخری و موقەدەم سەعد مەتەر و چەند کەسێکی تر. ئەوەی بەعسییەکانی وەڕس کرد، لە یەکەم دیداری خۆم لەگەڵ عەلی سالح سەعدی، کە جۆرێک لە توندوتیژی لە نێوانماندا ڕوویدا، کە گوتی ئێوە شیوعیەکان پەنا دەدەن، بۆچوونی خۆمتم پێ گوت، کە بەکورتی ئێمە لەگەڵ قڕکردنی شیوعیەکاندا نیین"[٥].

مەسعود بارزانی لەبارەی پەیوەندی ئەو ماوەیە دەگێڕێتەوە کە:

"منیش لە نێوان زۆرێک لەوانەدا بووم گوێبیستی مامۆستا عەزیز محەمەد بووم کە باسی لە دیداری لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد لە ماوەت کرد، چۆن سوکایەتی و گاڵتەی پێکردووە و یارمەتیی نەداوە و بەشێوەیەک لە شێوەکان دەری کردووە و بە دڵشکاویی و ئاداری زۆرەوە گەڕاوەتەوە، بەڵام کاتێک بارزانی هێنایە لای خۆی و ڕێزی گرت و خۆی و ئەندامانی حزبەکەی پاراست و خزمەتی کردن، هەستکردن بە غەریبییەکەی نەما"[٦]. زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی وەک جەلال تاڵەبانی، نوری شاوەیس و عەلی عەبدوڵا پشتگیریان لەم هەڵوێستە کرد و، جەختیان لە داڵدەدانی شیوعیەکان و ڕزگارکردنیان لەو مەترسییەی تووشیان بووە کردەوە.

---

(١) ثمينه ناجي يوسف ونزار خالد، سلام عادل، سيره مناضل، ج٢، دمشق، ٢٠٠١، ص ٣٥٣.

(٢) س.ج. أدمونز، المشكلة الكردية، نقلا عن شيرزاد زكريا، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٨١.

(٣) عزيز الحاج، مع الأعوام، مصدر سابق، ص ١٤٩.

(٤) صالح حيدري، مذكرات، مصدر سابق.

(٥) سيف الدين دوري، علي صالح السعدي، مصدر سابق، ص ٣٢٠.

(٦) مسعود البارزاني، ج٣، مصدر سابق، ص ٨٨.

بەڵام شیوعیەکان ئەو ئەندامانەی مەکتەبی سیاسیی پارتی، کە ئامادە نەبوون پێشوازییان لێ بکەن، تۆمەتبار کرد بەوەی هەوڵی پیشاندانی بزووتنەوەی نەتەوەی کورد دەدەن بۆ دەرخستنی دوژمنایەتیان بۆ شیوعیەت، بۆ ڕاکێشانی سۆزی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا[1].

نەوشیروان مستەفا دەڵێت شیوعییەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی مەکتەبی سیاسی پارتیدا هەوڵی دروستکردنی سەربازگەی تایبەت بە خۆیان دەدا، ئەوەیش هۆکار بوو بۆ ئەوەی مەکتەبی سیاسی هەڵوێستی نارەزای بەرامبەریان دەرببڕێت، بەڵام عەزیز محەمەد، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی لە ماوەی نێوان ١٩٦٤ ـ ١٩٩٣ ئەوە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت:

"ئەم قسانە دوورن لە ڕاستییەوە، چونکە لە بارودۆخێکدا بووین ڕێگەمان پێ نەدەدرا سەربازگە دروست بکەین، بەڵکو خۆمان پێویستمان بە هاوکاری بوو، ئاخر ئێمە حزبێکی بریندار بووین".

ئەوەی ڕابورد، ململانێی نێوان هەردوو حزب ڕوون دەکاتەوە، بە تایبەت لە بڵاوکردنەوەی ڕێکخستنەکانیان لە کوردستاندا، هەروەها جیاوازیی هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد ڕوون بووەوە. لەو کاتەدا ئیبراهیم ئەحمەد و پشتیوانانی هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان گرتەبەر بەرامبەر بە شیوعیەکان، کە ناچار بوون پەنا بۆ شۆڕشی کورد ببەن. بارزانی هەڵوێستێکی جوامێرانەی پیشاندا، سەرەڕای دووربینی، ئەوەیش خۆی لە ناردنی بروسکەیەکدا بینییەوە بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگە، کە تێیدا داوای ئامادەکردنی پەناگەی کرد بۆ شیوعیەکان، ئەم هەڵوێستەیش بوو بە هۆکارێک بۆ تێکچوونی پەیوەندییەکان لە نێوان حکوومەتی نوێ و پارتیدا. ئەم هەڵوێستەی بارزانی بەرامبەر ئەو شیوعیانەی پەنایان بۆ هێنابوو لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، سەرەڕای ڕێباز و باوەڕەکەی، متمانەیشی بە بەعسییەکان نەبوو، بەڕاشکاویی دەیگوت "دەتانگرمە خۆ ـ واتە شیوعیەکان ـ من ئامادەم بۆ پێشکەشکردنی هەموو هاوکارییەکی پێویست بۆتان"[2].

دوای دەستپێکردنەوەی جەنگ لە نێوان کورد و بەعسییەکان دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣، ئەندام و سەرکردایەتی حزبی شیوعی کە لە کوردستان بوون لەپاڵ شۆڕشگێڕانی کورددا شەڕیان کرد. ڕادیۆکەیان دەنگی گەلی عێراق لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە دەستی بە پەخش کرد و بووە زمانحاڵی شۆڕشی کورد، جگە لەوەی ئەم هاوکارییە لە سنوری ناوچەی مەکتەبی سیاسی پارتی بوو، ڕێگە نەدرا بە شیوعیەکان چەک هەڵ بگرن، بارودۆخەکە گەیشتە ئەوەی وەک بەهائەدین نوری ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی لەو کاتەدا دەڵێت "لە هەموو ئەو بروسکانەی ئیبراهیم بۆ ڕێکخستنەوەی حزبەکەی دەیناردن

---

(١) صالح حیدري، مذكرات، مصدر سابق، ص ١٠٥.

(٢) الحزب الديمقراطي الكردستاني مركز الدراسات والبحوث المركزي، موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكردية ١٩٤٦ ـ ١٩٧٠، مصدر سابق، صص ١٠٤ ـ ١٠٥.

داوای ناخۆشی شیوعیەکان و تەنگپێهەڵچنینیانی دەکرد"[١]، لە کاتێکدا سوود لە ئەفسەرە شیوعیەکان و شارەزاییان وەرگیرا، سریەیەکی فیدائییان لێ پێکهێنرا ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی بارزانی بوو.

دوای دەرچوونی بەیاننامەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤، حزبی شیوعی عێراقی پێشوازی لە بەیاننامەکە کرد.[٢]، لە بەیاننامەیەکدا کە لە ١٣ی شوباتی ١٩٦٤ دوای کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە پراگ، جەختی لە گرنگیی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد کردەوە، ڕێککەوتنەکەی بە هەنگاوێکی ئەرێنی هەژمار کرد، بەڵام هەنگاوێکی بەراییە و چارەسەری یەکجاریی قەیرانەکە هەڵگرتنی هانگاوگەلی تر دەخوازێت[٣]، لە بەیاننامەکەدا هاتووە: "ئەو سیاسەتە واقیعییەی مستەفا بارزانی پیادەی دەکات لەگەڵ بەرژەوەندییە بنجییەکانی خەباتی نیشتمانی گشتی لە عێراقدا دەگونجێت"[٤].

دوای دەرچوونی دەستوری نوێی کاتی لە ٢٩ی نیسانی ١٩٦٤، لەلایەن عەبدولسەلام عارفەوە، حزبی شیوعی بە توندی هێرشی کردە سەر دەستورەکە و بە بەراورد بە دەستوری ٢٧ی تەموزی ١٩٥٨، بە هەنگاوێکی گەورەی دانا بۆ دواوە، هەروەها پێی وابوو دەستورەکە شۆڤێنییە و گوزارشت لە ڕژێمی عەبدولسەلام عارف دەکات[٥].

سەبارەت بە هەڵوێستی شیوعیەکان بەرامبەر بە کەرتبوونی پارتی، بەهائەدین نوری ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی دەڵێت "حزبی شیوعی عێراق ئەو یاخیبوونەی دەستەییەکی جوودابووەی لە پارتی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد لە دژی بارزانی شەرمەزار کرد، پێی وابوو ئەوە ناپاکییە و ملکەچییە بۆ دەسەڵات، کارەکە گەیشتە ئەوەی سەرکردایەتی حزبی شیوعی بە جەنگاوەرەکانی بڵێت، شەڕ لە دژی یاخیبووەکان بکەن و، هەڵسوکەوتی یاخیبووەکانی بە هەڵە ناوبرد"[٦]، بەڵام لە شوێنێکی تردا دەڵێت "شیوعیەکان هەوڵی سەربەخۆییان دەدا لە کوردستان، بەبێ ئەوەی دوور بکەونەوە لەم لایەن یان ئەو لایەنە، لەبەرئەوە دەڵێت بارزانی داوای لێ کردین کادیرەکانمان ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی لە بەغدا لەناو ببەن، بەڵام ئەوەمان ڕەت کردەوە و پێمان وت ئێمە بە حزبێکی هاوڕێ دەمێنینەوە ئامادەین بۆ هاوکاریتان تەنها دژ بە دەسەڵات"[٧].

---

(١) بهاءالدين نوري، مذكرات، مصدر سابق، ص ٣٤٩.

(٢) سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق (١٨ نوفمبر ١٩٦٣ ـ ١٧ يوليو ١٩٦٨)، تقديم صلاح محمد، ج٣، بيروت، ص ١٠١؛ عزيز الحاج مع الأعوام، ص ١٨٩.

(٣) الحزب الديمقراطي الكوردستاني، مركز الدراسات والبحوث المركزية، مصدر سابق، ص ١١١.

(٤) ش. ج. أشيرين، الحركة الوطنية الديمقراطية في كردستان مصدر سابق.

(٥) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٠٣.

(٦) بهاءالدين نوري، مذكرات، مصدر سابق، ص ٣٥١.

(٧) المصدر السابق، ص ٣٥٣.

دوای هێرشی سوپا لە ١٢ی نیسانی ١٩٦٥، بۆ سەر کوردستان، پارتی لە بانگەوازێکدا لە ٣ی نیسانی ١٩٦٥، گلەیی لە هێزە سیاسی و دەستە و کەسایەتییە نیشتمانی و سەربازییەکانی عێراق کرد، بە هۆی گرنگینەدانی پێویستیان بە دۆزی کورد، لەبەر ئەوەی هەتا ئەو مێژووە هاوکار نەبوون بۆ چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی ڕیشەیی و دروست، بۆیە پارتی داوای لە سەرجەم هێز و پارت و کەسایەتییە نیشتمانیەکان کرد بۆ دیاریکردنی هەڵوێستیان بەرامبەر شۆڕشی کورد و ئامانجەکانی و کارکردنی ئەرێنی لەگەڵیدا.

دوای جەنگی هەندرێنی یەکلاکەرەوە لە نێوان سوپای عێراق و شۆڕشگێڕانی کورد، لە مانگی مایۆی ١٩٦٦، سەرکەوتنی شۆڕشی کورد لە بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی حکوومەت و بەشداریکردنی جوداخوازەکان لە پارتی تێیدا لە بەرژەوەندی حکوومەت، حزبی شیوعی عێراقی، (کۆمیتەی لقی کوردستان)، کە جەنگاوەرەکانی ڕۆڵێکی گرنگیان لەسەرکەوتندا گێڕا، لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٦٦ بەیاننامەیەکی دەرکرد، لەبارەی ئیدانە و شەرمەزارکردنی ئەو جووڵانەوە "هاوکاریی جودابووەکان بۆ دەسەڵات"، بەیاننامەکە بەوردی باسی لە مەترسییەکانی لەسەر شۆڕش و ئامانجەکانی کردبوو، هەروەها بەزازی بە ئامادەسازی بۆ ئەو یاخیبوونە چەکدارانە تاوانبار کرد، بەیاننامەکە بە توندی ڕەخنەی لەوانە گرتبوو کە پێشتر لە سەرکردایەتی شۆڕشدا بوون، بە ئاماژەدان بە "ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی کۆن" بۆ کارکردنیان لەگەڵ "فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەکان" و ڕێککەوتن لەگەڵیان لە پشتەوەی شۆڕش[1]. لە نامەیەکی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقدا لە ٢٦ی کانونی یەکەمی ١٩٦٧ بۆ بارزانی، هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەو یاخیبوانە دووپات کردەوە، تێیدا هاتووە "ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی ئەو کۆمەڵەوە هەیە کە جیابوونەتەوە لە شۆڕش و لە قورسترین و ناخۆشترین ساتەکاندا ڕێککەوتنیان لەگەڵ دوژمنانی شۆڕشدا کردووە، هەڵوێستمان ڕوونە و لە بەیاننامەکان و ڕۆژنامەی حزبەکەماندا هاتووە"[2].

لەبارەی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦، کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی عێراق لەبارەی هەڵوێستەکانیان بەرامبەر (بەیاننامەی حوزەیران) کە لە تەموزی ١٩٦٦ بڵاو کرایەوە گوزارشتی لێ کردووە کە:

"ئەم ڕێککەوتنە بە هەر دوازدە بەندەکەیەوە هیچ مافێک لە مافەکانی گەلی کوردمان ناهێنێتە دی، لێژنەی هەرێمی کوردستانیش ڕایگەیاند، ئامانجی فەرمانڕەواکان لە پشت ڕێککەوتنەکەی حوزەیرانەوە بەدەستهێنانی کاتە"،[3]، هەروەها ڕزگاری کوردستان ڕۆژنامەی هەرێمی حزبی شیوعی گوتارێکی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕێککەوتنامەکە تەرخان کرد و ڕەخنەی لە خاڵە لاوازەکانی ڕێککەوتنەکە گرت و

---

(١) عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق، مصدر سابق، ص ٣٨٣.

(٢) وردەکارییەکان لە پاشکۆی ٦٦.

(٣) ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ١٩١؛ خليل جندي، مصدر سابق، ص ١٧٥.

هۆشداریی ئەوەیشیدا کە شەڕراگرتن نابێتە چارەسەری بنچینەیی کێشەی کورد، درێژەیش ناکێشێت، بەتایبەت دوای نەبوونی دیموکراسی و بەردەوامی دەسەڵاتی سەربازی"[١].

**بەکورتی:**

سەرەڕای پچڕانی پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی کوردی و حزبی شیوعی لە ماوەی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسمدا، بە تایبەت کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١، بەڵام هەلومەرجەکان لە دوای کوژرانی عەبدولکەریم قاسم گۆڕانی بەسەردا هات و نزیکبوونەوە لە نێوان هەردوولادا ڕوویدا[٢]. بە نیسبەت حزبی شیوعیەوە جگە لە کوردستان هیچ پەناگەیەکی تری نەبوو، دوای ئەوەی ئەندامەکانی لەسەر دەستی بەعسییەکان دووچاری لەناوبردن بوونەوە، لایەنگرە شیوعیە جەنگاوەران لە باکووری عێراق ناچار بوون لە ژێر فەرمانی کاربەدەستانی بزووتنەوەی کورددا بەشداریی شەڕ بکەن، ئەوەیش بە هۆی لاوازیی توانستەکانی حزبەوە بوو[٣]، بە نیسبەت مەلا مستەفایشەوە:

١. مێژوویەکی دوور و درێژ لە پەیوەندی و خەباتی هاوبەش لە نێوان کورد و شیوعیەکاندا هەبوو، مەلا مستەفا لەو کەسایەتییانە بوو خاوەن باوەڕێکی بەرز و بەئەمەک بوو لە بەرامبەر بەڵێنەکانیاندا.
٢. بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتی پارتی بۆ پتەوکردنی هەڵوێستی پێویستی بە هاوکاری دەرەکی و ناوخۆی بوو.
٣. شیوعیەکان لای یەکێتی سۆڤێت پێگەیان هەیە، خاوەنی توانایەکی باشن و دەکرێت دژ بە حکوومەت سوود لە توانایان وەربگیرێت.
٤. سوودوەرگرتن لە کادرە شیوعیەکان بە تایبەت ئەفسەرانیان بۆ مەشقکردن بە پێشمەرگە.

دوای کودەتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨، لێژنەکانی حزبی شیوعی لە باکووری عێراق کۆنگرەیەکیان بەست، کۆنگرەکە سرووشتی کودەتاکەی تەموز و پەیوەندیی بە بزووتنەوەی چەکداریی کورد و پارتیەوە و گرنگیی پتەوکردنی پەیوەندییەکان تاوتوێ کرا، نوێنەرەکان ڕاسپاردەیەکیان بۆ سەرکردایەتی حزب و گرنگیدان بە بەردەوامیی هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوەی کورد و سەرکردەکەی بارزانی و پشتگیری و هاوکاریکردنی لەخۆ گرتبوو، بەو پێیەی بزووتنەوەکە لەپێناو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و دیموکراسی لە عێراقدا خەبات دەکات[٤]. لە شوباتی ١٩٦٩، حزبی شیوعی پرۆژەیەکی تێروتەسەلی بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێشکەش بە حکوومەت کرد، یاداشتەکە پرۆژەی چارەسەری لە بەیاننامەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ی بەزازدا بە

---

(١) بهاء الدين نوري، مذكرات، مصدر سابق، ص ٣٤٠.

(٢) سمير عبدالكريم، أضواء، مصدر سابق، ص ٩٩.

(٣) جريدة الناس، بغداد، العدد ٣١٢ في ٢٠١٢/٨/١٦، گوتارێک بە ناونیشانی أوراق توما توماس.

(٤) نوري شاويس، من مذكراتي، مصدر سابق، ص ٥٥.

هەڵە دانا، هەروەک ڕەخنەی لە پرۆژە یاسای (پارێزگاکان) گرت کە حکوومەت بە نیازبوو دەری کات[1]، یاداشتەکە داوای کرد ئەم پرۆژەیە لە جێی پرۆژەکانی پێشوتر دابنرێت:

**یەکەم:** دانپێدانانی تەواو بە قەوارەی نەتەوەی کورد و دیاریکردنی مافی چارەنووسی لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا.

**دووەم:** دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی هەریەکە لە ئیدارەی خۆبەڕێوبەری و حکوومەتی ناوەندی.

حزبی شیوعی لە بەهاری ١٩٦٩ گەڕایەوە، دوای تێکچوونی بارودۆخ لە کوردستان نیشانەکانی جەنگ سەرلەنوێ دەرکەوتنەوە[2]. حزبی شیوعی یادداشتێکی بۆ سەرۆک کۆمار و سەرکردایەتی باڵای حزبی بەعس نارد، پێشنیاری کرداریی لەبارەی کەمکردنەوەی بارگرژییەکان لەخۆ گرتبوو، بەڵام حکوومەت بێباک بوو لە یاداشتەکە و گوێی پێنەدا.

دوای ئەم بێباکییەیش حزبی شیوعی دەستی بە کۆکردنەوەی ئیمزا کرد لەسەر ئەو یاداشتەی داوای چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراسییانەی بۆ کێشەی کورد دەکرد، بەڵام چالاکییەکانی لەلایەن دەسەڵادارانی بەعس و شۆڕشی کوردییەوە ڕەتکرایەوە[3]، سەرەڕای ئەوەی ١٨ هەزار هاوڵاتی ئیمزایان لەسەر یاداشتەکە کردبوو[4]، سەرباری ئەم ڕەتکردنەوەیەش دەسەڵات ناچاربوو پاشەکشە بکات، کاتێک هیچ دەرەچەیەکی بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخەی تیای بوو نەدۆزییەوە، جەنگەکە هێزی ئابووری و سەربازی شەکەت کرد، لە ماوەی سەرهەڵدانی توندوتیژیی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ تا ١٩٧٠، لە ئەنجامی گوشاری جەماوەری بۆ وەستاندنی شەڕی براکوژی و چارەسەری کێشەکە بە ئاشتییانە، وێڕای زیادبوونی فشارە جیهانی و عەرەبییەکان بۆ سەر حکوومەت.

ئەنجامەکە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بوو. حزبی شیوعی عێراق و حزبی شیوعی سۆڤێت، گرنگییەکی تایبەتیان لە نزیککردنەوەی تێڕوانینەکانی هەردوولادا بینی، ڕۆژنامەی براڤدای سۆڤێت، ستایشی ئەو ڕۆڵەی حزبی شیوعی عێراقی کرد لە گەیشتن بە ڕێککەوتنەکە[5].

حزبی شیوعی عێراقی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی بە باشترین بەڵگەنامەی فەرمی دانا کە تا ئەو کاتە دەرچووبێت و، دەسەڵاتی حوکمڕان لە بەغدا و دانی نابێت بە بڕێکی باش لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا و، سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ مەلا مستەفا و بزووتنەوەی چەکداری کورد لە کوردستان[6]. ڕۆژنامەی طریق الشعب زمانحاڵی حزبی شیوعی لەبارەی یاسا دەرچووەکە دەڵێت: "ئەوە

---

(1) عزيز سباهي، عقود من تاريخ حزب الشيوعي العراقي، مصدر سابق، ص ١٠١.

(2) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ١٢٣.

(3) طريق الشعب، جريدة الحزب الشيوعي العراقي، العدد ٦، أوائل آب ١٩٦٩.

(4) زكي خيري، مصدر سابق، ص ٥٢٢.

(5) نفس المصدر.

(6) بهاءالدين نوري، مذكرات مصدر سابق، ص ٤٠٤.

بەڵگەنامەیەکی مێژووی گرنگە و وەک وەڵامێک بۆ داخوازییەکانی گەلی کوردمان دەرچوو، یەکەم بەڵگەنامەیە لە میژووی گەلی کورددا[1]"، گۆڤاری الثقافة الجديدة کە حزبی شیوعی دەری دەکرد کۆڕێکی لەبارەی حوکمی زاتی گرێدا و بەشداربووان تێیدا کە لە سەرکردایەتی حزبی شیوعی بوون لە کۆڕەکەدا، ستایشی حکوومەتی بەعس و کارە باشەکانیان و یاسای حوکمی زاتیان کرد.

سەرەڕای پێشوازیکردنی حزبی شیوعی لە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار و دانانی بە شیاو لە نێوان هەردوولایەنی حکوومەت و کورددا، وێڕای ئارەزووی پارتی بۆ بەشداریکردنی شیوعیەکان لە دانوستانەکانی هەردوولادا، سەرکردایەتی بەعس بە تایبەت سەدام حوسێن، خۆی بە دوور گرت لە بەشدارپێکردنی شیوعیەکان لە دانوستان و ڕێککەوتنەکاندا، هۆکاری ئەم ڕەتکردنەوەیەیش وەک شیوعیەکان بۆی چوون ویستی بەستنەوەی ڕێککەوتنەکە بوو بە کۆمەڵێک بەندی دژ بە شیوعیەکان، هەروەها بۆ ئەوەی حزبی شیوعی هیچ سوود لە ئەنجامدانی ڕێککەوتنەکە نەبینێت. لەگەڵ ئەوەیشدا حزب پیرۆزبایی لە ڕێککەوتنەکە کرد و سکرتێری حزب بروسکەیەکی پشتگیریی بۆ ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک کۆمار نارد[2]. لە کۆنگرەی حزبی شیوعیدا کە لە ئەیلوولی ١٩٧٠ لە ناوچەی باڵەک لە کوردستان گرێدرا، تایبەت بەو خاڵەی پەیوەندیی بە کێشەی کوردەوە لە بەرنامەی حزبدا هەبوو، سڕینەوەی "ئەوەی پەیوەندی بە مافی جیابوونەوەوە" هەیە و بە هێشتنەوەی تەنها مافی دیاریکردنی چارەنووس هەموار کرایەوە[3]. ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی هاوڕێیەتی و هاوکاری نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤێت و دروستبوونی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز و خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق بووە هۆی دوورخستنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شیوعیەکان، تۆوی ناکۆکی لە نێوان هەردوو حزبدا چرۆی کرد، دوای ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییەکی مێژووی و دۆستانەیان هەبوو، هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم ناکۆکییەش بریتیبوو لە پاشکۆیەتیکردنی سەرکردایەتی حزبی شیوعی بۆ بەعس، ئەو کاتەی ناکۆکییەکان لەبارەی جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی ١١ی ئادار سەریانهەڵدا، حزبی شیوعی پێی وابوو ئەو شتەی لەدایک دەبێت ـ بەتەواوی و بێ کەموکورتی لەدایک نابێت ـ پێویستە کات تێپەڕێت بۆ تەواوبوونی ئەو لەدایک بووە، کە ئەویش بەرەکەیە[4]،. بە خەیاڵی سەرکردە شیوعیەکان ئەم بەرەیە لە دایک بووە تا بەرەوپێش بڕوات و گەشە بکات، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەعسدا هەنگاوی گەورەیان بۆ پێشەوە بڕیووە. شیوعیەکان بە بیستنی قسەکانی سەدام حوسێن خۆشحاڵ بوون کە دەیگوت "پەیوەندیی نێوان هەردوو حزبی شیوعی و بەعس پەیوەندییەکی ستراتیژی و خەباتگێڕییە، نەک تەکتیکیەکی ڕۆژانە"، بەڵام نیازی

---

([1]) صحيفة طريق الشعب، لسان حال الحزب الشيوعي العراقي، بغداد ١٩٧٩/٣/٣١.

([2]) بهاءالدين نوري، مصدر سابق، ص ٤٠٤.

([3]) المصدر السابق، ص ٤٠٩.

([4]) عزيز سباهي، عقود من تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، مصدر سابق، ص ١٥١.

بەعس لەخۆگرتنی حزبی شیوعی و پەراوێزخستنی پارتی و بەکارهێنانی شیوعیەکان بوو بۆ لێدانی سەرکردایەتی کورد، بە بەکارهێنانی بڕیاری خۆماڵیکردن و ئەنجامدانی ڕێککەوتنی هاوڕێیەتی عێراق و سۆڤێت[1]، شیوعیەکان بەو ئاقارەدا ڕۆشتن کە بەعس دەیویست، دوای پەیوەندیکردن بە بەرەکەوە هەڵوێستی سەرکردایەتی کوردیان وا ڕاڤە کرد گوایە دەیەوێت ئاگری جەنگ هەڵگیرسێنێت و ئاستەنگ لە بەردەم دەسەڵاتی نیشتمانیدا دابنێت لە پێناو جێبەجێنەکردنی پرۆژە نیشتمانیەکەی و سیاسەتی گەشەپێدانی.

کورد پێی وابوو ئەم بەرە تەنها ڕێککەوتنێکی سەرەوەی نێوان سەرکردایەتی دوو حزبە[2]، لە ڕاستیدا دوای تاقیکردنەوە، دەرکەوت پارتی لە هەڵوێستیدا بەرامبەر بە بەرەکە پێکاویەتی، ئاخر بەرەیەکی ڕاستەقینە نەبوو، چونکە بەرەکە داڕێژەری سیاسەتی وڵات نەبوو، بەڵکو خاوەنی بڕیار ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بوو کە جگە لە بەعسییەکان کەسی تری تێدا نەبوو[3]. ئەم گۆڕانە لە هەڵوێستەکاندا بووە هۆی دوورکەوتنەوەی پارتی و مەلا مستەفا لە شێوازی گفتوگۆ و کارکردنی هاوبەش لەگەڵ حزبی بەعس و حزبی شیوعیدا. لەبارەی ئەم ماوەیەوە ڕەحیم عەجینە، ئەندامی ئەو کاتەی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی عێراق، دەڵێت "بۆم دەرکەوت مەلا مستەفای بارزانی سوورە لەسەر ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوانمان یەکسان بن لەو سنوورەی سەرکردایەتی پارتی لە کوردستاندا دەستەبەر بکرێت، بە بۆچوونی من ئومێدی سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی کورد، ئاوات و ئومێدێکی ڕەوایە، بەڵام پێویستە بە هەڵبژاردنی گەلی ئازا و لە ڕێگەی دیموکراسیەوە بێتەدی"[4]. ناکۆکیی نێوان پارتی و حزبی شیوعی بەرەی سەند بۆ شەڕی چەکداری لە سلێمانی، هێزەکانی حکوومەت هاوکاریی گرووپە شیوعیەکانی دەکرد، بەعس چاوی لە دۆخەکە بوو، سەرباری پێکدادانەکانی حزبی شیوعی و کورد، دیدار و چاوپێکەوتنەکان لە بەغدا تا سەرەتای ١٩٧٤ بەردەوام بوون، بەڵام ئاشکرا بوو هەردوو حزب گەیشتوونەتە دووڕێیان و لە ناوخۆ و دەرەوە بە دوو هێڵی یەکتربڕ دەڕۆن[5]، لە خۆیدا ململانێی نێوان هەردوو حزب هەڵەیەکی مێژووی کوشندە بوو.

سەرکردایەتی کورد نەیدەزانی بە پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ حزبی شیوعیدا چ زیانێکی گەورەی لێ دەکەوێت، بە هۆی ئەو پچڕانەیشەوە، شۆڕش ئەو دەستگا ڕاگەیاندنەی لەدەستدا، ئەویش ڕێکخستنی حزبی شیوعی بوو کە حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی پێ شەرمەزار دەکرد و، پارێزگاری لە شۆڕشی کورد و ئامانجە دادپەروەرەکانی دەکرد[6]. هەروەک بزووتنەوەی کوردایەتی ئەو پاڵپشتییە مەعنەوییەی هێزەکانی

---

(١) فاضل رسول، كردستان والسياسة السوفيتية في شرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٧٤.

(٢) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ١١٤.

(٣) شيرزاد زكريا، مصدر سابق، ص ٢٠١.

(٤) رحيم عجينة، ص ١١٣.

(٥) جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية، مصدر سابق، ص ٢٦٨.

(٦) عصمت شريف وانلي، كردستان العراقمصدر سابق، ص ٢٧٤.

جیهان لە بەرامبەریدا دەریان دەبڕی لەدەست دا، هەموو ئەمانە هاوکار بوون لە کەمکردنەوەی هەژمونی شۆڕش لە ناوخۆدا، لەسەر ئاستی جیهانیش، وروژاندنی گومانی ناوەندەکانی هاوپەیمانە ئاساییەکانی لەبارەیەوە[١].

لە تشرینی دووەمی ١٩٧٣، پێکدادانی چەکداری لە نێوان یەکینەکانی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان هێزە جەنگاوەرە کوردییەکان (پێشمەرگە)، کە تا ئەوسایش هاوڕێیان بوون، ڕوویدا و دەرکران بۆ دەرەوەی (ڕێکخراوی دەربەندیخان). پارتی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی عێراقی تۆمەتبار کرد بەوەی پێش دەستدرێژییەکە هاوکاریی سەربازیی حکوومەتی وەرگرتووە و شیوعیەکان خۆیان بۆ ئەم هێرشە ئامادە کردبوو، بۆیە یەکینەکانی شیوعی ناچار بوون پەنا بۆ سوپای حکوومەت ببەن دوای دەرکردنیان لەلایەن پێشمەرگەوە.

دوای ئەم گۆڕانکارییە لە ڕووداوەکان لە ماوەی مانگەکانی کانونی یەکەمی ١٩٧٣ تا شوباتی ١٩٧٤، بە هۆی دەرکردنی شیوعیەکانەوە لە کوردستان، هەڵمەتێک لە پارتە شیوعیە نێودەوڵەتییەکانەوە دژ بە پارتی دەستی پێکرد[٢].

هۆکاری پاشکۆیەتیی حزبی شیوعی بۆ بەعس لەو ماوەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ گونجانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەوەی کە دواتر لەگەڵ مۆسکۆدا لێی پەشیمان بوونەوە، هەروەک هۆکارێکی تر ڕووداوی جەنگی پێش خست، یەکێک لە کادیرانی پارتی بەناوی عیسا سوار ژمارەیەک لە کادیرانی شیوعی کە لە سوریاوە هاتبوونە کوردستان بەبێ تاوان کوشت، کەچی سەرکردایەتی پارتی لەسەر ئەم کارە بێ پاساوە سزای نەدا[٣]. لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی لە سەرکردایەتی ناوەندیی حزبی شیوعی، واتە ئەوانەی کە لە حزبی شیوعی جیابووبوونەوە و بە کۆمەڵەی عەزیز ئەلحاج ناو دەبران، لەخۆ گرتبوو. کە نیگەرانیی حزبی شیوعی و حکوومەتی بەعسی لێ کەوتەوە، چونکە داوای خەباتی چەکداریی دەکرد بۆ ڕووخاندنی دەسەڵات[٤].

کاتێک شەڕ لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و پارتی دەستی پێکردەوە، کورد بە هەموو چین و توێژ و ڕێباز و بۆچوونیانەوە لە دەوری پارتی خڕبوونەوە، حزبی شیوعی ئەو پێگە جەماوەرییەی لە کوردستان لەدەستدا، بە هۆی لایەنگریی بۆ دەسەلاتی بەعس دژی بزووتنەوەی کورد. بەهائەدین نوریی ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراق لەبارەی ئەو ماوەیە دەڵێت[٥]:

---

(١) الحزب الديمقراطي الكردستاني، تقييم ثورة أيلول، مصدر سابق، ص ٧٣.

(٢) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٢٢.

(٣) جوناثان راندل، امة في شقاق، مصدر سابق، ص ١٩١.

(٤) عصمت شريف وانلي، كردستان العراق، مصدر سابق، ص ٢٦٨.

(٥) بهاءالدين نوري، مصدر سابق، ص ٤٣١.

"من له ئاداری ١٩٧٤ به کارێکی حزبیەوه له سلێمانی بووم، بینیم زۆربەی هەرەزۆری پیاوان به پیر و لاوەوه له شار دەرچوون تا پەیوەندیی به بزووتنەوەی کوردەوه بکەن، هەستم کرد ئێمەی شیوعی بەڕاستی له گەلی کورد دوورین، زۆرێک له لایەنگران و هاوڕێیانی پێشوومان پەیوەندییان به بزاوتی نەتەوەیی چەکداری کوردەوه کرد".

دوای ڕێککەوتنی جەزائیر له مارسی ١٩٧٥ و نسکۆی بزووتنەوەی کورد به پلانگێڕییەکی نێودەوڵەتی، ڕژێمی عێراق، ئێران، ئەمریکا و جگه لەوانیش بەشداربوون تێیدا، تێبینی هەڵپەرستیی سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراق دەکەین له هەڵسەنگاندنیدا بۆ نوشوستی بزووتنەوەی کورد له بەهاری ١٩٧٥، که دوو تێڕوانینی جیاواز له حزبدا دەرکەوتن:

**یەکەمیان** وای دەبینی ئەم نوشوسته شکستی سەرکردایەتی کوردە و سەرکەوتنی حوکمڕانیی نیشتمانی پێشکەوتنخوازە بەرەو سۆسیالیزم.

ئەمە سەرنجی ڕەسمیی سەرکردایەتی حزب بوو، زۆرینەیشیان وەک له برگە کورتەکانی ڕاپۆرتێکدا که سەرکردایەتی به ناوی کۆمیتەی ناوەندییەوه پێشکەشی کۆنگرەی سێی کرد، دیارە که: "دانانی یاسای حوکمی زاتی ناوچەی کوردستان و یاکتاوکردنی یاخیبووه ڕاسترۆ کۆنەخوازەکان تێیدا، له ڕیزی پێشەوەی کارەکانی بەرەکەوه دێن"[1]. هەروەها:

"لەناوبردنی یاخیبوونی کۆنەخوازی چەکدار، توانایەکی باش و بابەتییانه بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانه و دیموکراسییانەی کێشەی کورد دروست دەکات"[2].

**دووەم:** سەرنجی زۆربەی زۆری بەرپرس و کادیرانی ڕێکخراوی حزبی هەرێمی کوردستان بوو، کورتەی سەرنجەکه بریتی بوو لەوەی شکستی بزووتنەوەی چەکداریی کورد دەبێته هۆی شکستی بزووتنەوەی شیوعی و هەموو بزووتنەوه نیشتمانیەکانی تریش، ئەگەر حزبی شیوعی عێراق هەڵوێستێکی سیاسی گونجاو نەگرێته بەر له بەرامبەر ئەو بارودۆخه نوێیەی له کوردستان بەهۆی شکستەکەوه هاتووەته ئاراوه[3].

**بەکورتی:**

پەیوەندیی حزبی شیوعی به بارزانی و بزووتنەوەی کوردییەوه تایبەتمەندیی جیاوازی هەیه له پارته عێراقییەکانی تر، ئەوەیش دەگەڕێتەوه بۆ:

---

(١) له ڕاپۆرتەکەی عەزیز محەمەد، سکرتێری گشتیی حزبی شیوعیی عێراقەوه له بەردەم کۆنگرەی سێی حزبدا.

(٢) المصدر نفسه.

(٣) بهاءالدین نوري، مصدر سابق، ص ٤٤٢.

١. چونکە پێکهاتەی حزب نێونەتەوەییە و بڕوای بە ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی یان ئاینی نییە، بۆیە عەرەب، کورد، مەسیحی، مسوڵمانی شیعە و سونیی و سابیئیی لەخۆ گرتبوو. ئەوەیش لە ڕووی فیکرییەوە نزیکترە لە پارتی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بڕوای بە مارکسیزمی لینینی هەبوو.

٢. مەیدانی کوردی گرنگترین گۆڕەپانە بۆ پارتی و شیوعی، ئەمەیش لە پارتەکانی تری جودا دەکاتەوە، حزبە نەتەوەپەرستەکان گۆڕەپانیان لە ناوەڕاست و باشوور و خۆرئاوای عێراق بوو، بە شێوەیەک عەرەب و پارتە ئاینییەکانی وەک حزبی دەعوە گۆڕەپانیان ناوەڕاست و باشووری عێراق لای شیعە بوو، ئەمەیش واتای ئەوەیە لێکچوون و نزیکی و خاڵگەلێکی کێبەرکێکردن و تێکەڵیی ناوچەیی و ململانێی هەژموون، لە نێوان پارتی و شیوعیەکاندا هەبوو.

٣. ژمارەیەکی زۆری کورد بەپێی ڕێژەی سەدییان لە عێراق لە نێو سەرکردایەتی حزبی شیوعیدا بوون، ئەمەیش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە سەرکردە شیوعیەکانی کورد، بەدوور بوون لە پاکتاوکردن، بە تایبەت دوای ڕووداوەکانی ١٩٦٣، جوگرافیای کوردستان باشترین پەناگەبوون بۆ خۆشاردنەوە، پێچەوانەی سەرکردە شیوعیە عەرەبەکان کە دوای ساڵی ١٩٦٣ ڕووبەڕووی لەناوبردن بوونەوە.

## پەیوەندی لەگەڵ حزبە نەتەوەپەرستەکاندا

### حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی

سرووشتی هەڵوێستی حزبی بەعس لە مافە نەتەوەییەکانی کورد ڕوون نابێتەوە تا بیر و بۆچوونی دامەزرێنەرانی یەکەمینی نەزانرێن، کە دەستوری حزبییان لە ٧ی نیسانی ١٩٤٧ لەسەر دانراوە. حزبی بەعس هەر لە ڕۆژانی یەکەمیەوە بە فیکری ڕەگەزپەرستی و بە هەوڵدانی بۆ لێکچوندنی بە بیری نازیی و ئاوخواردنەوەی لە سەرچاوە سەرەکییەکانی جیا دەکرێتەوە، بە تایبەت پەرتوکی فەیلەسوفەکانی ئەڵمانیا ئەوانەی برەو بە بیرۆکەی خوێنپاکیی ئەڵمانییەکان دەدەن. بێگومان میشێل عەفلەقی دامەزرێنەری حزبی بەعس کاریگەر و سەرسام بوو بە ئەلفرێد ڕۆزێنبێرگ تیۆرزانی ڕەگەزپەرستیی نازی، خاوەنی پەرتووکی ئەفسانەی سەدەی بیستەم[١].

بیرمەندە بەعسییەکانی هەر بە پێداهەڵدانی عەرەب بە جوانترین سیفەتەکان نەوەستاون، بگرە بێڕێزییان بە نەتەوەکانی تر کردووە و سووک سەرنجیان داون.

---

(١) شیرزاد زکریا محمد، الحرکة القومیة الکردیة، مصدر سابق، ص ٥٥.

میشێل عەفلەق هەموو دانیشتووانی (نیشتمانی عەرەب)ی بە عەرەب دەزانی، ئەمەیش واتە داماڵینی ناعەرەبەکان لە شوناسیان و داننەنان بە بوونیان لە بنەڕەتەوە[١].

بە نیسبەت دەستوری بەعسەوە، لە مادەی حەوتیدا سنوری نیشتمانی عەرەبی دیاری کردووە بەوەی: "ئەو بەشە ناسراوەی لەلایەن میللەتی عەرەبەوە ئاوەدان کراوەتەوە کە لە چیاکانی تۆرۆسەوە (سنوورەکایی عێراق و تورکیا) و، چیاکانی پشتکوەـ (سنوری عێراق و ئێران)ەوە و، کەنداوی بەسرە (واتە کەنداوی عەرەب) و ئۆقیانووسی عەرەبی، چیاکانی حەبەشە و، بیابان و ئۆقیانوسی ئەتڵەسی و دەریای ناوەڕاست درێژ دەبێتەوە"[٢]. بە گوێرەی ئەم دیاریکردنە فراوانە کوردستانی عێراق بە بەشێک لە بەشە جیانەبووەکانی وڵاتانی عەرەبی دادەنرێت، ئەوەی ترسی کوردی زیاتر کرد، دەستوری حزب و سەرکردە سەرەتاییەکانی هیچ فکرەیەکی دیاریکراوی ڕوونیان نەبوو لەبارەی دانان بە مافە نەتەوەییەکان و کەمینەکان لە ژمارەیەک لە دەوڵەتانی عەرەبیدا[٣]، بەڵکو لە دەقی دەستوری بەعسدا هاتووە نیشتمانی عەرەبی هی عەرەبە و هەر بۆ ئەوانیش مافیان هەیە هەڵسوکەوت بە کاروبار و سامانەکەیەوە بکەن[٤].

بەپێی پێناسەی دواتری دەستورەکە بۆ عەرەب، "ئەو کەسەیە کە زمانی عەرەبی بێت و لە خاکی عەرەب ژیابێت یا بە خۆدانەپاڵ ئوممەتی عەرەبی هەوڵیدابێت لە خاکی عەرەبدا بژی"[٥]. لای حزبی بەعس هەموو قسەیەک لەبارەی نەتەوەیەکی تر لە نیشتمانی عەرەبدا، هاوشێوەی دروستکردنی دەستەیەکی ڕەگەزپەرستی دژ بە عەرەبە[٦]. لە دەقی مادەی ١١ی دەستوری حزبدا هاتووە: "هەرکەسێک لە نیشتمانی عەرەبدا بانگەوازی پێکهێنانی دەستەیەکی ڕەگەزپەرستی دژ بە عەرەب بکات و ئەوەیشی کۆچ بۆ نیشتمانی عەرەب بکات بە ئامانجێکی داگیرکارانە، لە نیشتمانی عەرەب دەکرێتە دەرەوە"[٧]. ئەم مادەیە وای کرد، تاکی کورد لە ترسێکی هەمیشەییدا بژی، لە ترسی ئەوەی تۆمەتی هاوکاریکردنی بۆ ڕەوتێک کە بزانرێت ئارەزووی سەربەخۆیی لە عەرەب یان پێکهێنانی قەوارەیەکی کوردی لە داهاتوودا

---

(١) صلاح بدرالدين، الحركة القومية الكردية في سوريا، رؤية نقدية من الداخل، بيروت، ٢٠٠٣، ص ٦٦.

(٢) حزب البعث العربي الاشتراكي ـــ القيادة القومية (مكتب الثقافة والاعلام، المنهاج الثقافي المركزي ـــ الكتاب الأول ـ بغداد ١٩٨٥)، ص ١٠٥.

(٣) الحزب الديمقراط الكردستاني (مركز الدراسات والبحوث المركزي)، نقلا عن سعد ناجي، ص ٥٧؛ جواد كاظم البيضائي، موقف الأحزاب السياسية في العراق من القضية الكردية، مصدر سابق، ص ٦٢.

(٤) ناجى علوش، الثورة والجماهير، مراحل النضال ١٩٤٨ ـ ١٩٦٨ ودور الحركة الثورية، بيروت، ١٩٦٣، ص ٢٠٣.

(٥) مجلة الثورة العربية، العدد ٣، بغداد، ١٩٨٩، ص ١٧.

(٦) الحزب الديمقراط الكردستاني، (المكتب السياسي) في موقف البعث اليميني الحاكم في العراق من الديمقراطية و البرلمان، كردستان، ١٩٦٩، ص ٢٤.

(٧) الحزب الديمقراطي الكردستاني (مركز الدراسات والبحوث المركزي)، مصدر سابق، ص ٥٨.

هەیە وەپاڵ بدرێت، بە هەمان شێوە وایان لە کورد کرد وا هەست بکات، ڕەگەزێکی تازە و ناوازەن لە ناوچەکەدا، لەم ڕوانگەیشەوە دەبێت هەرکات پێویست بکات حزب کار لەسەر ڕاگواستنیان بکات[1].

لە مادەی ١٥ی دەستوری بەعسدا هاتووە: "پەیوەندیی نەتەوەیی ئەو تاکە پەیوەندییەیە کە لە نێوان وڵاتانی عەرەبیدایە و هاوئاهەنگیی نێوان هاونیشتمانیان و پشتیوانیان لە یەک جێگەدا دەستەبەر دەکات، خەبات دژ بە تێکڕای ڕەگەزپەرستییە مەزهەبی و خێڵەکی و هەرێمییەکان دەکات". لە کاتێدا مادەی ٢٠ دەڵێت: "مافی هاونیشتمانیبوون بە تەواوی بە هەر هاونیشتمانیەک دەدرێت کە لەسەر خاکی عەرەب دەژی و بۆ نیشتمانی عەرەب دڵسۆزە و لە هەر دەستەیەکی ڕەگەزپەرستی دوورە"[2].

بەم شێوەیە دەستوری بەعس مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی لە عێراق و سوریا پشتگوێ خست، بۆیە جەمال ئەتاسی کە لە بەعسییە سەرەتاییەکان بوو بەڵام لە حزب دەرچوو، دەڵێت "دروشمی (تاکە ئومەتێکی عەرەبیی خاوەن نامەیەکی نەمر)، پێچەوانەی گیانی نەتەوەییە و لەگەڵ نەزعەی شۆڤێنیدا دەگونجێت"[3].

هەندێک لە هۆکاری پشتگوێخستنی دۆزی کورد لە دەستوری بەعسدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بەعس لە سوریا دامەزرا، کێشەی کوردیش لە ژیانی سیاسیی سوریادا بە شێوەیەک لە شێوەکان کێشەیەکی تەوەری نەبوو، سەرباری پەلهاویشتنی ڕێکخراوەکانی بەعس بۆ وڵاتانی تر و لەخۆگرتنی ڕێژەیەکی زۆر لە نەتەوەکانی تر لە خۆی، ئەوەی داڕشتنێکی دەخواست لەگەڵیدا بگونجێت، بەڵام ئەم پێداویستییە پڕ نەبووەوە، ئەو کاتەی دەستوری حزب بەتاڵ بوو لە هەر ئاماژەیەک بەم نەتەوانە، سەرانی بەعس ڕێگر بوون لەوەی مافی گوزارشتکردنی لە بارودۆخیان یان ڕوونکردنەوەی حاڵی خۆیان پێبدەن، بەڵکو هەندێک لە سەرکردەکانی بەعس نکۆڵییان لە هەر مافێکی چارەی خۆنووسینی کورد لە سوریا و عێراق کرد، لەبەر ئەوەی پێدانی ئەم مافە، داننانە بەوەی عەرەب خاکی بابانیی داگیر کردووە"[4].

بەعس لە بڵاوکراوە و ئەدەبیاتی خۆیدا و لە زنجیرەی "نضال البعث"دا لە ماوەی حوزەیرانی ١٩٥٣ بۆ ئابی ١٩٦١ بە هیچ شێوەیەک باسی لە دۆزی کورد لە عێراقدا نەکرد، هەروەک توێژینەوەیەکی پێشکەش نەکرد و هەڵوێست و باوەڕی خۆی بەرامبەر ئەم کێشە نەتەوەییە دەرنەبڕی[5]، بە شێوەیەک فەلسەفەی حزب لەسەر ئەوە دامەزرابوو کە سەرتاسەری ناوچەکە دەریایەکی فراوانی عەرەبییە[6]. بەعس

---

[1] لە سەرەتای هەشتاکاندا دەسەڵاتەکانی بەعس زیاتر لە ٥٠ هەزار کوردی فەیلییان بەرەو ئێران لە وڵات دەرکرد بەو بیانووەی عێراقی نین.

[2] الحزب الديمقراطي الكردستاني (مركز الدراسات والبحوث المركزي)، مصدر سابق، ص ٥٨.

[3] منذر الموصلي، عرب وأكراد، مصدر سابق، صص ٢٥ ـ ٢٦، مقدمة الكتاب بقلم جمال الأتاسي.

[4] سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٤٦.

[5] الحزب الديمقراطي الكردستاني (مركز الدراسات والبحوث المركزي)، مصدر سابق، ص ١٢٠.

[6] رجائي فايد، أكراد العراق، الطموح بين الممكن والمستحيل، القاهرة، ٢٠٠٥، ص ١٦٥.

سوور بوو لەسەر ناونەهێنانی کوردستان لە هەموو ئەدەبیاتیدا، چونکە ئەوە پێچەوانەی دەستورەکەی بوو، کە عێراقی بە خاک و گەلەکەیەوە بە بەشێک لە نیشتمانی عەرەب دانابوو، بەڵکو ئەدەبیاتی لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، وەک نووسراوگەلێکی پێچەوانەی نووسراوەکانی حزبی شیوعی، تەنانەت بووتی لقێکی کوردی حزبی شیوعی عێراقی بە نەخشەیەکی دووبەرەکی کە داگیرکەر پاڵپشتی دەکات، هەژمار کرد.

هانی فەکیکی، ئەندامی باڵای حزبی بەعس ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە، کە لەبارەی هەڵوێستی حزبی بەعس بەرامبەر بە کورد دەڵێت: "لە کولتوری فیکری و رامیاری حزب و ئەدەبیاتی بیری نەتەوەیی عەرەبدا نییە، ئاماژە بە گرنگیدان یان دداننان بە کێشەی نەتەوەکان و کەمینە ئاینی و مەزهەبییەکاندا بنێت، بیریشم نایەت بۆچوتێک یان توێژینەوەیەکی حزبیم لەبارەی کورد خوێندبێتەوە، جگە لە گوتەیەکی کورتی عەفلەق نەبێت کە لە ١٩٥٥ بڵاوی کردەوە، تێیدا ئاماژەی بە کوردی عێراق و مەسیحیەکانی لوبنان و بەربەرەکانی مەغریب کردبوو، گوایە بەکارهێنانی ئابووری و بانگەشەی ئیستیعمارییانە هۆکار بوون بۆ هەستکردنیان بە ستەم نامۆیی و ترسیان لە عەرەبایەتی"[1].

بۆمان دەرکەوت بەعس وەک کەمینەیەکی نەتەوەیی سەرنجی کوردی دەدا، کە لە قۆناغێکی مێژووییدا لە نیشتمانە ڕەسەنەکەیانەوە کۆچیان کردووە و دەستیان بەسەر پارچەیەک لە خاکی عەرەبدا گرتووە. تالیب شەبیب، ئەندامی سەرکردایەتی بەعس لە عێراق ئەم بۆچوونەی پشتڕاست کردووەتەوە و دەڵێت[2]:

"تێگەیشتنی گشتیمان بۆ کورد بریتیبوو لەوەی کە نەتەوەیەکی ئاوارەن و هاتوونەتە خاکی عەرەبەوە و لە وڵاتی عەرەبدا میوانن"[3]. یەکەم بەریەککەوتنی نێوان بەعس و بزووتنەوەی کورد لە شوباتی ١٩٥٧ بوو، کاتی دامەزراندنی بەرەی یەکێتی نیشتمانی، بەعس جەختی لەسەر هەڵوێستی دژایەتیکردنی کورد لەوەی پارتی بچێتە ناو بەرەکەوە کردەوە، چونکە باوەڕی وابوو وروژاندنی کێشەی کورد بانگەوازێکە بۆ دروستکردنی دەستەیەکی ڕەگەزپەرست دژ بە میللەتی عەرەب و کارکردنە بۆ پارچەپارچەکردنی[4].

دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لە عێراق، بۆچوونی بەعس بەرامبەر کورد گۆڕا، ئەوەیش خۆی لەو سەردانەدا بینیەوە کە ژمارەیەک لە سەرکردایەتی پارتی بۆلای فوئاد ڕیکابی ئەمینداری حزبی بەعس ئەنجامیاندا. بەهەمان شوە پاش چەند ڕۆژێک شاندی کورد لە ٢٤ی تەموزی ١٩٥٨ سەردانی میشێل

---

(1) هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة، مصدر سابق، ص ٢٩٤ _ ٢٩٥.

(2) تالیب شەبیب لە دیوانیە، لە ساڵی ١٩٣٤ لەدایک بووە، کۆلێژی ئەندازیاریی تەواو کردووە، بوو بە ئەندامی سەرکردایەتیی باڵا لە عێراق، دوای کودیتای ١٩٦٣یش بوو بە وەزیری دەرەوە.

(3) علي كريم سعيد، عراق ٨ شباط ١٩٦٣، من حوار المفاهيم الى حوار الدم، مراجعات من ذاكرة طالب شبيب، بيروت، ١٩٩٩، ص ٢٤٧.

(4) هاني الفكيكي. أوكار الهزيمة، مصدر سابق، ص ٧٧.

عەفلەقی ئەمینداریی گشتیی حزبی بەعسیان لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی لە بەغدا کرد، عەفلەق جەختی لە پتەوکردنی پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان کورد و عەرەب کردەوە کە بە درێژایی سەدان ساڵ پتەو بوون و گوتی:

"ئێوە بەرهەمی ئەم خاکە پاکەن و هیچ هێزێک نییە بتوانێت بۆشایی لە نێوانماندا دروست بکات، دواتر دەبینن زۆرێک لە خەیاڵپلاوەکان دەڕۆن و نامێنن و پێک دەگەینەوە و ماف و خەونەکانتان کەسایەتیتان بەهێز دەکەن و هاوکاریتان دەکات لەسەر داهێنان و کاری بەرهەمدار، گرەنتی ئەوەتان پێ دەدەم"[1].

هەروەها وەزارەتی ئیرشاد و وەزیرەکەی سدیق شەنشەل کۆڕێکی تەلەفزیۆنی بە بەشداریی هەریەکە لە میشێل عەفلەق لە بەعس و ئیبراهیم ئەحمەد لە **پارتی دیموکراتی کوردستان ساز کرد، دیدارە** حزبییەکان درێژەیان کێشا لە نێوانیشیاندا سەردانی شاندی پارتی بۆ ڕۆژنامەی الجمهورية زمانحاڵی حزبی بەعس لەو کاتەدا[2]، ڕۆژنامەی الجمهورية لە ئەیلوولی ١٩٥٨ لە گوتارێکیدا بە ناونیشانی "برایەتی هەمیشەیی" داوای کرد کورد نەک هەر بە ناو بەڵکو بە کردار، بەڕاستی نەک بە زارەکی، ببنە هاوبەش لە نیشتماندا، چونکە کورد هاوبەشی بنچینەیی و سەرەکیی عەرەبە، پێویستە لەسەرمان ناوەرۆک واتایەکی تەواوی پێ بدەین[3].

پارتی پێی وابوو هاریکاری لەگەڵ حزبی بەعس و هێزە نیشتمانیەکان، سوودی بۆ دۆزی کورد دەبێت[4]، کەچی پەیوەندییەکانی نێوانیان هەر زوو، بە هۆی تێکچوونی پەیوەندیی نێوان بەعسییەکان و شیوعیەکانەوە، تێکچوون.

لە ماوەی مانگەکانی یەکەمی شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بەعس هەوڵیدا هێزە نیشتمانیە نەتەوەییەکان بە ڕووی ڕەوتی شیوعیدا یەکبخات، لە ١٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨ ڕەشنوسی "پەیمان بۆ کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی" دەرکرد، تێیدا هاتووە کە "عێراق بەشێکە لە نیشتمانی عەرەب، کورد و عەرەب بران و لە ماف و ئەرکدا یەکسانن، ئیشتیراکی ڕێگەی نەتەوەیی عەرەبە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو کە دادپەروەری و یەکسانی باڵی بەسەردا بکێشن"[5].

---

(1) مجلة الثورة العربية، العدد ٣ لسنة ١٩٨٩، ص ١٦.

(2) ميفان عارف بادي، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص ١٤٩.

(3) جريدة الجمهورية، بغداد ١٩٥٨/١٠/١.

(4) ميفان عارف بادي، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص ١٥٢.

(5) عبدالفتاح علي يحيى، التطورات السياسية، مصدر سابق، ص ١٣٦.

بۆ جەختکردنەوە لەسەر یەکگرتن و تەبایی لەگەڵ کورددا، هوتافی بەعسییەکان لە پێشوازیکردنی کەمالەدین حوسێنی وەزیری پەروەردە لە کۆماری یەکگرتووی عەرەبیدا بریتی بووە لە "یەکێتی، یەکێتی کورد و عەرەب"[١].

پارتی و بە تایبەتیش سکرتێرەکەی ئیبراهیم ئەحمەد پێیان وابوو هاوکاریکردن لەگەڵ حزبی بەعس و هێزە نیشتمانیەکاندا بە گشتی، سوودی زۆری بۆ دۆزی کورد دەبێت[٢]، بەڵام بە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان بەعسییەکان و شیوعیەکانەوە و، پاش گەڕانەوەی هەمزە عەبدوڵا بۆ پۆستی سکرتێری گشتیی پارتی لە سەرەتای ١٩٥٩، بەزوویی پەیوەندییەکانی نێوانیان تێکچوون، ئەمەیش پارتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی حزبی بەعس و نەژادپەرستانی عەرەبدا دانا[٣].

دوای ئەوەی ئەستێرەی مەلا مستەفا درەوشایەوە و وەک هێزێکی گوشار و کارا و، وەک هەنگاوێکی ڕاگتنی هاوسەنگی لە عێراقدا دەرکەوت، ڕۆژنامەی الصحافة‌ی بەیروتی، کە زمانحاڵی حزبی بەعس بوو، گوتارێکی لە ٤ی شوباتی ١٩٥٩ بڵاو کردەوە، ئایدۆلۆژیای حزب و سیاسەتەکەی لە هەمبەر دۆزی نەتەوەیی کورددا ڕوون کردەوە، تێیدا هاتووە کە:

"گەلی بەڕێزی عەرەب پارێزگاریی لە سەرجەم کەمینەکان کردووە و بژاردەی مانەوە لە نیشتمانی عەرەبدا یان کۆچکردن بۆ وڵاتەکەیانی بەخشیوە". هەروەها ڕۆژنامەکە دەڵێت:"نەتەوەی عەرەب هاریکاریی خەباتی کورد دەکەن بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی، بەڵام سنوری ئەم دەوڵەتە لە کوێیە؟ ئەو سنوورەی نەتەوەی کورد لەخۆ دەگرێت کوردستانە کە لە بەشێک لە تورکیا و ئێران پێکدێت، نەتەوەی عەرەب خۆشحاڵ دەبێت بە بوونی دراوسێیەکی هاوڕێی کە وڵاتی کورستانی دیموکراتی ڕزگاریخوازە، کەچی ئەم وڵاتانە ئامادە نین بەشێک لە وڵاتەکەی جودا بکەنەوە و بیدەن بەوانی تر"[٤].

ڕەنگە بەعس ئەم هەڵوێستەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قاسمی هاوسۆزی کورد لەو کاتەدا تەبەنی کردبێت، بۆ کێشکردنی نەژادپەرستە عەرەبەکان دژی داواکارییەکانی کورد بۆ حوکمی خۆبەڕێوبەری، وێڕای پشتگیریی پارتی بۆ قاسم لە پاکتاوکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی شەوافدا لە ٨ی مارسی ١٩٥٩.

ئەم گوتارانە هیچ گومانێکی کوردیان لەبارەی هەڵوێستی بەعس بەرامبەر دواکارییە نەتەوەییەکانی لە عێراقدا نەهێشتەوە، دوای پەرەسەندنی ناکۆکیی نێوان قاسم و بەعس کە بە مەترسی یەکەم لەسەر یەکێتی عەرەب دادەنرا، دۆزی کورد گرنگییەکی لاوەکیی پێدرا[٥]، کاتێک فوئاد ڕیکابی لە حزبی بەعس

---

(١) عبدالفتاح علي البوتاني، العراق دراسة في التطورات السياسية الداخلية ١٤تموز ١٩٥٨ ـ ٨ شباط ١٩٦٣، دار الزمان دمشق ٢٠٠٨، ص ١٨٥.

(٢) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٣٣.

(٣) الحزب الديمقراطي الكردستاني (مركز الدراسات والبحوث المركزي)، مصدر سابق، ص ٩٨.

(٤) اوريل دان، العراق في عهد قاسم، مصدر سابق، ص ١٧٩.

(٥) ميفان عارف بادي، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص ١٥٢.

جودا بووەوە و ڕێکخستنێکی نوێی بە ناوی "حزبی بەعسی ئیشتیراکی، هەرێمی عێراق، سەرکردایەتی شۆڕش"ەوە دامەزراند، ئەم حزبە هەمان هەڵوێستی حزبی بەعسی هەبوو سەبارەت بە دۆزی کورد[١].

زۆربەی ئەدەبیاتی بەعس لە دوای شۆڕشەوە، بەرامبەر دۆزی کورد، بە پێچەوانەی نووسراوەکانی حزبی شیوعی دانرابوون، دۆزی کوردیش هۆکار بوو بۆ سەرهەڵدانی دووبەرەکیی توند لەنێوان هەردوو حزبدا.

## هەڵوێستی بەعس بەرامبەر بە شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١

ئەوەی ڕوویدەدا حزبی بەعس بە ناکۆکیی تایبەتی نێوان قاسم و مەلا مستەفای وەسف کرد[٢]. ئەو بەیاننامەیەی کە بەرەی نیشتمانی لە کۆتاییەکانی ئەیلوولی ١٩٦١دا، بە ناونیشانی "لەبارەی دوایین گۆڕانکارییەکانی باکووری عێراق"ەوە بڵاویکردەوە، بە یەکەم بەیاننامە دادەنرێت حزبی بەعس باسی دۆزی کورد و شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ کردبێت، کە تێیدا هاتووە:

"لە باکووری عێراق ئاراستەگەلی ڕەگەزپەرستی شێواو دەرکەوتووە، بە ساختە بە ناوی کورد و بەرژەوەندییەکانی کوردەوە داوای بەشکردنی خاکی عێراق و هەڵوەشانەوەی یەکێتی خەباتگێڕی دەکەن، پێدەچێت حوکمی قاسم بەرەوی بەم ڕوانگانە داوە، کە ئامرازێکی تیایاندا بینیەوە بۆ لێدان لە ڕوانگەی نەتەوەپەروەری لە لایەک و بۆ پەرتکردنی یەکێتی گەلی شۆڕشگێڕ لە لایەکی ترەوە".

بەیاننامەکە حزبی شیوعی بە هاوپەیمانی قاسم لەم سیاسەتەدا لە قەڵەم دابوو، چونکە ترسی کوردی لە هەر سەرکەوتنێکی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی عەرەبی وروژاند و جەختی لەوە کردەوە کە:

"دابەشبوونی حزبی شیوعی لەسەر بناغەگەلی ڕەگەزپەرستی وەک ئەو لقەی پێی دەگوترێت حزبی شیوعی لە کوردستان، جەخت لەم تێڕوانینە جیاکارییە دەکاتەوە و بەرجەستەکاری پلانی بەشبەشکردنە، کە داگیرکەر پشتیوانیی دەکات". بەیاننامەکە هۆشداریی دابوو لەوەی "کە کەسایەتییە کوردییە دڵسۆزەکان، بکەونە شوێن بانگەشەکاران بۆ بەشبەشکردن و جیابوونەوە و ڕۆیشتن لەگەڵ ئەم سەرکردە شێواوانەدا". سەبارەت بە شۆڕشی کوردیش، بەیاننامەکە گوتی "ئەمڕۆ لە ١١ی ئەم مانگەوە شەڕێکی چەکداری لە نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و پیاوانی خێڵەکیی کورددا، کە یاخیبوونی چەکدارییان ڕاگەیاندووە و دروشمی پارچەپارچەکردنی عێراقیان بەرز کردبووەوە بەردەوامە"[٣].

---

([١]) الحزب الديمقراطي الكوردستاني (مركز الدراسات والبحوث المركزي)، مصدر سابق، ص ١٢٠.

([٢]) شلومو نكديمون، الموساد في العراق ودول الجوار، مصدر سابق، ص ٧٩.

([٣]) حزب البعث الاشتراكي، نضال البعث، القطر العراقي ١٩٥٨، ج٧، بيروت، ١٩٦٥، ص ١٧٠ ـ ١٧٢.

ڕۆژنامەی الاشتراكي زمانحاڵی حزبی بەعس لە تەموزی ١٩٦٢ گوتارێکی بە ناونیشانی "دۆزی کورد و ڕووداوەکانی باکوور" نووسی و تێیدا هاتووە:

"داواکارییەکانی نەتەوەی کورد بەشێکن لە داواکارییەکانی گەل بەگشتی و بەجێهێنانی ئەم داواکارییانەیش، بە کۆتاییهاتنی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا نەبێت نایەتەدی، لەبەر ئەوە هەوڵی جیاکردنەوەی کورد لە کۆی بزووتنەوەی گەل کە دوژمن بە دەسەڵاتە، ڕیبازێکی ڕەگەزپەرستیی جیاکاری لە کاری سیاسیدا وێنا دەکات. بەدەستهێنانی داواکارییەکانی گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانیەوە پەیوەندییەکی زیندویان بە ئاستی وەرگرتنی بزاوتە نەتەوەیی و پێشکەوتنخواز و هۆشیارەکانەوە هەیە بۆ خەونە نەتەوەییەکانی هەموو گەلی عێراق، واتە خەونەکانی نەتەوەی کورد ناتوانێت پشتگیری کۆی گەلی عێراق بەدەست بهێنێت، گەر بزاوتە نەتەوەییە عەرەبییەکان لە ئاستی جەنگی هاوبەشدا هاوکار نەبن"[١].

بەعس بۆ جاری دووەم لە ڕۆژنامەی الاشتراكي لە تشرینی دووەمی ١٩٦٢ لە گوتارێکدا بۆچوونەکانی خۆی نوێ کردەوە بە ناونیشانی "مەترسییەکانی بزووتنەوەی شێوێنراو لە باکوور و هەڵوێستی قاسم" وێرای زیادکردنی گوزارشتی نوێ بۆ سەر گوتارەکانی پێشوو، دەڵێ:

"سەرەڕای ئەوەی بزووتنەوەی چەکداریی کورد لە ئێستادا دژ بە حوکمڕانیی قاسمە، بەڵام بە هۆی وابەستەیی و شێواز و ئاراستەکانیەوە، ناکرێت وەک بەشێک لە بزووتنەوەی نیشتمانی لە عێراقدا دابنرێت، کە دوژمنی داگیرکار و خەبات بۆ گۆڕینی بارودۆخ و ڕووخاندنی حوکمڕانیی تاکەکەسی دەکات"[٢].

دیارە حزبی بەعس لە بنچینەوە لە ئەدەبیاتیدا ڕەتی کردووەتەوە بزووتنەوەی کورد بە بزووتنەوەیەک کە پاڵنەری نەتەوەیی هەبێت، دابنێت[٣]، ئەمەیش ئەدەبیاتی بەعس لە ماوەی ١٩٥٨ بۆ ١٩٦٢ ڕوون دەکاتەوە، کە لە نێوان مافە نەتەوەییەکانی کورد هەوڵەکانی دابەشکردنی عێراق و لێدانی ڕەوتی نەتەوەیی عەرەبدا، دەهات و دەچوو، بۆیە ئەو ئەدەبیاتە جیاکاریی لە نێوان کوردە دڵسۆزەکانی عێراق و کوردە جوداخواز و بەکرێگیراوانی داگیرکەران کرد.

حزبی بەعس لە بەیاننامە و وتارەکانیدا ئاماژەی بە ناوی مەلا مستەفای بارزانی نەکردووە، بەڵکو بە ڕەگەزێکی شێوێندراو بە ئامانجی جیاکردنەوەی (باکووری عێراق) لێی ڕوانیوە[٤]، هەروەها لە ئەدەبیاتی بەعسدا باسی ئامانج و داواکارییە نەتەوەییەکانی کورد نەکراوە.

حزبی بەعس لە هەموو ئەدەبیاتیدا سوور بووە لەسەر ناو نەهێنانی (کوردستان) یان (کوردستانی عێراق)، چونکە ئەوە پێچەوانەی پەیڕەو و پرۆگرامی حزبە کە عێراق بە گەل و خاکیەوە بە بەشێک لە

---

(١) المصدر السابق، ص ٢٢٠.

(٢) المصدر السابق، ص ٣٠٥.

(٣) ميفان عارف، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص ١٢٢.

(٤) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٤٨.

نەتەوەی عەرەب دەزانێت. بەڵام بەعس لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٢دا زمانی بەرامبەر بە کورد و کێشەی کورد گۆڕی، وادیارە فراوانبوونی شۆڕشی کورد و نزیکبوونەوەی بەعس لە رووخاندنی قاسم، هۆکاری ئەمە بوون. کەواتە ئاساییە بەعس هەوڵی هاوکاری بدات لەگەڵ هەموو لایەنە نەیارەکانی قاسمدا[1]، لەبەر ئەوە رێکەوت نەبوو کە بەعس سوور بوو لەسەر ڕاکێشانی پارتی بۆ پاڵ خۆی لەپێناو یەکخستنی کارەکانیدا[2]. چونکە بڕوای وابوو جوڵانەوەی دژ بە قاسم خوێناوی و پڕ مەترسی دەبێت، ئەوەیش کاری پێکەوەیی و هاوکاری دەخوازێت. ئەمە پاڵنەر بوو بۆ ئەوەی بیر لە ئارامکردنەوەی هۆشی پارتی و جەخت لەسەر ڕێزگرتن لە ئامانجە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بکاتەوە[3].

لە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی باڵای حزبی بەعسدا لە ١٩٦٢، بۆ یەکەم جار باس لەوە کرا کە گرنگە حزب بڕوابوونی خۆی بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد ڕابگەیەنێت[4]، بۆیە حزبی بەعس لە شوباتی ١٩٦٢دا دەستپێشخەریی کرد و پەیوەندی بە سەرکردایەتی پارتیەوە کرد[5]. مەلا مستەفا ڕەتیکردەوە وەک هاوپەیمانێکی پلە دوو مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، سوور بوو لەسەر ئەوەی وەک هاوشان و لەسەر ئاستی یەکسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. بۆیە حزبی بەعس توانی بە پێشکەشکردنی هەندێک دەستەبەریی و گرەنتیی زارەکی سەرکردایەتی کورد هێور بکاتەوە، بە هۆی ئەوەیشەوە، عەلی ساڵح سەعدی، ئەمینداری حزبی بەعس لەگەڵ ساڵح یوسفی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیدا لە کانونی دووەمی ١٩٦٣ کۆبووەوە، کۆبونەوەکە نیمچە ڕێککەوتنێکی لەسەر دۆزی کورد لێکەوتەوە[6].

شیبلی ئەلعەیسەمی جێگری ئەمینداری گشتی حزبی بەعس باس لەوە دەکات ڕێککەوتن لە نێوان هەردوو لادا لەسەر بەدیهێنانی حوکمی زاتی لە ناوچەی کورددا کرا[7].

شۆڕشی کورد ئامادەیی نیشاندا بۆ ڕاگەیاندنی ئاشتی و بەشداریکردن لە ڕژێمە نوێیەکەدا و ڕێگریکردن لە هەر هێزێکی سەربازی بۆ بەرگری کردن لەو بزووتنەوە چاوەڕوانکراوەی بەغدا[8]، بەڵام ڕێککەوتنەکە زارەکی بوو نەک نووسراو[9].

---

(١) علی کریم سعید، عراق ٨ شباط ١٩٦٣، مصدر سابق، ص ٢٤٩.

(٢) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ١٤٩.

(٣) الحزب الديمقراطي الكردستاني (مركز الدراسات والبحوث المركزي)، مصدر سابق، ص ١٢٤؛ سعد ناجي، مصدر سابق، ص ١٥٠.

(٤) حني الفكيكي، أوكار الهزيمة، مصدر سابق، ص ٢٩٧.

(٥) أدموند غريب، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ٦٨؛ سعيد بشير اسكندر، مراجعة سياسية للفدرالية والحل الفدرالي للمسألة الكردية في تاريخ العراق الحديث ١٩٢١ _ ١٩٩٢، دمشق، ٢٠٠٤، ص ٦٦.

(٦) سيف الدين الدوري، علي صالح السعدي وسلطة البعث الأولى، ص ٣٠٣.

(٧) شبلي العسيمي، تاريخ حزب البعث الاشتراكي، المرحلة الصعبة ١٩٥٨ _ ١٩٦٨، ج٣، بغداد، ١٩٨٧، ص ٢٥٨.

(٨) حني الفكيكي، أوكار الهزيمة، مصدر سابق، ص ٢٩٤.

(٩) جرجيس فتح الله، العراق في عهد قاسم، مصدر سابق، ص ٨٦١.

دوای ڕێککەوتنی مەلا مستەفا و عەبدولڕەحمان بەزاز لەسەر بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران، سەرکردایەتی باڵا لە ٢٨ی تەموزی ١٩٦٦دا بەیاننامەیەکی دەرکرد و هێرشی کردە سەر ڕێککەوتنەکە ئەوەیش لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە:

بەستنەوەی چارەسەری ئاشتییانە بۆ کێشەی یاخیبووەکان و بە پێویستزانینی گەڕانەوەی بارودۆخی پەرلەمانی بۆرژوازی، یارییەکی داگیرکەرانەیە و بەیاننامەکە سیاسەتی جیابوونەوە لەخۆ دەگرێت، چونکە سوپای یاخیبوو حکوومەتی ناچار کردووە وەک دەستەیەکی نیشتمانی سەر بە حکوومەت ناوی ببات[1].

## پەیوەندی لەگەڵ پارتە نەتەوەییەکاندا

ئەوکاتەی شەڕ لە کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣ ـ ١٩٤٥ هەڵگیرسا، نوری سەعیدی سەرۆکوەزیران ناچاربوو بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە سەردانی کوردستان بکات، هەروەها مەلا مستەفا سەردانی بەغدای کرد و پێشوازییەکی گەرموگوڕی لێکرا. ئەمەیش هەلێک بوو بۆ نەژادپەرستەکانی عەرەب تا هێرش بکەنە سەر حوکمەکەی نوری سەعید، نیگەرانی و بێزاری خۆیان نیشاندا لەو پێشوازییە گەرموگوڕەی لە مەلا مستەفا کراوە، ئەمە یەکەم جارە هەڵوێستی نەژادپەرستەکان بەرامبەر مەلا مستەفا و بزووتنەوەی کوردی دەربکەوێت.

ئا لەم ماوەیەدا. حزبی ئیستقلال دامەزرا کە نەژادپەرستەکانی عەرەبی لەژێر خێمەکەیدا کۆکردبووەوە. لە دەقی بەندی سێی مادەی دووی کارنامەی حزبەکەدا هاتووە: "هەرچەند حزب شانازیی بە نەتەوەپەروەریی خۆیەوە دەکات، بەڵام ڕێز لە نەتەوەکانی تر دەگرێت، هاونیشتمانیە کورد و عەرەبەکان بە هاوبەش دادەنێت لە نیشتماندا[2]، شانازی کورد بە نەتەوە و مێژوو و دابونەریتەکەیەوە بەربەست نییە لە بەردەم پێکەوەژیانی هەردوو گەلی کورد و عەرەب و خۆشەویستی نێوانیاندا[3].

حزبی ئیستقلال داوای ڕیشەکێشکردنی بانگەشەی جیاکاریی نێوان کورد و عەرەبی کرد، پارێزگاری لە نەتەوەی عەرەب کرد، کە ڕێز لە مافی نەتەوەکانی تر دەگرێت، بە تایبەت نەتەوەی کورد. حزب پێی وابوو شانازیکردنی کورد بە کەسایەتی و دابونەریت و کولتورییەوە ڕێگر نییە لە پێکەوەژیانی هەردوو گەل بە یەکسانی، هەروەک لە ڕابردوودا ڕوویداوە، لە ئێستاشدا هەروا دەبێت، نەتەوایەتی عەرەب کار بۆ یەکخستنی خەباتی هەردوو گەل دەکات لە پێناو ڕزگاریدا تا پێکەوە لە ئاسایشی و ئاشتیدا بژین[4].

---

(١) حزب البعث العربي الاشتراكي، القيادة القومية (المكتب الثقافي) ملف القضية، ص ٢٦؛ جواد كاظم البيضائي، موقف الأحزاب السياسية في العراق من القضية الكوردية، مصدر سابق، ص ١٠٩.

(٢) محمد مهدي كبه، مذكراتي في صميم الأحداث، ص ٤٤٣.

(٣) عبدالامير العكام، تاريخ حزب الاستقلال ـ العراق ١٩٤٦ ـ ١٩٥٨ ـ بغداد، دار الرشيد، ١٩٨١، ص ٣٢.

(٤) جريدة لواء الاستقلال، لسان حال حزب الاستقلال، العدد ٣١٣ في ١٩٤٨/٣/٣.

سەرباری ئەوەیش پارتی وای دەبینی حزبی ئیستقلال کار بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەتییەکی عەرەبی دەکات هەموو گەلی عێراق چۆکی بۆ دابدەن، لەبەر ئەوە سەرکردایەتی ئەم حزبەی بە ئارەزوویان بۆ فاشیزم تۆمەتبار کرد، ڕوونیشی کردەوە حزبی ئیستقلال هەڵوێستی دوژمنکارانە و دەمارگیریی کردووە بە باوەڕی خۆی و بەوەیش ئیدانەی کرد کە هیچ هەڵوێستێکی نەگرتووەتە بەر لەسەر ئەو کارەسات و نەگبەتییانەی کورد بە سەری هاتووە کە شیاوی باسکردن بێت، هەروەها بە نازی و دوژمنکار تاوانباری کرد[1].

هۆکاری ئەم تۆمەتەیش دەگەڕێتەوە بۆ بانگەشەکانی حزبی ئیستقلال بۆ یەکێتی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبدا، بە شێوەیەک ڕۆڵێکی دیاری لە جووڵانەوەی نیشتمانیدا بینی و ڕێبازێکی نەتەوەیی یەکێتی گرتەبەر[2].

کاتێک حزبی ئیستقلال لەگەڵ بەعس و شیوعیەکاندا لە ساڵی ١٩٥٧ چووە ناو بەرەی یەکێتی نشتیمانییەوە، حزب پشتگیریی لە هەڵوێستی بەعس کرد کە دژی پەیوەندیکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە بەرەکەوە.

حزبی ئیستقلال لە ساڵی ١٩٥٩ دووچاری پوکانەوە و هەڵوەشانەوە بووەوە، ئەوەیش بە چوونە دەرەوەی زۆربەی ئەندامە لاوەکانی، سەرکردایەتیە لاوەکەی دەستی بە کاری نهێنی کرد و دەستورێکی نوێیان داڕشتەوە کە بە شێوەیەکی نهێنی لە ساڵی ١٩٥٩ پەخشیان دەکرد. لە سیاسەتی ناوخۆییدا دەستورەکە داوای یەکسانی نێوان سەرجەم هاونیشتمانیان و چەسپاندنی ژیانێکی دیموکراسییانەی دەکرد. لە مادەی ١٧دا جەخت لەوە کراوەتەوە "قەوارەی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و قەوارەی عێراق لەسەر بنچینەی هاوکاریی تەواوی هاونیشتمانیان و ڕێزگرتن لە مافە نەتەوەییەکان و پاراستنی ئازادییان دادەمەزرێت، کورد و عەرەبیش لەم نیشتمانەدا هاوبەشن و مافە نەتەوەییەکانیان لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا دەستەبەر دەکرێت"[3].

یەکێک لەو ڕێکخراوە نەتەوەییانەی لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨وە دەرکەوتن، (ڕابیتەی نەتەوەیی)ە کە لە ئابی ١٩٥٨ لەلایەن نەژادپەرستەکان دامەزرا.

ئەم دەستە نەتەوەییە بەوە جیا دەبێتەوە، کە هەر تەنها دژی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد نەبوو، بەڵکو دژی گەڕانەوەی مەلا مستەفایش بوو لە تاراوگە، دانی بە نەتەوەی کوردا نەنا، بە شێوەیەک لە بڵاوکراوە نهێنییەکەیاندا، الرقیب، جەختی لەوە کردووەتەوە کە قاسم هۆکاری سەرەکییە لە هەڵگیرسانی

---

(1) ئیسماعیل باغي، تطورت الحركة الوطنية، مصدر سابق، ص ٢٨١.

(2) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الأحزاب السياسية العراقية، بيروت، مركز الدراسات الأبجدية، ١٩٨٠، ص ١٣٣ ـ ١٣٤.

(3) ابراهيم الجبوري، النشاط السياسي المشترك لحزب الاستقلال والوطني الديمقراطي في العراق ١٩٥٢ ـــ ٩٥٩، بغداد، ص ٤٧٤ ـ ٤٨٣.

ئەو شۆڕشەدا، ئەوەیش بە ڕێگەدان بە گەڕانەوەی مەلا مستەفا[١]. جەختیشیان لەسەر یەکێتی گەلی عێراق کردووەتەوە گوایە بە ڕووخانی حوکمی قاسم تەبێت ئەو یەکێتیە ناگەڕێتەوە[٢].

### حزبی عەرەبی ئیشتراکی

لە تەموزی ١٩٦٠دا دامەزرا. ژمارەیەک بەیاننامەی دەرکرد کە بە توندی هەڕەشەی لە سیاسەتەکانی قاسم گرت کە بووەتە هۆی خۆشکردنی ئاگری ئاژاوە و کینە لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلدا، کە داوای چارەسەری کێشەکانیان نەدەکرد و مۆڵەتپێدانی پارتیان بە یەکێک لە هەڵە زەقەکانی قاسم دانا، لەبەر ئەوەی حزبێکی ڕەگەزپەرستە و ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاڵای جیابوونەوە و بانگەشەکردنە بۆی. هەروەها حزب قاسمی بە کردنەوەی ئاگری فیتنە و ڕقلێبوونەوەی لە نێوان برا کورد و تورکمانەکاندا لەلایەک و کوردەکانیش لەناو خۆیاندا لەلایەکی ترەوە تاوانبار کرد[٣].

### بزووتنەوەی نەژادپەرستانی عەرەب

بزووتنەوەکە هیچ بەرنامە یان بۆچوونێکی بۆ چارەسەری دۆزی کورد پێ نەبوو، هەر کە شۆڕشی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ هەڵگیرسا، ئەم بزاوتە هێرشی کردە سەری و بە دەستکەلای جیابوونەوەی دانا. مستەفا بارزانی و قاسمیشی بە هاوپەیمان بۆ لەناوبردنی لایەنە نەتەوەییەکانی عەرەب و بەکارهێنەری سوپا لە جەنگە لاوەکییەکان لە قەڵەمدا[٤]. پاشان هەڵوێستی بەرامبەر بزووتنەوەی کورد گۆڕا و نەرمیی نواند[٥]. لە ٤ی نیسانی ١٩٦٢دا ڕۆژنامەی الوحدة زمانحاڵی بزووتنەوەکە، بۆ شۆڕشی کورد بابەتێکی دەستپێکیی بە ناونیشانی "یەکێتی خەباتی نێوان کورد و عەرەب ئامانجە نیشتمانیەکانمان بەدیدەهێنێت"، نووسی کە تێیدا جەختی لەسەر یەکچارەنووسیی نێوان کورد و عەرەب کردەوە لە ئازارەکانیان لە سایەی حوکمڕانیی قاسمدا. گوتارەکە هۆشداریی لە پێویستی ڕەچاوکردنی واقیعی گەلی کوردستاندا، کە شەڕ چارەسەری گرفتەکان ناکات، لەلایەن چەند لایەنێکەوە کە لە ڕاستیدا خۆیان بەرپرسیارن لەوەی ڕوو دەدات، تاکە چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ڕزگاریخوازی هاوچەرخە، نوێنەرایەتی

---

(١) وائل علي احمد النحاس، تاريخ الصحافة العراقية ١٩٥٨ ـــ ١٩٦٣، رسالة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الموصل، ١٩٩٣، ص ٣٠٦.

(٢) عبدالفتاح على البوتاني، العراق، دراسة في تطورات. مصدر سابق، ص ٣٢١.

(٣) ميفان عارف بادي، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص ١٦١.

(٤) الحزب الديمقراطي الكردستاني، موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكردية، مصدر سابق، ص ١٣٢.

(٥) فيان عارف، الحركة القومية، مصدر سابق، ص ١٥٨.

جەماوەر و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بکات، ڕۆژنامەکە داوای لە سەرجەم هێزەکان کرد بۆ خەباتکردن دژ بە دەسەڵاتی قاسم(١).

ئەم پێکهاتە نەژادپەرستییانە، لە ساڵی ١٩٦١، بەرەیەکیان بۆ دژایەتیکردنی قاسم و حزبی شیوعی بە ناوی (بەرەی نەتەوایەتی) پێکهێنا، ئەم بەرەیەش لە کۆتایی ئەیلوولی ١٩٦١ بەیاننامەیەکی لەبارەی "بارودۆخی باکووری عێراق" دەرکرد، کە تێیدا هاتووە:

"هەر لەو لادانەوە کە عەبدولکەریم قاسم پێشەوایەتیی دەکرد، بە پشتبەستن بە حزبی شیوعی و هێزە نیشتمانیەکان و داگیرکاران و بەکرێگیراوان، بۆ دابڕینی عێراق لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی و، دوورخستنەوەی لە هاریکاریی کرداریی لەم بزووتنەوەیەدا، لە باکووری عێراق ئاراستەگەلی دەمارگیری شێواو دەرکەوتن، کە بە نارەوا بە ناوی کورد و بەرژەوەندیی کوردەوە کار بۆ بەشبەشکردنی عێراق و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی خەباتگێڕی دەکەن"(٢).

لەمەوە دەردەکەوێت بەعسییەکان و هاوڕێکانی تریشیان، هەڵوێستێکی ئەرێنی و زانستییانەیان بۆ چارەسەری دۆزی کورد نەبوو، بەڵکو ناوەندی قورسی ئیدانەکردنیان دژ بە بزووتنەوەی چەکداریی کورد بوو. بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو بۆ خۆیان و سەرجەم دەستە نەیارەکان، کە پەیوەندیی نهێنیی (تەکتیکی) لەگەڵ جەماعەتی مەلا مستەفا لە ساڵی ١٩٦٢، گرێ بدەن، بۆ دەستەبەرکردنی بێلایەنیی گرووپەکەی بارزانی یاخود بۆ پشتیوانییان لە کاتی ڕووخاندنی قاسمدا(٣).

ناسرییەکان و سەرجەم نەتەوەپەرستە نابەعسییەکان، هەڵوێسیان هەروەک هەڵوێستی بەعس بوو بەرامبەر بە دۆزی کورد، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو لەوەی میسر لە ڕادیۆکەیەوە بەرگری لە بزووتنەوەی کورد بکات وەک ئامانجێک بۆ حوکمڕانی قاسم .

دوای کەوتنی قاسم، پارت و ڕێکخراوە ناسرییەکانی عێراق هەمان هەڵوێستی سەرۆک عەبدولناسریان بەرامبەر بە کورد و کێشەی کورد هەبوو. لەم بارەیەوە دەکرێت ئاماژە بە هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیشتیراکیی عەرەبی لە ساڵی ١٩٦٦ بکرێت، کە لە بەهێزترین ڕێکخراوە ڕامیارییە ناسرییەکان بوو لە عێراقدا. بزووتنەوەکە دانی بە بوونی نەتەوەی کورد و مافەکانی لە هەبوونی مافە نەتەوەیی و ئیداری و ڕۆشنبیرییەکانیدا لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتودا نا، لە زۆرێک لە بڵاوکراوەکانیدا داوای یەکخستنی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد و عەرەبی کرد و نارازییش بوو بەرامبەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شەڕ.

---

(١) وائل احمد علي النحاس، تاريخ الصحافة العراقية ١٩٥٨ _ ١٩٦٣، مصدر سابق، ص ٣٠٧.

(٢) عزيز الحاج، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٣٤.

(٣) هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة، مصدر سابق، ص ٢٩٧.

له كۆنگرەی یەكەمیدا له تەموزی ١٩٦٨، بزووتنەوەی ئیشتراكی جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە لقێكی ڕێكخراوە لە لقەكانی بزووتنەوەی نەتەوەپەرستە عەرەبەكان و دانیشی بە مافی كوردەكان له حوكمی زاتیدا نا. گۆڤاری حزبەكە لە گوتارێكیدا گوتی:

"ئامانجەكانی گەلی كورد لە ڕزگاری و دیموكراسی و ئیشتیراكیدا بە پاڵپشتی و وابەستەیی برایەتی و پێكەوەژیانی لەگەڵ گەلی عەرەبدا نەبێت نایەنەدی"[1].

لەگەڵ ئەوەی جووڵانەوەی ئیشتراكیی عەرەبی دابەش بوو بۆ چەند باڵێك، عەبدولئیلا نەسراوی، هاشم عەلی موحسین، خەیرەدین حوسێن، سوبحی عەبدولحەمید و خالد عەلی ساڵح، هەریەكەیان پێشەوایەتی باڵێكیان دەكرد، حزبەكەیش بە یەكێتی ئیشتراكی ناو دەبرا[2]. كەچی بزووتنەوەكە بە هەموو ڕەوت و باڵەكانیەوە بە گرنگەوە جەختیان لە دۆزینەوەی هاوپەیمانییەک لە نێوان بزووتنەوەی پێشكەوتووی كورد و عەرەبدا دەكردەوە، كە مافە نەتەوەییەكانی گەلی كورد و كۆتاییهێنانی گەمارۆی ئابووری لەسەر ناوچەی باكوور و دامەزراندنی ئەنجوومەنێكی جێبەجێكاری هەڵبژێردراوی یاسایی دەستەبەر بكات، هەروەها جەختی لەسەر داواكارییەكانی كورد بۆ بەشداریكردن لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردن بەپێی ڕێژەی دانیشتوانیان لە عێراقدا كردەوە.

حزبی یەكێتیی ئیشتراكیی ناسری جەختی لەسەر دوو شت كردەوە[3]، یەكەمیان جێبەجێكردنی سیستەمی لامەركەزی، دووەمیش جێبەجێكردنی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران.

كۆنگرەی نەژادپەرستە ئیشتراكییەكان، كۆمەڵێك بوون لە بەعس جودابوونەوە، ئەیاد سەعید سابت بەڕێوەی دەبرد و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە دۆزی كورد بەم شێوەیە دیاری كرد:

١. بەدیهێنانی لامەركەزی لە فەرمانڕەوایدا.
٢. یەكگرتنی ڕەنجدەرانی كورد و عەرەب لە شۆڕشێكی سۆسیالیستیی هاوبەشدا، بۆ دامەزراندنی حوكمێكی ئیشتراكی.

بەڵام هەڵوێستی پارتی كرێكارانی ئیشتراكیی عەرەبی شۆڕشگێڕی كە هەموو سەركردە جودابووەكانی بەعسی لەخۆ گرتبوو، بە گرنگییەوە باسی لە چارەسەری دۆزی كورد كردەوە و پێی وابوو چارەسەری ڕیشەیی لە ڕێگەی سۆسیالیزمەوە دەبێت[4].

---

(١) مجلة طريق الثورة، ١٩٦٨/٧/٦، بغداد.

(٢) هادي حسن عليوي، الأحزاب، مصدر سابق، ص ٢١٧ ـ ٢١٩.

(٣) محمد كريم مهدي المشهداني، عبدالرحمن البزاز، مصدر سابق، ص ١٩٩.

(4)http://gilgamish.org/printer title.php?-6664

## بەرەی یەکێتی نیشتمانی

لە شوباتی ١٩٥٧دا، بەرەیەکی نیشتمانی و یەکگرتووی ئۆپۆزسیۆنی نهێنی دامەزرا، بە ناوی بەرەی یەکێتیی نیشتمانی. ئەم بەرەیە لە یەکگرتن و هاوئاهەنگیی قۆناغەکانی بۆ کارکردن لەگەڵ هێزە نیشتمانیەکاندا دژ بە ڕژێمی پاشایی نەهاتبوو و ژمارەیەک پارتی لەخۆ گرتبوو، ئەوانیش بریتی بوون لە حزبی نیشتمانی دیموکراتی، ئیستقلال، شیوعی، بەعس و ژمارەیەک لە سیاسییە سەربەخۆکان کە لە ئازاری ١٩٥٧دا ئەم بەرەیە یەکەم بەیاننامەی دەرکرد[١].

پارتی دیموکراتی کە کوردستانی عێراقی یەکحستبوو لەم بەرەیەدا بەشداریی نەکرد، بەڵکو لە دەرەوەی چوارچێوەکەیدا مایەوە، ئەوەیش بووە هۆی ئەوەی هەندێک پێیان وابێت بووەتە هۆی ئیفلجی لە کار و چالاکی ئەم بەرەیە لە کوردستانی عێراقدا، بە هۆی نەبوونی ڕێکخراوی لایەنە بەشدارەکانی بەرەکە لەوێدا جگە لە حزبی شیوعی[٢].

سیاسییەکان بیروبۆچوونیان لەبارەی هۆکاری بەشدارینەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دژیەک بوو. لە ڕاستیدا تاکە هۆکار خۆدزینەوە بوو لە باسکردنی دۆزی کورد، بۆ نێکدانی کێشەکە، هەر لایەکیان ئەوی تری تاوانبار دەکرد[٣]. لە ڕاستیدا حزبی بەعس و ئیستقلال لایەنی ناڕازی بوون بە هاتنەناوەی پارتی بۆ بەرەکە، هەروەک عەلی ساڵح سەعدی ئەمینداری سەرکردایەتی باڵای حزبی بەعس دەڵێت[٤]، هەروەها لە شیکردنەوەی ئەم هەڵوێستەیشدا نوری شاوەیس، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت:

"پشتگوێخستنی پارتی لەلایەن ئەم حزبانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ تۆمەتبارکردنی بە "جیابوونەوە و سەربەخۆیی"، هەروەها دەڵێت "هەردوو حزبی بەعس و ئیسقلال هەستیارییەکی نەژادپەرستانەیان لە بەرامبەر پارتیدا هەبوو"[٥].

پەیوەندییەکانی پارتی و حزبی شیوعی لە کاتی پێکهێنانی ئەم بەرەیەدا بەردەوام بوون، پەیوەندی لە نێوان نوێنەری هەردوو حزبدا و ئاڵوگۆڕی هاوکاری هەبوو[٦]، سەرەڕای ئەوەی تێکچوونی پەیوەندیی

---

(١) عزيز الحاج، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ٤٠.

(٢) جعفر عباس حميدي، مصدر سابق، ص ٢٣٠.

(٣) المصدر السابق، ص ٢٣١.

(٤) سيف الدين الدوري، علي صالح السعدي وسلطة البعث الأولى، مصدر سابق، ص ٤٦.

(٥) نوري شاويس، من مذكراتي، مصدر سابق، ص ٦٧.

(٦) تاریق ئیبراهیم شەریف پێی وایە پارتی لەگەڵ حزبی شیوعیدا بەرەی دووقۆڵییان پێکهێنا بۆ هاوئاهەنگیی چالاکییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی ئەم بەرەیەدا. کەچی دەگەڕێتەوە و دەڵێت ئەم هاوپەیمانێتییە دووقۆڵییە بە مەبەستی دروستکردنی گوشار بوو لەسەر لایەنەکانی تر بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی. ئەم تێکەڵییە لە حسنەڕووی بیرۆکەدا جۆرێک لە ناڕوونیی تێدایە. (طارق إبراهيم شريف، شخصيات تتذكر، مصدر سابق، ص ١٦٨).

**نێوانیان و خۆپارێزی** دەرکەوت بە تایبەت دوای پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی لە کوردستان لەلایەن پارتیەوە[١].

**بەکورتی:**

**پارتی پێی وابوو جیاکردنەوەی** لەم بەرەیە، هەڵەیەکی سیاسییە لەلایەن ئەو پارتانەی کە ئەم بەرەیان پێکهێناوە، ئەوەیشی تەنیا بە خۆدزینەوەی ئەم پارتانە لە تێگەیشتن و **قبووڵکردنی دۆزی کورد و پێدانی** پێگەی شایستە بۆی دانەنا، بەڵکە بێباکیشیان لە پێگەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و لەپێش هەموشیانەوە پارتی، هەروەها هیچ کاریگەرییەکی کارای لە ڕووداوەکاندا نەدەبوو گەر لەپاڵ ئەم هێزە سیاسییانەدا بەشدار بووایە.

## پارتی نیشتمانی دیموکراتی

لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستدا، هەندێک لە نەتەوەپەرستە دیموکراتەکانی کورد، نموونەی هەمزە عەبدوڵا، ڕەشید عارف، ئیبراهیم ئەحمەد، عەبدولسەمەد محەمەد، حەسەن تاڵەبانی و عەلی حەیدەر سلێمان[٢]، پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵەی ئەهالی لە عێراقدا بەست لە هەریەکە لە کامل چادرچی، عەبدولفەتاح ئیبراهیم و جەعفەر ئەبو تەمن لە سەرکردەکانیان بوون، بەڵام ئایدۆلۆژیەکی دیاریکراو نەبوو کۆیان بکاتەوە بۆیە لێکترازان. هەندێکیان بوونە مارکسی و ئەوانی تر لە کۆمەڵەی ئەهالی مانەوە و دواتریش لە **حزبی نیشتمانی دیموکراتی، نزیک بوونەوە.**

لە ژێر کاریگەریی فیکریی کۆمەڵەی ئەهالیدا، لە نێوان قوتابیانی کورد لە بەغدا، ئەڵقەی نشتیمانپەروەرە هۆشیارەکانی کورد دامەزرا و لە دەوری ئیبراهیم ئەحمەد خڕبوونەوە، کە کتێبێکی بە ناویی (یادگاریی لاوان)ەوە دەرکرد و تێیدا ئاراستەیەکی **دوژمنکاریی بۆ فاشیزم لە** بزووتنەوەی نیشتمانی کورددا دەرکەوت و داوای هاوپەیمانی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبی دەکرد بۆ بەگژداچوونەوەی داگیرکاری[٣].

لە شوباتی ١٩٥٩، دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، هەریەکە لە **پارتی و حزبی نیشتمانی دیموکراتی** و شیوعیەکان لەسەر بەیاننامەیەکی هاوکاری ڕێککەوتن، گرنگترین خاڵەکانی بریتیبوون لە:

---

(١) **سعاد خيري، من تاريخ الحركة الثورية المعاصرة في العراق ١٩٢٠ ــــ ١٩٨٠**؛ ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، مصدر سابق، ص ٢٣.

(٢) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١١٨.

(٣) **جعفر عباس حميدي، التطورات السياسية في العراق** ١٩٤١ ـ ١٩٥٣، مصدر سابق، ص ٤١٦.

١. پاراستنی کۆماری عێراق و پتەوکردنی ئاراستە نیشیمانییە دیموکراسییەکانی بە سەرجەم هۆکارەکان.
٢. داننانی تەواو بە مافی گەلی کورددا بە دیاریکردنی مافی چارەنووسەوە.
٣. قەڵاچۆکردنی سەرجەم ئەو فیکر و بزووتنەوانەی بانگەشەی جیاکردنەوەی کوردستانی عێراق لە کۆماری عێراقی دەکەن[١].

## هەڵوێستی پارتی نیشتمانی لەسەر دۆزی کورد

پارتی نیشتمانی دیموکرات هاوسۆزییەکی بێپایانی لە ناوەندە سیاسییەکانی کورددا هەبوو، هەر لە دامەزراندنیەوە[٢]، ڕۆژنامەی الأهالي، زمانحاڵی حزبەکە گرنگیی بە ناخۆشییەکانی کورددا، پاش ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر ٢٢ی نیسانی ١٩٥٣، ڕۆژنامەی صوت الأهالي، ڕۆژنامەی پارتی نشتیمانیی دیموکراتی لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٥٣، داواکارییەکانی لاوانی دیموکراتی کورد و ئافرەتانی دیموکراتی کوردی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جووتیارانی هەولێر و ئازادکردنی جوتیارە گیراوەکان بڵاوکردەوە[٣].

پارتی نیشتمانیی دیموکراتی لە زۆرێک لە پارتە ئاشکراکان تێگەیشتنی بۆ دۆزی کورد و گرنگیی چارەسەرکردنی بە گیانێکی دیموکراسیانەوە هەبوو، هەروەها پێداگر بوو لەسەر یەکێتی عێراق. لە مادەی سێی کارنامەی پارتی نیشتمانیی دیموکراتیدا هاتووە:"پارتی نیشتمانی دیموکراتی بە گۆڕەپانی هاوکاریی ئازادانە لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوان کورد و عەرەب و پێکهاتەکانی تری عێراق دادەنرێت، هەلێکی یەکسانیان بۆ گەشەپێدانی تاکەکەسی و هاوکاریکردن لە دیاریکردنی سیاسەتی گشتیدا پێ دەبەخشێت"[٤]. پارتی نیشتمانیی دیموکراتی هەمیشە داوای داننانی بە مافە ڕۆشنبیری و ئیدارییەکانی کورددا دەکرد، بەڵام درووشمی حوکمی زاتی بەرز نەکردەوە، گەرچی حزبەکە هەڵوێستکی دۆستانەی لە بەرامبەر گەلی کورددا هەبوو، سەرۆکەکەی، کامیل چادرچی بە نەبەردی لە دەربڕینی ئەو پێشنیارانەی

---

(١) محمد كاظم علي، العراق في عهد عبدالكريم قاسم، مصدر سابق، ص ٢٩.
(٢) حزبی نیشتیمانی دیموکرات لە ٢ی نیسانی ١٩٤٦ دامەزرا، پاش ئەوەی وەزارەتەکەی تۆفیق سوەیدی لە ١٩٤٦/٢/٢٣، کردنەوەی بواری بۆ دامەزرانی حزبەکان ڕاگەیاند. (فاضل حسين. تاريخ الحزب الوطني الديمقراطي ١٩٤٦ ــــ ١٩٥٨، بغداد، ١٩٦٣).
(٣) جعفر عباس حميدي، مصدر سابق، ص ٨٨.
(٤) فاضل حسين، الحزب الوطني الديمقراطي، مصدر سابق، ص ٣٣؛ محمد مهدي كوبه، مذكراتي في صميم الأحداث، مصدر سابق، ص ٤٤٣.

پەیوەندییان بە دۆزی کوردەوە هەبوو ناسرابوو[1]. هەڵوێستی ئەم دوو حزبە لە یەکتر نزیک بوو، بەتایبەت لە نارەزاییان لە نوێکردنەوەی بەستنەوەی عێراق بە داگیرکاری بەریتانی و لە پێناو ڕزگارکردنی عێراقدا[2].

لە یاداشتێکدا لەبارەی پرسی کورد کە کامیل چادرچی بە نوێنەرایەتیی نیشتمانپەروەرانی دیموکرات پێشکەش بە حکوومەتی کرد، هاتووە:

"نموونەیەکی تر لە مادەی ١٩ی دەستوری کاتیدا دەڵێت سەرجەم هاونیشتمانیان بە کورد و عەرەبەوە پێویستە پارێزگاریی لە قەوارەی ئەم نیشتمانە بکەن، ئەمە دەستورە لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنێت، ئەم ڕێژگەیە مافە نەتەوەییەکانی کوردی و پیادەکردنیانی بە گرەنتیی پارێزگاری لە یەکێتی نیشتماندا، جێگیر کردووە"[3].

سەرکردەکانی حزبی نیشتمانیی دیموکراتی لە نموونەی کامیل چادرچی، محەمەد حەدید و هودەیب حاجی حەمود پەیوەندیی باشیان بە سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرە دیارەکانی کوردەوە هەبوو. دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨یش پەیوەندییەکان بەهێز تر بوون[4]. حوسێن جەمیلی سکرتێری حزب هاوکار بوو لە داڕشتنەوەی یەکەم دەستوری دوای شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨[5]، کە لە نێویدا مادەی سێ هەبوو لە پەیڕەوی پارتی نیشتمانی دیموکراتەوە کە دان بە نەتەوەی کورددا دەنێت، وەرگیرابوو[6]. پەیڕەوی نوێی حزبی نیشتمانیی دیموکراتی هەمان ئەو هێڵە سەرەکییانەی بیروبۆچوونەکانی کە لە سەرجەم بۆنەکاندا خستبوونیە ڕوو، تێیدا بوو[7].

دوای ڕووداوەکانی تەموزی ١٩٥٩ی کەرکووک و هەڵوێستی پارتی نیشتمانی و ڕۆژنامەی الأهالي بەرامبەریان، کە شتی تەماویی لەسەر کورد تێدابوو، کاریگەری خراپی لەسەر ناوبانگی حزب دروست کرد لای کورد. ئەو کاتەی حزبی نیشتمانیی دیموکراتی و سەرۆکەکەی کامیل چادرچی پێشەنگ بوو لە تەبەنیکردنی بنەمای هاوبەشیکردنی کورد و عەرەب لە عێراقدا، بە دەقی ڕوونی پێڕەوی حزب[8] و، دواتریش لە دەستوری پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، ئەو ڕێسا نوێیەی کە لەسەر بنچینەی مۆڵەت بە

(1) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ٢٣٤.

(2) اسماعيل ياغي، تطورات الحركة الوطنية العراقية، مصدر سابق، ص ٢٨٢.

(3) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ٢٣٥.

(4) رفعت الجادرجي، صورة اب، مصدر سابق، ص ٨٩.

(5) مسعود محمد، رحلة حياتي، ستوكهولم، ١٩٩٢، ص ٣٤٦.

(6) ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری ئەوکاتی پارتی دەڵێت "حزب لە ڕێگەی نوێنەرەکانی بەرەی یەکێتی نیشتمانییەوە لە یەکەم دەرچوونی شۆڕشی ١٤ی تەموزدا، لە کاتی گفتوگۆکردنیدا لەسەر دەستور هەوڵی دا برگەیەک زیاد بکات پێوەست بێت بە حوکمی زاتیی کوردەوە، کەچی حزبی نیشتمانیی دیموکراتی بەو زیادکردنە ڕازی نەبوو". (خەبات، العدد ٧٤١، ٩ی ئەیلولی ١٩٩٤).

(7) عادل تقي محمد البلداوي، الحزب الوطني الديمقراطي في العراق ١٤ تموز ١٩٥٨ ـ ٨ شباط ١٩٦٣، بغداد، ٢٠٠٠، ص ١١٠.

(8) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الأحزاب السياسية العراقية، مصدر سابق، ص ١٨٧.

حزبی نیشتمانیی دیموکراتی درا، تەنیا جەختی لەوە کردەوە کە حزبی نیشتمانی، عێراق بە گۆڕەپانی هاوکاریی ئازادانەی هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی گەلی عێراق دەزانێت، کە بووە هۆی نائومێدییەکی زۆر لای ڕووناکبیرانی کورد[١]. کۆمەڵێک نیشتمانپەروەری کورد لە کەرکووک یاداشتێکی دوورودرێژیان بۆ لێژنەی ناوەندیی حزبی نیشتمانی دیموکراتی بەرز کردەوە و تێیدا ئاماژەیان بەوە کرد کە هەموارکردنەوەی ئەم بڕگەیە بەم شێوەیە لێکدانەوە و قسەلۆکی جۆراوجۆری لە ناوەوە و دەرەوەی حزب لێ کەوتووەتەوە، لە کاتێکدا دەقی پرۆگرامە کۆنەکە حزبەکەی لای جەماوەری گەلی کوردستان خۆشەویست و جێمتمانە کردبوو[٢]. بۆیە لایەنگریی حزب لەدوای مۆڵەتپێدانیەوە لە کوردستان ڕووی لە کەمی کرد.

پارتی نیشتمانی دیموکراتی پەی بەو کاریگەرییە نەرێنییەی گۆڕینی ئەو بڕگەیە لە کارنامەکەیدا جێی هێشت، برد، بە کاریگەریی باڵی شۆڤێنیی ناو حزب بەسەر ناوەندە کوردییە جیاوازەکاندا، بۆیە بەپەلە لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەیەکەوە لە گوتارێکی دەستپێکیی گرنگی ڕۆژنامەی الأهالي‌دا، چارەسەری کارەکەی کرد، کە تێیدا هاتووە: "هەرچەندە پرۆگرامی حزب ئاماژەی بە نەتەوەیەکی دیاریکراو، لەو نەتەوانەی گەلی عێراق پێکدەهێنن، نەکردووە، هەروەک لە پرۆگرامی کۆندا وابوو، بەڵام ئاشکرایە دەقی نوێ بەکورتی واتە هەمان دەقەکەی پێشووی ئاماژەی بە کورد و عەرەب کردووە و باسی ئەو نەتەوە و پێکهاتانەی کە گەلی عێراق پێکدەهێنن، نەکردووە)[٣].

دوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١، هەڵوێستی پارتی نیشتمانیی دیموکراتی بەرامبەر دۆزی کورد جێگیر بوو، کە خۆی لە دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتییانە و دادپەروەرانەدا دەبینیەوە، لەگەڵ پێداگیرییەکی تەواو لەسەر پاراستنی یەکێتیی عێراق و یەکێتی خەباتی نیشتمانی. ڕۆژنامەی الأهالي زمانحاڵی حزب بابەتێکی دەستپێکیی تەرخان کرد و تێیدا گوتی: "نابێت ئەو دروشمە دڵسۆزانەی برا کوردەکانمان لەیاد بکەین کە لە سەرجەم خەبات و تێکۆشانە نیشتمانیەکاندا بەرزیان کردووەتەوە، بڕوامان وایە ئەمڕۆ لە هەر کاتێکی تر لەگەڵ ئەو دروشمانەدا ڕاستگۆترن"[٤]. پاش ڕووداو و پێشهاتەکانی شۆڕش، کامیل چادرچیی سەرۆکی حزبی نیشتمانی لە ٢٣ی نیسانی ١٩٦٢ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە ماڵەکەی خۆیدا بەستبووی بارودۆخی کوردستان و عاقی نەتەوەی کوردی خستبووە ڕوو، گوتیشی حزبی نشتیمانی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە دۆزی کورد ناگۆڕێت[٥]، ئاماژەی بەوەیش کرد کە هەڵەیە

---

(١) عادل تقي البلداوي، نضال الشعب الكردي، مصدر سابق، ص ١١١.

(٢) جريدة صوت الأكراد، بغداد، العدد ٩، في ٢٩ تموز ١٩٦٠.

(٣) جريدة الأهالي، العدد ٣٣٣، في ١٣ يناير ١٩٦٠.

(٤) جريدة الأهالي، العدد ٧٠٧، في ١٥ سبيتمبر ١٩٦١.

(٥) محمد عويد الدليمي، كامل الجادرجي ودوره في السياسة العراقية ١٨٩٧ ـ ١٩٦٨، بغداد ١٩٩٧، ص ٢٧٩.

بگوترێت ئەوەی ڕوو دەدات لە کوردستان تەنیا یاخیبوون و لەیاسادەرچوونە، هەروەها بە گرنگیەوە باسی لە دانانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی یەکێتیی عێراقدا کرد[١]، گوتیشی هۆکارگەلێک هەن وا لە کورد دەکەن نەتەوەیەکی بنچینەیی بن و نەکرێت فەرامۆش بکرێت[٢].

ئەم بۆچوونانە عەبدولکەریم قاسمیان تووڕە کرد. ڕۆژنامەی العهد الجديد، کە ڕۆژنامەیەکی حکومی بوو، لە گوتارێکی دەستپێکدا بە هەڕەشەوە باسی لە بۆچوونەکانی چادرچی لەبارەی دۆزی کورد کرد[٣].

لە ئایاری ١٩٦٢، سەد بیرمەندی عەرەب یاداشتێکی ئیمزاکراویان بۆ قاسم بەرزکردەوە کە کامیل چادرچی و عەبدولرەحمان ئیبراهیم ئیمزایان کردبوو، داوای بەڕێوەچوونی دانوستانیان لەگەڵ بزووتنەوەی کورددا کرد، بەڵام قاسم ڕەتیکردەوە[٤].

چادرچی لەسەر بۆچوونەکانی لەبارەی دۆزی کوردەوە بەردەوام بوو، لە ١٤ی کانونی دووەمی ١٩٦٣دا، ڕۆژنامەی المواطن چەند بڕگەیەکی لە بۆچوونەکانی لەبارەی دۆزی کوردەوە بڵاکردەوە و باسی ئەوەی کرد کە کورد دەیەوێت بارودۆخی ناوچەکەیان لە ئاستێکدا بێت هەست بکەن خاوەن قەوارەیەکی نەتەوەیین و مافی زیندووکردنەوەی کەلتووریشیان هەیە[٥].

لە ئایاری ١٩٦٣دا، چادرچی لە یاداشتێکی کە ئاراستەی سەرۆک کۆماری کرد داوای پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کرد کە یەکێتی عێراق دووچاری بووەتەوە و هەروەها باسی چارەسەرکردنی کێشەی کوردیشی بە گیانێکی بێلایەنانەوە وەک جێگیرکردنی ماف و ئەرکی نەتەوەییەکانی تر، کردبوو[٦].

پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئاشتی لە نێوان حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی عەبدولسەلام عارف و شۆڕشی کورد بە پێشەوایەتی مەلا مستەفا، کامیل چادرچیی سەرۆکی پارتی نیشتمانی هەڵوەشاوە پێشوازیی لە بەیاننامەکە کرد و پاڵپشتیی خۆی بۆ ڕاگەیاند[٧].

لە یاداشتێکیدا کە لە ١ی حوزەیران پێشکەش بە سەرۆک کۆماری کرد ڕەخنەی لەوە گرت کە بڕگەکانی دەستوری کاتی لەبارەی دانانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا لاسنبکێن و داوای دیاریکردنی کرۆکی ئەو مافانەی کرد. لە یاداشتەکەیدا هاتووە:"بێگومان بەڵگەنامە دەستورییەکان لەو دەوڵەتانەی کە چارەسەری بابەتی مافە بنچینەیی نەتەوەجیاوازەکان دەکات، یەکەم کرۆک و سنوری ئەم مافانە دەستنیشان دەکات

---

([١]) ميفان عارف، **الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق**، مصدر سابق، ص ١٣٠.

([٢]) عادل تقي البلداوي، نضال الشعب الكردي، مصدر سابق، ص ١٨٠.

([٣]) محمد اميم دوغان، الحقيقة كما رأيتها في العراق، بيروت، ١٩٦٢، ص ١٧٤.

([٤]) أدموند غريب، مصدر سابق، ص ٦٢؛ ليث الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، مصدر سابق، ص ٢٥٩.

([٥]) جريدة المواطن، بغداد، العدد ٢٣٩، في ١٤ يناير ١٩٦٣ والعدد ٢٥٤، في ٣١ يناير ١٩٦٣.

([٦]) منذر الموصلي، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٢٠١.

([٧]) شيركو فتح الله عمر، **الحزب الديمقراطي الكردستاني**، مصدر سابق، ص ١٧٥.

و نەخشەی ڕێگەکانی چارەسەرکردنی دەکێشێت"[١]، بەڵام ئابا کامیل چادرچی و هەڤاڵانی لە حزبی نیشتمانی دیموکراتی، بڕوایان بە دروشمی حوکمی زاتی هەبوو، لەیس زوبێدی دەڵێت: "حزبی دیموکراتی و محەمەد حەدیدیش کە لێی جودا بووبووەوە، پشتگیریی حوکمی زاتیان بۆ کوردان لە چوارچێوەی یەکێتیی نیشتمانیدا دەکرد"[٢].

دوای توندوتیژیی جەنگەکان لە کوردستان لە ماوەی حوکمڕانیی عەبدولڕەحمان عارفدا، کامیل چادرچیی سەرۆکی پارتی نیشتمانیی دیموکراتی هەڵوەشاوە لێدوانێکی لە ڕۆژنامەی العربدا بڵاوکردەوە، داوای ڕاگرتنی شەڕ و دۆزینەوەی چارەسەرێکی بۆ کێشەی کوردستان کرد، ئەوەیش لە سەر بنەمای داننان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا[٣]. بەڵام لێدوانەکانی پەرچەکرداری نەرێنی لەلایەن ناوەندە نەژادپەرستە توندڕۆکان و ڕۆژنامە حوکمییەکان و لایەنگرانی حکوومەتی لێکەوتەوە، لەبەرئەوەی ناوی کوردستانی هێنابوو، بۆ نموونە ڕۆژنامەی الفجر[٤]ی نەژادپەرست، چادرچیی بە ناپاک لە قەڵەمدا، چونکە ناوی کوردستانی هێناوە، گوتیشی ئەم ناوە لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نییە و هیچ کەس وای پێ ناڵێت مەگەر لەیاسادەرچووان[٥].

چادرچی پێشوازیی لە ڕێککەوتنی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ کرد و داوایشی لە هەردوولا کرد بە نیازێکی ڕاستگۆیانە جێبەجێی بکەن بۆ خزمەتی گەلی عێراق[٦].

### حزبی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز

لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٠دا، محەمەد حەدید و زۆربەی ئەندامانی دامەزرێنەران لە ئەندامانی پارتی نشتیمانیی دیموکراتی، داوایەکیان بۆ دامەزراندنی حزبی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز پێشکەش کرد[٧].

حزبی نیشتمانیی پێشکەوتنخواز دەیویست جێگەیەکی سنووردار بۆ کورد دابنرێت کە لەگەڵ ئەوەی لە دەستوری کاتیدا هاتووە بگونجێت، لە دەقی مادەی چواری پڕۆگرامەکەیدا دەڵێت: "بەهێزکردنی

---

(١) کامل جادرجي، من أوراق كمل الجادرجي، مصدر سابق.

(٢) ليث الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، مصدر سابق، ص ٢٥٧.

(٣) جريدة العرب، بغداد، العدد ٥٨١، ٢٤ مايو ١٩٦٦.

(٤) جريدة الفجر الجديد، العدد ١٣٠٣، في ٢٥ مايو ١٩٦٦.

(٥) نساوي ئاماژەبۆکردنە پێشتر بۆچوونەکانی چادرچی بۆ قاسم و ڕۆژنامە نەتەوەییە عەرەبییەکانی هەستاند، تەنانە ڕۆژنامەی العهد الجديد لە ژمارە ٤١٤یدا کە لە ٢٥ی نیسانی ١٩٦٢ دەچوو هێرشی کردە سەر بۆچوون و تێڕوانینەکانی چادرچی لەمەڕ کێشەی کوردەوە و ڕۆژنامەکە لای ئەوەی لێ دا کە کێشەی کورد لە عێراقدا بوونی نییە.

(٦) محمد عويد الدليمي، كامل جادرجي ودوره في السياسية العراقية، مصدر سابق، ص ٢٨١؛ جواد كاظم البيضائي، موقف الأحزاب السياسية في العراق من القضية الكوردية، مصدر سابق، ص ١١٧.

(٧) عادل تقي البلداوي، نضال الشعب الكردي، مصدر سابق، ص ٦٥.

هاوکاریی ئازاد و برایەتی ڕاستگۆیانەی نێوان کورد و عەرەب و تورکمان و هەموو نەتەوەکانی تری گەلی عێراق بۆ پشتگیریکردن لە یەکێتیی قەوارەی کۆماری"[١].

حزبی نیشتمانی لە سەرەتادا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کێشەی کورد لە سەردەمی قاسم بە شێوەیەکی واقیعی مامەڵەی نەکرد. حزبەکە پێی وابوو ئەوەی لە کوردستان ڕوودەدات، تەنیا ڕووداوگەلێکی کوتوپڕ و کاری سەرشێتانە و یاخیبوونن بەسەر یاسا و ڕژێمدا، دۆزی کوردی لە ناوەرۆکە نیشتمانیەکەی بەتاڵ کردەوە. ڕۆژنامەی البیان گوتارێکی دەستپێکی نووسی کە تێیدا دەڵێت:

"بۆیە برا کوردەکانمان بە دەست هەندێک ناپاکی لەیاسادەرچووەوە دووچاری نەگبەتی بوونەوە، هەروەک عەرەب لەم نیشتمانەدا دووچاریان بووە"[٢]. بەم شێوەیە حزب لە هەمبەر دۆزی کورددا بوو بە پاڵنەرێکی هاندان بۆ سەرەڕۆیی قاسم، هەموو هەڵوێستێکی دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کوردی تەبەنی کرد[٣]، بەڵکو کار گەیشتە ئەوەی حزب داوا لە حکوومەتی قاسم بکات بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەوەی پێی دەگوترێت (شێوازەکانی ڕێگریکردن) بۆ چارەسەری پاشکۆی یاخیبووە شێتگیرەکان[٤].

دواتر حزبەکە لەو هەڵوێستانەی بەرامبەر دۆزی کورد پاشەکشەی کرد، بەر لە ڕاگرتنی چالاکییەکانی، لە گوتارێکی دەستپێکی ڕۆژنامەکەیدا گوتی:

"بەرژەوەندییە نیشتمانیەکان یەکخستنی هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەی باکوور دەخوازێت"[٥]، حزب داوای لە قاسم کرد بۆ پێدانی حوکمی خۆبەڕێوبەری بە کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا[٦].

### پارتی کۆماری

پارتێکی چەپڕۆ بوو، عەبدولفەتاح ئیبراهیم سەرۆکایەتی دەکرد و حکوومەت مۆڵەتی پێ نەدا. لە بەرنامە پێشکەشکراوەکەی لەگەڵ داوای مۆڵەتپێدانەکەیدا، لە ساڵی ١٩٦٠ دەڵێت:

"حزب لە پێناو پتەوکردن و بەهێزکردنی برایەتیی هەردوو گەلی کورد و عەرەبدا و جێگیرکردنی یەکێتیی نشتیمانی لەسەر بنچینەیەکی بەهێز کار دەکات، هەروەک حزب سەرجەم مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەچەسپێنێت[٧].

---

[١] میفان عارف بادي، **الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق**، مصدر سابق، ص ١٣٢.

[٢] جريدة البيان، بغداد ٤٠٩، في ٢٥ سيبتمبر ١٩٦١.

[٣] عادل تقى البلداوى، مصدر سابق، ص ١٤٥.

[٤] المصدر السابق، ص ١٤٦.

[٥] جريدة البيان، بغداد ٥٨٢، في ٢٥ ابريل (؟).

[٦] جواد كاظم البيضاني، مصدر سابق، ص ٦٩.

[٧] ليث عبدالحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، مصدر سابق، ص ٢٥٧؛ منذر الموصلي، البعث والأكراد، مصدر سابق، ص ٢٠٢.

**حزبی یەکێتی نیشتمانی**

پارتی یەکێتی نیشتمانی کە عەبدولفەتاح ئیبراهیم لە ماوەی دامەزراندنیەوە لە نیسانی ١٩٤٦هوە سەرۆکایەتی دەکرد، هەڵوێستێکی دۆستانەی بەرامبەر کورد و کێشەی کورد هەبوو، وەک حزبە چەپەکانی تر لەم هەڵوێستەدا بەشدار بوو، کە چەند جار داوای لە حکوومەت کرد دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا بنێت. عەبدولفەتاح ئیبراهیم لە گوتارێکیدا لە کۆنگرەی دووی حزبدا، بەگرنگییەوە باسی لە دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد کرد و هەبوونی مافەکانیشیان زیان بە یەکێتیی عێراق و قەوارەی دەوڵەتەکەی ناگەیەنێت، بە هەمان شێوە بوارپێدانیان بە پیادەکردنی کاروبارە ناوخۆیی و ڕۆشنبیریەکانیان و زیندوکردنەوەی زمان و ئەدەبیان[1]. هەروەک پارتی یەکێتیی نیشتمانی داوای کرد حکوومەت ڕێگە بە بارزانی بدات بە گەڕانەوەی بۆ عێراق[2].

لە ساڵی ١٩٤٧دا ئەم حزبە داوای چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لەسەر بنچینەی دانان بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد کرد، بەوەیش دەبێتە یەکەم حزبی سیاسیی عێراقی داوای ئەم چارەسەرە زانستییەی بۆ دۆزی کورد بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕەسمی کردبێت[3]. کۆنگرەی حزبیش ئەوەی کردە بڕگەیەک لە کارنامەکەیدا.

**پارتی ئازادیخواز**

پارتی ئازادیخواز باسی لە کێشەکانی کورد نەکردووە، ئاماژەیشی بە هیچ کێشەیەکی لەم جۆرە نەکردووە. بەڵام تۆفیق سویدی، کاتێک لە دەسەڵاتدا بوو لە ساڵی ١٩٤٦، لە یەکێک لە لێدوانەکانیدا لە قاهیرە نکوڵیی لەوە کرد لە عێراقدا کێشەی کورد یان بزووتنەوەیەکی ڕەگەزپەرستی هەبێت و نکوڵیی لە پێشێلکردنی مافەکانیان کرد، بە شێوەیەک ئەوان هەمان ئەو مافەیان هەیە کە گەلی عێراق هەیەتی. پێی وابوو شۆڕشەکانی مەلا مستەفا، بۆ مەبەستی تاکەکەسی دروست بوون[4]. سەرباری ئەوەیش پارتی، حزبی ئازادیخوازی بە یەکێک لە هێزە نیشتمانیە خەباتگێڕەکانی دژی داگیرکەر و پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی و سەروەری نیشتمان دانا[5]. بێگومان ئەم بۆچوونەی پارتی، لەگەڵ واقیعی عێراقدا ناگونجێ، لەبەرئەوەی

---

[1] جريدة صوت السياسة، الاعداد ٨٦ و٨٧ في ٢٩ و ١٩٤٧/٣/٣٠.

[2] اسماعيل باغي، تطورات الحركة الوطنية العراقية، مصدر سابق، ص ٢٤٨.

[3] جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ١٦.

[4] عبدالرزاق مطلك الفهد، مصدر سابق، ص ١٥٨؛ جريدة بلاد، بغداد، العدد ٢٧٨، في ١٩٤٦/٣/٢٦.

[5] اسماعيل باغي، تطورات الحركة الوطنية العراقية، مصدر سابق، ص ٢٨١؛ جريدة رزگاری، العدد ٣٢ في ١٩٤٨/١٠/٥.

پێکهاتەی سەرکردایەتی حزبی ئەحرار، دەرەبەگایەتییە. ئیتر چۆن پارتی پێی وابە کە حزبی ئازادیخواز نیشتمانیە و خەبات دژ بە داگیرکەر دەکات، بە هەمان شێوەی پارتەکانی دی[1].

## حزبی ئیسلامیی عێراق

ڕووی فەرمی ئیخوان موسلیمینە، کە بە شێوەیەکی فەرمی لە نیسانی ١٩٦٠ دامەزرا، باسی کورد و مافەکانی لە پرۆگرامی حزبدا نەهاتووە. حزبەکە لە ١٦ی مارسی ١٩٦١ هەڵوەشایەوە و لە ئەدەبیات و بڵاوکراوە نهێنییەکانیدا باسی کورد نەکراوە. تاکە ئاماژەیەک لە ڕاپۆرتی ئەمنیدا هاتووە کە ئیخوان موسلیمین بە پاڵپشتی شۆڕشی ئەیلوولی کورد لە قەڵەم دەدات، کە پروپاگەندەی لەناوبردنی مسوڵمانان و پێشێلکردنی مافەکانی کورد لە هاوکێشەکەدا بۆ بەدەستهێنانی سۆزی کورد لەڕێگەی ئاینەوە لەسەر دەسەڵات هەیە[2]، ئەمە واتای ئەوە نییە ئەوان هاوکاریی شۆڕشی کوردیان کردووە، چونکە لە لایەنێکی ئەمنیی حکوومەتەوە دەرچووە.

## پارتی گەل

پارتی گەل داوای یەکسانی لە نێوان نەتەوەکاندا کرد بە تایبەت کورد و عەرەب. یەکەم پارتی ئاشکرایە کە ئاگاداری کێشەی کورد بێت، بە شێوەیەک داوای چارەسەرکردنی لەسەر بنچینەی یەکسانیی تەواوی نێوان نەتەوە جیاوازەکان کرد[3]. عەزیز شەریفی سەرۆکی حزبەکە توێژینەوەیەکی لەبارەی کوردەوە نوسیوە و بە شێوەیەکی گشتی باسی لە بارودۆخی کورد لە عێراق، تورکیا، ئێران و ئەو شۆڕشانەی لە ماوەی سەدەی نۆزدەدا ئەنجامیان داوە، کردووە، بە شێوەیەکی تایبەتیش لەسەر کوردی عێراق و ڕەوایەتیی داواکارییەکانی ورد بۆتەوە و داوای جێبەجێکردنی لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا کردووە[4]. هەروەک دوای شکستی شۆڕشی مەلا مستەفا لە ساڵی ١٩٤٧ داوای نواندنی بەخشندەیی بەرامبەر بارزانییە ئاوارەکان کرد[5].

عەزیز شەریف لە زنجیرەیەک گوتاردا کێشەی کوردی چارەسەر کردووە و باسی ئەوەیشی تێدا کردووە کە کێشەکە دوو ڕووی هەیە، ڕوویەکی گشتی بە هۆی داگیرکەر و خراپی بەڕێوەبردن و بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتییە گشتییەکانەوە دروست بووە، ڕووە تایبەتەکەیشی لە کێشە نەتەوەییەکانی کورد وەک

---

(١) جعفر عباس حميدي، التطورات السياسية، مصدر سابق، ص ٢٨٢.

(٢) ميڤان عارف بادي، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص ١٣٥.

(٣) اسماعيل باغي، مصدر سابق، ص ٢٨٤.

(٤) عزيز شريف، المسألة الكردية في العراق، بغداد ١٩٤٦، ص ١٤.

(٥) جريدة الوطن، بغداد، العدد ١٤، في ١٩٤٧/٣/٢٥.

جەژنە نەتەوەییە کوردییەکان و گەشەپێدانی زمانی کوردیدا خۆی دەبینێتەوە، داوای لە هەوڵی پێکەوەیی کورد و عەرەبی کردووە بۆ چارەسەری ئەم کێشە[1]. شەریف ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە گەشەکردنی بزاوتی نەتەوەیی کورد زیان بە دۆزی عەرەب ناگەیەنێت و لە دابونەریتی گەلی کورد و ئەزموونە مێژووییەکاندا نییە ڕقیان لە عەرەب بووبێتەوە و پێکدادانیان لەگەڵیاندا کردبێت، داوای پێویستیی هەڵسوکەوتێکی سیاسیی ئەرێنیشی بۆ چارەسەری گرفتەکانی نەتەوەی کورد کرد[2].

حزبی گەل لە لێژنەی هاوکاریدا ساڵی ١٩٤٨ **هاوکاری کوردی کرد و** لەسێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردەکەیشی لەلایەن حکوومەتی ساڵح جەبرەوە، کە دوای شکستی بزووتنەوەی بارزانی ١٩٤٧ خۆیان ڕادەستی حکوومەتی عێراق کردبوو، شەرمەزار کرد.

**بەکورتی:**

پارت و بزووتنەوە سیاسییەکانی عێراق لە ڕێگەی بەرنامەی تایبەتی خۆیانەوە یان لە ڕێگەی بڵاوکراوە و لێدوانی سەرکردە سیاسییەکانی ئەو حزبانەوە گوزارشتیان لە هەڵوێستەکانیان بەرامبەر بە دۆزی کورد کردووە. دەکرێت لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە فەرمیەکانی ئەو پارتانەوە هەڵوێستیان دیاری بکرێت، هەرچەندە زۆربەی ئەم پارتە سیاسییانە داوای چارەسەرکردنی دۆزی کوردییان دەکرد لەسەر بنەمای داننان بە مافە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کورد، بەڵام ئەم پارتانە لە **جۆری ماف و چۆنێتیی پێدانی مافەکانی** گەلی کورد جیاوازبوون. بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١یش، دوو ڕەوت زۆر بە ئاشکرا لە هەڵوێستی ئەم پارتە سیاسییانەدا دەرکەوتن، لە نێوان پێدانی مافەکان لە دیاریکردنی چارەنووسەوە تا سەربەخۆیی، هەبوو **پشتگیری بیرۆکەی** حوکمی زاتی لەناو دەوڵەتی عێراقدا دەکرد، هەشبوو داوای لامەرکەزی دەکرد، تیاشیادا هەبوو بە کرێگرتەی بیانی و جێبەجێکردنی ئەجێندایان کوردیان تۆمەتبار دەکرد.

تێبینی دەکرێت زۆربەی پارتە سیاسییە نەتەوەییە عەرەبەکان، لە دیاریکردنێکی ڕوونی کێشەی کورد لە عێراقدا بەتاڵن، بە تایبەت کاتێک نزیکبوون لە پۆستەکانی دەسەڵاتەوە.

لە ڕاستیدا لە بەرامبەر ڕاستڕەوییەکی پیری هزری نەتەوەیی عەرەبدا، چەپڕەوییەکی توندڕۆ هەبوو، لە نێوان ترسی کورد و کەمینەکان و پارێزیان لە عەرەبایەتی لەلایەک، جیاوازیی بیری نەژادپەرستی عەرەبی و ڕەگەزپەرستیان لەلایەکی ترەوە، هەروەک هانی فەکیکی لە لاپەڕە ١٩٧ی أوکار الهزیمةدا دەڵێت: "توانستی ڕۆنانی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ دەوڵەتێکی فرەنەتەوە و فرەئاین و فرەڕێباز لەدەستچوو".

---

(1) اسماعيل ياغي، تطورات الحركة الوطنية العراقية، مصدر سابق، ص ٢٨٥.

(2) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٣٣٩.

# بەشی پێنجەم

# پەیوەندییە دەرەکییەکان

## پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی: تورکیا و ئێران بە نموونە

**تورکیا:**

کوردستان بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا، بە گوێرەی پەیماننامەی دابەشکردنی سنوورەکان لە ساڵی ١٦٣٩ لە نێوان هەردوو دەوڵەتی فارسی و عوسمانیدا دابەش کرا. ئیدی گەلی کورد لەو کاتەوە لە دوو ڕەوش و لە ژێر دوو دەسەڵاتی ئێرانی و عوسمانیدا دەژیا. حاڵەتی دووەمیان تا ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لە ١٩١٨ بەردەوام بوو، دوای ئەم مێژووە کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش بوو: ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا. دابەشکردنی کوردستان بۆ بەکلاکردنەوەی کێشە و ململانێکانی نێوانیان لەسەر سنوورەکان بوو، لەلایەکی تریشەوە چونکە کوردستان تەرازووی هێزەکانی لاسەنگ کردبوو، کە هاوپەیمانی و ڕێککەوتنەکانی نێوان دەوڵەتانی دراوسێ سەرکەوتوو نەبوون لە کۆتاییهێنان بەو مشتومڕ و گرفتانەدا، ئەمەیە شێوەی کورد کە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە(١). لە جیهانی سەردەمیشدا کە چل ملیۆن کورد لە ژێر دەسەڵاتی نەتەوەیی چوار دەوڵەتدا دەژین، کورد دەزانێت چارەنووسی بەندە بە چارەنووسی دراوسێکەیەوە، بۆیە خەونی هەمیشەییان، بەهێزکردنی دۆستایەتییە لەگەڵ تێکڕای هێزە دیموکراسییەکانی گەلانی عەرەب و تورک و فارسدا.(٢)

بەڵام ڕژێمگەلی ئەم دەوڵەتانە بە ڕێگەگەلی جۆراوجۆر خۆیان لە بوونی نەتەوەی کورد نەبان کرد و بە هێز، دیمەنە سیاسی و کەلتوورییەکانیان سەرکوت کرد، بۆیە کوردی تورکیا بەشێکە لەم میللەتە، گەر وای پیشاندا کە تورکە، ئەوە یان خۆی داوەتە پاڵ ناسنامەی دەسەڵاتدار و خاوەن سوپاکان، یان لە ترسی ئەوانە، کەچی کاتێک داوای بەڵگەی لێ دەکرێت لەسەر تورکبوونی ناتوانێت بیسەلمێنێت(٣).

کورد زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتوانی ویلایەتەکانی ئەرزڕۆم، سیواس، قارس، ئاگری، وان، مووش، سیعرت، دیاربەکر، ماردین، ئورفە و ئەلعەزیز لە تورکیا پێکدەهێنن(٤).

چونکە کوردی ناوچەکە میللەتێکی خاوەن تایبەتمەندیی جیاواز پێکدەهێنن، بۆیە ماوەی چەند سەدەیەکە پەرت و بڵاوییان لە وڵاتانی دەوروبەر، ڕەوش و هەلومەرجێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و

(١) عباس ولي، الاثنية والدولة، الأكراد في العراق وإيران وتركيا، معهد الدراسات الاستراتيجية، ٢٠٠٦، ص ٧٧.

(٢) جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، مصدر سابق، ص ٢١٧.

(٣) عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات، ١٩٨٤، ص ١٦.

(٤) نيكيتين، الكرد، مصدر سابق، ص ١١٩.

تەنانەت سیاسیشی هێناوەتە ئاراوە، کە لە هەر بەشێک لە بەشەکانی ئەم میللەتەدا جیاوازن[١]. گەلی کورد لە ئێران و تورکیا بەشێوەیەک خوویان بە بارودۆخە گشتییەکەوە گرتووە، کە گۆڕانی بنچینەیی و گەوهەری لەم دۆخ و ڕەوشەدا ڕاستەوخۆ لە بارودۆخی کوردی ئەو وڵاتانەدا ڕەنگی داوەتەوە، ئیتر گۆڕانەکە ئەرێنی یان نەرێنی بێت بەپێی مرووشتی گۆڕانە گشتییەکە.

مستەفا ئەتاتورک دوای چوونەسەر دەسەڵات لە دیاریکردنی چارەنووسی کورددا سەرکەوتوو بوو، بە فریودان و ڕازیکردنیان بە هاوکاریکردنی[٢]، لە کاتێکدا پلانی دەکێشا بۆ ملپێکەچکردنیان لەژێر دەسەڵاتێکی تورکیدا، دەستی کرد بەوەی لە ڕیزەکانی سوپاکەیدا بیانکات بە سەرباز[٣].

کە لە ١٩٢٢ بە ئامانجەکانی گەیشت، دژ بە هاوپەیمانانی کوردی هەڵگەڕایەوە و بە واژۆکردنی پەیمانی سێڤر و پەیمانی لۆزان لە ١٩٢٣[٤]، بەیەکجاری خەونەکانی لە گۆڕنان. بەسەر ئەم پەیمانەیشدا کە چەند دەستەبەرییەکی درۆینەی تێدابوو هەڵگەڕایەوە و بە دڕندەترین شێوە کۆکوژی و قەڵاچۆکردنی ئەنجامدا[٥] و بڕیاریدا هەموو هاووڵاتییانی دەوڵەتی تورکیا تورکن و دەستەواژەی (تورکی شاخاوی)ی بۆ کورد بەکار برد[٦].

چڕبوونەوەی کورد لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و نزیک بە سنوورەکانی ئێران و عێراق و سوریا، بووە هۆی ئاڵۆزاندنی پەیوەندیی ئەم وڵاتانە لەبارەی کێشەی کوردەوە[٧].

لە ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشوور)، کورد لە ڕوانگەی تورکەوە مەترسیین لەسەر کوردستانی باکوور کە بە ئاشتییانە ملکەچی حوکمڕانیی تورک بن[٨]، مانەوەی کورد لە موسڵ لە دەرەوەی دەسەڵاتیان ڕێگەخۆشکەرە بۆ وروووژاندنی کوردی تورکیا، بۆیە داوای لکاندنی ویلایەتی موسڵیان بە تورکیاوە کرد[٩]، لە دانوستانەکانی ساڵی ١٩٢٤ لە ئەستەمبوڵ لەگەڵ بەریتانیادا، کورد و تورک جەختیان لەوە کردەوە کە نەوەی یەک نیشتمانن و مەحاڵە لە زێدی خۆیان هەڵبکەندرێن[١٠]، بەڵام دوای ئەوەی ئەتاتورک بەم ئامانجەی نەگەیشت، دەستیدایە دەرکردن و پەرتکردنی بەکۆمەڵی دانیشتوانە کوردەکان، هەروەها

---

(١) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٣٥٤.

(٢) احمد تاج الدين، مصدر سابق، ص ١٠٥.

(٣) بلەج شيركو، مصدر سابق، ص ٦٥.

(٤) محمد عزة دروزة، تركيا الحديثة، مصدر سابق، ١٩٤٦، ص ٤٦.

(٥) منذر الموصلي، البعث والأكراد، مصدر سابق، ص ١٦٥.

(٦) السيد عبدالمنعم المراكبي، حرب الخليج الثانية، ص ١٣٥.

(٧) فاروق رشيد، القومية الكردية وتراثها التاريخي، بغداد، مطبعة الارشاد، ١٩٦٧، ص ٢٨.

(٨) هنري فوستر، نشأة العراق الحديث، ج١، ترجمة وتعليق سليم التكريتي، بغداد، نشر المكتبة العلمية، ١٩٨٩، ص ٢٤٥.

(٩) Bullard. Britain and the middle East p.110.

(١٠) أدمونز، كرد وترك و عرب، مصدر سابق، ص ٣٤٧.

دەستیکرد بە تورکاندنی کورد و ڕێگرتن لە قسەکردن و هەڵسوکەوت و خوێندن و نووسین بە کوردی[١]، حاڵەتی تواندنەوەی کورد گەیشتە ڕادەیەک وەک مەحمود ئەسعەد بەگی وەزیری دادی تورکیا گوتی[٢]:

"باوەڕ و بۆچوونی من ئەمەیە: با دۆست و دوژمن، تەنانەت کێوانیش، بزانن، سەرداری ئەم وڵاتە تەنیا تورکە، ئەوەی لە خوێنی ڕەسەنی تورکی نەبێت لەم نیشتمانەدا تەنیا یەک مافی هەیە ئەوەیش بریتییە لە خزمەتکاری و کۆیلایەتی"[٣].

ڕەوشی جەنگی دووەمی جیهانی و شۆڕشی کورد لە باکووری عێراق بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا، کوردی تورکیایان هاندا دژ بە دەسەڵاتە تورکییەکان شۆڕش بەرپا بکەن، ئەوەبوو لە تەموزی ١٩٤٣ شۆڕش بە سەرکردایەتی شێخ سەعید بێرۆخی هەڵگیرسا. هەروەها دۆزی کورد پاڵنەری سەرەکی بوو لە بەستنی پەیماننامەی سەعدئاباد و پەیمانی بەغدادا، لەم دوو پەیمانەدا بنچینەکانی لێدان و کوژاندنەوەی شۆڕشی کورد دانران، لە ئەنجامە کردارییەکانی پەیمانی بەغدا ئەوە بوو تورکیا بە ئاشکرا دەستی کرد بە دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا[٤]، بە تایبەت ئەوەی تایبەت بوو بە چەوساندنەوەی گەلی کورد و چەپاندنی داواکارییە نەتەوەییەکانیان، هەروەک حکوومەتی عێراق ئامۆژگارییەکانی تورکیای وەردەگرت، وەک داماڵینی چەک لە خێڵە کوردەکان، بگرە ئەم دەسەڵاتانە خەریک بوون دەستدرێژیی گەورەیان دەرحەق بە (یاسای زمانی ناوچەیی) و سیستەمەکانی ڕووناکبیری (پەروەردە و فێرکردن) ئەنجام دەدا[٥]، کە دەقی یاساکە دەڵێت زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئەو ناوچانەدا کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن بەکار دەهێنرێت. ئەوە بوو لە ٢٩ی کانونی یەکەمی ١٩٥٢، قایمقامی سلێمانی نووسراوێکی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی نارد و تێیدا جەختی لەوە کردەوە لەسەر خوێندن

---

(١) جريدة الأحوال البيروتية، عدد ١٣، آب، ١٩٣٠ نقلا عن احمد تاج الدين، الأكراد، مصدر سابق، ص ١١٩.

(٢) جريدة مليت التركية، عدد ١٩ سبتمبر ١٩٣٠ نقلا عن احمد تاج الدين، الأكراد، مصدر سابق، ص ١٢٠.

(٣) ئەمەیش سیاسەت یان ڕواڵەتێکی نوێی تورکەکان نییە، لە بڕیارێکی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیدا لە ١٩١١، سەرکردە نوێیەکان ڕایانگەیاند کە دەبێت دەنگ یان ڕووی سەرجەم نەتەوە ناتورکەکان بە عوسمانی بکرێن، ئەوەیش لە ڕێگەی قەناعەتپێکردنەوە نابێت و دەبێت هێز بەکار بهێندرێت و ناچار بکرێن. (كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب الأولى، ص ٩٦).

هەروەک عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆکوەزیرانی تورکیا هەمان واتای دەربڕی و بە بۆنەی کردنەوەی هێڵی ئاسنی ئانکارا ـ سیواسەوە گوتی : "لەم وڵاتەدا گرووپێک بوونی نییە مافی ئەوەی هەبێت بانگەشە بۆ هەوارەیەکی نەتەوەیی بکات، جگە لە کۆمەڵەی تورکی. ئەم ڕسییە سادەیە بە شێوەیەک ڕوون دەبینەوە بوار بۆ جەنگیرسانی ئاژاوە و شۆڕش ناهێڵینەوە، کاتێک ئەم هێڵانە نوێیانە دەکەنە شارەکانمان". (أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٣٩٧).

(٤) غانم محمد الحفو وعبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٨٥، مصدر سابق، ص ١١١.

(٥) مارتن فان بروينسن، مصدر سابق، ص ٢٣٨.

به زمانی عەرەبی لە هەموو قوتابخانەکاندا بەردەوام بن، هەروەک فەرمانیدا بە ڕێگرتن لە گوتنی سروودە نەتەوەییە کوردییەکان لە قوتابخانەکاندا[١].

لە سەرەتای شەستەکاندا جموجوڵ لە ڕیزەکانی کورددا دەستی پێکرد و شۆڕشی کوردستانی عێراق هۆکارێکی پاڵنەری ڕاستەوخۆی ئەمە بوو، هەروەک بزووتنەوە فەرهەنگییە کوردییەکان لە عێراق و یەکێتی سۆڤێت لە ١٩٥٨ ـ ١٩٦١ هاوکار بوون بۆ بزواندنی ڕۆڵی ژیاندنەوەی توێژینەوەکان لە گەلی کورد و بە جۆرێ کە فەرهەنگ و کەلتووری کورد گەشەی کرد ئەوکات کورد دەتوانێت پاشەڕۆژی خۆیان دروست بکەن.

لە تورکیاوە هاوار هەستا کە میسر شۆڕشی عێراقی قۆستووەتەوە و خەریکە هانی کورد دەدات و ئامادەیان دەکات بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان[٢]، لە هەمان کاتدا تورکیا خۆی شۆڕشی عێراقی قۆستەوە و چەکی بۆ پشتیوانانی بە تایبەت تورکمانەکان دەنارد تا لە ڕووی شۆڕشی کورددا بوەستنەوە[٣].

دوای ئەوەی مەلا مستەفا لە شۆڕشدا چەند سەرکەوتنێکی بەسەر جاشەکاندا بەدەست هێنا، جاشەکان ناچار بوون بڕێکیان ڕوویان لە تورکیا کرد و بڕێکیان پەنایان بردە بەر ئێران، بارزانی نامەیەکی بۆ دەسەڵاتەکانی تورکیا و ئێران پێکەوە نارد و گوتی:

دوودڵ نیم لەوەی لە سنوورەکان بپەڕمەوە بۆ ڕاوەدوونان و لەناوبردنی ئەو جاشانە، پاشان وەک پلانێکی خۆپاراستن، بارزانی چاودێر و پارێزەرانی سەربازیی بە درێژایی سێگۆشە سنوریەکە کە بە چیای دالانپەڕ، بەناوبانگە دانا[٤]، بەڵام جگە لەم پێکدادانە بچووکانە مێژووی شۆڕش کێشەیەکی مەترسیداری لەگەڵ حکوومەتی تورکیادا تۆمار نەکرد، هەروەک پەیوەندییەکان نەگەیشتە ئاستێکی توندوتۆڵ، حکوومەتی تورکیا دەیوست چەندە دەتوانێت خۆی لە کێشە بەدوور بگرێت، کەچی لە ١٩٦٣ یارمەتیی ئاسمانیی ڕژێمی بەعسیدا[٥].

سیاسەتی تورکیا بەردەوام بوو لە ڕێگرتن لە هەر جۆرە چالاکییەکی نەتەوەیی کورد، پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ وڵاتانی تردا بۆ قایمکردنی هەڵوێستیان بوو بەرامبەر بە کێشەی کورد، دوای گوتوبێژەکانی عەدنان پاچەچی وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی عێراق لە تورکیا لە ١١ی شوباتی

---

(١) غانم محمد الحفو وعبد لفتاح علي البوتاني، الكورد والأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٨٥، مصدر سابق، ص ١١٨.

(٢) نموونەیەک کە لە بڵاوکراوەکانی تورکیا لەسەر چالاکییەکانی میسر لە هاندانی کورد بۆ شۆڕش، پاشکۆی ٦٧.

(٣) دەقی نووسراوی سەرکردایەتیی فیرقەی دووی جەوڵگری لەبارەی ناردنی چەک لەلایەن تورکیاوە بۆ عێراق، پاشکۆی ٦٨.

(٤) بۆ وێنە بڕوانە دەق و وێنەی نامەیەک کە حاجی محەمەدی شێخ ڕەشید (لە جاشەکان) بۆ مەحمود بەگ، کە تێیدا باسی لەوە کردووە حکومەتی تورکیا بەڵێنی هاوکاریکردنی داوە، پاشکۆی ٦٩.

(٥) نموونەی بروسکەیەک کە دەزگا جەوڵگرییەکانی کورد وەریان گرتووە لەسەر هاوکاریی تورکیا، ئێران و عێراق دژ بە کورد، پاشکۆی ٧٠.

١٩٦٦، توركيا ڕایگەیاند، کە سەرووەریی یاسا ئامانجی سەرەکییە لە بواری سیاسەتی دەرەکیدا بۆ هەردوو وڵات، وەزیری تورکیا بەناوی حکومەتەکەیەوە پشتگیریی خۆی بۆ هەوڵەکانی حکوومەتی عێراق بۆ پارێزگاریی لە یەکپارچەیی عێراق ڕاگەیاند[1].

لە ١٩٦٩دا، مەلا مستەفا یاداشتێکی لەبارەی دۆخی کورد لە عێراقدا بۆ زۆربەی سەرۆکی وڵاتانی جیهان نارد، بە جەودەت سونای سەرۆکی تورکیایشەوە، کەچی ئەو تاکە سەرۆک بوو کە یاداشتەکەی پشتگوێ خست و وەڵامی نەدایەوە.

لە هەمان ساڵدا، دکتۆر شڤان چاوی بە چوار لە هەڤاڵانی کەوت، کە تەزکییە و ڕاسپاردەی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیان لە تورکیا پێبوو. پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، بارودۆخێکی گونجاو بۆ یەکگرتنەوەی بزووتنەوەی یاخیبووی کورد و هێزە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی پێشهات، پاشان حزبەکە لە تورکیا بڕیاریدا لە کوردستانی ئازادکراو لە عێراق کۆنگرەیەک ببەستێت، سەرکردایەتی شۆڕشی کوردیش بەمە ڕازی بوو و فەرمانی ئاسانکاریی پێویستی بۆ بەستنی کۆنگرە کرد[2].

پاش ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ١٩٧٥ و نسکۆی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق، تورکیا بڕیاریدا سنوورەکانی لەگەڵ عێراقدا دابخات و ڕێگە لە کۆڕەوی کورد بۆ وڵاتەکەی بگرێت، بگرە ڕێککەوتنی ژێربەژێر لە نێوان تورکیا و عێراق و ئێراندا هەبوو بۆ هێرشکردنە سەر کوردی عێراق گەر هاتوو بارزانی شەڕ دژ بە دەسەڵاتی بەغدا نەوەستێنێت.

**بەکورتی:**

تورکیا و عێراق دوو دەوڵەت بوون پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی کە چەند دەیەیەک لە خۆخۆریی تێپەڕاند تا بە کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵوەشایەوە، سەریانهەڵدا، بایەخە ستراتیژیی و هەژموونە سیاسییەکان، نەک لۆژیکی ڕەچەڵەک و ڕاستییە جوگرافیاییەکان، دوو هۆکاری سەرهەڵدانی سنوورە هاوبەشەکانی نێوان تورکیا و عێراق و وڵاتانی تر بوون. هەر ئەم دوو هۆکارەیش بوون کە بەرپرس بوون لە دەرنەکەوتنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی، لەباتی ئەوەی دەوڵەتیان دەست بکەوێت، کورد بینیان خۆیشیان لە یەکتر دابڕاون.

دوای ئەوەیش کورد بەسەر عێراق، ئێران، تورکیا و سوریادا دابەش کران، تورکەکان هەر بیریان لای ئەوە بوو نەوەک دووبارە نەخشەی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا بێتەوە.

---

(١) امين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٣٩٨.

(٢) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ٣٦٠.

**ئێران:**

کوردی ئێران بە گشتی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێرانن، بە تایبەت لە ناوچەکانی ئازەربایجان و هاناری[١] و کرماشان و کوردستان[٢] و لوڕستان لە ناوچەکانی باشووی چیای زاگرۆس، چڕ بوونەتەوە[٣]. کوردستان گۆڕەپانی شۆڕشەکانی سەرپاکی کورد بوو، کاتێک ئیسماعیل ئاغای سمکۆ شۆڕشی کرد و ناوچەیەکی فراوانی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران کۆنترۆڵ کرد، کەچی هێزەکانی ئێران توانیان سمکۆ دەربکەن بەرەو چیاکانی تورکیا، بەڵام لەبەردەم کردەوەیەکی سەربازیی دووسەرەدا شکستیهێنا، کە هێزەکانی تورکیا لە ڕۆژئاوا و سوپای ئێرانیش لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەنجامیاندا، ئیدی سمکۆ پەنای بۆ عێراق هێنا، بەو هیوایەی ئینگلیز ئامادە بێت دژ بە ئێران و تورکیا بەرگری  لە دۆزی ڕزگاری گەلی کورد بکات[٤].

لەم سەروبەندەدا، واتە لە بیستەکانی سەدەی بیستدا، پەیوەندیی دیپلۆماسی لە نێوان ئێران و عێراقدا نەبوو، بۆیە حکوومەتی عێراق ئەم بارگرژییە و شۆڕشەکەی سمکۆی کردە بیانووی نەبوونی هاوکاریی ڕاستەقینە لە نێوانیاندا و هەڵنانی خێڵ و گرووپە چەکدارەکان لە کاری زیانبەخشدا[٥]، ئیدی حکوومەت بە مانەوەی سمکۆ ڕازی نەبوو و ناچاری کرد بگەڕێتەوە بۆ تورکیا[٦].

دوای ئەوەی سوپای هاوپەیمانان ئێرانیان داگیر کرد، بەکێتی سۆڤێتیش باکووری ئێرانی داگیرکرد، کورد بەو بیروباوەڕانە کاریگەر بوو و پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵەی ڕزگاریخوازەکانی کوردستان لە مەهاباد و حزبی هیوا لە عێراق بەرقەرار بوو، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد دامەزرا و دەستیکرد بە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی بە کوردی عێراق و تورکیاوە و کۆبوونەوەیەکی لەسەر سنوورەکانی ئێران و عێراق و تورکیا بەست و بە (کۆبوونەوەی سێ سنوورەکە)[٧] ناسرا.

کوردی ئێران چاویان لە کوردی عێراق بوو کە لەوان پێگەیشتووتر بوون بۆ دامەزراندنی حزبێکی سیاسی، ئەوەبوو حزبی هیوا ساڵی ١٩٤٢ دووان لە ئەندامانی بە نوێنەری خۆی نارد بۆ دامەزراندنی پەیوەندی و هاوکاریی و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ سەرکردەکای ڕزگاریخوازیی ئێراندا لەپێناو ڕێکخستن و کارکردندا[٨].

---

(١) ئەم ناوە هەڵەیە و دیارە مەبەست لە هەمەدانە. (بۆردی ڕاوێژکارانی دەستەی ئێنسکلۆپێدیای پ.د.ك)

(٢) مەبەست لە پارێزگای کوردستانە کە ناوەندەکەی شاری سنەیە. (بۆردی ڕاوێژکارانی دەستەی ئێنسکلۆپێدیای پ.د.ك)

(٣) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٣٨٦.

(٤) جهاد مجيد محي الدين، حلف بغداد، رسالة ماجستير، كلية الآداب، القاهرة، جامعة عين شمس، ١٩٧٠، ص ١١٤.

(٥) مقررات مجلس الوزراء /تموز/ يوليو، آب، ايلول ١٩٢٧، ص ١٢.

(٦) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ٢٨٠.

(٧) المصدر السابق، ص ٦٦.

(٨) عبدالرزاق مطلك الفهد، الأحزاب، مصدر سابق، ص ٢١٩.

کوردی نیشتمانپەروەری ئێران، بە ئامادەبوونی دوو نوێنەرە کوردەکەی عێراق کە نەقیب میرحاجیشیان تێدابوو. کۆبوونەوەی یەکەمیان بۆ تاوتوێکردنی دامەزراندنی حزب لە ١٩٤٢/٩/١٦ بەست و ڕێکخستنەکە کە بە (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) ناو نرا، دامەزرا، کە لە کوردستانی عێراق لقێکی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد هەبوو[١].

لە ساڵی ١٩٤٤، لە سەروبەندی شۆڕشی مەلا مستەفادا، نوری سەعیدی سەرۆکوەزیران لە نامەی دەستلەکارکێشانەوەیدا نووسیویەتی، بە گرنگییەوە لە بەڕێوەبردنی ناوچەی باکوور لەلایەن کوردەکانیەوە ڕوانیووە، لەبەرئەوەی ناسەقامگیری زیان بە سنوورەکانی ئێران دەگەیەنێت، بە هەمان شێوە تورکیا سوپاکانی کۆکردەوە، ئەمەیش کاریگەریی لەسەر ئاستی باکووری عێراق دروست دەکات[٢].

دوای دامەزراندنی کۆماری مەهاباد بە پاڵپشتیی سۆڤێت لە ئێران، کوردی عێراق لەسەروو هەمووشیانەوە مەلا مستەفا ڕۆڵێکی بەرچاویان لە هاوکاریکردنی ئەم هەوڵەدا گێڕا، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کێشەی کورد بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ خامۆشی و کزی بەخۆوە بینی، لە کاتێکدا گڕی شۆڕشی کوردی لە عێراق بە هەڵگیرساوی مایەوە.

ئێران دانی بە کورددا نەنا، بەڵکو پێی وابوو کورد لە ڕەگەزی ئێرانییە و خۆێنیشی خوێنی ئێرانییە و پەیوەندییەکانی بە ئێرانەوە پەیوەندیی هاونیشتمانیبوونە هەروەک ئەوەی کە عەلی ئەسغەری وەزیری دەرەوەی ئێران لە ساڵی ١٩٥٨[٣] دەیڵێت، نەك هەرئەوە بەڵکو ژهنەڕاڵ تەیمور بەختیار، جێگری سەرۆکوەزیران دوور لەوەیش ڕۆیشتووە و کوردی دەرەوەی ئێرانیشی بە ئێرانی داناوە و زمانیشیان زمانی فارسییە[٤].

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دوو پرۆسکەی بۆ باڵیۆزەکانی لە ئەستەمبوڵ و تاران نارد، تێیدا هانی ئێران و تورکیایدا بۆ جوڵان دژ بە عێراق و دابەشکردنی کوردستان لە نێوانیاندا، ئەگەر هاتوو کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، دەوڵەتێکی کوردیی سەر بە کۆمارەکە لە باکوور دابمەزرێنێ، وەک دەوڵەتێکی بەربەست لە نێوان خۆی و یەکێتی سۆڤێتدا[٥].

---

(١) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ٢٥٥.

(٢) عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٦، مصدر سابق، ص ١٨٨.

(٣) امين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٣٩٢.

(٤) صحيفة نيويورك تايمز الامريكية في ١٩٥٨/٧/٢٦، نقلا عن حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٣٩١.

(٥) ميفان عارف بادي، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص ٥٢.

لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩، هەندێک لە ئاغاکانی کورد لە کوردستانی عێراق یاخیبوون، ئەویش بە هاندانی ئێران و پاڵپشتیکردنی دژی باسای چاکسازی کشتوکاڵی، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراق و شیوعیەکان شکستیان بە یاخیبوونەکە هێنا[1].

دوای تێکچوونی پەیوەندیی نێوان ئێران و عێراق، ساڵی ١٩٦٢ ڕژێمی فەرمانڕەوای ئێران پێشنیاری هاوکاریی بۆ شۆڕشی کورد ڕاگەیاند[2]، باڵی چەپی پارتی ڕەتی کردەوە، بەڵام هەموو ئەوانی تر هاوکارییان بەباش زانی. لە ڕاستیدا ئێران ئاراستەی بەرەو هەڵبژاردنی کوردی گۆڕی، چونکە ئێرانییەکانی لەوە دڵنیا بوون کە شیعەی عێراق گۆڕاون و پشتگیریی قاسم دەکەن، هەروەها شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، بووەتە هۆی پەرتەوازەکردنی ئەفسەرانی پاشایی و هەڵاتنیان بۆ دەرەوە، بۆیە هیچ بژاردەیەک لەبەردەم ئێراندا نەما بۆ لەناوبردنی ڕژێمی بەغدا، جگە لە هانابردنە بەر کورد[3]، بەڵام گرفتەکە لەوەدابوو، تاران بە چاوی دۆستایەتییەوە لە بارزانیی نەدەڕوانی، لە ئەنجامی ئەو ڕۆڵەی لە مهاباد گێڕای. ئەوەش ترسی ئێرانی لە بارزانی زیاتر کرد، ئەو سەردانەی کە لە ٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٠ بۆ مۆسکۆ ئەنجامیدا، بە بانگهێشتکردنێکی فەرمی بۆ بەشداریکردنی لە ئاهەنگەکانی ئۆکتۆبەر، ئێرانیش نیگەران بوو لە حکوومەتی عێراق بە ڕێگەدان بۆ گەڕاندنەوەی بارزانی لە یەکێتیی سۆڤێت. گۆڤاری ترقی ئێرانی لە ژمارەی ٨٣١یدا، کە لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٥٨دا دەرچوو، بە ناونیشانی "عێراق ناوەندی پلانگێڕی دژی ئێرانە"، هێرشی کردە سەر عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا ئەیویست شۆڕشی کورد بەکاربهێنێت[4]، بۆیە پەیوەندی لەگەڵ بارزانیدا دروست کرد و دەستی دایە هاوکاری، کردنەوەی سنوورەکان، چارەسەرکردنی بریندارەکانی و ناردنی ئێستگەیەکی ڕادیۆ[5]، لەبەرامبەر دەستوەرنەدانی لە کاروباری ناوخۆیی ئێران، لە لایەنی کوردەوە. مەلا مستەفا قایل بوو[6]، بەڵام ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایش ڕۆڵیان هەبوو لە پاڵپشتی کردنی ئێران بۆ بزووتنەوەی کورد بۆ لاوازکردنی ڕژێمی قاسم[7].

لەم ماوەیەدا بنچینەکانی پەیوەندیی نوێ لە نێوان ئێران و کوردی عێراقدا دانرا و هاوکار بوو بۆ بەردەوامیی بزووتنەوەی چەکداریی کورد و لاوازکردنی هەوڵەکانی سوپای عێراق بۆ لەناوبردنی.

---

(1) وليد الأعظمي، ثورة ١٤ تموز في الوثائق البريطانية السرية، بغداد، المكتبة العالمية، ١٩٨٩، ص ١٦٥.

(2) حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٢٣.

(3) سامي شورش، تنوع الكرد في العراق، مدخل الى السياسة، أربيل، آراس للطباعة، ٢٠٠٠، ص ٣٧.

(4) علي سنجاري، مصدر سابق، ص ٤٥.

(5) عبدالله يشدري، اندلاع ثورة أيلول المجيدة ١٩٦١، ترجمة محمد صالح عقراوي، ج١، أربيل، مطبعة الثقافة، ٢٠٠١، ص ١١٠.

(6) خليل ابراهيم حسين، سقوط عبدالكريم قاسم، بغداد، دار الحرية، ١٩٨٩، ص ١٨٩.

(7) المصدر السابق، ص ١٩٠.

لەم بارەیەوە فەردۆست سەرۆکی نوسینگەی تایبەتی هەواڵگریی شا لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنیدا بۆ کێشەی کوردستان دەڵێت: "یەکێک لەو کێشانەی زۆرترین گرنگیی هەبوو، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پاشەکشەکردنی ئاسایشی ناوخۆی وڵاتەوە لە ساڵی ١٩٦٢ تاکو ١٩٧٥ هەبوو و لە ئەنجامی ململانێ لەگەڵ ساواکدا، کێشەی شۆڕشی کورد و بارزانییە عێراقییەکان و شەڕەکانیان لەگەڵ بەغدادا بوو"(١).

شا بە دوو ئامانج هاوکاریی شۆڕشی کرد، یەکەمیان لەبەرئەوەی دژی قاسمە و دووەمیشیان بۆ داخستنی ڕێگەی بەرخودان بە ڕووی گەلی کورددا لە ئێراندا، مەکتەبی سیاسیی پارتی بۆ گوشار خستنە سەر پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەو ڕێگەیەی گرتەبەر، بۆ ئەنجامنەدانی کار و چالاکی و شۆڕش لە دژی شا.

دوای کەوتنی قاسم، شا یارمەتیی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣یدا(٢)، ئێران لەگەڵ تورکیا و عێراقیش بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کوردی کۆششی کرد(٣)، ئەم سێ لایەنەش لێژنە و کاری پێکەوەییان لە نێوان خۆیاندا دروست کرد(٤).

لە کۆنگرەی ئەنجوومەنی گشتی، پەیمانی ناتۆ، کە لە شاری ئیزمیری تورکیا بەسترا، ئێران و تورکیا لەسەر دەستوەردان لە کوردستانی عێراق بۆ دانانی سنوورێک لەبەردەم شۆڕشی کوردیدا ڕێککەوتن(٥).

لە سەردەمی عەبدولسەلام عارفدا، ڕژێمی شا ڕۆڵی گێڕا لە بەدەستهێنانی ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی لە سەرووی هەموشیانەوە ئیبراهیم ئەحمەد، ئەویش لە ڕێگەی عەقید عیسا پژمانەوە کە یەکێک بوو لە ئەفسەرانی ساواک(٦). دوای ڕێککەوتنی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤، شا تووڕە بوو چونکە مەلا مستەفا بەبێ پرسی ئەو شەڕی ڕاگرت(٧). لەبەرئەوە شا بەپەلە چەکی بۆ ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و ئەوانەیشی لە مەلا مستەفا جودا بووبوونەوە نارد(٨).

پاش ئەو جەنگە توندانەی لە نێوان بارزانی و جودابووەکاندا ڕوویاندا و ئەو سەرکەوتنانەیشی بارزانی بەدەستیهێنان، هێزەکانی ئیبراهیم ئەحمەد بەپەلە بەرەو ئێران پاشەکشەیان کرد، بارزانی تا سەر سنوور بەدوویان کەوت، پاشان ئاگادارییەکی ئاڕاستەی ئێرانییەکان کرد و گوتی:

---

(١) احمد تاج الدين، الأكراد، مصدر سابق، ص ٨٧.

(٢) عبدالكريم فرحان، حصاد ثورة، مصدر سابق، ص ٨٦.

(3)World politics p.238.

(٤) على كريم سعيد، عراق ٨ شباط ١٩٦٣، مصدر سابق، ص ٥٧: هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة، مصدر سابق، ص ٢٩٨.

(٥) شيرزاد زكريا محمد، الحركة الشيوعية الكردية، مصدر سابق، ص ١٢٨؛ السيد نصار في ملتقى الحوار العربي الكردي المنعقد في مايو ١٩٩٨ في القاهره، مدبولي، ١٩٩٩، ص ١٠٤.

(٦) مسعود البارزاني، ص ١١٨؛ عيسى پژمان، اسرار عقد اتفاقية ١٩٧٥، نقلا عن سامي شورش، كردستان والأكراد، مصدر سابق، ص ٩٢.

(٧) محاضرة محمد علي سباهي في علنقى الحوار لعربي الكردي المنعقد في ميو ١٩٩٨ في القاهره، مدبولي، ١٩٩٩، ص ٦٣.

(٨) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ١٤١.

"ئەگەر کەسێک لەوان جارێکی تر بپەڕنەوە، ئەوا سنوری ئێران دەبەزێنم و شۆڕشێک لە کوردستانی ئێران هەڵدەگیرسێنم".

حکوومەتی عێراق کە لە ناکۆکیدا بوو لەگەڵ ئێران، ویستی هەڵوێستەکە بقۆزێتەوە، شاندێکی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەرکانی سوپا نارد، جەختی لە هاوکارییەکانی حکوومەتی عێراقی بۆ بارزانی دژی دەستوەردانی ئێران کردەوە، بارزانی سوپاسی کرد و گوتی: "ئێستا هەموو شتێک تێپەڕیوە، بۆ هەر هاوکارییەکی پێویست پەیوەندیتان پێوە دەکەم"[١].

پاش هەڵهاتنی جوودابووەکان، شا گەڕایەوە تا پەیوەندیی بە بارزانییەوە بکات، بۆیە شاندێکی بە نوێنەرایەتیی عەقید عەلی مودەڕیسی، کە کوردێکی مەهابادی بوو نارد، لەگەڵیدا دەزگایەکی ڕادار و چوار تۆپهاوێژ و کۆمەڵێک چەکیشی ڕەوانە کرد هەروەها بڕیاری چارەسەرکردنی بریندارەکانی کوردی لە نەخۆشخانەکانی ئێراندا[٢]. لە ماوەی ساڵی ١٩٦٦، حکوومەتی عێراقی دەستپێشخەریی کرد بە دانوستان لەگەڵ ئێراندا، بۆ چارەسەری کێشەکان لەگەڵیدا، بە ئامانجی برینی هاوکارییەکان لە شۆڕشی کورد بەبێ سەرکەوتن، هاوکارییەکانی ئێران تا ساڵی ١٩٦٩ زۆر سنوردار بوو و مەلا مستەفا لە سیاسەتی شۆڕشدا گرنگییەکی گەورەی پێنەدەدا، بەڵام گرنگیدان بە شۆڕشی کوردی لەگەڵ گرنگیدان بە ناوچەی کەنداوی عەرەبی لە کۆتایی شەستەکاندا و دەرکەوتنی سەرەتاکانی ململانێی نێودەوڵەتی لەسەر هەژموون لەم ناوچە ستراتیژییەدا لە جیهان دەرکەوت، جا ئەمە لە نێوان هەردوو سەربازگەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا بێت، یان لە نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و فارسدا.

بە زیادبوونی توندوتیژیی جەنگ لە نێوان کورد و دەسەڵاتدارانی بەغدا لە ساڵی ١٩٦٩، ئەو هاوکارییانەی لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ شۆڕشی کوردی دەهاتن چەند هێندە زیادیان کرد و تا ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بەردەوام بوون. پاش ئەو ڕێککەوتنەوە شا تووڕەبوو، چونکە لەگەڵ ئارەزووەکانی شادا نەبوو، شێخ بابەعەلی نامەیەکی گرنگی لەلایەن شاوە هێنا، لەوەدا چڕ دەبووەوە کە حکوومەتەکەی ئامادەیە داواکارییەکانی بارزانی جێبەجێ بکات، بە مەرجێک لەم ڕێککەوتنە بکشێتەوە[٣].

لە ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٧٠، بارزانی چوو بۆ تاران و لەلایەن شاوە پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا و بە هەموو هاوکارییەکی خۆی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەڵێنی پێدا، بەو مەرجەی ڕێککەوتن نەکات، چونکە بەرژەوەندیی سۆڤێتی تێدایە و حکوومەتی بەعس بەهێز دەکات، بارزانی وەڵامی دایەوە:

"ئامانجی یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، دیموکراسییە بۆ عێراق و حوکمی زاتیە بۆ کوردستان، ئەگەر بەعس حوکمی زاتی بەخشییە کوردستان و من ڕەتمکردەوە، هەڵوێستی من بەرامبەر حزب و گەلی

(١) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ١٥٥.

(٢) المصدر السابق، ص ١٥٦.

(٣) الحزب الديمقراطي الكردستاني، تقييم ثورة أيلول، مصدر سابق، ص ٨٠.

کورد لە عێراق چۆن دەبێت؟ ئەگەر کردیشم سوود بە بەعسی فەرمانڕەوا دەگات"[1]. هۆکاری ڕاگرتنی هەموو هاوکارییەکانی شا بۆ کورد، بە نیسبەت پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، دوای لێکترازانی ساڵی ١٩٦٥ و دوورخستنەوەی ئەحمەد تۆفیق لە سەرکردایەتی و پەرتبوونی ڕیزەکانی حزب و، نەبوونی ڕێکخستنێکی یەکگرتووی کۆکەرەوەی حزب و زاڵبوونی ئارەزو و تەماعەکان، ئەم دۆخە هەروا مایەوە تا بەستنی کۆنگرەی کۆیە لە کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٧٢، بە هاندان و پشتگیریی بارزانی، عەبدولڕەحمان قاسملو بە سکرتێری حزب هەڵبژێردرا.

لە ڕاستیدا کوردی عێراق بە قۆناغێکی مێژوویيدا جیا دەکرایەوە، بەوەی یەک سەرکردەیان هەیە، بە شێوەیەک لەژێر ئاڵای مەلا مستەفا کۆببوونەوە، لە کاتێکدا کوردی ئێران پەرتەوازە بوون، هەرچەند لەوێیش پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو، وێڕای پارتی سۆسیالیستی کوردستانی و پارتی ڕەنجدەران کە شێخ عیزەدین حوسێنی پێشەوایەتی دەکرد[2].

وێڕای گەشەسەندنی پەیوەندیی نێوان شۆڕش و حکوومەتی ئێران، بارزانی بە ئاگاییەوە بەرامبەر ئێران مایەوە، دوای هاتنە سەر هێڵی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ سەر خەت، بارزانی دڵنیایی بە خۆی بەخشی کە شا هەڵناگەڕێتەوە لە دژی، بەڵام ڕێککەوتنامەی جەزائیری ١٩٧٥، هەڵەی دڵنیایی بارزانی دەرخست، لێژنەی نهێنیی پایک ئەوەی لەخۆ گرتبوو، کە لە ساڵی ١٩٧٦ دزەی کرد، خستنەڕووی ڕێککەوتنی نێوان شا و نیکسۆنی تێدا بوو، ئاماژەی بەوە کردبوو شا کە بەڵێنی هاوکاریی بە کورد دابوو، دەستبەرداریان بوو، کاتێک هەرچی ویستی لە عێراق بە دەستیهێنا، بەبێ ئەوەی واشینگتۆن هیچ ناڕازیبوونێک نیشان بدات[3].

دوای ڕێککەوتننامەی ١٩٧٥ و شکستی بزووتنەوەی کورد، لە زۆرێک لە بەڵگەنامەکانی پارتە کوردییەکاندا، ئەو ئەزموونە تاک و خوێناوییەی لە بەڕێوەچوونی ڕێککەوتنەکە لەگەڵ شا لێیکەوتەوە دەبینین، لە ڕاپۆرتی پارتی گەلدا کە لە ساڵی ١٩٨١ دامەزرا، ئەو ئاماژە هەڵانە دەبینین کە لە ڕێککەوتن لەگەڵ شادا لێیکەوتنەوە[4].

---

(١) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ٢٣٦.

(٢) السيد عبدالمنعم المراكبي، حرب الخليج الثانية، مصدر سابق، ص ١٤٧.

(٣) جوناثان راندل، أمة في شقاق، مصدر سابق، ص ١٩٦.

(٤) البديل الثوري في الحركة التحررية الكردية، التقرير السياسي للحزب الديمقراطي الكوردستاني، ١٩٨١، ص ١٨٢.

## پەیوەندی لەگەڵ میسر

کورد پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ میسردا هەبوو، ژمارەیەکی زۆریان کۆچیان بۆ میسر کرد و بنەماڵەی گەورەیان لە ئێستادا پێکهێناوە[١]. ئەو هێرشە سەرکەوتووەی کە ئیبراهیم ئەحمەد پاشا لە ڕێگەی ئاسیای بچووکەوە، تا دەرگاکانی قوستەنتینیە دژی عوسمانییەکان بە پێشڕەویی سوپای میسر کردی لە ناخی هەندێک لە سەرکردەکانی کورددا، ئارەزووی سەربەخۆیی تەواوی چاند[٢]. ئەو بزووتنەوانەی کە کوردستان لە سەدەی نۆزدەدا بەخۆیەوە بینینی وەک بزووتنەوەی محەمەد پاشای ڕەواندز، ڕەنگدانەوەی ئەم هزرانە بوو، کە پەیوەندیی کردن بە ئیبراهیم پاشای کوڕی خدێوی میسری والی شام، بە ئامانجی ئەنجامدانی کاری هاوبەش دژی ئیمپراتۆریای عوسمانی بوو[٣].

دوای ئاشکرابوونی ئامانجەکانی خەباتی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، ڕۆشنبیرانی کورد ڕوویان کردە قاهیرە[٤]. لە ئەزهەری پیرۆز زۆرێک لە زانایانی ئاینیی کورد دەرچوون[٥]، ڕۆشنبیرانی کورد لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەوە دەستیان بە کاری ڕۆژنامەگەری کرد، لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ یەکەم ڕۆژنامەی کوردییان دەرکرد، لە دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە شاری قاهیرە کە بە کوردستان ناو دەبرا[٦].

سەرنووسەری ژمارەی یەکەمی مەدحەت بەدرخان بوو[٧]، مێژووی دەرچوونی ژمارەی یەکی ئەم ڕۆژنامە لە ٢٢ی نیسان بوو بە جەژنی ڕۆژنامەگەریی کوردی و دامەزرێنەرەکەی پەیکەرێکی لە شاری سلێمانی بۆ دروست کرا. هەروەها یەکەم چاپەمەنی کوردی لە تەنیشت ئەزهەروە دامەزرا، لەوێشەوە ئەو پەرتوکانە دەرچوون کە لەبارەی کورد و کوردستان و بەرخودانەکانی کورد دەدوان، بۆ وێنە پەرتووکی کێشەی کورد و مێژووی کورد و کوردستان، پەرتووکی خەباتی کورد، لەگەڵ چاپکردنی کۆنترین پەرتوکی مێژووی لەبارەی مێژووی کورد کە بۆ نزیکەی چوارسەد ساڵ دەگەڕێتەوە بە ناوی شەرەفنامە[٨].

---

(١) درية عوني، محاضرة في ملتقى الحوار العربي الكوردي في القاهره ١٩٩٨، القاهرة، منشورات مدبولي، ١٩٩٩، ص ٣٧.

(٢) عبدالعزيز سليمان نوار، مصدر سابق، ص ١٩٦.

(٣) عبدالرحمن قاسملو، مصدر سابق، ص ٤٦.

(٤) ئەو کاتە میسر بووبوو بە پەناگەی زۆرێک لە ڕزگاریخوازانی تورک و ئەرمەن و کورد، کە بە ئاسۆیەکی فراوانەوە دژ بە دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید چالاک بوون.

(٥) كمال مظهر أحمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، مصدر سابق، ص ٢٣.

(٦) ڕۆژنامەی کوردستان گرنگیی بە بڵاوکردنەوەی ئەدەبی کوردی دەدا و لە ڕێگەی شعرەکانی ئەحمەدی خانییەوە بە تایبەت هەوڵی وریاکردنەوەی هەستی کوردی دەدا.

(٧) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ٤١.

(٨) عدنان المفتي، الحوار العربي الكردي، القاهرة، مدبولي، ١٩٩٩، ص ٢٠.

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە قاهیرە لێژنەیەک کە ناوی لەخۆی نا "لێژنەی سەربەخۆیی کوردستان" لە میسر دامەزرا، پاکێجێکی بۆ حکوومەتی بەریتانی بەرز کردەوە کە داوای هاوکاری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لێ کردبوو[1].

لە چلەکانی سەدەی بیستیشدا، پارتی ڕزگاری و گەلی کورد بە گشتی پشتگیریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیان لە ساڵی ١٩٤٦ لە میسر و ڕاپەڕینەکانیان دژ بە داگیرکەری بەریتانی کرد[2]. لاوانی کورد بەشدارییان لەو خۆپیشاندانانە کرد کە لە بەغدا ئەنجام دران و حزب لە ڕێگەی کۆمیسیۆنی میسرەوە لە بەغدا یاداشتنامەیەکی مێژویی ئاراستەی بەرپرسان کرد کە تێیدا هاتووە:

"بە ناوی گەلی کوردی عێراقەوە، گیانی شۆڕشگێڕیی پیرۆز لە برا ڕزگاریخوازە میسریەکانمان بەرز دەنرخێنین، بۆ ڕاپەڕینەکانیان بە ڕووی بەربناپای داگیرکەردا، ئەو داگیرکەرەی سیاسەتە ڕق و کیناوییەکەی بووە هۆی دانانی دە ملیۆن کورد لەژێر زوڵم و ستەمدا، سەدان ڕۆڵەی ڕزگاریخوازی، بەدەست تاڵاوی گرتوخانە و ئاوارەیی و کوشتن بە لەسێدارەدان و لەژێر گوللەتۆپ و بۆردومانی فڕۆکەکاندا ناڵاندیان، ئێمە دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی میسری ئازاد بۆ داواکردنی ئاشکرای دۆڵی نیل"[3].

دوای خۆماڵیکردنی تۆکەندی سوێس لە ساڵی ١٩٥٦ لە میسر، هێزە نیشتمانیەکان لە عێراق هاوکاریی داواکەی (لێژنەی پەیوەندی بۆ کۆنگرەی گەلی عەرەبی)یان کرد بۆ ڕاگەیاندنی مانگرتنی پشتگیری لە میسر، ئەم مانگرتنە سەرکەوتوو بوو لە ١٦ی ئابی ١٩٥٦، پەرەی سەند و جگە لە بەغدا، ناوچە جیاوازەکانی وڵاتی گرتەوە، لەوانەیش هەولێر[4]. عەقید روکن سەعدی علی، سەرۆکی هێزە سەربازییەکان لە ناوچەی باکوور، بەیاننامەیەکی دەرکرد هۆشداریی دایە خەڵکی موسڵ، هەولێر، کەرکووک و سلێمانی لە گردبوونەوە و خۆپیشاندان[5].

پارتی پشتگیری و یارمەتی پێشکەش بە میسر کرد، پاش ئەو دوژمنکارییەی کرایە سەری، بە جۆرێ بەشداریی خۆپیشاندانەکانی لاوانی کورد و جەماوەری کوردستانی کرد، لە ئەنجامی ئەوەیشدا دەسەڵاتدارانی حکوومەت ژمارەیەک لە سەرکردەکانی پارتی، لەوانە ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و عومەر مستەفا و حیلمی شەریفیان بە تاوانی هاریکاری میسر دەستگیر کرد و درانە ئەنجوومەنە

---

(1) وليد حميدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، درسة وثائقية.
(2) نامەکەی حزبی ڕزگاری پاشکۆی ٧١.
(3) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق من الاحتلال، مصدر سابق، ص ١٧٨.
(4) جعفر عباس حميدي، التطورات السياسية، مصدر سابق، ص ١٣٩.
(5) غانم محمد الحفو وعبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٨٥، مصدر سابق، ص ١٢١.

عورفییەکان[1]، هەروەها سەرکردایەتی حزب بروسکەی پاڵپشتی بۆ سەرۆک جەمال عبدولناسر نارد، مەسعود بارزانی لە پەرتوکەکەیدا دەڵێت:

"بارزانی کە لە یەکێتیی سۆڤێت بوو ئامادەیی خۆی و هەموو هەڤاڵانی بۆ گەشتکردن و خۆبەخشی بە میسر نیشاندا، بۆ بەرگری لەو دوژمنکارییەی ساڵی ١٩٥٦. سەرۆک جەمال عەبدولناسر ئەم هەڵوێستەی بەرز نرخاند و پەی بە ڕەهەندەکانی دەستپێشخەرییەکە لە مێژووی بەرخودانی هاوبەشی نێوان کورد و عەرەبدا برد"[2]. لە چاوپێکەوتنێکدا مەلا مستەفا گوتی: "لە ژیانمدا نەگریاوم، بەڵام کاتێک ئەو دوژمنکارییە سێقۆڵییەی ساڵی ١٩٥٦ بۆ سەر میسر ڕویدا، فرمێسک لە چاوم ڕژا، داوام کرد بچم بۆ میسر بۆ بەرگریکردن لێی، چونکە بە درێژایی مێژوو نەتەوەی کورد برای نەتەوەی عەرەب بووە"[3].

لە کانونی دووەمی ١٩٥٧ ڕۆژنامەی خەباتی کوردستان کە ڕۆژنامەی حزب بوو، لە گوتارێکدا جەختی لەسەر وەستانەوەی جەماوەری کوردستان دژ بەو داگیرکارییەی سەر میسر کردەوە کە بە دوژمنکاریی بۆ سەر خۆیی دانا، هەروەها گوتارەکە ئاماژەی بەوەیش کردبوو کە سەرکەوتنی دوژمنانی میسر زۆر دوور دەڕوات و زیان بە دۆزی ڕزگاریی کوردستان و گەلی کورد دەگەیەنێت. گوتارەکە ڕەخنەی لە حکوومەتی نوری سەعید گرت بە هۆی ڕێگریکردن لە گەلی عێراق بە کورد و عەرەبیەوە لە پێشکەشکردنی هاوکاری و یارمەتی بۆ میسر لە کاتی دوژمنکارییەکەدا[4].

لە ساڵی ١٩٥٧یشدا، شاندێکی کورد سەردانی جەمال عەبدولناسریان کرد، ئەو تێگەیشتنێکی تەواوی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەمە نەتەوەییە ناعەرەبەکاندا نیشاندا. لە ئەنجامی ئەم سەردانەیشدا، دەنگی قاهیرە چەند بەرنامەیەکی بە زمانی کوردی پەخش دەکرد، کە ڕکابەری ڕادیۆی دەنگی کوردستانی دەکرد کە بەرنامەکانی لە خاکی سۆڤێت پەخش دەکرا بۆ ڕۆشنبیرکردن و هەستاندنەوەی جەماوەری کورد، سەرباری ناڕەزاییەکانی تورکیا و ئێران و عێراق، کاتێک یەکێتیی لە نێوان میسر و سوریادا دەستەبەر بوو، کوردی سوریایش هەندێک ئاسانکاری بەدەستهێنا، وەک سووککردنی ژمارەیەک لەو کۆت و بەندانەی سەپێنرابوون بەسەریاندا[5].

عەبدولناسر بەتەواوی ئاگەداری دۆزی کورد و هەڵوێستی حکوومەتە یەک لەدوای یەکانی عێراق بوو، لە یەکەم پەیوەندیی ڕەسمیدا، جەختی لەوە کردەوە کە ناکرێت نەتەوەی عەرەب دژ بە نەتەوەی کورد بێت، هەرچەندە ئامانجیشی بەرگریکردن لە هاوپەیمانی و سیاسەتی خۆرئاوا بێت. مەلا مستەفا لە کاتی

---

(1) ميثان عارف بادي، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق، مصدر سابق، ص ٤٦.

(2) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ١٢٨.

(3) جريدة الاخبار اليوم المصرية، القاهرة، في ١٩٦٦/١٠/٢٩.

(4) جعفر عباس حميدي، مصدر سابق، ص ٣٢٠.

(5) كونتر دشنر، احفاد صلاح الدين الأيوبي، مصدر سابق، ص ٢٣٠.

گەڕانەوەی لە تاراوگە لە یەکێتیی سۆڤێت بۆ عێراق پێداگربوو لەسەر سەردانکردنی قاهیرە و چاوکەوتنی بە عەبدولناسر، عەبدولناسریش لای خۆیەوە سووربونی خۆی لە دیدارەکەدا نیشاندا و بۆ دڵنیاییدان لە پاڵپشتی ئەو بۆ دۆزی کورد و هاندانی حکوومەتی عێراقی لەسەر چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراسییانە، عەبدولناسر ئەم هەڵوێستەی لەو زانستە وردەوە سەرچاوەی گرتبوو بۆ مافی هەموو گەلێک کە بە ئازادی بژی لە نشتیمانەکەیدا، دەیزانی کە ئەو کوردانەی لە نیشتمانی عەرەبیدا دەژین لەگەڵ برا عەرەبەکانیان وەک ئەوان هەموو مافێکیان هەیە، بەتایبەت زۆرێک لە پەیوەندیی مێژوو و خەبات لە نێوانیاندا هەن، بە درێژایی قۆناغە جیاوازەکانی مێژوو بە تایبەت دوای خۆماڵیکردنی نۆکەندی سوێسەوە لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٦ و دوژمنایەتی سێ لایەنەی بەریتانی و فەڕەنسی و ئیسرائیلی بەرامبەری، گەرچی چاوپێکەوتنی بارزانی بە عەبدولناسر هیچ شتێکی ڕیشەیی لێ نەکەوتەوە، بەڵام بە حسێبی سیاسی ئاماژەی بە هاوکێشەیەکی بنچینەیی کرد، ئەویش تێگەیاندنی قاهیرەی پەناگەی نەتەوەی عەرەب بوو، کە ململانێکانی کورد لەگەڵ دەوڵەتی عێراقی بە ئامانجی زیانگەیاندن بە عەرەب نییە، سەرەڕای ئەوەی بەغدا هەوڵی بەرجەستەکردنی مۆرکی عەرەبی دەدا لەسەر جەنگەکانی لەگەڵ کورد. جەمال عەبدولناسریش لای خۆیەوە دەیویست لە ململانێکانی لەگەڵ نورکیا و ئێراندا سوود لە کارتی کورد وەربگرێت[1]. مەسعود بارزانی لەبارەی دیداری مەلا مستەفا و عەبدولناسرەوە دەڵێت:

"بارزانی لەو دیدارەیدا خشتێکی پەیوەندییە مێژووییەکانی لەگەڵ ڕێبەری نەتەوەی عەرەبدا دانا"[2].

دوای دیدارەکە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە قاهیرە، لێداونێکی سەرۆک عەبدولناسریان گواستەوە، کە گوتی:

"مافی کوردە کە مافە ڕەواکانیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا وەربگرن، دواتریش لە چوارچێوەی یەکێتیی فراوانی عەرەبیدا، چونکە کورد و عەرەب دوژمنێکی مەترسیداریان هەیە کە هەڕەشە لە پاشەڕۆژ و سەرچاوەی سامانیان دەکات ئەویش ئیسرائیلە، پێویستە هێزە سەربازی و سامانە ئابوورییەکەیان بۆ دوورخستنەوەی ئەم مەترسییە ئاراستە بکەن".

عەبدولناسر لەبارەی بارزانییەوە گوتی: "سەرکردەیەکە کۆن و نوێیەکان لە دەوری کۆبوونەتەوە، ئەو لەپێناو گەلەکەیدا خەبات دەکات"[3]. بەڵام باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە قاهیرە لە بروسکەیەکدا بۆ واشینگتۆن لە مێژووی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨دا، دیداری بارزانیی لەگەڵ جەمال عەبدولناسردا بەم شێوەیە وەسف کرد:

لە ٣ی تشرینی یەکەمدا، مەلا مستەفا و شەش کوردی تر کە لە تاراوگەدا لەگەڵی بوون، لە پراگەوە گەیشتنە قاهیرە، لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا بۆ عێراق، لە ڕۆژی دواتردا ناسر پێشوازیی لێکردن. بارزانی باسی

---

(١) سامی شورش، مصدر سابق، ص ٨٣.

(٢) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ١٢٨.

(٣) جريدة الأهرام، القاهرة، في ١٩٥٨/١٠/٧.

لەوە کرد کە چۆن پەنابەرانی کورد لە تاراوگە بە شۆڕشی میسریان زانیوە (شۆڕی تەموزی ١٩٥٢) و گیانێک بووە ژیانی بۆ گەڕاندوونەتەوە، هەستیشمان وەک هەستی هەر عەرەبێک بووە، کێشەکەمان لەگەڵ ئیمپریالی و گەندەڵی یەک شتە و شۆڕشی میسرمان بە شکۆمەندییەکی گەورەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوین داناوە. قاهیرە ناوەندی تیشکدانەوەی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە و دڵیشمان هەر وشەی سەرۆک عەبدولناسری دەگوتەوە، دەنگیشی ئاماژەی سەرکەوتن بوو"[1].

میسر و عەبدولناسریش ڕۆڵی جەمسەری بەرداشیان لە ناوچەکەدا بە کوردیشەوە گێرا، بەوەی لە پەیوەندیی بەردەوامدا بوون. هەر بۆ نموونە لە کاتی سەردانی شای ئێراندا بۆ لەندەن لە ئایاری ١٩٥٩دا، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانییان دەرکرد و لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی ئێرانەوە لە لەندەن کۆپییەکیان بۆ محەمەد ڕەزای پەهلەوی نارد، ماف و ئامانجەکانی کورد و بەرگری کردنیان لە کۆماری عێراق تێدا ڕوونکردەوە، کۆمەڵەکە کۆپییەکیشیان بۆ جەمال عەبدولناسر نارد، عەبدولناسریش نامەیەکی بۆ کۆمەڵە نارد و دەستخۆشیی لە هاریکاریی کورد و عەرەب لە داکۆکیکردن لە کۆماری عێراقدا کرد[2].

ڕاستییەکەی هەڵوێستی قاهیرە لە کێشەی کورددا لەوەدا کورت دەبێتەوە کە ڕازی نەدەبوو پەرتبوون لە هیچ وڵاتێکی عەرەبیدا ڕوو بدات و کاری دەکرد بۆ پاڵپشتیکردنی یەکێتی نیشتمان لە ناوخۆی هەر وڵاتێکی عەرەبیدا، هەروەها پێی وابوو باشترین چارەسەر بۆ هەر کێشەیەک، بە تایبەت لە ناو ڕۆڵەکانی یەک نیشتماندا، بریتییە لە چارەسەری ئاشییانە لە ڕێگەی دانوستانەوە، دەشێت هەڵوێستی میسر لە بڵاوکراوەکەی ڕۆژنامەی " الأهرام"ەوە بزانین:

"نوێنەری الأهرام زانیویەتی کە کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بەگرنگییەوە لە پێشهاتەکانی عێراق دەکۆڵێتەوە و چاودێریی ڕووداوە هەستیارەکان دەکات، کە لە باکوور لە ناو خێڵە کوردەکاندا ڕوو دەدەن، هەروەها نوێنەری الأهرام زانیویەتی چەند تێبینییەکی بەرایی هەن هەنووکە بەڕوونی دەردەکەون:

یەکەم: کۆماری یەکگرتووی عەرەبی دژی هەر بزووتنەوەیەکی جیابوونەوە لە ناوخۆی هەر وڵاتێکی عەرەبیدا دەوەستیتەوە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت بە هیچ کردەیەکی پەرتبوون لە وڵاتە عەرەبییەکاندا قایل ببێت.

دووەم: گەرچی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی باوەڕی وایە کە لیوا عەبدولکەریم قاسم بە تایبەت بەرپرسە لە خۆراکدان بە دەنگۆکانی جیابوونەوە و بەرپرسە لە بەهێزکردنی ئەم خواستانە تا هەندێک

[1]http ://gilgamish.org/printarticlephp?id=6664

(٢) جريدة الحقيقة، دراسة وتوثيق الدكتور عبدالفتاح علي البوتاني، منشورات مجلة متين، ص ٧٦.

ئامرازی هاوسەنگیی ناوخۆیی دروست بن و جێبێی قایم دەکەن لە عێراقدا، بەڵام کۆماری یەکگرتووی عەرەبی پشتگیریی هەر هەوڵێک دەکات بۆ قوتاربوون لە کێشەی یەکێتی نیشتمان لە عێراقدا"[1].

پاش کەوتنی عەبدولکەریم قاسم، شاندێکی سیاسیی عێراقی لە بەغداوە چوونە قاهیرە، بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەکی سێقۆڵیی میسری سوریایی عێراقی لە نیسانی ١٩٦٣دا، بۆ دانانی بەردی بناغەی یەکێتیی سێ قۆڵی. ئەندامانی شاندی عێراقی عەلی ساڵح سەعدی و ساڵح مەهدی عەماش بابەتی بزووتنەوەی کوردیان ورووژاند[2] و، بە عەبدولناسریان گوت ئەمە کێشەیەکی عەرەبییە نەک ناوچەیی، بۆیە پێویست بوو تۆیش ئاگادار بیت، عەبولناسریش لە وەڵامدا گوتی: "گومانی تیدا نییە بنەمای حوکمی زاتی مەترسیدارە، هەروەک دواتر هەمان کێشە بۆ سوریایش ساز دەبێت، وای بۆ دەچم حوکمی زاتی یان وردتر بەڕێوەبردنی ناوچەیی چارەسەرێکی ماقووڵە"[3].

شاندی کورد کە لەگەڵ شاندەکەی حکوومەتدا بوو و لە فواد عارفی وەزیر لە حکوومەتدا و جەلال تاڵەبانیی سەربە پارتی پێکهاتبوو، داوایان کرد بە تەنیا لەگەڵ عەبدولناسردا کۆببنەوە[4]، فواد عارف دەستیکرد بە باسکردنێکی وردی مێژووی کورد، تاڵەبانییش باسی لەوە کرد کە کورد چۆن یارمەتیی کودەتای ٨ی شوباتیان داوە و سەرکردەکانی کودەتا بەڵێنیان داوە بە پێدانی حوکمی زاتی، عەبدولناسر لە وەڵامدا گوتی: پێم خۆشە سەرەتا پێت بڵێم من دژ بە هەر کردەیەکی جودابوونەوەم لە هەر وڵاتیکی عەرەبیدا و، هەلومەرج هەرچۆنێک بێت کۆماری یەکگرتووی عەرەبی بە گژ هەر ئاراستەیەکی لەم چەشنەدا دەچێتەوە"[5].

کە عەبدولناسر لە بارەی مەبەستی کوردەوە لە حوکمی زاتی پرسیاری کرد، شاندەکە گوتی: "ئێمە چەند نموونەیەکی دەرەکیمان بۆ حوکمی زاتی چەشنی هیندستان و یۆگسلاڤیا و سویسرا، بۆ سەرکردەکانی ٨ی شوبات پێشنیار کردووە".

جەمال ئەتاسی کە یەکێک بوو لە سەرکردە ناسرییەکان، چاوپێکەوتنەکەی شاندی کورد لە ١٩٦٣ دەگێڕێتەوە کە:

"لە میانەی گوتوبێژەکانی یەکگرتندا و لەو دیدارانەدا کە لە پەراوێزەوە دەکران، جەلال تاڵەبانی پێشنیاری کرد گەر ئێوە دەتانەوێت یەکێتیەکی سێقۆڵی لە نێوان میسر و سوریا و عێراقدا دابمەزرێنن، ئەوە ئێمە وەک هاووڵاتییانی کورد دەخوازین لە چوارچێوەی ناوچە کوردییەکانی سنوری یەکێتیە

---

(١) جريدة الأهرام، القاهرة، في ١٩٦١/٩/١٧.

(٢) سيف الدين الدوري، علي صالح السعدي، مصدر سابق، ص ٧٦.

(٣) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٤٠٤.

(٤) هني لفكيكي، أوكار الهزيمة، مصدر سابق، ص ٢٩٤.

(٥) مهدي الحافظ، مستقبل العرق والأمن العربي في أعقاب حرب الخليج، النمسا، ١٩٩١، ص ٩١.

سێقۆڵییەکەدا خۆبەڕێوەبەریمان هەبێت، ئەگەریش کۆمارێکی یەکگرتووی عەرەبیی دادەمەزرێنن، ئێمە دەمانەوێت ناوچەی کورد ببێتە هەرێمێکی چوارەم لە نێوان هەرێمەکانی ئەو کۆمارەدا. هەروەها ئەتاسی دەڵێت وەک بزانم سەرۆک عەبدولناسر پێشنیارەکەی لا پەسەند بوو، چونکە چەند خەونێکی ستراتیژی و دیدگەگەلی داهاتووانەی تیدابوون لەگەڵ خەون و دیدگەی ئەودا تەبابوون"[١].

لە هەموو ئەم گوتوبێژانەدا قاهیرە پێداگربوو لەسەر باشی چارەسەری ئاشتییانە لە ڕێگەی دانوستانەوە[٢].

ئەمین هوەیدی باڵیۆزی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە بەغدا دەڵێت "پاش ئەوەی مەلا مستەفا کاربەدەستانی نوێی بەغدای دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣، لە گرنگیی جێبەجێکردنی حوکمی زاتی وریا کردەوە، لە ڕێگەی ساڵح یوسفی و شەوکەت عەقراوی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، چەند نامەیەکی مەلا مستەفام پێگەیشت، تێیاندا داوای دەستوەردانی عەبدولناسری کرد بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکە[٣]. ساڵی ١٩٦٣ دیداری شاندە کوردییەکان لەگەڵ عەبدولناسردا زیادی کرد. جەلال تاڵەبانی دەڵێت من و شەوکەت عەقراوی چاومان بە عەبدولناسر کەوت، پێی گوتین بە بڕوای من چارەسەری ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد ئەوەیە کە دەوڵەتە سۆسیالیستییەکان تاقییان کردووەتەوە، کە جەلال تاڵەبانی پرسیاری چارەسەری کرداریی لێکرد، لە وەڵامدا گوتی "بریتییە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس، کە بەدڵنیاییەوە گەلی کورد بە شێوەیەکی یەکگرتوویی لەگەڵ برا عەرەبەکانیاندا تاقیدەکەنەوە"[٤].

هەروەها تاڵەبانی دەڵێت "لە میانەی چاوپێکەوتنەکەی ١٩٦٣دا عەبدولناسر ئامۆژگاریی کردین بەوەی دەبێت کورد پرسی خۆیان بۆ ڕای گشتیی عەرەب باس بکەن و پێیان بڵێن ئێمە گەلێکین دۆستی ئێوەین، هەزاران ساڵە لەسەر خاکی خۆمان دەژین، ئاینی پیرۆزی ئیسلام و چەندین پەیوەندیی زۆری تر کۆماندەکەنەوە، هەروەها ڕوونی بکەنەوە کە ئێوە دژ بە نەتەوەی عەرەب و بزاوتی ڕزگاریخوازیی عەرەب نین و داواکارییەکانتان ڕەوا و ماقووڵن و ناتانەوێت شەڕ بکەن، مەگەر کاتێک شەڕتان بەسەردا سەپێندرا بەرگری لە خۆتان بکەن"[٥].

---

(١) ناوەندی گفتوگۆی عەرەب و کورد، قاهیرە، لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەکە، عەدیولی، ١٩٩٩، ل ٢٢، دەقی یاداشتەکەی شاندی کورد لە کۆبوونەوەکانی قاهیرەدا. پاشکۆی ٧٢.

(٢) أمين سامي الغمراوي، قضية الأكراد في شمال العراق، مصدر سابق، ص ٤٠٦.

(٣) أمين هويدي، كنت سفيرا في العراق.

(٤) جلال الطالباني، مصدر سابق.

(٥) گوتەی جەلال تاڵەبانی لە کۆنگرەی پێنجی (الملل والنحل والاعراق)دا کە لە قاهیرە، لە ناوەندی ئیبن خەلدون بۆ توێژینەوە گەشەییەکان ١٩٩٨ بەسترا، لە بڵاوکراوەکانی عەدیولی، ١٩٩٩ ل ١٦٩.

پاش ئەم دیدارانە هەڵوێستی میسر بەرامبەر کێشەی کورد ڕوون بووەوە، عەبدولناسر لە لێدوانیدا بە ئیریک ڕولۆی پەیامنێری ئەوکاتی ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسایی گوت: "کورد گەلێکن برای عەرەبن، مافی خۆیانە وەک هەر گەلێکی تر جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەرییان هەبێت، عەبدولناسر پشتگیری خۆیشی بۆ پێدانی حوکمی زاتی بە کوردی عێراق دەربڕی، هەروەک ڕایگەیاند کە ئەو دژ بە شەڕە وەک شێوازێک بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد و جیابوونەوەیشی ڕەت کردەوە"[1].

عەبدولناسر لە وەڵامی داواکەی عەبدولسەلام عارفیشدا، کە لە ٢ی کانونی یەکەمی ١٩٦٣ داوای ناردنی هێزەکانی میسری کرد بۆ دابینکردنی ئاسایش لە عێراقدا، ڕازیی بوو نزیکەی هێندەی دوو لیوا هێزی نارد، (بەو مەرجەی لە شەڕی دژ بە کورددا بەشداری نەکەن)[2].

کە ساڵی ١٩٦٣ شەڕ لەنێوان کورد و حکوومەتدا دەستی پێکردەوە، قاهیرە دژایەتی خۆی بۆ شەڕ وەک شێوازێک بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد ڕایگەیاند و عەبدولناسر لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بووەوە لەسەر هەڵوێستی بەرامبەر کورد و کێشەی کورد و ڕیگەنەگرتن لە ڕاگەیاندنەکانی میسر کە بە چەکدارانی کوردیان دەگوت شۆڕشگێڕ[3]. ساڵح مەهدی عەماشی وەزیری بەرگری لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٣دا بروسکەیەکی بۆ سەرجەم یەکە سەربازییەکان نارد، تێیدا گوزارشتی لە داخی خۆی کردبوو کە ڕۆژنامەی "الأهرام"ی قاهیرە، یاخیبوونی کوردی لە باکووری وڵات بە شۆڕشی کورد پیشان دەدات، لە کاتێکدا ئێمە لایەنێکین لە یەککگرتنی سێ قۆڵیدا[4].

ئەمین هوەیدی باڵیۆزی میسر ئاماژەی دەکات کە شەوی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٦٣ گوتارێکی تایبەتم لە تاڵب شەبیبی وەزیری دەرەوەی عێراقەوە پێگەیشت، تێیدا هاتبوو "بەڕاستی ئەوەی لە ڕۆژنامەکان لەبارەی ئێستگەی قاهیرەوە بڵاوکرایەوە جێی داخ بوو، بێگومان ڕەتکردنەوەی هەواڵەکە لەلایەن عەبدولقادر حاتەمی وەزیری ئیرشادی میسرەوە دڵی زۆربەی خۆش کرد، چەندە حەزم دەکرد ڕەتکردنەوەکە ڕوونتر بووایە، تا گەلی عەرەب لە عێراق دروستی هەڵوێستی برای گەورەی عەرەب بزانن"[5].

عەبدولناسر داواکارییەکەی سەرکردایەتی کوردی بە دەستنیشانکردنی شەوکەت عەقراوی بە نوێنەری شۆڕشی کورد لە میسر قەبووڵ کرد، دواتریش هەموو هەوڵەکانی عەبدولسەلام و وەزیرە ناسرییە عێراقییەکانی بۆ دەرکردنی نوێنەری کورد یان سنووردارکردنی چالاکییەکانی لە قاهیرە ڕەتکردەوە.

---

(١) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ٧٩.

(٢) أمين هويدى، مصدر سابق، ص ١٢٣.

(٣) جريدة الطليعة، بغداد، في ١٩٦٣/٦/١٢.

(٤) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٣٤٠.

(٥) أمين هويدي، مصدر سابق، ص ٣١٧.

بڕیارەکانی عارف لە ڕووی کورددا لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ بۆ عەبدولناسر دەگەڕێنەوە لە میانەی کۆبوونەوەی سەرۆکەکانی عەرەبدا کە لە ١٧ی **شوباتی کۆتایی پێهات، بێگومان عەبدولناسر** بە هێرشی سەربازیی بۆ سەر کورد قایل نەبوو، نزیکبوونەوەی عێراق و میسر بۆ بەستنی یەکێتیەکی سیاسی کاریگەریی سیاسیی لەسەر شای ئێران هەبوو، عەبدولناسر یارمەتیی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەدا و ئەوەبوو شا زیاتر کەوتە هاندانی کورد، ئیتر ئەم دووانەی تر سەرلەنوێ خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد، بۆیە عەبدولناسر هانی عەبدولسەلامی هاوپەیمانیدا شەڕ نوێ نەکاتەوە و ئاشتی ڕابگەیەنێت. بە کاریگەریی عەبدولناسر، عەبدولسەلام بەڵێنیدا بەوەی بە پێدانی هەندێک لە مافەکان بە کورد ڕازی دەبێت، بەڵام ئەمە ناگاتە ڕادەی جودابوونەوە.

لە سەردەمی عەبدولڕەحمان عارفدا و پاش ڕێککەوتنی حوزەیران لە نێوان عەبدولڕەحمان بەزاز و مەلا مستەفادا، جەمال عەبدولناسر لە گوتارێکیدا لە یادی ٢٣ی تەموزی ١٩٦٦دا، خۆشحاڵیی خۆی بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەربڕی و گوتی: ئێمە هەمیشە بانگەوازمان بۆ چارەسەری ئاشتییانە دەکرد[١]، پاش ڕاوەستانی بەیاننامەکەی بەزاز و عەبدولناسر جەختی لەسەر بابەتی لێکتیگەیشتن و دانوستان بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنی دوولایەنە و چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد کردەوە. نووسەرێک پێی وایە عەبدولناسر پێشتر بەم شێوازە باسی لە پرسی دانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا نەکردووە، مەگەر کاتێک زانیبیتی دەسەڵات لە بەغدا جیدی نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەمە[٢].

بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کورد و پارتی ڕێز و خۆشەویستییان بۆ کەسایەتیی عەبدولناسر هەبوو، ساڵح یوسفیی نوێنەری پارتی لە بەغدا دەگێڕێتەوە کە پاش نسکۆی حوزەیرانی ١٩٦٧، سەردانی ئەحمەد حەسەن بەکری کردووە لە ماڵەکەی خۆی لە بەغدا، بە ڕیکەوت سەدام حوسێنیش لەوێ بووە، کاتێک یوسفی حەسرەتی خۆی بۆ شکستی جەمال عەبدولناسر لە شەڕی ئیسرائیلدا دەربڕیوە، ئەمەیش سەدام حوسێنی ورووژاندووە و ڕەتی داوەتەوە کە عەبدولناسر سیاسەتکارێکی کلاسیکییە و پێویستی بە چالاکییە و، ململانیی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەنجامێکی نابێت، سەرباری ئەوەی ئەو دیکتاتۆرێکە نموونەگەلی گەندەڵی لە دەوری خۆی خڕ کردووەتەوە. لێرەدا یوسفی شێواز و قسەکانی سەدام لەسەر عەبدولناسری سەرۆکی میسر ڕەتدەکاتەوە و بە شێوازێکی گاڵتەجاڕییانەوە پێی دەڵێت **جا تۆ کێیت تا خۆت** بەسەر سەرۆکدا **هەڵبکێشیت و جنێوی پێ بدەیت**؟ پاشان دەڵێت هەر تاکێکی عەرەب گەر خۆی بە عەرەب بزانێت، دەبێت ڕێزی ئەو پیاوە بگرێت و پشتگیریی بکات[٣].

---

(١) صحيفة الأهرام، القاهرة، ١٩٦٦/٧/٢٣.

(٢) عبدالصباح الصبوري، الحقائق الخافية في الحرب العراقية الايرانية. بدون ناشر، ١٩٨٥، ص ٣٩.

(٣) ڕوژان يوسفي، صالح يوسفي، دهوک، ص ١٥٣.

پاش ڕێککەوتنی ۱۱ی ئاداری ۱۹۷۰، باڵیۆزی میسر سەردانی شاندی کوردی لە بەغدا کرد و پیرۆزبایی لێ کردن. لەو ماوەیەدا پەیوەندییەکانی نێوان میسر و عێراق گەیشتبووە ڕادەی گرژی و دابڕان. عەبدولناسر نامەی پشتگیری یان پیرۆزبایی بە بۆنەی ڕێککەوتنەکەوە نەنارد، بۆیە دکتۆر مەحمود عوسمان، بە ناوی شاندی کوردەوە داوای گەیاندنی تکای کوردی بە سەرۆک عەبدولنارسر کرد بە ناردنی بروسکەیەک بۆ حکوومەت، پاش ماوەیەک باڵیۆزی میسر هات و بروسکەی پشتگیریی پێبوو، بە شێوەزاری میسری گوتی "والله هذا علشان خاطركم" بە خودا ئەمە لەبەر خاتری ئێوەیە[1]، لە بروسکەکەدا عەبدولناسر بە بەکری گوتبوو:

"ئەم ڕێککەوتنەی لەگەڵ برا کوردەکاندا پێی گەیشتوون، لە ڕێگەی یەکێتیدا هەنگاویکی سەرکەوتوو و مەزنە و هاوکات پاڵپشتییەکی گەورەیشە بۆ خەباتی عەرەبی"[2].

لە ئابی ۱۹۷۰دا، مانگێک پێش کۆچی دوایی عەبدولناسر، بە هۆی قایلبوونی عەبدولناسر بەوەی کە بە دەستپێشخەریی ڕۆجەرز ناسرا تایبەت بە کۆتاییهێنان بە شەری گورزوەشاندن لە دوژمن، شەڕەقسە لە نێوان بەغدا و قاهیرەدا دەستی پێکرد. بەعسییەکان بە شێوەیەکی تایبەت، بە هۆی ڕازیبوونی عەبدولناسر بە پڕۆژەکە، هەرچیی جنێو و ناتۆرەی دزێو و شەرمهێن لە فەرهەنگی زماندا هەبوو خستیانە پاڵ عەبدولناسر. بارزانی ئەمەی لە دڵ گران بوو و هەلی هاتنی عەزیز شەریفی قۆستەوە و داوای لێ کرد تکا لە بەکری سەرۆک کۆمار بکات دەست لە بەخشینەوەی جنێو هەڵبگرێت و دانەبەزێتە ئەو ئاستەوە[3]، دوای چەند ڕۆژێک عەزیز شەریف وەڵامی بەکری هێنایەوە و بە بارزانیی گوت پیت بە پیت پەیامەکەتم بە بەکر گەیاند، ئەویش لە وەڵامدا گوتی:

"سڵاو لە بارزانی بکە و پێی بڵێ هەر عەبدولناسر سەگوەڕی نییە، ئێمەیش سەگوەڕمان هەیە"[4].

لەبارەی کورد و عەبدولناسرەوە، مەنح سولح لە گوتارێکیدا لە ڕۆژنامەی "الحياة"ی لەندەنی دەڵێت بە بڕوای من گەر ئێستا سەرۆک جەمال عەبدولناسر زیندووبا و سەردانی عێراقی کردبا، لەگەڵ ژەنەڕاڵ دێگۆلدا هاوهەڵوێست دەبوو، کاتیک سەردانی کەنەدای کرد و لەبارەی پرسی دیاریکردنی چارەنووسی کیوبیکەوە ئەو حیکمەتە جوانەی گوت "با بوونی کیوبیک ئازاد بێت و ناونیشانێک بێت لە ناونیشانەکانی گەورەیی دیموکراسی لە کەنەدادا"[5].

---

(1) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ١٩٥.

(2) صحيفة الأهرام، القاهرة ١٩٧٠/٣/١٥.

(3) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ١٩٥.

(4) المصدر السابق، ص ١٩٥.

(5) جريدة الحياة اللندنية، ١٩٩٣/٣/٢٦.

که له کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧١ دۆخی نێوان کورد و حکوومەتی بەعس پاشەکشەی کرد، بارزانی بەباشی زانی نوێنەری خۆی بۆ میسر و سوریا بنێرێت و، لە دوو نامەدا بۆ هەریەکە لە ئەنوەر ساداتی سەرۆکی میسر و حافز ئەسەدی سەرۆکی سوریا، هەڵویستی بارزانی لە داواکردنی دەستوەردانی کۆمکاری عەرەبیدا ڕوون بکاتەوە، بەو هیوایەی پرسەکە لە چوارچێوەی بازنەی عەرەبیدا بێت و هیچ لایەنێکی تری تیدا بەشدار نەبێت، چونکە برایەتیی عەرەب و کورد پرسێکی ستراتیژییە[1].

پێش هەڵگیرسانی شەڕەکانی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣، ئەنوەر سادات لە ڕێگەی باڵیۆزەکەیەوە لە بەغدا، داوای لە بارزانی کرد، لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا، دەست لە هەڵکوتانە سەر سوپای عێراق هەڵبگرێت، چونکە سوپای عێراق بەو بیانووەی لە کوردستان سەرقاڵە، بەشداریی شەڕەکە ناکات.

بارزانی لە جێی گومانی باشی سەرۆکی میسر بوو و دڵنیای کردەوە و بەڵێنی پێدا ڕێگە نەدات بە شۆڕشی کورد بۆ ئەنجامدانی هەر جووڵە و هەڵمەتێک دژ بە سوپای عێراق لە کوردستان.

دوای تازەبوونەوەی جەنگ لە ١٩٧٤، وەزیری کاروباری عەرەبی لە سەرۆکایەتی کۆماری، بە ناوی ئەنوەر ساداتەوە، بە سکرتێری پارتی کە سەردانی قاهیرەی کردبوو ڕاگەیاند، میسر ڕەتی کردووەتەوە وەستاندنی شەڕەکە ببێتە هۆکارێک بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد[2].

کە پاش کۆنگرەی ڕیباتی نێوان عێراق و ئێران نیوەندگیریی عەرەبی چالاک بوو، شای ئێران سەردانی میسری کرد، سادات چارەسەری ناکۆکییەکانی لەگەڵ عێراقدا پێشنیار کرد و وەڵامی ئێرانییەکان ئەوە بوو کە شا بە ساداتی گوتووە کە دەبێت پرسی کورد ڕوون بێت.

لە شوباتی ١٩٧٥دا، یەکێک لە سەرکردەکانی شۆڕشی کورد سەردانی ساداتی کرد، بۆ ئاگادارکردنەوەی لە نێوەندگیرییەکە، ساداتیش بە شاندی کوردی گوت:[3]

"بەڕاستی شا پیاوێکی زیرەک و ماقووڵە و هەڵوێستی لە دۆزەکەتاندا جوامێرانەیە، دۆزی ئێوە لە دانوستانەکاندا پێشنیار نەکراوە بۆ سازشکردن لەسەری، شا لەسەر ئەوە پێداگرە، منیش لای خۆمەوە دەمەوێت لەم نێوەندگیرییەدا کە بە کردەوە دەستمان داوەتێ مافەکانتان دەستەبەر بێن".

جەلال تاڵەبانی دەبێژێت "لە شوباتی ١٩٧٥دا، سەرۆک سادات، لە ڕێگەی مامۆستا ئەحمەد بەهائەدینی سەرنووسەری ڕۆژنامەی "الأهرام"ەوە، ئامادەیی خۆی بۆ پێشوازیکردن لە شاندێکی باڵای

---

(1) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ٣٧٣.
(2) جلال الطالباني، في ملتقى الحوار العربي الكردي في القاهرة، ١٩٩٨ مدبولي، ص ١٢٧.
(3) نموونەیەک لە نامەکانی نوێنەرانی کورد لە قاهیرە لەسەر پێوەندییەکانی کورد و میسر لە پاشکۆی ٧٣.

کورد لە قاهیرە پێ ڕاگەیاندم، پاشان بردنی شاندەکە بۆ کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە مەغریب، تا داوای چارەسەرێکی عەرەبی بۆ کێشەی کورد لە عێراق بکەن[١].

پاش ڕێککەوتنامەی جەزائیر، سادات پێشوازیی لە سامی عەبدولڕەحمانی نوینەری بارزانی کرد و ڕێککەوتنی ئێران و عێراقی پێ ڕاگەیاند، پاشان فەرمانیدا بە کردنەوەی دەرگاکانی قاهیرە بە ڕووی پەنابەرە سیاسییەکاندا کە پاش ڕێککەوتننامەکە لە دەرەوە دەمێننەوە.

سامی عەبدولڕەحمانی لە بارەی دیدارەکەی لەگەڵ ساداتدا دەڵێت "سەرۆک سادات ویستی خۆی لە بەشداریکردندا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتییانەدا بۆ کێشەی کورد دەربڕی، بەڵام ڕووداوەکان بەخێرایی تێپەڕین و بواریان پێ نەدا ئەو هەوڵە باشانە بخاتە گەڕ"[٢].

## پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا

پەیوەندییەکانی کورد بە ڕوسیاوە بۆ پێش سەدان ساڵ دەگەڕێنەوە، بێگومان قەیسەرەکان کاریان بۆ بڵاوکردنەوەی هەژمونی خۆیان دەکرد لەو ناوچانەی لە بن دەستی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیدا بوون. دیارە دەرکیان بە گرنگیی کورد و خەونەکانیان کردبوو، بۆیە خەریکی ڕاکێشانی سۆزی کورد بوون، بە هەمان شێوەی ئەرمەن، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا، کۆمەڵێک لە سەرکردەکانی کورد، لەوانە جەعفەر ئاغای شەکاک و چەند کەسێکی تر، سەردانی ڕوسیایان کرد[٣].

قەیسەر نیکۆڵای دووەم پێشوازیی لێکردن و بە خەڵاتی گرانبەها و پەیامی هاندانەوە گەڕانەوە، کە خەون و خەیاڵی جۆشدان[٤]. ڕوسەکان بڕوایان بە شایستەیی کورد لە شەڕکردندا هەبوو، بۆیە سوپایەکی خۆبەخشی لێیان دروست کرد، بۆ وڵاتی خۆی کەمەندکێشی کردن، تا بەچڕی لە بارودۆخیان بتوێژێتەوە[٥].

لە ساڵی ١٩٠٨، کاتێک شۆڕشی تورکیا سەریهەڵدا، خەونەکانی کورد نوێبوونەوە و ئەم جارە پەیوەندیی نێوان سەرۆکخێڵە کوردەکان لە باشووری کوردستان، لەوانە هەمەوەند و جاف و بارزان بە نوێنەرایەتیی شێخ عەبدولسەلام لە نێوان نوێنەرانی ڕوسیادا دەستیان پێکرد.

لێرەدا ڕوسیای قەیسەری دوو بەرژەوەندیی سیاسیی گرنگی هەبوو:

**یەکەم:** کوردستان لای ڕوسیا گرنگییەکی ستراتیژیی گشتیی هەبوو، ئەو هەر دەمێک بوو لە سەردەمی پێترۆسی گەورەوە چاوی لە دەریچەیەک بوو بۆ دەریا کە سەهۆڵبەندان نەبێت. کوردستان دەکرا ببێتە

---

(١) جلال الطالباني في ملتقى الحوار العربي الكردي في القاهرة، مصدر سابق، ص ١٢٨.

(٢) كلمة سامي عبدالرحمن في ملتقى الحوار العربي الكردي في القاهرة، مصدر سابق، ص ٣٢.

(٣) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ٤٠.

(٤) ايجلتين، جمهورية مهاباد، مصدر سابق، ص ٢١.

(٥) محمود الدرة، القضية الكردية، مصدر سابق، ص ٩١.

بنکەیەک بۆ فراوانخوازیی ناوچەی قەڵەمڕەویی ڕوسیا بەرەو باشوور، لەو کاتەدا هێزە ڕۆژئاواییەکان لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا هەوڵیاندا لە ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی و فارسیدا هەژموونی خۆیان بەهێز بکەن، سەبارەت بە ڕوسیا ئەم هێزانە بوونە کێبەرکێکاری ترسناک.

**دووەم:** لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا ڕوسیا شەڕگەلێکی زۆری لەگەڵ هەردوو ئیمپراتۆریەتیی عوسمانی و فارسی کرد و چەند بەشێکی لێ داگیر کردن، بۆیە بەشێک لە دانیشتوانی کورد ڕاستەوخۆ کەوتنە ژێر دەسەڵاتییەوە[1]، پاشان هێڵی ئاسنی بەغدا ـ بەرلین داهات و تا ڕادەیەکی زۆر گرنگیی ڕوسیای ڕاکێشا و دڵەڕاوکێی بۆ دروست کرد، ئیدی ئەو ناوچە کوردییانەی بڕیار بوو هێڵی ئاسنیان پێدا تێپەڕ ببێت، بوونە جێگەی توێژینەوە و ڕاپۆرتەکانی ڕوسیا تایبەت بە لێکۆڵینەوەی پڕۆژەکە[2].

گرنگیدانی ڕوسیا بە کورد تەنیا لەو چالاکییانەدا کە مۆرکی ستراتیژییان هەبوو کورت نەبووەوە، بەڵکو چالاکییەکی فراوان لە جۆرێکی تر بوونی هەبوو، پێوەست بوو بە کاری دیپلۆماسیی ئاشتییانە، هەروەک توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕوسیایی لە بواری توێژینەوەی کورددا زیادی کرد[3]، کرۆلیڤسکی دەڵێت "ڕوسیا ئەرکیکی فەرهەنگیی گەورەی لەپێشە، هەنووکە دەبێت سۆزی کورد بۆلای خۆی ڕابکێشێت و گرنگیی بە باشکردنی بارودۆخی کورد بدات"[4].

هەندێک لە سەرکردەکانی کورد کە بە هۆی کارکردنەوە لە ناوەندەکانی عوسمانی و ئێرانیی فەرمانڕەوادا ڕەخنەیان لە خۆیان دەگرت، پێیان وابوو بە هاوکاریی ڕوسیا دەتوانن ئامانجە سیاسییەکانیان بە دی بهێنن. شێخ عەبدولسەلامی دووەمی بارزانی ساڵی ١٩١٣ ڕووی لە تەفلیس کرد و لەوێ چاوی بە ئەلفراندوکی نوینەری قەیسەر کەوت و داوای یارمەتیی لە ڕوسیا کرد[5]. هەروەها شێخ مەحمودی حەفیدیش، پێش جەنگی یەکەمی جیهانی و لە کاتی جەنگەکەدا چەند جارێک هەوڵیدا بۆ هەمان مەبەست پیوەندییان لەگەڵدا دابمەزرێنێت[6].

سەردەمی قەیسەری کۆتایی پێهات و یەکێتی سۆڤیێت دامەزرا، کە ڕێککەوتننامە داگیرکارییەکانی دڕاند و پەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندییەکانی کورد و سۆڤیێت هەڵدرایەوە. شۆڕشەکەی ڕوسیا دەنگدانەوەیەکی مەزنی لە کوردستان هەبوو، سەربازە شۆڕشگێڕەکانی ڕوسییەکان لە کوردستانی ئێران، لە کرماشان ساڵی ١٩١٨ چەند بنکەیەکیان دامەزراند، کە یەکیتیی سۆڤێتی لە کەمینەکان نزیک دەکردەوە بۆ فراوانکردنی هەژمونی بەرەو باشوور، هەروەها بۆ شکاندنی دوورەپەرێزییەکەی و بەدیهێنانی

---

(١) المصدر السابق، ص ٩٣؛ كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، مصدر سابق، ص ٤٤.
(٢) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ٤٣.
(٣) كمال مظهر أحمد، مصدر سابق، ص ٦٤.
(٤) كمال مظهر، مصدر سابق، ص ١٥٩.
(٥) محمود الدرة، مصدر سابق، ص ١٩٥.
(٦) جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ٢١٦.

ئامانجەکانی[١]، هاوزەمان کورد لە یەکێتی سۆڤێتدا بوون بە کەمینەیەکی نەتەوەیی جیاواز، کە لە سێ کۆماری ئەرمینیا و ئازەربایجان و تورکمانستان بوونیان هەبوو[٢]، ئەو کوردانە بوونە باشترین پڕوپاگەندە بۆ یەکێتی سۆڤێت لای کوردی وڵاتانی تر[٣].

لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا و دواتریش پەیوەندییەکانی نێوان ڕوسیا و کورد پتر بوون. کورد داوای هاوکاریی لە ڕوسیا کرد بۆ قوتارکردنی کوردستان لە چنگاڵی تورک. کردەوە سەربازییەکانی ڕوسیا نەک تەنیا ناوچە کوردییەکانی عوسمانی، بەڵکە ناوچە کوردییەکانی ئێرانیشیان گرتەوە و پاش تەواوبوونی شەڕ، شێخ مەحمودی حەفید کرا بە حوکمداری سلێمانی. شێخ مەحمود پێوەندی بە یەکێتی سۆڤێتی بولشەڤییەوە کرد، کە بە هاوڕێی گەلانی خەباتکار لە پێناو ڕزگاریدا و هاوکاری ماف و خەونەکانی گەلانی ڕاپەڕیو، بگرە ڕزگارکەری ڕۆژهەڵات، پەسنیدا، جەختیشی لەوە کردەوە کە گەلی کورد ئامادەیە چارەنووسی خۆی بە بە چارەنووسی گەلی ڕوسیاوە ببەستێتەوە[٤].

هەروەها بۆ ڤلادیمێر لینینی نووسی و داوای پاڵپشتی و هاوکاریی لێکرد. لە ٢٠ی کانونی دووەمی ١٩٢٣ نامەیەکیشی بۆ باڵیۆزی سۆڤێت لە تەبرێزی ئێران نارد، تێیدا نووسیبووی "کورد کە بە هاوڕێیەتی و برایەتییەوە دەستیان بۆ گەلی سۆڤێت درێژ کردووە، چاویان لە بەدیهاتنی مافە نەتەوەییە ڕەواکانیانە، چونکە گەلی کورد وەک پاڵپشتیکار سەیری گەلی ڕوسیا دەکات"[٥]. شێخ مەحمود لە نامەکەیدا داوای دامەزراندنی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لە نێوان دەوڵەتەکەی لە سلێمانی و دەوڵەتی یەکێتی سۆڤێتدا کرد[٦]، بەڵام شێخ مەحمود نەیتوانی شتێک لە پشتگیریی چالاکی سۆڤێت بۆ بزاوتەکەی دەستبخات، چونکە ئەو حکوومەتە کوردییەی دایمەزراندبوو جێگیر نەبوو و زۆی نەبرد بەریتانییەکان ڕووخاندیان. ڕووکردنە یەکێتی سۆڤێتی شێخ مەحمود بۆ بەریتانیا مەترسی بوو، بەرەبەرە وا وەسفی ئینگلیزەکان دەکرا کە تینوون بە خوێنی گەلان[٧]، هەبوون یەکێتی سۆڤێتیان بە هەڵنانی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی تۆمەتبار دەکرد، بە تایبەت دوای ئەوەی زۆرێک ئەو باوەڕەیان لا دروست بوو کە یاریکردن بە کارتی کورد دژ بە تورکیا و ئێران بۆ یەکێتی سۆڤێت کارێکی ئاسانە[٨].

---

(١) فاروق صالح عمر، المعاهدات العراقية البريطانية، رسالة دكتوراه، القاهرة، جامعة عين شمس، ١٩٧٥، ص ٥٧.
(2)Laurin. Mc، Ibid. p 51.
(٣) نيكيتين، الكرد، مصدر سابق، ص ٢٠٦.
(٤) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ٥٢.
(٥) عبدالرحمن قاسملو، مصدر سابق، ص ٨٨.
(٦) المصدر السابق، ص ٨٨.
(٧) نبيل زكي، مصدر سابق، ص ٥٢.
(٨) المصدر السابق، ص ٧١.

لە سەروبەندی دانوستانەکانی ئاشتەواییدا لە کۆنگرەی ئاشتی، ڕۆژنامەی فەرمی ڕاسپێردراوانی گەل، پێشنیاری دەستەی پاڵپشتیی ڕوسیای بڵاو کردەوە، کە بریتیی بوو لەوەی ئەم شەش بەندە بکەین بە بناغەیەک بۆ دانوستانەکانی ئاشتی:

لە بەندی چوارەمدا ئاماژە کراوە کە:

"ئەو ناوچانەی فرە نەتەوەن، یاساگەلی تایبەتیان بۆ دادەنرێن، کە سەربەخۆیی نیشتمانی و گەر دۆخە سیاسییەکە یاریدەر بوو سەربەخۆیی بەڕێوەبردنیش بۆ کەمینەکان دەستەبەر بکەن"[١].

ستالین پێناسەیەکی بۆ نەتەوە داڕشتبوو کە کارییگەرییەکی گەورەی لەسەر بزووتنەوەی کوردی هەبوو، نەتەوەپەروەرانی کورد، ئەوانەی وای بۆ دەچوون بەپێی ئەو پێناسەیە نوێیە نەتەوەی کوردن، هەوڵی وەرگرتنی پاڵپشتیی سۆڤێت بوون بۆ دۆزەکەیان، ئەم پێناسەیە سێبەری خۆی بەسەر لایەنە یەکسانەکاندا لە نەتەوەپەروەرانی کورد و بزووتنەوە چەپەکان لە وڵاتیاندا کێشا.

ستالین نەتەوەی بە پێنج نیشانەی جیاکەرەوە دەستنیشان کرد:مێژووی هاوبەش، زمان، خاک، ژیانی ئابووری لەگەڵ فەرهەنگی گوزارشتکار لە کەسایەتیی نەتەوەیی. بە بۆچوونی ستالین هەر کۆمەڵێک تێکڕای ئەم مەرجانەی تێدا نەبێت ناتوانێت نەتەوە پێکبهێنێت[٢]، دەربڕینەکەی ستالین لە زانکۆی سەفەردلۆف ساڵی ١٩٢٤، خەوی لە چاوی ڕۆژئاوا و تورکیا و ئێرانیش تۆراند. کە گوتی "پێویستە لەو گۆشەنیگایەوە لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان بکۆڵدرێتەوە کە بەرژەوەندییەکانی ئاراستەی بەرەو شۆڕشی تێدا شاراوەن، نەک تەنیا لە گۆشەی مافەکانەوە". ئیتر کۆمەڵێک پرسیار لە هەندێک لە پایتەختەکانی ڕۆژئاوا و فەرمانگەکانی دەزگای هەواڵگیریدا سەریان هەڵدا: کێ دەزانێت، ڕەنگە ستالین هەوڵ بدات بۆ وروروژاندنی نەتەوە جیاوازەکانی هاوشێوەی نەتەوەی کورد و ئاشوری و سائیبەکان؟

موزەفەرەدین ئیبراهیمی دەڵێت بنەماکانی کۆمۆنیزم سەرەتای سییەکان گەیشتنە ناوچەی بارزان، کاتیک لەو ناوچەیەدا دوو بیانی هەبوون کاری چاککردنەوەی چەکیان دەکرد، تاو نا تاویش پەیوەندییان بە شێخ ئەحمەدەوە دەکرد، گومان دەکرێت ئەم دووانە لە بۆلشەڤیکەکانی ڕوسیا بووبن[٣].

کاتیک لە ١٩٤١ لە میانەی شەڕی دووەمی جیهانیدا هێزەکانی سۆڤێت چوونە باکووری ئێران، کوردی ئێران، بە خۆشەویستی و بەخێرهێنانەوە پێشوازییان لە هێزەکانی سۆڤێت کرد، چونکە باڵیۆزی سۆڤێت لە کرماشان بە کوردستاندا دەگەڕا و هانی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردی دەدا و پاڵپشتیی دەکرد[٤].

---

(١) خیرالله خیرالله، معضلة الشرق، الأقطار العربیة المحررة سوریا، لعراق، بالفرنسیة، ترجمة عارف الفکري مطبعة جریدة الحقیقة، ١٣٣٨، ص ١٤٧.

(٢) ولید حمدي، الکرد وکردستان، مصدر سابق، ص ٤١٦.

(٣) حسن مصطفی، البارزانیون وحرکات بارزان، مصدر سابق، ص ١٣.

(4)FO 371L61578 foto Royal. Institute for international Affairs caththam house. London 14 March 1947

دەسەڵاتەکانی سۆڤیێت سەرقاڵی بەدەستهێنانی پاڵپشتی کورد بوون دژ بە نازییەکان کە هەڕەشەیان لە قەوقاز دەکرد، سۆڤیێت کۆمەڵێک لە سەرکردە و پێشەوایانی کوردی بۆ باکۆ بانگهێشت کرد. ساڵی ١٩٤١ نزیکەی سی سەرۆکی کورد سەفەریان کرد بۆ باکۆ[١]، ئەو کاتە قازی محەمەد سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردی لە مەهابادی کوردستانی ئێران دەکرد، ئەوەبوو یەکێتی سۆڤیێت داوای لێکرد کۆمەڵێک کەسایەتیی دیار سەردانی یەکێتی سۆڤیێت بکەن، بۆ گوتوبێژکردن لەبارەی داهاتووی کوردستان و بەستنی کۆنگرەیەک بۆ کورد لە باکۆ لەگەڵ ڕوسەکاندا. تێیدا کورد داخوازیی خۆیان خستە بەردەم حکوومەتی سۆڤیێت لە هەبوونی دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیان و پێداویستی ئەم دەوڵەتە بە پارە و چەک[٢].

سۆڤیێت تەنیا پەیوەندیی لەگەڵ کوردی ئێران نەبوو، بەڵکو پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بارزانییەکانیشەوە هەبوو. بزووتنەوەکانی مەلا مستەفا لە کوردستانی عێراق لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیدا پەیوەندییان بە سۆڤێتەوە هەبوو، لە ڕێگەی دوو ئەفسەرەوە ئەوانیش عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو پەیوەندییەکان ئەنجام دەدران، کە لە کوردستانی عێراقەوە دەچوونە دیوی ئێران و لەوێیشەوە پەیوەندییان بە ڕوسیاوە دەکرد. کۆمەڵەی ژ.ک کافی کوردستان، نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ بارەگای بارزانی نارد، پێیڕاگەیاند بە دەوڵەتی سۆڤیێت ڕازی ببێت بۆ ڕزگارکردنی کوردستان، پێویستە سیاسەتی دەوڵەتێکی مەزنمان لەگەڵ بێت، بە بڕوای ئێمە ئەویش دەوڵەتی سۆڤێتە، ناکرێت لەگەڵ هەموو دەوڵەتان بێلایەن بێت[٣]. لەو کاتەدا لەناو حزبی هیوادا، باڵی چەپ، کە دەیویست پەیوەندی سۆڤیێت پتەو بکات و ژمارەیەک قوتابی نارده یەکێتی سۆڤیێت بۆ خوێندن، لەگەڵ باڵی ڕاستڕۆدا کە چاوی لە هاوکاریی ڕۆژئاوا بوو[٤].

کاتێکیش مەلا مستەفا لە کۆتایی ١٩٤٥ عێراقی جێهێشت و پەنای بۆ مەهاباد برد، لەوێ بەباشی و ڕاستەوخۆ بە روسییەکان ئاشنا بوو[٥].

بەریتانیا کە چەند نامەیەکی دۆزییەوە پەیوەندییەکانی کوردیان لە ئێران بە ڕوسیاوە دەردەخست، ترسا، چونکە لە بەرژەوەندیی هەمووان بوو کوردی عێراق لەگەڵ ڕوسیا هاوسۆز نەبێت. لە بروسکەیەکی باڵیۆزی بەریتانیادا لە بەغدا، ترسی بەریتانیا لە ڕووداوەکانی باکووری ئێران کە لە لایەن ڕوسیاوە داگیر کرابوو دەردەکەوێت، کە دەڵێت:

---

(١) ایجلنین. جمهوریة مهاباد، مصدر سابق، ص ٣٨.

(٢) المصدر السابق، ص ٤٣.

(٣) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ٣٧٣.

(٤) عبدالرزاق مطلک الفهد، الأحزاب، مصدر سابق، ص ٢١٩.

(٥) الحزب الدیمقراطي الكردستاني، طریق الحركة التحررية الكردية، مصدر سابق، ص ٧٠.

"ئەم بەیانییە چاوپێکەوتنم لەگەڵ سەرۆک کوەزیراندا هەبوو، بە هەلم زانی پێشنیاری بۆ بکەم کە دۆخی ئێستای باکووری ئێران، گونجاوە تا حکوومەتی عێراق هاووڵاتییە کوردەکان دڵنیا بکاتەوە کە لەگەڵ هاووڵاتییە عێراقییەکاندا بەرژەوەندییەکانیان پشتگوێ ناخرێن و، وەک ئەوان پشکی ڕەوای خۆیان لە چاکسازی و هەنگاوەکانی گەشەپێدان وەردەگرن"[١].

لەو کاتەدا کە سۆڤێت لەسەر خاکی کوردستانی ئێران بوو، قسە و باس لەسەر ڕۆڵ و بەرپرسیارێتیی سۆڤێت لە ناوچەکەدا بە بەڵێندان بە کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دەستی پێکرد. ڕوسیا چاپخانەیەکی بە قازی محەمەد بەخشی، دواجار قازی محەمەد بە ڕازیبوونی سۆڤێت توانی گروپێکی چەکداری کوردی پێکبهێنێت، کاتێکیش لە ١٣ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ کۆماری دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، هەر زوو یەکێتی سۆڤێت دانی بە کۆمارەکەدا نا[٢]. لەو کاتەدا ڕادیۆی سۆڤێتی لە ئەرمینیای سۆڤێت لە هەفتەدا چوار بەرنامەی بە زمانی کوردی هەبوو و گوێگرانی کوردیان بۆ شۆڕش هاندەدا دژ بەوانەی لە عێراق خوێنی کوردیان ڕشتووە[٣].

کاتێک مەلا مستەفا لە مەهاباد بوو، لەسەر پەیوەندییە ڕاستەخۆکانی بە ڕوسیاوە بەردەوام بوو، پێی وابوو دەوڵەتی کوردی لە مەهاباد بۆ مانەوە و سەقامگیربوون بنیاز نییە لە پاڵپشتی سۆڤێت، بۆیە ئاسایی بوو کە کۆماری مەهاباد ڕووخا بارزانی پەنا بۆ یەکێتی سۆڤێت ببات[٤]. لە ڕۆژانی سەرەتایان لە یەکێتی سۆڤێت بارزانییەکان گوشارێکی ئایدۆلۆژیی زۆریان لەسەر بوو، مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ ستالین نارد، تێیدا باسی لە پرسی کورد و دۆخی ڕاپەڕینەکانی کورد کرد کە چۆن لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دووچاری کۆکوژیی بووەتەوە، پاش ئەم نامەیە پەنابەران وەرگیران و خرانە سەر پیشەی جۆراوجۆر و تاکو هەڵگیرسانی شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ مانەوە[٥].

لە تەموزی ١٩٤٧دا، ژەنەڕاڵ شەریف پاشای کەسایەتی کورد گەیشتە یەکێتی سۆڤێت، تاکو پرسی خۆبەڕێوەبەری کوردستانی عێراق بوروژێنێت. دەرکەوتنی یەکێتی سۆڤێت لەسەر هێڵی دۆزی کورد، بەریتانییەکانی لە مەترسیداری پرسەکە وریا کردەوە، بەتایبەت دوای گەیشتنی هەواڵی ئەوەی ڕوسیا لە ڕێگەی پارە و ئامرازی ترەوە خەریکن هەژموونی خۆیان بەسەر کوردی ئێراندا بڵاودەکەنەوە[٦]، گەر بەریتانیا شتێک نەکات، ئەوە ڕوسیا هەڕەشە لە کەرکووک دەکەن و یەدەگی نەوتی عێراق داگیر دەکەن،

---

(١) بروسکەی باڵوێزخانەی بەریتانیا بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا بە ژمارەی ١٨٦ (٤٥/٨٦/٢٧٢) لە ١٩٤٥/٥/٣٠. بڕوانە عزیز الحاج، القضیة الکردیة، ص ١٠٨.

(٢) ایجلتین، جمهوریة مهاباد، مصدر سابق، ص ٩٥.

(٣) عبدالرحمن قاسملو، مصدر سابق، ص ٩٥.

(٤) حامد محمود عیسی، المشکلة الکردیة في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ١٩١.

(٥) فاضل رسول، کردستان والسیاسة السوفییتیة في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٦٥.

(٦) ولید حمدي، الکرد، مصدر سابق، ص ٤١٦.

بەریتانیا پەی بەوە برد گرنگە کوردستانی عێراق لەپاڵ خۆیدا بهێڵێتەوە وەک قەڵایەکی پارێزەر دژ بە پەلهاوێشتنی ڕوسیا[١].

ئەوەی زیاتر ڕقی بەریتانییەکانی هەستاند ئەو یاداشتە بوو کە حزبی ڕزگاریی کورد لە عێراق، لە ١٨ی کانونی دووەمی ١٩٤٦دا لە ڕێگەی باڵیۆزەکانی بەریتانیا، ئەمریکا، چین و یەکێتی سۆڤێتەوە بۆ وەزیرانی دەرەوەی ئەم وڵاتانە لە کۆنگرەی مۆسکۆ بەرزی کردەوە[٢] و، باسی لە نەهامەتییەکانی گەلی کورد لەسەر دەستی حکوومەتە نادیموکراسییەکان کردبوو.

ساڵی ١٩٥١، ستالینی ڕێبەری سۆڤێت لەبەردەم لێژنەی ناوەندیی حزبی شیوعی سۆڤێتدا گوتارێکی پێکەش کرد، ئاماژەی بەوە کرد کە سوریا نزیکترین وڵاتی عەرەبییە لە سۆسیالیزمەوە، دوای ئەو عێراق دێت بە هۆی بوونی ڕەگەزی کوردەوە تێیدا[٣].

مەلا مستەفا و هەڤاڵانی نزیکەی ١٢ ساڵ لە یەکێتی سۆڤێت مانەوە. پاش مردنی ستالین ژمارەیەک لە بارزانییەکان توانیان لە ئەکادیمیای سەربازی و چەند پەیمانگەیەکی باڵای تر لە سۆڤێت بخوێنن، لە سەردەمی خرۆشۆڤدا تێکەڵ بە باری کۆمەڵایەتیی ئەوێ بین. زۆربەیان ژنی سۆڤێتییان هێنا و خوێنی ڕووسی تێکەڵ بە خوێنی کورد بوو، کە مامی منداڵەکان کورد بوون و خاڵیان ڕوسیایی[٤]، هەروەها هەندێک ناوی ڕوسی لە کوردستان پەیدا بوون، بەڵام لە هەمان کاتدا تێکەڵبوونی ئەو پەنابەرە کوردانە بە سۆڤێت پێوەست بوو بە ئاستەنگی گەورەوە، چونکە ڕوسەکان حەزیان نەدەکرد دەرفەت بە بارزانییەکان بدەن کاریگەریی نەتەوەیی لەسەر کوردی سۆڤێت دابنێن[٥].

ساڵی ١٩٥٧، وەزارەتی ناوخۆی عێراق، بە بنکەکانی پۆلیسی سەر سنوورەکانی باکووری عێراقی ڕاگەیاند، کە بارزانی و شوێنکەوتووانی بە پشتگیریی سۆڤێت، لە هەوڵی ئەوەدان دزە بکەنە نێو خاکی عێراقەوە، بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە هەستی نەتەوەیی لای کورد ورووژاند[٦].

پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، دەرفەت بۆ یەکێتی سۆڤێت ڕەخسا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتیدا ئاشکرا بکات، کە تا ئەو کاتە نهێنی بوون، یەکێتی سۆڤێت یارمەتی پارتی و ڕۆژنامەی "خەبات"ی دەدا، بارزانی بەفەرمی سەردانی باڵیۆزخانە سیاسییەکانی سۆڤێتی لە بەغدا دەکرد، هەروەها ڕۆژنامەکانی

(١) صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٨٥.
(٢) دەقی نامەکە لە پاشکۆی ٧٤.
(٣) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ٧١.
(٤) بهاءالدين نوري، مذكرات، مصدر سابق، ص ٣٤١.
(٥) فاضل رسول، كوردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٥.
(٦) التآخي، العدد ٦١٩٩، في ٢٠١١/١٠/٢٤.

سۆڤێت هێرشیان دەکردە سەر بەرهەڵستکارانی بارزانی لە خێڵە کوردەکان و بە بووکەشووشە ناوی دەبردن[١].

باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە مۆسکۆ لە بەڵگەنامەیەکیدا[٢]، بینی بەرژەوەندیی سەرەکیی سۆڤێت لە عێراقدا حزبی شیوعی عێراقە، کە هەلی دڵنیایی وەرگرتنی دەسەڵاتی لە بەردەمدایە، هەروەها ئەوە بەرژەوەندیی شیوعیەکانە کە سۆڤێت بەرامبەر بە کورد دەچەسپێنێت، باڵیۆزخانەکە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەی سۆڤێت بە قازانجی دامەزرانی کوردستانێکی سەربەخۆ بەدوور دەزانێت، گەر ئەوە لە بەرژەوەندیی سۆڤێت بێت، ئەوە لە داهاتوودا حکوومەت بەبێ دوودڵی و بەئاسانی پرسی کورد بۆ تەنگهەڵچنین بە تورکیا و ئێران بەکار دەهێنێت، بەڵام گەر شیوعیەکان لەناو ببات، ئەوە سۆڤێت پڕوپاگەندە بە قازانجی کوردستانی یەکگرتوو دەکات.

لە ئۆکتۆبەری ١٩٦٠دا، بارزانی داوەتنامەی ئامادەبوون لە کۆنگرەی ٢١ی حزبی شیوعی سۆڤێت لە مۆسکۆ پێگەیشت. ئەوە بوو لە مۆسکۆ ڕێوڕەسمێکی پێشوازی و ڕێزلێنانی کە شیاوی میوانە گەورەکانی دەوڵەت بێت بۆ سازدرا. لە پەراوێزی کۆنگرەکەیشدا گفتوگۆی لەگەڵ سۆسۆلۆڤ و گەورە سیاسەتمەدارانی تری سۆڤێتدا ئەنجامدا[٣] و باسی دۆخی عێراق و پارتی و حزبی شیوعی عێراقی بۆ کردن. سەرکردایەتی سۆڤێت بەڵێنیان پێدا کە بە باڵیۆزیان لە بەغدا ڕادەگەیەنن بە دیداری قاسم و خستنەڕووی داواکارییەکانی بارزانی[٤]. بارزانییش بەڵێنی هاوکاریی لێ وەرگرتن، لەو بەڵێنانەی پێشوەخت دابوویان، ناردنی چەک و تۆێشووی پێویست بە فڕۆکە و داگرتنیان لە جێگەیەک کە بارزانی دەستنیشانی دەکات، کەچی ڕێککەوتنەکە جێبەجێ نەبوو، بە شێوەیەکی تر قەرەبوویان کردەوە، ئەویش بریتیبوو لە تەرخانکردنی گوژمەیەکی پێویست بۆ کڕینی چەک و ئازووقە لە جێگەیەکی تری کوردستان، لەڕێگەی قاچاخچییانی نێودەوڵەتیی چەکەوە[٥].

پاش ئەوەی پەیوەندیی نێوان بارزانی و قاسم تێکچوو، باڵیۆزخانەی سۆڤێت ئامرازی پەیوەندیی نێوان بارزانی و مۆسکۆ بوو، لەو ڕێگەیەوە بڕە پارەکان دەهاتن و دەگەیەندرانە بارزان. بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئەم گرێبەستەیش سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانە، ناسکۆف بوو[٦]. لە نێوان مانگی مارس و ئەیلوولی ١٩٦١دا، نزیکەی سێ هەزار پارچە چەک کڕدران و، دەستبەجێ دابەش کران[٧].

---

(١) فاضل رسول، كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط، مصدر سابق، ص ٢٦٥.

(2)Fo 371/149668، British Embassy Moscow، 16 February 1960، tofo

(٣) فاضل رسول، كوردستان والسياسة السوفيتية، مصدر سابق، ص ٢٦٥.

(٤) عبدالفتاح علي اليوتاني، ملا مصطفى البارزاني قائد الثورة، مصدر سابق، ص ٣٠.

(٥) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ج٢، ص ٢٠٠؛ سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٥٤.

(٦) بەڵگەنامەیەک هاوکارییەکانی سۆڤیەت بۆ شۆڕشی کورد ساڵی ١٩٦١ ڕوون دەکاتەوە، پاشکۆی ٧٥.

(٧) مسعود البارزاني، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٢.

سۆڤێت لە هەڵگیرسانی شۆڕشی تەموزەوە پاڵپشتیی قاسمی کرد و خۆیان لە سەربەخۆیی نەتەوەی کورد وەک ئامرازێک بۆ گێچەڵکردن بە ڕژێمەکەی قاسم بە دوورگرت، ئەوەیش لەبەر گرنگیی عێراق، بەوپێیەی پردی نێوان قەوقازی سۆڤێتی و وڵاتە عەرەبییەکانە، بەڵام قاسم لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا، لە ئابی ١٩٦٢ ڕەخنەگرتنی ئاشکرای سۆڤێتی وروووژاند[١].

پاش کەوتنی قاسم لە ١٩٦٣ و لە سەروبەندی کۆمەڵکوژیی بەعسییەکاندا، یەکێتی سۆڤێت بە کرداری و لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە بەرگری لە کورد کرد، لە بەیاننامەیەکی حکوومەتی سۆڤێتدا لە حوزەیرانی ١٩٦٣ هاتووە کە[٢]:

"لای گشت کەسێک ڕوونە تەنیا بە جێبەجێکردنی داوا ڕەواکانی گەلی کورد دەکرێت سەربەخۆیی دەوڵەتی عێراق بچەسپێت و ڕەوشی ناوخۆی وڵات سەقامگیر ببێت".

یەکێتی سۆڤێت ڕازی نەبوو بە دەستوەردانی بیانی لە شەڕی دژ بە کورددا[٣]، لە ٩ی تەموزی ١٩٦٣ بەیاننامەیەکی تایبەتی دەرکرد و بە توندی داوای لە ئێران، تورکیا و سوریا کرد چیدی دەست وەرنەدەنە ڕووداوەکانی باکووری عێراق و لە دواهاتە ترسناکەکانی ئەم دەستوەردانەی ئاگادار کردنەوە[٤]. لە ڕاگەیاندراوێکی فەرمیشدا کە ئاژانسی تاس بڵاویکردەوە، حکوومەتی سۆڤێت ڕایگەیاند کە یەکێتی سۆڤێت لەم کاتەدا ناتوانێت گرنگیی بە پێشهاتەکانی عێراق نەدات[٥].

لە ٣ی تەموزی ١٩٦٣دا، یەکێتی سۆڤێت بە پێشکەشکردنی یاداشتێک نوێنەری مەنگۆلیای لە نەتەوە یەکگرتووەکان تێگەیاند و داوای لێکرد، لە کێشەی گەلی کورد لە عێراق بکۆڵێتەوە[٦].

لە ١١ی تەموزی ١٩٦٣دا، نوێنەری سۆڤێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاری بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش کرد ئیدانەی ئەو تاوانانەی ڕژێمی عێراق بکات کە دژ بە گەلی کورد ئەنجامی داون[٧]. پاش ساڵی ١٩٦٣یش، ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی سۆڤێت بە شێوەیەکی گشتی هەڵوێستی سۆز و پشتگیریکردنیان بەرامبەر بە شۆڕشی کورد دەنواند و هاوکارییە مادییەکانی سۆڤێت لە ١٩٦١ تاکو ١٩٧٢ بەردەوام بوون. بە نزیکەی ٢٥٠ هەزار دۆلار دەستیان پێکرد، پاشان لە ١٩٧٢ بۆ یەک ملیۆن و نیو دۆلار زیادیان کرد، دەزگا

---

(١) سۆفیەت هێرش دەکەنە سەر ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم ـ داواکری ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان (ژمارە ٢٢ ئەیلول) ١٩٦٢ لە .د. ک. و. ئەنجومەنی سەرکردایەتی، بالوێزخانەی کۆماری عێراق لە لەندەن/ ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیی هەفتانە ژمارە (٤٦٣/١/١٠) ٢٨ی ئەیلولی ١٩٦٢.

(٢) ش. ج. أشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـ العراق، مصدر سابق، ص ١٠٤. خليل جندي، مصدر سابق، ص ١٥١.

(٣) أدموند غريب، مصدر سابق، ص ٨٠.

(٤) شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١٣٠.

(٥) جريدة النهار اللبنانية، بيروت، العدد ٨٤٣٩، في ١ حزيران ١٩٦٣.

(٦) خليل جندي، مصدر سابق، ص ١٥٢.

(٧) ش. ج. أشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـ العراق، مصدر سابق، ص ١٠٥.

هەواڵگرییەکانی سۆڤێت ڕۆڵیان هەبوو لە ئاگادارکردنەوەی کورد لە جووڵە سەربازییەکان و کاتەکانی هێرشکردنی سوپای عێراق. ساڵی ١٩٦٤ یەکێتی سۆڤێت ڕۆڵێکی گرنگی لە باشکردنی پەیوەندیی نێوان حکوومەتی عێراق و بزووتنەوەی کورددا گێڕا، ئەوەیش لە ڕێگەی پێشنیارکردنی چارەسەری ئاشتییانەوە بۆ کێشەی کورد و لە ڕاگرتنی شەڕدا دەستیان هەبوو[١]. بریماکۆڤ، سەردانی بارزانیی کرد لە بارەگای سەرەکیی خۆی، لە ١٩٦٤ لەسەر ئاگربەست ڕێککەوتن، لە کاتی کەرتبوونی پارتیشدا، یەکێتی سۆڤێت شانبەشانی بارزانی دژ بە جودابووەکان وەستایەوە.

هەروەک سۆڤێت لە ڕێگەی پەیامنێری ڕۆژنامەی براڤداوە پیرۆزبایی لە بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ کرد کە بە بەیاننامەی بەزاز ناسرا[٢].

پاش کودەتاکەی ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ یەکێتی سۆڤێت دەورێکی گەورەی هەبوو لە دانوستانەکانی ئاشتیی نێوان حکوومەتی عێراق و کورددا. بریماکۆڤ، شارەزا بە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوین، سەردانی بارزانیی لە بارەگای خۆی کرد و هەوڵی دا باوەڕی پێبهێنێت بە دەستکردنەوە بە دانوستانەکان لەگەڵ حکوومەتدا. کاتێکیش دانوستانە فەرمییەکان لە بەغدا دەستیان پێکردەوە و لە میانەی گفتوگۆکاندا کە چەند هەفتەیەکیان خایاند، فیدۆتۆڤی ئەمینداری باڵیۆزخانەی سۆڤێت ڕۆڵی نێوەندگیری بینی و، بەردەوام لە شوێنی گفتوگۆکان نزیک بوو. لە کاتەکانی پشوودانیشدا، بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی نێو دانوستانەکان لەگەڵ لایەنەکاندا گفتوگۆی دەکرد.

پاش ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، بارزانی و چەند کەسێکی تر لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد، هەڵوێستی دۆستانەی یەکێتی سۆڤێتیان بەرامبەر بە گەلی کورد و هەوڵەکانی بۆ گێڕانەوەی ئاشتەوایی بەرز نرخاند. هەروەک سکرتێری گشتی پارتی، کە بۆ ئاهەنگی یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی لینین چووبووە مۆسکۆ، ڕایگەیاند کە گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە، هەوڵە باشەکانی یەکێتی سۆڤێتی دۆست لە ڕاگرتنی شەڕی براکوژیدا، بەرز دەنرخێنن[٣].

دوای ئەوەی بارزانی لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١ ڕووبەڕووی هەوڵی تیرۆرکردن بووەوە، شاندێکی سۆڤێت بە سەرۆکایەتی باباجان غەفوورۆڤ، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی سۆڤێت، گەیشتن و چاویان بە بارزانی کەوت و لەسەر سەلامەتبوونی پیرۆزبایییان لێ کرد و نامەکیان بۆ هێنابوو[٤].

هەرچەند یەکێتی سۆڤێت هەوڵی دەدا هاوسەنگیی لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ هەردوو لایەنی کێبەرکێکاردا بپارێزێت، کەچی دوای ئەوەی لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا ڕێککەوتننامەی پەیوەندییە

---

(١) المصدر السابق، ص ١٢١ ـ ١٢٢.

(٢) جريدة الجمهورية، بغداد ٩١٦، في ١٩٦٦/٧/٣٠؛ جريدة الثورة ٦٤٣ في ٤ ئاب ١٩٦٦.

(٣) شاكر خدو محمود، المسألة الكردية في العراق المعاصر. ترجمة عبدي حاجي، مطبعة خاني، دهوك، ٢٠٠٨، ص ٣٦٩.

(٤) دەقی نامەکە پاشکۆی ٧٦.

ستراتیژییەکان (پەیماننامەی دۆستانەی عێراق و سۆڤێت)ی بەست، ڕایگەیاند کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا سەبارەت بەو لەپێشترن[1].

کۆسیجینی سەرۆکوەزیرانی سۆڤێت، لە سەردانێکیدا بۆ بەغدا، شاندی پارتی دیموکراتی کوردستانی بە سەرۆکایەتی سامی عەبدولڕەحمان، لە دەستکردنەوە بە شەڕێکی نوێ ئاگادار کردەوە، کورد هەستی کرد ئەو هاوکارییە چڕەی لە ڕێککەوتننامەی نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤێتدا باسی لێوە کراوە، بە شێوەیەکی ئاشکرا دژ بەوانە و، شاندەکە نامەیەکی لە بارزانییەوە بە کۆسیجیندا[2].

سۆڤێت بە هەموو قورساییەکیەوە پاڵپشتیی حکوومەتی بەعسی کرد و، دەستیکرد بە گوشار خستنەسەر حزبی شیوعی و قەناعەتپێکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە پاڵپشتیی ئەم حکوومەتە بکەن و بەرەیەکی نیشتمانی لێ پێکبهێنن کە هەر سێ لایەنەکە لەخۆ بگرێت[3].

پێش ئەوەی حزبی شیوعی عێراق لەگەل بەعسدا پەیمان ببەستێت، ڤیکتۆر باساڤالیۆک، سکرتێری باڵیۆزخانەی سۆڤێت لە بەغدا، لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٧٣ گەیشتە حاجی ئۆمەران، نامەیەکی لە سەرکردایەتی سۆڤێتەوە بۆ بارزانی هێنابوو[4]، کە هیوادار بوون بچێتە نێو پەیمانی دووقۆڵیی نێوان شیوعیەکان و بەعسییەکانەوە. بەڵێنی پاڵپشتی سەخاوتمەندانەیشیان دابوو گەر هاتوو ئەوە سەر بگرێت. بارزانی بە پرسایرێک وەڵامی پێشنیارەکەی دایەوە، ئایا سۆڤێت گرەنتی دەدات ڕێز لە ناوەرۆکی پەیماننامەکە بگرێت؟ هەروەها داوای دەستەبەری لە مۆسکۆ کرد، کەچی سەرکردایەتی مۆسکۆ ئەوەیان پێ زۆر بوو[5].

بارزانی تا لە یەکێتی سۆڤێت بوو، پارێزگاری لە پەیوەندیی گەرموگوڕی دۆستانەی نێوانیان کرد، پاش گەڕانەوەیشی بۆ عێراق، تاکو ٩ی نیسانی ١٩٧٢ هەڵوێستەکانی لەگەڵ ئەواندا لە عێراق تەبابوون، چونکە نامەناردن و ڕاگۆڕینەوە لە ڕێگەی نێوەندگرە جێمتمانەکانەوە جێبەجێ دەکران، هەروەها زیاد لە جارێک سەردانی نێردراوەکانی یەکێتی سۆڤێتی لە سەرکردەکان دەکرد، کە لە چوارچێوەی شاندی فەرمیدا سەردانی عێراقیان دەکرد[6]. کاتێک پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان بەغدا و مۆسکۆ واژۆ کرا و بە کاریگەریی ڕازینەبوونی بارزانی بە چوونەپاڵ بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز وەک مۆسکۆ دەیخواست، هەروەها بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستوەردانی ئەمریکا لە شۆڕشدا، بەرەبەرە ساردوسڕییەکە بوو بە دابڕان.

---

(1) دیفید مكدول، تاريخ الأكراد الحديث، مصدر سابق، ص ١٤٥.

(2) دەقی نامەکە پاشکۆی ٧٧.

(3) نامەکەی جەلال تاڵەبانی لەم بارەوە پاشکۆی ٧٨.

(4) دەقی نامەکە پاشکۆی ٧٩.

(5) مسعود البارزاني، ج٣، مصدر سابق، ص ٢٨٣.

(6) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي، مصدر سابق، ص ١٢٨.

له دوا ساته‌كانی پێش هه‌ره‌سهێنانی په‌یوه‌ندی به ده‌سه‌ڵاتی به‌غداوه، مه‌لا مسته‌فا هه‌وڵیدا سۆڤێت بكاته نێوه‌ندگیر بۆ ڕاگرتنی ئه‌م دابڕانه، ئه‌وه‌بوو نامه‌یه‌كی بۆ باڵیۆزی سۆڤێت له به‌غدا نارد و داوای كرد سۆڤێت هه‌وڵ بدات بۆ ڕێگریكردن له ئاڵۆزبوونی دۆخه‌كه[1]، پاش نسكۆی شۆڕشیش له دوای ڕێككه‌وتنی جه‌زائیر له ١٩٧٥، یه‌كێتی سۆڤێت هه‌وڵی نه‌دا هه‌ڵوێستی به‌رامبه‌ر ڕووداوه‌كان بشارێته‌وه و، وه‌ك كینه‌له‌دڵێكی لێهات كه به زمانی حاڵ بڵێت "ئه‌مه ئاكامی ئه‌و كه‌سه‌یه له‌گه‌ڵ ڕۆژئاوادا ده‌ست تێكه‌ڵ ده‌كات و بڕوا به به‌ڵێنه‌كانیان ده‌كات"[2].

## په‌یوه‌ندییه‌كان له‌گه‌ڵ ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكادا

ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كان ئه‌مریكایش، وه‌ك ده‌وڵه‌ته گه‌وره‌كانی تر، به‌پێی سیاسه‌ته‌كه‌ی به‌رامبه‌ر به پاشه‌ڕۆژی ده‌وڵه‌تی عوسمانی، گرنگیی به كوردستاندا[3]. به شێوه‌یه‌ك ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كان له‌و كاته‌وه بیری له دامه‌زراندنی به‌رژه‌وه‌ندی و پاراستنی له ناوچه‌كه‌دا كردووه، بۆیه له ٧ی ئایاری ١٨٣٠دا په‌یماننامه‌ی دۆستایه‌تی و ئاڵوگۆڕی بازرگانیی له‌گه‌ڵ ئیمپراتۆریه‌تیی عوسمانیدا به‌ست. به‌پێی به‌ندی دووی په‌یماننامه‌كه، ئه‌مریكاییه‌كان بۆیان هه‌بوو له هه‌ر شوێنێكی ناوچه عوسمانییه‌كان كه به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانیان ده‌خوازن باڵیۆزخانه دابنێن، هه‌روه‌ك له كانونی یه‌كه‌می ١٨٥٦دا ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كان په‌یماننامه‌یه‌كی هاوشێوه‌ی له‌گه‌ڵ ئێراندا به‌ست، به‌پێی به‌ندی حه‌وته‌می په‌یماننامه‌كه، ئه‌مریكا سێ باڵیۆزخانه‌ی له هه‌ریه‌كه له تاران و به‌نده‌ری بوشه‌هر و ته‌بریز دامه‌زراند. ئه‌مه‌ی دواییان ئه‌ركی كاركردنی له ناوچه كوردییه‌كان له ئه‌ستۆدا بوو، به‌ڵام ڕه‌وشی باوی ئه‌وكات له‌بار نه‌بوو به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی ئه‌مریكا له ناوچه‌كه‌دا سنووره‌كانی كاركردن ببه‌زێنن بۆ په‌ره‌دان به په‌یوه‌ندییه بازرگانییه‌كان و ڕۆچوونی فه‌رهه‌نگی و پاراستنی دامه‌زراوه خێرخوازییه‌كان، ئه‌م بابه‌ته‌یش په‌یوه‌ندیی به ناوچه كوردییه‌كان و ناوچه‌كانی دراوسێیانه‌وه هه‌بوو، كه بوونه ناوه‌ندی سه‌ره‌كیی چالاكیی مسیۆنێره ئه‌مریكاییه‌كان، به شێوازیك خاڵی نه‌بوو له كاریگه‌ریدانان له‌سه‌ر په‌یوه‌ندیی نێوان موسوڵمانان و كریستیانه‌كان له ناوچه‌كه‌دا. سه‌ره‌تای چالاكیی دامه‌زراوه مسیۆنێری و خێرخوازییه‌كانی ئه‌مریكا بۆ ساڵی ١٨٢٠ ده‌گه‌ڕێته‌وه[4] له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاستدا، ئاماره‌كان ئاماژه به‌وه ده‌كه‌ن كه ساڵی ١٩١٤، ٦٧٥

---

(1) ده‌قی نامه‌كه‌ی مه‌لا مسته‌فا بۆ باڵیۆزی سۆڤێت، پاشكۆی ٨٠.

(2) مسعود البارزاني، ج٣، مصدر سابق، ص ٣٥٤.

(3) كمال مظهر، حول تغلغل النفوذ الأمريكي في الشرق الأوسط وبنود الرئيس ولسن، مجلة الآفاق العربية، بغداد، العدد ٥٣، في ٢ تشرين الثاني ١٩٧٦، ص ١٠٢ ـ ١٣١.

(4)N. Morten، Esta، New your - 1943 p.p 213 - 214

قوتابخانەی ئەمریکایی لە تورکیادا هەبوون کە ژمارەی قوتابییەکانیان دەگەیشتە ٣٥ هەزار کەس[١]، شیاوی باسە بوونی ئەو بانگخوازە مەسیحییانە لە ناوچە کوردییەکان و شوێنەکانی تر، بووبووە هۆی قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان موسوڵمانان و کریستیانەکان، هەروەها قۆناغی پێش جەنگی یەکەمی جیهانی سەردەمی زێڕینی ئابووری ئەمریکا بوو لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەم قۆناغەدا هەندێک لە بەرهەمە کوردییەکان دەگەیشتنە بازاڕەکانی ئەمریکا.

١٤ بەندەکەی وێلسۆن کە ساڵی ١٩١٧ لە کۆنگرەی ئاشتەواییدا لە پاریس پاش شەڕی یەکەمی گێتی خستنیە بەردەست، لای کورد دەنگدانەوەی خۆی هەبوو، بۆیە بە پشتبەستن بەو بەندانە داوای سەربەخۆییان کرد.

پاش دامەزراندنی حزبی هیوا و فراوانبوونی چالاکیی سیاسیی کورد دوای جەنگی دووەمی جیهانی، حزب چەند یاداشتێکی پێشکەش کرد، یەکێکیان بۆ باڵیۆزخانەی ئەمریکا بوو، بۆیە باڵیۆزخانەکە داوای چاوپێکەوتنی کرد لەگەڵ شاندێکی حزبەکە بۆ ناسینی کرۆک و ئامانجەکانی حزب. ئەوە بوو حزب هەریەک لە فواد عارف، بورهان حامد، ئەنوەر جەمیل و موکەڕەم تاڵەبانی هەڵبژارد، بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ڕاوێژکاری باڵیۆزخانەکەی ئەمریکادا، باس هاتە سەر حزبی هیوا و هەژموونی لەنێو کورددا، ئاخۆ حزب پەیوەندیی بە بزووتنەوەی کوردەوە لە کوردستانی ئێران هەیە.

تێبینی دەکرێت کە پەرۆشیی ئەمریکا بۆ پەیوەندی بزووتنەوەی کوردی ئێران بوو لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا، کە دامەزراندنی کۆماری مەهابادی لە ئێران لێکەوتەوە[٢].

هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەرامبەر بە کێشەی کورد لە هەڵوێستی بەریتانیا جیاواز نەبوو، گرنگیدانی بە پرسەکە تەنیا بۆ بەشداریکردنی بوو لە پشکی خۆییدا لە خێروبێرەکە.

گرنگترین کارێک مەلا مستەفا لە مێژووی خەباتی خۆیدا کردبێتی، بە نێودەوڵەتیکردنی دۆزی کورد بوو لە ڕێگەی کارکردنەوە لەسەر گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بۆ کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان. ویلایەتە یەکگرتووەکان یەکێک بوو لەو وڵاتە زلهێزانەی کە مەلا مستەفا ڕووی لێکرد. لە میانەی ڕاپەڕینەکەی ١٩٤٣ ـ ١٩٤٥دا کە بارزانی سەرکردایەتی دەکرد، ڕێبەری کورد هەوڵیدا پاڵپشتیی سیاسیی ئەمریکا بۆ جووڵانەوەکەی بەدەستبهێنێت، لە ڕێگەی هەوڵدانیەوە بۆ چاوپێکەوتنی بە ئەو دوو دیپلۆماتکارە ئەمریکاییەی لە کۆمیسیۆنی ئەمریکا لە بەغدا کاریان دەکرد[٣]، لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ بەغدا لە ٢٢ی شوباتی ١٩٤٦ چاوی بە سەفیری ئەمریکا کەوت، بارزانی لە سەروبەندی ڕووداوەکانی کۆماری مەهاباددا

---

(١) مصطفى كمال، طريق تركيا الحديثة ١٩١٩ ـ ١٩٢٧، موسكو ١٩٢٩، ص ٤٠٥ نقلا عن كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، مصدر سابق، ص ٧٠.

(٢) مكرم الطالباني، حزب هيوا، ص ٧٣.

(٣) عزيز حسن بارزاني، مصدر سابق، ص ١٦.

لە ١٩٤٦، بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ دەستخستنی پاڵپشتی و سۆزی ئەمریکا بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، کە لە تاران چاوی بە جۆرج ئالانی باڵیۆزی ئەمریکا کەوت[١].

بارزانی دەیزانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەڵاتدا بەرژەوەندیگەلی خۆی هەیە و، بەرژەوەندییەکانی ناکاتە قوربانی کێشەی کورد، واتە ئەمریکا بەبێ بەرامبەر شانبەشانی گەلی کورد ناوەستێت، بۆیە بارزانی ویستی ئەمریکا لە بارەی بەرژەوەندییەکانیەوە دڵنیا بکاتەوە لە حاڵەتی سەرکەوتنی شۆڕشدا لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانیدا، سەرەڕای ئەمەیش، بارزانی هەوڵیدا ترسی ئەمریکاییەکان لە پەلهاوێشتنی شۆڕشەکەی بۆ تورکیا و ئێران کەم بکاتەوە، بۆیە لە یەکێک لە دیمانە ڕۆژنامەوانییەکانیدا گوتی: "ئێمە دەمانەوێت هەموو گرەنتییە کردەنییەکان پێشکەش بکەین، گەر ویلایەتە یەکگرتووەکان مەرجی ئەوە بۆ کورد دابنێت لە بەرامبەر هاوکارییەکانیدا، ئێمە نەچینە نێو تورکیا و ئێرانەوە"[٢].

پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، مەلا مستەفا و هەڤاڵانی بە نەهامەتی تێپەڕین، لەو سەروبەندەدا داوای هاوکارییەکانی ئەمریکای کرد بۆ چارەسەری کێشەی گەڕانەوەی پیاوانی خێڵەکان بۆ عێراق، بە دەستوەردانی لای دەسەڵاتەکانی عێراق و بەریتانیا. باڵیۆزی ئەمریکا پارێزی خۆی دەربڕی لە دەستوەردان لە کێشەیەکدا کە پەیوەندیی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە نییە و خۆشحاڵ دەبێت بە پاڵپشتیی پەیوەندییەکانی بەریتانیا و عێراق بۆ چارەسەری کێشەکە[٣].

مەلا مستەفا لە تاران چاوی بە جۆرج ئالانی باڵیۆزی ئەمریکا کەوت، پرسیاری پەنابەریی خۆی و خێڵەکەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان لێکرد، بەڵام ئەمریکا وەڵامی نەبوو، چونکە بەپێی بۆچوونی بارزانی ئەمریکاییەکان بارزانی و بزووتنەوەکەیان بە ئامرازی سۆڤێت دادەنا.

دانا ئادامز شمیدت دەگێڕێتەوە[٤] دوای ئەوەی بارزانی چاوی بە باڵیۆز کەوت، لەبارەی چاوپێکەوتنەکەوە پرسیاری لە باڵیۆزی ئەمریکا کردووە، باڵیۆز لە چاوپێکەوتنەکەدا گومانی خۆی نەشاردووەتەوە لەوەی ئەمریکا کە ٤٠٠٠ میل لە ئێرانەوە دووره بتوانێت هاوکارییەک پێشکەش بکات، هەروەها ئەمریکاییەکان بەرپرسیارێتی کاروباری ناوخۆی ئێران ناگرنە ئەستۆ، بەڵام بارزانی پێی گوتبوو،

---

(١) دانا آدمز شمیدت، رحلة الى رجال شجعان، مصدر سابق، ص ١٥٤.

(٢) المصدر السابق، ص ٢٩٠.

(3)Fo 371/61986، Washington to، no 841، 8 February 1947.

(٤) جۆرج ئالان پاش دیدارەکەی لە هەڵسەنگاندنی بارزانیدا دەڵێت: "مەلا مستەفا پیاوێکی ڕووخسار ساماک بوو، گەورەترین و دیارترین شت تێیدا دەرکەوتنی چرچەکانی ڕوومەتێکی پەنەوی بە ناگا بوو، هەر لە بۆژانی لاوێتییەوە کاردروست بوو. کە پەی بە ناودرۆکی کێشەی کورد بردبوو، لە ماوەی ساڵانی سەرکردایەتییدا، شارەزایی و زیرەکییەکی دیپلۆماسی و لێهاتووییەکی سەربازی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کوردا بەدەست هێنابوو.

http ://cudi.7olm.org/1242 _ topic

گەر ئەمریکا بیەوێت دەتوانێت گوشار بخاتە سەر حکوومەتی ئێران، باڵیۆز گوتبووی بەڵێ، بەڵام گەر کورد پێداگر بن لەسەر سەربەخۆییان ئەوە کێشەی ئێرانییەکانە[1].

باڵیۆزی ئەمریکا باسی دەستوەرنەدانی ئەمریکای لە کاروباری ئێراندا بۆ مەلا مستەفا دەکرد، لە کاتێکدا سوپای ئێران کە هێرشی کردە سەر هەردوو کۆماری ئازەربایجان و مەهاباد بە سەرکردایەتی سەربازە ئەمریکاییەکان بوو.

ولیام ئیگلتۆنی دیپلۆماتکاری ئەمریکایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەبارەی هەڵوێستی نەرێنی ئەمریکاوە دژ بە کورد دەڵێت "ڕێگری لە دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانە ناکەم، بەڵام من وەک نوێنەری ئەمریکا لەسەرمە هاورێ کوردەکانم تێبگەیەنم کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگە نادەن بە خەونە نەتەوەییەکان سنوورە دیاریکراوەکان ببەزێنن، بێگومان ئێمە ئامادەبووین بۆ هاندانی کولتووری، ئەوەیش بە کارکردن لەسەر بڵاوکراوەیەک بە زمانی کوردی، یان بە پەخشکردنی فیلمە سینەماییەکان لە ناوچەکەدا"[2].

لە سەرەتای پەنجاکانەوە دەستوەردانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بە کوردستانیشەوە بەئاشکرا دەرکەوت. دوای ئەوەی عێراق چووە ناو پەیمانی بەغداوە دەستوەردانەکە توندتر بووەوە، بە شێوەیەک چالاکی ئیمپریالیزمی ئەمریکا چەند هەلێکی بۆ ڕەخسا کە پێشتر نەڕەخسابوون. هۆکاری دەستوەردانەکەیش ڕێککەوتنی خاڵی چوارەم و چالاکی فەرهەنگی و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە عەرەبی و کوردییەکان بوو کە بە سەرپەرشتی و گوژمەی نووسینگەیەکی ڕووناکبیریی ئەمریکا دەردەچوون، کە سەر بە باڵیۆزخانەی ئەمریکا بوو لە بەغدا، دیارترین ئەو ڕۆژنامانەیش کە دەریدەکرد ڕۆژنامەی پەیام بوو[3]، پاشان ئەمریکا لە ڕێگەی ڕێکخراو و کۆمەڵە خێرخوازییەکانەوە درێژەی بە پەلهاوێشتنی بۆ کوردستاندا[4].

هەروەها بە پێدانی بۆمبی ناپاڵم بە دەسەڵاتدارانی بەعس لە ١٩٦٣، تاکو بە گوتەی فەرمانبەرەکەی باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بۆ لێدان لە کورد بە کاریبهێنێت، تا دەهات ڕووە دزێوەکە باڵی بەسەر کوردستاندا دەکێشا[5].

هەوڵەکانی شۆڕشی کورد بۆ دۆزینەوەی جۆرێک لە ئیدارەی ئەمریکادا بەبێ بڕانەوە و بە ڕێگەگەلی جیاواز بەردەوام بوون، لەوانە شێخ باباعەلی شێخ مەحمود بە نوێنەرایەتی بارزانی پەیوەندیی بە باڵیۆزی ئەمریکاوە لە بەغدا کرد، بەڵام ئەم هەوڵانە بێسوود بوون.

---

(1) عزيز الحاج، القضية الكردية في العراق، التاريخ والآفاق، مصدر سابق، ص ٢٠.

(2) مجلة دراسات كردية، المعهد الكردي بباريس، مقالة الأكراد، حقوق الإنسان، باريس العدد (٤)، ١٩٩٣، ص ٨٨.

(3) منذر الموصلي، البعث والأكراد، مصدر سابق، ص ١٣٠.

(4) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٤١٩.

(5) صبحي عبدالحميد، مذكراتي، العراق في سنوات الستينات ١٩٦٠ ـ ١٩٦٨، بغداد، ٢٠٠٩، ص ٢٥٦.

لە حوزەیرانی ١٩٦٤دا، هەردوو نوێنەری بارزانی لە قاهیرە شەوکەت عەقراوی و لوقمان بارزانی، داوایان لە باڵیۆزی ئەمریکا لە قاهیرە کرد، سەردانی واشینگتۆن بکەن بۆ ئەوەی بەرپرسانی ئەوێ لە کێشەکەیان تێبگەیەنن، وەڵامی وەرزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوە بوو "سەردانکردنی نوینەرانی کورد بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان نەک هەر پێشوازی لێ ناکرێت، بگرە کاریکی پووچە"[1].

لە ١٩٦٥، مەسعود بارزانی، چاوی بە ئایەڵدی سکرتیری یەکەم لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران کەوت و نامەکەی بارزانی پێگەیاند، پاش چەند ڕۆژێک وەڵامی باڵیۆزخانەی ئەمریکا هاتەوە:

"حکوومەتی ئەمریکا ئاواتی شەڕ لە کوردستان ناخوازێت و، بۆمان نییە دەست وەربدەین، چونکە ململانێکە پرسێکی ناوخۆییە، هاوکارییە مرۆییەکانمان لە ڕێگەی ڕێکخراوی (Care)وە ناردووە کە پشکی کوردیشیان تێدایە"[2].

سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە پاڵپشتیی ئێران بۆ شۆڕشی کورد، یەکێک بوو لەو پرسانەی کە زۆرجار بەرپرسانی عێراق لە میانەی چاوپێکەوتنەکانی نێوانیان لەگەڵ بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکادا تاوتوێیان دەکرد. ناجی تالیبی وەزیری دەرەوەی عێراق لە میانەی دیدارێکیدا لە ٢٩ی نیسانی ١٩٦٥ لەگەڵ باڵیۆزی ئەمریکادا لە بەغدا، ئێرانی بە هاوکاریکردنی سەربازیی شۆڕشگێرانی کورد تۆمەتبار کرد و داوای لە باڵیۆز کرد، ئەمریکا گەر بیەوێت دەتوانێت سیاسەتی شا بگۆڕێت[3]. هەروەها عەبدولڕەحمان بەزازی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە سەردانێکیدا بۆ واشینگتۆن لە ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٥، ئەو بابەتەی کردەوە و داوای لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد دەست وەربدەن و گوشار بخەنە سەر ئێران تا دەست لە پاڵپشتیکردنی کورد هەڵبگرێت. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە وەڵامدا جەختی لە پاڵپشتیی وڵاتەکەی بۆ یەکپارچەیی خاکی عێراق کردەوە، بەڵام داوای لە بەزاز کرد لەوە تێبگات کە وڵاتەکەی دەسەڵاتێکی سنوورداری هەیە بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا[4].

هەروەها بەرپرسانی تری عێراق هەوڵیاندا بابەتەکە گەورە بکەنەوە، هەروەک ناسر حانی باڵیۆزی عێراق لە واشینگتۆن کردی و، لە ٦ی کانونی دووەمی ١٩٦٦، هیری جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکای دڵنیاکردەوە کە چالاکییەکانی ئێران لە سنوورەکانی عێراق، تەنیا پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و وڵاتەکەی ئاڵوز ناکەن، بەڵکو هەڕەشەن لەسەر دۆخی ئاشتی لە تیکڕای ناوچەکە[5].

---

(1) کۆنگرەی یادی سەدساڵەی لەدایکبوونی بارزانی نەمر، مومتاز حەیدەری، ل ١٦٦.

(2) مسعود البارزاني، ج٣، مصدر سابق، ص ٣٧٧.

(3) کۆنگرەی سەد ساڵەی یادی لەدایکبوونی بارزانی نەمر، مومتاز حەیدەری، لە بڵاوکراوەکانی ئێزنەی باڵای زیاندنەوەی سەدساڵەی بارزانی، ٢ی نیسانی ٢٠٠٣، ل ١٦١.

(4) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، مصدر سابق، ص ١٤١.

(5) روح الله رمضاني، سياسة ايران الخارجية، مصدر سابق، ص ٣٤٩.

لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٦دا، عەدنان پاچەچی وەزیری دەرەوەی عێراق، ڕاسکی وەزیری دەرەوەی ئەمریکای دڵنیاکردەوە ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان چارەسەری کێشەی **پاڵپشتی ئێران بۆ کورد بکات**، ئەوە عێراق دەتوانێت بزووتنەوەی کورد لەناو ببات.

بەرژەوەندیی ئەمریکا لەو کاتەدا وای دەخواست ئێران قایل بکات دەست لە پاڵپشتیی شۆڕشگێڕانی کورد هەڵبگرێت، بۆیە لە ١٩ی کانونی دووەمی ١٩٦٦، لەلایەن ئەو دیپلۆماتکارانەی ئەمریکاوە کە لە ئێران کاریان دەکرد لەم بارەیەوە چەند هەوڵێکدرا، باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران چاوی بە شا کەوت و، پرسی پەیوەندییەکانی **عێراق و ئێران و کێشەی** کوردیان لە **کوردستانی عێراق تاوتوێ کرد**. هەرچەند شا پرسی کوردی بە پرسێکی ناوخۆیی هەژمار **کرد و پێی وابوو داپۆشینی ئەم** کێشەیە بە بەفیڕۆدانی خوێنی کورد نابێت. شا ویستی خۆی وەک کەسێکی داکۆکیکار لە کورد ڕابنوێنێت و بە باڵیۆزی ئەمریکای گوت "بێگومان کوردان لە ڕەگەزی ئارییەن و بەشێکن لە نەتەوەی فارس"[1]. لەمەوە دەردەکەوێت شا دەیویست هەڵوێستی ئێران لە **پاڵپشتیکردنی کورددا پاساو بدات**.

پاش هاتنەوە سەر دەسەڵاتی بەعس بۆ جاری دووەم لە ١٩٦٨دا، وەرچەخانێکی گەورە لە ڕوانگەی ئەمریکاییەکاندا بەرامبەر بە کێشەی کورد ڕوویدا. نزیکبوونەوەی عێراق لە یەکێتی سۆڤێت و بەستنی پەیماننامەی دۆستایەتیی لە نێوانیاندا[2]، ئێران و بە دوایشیدا ئەمریکای ورووژاند. بۆیە هۆکارێک بەس بوو بۆ چوونە نێو خەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی عێراق لە ڕێگەی دەروازەی کوردەوە[3]. ترسەکانی ئێران لە پەرەسەندنی هێزە سەربازییەکانی عێراق لەگەڵ ستراتیژی ئەمریکادا یەکیان گرت کە بۆ لەناوبردنی هەر وڵاتێکی سەربە یەکێتی سۆڤێت لەبار بوو، بە هەمان شێوە ئەمە لای مەلا مستەفاش دەنگدانەوەی هاوشێوەی هەبوو، کە ڕێککەوتنی **عێراق و سۆڤێت خرۆشاندی و** پەی بەوە برد کە ئەو چەکانەی بە عێراق دراون تەنیا دژ بە کورد بەکار دەهێنرێن[4].

نزیکبوونەوەی گۆشەنیگای هەر سێ لایەنەکە وای دەخواست کار لەسەر جێبەجێکردنی ئەجێندایەک بکەن، کە لە میانەی سەردانی ڕیچارد نیکسۆنی سەرۆکی **ئەمریکا و هێنری کیسینجەری** ڕاوێژکاری بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، بۆ تاران لە ٣٠ی ئایاری ١٩٧٢، شا پێشنیاری ئەو بەرنامەیەی کرد، ئەویش بریتی بوو

---

(١) المصدر السابق، ص ٣٤٧ ـ ٣٤٨.

(٢) عبدالله الحسن، الأقليات في الواقع العربي، الاندماج والتجزئة، دمشق، دار مشرق، ١٩٩٥، ص ٥٦.

(٣) ئەحمەد جەبەلی لەو دیمانەدا کە ڕاندل لە ١٠ی ئابی ١٩٩٦ لە لەندەن لەگەڵی سازکردبوو دەڵێت: "بارزانی لە تشرینی یەکەمی ١٩٧١ توانیی پەیوەندی لەگەڵ تۆماس کارۆلان، بەرپرسی سیاسی لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەیروت دابمەزرێنێت، بەڵام واشینگتۆن لەسەر ئەوە سوور بوو کە دەبێت ڕۆڵی کارۆلان تەنیا گوێگرتن بێت لە قسەی کورد، نەک پێشکەشکردنی ئامۆژگاری، هەڵبەت بەڵێنی پێنەدانیشیان بە پێشکەشکردنی هاوکاری. (سامی شۆرش، کوردستان والأکراد، مصدر سابق، ص ٩٨).

(٤) ديفيد مكدول، تاريخ الأكراد الحديث، مصدر سابق، ص ٢٦٧.

لەوەی ئەمریکا خۆی لە ڕێگەی ئێرانەوە بەنهێنی هاوکارییەکان پێشکەش بە کورد بکات، بەو پێیەی شا بەڵێنی بە مەلا مستەفا دابوو کە لە داهاتوودا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاری دەکات[1]، بۆ دەبێت بەگردەوە بەڵێنەکەی نوێ بکاتەوە و لیستێکی ئەو چەکانەی کورد پێویستی پێیانە پێشکەش بکات[2]، لە هەمانکاتدا جۆن کۆناڵی کە کەسایەتی دیار بوو لە پرسی وۆتەرگێتی ئەمریکادا، باوەڕی بە نیکسۆنی سەرۆکی ئەمریکا هێنا ڕاستەوخۆ هاوکارییەکان پێشکەش بە کورد بکات.

ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵیدا ڕەوتی نیشتمانی بزووتنەوەی کورد بگۆڕێت و لە ڕێگەی ئەو هاوکارییە مادییەوەی پێشکەشی کردووە بیبەستێتەوە بە دەرماڵەکانیەوە لە ناوچەکەدا. بۆیە هەوڵێکی زۆریدا بە ئامانجی دژایەتیکردنی حکوومەتی عێراق لە ساڵانی ١٩٧٠ ـ ١٩٧٤ کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی کورد دابنێت، هەرچەندە بزووتنەوەی کورد ڕەتی کردەوە مل بۆ ئەم گوشارانە بدات، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و دواجار ملیدا[3]. مەلا مستەفا لە گفتوگۆکانی لەگەڵ ئێراندا لەسەر ئەوە مکوڕ بوو نوێنەرانی باڵای تاکە دەوڵەتێک لە جیهاندا کە متمانەی پێی ماوە ئامادە بن[4]. ڕاستییەکەی ئەمە کورتبینیی بزووتنەوەی کورد بوو لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا، کە بەرژەوەندییەکانیان گۆڕا، هەر زوو دەست لە هاوپەیمانەکانیان بەردەدەن. کیسینجەر خۆی جەختی لەمە کردەوە و گوتی ئێمە لە داهاتوودا دەست لە کورد بەردەدەین، تاکو عێراقییەکان بتوانن خۆیان بۆ سوورییەکان یەکلا بکەنەوە، کە ناچنە نێو دانوستانێکەوە لەپێناو قۆناغی دووەمی دەستپەڵگرتن لە پێکدادان لەگەڵ ئیسرائیلدا[5].

هەروەها فەرمانبەرێکی ئەمەریکی لە گەشتی ئەمریکایی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بۆ شاندێکی ڕۆژنامەوانی کورد گوزارشتی لە هەمان واتا کرد و گوتی "ئێمە ئامانجی ڕووخاندنی بەعسمان نییە، بەڵکو گۆڕینی سیاسەتەکەیەتی، گەر سیاسەتەکەی نەگۆڕێت داوای لێ دەکرێت سازش بۆ بزووتنەوەی کورد بکات"[6].

لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٧٢دا، ژەنەراڵ مەنسور پور، نامەیەکی لە شاوە بۆ بارزانی هێنا، تێیدا هاتبوو کە سەرۆکی ئەمریکا بە هاوکاریکردنی کورد ڕازی بووە. لە ٢٩ی تەموزدا دکتۆر مەحمود عوسمان و ئیدریس بارزانی چوونە تاران و شا پێشوازیی لێکردن و دوو نێردراوەکە گەشتەکەیان بەرەو واشینگتۆن دەست پێکرد. لە ١٧ی ئابدا گەڕانەوە حاجی ئۆمەران و بەڵێنی هاوکاریی ئەمریکایان وەرگرت. ئیدارەی

---

(1) عصمت شريف وانلي، كردستان العراق، مصدر سابق، ص ٢٧٣.
(2) روح الله رمضاني، سياسة ايران الخارجية، مصدر سابق، ص ٢٨٩.
(3) محمد عزيز الهماوندي، الحكم الذاتي الكردستاني العراقي، مصدر سابق، ص ١٧٣.
(4) كونتو دشتي، احفاد صلاح الدين الأيوبي، مصدر سابق، ص ٣٠٧؛ عصمت شريف وانلي، كردستان العراق، مصدر سابق، ص ٢٧٣.
(5) حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ٣٧٧.
(6) المصدر السابق، ص ٢٣٥.

ئەمریکا ١٦ ملیۆن دۆلاری بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرد و ئەم سەردانە بوو بە دەستپێکی قۆناغێک لە هاوپەیمانیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەسەرچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ سۆڤێتدا.

بێگومان لە کۆتایی ١٩٧٢ مژدەی جێبەجێکردنی درا و چەکەکان و بڕی شەش ملیۆن دۆلار نەخت نێردرا و ئەو دوای پارەکە خرایە بەر نرخی چەکەکان[١].

لە کۆتایی ١٩٧٤ و سەرەتای ١٩٧٥دا، کاروبارەکان دەستیان بە گۆڕان کرد، پاش گۆڕانی هەڵوێستەکانی عێراق، ئاراستەی ئەمریکایش گۆڕا.

لە نیویۆرک دیداری هێنری کیسینجەر لەگەڵ تالیب شەبیبی نوێنەری عێراقدا لە ئەنجوومەنی ئاسایش ئەنجام درا، تێیدا باس لە ڕێگەکانی باشکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا کرا و مەرجەکانی ئەمریکا بریتیبوون لە: دوورخستنەوەی هەژموونی سۆڤێت، ئاسایشی کەنداو، ناردنی نەوت بۆ ڕۆژئاوا و زێدەڕۆییکردنی عێراق لە پرسی فەلەستیندا. هەروەک غانم عەبدولجەلیلی سکرتێری تایبەتی سەدام حوسێن و یەکێک لە سەرکردەکانی حزبی حوکمڕان، گفتوگۆکانی داتوستانەکەی تەواو کرد، پاشان لەبارەی گوتوبێژە نهێنییەکانی عێراق و ئەمریکاوە زانیاریی هەیە کە کیسینجەر لە سەردانێکی نهێنیدا بۆ ١٤ کاژێر، لە یەکێک لە پایتەختە عەرەبییەکانەوە چووەتە بەغدا و لەگەڵ سەرکردەکانی بەعسدا کۆبووەتەوە و ڕێککەوتننامەی جەزائیر دانراوە[٢]، ئەوەیش لە کۆتا هەفتەی شوباتی ١٩٧٥دا بوو، بۆیە لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لە جەزائیر، واژۆ لەسەر ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان عێراق و ئێراندا کرا و کەنداوی عەرەب بە ئێران درا.

لە ١٠ی ئاداری ١٩٧٥دا، واتە پاش ڕێککەوتننامەی جەزائیر، بارزانی نامەیەکی بۆ کیسینجەر نارد داوای کاردانەوەی حکوومەتی ئەمریکای کرد لەسەر ئەوانەی ڕوویان داوە و دەدەن، بەڵام کیسینجەر وەڵامی نامەکەی نەدایەوە[٣]. ولیەم ساڤیر لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا ئەم هەڵوێستە خراپەی ورووژاند و بە ناپاکیی بە دەسەڵات و بێویژدانی لە قەڵەمدا و داوای لە سەرۆک فۆرد کرد کیسینجەر لەسەر کار لاببات[٤].

---

(١) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ٣٧٨.

(٢) محمد عزيز الهماوندي، الحكم الذاتي الكردستاني العراقي، مصدر سابق، ص ١٧٣.

(٣) لە نامەکەی بارزانیدا بۆ کیسنجەر هاتووە: "دڵمان خۆشبینە بە پێی یەکەم ئەنجامی ڕاستەوخۆی ڕێککەوتنی جەزائیر لە نێوانیاندا کە لە خاپوورکردنی گەلە لاوازەکەماندا بەشێوەیەکی پێشتر ڕووی نەداوە، ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەتا ئێران بەتەواوی سنوورەکانی بەڕووماندا داخستووە، لە کاتێکدا عێراقییەکان گەورەترین هێرشیان لە مێژووی خۆیاندا کردووەتە سەر و هێشتایش هێرشەکە بەردەوامە، ئەوەی ڕوو دەدات لەناوبردنی بزووتنەوە و گەلەکەمانە بە شێوەیەکی ناماقووڵ، لە سایەی بێدەنگیی هەموو لایەکدا". پاشان بارزانی لە نامەکەیدا دەڵێت: "جەنابی وەزیر، ئێمە پێمان وایە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێت پابەندییە ئەخلاقی و سیاسییەکان لە ئاست گەلی ئێمەدا کە چارەنووسی بە وڵاتی ئێوەوە گرێ داوە جێبەجێ بکەن.. جەنابی وەزیر ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی بەپەلەی ئێوەین و لەوپەڕی دڵەڕاوکێداین".

(٤) محمد طاهر، القضية الكردية وحق تقرير المصير، مصدر سابق، ص ١٠٩.

هەروەها مەلا مستەفا نامەیەکی بۆ بەرپرسی بنکەی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا لە تاران نارد، کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا پیاوی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو، لە نامەکەدا هاتبوو:

"شڵەژان و داڕووخان ڕیزەکانی گەلی ئێمەیان گرتووەتەوە، چارەنووسی گەلەکەمان هیچ کاتێک لە ئەمڕۆ زیاتر ڕووبەڕووی مەترسی نەبووەتەوە، بێگومان ئێمە هەڕەشەی کۆمەڵکوژیمان لەسەرەوە هیچ لێکدانەوەیەک بۆ ڕووداوەکان شک نابەین، بۆیە هاوار لە حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەین پابەند بێت بەو بەڵێنانەی پێی داوین".

سەرۆکی بەشی (CIA) لە تاران بروسکەیەکی تێروتەسەلی بۆ سەرۆکەکانی لە بارەی ڕەوشی گەلی کورد نارد، بەڵام کیسینجەر متەقی نەکرد[١].

یەکێک لە یاداشتەکانی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا گوتی: "ئێمە باوەڕمان وایە شا پێی ناخۆش بوو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دروست ببێت".

هەڵوێستی خراپی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتننامەی جەزائیردا، لە ڕاپۆرتی ئەو لێژنەیەدا کە کۆنگرێسی ئەمریکا پێکیهێنابوو کە بە لێژنەی (Pike)[٢] ناسراوە، زیاتر دەردەکەوێت و تێیدا هاتووە: "بێگومان سیاسەتەکەمان بەرامبەر بە کورد نائەخلاقی بوو، چونکە نە هاوکاریمان کردن، نە لێگەڕاین خۆیان بە دانوستان کێشەکانیان لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا چارەسەر بکەن، ئێمە هەڵمان نان پاشان پشتمان لێ کردن"[٣].

هەرچی لەسەر بابەتی ڕێککەوتننامەی جەزائیر نووسرا و گوترا، تەنانەت لە گوتوبێژەکانی کۆنگرێس[٤]و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و نووسراوەکانی کیسینجەر خۆیشیدا، کورد ڕاڤەیەکی باوەڕپێکەری تێیاندا بۆ ئەم هەڵوێستە ناڕەوشتەکییە نەدۆزییەوە، جگە لەوەی ئیدارەی ئەمریکا، لەبەر چاوی کاڵی شا، پشتی لە گەلی کورد کرد و لە عێراق بەجێی هێشت[٥].

## پەیوەندی لەگەڵ بەریتانیادا

بەریتانیا چاوی لەو دیوی کەنداو بوو، ئەوە بوو لە ١٨٢٠دا نوێنەرێکی بۆ کوردستان نارد، ئەویش مستەر کلۆدیۆس جیمس ڕیچ بوو، کە وەک گەشتیار بە ناوچەکەدا گەڕا، پاشان توێژینەوەیەکی گشتگیری

---

(١) كونتر دسنر، احفاد صلاح الدين الأيوبي، مصدر سابق، ص ٣٧٩.

(٢) چەند برگەیەک لە ڕاپۆرتی لێژنەکە لە پاشکۆی ٨١.

(٣) محمد عزيز الهماوندي، الحكم الذاتي الكردستاني العراقي، مصدر سابق، ص ١٧٣.

(٤) صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، مصدر سابق، ص ١٠٥.

(٥) حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني، مصدر سابق، ص ١٤١.

لە ڕووی سیاسی و ئابووری و دیمۆگرافیاوە کرد. لەو کاتەوە بەریتانیا زیاتر گرنگی بەم بەشەی میراتییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا، لەبەر بەرژەوەندییەکانیشی، لەگەڵ ڕوسیادا دەستیان لە ناکۆکییەکانی نێوان عوسمانییەکان و فارس لەسەر سنورەکان، وەردا[١]. هێشتا سەدەی نۆزدە تەواو نەبووبوو، زاناکانی زەوینناسیی ڕۆژئاوا باسیان لە دەوڵەمەندیی یەدەگی نەوتی بابەگوڕگوڕ دەکرد[٢].

گرنگیدانی بەریتانیا بە کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، بە هۆی دۆزینەوەی نەوت و گرنگی هەڵکەوتەی ناوچەکەوە، ئەوەندەی تر زیادی کرد[٣]، بۆیە بە نزیکبوونەوەی جەنگ هاتوچۆی ئینگلیز بۆ کوردستان پتربوو، هاوکات بۆ قایمکردنی جێپێی خۆی لە نێوانیاندا، بەرەبەرە دەستی کرد بە سوودوەرگرتن لە کەمە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان[٤].

لە ساڵی ١٩١١دا، لۆرد کورزۆن، لە ئەنجوومەنی لۆردەکانی بەریتانیا ڕایگەیاند هەڵەیە وابزانرێت بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا تەنیا لە چوارچێوەی سنوری کەنداودا یاخود لە ناوچەی نێوان بەغدا و بەسرەدا کورت دەبنەوە، بەڵکو زۆر لە بەغدایش تێدەپەڕێنن[٥]. پاش کەوتنی بەغدا لەسەر دەستی ئینگلیز، دەستیان کرد بە پەلهاوێشتن بەرەو باکوور، ئەوە بوو لە ئاداری ١٩١٧ بەریتانییەکان مێجەرسۆنی شارەزا بە کاروباری کوردیان نارده خانەقین تا پەیوەندی لەگەڵ سەرکردەکانی کورددا دروست بکات[٦].

لە نیشانەکانی گرنگیدانی زیاتری ئینگلیز بە کورد لە داگیرکردنی بەغداوە، ئەوە بوو کە لە ١ی کانونی دووەمی ١٩١٨، ڕۆژنامەیەکی کوردییان لە بەغدا بە ناوی "تێگەیشتنی ڕاستی"یەوە دەرکرد[٧].

لە ٧ی نیسانی ١٩١٨دا هێزێکی بەریتانیا گەیشتە کەرکووک. شێخ مەحمود بڕیاریدا پەیوەندییان پێوە بکات[٨]. بەو هیوایەی لەگەڵیاندا ڕێکبکەوێت بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد[٩]. پاش داگیرکردنی هەولێر لە ١٩١٨/١١/٢٥، ئینگلیز لەگەڵ شێخ مەحموددا ڕێککەوتنێکی واژۆ کرد، کە شێخ تێیدا قایل بوو بەوەی هاوکاری و پارێزگاریی لە ئینگلیز بکات[١٠].

---

(١) عنذر الموصلي، الحياة السياسية والحزبية في كردستان، مصدر سابق، ص ١٤١.

(٢) كمال مظهر، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، مصدر سابق، ص ٣٥.

(3)Adamson، David، Ibid. p، 19

(٤) صديق الدملوجي، إمارة بهدينان الكردية أو إمارة العمادية، مصدر سابق، ص ١٢٠.

(٥) فاروق صالح عمر، المعاهدات العراقية ـ البريطانية، مصدر سابق.

(6) Edmods Ibid p. 34.

(٧) عبدالرزاق مطلك الفهد، الأحزاب السياسية، مصدر سابق، ص ٤٣.

(8)CJ. Emonds Kurds Turks and arabs، politics travel and research in north Eastern Iraq، London، 1975، p، 29

(٩) عبدالرحيم ذوالنون، العراق في الحرب العالمية الثانية، مصدر سابق، ص ٢٣٦.

(١٠) فاضل حسين، مشكلة الموصل، مصدر سابق، ص ١٤.

لە ئایاری ١٩١٩، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بروسکەیەکی بۆ ویڵسنی حوکمڕانی پاشایەتی گشتی لە عێراق نارد، پێی ڕاگەیاند کە حکوومەتی بەریتانیا ڕازییە بە پێشنیارەکانی و ڕاسپاردنی بەوەی دەست بکات بە دامەزراندنی پێنج هەرێم لە عێراقدا، کە هەریمێکی کوردییان تێدابێت لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکە کوردەکان و ڕاوێژکارانی بەریتانیادا[١].

لەم ماوەیەدا ئینگلیز هەوڵیدا هێزێک لە کورد بۆ خۆی پێکبهێنێت، گوایە داکۆکی لە نەتەوەی کورد دەکات، بۆ دەستگرتن بەسەر وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکەدا[٢].

پاش کێشەی موسڵ و دەرکەوتنی مستەفا ئەتاتورک لەسەر خەت، بەریتانیا کاری لەسەر ئەوە کرد ناوچە کوردییەکان بخاتە چوارچێوەی عێراقەوە بەو مەرجەی لەم ناوچانەدا ئیدارەیەکی تایبەت بە خۆیان هەبێت[٣]، بەریتانیا نیازی نەبوو کێشەی کورد یەکلایی بکاتەوە.

دیارترین دیمەنی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد، ئیمزاکردنی پەیمانی سێڤر بوو، پاشان هەڵوەشاندنەوەی پەیمانەکە بە مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی لۆزان، کە بە تەواوی پرسی دەوڵەتی کوردی لە بیر کرد[٤].

بەریتانیا لە لێکدانەوە نوێیەکانیدا بینیی بەرژەوەندیی لەوەدایە پشت لە کورد بکات و دەوڵەتێکی یەکگرتوو و حکوومەتێکی ناوەندی بۆ عێراق دابمەزرێنێت، بەوپێیەی دەوڵەتی یەکگرتوو گەرەنتی مانەوە و بەردەوامی کێرڤی بەریتانیایە، هاوکات ڕازیبوونی ئێران و تورکیای دراوسێ کە دژ بە پرسی دەوڵەتی کوردی بوون دەست دەخات، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە بوو کە هەرباسێکی کورد ئەم دوو دەوڵەتەی دنە دەدا[٥].

جەلال تاڵەبانی، سەرکردەی کوردی پێی وایە تاکتیکی ئەوکاتی بەریتانیا، لە ترساندنی بزووتنەوەی نیشتمانی عێراق و بزووتنەوەکەی مستەفا ئەتاتورکدا لە تورکیا چڕ بووبووەوە، بە شێوەیەک ئەگەر بە داخوازییەکانی داگیرکەر ڕازی نەبوونایە، لەوانەیە کوردستانیان وەک دەستکەوت پێ بدرایە، کە ڕەتیشیان کردەوە کوردستان بوو بە موڵکی گەلی کورد[٦].

لە دەیەی سییەکانی سەدەی بیستەمدا بەریتانیا پرسی کوردی وەک کارتێک دژ بە ڕژێمی پاشایەتی بەکارهێنا، هەرگیز بیری لە جێبەجێکردنی خەونەکانی کورد لە ئازادی و سەربەخۆیی نەکردەوە، بەڵکو هەر بە جەختکردنەوە لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ کورددا بە ڕێزگرتن و دانان بە زمانەکەیاندا وازیهێنا، لە

---

(١) جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، مصدر سابق، ص ١١٤.

(٢) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج٢، مصدر سابق، ص ٢٨٧.

(٣) جلال يحيى، العالم العربي بين الحربين، المشرق العربي، مصدر سابق، ص ١٤٩.

(٤) احمد فوزى ، قاسم والأكراد، مصدر سابق، ص ٨٣؛ جلال الطالباني، مصدر سابق، ص ٢١٢.

(٥) أدمونز، كرد وترك وعرب، مصدر سابق، ص٧٣.

(٦) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ٥٠.

ڕووی کردارییشەوە، هەنگاوە سەربازییەکانی بەریتانیا کە دژ بە ڕاپەڕینە هەمیشەییەکانی بارزان بوون، ئەمەش گوزارشت لە دووڕوویی بەریتانیا لەئاست داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا دەکات[١].

لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەریتانیا لە ڕووی بزاوتەکەی مەلا مستەفادا دژ بە حکوومەتی عێراقی وەستایەوە. بەریتانیا بزووتنەوەی کوردی ئاگادار کردەوە لە پێویستی گوێڕایەڵیکردنی حکوومەتی عێراق بە بەڵگەی ئەوەی هەر بزووتنەوەیەکی کوردی دەبێتە هۆی لاوازکردنی عێراق، بەمەیش زیان بە توانستە سەربازییەکانی دەگەیەنێت. بە درێژای شەڕ، بەریتانییەکان گوشاریان خستبووە سەر مەلا مستەفا، کە پێویستە گوێڕایەڵی ڕینماییەکانی حکوومەتی عێراق بکات و ڕێگە بدات سوپای عێراق بچێتە ناوچەی بارزانەوە[٢]. هاوکات کۆرنوالیسی باڵوێزی بەریتانیا حکوومەتی عێراقی ئاگادار دەکردەوە کە کوردی ئاژاوەگێڕ یاخیبوونی مەلا مستەفا دەقۆزنەوە و مەترسییەکی جیدی هەیە بە بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەی سەربەخۆیی لە کوردستان، هەروەها مەلیک و سەرۆکوەزیرانی بێباکی لە ئاست داواکارییەکانی کورددا وریا دەکردەوە[٣].

لە دیدارێکی نێوان مەلا مستەفا و کاپتن ستۆکسدا، ئەمەی دوایین بە ناوی باڵیۆزی بەریتانیاوە لە بەغدا داوای لە بارزانی کرد بەرپەرچی سوپای عێراق نەداتەوە و، پێویستە ملکەچی فەرمانەکانی حکوومەتی عێراق بێت. لە ١٩٤٥/٦/١٧ کۆبوونەوەیەکی تر کرا، تێیدا نێردەی بەریتانیا بە زمانێکی زبر کە بۆنی هەڕەشەی لێدەهات ئاماژەی بەوە کرد بارزانی سەردانی سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراقی کردووە و چاوی بە ئەفسەرانی سۆڤێت کەوتووە[٤].

هەروەها بەریتانیا هەوڵی نانەوەی ئاژاوەی دەدا لە نێوان سەرکردایەتی بارزانی و حزبی هیوادا. بەریتانیا بەڵێنی بە بارزانیدا کە لە حاڵەتیکدا بارزانی چەک بە کۆمەڵەکەی دابنێت و شەڕ ڕابگرێت، ئەوە پاش سەرکەوتن بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا کورد سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت. ڕاستییەکەی بەڵێنەکانی بەریتانیا هیچکات ڕاست نەبوون، چونکە لە بەرژەوەندییە تایبەتەکانیەوە سەرچاوەیان گرتبوو کە دژ بە خەونەکانی گەلی کورد بوون[٥].

لە لایەنی ستراتیژییەوە، سیاسەتی بەریتانیا وای دەخواست کۆتایی بە شۆڕشی بارزان و کوردستان بهێنێت، بە دابینکردنی چەند داواکارییەکی کورد تاکو جەنگ تەواو دەبێت، هەڵوێستی نیودەوڵەتیش

---

(١) مسعود البارزاني، مصدر سابق، ص ٣٦.

(٢) حامد مەحموود عیسی، القضیة لکردیة في العراق عن الاحلال، مصدر سابق، ص ٦٧.

(٣) بروسکەیەک لە باڵوێزخانەی بەریتانیوە لە عێراق بە ژمارە ١٢٠١، لە ١٩٤٣/١٢/١٦ بۆ وەزارەتی دەرەوە. بڕوانە عزیز الحاج، القضیة الکردیة، ص ٩٥.

(٤) مکرم الطالباني، حزب هیوا.

(٥) موسی السید علي، القضیة لکردیة في العراق عن الاستنزاف إلى تهدید الجغرافیة السیاسیة، مرکز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتیجیة، العدد ٤٦، ص ٢٨.

زیاتر بە سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەسەر وڵاتانی ناوچەکەدا دەدرەوشایەوە، ئەو کاتەیش بەریتانیا و وڵاتانی تری داگیرکار دەیانتوانی کێشەکە لە بەرژەوەندیی حکوومەتی عێراق، بە لە ناوبردنی بەرگریی کورد یەکلابکەنەوە[1]. ڕێک وایش بوو، هەر کە سەرەتاکانی ڕووخانی دەوڵەتانی ناوچەکە دەرکەوت و بەریتانیا لە سەرکەوتنی دەوڵەتانی هاوپەیمان دڵنیا بوو، بەڵێنەکانی شکاند و هێزە ئاسمانییەکانی دەستیان کرد بە بۆردومانکردنی گوندە هێمنەکانی کورد[2].

نوێنەرانی بەریتانیا لە عێراق وەک حکوومەتی عێراق ڕەفتاریان دەکرد، لێفتینانت کۆرنێل، ر.مید، کە ڕاوێژکاری سیاسیی بەریتانیا بوو لە موسڵ، هۆشدارییەکی بۆ بارزانی نارد تێیدا هاتبوو کە:

"بێگومان باڵیۆزی بەریتانیا فەرمانی پێکردووم پێت ڕابگەیەنم کە هەڵسوکەوتەکانت سنوریان بەزاندووە، دەمەوێت بەوپەڕی راشکاویی بۆت ڕوون بکەمەوە کە ئەمە دوایین جارە باڵیۆزخانەی بەریتانیا ئاگادارت بکاتەوە، هیواخواز بووم توانیبام ئەم نامەیەت بە شێوەیەکی تایبەت پێ بگەیەنم، بەڵام چونکە چاوپێکەوتنی من و پارێزگاری بەڕێزت ڕەتکردەوە، بۆیە بەم شێوەیە بۆم نووسیت"[3].

لەولاوە باڵی ڕاسترۆی حزبی هیوا، لە میانەی شۆڕشەکەدا هێشتا پێی وابوو دەکرێت بەریتانیا هاوکاریی کورد بکات بۆ دەستخستنی مافەکانی، ئەم باڵە هیواکانی لەسەر بەڵێنگەلێکی تەماوی و درۆی هەندێک لە ئەفسەرانی بەریتانیا بنیات نابوو، کەچی ئینگلیز بە ئاشکرا دژ بە شۆڕش و مەلا مستەفای ڕێبەری وەستانەوە[4]، بگرە ژەنەراڵ ڕێنتۆن خۆی سەرکردایەتی قۆناغە یەکلاکەرەوەکانی دوایی کردەوە سەربازییەکانی دژ بە شۆڕشگێڕانی لە کەرتی ئاکرێ کرد.

لە بارەی ئەم توندگیرییەی بەریتانیا لەئاست کورد و شۆڕشی کورددا بۆچوونگەلی جیاواز هەن، بۆچوونێکیان پێی وایە بەریتانیا دەیویست شۆڕش بەردەوام بێت، بە تایبەت دوای شەڕی دووەمی جیهانی، بۆ لاوازکردنی سوپا و حکوومەتی عێراق، بۆ ئەوەی لەژێر ڕەحمەت و هاوکاریی بەریتانیادا بمێنێتەوە، بۆیە حکوومەتی عێراقی هەڵدەنا داواکارییەکانی کورد جێبەجێ نەکات[5].

بۆچوونەکەی تر پێی وایە هۆکاری جێبەجێنەکردنی خواستەکانی کورد لەلایەن بەریتانیاوە، کرۆکی بەریتانیا بوو دژ بە گەلان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان، بێگومان لەوانەیش بزووتنەوەی کورد لە کوردستان[6].

---

(1) وليد حمدي، الكرد وكردستان، مصدر سابق، ص ٢٨.

(2) زنار سلوبي، في سبيل كردستان، مصدر سابق، ص ٢٢١.

(3) فاضل البراك، مصطفى البارزاني، مصدر سابق، ص ١١٢.

(4) محمد حازم الجبوري، الاحتلال البريطاني الثاني للعراق، دراسة تاريخية في أسبابه ومظاهره ١٩٤١ ـ ١٩٤٧، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة الموصل، ٢٠٠٠، ص ٢٤٣.

(5) عبد الرحمن قاسملو، كوردستان والكورد، مصدر سابق، ص ٦١.

(6) مكرم الطالباني، حزب هيوا.

وەک بەڵگەیەک بۆ سیاسەتی بەریتانیا، پێشنیارەکانی ڕێبەری بەریتانی بوو کە دەیگوت "دروستە گازە ژەهراوییەکان دژ بە خێڵە ناشارستانییەکان، بە تایبەت کورد و ئەففانییەکان بەکار بهێنرێن و نکۆڵی لە کاری بەرهەڵستیکارانی ئەم سیاسەتە بکرێت"[1].

پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، بەریتانیا لە شێوازەکانی وەستانەوە لە ڕووی شۆڕشی کورددا، بیری کردەوە کورد لە بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت. دوای ئەوە دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە بەرهەڵستی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم دەکەن و لەگەڵیدا ناکۆکن، هەندێک پێیان وایە بارزانی لەم ناکۆکییەدا هەڵەیەکی کوشندەی کرد، کە پەنای بۆ باڵیۆزی بەریتانیا برد بۆ سکاڵاکردن لە ڕەوتارەکانی قاسم[2]، لە کاتێکدا بۆچوونی تر هەیە پێی وایە بارزانی لە ٢٨ی شوباتی ١٩٦٠دا سەردانی باڵیۆزی کردووە، بۆ سەندنەوەی ئەو سەردانەی باڵیۆز لە ٣ی شوباتدا کردبووی. لەبارەی ئەم دوو سەردانەوە هەمفری ترێڤلیانی باڵیۆزی ئەوکاتی بەریتانیا دەڵێت "بێگومان بەریتانیا هەوڵیدا پێشنیاری دۆستایەتی و پشتگیری بۆ بارزانی بکات، بەڵام ئەو ڕایگەیاند کە بەریتانیا دوژمنی سەرەکییەتی"[3]، دواتر ویستی لە نیازپاکیی بەریتانیا دڵنیا ببێتەوە، وەڵامی ئێمەیش ئەوە بوو پێمان باشە لە ڕێگەی حکوومەتی عێراقەوە پەیوەندیی باش دروست بکەین[4].

وادیارە باڵیۆزی بەریتانیا بەم گوتەیەی هەوڵی دابێت بارزانی ڕابکێشێت و بۆ هاوکاری و متمانەی زیاتر پاڵی پێوە بنێت، بە تایبەت لەو کاتەدا باڵیۆز گەشتێکی بە ناوچە کوردییەکاندا کرد و لەگەڵ ژمارەیەک لە ئاغاکاندا کۆبووەوە، دواتر قاسم ئاماژەی بەوە کرد کە باڵیۆزخانەی بەریتانیا نزیکەی نیو ملیۆن دۆلاری بۆ هەڵنانی بزاوتەکان دژ بە دەوڵەت خەرج کردووە[5]، کە پێم وایە ئەوە ڕاست نییە.

لە ماوەی یەکەمی حوکمڕانیی بەعسدا لە ١٩٦٣، حکوومەتی بەریتانیا هاوکاریی حکوومەتی عێراقی کرد بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد، بۆیە لەم قۆناغەدا پۆلێک لە فڕۆکەی هۆکرهەنتەری بە عێراق فرۆشت، کە خاوەن نیشانەگرتنی ورد بوون و ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە بۆردومانکردنی ناوچە شاخاوییەکاندا[6].

هەروەها لە وێستگەکانی پەیوەندی مەلا مستەفا لەگەڵ بەریتانیادا، ئەوە بوو لە تەموزی ١٩٦٥ واتە لە سەردەمی عەبدولسەلام عارفدا، بارزانی نامەیەکی بۆ هارۆڵد وێلسۆنی سەرۆکوەزیرای بەریتانیا نارد، ئەوە یەکەم نامە بوو لەگەڵ باڵاترین کەسایەتی حکوومەتی بەریتانیادا، لە نامەکەدا بارزانی باسی لە دانوستانەکانی لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا لە شوباتی ١٩٦٤هوە تا کاتی نووسینی نامەکە کرد و،

---

(١) نعوم تشومسكي، الغرو المستمر، دمشق، ١٩٩٦، ص ٣١٢.
(٢) سعد ناجي جواد، العراق والمسألة الكردية، مصدر سابق، ص ٥٤.
(3)Humphrey Trevely an، the middle East in Revolution، p. 192
(٤) وليد حمدي، مصدر سابق، ص ٢٧٧.
(٥) جريدة الثورة بغداد، (٧٠٧) في ٢٤ سيبتمبر ١٩٦١.
(٦) مسعود البارزاني، ج٣، مصدر سابق، ص ٩٩.

داواکارییەکانی کوردی بە شتێکی ڕەوا وەسف کرد کە لە چوارچێوەی حوکمی زاتی دەرنەچوونە، حکوومەتی عێراقیش ئەو مافانەی کورد کە دەستوری عێراق لە ساڵی ١٩٥٨ دانی پێداناون پشتگوێ خستوون و، ڕێبازێکی دیکتاتۆریی سەربازیی شۆڤێنیی پەیڕەو کردووە. هەروەها بارزانی باسی لەو پێشێلکارییانەیش کرد لە هەمبەر کورد کراون، کە لە ئاداری ١٩٦٥وە سوپای عێراق چەکی ناپاڵم و گازە ژەهراوییەکانی بەکارهێناوە کە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە یاساغن. داوایشی لە حکوومەتی بەریتانیا کرد پاڵپشتیی نەتەوەی ستەمدیدەی کورد بکات، و دژ بە فرۆشتنی چەکە یاساغەکان بێت بە عێراق، هەروەها گەلی کورد چاوی لە هاوکاریی مادی و مەعنەوەییە لە حکوومەتی بەریتانیاوە[١].

## جوولەکە و ئیسرائیل

جوولەکە نەوە دوای نەوە لە کوردستاندا لە ئاسایشێکی ڕێژەییدا ژیاون. ئۆتدی بارزان نموونەیەکە بۆ پێکەوەژیانی ئیسلام، کریستیان و جوولەکە، ڕیشەی ئەم پێکەوەژیانەیش بۆ دەیان سەدە دەگەڕێتەوە. پاش کۆڕەوی جوولەکەکان بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵانی ١٩٥١ ـ ١٩٥٢، کە ژمارەیان نزیکەی ٥٠ هەزار کەس بوو، پەیوەندییە باشەکانیان لەگەڵ کورددا کە شانبەشانی یەک پێکەوەژیابوون، لە یادگەیاندا مابوو.

مۆردەخای زامتینی توێژەری ئیسرائیلی کە بە ڕەگەز کوردە، لە کتێبەکەیدا جوولەکەی خەزع و سەرۆکخێڵەکانیان لە کوردستان، باس لە چەند ڕاستییەک دەکات کە گوزارشتن لە پەیوەندیی گەرموگوڕی نێوان سەرۆکخێڵەکانی بارزان و ڕێبەرە جوولەکەکان لە شاری ئاکرێی ناوچەی دهۆک لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا، بەتایبەت لەگەڵ مەلا مستەفا و خێزانی کوردی جوولەکە حەنو خواجەدا[٢].

بەڵام ناکرێت باس لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی کورد بکەین، بەبێ باسکردن لە پەیوەندییەکانی کورد و ئیسرائیل. سەرەتاکانی بۆ پەیوەندیی نێوان قوتابیانی کورد لە ئەوروپا و ڕۆژنامەنووسانی ئیسرائیل دەگەڕێتەوە، کە سەرنجی قوتابیانی کوردیان بۆ لایەنە فەرمیەکانی ئیسرائیل لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم، کە شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا دەستی پێکرد، بەڵام هاوشێوەی ئەم پەیوەندییانە لە نێوان سەرکردایەتی کورد و ئیسرائیلییەکاندا تا کۆتایی ساڵی ١٩٦٤ جێبەجێ نەبوو[٣].

گەرچی بارزانی لە پێناو بەرژەوەندیی گەلەکەیدا پەیوەندیی بە ئیسرائیلەوە کرد، بۆیە هەر دەبێت ئەو پەیوەندییانە بخەینە چوارچێوە نێودەوڵەتییەکەوە، ئەم پەیوەندییانە جیاواز نەبوونە لەوانەی مەلا

---

(١) طارق مجيد تقي العقيلي، بريطانيا ونخبة السلطة في العراق، التيار القومي والطائفية السياسية، بغداد، ٢٠١٠، ص ٤٨٩.

(2)http ://www.aslaiyahud.org/subsubpagephp?=61&cid=4

(٣) مرياد رو ندوزي، الكرد، دروب التاريخ الوعرة، لدوحة، شبكة الجزيرة، ، ٢٠٠٦، ص ٢٦.

مستەفا لەگەڵ فەڕنسا، ئەمریکا و بەریتانیادا و باپیرانی لەگەڵ ڕوسیای قەیسەری، دواتر یەکێتی سۆڤێت ئێران و دەوڵەتانی تردا کە دەکەونە بواری دیپلۆماسییەوە هەیانبوو.

بارزانی لەو کاتانەدا دوودڵ بوو نەک لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا، بگرە لە وەرگرتنی هاوکارییەکان لە ئەمریکایش، کاتێکیش بە وەرگرتنی هاوکاریی ئەمریکا قایل بوو، ئەوە بۆ زیانگەیاندن بە عەرەب و پەیوەندییەکانی عەرەب و کورد نەبوون، بێگومان پەیوەندییەکانی شۆڕشی کورد لەگەڵ بەشێک لە شۆڕشگێڕانی عەرەبدا بەتایبەت فەلەستینییەکان پتەوبوو.

دیارە هەڵەی حکوومەتی عێراق و نکۆڵیکردنی لە بوونی کێشەی کورد، هەروەها وەستانی هەندێک لە حکوومەتە عەرەبییەکان لەگەڵ بەغدادا، کاریگەرییان هەبوو لە قۆستنەوەی دۆخەکە لەلایەن حکوومەتی ئیسرائیلەوە بۆ یارمەتیدانی کورد، بۆیە کاتێک شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ هەڵگیرسا، ئیسرائیل بێئاگا نەبوو لە گرنگییە ستراتیژییەکەی سەبارەت بە خۆی.

بەرژەوەندی ئیسرائیل دەیخواست سوپای عێراق هەمووی یان بەشێکی زۆری بە شەڕکردن لەگەڵ کوردا سەرقاڵ بکات، تاکو لە حاڵەتی شەڕکردنی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبدا، سوپای عێراق ڕووبەڕووی نەبێتەوە.

لەولایشەوە کورد پێویستی بە هاوکاری بوو لە هەرلایەکی هەرێمی یان نێودەوڵەتییەوە بێت، بۆ درێژەدان بە ململانێکانی لەگەڵ عێراقدا، گومانیش لەوەدا نییە ئێران ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە دروستکردنی پەیوەندی کورد لەگەڵ ئیسرائیلدا[١].

بڕیاری دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا بڕیارێکی کۆمەڵایەتی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، بە شێوەیەک جەلال تاڵەبانی لە پاریس لە ڕێگەی کامەران بەدرخانەوە چاوی بە شیمۆن پیریز کەوت[٢]. پاشان ئیسرائیل دەستیکرد بە پەخشکردنی ئەفسەرانی بە نەناسراوی لە کوردستانی عێراقدا، هەروەک لە بەهاری ١٩٦٣ ڕوویدا، کاتێک مۆساد یەکێک لە ئەفسەرانی بە ناوی ڕۆژنامەنووسێکی بیانییەوە کە لە پاریس دادەنیشت بۆ باکووری عێراق نارد، کە چاوی بە مەلا مستەفا و ئیبراهیم ئەحمەدی سکرتێری گشتیی پارتی کەوت و، پێشنیاری بۆ کردن بە ناردنی نێردراوێک بۆ قسەکردن لەگەڵ ئیسرائیلییەکاندا لە پاریس، بارزانییش بە دیدارەکە ڕازی بوو[٣].

عەلی سنجاری لەبارەی ئەم قۆناغەوە دەڵێت "بێگومان مستەفا بارزانی و پارتی نەیانتوانی پاڵپشتیکردن و هاوکاریی یەکێتی سۆڤێت بۆ بزاوتی کورد دەست بخەن، بۆیە بە هەر ڕێگەیەک بە دوای

---

(١) علي سنجاري، مصدر سابق، ص ٨١ ـ ٨٢.

(٢) شموئيل سيغ، العلاقات السرية الإيرانية الأمريكية الإسرائيلية، عمان، دار الجليل، ١٩٨٣، ص ١٩٤؛ مسعود البارزاني ج٣، مصدر سابق، ص ٣٨.

(٣) جوناثان راندل، امة في شقاق، مصدر سابق، ص ٢٤٣.

هاوپەیماندا دەگەڕان لە دەرەوە، ئەوە بوو لە ١٩٦٢ دەروازەی ئێران کرایەوە و دواتریش ئیسرائیل و ڕۆژئاوا[١].

بە کاریگەریی ئەو دیدارانە، شاندێک بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامێتیی عومەر مستەفا دەبابە و سەید عەزیز شەمزینی لە ڕێگەی ئێرانەوە، کە ڕێگەی کردەوە بە تێپەڕبوونی هاوکاریی سنووردار لەلایەن ئیسرائیلەوە بۆ شۆڕش بە خاکەکەیدا، بۆ ئیسرائیل سەفەریان کرد[٢].

مەلا مستەفا لەو ڕۆژانەدا بە لۆژیکی "نوقومبوو دەست بۆ چڵەپوشیش دەبات" مامەڵەی کرد، بۆ قوتارکردنی خۆی و گەلەکەی لە نغرۆبوون، چونکە باوەڕی وابوو دەسەڵاتی ئیسرائیل لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێت پشتگیریی ئەمریکا بۆ شۆڕشی کورد دەستەبەر بکات، جۆناسان ڕاندل پێی وایە ساڵی ١٩٦٥، پێشکەوتنێکی گەورەی لە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ کوردی عێراقدا بەخۆوە بینی. گەورەترین خزمەتێکیش ئیسرائیل پێشکەش بە کوردی عێراقی کرد، سەرپەرشتیکردنی دامەزراندنی دەزگای هەواڵگریی کوردی بوو لەلایەن ئەفسەرانی مۆسادەوە لە ١٩٦٦، بە ناوی پاراستن[٣]. پاشان بە سەردانی بارزانی بۆ ئیسرائیل لە ١٩٦٦ پەیوەندییەکانی هەردوولا گەرمتر بوون و لە میانەی سەردانەکەیدا لە ماڵی دەیڤید غەباوی، کە کوردێکی جوولەکە بوو و لە ١٩٥٠وە لەوێ نیشتەجێ ببوو، دەمایەوە و پەیوەندییەکی گەرموگوڕی بە بارزانییەوە هەبوو و دەستیکی باڵایشی هەبوو لە ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان بارزانی و ئیسرائیلدا.

لیڤۆف کە بەرپرسی کاروباری کەمینەکان بوو لە هەواڵگریی ئیسرائیل، دەڵێت "بۆم دەرکەوت ئەمە هاوڕێیەتییەکە لە شێوەیەکی نائاسایی، نەمانبیستبوو و نەماندەزانی، دۆستایەتییەک کە بەشدار بوو لە پتەوکردنی متمانەی بارزانی بە ئێمەی ئیسرائیلییەوە[٤].

پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی کورد و ئیسرائیل تا ڕێککەوتنی جەزائیر لە ١٩٧٥ بەردەوام بوو، کاتێک بزووتنەوەی کورد زانی لەلایەن ئێران و ئەمریکاوە گەلەکۆمەی لێکراوە، ئیسرائیل بەڵێنیدا هاوکارییەکانی بەردەوام بکات، کەچی هەر بە مۆرکردنی ڕێککەوتنامەکە، خۆی لە سهرجەم پەیوەندییەکانی نەبان کرد و لەگەڵ ئێران و ئەمریکادا پشتی لە کورد کرد، بەڵکو چاوی لە سەربڕینی کورد لەلایەن دەسەڵاتی عێراقەوە پۆشی.

---

(١) علي سنجاري، الحركة التحررية الكردية، مصدر سابق، ص ٧١.
(٢) مسعود البارزاني، ج٣، مصدر سابق، ص ٣٨٠.
(٣) عصمت شريف وانلي، كردستان العراق، مصدر سابق، ص ٢٧٢.
(٤) فاضل البراك، مصطفى البارزاني، مصدر سابق، ص ٢١٢.

**بەکورتی:**

بارزانی لەناو جەنگاوەرانیدا و لە کەشێکی شەڕاوی و بۆردومانی فڕۆکەکان و لە نێوان قوربانییان، برینداران، بێوەژنان، هەتیوانی شەهیدان و لە نێو لەدەستدانی دۆستانی ڕێگەی خەبات و ناپاکی و جودابوونەوە، لە نێوان هەڤاڵانی ڕێگە، هەروەها لە نێوان دراوسێیەکدا حەزیان بە چارەی کوردێک نەبوو داوای مافی خۆی بکات، نەوەک پەتاکە بۆ هاووڵاتییە کوردەکانی خۆیان بگوازرێتەوە، دەژیا.

دواتریش لە ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا پەرۆشی بارزانی قابیلکردنی هەمووان بوو. هەوڵی دەدا ڕۆژئاوا دانی پێدابنێت و ئەمریکا ڕازی بکات و پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ سۆڤێتدا بەردەوام بن، ئەمە ئەو دنیایەی سیاسەت بوو کە بارزانی تێیدا دەجووڵا و نەیدەتوانی هیچ لایەنێک لە خۆی تووڕە بکات.

لەو زەریا پڕ لە شەپۆلەدا، بارزانی توانی شۆڕش بەرپا بکات و، ناوی گەلەکەی بباتە سەر مێزی گفتوگۆکان، هەروەها گرنگترین بەش لە مێژووی نوێی گەلەکەی بنووسێتەوە.

دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی بیانیدا، ملدانە بۆ ئەمری واقیع کە کێشەی کوردی تێدا دروست بووبوو، کارتێک بوو هەر لایەنێک لەپێناو بەرژەوەندییە کاتییەکانی خۆیدا بەکاریدەهێنا، بەم شێوەیە لایەنی کوردی کەڵکی لەو دابەشکردنە دەبینی.

بەڵام بۆچی سەرلەبەری دەوڵەتان، تەنانەت ڕێکخراوە نەتەوەییەکانیش کێشەی کوردیان پشتگوێ خست؟ دەکرێ ئەمە بگەڕێنینەوە بۆ چەند خاڵێک:

١. گومان لەوەدا نییە دەوڵەتانی کۆنی داگیرکار، بە تایبەت بەریتانیا و فەرەنسا بە ڕازیبوونی ئەمریکا، لە گەرمەی هەردوو شەڕی جیهانیدا و دواتریش، بە گوێرەی بەرژەوەندییە ڕامیاری و ئابووری وستراتیژییەکانیان، ڕۆڵێکی داگیرکاریی بۆخۆیان لە کێشانی نەخشەی سیاسیی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناویندا نمایش کرد، بۆیە بەبێ ڕەچاوکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، کۆمەڵە قەوارەیەکیان دامەزراند پێوەست بن بە خۆیانەوە.

٢. ئاشکرایە ئەو دەوڵەتە هەرێمییە گرنگانەی ناوچەکە کە کوردستانیان پێوە لکێندرا، ئەوسا و ئێستاش ڕۆڵی گرنگی تێدا دەگێڕن، بە شێوەیەکی چارەنووسییانە پەیوەست بوون بە دەوڵەتە مەزنەکانەوە و بەرژەوەندییەکانیان بەڕێوە دەبردن و بوونی ئەوانیان نمایش دەکرد، هەروەها بەسترانەوە بە پەیماننامەکانی وەک سەعدئاباد و پەیمانی بەغدا و سەنتۆوە.

٣. ترسی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەرەسهێنانی زۆرێک لەو وڵاتانەی زیاتر لە نەتەوەیەکیان تێدایە.

٤. سرووشتی ڕژێمەکانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کرا، کە بڕوایان بە دیموکراسی نییە، لەپاڵ هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تاک و کۆمەڵەکاندا کە بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی ناچێتە مێشکیانەوە.

٥. دەوڵەتە عەرەبییەکان کە لە کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبیدا ڕەنگی داوەتەوە و خاوەنی هێزی ٢٢ دەوڵەت و ئامادەیی هەمیشەیی لە ناوچەکەدا هەیە، ڕێگرن لەبەردەم جیابوونەوەی کوردستان لە نیشتمانی عەرەب.

٦. پەردەپۆشکردنی دۆزی کورد لە ڕاگەیاندنەوە، بەتایبەت دامەزراوە میدیاییە زەبەلاحەکان، کە پەیوەستن بە دەوڵەتە گەورەکانەوە، لەپاڵ لاوازی میدیای کورددا.

٧. بۆچوونی باو وابوو کە دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردی واتە دامەزرانی دەوڵەتێکی سۆسیالیست لە جەرگەی دەوڵەتانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوادا.

٨. ئەو هەڵانەی کورد خۆیان تێیکەوتن، وەک ململانێی ناوخۆ لە سایەی بیرکردنەوەی خێڵەکی و قۆستنەوەیان لەیەلان کەسانی دیکەوە، لەپاڵ مشتومڕی هزری نێوان ڕاست و چەپدا.

٩. حاڵەتی بەرزونزمیی ڕووی زەوی (تۆبۆگرافیا) هەندێک دەبووە ئاستەنگ لەبەردەم بەدیهاتنی خەونەکانی کورددا، کە مایەی سەختی بوو لە پەیوەندیکردنی کورد لە نێوان خۆیاندا بە یەکترەوە، کە چیاکان سەخت بوون و ئامرازەکان نوێیەکانیش بەردەست نەبوون.

## کێشەی کورد و پەرەسەندنی نەتەوەیی عەرەب

### پەیوەندیی کورد بە عەرەبەوە

پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب لە مێژوودا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیون:

**قۆناغی یەکەم:** دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەرەتای کۆچی. سەرچاوە عەرەبییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە یەکەم پەیوەندیی گەلی کورد بە سوپای عەرەبەوە لە ساڵی ١٨ی کۆچی بوو[١]، کاتێک کورد باوەڕیان بە ئاینی پاک و لێبوردە هێنا و داکۆکییان لێکرد و لەپاڵ برا عەرەبەکانیاندا دەستیان کرد بە ڕۆنانی ژیاری عەرەبی ئیسلامی، تا زاناگەلی کەموێنەی نموونەی ئیبن ئەسیر و ئیبن خەلەکان و، وێژەوانانی بەناوبانگی وەک ئەحمەد شەوقی و زەهاوییان تێدا هەڵکەوت.

پەیوەندیی نێوان هەردوولا بە دامەزرانی حکوومەتە کوردییەکان کە حوکمڕانیی ناوچە ئیسلامییەکانیان دەکرد، گرنگترینیان دەوڵەتە عەرەبییەکان کە میسر، لیبیا، شام، حیجاز و یەمەنیان بەڕێوە دەبرد، تۆکمەتر بوو[٢]، وڵاتی کورد لە سەردەمی عەباسییەکاندا قەڵایەکی پارێزەر بووە بۆ خەلافەت لە وەستانیدا لە ڕووی تەوژمی ڕۆمی هاوسنوری وڵاتی ئیسلامیدا بە درێژایی ڕووباری فورات، بۆیە دەبینین کوردستان تا ئێستایش تژییە لەو قەڵایانەی کورد پێیان دەڵێن قەڵاکانی پێشەوەی ئیسلام.

---

(١) منذر الموصلي، عرب وأكراد، مصدر سابق، ص ٦٧.

(٢) محمد أمين زكي، الكرد وكردستان، مصدر سابق، ص ١٥٦.

**قۆناغی دووەم:** سەردەمی حوکمڕانیی عوسمانییەکانە، بابی عالی زۆرێک لە کەسایەتییە کوردەکانی بۆ وڵاتە عەرەبییەکان بە تایبەت میسر، وەک نوێنەر لە زۆرێک بوارەکاندا نارد[1]، نەوە لە دوای نەوە زۆرێکیان توانەوە، لە میسر و زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبیدا، دەیان بنەماڵە هەن هێشتا دەگوترێت بە ڕەگەز کوردن و ناوی کوردییان هەڵگرتووە.

**قۆناغی سێیەم:** پاش هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، کوردیش وەک نەتەوەکانی تر چاویان لە دامەزراندنی قەوارەیەک بوو بۆ خۆیان.

بەندەکانی ڕێککەوتننامەی سێڤر لە ١٩٢٠/٨/١٠دا، مافی خۆبەڕێوەبەرییان بۆ ماوەی ساڵێک بە کورد بەخشیووە، پاشان مافی دروستکردنی دەوڵەتە سەربەخۆکەیان لەسەر خاکی کوردستانی عوسمانی، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک سەری نەگرت، لەوانە ناکۆکییەکانی کورد لە نێوان سەرکردەکاندا، نەبوونی لێهاتوویی سیاسی لای سەرکردایەتی کورد لە ڕەوتارکردن لەگەڵ ئینگلیزدا، بێئاگابوون لە ڕەهەندە ستراتیژییەکانی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و گرنگترینیشیان دۆزینەوەی نەوت لە کەرکووک بوو.

بەریتانییەکان لەم بەڵێنانە پاشەکشەیان کرد[2]، کورد بەسەر چوار وڵاتی ناوچەکەدا دابەش کرا، ئەوانیش ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا، ئیدی بوونە کەمینە لەم وڵاتانەدا. ئەم دابەشکردنە دۆخێکی هەرێمی بەرهەمهێنا هەر زوو دوای نەوەیەک یان دوو نەوە بوو بە شێوەیەکی سیاسیی شیاوی گۆڕین نەبوو. ئاوەزی نەتەوەیی یان سیاسی لەم وڵاتانەدا، تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش، ئیدی بیرۆکەی دەوڵەتێکی کوردیی وەرنەدەگرت کە بەرەو نەخشەکێشانەوەی تری ناوچەکە و گۆڕینی سنووری وڵاتانی تر بڕوات، پاش دابڕینی چەند بەشێکی لەو وڵاتانە کە لە ڕووی هەرێمی و نێودەوڵەتییەوە پەسەندنەکراوە، ئەوەبوو کەمینەیەکی کورد و دەرکەوتنی وەک هەڕەشەیەک لەسەر تەواوکاریی دەوڵەتە عەرەبییەکان، لە عێراق بەدیار کەوت.

### پەیوەندیی دەوڵەتە عەرەبییەکان بە کێشەی کوردەوە

سوریا و لوبنان لە پێشەکی ئەو دەوڵەتانەوە دێن کە پەیوەندییان بە کێشەکەوە هەیە، بەو پێیەی دوو دەوڵەتی عەرەبین کە هەریەکەیان کەمینەیەکی کوردیان لەخۆ گرتووە، ڕێژەی کورد لە سوریا ٨٪ی کۆی دانیشتووانە، کەوتوونەتە ناوچە سەختەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری حەڵەب و باکووری ناوچەی جەزیرەوە، بەرامبەر سنوورەکانی تورکیا و عێراق کە بە هۆی گوشاری حکوومەتەکان زۆرێکیان بە عەرەب کراون و بەشێکیشیان بۆ تورکیا هەڵهاتوون. لە ساڵی ١٩٥٨دا حزبی دیموکراتی کوردی سوریا لەسەر

---

(1) علاء عوني كاظم نورس، الصراع العثماني الفارسي، مصدر سابق، ص ٢٥٦.

(2) درية عوني، محاضرة في ملتقى الحوار العربي الكردي، مصدر سابق، صص ٣٦ ـ ٣٧.

دەستی ژمارەیەک شۆڕشگێڕی کورد دامەزرا[١] کە پەیوەندیی توندوتۆڵ لەگەڵ حزبی شیوعی سووری، بە تایبەت لە ماوەی سەرۆکایەتی خالد بەکداشدا پێکەوەیانی دەبەستەوە. ئەم پەیوەندییانە بوونە هۆی گۆڕانی ناوچەی کورد لە دیمەشق بۆ قەڵایەکی پڕچەک و، دوابڕینی ورووژاتی گومانی زۆر لەسەریان. ڕۆژی ڕاگەیاندنی یەکگرتنی سوریا و میسر ڕێبەری حزب لە وڵات دەرچوو، لەترسی ئەوەی ئەم یەکگرتنە ببێتە باڵادەستی عەرەب بەسەریاندا، پاشانیش لەناوبردنیان[٢].

هەرچی لوبنانە ژمارەی کورد پێش شەڕی ناوخۆ لە ١٩٧٥ نزیکەی ٧٠ هەزار کەس بوو، بەڵام پەرەسەندنی شەڕ لە لوبنان بووە هۆی هەڵهاتنی زۆرێکیان و پەنابردنە بەر سوریا، کورد لە لوبنان کێشەیان بۆ دەوڵەت نەسازاندووە و پەیوەندییان بە کێشەی کوردەوە لە باکووری عێراق نییە.

بەڵام کۆمکاری عەرەبی کە گشت دەوڵەتەکانی لە خۆگرتووە، هەڵوێستی فەرمی بە بەردەوامی پشتگیریکردنی بەغدا بووە، بەڵکو کۆمەڵەی عەرەبی لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگەی نەداوە کێشەی کورد لەسەر خشتەی کاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بورووژێنرێت، ئەوەیش بۆ پاڵپشتیکردنی عێراق و گومان لەوەی ببێتە هۆی لاوازکردنی عێراق، پاشان دابەشکردنی، کە هاوسەنگی ناوچەکە لە قازانجی تورکیا و ئێران دەشێوێنێت.

هەرچی میسرە کە قورساییەکی زۆری هەیە لەسەر بڕیارەکانی کۆمکاری عەرەبی و هەڵوێستە عەرەبییەکان بە گشتی، کورد هەمیشە هەوڵیان داوە یارمەتی قاهیرە بۆ پاڵپشتی بانگەوازی فیدراڵییەکەیان بەپێی دیدگەی کوردی بەدەستبهێنن، بۆیە یەکەم وێستگە بووە کاروانی مەلا مستەفای ڕێبەری کورد، پاش گەڕانەوەی لە تاراوگە لە یەکێتی سۆڤێت، پێش بەغدا تێیدا بارگە بخات و، لەگەڵ سەرۆک جەمال عەبدولناسردا کۆببێتەوە، کورد لە پەیوەندی لەگەڵ میسردا کۆبیری لەسەر چەند ڕووداوێکی مێژوویی دەکەنەوە، لەوانە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ بە ناوی کوردستان لە قاهیرە دەرچوو، ئەم ڕۆژەیش بوو بە جەژنی ڕۆژنامەوانی کوردی، هەروەها یەکەم پەخشی کوردی کە بۆ کوردی تورکیا بوو، لە ١٩٥٧ لە ئێستگەی قاهیرەوە بوو، هەمیشەیش پشتگیریی سەرۆک جەمال عەبدولناسریان بۆ داواکاریی حوکمی زاتی لەبیرە[٣]. هەروەها بانگەوازەکانی عەبدولناسر بە پێدانی حوکمی زاتی بە کورد، تاکو بەرگری لە یەکێتی ئومەت بکەن و نەبنە هۆکاری دژایەتیکردنی بۆ ئەوەی دەرگا بۆ لەدەستچوونی پەرەسەندنیی هەرێمایەتی عەرەبی واڵا نەبێت و کەلێن بکەوێتە قەوارەی عەرەبی لە پەرەسەندن و ئاسایشی نەتەوەییدا.

---

(١) ديفيد مكدول، الأكراد، ترجمة :ايفت داير، القاهرة، مركز ابن خلدون، ١٩٨٨، ص ٤٠.

(٢) نيفين عبدالمنعم مسعد، حزب البعث ومشكلة الأقليات، سلسلة بحوث سياسية، جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، العدد ٤٣، أبريل ١٩٩١، ص ٥.

(٣) درية عوني، عرب وأكراد، مصدر سابق، ص ١٨٨.

## بیری نەتەوەیی و کێشەی کورد

کێشەی کورد لەسەر تەواوکاریی نەتەوایەتی عەرەب بە سەرجەم ڕەهەندەکانییەوە ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئاسایشی نەتەوەیی، ڕەنگی داوەتەوە، بیری نەتەوەیی عەرەبی بەگشتی گرنگیی بە کێشەی کەمینەکان لە نیشتمانی عەرەبیدا داوە، کێشەی کوردیش بەتایبەت پشکێکی گەورەی بەرکەوتووە، چونکە کەوتووەتەوە کەنارەکانی نیشتمانی عەرەبەوە (باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا)، هەروەها لەبەر دراوسێیەتی ناوچەی کورد بە هێزگەلێکی هەرێمی دوژمن بە خەونەکانی عەرەب، یەکەم زاراوە کە لە هزری عەرەبیدا لەبارەی کەمینەکان و یەکتربڕینیان لەگەڵ فیکری عەرەبیدا، چەمکی گەلایەتی (الشعوبیة)یە، ئەم چەمکەیش ڕەگەزێکی سەرەکیی لە فیکری سیاسیی زۆربەی حزبە نەتەوەییەکاندا، لە سەرووی هەموویشیانەوە حزبی بەعس، پێکهێناوە. بۆیە بەعس هەر لە دامەزراندنیەوە لە ١٩٤٧، ئەم چەمکەی لە ڕێبەرانی نەتەوەیی نموونەی (ساتع ئەلحوسری)یەوە خواستووە[1]، کە یەکەمجار لە بیستەکان بەکاریهێناوە.

بێگومان چەمکی گەلایەتی بەو پێیەی چەمکێکی سیاسی و مێژووییە، بریتییە لە ڕاڤەکردنێکی تاکوتەرای عەرەب بۆ ڕووداوگەلێک لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و ڕووداوگەلێکی هاوچەرخ، کە شکست و خاڵە لاوازەکانی عەرەبیان تێدا وەپاڵ چالاکیگەلێکی دژ بە عەرەب دەدرێن[2]، کە ڕەگەزگەلێکی نامۆ لە نێوان خۆیاندا جێبەجێیان کردوون. ئەو ڕەگەزە نامۆیانەیش بە ڕیشەی ڕەچەڵەک و فەرهەنگ جودا دەکرێنەوە و دەستەیەکی ناپاک پێکدەهێنن. لە دۆخی عێراقیشدا نەتەوەپەرستانی عەرەب، کوردیان وەک ناپاک وێنا دەکرد، بە تایبەت کوردی فەیلی، کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی دوژمنانی عەرەب دەکەن[3]. جا چونکە دەوڵەتی نوێی نەتەوەیی لە پێکهاتە ڕەچەڵەکی و فەرهەنگییە جیاوازەکان پێکدەهات، بۆچوونە نەتەوەییە عەرەبییە داخوازەکان لە نێوانیاندا ون بووبوون، نەتەوەپەرستانی عەرەب بە ئەنقەست ڕەگەزە بیانییەکان (واتە کۆمەڵە ناعەرەبەکان)یان تۆمەتبار دەکرد بە دروستکردنی لەمپەر لە هەمبەر بەدیهاتنی یەکێتی عەرەبی و سەربەخۆییدا.

کەواتە کێشەی کەمینەکان بە شێوەیەکی گشتی لە زۆربەی دەوڵەتاندا بوو بە ڕێگر لە پەرەسەندنی هزری نەتەوەییدا. هزری نەتەوەییش بریتییە لە لایەنی تیۆری کە لە بنەڕەتی سەرهەڵدانی گەل و نەتەوەکان و پێشمەرجەکانی هەبوونیان دەکۆڵێتەوە، هەروەها پاڵنەری جووڵانەوەی نەتەوەییە لە باری دابەشکردندا، بەڵام نەتەوایەتی بریتیە لە هۆشیاری میللەت بە خۆی، بەو پێیەی کۆمەڵێک مرۆڤن چەند

---

(١) حسن العلوي، دولة الاستعارة القومية، لندن، دار الزوراء، ١٩٩٣، ص ١٢.

(٢) حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية، مصدر سابق، ص ١١٦.

(٣) سعد بشير سنكندر، كرد بغداد ونظام البعث، الاثنية والدولة، الفصل العاشر، معهد الدراسات الاستراتيجية، ص ٣٢٥.

پێشمەرجێکی دیاریکراویان بۆ دەستەبەر بووە، بوونەتە هۆی ئەوەی هەست بە ئینتیما بکەن بۆ ئەو گەل و نەتەوەیە، هەندێکجار ناوەرۆکەکەی بەرز ڕوانیینە، بڕێک جاریش قۆستنەوەیە، ڕەنگە هەردووکیشیان پێکەوە بن(1).

هزری نەتەوەیی دانی بە کێشە ڕەگەزییەکانی یەکێتی عەرەبیدا ناوە، ئەوەتا میشێل عەفلەق باسی لەوە کردووە کە لە نیشتمانی عەرەبیدا کێشەگەل و بارودۆخێک هەن دژبەری لە نەتەوەی عەرەب دەکەن، ئیتر لە مەغریب بێت، کە پێکهاتەی مێژوویی تایبەت عەرەب و بەربەری کۆکردووەتەوە، یان ڕۆژهەڵاتی عەرەبی، وەک کورد لە عێراق و پێکهاتەی تایبەتی لوبنان. ئەم حاڵەتە دەروونییانە پێویستیان بە چارەسەری ئاشتییانە هەیە کە سەرجەم بەشەکانی عەرەبایەتی و گەل و خاکەکەی بپارێزن و، یەکێتی گیانی و لێکتێگەیشتن و هاوئاهەنگیی نێوان هەمووان بەدیبهێنێت، لە جیاتی ئەو چارەسەرانەی لە نائومێدییەوە سەرچاوەیان گرتووە وەک بڕینی ئەو پارچانەی هۆکاری کێشەکەن یان هێشتنەوەیان بە زۆر و توندوتیژی(2). ئەمەیش لەگەڵ داواکەی سەرۆک عەبدولناسردا یەک ناگرێتەوە لە پێدانی حوکمێکی زاتی بە کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا(3).

هەڵوێستگەلی تریش هەن جیاوازن لەو هەڵوێستانە، هاوشێوەی بۆچوونی دکتۆر عیسمەت سەیفودەولە کە پێی وایە کەمینەکان لە نیشتمانی عەرەبیدا لە واقیعی عەرەبی دابڕاون، چونکە لە لوتکەی چیاکان یان ناوەڕاستی بیابان باخود ئۆتدە عەرەبییە دوورەدەستەکان نیشتەجێن، ڕەنگە ئەوەیش ببێتە هۆی پەیمانبەستنیان لەگەڵ لایەنی تردا و ببنە لەمپەر لە ڕێی یەکێتیدا. ئەم بۆچوونەیان سوورە لەسەر ئەوەی کەمینەکان بەشێکن لە نیشتمانی عەرەبی و دەبێت عەرەب مەرجەکانی پێشکەوتنیان لە چوارچێوەی ئەم نیشتمان و سنوورانەدا بۆ فەراهەم بکات، چونکە ئەوان بۆیان نییە بەشێک لەم نیشتمانە دابڕن و دەوڵەتێکی لەسەر بنیات بنێن، هیچ کەسیش ناتوانێت ئەو خواستەیان بۆ دابین بکات(4).

بێگومان ئەم بۆچوونەیان ڕەنگدانەوەی ترسە لە پەرتبوونی زیاتری نیشتمانی عەرەب زیاتر لەوەی دژایەتی خواستە ڕەواکانی کەمینەکان بکات.

بەڵام عەبدولڕەحمان عەزام پاشا، کە یەکەم ئەمیندار گشتیی کۆمکاری دەوڵەتە عەرەبییەکانە، واقیعی کورد بە شێوەیەکی دروست و هۆشیارانە شیکردووەتەوە، کە دەڵێت:

"دووەم شت کە لە عێراقدا پارێزی لێ بکەین، تایبەتە بە برایانی کورد، لێرەدا هەست بە پاڵنەرێکی سەیر دەکەم وام لێ دەکات خۆشەویستیم بۆ کورد کە هاوشێوەی خۆشەویستیمە بۆ عەرەب نەشارمەوە،

---

(1) يحيى الجمل، العامية والقومية، القاهرة، مطبعة جامعة القاهرة،١٩٦٧، ص ١١ ـ ١٢.
(2) ميشيل عفلق، في سبيل البعث، مصدر سابق، ص ٢٧٤.
(3) السيد عبدالمنعم المراكبي، حرب الخليج الثانية، مصدر سابق، ص ١٧٥.
(4) عصمت سيف الدولة، نظرية الثورة العربية، ملطقات، بيروت، دار المسيرة، ١٩٧٩، ص ٢٣٢.

تەنانەت ناتوانم بڵێم کام هەستیان بەهێزترە، چونکە کورد نەتەوەیەکی هێندە دڵسۆزن، ناشێت ببنە مایەی ئازار، بۆیە نابێت وابزانن بانگەوازکردن بۆ یەکێتی عەرەب لە قازانجیان نییە، ئەوان لە هەموو سەردەمێکدا بەرگرییان لە ئیسلام کردووە و لە تەوژمە بەهێزەکانیان پاراستووە و، دەزانن ئیسلام شانازی بە ئومەتی عەرەبییەوە دەکات، چونکە باشترین خەڵک و پشتیوانانی ئەم ئاینەی لە چوارچێوەیەکدا لەخۆ گرتووە. خەونەکانی عێراق یان پاشەڕۆژی عێراق نابێت لەسەر حسێبی کورد فراوان بکرێت، بەڵکە ئومەتی عەرەب بژاردەکە بۆ کورد جێدەهێڵێت لە یەکگرتن لەگەڵیدا یان هەرکات ویستیان بەبێ زیان و ئیحراجییەک سەربەخۆ بن، بۆیە نابێت لە عێراقدا کێشەی کورد دروست ببێت. ئەوان لە هەموو چاخێکدا لە دەوڵەتی عەرەبیدا پێش سەلاحەدین و دواتریش سەرکردە و فەرماندە بوون و، بانگەوازیان بۆ خواپەرستی کردووە پشتیوانانی عەرەب بوون[1].

بەڵام کلۆفیس مەقسود، نوێنەری کۆمکاری عەرەبی لە بەغدا ساڵی ١٩٦١، لە ڕوانگەیدا بۆ ئەم بابەتە پەرگیر بووە. ئەو، لە ڕۆژنامەی شۆڕشی عەرەبیدا گوتارێکی نووسی هەرایەکی لە ناوەندە سیاسییەکەدا نایەوە، کە ڕاشکاوانە بانگەوازی بۆ بنەمای "تواندنەوەی کەمە نەتەوەییەکان" کرد.

دکتۆر کلۆفیس تاکی عەرەب بەم شێوەی خوارەوە پێناسە دەکات: "تاکی عەرەب کەسێکە سەر بە نیشتمانی عەرەبییە وەک گشت"، پاشان دەڵێت "بەڵام ئەوەی لە ڕووی دیرۆکەوە سەر بە ڕەچەڵەکی کوردە... و لە یەکێک لە پارچەکانی زێدی عەرەبیدا نیشتەجێ بووە، ئەوە بە حوکمی واقیع عەرەبە". ڕەنگە کەسێک بڵێت ئەم پێناسەیە بەو واتایە دێت کە بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب هەوڵ دەدات بۆ تواندنەوەی ئەو کەمینانە، دواتریش لێسەندنەوەی مافەکانیان و دەرکردنیان لە بنەمای مافی چارەی خۆنووسین... نابێت مل بدەین بۆ چارەی خۆنووسینی ئەم کەمینانە، چونکە ئەمە واتە داننانمان بەوەدا کە دەکرێت چەند کەلێنێکی نەتەوەیی یان ئاینی لە نیشتمانماندا دروست بن... ئێمە نموونەیەک دەدۆزینەوە کە هەندێک ڕەگەز لە عێراقدا هەوڵ دەدەن ڕوانگەی جیابوونەوە بەهێز بکەن و، بانگەواز بۆ نەتەوەیەکی سەربەخۆ بکەن، پێویستە کەمینەکان ئامادە بن خۆیان بدەنە پاڵ نەتەوەی زۆرینە... ڕەنگە بگوترێت هەندێک لە کەمینەکان لە ناوچەگەلی جوگرافیی تایبەت بە خۆیان دەژین و ئەم دۆخە هەل بۆ ئەم کەمینانە دەڕەخسێنێت لەسەر خاکی عەرەبی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ئەم بۆچوونە لە ڕواڵەتدا دادگەرانە دەردەکەوێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا پێچەوانەی دادگەریی ڕاستەقینەیە، چونکە دان بەوەدا دەنێت بانگەشەی جیابوونەوە لەلایەن کەمینەکان خۆیانەوە پشتگیریی گشتگیر بکرێت. ئەمەیش ڕاست نییە، چونکە هەندێک لە کەمینەکان بڕوایان بە جیابوونەوە نییە و ئامادەن لەو نەتەوەدا کە پێوەی

---

(1) عدنان المفتي، الحوار العربي الكردي، القاهرة، مدبولي، ١٩٩٩، ص ٣٦.

پێوەستن بتوێنەوە. بۆیە دانان بە مافی جیابوونەوەیدا پاش چەند نەوەیەک لە نیشتەجێبوونیان، هاندانی ڕەوتی دەمارگیرییە لای کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان". پاشان مەقسود دەڵێت:

"سەبارەت بەو کەمینانەی بە هۆکارگەلی مێژوویی لە زێدی ئێمەدا نیشتەجێ بوون، بەڵام وەک پێویست نەتواونەتەوە، ئەوە هۆکارەکانی وجودیان هیچ دوودڵییەک لای ئێمەی عەرەبی زۆرینە پەیدا ناکات بۆ قایلبوون بە تواندنەوەیان لە کوورەی نەتەوەی عەرەبدا، ڕەنگە بگوترێت هەندێک لەو دەستانە بیرۆکەی جودابوونەوەیان هەیە و تەوژمگەلی نەتەوەیی ڕەگەزپەرست شک دەبەن کە هەوڵ دەدەن لەمپەر لەبەردەم کردەوەی تواندنەوەدا دابنێن، لەم بارەدا دەبێت لە سەرکردەکانیان، کە چەواشەکاری کارامەن، خۆش نەبین.

بۆیە ئەو هەرایەی ئەم ڕەگەزانە دەینێنەوە، ئەوە ناگەیەنێت ئەمان نوێنەری زۆرینەی ئەو دەستانەن کە ڕێگە بە خۆیان دەدەن بە ناویانەوە قسە دەکەن یان گوزارشت لە خەونەکانیان دەکەن، گریمان وەهایش بێت و زۆرینەی ئەو دەستانە بن، ئەمە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو دەبێت، بەڵام ناکرێت ببنە تەوژمێک بۆ پاشەڕۆژ.

بێگومان نەوەی نوێ لەم کەمینانەدا لە کوورەی نەتەوەی نوێدا دەتوێنەوە، سەرباری ئەوەی کردەی تواندنەوە بەو خێرایییە نییە کە دەبێت ببێت، گەر جووڵەی تواندنەوە لە (واقیعی نەتەوەیی)دا لەسەرخۆ بەڕێوە دەچێت، ئەمە بەو واتایە نایەت کە دەبێت بزووتنەوەی نەتەوەیی مل بۆ ئەو دوودڵییە بدات کە هەندێک لەو کەمینانە بۆ توانەوە دەری دەبڕن"[1].

هەروەها لە بنەڕەتە تیۆرییە بەعسییەکاندا بۆ چارەسەری نەتەوەی کورد، میشێل عەفلەقی دامەزرێن و تیۆرزانی بەعس دەڵێت:

"بێگومان حزب لە ڕووی بنەماوە لاری لە مافی کورد نییە لەوەی جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەرییان هەبێت"، هەروەها دەڵێت "ماوەی چەند سەدەیە کورد هاووڵاتی عەرەب و موسوڵمانن، زۆربەیان لە عەرەبی موسوڵمان جیاوازیی لە نێوانیاندا نابینیتەوە، هەروەها ناشێت هاودژییەک لە نێوان شۆڕشی عەرەبی و بزووتنەوەی نیشتمانی کورددا هەبێت، بۆیە بزووتنەوەی نیشتمانی کورد بەشێکی شەرعی و ڕەسەنە لە شۆڕشی عەرەبی دژ بە داگیرکار و سەربەخۆیی چینایەتی و دواکەتن و دابەشکردن"[2].

بەڵام ئەحمەد بن بلا خەباتگێڕی جەزائیری و یەکەم سەرۆک کۆماری جەزائیر دەڵێت "بێگومان دۆزی کورد کە لە پێناو ڕزگاری و پێشکەوتن و دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا خەبات دەکات، شیاوی هەموو سۆز و پشتگیرییەکە لە هێزە عەرەبییە ئیسلامییەکانەوە، تاکو ئەم خەباتە بە بەشێک لە خەباتی گەلانی

---

(١) جريدة الثورة، بغداد/ العدد ٥٥٥ في ١٩٦١/٢/١٧.

(٢) ميشيل عفلق، نقطة لبداية، المسألة الكردية والثورة العربية، مصدر سابق، ص ١٢٣.

ئیسلامی دژ بە ئیمپریالیزم و هەژموونی بیانی و لە پێناو قوتاربووندا لە کۆیلایەتی ڕۆژئاوا و ڕۆنانی جیهانێکی نوێدا، مێنێنەوە"[1].

هەرچی تالیب شەبیبی سەرکردەی باڵای نەتەوەیی حزبی بەعس لەبارەی پشێویی لە فیکری بەعسدا بەرامبەر بە کورد دەڵێت:

"تێگەیشتن لە مەوقیفی تەوژمی نەتەوەیی و بەعس بەتایبەت، بەرامبەر بەم کێشەیە، سەختە، تێگەیشتنی گشتیمان بۆ کورد ئەوەبوو کە ئەوان نەتەوەیەکن ئاوارەی خاکی عەرەبن، هاتوون لە وڵاتی عەرەبدا ببنە میوان، کەچی ڕاستییەکە وانەبوو، کورد وەکو ئەرمەن و تورک نەبوون کە ناچار بن بێنە سەر خاکی عێراق و تێیدا بژین، چونکە کورد نەتەوەیەکی ڕەسەنە لە بوونی لە عێراقدا، زۆر دەمێک پێش عوسمانییەکان ژیاون، بگرە پێش هاتنی عەرەب بۆ عێراق"[2].

هانی فەکیکی کە ئەندامێکی تری سەرکردایەتی بەعس بوو لەم بارەیەوە دەڵێت:

"نە لە کەلەپووری فیکری و سیاسیی حزبدا، نە لە ئەدەبیاتی هزری نەتەوەییدا شتیک هەیە بە ناوی گرنگیدان و دانان بە پرسی نەتەوەکان و کەمینە ڕەگەزی و ئاینی و مەزهەبییەکان، بیرم نایەت بۆچوونێک یان توێژینەوەیەکی حزبیم لەسەر کورد خوێندبێتەوە"[3].

دێینەوە سەر بۆچوونە میسرییە نێوەندگیرەکە لەسەر پەیوەندیی نێوان کورد عەرەب، ئەحمەد بەهائەدین لە گوتارێکیدا لە گۆڤاری المصور بە ناونیشانی "ڕەتدانەوەی عەرەب و کورد بۆ ئیسرائیل"، لەبارەی ڕێککەوتنی عەرەب و کورد لە ئاداری ١٩٧٠ دەڵێت:

"ئەم نەتەوە ئازیزە چەندین سەدەیە تێکەڵ بە عەرەبە و لە کەلەپووری عەرەبی ئیسلامیدا بەشداریی فەرهەنگی و هونەری و سەربازی و مادیی کردووە، ئاخۆ سەلاحەدین کورد نەبوو؟ ئەم نەتەوە ئازیزە تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو بۆ نەتەوەی عەرەب کە شێوازێکی هاوچەرخ بدۆزێتەوە و بەو شێوازە لە چوارچێوەیەکدا لەگەڵی بژی، چوارچێوەیەکی ئازاد و داهێنەرانە نەک تەسک و خنکێنەر"[4]. ڕاستییەکەی کە لەگەڵ کەوتنی ئیمپراتۆریەتیی عوسمانیدا عەرەب ڕاپەڕین، لە ڕاپەڕینەکەیاندا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، لەسەر هەمان مێژووی ئەورووپا لە سەدەی هەژدەدا، ڕۆیشتن، بە شێوەیەک ئەم دەوڵەتە بە دواکەوتنێکی زۆرەوە دەستی پێکرد و بوونی ڕەگەزە ناعەرەبەکانی لە نیشتمانی عەرەبدا پشتگوێ خست. لێرەدا نەهامەتی ناعەرەبەکان دەستی پێکرد، بەتایبەت ئەوانەی هاووڵاتی تەواو بوون، هەروەها چونکە دەوڵەتی نەتەوەیی ئەوەندەی بەسە تەرکیز لەسەر تاکە کەسی حوکمڕان بکات، کە

---

([1]) جلال الطالباني، الحوار العربي الكردي، مدبولي، ١٩٩٩، ص ٢٧.
([2]) علي كريم سعيد، عراق ٨ شباط ١٩٦٣، مصدر سابق، ص ٢٤٧.
([3]) هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة، مصدر سابق، ص ٢٩٤.
([4]) مجلة المصور، القاهرە، نيسان ١٩٧٠.

نوێنەرایەتی گەل و خاک و هزر و نەتەوە بکات و ئەوەی لە قسەی دەربچێت ناپاکی لە وڵات و نەتەوە و عەرەبایەتییەکەی کردووە.

دوای ئەوەی لە فیکری نەتەوایەتی عەرەب بەرامبەر بە کورد ئاگادار بووین، لاپەڕەی نووسراو و لێدوانەکانی سەکردەگەلی کورد هەڵدەدەینەوە، تا بۆچوونیان لەمەڕ پێگەی کورد لەناو عەرەبدا بزانین.

لێدوانەکانی کورد لەبارەی عەرەب و پەیوەندییە هاوبەشەکانەوە، زیاتر لە سەندنەوەی سڵاو دەچن باشتر لە سڵاوەکە، مەلا مستەفای بارزانی دەڵێت: "ئێمە شانازی بە براگەلی عەرەبمانەوە دەکەین و بە پلەی یەکەم ڕوو لەو خەڵکە بیردروستە دەکەین کە پەی بە ڕاستی دەبەن، لە برا عەرەبەکان دەخوازین بە شێوەیەکی دروست وەرچەرخانەکانی حکوومەت بزانن، ئەو سیاسەتەی زیان بە هەموو گەلی عێراق بە عەرەب و کوردەوە دەگەیەنێت...، دەبێت برا**کانمان بزانن دوژمنایەتی لە نێوانماندا نییە**"[1].

لە ساڵی ١٩٣٧، نامیلکەیەک بە ناونیشانی کورد و عەرەب کە هیی تیمێک لە لاوانی کورد بوو پەخش کرا، تێیدا هاتووە کە:

"گەلی کوردیش هەروەک گەلی عەرەب دابەشکراو و پەرتەوازەیە، شۆڕشەکانی **کوردیش هاوشێوەی** شۆڕشەکانی عەرەب بەرهەمی هەستێکی گشتیی نەتەوەیەکی زیندووە..، ئێمە دەمانەوێت بە یەکسانی ڕەوتارمان لەگەڵ بکرێت، نە دەمانەوێت سەردار بین نە کۆیلە. کوردیش وەک برا عەرەبەکانیان گەرەکیانە لە پەیوەندی ژێردەستەیی و کۆیلایەتی ڕزگاریان بێت.. دەیانەوێت زمان و کولتوور و نەتەوەی خۆیان هەبن"[2].

هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە بزووتنەوەی ئاداری ١٩٤١، کاردانەوەیەک بوو بۆ هەڵوێستی ئەو ئەفسەرە عەرەبانەی بیرۆکەیەکی خراپیان لەسەر هەندێک لە ئەفسەرە کوردە نەتەوەپەروەرەکان دروست کردبوو، هەروەک بەرامبەر بەکر سدقی و ڕوانگە نەتەوەییە سیاسییەکانی کردیان[3]، کە وایان دەزای ئەفسەرانی کورد بۆ نەتەوەکەیان دەمارگیرن، بۆیە پەرچەکرداری لایەنی کوردی بوو بەرامبەر بەو ئەفسەرانە، وەک نوری شاوەیس گوزارشتی لێ کردووە "ئەوانە خاوەن بیرێکی نەتەوەیی مرۆڤانە نەبوون تا مافی نەتەوەکانی تر بپارێزن و ڕێزیان لێ بگرن، زیاتر لە **بیری ئایدۆلۆژیایی نازییەوە** نزیک بوون"[4].

وەک نموونەی پێداگریی بارزانی لەسەر دروستکردنی پەیوەندیی باش لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیدا، ئەوە بوو عەزیز شەریفی کەسایەتیی چەپی عەرەبی ناسراوی ڕاسپارد لە بری ئەو لەگەڵ سەرۆکە عەرەبەکاندا قسە بکات بۆ دروستکردنی ئەو پەیوەندییانە، تەنانەت کاغەزی سپیشی بۆ واژۆ کرد لەپێناو

---

(1) رجائي فايد، الحوار العربي الكردي، مدبولي، القاهرة، ١٩٩٩، ص ١٢٩.

(2) عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج٤، بغداد، دار الرافدين، ٢٠٠٨، ص ٣٠٢.

(3) محمود الدرة، حياة عراقي من وراء البوابة السوداء، مصدر سابق، ص ١٢٧.

(4) نوري شاويس، من مذكراتي، مصدر سابق، ص ٤٦.

هاوپەیمانی و لێکتێگەیشتن و هاوکاری لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا، بەڵام هەوڵەکانی بەرهەمێکی وایان نەبوو شیاوی باسکردن بێت[١].

لە یاداشتێکدا لەسەر کێشەی کورد کە بۆ کۆنگرەی هزری قاهیرە بەرز کرابووەوە، شەوکەت عەقراوی نوێنەری شۆڕشی کورد لە قاهیرە لە ٥ی نیسانی ١٩٦٥ پێشکەشی کرد یاداشتەکە بە بڕگەیەکی مەلا مستەفا دەست پێدەکات کە دەڵێت:

"بێگومان من دژایەتی گەلی عێراقم نەکردووە و نایکەم، کە خۆم لەوانم، بەڵکو بە گژ داگیرکار و دواکەوتوویی ستەمکاردا کە لە مژینی خوێنی نەوەکانی گەلەکەمدا بەشدارە و بێڕێزی بە نیشتمانە پیرۆزەکەم دەکات، چوومەتەوە و دەچم.. من بە یەکسانی بانگ لە هەردوو گەلی کورد و عەرەب دەکەم یەکبگرن و هەوڵەکانیان یەکبخەن و یەکخەبات بن دژ بە دوژمنی هاوبەش، کە داگیرکار و پاشکۆکانیەتی"[٢].

لە ٢ی حوزەیرانی ١٩٦٧، شاندێکی فەرمی گەورە هاتنە بارەگای بارزانی لە گەڵاڵە[٣] و، داوایان کرد لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی عێراقدا دژ بە ئیسرائیل، هێزە کوردییەکان جووڵانەوەی سەربازی ئەنجام نەدەن، بارزانیش دڵنیای کردنەوە و گوتی "ئەرخەیان بن کە پێشمەرگە دژ بە سوپای عێراق هیچ کارێک ناکەن"[٤]. کاتێکیش ئیسرائیل لە ٥ی حوزەیرانی ١٩٦٧ شەڕی دژ بە دەوڵەتانی عەرەب دەست پێکرد، بارزانی بروسکەیەکی بۆ عەبدولڕەحمان عارف نارد و پشتگیریی خۆی بۆ حکوومەت و مافەکانی گەلی فەلەستین ڕاگەیاند[٥]. نامەیەکیشی بۆ عەبدولناسر نارد و تێیدا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ناردنی یەکێک لە کوڕەکانی بە سەرۆکایەتی چەند هەزار پێشمەرگەیەک بۆ بەشداریکردن شانبەشانی عەرەب لە شەڕەکەدا[٦].

وەک سەرنجێک لەسەر شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە ١٩٧٣، ڕۆژنامەی التآخي زمانحاڵی پارتی نووسی:

"ئەم دەستدرێژییەی دوایی جارێکی تر جەخت لەو ڕاستییە دەکاتەوە کە ئیسرائیل دەوڵەتێکی داگیرکار بووە و هەیە، مەبەست لێی پاراستنی بەرژەوەندییە ئیمپریالیستییەکانە لە ناوچەدا... ئەم شەڕەی ئێستا جارێکی دی بۆی دەرخستین گەلی کورد لە نەهامەتی و ئاسایشی گەلی عەرەبدا بەشدار بووە و

(١) عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى البارزاني مصدر سابق، ص ٤٨.
(٢) نبيل زكي، الأكراد، مصدر سابق، ص ٨٦.
(٣) شلومو نكديمون، الموساد في العراق ودول الجوار، مصدر سابق، ص ١٩٢.
(٤) المصدر نفسه، ص ١٩٥.
(٥) جريدة الجمهورية، بغداد، العدد ٢١٧، في ٦ يونيو ١٩٦٧؛ جريدة التآخي، بغداد العدد ٣٩، في ٦ يونيو ١٩٦٧.
(٦) مسعود البارزاني، ج٣، مصدر سابق، ص ١٩٣.

دەبێت و، وێنەکانی یەکگرتن پێشکەش دەکات، گەلی کورد وەک نەتەوەی دووەم لە عێراقدا ئەرکی خۆی لە ئاست داخوازییەکانی شەڕەکەدا بەجێ دەگەیەنێت"[1].

ڕۆژنامەکە لە گوتارێکی تردا نوسیی: "ئێمە جارێکی دی لەلایەن خۆمانەوە جەخت لەوە دەکەینەوە کە لە پارتیدا، کە لە هەموو دۆخێکدا هەست بە بەرپرسیارێتیی تەواو دەکات و بەردەوامیش هەوڵی بۆ ئەوە داوە ئەو هۆکارانە نەهێڵێت کە دەبنە هۆی پەرتکردنی یەکێتی نیشتمان... بێگومان حزب و بزووتنەوەی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی بارزانی، ئەو هەوڵوێستە دەگرنەبەر کە لەگەڵ ڕەوشەکانی نیشتماندا هاوئاهەنگن، سەرجەم ناکۆکییەکان بەلاوە دەنێن و، بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتیان لەپێش چاوە"[2].

## هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە هەوڵەکانی عەرەب بۆ یەکپارچەیی

کورد هەر لە سەرەتاوە دژ بە پرۆژەکانی یەکێتی و یەکگرتنی عەرەب نەوستان و بەرهەڵستییان نەکرد، بۆیە بە ڕاگەیاندنی یەکێتی میسر و سوریا قایل بوون. کورد جۆرێک لە پەیوەندی لەگەڵ سوریادا دروست کرد، بەتایبەت لە سوریادا کەمینەیەکی کورد هەن[3]، سەرەڕای پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخراوە حزبی و فەرمیەکان لە میسر و سوریادا. ساڵی ١٩٥٧، پاش ڕاگەیاندنی یەکێتی میسر و سوریا، شاندێکی پارتی، دانوستانی لەگەڵ هەندێک لە بەرپرسانی سوریادا، لەوانە ئەکرەم حۆرانی و عەبدولحەمید سەڕاج، ئەنجامدا و کورد پشتگیریی لێکردن[4]. ئەمە لە کاتێکدا بوو کورد خۆی دەیویست پاڵپشتیی بۆ حوکمی یەکێتیەکە بۆ کێشەی کورد دەست بخات.

نوری شاوەیس، یەکێک لە سەرکردەکانی پارتی دەڵێت:

"هەوڵمان دەدا پشتگیریی جەمال عەبدولناسر بۆ کێشەی کورد بەدەست بهێنین و خۆمان بۆ بزووتنەوەیکی چەکداریی لە کوردستانی عێراق دژ بە حوکمی پاشایەتی ئامادە بکەین، بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆی نیشتمانی کە دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا بنێت"[5].

---

(١) جريدة التآخي، بغداد، ٨ اكتوبر ١٩٧٣.

(٢) جريدة التآخي، ٢٠ اكتوبر ١٩٧٣.

(٣) سعد ناجي، الأقليات الكوردية في سوريا، جامعة بغداد، كلية العلوم السياسية، بغداد، مركز الدراسات العالم الثالث، ١٩٨٨، ص ٦.

(٤) جلال الطالباني، الدكتور الأتاسي والقضية الكردية، منشورات الاعلام المركزي للاتحاد الوطني الكوردستاني، مطبعة الشهيد.

(٥) نوري شاويس، من مذكراتي، مصدر سابق، ص ٦٨: جليل الاورفلي، لمحات من تاريخ وزير سابق، بيروت، مكتبة الحياة، ١٩٧١، ص ١٤١.

سەبارەت بە هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە یەکگرتنی عەرەبی هاشمی لە نێوان عێراق و ئوردونتدا، پرۆژەکە چەند هەستێکی لە ناوەندەکانی کورددا ورووژاند، کورد شاندێکی بۆ چاوکەوتن بە بەرپرسان بۆ بەغدا ڕەوانە کرد، داوایان کرد لە باری یەکگرتندا مافەکانی کورد پێشێل نەکرێن[١].

سەبارەت بە هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە پرۆژەی یەکگرتنی سێقۆڵی لە نێوان میسر و سوریا و عێراقدا لە ١٩٦٣، شاندی کورد یاداشتێکی پێشکەش بە کۆبوونەوانان کرد تێیدا هاتووە: "ڕوونی دەکەینەوە کە گەلی کورد ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕووی ویستی گەلی عەرەبدا لە جۆری ئەو پەیوەندییەی لە نێوان بەش و حکوومەتەکانیدا دایان دەمەزرێنێت ناوەستێت، مایەی شانازی گەلی کوردە لە ئاسانکاری لە پرسی دروستکردنی هەر جۆر و قەبارەیەکی پەیوەندی نێوان بەشەکانی نیشتمانی عەرەبدا بەگشتی و دەوڵەتە عەرەبییە ئازادەکانیش بەتایبەت، بەشدار بێت، بە بەلاوەنانی هەر کێشەیەک و نەبوونی هیچ بەرهەڵستییەک، بۆچوونی خۆمان بەم شێوەیە پوخت دەکەینەوە:

**یەکەم:** گەر عێراق بەبێ گۆڕانکاری لە قەوارەکەیدا مایەوە، داواکاریی کورد لە عێراقدا لە جێبەجێکردنی ئەو بەیاننامەدا کورت دەبێتەوە کە کۆماری عێراق لەبارەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردەوە لەسەر بنەمای لامەرکەزی دەری کردووە.

**دووەم:** لە حاڵەتێکدا عێراق بچێتە نێو یەکێتیەکی فیدراڵییەوە لەگەڵ میسر و سوریادا، دەبێت دان بە مافی خۆبەڕێوەبەری کورددا لە کوردستانی عێراق بنرێت.

**سێیەم:** لە حاڵەتێکدا عێراق بچێتە نێو یەکگرتنێکی پێکبەستەی عەرەبییەوە، دەبێت دان بە کوردستان وەک هەرێمێکی چوارەم لە یەکگرتنەکەدا بنرێت"[٢].

سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی سیاسیی یەکگرتوو لە عێراق و کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لە ١٩٦٦، بە ئامانجی هاوئاهەنگکردنی ڕێکارەکانی یەکگرتنی نێوان هەردوو وڵات، سەرنجی خەبات ئەوە بوو:

"بێگومان کورد بەرهەڵستیی هەر شێوەیەکی پەیوەندی لە نێوان عێراق و دەوڵەتانی عەرەبیدا بە تاک یا کۆمەڵ ناکات، چونکە ئەوە مافێکی ڕەوای عەرەبە و پیادەکردنی مافی خۆیانە لە دیاریکردنی چارەنووسدا... ئەم ڕاستییانە پێچەوانەی مافی نەتەوەی کورد نین لە ڕوونکردنەوەی دیدگەی خۆی لەبارەی ئەوەی پێوەستە بە گەلی کوردەوە لەم باسەدا"[٣].

(١) جعفر حميدي، مصدر سابق، ص ٢٦١.

(٢) جلال الطالباني، الدكتور الأتاسي والقضية الكردية، مصدر سابق، ص ٢٧.

(٣) جريدة خەبات العدد ٤٩٣، في ديسمبر ١٩٦٦.

**بەکورتی:**

بێگومان بوونی کەمینەکان وەک کێشەیەک، پێچەوانەی بوونی دەوڵەتێکی یەکێتی نیشتمانیە، کە لە بنەڕەتدا بەندە بە کێشەی جۆری پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە، کە دەبێ گوزارشتی لێبکات. چەندە دەوڵەت مۆرکی نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان کە پێکیانهێناوە لەدەست بدات، ئەوەندەیش ئەو کۆمەڵە بێنوێنەرانە، لە هەوڵدانیاندا بۆ دروستکردنی قەوارە و ڕێکخراوەگەلی تایبەت بە خۆیان، دەبنە مایەی بێزاری بۆ دەوڵەت، ئەمەیش لە عێراقدا بە درێژایی مێژووی پەیوەندی نێوان کورد و دەسەڵاتی بەغدا ڕووی داوە. کێشەکە نەبوونی دیموکراسی و گوزارشتکردنی دەسەڵاتە لە بنکەی ڕاستەقینەی جەماوەری، هەروەها بیری ڕێبەرانی یەکەمی بیری نەتەوایەتیی عەرەب هەر لە ساتع حوسرییەوە تا هاوچەرخەکان، ئیتر بەعسی بووبن یان ناسری یان نەتەوەپەرستانی عەرەب، جەخت لەوە دەکەنەوە کە نیشتمانی عەرەب لە زاگرۆسەوە دەست پێدەکات تا زەریای ئەتڵەسی و، ئەم خاکە تەنیا موڵکی عەرەبە. لەبەر ئەمەیە سیاسەتەکانی پووکاندنەوە و تواندنەوە و ڕاوەدوونان پیادە دەکەن و بە کەرەستەگەلی ڕەوایان دادەنێن لە ڕەوتارکردن لەگەڵ کورد و کەمینەکانی تردا، بە شێوەیەک کەمبوونەوەی خاکی عەرەب و قەبووڵکردنی جیاوازییەکان ڕێگرن نین لە بەردەم یەکێتی عەرەبیدا.

## دواگوته

بێگومان بوونی کەمینەکان وەک کێشەیەک، پێچەوانەی بوونی دەوڵەتێکی یەکێتی نیشتمانیە، کە لە بنەڕەتدا بەندە بە کێشەی جۆری پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە، کە دەبوو گوزارشتی لێبکات. چەندە دەوڵەت مۆرکی نوێنەرایەتیکردنی ڕاستەقینەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان کە پێکیانهێناوە لەدەست بدات، ئەوەندەیش ئەو کۆمەڵە بێنوێنەرانە، لە هەوڵداتیاندا بۆ دروستکردنی قەوارە و ڕێکخراوەگەلی تایبەت بە خۆیان، دەبنە مایەی بێزاریی بۆ دەوڵەت.

بزووتنەوەی نەتەوەیی ـ ڕزگاریخواز لە کوردستانی عێراقدا، بە سروشتێکی درێژ و توند دەناسرێتەوە و، لاوازی و هەستانەوەکانی پێشکەش دەکات، ئاکامی سیاسەتی ڕژێمگەلی حوکمڕان لە پرسی کورد و هەڵوێستی دەوڵەتانی ناوچەکە و دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆژئاوایە. هەروەها تەرازووی هێزە کۆمەڵایەتییە چینایەتییەکان لە بزووتنەوەی کورددا، کۆمەڵێک لایەنی تریش، مادەیەکی دەوڵەمەندن بۆ تێڕامان و ئەنجامگیری و ئاوتوێکردن.

لە سایەی ئەم جۆرە پرسیارکردنەدا، ئەنجامگیرییەک بە مێشکدا دێت کە بریتییە لەوەی چارەسەرنەکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد، ئاکامی سیاسەتەکانی ناوەندە بۆرژوازییە ـ شۆڤێنییەکانە لە عێراق و دەوڵەتانی دراوسێدا، کە لەم بارەیەوە دەستی کۆمەڵێک دەوڵەتی دنیایان لەپشتە. تیژی و ئاڵۆزیی پرسی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و نزیکدا ڕوونن، ئەم ئاراستەیە کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فراوانخوازیی عەرەبی ـ ئیسلامی و بۆ شاڵاوەکانی تورکی ـ مەغۆلی، لە چاخی ئیمپریالیزمیشدا پتر ئاڵۆزکا.

بێگومان بوونی کێشەیەکی نەتەوایەتی کوردی چارەسەرنەکراو لە عێراقدا، بە چاوپۆشین لە پلەی تیژییەکەی، ڕۆڵێکی نێگەتیڤی بینیوە و بواری نەداوە بە ئەنجامدانی ئەرکە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بە هەموو چالاکییەوە، بیانوویەکیش بووە بە دەستی دەوڵەتە داگیرکەرە مەزنەکانەوە بۆ دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی وڵات. گومان لەوەدا نییە ململانێی نەتەوەیی لەمپەر لە ڕێی دیموکراسیبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە وڵاتدا دادەنێت.

لێرەدا بە شێوەیەکی خۆنەویستانە بیرۆکەیەکمان بە بیردا دێت لە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی عێراقدا، کە لەبارەی پرسی کوردەوە لە ساڵی ١٩٦٢دا هاتووە.

کۆمیتەی ناوەندیی حزبی شیوعی عێراق، لە کاتێکدا وەڵامی ناوەندە بۆرژوازی و نەتەوەییەکانی دەدایەوە، کە دەیانگوت پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد دەبێتە هۆی لاوازکردنی پێگەی عێراق، جەختی لەوە کردەوە کە نەبوونی حوکمی زاتی دەبێتە هۆی لاوازکردنی عێراق.

نزیکبوونەوەی هێزە نەتەوەیی و دیموکراسییە کوردییەکان، لە بزووتنەوەی دیموکراسی عەرەبی، یەکێک بوو لە گرنگترین ئەنجامەکانی خەبات، کە کورد لە عێراقدا بە درێژایی تێیدا ڕۆچوو، گوزاشتکردنیش

لەم دیاردە ناوازەیە بریتیبوو لە باوەڕی باو لای خەباتگێڕانی کورد لە ڕێگەی مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکانیاندا، بەوەی بەدەستهێنانی مافی خۆبەڕێوەبەری، بە خەباتی هاوبەش لەگەڵ هێزە دیموکراسییە عەرەبییەکاندا و بەبێ دیموکراسی بە شێوەیەکی گشتی لە عێراقدا، ناکرێت.

هەروەک پرسی ئەگەری چارەسەری کێشەی نەتەوەیی کورد، لەسەر شێوەی ئۆتۆنۆمی بەتوندی بەندە پێوەی.

ئەزمونی خەباتی کوردی عێراق لەپێناو ئۆتۆنۆمیدا، بناغەی ئەنجامگیری ئەوە دەخاتە بەردەست کە لە نەبوونی سیستەمێکی دیموکراسی لە وڵاتدا بە شێوەیەکی گشتی، ئەوە بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەری نەتەوەیی ڕێی تێناچێت، ئەمەیش بەندە بە چالاکی ئەو دروشمەوە کە گوزارشت لەم بیرۆکەیە دەکات، کە خەباتی هێزە نەتەوەیی و دیموکراتە کوردییەکان بە سایەیدا دەڕۆن.

ئاکامە گرنگەکەی تری خەباتی کورد لە پێناو مافە نەتەوەییەکاندا، بریتییە لە مۆرکە ڕادیکاڵەکەی، چونکە خەباتی دوورودرێژ بووە مایەی گەشەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بەشداریکەران تێیدا، ئەوەی لە بەڵگەنامەی پرۆگرامەکانی حزب و ڕێکخراوە نەتەوەیی و دیموکراسییە کوردییەکاندا دەربڕینێکی بۆ خۆی دۆزییەوە، نەک تەنیا لە پێشکەشکردنی ئامانج و دروشمە نەتەوەییەکانی دژ بە ئیمپریالیزمدا، بگرە گرنگترین پرسە کۆمەڵایەتییەکانیش.

گومان لەوەدا نییە کە گرنگترین قۆناغ لە مێژووی دۆزی نەتەوەیی کورد لە عێراقدا، ڕاگەیاندنی فەرمی ئۆتۆنۆمی گەلی کوردە لە کۆماری عێراقدا، کە بۆ یەکەمجار لە دەوڵەتێکدا کە کورد تێیدا دەژی، بەفەرمی دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا درا. دیرۆکی کۆششی کورد بۆ مافە نەتەوەیی و دیموکراسییەکان، بە تەواوی سەلماندی هەموو هەوڵەکانی چارەسەری کێشەی کورد بەتۆپزی، ئەنجامەکەی شکستێکی گەورەیە. ڕووداوەکانی وەک مەودای فراوانبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دیموکراسیی کورد و ڕێکخستن و ئامانج و ئەرکە ئاشکراکانی، سەلماندوویانە کە ئەم بزاوتە بەشێکە لە کۆی بزاوتی دیموکراسی لە عێراقدا و، پاڵپشتی مەعنەوی و سیاسیی هێزە شۆڕشگێڕییە پێشکەوتنخوازەکانی لەسەر ئاستی جیهان پێ گەیشتووە. بنەڕەتەکە وەڵامێکی پەسەندە بۆ پرسیارێک لەبارەی ئەو ئەنجامە باشەی خەباتی کوردەوە کە کوردی عێراق بە شێوەیەکی گشتی کردویانە، هەروەها گەیشتن بەو ئەنجامەی کە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتیی گەلی کورد یەدەگێکی گرنگی شۆڕشە لە هەردوو ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناویندا، ئیتر لە دۆخی ئێستادا بێت یان لە داهاتوودا.

دەبێت ئەوەیش لەبیر نەکەین کە مشتومڕە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و کودەتا بەردەوامەکان بەشدار بوون لە ئاڵۆزاندنی کێشەی کورددا، وێڕای ئەوەی هەندێک لە چارەسەرەکان لە سەرچاوەی دەسەڵاتەوە بەبێ گرەنتی یاسایی و دەستووی دەهاتن، بۆیە هەر زوو هەڵدەوەشانەوە.

هەروەها ڕۆڵی داگیرکەریش لە یاد نەکەین، کە بەسەر بڕیاری سیاسیدا لە عێراقدا زاڵە و درێژەکێشانی ناکۆکیی نێوان ڕۆڵەکانی گەلی عێراق لە قازانجی ئەودایە، بۆ مانەوەی خۆی لە ناوچەکەدا، بە تایبەت دوای دەرکەوتنی نەوت لەم ناوچەیەدا.

کورد بە درێژایی چوار سەدەی ڕابردوو، قوربانیی ململانێکانی نێوان تورک و فارس بوو و، خاکەکەی لە نێوانیاندا دابەش کرابوو، پاش جەنگی یەکەمی جیهانی و دابەشکردنی سیاسی ناوچەکە، کورد کرایە چوار پارچەوە.

لە سەردەمی پاشایەتیدا، دەستوری دەوڵەت هیچ ئاماژەیەکی بە مافەکانی کورد و کەمینەکانی تر تێدا نەبوو، بەڵکو ڕژێمی پاشایەتی بوونی نەتەوەی کوردی لەسەر خاکی عێراق ڕەتدەکردەوە و بە کەمینەیەکی وەک تورکمانی هەژمار دەکرد، بەڵام ڕژێمی کۆماری دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا نا و بە نەتەوەی دووەمی عێراقی دانا، بە تایبەتساڵی ١٩٦٨، کەچی ئەوەی لە دەستوری کاتیدا هاتبوو جێبەجێ نەکرا، واتە تەنیا داپێدانانەکە بوو.

لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ ڕێککەوتنێک لەلایەن عەبدولڕەحمانی سەرۆکوەزیرانەوە بۆ چارەسەری کێشەکە چاوی هەڵهێنا، بەڵام بە هۆی باڵادەستی کەسە سەربازییەکانەوە بەسەر دەسەڵاتدا، سەر نەکەوت.

ساڵی ١٩٧٠یش، حزبی بەعسی حوکمڕان لە عێراقدا دانی بە مافە نەتەوەییەکانی کورددا نا و ئۆتۆنۆمی پێدان، کەچی بە بۆچوونی کورد خەونەکانی بەدینەهێنان. کرۆکی کێشەکە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و کێشەی کەرکووک و سەرژمێریی دانیشتووان بوو کە ئەو ناوچانەی زۆرینەیان کوردن دەستنیشان دەکات.

گەر بگەڕێینەوە و بە قۆناغەکانی پەرەسەندنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا بچینەوە، دەبینین زۆربەی جووڵانەوە و ڕاپەڕینەکان لە بەردەم هێرشی ئەو دەوڵەتاندا کوردستانیان دابەش کردبوو خۆیان نەدەگرت و بە دەستگیرکردنی سەرکردەکانیان یان بە خۆبەدەستەوەدانیان یاخود بە تیرۆرکردنیان کۆتاییان دەهات، جگە لە بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی ناوچەی بارزان، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەستیان پێکرد و مەشخەڵی شۆڕشەکە بە دەستگیرکردنی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی (١٨٧٤ ـ ١٩١٤) و لەسێدارەدانی لە موسڵ لە کانونی یەکەمی دا١٩١٤، یان بە ڕادەستکردنی شێخ ئەحمەد (١٨٩٢ ـ ١٩٦٩) بە عێراق لەلایەن تورکیاوە و ناچارکردنی بە نیشتەجێبوون لە موسڵدا و پاشان دوورخستەوەی بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق، یان تەنانەت بە ڕۆیشتنی مەلا مستەفای ڕێبەری شۆڕشی نوێی کورد بۆ مەهاباد، نەکوژایەوە.

دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی بارزانی، دیاردەیەک بوو، گەر بە بزووتنەوەکانی تر کە پێشتر و لەو کاتەدا لە بارزان هەڵگیرسان گەورەتر و خوێناویتر بوو، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ:

یەکەم، هۆکاری خۆیەتی و ناوەکی و پەیوەستە بە سرووشتی یەکگرتوویی خێڵەکییانەی بارزانەوە کە شێخەکانی بارزان پێکیانهێنابوو، کە لە پەیوەندیی نەتەوەیی و یەکگرتوویی نێوان تاکەکانیدا و ئەو پەیوەندییە گیانییەی بە تەریقەتی نەقشبەندیی بارزانی دەبەستنەوە، ڕەنگی دابووەوە. بێگومان ئەم بنەماڵەیە دەرەبەگ نەبوون، تەنانەت ئاراستەیەکی دەرەبەگانەیشیان نەبوو.

بارزانییەکان بە تێپەڕبوونی کات، شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتی کوردیان لە باشووری کوردستان پێکهێنا و ناوچەی بارزان بوو بە شوێنێکی سەرەکیی بەرخودانی کورد.

دووەمیشیان بابەتییە، بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی بارزان هاوکات بوون لەگەڵ کۆمەڵە ڕووداوێکی جیهانیی هەرە هەستیاردا، کە کاریان لەسەر زۆربەی ناوچەکانی دنیا کرد، لەوانە:

کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ ـ ١٩١٨) و، نەمانی دەوڵەتی عوسمانی کە دوژمنی بارزانی بوو، پێشکەوتنە فەرهەنگی و سیاسییەکان کە بەردی بناغەی زانیاری و هۆشیاریی بە ڕووداوەکانی دەوڵەتانی دراوسێ و جیهان بەگشتی بوو، هەروەها شۆڕشی ڕوسیا و بانگەشەکانی لینینی ڕێبەری و بنەماکانی ویڵسنی سەرۆکی ئەمریکا لەمەڕ مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسیاندا، بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ هەر گەلێک، کاریگەریی گەورەیان لەسەر هەموو گەلانی چەوساوە هەبوو. هەروەها هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهان (١٩٣٩ ـ ١٩٤٥) و دواهاتەکانی لە ڕووخانی ئەڵمانیای نازی و ئیتالیای فاشی و ژاپۆن، دابەشبوونی جیهان بۆ دوو جەمسەری دژبەیەک، سەرهەڵدانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان لە زۆربەی جێگەکانی جیهاندا بە هاندان و پشتگیریکردنی جەمسەری یەکێتی سۆڤیێت، کاریگەرییان لەسەر سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گەلان لەوانەیش گەلی کورد هەبوو.

ئەم هۆکارانە تا ڕادەیەک کاریگەرییان هەبوو لەسەر بەردەوامی و مانەوەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی بارزان، بە تایبەت پاش تێکەڵبوونی پاڵنەری ئاینی و نەتەوەیی لە یەک کوورەدا، کە لە کۆتاییدا مەلا مستەفای سەرکردەیی مێژوویی لێهاتەبوون، بە دەرکەوتنیشی وەک ڕێبەرێکی نەتەوەیی، هۆشیاری نەتەوەیی لە نێو کورددا تەشەنەی کرد.

یەکەم کاری شۆڕش بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا، بریتیبوو لە گۆڕانی پەیوەندیی خێڵەکی بە پەیوەندیی هاووڵاتیبوون، بە جۆرێ کە خۆدانەپاڵ شۆڕش و نیشتمان جێگەی شانازیکردن بە عەشیرەتەوە بگرێتەوە. بەو ڕێنماییانەی شۆڕش بڵاویدەکردنەوە و ئەو بنەمایانەیەش ئەندامانی حزب بانگەوازیان بۆ دەکرد، کە واتاکانی نیشتمانپەروەرییان لە ناخدا چەسپاند و کۆمەڵێک چاکسازیی ڕیشەیی کۆمەڵایەتی بە دیهاتن، گرنگترینیان بڵاوبوونەوەی دادگەری و کەمبوونەوەی دەستدرێژی لە ئازادیی تاکدا و سەربەخۆییان لە پێناو ئاغا و شێخەکاندا، خۆشەویستیی و داکۆکیکردن بۆ ئەو سەرۆکانە بە پلەی یەکەم پشتی دەبەست بە گوێڕایەڵییان بۆ یاساکانی شۆڕش و کارکردنیان لەسەر بنەمای ئەو یاسایانە لەگەڵ خوارەوەی خۆیاندا. ئەوەیش بۆ شۆڕشی کورد تۆمار دەکرێت کە شۆڕشێکی پاکژ بوو و هیچ کاتێک

دانەبەزییە ئاستی نۆقاندن و بڵاوکردنەوەی ترس بە کردەوەگەلی دژ بە ڕێسا ئەخلاقییەکان و ڕۆحی یاسا، چ لە دەرەوەی عێراق و چ لە ناوەوە کارێکی تیرۆرستیی ئەنجام نەدا، لە کاتێکدا دەیتوانی ئەو کارانە بکات، بۆیە شۆڕش ڕێزێکی بە دەستهێنا بە دەگمەن شۆڕشێکی تر لە مێژوودا ڕێزی وای هەبێت.

گەر بە دیرۆکی کێشەی کورددا بچینەوە دوو ئاراستە بە دی دەکەین:

**ئاراستەی یەکەم:** کە چارەسەری سەربازی پەسەند دەکات، بنچینەی ئەم تەوژمە کە لە قوتابخانەی کلاسیکی نەتەوەییەوە هاتووە، دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک ڕەوتی لووتبەرزانە و نکۆڵیکردن لە مافەکانی گەلی کورد، کە هەندێک جار کاردانەوەیەکی تەسکبینانەیە لەلایەن هەندێک لە کورد و ئامادەیی بۆ بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ هێزگەلێکی دوژمندا لە ڕەوشێکی ئاڵۆزدا، بە هیوای گەیشتن بە چەند دەستکەوتێک.

**ئاراستەی دووەم:** ئەوەیە کە بەتایبەت لە عێراقدا لەسەر ئاستی گەل بڵاوبووەتەوە و داوای پشتبەستن بە چارەسەری ئاشتییانە بۆ کێشەی کورد و دانان بە مافەکانی گەلی کورددا و بەشدارکردنی لە نیشتماندا، دەکات، ئیتر لە ڕێگەی حوکمی زاتیەوە بێت یان هەر شێوەگەلێکی تری فیدراڵی یاخود هەر ئامرازێکی دی کە ئەم مافانە دەستەبەر بکەن.

قسەیەکی زۆر دێتە سەر بزووتنەوەی کورد و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا، ڕاستییەکەی شۆڕش لە توانایدا نەبوو هەر پاڵپشتییەک کە بۆی دێت ڕەتبکاتەوە یان هەر دەستێکی یارمەتی بۆی درێژ دەکرێت تێ بپەڕێنێت، لە کاتێکدا ئەو شەڕی مان و نەمانی دەکرد و ڕۆژ و شەو لە ژێر لێشاوێک لە بۆمب و تۆپباراندا دەژیا، منداڵ و ژن و کێڵگەکانیان بۆمبی ناپاڵمیان بەسەردا دەباری کە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە یاساغ بوو، بۆیە بزووتنەوەی کورد چارەیەکی تری شک نەدەبرد و پاساوێکیشی بۆ ڕەتکردنەوەی هاوکاری نەبوو.

هەرکەس سەرکۆنەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بە هۆی پەیوەندییەکانیەوە لەگەڵ دەرەوەدا دەکات، دەبێت پێش هەموو شتێک تاوانەکە بخاتە ئەستۆی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق کە هیچ مافێکیان بە کورد ڕەوا نەدەبینی.

بارزانی دەیزانی داهاتووی کورد بەندە بە قۆستنەوەی هاودژییەکانی نێوان دەوڵەتە گەورەکان کە بەرژەوەندییەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوون و ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لە ڕوانگەیەوە لەسەر ڕێبازی سیاسەتێکی هاوسەنگ لە نێوان دەوڵەتانی سۆسیالیست و دەوڵەتانی سەرمایەداریدا ڕۆیشت. کاتێکیش لەم سیاسەتە لای دا بە لایەنگریی ئاشکرای بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، شۆڕشی کورد لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥، دووچاری شکستێکی بەهێز هات. گەرچی بارزانی وای بەباش دەزانی شۆڕشی کورد پەیوەندییەکی باشی بە هەموو هێزەکانەوە بەتایبەت هێزە گەورەکان هەبێ، بەڵام دەیزانی گەر هێزگەلێکی مەزن پشتی گەلی کورد بگرن بە ئامانجەکانی دەگات. ئەم ڕوانگەیە پاشساڵی

١٩٧٢، کاتێک پەیوەندییەکانی شۆڕش لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا هیچ بەرهەمێکیان نەبوو، دەرکەوت، سەرەڕای متمانەنەبوونی بە شای ئێران، هەروەک ئێران و تورکیا و دەوڵەتانی عەرەب هەر نەیاندەویست لە کرۆکی مافەکای کورد تێبگەن و، هەمیشە تا ڕادەیەک لەگەڵ حکوومەتە عێراقییەکاندا بوون. لەگەڵ ئەوەیشدا شۆڕش دژ بە گەلی عەرەب هەڵنەگیرسا، بەڵکە دژ بە ڕژێمگەلێکی ملهوڕی یەک لەدوای یەک هەڵگیرسا، کە بە سەر گەلی عەرەب، بە هەمان شێوەی گەلی کورد لە عێراقدا سەپێندرابوون، کوردستان هەمیشە پەناگەی شۆڕشگێرانی عەرەب بوو کە بە گژ دیکتاتۆریدا چووبوونەوە، چەواشەکاری و ناوزڕاندنی پێتووسی شۆڤێنییەکانی عەرەبیش بۆ شۆڕشی کورد با لەولاوە بوەستن. سەرکردەکانی شۆڕش لە هیچ قۆناغێک لە قۆناغەکانیدا، تەنانەت ئەو قۆناغە دژوارانەیش کە گەلی کورد تێیاندا دووچاری کردەوەکانی لەناوچوون و جینۆساید دەبووەوە بە مەبەستی کوژاندنەوەی مەشخەڵی شۆڕش، هەرگیز هەوڵیان نەداوە بۆ لاوازکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی عەرەب یان قۆستنەوەی سەرقاڵیی سوپاکانی عەرەب لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا، یان بەدەستهێنانی سەرکەوتنی بچووک بەسەر سوپای عێراقدا کە لە کوردستان بوون، سەرباری پێشنیارە لەخشتەبەرەکان.

سەبارەت بە مەلا مستەفای بارزانیی ڕێبەر و باوکی شۆڕش، لە ڕووی هەستی نەتەوایەتی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ نەهامەتی و ئازارەکانی گەلەکەیەوە، دەکرێت لە ڕێگەی نامەکانیەوە بۆ بەرپرسانی حکوومەت لە کاتەکانی ئاشتیدا ئەوە بزانین، ئەو هەموو نامەیە کە بۆ عەبدولڕەزاق سەید مەحمودی پارێزگاری سلێمانیی ناردبوو، گوزارشتن لە مەودای گرنگیدانی بە گرفت و کاروبارە گچکەکان کە ڕۆڵەی گەلەکەی ڕوویان لێ دەنا و چۆن ئەویش لە هەوڵی بەرێکردن و چارەسەرکردنیاندا بوو.

عەبدولڕەزاق سەید مەحمود دەڵێت[١]: بارزانی کە لە هەستیارترین پرسدا نامەی بۆ دەناردم، لە هەمان کاتیشدا نێوەندگیری بۆ هەموو کەسێک دەکرد و لەسەر سادەترین گرفت نامەی بۆ دەناردم، کە جارێک داوام لێ کرد چاو لەو کێشە بچووکانە بپۆشێت کە دەخرێنە بەردەمی، وەک گواستنەوەی قوتابییەک یاخود گێڕانەوەی لەکارلابراوێک یان دامەزراندنی کرێکارێک یان چارەسەری نەخۆشێک، لە وەڵامدا گوتی بەڕاستی هەست دەکەم لەژێر باری پەرۆشی و غەمێکی سەنگیندام، لە سەرووی هەموو ئەرکەکانمەوە بەرگری کردنە لە تاکەکانی گەلەکەم لەو کێشە و دەردەسەریانەی دێنە پێشیان. هەروەها عەبدولڕەزاق سەید مەحمود دەڵێت: بەم وەڵامە تاسام و پەشیمان بوومەوە لەو قسەیەی کردم، هاوکات بۆم دەرکەوت نهێنیی ناوبانگەکەی و وابەستەبوونی کورد پێیەوە بۆ هەستی قووڵی دەگەڕێنەوە لە چارەسەرکردنی کێشە جۆربەجۆرەکاندا.

---

(١) عبدالفتاح علي البوتاني، مخلة في اصدار (٢) اللجنة العليا لاحياء مئوية البارزاني، هولير أربيل، كردستان، ٢٠٠٣، ص ٥١٣.

# سەرچاوە و ژێدەرەکان

## بەڵگەنامەکان:

### ١. ئەو بەڵگەنامانەی بە زمانی عەرەبی بڵاو نەکراونەتەوە

#### أ. فایلەکانی دەرباری پاشایەتی:

١. الوحدة الوثائقية، الملف ٥/٢/٥، ١ التسلسل ٤٩٥٣ تقرير لمفوضية الملكية العراقية في طهران الى وزارة الخارجية المرقم ٢/٢/أ(١٢٩٧) والمؤرخ في ١٩٤٥/١١/١١، الوثيقة ٣٥.

٢. الوحدة الوثائقية، الملف ٥/٢/٥، التسلسل ٤٩٥٣، كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران الى الوزارة الخارجية، المرقم ٢/٢/أ/١٥٩٢ والمؤرخ في ١٩٤٥/١١/٥، الوثيقة ٨.

٣. الوحدة الوثائقية، الملف ٤٧٢، التسلسل ٤٩٩٣، تقرير القنصلية الملكية العراقية في كرمانشاه الى وزارة الخارجية المرقم س/٢٨/٩١/٢ والمؤرخ في ١٩٤٦/٦/٢٢، الوثيقة رقم ١١٩.

٤. ملف رقم ٤٣ د/٤/٧، كتاب وزارة الدفاع الى مجلس الوزراء في ١٦٣١/١/٣٠ حول نشاط البارزانيين على الحدود التركية.

٥. الملف ٥/٢/٥ تسلسل ٤٩٥٣ تقرير المفوضية الملكية العراقية في طهران الى وزارة الخارجية رقم ٢/٢/أ/١٢٩٧ في ١٩٤٥/١١/١١ وثيقة ٣٥.

٦. الملف ٥/٢/٥ تسلسل ٤٩٥٣ كتاب المفوضية الملكية العراقية في طهران الى وزارة الخارجية الرقم ٢/٢/أ/١٥٢٩، والمؤرخ في ١٩٤٥/١١/٥.

#### ب. فایلەکانی ئەنجوومەنی وەزیران:

١. محاضر مجلس الوزراء، تموز/ يوليو، آب/ أغسطس/ أيلول/سبتمبر ١٩٢٧.

٢. كتاب مجلس الوزراء رقم ١١١١ في نيسان/ أبريل ١٩٣٠.

٣. قانون العفو العام لسنة ١٩٣٣.

٤. ملف ٧/٢/٦، نداء مجلس الوزراء الى الشيخ محمود البرزنجي في ١٩٤١/٧/٣١.

٥. ملف ج/١/٢، قرارات مجلس الوزراء في ١٩٤٤/١/١٥، رقم ٣٦.

٦. برقية البارزاني، العدد ٦٤٨/ح في ١٩٦٤/١١/٥ الى رئيس الوزراء.

٧. ملف رقم ح/٨٠/٢، قرار مجلس الوزراء لسنة ١٩٤٥، تسلسل ٥٦٦.

#### ج. فایلەکانی وەزارەتی ناوخۆ:

١. ملف ٣١١/١١٩٣، تقرير من المستشار البريطاني لوزارة الداخلية الى وزير الداخلية في ١٨/حزيران/يونيو ١٩٣٠.
٢. ملف ٢٧/أ ل ١ في ١٣/نيسان/أبريل ١٩٣٢.
٣. ملف (٦٦٣/١٤٢/٥٠٠) تقرير المفتش الاداري محمد علي شريف في ١٩٦٢/١٠/١١.
٤. كتاب مديرية الشرطة العامة/ شعبة الحركات والاستخبارات، سرية، العدد ٧٧٦ في ١٣/شباط/فبراير ١٩٦١، معلومات.
٥. ملف ٢٤ تقارير خاصة ١٩٦١-١٩٦٢، تقرير خاص عن الوضع في شمال العراق الى الحاكم العسكري العام عدد ٧٧٩٩ في ١٢/آب/أغسطس ١٩٦١.
٦. تقرير أمني من قائمقام دهوك رقم ٣٥٠٣ في ١٩٦١/١/١٤.
٧. تقارير سرية من وزارة الداخلية/ المخابرات السرية في ١٩٦٤/١٢ الى متصرفية السليمانية حول دخول أشخاص مسلحين الى خليجه.
٨. كتاب متصرفية الموصل حول اعمار الشمال ٢١٧/١١٩/١٠٠/٤، الرقم ١٤٨٢٨ في ١٩٦٧/١٢/٣٠.
٩. تقارير أمنية عن كركوك ١٩٥٩.

د. **فایلەکانی وەزارەتی بەرگری:**

١. كتاب رئاسة أركان الجيش، مديرية الاستخبارات العسكرية، المرقم ش، ١٤٦٧٤/٥/٤٥/٢ في ١٩٦٣/١٢/٨ الى دائرة الأركان، الموضوع:التمرد في الشمال.
٢. نص كتاب قيادة الفرقة الثانية، الاستخبارات، حول ارسال تركيا الأسلحة الى العراق في ١٩٨٥/١٠/٢٥.

ه. **فایلەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق:**

● محاضر الجلسات:(٢) في ٣ كانون الثاني/يناير و (٢٠) في ١٠ مايو ١٩٤٤ و٢٣ في ١٥ مارس/مايو ١٩٤٤.

و. **فایلەکانی پۆلیسی گشتی:**

١. التحقيقات الجنائية، موسوعة سرية خاصة بالحزب الشيوعي العراقي، ج١ ـ ١٩٤٩و ج٢.
٢. الملف (١٣/٢٢) كتاب مديرية شرطة بغداد (القلم السري)، العدد ٤٥٦٥، ٢٩ أيلول/سبتمبر ١٩٥٨.
٣. كتاب مديرية الشرطة العامة/ الحركات العدد (٥٥٠٦)، آب أغسطس ١٩٥٩.

ز. **فایلەکانی ئاسایشی گشتی:**

١. كتاب مديرية الأمن العامة (٥٠٠٥) ١٨/تموز/يوليو ١٩٥٩ و(٥٠٩٣) في ٢١/تموز/يوليو ١٩٥٩.
٢. كتاب متصرفية الموصل، حول المساعدات السوفيتية للأكثر، العدد (٢٦٥١) في ١٩٦١/١٠/٥.

ح. **فایلەکانی وەزارەتی داد:**

● ملف (٤٢١/٩١١١/٤٢٦) رئاسة محكمة استئناف كركوك، العدد (١٧٢٦/٢٥) ٢٩/آب/أغسطس، مذكرة عبد الجبار بيروخان.

ط. **ئەنجوومەنی سەرکردایەتی:**

● سفارة الجمهورية العراقية في أنقرة، تقرير السفارة العراقية العام لشهر تشرين الأول، أكتوبر ١٩٥٨، الرقم (٥٥٥) ٦٠٠.

٢. **ئەو بەڵگەنامانەی بە عەرەبی بڵاو کراونەتەوە:**

أ. **چەند بەڵگەنامەیەک لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان:**

١. بيان الحزب الديمقراطي الكردستاني في الذكرى السادسة لثورة أيلول.

٢. الحزب الديمقراط الكردستاني (المكتب السياسي) في موقف البعث اليميني الحاكم في العراق من الديمقراطية والبرلمان، كردستان، ١٩٦٩.

٣. الحزب الديمقراطي الكردستاني، الفرع الأول، لمحات من المسار السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني، دهوك، ٢٠٠٥.

٤. الحزب الديمقراطي الكردستاني، طريق الحركة التحررية الكردية، تقييم ثورة أيلول والبرنامج الجديد للحزب الديمقراطي الكردستاني، أقره المؤتمر التاسع للحزب المنعقد في تشرين الثاني، نوفمبر، ١٩٧٩.

٥. الحزب الديمقراطي الكردستاني، لمحات في التاريخ الحركة الطلابية الكردستانية، لعام ١٩٨٧.

٦. الحزب الديمقراطي الكردستاني، مركز الدراسات والبحوث المركزية، موقف الحزب الشيوعي من اندلاع ثورة ١١ أيلول ١٩٦١.

٧. الحزب الديمقراطي الكردستاني، اللجنة التحضيرية، تقييم مسيرة الثورة الكردية، وانهيارها والدروس والعبر المستخلصة، ١٩٧٧.

٨. الحزب الديمقراطي الكردستاني، مكتب الدراسات والبحوث المركزي، موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكردية ١٩٤٦ ـ ١٩٧٠، أربيل، ١٩٩٧.

٩. خطاب البارزاني في مؤتمر كاني سماق العسكري، في ١٥ نيسان/أبريل ١٩٦٧.

١٠. رسائل متبادلة بين البارزاني وأحمد حسن البكر وصدام حسين، ١٩٧١.

١١. رسائل متبادلة بين ملا مصطفى ووزير داخليته في ١٩٦٥/٢/١١

١٢. مجلس قيادة الثورة الكوردستان ـ العراق، المكتب التنفيذي، الدستور والقوانين ١٩٦٤ ـ ١٩٦٥.

١٣. محضر الاجتماع الأول للوفد الكردي المفاوض مع حكومة انقلاب ٨ شباط/فبراير ١٩٦٣، في ١٩٦٣/٣/٣١.
١٤. مذكرة الحزب الديمقراطي الكردستاني حول خطورة الوضع في كردستان، ١٩٦١/٧/٣٠.
١٥. مذكرة من البارزاني إلى الحكومة العراقية عام ١٩٦٧.
١٦. المشروع الكردي المعدل لقانون الادارة اللامركزية، نيسان/أبريل، ١٩٦٣.
١٧. ملاحظات الكرد على قانون الحكم الذاتي ومقترحاتهم والبنود التي لم تنفذ، ١٩٧٤.
١٨. موقف الأحزاب السياسية العراقية من القضية الكردية ١٩٤٦ ـ ١٩٧٠، أبريل ١٩٩٧، مركز الدراسات والبحوث المركزي.
١٩. نماذج برقيات التقطها جهاز إنصات الثورة الكردية.
٢٠. الوضع الحالي للثورة والواجبات الملقاة على عاتقنا في هذه المرحلة، آذار ١٩٦٨.

ب. چەند بەڵگەنامەیەکی حزبی بەعسی ئیشتیراکی:

١. التقرير المركزي للمؤتمر القطري التاسع لحزب البعث، ١٩٨٢.
٢. جريدة الثورة العربية، الجريدة الداخلية لحزب البعث العربي الاشتراكي، العدد ٥ و ٦، السنة الثانية بغداد، ١٩٧٠.
٣. حزب البعث الاشتراكي، نضال البعث، القطر العراقي ١٩٥٨، ج٧، بيروت، ١٩٦٥.
٤. حزب البعث العربي الاشتراكي، (القيادة القومية الكتاب الثقافي) البعث والموقف من الأليات، بغداد، ١٩٧٤.
٥. حزب البعث العربي الاشتراكي، القيادة القومية (المكتب الثقافي)، ملف القضية الكردية، دراسات ووثائق.
٦. حزب البعث القيادة القومية، (مكتب الثقافة والإعلام)، المنهاج الثقافي المركزي، الكتاب الأول، بغداد، ١٩٨٥.
٧. حزب العربي الاشتراكي، نضال البعث عبر بيانات قيادته القومية ١٩٥٥-١٩٦٢، ط٢، بيروت، ١٩٧١.

ج. چەند بەڵگەنامەیەکی حزبی شیوعی عێراق:

١. بيان الحزب الشيوعي إلى الأكراد في العراق، اتحدوا التأسيسي، حزب رزگاري كورد.
٢. الحزب الشيوعي العراقي، الميثاق الوطني والنظام الداخلي، بغداد، ١٩٤٥.
٣. الحزب الشيوعي العراقي، سياستنا وطريقنا لحل المسألة القومية الكردية، من العراق حلا ديمقراطيا عادلا، بغداد، مطبعة الشعب، ١٩٦٢.

٤. فهد والقضية الكردية ١٩٤٥، من مذكرة الرفيق فهد سكرتير عام، الحزب الشيوعي العراقي، بغداد، ١٩٤٥/١١/٢١.
٥. مذكرات رفعها الحزب، موقعه من جماهير بغداد، من أجل الحل السلمي لأزمة كوردستان.
٦. منشور وزع في ١٩٦٢/٤/٢٢ بعنوان:(أسلم في كردستان).
٧. مؤلفات الرفيق فهد، قضيتنا الوطنية، مطبعة الشعب، بغداد، ١٩٧٣.

د. له بەڵگەنامەکانی پارتی گەلی کورد:

- البديل الثوري في الحركة التحررية الكردية، التقرير السياسي لحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٨١.

٣. چەند بەڵگەنامەیک بە زمانی ئینگلیزی:

1. Fo 371/14521 note of inter view between the hight. commission for Iraq and king Faisal on 20 mag 1930.
2. Fo. 371/14521 The Residency. Baghdad 23 April 1930 to the Secretary of start for colonies.
3. Fo. 371/14721 Telegram from the Acting High commissioner for Iraq to the secretary of state for colonies, August 1930.
4. Fo. 371 / 14723. secret No. p.o.22 5 the Residency Baghdad, 8 October 1930 to Nuri Pasha Al Saied.
5. Fo.371/52702. Appendix A Draf Declarafion by the Iraq Government fo 22 march 1946.
6. Fo. 371/122078 Baghdad. No. 185. 11 July 1941 to and Ibid. No 825. 4 July.
7. Fo. 371/1602. E 3585. No. 195 Cornwallis to F.o. Baghdad 5 June. 1943.
8. Fo. 371/4004, E.1113/37/931 sir K. cornto mr. Eden, February 1944.
9. Fo. 371/6198, secret- from Tehran to 7.18 February 1947.
10. Fo. 371/61578 fo to Royal institute fo international affairs. caht house. London. march 1947.
11. Fo. 371/1496688 Biritish embassay. Baghdad, February. 23, 1960.
12. Fo. 371/149668. British Embassay mos cow. 16 February. 1960.

## ياداشته كه‌سییه‌كان:


١. سعاد خيري، من تاريخ الحركة الثورية المعاصرة في العراق ١٩٢٠ ـ ١٩٨٠، ج١، ط٢، بغداد، دار الرواد للطباعة، ١٩٧٨.

٢. بهاءالدين نوري، مذكرات بهاءالدين نوري، لندن، دار الحكمة، ٢٠٠١.

٣. توفيق السويدي، مذكراتي، نصف قرن من تاريخ العراق والقضية العربية، لندن، دار الحكمة، ٢٠٠١.

٤. ثمينة ناجي يوسف ونزار خالد، سلام عادل، سيرة مناضل، ج٢، دمشق، ٢٠٠١.

٥. زكي خيري، صدى السنين في ذاكرة شيوعي عراقي مخضرم، ستوكهولم، ١٩٩٤.

٦. سعيد حمو، مذكرات آمر لواء المشاة، بغداد، ١٩٧٧.

٧. سمير عبدالكريم، أضوء على الحركة الشيوعية في العراق ١٩٣٤ ـ ١٩٥٨، بيروت، دار المرصاد، ١٩٧٩.

٨. صالح حيدري، مذكرات ولمحات من تاريخ الحركة الوطنية القومية في كردستان العراق ١٩٤٤ ـ ١٩٦٣، ج١، مخطوط.

٩. صبحي عبدالحميد، مذكراتي، العراق في سنوات الستينات ١٩٦٠ ـ ١٩٦٨، بغداد، ٢٠٠٩.

١٠. طالب شبيب، مذكرات سفير العراقي في تركيا، ج٢، بيروت، دار الكتاب العربي، ١٩٦٨.

١١. طه الهاشمي، مذكرات طه الهاشمي ١٩١٩ ـ ١٩٤٣ ج١، بيروت، دار الطليعة، ١٩٦٧.

١٢. علي كمال عبدالرحمن، مذكرات علي كمال عبدالرحمن، ١٩٠٠ ـ ١٩٩٨، تقديم وتحقيق جمال بابان، بغداد، ٢٠٠١.

١٣. فؤاد عارف، مذكرات فؤاد عارف، تقديم وتعليق د. كمال مظهر أحمد، دهوك ١٩٩٩.

١٤. كافي محمد النبوي، سيرة ودور العميد كافي محمد النبوي، أربيل، ٢٠٠١.

١٥. محمد مهدي كبه، مذكراتي في صميم الأحداث.

١٦. مسعود محمد، رحلة حياتي، ستوكهولم، ١٩٩٢.

١٧. مصطفى نريمان، ذكريات حياتي، أربيل، ١٩٩٤.

١٨. نوري شاويس، من مذكراتي، أربيل، منشورات حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٨٥.

١٩. يوسف سلمان يوسف (فهد)، قضيتنا الوطنية، بغداد، ١٩٤٥.

٢٠. يونان هرمز، أيامي في ثورة كوردستان، أربيل، مطبعة التربية، ٢٠٠١.

## ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:

### ڕۆژنامەکان:


١. الأنباء الجديدة البغدادية، ١٩٦٥.

٢. الأنوار البيروتية، ١٩٧٥.

٣. الأهالي البغدادية، ١٩٦٠، ١٩٦١.

٤. الأهرام، القاهرة، ١٩٥٨، ١٩٦١، ١٩٦٦، ١٩٧٠.

٥. البلاد البغدادي، ١٩٣٦، ١٩٤٦، ١٩٦١، ١٩٦٢.

٦. البلد البغدادية، ١٩٦٣، ١٩٦٥، ١٩٦٦.

٧. التآخي البغدادية، ١٩٦٦، ١٩٦٧، ١٩٧٠، ١٩٧٢، ١٩٧٣، ١٩٧٤.

٨. الثورة البغدادية، ١٩٦٠-١٩٦٣، ١٩٦٦، ١٩٦٨، ١٩٧٠، ١٩٧٢، ١٩٧٤.

٩. جريدة اتحاد الشعب البغدادية، ١٩٥٩، ١٩٦٠.

١٠. جريدة أخبار اليوم، القاهرة، ١٩٦٠.

١١. الجمهورية البغدادية، ١٩٥٨، ١٩٦١١٩٦٧، ١٩٦٩.

١٢. الحياة اللندنية، ١٩٦٤، ١٩٦٦، ١٩٩٣، ١٩٩٥.

١٣. خەبات، لسان حال الحزب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٥٧، ١٩٦٠، ١٩٦١، ١٩٦٤، ١٩٦٥، ١٩٦٧، ١٩٦٨.

١٤. طريق الشعب، جريدة الحزب الشيوعي العراقي، بغداد، ١٩٦٩، ١٩٧٠، ١٩٧٢، ١٩٧٤.

١٥. العرب البغدادية، ١٩٦٥، ١٩٦٦.

١٦. الفجر الجديد البغدادية، ١٩٦٣، ١٩٦٤، ١٩٦٦، ١٩٦٧.

١٧. القاعدة، لسان حال الحزب الشيوعي العراقي، ١٩٤٢، ١٩٧٤.

١٨. كشكول الموصلية، ١٩٦٣.

١٩. المدى البغدادية، ٢٠١٠.

٢٠. المنار البغدادية، ١٩٦٣، ١٩٦٤، ١٩٦٦.

٢١. الناس البغدادية، ٢٠١١، ٢٠١٢، ٢٠١٣.

٢٢. النهار البيروتية، ١٩٦٣، ١٩٦٦، ١٩٩٣.

٢٣. الوقائع العراقية، ١٩٥٨، ١٩٦٤، ١٩٦٥، ٢٠١١.

**گۆڤارەکان:**

١. الثقافة الجديدة، بغداد، ١٩٧٠.

٢. الكادر، لحزب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٧١.

٣. كاراون (المسيرة)، أربيل.

٤. گولان العربي، بغداد، ١٩٩٧.

٥. المجلة العسكرية للجيش العراقي، ١٩٣٣.

٦. مجلة الوسط، لندن ١٩٩٨.

٧. مجلة أوراق موصلية، ٢٠٠٤.

٨. مجلة جامعة دهوك، ٢٠٠٢.

٩. المجمع العلمي الكردي، ١٩٧٣.

١٠. المصور المصرية، القاهرة، ١٩٧٠.

١١. منشورات اللجنة العليا لاحياء مئوية البارزاني، ٢٠٠٣.

## تێزەكانی دكتۆرا و ماجستێر:

**أ- ماجستێر:**

١. أزهار عبدالكريم عبدالوهاب، الحقوق والحريات في ظل الدساتير العراقية، كلية القانون والسياسة، جامعة بغداد، ١٩٨٣.

٢. جهاد مجيد محي الدين، حلف بغداد، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة عين شمس، القاهرة، ١٩٧٠.

٣. رياض رشيد الحيدري، الآثوريون في العراق، رسالة ماجستير، جامعة عين الشمس، القاهرة، ١٩٧٣.

٤. سعيد خديرة علو، العلاقات العراقية الايرانية وأثرها على القضية الكردية في العراق ١٩٦٨-١٩٨٥، كلية الآداب، جامعة دهوك.

٥. صفاء عبدالوهاب المبارك، انقلاب ١٩٣٦ في العراق، ممهداته، أحداثه و نتائجه، رسالة ماجستير (غير منشورة)، جامعة بغداد، ١٩٧٣.

٦. طالب عبدالجبار حيدر، المسألة الكردية في الوثائق العراقية، المشكلة، الحل، النتيجة، رسالة ماجستير، (غير منشورة)، كلية القانون، جامعة بغداد، ١٩٨٢.

٧. عباس ياسر الزبيدي، الثورة الكبرى سنة١٩٢٠، رسالة ماجستير، جامعة عين شمس، القاهرة.

٨. عبدالرحمن كريم درويش، الفكر السياسي للأحزاب السياسية الكردستانية في العراق، العلوم السياسية، جامعة بغداد، ٢٠٠٩.
٩. عبدالجبار عبد مصطفى، تجربة العمل الجبهوي في العراق ١٩٢٣-١٩٥٨، كلية الآداب، جامعة بغداد، ١٩٧٧.
١٠. عبدالرزاق مطلك الفهد، الأحزاب السياسية في العراق ١٩٤٦ ـ ١٩٥٨، رسالة ماجستير، جامعة القاهرة، ١٩٧٥.
١١. عبدالفتاح علي يحيى، الحياة الحزبية في الموصل (١٩٢٦ ـ ١٩٥٨) رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة الموصل، اكتوبر ١٩٩٠.
١٢. محمد حازم الجبوري، الاحتلال البريطاني الثاني لعراق، دراسة تاريخية في أساليبه ومظاهره ١٩٤١ ـ ١٩٤٧، رسالة ماجستير، كلية التربية، جامعة الموصل، ٢٠٠٠.
١٣. ناهض جابر حسن الراوي، مفهوم السلطة في فكرة الأحزاب السياسية الكردية العراقية المعاصرة، رسالة ماجستير، (غير منشورة)، كلية العلوم السياسية، جامعة بغداد.

**دكتؤرا:**

١. أحمد رفيق البرقاوي، تطور العراق السياسي ١٩٣٢ ـ ١٩٤١، رسالة دكتوراه، جامعة القاهرة، ١٩٨١.
٢. اسماعيل أحمد باغي، تطورات الحركة الوطنية العراقية، ١٩٤١-١٩٥٢، جامعة القاهرة، ١٩٧٦.
٣. اسماعيل شكور رسول، أربيل، دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩ ـ ١٩٥٨، رسالة دكتوراه، كلية الأداب، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٩.
٤. خيرالله خيرالله، معضلة الشرق، الأقطار العربية المحررة سوريا، العراق، بالفرنسية، ترجمة عارف الفكري، مطبعة جريدة الحقيقة، ١٣٣٨.
٥. دهام محمد دهام العزاوي، الأقليات والأمن القومي العربي (دراسة في البعد الداخلي والإقليمي والدولي، رسالة دكتوراه، (غير منشورة)، كلية العلوم السياسية، جامعة صدام، بغداد، ١٩٩٩.
٦. رياض رشيد الحيدري، الحركة العراقية في العراق ١٩٤٨ ـ ١٩٥٨، رسالة دكتوراه، جامعة عين شمس، القاهرة، ١٩٩٧.
٧. سيد عزيز عبدالله الشمزيني، الحركة التحررية للشعب الكردي، رسالة دكتوراه في موسكو، كوردستان، ١٩٩٦.
٨. عبد الفتاح علي يحيى، التطورات السياسية الداخلية في العراق، ١٤ تموز ١٩٥٨ ـ ٨ شباط ١٩٦٣، كلية الآداب، جامعة الموصل، ١٩٩٥.
٩. عبدالرزاق مطلك فهد، الحركة العمالية في العراق، رسالة دكتوراه، جامعة القاهرة.

١٠. علاء موسى نورس، الصراع العثماني الفارسي وأثره على العراق في القرن الثامن عشر، جامعة القاهرة، ١٩٧٨.
١١. فاروق ساكو، الأسس القانونية لحق الشعب الكردي في تقرير المصير، ديترويت مشغن، الولايات المتحدة الامريكية، ١٩٨٧.
١٢. فاروق صالح العمر، المعاهدات العراقية البريطانية، رسالة دكتوراه، جامعة عين الشمس، القاهرة، ١٩٧٥.
١٣. محمد عزيز لهماوندي، الحكم الذاتي لكردستان العراق، رسالة دكتوراه، جامعة قاهرة، ١٩٨٦.
١٤. وائل علي احمد النحاس، تاريخ الصحافة العراقية ١٩٥٨ ـ ١٩٦٣، رسالة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الموصل، ١٩٩٣.

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

١. ابراهيم الجبوري، النشاط السياسي المشترك لحزب الاستقلال والوطني الديمقراطي في العراق ١٩٥٢ ـ ٩٥٩، بغداد.
٢. إبراهيم الراوي، من الثورة العربية الكبرى إلى العراق الحديث، بيروت، ١٩٦٩.
٣. إبراهيم الشريف، الشرق الأوسط، بغداد، دار الجمهورية، ١٩٦٥.
٤. إبراهيم خليل أحمد، تاريخ العراق المعاصر، الموصل، دار الكتب، ١٩٨٩.
٥. إبراهيم كبه، هذا طريق ١٤ تموز، بيروت، ١٩٦٩.
٦. ابوالحسن تفرشيان، بارزاني من مهاباد الدامية الى ضفاف آراس، ترجمة عن الكوردية تيلي أمين، دهوك.
٧. أحمد الزبدي، البناء المعنوي للقوات المسلحة العراقية، بيروت، دار الروضة، ١٩٩٠.
٨. أحمد تاج الدين، تاريخ شعب وقضية وطن، القاهرة، الدار الثقافية للنشر، ٢٠٠١.
٩. أحمد عبدالرحيم مصطفى، في اصول التاريخ العثماني، القاهرة، ١٩٨٢.
١٠. أحمد فوزي عبدالجبار، قاسم والأكراد، خناجر وجبال، بيروت، ١٩٦١.
١١. أحمد فوزي، عبد السلام محمد عارف، سيرته.. محاكمته.. مصرعه، بغداد، مطابع الدار العربية، ١٩٨٩.
١٢. أدموند غريب، الحركة القومية الكردية، بيروت، دار النهار للنشر، ١٩٧٣.
١٣. س. ج. أدمونز، كرد وترك وعرب، ترجمة جرجيس فتح الله، بغداد، مطبعة التايمز، ١٩٧١.

١٤. اديث وائين ايف بنيروز، العراق دراسة علاقاته الخارجية وتطوراته الداخلية ١٩١٥ ـ ١٩٧٥، ترجمة عبدالمجيد حبيب، ج١، بيروت، ١٩٨٩.
١٥. أراغوس عزيز، التركمان وكركوك، الموصل، مطبعة نينوى، ١٩٩٥.
١٦. أرنولد ويلسون، الثورة العراقية، تعريب جعفر الخياط، بيروت، دار الرافدين، ١٩٧١.
١٧. اسماعيل عارف، أسرار ثورة ١٤ تموز وتأسيس الجمهورية العراقية، لندن، ١٩٨٦.
١٨. أمين سامي الغمراوي، قصة الأكراد في شمال العراق، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٦٧.
١٩. أمين هويدي، كنت سفيرا في العراق، دار المستقبل العربي.
٢٠. أوريل دان، العراق في عهد قاسم، تاريخ سياسي ١٩٥٨ ـ ١٩٦٣، ترجمة جرجيس فتح الله المحامي، سويد، ١٩٨٩.
٢١. بارتولد، تاريخ الترك في آسيا الوسطى، الموصل، دار فيغوي، ١٩٧٣.
٢٢. باسيلي نيكيتين، الكرد، دراسة سوسيولوجية، تاريخية، ترجمة عن الفرنسية نوري طالباني، ط٢، بيروت، دار الساقي، ٢٠٠١.
٢٣. البرت منتشا شيفيني، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ترجمة هاشم صالح التكريتي، بغداد، مديرية مطبعة جامعة بغداد، ١٩٧٨.
٢٤. بله‌ج شيركوه، القضية الكردية: ماضي الكرد وحاضرها، مصر، مطبعة السعادة، ١٩٣٠.
٢٥. جاب إبراهيم الراوي، إلغاء الاتفاقية العراقية الايرانية لعام ١٩٧٥ في ضوء القانون الدولي، وزارة الثقافة والإعلام، بغداد، ١٩٨٠.
٢٦. جابر ابراهيم الراوي، إلغاء الاتفاقية العراقية الإيرانية لعام ١٩٧٥، في ضوء القانون الدولي، بغداد، وزارة الثقافة والاعلام، ١٩٨٠.
٢٧. جاسم محمد حسين العدول وآخرون، تاريخ الوطن العربي المعاصر، الموصل، ١٩٨٦.
٢٨. جبار جبري، تاريخ الصحافة الكردية في العراق، بغداد، ١٩٧٥.
٢٩. جبران شاميه، سجل العلم العربي، بيروت، دار الابحاث والنشر، ١٩٧٤.
٣٠. جرجيس فتح الله، يقظة الكرد، تاريخ سياسي ١٩٠٠-١٩٢٥، أربيل، ٢٠٠٢.
٣١. جعفر عباس الحميدي، التطورات السياسية في العراق ١٩٤١ ـ ١٩٥٣، النجف الأشرف، مطبعة النعمان، ١٩٧٦.
٣٢. جعفر عباس حميدي وآخرون، تاريخ الوزارات العراقية في العهد الجمهوري (١٩٥٨ ـ ١٩٦٨)، ٨ شباط ـ ١٨ تشرين الثاني ١٩٦٣، ج٣، بغداد، ٢٠٠٢.
٣٣. جعفر عباس حميدي، لتطورات والاتجاهات السياسية في العراق ١٩٥٣ ـ ١٩٥٨، ط١، بغداد، ١٩٨٠.

٣٤. جلال الطالباني، كردستان والحركة القومية الكردية، بيروت، دار الطليعة، ١٩٧١.
٣٥. جلال يحيي ومحمد نصر مهنا، مشكله الأقليات في الوطن العربي، القاهرة، دارالمعارف، ١٩٨٠.
٣٦. جلال يحيى، العالم العربي الحديث، المشرق العربي بين الحربين، القاهرة، دار المعارف، ١٩٦٥.
٣٧. جليل الاورفلي، لمحات من تاريخ وزير سابق، بيروت، مكتبة الحياة، ١٩٧١.
٣٨. جليلي جليل وآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ترجمة عبدي حاجي، معهد الاستشراق موسكو، بيروت، ١٩٦٢.
٣٩. جواد كاظم البيضاني، موقف الأحزاب السياسية في العراق من القضية الكردية، ١٩٥٨-١٩٦٨، بغداد، دار العباد، ٢٠٠٤.
٤٠. جواد ملا، كردستان والكرد، وطن مقسم وأمة بلا دولة، لندن، دار الحكمة، ٢٠٠٠.
٤١. جورد لنشوفسكي، الشرق الأوسط في الشؤون العالمية، ترجمة جعفر خياط، ج٢، بغداد، دار المثنى، ١٩٦٥.
٤٢. جوناثان راندل، أمة في شقاق، دروب كردستان كما سلكتها، ترجمة نادي حمود، بيروت، دار النهار، ١٩٩٧.
٤٣. جويس بلاو، اللغة والثقافة في تكوين الهوية، الأثنية والدولة، الفصل السادس، ترجمة عبدالاله النعيمي، بغداد، معهد الدراسات الاستراتيجية، ٢٠٠٦.
٤٤. حازم المفتي، العراق بين عهدي ياسين الهاشمي وبكر صدقي، بغداد، ١٩٩٠.
٤٥. حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق من الاحتلال البريطاني إلى الغزو الأمريكي ١٩١٤ ـ ٢٠٠٤، القاهرة، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٥.
٤٦. حامد محمود عيسى، القضية الكردية في تركيا، القاهرة، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٢.
٤٧. حامد محمود عيسى، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط، القاهرة، مكتبة مدبولي، ١٩٩٢.
٤٨. حامد محمود عيسى، محاضرة في ملتقى الحوار العربي الكردي في القاهرة عام ١٩٩٨، القاهرة، مكتبة مدبولي، ١٩٩٩.
٤٩. حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطي الكردستاني في العراق في المحطات الرئيسية ١٩٤٦-١٩٩٣، دهوك، مطبعة خەبات، ١٩٩٨.
٥٠. حبيب محمد كريم، صفحات من نضال الشعب الكردي، أربيل، تاريخ مؤتمرات الحزب، ١٩٩٦.
٥١. حزب البعث العربي الاشتراكي، نضال البعث، بيروت، ١٩٦٥.
٥٢. الحزب الشيوعي العراقي، الانهيار، نيقوسيا، ١٩٨٥.
٥٣. حسن البزاز، عبد الرحمن البزاز، مع الشعب، عمان، ٢٠٠٩.
٥٤. حسن العلوي، الشيعة والدولة القومية (١٩١٤ـ١٩٩٠)، مكتبة الصدر، ١٩٩١.

٥٥. حسن العلوي، دولة الاستعارة القومية، لندن، دار الزوراء ١٩٩٣.
٥٦. حسن عرفة، الأكراد، دراسة سياسية تاريخية، ترجمة جوان جومرد، دمشق، ٢٠٠١.
٥٧. حسن مصطفى، البارزانيون وحركات بارزان ١٩٣٢ ـ ١٩٤٧، بغداد، ١٩٨٣.
٥٨. حنا بطاطو، الكتاب الثاني، الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية، العهد العثماني حتى قيام الجمهورية، ترجمة عفيف الرزاز، الحرية ١٩٨٩.
٥٩. حنا بطاطو، الكتاب الثالث، الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية، العهد العثماني، حتى قيام جمهورية، ترجمة عفيف الرزاز، ١٩٩٢.
٦٠. خليل ابراهيم حسين، سقوط عبدالكريم قاسم، بغداد، دار الحرية، ١٩٨٩.
٦١. خليل إسماعيل محمد، إقليم كردستان العراق، دراسات في التكوين القومي للسكان، أربيل، ١٩٩٨.
٦٢. خليل جندي، حركة التحرر الوطني الكردستاني في كردستان الجنوبي ١٩٣٩ ـ ١٩٦٨، ستوكهولم، ١٩٤٤.
٦٣. خيرالله خيرالله، مفصل الشرق، الأقطار العربية المتحررة، سوريا، العراق، لبنان بالفرنسية، نقلة إلى العربية عارف السكري، مطبعة جريدة الحقيقة.
٦٤. دانا آدمز شميدت، رحلة إلى رجال شجعان في كردستان، ترجمة جرجيس فتح الله، بيروت، ١٩٧٢ ، دانا آدمز شميدت، رحلة إلى رجال شجعان في كردستان، ترجمة جرجيس فتح الله، ط٢، أربيل، ١٩٩٩
٦٥. درية عوني، عرب وأكراد، القاهرة، دار الهلال، ١٩٩٣.
٦٦. درية عوني، محاضرة في ملتقى 'الحوار العربي الكوردي في القاهره ١٩٩٨، القاهرة، منشورات مدبولي، ١٩٩٩.
٦٧. مصطفى جواد، دليل الجمهورية العراقية لعام ١٩٦٠، بغداد، وزارة الارشاد.
٦٨. ديفيد آدامس وجرجيس فتح الله، 'الحرب الكردية وانشقاق ١٩٦٤، أربيل، ١٩٩٩.
٦٩. ديفيد مكدول، الأكراد، ترجمة:ايفت فايز، القاهرة، مركز ابن خلدون، ١٩٨٨.
٧٠. ديفيد مكدول، تاريخ الأكراد الحديث، ترجمة راج آل محمد، بيروت، دار فارابي، ٢٠٠٣.
٧١. رجائي فايد، أكراد العراق، الطموح بين الممكن والمستحيل، القاهرة، ٢٠٠٥.
٧٢. رعد ناجي الجدة، التطورات الدستورية في العراق، بغداد، بيت الحكمة، ٢٠٠٤.
٧٣. رفيق صالح، كتابات في المسألة الكردية، السليمانية، مطبعة شفان، ٢٠٠٨.
٧٤. روح الله رمضاني، سياسة الايران الخارجية ١٩٤١ ـ ١٩٧٣، ترجمة علي حسين فياض وعبدالمجيد جودي، البصرة، ١٩٨٤.
٧٥. رينيه موريس، كوردستان أو الموت، ترجمة جرجيس فتح الله، أربيل، ١٩٩٩.

٧٦. زبير سلطان، القضية الكردية من الضحاك إلى الملاذ، دير الزور، دار الكشاف، ١٩٩٥.
٧٧. زنار سلوبي، في سبيل كردستان، بيروت، ١٩٨٧.
٧٨. زهير عبدالمالك، الأكراد بلادهم كردستان بين سؤال وجواب، السويد، ١٩٩٩.
٧٩. زهير كاظم عبود، أكراد العراق، أرضية الشراكة الدائمة، السليمانية، ٢٠٠٤.
٨٠. سامي الفلوجي، سكان العراق، دراسة ديموغرافية، بيروت، دار الشروق، ١٩٦٩.
٨١. سامي شورش، تنوع الكرد في العراق، مدخل الى السياسة، أربيل، آراس للطباعة، ٢٠٠٠.
٨٢. سامي شورش، كردستان والأكراد والحركة القومية والزعامة السياسية، ادريس بارزاني نموذجا، أربيل، دار آراس.
٨٣. سامي عبدالحافظ القيسي، ياسين الهاشم الدورة في سياسة العراقية بين عامي ١٩٢٢ ـ ١٩٣٦، ج٢، بغداد، مطبعة العاني، ١٩٧٥.
٨٤. سامية، سجل العالم العربي، بيروت، دار الأبحاث والنشر، ١٩٧٤.
٨٥. ستيفن لونكريك، أربعة قرون في تاريخ العراق، ترجمة جعفر الخياط، بيروت، دار الكشاف، ١٩٤٩.
٨٦. ستيفن لونكريك، العراق الحديث من سنة ١٩٠٠-١٩٥٠، (تاريخ سياسي، اجتماعي، واقتصادي)، ترجمة سليم طه التكريتي، بغداد ١٩٨٨.
٨٧. سعاد خيري، من تاريخ الحركة الثورة في العراق، ثورة ١٤ تموز / بيروت، ١٩٨٠.
٨٨. سعاد خيري، من تاريخ الحركة الثورية، المعاهدة في العراق ١٩٢٠ ـ ١٩٨٠.
٨٩. سعد ناجي جواد، العراق والمسالة الكردية، ١٩٥٨-١٩٧٠، لندن، دار السلام، ١٩٩٠.
٩٠. سعد ناجي، الأقليات الكوردية في سوريا، بغداد، مركز الدراسات العالم الثالث، ١٩٨٨.
٩١. سعدون محمد الدليمي، الأكراد عنصر الاضطراب في منطقة الخليج، ١٩٩٢.
٩٢. سعيد بشير اسكندر، مراجعة سياسية للفدرالية والحل الفدرالي، المسألة الكردية في تاريخ العراق الحديث ١٩٢١ ـ ١٩٩٢، دمشق، ٢٠٠٤.
٩٣. سعيد عبدالفتاح عاشور، مصر والشام في عصر الأيوبيين والمماليك، القاهرة، دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٩٩.
٩٤. سمير عبد الكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق، دار المرصاد.
٩٥. سمير عبد لكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق (١٨ نوفمبر ١٩٦٣ ـ ١٧ يوليو ١٩٦٨)، تقديم صلاح محمد، ج٣، بيروت.
٩٦. السيد عبد المنعم المراكبي، حرب الخليج الثانية والتكامل الوطني في العراق (الأكراد، دراسة حالة، ١٩٨٨-١٩٦٦)، القاهرة، معهد البحوث والدراسات العربية، ٢٠٠١.

٩٧. سيف الدين الدوري، علي صالح السعدي وسلطة البعث الاولى، الدار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠١٠.
٩٨. سينون وليمز، بريطانيا والدول العربية، بيروت، دار الشرق، ١٩٥٧.
٩٩. ش. ج. آشيريان، الحركة الوطنية الديموقراطية في كردستان ـ العراق ١٩٦١ ـ ١٩٦٨، ترجمة ولاتو، بيروت، ١٩٧٨.
١٠٠.شاكر خصباك، الأكراد والمسألة الكردية، بغداد، مطبعة الثقافة الجديدة، ١٩٥٩.
١٠١.شاكر خدو محمود، المسألة الكوردية في العراق، ترجمة عيدي حاجي، دهوك، مطبعة خاني، ٢٠٠٨.
١٠٢.شبلي العسيمي، تاريخ حزب البعث الاشتراكي، المرحلة الصعبة ١٩٥٨ ـ ١٩٦٨، ج٣، بغداد، ١٩٨٧.
١٠٣.شلومو نكديمون، الموساد في العراق والدول الجوار، ترجمة عن العبرية بدر عقيل، بيروت، ١٩٩٨.
١٠٤.شموئيل سيغ، العلاقات السرية الإيرانية الأمريكية الإسرائيلية، عمان، دار الجليل، ١٩٨٣.
١٠٥.شيرزاد زكريا محمد وجرجيس فتح الله، زيارة للماضي القريب، لماذا تبقى الحقائق مكتومة عن الشعب الكردي، ستوكهولم، ١٩٩٨.
١٠٦.شيرزاد زكريا محمد، الحركة القومية الكوردية في العراق ٨ فبراير ١٩٦٣ ـ ١٧ تموز ١٩٦٨، دهوك، دار سبيريز للطباعة، ٢٠٠٦.
١٠٧.شيركو فتح الله عمر، الحزب الديمقراطي الكردستاني وحركة التحرر القومية الكردية في العراق ١٩٤٦-١٩٧٠، ترجمة عن البلغارية علي الشيخ مصطفى، السليمانية، ٢٠٠٤.
١٠٨.صدام حسين، شعب واحد ومصير واحد، بغداد، ١٩٧٩.
١٠٩.صديق الدملوجي، إمارة بهدينان الكردية أو إمارة العمادية، الموصل، ١٩٥٢.
١١٠.صلاح الخرسان، التيارات السياسية في العراق، قراءة في ملفات الحركات والأحزاب الكردية في العراق، ١٩٤٦-٢٠٠١، بيروت، ٢٠٠١.
١١١.صلاح الدين الصباغ، المذكرات (من رواد العروبة في العراق)، ط٢، بغداد، دار الحرية للطباعة، ١٩٨٣
١١٢.صلاح الدين صديق الهرمزي، دماء بريئة، بغداد، ١٩٦٣.
١١٣.صلاح بدرالدين، الحركة القومية الكردية في سوريا، رؤية نقدية من الداخل، بيروت، ٢٠٠٣.
١١٤.صلاح سعدالله، المسألة الكردية في العراق، القاهرة، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٦
١١٥.طارق إبراهيم شريف، شخصيات تتذكر، ج١، أربيل، مطبعة الثقافة والشباب، ١٩٨٨.
١١٦.طارق جمباز، القانوني هادي الجاوشلي، مواقف كوردية مجهولة ١٩٢٠ ـ ١٩٦٠، اربيل، ٢٠٠٥.
١١٧.طارق جمباز، هادي رشيد الجاويشلي والحركة التحررية الكوردية، أربيل، ١٩٩٥.

١١٨.طارق مجيد تقي العقيلي، بريطانيا ولعبة السلطة في العراق، التيار القومي والطائفية السياسية، بغداد، ٢٠١٠.
١١٩.طه الهاشمي، جغرافية العراق، بغداد، مطبعة المعارف، ١٩٣٦.
١٢٠.طه بابان، عالم الكرد والمرعب الكتاب الأول، السليمانية، ٢٠٠٢.
١٢١.عادل تقي البلداوي، نضال الشعب الكردي وموقع البارزاني في الوثائق العراقية السرية، بغداد، ٢٠٠٣.
١٢٢.عادل تقي الدين البلداوي، نضال الشعب الكردي وموقع البارزاني في الوثائق العراقية السرية، بغداد، ٢٠٠٣.
١٢٣.عادل تقي محمد البلداوي، الحزب الوطني التقدمي في العراق ١٤ تموز ١٩٥٨ ـ ٨ شباط ١٩٦٣، بغداد، ٢٠٠٠.
١٢٤.عادل غفوري خليل، أحزاب المعارضة العلنية في العراق ١٩٤٦ ـ ١٩٥٤، بغداد، ١٩٨٤.
١٢٥.عباس العزاوي، تاريخ العراق بين احتلالين، بغداد، مطبعه الرشيد، ١٩٩٣.
١٢٦.عباس ولي، الاثنية والدولة، الأكراد في العراق وإيران وتركيا، معهد الدراسات الاستراتيجية، ٢٠٠٦.
١٢٧.عبدالأمير العكام، تطور الحركة الوطنية في العراق ١٩٢١-١٩٣٣، النجف، مطبعة الآداب، ١٩٧٥.
١٢٨.عبد الستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، بغداد، ١٩٨٩.
١٢٩.عبدالامير العكام، تاريخ حزب الاستقلال ـ العراق ١٩٤٦ ـ ١٩٥٨ ـ بغداد، دار الرشيد، ١٩٨١.
١٣٠.عبدالجبار حسن الجبوري، الأحزاب والجمعيات في العراق ١٩٠٨ ـ ١٩٥٨، بغداد، دار الحرية، ١٩٧٧.
١٣١.عبدالحميد درويش، أضواء على الحركة الكردية في سوريا، دمشق، ٢٠٠٠.
١٣٢.عبدالخالق ناصر، الطائفية السياسية في العراق ـ العهد الجمهوري، دار الحكمة، لندن، ٢٠١٣.
١٣٣.عبدالرحمان البزاز، مع الشعب، اعداد حسن بزاز، ٢٠٠٩.
١٣٤.عبدالرحمن البزاز، العراق من الاحتلال حتى الاستقلال، لندن، دار البراق، ١٩٩٧.
١٣٥.عبدالرحمن جليلي، سياسة الإعمار في العراق، بيروت، ١٩٦٨.
١٣٦.عبدالرحمن قاسملو، اربعون عاما في الكفاح من أجل الحرية، ترجمة عزالدين عصطفى رسول، ج١، أربيل، ١٩٩١.
١٣٧.عبدالرحمن قاسملو، كردستان والأكراد، دراسة سياسية اقتصادية، بيروت، المؤسسة اللبنانية للنشر، ١٩٧٠.
١٣٨.عبدالرحمن قاسملو، كوردستان ايران، ترجمة غزال اوغلو، دمشق، ١٩٩٩.

١٣٩.عبدالرحيم ذوالنون، العراق في الحرب العالمية الثانية ١٩٣٩-١٩٤٥، جامعة القاهرة، ١٩٧٨.
١٤٠.عبدالرزاق الحسني، العراق في دوري الانتداب والأحتلال، بيروت، دار الرافدين، ٢٠١٣.
١٤١.عبدالرزاق الحسني، العراق قديما وحديثا، ط٣، بيروت، الرافدين، ٢٠١٣.
١٤٢.عبدالرزاق الحستي، اليزيدون في حاضرهم و ماضيهم، صيدا، مطبعة الفرقان ١٩٥٣.
١٤٣.عبدالرزاق الحسني، تاريخ الأحزاب السياسية العراقية، بيروت، مركز الدراسات الأبجدية، ١٩٨٠.
١٤٤.عبدالرزق الحسني، تاريخ العراق السياسي الحديث، ج٣ و ج٤، بغداد، دار الرفدين للطباعة والنشر، ٢٠٠٨.
١٤٥.عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٦، ط٢، صيدا، مطبعة العرفان، ١٩٥٣.
١٤٦.عبدالرزاق الهلالي، معجم العراق، مطبعة النجاح، بغداد، ١٩٥٣.
١٤٧.عبدالستار طاهر شريف، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكردية في نصف قرن ١٩٠٨ ـ ١٩٥٨، بغداد، شركة المعرفة للنشر والتوزيع المحدودة، ١٩٨٩.
١٤٨.عبدالستار طاهر شريف، تاريخ الحزب الثوري الكردستاني، بغداد، ١٩٧٨.
١٤٩.عبدالسلام على، صفات من نضال الشهيد صالح يوسفي، ١٩٩٢.
١٥٠.عبدالعزيز سليمان نوار، تاريخ العراق الحديث من نهاية حكم داود باشا إلى نهاية حكم مدحت باشا، القاهرة، دار الكاتب العربي للطباعة، ١٩٩٨.
١٥١.عبدالفتاح الصبورتي، الحقائق الخافية في الحرب العراقية الايرانية، بدون ناشر، ١٩٨٥.
١٥٢.عبدالفتاح علي البوتاني، العراق في دراسة في التطور السياسية الداخلية ١٤تموز ١٩٥٨ ـ ٨ شباط ١٩٦٣، دمشق، دار الزمان، ٢٠٠٨.
١٥٣.عبدالفتاح علي البوتاني، ملا مصطفى البارزاني قائد الثورة الكردية وملهما، جامعة دهوك، مركز الأبحاث العلمية والدراسات الكوردية، ٢٠١٢.
١٥٤.عبدالفتاح علي البوتاني، من كان وراء حوادث الموصل وكركوك الدامية، ٢٠٠٤.
١٥٥.عبدالفتاح علي البوتاني، وثائق عن الحركة القومية الكردية التحررية، ملاحظات تاريخية ودراسات أولية، أربيل، ٢٠٠١
١٥٦.عبدالقادر البريفكاني، الحركة القومية الكردية المعاصرة من مصطفى البارزاني إلى مسعود البارزاني (وثائق ومستندات)، القاهرة، ١٩٩٨.
١٥٧.عبدالكريم فرحان، حصاد ثورة ١٩٥٨-١٩٦٨، لندن، دار البراق، ١٩٩٤.
١٥٨.عبدالكريم فندي، فصول من ثورة أيلول في كردستان، العراق، دهوك، ١٩٩٥.
١٥٩.عبدالله الحسن، الأقليات في الواقع العربي، الاندماج والتجزئة، دمشق، دار مشرق، ١٩٩٥.

١٦٠.عبدالله بشدري، اندلاع ثورة أيلول المجيدة ١٩٦١، ترجمة محمد صالح عقراوي، ج١، أربيل، مطبعة الثقافة، ٢٠٠١.
١٦١.عبدالله فياض، الثورة العراقية الكبرى سنة ١٩٢٠، بغداد، مطبعة الإرشاد، ١٩٦٣.
١٦٢.عبدالمحسن خليل محمد، المسألة الكوردية، احداثها وتطوراتها، بحث مقدم إلى مجلس قيادة الثورة في بغداد بإشراف سعد ناجي جواد، القسم الثاني، بغداد، ١٩٨٦.
١٦٣.عثمان علي، الحركة الكردية المعاصرة: دراسات في الحركة الكردية المعاصرة، ١٩٣٣ ـ ١٩٤٦، أربيل، مكتب التفسير، ٢٠٠٣.
١٦٤.عدنان المفتي، الحوار العربي ـ الكردي، مكتبة مدبلولي، ١٩٩٩.
١٦٥.عدنان سامي نذير، عبدالجبار جومرد ونشاطة الثقافي ودوره السياسي، بغداد، دار المعرفة، ١٩٩١.
١٦٦.عزيز الحاج، القضية الكردية في العراق، التاريخ والآفاق، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٤٤
١٦٧.عزيز الحاج، القضية الكردية في العشرينات ط٢، بغداد، مطبعة الانتصار، ١٩٨٥
١٦٨.عزيز الحاج، مع الأعوام، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق ١٩٥٨-١٩٦٩، بيروت، ١٩٨٠.
١٦٩.عزيز السيد جاسم، القضية الكردية ومنظومات الوحدة الوطنية التقدمية، بغداد، دار الحرية.
١٧٠.عزيز السيد جاسم، القضية الكردية، ومنظورات الوحدة الوطنية التقدمية، بغداد، ١٩٥٩.
١٧١.عزيز حسن البارزاني، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق ١٩٣٩ ـ ١٩٤٥، أربيل، ٢٠٠٢.
١٧٢.عزيز سباهي، عقود من تاريخ الحزب الشيوعي العراقي، ج٢، دمشق، ٢٠٠٣.
١٧٣.عزيز شريف، المسألة الكردية في العراق، بغداد ١٩٤٦.
١٧٤.عزيز قادر الصمانجي، التاريخ السياسي لتركمان العراق، بيروت، ١٩٩٩.
١٧٥.عصمت سيف الدولة، نظرية الثورة العربية، المنطلقات، بيروت، دار المسيرة، ١٩٧٩.
١٧٦.عصمت شريف وانلي، كردستان العراق، بيروت، مؤسسة الدراسات الفلسطينية، ١٩٨٢.
١٧٧.علي السنجاري، القضية الكردية وحزب البعث الاشتراكي العراق، دهوك، ٢٠٠٦.
١٧٨.علي سنجاري، الحركة التحررية الكردية، مواقف وآراء، دهوك، مطبعة خەبات، ١٩٩٧.
١٧٩.علي عبدالله، تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني، ط٢، كوردستان، ١٩٩١.
١٨٠.علي كريم سعيد، عراق ٨ شباط ١٩٦٣ من حوار المفاهيم إلى حوار الدم، مراجعات في ذاكرة طالب شبيب، بيروت، ١٩٩٩.

١٨١.غانم محمد الحفو وعبد الفتاح علي البوتاني، الكورد والأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١-١٩٨٥، دمشق، دار الزمان، ٢٠٠٨.
١٨٢.غسان العطية، 'العراق:نشأة الدولة ١٩٠٨ ـ ١٩٢١، ترجمة عطا عبدالوهاب، لندن، دار السلام، ١٩٨٨
١٨٣.غسان شربل، 'العراق من حرب الى حرب، صدام مر من هنا، بيروت، ٢٠١٠.
١٨٤.فاروق رشيد، القومية الكردية، وتراثها التاريخي، بغداد، مطبعة الرشاد، ١٩٦٧.
١٨٥.فاضل العزاوي، الروح الحية، جيل الستينات في العراق، دمشق، ١٩٩٧.
١٨٦.فاضل حسين، مشكلة الموصل، دراسة في الدبلوماسية العراقية، الإنكليزية التركية، ط٣، بغداد، ١٩٧٧.
١٨٧.فاضل عوني، شرح نظام دعاوي العشائر المدنية والجزائية لسنة ١٩١٨ وتعديلاته، بغداد، ١٩٥٥.
١٨٨.فائق بطي، صحافة تموز وتطور العراق السياسي، بغداد، ١٩٧٠.
١٨٩.فرهاد ابراهيم، 'الطائفية والسياسية في العالم العربي، نموذج الشيعة في العراق، رؤية في موضوع الدين والسياسة في المجتمع المعاصر، ترجمة عن الالمانية مركز دراسات التفاعل الثقافي والترجمة، القاهرة، ١٩٦٥.
١٩٠.فرياد رواندوزي، الكرد، دروب التاريخ الوعرة، الدوحة، شبكة الجزيرة، ، ٢٠٠٦.
١٩١.فريد اسسرد، المسألة الكردية بعد قانون إدارة الدولة العراقية، السليمانية، ٢٠٠٤.
١٩٢.فكرت نامق عبدالفتاح، سياسة العراق الخارجية في المنطقة العربية ١٩٥٣ ـ ١٩٥٨، بغداد، دار الحرية، ١٩٧٨
١٩٣.فؤاد قاسم الأمير، العراق بين مطرقة صدام وسندان الولايات المتحدة، بغداد، دار املاك، ٢٠٠٤.
١٩٤.قدري جميل باشا، مسألة كوردستان (٦٠ عاما من النضال المسلح للشعب الكردي ضد العبودية)، بيروت، ١٩٩٧.
١٩٥.قيس عبدالحسين 'الياسري، الصحافة العراقية والحركة الوطنية من نهاية الحرب العالمية الثانية حتى ١٤ تموز ١٩٥٨، دار الحرية، ١٩٨٧.
١٩٦.كارل بروكلمان، تاريخ الشعوب الإسلامية، ترجمة نبيه أمين فارس وآخرون، ج٤، بيروت، دار العلم الملايين، ١٩٥٠.
١٩٧.كاظم حيدر، الأكراد من هم؟ والى أين؟ بيروت، منشورات الفكر، ١٩٥٩.
١٩٨.كاوس قفطان، عرض موجز عن عشيرة بارزان في سلسلة (٢) من منشورات اللجنة العليا لإحيا مئوية البارزاني، أربيل، ٢٠٠٣
١٩٩.كمال محمد 'العبيدي، السلام وبيان آذار التاريخي، بغداد، ١٩٧١.

٢٠٠.كمال مظهر أحمد، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، دراسة تحليلية، بغداد، منشورات مكتب البدليسي، ١٩٨٧.
٢٠١.كمال مظهر أحمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، ترجمة محمد الملا عبد الكريم، بغداد، ٢٠١١.
٢٠٢.كونتر دشنر، أحفاد صلاح الدين الأيوبي، الكورد والشعب الذي يتعرض للخيانة والغدر، ترجمة عبد السلام برواري، دهوك، ٢٠٠٠.
٢٠٣.كاظم حبيب، لمحات من نضال الحركة التحرر الوطني للشعب الكردي، اربيل، ٢٠٠٥.
٢٠٤.كمال مظهر، كركوك وتوابعها، حكم التاريخ والضمير، دراسه وثائقية عن القضية الكردية في العراق، ج١، السليمانية، ٢٠٠٤.
٢٠٥.لورانت شابري، سياسة وأقليات في الشرق الأدنى، الأسباب المؤدية للإنفجار، ترجمة د. ذوقان قرقوط، القاهرة، ١٩٩١.
٢٠٦.لوقا زورو، خفايا وملابسات المسالة الكوردية، مطبعة ليتوغراف، بيروت، ١٩٧٤.
٢٠٧.ليث عبد الحسين الزبيدي، ثورة ١٤ تموز في العراق، بغداد، ١٩٨١.
٢٠٨.م.ف ـ فيد تشنكو، العراق في النضال من أجل الاستقلال، موسكو، ١٩٧١،
٢٠٩.ماجد عبدالرضا، القضية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، بغداد، ١٩٧٨.
٢١٠.ماجد عبدالرضا، المسألة القومية الكردية في العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥، بيروت، الحقيقة برس، ١٩٨٧.
٢١١.مارتن فان بروتيسن، الثقافة الكردية والأثنية الكردية، المجتمع العراقي، حفريات سوسيولوجية، بيروت ـ بغداد، معهد الدراسات الاستراتيجية، الفرات للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦.
٢١٢.متى عقراوي، العراق الحديث، ج١، مطبعة العهد، بغداد.
٢١٣.مجموعة أبحاث المؤلفين الكورد والروس، البارزاني وشهادة التاريخ، ترجمة باقي نازي وعبدي حاجي، أربيل، ٢٠٠٥.
٢١٤.مجيد خدوري، الاتجاهات السياسية في العالم العربي ودور الأفكار والمثل العليا في السياسة، بيروت، ١٩٧٢.
٢١٥.مجيد خدوري، العراق الجمهوري، واشنطن، دار المتحدة، ١٩٧٤.
٢١٦.محسن دزەيي، أحداث عاصرتها ١٩٦١ ـ ١٩٧٥، ج٢، أربيل، ٢٠٠٢.
٢١٧.محمد إحسان، كردستان ودوامة الحرب، لندن، ٢٠٠٠.
٢١٨.محمد البريفكاني، حقائق تاريخية عن القضية البارزانية، أربيل.
٢١٩.محمد الطاهر محمد، القضية الكردية وحق تقرير المصير، القاهرة، مكتبة مدبولي، ٢٠٠٦.
٢٢٠.محمد العباسي، من زاخو الى كربلا، قصة المؤامرة على الثورة الشعبية، القاهرة، ١٩٩٢.

٢٢١.محمد اميم دوغان، الحقيقه كما رأيتها في العراق، بيروت، ١٩٦٢.
٢٢٢.محمد أمين زكي، الكرد وكردستان، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان من أقدم العصور ترجمة:محمد علي عوني، القاهرة، مطبعة السعادة، ١٩٣٦.
٢٢٣.محمد جمال باروت، حركة القوميين العرب، النشأة، التطور، الدمشق، المصائر، ١٩٩٧.
٢٢٤.محمد سلمان حسن، التطور الاقتصادي في العراق، التجارة الخارجية والتطور الاقتصادي ١٨٦٤ ـ ١٩٥٨، ج١، بيروت، المكتبة العصرية للطباعة والنشر، صيدا، ١٩٦٥.
٢٢٥.محمد سلمان حسن، دراسات في الاقتصاد العراقي، بيروت، ١٩٦٦.
٢٢٦.محمد شيرزاد، نضال الأكراد، القاهرة، مطبعة التقدم، ١٩٤٦.
٢٢٧.محمد طاهر محمد، القضية الكردية وحق تقرير المصير، القاهرة، مدبولي، ٢٠٠٨.
٢٢٨.محمد عزة دروزة، تركيا الحديثة، بيروت، مكتبة الكشاف، بيروت، ١٩٤٦.
٢٢٩.محمد عويد الدليمي، كامل الجادرجي ودوره في السياسة العراقية ١٨٩٧ ـ ١٩٦٨، بغداد ١٩٩٧.
٢٣٠.محمد كاظم علي، العراق في عهد عبدالكريم قاسم، دراسة مع القوى السياسية والصراع الايديولوجي ١٩٥٨ ـ ١٩٦٣، بغداد، مكتب اليقظة العربية ١٩٨٩.
٢٣١.محمد كريم مهدي المشهداني، عبدالرحمن البزاز، دوره الفكري والسياسي في العراق حتى ثورة ١٧ تموز ١٩٦٨ بغداد، ٢٠٠٢.
٢٣٢.محمود الدرة، الحرب العراقية البريطانية، القاهرة، دار المعرفة، ١٩٨٢.
٢٣٣.محمود الدرة، القضية الكردية والقومية العربية في المعركة العراق، بيروت، دار الطليعة، ١٩٦٦.
٢٣٤.محمود الدرة، حيات العراقي عن وراء البوابة السوداء، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٦.
٢٣٥.المس بيل، مذاكرات، ج٢ ترجمة جعفر الخياط، الدار العربية للموسوعات، ٢٠٠٣.
٢٣٦.مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج١ و ٢، ط٢، بيروت، كاوا للثقافة الكردية، ١٩٩٧.
٢٣٧.مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية، ج٣، أربيل، ٢٠٠٢.
٢٣٨.مصطفى جواد، دليل الجمهورية العراقية لعام ١٩٦٠، بغداد، وزارة الإرشاد، ١٩٦٠
٢٣٩.من منشورات جريدة الثورة في بغداد، آراء في المشاركة الكردية، بغداد، ١٩٧٠.
٢٤٠.منذر الموصلي، الحياة السياسية والحزبية في كردستان، لندن، رياض الريس، ١٩٩١.
٢٤١.منذر الموصلي، القضية الكردية في العراق، البعث والأكراد، دمشق، دار المختار، ٢٠٠٠.
٢٤٢.منذر الموصلي، عرب وأكراد، ط١، بيروت، دار الغصون، ١٩٨٦.
٢٤٣.منشورات جريدة الثورة، بغداد، آراء في المسألة الكردية، بغداد،١٩٧٠.

٢٤٤.مهدي الحافظ، مستقبل العراق والأمن العربي في أعقاب حرب الخليج، النمسا، ١٩٩١.
٢٤٥.موسوعة الموصل الحضارية، المجلد الخامس، دارا لكتب للطباعة، جامعة الموصل، ١٩٩٢.
٢٤٦.موسى السيد علي، القضية الكردية في العراق من الاستنزاف إلى التهديد الجغرافية السياسية، مركز الامارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، العدد ٤٦.
٢٤٧.مير بصري، إعلام السياسة في العراق الحديث، دار الحكمة، لندن، ٢٠٠٥.
٢٤٨.ميشيل عفلق، في سبيل البعث، الجزء الأول، دار الحرية، ١٩٨٦.
٢٤٩.ميشيل عفلق، في سبيل البعث، بيروت، ١٩٧٤.
٢٥٠.ميشيل عفلق، نقطة البداية، المسألة الكردية والثورة العربية، أحاديث بعد الخامس من حزيران، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٧١.
٢٥١.ميشيل عفلق، نقطة البداية، المشاركة الكردية في الثورة العربية، أحاديث بعد الخامس من حزيران، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط٥، مايو ١٩٧٥.
٢٥٢.ميفان عارف بادي، الحركة القومية الكردية التحررية في كوردستان العراق ١٩٥٨ ـ ١٩٦٣، بيروت، الدار العربية للموسوعات، ٢٠٠٦.
٢٥٣.ناجي علوش، الثورة والجماهير، مراحل النضال العربي، ١٩٤٨-١٩٦٨، ودور الحركة الثورية، بيروت، ١٩٦٣.
٢٥٤.نبيل زكي، الأكراد، الأساطير والثورات والحروب، القاهرة، مطبوعات كتاب اليوم، العدد ٨، سنة ١٩٩١.
٢٥٥.نجدة فتحي صفوت، العراق في مذكرات الدبلوماسيين الأجانب، بغداد، مطبعة التحرير، ١٩٨٤.
٢٥٦.نجفقلي پسيان، من مهاباد إلى آراس، ترجمة من الكردية شاخوان كركوكي، أربيل، ٢٠٠٢.
٢٥٧.نجم الدين اليوسفي، ثورة ايلول المجيدة، دهوك، ١٩٩٤.
٢٥٨.نعوم تشومسكي، الغزو المستمر، دمشق، ١٩٩٦.
٢٥٩.نوري الطالباني، منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، لندن، ١٩٩٩.
٢٦٠.نيفين عبدالمنعم مسعد، حزب البعث ومشكلة الأقليات، سلسلة بحوث سياسية، جامعة القاهرة، كلية الاقتصاد والعلوم السياسية، العدد ٤٣، أبريل ١٩٩١.
٢٦١.هـ. ا. ل. فشر، تاريخ اوروبا في العصر الحديث ١٧٨٩ ـ ١٩٥٠، ترجمة أحمد نجيب، القاهرة، ١٩٦٧
٢٦٢.هادي حسن عليوي وآخرون، المسألة الكردية والحكم الذاتي، بغداد، ١٩٧٥.
٢٦٣.هادي حسن عليوي، الأحزاب السياسية في العراق، السرية والعلنية، لندن، رياض الريس، ٢٠٠١.
٢٦٤.هاري موريس وجون بلوج، لا أصدقاء سوى الجبال، ترجمة راج آل محمد دمشق، ١٩٩٦.
٢٦٥.هاشم جواد، مقدمة في كيان العراق الاجتماعي، بغداد، ١٩٤٦.

٢٦٦.الهاشمي، جغرافية العراق، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٣٦.
٢٦٧.هاني الفكيكي، أوكار الهزيمة، تجربتي في حزب البعث العراقي، لندن، رياض الريس للكتب والنشر، ١٩٩٣.
٢٦٨.هنري فوستر، نشأة العراق الحديث، ج١، ترجمة وتعليق سليم التكريتي، بغداد، نشر المكتبة العلمية، ١٩٨٩.
٢٦٩.هنري فوستر، نشأة العراق الحديث، ج١، ترجمة وتعليق سليم طه التكريتي، المكتبة العلمية، بغداد، ١٩٨٩.
٢٧٠.وريا جاف، كركوك، دراسة سياسية واجتماعية، أربيل، ١٩٩٨.
٢٧١.وليام ايجلتين، جمهورية مهاباد، لندن، ١٩٦٣.
٢٧٢.وليد الأعظمي، ثورة ١٤ تموز في الوثائق البريطانية السرية، بغداد، المكتبة العالمية، ١٩٨٩.
٢٧٣.وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، دراسة تاريخية وثائقية، لندن، ١٩٩١.
٢٧٤.وليد حميدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، دراسة وثائقية.
٢٧٥.ومبض عمر نظمي وشفيق عبد لرزاق، التطور السياسي المعاصر في العراق، بغداد.
٢٧٦.يحيى الجمل، العالمية والقومية، القاهرة، مطبعة جامعة القاهرة، ١٩٧٦.
٢٧٧.يوسف سلمان يوسف (فهد) قضيتنا الوطنية، بغداد، ١٩٤٥.

## سەرچاوە بيانييەكان:

1. Mackenie. D. N. Kardish Dialect studies. Oxford. Univeraity press 1961.
2. .EagletonWilliam.J.P.the Kurdish pepablic of mahabad 1946 ibid.
3. Sa'ad.N.Jawad"the problem kurd in iraq" The integration of modern Ira, Edied by:Abbas Kelider (London, 1979)
4. DerkKinane, the kurds and kurdstan, London, Y 1964
5. Edgaroballance (the Kurdish Revolt 1961-1970, London, 1973.
6. Humphey Trevelyan. The middle East in Revolution, London. 1970.
7. CIA:The Pike Report. Spokesman Book England. 1977.

**سایتەکان:**


1. http://www.gilgamish.oralive.warticlephp?id=studies-2009.11222786.
2. http://kurdclub.com/modules/kurd.tiemphp?idtemide=6
3. http:www.sotaliraq.com.mobileitemphp?id=115720
4. http://ar.wikipedia.org/wiki.